# فەرهەنگی کوردیی

# هەرمان

## بەرگی یەکەم

(ئا ـ ب)


دانانی

**عەلی نانەوازادە**



کوردستان – هەولێر
٢٠٠٥

**ناوی کتێب: فەرهەنگی کوردیی هەرمان (بەرگی یەکەم)**
- دانەر: عەلی نانەوازادە
- نەخشەسازی ناوەوە: طـــه حسین
- بەرگ: محمد قادر
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- چاپ: چاپی دووەم ٢٠٠٥
- ژمارەی سپاردن: (٣٢٣)
- تیراژ: (٧٥٠) دانە
- نرخ: (٥٠٠٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب - ٢٧ - (١٣٠)

**ناونیشان**
**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی**
**هەولێر - پشت رۆژنامەی خەبات**
**پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@maktoob.com**
**ژمارەی تەلەفۆن:** 2260311
www.mukiryani.com

پێشکەشە بە هەرمان
کە ئەم و ئەو پێکەوە
گووران.

**چارەنووس**

چارەنووس
نە ئەو سێوەیە لە بان سەری کوڕ
و
نە ئەو تیرەی کەوانی من.

چارەنووسی من
قورسایی سێوێکە لە بان سەرم؛
تیژایی تیرێکە لە سەر دڵم
و
دەستی لەرزۆکی کوڕم.

**ستۆکهۆڵم ٩٤/١١/١٥**

هەر زوو لێر و لەویّ، لە دێهات و لە نێو پیر و پیرێژنان هەرکات وشەیەکم دەبیست کە پێشتر نەمبیستبوو دەمقۆزتەوە و لە دەفتەرێکی بچکۆڵە دا دەمنووسیەوە و لە دواییش دەمکردە پەڕاوێزی ئەو فەرهەنگانەی کە هەمبوون هەتا دوارۆژ وەک ئامرازێک بۆ نووسینەکانی خۆم کەلکی لێوەرگرم. ئەوەی کە قەت پێموانەبوو بیکەم نووسینی فەرهەنگێک بوو. کارێک کە بە کاری خۆم نەدەزانی و چاوەڕوان بووم نەگبەتێک دانیشێ و تەمەنی دوور و درێژی بۆ تەرخان بکا. قەت پێموانەبوو کە ئەم نەگبەتە بۆ خۆم دەبم و هەر لە یەکەم رۆژی ئاوارەییم لە بەهەشتی بەرین و درۆیین و بێ دەرک و دەروازەی رۆژاوا، کە هەر کار و پووڵ و پارە و رابواردنە، دەست لە کار و دەرس هەڵدەگرم و دەگەڕێمەوە چەند سەدە لەمەوبەر و دەبمە چلەنشین و دە خەڵوە دا خۆم دەبەستمەوە و فێری ژیانی دەروێشانە و قەناعەت و کەم خواردن دەبم.

بە داخەوە ئەم کارە لێمبوو بە دۆڵپاکەی سەلیم جەوهەری و لینگی لێکردمە تۆق و زنجیر و بە خۆیەوە بەستمەوە و نەیهێشت وە دوای شێعر و شاعیری و چیرۆکنووسی خۆم کەوم و جگە لە خۆشی تووشی دوو سێ وردە دوای دیکەی فەرهەنگ و وشەشی کردم.

بە هەر حاڵ واهات و واش دەڕوا و ئەمەش بەرگی یەکەمی ئەم فەرهەنگە و واش نیە کە هێشتا خلاسیم هاتبێ و دۆڵپا دەستی لێهەگرتبێم و واش وێدەچێ هەتا دوایی ژیانیشم هەروا لە سەر شانم دەبێ.

# پێشەکی

زمان ئەندامێکی کارا و گرینگە لە پێوەندی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵک دا. رادیۆ، تەلەویزیۆن، رۆژنامە، وتووێژ، دەرس، مەعامله و کەسب و کار و .... سەرلەبەیانی هەر چاو کراوە، زمان دەگەڕێ و گوێ دەبیسێ و چاو دەخوێنێتەوە. مێشک وەک کامپیۆتێر وەکار دەکەوێ. پێداویستییەکانی ژیان دەبنە وشە و رستە. ئاشکرایە نیاز و پێداویستی مرۆڤ لە ژیانی ئەمرۆیی گەلان دا گۆڕاوە و رۆژ دەگەڵ رۆژیش دەگۆڕدرێ. ئەو نیازە تازانە وشەی تازەشیان بە دواوەیە و زۆر زوو ئەم وشە میوانانە دەبنە خانەخوێ و جێی خۆیان خۆش دەکەن و ئەگەر جێگەش تەنگ بوو لەوانەیە وشەگەلێک وەدەرنێن و خۆیان بە ئەرخەیانی پاڵ دەنەوە. لە ژیانی ئەمرۆیی کوردستان دا ئەگەر چاوێک بە دەوروبەری خۆمان دا بگێڕین، لە زۆربەی ماڵەکان دا کەرەسەی وا دەبینین کە بیست سی ساڵ لەمەوبەر نەبوون و لەوانەیە ئەگەر باسیشت کردبا باوەڕیان پێنەکردبای. فاکس، ویدیۆ، سەماوەری بەرقی، کامپیۆتێر، کۆمباین، ئانتێن، بانک ... و سەدان وشەی لاوکی کە لە لاوە هاتوون و لە زمانی کوردیی میوان کراون، لە وتوێژی ئاسایی نێوخەڵک، لە بازاڕ، لە فێرگە و لە هەر شوێنێک، ئەم وشە میوانانە بە بێ پرینگانەوەی وێژەر و بێ نێوچاوان تێکنانی بیسەر، دەکوترێن و دەبیسرێن. باسی پاساژی تازەسازکراو، ماشێن پارک کردن، گەڕان لە پارکی شار، شاڵواری لی، ئامپێر، وات، ئۆرانیۆم، نەخۆشی وەک ئانژین و ئیدز و ... ئاشکرایە ئەم وشانە جێ بە هەندێک وشە لەق دەکەن و هی واشە هەر بە تەواوی ئاسەواری دەبڕێتەوە.

چ هاتنی ئەم وشانە بۆ نێو زمانی کوردیی و چ فەوتانی هەندێک وشە مەترسییەکی بۆ سەر زمانی کوردیی نیە، ئەوە رەوتی هەڵدان و بەرەو پێش چوونی ئاسایی هەر زمانێکە. لاوێکی کە ئێستا لە زانستگا دەرس دەخوێنێ بۆ دەربڕینی هەست و ویستی، پێویستی بە هەزاران وشەی تازە هەیە کە لاوێکی پەنجا ساڵ لەمەوبەر هەر گوێشی پێی نەدەبزووت. دوای هاتنی کۆمباین دەیان وشە کە پێوەندییان بە دروێنەوە هەبوو کەوتنە ئاویلکە دان و فەوتان و بارگەیان بەرەو وڵاتی

فەرهەنگ تێکەوەپێچا و لەو هەزارپیشەیە دا چاوەیەکیان بۆ خۆیان ئاوەدان کردەوە هەتا ڕۆژ و ڕۆژگارێک کەسێک لاپەڕەیان هەڵداتەوە و بە سەریان کاتەوە. لەم دونیا پان و بەرین و پڕکارەساتە دا چ وڵاتێک دەتوانێ مەرزەکانی خۆی ببەستێ و تەواوی پێداویستییەکانی خۆی بۆ خۆی ساز بکا.

کاتێک لە ڕووسیە سەر و زمانم کراوە، پێموابوو زمانی ڕووسیی زمانێکی زۆر دەوڵەمەندە و زۆربەی وشەکانی هی خۆیەتی و هەر چیم دەبیست بە ڕووسییم وەردەگرت و بە ڕووسییم دادەنا، هەتا لە ماڵی ناسیاوێک چاوم بە فەرهەنگی وشەکانی لاوەکی نێو زمانی ڕووسیی کەوت کە ئەستوورایییەکەی هەر بە قەرا فەرهەنگەکەی خۆیان دەبوو. لە سوید دیتم کە پتر لە نیوەی وشەکانی زمانەکەیان لاوەکییە. فارسی ئەگەر عەرەبی لێدەرباوێژی وەک مریشکی ئاوەڕووتی لێدێ، خودی عەرەبییش هەروەتر و ئینگلیسی لە هەموان خراپتر. جا کەوایە زمانی کوردیی نە چاوی لەوان ڕەشترە و نە دەشتوانی ڕەشتر بێ. ئیمرۆ پێوەندی نێوان گەلەکان بە سانیە و دەقیقە سەردەگرترێ و سەردەمی کاڵە هەڵبەستن و سەفەری کەر و بارگین دوایی پێهاتوە و ئاڵوگۆڕیی و نیاز بەم ئاڵوگۆڕییانە دیواری سنوورەکانی بەزاندوە.

فەرهەنگ کتێبێکی سەرچاویی و مەرجەعە. ئەرکی سەرەکی فەرهەنگ ، یارمەتی دان و ناساندنی وشە و پێناسی وشەیە بە کەسێک کە شارەزایی تەواو یا هەر ناسیاوی دەگەڵ وشە یا وشەگەلێک نیە. کاتێک کەسێک لە کتێبێک یا لە زمانی کەسێکەوە وشەیەک دەبیسێ و مانای ئەم وشە نازانێ پەنا بۆ فەرهەنگ دەبا و فەرهەنگ وەک پشت و پەنایەک دەبێ دەستی بگرێ و داواکەی بۆ بە جێ بێنێ و ناسیاوی تەواو بدا بە خوێنەر. دیارە زمان دە نێو خۆی دا کۆمەڵێک زمانی هەیە کە تا ڕادەیەک لێک جیان، زمانی ڕۆژانەی خەڵک دەگەڵ زمانی ئەدەبی جیاوازی هەیە، زمانی فەلسەفە و زمانی شیمی و زمانی فیزیک لێک جیان و هەموو ئەوانەش لە سەر بنەڕەتی یەک زمان پێکدێن و فەرهەنگی هەموو ئەوانەش دە زمانێک دا دەتوانێ لێک جیا بن و هەرکامیان ببن بە فەرهەنگێکی سەربەخۆ.

لە فەرهەنگەکانی کوردیی دا بەداخەوە هەتا ئێستا چ گرینگایەتییەک بەم زمانانەی نێو زمانەوە نەدراون و خۆیان لە کۆمەڵێک وشە پاراستوە. فەرهەنگنووسەکان پتر هەوڵی فەرهەنگێکی پەتی کوردییان داوە و لە ڕێبازی سەرەکی فەرهەنگ نووسین دوور کەوتوونەوە. چوارچێوەی ئەم فەرهەنگەی بەردەستتان زمانی ڕۆژانەی خەڵک و ئەدەبیات و تا ڕادەیەک وشەکانی زانستین.

ئەم فەرهەنگە ئاکامی ورد بوونەوەیەکی پتر لە بیست ساڵانەیە لە وشەی کوردیی و کارێکە کە دوازدە ساڵ پێوەی خەریک بووم و هەوڵ دراوە کەموکووڕی فەرهەنگەکانی دیکە تا رادەی توانا چارەسەر بکا و تەواوی ئەو وشانەی کە دە زمانی کوردیی دا هەن چ بێگانە و چ خۆماڵی رێز و حورمەتی خۆیانی پێبدرێ و هەنگاوێک بێ بۆ عیلمی کردنی فەرهەنگنووسیی کوردیی.

بە داخەوە ئەم فەرهەنگە وەک هەموو کارەکانی دیکە کارێکی تاکە کەسییە و ئاشکراشە کە تاکە کەس ناتوانی لە هەموو بارەکانی زمان قووڵ بێتەوە و کەموکوڕیی یەکجار زۆرە و هیوادارم کە لە داهاتوو دەستی یارمەتیدەری بۆ درێژ بکرێ و کۆمەڵێک خۆی پێوە ماندوو بکەن و پەنادەرێکی باش بێ بۆ خوێنەر.

لە پێداچوونەوەی ئەم بەرگە دا کۆمەڵێک دۆست و برادەر یارمەتیان داوم کە زەحمەتەکەیان شیاوی سپاس و رێز لێگرتنە: عبدالرزاق فەیلی (فەیلی)، سیراونی جەلالی (هەورامی ـ لهۆن)، کاروان (خۆشناوەتی)، رێژنە محمد مجید (کۆیی)، کاوە عەلی (کۆیی)، بەناز عەلی (هەورامی ـ لهۆن). هەروەها کاک ناسری رەزازی (ئەردەلانی) کە دۆستانە ئەرکی پێداچوونەوە و خۆ پێوە ماندوو کردنەکەی بەو پەڕی دڵسۆزییەوە وە ئەستۆ گرت. دەستیان خۆش و قالبیان هەر ساغ بێ.

## شێوەی کاری ئەم فەرهەنگە

١ـ وشەی سەرەکی گەورەتر نووسراوە و ئەگەر هاووێنە و هاوتای هەبێ بەڵام ریشەکەیان جیا بێ بە ژمارەی لاتینی کە لە سەرەوەی نووسراوە لێک جیا دەکرێنەوە.

وەک:

**ئاش**[1]

**ئاش**[2]

**هاسان**[1]

**هاسان**[2]

×××

٢ـ کەوانە ( ) کە دوای وشە دێ؛

**ئەلف:** بەشی رێزمانی وشەی بە کورتکراوی تێدا دەنووسرێ کە نیشانەکانی لە لاپەڕەی کورتکراوەکان دا نووسراوە.

وەک:

**جان**[1] (نا.)

**جان**[2] (ئان.)

**غەزرین** (چا. ل)

**ب:** چەشن و رەگەز و سەر بوونی هەندێک وشەی بە کورتکراوی تێدا دیاری کراوە

وەک:

**خاڵخاڵۆکە** (گیانـ.)
**پا** [1](ئا.)
**دارەبەن** (گیا.)

×××

٣ـ کرۆشە [ ] کە دوای کەوانە دێ بەشی ریشەی تێدا دیاری کراوە و لێرەش دا زمانەکان و زاراوەکان بە کورتکراوەیی نووسراون کە لە لاپەڕەی کورتکراوەکان نیشانەکانی دیاری کراوە.

**ئەلف:** ئەگەر وشەکە بێگانە و لاوەکی بێ تەنیا بە هێنانەوەی سەرچاوەکە کۆتایی پێدێ.

وەک:

**گاز** [4] (نا.)[فەر: gaz لە یون: chaos]

**جەزیرە** (نا.)[عەر: جزیرة]

**خاچ** (نا.)[ئەرم: خاچ]

**ئابوونە** (نا.)[فەر: abonne]

**ب:** ئەگەر وشەکە کوردیی بێ هاوڕیشەکانی لە کۆن دا بە پێی توانا و دەست پێڕاگەیشتن لە زمانەکانی وەک (هیندی کۆن، ئەوێستا، سانسکریت، هەخامەنشی، پەهلەوی، ...) نووسراون و هاوکات هاوڕیشەکانی لە زاراوەکانی کوردیی دا (باکووریی، ناوەندیی، باشووریی، هەورامی و زازایی) دەست نیشان کراون و هەندێک جاریش لە زمانەکانی دیکەی هیندوئوروپاییش وشەی هاوڕیشە دیاری کراوە.

وەک:

**با** [1] (نا.)[ئێک: ڤاتە ـ ئەو: ڤاتە ـ پاز: وات ـ پار: وەد ـ سوغ: وەت ـ خوار: واد ـ پەه: ڤات. باک: با، بای ـ ناو: باـ باش: وا، با، باد، باگ ـ هەو: وا ـ زا: ڤا]

**ژن** [1] (نا.)[هیک: جەنەی ـ ئەو: جەنەی، جێنەی، گێنا، غێنا، غنا ـ پەه: ژەن،

زەن. روس: zhena. باک: ژن ـ ناو: ژن ـ باش: ژن ـ هەو: ژەنی ـ زا: جەنی، ژنی]

**ستان** (پاشگـ.)[هیک: ستهەنه ـ ئەو: ستانه ـ هەخ: ستانه ـ سان: ستهانه ـ پەه: ستان. باک: ستان ـ ناو: ستان، سان ـ باش: سان ـ هەو: سان ـ زا: ستان]

**پ:** ئەگەر وشەکە لێکدراو بێ، تەنیا بەشە دابەش کراوەکانی دیاری دەکردرێ و ریشەکەی دەچێتەوە سەر ئەو بەشانەی کە بە دابەشکراویی نووسراون

وەک:

**دارکونکەرە** (گیانـ.)[دار1 + کون + کەر3 + ئە]

**رازدار** (ئان. فا)[راز1 + دار2]

**ئاوسا** (ئان. ل)[ئاو3 + سا1]

**ت:** ئەگەر وشەکە سەر بە زاراوەیەکە و لە شوێنی بنەڕەتی و سەرەکی ریشەکەی نووسراوتەوە، تەنیا زاراوە یا بن زاراوەکە نیشان دەدرێ.

وەک

**بازد** (نا.)[موک]

**شیڤ**[1] (نا.)[باک]

**ئاتەر** (نا.)[هەو]

**بەیە** (گیانـ.)[زا]

**ج:** ئەگەر وشەکە سەرچاوە و ریشەکەی نەدیترابێتەوە و روون نەبووبێتەوە بە نیشانەی پرسیارێک دە نێوەکەی دا دیاری کراوە.

وەک:

**ئاشۆ**[1] (نا.)[؟][ئەر]

**بز**[1] (ئان.)[؟]

**پرووش**[2] (نا.)[؟]

**ئاتی** (نا.)[؟][باک]

×××

٤ـ دوای لێکدانەوەی ڕیشە بەشی مانا لێدانەوە دێ.

**ئەلف:** مانا و ماناکانی وشە دەنووسرێ و لە تەواوی هاوماناکانی لە هەموو زاراوەکانی کوردیی کەلک وەردەگرترێ.

وەک:

**ئاش**[1](نا.)[ئەو: ئەشە ( ئارد)، ئەشن، ئەسەن ( بەرد) ـ هەخ: ئەسەن (بەرد) ـ بەل: هەش، ئاش. باک: ئاش ـ ناو: ئاش، ئاسیاو ـ باش: ئاسیاو ـ هەو: ئاش، ئاسیاو، ئاساو ـ زا: ئارەیە، ئاریە، ئارێ] ١ـ ئامرازی هاڕینی گەنم و دانەوێڵە بۆ ئارد کردن کە لە دوو بەردی خڕی گەورە(بەرداش) پێک هاتوە. ئەم دوو بەردە لە سەر یەکن، ئەوەی بنەوە قایم کراوە و ئەوەی سەرەوە بە هێزێکی وەک ئاو، با یا مەکینە دەگەڕێ و دانەوێڵە دەهاڕێ و بە پێی ئەو هێزەی کە دەیگەڕێنێ چەند جۆری هەیە. ٢ـ ئەو شوێن وجێگایەی کەم ئەم دەزگایەی تێدا دامەزراوە. ٣ـ (ئا.)[باک] ئەندامێکی ماسوولکەیی و بە هێزی باڵندە دانەخۆرەکانە کە دوای چیکڵدانە و بەر لە گەدە هەڵکەوتوە و کاری هاڕینی دانی خوراوە، سیکەتۆرە.

**بەرداش** (نا. ل)[بەرد + ئاش1] بەردێکی خڕی گەورەیە کە تایبەت بۆ ئاش دەیتاشن. ئاش لە دوو بەرداش پێک دێ کە بەرداشی بنەوە نابزوێ و ئەوەی سەرەوە دەگەڕێ و دانەوێڵە دەهاڕێ، کەڤری ئاشی، بەردەهاڕ، بەراش، ئارسی.

**شاخ** (نا.)[پەه: شاک، شاخ. باک: شاخ ـ ناو: شاخ ـ هەو: شاخ ـ زا: شاخ] ١ـ زەقایی رەقی سەری هەندێک گیانداری وەک بەران، بزن، ئاسکە کێوی و .... ٢ـ لقی دار. ٣ـ بارووت دانی راوچی (لە بەر ئەوە کە لە شاخی حەیوان ساز کراوە). ٤ـ کێو، چیا. ٥ـ چیای بەردین. ٦ـ رەوەزە بەردیک بە چیاوە.

**ب:** ئەگەر وشەکە لە شوێنێک مانا کراوەتەوە و ماناکە لێکدراوەتەوە، دیسان مانا ناکرێتەوە و دەنووسرێ کە بڕوانێتە وشەی دیاری کراو کە بە کورتکراوەی « بڕ: » نیشان دەدرێ

وەک:

**ئارسی** (نا. ل)[ئار7 + سی (سەنگ)][زا] بڕ: بەرداش.

**جان**[1] (نا.)[باک ـ زا] بڕ: گیان

**خاڵەڕەشە** (گیا.)[خاڵ2 + ئە + رەش + ئە] بڕ: بارێزە / ٢
**هێلە** (نا.)[هەو] بڕ: هێلکە

**پ:** لەم بەشە دا لە کاتی پێویست وێنە بۆ وشە دەهێنرێتەوە کە بە « :: » نیشان دەدرێ. لە وێنە هێنانەوەش دوو مەبەست لە بەر چاو گیراوە. ١ـ چلۆنایەتی دەربڕین و کار پێکردنی وشە لە رستە دا. ٢ـ سەلماندن و نیشان دانی هەبوونی ئەم وشەیە لە زمانی کوردیی دا.

وەک:

**ئاونشین** (ئان. فا)[ئاو3 + نشین] کەسێک کە دەگەڵ کەسی دیکە هاتوچۆ و هەڵسوکەوتی هەیە، هاودەم، هاونشین. :: میرسێوەدین بەگ پیاوێکە هەمیشە ئاونشینە بە دەوڵەتی تورکان و بە سوڵتانی / ئەوە لە دەرکی والی موسڵێ دادەبەزی بە میوانی (سەعید و میرسێوەدین ل ٩٢).

**ستان** (پاشگـ.)[هیک: ستهەنە ـ ئەو: ستانە ـ هەخ: ستانە ـ سان: ستهانە ـ پەه: ستان. باک: ستان ـ ناو: ستان، سان ـ باش: سان ـ هەو: سان ـ زا: ستان] ١ـ پاشگری جێ و شوێنە. **ئەلف:** نیشاندەری زۆری و فرە بوونە. :: گۆڕستان، گوڵستان، بێستان، دارستان. **ب:** جێ و شوێنی ژیانی گەل و نەتەوەیەک نیشان دەدا. :: کوردستان، لۆڕستان، عەڕەبستان، هیندوستان. ٢ـ پاشگری کات و زەمانە. :: زستان، تاوسان.

**بلام** (نا. ل)[بل (بەر) + ئام] قایشێکە لە تەنگەی ئەسپی سەرکێشەوە لە لغاو قایم دەکرێ بۆ ئەوە کە ئەسپ سەری هەڵناوێ یا سوار هەڵنەگرێ، بلاو. :: هیوای بەختەوەری ئەهات زیاد بێ بەلام دێوەزمەی شەڕ / بە چوارناڵ ئەوە وەک ئەسپی سەرکێشی بێ بلام دێ (هێدی ل ٣٨١).

×××

٥ـ دوا بە دوای مانای وشە، چاوگی لێکدراو کە لەم وشەیە پێک دێ (یا زاراوە و کینایەیەک کە لەم وشەیە ساز دەبێ) وەک بەشێکی نەپساوە و لکاو بە وشە دێ. بە پێی لێکدانەوەی من وەها چاوگێک دەبێ لە بن وشەکان بنووسرێ و وەک

وشەیەکی سەربەخۆ دیاری ناکردرێن. ~ نیشانەی دووپاتە بوونەوەی وشەیەکە کە دەگەڵ چاوگ دێ.

وەک:

**پشتیوانی** (حم.)[پشتیوان + ئی] یارمەتی، کۆمەک، یاریدە، پشتگری، لاگری. **~ کردن:** لاگری لە کەسێک کردن، پشتی کەسێک گرتن و یارمەتی دانی، پشتیوانی لێکردن. **~ لێکردن:** بڕ: پشتیوانی کردن.

**بەرماڵ** (نا. ل)[بەر3 + ماڵ1] ١ـ دوو تەختە کوێنی گەورەیە کە بە بەر ڕەشماڵ و تاوڵیوە دەگرن هەتا بەری با و باران بگرێ. ٢ـ جاجمێکی گەورەیە کە پێخەفی تێوە دەپێچن. ٣ـ تەنراوێکی هەندێک چووکە کە پاک و خاوێن رادەگیرێ و نوێژی لە سەر دەکەن، دووگرد، جانماز. **~ لە سەر ئاو گەڕان:** (کنـ.) زۆر نوێژ کردن و موسڵمانی چاک و خاوەن کەرامەت بوون، پیرۆز بوون.

**ئاوەکی**[2] (ئان. ل)[ئاو + ئەک + ئی] هەڵبڕانی مەڕ و ماڵات لە ران و چوونە نێو رانی دیکەوە. **~ بوون:** تەرە بوون و تێکەڵ بوونی سەرێک یا چەند سەر مەڕ و ماڵات و چوونە نێو مێگەل و رانی دیکەوە، ئاوەکی کەوتن. **~ کەوتن:** بڕ: ئاوەکی بوون.

**بۆڕ**[1] (نا.)[بڕ: بۆر1] ١ـ بەزیو لە شێعر و دمەقاڵە. ٢ـ (ئان)[زا] بڕ: بۆر 1. **~ خواردن:** تێک شکان و بەزین لە شێعرشێعرێن و دمەقاڵە دا. **~ دان:** بەزاندنی غەنیم لە شێعر و دمەقاڵە دا.

×××

٦ـ لەم بەشە ئەگەر وشەکە ناوی لێکدراو بە پیتی « ئی » ساز بکا دێ، کە بە || دیاری دەکردرێ. بە بڕوای من ئەم وشە لێکدراوانەش لە وشەی سەرەکی جیا نین و دەبێ لە بن وشەکە بنووسرێن و شیاوی باسیشە کە هیچ فەرهەنگێکی کوردیی ئەم وشانەی لەبەر چاو نەگرتوە لە حاڵێک دا کە دەورێکی زۆر گرینگ لە زمان و ئەدەبی کوردیی دا دەگێڕن و گەلێک مانای دیکە ساز دەکەن.

وەک:

**ئارام** (نا. ل)[ئا13 + رام][ئەو: رەم ـ پەهـ: رام، ئارەم ـ سان: رامەیەتی.

باک: ئارام ـ ناو: ئارام ـ باش: ئارام ـ هەو: ئارام] ١ـ ئۆقرە، حەجمین، بڕست، توانا. ⁘ ئەو ژانە سەرە ئارامی لێبڕیوم. ٢ـ هێدی و هێمن، لەسەرەخۆ. ⁘ هەتا خودا حەز دەکا پیاوێکی ئارام و لەسەرەخۆیە. ٣ـ بێدەنگ و بێ قرە، ئەهوەن. ⁘ کوێستان شوێنێکی ئارام و خۆشە. ٤ـ (ئاک.) یەواش، سەبر، بە ئەسپایی، ئارام ئارام. ⁘ ئارام بە ڕێگایە دا دەڕۆیشت. **ئارام ئارام:** وردەوردە، بە سەبرا، لە سەرەخۆ. ⁘ ئارام ئارام بە لۆژەلۆژ / ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە (ناڵەی جودایی ل ٣٠). **~ بوون:** ١ـ بێدەنگ بوون، ئارام گرتن، جووڵە نەکردنی گیاندار و بێ گیان، هەدادان. ⁘ ڕۆڵە تاوێک ئارام بە بزانین دونیا چ باسە! دونیا ئارام بوو کە حەمە وەدەرکەوت. هات و هاوار بڕانەوە و هەموو ئارام بوون. ٢ـ هێدی بوون و کەم بوونەوەی ئێش و ژان. ⁘ ئێستا باشترم ژانەکە هەندێک ئارام بوە. **~ بوونەوە:** ١ـ ژیر بوونەوە، ئۆقرە گرتن، ئارام بوون. ⁘ دوای تاوێک منداڵەکە ئارام بۆوە و دانیشت. ٢ـ دامرکانی ئێش و ژان. ٣ـ بێدەنگ بوونی ئاژاوە و هات و هاواری خەڵک. **~ گرتن:** ئارام بوون، ئارام بوونەوە، حەجمین، هەدادان، داسەکنین، داکاسان. **~ لێبڕان:** ئۆقرە لێبڕان، ئارام لێهەڵگیران، حەجمین لێبڕان بە هۆی ئازار و دەرد و خەم، ئارام و قەرار لێبڕان، ئارا و قارا لێبڕان. ⁘ لەوەتی ددانم دێشێ شەوانە ئارامم لێبڕاوە. لە داخ ئەو کوڕەم ئارامم لێبڕاوە. **~ لێبڕین:** تێک دانی حەسانەوەی خەڵک، تێک چوونی هێمنایەتی، ئارام و قەرار لێبڕین، ئارا و قارا لێبڕین. **~ لێهەڵگرتن :** ئارام لێبڕین، ئارام و قەرار لێهەڵگرتن، ئارا و قارا لێهەڵگرتن. **~ لێهەڵگیران:** بڕ: ئارام لێبڕان. || **ئارامی دڵ:** ١ـ ئەو کەسەی کە بوونی هۆی ئارام بوونەوە و ئەرخەیانی دڵە، کەسی خۆشەویست، منداڵ. ٢ـ (کنـ.) گراوی، یار، حەز. & ئارامی دڵان، ئارامی رووح، ئارامی گیان. ⁘ لە لایەک ئارامی دڵم بە عومری تۆ لە بەر چاوم هەڵگیراوە / لە لایەک دوژمنایەتی حەوت هەزار سوار پێی دە دەرکم ناوە (سەعید و میرسێوەدین ل ٨٦). ئەرێ خەندەی دەمت ئارامی دڵ کانی حەیاتی من / لە سەر چی زیز دەبی؟ رووحت دەوێ؟ هانێ حەیاتی من (وەفایی ل ٩٠). **ئارامی دڵان:** بڕ: ئارامی دڵ. ⁘ فیدای گیانت بم ئارامی دڵان / بۆ دەکەی زاری و واوەیلا و گریان (بارام و گوڵندام ل ٩٥). مەڵێن بولبول مەناڵێنە کەوا گوڵ گوڵشەنی چۆڵ کرد / دڵارامی نەما چ بکا کە ئارامی دڵان ڕۆیی (وەفایی ل ٢٠٧). **ئارامی رووح:** بڕ: ئارامی دڵ. ⁘ بەبێ تۆ قەت نەژیم، شادیم نەمێنێ، دیدە بێ نوور بم / دەمێک ئارامی رووحم بە، حەیاتم، عومرەکەم، چاوم (وەفایی ل ٧٠). **ئارامی گیان:** بڕ: ئارامی دڵ. ⁘ ئیمامیش با بە دووی دا هەر بکا زاری هەتا ماوە / بە

زاری بانگی هاوالآن بکا، ئارامی گیان رۆیی (ئاوات ل ١١٣).

**تەپڵ** (نا.)[عەر: طبل] ١ـ ئامرازێکی مۆسیقایە، لە دەفرێکی نێو بۆش، کە لایەکی پێستێکی خۆش کراوی ناسکی لێدەدەن و بە دەست یا دار تەپەی لێدێ. لە کوردەواری دا پتر بۆ داوەت دەگەڵ تووزەلە و نای کەلکی لێوەردەگرن. ٢ـ (ئا.) بەشێک لە کەللە کە دەکەوێتە نێوان پێشەسەر و پاشەسەر، تەپڵەسەر. **~ کوتان:** بڕ: تەپڵ لێدان. **~ لێدان:** دەنگ دەهێنان بە پێی هەوای مۆسیقا لە تەپڵ، تەپڵ کوتان. || **تەپڵی باز:** تەپڵێکی چووکەیە کە لە راو دا دەیکوتن هەتا مەل و باڵندە پێی هەڵفڕن و لە دوایی بازی تێبەردەن. :: سوڵتان دەکاتن نازێ / بدەن لە تەپڵی بازێ / هات و گەییە سیوازێ (مان ل ٢٢). **تەپڵی بێعاری:** بێشەرمی و بێعەیایی ئاشکرا. * **تەپڵی بێعاری کوتان:** بێشەرمی کردن بە ئاشکرایی. **تەپڵی دڕاو:** (کنـ.) کەسی بێ ڕێز، بێ نرخ. **تەپڵی زڕاو:** (کنـ.) کەسێک کە نەنگ و خراپەکەی ئاشکرا بووبێ و بڵاو بووبێتەوە. **تەپڵی سەر:** بڕ: تەپڵەسەر. **تەپڵی شادمانی:** تەپڵی سەرکەوتن لە شەڕ دا. * **تەپڵی شادمانی لێدان:** بەرز کردنەوەی دەنگی تەپڵ لە شەڕ دا بە بۆنەی سەرکەوتن. :: بە قۆچ عوسمانی گوت: قوربان ئەمن دەرەقەتیان نایەم، تەپڵی شادمانی لەم لا لێدەدرێ و تەپڵی شادمانی لەو لا لێدەردێ، بەڕاستی ئەمن هەڵدێم (بەیتی سەعید و میرسێوەدین. سروە ژ ٧٥ ل٣٣). **تەپڵی گۆش:** بڕ: پەردەی گوێ. **تەپڵی گوێ:** بڕ: پەردەی گوێ. **تەپڵی نابوودی:** تێداچوون لە باری مادی و ئابوورییەوە. * **تەپڵی نابوودی لێدان:** راگەیاندنی تێداچوون لە باری مادی و ئابوورییەوە. **تەپڵی ئەمان:** تەسلیم، ئەمان. ***تەپڵی ئەمان لێدان:** تەسلیم بوون و ئەمان خواستن، راگەیاندنی تەسلیم و ئەمان. :: لە بەر تۆ چارەنووسی شووم و بەدفەڕ / ئەوەی قەت لێی نەدەم تەپڵی ئەمانە (تاریک و روون ل ١٥٦).

**سەرو** (نا.)[پەه: سەرڤ، سەرب. باک: سەلوی، سەروی ـ ناو: سەرو، سەوڵ، سەور، سەلو ـ هەو: سەوڵ] ١ـ دارێکی خۆڕسکە، گەڵاکانی تیژ و باریکن، هەتا ٢٥ میتر هەڵدەدا و قەفی دەگاتە دوو میتر، چێوەکەی سپی، یا زەردە و زۆر بە بایەخ و سەختە، بەرەکەی وەک بەری دارکاژ دەچێ بەڵام زۆر چووکەترە، ئەم دارە لە ناوچەی کوێستانی شین دەبێ و لە زستان دا گەڵاکانی ناوەڕێ و هەمیشە سەوزە، ناوی لاتینی ئەم Cupressus horizontalis, Cupressus sempervirens دارەن. ٢ـ (کنـ.) یار و گراوی بەژن و باڵا جوان. :: ئەوەندەم لەو قەد و باڵایە ئاشووب و بەڵا دیوە / لە سەیری سەروی باغم غایلەی غوولی بیابانە (مەحوی ل ٢٧٩). || **سەروی ئازاد:** ١ـ سەرو. ٢ـ (کنـ.) بەژن و باڵای یار. :: سەروی ئازادیش

لەبار و دڵکەش و بەرزە بەڵام / گیانەکەم من شێت و شەیدای لار و لەنجەی ئەم قەدەم (ناڵەی جودایی ل ٣٧). **سەروی جۆبار:** ١ـ سەروێکی لە پەنا ئاو و جۆبار رسکابێ. ٢ـ (کنـ.) قامەتی یار. & سەروی جۆیبار. :: خاڵی رووت داخی دڵی زامار و بیماری منە/ روومەتت گوڵ، قامەتی تۆ سەروی جۆباری منە (ئەحمەد موختار ل ١٥٨). **سەروی جوێبار:** بڕ: سەروی جۆبار. :: عەزیزم رووحی شیرینم لە من بۆچی کەناری تۆ / وەرە سەر هەردوو چاوی من کە سەروی جۆیباری تۆ (وەفایی ل ١١٠). کە قامەتی بە دەر ئەخا قیامەت ئاشکار ئەکا / چ قامەتێ بە راستی لە سەروی جۆیبار ئەکا (بێخود ل ٣). **سەروی چەمەن:** بڕ: سەروی ناز. :: سەری زولفت چیە؟ عومری درێژم، تووتی ئامالم / قەدی بەرزت چیە؟ سەروی چەمەن، رووحی رەوانی من (وەفایی ل ٩٣) **سەروی خەرامان:** (کنـ.) گراوی بەژن و باڵا جوان و خۆشڕەوت. :: بە ئازادی لە کن خۆ شوهرەیە من مات و حەیرانم / گوڵ و نارنجی بەر هێناوە خۆ سەروی خەرامانت (وەفایی ل ٢٨) دڵی زاهید بە جارێ بۆ نەبێتە بولبول و قومری / لە لایەک گوڵ، لە لایەک جیلوەیی سەروی خەرامەنە (بێخود ل ٨٩). **سەروی رەوان:** (کنـ.) ١ـ بەژن و باڵای یار و گراوی ٢ـ گراوی بەژن و باڵا جوان. :: قومری وەرە هەرتا دەمرین پێکەوە بگرین / تۆ سەروی رەوانت چوە من رووح و رەوانم (وەفایی). دێت و رادەبرێ وەکوو سەروی رەوان من چ بکەم / کە بە قوربانی نەکەم رووح و رەوان من چ بکەم (هێمن) **سەروی سەهی:** ١ـ سەروێکی کە راست رسکابێ. ٢ـ (کنـ.) بەژن و باڵای بەرزی گراوی. :: هەموو سەروی سەهی سەریان نەوی کرد، باغەوان رۆیی / گوڵیش وا خۆی رنی، لایێ خەزان لایێ لە خۆ دانە (ئاوات ل ١١١). وەک بولبول، ئەی تازەگوڵم، پڕ بە دڵمە شەوق / وەک قومری، ئەی تۆ سەروی سەهی، پڕ بە ملمە تەوق (مەحوی ل ١٨٣). **سەروی کشمیری:** سەروی ناوچەی کشمیر، سەروی رێک و پێک و راست. :: پەرێشان زولفی تاتاری میساڵی ئەژدیهای جەنگی / نەزیری سەروی کشمیری قیامەت قامەتی شەنگی (حاجی قادر ل ١٤٩). **سەروی کێوی:** جۆرێک لە جۆرەکانی سەرو juniperus، مەرخ، وەرس، عەرعەر. **سەروی مەوزوون:** (کنـ.) یار و گراوی باڵا بەرز و رێک و پێک. :: خەرامی ناز ئەگەر هێنایە لەنجە سەروی مەوزوونت / وەکوو لەیلا، لە سەر رێ پرسشێ کە حاڵی مەجنوونت (مەحوی ل ٧٤). وەرە سەیری خیابان و بەیازی دەفتەری نالی / کە سەف سەف، مەسرەعی بەرجەستە ریزی سەروی مەوزوونە (نالی ل ٥٢٣). **سەروی ناز:** ١ـ جۆرێک سەروی بڵند و رێک و جوانە کە لە ماڵان دەچەقێندرێ، Cu-pressus fastigata ناوی لاتینی ئەم سەروەیە. ٢ـ (کنـ.) گراوی باڵابەرز و

نازدار. بە غەمزەی نازەوە ئەو سەروی نازە کەی چوە گوڵشەن / کە نێرگس وا بوە چاوی سپی، سەروی بوە تۆپاڵ (مەحوی ل ٢٠٣) & سەروی چەمەن. **سەروی نازدار:** (کنـ.) یاری باڵابەرزی و بە ناز و غەمزە. :: ئەتۆ سەروێکی نازداری، ئەتۆ شۆخێکی گوڵزاری / بە دڵ وا چاکە بتگێڕم، لە سەر چاوان، لە سەر دەستان (وەفایی ل ٨٦)

**دێو**[1] (نا.)[هیک: دێڤە ـ ئەو: دەئێڤا ـ سان: دێڤە ـ پەه: دێڤ. باک: دێڤ ـ ناو: دێو ـ هەو: دێو ـ زا: دێو، دێڤ، دێب] ١ـ گیانلەبەرێکی خەیاڵی مەزنە، بیچمی وەک مرۆڤە، ناحەز و کرێتە، دوو شاخی لە سەرە و کلکی هەیە. ٢ـ (کنـ.) مرۆی زەلام. ٣ـ (کنـ.) مرۆی زۆرخۆر. ٤ـ (مجـ.) هەر شتێکی لە چاو هاوشتی ئاسایی خۆی گەورەتر بێ. ٥ـ (کنـ.) مرۆڤی بێ هەست، لە مرۆڤایەتی بە دوور. || **دێوی سپی:** ١ـ دێوێکی نێو چیرۆکانە. ٢ـ (کنـ.) زستان. :: زستانە، بەفرە، حەشرە، وڵات پڕ لە ناڵەناڵ / دێوی سپی بە قینەوە هات، بۆتە پیرەزاڵ (ئاوات ل ١٤٨). **دێوی دەروون:** نەوس، رووحی خراپ لە نێو مرۆڤ دا.

× × ×

٧ـ دواین بەش تێبینییە سەبارەت بە وشە، ئەگەر هەست بە پێویستی یا کەم و کوڕی یا لێکدانەوەیەکی پتر سەبارەت بە وشە بکردرێ.

وەک:

**پاڵان** (نا.)[پەش: پالانە ـ بەل: پالام ـ فار: پالان. باک: پالان ـ ناو: پاڵان] بەرگێکی نێواخن کراو لە کایە، کە لە سەر پشتی کەر و بارگین و حەیوانی بارەبەر دادەنێن هەتا پشتی بریندار نەبێ، کورتان، کۆپان. **~ کردن:** پاڵان لە سەر پشتی بارەبەر دانان. || **پاڵانی قەجەری:** جۆرە پاڵانێک چووکتر و رێک و پێکتر کە وەک زین کەلکی لێوەردەگرن، کۆپانی قەجەری.

**تێبینی:** دوکتور مەحەممەدی موعین وشەی پاڵانی بردۆتەوە سەر چاوگی پاڵاوتن (بڕ: برهان قاطع ب ١ ل٣٥٧). پێموایە دوکتور بە هەڵە بۆی چوە. پاڵان لە پەهلووک ـ ی پەهلەوی بە مانای پاڵ ـ ی کووردی کەوتوە، پاڵانچە لە کوردیی دا بە مانای ماسوولکەی تیغەرەی پشت یا ئەو تیسکە خوریەیە کە لە سەر پشتی بەران بۆ جوانی دەیهێڵنەوە و ئەوەش رایەکە بە قەوەتتر دەکا کە پاڵان شتێکە کە لە سەر پاڵ

یا تەنیشت دەبەسترێ و چ پەیوەندی بە پاڵاوتنەوە نیە.

**ئاسەوار** (نا. ل)[ ئاس + ئە + وار] ١ـ نیشانە و پێناسی ماددی لە نەتەوە یا عەشیرەتێک یا گیاندارێک وەک بەڵگەی بوونیان، شوێنەوار. ∷ هێشتا هیچ بەڵگەیەک لە ئاسەواری مادەکان نەدیتراوەتەوە. ٢ـ رەگەز، بەرە. ~ **برانەوە:** بنەبڕ کرانی رەگەز و بەرەی کەس یا گیاندار. ∷ شوکور ئەسپێ ئاسەواری براوەتەوە. ~ **بڕین:** بنەبڕ کردن و فەوتاندنی بە تەواوەتی کەسێک یا گیاندارێک. ∷ مەغوولەکان ئاسەواری گەلێک بنەماڵە و نەتەوەیان بڕی. ~ **مانەوە:** نەبڕانەوەی رەگەز و بەرەی کەس یا گیاندار. ∷ گەلێک نەتەوە لە مێژوو دا هەبوون کە فەوتاون بەڵام ئاسەواریان هەر ماوە. کابرا دەمێک ساڵە مردوە ئێستا ئاسەواریشی نەماوە. ~ **نەهێشتن:** نەمانەوە و بڕانەوەی شت یا گیاندار یا کەس، ئاسەوارنەمانەوە. ∷ منداڵ ئاسەواری کشمیش و گوێزیان نەهێشت.

**تێبینی:** بەشی یەکەمی وشە یانی ئاس دەگەڵ [هیک: ئاسا $\bar{a}s\bar{a}$ ـ ئەو: ئەسەهـ asah ـ سان: ئاسە $\bar{a}sa$، بە مانای شوێن، جێگا و هەروەتر دەگەڵ چاوگی ئاهـ $\bar{a}h$ لە ئەوێستا دا و ئاس $\bar{a}s$ لە سانسکریت و وێدا دا بە مانای دانیشتن] هاوریشەیە . بەشی دووهەم یانی وار لە هیندی باستان و سانسکریتی ڤەرە vara و ئەوێستایی و پەهلەوی ڤەر var بە مانای شوێن و ناوچە کەوتەوە و وار و هەواریش هەر لەم ریشەن بە گشتی ئاسەوار دەبێتە جێی دانیشتن یا شوێنی ژیان.

**درنج** (نا.)[پەهـ: درووج] دێو.

**تێبینی:** لە پەهلەوی دا درنج [دێڤ درووج] بە مانای دێڵەدێوی درۆ هاتوە کە خودی وشەکە هاوریشەیە دەگەڵ درۆ. وشەی درنج لە کوردیی دا پتر دەگەڵ دێو دێ. ∷ دێو و درنج.

**بۆرانی** (نا. ل)[بۆران + ئی] چێشتێکە بە هێلکە، کوولەکە یا باینجانی سوور کراوە دەگەڵ ماستی خاو کراوە و گەرم سازی دەکەن و دەیخۆن، بۆرناش.

**تێبینی:** بۆران ناوی ژنێکە کە بۆ یەکەم جار ئەو چێشتەی ساز کردوە، هەندێک بردویانەتەوە سەر بۆران دوخت کچی خوسرەو پەرویز (القاموس ل ٨٦) و هەندێکیش بردوویانەتەوە سەر بۆران کچی حسن سهل (برهان ب ١ ل ٣١٥). هەروەها بۆران لە زمانی پەهلەوی دا وەک ناوی کچ هاتوە و لە وشەی بۆر1 کەوتوە.

# ریزی ئەلفوبێی ئەم فەرهەنگە

بە داخەوە زمانی کوردیی هەتا ئێستا خاوەن ئەلفوبێیەکی ڕێکوپێک و تایبەتی و ستاندارد نیە. هەر چەند زمانەوانان بۆ دانانی ئەلفوبێ بۆ نووسینی زمانی کوردیی زۆر شارەزایانە و بە جوانی ئەم ئەرکەیان بەڕێوە بردوە بەڵام کاری هەرە سەرەکیان وەپشت گوێ داوە و ریزی پیتەکانی کوردییان نەنوسیوە، ئەوەیە کە نووکە تووشی ئەم گرفتە هەین. ئاخۆ کورد چەند پیتی دەزمانەکەی دا هەیە و شوێنی تایبەتی هەر کام لە کوێیە؟ هەتا ئیمرۆ سەیری هەر فەرهەنگ و پێرستێک دەکەی دەبینی هەر کام لەو کەس یان کەسانە بە وێست و دڵخواز و سەلیقەی خۆیان ئەلفوبێیەکیان ریز کردوە و کەلکی لێوەردەگرن. گرفتی هەرە گەورە ئەوەیە کە هەمووی ئەوانە بە لاسایی لە ئەلفوبێی عەرەبی ئەو پیتانەیان لە دوای یەک نوسیوە، سەیر ئەوەشە کە لە کاتی ریز کردنی وشەکان ئەم تەرتیبەیان رەچاو نەکردوە.

خاڵ لە فەرهەنگەکەی دا پیتەکانی زمانی کوردیی بە ٢٧ دانە داناوە و ئاوای ریز کردوون:
ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، م، ن، و، هـ، ی

زەبیحی لە قامووسی زمانی کوردیی دا پیتەکانی زمانی کوردیی بە ٣٦ دانە داناوە و ئاوای ریز کردوە:
ء، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، و، هـ، ی

هەژار لە هەنبانە بۆرینە دا ریزی پیتەکانی کوردیی بە ٣١ دانە داناوە و ئاوای نووسیوە:
ئـ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، و، ۆ، هـ، ی، ێ

هەر لە سەرەتای پەیدا بوونی خەتی فینیقی ـ کە ئێستاکە بە باوکی زۆربەی خەتەکانی دونیا دادەندرێ و خەتی کوردییش یەک لەوانە ـ نەیانتوانی گرفتی پیتەکانی بزوێن چارەسەر بکەن و لە رۆژهەلات هەتا ئیمرۆ ئەم گرفتە جێبەجێ نەبوە (جگە لە کوردیی) و ئەمەیە کە دە زمانەکانی عەرەبی و فارسی دا لە سەر و ژێر و بۆر بۆ ئەم مەبەستە کەلک وەردەگرن. بەختەوەرانە کورد ئەم گرفتەی چارە سەر کرد و پیتەکانی بزوێنی هێنا نێو ئەلفوبێ و نووسینەوە و هەنگاوێکی زۆر شارەزایانەی لەم بابەتەوە هەڵگرت، بەڵام هەروەکی کوترا ریزی ئەلفوبێیەکەی دیاری نەکرد و هەر کەس بە پێی لاسایی کردنەوە لە عەرەبی یا فارسی کە پیتی بزوێنیان دە ریزی ئەلفوبێیەکەیان دا نیە، ریزێک دیاری دەکەن. من پێموایە کە بۆ ئەلفوبێی کوردیی پیویستە کە هەتا رادەیەک ئەم شیوازە بشکێنین .ئێمە کە بۆ ساز کردنی نوسین بە زمانی کوردیی ئەم رچەمان شکاند بۆ دەبێ ستانداردی ئەلفوبێیەکەش نەشکێنین؟

**ریزی ئەلفوبێی ئەم فەرهەنگە**

ئـا- ب - پ - ت - ج - چ - ح - خ - د - ر - ڕ - ز - ژ - س - ش - ع - غ - ف -
ڤ - ق - ک - گ - ل - ڵ - م - ن - و - ئو - ئۆ - ئوو - ه - ئە - ی - ئی - ئێ

## سەرچاوەکان

### کوردی


القاموس الكردی الحدیث، كردی ـ عربی، تالیف الاستاذ علی سیدو گورانی، طبع فی الشرق الاوسط ١٩٨٥، عمان، اردن (القاموس)

امثال و حكم كردی، گردآورنده قادر فتاح قاضی، انتشارات دانشگاه تبریز، تبریز خردادماه ١٣٦٤ (امثال و حكم)

بێستوون، فەرهەنگی سۆرانی ـ هەورامی، دانانی: حامید درودی، حاتەم مەنبەری، ستۆكهۆڵم ١٩٩٨

پایزە، ئەحمەد بەحری، چاپ ١٣٧٣ (پایزە)

پەندی پێشینان، محمدی خاڵ، چاپی دووهەم ١٩٧١ (پەند)

تاریک و روون، گوڵبژێرێک لە شێعرەكانی هێمن، لەبڵاوكراوەكانی بنكەی پێشەوا (تاریک و روون)

خەییام بە كوردی، وەرگێڕ هەژار، سروش تهران ١٣٧٠ (خەییام)

دمدم، عەرەب شەمۆ، وەرگێڕ شوكور مستەفا، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا ١٩٧٥ (دمدم)

دیوانی ئاوات (سەیید كامیلی ئیمامی زەنبیلی) لە سەر نووسین و ئامادە كردنی سەیید نەجمەدینی ئەنیسی، چاپخانەی مهارت تهران، چاپی اول، بهار ١٣٦٥ (ئاوات)

دیوانی بێخود، كۆ كردنەوە و رێكخستن و لە سەر نووسینی محمدی مەلا كریم، چاپخانەی سلمان الاعظمی بەغدا ١٩٧٠ (بێخود)

دیوانی بێسارانی، كیومەرس نیک رەفتار، بەرگی یەكەم (بێسارانی)

دیوانی حاجی قادری كۆیی، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی سەردار حمید میران، كەریم مستەفا شارەزا پێداچوونەوەی مسعود محمد، لە چاپكراوەكانی ئەمینداریێتی رۆشنبیریی و لاوانی ناوچەی كوردستان، ١٩٨٦ (حاجی قادر)

دیوانی حەقیقی، انتشارات صلاح الدین ایوبی چاپ اول ١٣٦٧ (حەقیقی)

دیوانی گۆران، سەرجەمی بەرهەمی گۆران بەرگی یەکەم، محەمدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٠ (گۆران)
دیوانی مەحوی، مەلا عبدالکریمی مدرس و محەمدی مەلا کریم ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییوبی ١٣٦٧ (مەحوی)
دیوانی مەولەوی، مەلا عبدالکریمی مدرس انتشارات محمدی(سقز) ١٣٦٧ (مەولەوی)
دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و ... چاپی دووهەم، انتشارات صلاح الدین ایوبی ١٣٦٤ (نالی)
دیوانی وەفایی، محمد علی قەرەداغی چاپی دووهەم کۆڕی زانیاری کورد١٩٨٤ (وەفایی)
دیوانی ئەحمەد موختار جاف، عیزەدین مستەفا رەسووڵ، چاپخانەی الادیب، بەغدا ١٩٨٦ (ئەحمەد موختار)
فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردی، محمد کریم شریف، چاپی دووەم، لە چاپ دانەوە و زیاد کردنی سعدالله اسماعیل شێخانی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا ١٩٨٦ (فۆلکلۆر)
فەرهەنگی خاڵ، شێخ محمدی خاڵ، ٣ بەرگ، کتابفروشی محمدی، سقز ١٣٦٧ (خاڵ)
فەرهەنگی کشت و کاڵ، معروف قەرەداغی مەردۆخی، ٢ بەرگ چاپخانەی دارالسلام بەغدا ١٩٧٢ (کشت و کاڵ)
فەرهەنگی کوردی رووسی، سۆرانی، ق. کوردۆ، ز. یوسف، مۆسکۆ، دەزگای چاپەمەنی زمانی رووسی، ١٩٨٣
فرهنگ مردوخ، کردی فارسی عربی، تالیف، شیخ محمد مردوخ کردستانی، ناشر غریقی سنندج، ٢ بەرگ (مەردووخ)
قامووسی زمانی کوردی، زەبیحی ٢ بەرگ (ء و ب)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا ١٩٧٩ (قامووس)
سروە، گۆڤار، ئینشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی (ئەوەندە ژمارەی کە هەمبوون) (سروە)
سێسەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی. کۆ کردنەوە و ئامادە کردنی: س. ئی . شێخانی. چاپخانەی الحوادث، بەغدا ١٩٩٠ (سێسەد هۆنراوە)
کاروانی خەیاڵ. خالد حسامی (هێدی). چاپی دووهەم چاپخانەی زانکۆی

سەلاحەدین، بەهاری ۱۹۹۷، هەولێر (هێدی)
لاله به دەستان، هاشم نانەوازادەگان، سوێد کارلستاد، ۱۹۹۳ (لاله به دەستان)
منظومه کردی بهرام و گلندام، ضبط و ترجمه و توضیح از قادر فتاحی قاضی، انتشارات موسسه تاریخ و فرهنگ ایران، شماره ۱۰. تبریز ۱۳٤۷(بارام و گوڵندام)
منظومه کردی سعید و میر سیف الدین بیگ، ضبط و ترجمه و توضیح از قادر فتاحی قاضی، انتشارات موسسه تاریخ و فرهنگ ایران، شماره ۲٤. تبریز ۲۵۳۵(سەعید و میرسێوەدین)
منظومه کردی شور محمود و مرزینگان، ضبط و ترجمه و توضیح از قادر فتاحی قاضی، انتشارات موسسه تاریخ و فرهنگ ایران، شماره ۱۲. تبریز ۱۳٤۸(شۆڕمەحموود)
مەم و زین، ئەحمەدی خانی، ئامادە کردن و پەڕاوێز نووسینی: هەژار، ئەنستیتۆی کوردی لە پاریس، پاریس ۱۹۸۹ (مەم و زین)
میرزا، فەتاح ئەمیری، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی، ۱۳۷۲ (میرزا)
ناڵەی جودایی، هێمن، چاپخانەی (علاء)، بەغدا ۱۹۷۹ (ناڵەی جودایی)
وەلی دێوانە، عوسمان هەورامی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ۱۹۷٦(وەلی دێوانە)
هاوارەبەرە، فەتاح ئەمیری، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی - ۱۳٦۹
هەنبانە بۆرینە - هەژار، ۲ بەرگ، انتشارات سروش، تهران ۱۳٦۸ (هەنبانە بۆرینە)
هیوا (ژمارەی یەک هەتا پێنج)، گۆڤار، ئەنیستیتووی کورد لە پاریس

**فارسی**

بررسی گویش بیرجندی، به اهتمام دکتر محمود رفیعی، از دکتر جمال رضایی، انتشارات هیرمند، چاپخانه حیدری، تهران ۱۳۷۷
برهان قاطع (٥ جلد)، به اهتمام دکتر محمد معین، موسسه انتشارات امیر کبیر، چاپ پنجم، تهران ۱۳٦۲ (برهان)

تات نشینهای بلوک زهرا، جلال ال احمد، چاپخانه میهن ١٣٣٧
فرهنگ ایران باستان، پورداود انتشارات دانشگاه تهران، ٢٥٣٦ شاهنشاهی
فرهنگ زبان پهلوی، دکتر بهرام فره‌وشی، انتشارات دانشگاه تهران ١٣٥٨
فرهنگ فارسی، تالیف دکتر محمد معین ٦ جلد، موسسه انتشارات امیر کبیر، تهران ١٣٧١ (معین)
فرهنگ فارسی عمید، حسن عمید دو جلد چاپ هفتم تهران ١٣٦٩ (عمید)
فرهنگ نامهای پرندگان در لهجه‌های غرب ایران (لهجه‌های کردی)، تالیف دکتر محمد مکری، موسسه انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم تهران ١٣٦١ (فرهنگ پرندگان)
یادداشتهای گاثاها، پورداود انتشارات دانشگاه تهران ٢٥٣٦ شاهنشاهی
فرهنگ گویش کرمانی، مولف: محمود صرافی، انتشارات سروش، چاپ اول ١٣٥٧
فرهنگ کوچک زبان پهلوی، د. ن . مکنزی، ترجمه: مهشید میرفخرایی، تهران ١٣٧٣

## به زمانی دیکه

1-Altiranisches Wörterbuch - Christian Bartholomae Ber-(بارتۆلۆمه) lin 1961
2-HILFSBUCH DES PEHLEVI - H.S.NYBERG UPPSALA 1931

3- Svensk-Kurdiskt Lrxikon (nordkurdiska)- Reşo zîlan

4- Dictionnaire KURDE-FRANÇAIS par Auguste Jaba- BIBLIO

VERLAG. ONSNABRÜCK. 1975 (ژابا)
5- Kurdish-English, English- Kurdish dictionary, Baran Rizgar, london 1993
6- FERHENG - Kurdi/Tırki (Zazaki)- Munzur Çem- stokholm

7- FERHENG - Kurdi/Tırki, Türkçe/Kürtçe- DENG Yayınları 1992-

D.Izoli (ئیزۆلی)
8-KURDISCH-PERSISCHE FORSCHUNGEN, OSKAR MANN, BAND2, BERLIN 1930
9- DIE MUNDART DER MUKRI-KURDEN, TEIL 1, OSKAR MANN, BER
LIN,1906 (مان)
١٠ – فەرهەنگی سانسکریت ـ رووسی، کالیانۆڤا، مۆسکۆ ١٩٧٨
١١ – فەرهەنگی پەشتوو ـ رووسی، ئاسلانۆڤ، مۆسکۆ ١٩٦٦
١٢ – فەرهەنگی پەشتوو ـ دەری ـ رووسی، لێبێدێڤ، یاتسێڤیچ، کانارۆفسکی، مۆسکۆ ١٩٨٣
١٣ – فەرهەنگی ئێنسکلۆپێدیای شۆرەوی، پراخارۆڤ، مۆسکۆ ١٩٨٧

## کورتکراوەکان

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئا. | ئاناتۆمی | جنا. | جێناو |
| ئار | ئارامیی | چا. ل | چاوگی لازم |
| ئاس | ئاسێتیی | چا. م | چاوگی متعدی |
| ئاک. | ئاوەڵکار | چا. مخ | چاوگی مرخم |
| ئال | ئاڵمانی | حر. | حرف ربط |
| ئام. | ئامراز | حم. | حاصل مصدر |
| ئام. ل | ئامرازی لێکدراو | خوار | خوارەزمیی |
| ئان. | ئاوەڵناو | خوت | خوتەنیی |
| ئان. فا | ئاوەڵناوی فاعلی | ر. | ریشە |
| ئان. ل | ئاوەڵناوی لێکدراو | روس | رووسیی |
| باش | باشووریی | زا | زازایی |
| باک | باکووریی | ژ. | ژمارە |
| بڕ: | بڕوانە! | سان | سانسکریت |
| بەخ | بەختیاریی | سور | سوریانیی |
| بەل | بەلووچیی | سوغ | سوغدیی |
| پار | پارتیی | سۆر | سۆرانیی |
| پاز | پازەند | شر. | شێوە رستە |
| پاشـ. | پاشگر | عبر | عیبریی |
| پەش | پەشتوو | عەر | عەرەبیی |
| پەھ | پەهلەویی | فار | فارسیی |
| پێشـ. | پێشگر | فەر | فەرانسیی |
| تات | تاتی | کنـ. | کنایە |
| تاج | تاجیکیی | گیا. | گیا |
| تال | تالشیی | گیانـ. | گیاندار |
| تور | تورکیی | گیل | گیلەکیی |
| تەب | تەبەریی | لات | لاتینیی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| لار | لاریی | ئەر | ئەردەڵانیی |
| لۆر | لۆڕیی | ئەک | ئەکدیی |
| ماز | مازندەرانیی | ئیتا | ئیتالیایی |
| مجـ. | مەجاز | ئیس | ئیسپانیایی |
| مغو | مەغوولیی | ئین | ئینگلیسیی |
| منج | مونجیی | ئێک | ئێرانیی کۆن |
| موک | موکریانیی | | |
| مۆس. | مۆسیقا | | |
| نا. | ناو | | |
| نا. چا | ناوی چاوگ | | |
| نا. ل | ناوی لێکدراو | | |
| نا. فا | ناوی فاعلی | | |
| نا. مفـ. | ناوی مفعولی | | |
| ناو | ناوەندیی | | |
| نز. | نیزامی | | |
| وشد. | وشەدەنگ | | |
| هس | هەڵیسەنگێنە | | |
| هەخ | هەخامەنشیی | | |
| هەو | هەورامیی | | |
| هند | هیندیی | | |
| هیک | هیندیی کۆن | | |
| ئۆر | ئۆردوو | | |
| ئەرم | ئەرمەنیی | | |
| ئەو | ئەوێستایی | | |
| یون | یوونانیی | | |
| یەغ | یەغنووبیی | | |

## ئیشارەکان

⁘ وێنە و نموونەی وشە لە رستە و شێعر دا .
/ جیا کردنەوەی دوو رستە یان بەند و بەیت لە یەکتر.
// دژبەری (متضاد) وشە
~ دووپاتە بوونەوەی وشە لە چاوگی لێکدراو دا .
|| ناوی لێکدراو
* چاوگی لێکدراوی وشە یا ناوێکی لێکدراو.

# ئـا

**ئا**[1] ١ـ یەکەمین پیتی ئەلفوبێی زمانی کوردیی . ئا ـ لە سەرەتا دا ـ لەبەر ئەوە کە بزوێنە پێویستی بە پیتێکی یارمەتیدەر بۆ دەربڕین هەیە و بۆ ئەم مەبەستە لە « ئـ » کەلک وەردەگرن یانی ئای سەرەتایی هەر چەند بە پیتێک دەناسرێ بەڵام لە راستی دا لە دوو پیتی ( ئـ + ا) پێک هاتوە یانی بێدەنگێک و بزوێنێک. ئەم پیتە لە وشە دا بە سێ شێوە خۆ دەنوێنێ: ئا (ئاو، ئاسک)، ـا(باڵ، ماشێن) ـ ا(داڵ، زوان). (ا) دەگەڵ هەندێک لە پیتەکانی دیکە جێ گۆڕکێی هەیە. جێگۆڕکێی (ا) دەگەڵ ئە: بارزان ـ بەرزان، ئاسێرە ـ ئەستێرە، ... دەگەڵ ئێ: ئار ـ ئێر، پا ـ پێ، ... ٢ـ ناوی ئەم پیتە.

**ئا**[2] (ئاک.) بۆ مەبەستی وڵام دانەوە یان سەلماندنی مەبەستێک دەکوترێ و زۆر جار دەگەڵ کوتنی بە سەر هەڵتەکاندنیش مەبەستەکە دەنوێنن، بەڵێ، ئادی، ئەرێ، ئم. ؛؛ نان دەخۆی؟ ـ ئا . ئا وایە! **ئائا:** دوو پات کراوی ئا بە مانای بەڵێ ـ یە کە داگرتنێکێ پتر نیشان دەدا ؛؛ ئەرێ گوڵەکانت ئاو داون؟ ـ ئائا. کاکە نان و چات بۆ دانێم؟ ـ ئائا کوڕە ئەوە لە برسان دەمرم.

**ئا**[3] (پاشـ.) ١ـ سـاوی پاشگری (دا)یە و زۆرتر لە هەندێک بن زاراوەکانی ناوەندی دا بەکاری دێنن، ئەم وشەیە لە نێو رستە دا هەمیشە دوای (لە، بە،...) و (دەگەڵ ناو یان کار)

دێ. :: لە ماڵا(ماڵ دا) خەریکی کار کردن بووم. لە نووسینا(نووسین دا) فرە پەلە مەکە! ٢ـ (ئام.) هەمان دا بێ ئامرازی زیادەی دیکە لە پێشەوەی رستەوە دێ. :: ئاوا (دا وا) مەکە! ئاخۆ (دا خوا) باوکم هاتۆتەوە؟ ئادەی (دادەی) برۆ دەرگا بکەوە.

**ئا**[4] (نا.) کورت کراو و سواوی وشەی ئاغایە لە وشەکانی تێکەڵاو دا و هەروەها کاتێک کە دەگەڵ ناو بێ. :: ئارەسوو دا وەرە ! ئابرا کەی وا دەبێ ؟

**ئا**[5] (ئام.) لە زاراوەی باکووریی دا ئامرازی زێدەی مێیینەیە. :: گولا سۆر، بەژنا زراڤ.

**ئا**[6] (ئام.) لە هەندێک بن زاراوەی باکووریی دا ئامرازی کۆیە. وێدەچێ کە سواو و سووک کراوەی ئان بێ. :: بەرخا دە چێرینە. سێڤا دفرۆشە.

**ئا**[7] (پاش.) بە ریشەی چاوگەوە دەلکێ و ئاوەڵناوی فاعلی ساز دەکا. :: زانا (زانین)، توانا (توانین)، بینا (بینین).

**ئا**[8] (ئام.) لە زاراوەی باکووریی دا خاوەن بوون و دارا بوون دەگەیەنێ. هی، ئی، هین. :: ئا من (هی من)، ئا مە، ئا وان.

**ئا**[9] (ئام.) لە کاتی سەرسوڕمان و شک لە راستی دا بەکار دەهێندرێ، کە مانای (بە راستی!) یان (راست دەکەی!) دەگەیەنێ :: ـ ئەگەر دەرس و دەورەکەت باش بخوێنی، دووچەرخەیەکت بۆ دەکڕم. ـ ئا، بڵێ بە گیانی تۆ!

ـ نامەی بابت کە چاوەڕێی بووی هات. ـ ئا، بە راستیتە! کەی هات؟

**ئا**[10] (جنا.)[زا] سێهەم کەسی تاک بۆ مێیینە لە زاراوەی زازایی دا، ئەو.

**ئا**[11] (پێشـ.) پێشگری کردارە لە زاراوەی زازایی دا بە مانای پاشگری (ئەوە) یا پێشگری (وە) لە ناوەندیی دا و پێشگری (ڤە) لە باکووریی دا. :: ئاکەردەنە (کردنەوە، ڤەکرن)

**ئا**[12] ناسەی کاری سێهەم کەسی تاک. :: شکا، دەخوا، خورا، دەکا.

**ئا**[13] (پێشـ.)[ئەو: ئا] ١ـ پێشگرێکی زێدەیە کە لە کۆنەوە ماوە و بوون و نەبوونی مانا تێک نادا. :: ئاغەڵ، غەڵ ـ ئاسۆ، سوێ. ٢ـ هەمان پێشگرە بەڵام مانایەکی دیکە دەدا بە وشە. :: ئاکار، کار ـ ئاپوورە، پوورە. ٣ـ هەمان پێشگرە

کــە لە کــۆنەوە بە وشـــەوە نووســاوە و ئێســتاکە لێک جویّ ناکرێنەوە و بە بیّ ئەم (ئایە) بیّ مــــانا دەبیّ. ‡‡ ئاوس، ئاخوڕ.

**ئا**$^{14}$ (ئام.) دوو ناو یا دوو ئاوەڵناوی دووپات کـــــراوە تێک دەکـــــاتەوە و ئاوەڵناوێکی نویّ ســـاز دەکـــا، ئاو2، ئـــان4، ئـــام4، بـــە. ‡‡ دووراودوور، سەراسەر، بەرابەر، پشتاپشت.

**ئا**$^{15}$ (ئام.) ئامـرازی بانگ کـردن و هاوار بۆ بردنە کـــە بە ئاخـری ناوەوە دەلکیّ، ئەی. (چونکە ئا بزوێنە ئەگـەر دوایین پیــتی ناوەکــە بزوێن بیّ « ی » دەبێتە یارمەتی دەر). ‡‡ حاڵە بەدحاڵی لە شوێن و ماڵە وێرانی لە دوو / **مەحویا!** گەر ئەهلی حاڵی، حاڵ و ماڵم بۆ چیە (مەحوی ل ٢٩٤). **ساقیا!** وا بادەوە، وابادەوە/ روو لە لای من کـە بە جـامی بادەوە (ناڵەی جودایی ل ١٢). خودایا.

**تێـــبینی:** ئەم ئامــرازە لە زمـــانی فارسیەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردیی و تەنیا لە ئەدەبی کلاسیک دا برەوی هەیە.

**ئا**$^{16}$ (پێشـ.)[هەو] بڕ: ئەم 1

**ئا**$^{17}$ (نا.)[لات: A] ئەندازەیەکی دیاری کـراوە بۆ کـاغـەز کـە لە ئا ـ وە دەست پێدەکا و بە ژمارە دێتە خوارتر. ‡‡ ئا١، ئا٢، ئاە و ...

**ئاب**$^{1}$ (نا.)[فار: آب] بە مانای ئاو ـ ە کـە لە هەندێک وشـەی تێکەڵاو کـە لە فارسی وەرگیراون یا لە ئەدەبی کلاسیک دا دەبینندریّ. || **ئابی بەقـــا:** بڕ: ئاوی بەقا. ‡‡ بۆ ماچی دەمی کولّمە لە نێو پەرچەمی خاوی/ لەو زوڵمەتە بۆ ئابی بەقا نووری چرامە (وەفایی ل ١٣٥).

**ئاب**$^{2}$ (نا.)[عـبـر: اب، آب] ئاب یا ئەب ناوی مـــانگی یازدەهەمی ســـالی رۆمی و ســوریانی و هەروەها مــانگی یازدەی جـوولەکـەکـان بەرابەرە دەگـەڵ مـــانگی گـەلاوێژی کـــوردیی و ئۆتی هەندەرانی و دەکەوێتە نێوان تەمووز و ئەیلوول، تەباخ.

**ئابا**$^{1}$ (نا. ل)[ئا4 + با (برا)][ئەر] کــورتکراوەی ئابرا یا ئاغـــا برایە بە مانای برا گەورە، ئابرا.

**ئابا**$^{2}$ (نا.)[عـەر: آباء] باوکـەکـان، باب و باپیران. ئاژداد، ئەژداد، جەد. ‡‡ ئابا و ئەژداد، جەد و ئابا.

**ئابات** (ئان.)[پەه: ئاپات. باک: ئاڤا ـ ناو: ئاوا] ئاوەدان، ئاوا. شێوەی کۆنتری وشـــەی ئاوایە کـە دەگـەڵ وشـــەکـانی

تێکەڵاو دا وەک ناوی گوند و دێهات دا ماوەتەوە. :: حەسەن ئابات، عەلی ئابات.

**ئاباد** (ئان.)[فار: آباد] ئاوا، ئاوەدان. شێوەی فارسی ئاوا یا ئاباتە کە بە هەندێک لە ناوی گوندەکان و شارەکانەوە نوساوە. :: مەهاباد، شائاباد، غەوساباد

**ئاباژۆر** (نا.)[فەر: abat-jour] سەرپۆشێک کە لە سەر چرای دادەنێن هەتا شۆقەکەی وە زەوی کەوێ و چاو ئازار نەدا، سەرپۆشی چرا.

**ئابدار** (نا. فا)[ئاب1 + دار2][فار: آبدار] کەسێک کە لە دیوەخانی میر و بەگان ئەرکی ساز کردنی چا و قاوە و خواردنەوەی دیکە بوو، ئاودار. :: دەهاتە کن ئەولادی شا روستەم بەگان، سێ سالان دەبۆ سەقا و سێیان دەبوو بە ئابدارە (مان ل ٢١٣).

**ئابدارباشی** (نا. ل ـ ئان. ل)[ئابدار + باشی] سەرۆکی هەموو ئەو کەسانەی کە لە ئابدارخانە کار دەکەن.

**ئابدارخانە** (نا. ل)[ئابدار + خانە] ١ـ ژووری ساز کردنی خواردنەوەی وەک چا و قاوە و شەربەت لە ماڵی بەگ و کۆشکی میران دا کە ئاودار لەوێ کار دەکا. ٢ـ بار و بنەی ئاوداری پاشا و سوڵتانەکان، بە نۆکەر و تەواوی کەرەسەوە. :: فەرموو لە کۆڵمێکە ناسک دوو ماچ وەربگرە، لەبری نانە شەکرینە و لوقمەقازییە/ هەتا حەوت رۆژان برسی نابی، تێشووی خۆت پێیە، ئەوە لە ئابدارخانەی کەس دا نییە (لاس و خەزاڵ ل ٤٤). & ئاودارخانە

**ئابرا** (نا. ل)[ئا4 + برا][ئەر] لە بن زاراوەی ئەردەڵانی دا برەوی هەیە و مانای کاک، کاکە و رێز گرتنی هەیە چا مەبەست برا گەورە بێ یان کەسێکی گەورەتر یان دۆست و ئاواڵ، ئابا، ئاغەبرا. :: ئەگەر ئەم ئیشە بکەی بە ئابرام ئەیژم! ئابرا کەی وا ئەوێ!؟

**ئابڕوو** (نا. ل)[فار: آبرو] هەموو ئەو ئاکارباشییانەی مرۆڤ کە دەبنە هۆی پاراستنی کەسایەتی لە نێو کۆمەڵ دا. حەیا، نامووس، شەرەف، رێز، ئاوڕوو، ئاڤروو. **~ بران:** سووک بوون، ئابڕوو چوون. **~ بردن:** لە هەڵلا دان ولە قاو دانی کار و کردەوەی سووکی کەسێک کە لای خەڵک ناحەزە، سوکایەتی بە کەسێک یان کەسانێک کردن، حەیا بردن. :: قیبلەکەم بەو زاری هەر وەک

غونچـە بۆیە پێکەنی / دا بلێین خەندەی لە گوڵ دێ ئابرووی پەروین دەبا (وەفایی ل ٣). ~ **بردنە ســـەر لکی دار:** بە تەواوەتی ئابڕوو بردنی کەسێک وەها کە هەموو کەس پێی بزانێ. ~ **بڵاو بوون:** ئابـڕوو چوون، ســـووک بـوون لە لای خەڵک. ⁂ دەڵێ: کارێکی گەورە قەوماوە / چلۆن ئابڕووم بوو بڵاوە / ئیـختـیارم دە مست کچێ ماوە (مان ل ٢٠١). ~ **بڵاو کردن:** ئابڕوو بردن، سووکایەتی بە کەسێک کردن. ~ **تکان:** سووک بوون، ئابـڕوو نـەمـــــان، ئـابـڕوو ڕژان. ~ **تکاندن**: بێ ئابڕوو کردن، سووک کردن، ئابڕوو ڕژاندن. ~ **چوون:** ســـووک بوون، حـەیا چوون، ئابڕوو تکان. ⁂ بەو کـارە ناحـەزانە تازە ئابڕووی بە هەزار ساڵەمان دە نێو ئەو خەڵکە دا چوو. ~ **ڕژان:** بـڕ: ئـابـڕوو تـکـان. ~ **ڕژانـدن:** ســـووک کـــردن، ئـابـڕوو بـردن، ئابـڕوو تکاندن. ~ **کـــڕینەوە:** بە کـــار و کردەوەیەک بەری حەیا چوونی کەسێک گرتن. ⁂ میوانمان زۆر و پێخەفمان کەم بوو، کاک ڕەسووڵی جیرانمان پێخەفی بۆ هێنایین و لە کن میـوانەکان ئابڕووی کـڕینەوە. ~ **لە ڕوو هەڵگیـران:** حـەیا چوون، بێ ئابڕوو بوون، ئابڕوو نەمـان.

⁂ دەڵێ: مەتڵەبت چییە؟ کوتی: قوربان، ئابڕووم لە ڕووی هەڵگیراو، مـەتڵـەبی من هـەر خـــاتوون ئـەســـتـــیـــیـــە (مـــان ل ١٥٢). ~ **مان:** خاوەن ئابڕوو بوون. ⁂ تازە کوا دەتوانین سـەر هەڵێنین بۆ چما ئابڕوومـــان مـــاوە. || **ئابڕووی بە هەزار ساڵە:** (کنـ.) ئابـڕووی هـەمـیـــشـــەیی، ئابڕووی بە یەکـــجـــاری. ***ئابڕووی بە هەزار ساڵە چوون:** (کنـ) بۆ هەمیشە بێ ئابـڕوو بوونی کـەســێک بە بنەمـــاڵە و تایفەکەیەوە لە ئێستا و داهاتوو دا. ⁂ بە خوڵای! ئەمن ئابڕووی بە هەزار ساڵم چووە لە نێـو ئێـلانە / یانە پاکی بە قـڕ دەدەم، یانە تاڵان دەکـــەم حـــەمـــەدی باشـــاغـــانـە (مـــان ل ٢٦٤). **ئابڕووی بە یەکـجـاری:** هـەمـــوو ئابڕووی مـــرۆڤ، تەواوەتی ئابڕوو. ***ئابڕووی بە یەکجاری چوون:** (کنـ) ئـابڕوو چوونی بـە تەواوەتی، بێ ئابڕوو بوون بە یەکجاری.

**تێبینی:** ئابڕوو وشەیەکی فارسییە کە ڕاســـتـەوخـۆ لەو زمـانەوە هـاتۆتە نێـو زمـانی کـوردیی. ئابڕوو [ئاب + ڕوو] لە دوو بەشی ئاب کـە بـە مـانـای گـرشـە و سـەفـایە و هەروەها ڕوو پێکهـاتوە کە بە گشتی یانی گرشە و سەفای ڕوو. ئاوڕوو و ئاڤڕوو شـێوەی کوردیی پێدراوی ئەم

وشەیەن.

**ئابڕووبراو** (نا. مــــفـ.)[لە: ئابڕوو بران] کەسێک کە لە بەر هۆیەک ریسوا کراوە و ئابڕووی نەماوە.

**ئابڕووبەرە** (ئان. فا)[ئابڕوو + بەر + ئە] ١ـ کەسێک کە بە کردار یان بە قسە لە بەر چاوی خـــەڵک ســـووکت بکا، ئابڕووڕێژ. ٢ـ منداڵ یا کەسێک کە قسە و نهێنی دایک و باوک یا هی کەسانێکی دیکە لە قاو بدا.

**ئابڕووتکاو** (ئان. مــفـ.)[ئابڕوو + تکاو] کـەسـێک کـە ئابڕووی نەمــابێ، سووک، بێشەرم، بێحەیا.

**ئابڕووتکاویی** (حم.)[ئابڕووتکاو + ئیی]چلۆنایەتی ئابڕووتکاو، بێشەرمیی، بێـــحــــەیایی. ⁂ کـــورد نەتواوە و ئابڕووتکاویی و ریســوایی مـێـــژوو بۆ پۆلیسی رەزاخان مایەوە (چەپکێ گوڵ ل ٦).

**ئابڕووڕێژ** (ئان. فــا)[ئابڕوو + رێژ] بڕ: ئابڕووبەرە. ⁂ ئابڕوو رێژە ویســالی یار و خوێنڕێژە فیراق/ عالەمی عیشق و مەحەببەت هەر برێژە، هەر برێژ (مەحوی ل ١٤٣).

**ئابڕووڕێژیی** (حم.)[ئابڕووڕێژ + ئیی] حەیا چوون، ئابڕوو نەمان.

**ئابشــــار** (نا. ل)[فــار: آبشـــار] ١ـ [کـلاسـیک] ئاوهەڵدێر، تاڤگە، قـەڵوەز، قەڵبەزە. ⁂ بێ مەحابا ئاو دەڕێژێ گەه بە فـــەور و گـــەه بە دەور/ چاوی من مودێکە شێوەی ئابشاری گرتوە (نالی ل ٥٤٢). ٢ـ لێـــدانی توند و بە قـــەوەتی تۆپ لە هەندێک یاری وەک پینگ پۆنگ و واڵیبال، کەبباسی.

**ئابلۆقە** (نا.)[تور: abluka لە ئیتا: abluka] گـەمــارۆ، دەورە، دەورادەور، تەوق، ئەبلۆقە. **~ دان:** گەمارۆ دان، دەورە گرتن، خستنە تەوق.

**ئابنووس** (گـیـا.)[پەه: ئاپنووس لە یون: ebenos] دارێکە وەک دارە گـوێز گـــــەورە و بەلک و پۆیە، لە هیند و ماداگاسکار و چەند شوێنی دیکە دەڕوێ چێـوەکـەی پتـــەو و رەش و بە بایخـە. disopyros ebenum ناوی عـیلمی ئەم دارەیە. ‖ **ئابنووسی شین:** دارێکە تایبـەتی ئامریکای ناوەندیی، گەڵاکـانی شێوەی پەڕ دەدەن و گوڵەکانی شین و هێـــشـــوویین، بەرەکـــەی دەخـــورێ و چێوەکەشی زۆر باش و بەنرخە، -Jac

aranda ناوی لاتینی ئەم دارەیە. (عەر: جکرندا)

**ئابنووسی** (ئان. ل)[ئابنووس + ئی] ١ـ هەرچی کە لە داری ئابنووس ساز بووبێ. ٢ـ رەش و سیا وەک رەنگی ئابنووس. ؛؛ تەشی کە خستە بازی بە رانی نەرم و لووسی / دەکەوتە پاییووسی دوو زولفی ئابنووسی (وەفایی ل ١٩٤).

**ئابونمان** (نا.)[فەر: abonnement] پارەی پێشەکی گۆڤار و رۆژنامە یا حەقی ئەندام بوونی بەرق و تەلەیفوون و ئاو و هەر شتێکی لەم بابەتە. ~ **بوون:** بوونە ئەندام و بەشدار لە رۆژنامە، گۆڤار، تەلەفۆن و ... پێگ گەیشتنی بە رێک و پێکی یا مافی کەلک لێوەرگرتن. ~ **دان:** دانی پارەی پێشەکی بۆ هەر کام لە مەبەستەکانی سەرەوە. **خۆ ~ کردن:** پارەی ئابونمان دان و خۆ کردنە ئەندام.

**ئابۆری** (نا.)[باک] بڕ: ئابووری

**ئابووری** (نا.) ئیقتساد، بەڕێوە بردنی ماڵ، یانە یا وڵاتێک بە پێی داهات و خەرجەوە، ئابۆری.

**تێبینی:** سەیدۆ گۆرانی ئەم وشەی بە عەبۆر نووسیوە و بە وشەیەکی بۆتانی داناوە و دەگەڵ ebone ی فەرانسی هەر بەم مانایەی هاوسەنگ کردوە (بڕ: القاموس ل ٢٥). ئابووری لەوانەیە دەگەڵ ئاپوریشن āpurišn لە زمانی پەهلەویی بە مانای داهات و بەرهەم یەک ریشەیان هەبێ.

**ئابووریزان** (ئان. فا)[ئابووری + زان] کەسێک کە شارەزایی لە سەر زانستی ئابووری هەیە، کەسێک کە را و بۆچوونی لە سەر بار و دۆخی ئابووری هەیە و لێی دەزانێ، ئابووری ناس.

**ئابووریناس** (ئان. فا) [ئابووری + ناس] بڕ: ئابووری زان.

**ئابوونە** (نا.)[فەر: abonne] ١ـ کڕینی پێشەکی گۆڤار و رۆژنامە بۆ مانگێک یا چەند مانگ کە بەم پێیە فرۆشیار یا خاوەنەکەی، دەبێ شتی ئابوونە کراو بۆ ئەو کەسە بنێرێ یا ئەوەکە بۆی راگرێ. ٢ـ دانی پارەی مانگانە یا ساڵانە بە یانە یا حەقی ئەندامەتی بە رێکخراوە و حیزبەکان. ~ **بوون:** بوون بە ئەندامی کڕیاری گۆڤار و رۆژنامە. ~ **کردن:** خۆ یا کەسێکی دیکە کردن بە ئەندامی بۆ

پێشەکی کڕینی گۆڤار و ڕۆژنامە.

**ئاپ** (نا.)[؟][باک] مام، ئاپۆ، برای باوک.

**ئاپا** (نا. ل)[ئاپ + ئا][باک] خوشکی باوک، مەت، پوور، میمک.

**ئاپارتومان** (نا.)[فەر: apparte-ment] ماڵێکی گەورە و چەند نهۆمی کە هەر نهۆمەی چەند خانووی سەربەخۆ و جیای تێدابێ، خانووبەرە.

**ئاپاندیس** (نا.)[لات: appendix] ریخۆڵەیەکی چووکی زێدەیە کە لە لای ڕاستی لەشی مرۆڤ و لە بنی ریخۆڵەی کوێر دایە.

**ئاپاندیسیت** (نا.)[فەر: ap-pendicite] ئازارێکە لە ماسین و چڵک کردن ئاپاندیس تووشی مرۆڤ دێ و ژانی زۆرە و بە عەمەل کردن و هەڵگرتنی ئاپاندیس چارەی دێ، تۆقانی ئاپاندیس لەو حاڵە دا مرۆڤ دەکووژێ.

**ئاپزا** (نا. ل)[ئاپ + زا][باک] بڕ: ئامۆزا

**ئاپۆ** (نا. ل)[ئاپ + ئۆ][باک] برای باوک.

**ئاپۆژن** (نا. ل)[ئاپۆ + ژن][باک] بڕ: ئامۆژن.

**ئاپۆره**[1] (نا.)[؟] ١- میوانی بانگ نەکراو، کەسێک کە بێ ئەوەی لێی بگێڕنەوە بچێتە شوێنێک، میوانی زیادی. ፨ میوانی ئاپۆرەی زۆرە. (میرزا ل ٢٨). ٢- بێگانە، نەناسیاو، غەریبە.

**ئاپۆره**[2] (نا. ل)[ئا13 + پۆر + ئە] بڕ: ئاپوورە. **~ دان:** بڕ: ئاپوورە دان.

**ئاپووره** (نا. ل)[ئا13+ پوور + ئە] حەشیمەت، کۆمای خەڵک پێکەوە. ئاپۆرە. **~ دان:** کۆ بوونەوەی خەڵک لە دەوری یەک یا کەسێک، ئاپۆرە دان. ፨ خەڵک لە مەیدانی شار ئاپوورەیان دابوو.

**تێبینی:** پوور یا پۆر لە ریشەی ئەوێستایی پەرو paru و پڕ - ی کوردیی بە مانای زۆر، فرە کەوتۆتەوە (بڕ: پڕ) و لە زاراوەی باکووریی دا پڕ هەمان مانای کۆنی خۆی راگرتوە. پەل و پۆل و پتر و هەندێک وشەی دیکەی کوردیی لەو ریشەن. جگە لەوە پوورە بە تەنیا لە کوردیی دا بە مانای شڵخەی هەنگە کە ئەویش هەر مانای زۆر و پڕ دەدا.

**ئاپەی** (ئاک.)[بڕ: پەی][زا] پشت، دوا، پەی، شوێن.

**ـ ئات** (پاشـ.) پاشگری کۆیە کـە لە عـەرەبی را هاتۆتە نێو زمـانی کوردیی و برەوی کـەمـە، ـ ئان، گـەل. ∷ باغـات، مالآت، خێلآت.

**تێبینی:** دوای پیتی بزوێن (و، ج، هـ) بە خـۆوە دەگرێ. ∷ ئاغـاوات، دێهـات، میوەجات.

**ئاتاج** (نا.)[عەر: احتیاج] کەسێک کە پێـداویسـتی هەبێ، مـوحـتـاج. ∷ شوکرئەوەندەم هەیە ئاتاجی کەس نەبم!

**ئاتر** (نا.)[هەو] بڕ: ئاگر

**ئاتروان** (نا. ل)[ئاتر + وان] کـەسێک کـە ئاگـای لە ئاگری ئاورگـە، ئاگـاداری ئاگر.

**ئاتمۆسـفـێـر** (نا.)[فـەر: at-mosphere] ١ـ ئـەو هـەوایـەی کـــە دەورودەوری زەوی گرتوە و تێکەڵاوێکە لە گازەکانی ئەزۆت، ئۆکسیژێن، ئارگۆن، و ئیــدرۆژێن و چەند گــازی دیکە. ٢ـ پێوانەی قـورسـایی هـەوا کـە ١٠٣٣/٦ گرەم لە سانتیمیتری چوارگۆشە دایە. ٢ـ چلۆنایـەتی دەوروبـەر، فــــەزا. ∷ مـەهاباد ئاتمۆسـفێری کۆنی خۆی هـەر پاراستوە.

(ئەم وشـەیە لە ئاتمۆس بە مانای هـەڵم و سـفـێـرا ـ ی یوونانی بە مـانـای گـۆ پێکهاتوە.)

**ئـــاتـــۆم** (نـــا.)[یـــون:atomos] چووکـترین کوت و بـەشی عونسـۆرە کە نابیندرێ و پێشـتـر لە سـەر ئـەم بڕوایە بوون لـەوە پتـر دابەش ناکـرێ. ئاتۆم لە زەڕڕەی زۆر وردی پرۆتۆن و ئـەلکتـرۆن و نۆترۆن پێک هـاتوە. پرۆتۆنەکـــان لـە ناوەندی ئاتۆم پێکەوە نووسـاون و ناوکی ئاتۆمیان پێک هێناوە و ئەلکترۆنەکان بە دەوری دا دەگەڕێن، ئەتۆم.

**ئاتۆمی** (ئان. ل)[ئاتۆم + ئی] هـەر شـتێک یا هـەرچییـەک کـە پەیوەندی بە ئەتۆمـــەوە هـەبێ، ئەتۆمی. ∷ بۆمـــبی ئاتۆمی، هێزی ئاتۆمی.

**ئاتوون** (نا. ل)[ئا13 + توون][باک] ١ـ قسڵ. ٢ـ کوورەخانەی قسڵ پێژان ٣ـ کوورەخانەی خشت پێژان.

**ئاتەر** (نا.)[ئەو: ئاتـەر ـ هەخ: ئاتەر ـ پەه: ئاتەر][هەو] بڕ: ئاگر

**تێـبـینی:** لە ئەوێسـتـا دا ئاتـەر ناوی فـریشـتـــەی ئاگـــر بوە لـە بەر ڕێز و مـــەزنایەتی بە کـــوڕی ئەهـوورامـــەزدا ناویان بردوە.

**ئاتەران پاتەران ـ** قسەی تێکەڵ پێکەڵی کەسێک کە قسە دەپەڕێنێ، قسەیەک کە چی بە سەر یەکەوە نەبێ. هەڵیت و پەڵیت، هاتەران پاتەران، هەللەق مەللەق. ⁘ ئەو ئاتەران پاتەرانەت لە چییە جوان قسان بکە بزانم دەڵێی چی.

**تێبینی:** وێناچی ئەم وشەیە ریشەیەکی هەبێ. چونکە کەسێک کە قسە دەپەڕێنێ چی بەسەر چیەوە نیە و کەس تێیناگا و لەوانەیە ئەم ناوە بێ مانایەش هەر لەوە پەیدا بووبێ.

**ئاتەش** (نا.)[فار: آتش][کلاسیک] ئاور، ئاگر. ⁘ وێڵی وڵاتی بێهۆشی، گێژی گێژاوی سەرخۆشی / ماسی سەراوی ئاتەشی، یا غەوسی سانی هیممەتێ (وەفایی ل ١٨١).

**ئاتەشەک** (نا. ل)[ئاتەش + ئەک] بڕ: ئاگرە

**ئاتەگ** (نا.) ١ـ داوێنی جلی درێژ کە لە سەرەوەی جلەکانی دیکە دەبەری دەکەن وەک کەوا و چاکەت، شاقەل ٢ـ داوێنی کێو و چیا، ئەتەک. ⁘ قاز و قورینگ ئەگەر لە عاسمان دەگەڕێ/ گەورەیان هەیە؛ ئەگەر قاوەقاو دەکەن، دەچنەوە بۆ سەری کوێستان و ئاتەگی ئاستەڕێ (سەعید و میرسێوەدین ل ١١٥). ٣ـ ژێر کراسی ژنانە. ٤ـ داوێنی زین کە دەکەوێتە ژێر رانی سوار. ٥ـ داوێنی گیاندار. ⁘ وڵاغیان هەمووی سێ ساڵە/ شێرخەزاڵی و ئاتەگ کاڵە/ وەکوو باڵدار خاوەن باڵە (سەعید و میرسێوەدین ل ١٥٩). ~ **بڕین:** ١ـ بڕینی ئاتەگی جلی کەسێک کە کاری خراپ و نالەباری کردبێ بۆ سووک کردنی. ٢ـ (کنـ.) سووکایەتی پێکردن.

**تێبینی:** ئەتکە atka لە زمانی سانسکریت دا بە مانای جل و بەرگ و ئەو لیباسەی لە سەرەوە دەبەر دەکرێ هاتوە. هەروەتر ئەتەک etek لە زمانی تورکی دا بە مانای داوێنی جل و داوێنی چیا هاتوە.

**ئاتی** (نا.)[؟][باک] بڕ: فێ

**ئاجز** (نا.)[عەر: عاجز] ١ـ زیز، زوێر، زویر، عاجز. ٢ـ ئێش، رەنج، ئازار. ٣ـ بێدەستەڵات، ناتوان، بێهێز. ٤ـ وەڕەز، بێتاقەت. ~ **بوون:** ١ـ دڵ ئێشان، زوێر بوون. ~ **کردن:** دڵ ئێشاندن، زوێر کردن. **لێ ~ بوون:** دڵ لە کەسێک هێشان، لێ زوێر بوون. **لێک ~ بوون:**

دڵ لە یەکتر ئێشان. ∷ ئەو دوو برایە دەمێکە لێک ئاجزن و نێوانیان نیە.

**ئاجزیی** (حم.)[ئاجز + ئیی] ١- عاجزیی، نێوانناخۆشیی، زیزیی، زوێریی. ٢- بێدەستەڵاتیی، بێهێزیی. ∷ هیچی پێنەدەکرا زۆر بە ئاجزیی دانیشت و ئەژنۆی دە باوەش گرت. ٣- کوێرەوەریی، زەحمەت. ٤- وەڕەزیی، بێتاقەتیی. ~ **کێشان:** ڕەنج کێشان، تووشی زەحمەت بوون. ∷ کاکەمەم دەڵێ: بەنگینێ، بەڵەک چاوە!/ دە قۆشەنێ بگەڕە، بزانە کێها ئاجزیی کێشاوە. (مان ل ٤٤). ~ **هەبوون:** نێوانناخۆشیی هەبوون، دڵ لێک ئێشان.

**ئاجودان** (نا.)[فەر: adjudant] ئەفسەرێک کە لە خزمەت ئەفسەرێکی گەورەتر لە خۆی دایە و فەرمانەکانی وی بەڕێوە دەبا.

**ئاجور** (نا.) خشتی سوور، خشتی سوور کراوە لە کوورە دا.

**تێبینی:** ژابا ئاجور - ی بە عەرەبی کراوی ئاگور - ی فارسی داناوە (بڕ: ژابا ل ٢). هەروەها لە فەرهەنگەکانی فارسیش دا ئاجوریان بە عەرەبی کراوی ئاگر یا ئاگور بە مانای خشتی پێژراو نووسراوە و هیچ سەرچاوەیەکیان بۆ ئاگور و ئاگر دیاری نەکردوە. شک نیە کە ئەم وشەیە دەبێ هەمان ئاگر - ی کوردیی بێ.

**ئاجیر** (ئاک.)[زا] بڕ: ژێر

**ئاجیل** (نا.)[فار: آجیل] پستە، بادام، فندق و تۆو و کشمیش کە بۆ شەوچەرە دادەندرێ، چەرەز.

**ئاچار** (نا.)[تور: ئاچار] ١- هاچەر، کلیل ٢- ئەو ئامرازانەی کە پێچ و مۆرە دەکەنەوە. & ئاچەر

**تێبینی:** ئاچ لە چاوگی ئاچماک açmak بە مانای کردنەوە کەوتۆتەوە.

**ئاچخ** (ئان.)[تور: ئاچخ (کراوە) لە چاوگی ئاچماغ بە مانای کردنەوە] ١- ڕەنگی روون و کراوە دژی تۆخ. ∷ سووری ئاچخ، شینی ئاچخ. ٢- کراوە، ئاوەڵا. پتر بۆ دەرکە و پەنجەرە دەکوترێ. ئاچغ، ئاچوخ، ئاچوغ.

**ئاچغ** (ئان.) بڕ: ئاچخ

**ئاچوخ** (ئان.) بڕ: ئاچخ

**ئاچوغ** (ئان.) بڕ: ئاچخ

**ئاچەر** (نا.) بڕ: ئاچار

**ئاخ**[1] (نا.)[ئێک: ئاهـ ـ هیک: ئاسە ـ پەهـ: خـاک ـ بەل: هاک. باک: ئاخ] ١ـ خاک، خۆڵ. ٢ـ زەوی، هەرد.

**ئاخ**[2] (نا. د)[باک: ئاخ ـ ناو: ئاخ ـ باش: ئاخ ـ هەو: ئاخ ـ زا: ئاخ] ١ـ وشەی دەربڕینی دەرد و ئێش، ئای، ئاه. ٢ـ وشەی دەربڕینی خەم و خەفەت، ئاخ و داخ. ٣ـ وشەی بێدەستەڵاتی و هەناسە ساردیی. ⁘ ئاخ ئەگەر دەستم ڕۆیشتبا! ئاخ ئەگەر میلیۆنێکم هەبا! ~ **کێشان:** ئاخ هەڵکێشان. ~ **هەڵکێشان:** هەڵمژینی هەوا و پڕ کردنی سییەکان و دانەوە دەری بە دەربڕینی ئاخێک ئەودەم کە مرۆڤ بە تەواوی خەم و پەژارەیەک دەروونی داگرتوە، ئاخ کێشان، ئاخین.

**ئاخا** (نا.) بڕ: ئاغا

**ئاخافتن** (چا. ل)[باک] بڕ: ئاخاوتن1

**ئاخاوتن**[1] (چا. ل)[ئەو: ڤەک، ڤەچ ـ پەهـ: ڤاختەن. باک: ئاخافتن، ئاخفتن ـ ناو: ئاخاوتن] دەگەڵ کەسێک قسەکردن، وتووێژ کردن، پەیڤین، خەبەردان.

**تێبینی:** ئاخاوتن و بێژتن1 بە مانای قسە کردن هەردووک یەک سەرچاوەیان هەیە (بڕ: بێژتن1).

**ئاخاوتن**[2] (چا. م) بڕ: ئاخێوتن

**ئاخبان** (نا. ل)[ئاخ1 + بان1][باک] بڕ: ئاخەبان/١

**ئاختف** (نا. ل)[ئاخ2 + تف][گیل: ئاختوب][هەو] مادەیەکی لیچقی زەرد یا سپییە لە بەر هەندێک نەخۆشی یا جگەرە کێشان لە سەر گەروو دەنیشێ و بە کۆخە لە زار دێتە دەر، خڵت سینە، بەڵغەم.

**ئاختە** (نا. ـ ئان.) بڕ: یەختە

**ئاخدار** (ئان. فا)[ئاخ2 + دار] کەسێک کە ئاخ لە دڵە، داخدار، خەفەتبار. ⁘ ئاخ چراخ! چ ئاخ؟ ئاخ پەی ئاخداریَ/ چون من خاترخار خەمبار داخداریَ (مەولەوی ل ٥٥).

**ئاخر**[1] (ئام.)[عەر: آخر] مەگەر، ئاخە، ئیدی، ئیتر. ⁘ ئاخر نەمکوت وامەکە. ئاخر کەی وادەبێ برا!

**ئاخر**[2] (ئان.)[ عەر: آخر] ١ـ دوایی، کۆتایی، پاشی هەموو شتێک و کەسێک، ئاخیر، قرڕە (لە یاری و کایە دا). / / ئەوەڵ، هەوەڵ، یەکەم. ٢ـ (نا.) ئەنجام و دوایی کارێک یا شتێک. ⁘ ئاخری شەڕەکەتان بە کوێ گەیشت. ٣ـ ئاخرەت، دوارۆژ. ⁘ ئاخرت خێر بێ! ~ **بوون:** لە پشت هەموان بوون،

دوای هەموان بوون، تەواو بوون. ∷ عەلی ئاخر کەس بوو کە هاتە ژوور. ئەمە جگەرەی ئاخر بوو کە کێشامان. ~ **بە خێر بوون:** ١ـ کۆتایی هاتنی ژیان بە خێر و چاکە. ٢ـ ئاکامی باش و چاک هەبوونی کارێک. ~ **بە خێر کردن:** کۆتایی پێهێنانی ژیان بە خێر و چاکە. ∷ خودا ئاخرت بە خێر کا! || **ئاخری خەت:** ١ـ دوایین ئیزگەی پاس و ئوتووبووس. ٢ـ (کن.) دوایی رێگا و ئامانجێک، دوایین مەنزڵ. **ئاخری زەمان:** بڕ: ئاخرزەمان. **ئاخری عومر:** دوایین ساڵەکانی ژیان. ∷ هەتا ئێستا هەر خەریکی کار و کوێرەوەری بووم لەو ئاخری عومرەم دا دەمەوێ بە کەیفی خۆم بژیم.

**ئاخر**[3] (نا.)[باک] بڕ: ئاخوڕ

**ئاخرباز** (ئان. ل)[ئاخر1 + باز2] زارێکی کۆتربازانە و بەکۆترێک دەڵێن کە زۆر لە زەوی نزیک دەبێتەوە و لە سەرڕاوە هەڵدەستێتەوە.

**ئاخربەر** (ئان. ل)[ئاخر2 + بەر1] دوایین بەری وێنجە، کەوەر و شتی لەم بابەتە کە پتر لە جارێک بەر دەدەن، ئاخرتاش. ∷ ئاخربەری وێنجەکەمان درۆوە.

**ئاخربین** (ئان. فا)[ئاخر2 + بین2] کەسێک کە دوارۆژ و ئاکامی کار لە بەر چاو دەگرێ و رەمەکی و لەخۆوە کارێک ناکا. ∷ پیاو دەبێ ئاخربین بێ و هەروا بێ بیر کردنەوە خۆ پێدا نەدا.

**ئاخرتاش** (ئان. ل)[ئاخر2 + تاش (تاشین)][ئەر] بڕ: ئاخربەر

**ئاخرچۆڕ** (ئان. ل)[ئاخر2 + چۆڕ] ١ـ دوایین قومی ئاوەکی. ٢ـ ئاخرمناڵ، دواچۆڕ، پاشەبەرە.

**ئاخرخێر** (ئان. ل)[ئاخر2 + خێر] ١ـ کەسێک کە ژیانی بە خێر و خۆشییەوە تەواو دەبێ. / / ئاخرشەڕ. ٢ـ ئاکامی خێر و چاکی کارێک. ~ **بوون:** ١ـ کۆتایی هاتنی ژیان بە خێر و چاکەوە. ∷ خودا ئاخرخێرمان کا! ٢ـ دوایی هاتنی کارێک بە خۆشییەوە. ∷ سەری دانا لە سەر رووی تۆ، بە شوێنی زولفی تۆ دا چوو / وەفایی ئاخری خێر بێ، دەمێکە بێ سەر و شوێنە (وەفایی ل ١٤٦).

**ئاخر زەمان** (نا. ل)[ئاخر2 + زەمان] ١ـ دوایین دەورە و سەردەمی دونیا کە دەگاتە قیامەت و ژیانی دونیایی تەواو

دەبێ، پەسڵان. ٢ـ (کنـ.) سەردەمێکی ناخۆش و گران کە کەس دە هانای کەسەوە نایە و هەرکەس دە خەمی خۆی دایە. ∷ دەڵێی بۆتە ئاخر زەمان لە تینوان بخنکێی کەس چۆڕێکت ئاو ناداتێ! & ئاخری زەمان، ئاخرەت زەمان.

**ئاخرسەر** (نا. ل)[ئاخر2 + سەر] لە ئاکام، ئاخریکەی، ئاخرەکەی. ∷ کاوە ئاخرسەر ئەو کچەی کە دەیەویست هێنای.

**ئاخرشەڕ** (نا. ل)[ئاخر2 + شەڕ] ئەو کەسەی ئاخری بە خێر تەواو نابێ و لە پیری دا ئەرکی دینی بەجێ ناهێنێ.

**ئاخرمناڵ** (ئان. ل)[ئاخر2 + مناڵ] بڕ: پاشەبەرە

**ئاخر و ئۆخر** (نا. ل)[ئاخر + و + ئۆخر] هەرە دوایی، ئاخری ئاخر، سنووری تەواو بوون. ∷ ئاردمان پتر نەماوە ئەمە ئاخر و ئۆخریەتی.

**تێبینی:** ئۆخر بە تەنیا مانای نیە و بۆ داگرتنی پتر دەگەڵ ئاخر دێ، وێدەچێ گۆڕای ئاخر و ئاخر بێ.

**ئاخرکە** (گیانـ.)[ئاخ1 + رکە (ورکە)][باک] جۆرێک مێشوولەی وردە، رەنگی وەک خۆڵە، پیس پێوە دەدا و شوێن و جێگای پێوەدانی زۆر دەخورێ، Phle-botomus ناوی لاتینی ئەم گیاندارەیە، ئاخیرک، ئاخویرک، ئاخورک، پێشوولە، پینگۆک.

**ئاخرەت** (نا.)[عەر: ئاخرة] قیامەت، دونیای دیکە، ئاخری ئەم دونیایە

**ئاخرەت زەمان** (نا. ل)[ئاخرەت + زەمان] بڕ: ئاخرزەمان. ∷ لەوان بوو رۆژی تەنگانە / لە کنیان ئاخرەت زەمانە / چەند گریان ئەو خاتوونانە! (مان ل ١٧).

**ئاخری** (ئان. ل)[ئاخر2 + ئی] ١ـ دواین شت یا کەس. ∷ لە ئاخری هەموان بێدەنگ دانیشتبوو. ٢ـ لە ئاکام، تەمای ئاخر، ئاخرسەر، ئاخریکەی، ئاخرێکەی، ئاخرەکەی. ∷ ئاخری هەر بە قسەی خۆی کرد و رۆیشت.

**ئاخفتن** (چا. ل)[باک] بڕ: ئاخاوتن1

**ئاخل** (نا.)[باک] بڕ: ئاغەڵ

**ئاخلەوک** (نا. ل)[تور: یاغ (رۆن) + لاوە (تاوە)][باک] تاوە

**ئاخلێڤ** (نا. ل)[ئاخ1 + لێڤ][باک] ١ـ یەکەم مانگی بەهار، ئاخەلێوە،

خاکەلێوە. ٢ـ مێرگ، مێرغوزار.

**ئاخـڵـە** (نا.)[ عـەر: حلقـە][ئەر] ١ـ خــەرمـانەی دەوری مـانگ، خـرمـانە ٢ـ دیواریکی نزمـە لە قوڕ یا تەپاڵە کە وەک جەغز ساز دەکرێ و هەتا سەر سینگ یا باڵا بەرز دەکرێتەوە و کا و گژ و گیای تێدەکەن ٣ـ پەپکە، پاپۆکە، کەڵکە. **~ دان:** ١ـ خـەرمـانە دانی مـانگ ٢ـ پاپۆکـە خـواردنی مـار. ٣ـ کۆ بوونـەوەی خـەڵک وەکوو جەغز لە دەوری کەسێک.

**ئاخمە** (ئان.)[؟][باک ـ زا] پرژ، بڵاو.

**ئـاخن** (پـاشـ.)[لـە: ئـاخـنین] رەگـی چاوگی ئاخـنین و ئاخنینەوە کــــە بـە نـاوەوە دەلـکـێ و نــاوێـکـی تـازە یـا ئاوەڵناوی پێ سـاز دەکـا. ؛؛ نێـوئاخن، باڵنجی پەڕئاخن.

**ئاخندراو** (نا. مــفـ)[لە: ئاخندران] دەفــر یا شــتـێـکی باش داگــیـرابێ. ئاخنراو.

**ئـاخـنـدران** (چـا. ل)[بـر: ئـاخـنـین] کـوترانەوە و باش داگـیـرانی دەفــر یا شتێکی نێوبۆشی وەک جەواڵ و تەلیس وەها کە چی دیکە نەبا، ئاخنران.

**ئـاخـنـران** (چـا. ل)[بـر: ئـاخـنـین] بڕ: ئاخندران

**ئاخنراو** (نا. مــفـ)[لە: ئاخنران] بڕ: ئاخندراو

**ئاخنین** (چا. م)[پەھ: ئاکەنتـەن. ناو: ئـاخـنـین، ئـاخـنـینـەوە ـ هـەو: ئـاخـنـای] تێنان و پڕ کردنی بۆشـاییـەک بە زۆرەوە وەها کــە هەمــوو کــون و کـەلێنەکـانی بگرترێ، تـەپاندن ؛؛ کـەندووکـەم لە ئارد ئاخنیــوە. بە پەڕۆ و پاڵ وەها کـــەلێنی پەنجەرەکانی ئاخنیبوو با رێی دە ژووری نەدەکەوت.

**ئاخنینەوە** (چا. م)[ئاخـنین + ئـەوە] ســـــەر لـە نوێ ئـاخـنـین، ئـاخـنـین بـۆ مەودایەکی دوورتر و درەنگتر. ؛؛ پەنیری ئەو ساڵمان ئاخنیوەتەوە.

**ئاخو** (نا.)[زا] بڕ: ئاخوو

**ئاخوا** (ئام. ل)[ئا3 + خوا2] ئامرازی پرسـیـار کردن، ئاخۆ، داخـوم، داخـودا، بڵێی، ئایا.

**ئـاخ و داخ** (نـا. ل)[ئـاخ + و + داخ] غـەم و حـەسـرەتی زۆر و پێکەوە، ئاه و داخ و نـاڵـەی زۆر تـێکـەڵ دەگـــــــەڵ کـرووزانەوە. ؛؛ ئـیــتــر ئەوجــار من و ژینێکی بێ وەی / ئـیــتــر جـێـی ئاخ و داخان بگرێ ئۆخەی (هێدی ل ١٤٨).

**ئاخور** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: ئاخوڕ.

**ئاخورک** (گیانـ.)[باک] بڕ: ئاخرکە

**ئاخورە** (نا.)[زا] بڕ: ئاخوڕ

**ئاخـــوڕ** (نـا.)[ئەو: ئـاکـــوەرە ـ پـەھ: ئەخـوەر، ئاخـڤـەر. بیـر: ئاخـۆر ـ فـار: آخـور ـ لۆر: ئـاھۆر. باک: ئافـر، ئافـەر، ئاڤر، ئاخـور، ئاخـر ـ ناو: ئاخـوڕ ـ باش: ئاخـوڕ ـ هەو: ئاوڕ ـ زا: ئاخور، ئاخـورە] جێگایەکە بە خشت یا قوڕ و بەرد سازی دەکەن، هـەندێکی لە زەوی بەرز دەکەنەوە و ناوەکەی قووڵ دەکەن و ئالیکی بۆ وڵاغ تێـدەکـەن، دەمگە. **~ لێگۆڕان:** (کنـ.) هـەوایـەکی دیکە دە کـەللە دابوون و خـۆ لێگۆڕان. || **ئاخـــوڕی بەرز:** (کنـ.) لووت بەرز، بەفیز، تڕزل. **ئاخوڕی چەور:** (کنـ.) ساماندار و سایەچەور.

**ئاخـــوڕاو** (نـا. ل)[ئاخـــوڕ + ئـاو1] شـوێنێکی هەڵبەسـتراو و سـاز کراو لە داری نێوکۆڵکراو یا بەرد و قووڕ بۆ ئاو خواردنەوەی ئاژەڵ، کۆڵ.

**ئاخوز** (نا.)[؟][هەو] بڕ: ژەک

**ئاخون** (نا.)[ئەر] بڕ: ئاخوند

**ئاخـوند** (نا.)[فـار: آخـوند] مـەلای شیعەکان، ئاخون.

**ئاخ و ئۆخ** (نا. ل)[ئاخ2 + و + ئۆخ] دەنگی ژان و ئێش. **~ کـــردن:** دەنگ هەڵبـڕین لەبەر ئێش و ژان، ئـاخ و ئۆف کـردن. **~ لێـــبـڕین:** زۆر لێـــدان لـە کـەسـێک هـەتا دەمـی مـردن، وەها کـە دەنگی لێ دەر نەیە، ئاخ و ئۆف لێبڕین.

**ئـــاخ و ئـــۆف** (نــا. ل)[ئـــاخ2 + و + ئۆف] بڕ: ئاخ و ئۆخ. **~ کـــردن:** بڕ: ئاخ و ئۆخ کردن. **~ لێبڕین:** بڕ: ئاخ و ئۆخ لێبڕین.

**ئاخویرک** (گیانـ.)[باک] بڕ: ئاخرکە

**ئاخویە** (نا.)[زا] بڕ: ئاخوو

**ئاخـــۆ** (ئام.)[ئا3 + خـــۆ (خـــودا)] ئامرازی پرسیار، ئاخوا، داخودا

**ئاخۆڕان بخۆڕان** (نا. ل)[؟] شێواوی، چ بە سـەر چیەوە نـەبوون، کەس بە کـەس نەبوون، هەرکـەس بۆ خـۆی، ئـاخـۆڕان زاخۆڕان، بشێوە.

**ئاخۆڕان زاخۆڕان** (نا. ل)[موک] بڕ: ئاخۆڕان بخوران

**ئاخـــوو** (نـا.)[؟][باک: ئـاخـــوو ـ زا: ئاخو، ئاخویە] ژەھر، ژار.

**ئاخە**[1] (نا.) ئاغا، ئاخا

**ئاخـە**[2] (ئام.)[بڕ: ئاخـر1] ئاخـر،

ئەخە، مەگەر. ⁂ ئاخە نەمکوت وا مەکە روڵە گیان!

**ئاخەئاخ** (نا. د)[ئاخ2 + ئە + ئاخ2] ئاخی پەیتاپەیتا و لە سەر یەک، ئاخ و ئۆف. ⁂ ئەرێ ئەو ئاخەئاخە چیە داناوەتەوە؟ هەر ئاخەئاخیەتی.

**ئاخەبان** (نا. ل)[ئاخ1 + ئە + بان1] ١ـ داپۆشینی بانی ماڵ بە گڵ و خۆڵ پاش دارەڕا کردن و پێش سواغ دانی، گڵەبان، خاکەبان، هەڕەبان، ئاخبان. ٢ـ چاوە خانوویەکی سەربانەکەی تەخت بێ. ⁂ کیژ هەر کیژێ دووگوندانە / جێگای خۆشیان ئاخەبانە / کیژیان جوانە لۆ کوڕانە (فۆلکلۆر ل ٤٦). ٣ـ [باک] خەڵکی یەک خاک، هاوشاری.

**ئاخەبانوو** (نا. ل)[ئاخە1 + بانوو] بڕ: ئاغابانوو

**ئاخەلێوە** (نا.)[ئاخ1 + ئە + لێو + ئە] یەکەم مانگی بەهار (بڕ: خاکەلێوە)

**ئاخیر** (ئان.) بڕ: ئاخر2

**ئاخیرک** (گیانـ.)[باک] بڕ: ئاخرکە

**ئاخین** (چا. ل)[باک] بڕ: ئاخ هەڵکێشان.

**ئاخیە** (نا.)[عەر: اخیە][ئەر] گوڵمیخ، سینگ، مێختەوێڵە.

**ئاخێز** (نا.) حاڵەتی کەسێک کە دانیشتوە و بۆ نیشان دانی هەستان لە بەر کەسێک هەندێک خۆی دەجوولێنێتەوە، خێز. **~ کردن:** نیوە هەستان بۆ ڕێز، جووڵەیەک بە پاشەوەی لەش دان بۆ هەستان بەڵام هەڵنەستان. ⁂ وسوو بۆ ڕێز لە مەلا ئاخێزێکی کرد و دانیشتەوە.

**تێبینی:** ئاخێز لە چاوگەی ئاخێزیتەن و ئاخیستەن ـ ی پەهلەویی و خێزیای؟ هەورامی بە مانای هەستان کەوتوە.

**ئاخێوتن** (چا. م)[ئەو: یەئۆگ ـ پەه: ئایۆختەن ـ ناو: ئاخاوتن، ئاخێوتن] لنگ دانی ولاغ، لێخورین، ئاژۆتن. ⁂ لە کوردوستانی باخێوێ / لە بەغدایێ سەر بزێوێ / ئێران و توران بشێوێ. (مان ٢٩٧). لە عەرسەی شێعر دا، ئەحمەد عەجایب شەهسوارێکە/ لە مەیدانا بزانە ئەسپی خۆم چۆنی دەئاخێوم (ئەحمەد موختار ل ٨٦).

**تێبینی:** ئایۆختەن āyōxtan لە زمانی پەهلەویی یەئۆگ yaog لە ئەوێستا دا بە مانای ساز و ئامادە

کــردنی ئەسپ و لێــخــورین و ئاژۆتن هاتوه.

**ئاخـێـوەر** (ئان. فـا)[لە: ئاخـاوتن1] قسەکەر، بێژەر. ‌:: ئاخێوەرانی کورد لە خوراسان زۆرن.

**ئاد** (جنا.)[هەو] سێهەم کەسی تاکی نێر، ئەو.

**تێبینی:** پیتی داڵ لەم وشەیە دا وەک پیــتـی " ذ " دەردەبڕدرێ کــە تایبــەتی زاراوەی هەورامییە.

**ئــادا**[1] (نــا.)[؟][بــاک] هــەرەس، هەڵپەرتاوتنی دار و درەخت، ئادە.

**ئادا**[2] (نا. ل)[؟][ئەر] خوشکی گەورە بە تایبەت لە زمان منداڵەوە.

**ئادار**[1] (نا.)[بڕ: ئاسار1] ئەم وشـەیە دەگەڵ پادار دێ و مانای بناغە و بنەڕەت دەدا، ئاســـار1. :: ئاداری لە ســـەر پاداری نەماوە.

**ئادار**[2] (نـا.)[ســـــور: آذار،آدار] شـەشـەمین مـانگی سوریانی کە بەرابەرە دەگەڵ یەکەم مانگی بەهار، مانگی بەر لە نیـسـان، هـادار، ئازار، مـارس. :: ئادار ناڕوا بە بێ دۆ / نیسان ناڕوا بە بێ جۆ (پەند).

**ئادارک** (گـیـا.)[ئادار2 + ک][باک] گیایەکی خۆڕسکی بەهارییە، هەتا نیو گـوزێک بەرز دەبێـتـەوە، لە نێـو مێـرگ و مـێـرغـوزاران دەڕوێ، گـەڵاکـانـی گـڕنی گڕنی و گوڵەکەی تاک و رەنگێکی مۆری مــەیلەو ســووری هەیە، Anemone pulsatilla ناوی لاتینی ئەم گـیـایەیە، گوڵاڵە، گوڵاڵە سوورە.

**ئاداش** (نا. ل)[تور: adaş] دوو کەس کـە هاوناو بن و یەک ناویان هەبێ. (بۆ وێنە دوو کەس کە ناویان کەریم بێ دەبنە ئاداشی یەکتر)، هاوناو.

**ئادامس** (نا.)[؟] بنێشتی ساز کراوی کارخانە، چەققە.

**ئادان** (نا.)[باک] ١ـ ئەو شتانەی کـە لە شیر ساز دەبن، لەبەنیات. ٢ـ خۆراک، چێشت. ٣ـ بەرهەم، داهات، حاسڵات.

**تێـبـینی:** ئادان هـاوڕیشـەیە دەگـەڵ ئەدەنە adana بە مانای چێژ لە چاوگی ئەد ad ـ ی ســـانسکریت بـە مـــانـای خواردن.

**ئادر** (نا.)[زا] بڕ: ئاگر

**ئادرجـــا** (نـا. ل)[ئادر + جـــا][زا] ئاورگ، ئاگردان.

**ئادرگـــان** (نـا. ل)[ئادر + گـــان][زا] ئاورگ، ئادرجا، ئاگردان.

**تێبینی:** گـان و هـەروەتر جـا، گا و گ (لە ئـاورگ دا) لە ریشـــەی ئـەوێســـتـــایی گاتو gātu و گاس gās ـ ی پەهلەویی بە مانای جێ و جێگا کەوتوون.

**ئادرنال** (نـا.)[فـــەر: adrenal] دوو لووی چـووکی ســـەر گـورچیلەن کـــە لە بەشی ناوەندی ئەم لوویانە هۆرمۆنێک بە ناوی ئـادرنالـین دەدەڵێ دەچێـــتـــە نێـــو خوێنەوە.

**ئادرنالین** (نا.)[فـەر: adrenaline] هۆرمۆنێکە کە لە ئادرنال دەدەڵێ و پلەی زەختی خوێن دەباتە سەر.

**ئـادره** (نـا. ل)[ئـادر + ئـە][زا] بـڕ: ئاگره

**ئادرێس** (نا.)[فەر: adresse] ١ـ ناو و نیشـانی ماڵی کەسێک یا شـوێنێک. ٢ـ ناو و نیـشـانێک کـە لە سـەر کـاغـەز و پاکەت دەنووسرێ، عینوان، ئەدرێس.

**ئادل** (نا.)[زا] بڕ: ئاگر

**ئاده** (نا.)[باک] بڕ: ئادا.

**ئادەم** (نـا.)[عـــــەر: آدم] ١ـ بـاوکی مرۆڤ، باوکە ئادەم، مێردی حەوا، یەکەم مـرۆڤ بە پێی ئایینی سـامـیـەکـان کـە بەرابەرە دەگەڵ مەشیەی ئارییاییەکان.

بە پێی بڕوای موسڵمانان ئادەم یەکەم کەس بوو کە خودا لە خاک سـازی کرد و حـەوای خـێـزانی لە دەندەی چـەپی ئادەم ئافراند و لە بەهەشتی دانان و خواردنی گەنم یا سێوی لێ قەدەغە کردن. دوایی شـەیتـان فریوی دان و گەنمی دەرخـوارد دان و لـە بـەر ئـەوە خـــودا لـە بـەهـەشـت دەری کردن و ئەوانی خستە زەوی. ئادەم ســەد ســـاڵ لە بـەر خـــودا پاڕاوە هـەتا تۆبەکـەی قـەبووڵ کـرد. بـەو پێـیـە دەڵێن بەرەی ئێـسـتـای مـرۆڤ لە گۆی زەوی دا لە ئادەم و حـەوا کـەوتوونـەوە. ٢ـ مـرۆڤ، ئینسان، کەس

**ئادەمی** (ئان. ل)[ئادەم + ئی] مـرۆڤ، ئینسان

**ئادەمـــیـــزا** (ئان. ل)[ئادەمی + زا] بەشـەر، مرۆڤ، ئینسان، ئەو کـەسـەی لە بەرەی ئادەم کەوتوە. ئادەمیزاد

**ئادەمـــیـــزاد** (ئان. ل)[ئادەمی + زاد] بەشەر، مرۆڤ، ئادەمیزا .

**ئادەی** (ئام.)[ئـا3+ دەی] ئـامـــــرازی هـانـدان، دادەی، هـا دەی، دەی. :: ئادەی لە منوو نەکـەوێ ئەم بارەم دەگەڵ دەست

دەنێ.

**ئادی** (ئاک.)[ئەو: زی] ١ـ بەڵێ، ئا، ئەدی، ئەرێ. ∷ ئادی وایە! ـ منداڵەکان لە دەرێن؟ ـ ئادی! ٢ـ ئامرازی پرسیارە، ئەرێ. ∷ ئادی برسیت نیە نانت بۆ بێنم؟

**تێبینی:** دوو پیتی د و ز ئاڵوگۆڕیان لە ئەوێستاوە بۆ کوردیی زۆرە وەک: زەستە، دەست ـ زرەیەھ، دەریا ـ زێرێد، دڵ.

**ئادی و بۆدی** (نا. ل)[ئادی + و + بۆدی] تەفرە، سەفسەتە. **~ کردن:** ئا و بۆ کردن، بۆ گێژ کردن و تووشی هەڵە کردنی لایەنی بەرپرسیار و خۆ پەڕاندنەوە، سەفسەتە کردن.

**ئار**[1] (نا.)[باک] بڕ: ئارد

**ئار**[2] (نا.)[باک] بڕ: ئاگر.

**تێبینی:** ئار لە زاراوەی باکووریی دا برەوی هەیە و لە زاراوەی کلاسیکی هەورامی دا هەندێک جار بەرچاو دەکەوێ و لە زاراوەی ناوەندیی دا تەنیا لە هەندێک پەند و مەتەڵ دا بە کار دەبردرێ ∷ ئاری ساج کەرێم، بێ بە ماچ کەرێم (پەند). ئاو و ئار، هار و مار ئامانیان نیە (پەند).

**ئار**[3] (نا.)[عەر: عار][باک ـ زا] عار، شەرم، شوورەیی، عەیب.

**ئار**[4] (پاشـ.) ١ـ بە ناوەوە دەلکێ و ناوێکی تازە ساز دەکا. ∷ (بن) بنار، (ژەنگ) ژەنگار، (نسێ) نسار. ٢ـ بە ریشەی هەندێک چاوگانەوە دەلکێ و (ناوی مەسدەر) ساز دەکا. ∷ کوشتار، پرسیار، وتار. ٣ـ بە ریشەی چاوگەوە دەلکێ و دەیکاتە ناو یا ئاوەڵناوی فاعیلی. ∷ فرۆشیار، کڕیار. ٤ـ بە ریشەی چاوگەوە دەلکێ و ناو ساز دەکا. ∷ مردار، زانیار.

**ئار**[5] (نا.)[سۆر] بڕ: ئاڵ3. **~ بوون:** بڕ: ئاڵ بوونەوە

**ئار**[6] (نا.)[سۆر] بڕ: ئاڵ1

**ئار**[7] (نا.)[بڕ: ئاش1] لە هەندێک وشەی لێکدراو دا مانای ئاش دەدا و هاوتای ئاریەی زاراوەی زازاییە. ∷ ئارسی، ئاروانچی.

**ئار**[8] (نا.)[فەر: are] ئەندازەیەکە بەرابەر دەگەڵ سەد میتری چوارگۆشە. ∷ هیکتارێک بەرابەرە دەگەڵ سەد ئار.

**ئارا**[1] (نا.) ١ـ پەیوەندی و نێوانی دوو یا چەند کەس دەگەڵ یەکتر، بەین،

دۆستـایەتی، نێـوان. :: بارام دەمـێکە هات و چۆم ناکا ئارای دەگەڵم نەماوە. ٢ـ هۆگری، پێخۆش بوون و حەز لە ئیش وکارێک یا خواردەمەنی یەک. :: ئارات دەگەڵ سەما چۆنە؟ ـ ئارام دەگەڵی نیە. ٣ـ مابەین، مەودا، نێوان، دووری دوو شت لە یەکتر. ٤ـ هەبوون، لە گۆڕێ. **لە ~ دا بوون:** لە گۆڕێ دابوون، هەبوون. :: هەستە با بڕۆین لێرە چ دە ئارا دا نیە.

**تێبینی:** ئەم وشەیە لە ئەسڵا بە مانای سێهەم (دووری دوو شتی ماددی لە یەکتر) بوە، بەڵام بەرەبەرە جێگەی بۆ ئەوانیتر چۆڵ کردوە. لە زمانی لاتیندا AREA بە جێ خرمان کوتراوە و هەر ئەم وشەیە لە زمانی ئینگلیسی دا هەیە و بە (مەساحەت، مەڵبەند، دالانی تەنگی درێژ کە لە ناو ماڵەوە بچێ بۆ ژێرخان و ژێرزەمینان) دەکوترێ، لە تورکی ئازەربایجان دا هەر بە مانای سێهەم وەرگیراوە. (قامووس ب ١ ل ١٢).

**ئارا**[2] (پاشـ.) رازێنەر، جوانکەر. بەدوای ناوەوە دەلکێ و ناوی فاعلی ساز دەکا. :: بەزم ئارا، دڵارا. دەمێکی هەستە پێ قوربان جەماڵت عالەم ئارا کە/ بزانن نەخلی تووبا، باغی جەننەت خار و خاشاکە (وەفایی ل ١٢٨).

**تێبینی:** ئارا هەر بەم مانایەوە لە ئاراستنی فارسی بە مانای رازاندنەوە کەوتوە و بە ئەدەبی کلاسیک دا هاتۆتە نێو زمانی نوێی کوردیی.

**ئارا**[3] (نا.)[؟][زا] نان و چایی بەیانی، بەرچایی.

**ئارا**[4] (نا.)[سۆر] بڕ: ئالا1

**ئاراف** (نا. ل)[ئار2 + ئاف][باک] شیو و کوڵ، ئاوی ساز کراو بۆ جل شوشتن. [بڕ: ئاراو]

**ئاراق**[1] (نا.)[باک] ئارەق. بڕ: ئارەق1

**ئاراق**[2] (نا.)[زا] ئارەقە. بڕ: ئارەق2

**ئارام** (نا. ل)[ئا13 + رام][ئەو: رەم ـ پەه: رام، ئارەم ـ سان: رامەیەتی. باک: ئارام ـ ناو: ئارام ـ باش: ئارام ـ هەو: ئارام] ١ـ ئۆقرە، حەجمین، بڕست، توانا. :: ئەو ژانە سەرە ئارامی لێبڕیوم. ٢ـ هێدی و هێمن، لەسەرەخۆ. :: هەتا خودا حەز دەکا پیاوێکی ئارام و لەسەرەخۆیە. ٣ـ بێدەنگ و بێ قڕە، ئەهوەن. :: کوێستان شوێنێکی ئارام و خۆشە. ٤ـ (ئاک.) یەواش، سەبر، بە ئەسپایی، ئارام ئارام. :: ئارام بە

رێگایە دا دەڕۆیشت. **ئارام ئارام:** وردەوردە، بە سەبرا، لە سەرەخۆ. ⁘ ئارام ئارام بە لۆژەلۆژ / ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە (ناڵەی جودایی ل ٣٠). ~ **بوون:** ١ـ بێدەنگ بوون، ئارام گرتن، جووڵە نەکردنی گیاندار و بێ گیان، هەدادان. ⁘ رۆڵە تاوێک ئارام بە بزانین دونیا چ باسە! دونیا ئارام بوو کە حەمە وەدەرکەوت. هات و هاوار بڕانەوە و هەموو ئارام بوون. ٢ـ هێدی بوون و کەم بوونەوەی ئێش و ژان. ⁘ ئێستا باشترم ژانەکە هەندێک ئارام بوە. ~ **بوونەوە:** ١ـ ژێر بوونەوە، ئۆقرە گرتن، ئارام بوون. ⁘ دوای تاوێک منداڵەکە ئارام بۆوە و دانیشت. ٢ـ دامرکانی ئێش و ژان. ٣ـ بێدەنگ بوونی ئاژاوە و هات و هاواری خەڵک. ~ **گرتن:** ئارام بوون، ئارام بوونەوە، حەجمین، هەدادان، داسەکنین، داکاسان. ~ **لێبڕان:** ئۆقرە لێبڕان، ئارام لێهەڵگیران، حەجمین لێبڕان بە هۆی ئازار و دەرد و خەم، ئارام و قەرار لێبڕان، ئارا و قارا لێبڕان. ⁘ لەوەتی ددانم دێشێ شەوانە ئارامم لێبڕاوە. لە داخ ئەو کوڕەم ئارامم لێبڕاوە. ~ **لێبڕین:** تێک دانی حەسانەوەی خەڵک، تێک چوونی هێمنایەتی، ئارام و قەرار لێبڕین، ئارا و قارا لێبڕین. ~ **لێهەڵگرتن :** ئارام لێبڕین، ئارام و قەرار لێهەڵگرتن، ئارا و قارا لێهەڵگرتن. ~ **لێهەڵگیران:** بڕ: ئارام لێبڕان. || **ئارامی دڵ:** ١ـ ئەو کەسەی کە بوونی هۆی ئارام بوونەوە و ئەرخەیانی دڵە، کەسی خۆشەویست، منداڵ. ٢ـ (کن.) گراوی، یار، حەز. & ئارامی دڵان، ئارامی رووح، ئارامی گیان. ⁘ لە لایەک ئارامی دڵم بە عومری تۆ لە بەر چاوم هەڵگیراوە/ لە لایەک دوژمنایەتی حەوت هەزار سوار پێی دە دەرکم ناوە (سەعید و میرسێوەدین ل ٨٦). ئەرێ خەندەی دەمت ئارامی دڵ کانی حەیاتی من/ لە سەر چی زیز دەبی؟ رووحت دەوێ؟ هانێ حەیاتی من (وەفایی ل ٩٠). **ئارامی دڵان:** بڕ: ئارامی دڵ. ⁘ فیدای گیانت بم ئارامی دڵان/ بۆ دەکەی زاری و واوەیلا و گریان (بارام و گوڵندام ل ٩٥). مەڵێن بولبول مەناڵێنە کەوا گوڵ گوڵشەنی چۆڵ کرد/ دڵارامی نەما چ بکا کە ئارامی دڵان رۆیی (وەفایی ل ٢٠٧). **ئارامی رووح:** بڕ: ئارامی دڵ. ⁘ بەبێ تۆ قەت نەژیم، شادیم نەمێنێ، دیدە بێ نوور بم/ دەمێک ئارامی رووحم بە، حەیاتم، عومرەکەم، چاوم (وەفایی ل ٧٠). **ئارامی**

**گیان:** بڕ: ئارامی دڵ. ⁖ ئیمامیش با به دووی دا هەر بکا زاری هەتا ماوە/ بە زاری بانگی هاوالآن بکا، ئارامی گیان ڕۆیی (ئاوات ل ١١٣).

**ئارامگا** (نا. ل)[ئارام + گا3] ١ـ شوێنی ئارام گرتن و حەسانەوە، جێ حەسانەوە، حەساوگە. ⁖ هەرکەسێ ڕۆیی بۆ لای ئارامگا (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٨). خەڵک بڵاوەیان کرد و هەرکەرس چۆوە ئارامگای خۆی. ٢ـ وچان، هەدا، ئوقرە. ⁖ جا ئەو هەلی، گەردنی دەکەمەوە حەوزی کەوسەر و بەژنی دەکەمەوە بە بەیداغی ڕۆمیانە/ لە بن وی دا ئیستڕاحەت دەکەم، ئەو هەلە دەگەرمەوە ئارامگا و وچانە (شۆڕمەحموود ل ٨٤). ٣ـ ماڵ، خانوو، مەسکەن. ⁖ من دەڵێم مەسکەن و ئارامگەیی جانانە دەچم/ ئەو دەڵێ سەربەسەری تێکچووە وێرانە نەچی (ئاوات ل ١٣). ٤ـ (مجـ.) گۆڕ، گڵکۆ، قەبر. & ئارامگە.

**ئارامگە** (نا. ل)[ئارام + گە1] بڕ: ئارامگا.

**ئارام و قەرار** (نا. ل)[ئارام + و + قەرار] ئۆقرە، حەجمین، ئارا و قارا.

**~ لێبڕان:** بڕ: ئارام لێبڕان. **~ لێبڕین:** بڕ: ئارام لێبڕین. **~ لێهەڵگرتن:** بڕ: ئارام لێهەڵگرتن. **~ لێهەڵگیران:** بڕ: ئارام لێهەڵگیران.

**ئارامی** (ئان. ل)[ئارام + ئی] ١ـ ئەهوەنی، هێمنی، بێ شەڕ و شۆڕی. ٢ـ بێدەنگی، بێ هەست و خوستی.

**ئاران**[1] (نا.) ١ـ شوێنی دەشتەکی گەرم کە مەڕدار و مەلی کۆچەر زستانان رووی تێدەکەن، قشلاخ، گەرمەسێر، گەرمیان، گەرمێن. // زۆزان ⁖ ئەو لە زۆزان من لە ئارانی دەژیم / کێ دەڵێ ئەمنیش وەلی دێوانە نیم (ناڵەی جودایی ل ٢١). ٢ـ شوێنی تەخت و بێ تەپۆڵکە، دەشتایی بچووک. ٣ـ [ئەر] زەوی تەخت، نەرمان. ٤ـ [باک] بیاوان، بیروون، چۆلگە.

**تێبینی:** من پێموایە بنەمای وشەی ئاران [ئار (ئاریا) + ئان (پاشگری شوێن)] دەچێتەوە سەر ئەریەن aryan بە مانای ئاریایی و هاوڕیشە و هاومانایە دەگەڵ ئالان (بە لەبەر چاو گرتنی ئاڵوگۆڕی دوو پیتی ر و ل) کە ناوچەیەکە لە کوردستان لە نزیک سەردەشت و هەروەها ناوی هۆزێکە لە

دەرســـــیم و پیـــــران. ئالان و ئاران هـەردووک بـە مـــــانای ولات و نـاوچـەی ئاریاییـــەکـــانە. هەروەتر ئاران و ئالان ناوی نـاوچەیەکـە کـە ئێـسـتـاکـە ناوی ئازەربایجـانی رووسـیـەیە و دیارە کـە پێشتـر مـادەکانی لێ نیشـتـەجێ بوون، یونانیـیـەکان و رۆمـەکـان پێیـان کـوتوە Albania و ئەرمەنییەکان بە ئاغوانەک و عەرەبەکان بە ئەرران ـ یان ناو بردوە.

جگە لەوە وشـەکانی area و arena لە زمانی ئینگلیسی و area و arean و areal لە سویدی دا بە مانای مـەیدان و مـەسـاحـەت، سـەتح، ناوچە. هـەروەتر areal لە رووسی دا بە مـانای ناوچـەیە کە هەموویان بە گشتی لە area لاتینی بـە مـــانـای مـــەیدان و مـــەسـاحـــەت وەرگـیـراون هاوڕیشـەی ئەم وشـەیەن لە زمانەکانی ئەورووپایی دا.

**ئاران**[2] (نـا.)[؟][بـاک] ئێش، ئازار، ئەزیەت

**ئاران**[3] (چا. ل)[سۆر] بڕ: ئالان

**ئاراندن**[1] (چا. م)[لە: ئاران2][باک] ئەزیەت دان، ئێشاندن.

**ئاراندن**[2] (چا. م)[سۆر] بڕ: ئالاندن

**ئـاراو** (نـا. ل)[ئـار2 + ئـاو1][بـاک: ئاراڤ ـ ناو: ئاراو ـ هەو: ئاراو] کەفاوی دوای جل شـوشـتن کە هێشـتـا بۆی هەیە جلی دیکەی تێـدا بشـۆی، پاشـاراو، پەسـاو. زوو مـاڵە فـەقـیـر یا نۆکـەر و دەست کورت لـەم کەفـاوە دا جلەکـانیـان دەشووشت.

**تێبینی:** بە پێی مـانای ئاراڤ بەشی یەکەمی ئەم وشـەیەم بردۆتەوە سەر ئاگر، چونکە زوو بۆ شـوشـتنی جل و جـۆڕ لە مـاڵ یا لە دەم رووبـار ئاگـریـان سـاز دەکـرد و ئاویان گـەرم دەکـرد و بـە بێ ئاوی گـەرم جل خـاوێن نـەدەبوونـەوە، وێدەچێ وشـەکە پێشتـر ئار و ئاو بووبێ و دوایی لێک و لووس بوە و بۆتـە ئاراو و ماناکەشی لە موکریان هەندێک خزیوە و بۆتـە کـەفـاوی دوای جل شـوشـتن کـە هێـشـتـا بۆی هـەیە جلی دیکەی پێ بشۆی.

**ئارا و قارا** (نا. ل)[ئارا + و + قارا] بڕ: ئارام و قەرار.

**ئاریێش** (گـیـانـ.)[ئار (کـەر) + بێش (گوێ)][زا] بڕ: کەروێشک.

**ئارتیشۆک** (گیا.)[فەر: Artichaut] گـیـایەکی خـۆڕسک و دەسـچـێنە، ریشـەکەی ئەستوورە، گەڵاکانی گەورە و

گڕنی گڕنین، رووی گەڵاکانی سەوز و بنەوەی کورکی سپی پێوەیە، ساقەت راست و گوڵەکانی مۆر و جوانن، بەرەکەی قاوەیی و هەودای سپی پێوەیە، قیچکە و گەڵا ناسکەکانی دەخورێن، هەروەتر لە گەڵا و ساقەتەکەشی بۆ دەرمان کەلک وەردەگرن، Cynara scolymus ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، کەنگری فەڕەنگی.

**ئارج** (گیا.)[؟][باک] جۆرێک قامیشی قورس و نێو پڕە، رەنگی جوانە و هەتا بیست میتر بەرز دەبێتەوە، گەڵاکانی درێژ وەک گەڵای خورمایە و بەرەکەی هێشوییە، لە لاسکەکەی گۆچان و داردەست دروست دەکەن و لە گەڵاکەی رایخ و چەشنێک کەندر و لە ناوکەکەی جۆرێک دەرمان. ئەم قامیشە چونکە لە هیندوستان دەڕوێ قامیشی هیندیشی پێدەڵێن، حەیزەران.

**ئارجۆن** (ئان.)[زا] بڕ: هەرزان

**ئارخەیان** (ئان.)[تور: ئارخایان] دڵنیا، خاترجەم، ئەرخەیان. **~ بوون:** دڵنیا بوون، خاترجەم بوون، ئەرخەیان بوون. ⁙ لەو منداڵە ئارخەیان نیم دەترسێم بەڵایەکی بە سەر خۆ بێنێ.

**~ کردن:** دڵنیا کردن، خاترجەم کردن، ئەرخەیان کردن.

**ئارخاڤک** (نا. ل)[ئار1 + خاڤ + ک][باک] بڕ: ئارد و رۆن.

**ئارد** (نا.)[ئەو: ئەشە ـ پەه: ئارت، ئارتەک. باک: ئارد، ئار، ئارڤان ـ ناو: ئارد ـ باش: ئارد ـ هەو: هارد، هاردێ ـ زا: ئارد، ئاردی] ١ـ ئەو ماکەیەی کە لە پاش هاڕینی گەنم دەمێنێتەوە و دەکرێ بە نان و هەندێک چێشت و خواردەمەنی دیکەی وەک حەڵوا، کوللێرە، نێوساجی و ... ٢ـ هاڕاوی دانەوێڵەیەک کە بۆ خواردن دەست دەدا وەک: جۆ، برینج، نۆک. ٣ـ وردکراو و کوتراوی هەندێک بەر و میوەی وەک بەڕوو و توو. ٤ـ تۆز و ورکەی دار و چێو دوای مشار کردن و بڕین. ⁙ ئاردە مشار. || **ئاردی نێو دڕوان:** (کنـ.) پرژوبڵاو، پەخش و پەریشان، دەربەدەر. ***بوونە ئاردی نێو دڕوان:** پەخش و پەرێشان بوونی کۆمەڵێک لەیەک وەها کە نەکرێ کۆ بنەوە، لێک بڵاو بوون، دەربەدەر بوون. ⁙ ئەو ماڵ و منداڵە وا لێک بڵاو بوون، بوونە ئاردی نێو دڕوان. ***وەک ئاردی نێو دڕوان لێکردن:** (کنـ.) پەخش و بڵاو کردن، دەربەدەر کردن، وەک تۆوی هەرزن

لێکردن.

**تێبینی:** وشەی ئارد بە تەنیا مەبەست لەهاڕاوی گەنمە و دەگەڵ هەر هاڕاوێکی دیکە، دەبێ ناوی دانەوێڵەکەش بێ. ⁂ ئاردی جۆ، ئاردی سەرداری، ئاردەنۆک، ئاردەتوو، ...

**ئارداویی** (ئان. مف.)[ئارد + ئاویی2] کەسێک کە تۆزی ئاردی لە سەر نیشتبێ یا دەستی لە ئارد دابێ یا خۆی تێوەردابێ، هارداوی. **خۆ ~ کردن:** (کنـ.) ١ـ کەسێک کە هیچ کاری نەکردوە بەڵام بە رواڵەتی پیسی وا نیشان دەدا کە کاری کردوە. ٢ـ بە درۆ خۆ تاوانبار کردن بۆ کار و کردەوەیەک کە نەتکردوە.

**ئارداوێژ** (نا. ل)[ئارد + ئاوێژ] ١ـ کاری هاویشتن و فڕێ دانی ئارد لە نێوان دوو بەرداشەوە، ئاردەشان. ٢ـ (کنـ.) دەم و راوێژی خۆش یا ناخۆشی کەسێک.

**ئاردکێش** (نا. ل)[ئارد + کێش (کێشان)] جۆرێک بێڵی چووکی دارینە بۆ کۆ کردنەوە و لابردنی ئارد لە دەوری بەرداش و دەردانی لە قوڵکە.

**ئاردماڵک** (نا. ل)[ئارد + ماڵ3 + ک] پەڕۆ و پاڵێک کە بۆ خاوێن کردنەوەی دەوروبەری بەرداشەکان کەلکی لێوەردەگرن.

**ئاردوو** (نا. ل)[ئار2 + دوو2][باک] بڕ: ئاوردوو

**ئارد و رۆن** (نا. ل)[ئارد + و + رۆن] خواردەمەنیەکی گەرمە لە ئارد و رۆن و دۆشاو یا شەکر کە پتر بۆ ژنی تازەزاو و زەیستان سازی دەکەن، گۆیا بۆ گەرم داهاتن و وێک هاتنەوەی برینەکانی لەشی زۆر باشە، ئارخاڤک، پەڵووڵە، میوانی.

**ئاردەبا** ( نا. ل)[ئارد + ئە + با9] ئارد و ئاوی تێکەڵ کراو و کوڵاو کە بۆ دەباغی کەلکی لێوەردەگرن.

**ئاردەبارە** ( نا. ل)[ئارد + ئە + بارە3] هەندێک ئاردی زێدە کە ئاشێر لە هەر بارێک ئارد وەک دەستخۆشانە و حەقی بار دەیدا بە ئاشەوان، ئاردەوارە، قرەمز.

**ئاردەبرنج** (نا. ل)[ئارد + ئە + برنج1] برینجی هاڕاو کە بۆ فرنی و هەندێک شیرنی دەکاری دەکەن، ئاردەبرینج.

**ئاردەبرینج** (نا. ل)[ئارد + ئە +

برینج][موک] بڕ: ئاردەبرنج

**ئاردەبێژ**(ئان. ل)[ئارد + ئە + بێژ2] هەر شتێکی کە زۆر ورد هاڕابێتەوە و وەک ئارد دابێژرابێ. **~ کردن:** دابێژتنی شتی هاڕاو.

**ئاردەتوو** (نا. ل)[ئارد + ئە + توو] تووی ویشکی کڕەکراو کە زۆرتر لە ناوچەی هەورامان دەیکەن، دەیخۆن و دەیفرۆشن.

**ئاردەجۆ** (نا. ل)[ئارد + ئە + جۆ1] ئاردی جۆ، هاڕاوی جۆ.

**ئاردەشان** (نا. ل)[ئارد + ئە + شان (شاندن)][ئەر ـ هەو] بڕ: ئارداوێژ

**ئاردەشلە** (نا. ل)[ئارد + ئە + شل + ئە] هەویری زۆر شل لە ئارد و ئاو کە وەک چرێش کەلکی لێوەردەگرن، ریتکە، ئاردەشیلە.

**ئاردەشیلە** (نا. ل)[ئارد + ئە + شیلە] بڕ: ئاردەشلە

**ئاردەڵ** (نا.)[روس: ordinaretse] فەرمانبەرێک بوە کە لە بەر دەستی والییەکانی ئێران دا و فەرمانەکانی والی جێبەجێ کردوە، گزیر، یاساوڵ، پێشخزمەت، ئەردەڵ، وەردیان.

**ئاردەڵۆک** (نا. ل)[ئارد + ئە + ڵۆک] بڕ: ئاردەڵووک.

**ئاردەڵووک** (نا. ل)[ئارد + ئە + ڵووک] ١ـ بڕ: ئاردەڵووکە/١. ٢ـ بڕ: ئاردەڵووکە/٢. ٣ـ هەرچی کە لە شێوە دا وەک ئارد سپی و ورد بێ. & ئاردەڵۆک.

**ئاردەڵووکە** (نا. ل)[ئارد + ئە + ڵووکە] ١ـ هەندێک ئارد کە لە قوڵکەی ئاش دا دەمێنێتەوە. ٢ـ بەفرێکی ورد و ویشکە کە دەست تەڕ ناکا و بە سانایش تۆپەڵ ناکرێ. & ئاردەڵووک، ئاردەڵۆک.

**ئاردەمشار** (نا. ل)[ئارد + ئە + مشار] تۆز و بڕەمشاری دار و چێو و تەختە کە بە هۆی مشار کردن دەڕژێتە سەر زەوی و وەک ئارد ورد و نەرمە، بڕە٤، هاردەمشار.

**ئاردەنۆک** (نا. ل)[ئارد + ئە + نۆک] ئاردی نۆک، هاڕاوی نۆک.

**ئاردەوا** (نا. ل)[ئارد + ئە + وا3] چێشتێکی شلە لە ئارد، پەڵۆ، پەڵووکە.

**ئاردەوارە** (نا. ل)[ئارد + ئە + وارە] بڕ: ئاردەبارە

**ئاردی** (نا.)[زا] بڕ: ئارد

**ئارزی** (نا.)[باک] بڕ: ئارەزوو

**ئـــارزیـــنــگ** (ئـا.)[بـڕ: زنج][بـاک] چەنەگە، چەنە.

**ئارژنگ** (گــیـــا.) ١ـ دار بەلاڵووک (کـشت و کـاڵ ب ١ ل ١٢). دارێکە وەک بەلاڵووک داردەسـتی لێ دروست ئەکرێ (خـــاڵ ب ١ ل ٤٥)، هـارژنگ. ٢ـ [بـاک] چلکە و داری وشک، چرپی.

**تێبـینی:** ئەرژەن لە زمـانـی فـارسـی دا و ئەرچەن لە راوێژیـی کـرمـانـی دا دارێکە لە دەستەی بـادامییەکان و لە تـیرەی گوڵ سـووران، لە کوێسـتـان و لێڕەوار دەڕوێ کـە چەند جـۆری هـەیە Amygdalus ناوی لاتینی ئەم دارۆکـەیە (بڕ: مـعین ب ١ ل ٢٠٠).

**ئارسم** (نا.)[؟][باک] نەخـۆشـیـیـەکی ئاهۆدارە کـە لە بەر سـەرمـا وێکەوتن و هـەوای مـیـکرۆباوی تـووشی مـرۆڤ دێ. هـەلامەت، زوکام، پەسیف.

**ئارسەنیک** (نا.)[یون: arsenikon] مـــادەیەکـــە لە ڕەنگی پۆلا بـە ژمـــارەی ئەتۆمی ٣٣ و وەزنی تایبـەتی ٥.٧، خۆی سـەمی نیـە بـەلام ئۆکـسـیـدەکـەی کـە ئارسـەنیکی سپی پێدەڵێن زۆر سەمییە، زەڕنیخی سپی.

**ئارسی** (نا. ل)[ئار7 + سی (سەنگ)] [زا] بڕ: بەرداش.

**ئارشــە** (نا.)[فـەر: archrt] دارێکی باریکی تایبـەتـە، نزیک نیـوگـەز درێژە، چەند داوی کلکی ئەسـپی وێدەخـەن و کەمان و کەمانچەی پێدەژەنن.

**ئارشـیـتـێکت** (نا.)[لات: -archi tectura لـــە یـــون: architekton] نەقـشـەکـێـشی خـانوو و ئاپارتومـان، مێعمار.

**ئارشـیـو** (نا.)[لات: archivum لە یوو: archeion] ١ـ کـۆمـەڵە سـەند و بەڵگە و شــتـی دیکەی لەم بابـەتـە. ٢ـ شـوێنی پاراستن و راگـرتنی سـەنەد و بەڵگە و پەروەندەی پاراســتــراو. **~ کــردن:** پاراسـتن و راگـرتنی سـەنەد و بەڵگە و هـەر شـتـێکی دیکە کە بۆ دوارۆژ پێویستە و دەبێ بمێنێتەوە لە شـوێنێکی تایبەتی کە بۆی تەرخان دراوە.

**ئارڤــان** (نا. ل)[ئار1 + ڤـان][باک] زمـهـەڕ، زمـهـارڕ، ئازووقـەی ئارد، ئارد، ئاروان.

**ئارڤانە** (گیانـ.)[ئارڤان (ئاروان1) + ئە][باک] وشتری مێ، دوندل.

**ئارکــۆرک** (نا. ل)[ئار2 + کـۆرک]

[باک] ماشە، مقاش.

**ئارگـــا** (نا. ل)[ئـار2 + گـــا3][پەھ: ئاتورگـــاس][هـەو] ئاورگ، ئـاورخـــانە، ئاگردان.

**ئارگۆش** (گیانـ.)[ئـار (کەر) + گۆش] [زا] بڕ: کەروێشک

**ئارگـــۆن**[1] (نا ـ ئان.)[ئار2 + گـــۆن] [پەھ: ئـاتورگـــۆنەک] لـە رەنگی ئـاگـر، لە چەشنی ئاگر.

**تێبینی:** گۆن دەگەڵ گەئۆنەی ئەوێستا بـە مـــانـای چەشـن، وەک و ئـاســـا هـاو ریشـــەیە.[ئەو: گـــەئۆنـە ـ پەھ: گـــۆن، گۆنەک]

**ئارگـــــــــۆن**[2] (نا.)[لات: Argon] گـــــازێکی بێ رەنگ و بێ بـۆنـە، یەک لـە ســـەدی هەوای پێک هێناوە و لە هـەندێک گازی ئاگرپژێنان دا هـەیە.

**ئارگـــووش** (گـیـــانـ.)[ئار (کـــەر) + گووش][زا] کەروێشک.

**ئارگـــووشک** (نا. ل)[ئار (ئاڵوو1) + گووش + ک][باک] بڕ: ئاڵوو1

**ئارم** (نا.)[فـەر: arme] نیشـانـەیەکی تایبەتی بۆ ناسـاندنی شت، کەس، شوێن یا گەلێک، نیشانە، دروشم.

**ئارمانج** (نا.)[باک] بڕ: ئامانج

**ئارمـــووش**[1] (نـا.) بڕ: ئـاوریشـم. ::: شـازولفی دێنە خوارێ، بسکی ئارمووش و گـەردە / لە ولاتی غـەریبـیـانم هەمـوو جەرگم کەرت کەردە (سێسەد هۆنراوە ل ٣٢).

**ئارمـــووش**[2] (نا.)[؟][باک] خـــرت و خـاڵی ترێ دوای کـوشـین، تڵـتـەی ترێ، پرووش. (هس: پرووش2)

**ئاروان**[1] (گـیـــانـ.)[؟] وشـــتـری سێ ساڵەی نێر یا مێ، بەرزە.

**ئـــــاروان**[2] (نــــا. ل)[ئـــــار1 + وان] ئازووقەی ئارد، ئارد، ئارڤان.

**ئـاروانـــچـی** (نـا. ل)[ئـار7 + وان + چی] بڕ: ئاشەوان

**ئاروان لـۆک** (گـــیـــانـ.)[ئاروان1 + لۆک] وشتری نێری چوار ساڵە.

**ئاروان وشـــتـر** (گـیـانـ.)[ئاروان1 + وشتر] وشتری مێی چوار ساڵە.

**ئاروانە** (گــیـــانـ.)[ئاروان1 + ئە] وشتری چوار ساڵەی نێر یا مێ.

**ئارۆێ** (گیا.) بڕ: ئاروو

**ئاروێش** (گـیـانـ.) [ئار (کـەر) + وێش

(گوێ)][زا] بڕ: کەروێشک.

**ئارۆ** (ئاک. ل)[ئا16 + رۆ][هەو] ئەمڕۆ، ئەوڕۆ، ئیرۆ.

**ئارۆز** (ئان.)[سۆر] بڕ: ئاڵۆز

**ئارۆش** (گیان.)[ئار (کەر) + ئۆش (گۆش)][زا] بڕ: کەروێشک

**ئاروو**[1] (گیا.)[پەه: خیار. باک: خیار، ئاروو، هاروو ـ ناو: هارۆ، هاروو، هاروێ، ئاروێ، ئاروو، خەیار، خیار ـ باش: خیار ـ هەو: خیار ـ زا: خەیار] ١ـ بڕکەیەکە وەک بڕکەی کاڵەک دەچێ و گەڵاکانی پان و گڕنی گڕنییە، گوڵێکی زەردی هەیە کە لە دوایی دەبێتە قیچکە و بەرێکی درێژ و ئاوداری شینی هەیە، Cucumis sativus ناوی لاتینی ئەم بڕکەیەیە. ٢ـ بەری ئەم بڕکەیە کە لە پێشدا پێی دەڵێن قیچکە و کە پێگەیشت گەورە دەبێ و دەبێتە خەیار کە میوەیەکی درێژ و ئاودارە، بە کاڵی دەخورێ و بۆ ساڵاد و ترشیاتیش کەلکی لێوەردەگرن، خەیار کە لە تەمەنی تورتی تێپەڕی و پیر بوو پێی دەڵێن کالیار کە بێستانچی بۆ تۆو رایدەگرن، گوڵبەسەر.

**تێبینی:** ئاروو و هاوناوەکانی دەگەڵ خەیار هەرچەند بە دوو وشەی جیاواز دیاری دەکەن بەڵام لە راستی دا هەردووک هەر یەک وشەن و تەنیا پیتەکانیان جێ گۆڕکیان دەگەڵ یەک کردوە. لە پێشدا ئاڵوگۆڕی (ئـ) دەگەڵ (ه) کە ئەوە وێنەی زۆرە (ئاواڵ ـ هاواڵ، ئارۆ ـ هارۆ) دوایی ئاڵ و گۆڕی (ه) دەگەڵ (خ) کە ئەوەش هەم لە کوردیی دا و هەم لە زمانەکانی کۆن دا وێنەیان زۆرە (هوون، خوون ـ خۆر، هوور ـ خەزوور، هەسوورە) و لە ئاکام (ئوو، ئۆ، ئوێ) کە بە ئار یا هارەوە نووساون پاشگرن. هەروەتر وشەی کالیاریش هەر ئەم وشەیە کە مانایەکی دیکە و سیمایەکی دیکەی بەخۆوە گرتوە.

**ئاروو**[2] (ئا.) لای سەرەوەی نێو زار، مەڵاشوو، ئاسمانەی دەم. (هس: ئارووک، ئاڵوودار).

**ئارووش** (گیان.)[ئار (کەر) + ئووش (گووش)][زا] بڕ: کەروێشک.

**ئارووک** (نا. ل)[ئاروو2 + ک][باک] بەری لای ژوورەوەی سەربان، میچ.

**تێبینی:** ئاروو یا ئاری لە وشەی ئاریک دا نازانم لە چ ریشەیەکە بەڵام هەمان ئاڵوو ـ ی زاراوەی ناوەندییە لە وشەی ئاڵوودار دا.

**ئاروونگ** (گـــيـــا.)[پەھ: ئالەگ (هەڵووژە)][باک] ١ـ قـەيسى، شـلانى، زەردالوو، زەردەلوو. ٢ـ قەيسى ويشک

**ئارە** (نا.)[سۆر] بڕ: ئاڵ2

**ئارەخــچن** (نا. ل)[ئارەخ (ئارەق) + چن] بڕ: ئارەقچن

**ئارەزوو** (نا.)[پەھ: ئارزۆک، ئارزووک. بـاک: ئـارزى ـ نـاو: ئـارەزوو ـ بـاش: ئـارەزوو ـ هــەو: ئـارەزوو] ١ـ ئـاوات، دڵخـواز، كـاو. ٢ـ ئيـشـتـيـا، مـەيل، هەوەس، تاسە. ٣ـ هيوا، چاوەڕوانى. ٤ـ دڵخواز. **~ كردن:** ١ـ داوخواز كردن، بە ئاوات بوون. ٢ـ مـــەيلى شــتــێک هـەبوون، بە تاســە بوون. ⁂ دەمــێكە ئارەزووى ديتنى دايكم دەكەم. ئارەزووى دەستــاوى دەكـەم. **~ هەبوون:** ١ـ بە ئاواتەوە بوون. ٢ـ هيوا هەبوون. ٣ـ مەيل هەبوون، ئيشتياى شتێک كردن.

**ئارەزووباز** (ئان. فـــا)[ئارەزوو + باز4] كەسێک كە مەيلى جنسى هەبێ، هەوەسباز.

**ئارەزووبازى** (حم.)[ئارەزووباز + ئيى] كار و كردەوەى كەسى ئارەزووباز، هەوەسبازيى.

**ئارەزووكار** (ئان. ل)[ئارەزوو + كار] ئاواتەخـواز، تـاسـەبار، ئارەزوومـەند. ⁂ شـەمـاڵ بـۆ ليـمـۆم ئارەزووكارە/ ليمـۆى نەديوم لە عالەم ديارە (بارام و گوڵندام ل ٧١).

**ئارەزووكـاريى** (حم.)[ئارەزوو كـار + ئى] بڕ: ئارەزوومەنديى

**ئارەزوومـــەند** (ئان. ل)[ئارەزوو + مـــەند][پەھ: ئارزۆمـــەند] بە ئـاوات، ئاواتەخواز، ئارەزووكار، تاسەبار.

**ئارەزوومـەنديى** (حم.)[ئارەزوومـەند + ئيى] تاســەباريى، ئاواتەخــوازيى، ئـارەزووكــاريى. ⁂ شـــەرحى دەردى ئارەزوومەنديى لە كەس تەئسيرى نابێ/ ئەو كـەســە دەردم دەزانێ گـەر لـە يارى خۆى جودا بێ (وەفايى ل ١٧٠).

**ئارەق** (نا.)[عـــەر: عــــرق] ١ـ خـــواردنەوەيەكى ئاڵكۆڵدارە كــە لە كـشـمـيش و سـێـو و خـورما و هـەندێک مـيـوەى ديكە سـازى دەكـەن و ٤٠٪ بۆ سـەرێ ئاڵكۆڵى تێـدايە و خـواردنەوەى سـەرخـۆشـى دێنێ. بۆ گـرتنى ئارەق لە پێشـدا ئەو ميوەى كە دەيانـەوێ بيكەنە ئارەق چاک خـاوێنى دەكـەنەوە و دان و دارى زێدەى لێـدەگرن و لـە كـووپەيەكى دەكــــەن و ســــەرى دادەپۆشـن هـەتا

دەترشێ. دوایە لە دەفرێکی تایبەتی دەکەن (دوو دەفرە کە بە لوولەیەک بە یەکەوە پەیوەندیان هەیە) کە بۆ ئەم کارە ساز کراوە. لە سەر ئاگری دادەنێن و دەیکوڵێنن، هەڵم بە لوولەی دەفرەکە دا دەچێتە دەر و لە سەری دیکەی دەفرەکە کە سارد کراوە دیتە دەر و دەبێتە ئارەق. ~ **کێشان:** ساز کردنی ئارەق بەو شێوانەی کە کوترا، ئارەق گرتن. ~ **گرتن:** ساز کردنی ئارەقی خواردنەوە و ئارەقی گیا و گوڵ، ئارەق کێشان. || **ئارەقی دوو کوڵ:** ئارەقێکە کە بۆ زیاد کردنی ئاڵکۆڵەکەی جارێکی دیکەشی دەکوڵێننەوە و هەتا ٦٠٪ و پتر ئاڵکۆڵی هەیە. ٢ـ خواردنەوەیەکی بێ ئەڵکۆڵە کە لە گەڵا و ریشەی هەندێک گیا و گوڵ بۆ دەرمان دەیگرن.بۆ گرتنی ئەم ئارەقە ، گژ و گیا لە مەنجەڵێکی گەورە دەکەن و ئاوێکی کەمی تێدەکەن و دەفرێکی چووکتریش لە سەر گیایەکان دادەنێن و سەری مەنجەڵەکە تەشتی لە سەر دادەنێن و بە قوڕ دەوری دەگرن هەتا هەناسەی نەیەتە دەر. ئاگر دەکەنەوە و دە نێو تەشتەکەی سەر مەنجەڵیش ئاوی ساردی تێدەکەن کە هەڵمی ناو مەنجەڵ دەکاتەوە ئاو و دەڕژێتە ناو دەفری چووکەوە و دەبێتە ئارەق. || **ئارەقی جاترە:** ئارەقێکە کە لە جاترە دەگیرێ و بۆ زگ ئێشە و خاوێن کردنەوەی گەدە دەیخۆنەوە، هەروەها وەک عەتر دەگەڵ چا دەیخۆنەوە. **ئارەقی سووسەنبەر:** ئارەقێکە کە لە سووسەنبەر دەگیرێ و تامێکی توند و تیژی هەیە و بۆ زگ ئێشە و هەندێک نەخۆشی دیکە بە کار دێ. **ئارەقی شاتەرە:** بۆ لیر و نەخۆشی پێست کەلکی هەیە و لە شاتەرە دەگرترێ. **ئارەقی نەعنا:** ئارەقێکە لە نەعنا دەگیرێ تام و بۆنێکی توندی هەیە و بۆ نارەحەتی گەدە و ژانە زگ دەیخۆنەوە. **تێبینی:** ئارەقی گیا و گوڵ زۆرن و دیارە لە زۆربەی گیایەکانی دەرمانی ئارەق دەگرترێ بەڵام لە کوردەواری دا پتر ئارەقی ئەو گیانە دەگرترێن کە نووسراوە. ٣ـ بڕ: ئارەقە

**ئارەقاویی** (ئان. مف)[ئارەق/٣ + ئاویی2] کەسێکی لەشی بە ئارەقە تەڕ بووبێ و ئارەقەی پێوە دیار بێ. ⁝⁝ هەموو کراسەکەت ئارەقاوییە زوو بڕۆ بیگۆڕە دەنا نەخۆش دەکەوی.

**ئارەقچن** (نا. ل)[ئارەق/٣ + چن] کلاوێکی چووکی کون کونە کە لە بەن و دەزوو دەیچنن بۆ ئەوەی تەپڵە سەر

ئارەقەی نەکا، تەقیلە.

**تێبینی:** چن لە چاوگی هەڵچنین بە مانای هەڵمژین کەوتوە و ئارەقچن بە گشتی یانی ئارەق هەڵمژ.

**ئارەقخۆر** (ئان. فا)[ئارەق/١ + خۆر] کەسێک کە زۆر ئارەق دەخواتەوە.

**تێبینی:** ئەم وشەیە لە فارسیەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردیی چونکە ئەگەر کوردیی با دەبا بووبا بە ئارەقخۆرە و خۆرە لە رەگی خواردنەوە کەوتبا نەک لە خواردن. وەک ئاوەخۆرە، شیرەخۆرە، مەمکەخۆرە.

**ئارەقخۆریی** (حم.)[ئارەقخۆر + ئیی] کاری ئارەقخۆر. **~ کردن:** ئارەق خواردنەوە.

**ئارەق فرۆش** (ئان. فا)[ئارەق/١ + فرۆش] کەسێک کە کاری فرۆشتنی ئارەق بە خەڵکە.

**ئارەق فرۆشیی** (حم.)[ئارەق فرۆش + ئیی] ١ـ کار و پیشەی ئارەق فرۆش. ٢ـ (نا. ل) دوکانی ئارەق فرۆشتن.

**ئارەقگیر** (نا. ل)[ئارەق/٣ + گیر (گرتن)] ١ـ جلی ژێرەوەی کراسی مرۆڤ بۆ ئەوەی ئارەقەی لەش هەڵچنێ، فانیلە. ٢ـ کوتە لیبادێکە لە ژێرەوەی زینی ئەسپ بۆ هەڵچنینی ئارەقە، ژێرزین، نەرمەزین، تەکڵتوو.

**ئارەقە**[1] (نا.) [عەر: عرق] ١ـ تەڕایی و ئاوەکی یەک کە لە لوویەکانی ژێر پێستی لەشی گیاندار دێتە دەر و ٩٩٪ ئاوە و ١٪ی خوێ و ئوورە و هەندێک مادەی دیکەیە. لەشی گیاندار بۆ هەڵسووڕانی خۆی پێویستی بە کالۆری هەیە و بۆ دابین کردنی ئەم کالۆرییە خۆراک دەسووتێنێ و دە کاری دەکا و یەکێک لە رێگاکەنی چاوەدێری کردنی گەرمای لەش کە دە مێشک دایە دەردانی ئارەقەیە هەر ئەوەیە کە بە گەرما و خۆ ماندوو کردن ئارەقەیەکی پتر دەکەین. ئارەق، ئەرەق، هارەق، خوویدان، خوو، خۆی، خۆ. ٢ـ هەڵم و هاڵاو کە لە بەر سەرمای دەر و گەرمای ژوور لە سەر شووشەی پەنجەرەکان دەنیشێ، هاڵاو. **~ پێکردن:** ١ـ خەجاڵەت کردنەوەی و بە شەرم داخستنی کەسێک وەها کە ئارەقەی بکا. ٢ـ ئەستاندنی شتێک یا جێ بە جێ کردنی کارێک بە قسە و تکای زۆر وەها کە ئەو کەسە ماندوو بکا. :: هەتا رازی کردم دووچەرخەی بۆ بکڕم ئارەقەی پێکردم. **~ دەردان:**

هاتنە دەری ئارەقە لە لەش، ئارەقە کردن. ~ **رشتن:** ئارەقە کردن پتر لە رادەی ئاسایی لە بەر زەحمەت و کار و کوێرەوەری. ~ **کردن:** ١ـ هاتنە دەری ئارەقە لە لەش، ئارەقە دەردان. ٢ـ (کنـ.) شەرمەزار بوونەوە، خەجاڵەت بوونەوە. ‖ **ئارەقەی رەش و شین:** ئارقەیەکی یەکجار زۆر بە هۆی خۆ ماندو کردنێکی لە رادە بە دەر، ئارەقەی شین و مۆر. * **ئارەقەی رەش و شین دەردان:** ئیغراقە بۆ ئارقەیەکی پتر لە حاڵی ئاسایی کردن بە هۆی کارێکی گرانەوە، ئارەقەی رەش و شین رشتن، ئارەقەی شین و مۆر دەردان. ⁘ هەتا ئەو تا گەنمەم بە کۆڵ گەیاندەوە ئارەقەی رەش و شینم دەردا. ***ئارەقەی رەش و شین رشتن:** بڕ: ئارەقەی رەش و شین دەردان. **ئارەقەی سارد:** ئارەقەیەک کە لە کاتی هەندێک نەخۆشی هەست بە سەرما دەکرێ و هەروەتر لە کاتی ترسان لە لەش دێتە دەرێ. **ئارەقەی شەرم:** ئارەقەیەک کە لە بەر خەجاڵەتی و شەرم لە نێوچاوانی مرۆڤ پەیدا دەبێ. **ئارەقەی شین و مۆر:** بڕ: ئارەقەی رەش و شین. * **ئارەقەی شین و مۆر دەردان:** بڕ: ئارەقەی رەش و شین دەردان.

**ئارەقە**[2] (نا.)[عەر: عرقە] دارێکە کە کاتی دیوار دانان لە بۆ قایم بوون و شکست نەهێنان لە دیواری هەڵدەکێشن، دیمەک.

**ئارەوانچی** (ئان. ل)[ئار7 + ئە + وان + چی][زا] بڕ: ئاشەوان

**ئارەیە** (نا.)[زا] بڕ: ئاش1

**ئاری**[1] (نا. ل)[ئار2 + ئی][ئەو: ئاتریە ـ پەش: ئیرە][باک] خۆڵەمێش، ژیلەمۆ، ئەو شتەی لە پاش ئاگر دەمێنێتەوە.

**ئاری**[2] (نا.)[پەه: یار. باک: ئاری، هاری ـ ناو: یاری] یاریدە، کۆمەک.

**ئاری**[3] (نا.) بڕ: ئاریا

**ئاریا** (نا.)[ئەو: ئەئیریە ـ هەخ: ئەرییا ـ سان: ئاریا] هۆزێکی کۆنی هیند و ئوروپا کە زۆر زوو بە یەکەوە دەژیان و دوایی بە دوو بەشی گەورەی هیندی و ئێرانی دابەش کران و کورد یەکێک لەوان بوو کە لە ناوچەیەک کە ئێستا ناوی کوردستانە خۆی گرتەوە، ئاری.

**تێبینی:** مانای سەرەکی وشەی ئاریا یا ئاری بە مانای دۆست و ئاواڵە.

**ئاریباری** (گیا.)[سۆر] ١ـ هەڵووچە، هەڵووژە. ٢ـ بڕ: ئاڵووباڵوو

**ئـاریــک** (نـا. ل)[ئـاری + ک][بـڕ: ئارووک][باک] بڕ: میچ1

**ئاریکار** (ئان. فـا)[ئاری2 + کـار] کەسێک کە یارمەتی کەسی دیکە دەدا، یاریدەدەر، هاریکار.

**ئاریکاریی** (حم.)[ئاریکار + ئیی] هاریکاریی، یارمەتیی.

**ئاریلە** (ئان. ل)[ئاری؟ + لە] پیـاوێک کە خوو و خدەی و ئاکاری ژنانی هەبێ، ژنانی، ژنانیلە. (هس: ئاڵی)

**ئارینۆک** (گـیـا.)[ئاری + نۆک] بڕ: لەپە

**تێـبـیـنی:** ئاری لە چاوگی هاڕین کەوتوە و دەبێتە نۆکی هاڕاو.

**ئاریە** (نا.)[زا] بڕ: ئاش1

**ئاریێ**[1] (ئام.) بەڵێ، ئادی، ئەرێ. ‌:: گەردشی چاوت قەراری عاشقی مسکین دەبا/ ساحیری چاوبەستە ئاریێ، دڵ دەکێشێ دین دەبا (وەفایی ل ٣). ئاریێ واجبەن تانەی بەدکاران/ پەی گەرمیی بازاڕ عەشق دڵداران (مەولەوی ل ٤٣٩). || **ئاریێ ئاریێ:** هەمان مانای ئاریێ دەدا بە داگرتنێکی پترەوە، ئائا. ‌:: دڵ لە سەر پەرچەمی شێواوە ئەسیری زەنەخە/ ئاریێ ئاریێ ئەوە دێوانەیە زیندانی دەوێ (وەفایی ل ٢٠٥).

**ئاریێ**[2] (نا.)[زا] بڕ: ئاش1

**ئاریێخ** (نا.)[؟][باک] بزماری گەورەی چێـــویی یا ئاسـن کـــە ولاغی پێدەبەستنەوە، سینگ، مێختەوێڵە.

**ئاریێزە** (ئان.)[؟][زا] کراوە، ئاوەڵا.

**ئاڕاستە** (نا. مف.)[فار: آراستە] ١- پێشکەش. ٢- رازاوە. ٣- رێکوپێک کراو، ئامادە. **~ کردن:** ١- پێشکەش کردن ٢- ئامادە کردن ٣- حەواڵە کردن.

**تێبینی:** ئاڕاستە (رازاوە) لە چاوگی ئاراستەن ـ ی فارسی بە مانای رازانەوە پەڕیوەتە نێو زاری کوردەکانی باشوور.

**ئاڕایش** (نا. چا)[فـــار: آرایش] ئاڕایشت، رازانەوە. **~ کردن:** جوان کردن، رازاندنەوە.

**ئاڕایشت** (نا. چا) بڕ: ئاڕایش

**ئاڕایشگا** (نا. ل)[فـا: آرایشگاه] شوێنێک کە پیاو یا ژن سەریان کورت دەکەنەوە یا مۆدێلی دەگۆڕن، سەلمانی، سەرتراشخانە، سەرتاشخانە.

**ئاڕپیـــــجی** (نز.)[ئین: R.P.g] چەکێکی شەڕە، شێوەی بازووکا دەدا،

سووکە و تاکە کەس هەڵیدەگرێ، لە سەر شـان دادەندرێ و دەهاویشـترێ، بۆ تەقـاندنی مـەکینە و بە تـایبـەت تـانک کەلکی لێوەردەگرن.

**ئاز**[1] (نا.)[باک] خـۆراک، چێـشت، ئاش.

**تێبینی:** ئەم وشـە بە تەنیـا نەمـاوە و دەگەڵ هەندێک ناوی لێکدراو دەبیندرێ و شـێوەیەکی دیکەیە لە وشـەی ئاش کـە هـاوڕیشـەیە دەگـەڵ ئاچە $\bar{a}\check{c}a$ ـ ی سانسکریت بە مانای چێشت و خۆراک.

:: ئازپێژ، ئازچی.

**ئاز**[2] (ئان.)[؟] سـەخت، چەتوون، دژوار. :: بۆ میوانی خانۆی کورد دەچم، بەڵام ڕێگا ئاز و چەتوونە و شـارەزا نیم، ... (دمدم ل ١٠٤).

**ئـاز**[3] (نـا.)[ئـەو: ئـازی ـ پـەه: ئـاز] تەماح، چاونەزێریی.

**ئاز**[4] (نا.)[؟][زا] بەرە، پشت.

**ئازا**[1] (ئان.)[بڕ: ئازاد][باک: ئـازا ـ ناو: ئـازا ـ هەو: ئازا ـ زا: ئازا] ١ـ بوێر، نەترس، بەجـەرگ. ٢ـ خـێـرا، گـورج و گـــۆڵ، زیرەک، وریا. ٣ـ ئـازاد، وێڵ، بەڕەڵڵا. ~ **بوون:** ١ـ نەترسـان، وێران، بە جـەرگ بوون. ٢ـ خـێرا بوون، گورج و گـۆڵ بوون لە کـارێک دا، زیرەک و وریا بوون. ~ **چوون:** ڕویشـتنی خێرا بەرەو کارێک. ~ **کردن:** ١ـ پەلە کردن لە جێ بە جێ کردنی کار، خێرا بوون. ٢ـ خۆش بوون لە تاوان و قـەرز و خـەتای کەسـێک. :: سـەفەری حـەجم بە دەسـتـەوەیە هـاتووم گـەرنم ئازا کەی! ـ گـەرنت خـۆش و ئازا بێ! **خۆ** ~ **کردن:** سـینگ وە پێش دان و خۆ بە نەترس نیشـان دان. :: ئەوە بۆ خۆت لە سەر مە ئازا کردوە!

**تێـبـینی:** ئازا ئـەگـەرچی لە ڕیشـەی ئازاد کـەوتۆتـەوە بەڵام لە خـولی زمـان و زەمـــان دا بە فـــڕێ دانی پـیـــتی داڵ ئاڵوگـۆڕی بە سـەر داهاتوە و بە مـانـای بنـەڕەتی خـۆی (ژمـارە ٣) جگە لـە یەک دوو ڕستە دا نەبێ بە کار ناهێندرێ.

**ئازا**[2] (نا.)[عـەر: اعـضـاء] ئەندامی لەش. :: هێندەم تێـهـەڵدا ئازای بـەدەنیم نەهێشت. ئازای لەشم دێشێ.

**ئازاب** (نا.)[عـــەر: عـــذاب] ئازار، زەحـمـەت، سـەخـڵـەتی، ئەزیـەت، عـازاب، عـەزاب. :: منداڵ بێ ئازاب گەورە نابێ. ~ **بە هـیـــچی چوون:** بە ئـاکـــام نەگەیشتن و ڕەنج بە خەسـار بوون. ~ **دان:** ئـەزیـەت دان، کـــەســـێک تووشـی

زەحمەت و ئازار کردن. **~ کێشان:** زەحمـــەت و کوێرەوەری کێشـــان، سەخڵەتی کێشان، ئازار کێشان. ✣ پوورم هەتا ئەو ماڵ و حاڵەی پێکەوە نا و منداڵەکانی گەورە کرد ئازابێکی زۆری کێشا. **بە ~ بوون:** زەحمەت هەبوون، بە زەحمەت بوون. ✣ ئەو میوانانە زۆر بە ئازابن.

**ئازاتی** (حم.)[ئازا1 + تی][باک] بڕ: ئازایەتی

**ئازاد** (ئان.)[هیک: ئاجـــاتە ـ ئەو: ئازاتە ـ پەه: ئازات. باک: ئازاد ـ ناو: ئازاد ـ هەو: ئازاد ـ زا: ئازاد] ١ـ عەبد و بەندەی بەردراو. ٢ـ کەسێک کە لە بند و زیندان رزگای بوە یا باڵندەیەک کە لە قـەفـەس هاتۆتە دەر، وێڵ، بەرەڵڵا. ٣ـ سـەربەست. ٤ـ رزگار، قوتار. ٥ـ ژنێک کە رووی خۆ لە پیاو ناگرێ. ٦ـ ناوە بۆ نێرینە. **~ بوون:** ١ـ بەربوون لە کۆت و بەند، رزگـــار بوون. ٢ـ دوایی هاتنی کۆیلەیی و بەندەیی ٣ـ سەربەست بوون. ٤ـ رزگار بوون. **~ کردن:** ١ـ بەردان، بەرەڵڵا کردن. ٢ـ ئیزنی سەربەخۆیی و بە کەیفی خۆ جووڵانەوە دان ٣ـ رزگار کردن. ٤ـ سـەربەست کردن و رزگـار کردنی خۆ یا وڵات.

**ئازادە** (ئـان. ل)[ئازاد + ئە][پەه: ئازاتەک] ١ـ کەسێک کە بەندەی کەس نیە. ٢ـ سەربەست، ئازاد. ٣ـ رەسەن، نەجیب، شەریف.

**ئازادیی** (حم.)[ئازاد + ئیی][پەه: ئازاتییەه] ١ـ رزگاریی. ٢ـ خەلاسیی، نەجات. ٣ـ سەربەستیی.

**ئازادیخوا** (نا. فا)[ئازادی + خوا4] بڕ: ئازادیخواز

**ئازادیخواز** (نا. فا)[ئازادی + خواز] کەسێک کە ئازادی و سەربەستی ویست و مەبەستی یەتی، رزگاریخواز.

**ئازادیخوازانە** (ئان. ل)[ئازادیخواز + ئانە] کار و کردەوە و خەباتێک کە پەیوەندی بە ئازادیخوازیەوە هەبێ. ✣ خەباتی ئازادیخوازانە، بزووتنەوەی ئازادیخوازانە، بیروڕای ئازادیخوازانە.

**ئازادیخوازیی** (حم.)[ئازادیخواز + ئیی] ئازادیی ویستن، داواکاری ئازادیی بوون.

**ئازار**[1] (نا.)[ئەو: زەر ـ پەه: ئازار. باک: ئازار ـ ناو: ئازار ـ باش: ئازار ـ هەو: ئازار] ١ـ ئێش، ژان ✣ ئەو دەستە شکاوەم ئازاری زۆرە. ٢ـ ئاهۆ، پەتا،

نەخۆشی :: ئازارەسی، ئازارە باریکە، ئازاری گولی. ٣ـ نەخۆشی و ئافەتی گیاندار جگە لە مرۆڤ. :: مریشک ئازاریان تێکەوت و هیچیان نەمان. ٤ـ ئەزیەت، عەزاب. :: هارەهارِی ماشێن گوێم ئازار دەدا. ~ **پێگەیاندن:** ئەزیەت کردنی کەسێک، ئازار دان، سەدەمە لێدان. ~ **پێگەیشتن:** سەدەمە وێکەوتن، ئێش پێگەیشتن :: دەستم ئازاری پێگەیشتوە، بەڵام جێی مەترسی نیە. دوێنێ کەوتم بەڵام چ ئازارم پێنەگەیشت. ~ **تێکەوتن:** نەخۆشی و ئاهۆیەک کە لە گیاندار دا پەیدا دەبێ. :: قەلەکانمان ئازاریان تێکەوتوە لەوانەیە هەموان بکووژێ. ~ **دان:** ئەزیەت کردن، نارەحەت کردن، عەزاب دان. :: هات و هاواری منداڵان ئازارم دەدا. ~ **گرتن:** تووشی ئازار و نەخۆشی بوون. :: ئازارێکم گرتوە بە هیچکەس چارەی نایە. ~ **گەیاندن:** ئەزیەت کردن، ئازار دان، سەدەمە لێدان. ~ **گەیشتن:** بڕ: ئازار پێگەیشتن. || **ئازاری سی:** بڕ: ئازارە باریکە. **تێبینی:** چونکە میکرۆبی ئەم ئازارە پتر لە سی یا سیپەلاک دەدا و خراپی دەکا بەم ناوە کراوە.

**ئازار**[2] (نا. فا)[لە: ئازاراندن] بە ناوەوە دەلکێ و مانای ئازاردەر دەدا. :: عەجەب ماوم بە چاوت وا بە بیماری دڵازارە/ چ کافر میللەتە یارەب، لە مەستی دایە هوشیاری (وەفایی ل ١٨٧). گیان ئازار، گەل ئازار، ژێر دەست ئازار.

**ئازار**[3] (نا.)[عەر: ئاذار لە سور: ئادار] بڕ: ئادار2

**ئازاراندن** (چا. م)[ ئەو: زەر ـ پەه: ئازارییتەن. باک: ئازراندن ـ ناو: ئازاراندن] ئازار دان، ئەزیەت کردن. :: ئەو سەگەی مەئازارێنە رۆڵە گوناهە!

**ئازارە باریکە** (نا. ل)[ئازار1 + ئە + باریک + ئە] نەخۆشییەکی ئاهۆدارە کە لە ئێسک، گورچیلە و سیپەلاک دەدا و نەخۆش رۆژبەرۆژ لاوازتر و کەم خوێنتر دەکا و هەر لەبەر ئەو کزی و باریکییە کە ناویان ناوە ئازارە باریکە یا دەردە باریکە. ئازاری سی، دەردەباریکە، سیل، سیل و دیق.

**تێبینی:** میکرۆبی ئەم ئازارە لە ساڵی ١٨٨٢ زایینی لە لایەن پرۆفسۆر کۆخ دۆزراوە و بە ناوی باسیلی کۆخیان کرد. جگە لە مرۆڤ، ماڵاتیش تووشی ئەم

ئازارە دێن.

**ئازالە** (نا.)[باک] بڕ: ئازاڵە

**ئازاڵە** (نا.)[تات: ئازا. باک: ئازالە - ناو: ئازاڵە] سـووتەمـەنی وەک تەپاڵە و شـــیـــاکـــەی ویشک کـــراو، ئاوردوو، کەشکوور.

**ئازان** (نا.)[عەر: اذان][زا] راگەیاندن و خەبەر دانی کاتی نوێژ لە مزگەوتەوە بۆ کـۆ بوونەوەی مـوسـڵـمـانان، ئەزان، بانگ.

**ئازانە** (ئاک. ل)[ئـازا1 + ئـانـە] بڕ: ئازایانە. ؛؛ رۆسـتـەمی مـازەندەران ئەو وەختـە دەستی بردەوە / هاتە رێی دێوی سپی ئازانە دەستی کردەوە (حاجی قادر ل ١٢٧).

**ئازاو** (نا.)[عەر: عذاب] رەنج، ئازار، ئەزیەت، عازاب، عەزاب، عازاو.

**ئازاهی** (حم.)[ئازا1 + هی][باک] بڕ: ئازایەتی

**ئازایانە** (ئاک. ل)[ئازا1 + ئانە] کـار و کـردەوەیەک کـە بـە ئازایەتی بکردرێ، بوێرانە، نەترســـانە، ئازانە. ؛؛ زۆر ئازایانە لە کابرای زەلام چوە پێشێ.

**ئازایەتی** (حم.)[ئازا + یەتی] بوێری، نـەترســـان، بـە جــەرگ بـوون، ئازاتی، ئازاهی. ؛؛ ئەگـەر ئازایەتی ئەوەیە پیـاو لە ژنەکەی بدا من قەت ئازا نیم.

**ئـازایـی** (حـم.)[ئـازا1 + ئـی] بـڕ: ئازایەتی

**ئازپێـژ** (نا. فـا)[ئاز1 + پێـژ][باک] ئاشپەز، چێشت لێنەر، ئازپێش، ئازچی.

**ئازپێش** (نا. فـا)[باک][ئاز1 + پێش (پێژ)][باک] بڕ: ئازپێژ

**ئازچی** (نا. ل)[ئاز1 + چی][باک] بڕ: ئازپێژ

**ئـــازرانـــدن** (چـا. م)[بــاک] بـــڕ: ئازاراندن.

**ئازمان** (نا.)[باک] بڕ: ئاسمان

**ئازمـایش** (نا. چا)[فـار: آزمـایش] هـەڵســـەنگاندنی شـــتـــێک، تاقی، ئازمایشت، ئەزموون. **~ کردن:** تاقی کردنەوە.

**تێـــبـــینی:** ئازمـــایش لـە چاوگی ئازمـوودەن - ی فارسی و ئەزمـووتەن - ی پەهلەویی بە مانای تاقی کردنەوە کەوتوە و ئـەزمـــوونی کـــوردییش هـەر لـەو ریشەیەیە.

**ئازمایشت** (نا. چا) بڕ: ئازمایش

**ئازمایشگا** (نا. ل)[ئازمایش + گا3] شوێنێک کە لەوێ بە کەرەسەی زانستی مەسەلە یا شتێک بە تاقی دەکەنەوە یا لێی دەکۆڵنەوە.

**ئازمین** (نا.)[زا] بڕ: ئاسمان

**ئازمێن** (نا.)[زا] بڕ: ئاسمان

**ئازنا** (نا.)[بڕ: ئاژنە][زا] مەلە

**ئازنج** (نا. ل)[ئا13 + زنج2][باک] ماڵ، خانووی لە چێو و قامیش سازکراو، زنج، ئازنگ.

**ئازنگ** (نا. ل)[ئا13 + زنگ (زنج2)][باک] بڕ: ئازنج

**ئازنە** (نا.)[بڕ: ئاژنە][زا] مەلە

**ئازوباز** (نا. ل)[ئاز3 + و + باز (بەزە)] بڕ: ئازوبەزە

**ئازوبەزە** (نا. ل)[ئاز3 + و + بەزە] شێوە رستەیەکە لە کاتی وە ئەستۆ گرتنی ئەرکێک دەکوترێ، ئۆباڵ، ئازوباز. ؛؛ ئازوبەزەت بە ملم ئەگەر درۆت دەگەڵ بکەم.

**تێبینی:** هەروەکی زەبیحی نووسیویەتی ئاز دەچێتەوە سەر ئەوێستایی ئازی azi و پەهلەویی ئازaz بە مانای تەماح، هەروەها بەزە دەچێتەوە سەر بەژە و بەچەکی پەهلەویی بە مانای تاوان و بە گشتی دەبێتە تەماح و تاوان یانی تەماح و تاوانەکەت وە ئەستۆی من کەوێ. (بڕ: قامووس ب ١ ل ٢٣).

**ئازووخە** (نا.) بڕ: ئازووقە

**ئازووقە** (نا.)[تور: azık] ١- خواردەمەنی و خۆراک و دانەوێڵەی پاشەکەوت کراو. ٢- تێشووی سەفەر و رێگا. & ئازووخە. ~ **داخستن:** هەڵگرتن و پاشەکەوت کردنی خۆراک و خواردەمەنی و دانەوێڵە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. ؛؛ ساڵ درەنگە و هێشتا ئازووقەمان دا نەخستوە.

**ئازەب** (ئان.)[عەر: عذب] کوڕ یا کچی پێگەیشتوو کە هیشتا زەماوەندی نەکردوە، عەزەب، عازەو.

**ئازەبە** (نا.)[عەر: عذب] زیپکەیەک کە لە سەردەمی عەزەب بوونی کوڕ یا کچ لە سەر رووی پەیدا دەبێ، عازەبە، زیپکە، جۆش.

**ئازیز** (ئان.)[عەر: عزیز] عەزیز، خۆشەویست، بەرێز، لەبەردڵان، عازیز.

**ئازیزە** (نا. ل)[ئازیز + ئە] ناوی مەقامێکی فۆلکلۆری کوردییە. دەردی دڵ و راز و نیازی ئەویندارێک دەگەڵ

گراویە:

ئازیز سەرێکە مـن دێشـێ / دڵی منی ماڵ وێرانـێ چەندی دەکاتەوە ژانـێ / ئاورێکم بەربۆتەوە دەروونێ / بڵێسەم پەڕیوەتە دەروونخـانێ / نە بە بای دەکووژێتەوە، نە بە نمەنمەی دە بارانێ....

**ئازیەت** (نا.)[عـەر: عـزاء] پرسـە، سەرەخۆشی، تازیە.

**ئازیەتبـار** (ئان. ل)[ئازیەت + بار] کەسی خاوەن مردوو کە سەرەخۆشی لێدەکەن، تازیەدار.

**ئازیەتباری** (حم.)[ئازیەتبار + ئیی] لە حاڵی تازیە دابوون، تازیەداریی.

**ئازیـەتی** (ئان. ل)[ئازیـەت + ئـی] ١ـ پرسـە، تازیە. ٢ـ هەرچی پەیوەندی بە ئازیەتەوە هەبێ.

**ئاژ**[1] (ئان.)[لە: ئاژنین] حـاڵی هـەر شـتێکی کونجرکونجر، زوور، زبر./ / لووس.

**ئاژ**[2] (نا.)[باک] شـووڵ و لقی تازەڕوا و ناسکی دار. (هس: ئاژۆ1)

**ئاژا** (ئاک. ل)[ئا + ژا (جـا، جێ)] [ئەو: ئەثرا ـ هەو: ئاگـە][ژا] ئەوێ، لەوێ.

**ئاژاژک** (نا.) بڕ: ئاژاشکە

**ئاژاژکی** (نا.)[هەو] بڕ: ئاژاشکە

**ئاژاشکە** (نا.)[لۆر: ئاژئاژکی. ناو: ئاژاژک، ئاژاشکە، ئاژەنگ ـ باش: ئاژاژگی ـ هەو: ئاژاژکی] ١ـ باوێشک. ٢ـ مچوڕک، تەزوو.

**ئاژاژگی** (نا.)[هەو] بڕ: ئاژاشکە

**ئاژال** (نا.)[باک] بڕ: ئاژەڵ

**ئاژاڵ**[1] (نا.) بڕ: ئاژەڵ

**ئاژاڵ**[2] (نا.)[بڕ: ئاژۆ1][ئەر] گیا و گۆڵ، گژ و گیا.

**ئاژاڵدار** (ئان. فـا)[ئاژاڵ1 + دار] کەسێک کە ئاژەڵ رادەگرێ، خاوەن مەڕ و بزن و ماڵات، ئاژەڵدار.

**ئاژاڵداریی** (حم.)[ئاژاڵدار + ئیی] ئاژاڵ راگرتن، کار و پیشەی ئاژەڵدار.

**ئاژان** (نا.)[فـەر: agence] پۆلیس، پاسەوان، شورتە.

**ئاژانخـانە** (نا. ل)[ئاژان + خـانە] یانەی ئاژان و پۆلیس، شارەوانی.

**ئاژانس** (نا.)[فـەر: agence] ١ـ هەواڵدەری، هەواڵنێری. ٢ـ شەریکە یا

شوێنێک کە بە نوێنەرایەتی کار و باری شەریکەیەکی دیکە رادەپەڕێنێ.

**ئاژاولە** (نا. ل)[ئاژاو + لە] بڕ: ئاژاوە

**ئاژاوڵە** (نا. ل)[ئاژاو + ڵە] بڕ: ئاژاوە

**ئاژاوە** (نا.)[پەه: ئاشۆپ. باک: ئاژاوە ـ ناو: ئاژاوە، ئاژاوڵە، ئاژاولە] ١ـ شەڕ و هەڵڵا و ئاڵۆزی و پشێوی وڵات و شار و ناوچەیەک، ئەدەم کە حاڵەتی ئاسایی تێکدەچێ و بێ قانوونی پەیدا دەبێ. ٢ـ شەڕ و کێشەی نێوماڵ و خەڵک. ٣ـ فیتنە، پشێوی. & ئاشێۆ، ئاشۆ. **~ تێخستن:** پێک هێنانی ئاڵۆزی و شێواوی. ፡፡ بەر لە هاتنی ئەو ماڵەی جیرانمان، ژیانێکی زۆر ئارام و خۆشمان هەبوو ئەوان هاتن و ئاژاوەیان دە ژیانی مە خست. **~ خستنەوە:** بڕ: ئاژاوە گێڕان. **~ گێڕان:** ساز کردنی هەڵڵا و شەڕ و فیتنە، ئاژاوەگێڕی کردن. ፡፡ کاری حەمە هەر ئاژاوە گێڕان و بەشەڕ دانی خەڵکە. **~ نانەوە:** ئاژاوە خستنەوە، ئاژاوە گێڕان. ፡፡ ئەو هەتیوە لە سەر ئەو کچە ئاژاوەیەکی لەم دێیە ناوەتەوە مەگەر خودا بزانێ.

**تێبینی:** ئاژاوە لە چاوگی ئاشۆپتەن ـ ی پەهلەویی و شێوانی کوردیی کەوتوە و هاوڕیشەیە دەگەڵ ئاشێو و ئاشۆ لە بن زاراوەی ئەردەڵانی دا. هەروەتر من پێموایە بە لەبەر چاو گرتنی هاوتاکانی ئاژاوە ئەم وشەیە لە دوو بەشی [ئاژاو + ئە (پاشگر)] پێک هاتوە.

**ئاژاوەچی** (نا. فا)[ئاژاوە + چی2] کەسێک کە کاری تێک دانی باری ئاسایی وڵات و ماڵ یا شەڕ هەڵایساندن دە بەینی خەڵک دایە، ئاژاوە گێڕ.

**ئاژاوەگێڕ** (نا. فا)[ئاژاوە + گێڕ1] بڕ: ئاژاوەچی.

**ئاژاوەگێڕیی** (حم.)[ئاژاوەگێڕ + ئیی] کار و کردەوەی ئاژاوەگێڕ. **~ کردن:** ساز کردنی هەڵڵا و شەڕ و فیتنە، ئاژاوە گێڕان.

**ئاژداد** (نا.)[عەر: اجداد] باب و باپیر، ئابا، جەد، ئەژداد.

**ئاژن** (ر.)[لە: ئاژنین] ١ـ بە ناوەوە دەلکێ و ئاوەڵناوی مفعولی ساز دەکا. ፡፡ دەرزی ئاژن، سووژن ئاژن ٢ـ بە ناوەوە دەلکێ و ناوی ئامێر ساز دەکا. ፡፡ ددان ئاژن. ٣ـ (نا.) کاری ئاو دان و داشتن. **~ کردن:** دابەش کردنی ئاو لە ماکاو را بۆ نێو دێراوەکانی بێستان و موچە و باغ، ئاودێران، ئاو لێنان. || **ئاژن**

**ئاژن:** کون کون بە شتی نووک تیژ. **~ بوون:** کون کون بوون بە شتی نووک تیژ. ⁂ دوکتــور ئەوەندەی دەرزی لێــداوم سمتم ئاژن ئاژن بوە. **~ کردن:** کون کون کردن بە دەرزی و شتی نووک تیژ.

**تێبینی:** ئاژن لە چاوگی جەن jan یا گەن gan ـ ی ئەوێستایی و ژەن žan ـ ی پەهلەویی کەوتۆتەوە بە مانای لێدان. لە کوردیی دا وشە و چاوگێکی یەکجار زۆر لەم چاوگانە کەوتوون بەڵام هەر کام بۆ مانایەک بەکار دەبردرێن کە لە شوێنی خۆی باسی لێدەکردرێ. ⁂ ژەندن، هەژیان، راژاندن، و...

**ئاژنە** (نا.)[هیک: سنا(خۆ شوشتن) ـ ئەو: سنا(خۆ شوشتن). بیر: ئاشنا ـ فار: شنا. باک: ئاژنە، ئاژنی، ئاشنی ـ زا: ئازنا، ئازنە] مەلە

**ئاژنی** (نا.)[باک] بڕ: ئاژنە

**ئاژنین** (چا. م)[ئەو: جەن، گەن. هەخ: گەن. پەه: غەن، ژەن. باک: ئاژنین ـ ناو: ئاژنین] ١ـ کون کردن، تێرا کردن بە ئامراز و شتی نووک تیژی باریک (دەرزی، دڕوو، سووژن، و ...). ⁂ بۆ خاڵ لێدان دەبێ باسکت بە دەرزی باژنی. ٢ـ زوور کردن و کونجڕ کونجڕ کردنی بەرداش کاتێک دانەوێڵە باش نەهاڕێ و بیرازی بوێ. ٣ـ کۆڵین و دەردانی خواردەمەنی نێوان ددانەکان بە چیلکە یان ددان ئاژن.

**ئاژواندن** (چا. م) بڕ: ئاژۆتن

**ئاژۆ[1]** (نا.) ئەم وشەیە بە تەنیا نایە و مانای گیا و خۆراک دەدا، ئاژاڵ2. ⁂ شەواوژۆ، بۆژۆ. **~ دان:** بە شەو لەوەڕاندنی ئاژەڵ لە وەرزی بەهار دا، شەواژۆ، شەوبەکێو.

**تێبینی:** ئاژۆ هاوڕیشەیە دەگەڵ ژووی žūy پەهلەویی لە چاوگی žūtan ژووتەن بە مانای خواردن و قووت دان کە بۆ گیاندارانی ئەهریمەنی هاتوە. (هس: ئاژاڵ2 و گژ و ئاژ2)

**ئاژۆ[2]** (ر.)[لە: ئاژۆتن] ١ـ بە ناوەوە دەلکێ و مانای داکوتان و بۆ پێشەوە چوون دەدا. ⁂ رەگاژۆ، ریشاژۆ. ٢ـ کەسێک کە شتێک لێدەخورێ یا وەپێش خۆی دەدا، لێخوڕ. ⁂ خولام و دوو ئاژۆی وشترەکانی هەموو بە چەکەوە لە دەوری وەستا بوون ... (دمدم ل ٣٩).

**تێبینی:** ئازە لە ئەوێستا دا لە وشەی نەڤازە nav-āza و ئاجە لە هیندی کۆن دا لە وشەی ناڤاجە nāv-āja دا بە

ماناى ناواژۆ، کەشتى لێخور هاتوون.

**ئاژۆتن** (چا . م)[هیک: ئەجەتى ـ ئەو: ئەز ـ باک: ئاژۆتن ـ ناو: ئاژۆتن، هاژۆتن، ئاژواندن] ١ـ تاو دان و لێخورینى ولاغى سوارى. ٢ـ لێخورینى مەکینەى ماتۆڕى. ٣ـ لێخورین و وەپێش خۆ دانى مالات و گاجووت. & لێخورین، رانین. **ئاژۆتنە سەر:** هێرش بۆ بردن، پەلامار دان، هەلکوتانە سەر. ⁂ نیوە شەو دوژمن ئاژۆتیە سەرمان بەلام چى پێنەکرا.

**ئاژووتن** (چا . م)[؟][باک] هاوار کردن، قیژاندن، نەڕاندن.

**ئاژەڵ** (نا .)[باک: ئاژال ـ ناو: ئاژاڵ، ئاژەڵ ـ باش: ئاژەڵ ـ هەو: ئاژەڵ] حەیوانى وردە، مەر و بزن، مەڕ و مالات.

**ئاژەڵدار** (ئان. فا)[ئاژەڵ + دار2] کەسێک کە پێشەى راگرتنى ئاژەڵە، ئاژاڵدار، مەڕدار، گەلەدار.

**ئاژەڵدارى** (حم.)[ئاژەڵدار + ئیى] کار و پێشەى ئاژەڵدار، مالات راگرتن، مەڕدارى، ئاژاڵدارى، دەوڵەتدارى، گەلەدارى. ⁂ ئێستاکە ئاژەڵدارى وەک کۆن زەحمەتى نیە.

**ئاژەنگ** (نا .)[هس: ئاژاشکە] وەنەوز، خەونوچکە، وێژینگ. **~ لێدان:** وێژینگ دان. ⁂ ئەمما سیامەند خەوى لێدەکەوت و خەجێش ئاژەنگى خەوى لێدەدانە (گەنج ل ٣٦٣).

**ئاژیر** (نا . ل)[ئا13 + ژیر] جۆرێک زەنگى تایبەتى ئاگادار کردنەوەیە کە لە سەر ئامبوٚلانس و ماشێنى پۆلیس و مەکینەى دیکە دادەندرێ. **~ لێدان:** راگەیاندنى مەترسى لە شتێک یا وریا کردنەوە بە لێدانى پەیتا پەیتاى زەنگێکى تایبەتى یا چرایەکى تایبەتى. ئاژیر لە کاتى شەڕ کە مەترسى بۆمبارانیش هەیە لێدەدرێ.

**ئاژینە** (نا .)[ئاژ + ئینە] ١ـ دارێکە کە دەگەڵ بەرداش دەگەڕێ و دان وردەوردە لە گەرووى بەرداش دەکا بۆ هاڕین، چەقچەقە، چەقچەق، چەقچەقۆک، چەقەنە. ٢ـ چەکوچى پۆلاى تایبەتى سەر گرنى گرنییە کە بەرداشى پێ زوور دەکەنەوە.

**ئاس 1** (نا .)[بڕ: ئاسیاو] ئەم وشەیە بە تەنیا نەماوە یا بە تەنیا دەکار ناکرێ و لە هەندێک وشەى لێکدراو دا دەبیندرێ. ⁂ ئاساو، ئاسیاو.

**ئاس 2** (گیانـ.)[؟] گیاندارێکى کێویى

گۆشتخۆرە، درێژایی لەشی لە لمبوزیەوە هەتا سەر کلکی ٣٥ سانت دەبێ، رەنگی کەوڵەکەی لە زستان دا سپییە و لە کاتی دیکە دا مووی سەر پشتی قاوەییەکی روون و بن زگی زەردێکی روونە. گیاندارێکی درِ و بوێرە و شالاّو دەباتە سەر باڵندە و کەروێشک و مار. کەوڵەکەی بە نرخە و راوچی لەبەر کەوڵەکەی راوی دەکەن، Ictis ermin-ea ناوی لاتینی ئەم گیاندارەیە، قاقوم.

**ئاس**[3] (نا.)[؟] ١- رووت و رەجاڵ. ٢- دۆڕاو بە تەواوی، سوخت. ~ **بوون:** ١- رووت و رەجاڵ بوون. ٢- دۆڕان و هیچ پێنەمان لە قومار دا، سوخت بوون.

**ئاس**[4] (نا.)[فەر: as] یەکێک لە پەڕەکانی قومار و کایە کە خاڵێکی لە سەرە، تەکە.

**تێبینی:** ئەم وشەیە ناوی واحیدی پارە و پێوانە و کێشانی کۆنی رۆمانێکان بوە و لە لاتینی وەرگیراوە کە مەعنای (فلس، شایی)یە (قامووس ب ١ ل ٢٧).

**ئاسا**[1] (پاشـ.)[ناو: ئاسا ـ هەو: ئاسا ـ زا: سێ] پاشگرێکە بە ناوەوە دەلکێ و ئاوەڵناو ساز دەکا کە مانای وەک و چەشن و وێچوون دەدا، وەک، مینا :: هەر من دەلو ئاسا نە قەهر چاهم / هەر من چون مەجنوون چارە سیاهم (وەلی دێوانە ل ٨٣). مانگاسا، دێواسا، پەری ئاسا، دیناسا. (هس: لاسا)

**ئاسا**[2] (نا.)[عەر: عصا] داردەستی دەروێش، عاسا، عەسا، گۆچان، دارئاسا، دارهاسا. :: وە سەر گەردانی سارای چۆڵم دا / وە ئاسا و کەشکۆڵ پۆست کۆڵم دا (وەلی دێوانە ل ٤١). دەیانگوت: هیچ میرمان قەبووڵ نین، ئەو کەشکۆڵ و ئاسایەی بگێڕەوە بە دواوە (مان ل ١٧٨).

**ئاسار**[1] (نا.)[ئەر] ١- بنەڕەت، بناغە. ٢- بڕ: ئادار1. :: ئاساری لە سەر پاداری نەماوە!. ٣- ئاسەوار، شوێنەوار. ~ **برانەوە:** شوێنەوار نەمان، ئاسەوار برانەوە. :: رووی دە ماڵە میرزێندینی کرد، قەتی یەک خەلاس نەبوو، یەکی نەماوە / هەتتا بە جارێکی ئاساریان براوە. (مان ل ٨٠). ~ **بڕینەوە:** شوێنەوار نەهێشتن، بنەبڕ کردن، ئاسەوار نەهێشتن. :: کوڕەکان کوتیان: « دایە، ئابڕوومان مەبە، دەیبەتلێنین بە دزییە / ئەگەر مام غەڵیفە بزانێ، ئاسارمان دەبڕییە (مان ل ١٦٧).

**تێبینی:** ئاسا āsā لە هێندی کۆن دا و ئەسەھ asah لە ئەوێستا دا و ئاسە āsa لە سانسکریت دا بە مانای شوێن و جێگا هاتوون. (هەروەها بڕوانە تێبینی ئاسەوار)

**ئاسار**² (نا.)[عەر: آثار (کۆی اثر)] نیشانە و شوێنی ماوەی شتێک.

**ئاساسە** (نا.)[عەر: اثاثە][هەو] کۆی ئەساس لە عەرەبی دایە بە مانای کەرەسە و شمەکی نێو ماڵ، ئەساسە. ∷ مزانۆ هەم شەرت وەرین شکەستەن / ئاساسەی ئەسباب بەین نۆش بەستەن (وەلی دێوانە ل ٤٥).

**ئاسان** (ئان.)[ پەھ: ئاسان. باک: هێسان، ئاسان ـ ناو: هاسان، ئاسان، سانا ـ باش: ئاسان ـ هەو: ئاسان ـ زا: ئاسان] ١ـ بێ گیر و گرفت، نە دژوار و نە سەخت. ٢ـ بێ رەنج، بێ کوێرەوەری. ٣ـ گران، سەقیل. **~ بوون:** کار و ئێش و مەسەلەیەک کە سەخت نەبێ، سانا بوون، هاسان بوون. **~ بوونەوە:** گران و سەقیل نەمان، هاسان بوونەوە، سانا بوونەوە. ∷ دەرس خوێندن ئێستاکە ئاسان بۆتەوە زوو زۆر گران بوون. **~ کردن:** لە گرانی و سەختی کەم کردن، هاسان کردن، سانا کردن. **~ کردنەوە:** کەم کردنەوە گرانی و سەقیلی، هاسان کردنەوە، سانا کردنەوە. ∷ ئیمڕۆکە هاتوچۆیان زۆر ئاسان کردۆتەوە. **بە ~ زانین:** بە سەخت و قورس دانەنانی کار و مەسەلەیەک، پێ هاسان بوون، پێ ئاسان بوون. ∷ لە ئولکەی عیشقەدا بێ چوونە سەر دار / بە ئاسانی مەزانە بوونە سەردار (مەحوی ل ١١٩). **پێ ~ بوون:** پێ گران و سەقیل نەبوون، بە ئاسان زانین.

**ئاسانسۆر** (نا.)[فەر: Asce seur] دەزگایەکە کە بە هێزی کارەبا کار دەکا و لە ئاپارتومان و خانووبەرەی چەند نهۆمی دا بۆ بردنە سەر و خواری مرۆڤ و بار کەلکی لێوەردەگرن.

**ئاسانە** (نا.)[هەو ـ ئەر] بڕ: ئاستانە. ∷ رەوانتەر جە هەرس وە سەد قەترە و دەو / تا وە مەکۆگەی ئاسانەکەی ئەو (مەولەوی ل ١٥٣).

**ئاسانی** (حم.)[ئاسان + ئی][پەھ: ئاسانییە] چلۆنایەتی کار و مەسەلە و قسەیەک کە مرۆڤ بە بێ زەحمەت تێبگا و لێی حاڵی بێ، سانایی، هاسانی. ∷ بە ئاسانی وە سەر کێو کەوتین.

**ئاساو** (نا. ل)[هەو][ئاس1 + ئاو] بڕ: ئاسیاو

**ئاساوان** (نا. ل، ئان. ل)[ئاساو + وان][هەو] بڕ: ئاشەوان

**ئاسایی** (ئان.)[ئاسا1 + ئی] ١ـ هەرچێک کە لای خەڵک سەیر نەبێ، باو، ئیعتیادی، مەعموولی. ⁙ لە سووچێکی شار ژیانێکی ئاساییمان تێپەڕ دەکرد. ٢ـ (ئام.) وەک، چەشنی. ⁙ نەسیمێ نەفەس مەسیح ئاسایی / تەسکین بەخش زام دڵ شناسایی (وەلی دێوانە ل ٤٦). خۆت ئاسایی. شێرئاسایی پەلاماری دوژمنی دا. (هس: لاسایی)

**ئاسپار** (نا. ل)[ئەو: ئەسبارەی ـ پەه: ئەسڤار][زا] بڕ: سوار

**ئاسپایی** (حم.)[ئاسپا + ئی] بڕ: ئەسپایی

**ئاسپرین** (نا.)[فەر: aspir ine] حەب و قورسێکی سپی و بێ بۆنە کە بۆ دامرکاندنی ژان و تێ و ئازاری لەش دەیخۆن.

**ئاسپزە** (نا.)[زا] بڕ: ئەسپێ

**ئاست** (نا.)[ئەو: ئەستە. ناو: ئاست، عاست، حاست] لە رستە دا زۆر کەم بە تەنیایی دێ و پتر دەگەڵ ئامرازی بە (بەم، بەو، بەهۆو) و لە (لەم، لە هۆو، لەو،...) دێ و ئەم مانایانە دەدا: ١ـ پەنا، تەنیشت، لا. ⁙ لە ئاست خۆت دانیشە. دوکانەکە لە کێها ئاستی هەڵکەوتوە. ٢ـ بەرانبەر، رووبەڕوو. ⁙ لە ئاست ئەم رووداوە نازانم چ بکەم. لە ئاست بابم لە شەرمان سەرم هەڵنایە. & حاند، حەنا.

**تێبینی:** ئەستە asta لە ئەوێستا دا بە مانای ماڵ، شوێنی دانیشتن و جێ سوکنا و نیشتمان هاتوە.

**ئاستار** (گیانـ.)[زا] بڕ: ئاستۆر

**ئاستارە**[1] (نا.)[زا] بڕ: ئەستێرە

**ئاستارە**[2] (گیانـ.)[بڕ: ئاستۆر][زا] ماین

**ئاستان** (نا.)[بڕ: ئاستانە][باک] ناوچە

**ئاستانە** (نا.)[پەه: ئاستانەک. باک: ئاستان ـ ناو: ئاستانە، ئاسانە ـ هەو: ئاستانە، ئاسانە] ١ـ پێشخانە، کەوشکەن. ٢ـ بەردەرگا، بەرماڵ. ٣ ـ (کنـ.) بەردەرگای گراوی و یار. ⁙ کەلب کۆی یارم / کەلب پاسەبان ئاستانەی یارم (وەلی دێوانە ل ٦٦). ٤ـ (مجـ.) دەرگای شێخ و پیاوی ئایینی و پیرۆز.

**ئاسترۆنۆمی** (نا.)[یون: astronomia] بڕ: ئەستێرەناسی

**تێبینی:** ئاسترۆی یونانی بە مانای ئەستێرە دەگەڵ ئەستێرەی کوردیی یەک ریشە و رەگەزیان هەیە (بڕ: ئەستێرە)

**ئاستک**[1] (نا.)[زا] بڕ: ئێسک

**ئاستک**[2] (نا.)[ئەب: ئوستی ـ گیل: ئاستین ـ فار: ئاستین ـ پەش: لەستوونەی. زا: ئاستک، ئاستە] بەشێک لە پۆشاک کە دەست دادەپۆشێ، سەردەست.

**ئاستورە** (گیانـ.)[زا] بڕ: ئاستۆر

**ئاستۆر** (گیانـ.)[ئەو: ستەئۆرە ـ پەه: ستۆر ـ زا: ئاستۆر، ئاستورە، ئاستار، ئاستارە (ماین)] ئەسپ، هەسپ.

**ئاستۆرە** (نا.)[زا] بڕ: ئەستێرە

**ئاستە**[1] (نا.)[زا] بڕ: ئێسک

**ئاستە**[2] (نا.)[زا] بڕ: ئاستک2

**ئاستەڕ** (نا.)[پەه: ئاستەر. لۆر: ئاسەر ـ فار: آستر. باک: ئاستار ـ ناو: ئاستەڕ، ئەستەڕ، ئاسەڕ ـ هەو: ئاسەڕ ـ زا: ئەستار] ١ـ پارچەیەک کە لە دیوی ژوورەوەی جل و بەرگ دەیدروون، بەر. ٢ـ رەنگێکە کە بەر لە لێدانی رەنگی ئەسڵی لە ئاسن و دەرک و دیوار و پەنجەرەی دەدەن هەتا هەم رەنگەکە هەڵمژێ و هەمیش جاری دووهەم رەنگ هاسانتر و باشتر خۆ بگرێ و پەڵە و عەیبی تێنەکەوێ.

**ئاستەم** (نا.) جووڵانەوەیەکی زۆر کەم، زۆر بە ئارامی. :: ئاستەمێکی پەنجەرەی کردەوە و چاوی لە دەرێ کرد. ٢ـ سەخت، دژوار، زەحمەت، ئاستەنگ، ئەستەم.

**تێبینی:** ئەستانەک لە زمانی پەهلەویی بە چەندین مانا هاتوە: ئاتاج، هەژاریی، بەدبەختیی، بەڵا، ئافەت، زیان، گوناه. پێموایە وشەی ئاستم و ئەستەم بە مانای سەخت و دژوار دەگەڵ ئاستەنگی باکووریی هەریەک وشە بووبێن و لە داویی ئاستەم پیتی " گ "ی سواوە و لە بەر قورسایی " ن " بۆتە " م ".

**ئاستەنگ** (نا.)[بڕ: ئاستەم][باک: کاتی سەخت و تەنگ، گران، دژوار، ئەستەم، تەنگانە :: پیاو دەبێ بۆ رۆژی ئاستەنگ و سەخت خۆی ئامادە کا.

**ئاستیگماتیسم** (نا.)[فەر: astig-matisme] عەیبێکە تووشی چاو دەبێ و ئەو کەسە ناتوانێ بە روونی و بە

تەواوی شتێک ببینێ و پەڵە رەش دێتە بە چاوی. ئەم عـــەیبـــە لەوانـەیە هـەر لە منداڵیــەوە پـەیدا بێ، ئێـســتــاکــە بە چاویلکەی تایبەتی چارەسەر دەکردرێ.

**ئاسرمە** (نا.) بڕ: ئاشرمە

**ئاسـفـاڵت** (نا. )[یون: asphaltos] قیر و خیزی تێکەڵاو کە بۆ خۆش کردن و رێک و پێک کـردنی شـەقـام و کـووچە و کۆلان، هـەروەها ئێـسـتـاکـە لە جـیـات گڵـەبان و سـواغی سـەربـان بۆ قـایمتـر بوون، کـەلکی لێـوەردەگـرن، ئیـسـفـاڵت، قیرەتاو.

**ئاسک** (نا.)[هیک: ئاســەڤ ـ ئەو: ئاسو، ئاسـەڤ ـ سـان: ئاسـەڤ ـ سوغ: ئاســوک ـ پەه: ئاهـووک، ئاهووگ. باک: ئـاسـک ـ نـاو: ئـاسـک ـ بـاش: ئـاسـک، ئاسی ـ هـەو: ئاسک (نێـــر)، ئاسکە (مێ)] ١ـ گیانداری‌کی گوانداری کێویە، کـــاوێژ دەکـــا، دەست و لاقی باریک و درێژن، چاو رەشی جوان و خێرایە و بە رەوە دەژین و گۆشتێکی ناسک و بەتامی هـــەیـــە، Antilope dorcas نـــاوی لاتینی ئەم گیـانـدارەیە، ئاسکەکێوی. ٢ـ (مجـ.) خێرا و تیژڕەو.

**ئـاسـکـۆڵ** (نا. ل)[ئـاسـک + ئـۆڵ] ١ـ ئاسکی بچـووک، کـاراسـک. ئاسکۆڵە. ٢ـ ناوە بۆ کچان

**ئاسکۆڵە** (نا. ل)[ئاسک + ئۆڵە] بڕ: ئاسکۆڵ.

**ئـاسـکـە** (نـا. ل)[ئـاسـک + ئـە][هـەو] ئاسکی مێ

**ئاسکەکـێـوی** (نا. ل)[ئاسک + ئە + کێوی] بڕ: ئاسک

**ئـاسـم** (نـا.)[فـــــــەر: Asthme] نەخـۆشی هـەناسـەبڕکە و پشـوو سـواری کـە بە گیـرانی سی یەکان تووشی مـرۆڤ دەبێ و پتر لە سەتلووجەم را دێ.

**ئاسـمـان** (نا.)[هیک: ئەسـمـەن ـ ئەو: ئەســمـــەن، ئەســەن، ئەشـــەن ـ هـەخ: ئەسمەن، ئەسەن ـ سـان: ئەسمەن ـ پەه: ئەســمـــان، ئاســمـــان. باک: ئـازمـــان، ئەزمـان، ئەزمێن، ئـاسـیـمـان، ئاسـمـان، ئەســمـــان، عـــەزمـــان ـ ناو: ئاســمـــان، عاسمان ـ باش: ئاسمان ـ هەو: ئاسمان ـ زا: ئاســمـێن، ئاســمـین، ئاســمـیـە، ئاسـیـمـان، ئازمـێن، ئازمین، ئەزمـان، ئەزمـوو.] ١ـ فەزای بێ بن و شینی سـەر زەوی کـە مـانـگ و ئەسـتـێـرە و هـەتاوی تێدایە، حـەوا، فـەزا. ٢ـ بەشێک لە فـەزا کە لە بان سـەری ئێمـەیە. ٣ـ هـەر کـام لە

حەوت قاتەکانی ئاسمان بە پێی بڕوای کۆن. ؛؛ لە حەوت ئاسمانان چ شک نابەم. ٤ـ شوێنێک کە دەست نەیگاتێ، سەر، بڵند. ~ **رووخان:** (کنـ.) کارەساتێکی گەورە قەومان. ~ **لە بەر چاو تاریک بوون:** (کنـ.) ١ـ هیچ نەدیتن لە بەر تووڕەیی زۆر. ٢ـ بێ هیوا و خەمبار بوون لە بەر کارتەساتێکی گەورە. **چوونە ~:** ١ـ وە حەوا کەوتنی ئەو مەکینە و شتانەی کە دەفڕن. ٢ـ (مجـ.) تەقینەوەی شتێک. ٣ـ (کنـ.) زۆر تووڕە بوون و راپەڕین لە سەر جێ. ٤ـ (کنـ.) زۆر پاڕانەوە، لالانەوە. ؛؛ بچیە ئاسمانێش قڕانێکت نادەمێ. ٥ـ (کنـ.) مردن. **دەست بەرەو ~ بەرز کردنەوە:** (کنـ.) دوعا کردن و پاڕانەوە لە خودا، داوای نیازێک لە خودا کردن. || **ئاسمانی حەوتەم:** دوایین قاتی ئاسمان بە پێی بڕوای کۆن، ئاسمانی حەوتەمین. **ئاسمانی حەوتەمین:** بڕ: ئاسمانی حەوتەم. ؛؛ سێ پەری لە ئاسمانێ حەوتەمین بەستوویانە لەنگەرە/ لە سەر کۆشکی کاکەمەمی هەڵدەنیشتن ئەوبەر ئەوبەرە. (مان ل ٢٦).

**ئاسمانە** (نا. ل)[ئاسمان + ئە] بەشی لای ژوورەوەی سەربان، میچ. || **ئاسمانەی دەم:** مەلاشوو، مەلاژگ، ئاسمانێ دەڤ.

**ئاسمانی** (ئان. ل)[ئاسمان + ئی] ١ـ رەنگی شینی وەک رەنگی ئاسمان، ئاوی، عابی. (شینایی ئاسمان بە هۆی ئەو هەوایەیە کە دەوری زەوەی گرتوە.) ٢ـ هەر شتێکی پەیوەندی بە ئاسمانەوە هەبێ. ٣ـ هەر شتێک کە لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوار. ؛؛ قورئان کتێبێکی ئاسمانییە. ٤ـ هەرچی لە باری ناسکی و لەباری و جوانی لە زەوی دا وێنە و هاوتای نەبێ، رووحانی. ؛؛ دەنگی ئاسمانی، رەوتی ئاسمانی.

**ئاسمە** (نا.)[زا] بڕ: ئاشم

**ئاسمین** (نا.)[زا] بڕ: ئاسمان

**ئاسمی** (نا.)[زا] بڕ: ئاشم

**ئاسمیە** (نا.)[زا] بڕ: ئاسمان

**ئاسمێن** (نا.)[زا] بڕ: ئاسمان

**ئاسن** (نا.)[ئەو: ئەیەهـ، ئەیەنگە ـ سان: ئایەس ـ پەهـ: ئاسەن، ئاسێن، ئاهێن، ئاهەن، ئاسیین. تات: ئاسێن، ئاهێن ـ فار: آهن ـ بیر: ئاهێن ـ لۆر: ئاهێ. باک: هەسن، ئێسن ـ ناو: ئاسن ـ باش: ئاسن ـ هەو: ئاهین، ئاسن ـ زا:

ئاسن، ئۆسن] کانزایەکە سەخت و قایم، لە کۆنەوە ناسراوە. ئاسن لە کانی دا پتر بە شکڵی ئاوێتەیە کە لە کوورە دا دەیتوێننەوە و ئاسنی خالیس بە دەست دێنن. ناوی شیمی Fe یە و ١٥٣٠ دەرەجەی گەرما دا دەتوێتەوە و گەلێک کەرەسەی سەنعەتی بە ئاوێتە لێ ساز دەکەن. **ئاسنی سارد بە فوو نەرم کردن:** (کنـ) دەست دانە کارێکی گەورە و قورس بەبێ یارمەتی و پشتیوانی کەسی دیکە و سەرنەکەوتن. **ئاسنی سارد کوتان:** (کنـ.) کاری بێ کەلک و بێ ئاکام کردن.

**ئاسنجاو** (نا. ل)[ئاسن + جاو؟] قاپ و قاچاغی سازکراو لە زەرد و مس و فلزی دیکە، هیربار.

**ئاسندرک** (نا. ل)[ئاسن + دڕک] سیمێکی کانزای دوو لۆیی ئەستوور و تایبەتییە کە لە مەودای بستێک کەمتر دا لەم سیمە شتێکی وەک دڕکێکی چەند سوویان لێهاڵاندوە. لەم سیمە بۆ پەرژین و دەوری شوێنێک گرتن و شوێنی نیزامی کەلکی لێوەردەگرن وەها کە کەس نەتوانێ لێی تێپەڕێ.

**تێبینی:** ئەم وشە تازە داتاشراوە و وەرگێڕاوێکە لە داتاشراوە فارسییەکەی (سیم خاردار).

**ئاسنڕفێن** (نا. ل)[ئاسن + رفێن (رفاندن)] شتێکە کە ئاسن و هەندێک کانی دیکە بۆ لای خۆی رادەکێشێ و پێوەی دەنووسێ، جۆری سرووشتێکەی لە کانی دەردەکێشرێ و جۆری دەستکردیشی کوتێک ئاسن یا پۆڵایە کە بە ئەلکتریسیتە یا بە سرووشتێکەی دەیکەنە ئاسنڕفێن.

**تێبینی:** ئەم وشەیە لە وشەی داتاشراوی (آهنربای) فارسی بۆ زمانی کوردیی داتاشراوە.

**ئاسنگەر** (نا. ل، ئان. ل) [ئاسن + گەر][پەهـ: ئاسینکەر، ئاسینگەر ـ باک: هاسنکەر، هاسنگەر، هەسنگەر ـ ناو: ئاسنگەر، ئاسینگەر ـ باش: ئاسنگەر ـ هەو: ئاهینگەر، ئاسنگەر] کەسێک کە سەر و کاری دەگەڵ ئاسنە و لە ئاسنی رووتی ئامرازی ئاسنینی وەک سەرەپاچ و پێمەڕە و مەڵەغان، داس و... ساز دەکا.

**ئاسنگەرخانە** (نا. ل)[ئاسنگەر + خانە] دوکان و جێی کاری ئاسنگەر، ئاسنگەری/٢.

**ئاسنگەریی** (حم.)[ئاسنگەر + ئیی]

١ـ پیشە و کاری ئاسنگەر. ⁂ ئێستا ئاسنگەری وەک جاران زۆر باوی نەماوە. ٢ـ (نا. ل) بڕ: ئاسنگەرخانە.

**ئاسنەواڵە** (نا. ل)[ ئاسن + ئە + واڵە] کەل و پەلی ساز کراو لە ئاسن کە لە کار کەوتوون و کەلکیان نەماوە، وردە ئاسنی بێ کەلک.

**ئاسنین** (ئان. ل)[ئاسن + ئین][پەھ: ئاسێنێن] ١ـ هەر شت و شمەکێک کە لە ئاسن ساز کرابێ. ⁂ دەرکەی ئاسنین جێ دەرکەی چێوینی گرتۆتەوە. ٢ـ قایم و سەخت وەک ئاسن. ⁂ مستی ئاسنین.

**ئاس و پەلاس** (ئان. ل)[ئاس3 + و + پەلاس](کنـ.) رووت و قووت، رووت و رەجاڵ، نەدار. **~ بوون:** رووت و قووت بوون، هیچ نەبوون، نەدار بوون. **~ کەوتن:** رووت و قووت بوون، لە دەست دانی تەواوی دەسمایە و دار و نەداری ژیان. **بە ~ دا چوون:** (کنـ.) پاکانە کردن، جل و بەرگی خۆ دادڕین بۆ پاکانە کردن لە خۆ.

**تێبینی:** زەبیحی ئەم وشەیەی بردۆتەوە سەر ئاس ـ ی پەهلەویی بە مانای بەرد و پەلاس بە مانای کوێن (بڕ: قاموس ب١ ل ٣١).

**ئاسۆ** (نا.)[پەھ: سووک، سۆک (لا، بەر) ـ باک: ئاسۆ، هەسوو ـ ناو: ئاسۆ، ئاسۆگ، سوێ ـ هەو: ئاسۆ] ١ـ ئەو شوێنەی کە ئاسمان و زەوی لەبەرچاو دەگەنە یەک، سەرملە. ٢ـ (مجـ.) روانگەی بیر و تێڕوانین.

**ئاسۆگ** (نا.) بڕ: ئاسۆ

**ئاسۆیی** (نا. ل)[ئاسۆ + ئی] خەتی بە درێژایی و موازی ئاسۆ و زەوی.

**ئاسوودە** (نا. مفـ.)[لە: آسودن] ١ـ بێغەم و خەفەت، راحەت. ٢ـ ئارام، بێدەنگ. ٣ـ حەساوە. **~ بوون:** ١ـ بێغەم بوون، راحەت بوون. ⁂ هەتا منداڵەکەی نەدیتەوە دڵی ئاسوودە نەبوو. ٢ـ لە کۆڵ بوونەوەی گیر و گرفت. ٣ـ حەسانەوە. ⁂ خۆزگەم بە خۆی مرد و ئاسوودە بوو. **~ کردن:** ١ـ خاترجەم کردن، دڵنیا کردن. ⁂ کوتم ناچینە سەفەر و ئاسوودەم کرد. ٢ـ لە کۆڵ کردنەوەی گیر و گەفتی کەسێک. ٣ـ (کنـ.) کوشتن و لە ناو بردنی کەسێک.

**تێبینی:** ئاسوودە لە چاوگی ئاسوودەن ـ ی فارسی کەوتوە بە مانا و هاومانای حەسانەوە و راستەوخۆ لە فارسییەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردیی.

**ئاسوودەیی** (حم.)[ئاسـووده + ئیی] راحــەتی، ئارامـی، بێ شـەڕ و شـۆڕی، دڵنیایی. :: باڵینجەکەی لە بن سەری نا و بە ئاسوودەیی بۆی نوست.

**ئاسەڕ** (نا.)[هەو - ئەر] بڕ: ئاستەڕ

**ئاسەوار** (نا. ل)[ ئاس + ئە + وار] ١ـ نیشـانە و پێناسی مـاددی لە نەتەوە یا عەشیرەتێک یا گیاندارێک وەک بەڵگەی بوونیـان، شـوێنەوار. :: هێـشـتـا هیچ بەڵگەیەک لە ئاســەواری مــادەکــان نەدیتــراوەتەوە. ٢ـ رەگــەز، بەرە. **~ بڕانەوە:** بنـەبڕ کــرانـی رەگــەز و بەرەی کـەس یا گـیـاندار. :: شـوکـور ئـەسـپێ ئاسـەواری بڕاوەتەوە. **~ بڕین:** بنەبڕ کردن و فەوتاندنی بە تەواوەتی کـەسێک یا گیاندارێک. :: مەغوولەکان ئاسەواری گـەلێک بـنەمـاڵە و نەتـەوەیان بڕی. **~ مانەوە:** نەبڕانەوەی رەگەز و بەرەی کەس یا گیاندار. :: گەلێک نەتەوە لە مێژوو دا هەبوون کـە فـەوتاون بەڵام ئاسـەواریان هەر مـاوە. کابرا دەمێک ساڵە مـردوە ئێـسـتـا ئاسەواریشـی نەمـاوە. **~ نەهێشتن:** نەمـانەوە و بڕانەوەی شت یا گیـاندار یا کەس، ئاسەوارنەمانەوە. :: منداڵ ئاسـەواری کشـمـیش و گـوێزیان نەهێشت.

**تێبینی:** بەشی یەکەمی وشە یانی ئاس دەگـەڵ [هـیک: ئاسـا $\bar{a}s\bar{a}$ ـ ئەو: ئەسـەه asah ـ سـان: ئاسـە $\bar{a}sa$، بە مـانای شـوێن، جـێگا و هەروەتر دەگـەڵ چاوگی ئاهـ $\bar{a}h$ لە ئـەوێسـتـا دا و ئاس $\bar{a}s$ لە سـانسکریت و وێدا دا بە مـانای دانیـشتن] هـاوریشـەیە . بەشی دووهەم یانی وار لـە هیندی باسـتـان و سانسکریتی ڤەرە vara و ئەوێستایی و پەهلەویی ڤـەر var بە مـانای شـوێن و نـاوچە کـەوتەوە و وار و هـەواریش هـەر لەم ریشـەن بە گشـتی ئاسـەوار دەبێتە جێی دانیشتن یا شوێنی ژیان.

**ئاسی** (نا.)[باش] بڕ: ئاسک

**ئاسیاو** (نا. ل)[ئاس1 + ئی + ئاو] [پەهـ: ئاسیاو، ئاسیاڤ، ئاسیاپ. فار: آسیـاب ـ تات: ئاسیـا. ناو: ئاسیـاو ـ هەو: ئاسـاو، ئاسـیـاو] ئاشێکی بە ئاو دەگەڕێ، ئاشی ئاوێ ، ئاش.

**تێبینی:** ئاس و ئاش هەر یەک وشە و یەک ریشـەن و تـەنیـا دوو پیـتی ش و س ئاڵ و گـۆڕیان دەگـەڵ یەک کـردوە و لە زاراوەکــانی کــوردیی دا وێنـەی زۆرە. زمـانناسـان ئاس ـ یان بردۆتەوە سـەر ئەسـەن ـ ی ئەوێستایی بە مانای بەرد و

ئاســـیــاو دەبێـــتـــە بـەردێک کــە بـە ئاو دەگەڕێ. جگە لەوە لە ئەوێستا دا وشەی ئەشـە بە مـانای ئارد هاتوە و بۆی هەیە دەگـەڵ ئاش و ئاس هاوریشـە بێ و هەر بۆیە لە ریشەی ئاش1 دا نووسراوە.

**ئاسیاوان** (نا. ل)[ئاسـیـا + وان] بڕ: ئاشەوان

**ئاسـیـاوچی** (نا. ل)[ئاسـیـاو + چی][هـەو] بڕ: ئاشـــــەوان. ⁂ ســـــەدای ئاسیاوچی مەیۆ پەیاپەی / ئاساو خاڵی یەن نەوبەتەن سا دەی (مەولەوی)

**ئاسید** (نا.) بڕ: ئەسید

**ئاســـیــدە** (نا.)[عـــەر: عـــصـــیـــدة] خواردەمەنییەکی شیرینە کە بە ئارد و ڕۆن و دۆشاو ساز دەکردرێ، هەڵوای بە دۆشاوی.

لە پێـــشـــدا ئـاردەکــە لـە ڕۆن دا باش ســوور دەکـەنەوە و لە دوایی دۆشـاوی بە ســەر دا دەکــەن و چاک تێکەڵی دەکــەن هـەتا پێدەگا و دەیخۆن.

**ئاسیمان** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: ئاسمان

**ئاسین** (نا.)[عـەر: یس] ناوی یەکـێک لە سووڕەتەکانی قورئانە، یاسین

**ئاسینگەر** (نا. ئان.)[ئاسین + گـەر] بڕ: ئاسنگەر

**ئاسیو** (نا.)[تەب: سیب. فار: آسیب ـ پەش: ئاسـێب][ئـەر] ئازار، زەرەر، زیان، ئێش، دەرد.

**ئاسێ** (نا.)[؟] ١ـ شـوێنی سـەخت و چڕ، ئەستەم. ⁂ دەڵێ: شا! جێ ئاسێیە، ئەز نـایچـــۆمێ / هـیـــمـــدادی بۆ دێ لە ڕۆمێ / دەنشکێنێ، تێگ دەدا کۆمێ، ... (مان ل ١٤). ٢ـ دژوار، گران. ٣ـ گەمارۆ ٤ـ گـیـر، حـاسـیـە، عـاسـیـە. & حـاسێ. **~ بوون:** ١ـ لە گـەمـارۆ کـەوتن، دەورە دران. ⁂ دوژمـــن لــە هـــەر چـــوار لاوە دەهات، بە تەواوی ئاسێ ببووین. ٢ـ گیر خواردن، گیر کردن، تووش بوون. ⁂ بە دەست ئـەو کـــارەوە چاک ئاسێ بـووم، نازانم چی لێ بکەم. دەستم لەو کونە دا ئـاسـێ بـوە نـایـەتـەوە دەرێ. **~ دان:** گەمارۆ دان. ⁂ دوژمن بە تەواوی ئاسێی دابووین. **~ کـردن:** ١ـ تووش کـردن، گـرفـتـار کـردن، حـاسێ کـردن. ٢ـ خـۆ بەسـتنەوە، زیندانی کـردن. ⁂ حـەسـەن مـاوەیەکـە خـۆی لە مـاڵێ ئاسێ کردوە و نایەتە دەر. ٣ـ گـەمـــارۆ دان، لە گـــیـــر خـستن. ⁂ خـەڵکی قـشـڵاخـان چەند ســـەربـازێکیـــان ئاسێ کـــردبوو، گاشەبەردیان بە سەر دا غلۆر دەکردەوە.

(دمدم ل ٢٣٢)

**ئاش[1]** (نا.)[ئەو: ئەشــــە ( ئارد)، ئەشن، ئەســەن ( بەرد) ـ هەخ: ئەســەن (بەرد) ـ بەل: هەش، ئاش. باک: ئاش ـ ناو: ئاش، ئاسیاو ـ باش: ئاسیاو ـ هەو: ئاش، ئاسیاو، ئاساو ـ زا: ئارەیە، ئاریە، ئاریَ] ١ـ ئامــرازی هاڕینی گــەنم و دانەوێڵە بۆ ئارد کردن کە لە دوو بەردی خــڕی گــەورە(بەرداش) پێک هاتوە. ئەم دوو بەردە لە ســـەر یەکن، ئەوەی بنەوە قایم کراوە و ئەوەی سەرەوە بە هێزێکی وەک ئاو، با یا مـــەکــینە دەگــەڕێ و دانەوێڵە دەهاڕێ و بە پێی ئەو هێزەی کە دەیگەڕێنێ چەند جــۆری هـەیە. ٢ـ ئەو شوێن وجێگایەی کەم ئەم دەزگایەی تێدا دامــەزراوە. ٣ـ (ئا.)[باک] ئەندامــێکی مـــاســـوولکەیی و بە هـێــزی باڵندە دانەخۆرەکانە کە دوای چیکڵدانە و بەر لە گەدە هەڵکەوتوە و کاری هاڕینی دانی خوراوە، سیکەتۆرە. **~ بەرمێن بوون:** دان هاتنی زۆر بۆ ئاش. **~ فـیـچـقـە کــردن:** کـون بـوونی دۆڵاش و دەرپەڕینی ئاو بە تەوژم لە کـونەکـەوە. **~ کـران:** ڕێک خـشـینی بەرداشـەکان وە یەکـتـر لەبەر کـەمی دان. **~ کـەمـەرە کـردن:** جـووتن و قـەڵت و بڕ کـردنی دان لەبری کردنە ئارد لەبەر خاو بوونی دان. **~ میـزتن:** کرانەوەی کونی بەرداشی بنەوە و پێدا چونەوە خواری دان. ꞉꞉ ئەو ئاشە لە میـزتن بێ هەر دەمیـزێ. (پەند) **~ نانەوە:** ١ـ ســـاز کـــردنی ئاش، ئاش دروست کــردن. ٢ـ (کنـ.) کـــەســـێک تووشی گێرە و کێشە کردن، ساز کردنی کێرە و کێشە بۆ کەسێک. **لە ~ زۆر پێــچـــوون و لە ڕێ پەلە کــردن:** (کنـ.) قـەرەبووی لە دەســتـچـوو کـردنـەوە، پەلە کـردن بۆ جـێـبـەجێ کـردنـی کـارێک. **لە حەوت ئاشان دەنکەجۆیەک شک نەبردن:** (کنـ.) رووت و قـووت بـوون، هیچ نەبوون، زۆر هـەژار و نـەدار بـوون، لـە حــــەوت ئاسـمـانان ئەسـتـێرەیەک شک نەبردن. || **ئاشی ئاگر:** ١ـ مەکینەیەکە بە کارەبا کار دەکـا و جـێی هێــزی ئاوی گــرتۆتەوە، ئاشی مــەکـینە. ٢ـ (کنـ.) کــەسی هار و هـاج و بەدفـەڕ. **ئاشی ئاو(ێ):** کـۆنتـرین جۆری ئاش لە کـوردسـتـان کە بە هێزی ئاو دەگەڕێ و هێشتاش برەوی هەرماوە. ئاش بە تەنیاش مەبەست لەم ئاشەیە. ꞉꞉ ئاشـی ئاو بە ئاو دەگــەڕێ (پـەند) **ئاشی ئاور :** بڕ: ئاشی ئاگــر. **ئاشی با:** ئەو ئاشـەی کـە بە هـێـزی با کـار دەکـا و لە وڵاتانی دی باو بوە. **ئاشی زۆردار:** (کنـ.)

دەســـتـــەڵات و حکوومـــەتی زۆردارانە.

***ئاو دە ئاشی زۆردار کـــــردن:** (کنـ.) یارمـــەتـی زۆردار و دەســـتـــەڵاتدار دان.
**ئاشی قــاوە:** ئامـرازێکی چووکی درێژە، کارخانە لە کانزای سازی دەکا، خەڵک بۆ هـاڕینی دەنکی قـاوە یا ئاڵەتی دیکە کـەلکی لێـوەردەگـرن. **ئاشی کـڕێوە:** ١ـ ئاشێکی کە بەرداشەکەی خێرا بسووڕێ و زوو زوو گەنم بهاڕێ و بیداتە دەر وەها کــە تـەپ و تۆزی هـاڕینی وەک کــڕێوەی بەفر دیاری بکا. ٢ـ (کنـ.) زوو زوو قسـە کــردن و نۆرەی کـــەس نەدان. ∷ دەڵێی ئاشی کـڕێوە خۆ لە قسـان نۆرەی کـەس نـادا. ٣ـ (کنــ.) زوو زوو و بـە پـەلـە نـان خواردن. **ئاشی مەکینە:** بڕ: ئاشی ئاور

**ئاش**[2] (نـا.)[ پەهـ: ئـاش. باک: ئـاش ـ نـاو: ئـاش ـ بـاش: ئـاش ـ زا: ئـاش] ١ـ چێــشت. ٢ـ چێـشــتـێکی شلـە کــە بە دانەوێڵە (نۆک، برینجی گردە، باقلە،...) و سـەوزی سـاز دەکرێ و مـاست یا دۆ کەشکی تێکەڵ دەکەن و پیواز رۆنیشی بە سـەر دادەکەن و دەیخۆن. ئاش بە پێی ئەوە کە نێوەڕۆکەکەی چی تێبکەن چەند جـۆری هـەیـە. ٣ـ چێشـتـی شلـە بۆ پلاو، خـــۆرشت، شلـە. ٤ـ شـــووی پارچە و کراس، دەق، ئاهار.

**تێـبـینی:** ئاش لە چاوگـەی ئەد ad و ئەس as ـ ی ســـانسکریت بـە مـــانـای خواردن کەوتوە. هس: ئاز1

**ئـــاش**[3] (نـا.) بــڕ: ئـاشــت. **~ بــوونـــەوە:** بــڕ: ئـاشـت بـوونـەوە. **~ کردنەوە:** بڕ: ئاشت کردنەوە.

**ئاشاخە** (ئان.)[تور: aşağı (ژێر، بن، نزم)] ١ـ هـەمـــوو شـــتـــێکی خـــراپ و بێکەلک. ٢ـ مـیـوەی رزیو و گـەندەڵ کـە شـیـاوی خـواردن نەبێ. ٣ـ حـەیوانی بێ برەو لە جەڵەب دا. & ئاشاغە.

**ئاشاغە** (ئان.) بڕ: ئاشاخە

**ئاشانە** (نا. ل)[ئاش1 + ئانە] باجێکە کە ئاشەوان لە جیات حەقی دانانی ئاش دەیدا بـە ئاغـا و ئەربابی ئەم ناوچەیە و بـە پـێی کــــەم و زۆری مـــــزاش دیاری دەکردرێ.

**ئاشبگیر** (نا. ل)[ئاش1 + ب + گیر] گـــرتـنی ئاش و بـە تـاڵان بردنی ئارد و گەنمی نێو ئاش لە لایەن دز و چەتەوە.

**ئاشبـەتاڵ** (شـر.)[ئاش1 + بەتاڵ] ١ـ رســتــەیەکـە ئاشــەوان کـاتێک دانـی بۆ هـاڕین نـەمـــا هـەرا دەکـــا هـەتا ئەوەی باراشی هـەیە بیـــهـێنێ، ئاشـــدۆڵ. ٢ـ (کنـ.) کـــار و خــەبـاتی نیــوەچڵ و واز

لێـهـێنراو. **~ کردن:** ١ـ هەرا کردنی ئاشـەوان بۆ باراش. ٢ـ دەست هەڵگرتن لە کار و خـەبات، ئیـشـێک بـە نیـوەچڵی هێشتنەوە.

**ئاشـپـەز** (نا. فـا)[ئاش2 + پەز2] کـەسـێک کـە چێـشت سـاز کـردن لە ئەستۆی ئەوە، چێشت لێنەر، چێشتکەر، چاشتکەر، ئاشچی، ئاشپێژ، ئازپێش، ئازچی.

**تێبینی**: پەز لە چاوگی پۆختەن (پختن) ـ ی فـارسی بە مـانای پاتن کـەوتوە. ئەم وشـەیە لە فـارسی را هاتـۆتە نێـو زمـانی کـوردیی و کـوردییـەکـەی ئاشـپـێـژ یا ئازپێش ـ ە.

**ئاشپەزخانە** (نا. ل)[ئاشپەز + خانە] شـوێنی سـاز کردنی چێشت لە مـاڵان و لـەو جـێگایانـەی خـۆراک دەفـرۆشـن، چاشتخانە، متبەق.

**ئاشـپـەزیی** (حم.)[ئاشـپـەز + ئیی] کاری چێشت لێنان، کاری ئاشپەز.

**ئاشپێژ** (نا. فا)[ئاش2 + پێژ][باک] بڕ: ئاشپەز

**ئاشت** (نا.)[ ئەو: ئاخـشـتـی ـ پەه: ئاشت. باک: ئاش، هـاش ـ ناو: ئاشت، ئاش ـ هـەو: ئاشت، هـاشت ـ زا: ئاشت] وەسـتـانی شـەڕ و نـاکـۆکـی و دوو بەرەکـایەتی و پێک هاتن و مـەسـڵـەت کـردنـی لایەنـەکـان. **~ بوونەوە:** پێک هاتن و رێک کەوتنـەوەی لایەنەکان، ئاش بوونـەوە. ⁘ دوای دوو سـاڵ نێـوان ناخـۆشی دەگـەڵ مـاڵە خـاڵم ئاخـریکـەی ئاشت بووینـەوە. **~ کـردنەوە:** پێک هێنانەوە و رێک خـستنـەوەی لایەنـەکانی نێوان ناخۆش، ئاش کردنەوە. ⁘ ئەو ژن و مـێـردەی ئاشـت کـردەوە. ئامـریکا بە تەمایە جـوولەکە و عـەرەبی پێکەوە ئاشت بکاتەوە.

**ئاشتەبا** (نا.)[؟] شت، تشت. ⁘ هیچ ئاشتەبای خودا شک نابا.

**ئاشـتی** (حم.)[ئاشت + ئی][پـەه: ئاشـتـیـه] بڕانـەوەی شـەڕ و هـەڵڵا و رێکەوتنی لایەنەکانی شـەڕ، هاشتی.

**ئاشتیخواز** (نا. فا)[ئاشتی + خواز] کـەسـێک کـە داواکـاری ئاشـتی و دژی شەڕە، لایەنگری ئاشتی.

**ئاشتیخوازیی** (حم.)[ئاشتیخواز + ئیی] دژی شەڕ بوون و داواکاری ئاشتی و هێمنایەتی بوون.

**ئاشـچی** (نا. فـا)[ئاش2 + چی] بڕ: ئاشپەز

**ئاشخاڵ** (نا.) بڕ: ئاشغاڵ

**ئاشخاڵدان** (نا. ل)[ئاشخاڵ + دان4] بڕ: ئاشغاڵدان.

**ئاشخانە** (نا. ل)[ئاش2 + خانە] شوێنی فرۆشتنی چێشت و خۆراک، چێشتخانە.

**ئاشدۆڵ** (شر.)[ئاش1 + دۆڵ] بڕ: ئاشبەتاڵ

**ئاشرمە** (نا.)[ناو: ئاسرمە، ئاشرمە، هاشرمە، هێشرمە] کوتە چەرمێکی هەندێک پانە کە لە کورتانەوە دێتە سەر کەفەڵی ئێستر و بارگین.

**ئاشغاڵ** (نا.)[؟] ١ـ هەر شتێکی شیاوی فڕێ دان، زبڵ، زبڵ و زاڵ. ٢ـ (مجـ.) مرۆڤی هیچ و پووچ و خوێڕی. & ئاشخاڵ.

**ئاشغاڵدان** (نا. ل)[ئاشغاڵ + دان4] دەفری ئاشغاڵ تێکردن، جێگای زبڵ، زبڵدان، ئاشخاڵدان.

**ئاشڤان** (نا. ل)[ئاش1 + ڤان][باک] بڕ: ئاشەوان

**ئاشڤانی** (حم.)[ئاشڤان + ئی][باک] بڕ: ئاشەوانی

**ئاشق** (نا. فا)[عەر: عاشق] ١ـ کەسێک کە ئەوینی دە دڵ دا بێ و حەز لە کەسێک بکا، ئەویندار، دڵدار. ٢ـ دڵبەندی زۆر بە شتێک، هۆگر، گیرۆدە. ⁜ ئاشقە راو، ئاشقە کار. ٣ـ گۆرانی بێژ و شایەری ئازەری. **~ بوون:** ١ـ ئەویندار بوون، گیرۆدەی کەسێک بوون. ٢ـ هۆگر و گیرۆدەی شتێک یا کارێک بوون. ⁜ ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم / ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن (تاریک و روون ل ٤٩). **~ کردن:** ١ـ کەسێک لە داوی ئەوین خستن. ٢ـ کەسێک هۆگر و گیرۆدەی کار و شتێک کردن.

**ئاشقانە** (ئان. ل، ئاک. ل)[ئاشق + ئانە] ١ـ وەک ئاشق، بە شێوەی ئاشق. ٢ـ هەرچی کە پێوەندی بە ئاشقانەوە هەبێ. ⁜ گۆرانی ئاشقانە، فیلمی ئاشقانە. & ئەویندارانە.

**ئاشقایەتی** (حم.)[ئاشق + ئایەتی] حاڵەت و شێوەی ئاشق، کردەوەی ئاشق، ئەوینداری، ئاشقی، حەزلێکردوویی.

**ئاشقبەند** (نا. ل)[ئاشق + بەند] خشڵێکی سەر سینگی ژنانە کە بە چەندین جۆری هەیە، سینەڕیز.

**ئاشق پیشە** (ئان. ل)[ئاشق + پیشە]

کەسێک کە کار و پیشەی ئاشقایەتییە.

**ئاشقکوژ** (ئان. فا)[ئاشق + کوژ] ١ـ کەسێک کە ئاشق و ئەویندار دەکووژێ. ٢ـ کچێک کە روو نەدا بە دڵدارەکەی و زوڵمی لێبکا.

**ئاشقکوژیی** (حم.)[ئاشقکوژ + ئیی] کار و کردەوەی ئاشقکوژ.

**ئاشقە** (نا. ل)[عەر: عاشق] ماری نێری ئەویندار کە هەمیشە دەگەڵ ماشقە (ماری مێ) دەگەڕێ و دەژی.// ماشقە. :: مارێکی ئاشقە لەو دەوروبەرانە دەگەڕێ پێم وایە ماشقەکەیان کوشتوە.

**ئاشقە و ماشقە** (نا. ل)[ئاشقە + و + ماشقە][عەر: عاشق و معشوق] ١ـ کچ و کوڕێک کە ئەویندارى یەکن و یەکتریان خۆش دەوێ و بێ یەک هەڵناکەن، دڵدار و دڵبەر. ٢ـ جووتە مارێکی نێر و مێ کە بە یەکەوە دەژین. لە کوردەواری دا کوشتنی یەکێک لە وان باش نیە و ئەوی دی وە شوێن تۆڵە دەکەوێ و بەو کەسەوە دەدا و دیکووژێ.

**ئاشقی** (حم.)[ئاشق + ئی] بڕ: ئاشقایەتی

**ئاشک** (نا.)[پەه: ئەشکەمب][باک] گەدە، مەعدە.

**تێبینی:** ئەشکەمب لە پەهلەویی دا بە مانای زگ و ورگ هاتوە.

**ئاشکار** (ئان.)[باک] بڕ: ئاشکرا

**ئاشکرا** (ئان.)[ ئەو: ئاڤیشیە ـ پەه: ئاشکاراک، ئاشکارەک. باک: ئاشکەرە، ئاشکار، ئەشکەرە ـ ناو: ئاشکرا ـ باش: ئاشکرا ـ هەو: ئاشکرا ـ زا: ئەشکەرا] ١ـ دیار، بەرچاو، روون، پەیدا، مەعلووم. ٢ـ دەرکەوتنی نهێنی کار، قسە و مەسەلەیەک. ٣ـ حاڵی هەرچی کە پێویستی بە بەڵگە و روون کردەوە نەبێ، بەڵگەنەویست. **~ بوون:** ١ـ وەدیار کەوتن، پەیدا بوون :: سوارەکان لە سەرەوەی ئاوایی ئاشکرا بوون. ٢ـ دیار بوون، روون بوونەوە، روون بوونەوەی مەسەلەیەکی نەهێنی. ئاشکرایە کێ ئەو دزیەی کردوە. سبەی دووی ئاشکرا دەبێ دۆست و دۆژمنت کێیە. **~ کردن:** ١ـ روون کردنەوە، نیشان دان. ٢ـ دەرخستنی نهێنی کار، قسە یا مەسەلەیەک. ٣ـ دەرخستن و ناساندنی کەسێکی شاراوە. :: پەنام بردە ماڵێکی، خاوەن ماڵ دەستبەجێ ئاشکرای کردم و گرتیانم. **پێ ~**

**کردن:** روون کردنەوە و ئاشکرا کردنی کار، قسە یا مەسەلەیەک بە کەسێکی دیکە. :: ئەوەندەیان تێهەڵدا هەتا دزییەکەیان پێ ئاشکرا کرد. **خۆ ~ کردن:** خۆ نیشان دان بە خەڵک، خۆ ناساندن، خۆ وەدیار خستن. :: لە ترسی گرتن ماوەیەکە خۆی ئاشکرا ناکا. دەڵێی لێمان زیزی ئەرێ ئەوە بۆ خۆت ئاشکرا ناکەی. **خۆ لێ ~ کردن:** خۆ بە یەکتر ناساندنی کەسانێک کە پێشتر یەکتریان ناسیوە یان بە جۆرێک پێوەندیان بە یەکتر هەیە بەڵام یەکتریان نەدیوە. :: باب، کوڕەکەی نەدیتبوو هەتا کوڕە خۆی لێ ئاشکرا نەکرد نەیزانی ئەوە کوڕیەتی. **لێ ~ کردن:** دەرخستنی نهێنی و رازی کەسێک لە لایەن کەسێکەوە کە ئەم مەسەلەیە بزانێ، ئاشکرایی لێ کوتن. :: قسەکەی لێ ئاشکرا کرد و لە کن خەڵک شەرمەزاری کرد. **لێک ~ بوون:** ١ـ دەرکەوتنی راستەقینە لە نێوان دوو یا چەند کەس. ٢ـ یەکتر ناسینەوەی دوو یا چەند کەس. **لێک ~ کردن:** دەرخستن و بڵاو کردنەوەی شتی نهێنی لە لایەن کەسێکەوە سەبارەت بە کەس یا کەسانی دیکە.

**ئاشکرایی** (حم.)[ئاشکرا + ئیی] چلۆنایەتی مەسەلە یا شتێک بە روونی و بە بێ گرێ و گۆڵ. // نەهێنی. **~ لێکوتن:** دەرخستنی نهێنی کار، مەسەلە یا قسەیەک لە لایەن کەسێکەوە کە چلۆنایەتی ئەم مەسەلەیە بزانێ، لێ ئاشکرا کردن، راستی لێکوتن.

**ئاشکەرە** (ئان.)[باک] بڕ: ئاشکرا

**ئاشگێڕ** (ئان. فا)[ئاش +گێڕ (گێڕان)] رادەیەک لە ئاو کە بتوانێ ئاشێک وەگەڕ بخا. :: ئەو جۆگەیە ئاشگێڕی چاکە. ئامێرزا بەشی ئاشگێڕێکی ئاو لە چۆم شکاندبوو.

**ئاشماس** (نا. ل)[ئاش2 + ماس] [ئەر] بڕ: ئاشماست.

**ئاشماست** (نا. ل)[ئاش2 + ماست] جۆرێک ئاش کە بە سەوزی و دانەوێڵە ساز دەکرێ و لە دوایی ماستی بە سەر دادەکەن، ئاشماس.

**ئاشم** (نا.)[پەھ: ئاییشم. زا: ئاسمە، ئاشمە، ئاسمی، ئاشم، ئەشم، ئەشمە، ئەشمی] مانگ، هەیف.

**ئاشمە** (نا.)[زا] بڕ: ئاشم

**ئاشنا** (ئان.)[پەھ: ئاشناک، ئاشنا.

باک: ئاشنا ـ ناو: ئاشنا ـ باش: ئاشنا ـ هەو: ئاشنا] ناسیاو، دۆستایەتی دووراودوور. // بێگانە :: کاک سمایل ئاشنای باوکمە. ٢ـ شارەزا، بەڵەد. :: ئاشنای ئەو ناوچەیە نیم. ئاشنای ماڵەکەتانم تۆ بڕۆ من خۆم دێم. ٣ـ دوکاندارێک کە هەمیشە کەل و پەلی پێویستی لێدەکڕدرێ. ~ **بوون:** ١ـ ناسیاو بوون دەگەڵ کەسێک کە پێشتر نەتدەناسی. ٢ـ بەڵەد بوون و جێگەیەک فێر بوون کە بەر لەوە ئاشنا نەبوو. ~ **پەیدا کردن:** بڕ: ئاشنا گرتن. ~ **کردن:** ١ـ دوو کەس دەگەڵ یەک ناسیاو کردن. ٢ـ کەسێک فێرە شوێنێک کردن. ~ **گرتن:** ناسیاو بوون دەگەڵ کەسێک، ئاشنا پەیدا کردن.

**ئاشنا و رۆشنا** (نا. ل)[ئاشنا + و + رۆشنا] کۆمەڵە ناسیاوی کەسێک. :: کاکم ئاشنا و رۆشنای زۆرە هەر کەس دەگاتێ سلاوێکی لێدەکا.

**تێبینی:** زەبیحی وشەی رۆشنای بردۆتەوە سەر (روو + شناس) یانی ئەوەی کە هەر بە روو دەناسرێ و دۆستایەتێکی ئەوتۆی دەگەڵ نەگێرابێ. (بڕ: قامووس ب ١ ل ٣٨)

**ئاشنایەتی** (حم.)[ئاشنا + یەتی] پەیوەندی نێوان دوو کەسێک کە یەکتر دەناسن، ناسیاوی.

**ئاشوەستا** (نا. ل)[ئاش1 + وەستا] وەستای ئاش نانەوە، کەسێک کە ئاش ساز دەکا و ئەگەر خراپ بوو چاکی دەکاتەوە.

**ئاشوەستایی** (حم)[ئاشوەستا + ئی] کار و پیشەی ئاش وەستا.

**ئاشۆ**[1] (نا.)[؟][ئەر] کێم و هەوای برین، چڵک، زۆخ، زووخ، ئاشوو.

**ئاشۆ**[2] (نا. ل)[ئا13 + شۆ] ١ـ ئاژاوە، پەشێوی، هات و هاوار و تێک چوونی باری ئاسایی، ئاشێو، پشێوە.

**تێبینی:** ئاشۆ لە پێشگری ئا و شۆ لە چاوگی شێڤەنی پەهلەویی و شێوانی کوردیی کەوتوە. هس: ئاژاوە

**ئاشۆ پاشۆ** (ئان. ل)[ئاشۆ2 + پاشۆ] خەونی تێکەڵ پێکەڵ و ئاڵۆز.

**تێبینی:** ئاشۆ هەروەکی نوسراوە ئاشۆی دووهەمە و پاشۆ مانایەکی نیە و وەک پێکەڵ کە دەگەڵ تێکەڵ دێ و ئاڵۆزییەکی پتر نیشان دەدا.

**ئاشوو** (نا.) بڕ: ئاشۆ1

**ئاشـــووب** (نا.)[فـــار: آ شــــووب] [کلاسیک] ئاژاوە، ئاشێو، ئاشۆ2. ❊ لە چاوم خوێنی جاری کرد و هەم ڕەنگی لە ڕوو بردم / ئەم ئاشـــووبی دڵ و دینە بە لێوی ئاڵ و چاوی کاڵ (مەحوی ل ٢٠٢).

**ئاشووت** (نا.)[؟][باک] بڕ: ڕنوو

**ئاشـــووتە** (نـا. ل)[ئاشـــووت + ئە] [باک] بڕ: ڕنوو

**ئاشـــووژن** (نا. ل)[ئا13 + شـــووژن] [باک] بەنێکی ڕێســـراوە بۆ دروونەوەی ســـەری جـــەواڵ و تەلیس، بەندروو، ئارشووژن.

**ئاشـــە بە تەندوورە** (نا. ل)[ئاش1 + ئـــە + بـــە + تـــەنـــدوور + ئـــە] یـــاری و کایەیەکی منداڵانەیە، ئاشە بە تەندووڕێ، ئاشـــەبەتەنوورە، ئاشـــەتـەنووڕێ، کـــەری سووری پشت درێژ.

کایەکە بەم جۆرەیە: کۆمەڵە منداڵێک لێک کـۆ دەبنەوە و دوو کـەسـی گـەورەتر یامەلا لێکیان دادێن و دەبنە دوو دەستە. دەستەیەک تێدەکەوێ. دەستەی تێکەوتوو لە دەوری یەک کـــۆ دەبنـەوە و ســـەر بە ســـەری یەکـــەوە دەنێن، دەســـتـــەی دووهەمیش حەول دەدەن خۆ باوێنە سەر پشـتـیـان، مـەلای دەسـتـەی تێکەوتوو ئەرکی ئاگاداری لە دەستەی خۆی هەیە و بە دەوری دەستەکەی دا دەخولێتەوە و ئەویش حەول دەدا یەکێک لەوان پیس کا و ئەگەر دەستی وە لەشی یەکیان کەوت ئەوە نۆرەکەیان دەگۆڕدرێتەوە.

**ئاشە بە تەندووڕێ** (نا. ل)[ئاش1 + ئـــە + بـــە + تـــەنـــدوور + ئـــێ] بـــڕ: ئاشەبەتەندوورە

**ئاشە بە تەنوورە** (نا. ل)[ئاش1 + ئە + بە + تـەنوور + ئە] بڕ: ئـاشـــــــە بە تەندوورە

**ئاشە تەندوورە** (نا. ل)[ئاش1 + ئە + تەندوور + ئە] جۆرە ئاشێکە کە دۆلاشی لە بەرد و قسڵ بۆ هەڵدەبەستن هەتا ئاو بە فیرۆ نەچێ و بە ئاوی کەمیش بگەڕێ، ئاشـــێک کـــە تـەندوورەی هەبێ، ئاشـــە تەنوورە.

**ئاشە تەنوورە** (نا. ل)[ئاش1 + ئە + تەنوور + ئە] بڕ: ئاشەتەندوورە.

**ئاشەتەنووڕێ** (نا. ل)[ئاش1 + ئە + تەنوور + ئێ] بڕ: ئاشە بە تەندوورە.

**ئاشـــەڤـــان** (نا. ل)[ئاش1 + ئە + ڤان][باک] بڕ: ئاشەوان

**ئاشەوان** (نا. ل، ئان. ل)[ئاش1 + ئە

+ وان][باک: ئاشـڤـان، ئاشـەڤـان ـ ناو: ئاشـەوان، ئاسیاوان ـ باش: ئاسیاوان ـ هـەو: ئاسـاوان ـ زا: ئـارەوانچـی، ئاروانچی] بەرپرسی ئاش، ئەو کەسـەی ئاش هەڵدەسـووڕێنێ و دانـەوێڵە دەکـاتە ئارد.

**ئاشـەوانیی** (حم.)[ئاشـەوان + ئیی] کـار و پیشـەی ئاشـەوان، ئاشـڤـانی. ⁚⁚ ئاشـەوانیی هـەر ئەوە نیـە خـۆت ئارداویی کـەی. لەوە بەدوا ئاشـەوانیی ئەو ئاشـە ناکەم.

**ئاشـیـانـه** (نا.)[پەه: ئاشـیـیـان] هێـلانەی مـەل و باڵندە. ⁚⁚ نازانم ئەو سیسارکە کەچەڵە چییە، دایمە ئاشیانە و هێـلانەی لە سـەر پشـتی تۆ داناوە (شێخ فەرخ ل ٢٨).

**ئاشێره** (نا.)[عەر: اشارة] ئیشـارە، ئیشارەت، ئاماژە.

**ئاشـێـڕ** (نا. فـا)[ئاش1 + هـێـڕ (هاڕین)] کـەسـێک کـە باراش بـۆ ئاش دەبا. ⁚⁚ لەوەتی مـام پیـرۆت بۆتە ئاشەوان ئاشێر زۆر بوون.

**ئاشێو** (نا.) بڕ: ئاشۆ2

**ئاغـا** (نا.)[مـەغ: ئاغـا، ئاقـا] ١ـ ئەرباب، خـان، بەگ. ٢ـ بۆ ڕێز و بە گەورە دانان بە ناوی پیاو دەلکێ لە پاش و لە پێش ناو تۆفـیـری نیـە. ⁚⁚ ئاغـا حەسەن، حەسـەن ئاغا. ٣ـ مێرد، شوو، پیـاوی مـاڵ. ⁚⁚ ئەرێ ئاغـای ئەو خـانمە کێـیـە. خـانم و ئاغـا ٤ـ باوک، باب. ⁚⁚ مەگەر ئاغام نەیکوت حەقت نیە شەو دێر بێـیتـەوە! ٥ـ مامـوەسـتـای فێـرگـە. ٦ـ مـرۆڤی چاک و بەڕێز. ⁚⁚ زۆر کـوڕێکی ئاغـایە. ٧ـ داشـێکی دامـە کـە دەگـاتە ئاخر ماڵی غەنیم و توانایی هەڵسووڕانی پتـر دەبێ. & ئاخـا، ئاخـە، ئاغـە. **~ بڕینەوە:** خـواردنی ئەو داشـەی کـە بۆتە ئاغا لە کایەی تەختەدامە دا. **~ کردن:** گـەیاندنی داشی دامـە بە ئاخـر خـانی غەنیم.

**ئاغـابانوو** (نا. ل)[ئاغـا + بانوو] پارچەیەکی پنۆک پنۆک و خاڵخاڵی ڕەش یا سـوور و یا ڕەنگی دیکە بە تەخـتی سپی، چوار گۆش و بڕاو و ئامادەیە پیاو لە سـەر دەیبـەسـتن، جـەمـەدانی، جەمەدانە، جامانە، جامانی، جامەدانی، جامەدانە، ئاغەبانوو، ئاخەبانوو.

**ئاغـاژن** (نا. ل)[ئاغـا + ژن] ژنی ئەرباب و خان، خێزانی ئاغا کە بەم ناوە بانگی دەکەن، خانم

**ئاغاڵە** (نا. ل)[ئاغا + لە] نازناوێکە بۆ کوڕی نازدار و خۆشەویست بە مانای ئاغا چکۆڵە.

**ئاغایانە** (نا. ل)[ئاغا + ئانە] ١- باجێکە ئەرباب یا دەرەبەگی ناوچە لە لادێی و جوتێری ژێر دەستەڵاتی وەری دەگرێ. ٢- (ئان. ل) وەک ئاغا، کردار و شێوەی ئاغا. ⁘ کاک بایز زۆر ئاغایانە دەجووڵێتەوە پووڵ و پەینی لە لا یەکە.

**ئاغایەتی** (حم.)[ئاغا + یەتی] بە ئاغا بوون، ئەربابیەتی، ئاغاتی.

**ئاغایی** (حم.)[ئاغا + ئی] بڕ: ئاغایەتی

**ئاغزوونە** (نا. ل)[ئاغز (تور: زار) + زوون (زوان) + ئە] ئاڵقەیەکە لە کانزا دروست دەکرێ و زمانەیەکی باریکی پێوەیە و لە سەری قایش و کیف و بەندی سەعات دەدرێ بۆ بەستنی ئەو کەرەسانە، ئاڵقەزوونە، ئاوزوونە.

**ئاغزە** (نا.)[تور: ئاغز (زار، دەم) + ئە] کوتە کاغەزێکی چووکە لوولەی دەکەن و لە بنی جگەرەی هەڵپێچراوی دەنێن بۆ ئەوە تووتنەکەی نەڕژێتە نێو زار یا دەرەوە، بنک/١، بنکە جغارە، دەمە.

**ئاغووش** (نا.)[فار: آغوش] [کلاسیک] بەر، باوەش، ئامێز.

**ئاغە** (نا.) بڕ: ئاغا.

**ئاغەبانوو** (نا. ل)[ئاغە + بانوو] بڕ: ئاغابانوو.

**ئاغەبرا** (نا. ل)[ئاغە + برا] بڕ: ئابرا

**ئاغەڵ** (نا.)[ئا13 + غەڵ] ١- ئەشکەوت یا شێوە ئەشکەوتێک کە لە نێو کێو سازی دەکەن و مەڕ و مالاتی تێدەکەن. ٢- شوێنێک لە ماڵ کە وەک خانوو بۆ داکردنی مەڕ و مالات سازی دەکەن. ٣- چواردیواری سەر دا نەپۆشراو لە دەشت بە بەرد یا چەپەر بۆ داکردنی مەڕ و مالات. & غەڵ

**ئاف** (پێشـ.)[بڕ: ئاو3] پێشگرە بە مانای ئاو3، هاو کە تەنیا لە وشەی ئافتا دا دەبیندرێ.

**ئافات** (نا.)[عەر: ئافات کۆی ئافەت] بڕ: ئافەت. **تێبینی:** ئافات هەر چەند لە عەرەبی دا کۆیە بەڵام لە کوردیی دا هەر وەکوو ئافەت بە کار دەبردرێ.

**ئافاق** (نا.)[عەر: آفاق، کۆی افق] ١- قەراغەکانی ئاسمان، ئاسۆ، ئاسۆگ، سوێ. ٢- دنیا، جیهان. ⁘ چ قەسر و

دائیره و تاقێ، تیا تۆ تاقی ئافاقی / نەی و موتریب، مەی و ساقی، گوڵ و بولبول هەموو جووتن (نالی ل ٣٢٨). بەم هەموو تەبعە رەوانە، بەو هەموو هۆنراوەوە / چاکە نەبمە شۆهرەیی ئافاق و هەر ئاوارە بم (ئاوات ل ١٥).

**ئافتا** (نا. ل)[ئاف (بڕ: ئاو3) + تا] هاوتا، بەقەرا، هاوچەشن. :: ئەگەر چاوی خۆم بە یایەزینێ هەڵدەهێنانە / ئەو خاتوونەم دیوە ئافتای کاکەمەمی جوانە (مان ل ٢٧).

**ئافتاب** (نا.)[فار: آفتاب][کلاسیک] ئافتاو، هەتاو، خۆرەتاو. :: شەو ئەگەر تۆ ماهتابی ئینتزاری تا بە کەی / رۆژ ئەگەر تۆ ئافتابی بۆچ لە هەوران نایە دەر (وەفایی ل ٤٢).

**ئافتاو** (نا.)[ئاف + تاو][پەه: ئەفتاپ] تاو، هەتاو، خۆر، خۆرەتاو. :: ئافتاو جەمینان جەمین شۆڵەی شەم/ چەنی قیبلەی من مەوینان وە چەم (وەلی دێوانە ل ٣٣). سبحەینێ ئەگەر ئافتاو دەرپەڕییە/ ماڵماڵ ئەوێ رۆژێ دەهاتە بازاڕییە. (مان ل ١٠٥).

**تێبینی:** ئاف نازانم لە کام ریشە و سەرچاوەیە، هەرچی هەیە هەمان « هە » یە کە لە وشەی هەتاو دایە. پوور داود ئاف ـ ی بە مانای رووناکیی و درەوشانەوە داناوە، کەچی چ سەرچاوەیەکی بۆ دیاریی نەکردوە. (بڕ: یشتها ل ٣٠٥).

**ئافتاو گەردان** (نا. ل)[ئافتاو + گەردان] بڕ: بەرچاوکە/٢.

**ئافتاوە** (نا. ل)[ئاف + تاوە][باک: ئافتاوە ـ ناو: ئافتاوە، ئەفتاوە ـ باش: هەفتاوە ـ هەو: ئەفتاوێ] دەفرێکە پێشتر لە زەرد و تەنەکە و مس دروست دەکرا بەڵام ئێستا لە پلاستیک ساز دەکرێ، لوولەیەکی هەیە دەگەڵ دەسکێک و خۆی وەک تونگەیەکە، ئاوی تێدەکرێ و بۆ دەست و چاو شوشتن و دەسنوێژ لەو شوێنانەی ئاوی شێرە نیە کەلکی لێوەردەگرن و کاتی دیکە لە ئاودەست بۆ خۆ شوشتنەوە، مەسین، مەسینە، مسینە، لوولینە، مەعدەنی، مسینک. ‖ **ئافتاوە و لەگەن:** ئافتاوە دەگەل دەفرێکی قووڵی دیکە بە ناوی لەگەن کە پێشتر بەر لە نان خواردن و دوای دەست هەڵگرتن و تەواو بوون لە خواردن یا بۆ هەر مەبەستێکی دیکە دەست و پەلیان لە سەر دەشوشت.

**تێبینی:** ئاف لەم وشەیە دا بە مانای ئاو ـ ە کە لە ئاف یا ئاڤ ـ ی ئەوێستایی هەر بە مانای ئاو لە وشەکانی āfant و āvant بە مانای دەفری ئاو یا ئاودان کەوتوە. ئافتاوە بە گشتی دەبێتە تاوە یا دەفری ئاو. هس: ئامان1

**ئافتاوەدار** (نا. ل)[ئافتاوە + دار] کەسێک کە لە دیوەخان ئیشی هەڵگرتنی ئافتاوە بۆ سەر دەستاوی میر و ئەرباب بوو. ؛؛ من کەمتەر کەنیز پەرستار تۆم/ من ئافتاوەدار، خزمەتکار تۆم (خانا ل ٢١٩).

**ئافتۆمات** (نا.)[روس: avtomat] ١ـ شتێک کە لە خۆیەوە کار بکا،ئۆتۆمات، خودکار ٢ـ جۆرێک چەکە. لە تفەنگ چووکتر و لە دەمانچە گەورەترە و لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی ناو و چکەکەی هاتۆتە نێو زمانی کوردیی.

**ئافر** (نا.)[باک] بڕ: ئاخوڕ

**ئافران** (چا. ل)[باک] خوڵقان، ساز بوون.

**ئافراندن** (چا. م)[پەه: ئافرییتەن. فار: آفریدن ـ لۆر: ئافەرییێ. باک: ئافراندن ـ زا: ئافەرناییش] خوڵقاندن، ساز کردن، داهێنان.

**ئافراو** (نا. مفـ.)[لە: ئافران] خوڵقاو، سازکراو.

**ئافرەت** (نا.)[عەر: عورة] ١ـ مێینەی مرۆڤی بە مێرد، ژن. ؛؛ ئافرەتی کورد زۆر فەقیر و بەستەزمانن. ٢ـ وشەی بانگ کردنی خێزان و ژنێک لە لایەن شوویەکەیەوە، ژنەکێ. ؛؛ دا ئافرەت چایەکم بۆ تێکە! & عافرەت، عەورەت.

**تێبینی:** عەورەت لە زمانی عەرەبی دا بە مانای شتێک کە پیاو شەرمی لێدەکا و هەروەتر شەرم و دەزگای جنسی پیاو و ژن هاتوە. ئافرەت دەبێتە شتێک کە پیاو دەیشارێتەوە و شەرم لە نیشان دانی دەکا. ئەورەتە یا عەورەتە لە زمانی پەشتووی دا و عەورەت لە زمانی فارسیش دا بە مانای ژن دەکار دەکردرێن.

**ئافرێنەر** (ئان. فا)[لە: ئافراندن] ١ـ ئەوەی کە هەموو شت و چتی ساز کردوە، خودا. ٢ـ داهێنەر، سازکەر، خوڵقێنەر.

**ئافەت** (نا.)[عەر: آفت] ١ـ بەڵا. ؛؛ بنازم من بە کوفری زولفی تۆ ئەی ئافەتی ئیسلام / کە ئەستۆبەندی

جیزیەی خستە مل ئیمانی خاس و عام (مەحوی ل ٢١٥). ٢ـ ملۆزمی دەغڵ و دان. ٣ـ نەخۆشی مەڕ و ماڵات. & ئافات.

**ئافەرەم** (نا.) بڕ: ئافەرین

**ئافەریم** (نا.) بڕ: ئافەرین

**ئافەرین** (نا.)[ئەو: ئافریڤەنە ـ پەھ: ئافرین. باک: ئەفەرین، ئافەرین ـ ناو: ئافەرەم، ئافەریم، ئافەرین ـ هەو: ئافەریم، ئافەرین] ١ـ وشەی پێهەڵکوتن و هاندان، بارەکەڵڵا. :: ئافەرین کورم بۆ خۆت و بۆ ئازایەتیت! دیمەنی شیرین و کولمی سوور و بەژنی رێک و پێک / کەس تەماشای تۆی نەکرد وەک من کە نەیکوت ئافەرین (هێدی ل ١٧٤). ٢ـ بۆ تەوس و لاتاو پێدادان لە کار و کردەوەیەکی نەباش کە یەکێک دەیکا. :: ئافەرین کورم! ئەوە بوو قەول و بەڵێنیت، ئافەرین بۆ ئەو دەرس خوێندنەت!

**ئاڤ** (نا.)[باک] بڕ: ئاو1

**ئاڤا** (ئان.)[باک] بڕ: ئاوا1

**ئاڤادان** (ئان.)[باک] بڕ: ئاوەدان

**ئاڤادانی** (نا. ل)[ئاڤادان + ئی][باک] بڕ: ئاوەدانی

**ئاڤاکی** (نا. ل)[ئاڤ + ئاک + ئی][باک] بڕ: ئاوەکی1

**ئاڤاهی** (نا. ل)[ئاڤا + هی][باک] بڕ: ئاوایی

**ئاڤدەستخانە** (نا. ل)[ئاڤدەست + خانە][باک] بڕ: ئاودەست

**ئاڤر** (نا.)[باک] بڕ: ئاخوڕ

**ئاڤرنگ** (نا. ل)[ئا13 + ڤر (بڕ) + نگ][زا] بڕ: برینگ

**ئاڤرینگ** (نا. ل)[ئا13 + ڤر (بڕ) + ئینگ][زا] بڕ: برینگ

**ئاڤرێژ** (نا. ل)[ئاڤ + رێژ][باک] بڕ: ئاودەست

**ئاڤرێژخانە** (نا. ل)[ئاڤرێژ + خانە][باک] بڕ: ئاودەست

**ئاڤڕ** (نا.)[باک] بڕ: ئاوڕ

**ئاڤزێ** (نا. ل)[ئاڤ + زێ2][باک] ١ـ کانی و سەرچاوەیەک کە بەهاران هەندێک ئاویان هەیە و بە هاوین ویشک دەبن، کوێرەکانی، تەڕەزن، زەناو، ئاوەزێ. ٢ـ ئاودز، ئاوەدز.

**ئاڤزێم** (نا. ل)[ئاڤ + زێ2 + م] بڕ:

**ئاڤـــژەن** (نا. ل)[ئاڤ + ژەن][باک] [پەھ: ئاپزەن] مەلەوان

**تێبینی:** ئاپزەن $\bar{a}pzan$ لە پەهلەویی دا بە مانای شۆرکە هاتوە.

**ئاڤـــژەنی** (حم.)[ئاڤـــژەن + ئی] مەلەوانی

**ئاڤس** (ئان.)[باک] بڕ: ئاوس

**ئاڤشلە** (نا. ل)[ئاڤ + شلە (شـیلە)] [باک] بڕ: ئاوقۆرە

**ئاڤشـیلە** (نا. ل)[ئاڤ + شیلە][باک] بڕ: ئاوقۆرە

**ئاڤک** (نا. ل)[ئاڤ + ک][باک] تۆوی پیاو بڕ: ئاو $7/1$.

**ئاڤێتن** (چا. م)[باک] بڕ: ئاویشتن

**ئاقـــار** (نا.)[؟] ١ـ دەوروبەر، ئاست، نزیکایی، مـەڵبـەند، ناوچە، هەقـار :: بە ئاهم گەر رەقیبـانت بسووتێن ئـەی گوڵی رەعنا / مـەڕەنجـە تۆ خـودا، شـوعلە لە ئاقاری چقڵ چ بکا؟ (مەحوی ل ١٤). ٢ـ دەشت، سارا. :: کچ مـام مـامـزە لە ناو ئاقاری / روومەت شەکرەسێو دەیگرم بە زاری (سـێـســەد هۆنراوە ل ١١٠). ٣ـ [باک] بەرینایی

**ئاقشـقە** (نا.)[؟] پەنجـەرە، دوودەری، دەلاقە. :: تەمـەشـای کـرد گـومـبـەزێک لە دوور دیارە/ ئـەو گـومــبــەزە تەنشـت بە ئاقـشـقـەیە، چوار تـەڕەفی بە حـەسـارە. (مان ل ٢١٧)

**ئاقڵ** (ئان.)[عەر: عـاقل] ١ـ ژیر، زانا، زیرەک، بە مـێشک. :: گـرێیـەکی شـێت لێی دەدا سـەد ئاقڵ پێی ناکـرێتـەوە. ٢ـ رێک و پێک و دروست جــــووڵانەوە ئـەو جۆرەی کە زانایانەیە. :: ئاقڵ دانیشە و ئاقڵ نـان بخـۆ! ٣ـ (نا.) هۆش، مـێـشک، فام، ئەقڵ. ~ **بڕین:** تێگەیشتن و حاڵی بوون لە مـەسـەلەیەک یـا شتێک ئەوەندەی کـە مێـشک هـەڵیدەگرێ، ئاقڵ پێشکان، ئەقڵ بـڕین، ئەقڵ پێـشکان، ئەقـڵ گـرتن. :: ئەوەی ژن دەیکا پـیـاو ئاقـڵی نایبـڕێ. ~ **بوون:** ١ـ هـاتنەوە ســـــەرخـــۆ و پێگەیشـتن، هـاتنەوە سـەر رێی راست. :: حــەمــە لـەوەتی ژنـی هێنـاوە ئاقڵ بوە و شەوانە زوو دێتەوە. ئینسان هەتا سەری وە بەردی ئـەلحـەدی نەکـەوێ ئاقڵ نـابێ. ٢ـ ئارام و هـێـدی ئـەو جـۆرەی شـیــاوی کـەسی ئاقـڵـە. :: منداڵەکـان ئەورۆ زۆر ئاقڵ بوون. ~ **پێـشکان:** تێگەیشتن، حـاڵی بـوون، ئاقڵ بڕین، ئەقڵ پێـشکان. :: منداڵی ئەم زەمـانە ئاقڵیـان بە شـتی

سـەیر دەشکێ. هەرچی بیر لەو مەسەلەیە دەکەمەوە ئاقڵم پێی ناشکێ. **~ تێکچوون:** خەرفان، شێت بوون، مێشک شلەقان، ئاقڵ گۆڕان، ئەقڵ تێکچوون، ئەقڵ گۆڕان، لێویان. ⁝⁝ بارام لە تاوی ئەو کچە تەواو ئاقڵی تێکچوە. **~ دان:** تێگەیاندن و وریا کردنەوەی کەسێک لە لایەن کەسێکی زاناتر و تێگەیشتووتر، ئەقڵ دان. ⁝⁝ خودا ئاقڵت داتێ بۆ خۆت و بۆ کارت. **~ دە چاو دا بوون:** (کنـ.) تێنەگەیشتن و بیر نەکردنەوە، رواڵەت دیتن و بیر لە نێوەرۆک نەکردنەوە، ئەقڵ دە چاو دابوون. **~ دە چۆک دا بوون:** (کنـ.) بێ ئاقڵ بوون، ئاقڵ نەبوون، کەمایەسی دە بیر و مێشک دابوون. **~ دە کەللە دا نەمان:** (کنـ.) ناحاڵی بوون، تێنەگەیشتن، بێ ئەقڵ بوون. ⁝⁝ هیچکەس لەبەر داد و واوەیلا ئاقڵی دە کەللەی دا نەماوە (لاس و خەزاڵ ل ٦٣). **~ سووک بوون:** لە کەمایەسی دانی ئەقڵ و هۆش، نەفام بوون و تێنەگەیشتن، ئەقڵ سووک بوون، ئەقڵ گۆڕان. ⁝⁝ ئەو کابرایە هەندێک ئاقڵی سووک بوە. **~ کردن:** سزا دان و تەمبێ کردن بۆ تێگەیشتن و حاڵی بوون. ⁝⁝ وام تێهەڵدا بۆ بابیم ئاقڵ کرد. ئەو کەسەی رەگەزی خراپە بە من و بە تۆ ئاقڵ ناکرێ. **~ کەسک و سوور بوون:** (کنـ.) ئاقڵ بوون و پێگەیشتنی منداڵ، تەمەن و سەردەمی لێکدانەوە و تێگەیشتنی منداڵ. **~ گرتن:** بڕ: ئاقڵ بڕین. **~ گۆڕان:** لە سەر رێبازی دروست نەمان و کاری نادروست و بێ بیر کردن، ئەقڵ گۆڕان. ⁝⁝ کاکم ئاقڵی گۆڕاوە بە پاییز دەیەوێ قورەکارێ بکا. **~ لێ پەشۆکان:** سەر لێشێوان، ئاقڵ تێکچوون. ⁝⁝ دەیگوت: کیژێ سەرم لێشێواوە، عاقڵم لێ پەشۆکاوە/ کەس نەیدیوە بە شەو، رۆژ لە مەغریبێ سەری دەرهێناوە (مێر و وەفا ل ٧٨). **دە ~ دابوون:** بڕ: دە ئەقڵ دابوون. **لە ~ بە دوور بوون:** بڕ: لە ئەقڵ بە دوور بوون. ‖ **ئاقڵی پوخت:** ئەقڵ و مێشکی کامل و پێگەیشتوو. ⁝⁝ دەبێ ئێمە بە فێڵ ئاقڵی پوختی پکەین خاوە (لاس و خەزاڵ ل ٦٣). **ئاقڵی خاو:** زەین و ئەقڵێک کە ناکامل بێ و پێنەگەیشتبێ.

**ئاقڵانە** (ئاک. ل)[ئاقڵ + ئانە] زانایەنە، تێگەیشتوانە، جووڵانەوەی وەک کەسێکی ئاقڵ و زانا. ⁝⁝ ژن هێنان لەو تەمەنە دا ئاقڵانە نیە.

**ئاقـڵـدار** (ئان. فـا)[ئاقڵ + دار2] کەسی خاوەن ئەقڵ، کەسێک کە ئەقڵی هەیە، زانا، ئەقڵدار، ئاقڵمەند. ∷ ئەوە دەیانگوت کوڕێک هاتوە/ ئەوە چەند نەجیب و بەلیغ و زرینگ و ئاقڵدارە (بەیتی سەعید و میرسێوەدین ـ سروە ژ ٧٢ ل ٤٢).

**ئاقـڵـمـەند** (ئان. ل)[ئاقڵ + مەند] خاوەن ئەقل، زانا، تێگەیشتوو. ∷ ئەوە ئاقڵمەندان بە منیان دەگوت: مامی ردێن سپییە / ئەو خاڵەی ئەتۆ چاوت پێکەوتووە.../ هەر شاری وەکوو بەغدا دە قیمەتی خاڵی سینگی خەزاڵێ دا نیە (لاس و خەزاڵ ـ سروە ژ ٨٧ ل ١٢).

**ئاقڵیی** (حم.)[ئاقڵ + ئیی] زیرەکیی، وریایی، تێگەیشتوویی

**ئاقیبەت** (نا.)[عەر: عاقبة] ١ـ ئاخری هەر شتێک، ئاخر، دوایی. ∷ گەلەک شوکر و سابیرم چونکە ئەمری خودایە / ئاقیبەتمان مردنە دنیا لۆ کەس نەمایە ( سێسەد هۆنراوە ل ١٢٦). ٢ـ ئاکام، ئەنجام، نەتیجە. ∷ ئاقیبەتی شەریکایەتییان بوو بە دوژمنایەتی.

**ئاقـیـدە** (نا.)[عەر: عقیدة] بڕوا، باوەڕ، ئیمان، ئەقیدە.

**ئاقـیق** (نا.)[عەر: عقیق] بەردێکی کوارتزییە بە چەندین رەنگ لە سروشت دا هەیە کە باشترین و بە بایختترینی سووری ئاڵووباڵوویی یە و دیکەنە بەرمووری ژنان و نەقیمەی ئەنگوستیلە، یاقیق. || **ئاقیقی رەش:** بەردێکی سەخت ورەقی گڕکانییە کە رەنگێکی کەسکی مەیلەوە رەشی هەیە. **ئاقـیـقی سـوور:** جۆرێک ئاقیقە کە رەنگی سووری ئاڵووباڵووییە و لە گەوهەرسازی دا کەلکی لێوەردەگرن. **ئاقـیـقی یەمـەنی:** جۆرێک ئاقیقی سوورە کە لە وەڵاتی یەمەن دەست دەکەوێ.

**ئاک**[1] (نا.)[ئەو: ئەکە ـ پەه: ئاک] عەیب، شوورەیی.

**ئاک**[2] (نا.)[زا] بڕ: هێلکە

**ئاک**[3] (پاشـ.) بە رەگی چاوگەوە دەلکێ و ناو ساز دەکا. ∷ پۆشاک، خۆراک.

**ئاکادێمی** (نا.)[فەر: Academie] ناوی باغێک بوو لە ئاتێن کە ئەفلاتوون لەوێ دەرسی فەلسەفەی دەداوە و ئێستاکە بۆ کۆڕ و ئەنجومەن بە کار دەبردرێ کە خەریکی لێکۆڵینەوەی مەسەلەکانی ئەدەبی و زانستی و

مەسـەلەی دیکەن. ∷ ئاکادیمی زانست، ئاکادیمی فەرانسە.

**ئاکـــادێمـــیـــســـێن** (نا.) ئەندامی ئاکادێمی

**ئاکـــار** (نا.)[ئا13 + کـــار] کـــار و کردەوە، ئەخلاق، رەوشت. ∷ لە ئاکاری بووکەکەم رازی نیم، دەبێ ئاکاری باشتر بکا. **~ هەڵگرتن:** کردەوە، خوو و خدە و ئاکاری کەسێک لەبەر چاو گرتن. ∷ ئەو کـــوڕەم ئاکـــاری خـــراپ نەبێ هەڵیناگرێ!

**ئاکـارباش** (ئان. ل)[ئاکـار + باش1] کەسێک کە ئاکار و کار و کردەوەی باش بێ، خـــــوو و رەوشـت بـاش. ∷ ئەو دەیویست بووکـــێکی ئاکـــارباش و رەفـــتـــارچاک و وریا و بە مـــشـــوور و مـــاڵداریکەری هەبێ. (تاریک و روون ل ٢٥).

**ئاکارباشیی** (حم.)[ئاکارباش + ئیی] کـــردەوەی باش و چاک، پلەبەرزی لە کاری چاک دا.

**ئاکاردیۆن** (نا.)[فەر: accordden] ئامێرێکی مۆسیقایە، لە شان دەکردرێ و ریزێک دوگـمـەی هەیە کـە بە هێنان و بردنی بای تێدەکردێ و بە پەنجە بە سەر داهێنان دەنگیان لێوە دێ. ئەکاردیۆن.

**ئاکـــاژوو** (گـــیـــا.)[فـــەر: acajou] دارێکی خـــۆڕسکی لێـــڕەوارەکـــانی ئامریکایە، رەنگی چێوەکەی سوورە و بۆ ساز کردنی شتی بە بایەخ و گرانبایی کەلکی لێوەردەگرن.

**ئاکاسیە** (گیا.)[فەر: acacia] بڕ: ئەقاقیا

**ئاکام** (نا.)[ئا13 + کام][ناو: ئاکام ـ هەو: ئاکـام] دوایی کـارێک، ئاقیـبـەت، نەتیجە. **~ وەرگرتن:** گەیشتنە ئاکام و نەتیجە. ∷ هیچ ئاکـامێکمان لەو کـارە وەرنەگـرت. **بە ~ گـەیاندن:** کـار و مـەسـەلە و هیـوایەک هەتا دوایی و سـەر بردن، پێگەیاندنی کـــارێک. **بە ~ گـەیشتن:** گـەیشـتنە نەتیـجـە و دوایی کـارێک. ∷ لە شـەریکایەتی دا بە هیچ ئاکامێک ناگەین. **~ هەبوون:** دوایی و ئاکـــامـــو نەتیـــجـــە هـەبوونی کـــار و مەسەلەیەک.

**ئاکـتـێـر** (نا.)[فەر: acteur لە لات: actor] کـەسـێک کـە لـە سـەر شـانۆ یا سـینەمـا و تەلەویزیون دەور دەگـێـڕێ، دەورگێڕ، ئەکتەر، شانۆگەر، هونەرپیشە.

**ئاکـــرۆبات** (نا.)[یون: akrobat

وەرزشکار یا کەسێکی کە لە سیرک کار دەکا و کاری سەیر و قورسی وەک بەسەر تەناف دا ڕۆیشتن و خۆ هەڵسووراندن لە سەر بارفیکس و پارالێل دەکا.

**ئاکواریۆم** (نا.)[لات: aquarium لە: aqua (ئاو)] دەفرێکی پڕ لە ئاوی شووشەیی گەورە یا چووکە، گیاندارانیاوی وەک ماسی وردی تێدا ڕادەگرن و بۆ خۆ خافڵاندن و جوانی لە سووچێکی ماڵ یا شوێنێک دادەندرێ.

**ئاگا** (نا.)[پەه: ئاکاس. باک: ئاگاه ـ ناو: ئاگا ـ باش: ئاگا ـ هەو: ئاگا، هاگا] ١ـ خەبەر، هەواڵ. :: دەمێکە ئاگام لە ئاسۆ نیە نازانم لە کوێیە. ٢ـ وەخەبەر، بە ئاگا، بێدار. ٣ـ زانا، تێگەیشتوو، ئاگادار. ~ **بوونەوە:** ١ـ وەخەبەر هاتن، لە خەو هەستان، بە ئاگا هاتن. :: بەیانی کە ئاگا بوومەوە دیتم کەس لە ماڵ دا نەماوە. ٢ـ هاتنەوە سەرخۆ دوای بێهۆشی یا مەستی و گێژی. ~ **کردن:** هەست کردن، هەست پێکردن، پێزانین. :: عەبە هێند خەوی گرانە دەرزیشی تێڕاکەی ئاگا ناکا. ~ **کردنەوە:** وە خەبەر هێنان، کەسێک لە خەو هەستاندن. ~ **لە خۆ بڕان:** ئاگا لە خۆ نەمان، لە سەر هۆش نەمان، گێژ و وێژ بوون، بێهۆش بوون. ~ **لە خۆ بوون:** چاوەدێری خۆ کردن بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشی و بەڵا و گیر وگرفتێک نەهاتن. ٢ـ لە سەر هۆش بوون، وریا بوون. ~ **لە دەمی (دم) خۆ بوون:** (کنـ.) وریا بوون بۆ قسەی پیس نەکردن و جنێو نەدان، دەمشڕی نەکردن، ئاگا لە زاری خۆ بوون. ~ **لە زاری خۆ بوون:** (کنـ.) بڕ: ئاگا لە دەمی خۆ بوون. ~ **لە کونگی (قوونی) خۆ نەبوون:** (کنـ.) وریا نەبوون و گێژ بوونێکی لە ڕادەبەدەر. ~ **لە خۆ نەمان:** بڕ: ئاگا لە خۆ بڕان. ~ **لە مەحموودی بێزەواد نەبوون:** (کنـ.) تێنەگەیشتن، نەفامین، ئاگادار نەبوون. ~ **لێبوون:** ١ـ چاوەدێری لە کەسێک یا شتێک کردن. :: خەمی داشقەکەت نەبێ ئارخەیان بڕۆ من ئاگام لێی دەبێ. ئاگات لە منداڵەکان بێ تا دێمەوە. ٢ـ زانین، پەی بردن، خەبەردار بوون. :: ئاگام لێیە بە دزی ژنت مارە کردوە. ٣ـ دیتن. :: ئاگام لێبوو کێ ئەو شووشەی شکاند. ~ **لێبڕان:** هۆش لە سەر نەمان، لە بیر کردن و بێخەبەر بوون لە کار و مەسەلە و کەسێک. :: دایکم بە هەویای پوورم

ئاگای لە مە بڕاوە. ~ **لێهەبوون:** خەبەردار بوون، ئاگا لێبوون، زانین.

**ئاگادار** (ئان. فا)[ئاگا + دار2] ١ـ خەبەردار ٢ـ کەسێک ئاگای لە دونیا هەیە، تێگەیشتوو، زانا. ٣ـ چاوەدێر، پارێزەر. ~ **بوون:** ١ـ خەبەردار بوون، پەی بردن و زانینی مەسەلەیەک. ٢ـ پارێزان، ئاگا لێبوون، راگرتن. ⁘ خودا ئاگادارت بێ. ~ **بوونەوە:** وریا بوونەوە دوای تێ گەیشتنی مەسەلەیەک. ⁘ کاتێک کابرای بەنگییم دیت ئاگادار بوومەوە کە ئالوودە بوون چ لە پیاو دەکا. ~ **کردن:** راگەیاندنی هەواڵ و خەبەرێک لە مەڕ مەسەلەیەک بە کەسی دیکە. ~ **کردنەوە:** وریا کردنەوەی کەسێک لە بابەت مەسەلەیەک کە نایزانی. ⁘ ئاسۆم بە قسان ئاگادار کردەوە کە ئاکامی دزین بە کوێ دەگا.

**ئاگاداریی** (حم.)[ئاگادار + ئیی] ١ـ راگەیاندنی مەسەلەیەک بە خەڵک بە نووسراوە یا هەواڵ، (اطلاعیە). ٢ـ کۆمەڵێک باس و خەبەر سەبارەت بە کەسێک یا مەسەلەیەک، زانیاریی. (اطلاعات). ٣ـ خەبەرداریی، زانین. ⁘ بە ئاگاداریی چوار کەسان ژنیان لێ مارە کرد. ~ **پێدان:** زانیاریی سەبارەت بە کەسێک یا مەسەلە و شتێک دان بە کەسێک. ~ **کردن:** چاوەدێری کردن، ئاگا لێبون. ~ **لێکردن:** چاوەدێریی کەسێک یا شتێک کردن، راگرتن. ئاگا لێبوون. ⁘ باش ئاگاداریی لەم کتێبانە بکە با نەدڕێن. ~ **وەرگرتن:** زانیاریی وەرگرتن سەبارەت بە کەس و مەسەلە و کارێک. ⁘ ئاگادارییەکی تەواوم سەبارەت بە چلۆنایەتی کاری ئەم دەزگایە لە کارخانەکەی وەرگرتوە. ~ **هەبوون:** ١ـ خەبەر دار بوون، زانین. ٢ـ تێگەیشتن، زانیاریی هەبوون.

**ئاگاه** (نا.)[باک] بڕ: ئاگا

**ئاگاهی** (حم.)[ئاگا + هی][باک ـ هەو] بڕ: ئاگایی

**ئاگایی** (حم.)[ئاگا + یی][پەه: ئاکاسیە] ١ـ ئاگا، خەبەر. ٢ـ ئاگاداریی، لێزانین. ٣ـ بێداریی، بەخەبەریی. & ئاگاهی، هاگایی.

**ئاگر** (نا.)[هیک: ئەگنی ـ ئەو: ئاتەر، ئاتر، ئاثر، ئاتێرێ ـ هەخ: ئاتەر ـ پاز: ئاذور ـ سان: ئەگنی ـ پەه: ئاتەر، ئاتور ـ روس: agon. باک: ئار، ئاگر، ئێگر ـ ناو: ئاور، ئاگر ـ باش: ئاگر ـ هەو: ئەیر، ئێر، ئاهیر، ئاتر، ئاتەر، ئاویر، ئاور،

ئایر ـ زا: ئادر، ئادل] ١ـ رووناکی و گڕێک کە لە سووتان بەدی دێ و یەکێک لە چوار مادەی ئاو، ئاگر، با و خاکە. بەشەر لە کۆنەوە ئاگری ناسیوە و بۆ خۆ پاراستن لە سەرما وچێشت لێنان و رووناکی کەلکی لێوەرگرتوە و هەر لەبەر ئەوە بە پیرۆزیان داناوە و حەولیان داوە کە قەت ئاورگیان نەکووژێتەوە و وجاخ کوێر نەبن... ٢ـ (مجـ) گەرمای زۆر، تینی یاو و تێ. :: نیوە شەوێ هەستام دیتم منداڵ وەک ئاگر دایسێ. بە قرچەی نیوەڕۆیە ئاگر لە ئاسمان دەبارێ. ٣ـ (مجـ.) سوور هەڵگەڕان و رەگی مل دەرپەڕین لە بەر رق و تووڕەیی. ٤ـ (مجـ.) تەقە و تەقاندن بە بارووت. ٥ـ (کنـ.) مرۆڤی بە تین و بەگوڕ و بە هەست. ٦ـ (کنـ.) منداڵی بەدفەڕ و نەحەجماو. ~ **بردن:** ئاور گرتنی سانای شتێک. :: پووش و پەلاشی ویشک زوو ئاگر دەبەن. ~ **بووژاندنەوە:** بڕ: ئاگر گەشاندنەوە. ~ **بەربوون:** ئاگر گرتن بە هۆیەکی نادیارەوە. :: ئاگر دە مەزرایە بەربوو و چی نەهێشت. ~ **بەربوونەوە:** سوتمان، ئاگر دە جێیەک کەوتن، ئاگر کەوتنەوە. ~ **بەردانەوە:** ١ـ ئاور تێبەردان، سووتاندن. ٢ـ (کنـ.) بەدفەر، بزۆز، کەسی شلووق و نەحەجماو. :: ئەو منداڵە حەجمینی نیە ئاگری لە وڵات بەرداوە. ~ **پێبوون:** (کنـ.) زۆر بە پەلە رۆیشتن. :: چێ ئەوە بۆ بە پەلە دەڕۆی دەڵێی ئاگرت پێیە! ~ **پێکردن:** هەڵایساندن، ئاگر هەڵکردن. ~ **پێوەنان:** ئاگر تێبەردان، ئاگر هەڵکردن. ~ **تین دان:** ١ـ خۆش کردنی ئاگر بە تێوەردان یا بە سووتەمەنی لێ سەر دانان. ٢ـ (کنـ.) خۆش کردنی ناکۆکی نێوان دوو لایەن. & ئاگر خۆش کردن. ~ **تێبەربوون:** ١ـ ئاگر گرتن بە هۆیەکی نادیار، ئاگر بەربوون، ئاگر گرتن. :: ماڵە کاک کەریمی دوێ شەو ئاگری تێبەربوو. ٢ـ (کنـ.) دڵ پێسووتان، زگ پێسووتان، بزەیی بە کەسێک داهاتن. :: بۆ دەستی شکاوی ئەو منداڵە وەختە ئاگرم تێبەربێ. هەتا منداڵە سەغیرەکانی کاکم دەبینم ئاگرم بۆیان تێبەردەبێ. ٣ـ جنێوێکی سەر زاری ژنانە بە منداڵان. :: رەببی ئاورت تێبەربێ رۆڵە! ~ **تێبەردان:** ١ـ ئاگر دان، سووتاندن. :: هەموو ماڵەکەی ئاگر تێبەردا. ٢ـ (کنـ.) کەسێک بە قسە یا کردەوەیەک داخدار کردن، چزاندن. ~

**تێچوون:** ١ـ ئاگر گرتن، ئاگر تێکەوتن. ٢ـ (کنـ.) بەغـــیلی و ئێـــرە بردن بـە کـەسـێک. ⁝⁝ چاوی بەرایی هیچ نادا بە خۆشی خـەڵک ئاگری تێـدەچێ. **~ تێکەوتن:** ئاگـر تێـبـەربوون، سـووتان، ئاگر دەگیان بەربوون. ⁝⁝ رەببی ئاگرت تێکەوێ رۆڵە ئەوە بۆ هـەدادانت نیـــە. **~ خـۆش کـردن:** ١ـ ئاور تێن دان بە تێـوەردان یا دانانی سـووتەمـــەنی لە سـەری بۆ ئەوەی ئاگر دانـەمرکێ، ئاگـر تین دان. ٢ـ (کنـ.) هـەڵایسـاندن و خـۆش کردنی ناکۆکی و دوو بەرەکایەتی پتر دە نێوان دوو لایەک کە بەینیان خۆش نیە، فـیـتنە گـێـڕاندن. **~ دان:** ١ـ ئاگـر تێـبـەردان، سـووتاندن. ٢ـ تـەقـە کـردن، گوللە و تۆپ هاویشـتن، تەقاندنەوەی هـەر شتێک بە بارووت وەها کە ئاگری هـەبێ. ٣ـ بە قسـە و فیشاڵ یەکێک لە مـەیدان دەر کـردن. **~ داگـیـرسـاندن:** ئاگـر هـەڵکردن، ئاگـــر هـەڵایســـاندن. **~ دامـەزراندن:** دانانی کـەرەسـەی ئاگـر و ئاگر ساز کردن. **~ کردنەوە:** ١ـ ئاگر هەڵکردن، ئاگـر هەڵایســاندن، ئاگـــر نانـەوە. ٢ـ (کنـ.) سـاز کـردنی شـەڕ و فیـتنە نانـەوە، ئاگر نانەوە. & ئاورۆچکە کـردنەوە، ئاگـرۆچکە کـردنەوە. **~ کووژاندنەوە:** دامرکاندنی ئاگر و خامۆش کـردنی. **~ کـەوتنەوە:** بڕ: ئاگـر بەر بوونەوە. **~ گـرتن:** ١ـ سـووتـان، ئاور تێـبـەربوون. ٢ـ (کنـ.) ئێـرەیی پێـبـردن، تووڕە بوون و هـەڵچوون، توند و تیژ بوون و حـەجمین لێهەڵگیران. ⁝⁝ لەوەتی کاکم بۆتـە دوکـتـور فـلانی لە داخـان ئاگـری گرتوە. ٣ـ (کنـ.) تامـەزرۆییەکی یەکجار زۆر بۆ کەسێک یا بۆ شتێک بە تایبەت لە باری سـێکســەوە. **~ گـەشـاندنەوە:** خۆش کـردنی ئاگر و پۆلوو بە باوەشێن یا ئامرازێک کە با ساز دەکا، ئاگر گەش کـردنەوە. **~ گـەش کـردنەوە:** ئاگـر گەشاندنەوە، ئاگر خۆش کـردن. **~ لە دەم دا بوون:** (کنـ.) زۆر توند قسە کردن، توند توند قـسـە کـردن. **~ لە گـۆڕی کـەسـێک هەسـتـان:** (کنـ.) هۆی ئاژاوە و شـەڕ و کێـشـە و فـیـتنە بوون. ⁝⁝ ئەو شەڕە هەمووی خـەتای تۆیە ئاگرەکەی لە گۆڕی تۆ هەڵدەستێ. **~ لێبارین:** ١ـ تووشی بەڵا بوون، تووشی بەدبەخـتی و چارەرەشی بوون. ٢ـ زۆر تووڕە بوون. ⁝⁝ جـارێ خـۆ دە بابم مـەگەیـەنە هەتا خـاو دەبێتەوە ئێستا ئاگری لێدەبارێ. **~ نانـەوە:** بڕ: ئاگــــر کــــردنەوە. **~ هەڵایســـاندن:** ئاگـــر کـــردنەوە، ئاگــر

هەڵکردن. **~ هەڵکردن:** ئاگر کردنەوە، ئاگر هەڵایساندن. **بۆ ~ هاتن:** (کنـ.) زۆر بە پەلە بوون و نەگیرسانەوە لە شوێنێک. ⁙ دەتکووت بۆ ئاگری هاتبوو هەر نەهاتە ژووری چایەکی بخواتەوە. **لە سەر ~ دانیشتن:** (کنـ.) بێ ئۆقرە بوون و بە پەلە بوون بۆ ڕۆیشتن، حەجمین نەگرتن لە شوێنێک و بە تەمای هەستان و ڕۆیشتن بوون، دانەسەکنین. || **ئاگری بن کا:** (کنـ.) مرۆڤی لەبنەوەبڕ و ئاژاوەچی کە بنەمای شەڕ و کێشە دەنێتەوە، ئاوری بن کا، ئاگری ژێر کا. **ئاگری بێ ئامان:** ١ـ ئاگری گەورە و گران کە کوژاندنەوەی زۆر سەخت بێ و هەموو شت بسووتێنێ. ⁙ بەنگین دەڵێ: میر، ئاورێک دە ماڵە قەرەتاژدینی بەربوو، چ ئاورێکی بێ ئامانە! / ئەگەر هەڵنەستی، ئێستا شاری چزیرێ دەسووتێ، دەبێ وێرانە (مان ل ٧٢). ٢ـ (کنـ.) بەڵا و بەدبەختی و چەرمەسەرییەک کە چارەسەر کردنی زۆر سەخت بێ. *** ئاگری بێ ئامان تێبەربوون:** (کنـ.) ١ـ تووشی بەڵا و بەدبەختییەکی گەورە هاتن. ٢ـ جنێوێکی سەر زاری ژنانە بە منداڵان. **ئاگری بێ دووگەڵ:** ئاگری گەشاوە، ئاوری سوور.

**ئاگری جەرگی:** (کنـ.) منداڵ، ئاوری جەرگی. *** ئاگری جەرگی هەڵگرتن:** (کنـ.) تاسەی دیتنی منداڵ کردن. **ئاگری ژێر کا:** بڕ: ئاگری بن کا. **ئاگری سوور:** پۆلووی ڕەژی یا دار کە چاک گەشابێتەوە و دووکەڵ نەکا، ئاوری سوور. ***خۆ دە ئاگری سوور هاویشتن:** (کنـ.) بە هێند نەگرتنی مەترسی، نەپرینگانەوە لە هیچ شتێک. ⁙ بۆ وە دەست خستنی پووڵ و پارە خۆی دە ئاگری سووریش داوێ. **ئاگری غەزەب (ێ):** ١ـ بەڵایەک کە بە غەزەب لە لای خودا ڕا بێتە خوار. ٢ـ (کنـ.) منداڵی بێحەیا و بەدفەڕ. ٣ـ (کنـ.) پیاوی هەڵسووڕ و ئازا کە بۆ گەیشتن بە مەبەستێک هەدادانی نەبێ. & ئاوری قودرەت، ئاگری قودرەت، ئاوری غەزەب. *** ئاگری غەزەب(ێ) تێبەربوون:** (کنـ.) ١ـ تووشی بەڵا و غەزەبی خودا هاتن. ٢ـ جنێوێکی سەر زاری ژنانە بە منداڵان. & ئاگری قودرەتێ تێبەربوون. **ئاگری قودرەت(ێ):** بڕ: ئاگری غەزەب. *** ئاگری قودرەت(ێ) تێبەربوون:** (کنـ.) بڕ: ئاگری غەزەب تێبەربوون. **ئاگری نەورۆز:** ئاگرێک کە بە بۆنەی سەری ساڵ و دەست پێکردنی نەورۆز دەیکەنەوە.

**تێبینی:** ئەگنی لە ویدا دا خودایەکی مەزن و ئاگاداری ئاگر بوە و دوو وشەی ئاگر و ئێگر چوونەوە سەر خزمایەتی زمانەکانی هیندی و ئیسلاوی و بە لە بەر چاو گرتنی ئەوە کە زمان و دینی هیندی کۆن لە زمان و دینی ئەوێستا کۆنترە لەوانەیە ئاگر ناوی خودای ئاگری بەر لە دینی زەردەشت و یەکێک لە خوداکانی ئەدەمی کوردەکان بووبێ و دوای هاتنی دینی زەردەشت خێوی ئاتەر جێگای گرتبێتەوە. (بڕ: ئاتەر)

**ئاگراو** (نا. ل)[ئاگر + ئاو1] ١- ئاوەکی داغ و گەرم وەک ئاگر. ٢- بادە، شەراب. ⁘ گولاو و ئاگراوە بادە ئەمشەو/ تەرەبناکە مەی و ساقی غەزەبناک (مەحوی ل ١٨٦).

**ئاگراویی** (ئان. ل)[ئاگر + ئاویی2] گەرم و گوڕ وەک ئاگر، لە چەشنی ئاگر، ئاوێتەی ئاگر. ⁘ دەڕۆم بەو ڕێگە دا شەرتە هەتا ماوم بە یادی یار/ بە هیوای دڵ، بە مەیلی دڵ، دڵێکی گەرم و ئاگراوی (ئاوات ل ١٧).

**ئاگرباران** (نا. ل)[ئاگر + باران](کنـ.) ١- شەڕی قورس و دابارینی گوللەی زۆر. ٢- گەرمایەکی لە رادە بەدەر

**ئاگربازیی** (حم.)[ئاگر + بازیی] لە حەوا کردنی فیشەک و تەقەمەنی رەنگاوڕەنگ لە جەژن و شادی و خۆشی دا، گڕگڕان.

**ئاگربڕ** (نا. ل)[ئاگر + بڕ] کاری کووژاندنەوە و بەر گرتنی ئاگر کە بەر بۆتە شوێنێک (ماڵ، رەز، باغ،...). **~ کردن:** دامرکاندنی ئاگر، کووژاندنەوەی ئاگر.

**ئاگربەر** (نا. ل)[ئاگر + بەر] بڕ: ئاگربەرە

**ئاگربەرە** (نا. ل)[ئاگر + بەر + ئە] پووش و پەلاش و هەرچێکی زوو ئاگر بگرێ، ئاگربەر.

**ئاگربەس** (نز.)[ئاگر + بەس] وەستانی شەڕ و تەقە دە نێوان لایەنەکەی شەڕ بە پێی نووسین یا دەربڕینی پەیمانێک بۆ ماوەیەکی کورت یا بۆ ماوەیەکی زۆر. **~ دان:** وەستاندنی شەڕ لە لایەن دوو دەستەی شەڕەوە، تەقە وەستاندن.

**ئاگرپارە** (ئان. ل)[ئاگر + پارە] ١- پریشکی ئاگر. ٢- (کنـ.) منداڵی درِ و شەڕانی و زۆر بزۆز. ٣- (کنـ.) زیرەک و وریا و بەدەست و برد.

**ئاگــرپژێن** (نا. ل)[ئاگــر + پژێن] کـێـوێک کـە لە زارکی سـەر ترۆپکەکـەی مـــادەی شـل و ســـووتێنـەر و هەڵمی گــۆگــردی لێــدەرژێ یا بۆ دەوروبـەر دەیپرژێنێ، بورکان، گڕکان.

**ئاگرپەرست** (نا. فا، ئان. فا)[ئاگر + پەرست] ١ـ کەسێک کـە ئاگر بە پیرۆز دادەنێ و دەیپـەرسـتـێ. ٢ـ کـەسـێک کـە بڕوای بە دینی زەردەشتە، زەردەشتی. & ئاورپەرست

**ئاگرپەرستیی** (حم.)[ ئاگرپەرست + ئیی] بڕوا و ئاییـنی کـەسـی ئاگرپەرست، ئاورپەرستیی.

**ئاگـرخـانە** (نا. ل)[ئاگـر + خـانە] ١ـ کوورەی ئاسنگەر ٢ـ تونخـانەی حـەمام ٣ـ جێ رەژی سەماور. & ئاورخانە.

**ئاگرخۆرە** (نا. ل)[ئاگر + خۆر2 + ئە] ١ـ (گـیـانـ.) مـەلێکی گـەورەی مل درێژە، ســـەری چووک و دندووکی پانە، چاوی دریشـت و لینگی درێژە، باڵی چووکــە و ناتوانـێ بفـڕێ بەڵام چاک رادەکـا، باڵای دوو میـتـر و نیـو و سـەد کیلۆش قـورس دەبێ. گـیا و گـیانداری چووک دەخـوا و زۆرتر لە ئـافـریقـا دەژی و ناوەکـەی لەوە کەوتوە کە گۆیا ئاگر دەخوا، وشـتـرمـر.

٢ـ مـەلێکی خـەیاڵیە، زۆر جـوان و خـۆش رەنگە، دندووکی ٣٦٠ کـونی تێـدایـە، لە سـەر دوندی کێـوێکی بەرز هـەڵدەنیشـێ و با لەو کـونانە دەدا و دەنگی سـەیری لێ دێتـە دەر و مـەلی دیکە لێی کۆ دەبنەوە و ئەویش چەند دانەیان راو دەکا و دەیخـوا و دەڵێن مرۆڤ مـۆسـیقـای لە دەنگی ئەو وەرگــرتوە. گــۆیا هـەزار ســاڵ دەژی و کـاتێک کـە مـەرگی نزیک دەبێـتـەوە دار و ئێــزینـگێکی زۆر کــۆ دەکـــاتەوە، باڵ دەوەشـێـنـێ و ئاورینگ لە باڵی دەبنەوە و دار ئاگر دەگرن و ئەویش دەسـووتێنێ و لە نێـو خـۆڵەمـێش دا هێلکەیەک پـەیدا دەبێ و لـەم هێلکـەیە قـەقنەسـێکی دیکە سـەر دەردێنێ و هـەر بۆیەش جووتی نیە، قەقنەس.

**ئاگرخۆشکەر** (ئان. فا)[ئاگر + خۆش + کـەر] کەسێک کە ئاگری شـەڕ و هەڵڵا خـۆش دەکا، کەسێک کـە پەرە بە نێـوان ناخــۆشی و شــەڕ دەدا. ∷ حــەســەن ئاگرخـۆشکەری ئەو بنـەماڵەیە، هـەرچی شەڕ و کێشەیە دەبن سەری ئەو دایە!

**ئاگـر خـۆشکەرە** (نا. فـا) [ئاگـر + خـۆش + کـەر + ئە] کـەسێک، یا هۆیەک کە ببێتە هۆی پەرەگرتنی شەڕ و هەڵڵا.

**ئاگــردان** (نا. ل)[ئاگــر + دان4] ١ـ قــوڵکەیەکــە وەک تەندوورێکی چووک لە نێو ژووری ماڵەکان سازی دەکەن و پتر پۆلوو ئاگری بۆ دێنن و تێیدەکەن بۆ ژوور گــەرم کـــردنەوە و هــەروەها بۆ گـــەرم راگـــرتنی چێـــشـــتی ســـاز کـــراو و زستانانەش کورسی لە سەر دادەخەن. کوانوو، کوانگ، ئاورگ، کۆڕک، کۆڕکە، ئاوریا، ئــارگـــا، هــارگـــا، ئــادرجـــا. ٢ـ جـــێگای پۆلووی گـــەشـــاوە لە بنی ســەمــاوەری رەژی دا. ٣ـ نۆهــەمین مــانگ ســاڵ و ســێــهــەم مــانگی وەرزی پایز، سەرماوەز، سیخوار، سیخوار لە پشت، قەوسی پایزێ.

**ئاگر گەشکەرە** (نا. ل)[ئاگر + کەش + کەر + ئە] بڕ: ئاوربووژە

**ئاگــر گــەشکەرەوە** (نا. ل) [ئاگــر + گەش + کەر + ئەوە] بڕ: ئاوربووژە.

**ئاگرگیـرە** (نا. ل)[ئاگر + گیر + ئە] وردە دار و گوێنی و لقی ناسکی دار کە زوو ئاگر دەگرن و لەبنی دار و ئێزنگی گەورەتری دادەنێن هەتا بە گڕەکەی ئاگر بکەنەوە، دەستەچیلە، چاوگە، دەساگر، بناورە.

**ئاگرمـەلووچ** (گیانـ.)[ئاگر + مەل + ئووچ][باش] بڕ: خەزایی

**ئاگرمـەلیچ** (گـیانـ.)[ئاگر + مـەل + ئیچ][باش] بڕ: خەزایی

**ئاگــرۆچکە** (نا. ل)[ئاگـر + ئۆچکە] [پەه: ئاتەرۆک] ئاوری چووک کە منداڵان بۆ کایە دەیکەنەوە، ئاورۆچکە، ئاگرۆکە. **~ کــردنەوە:** ١ـ ئــاگـــری چــووکـــە هەڵکردن. ٢ـ (کنـ.) ساز کردنی شـەڕ و فیتنە نانەوە، ئاژاوە نانەوە. & ئاورۆچکە کردنەوە.

**ئاگرۆک** (نا. ل)[ئاگر + ئۆک] ١ـ بڕ: ئاگرە/٢ و ٤. ٢ـ [باک](کنـ.) ئاژاوەچی، فیتنەگێڕ، مایەفیتنە.

**ئاگــرۆکــە** (نا. ل)[ئاگـر + ئۆک + ئە] بڕ: ئاگرۆچکە

**ئاگرودوو** (نا. ل)[ئاگر + و + دوو] ١ـ ئاوردوو ٢ـ ئاگر و دووکەڵ، کە مەبەستە لە ئاوەدان بوون و بە حـاڵ و مـاڵ و ژیان و تێری لـە مـاڵ. :: یا خـودا ئـاگرودووت لـە مـــارێ نەکــرێتـــەوە! (تووک و نـزای ژنان). **~ بران:** مــــاڵ وێران بــوون، تووشی بـەڵا بوون وەها کـە ئاگر لە مـاڵ نەکرێتەوە و رووناکی و رزقی ببڕدرێ.

**تێبینی:** ئەو مـەبەسـتـە دەچێتـەوە سـەر ئەو سـەردەمـەی کە شـەمـچـە و شـقـارتە

نەبوە و هەر ماڵێک هەمیشە ئاگری ئایساوە و ئاگر نیشانەی گەرمی و رووناکی و دووکەڵ نیشانەی نان کردن و تەسەل بوونی ئەو ماڵە بوە و وەها ماڵێک ئاوەدان و وجاغی رۆشن بوە.

**ئاگـــــره** (نا. ل)[ئاگـــر+ ئە] ١ـ نەخۆشییەکە کە لە بەر نزیکی دەگەڵ کەسی سیفلیسی پەیدا دەبێ و بە میراتیش بە منداڵ دەگا. ئاگره لە سەر سیرەتی پیاو دەبێ و تەنیا بە هەندێک دەرمانی وەک پێنی سیلین چاک دەبێتەوە و ئەگەر زوو چارە نەکردرێ کوێری و فەلەجی بەدواوەیە، سیفلیس، هاوڵە فەرەنگی. ٢ـ نەخۆشییەکی پێستە کە پتر منداڵ تووشی دەبن و لە پێشدا چەنە و لارووومەتیان زیپکەی وردی لێ دێتە دەر کە زنچکاوی زەردیان لێدێ و لە دوایی بڵاو دەبێتەوە و شوێنی دیکەی لەش دادەگرێ، ئاگرەکە، ئاگرۆک، ئاورە، ئارە. ٣ـ جۆرە نەخۆشییەکە ئەدات لە کشت و کاڵ، گەڵای زەرد و وشک ئەکات، ئەیفەوتێنێ (کشت و کاڵ ب ١ ل ١٥). ٤ـ شەرا گرەیە کە بدات لە مەرەزە و بێفەوتێنێ، ئاگرۆک (کشت و کاڵ ب ١ ل ١٥).

**ئاگرەکە** (نا. ل)[ئاگر + ئە + کە] بڕ:

**ئاگرەگرە** (نا. ل)[ئاگر + ئە + گرِ + ئە] ئاورێک کە لە پووش و پەڵاشی زۆر یا گوێنی بەرز دەبێتەوە و زوو دادەمرکێ و پۆلووی لە پاش بە جێ نامێنێ، ئاورەگرە.

**ئاگـــری** (نا. ل)[ئاگـــر + ئی] ١ـ ئاگرپژێن، گرکان. ٢ـ ناوی کێوێکە لە کوردستانی بەر دەستی تورکیە.

**ئاگـــرین** (ئان. ل)[ئاگـــر + ئین] لە چەشنی ئاگر، لە رەنگی ئاگر، وەکوو ئاگر، ئارگۆن، ئاورین، ئاهیرین، ئایرین.

**ئاگـه** (ئاک.)[ئا + گە][هەو] ئەوێ، لەوێ.

**ئال**[1] (نا.)[باک] بڕ: ئالی

**ئال**[2] (نا.)[عەر: ال] ١ـ بنەماڵە، بەرە. دەگەڵ ناوی پێغەمبەر یا کەس و کاری دێ و مەبەست لە بنەماڵەی پێغەمبەرە. ⁘ ئالی مەحەممەد، ئالی عەلی، ئالی رەسووڵ. روو رەشی دەرگای خودام و سەرفکەندەی مستەفا / شەرمەساری رۆژی حەشر و مل کەچی ئالی عەبا (ئاوات ل ٩). ٢ـ بنەماڵەی گەورەی دیکە. ⁘ قوبووری پڕ لە نووری ئالی بابان پڕ لە رەحمەت بێ/ کە بارانی کەفی

ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو (ڕەزا)

**ئالا** (نا.)[باک] بڕ: ئاڵا1

**ئالاف** (نا.)[باک] گڕ، بڵێسەی ئاگر.

**تێبینی:** ئەو وشەیە دەگەڵ هاڵاوی زاراوەی ناوەندیی یەکە و ماناکانیان هەندێک لێک خزیوە. لە ئەدەبیاتی فارسیش دا ئالاف بە مانای بڵێسە هاتوە.

**ئالاستن** (چا. م)[باک] بڕ: لێستنەوە

**ئالان** (نا.)[؟][باک] گەڕانەوەی دەنگ، زایەڵە.

**ئالاندن** (چا. م)[باک] بڕ: ئاڵاندن

**ئالباز** (ئان. ل)[ئال (هاو) + باز3][زا] بڕ: ئامباز2

**ئالبۆز** (ئان. ل)[ئال (هاو) + بۆز (باز3)][زا] بڕ: ئامباز2

**ئالبۆمین** (نا.)[فەر: albumine] مادەیەکەی هەندێک سوێرە کە لە گیا و گیاندار دا هەیە و بەشی هەرە زۆری سپێنەی هێلکە لەم مادەیەیە.

**ئالستن** (چا. م)[باک] بڕ: لێستنەوە.

**ئالفا** (نا.)[یون: alpha] یەکەم پیتی ئەلف و بێی زمانی یوونانی کە لە ریازی و فیزیک دا دە کاری دەکەن.

**ئالک** (نا.) بڕ: ئالیک

**ئالکۆڵ** (نا.)[فەر: alcool لە عەر: الکحول] ئاوەکییەکە تام و بۆنێکی توندی هەیە، زوو ئاگر دەگرێ و لە ٧٨ درجە دا دەکوڵێ و لە ١١٢ دەرەجەی ژێر سیفر دا دەیبەستێ و لە کەربۆن و ئیدرۆژێن و ئۆکسیژێن پێک هاتوە. ئالکۆڵ بە گشتی دوو جۆرە. یەکەم ئالکۆڵ ئیتیلیک یا ئالکۆڵی سپی لە ترێ و کشمیش دەیگرن و بۆ خواردنەوە دەبێ و پیاو سەرخۆش دەکا. دووهەم ئالکۆڵ متیلیک یا ئالکۆڵی دارە و بۆ خواردنەوە نابێ و بۆ سووتان و هەندێک ئیشی سەنعەتی و بژیشکی کەلکی لێوەردەگرن. (مەحەممەد زەکەریای رازی یەکەم کەسێک بوو کە ئالکۆڵی لە شەراب گرت و ناوی نا الکحول.)

**ئالکۆڵی** (ئان. ل)[ئالکۆڵ + ئی] ١- کەسێک بە تەواوی ئالوودەی ئارەق و خواردنەوەی ئالکۆڵدار بوە و هەمیشە دەیخواتەوە. ⁘ دوێنێ کابرایەکی ئالکۆڵیم تووش بوو و داوای پارەی لێکردم. ٢- هەر شتێکی کە بە ئالکۆڵ

کار دەکا یا ئالکۆڵی تێدایە. ∷ چراتۆڕی ئالکۆڵی، ســـۆبەی ئالکۆڵی و ... ٣ـ خواردنەوەیەک کە ئالکۆڵی تێدا بێ وەک ئاوجۆ و شەراب.

**ئالمانج** (نا.)[باک] بڕ: ئامانج

**ئالمۆدە** (ئان.)[فـەر:a.la mode] ١ـ بە پێی مـۆد، باوی ڕۆژ، شـتی تازەباو و داهـاتوو. ٢ـ مــۆد و نەریتــێک کــە لە فـەرەنگەوە هـاتبێ. ∷ چەندی لێ جـوانە هـاتوچۆی قــەڵا/ بـەرگی ئالمۆدە، دەدانی تەڵا (کانی مرادان ل ٥٨). & ئەلمۆدە

**ئالو** (ئان.)[باک] بڕ: ئاڵ3

**ئـــالـــوج** (نـــا. ل)[ئــالــوو + چ][زا] هەڵووچە، هەڵووژە.

**ئالومـینیـۆم** (نا.)[فـەر: -alumin ium] کانزایەکی سپی و سووکە کە لە ٦٦٠ دەرەجە دا دەتوێتەوە، نیشانەی ئەم کـانزایە لە شـیـمی داAL ە، فـافـۆن، بافۆن.

**ئالۆز** (ئان.)[باک] بڕ: ئاڵۆز

**ئالۆش** (نا.)[باک] بڕ: ئاڵۆش

**ئالوو** (نا.)[باک] بڕ: ئاڵوو1

**ئالوودە** (نا. مــفــ.)[فــار: آلودە] ١ـ ئۆگری زۆر و لە ڕادەبەدەر بە شـتێک یا کەسێک. ∷ ئالوودەی تریاک، ئالوودەی کتێب. ٢ـ تووش، گرفتار. ٣ـ پاشگرە بە مـــانای تێکەڵاو، ئاوێتـــە، پیس (بڕ: ئاوی2). ∷ گـەرد ئالوودەن دەور مـەزار لەیلێ / ئاوپاشی و مـــاڵاش لازمـــەن خـەیلێ (مـەولەوی ل ٣٦٣). ~ **بوون:** ١ـ فــێــر بوون و گــیــرۆدە بـوونی لە ڕادەبەدەر بە شـتـێک یا کـەسـێک. ∷ وەها ئالوودەی ماڵ و منداڵی خۆیەتی بە بێ وان ســاتێک هەڵناکا. ٢ـ گـرفـتـار بوون، تووش بوون.

**تێبینی:** ئالوودە لە چاوگی ئالوودەن ـ ی فارسی بە مانای پیس بوون، تێکەڵاو بوون، ئاوێتە بوونە کەوتوە و ڕاستەوخۆ هاتۆتە نێو زمانی کوردیی.

**ئالەت** (نا.)[عــەر: آلت] ١ـ ئامــراز، ئامـێـر، کـەرەســە. ٢ـ (کنـ.) ئامـرازی جنسی ژن یا پیـــاو. ‖ **ئالەتی دەست:** کـەس یا وڵاتی ژێر دەست کـە کـەس یا وڵاتێکی دیکە بۆ سەرکوت و نیازی خۆی کـەلکی لێ وەردەگـرێ. ∷ شــا ئالـەتی دەستی ئامریکا بوو.

**ئالی** (نا.)[پەهـ: ئالەک ـ باک: ئالی، ئال ـ ناو: لا] بـەر، ســوێ، لایـەن، لا. ∷ دەست بۆ ئالـیـێ مـە درێژ دکـە. ‖ **ئالی**

**سوور:** هەرمێ یا سێو کە لایەکی سوور بێ، لاسوور.

**ئالیاژ** (نا.)[فەر: alliage] ١- تێکەڵاوێکی تواندراوە لە دوو یا چەند کانزا دەگەڵ یەکتر. ٢- ئەو کانزایەی کە بەم شێوە ساز دەبێ. ( بۆ وێنە لە تێکەڵاو کردنی مس و قەڵایی زەردە ساز دەبێ.)

**ئالیک** (نا.)[عەر: علیق] ژەمە کا و جۆ کە دەیدەن بە وڵاغی بەرزە، ئالک. **~ دان:** کا و جۆ لە بەر وڵاغان ڕۆ کردن. **~ی دوو وڵاغ پێ بەش نەکران:** (کن.) دەست و پێ سپیلکە و کارنەکەر بوون، توانایی بەڕێوە بردنی کارێکی چووکە نەبوون.

**ئالیگاتوور** (نا.)[ئین: alligator] جۆرێک سووسەماری ئامریکاییە کە درێژایی نزیک پێنج میتر دەبێ.

**ئالین** (چا. ل)[باک] بڕ: ئالان

**ئالێرژی** (نا.)[یون: allos ergon] لیر دەرکردن و حەساس بوون بە هەندێک بۆ و خواردەمەنی یا ئاو و هەوا.

**ئاڵ**[1] (ئان.)[ئەو: ئەورشە - سان: ئەروسە - پەه: ئارووس - روس: ئالیی. ناو: ئاڵ، ئار - باش: ئاڵ - هەو: ئالا] ڕەنگی سووری کاڵ، پەمەیی. :: قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پڕشنگی نێگا کاڵ/ ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێک ئاڵ (گۆران ل ٤٥).

**تێبینی:** ئەوێستایی و پەهلەویی ئەم وشە بە مانای سپییە، سانسکریتەکەی هاومانای کوردییە، هەروەها هەل لە زاراوەی زازا دا بە مانای ڕەنگی بۆر هاتوە کە دەگەڵ ئاڵ هاوڕیشەیە. ئەوجار هەڵ یا ئاڵ لە وشەکانی ئاڵەتانج و هەڵەتانجیش بە مانای سەوز هەر لەم ڕیشەیەن.

**ئاڵ**[2] (نا.)[بیر: ئال. ناو: ئاڵ، ئاڵە، هاڵە، ئارە] بوونەوەرێکی خەیاڵییە و ژنی زەیستان یا منداڵەکەی دەکووژێ، ئاڵی زەنگی، ئاڵی زەنگان. **~ بردنەوە:** مردنی ژنی زەیستان یا منداڵەکەی. :: ژنی زەیستان نابێ تەنیا بمێنێتەوە دەنا ئاڵ دەیباتەوە. **~ لێدان:** ژنێک کە تووشی نەخۆشی ئاڵ بوە. :: پوور بەسێ ئاڵ لێی دا و شێتی کرد. || **ئاڵی زەنگی:** بڕ: ئاڵ 2. **تێبینی:** زەنگ بە مانای تاریکی خەست هاتوە، یانی ئاڵی شەوەزەنگ کە لە تاریکی دا دەژی و بە تاریکی دێ، هەر ئەوە بوو کە دیوی ژنی زەیستانیان هەمیشە ڕووناک رادەگرت.

**ئاڵی زەنگان:** بڕ: ئاڵی زەنگی. ∴ لە قسان ئاڵی زەنگانی / وەکی دی ریخ لە لینگانی (امثال و حکم ل ٣٧٤)

**تێبینی:** زەمانی زوو ژن لە ماڵ دەزا و قابیلە و ماما بۆ زانی یاریدەیان دەدا و بە دەست و کەرەسەی میکرۆباوی منداڵیان دەزاند و نێوکیان دەبڕی، هەر ئەو میکرۆبە دەبوو بە هۆی شێت بوونی ژن یا کوشتنی ژن یا منداڵ. خەڵک ئەم هۆیەیان دەبردەوە سەر بوونەوەرێک بە ناوی ئاڵ. هەر لەبەر ئەوە ژنی ژەیستانیان لە ژووری بە تەنیا نەدەهێشتەوە هەتا حەوتووی چووبا.

**ئاڵ**[3] (ئان.)[باک: ئالو ـ ناو: ئاڵ، ئار، هار ـ هەو: هاڵ] ١ـ حاڵەتێکە دوای خواردنی شتی ترشی وەک سماق یا هەلووچە و هەناری ترش بە سەر ددانەکان دادێ و مرۆڤ ناتوانێ خواردەمەنی باش بجوا و ئەزیەت دەدرێ. ئەم وشەیە تەنیا دەگەڵ چاوگی بوونەوە دەکار دەکردرێ. ٢ـ ترش. ∴ ئاڵ و بۆڵ. ~ **بوونەوە:** کول بوونی کاتی ددانەکان بە ترشی خواردنی زۆر. ∴ هێندە هەڵووچەی ترشمان خوارد ددانەکانمان هەموو ئاڵ بوونەوە.

**ئاڵ**[4] (پاشـ.) پاشگری وێچوون و نیسبەت دان کە بە ناوەوە دەلکێ و ناوێکی دیکە ساز دەکا. ∴ چەنگاڵ، چەتاڵ، گەرداڵ.

**ئاڵا**[1] (نا.)[باک: ئالا ـ ناو: ئاڵا، ئارا ـ باش: ئاڵا ـ هەو: ئاڵا] ١ـ پارچەیەکە هەر وڵاتەی دروشم و رەنگ و نیشانی خۆی لە سەر دەکێشێتەوە وبە ناوی پێناسی ئەم وڵاتە هەڵیدەدا، بەیداغ، بەیداخ، بەیاخ. ٢ـ هەر ئەو پارچەیەیە کە یانەی گەورە، ناوەند و رێکخراوەکان بە دروشمی تایبەتی خۆیان هەڵیدەدەن. ٣ـ کوتە پارچەی زیادی کە منداڵان دەیکەنە جل و بەرگ بۆ بووکۆڵەکانیان واڵا، ئاڵەبووک، ئاڵابووک. ٤ـ (مجـ.) بەرز. ∴ باڵای ئاڵای شەنگ سەد بەڵا پێوەن/ دووکانچەی شادی دەردینان شێوەن (مەولەوی ل ٨٣). ~ **بڵند کردن:** ئاڵا هەڵکردن، بەرز کردنەوەی ئاڵا. ~ **راوەشان:** ئاڵا شەکانەوە. ~ **راوەشاندن:** ئاڵا شەکاندنەوە. ~ **شەکانەوە:** جوڵانەوەی ئاڵا بە با یا بە دەست کەسێکەوە. ~ **شەکاندنەوە:** جووڵاندنەوە و راوەشاندن و بەرز کردنەوەی ئاڵا. ~ **هەڵکردن:** بەرز کردنەوەی ئاڵا، هەڵێنانی ئاڵا، ئاڵا

هەڵدان، بەیداغ هەڵکردن :: لە بازاڕی ئاڵا هەڵکردن و ئاڵا راوەشانە / عەتر پرژاندن و عەتر رژانە (سەعید و میرسێوەدین ل ٩١). **~ هەڵدان:** بڕ: ئاڵا هەڵکردن. **وە بەر ~ی پێغەمبەر کەوتن:** (دوعا) وە بەر رەحمەتی خودا کەوتن ، دەگەڵ تاقم و دەستەی پێغەمبەر چوونە بەهەشت.

**ئاڵا²** (ئان.) بڕ: ئاڵ1. :: ئاد مارۆ بە ویر تەرزەکەی باڵات/ ئەو دیدە مەستت، ئێد خاڵ ئاڵات (مەولەوی ل ٢٣٥).

**ئاڵا³** (نا.)[؟][هەو] قەڵەم، خامە.

**ئاڵابووک** (نا. ل)[ئاڵا3/1 + بووک] بڕ: ئاڵەبووک

**ئاڵابێژ** (نا. چا)[ئاڵا (ئاڵە) + بێژ2] بڕ: ئاڵەبێژ

**ئاڵات** (نا.) بڕ: ئاڵەت2 و 1

**ئاڵاچغ** (نا.)[تور: ئالاچیق] ١ـ هۆدەیەکی کۆچەرەکانە کە دیوارەکانی لە لبادە و لێک دەدرێن و لە کاتی ماڵ گواستنەوە لێک جیا دەبێتەوە. ٢ـ کەپر.

**ئاڵاچی** (ئان. ل)[ئاڵا + چی] بڕ: ئاڵادار. :: ... هەمزە و هەبباس و هەیدەرە / دەگەڵ مەقلووبی پەڕ بە سەرە / ئاڵاچی سوڵتان سەمەرە. (مان ل ١٩).

**ئاڵادار** (ئان. فا)[ئاڵا1 + دار] ١ـ کەسێک کە لە پێشەوەی سپا یا کۆمەڵێک ئەرکی هەڵگرتنی ئاڵای پێدراوە. ٢ـ (کن.) سەرۆک و سەردەستەی تاقمێکی ناڕازی. & ئاڵاچی، ئاڵاهەڵگر، بەیاخدار، بەیداخدار، بەیداغدار.

**ئاڵاداریی** (حم.)[ئاڵادار + ئیی] کاری ئاڵادار، ئاڵاهەڵگریی، بەیداغداریی، بەیداخداریی.

**ئاڵاش** (نا.)[؟] زەل و قامیشێک کە دوای دارەڕا لە سەری رۆ دەکرێ و گڵەبانی لە سەر دەکەن، پردوو، سەرمیچ، پەردوو، لیشامە، لیشمە، هەلاش.

**ئاڵامەت** (نا.) بڕ: هەلامەت

**ئاڵان** (چا. ل)[باک: ئالین ـ ناو: ئاڵان، هالان، ئاران] پێچرانی شتێکی درێژ لە شتێکی دیکە، لێهالان. :: بە داو هەر تارە بۆ من بۆتە تارێک / لە پێم ئاڵاوە زولفی تار و ماری (وەفایی ل ١٨٣). مارێکی قەف ئەستوور لە دار ئاڵابوو.

**ئاڵاندن** (چا. م)[ئاڵان + دن] لێبەستن و پێچانی هەر شتێکی درێژ لە شتێکی

دیکە، لێــهــاڵاندن، هاڵاندن، ئاراندن، ئالاندن. :: لەبەر سـەرئێشە دەسرەیەکی لە سەری ئالاند و درێژ بوو.

**ئاڵاهەڵگر** (ئان. فـا)[ئاڵا1 + هەڵگر] بڕ: ئاڵادار

**ئاڵاهەڵگریی** (حـم.)[ئاڵاهـەڵگر + ئیی] بڕ: ئاڵاداریی

**ئــاڵایــی** (ئــان. ل)[ئــاڵا2 + ئــی] رەنگاوڕەنگ، چەند رەنگ، ئاڵ و واڵا، ئاڵ و واڵ.

**ئاڵ بڕە** (نا. فـا.)[ئاڵ2 + بڕ/٧ + ئە] کەسێک کە چارەی ژنی ئاڵ لێدراو دەکا.

**تێبینی:** هەندێک جار ئەو ژنەی کە ئاڵ لێیدەدا بەم جۆرە چارەیان دەکرد. ژنێک کــە پێــشــتــر منداڵەکــەی ئاڵ بردوویەتەوە یا پیـــاوێک کـــە ژن یا منداڵەکەی ئاڵ بروویەتیەوە دەیانهێنا و ئەویش چەند جـــار پرچی ژنی تووش بووی دەکێشا یا ئەوە کە ژنەکە لەچکە و پیاو جـەمـەدانی خۆیان دەدایە هەتا چل شەوان لە سەری یا لە قەدی ببەستێ.

**ئاڵبۆم** (نا.)[فەر: album] دەفتەرێک کـە وێنە، تەمـر و شـتـی لەو بابەتـەی لە سەر پەڕەکانی دەدەن.

**ئاڵتوون** (نا.)[تور: altın] زێڕ، تەڵا.

**ئاڵتوونی** (ئان. ل)[ئاڵتوون + ئی] ١ـ هەر شتێکی کە لە زێڕ ساز کرابێ. ٢ـ رەنگی زەردی وەک رەنگی زێڕ. & زێڕن، زێڕین، تەڵایی.

**ئاڵتی رەم** (نا. ل)[تور] ئەندازەیەکـە بۆ کێشان کە دەبێتە پەنجاوپێنج گرەم.

**تێبینی:** ئالتی لە تورکی دا یانی شەش و رەم سواوی درەمە یانی شەش درەم.

**ئاڵچـاخ** (ئان.)[تور: alçak (نزم)] کەسی سووک و چرووک کە لە نێو خەڵک دا حورمەتی نەبێ، خوێڕی، ئاڵچاغ.

**ئاڵچاغ** (ئان.) بڕ: ئاڵچاخ

**ئــاڵــدۆز** (نــا.)[تــور: yaldız] رووکـێشی زێر و زێو لە سـەر فلزی کـەم بـایخ، ئـاوەزێر و ئاوەزێو. :: ئـاسنگەرم بۆ بێنن بە مشتـەرییە / بۆم دورووس بکا رکـێــفـی ئاڵدۆز، دانە لغـاوی هەوێزە مـرواریـیـە. (مـان ل ١٩٧). **~ کـردن:** رووکێش کردنی فلز و کانزای کەم بایەخ بە زێڕ یا زێو، ئـاوەزێو کــردن، ئاوەزێڕ کردن.

**ئاڵدۆزکاریی** (حم.)[ئاڵدووز + کار + ئیی] کـار و پیـشـەی رووکـێش کـردنی

کانزا.

**ئاڵشت** (نا. چا)[تور: alış] ئاڵوگۆڕ، گۆڕین، گۆڕینەوە. ~ **کردن:** گۆڕینەوە، ئاڵوگۆڕ کردن.

**ئاڵشک** (نا.)[؟][ئەر] شێ و نمێکە وەک بەفرکە لە کاتی سەرمای ژێر سفر لە سەر زەوی و گیا و چیمەن دەکەوێ، زوقم، سیخوار، خووس، خووسار.

**ئاڵش وێرش** (نا. چا)[تور] بڕ: ئاڵ و وێر

**تێبینی:** ئاڵش لە چاوگی تورکی ئالماق بە مانای وەرگرتن و وێرش لە چاوگی وێرماق بە مانای دان کەوتوە و بە گشتی یان دان و ستان

**ئاڵف** (نا.)[عەر: علف] گیای دروای ئیشک کراو کە زستانان دەیدەن بە ماڵات.

**ئاڵفانە** (نا. ل)[ئاڵف + ئانە] باجێکە لەجیات حەقی لەوەڕ و درووني گیا بۆ داخستنی دەدرێ بە ئاغا و دەرەبەگ.

**ئاڵفتە** (نا. مف.) هۆگر، ئالوودە، خوو پێگرتوو. ؛؛ هێند ئاڵفتەی سینەمایە هەموو رۆژێ دوو سێ فیلمان دەچێ.

**تێبینی:** ئەم وشەیەش لە زمانی کوردیی دا مەسدەرەکەی لە بیر چۆتەوە و لەوانەیە، یەکەندەردوو بە بیران دا بێ کە لە (الفة)ی عارەبی وەرگیراوە، بەڵام مەسدەری (ئالۆفتەن) بە مەعنای (ئاشق بوون) کە لە فارسی دا هەیە و زۆر زۆر کەم دە کار دەکرێ، ئەم گومانە ناهێڵێ (قامووس ب ١ ل ٥٨). ئالۆفتە لە فارسی دا بە مانای شێواو و پەریشان هاتوە.

**ئاڵفجاڕ** (نا. ل)[ئاڵف + جاڕ][ئەر] شوێنی لەوەڕ و درووني ئاڵف، لەوەڕگە، گیاجاڕ.

**ئاڵقە** (نا.)[عەر: حلقە] ١ـ شتی خڕی نێو بۆش کە دوو سەرەکەی گەیشتبێتەوە یەک، ئەڵقە، ئاخڵە. ٢ـ ئەنگوستیلەی دەزگیرانیی کە کور و کچی نیشانەکراو دە قامکی یەکدی دەکەن. ٣ـ جورە گوارەیەکە لە فلزی کەم بایخ کە دەروێش و مریدی شیخان لە گوێی دەکەن (پتر لە لا گوێیەک دەکردرێ). ٤ـ جۆرە گوارەیەکی ئاسایی و کەم بایخ بوو کە زوو بۆ ناسینەوەی کویلە و بەندە و غوڵام دە گوێیان دەکرد. ٥ـ کۆ بوونەوەی خەڵک لە دەوری کەسێک یا شتێک بە شکڵی جەغز. ٦ـ بڕ: ئاڵقەی زێڕ. || **ئاڵقەی زێڕ:** خشڵێکە لە زێڕ کە کە لە سەر کۆچکەی دەدروون و دەکەوێتە سەر لاجانگ و

زۆرتر لە نێـو ژنانی مـەنگوورِ دا باوە.

**ئاڵقەی ونبـوو:** رەگـەزی گـیـانداریکە بە پێی فەرز کە دە نێوان مەیموون و مرۆڤ دایە و گـۆیا مـرۆڤی ئێـسـتـا درێژەی ئەم رەگەزەیە، لەم ئاڵقە ونبوویە هێشتا هیچ بەڵگە و نیشانەیەک نەدیتراوەتەوە.

**ئاڵقـە بەگـوێ** (ئان. ل)[ئاڵقـە + بە + گوێ] حـاڵی مرۆڤێک کە ئاڵقـەی دە گوێ دایە و بـۆتـە بـەنـدە و نـاچـار گــــوێ لە فــەرمــانی خــاوەنی بگـرێ، گــوێ رایەڵ، ئاڵقە لە گوێ. ٢ـ (کنـ.) فەرمانبەر، گوێ بیست، گوێ لە مشت، بەندە.

**ئاڵقە بەگوێیی** (حم.)[ئاڵقـەبەگوێ + ئیی] فــەرمـانـبـەریی، گــوێ بیـسـتـیی، بەندەیی، گوێ رایەڵیی، ئاڵقە لە گوێیی.

**ئاڵقــەتیــز** (گـیـا.)[؟] گـیـایەکی خـۆرِسکە، زۆر بـەرز نابێتـەوە، سـاقـەتی قـەف قـەف و شینە. کاتێک بیشکێنیەوە ئاوەکییەکی وەک شیری لێدەتکێ کە لە سـەر کـڵـۆ قـەنـدێکی دەکـەن و بۆ رەوانی کەلکی لێوەردەگرن، ئاڵقەتیس.

**ئاڵقەتیس** (گیا.) برِ: ئاڵقەتیز

**ئاڵقــەرِێز** (نا. ل)[ئـاڵقـە + رێـز] ریزە زنجـیـرێکە، بـنەکـەی وەک بزمـاری دوو ســەر وایـە و لە دەرکــەی دەکـوتـن و لە پشـتــەوە پەرچی دەدەنەوە و ســەرەکـەی دیکەی ئاڵقـەیەکی گـەورەترە کـە دەچێتـە نێـو ئاڵقـەیەکی جیـا کـە لە چوارچێوەی دەرکـە دراوە و دەرگـای مـاڵ یا دوکـانی پێدادەخەن. **~ کردن:** داخستنی دەرگا بە ئاڵقەرِێز.

**ئاڵقــەزوونە** (نا. ل)[ئـاڵقــە + زوون (زوان) + ئە] برِ: ئاغزوونە

**ئاڵقـەلەگـوێ** (ئان. ل)[ئاڵقـە + لە + گوێ] برِ: ئاڵقە بەگوێ

**ئاڵقـەلەگوێیی** (حم.)[ئاڵقـەلەگوێ + ئیی] برِ: ئاڵقە بە گوێیی

**ئاڵقە و کـۆچکە** (نا. ل)[ئاڵقە + و + کـۆچکە] کـۆچکەیـەک کـە بـە ئاڵقـەی زێرِ نەخـشـاوە و ژنـە مـەنگوور بۆ جـوانی لە سـەریان دەبەستن.

**ئاڵک** (نا.)[برِ: ئاڵوو1][ئەر] برِ: لوو

**ئاڵ و بۆڵ** (ئان. ل)[ئاڵ3 + و + بۆڵ] ترێیـەک کـە هێشـتـا تـامی مـەیلـەوترشـە و مـــاویەتی بـە تەواوی بگـا، بـۆڵـەتەمـــە، بۆڵەتـەمێ، بـەرەکـــە. **~ بوون:** ترش و شـــیـــرین بـوونی بـەرســـیلـە، بۆڵـەتەمێ تێکەوتن.

**ئاڵوگـۆرِ** (نا. چا)[ئاڵ + و + گـۆرِ] ١ـ

کاری گۆڕینەوەی شتێک بە شتێک بێ ئەوەی پارە لە گۆڕ دابێ، ئاڵوویر. ٢ـ کاری گۆڕینەوەی دوو شت لە یەک جۆر. ٣ـ کاری سەرتاپێ گۆڕینی جل و بەرگ. ٤ـ تێکچوونی بار و دۆخی پێشوو. **~ بەسەر داهاتن:** گۆڕان و تێکچوونی بارودۆخی پێشوو و هەڵدانی بارودۆخی نوێ. ៖ خەڵک وەک جاران نەماون ئاڵوگۆڕیان بە سەر دا هاتوە. **~ کردن:** ١ـ گۆڕینەوەی دوو شت دەگەڵ یەکتر بێ ئەوەی پارەیەک بدرێ یا وەرگیرێ. ៖ تایەکم ئارد دەگەڵ بزنێک ئاڵوگۆڕ کرد. ٢ـ گۆڕینەوەی دوو شتی یەکجوور. ៖ کۆتەکانتان ئاڵوگۆڕ کەن. ٣ـ گۆڕینی جل و بەرگ. ៖ بچۆ حەمام خۆت بشۆ و جلەکانت ئاڵوگۆڕ کە!

**تێبینی:** ئاڵ لە ئالماغ ـ ی تورکی بە مانای وەرگرتن و گۆڕ لە گۆڕینەوەی کوردیی کەوتوە و مانای گشتی دەبێتە وەرگرتن و دان یا دان و ستان، ئەوەش دەگەڕێتەوە ئەو سەردەمەی کە پارە و پووڵ دەوری سەرەکیان نەبوە و شتیان لە جیاتی شت داوە. ئێستاکە مانای ٤ یانی گۆڕانی باری وڵات (ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی) جێی بە ماناکانی دیکە تەنگتر کردوە.

**ئاڵ و واڵ** (ئان. ل)[ئاڵ1 + و + واڵ] رەنگاورەنگ، ئاڵ و واڵا، ئالایی. ៖ خەملی چیا و چەمەن بە سپی و سەوز و زەرد و سوو/ دار و دەوەن بوە بە هەزار رەنگی ئاڵ و واڵ (حەقیقی ل ٥١).

**ئاڵ و واڵا** (ئان. ل)[ئاڵ1 + و + واڵا] رەنگاورەنگ، ئالایی. ៖ بەس بێ جیلوەی زولف و خاڵان! ئاشقی روخساری خۆت/ ئاڵ و واڵای خولدی ناوێ تالیبی دیداری خۆت (وەفایی ل ٣١)

**ئاڵوویر** (نا. چا)[تور: ئال (ئالماغ) + و + وێر (وێرماغ)] بڕ: ئاڵوگۆڕ/١

**ئاڵوێنی** (نا.)[؟] ١ـ چەشنێک قەیسی کە دەنکەی شیرینە ٢ـ دەنکی شیرنی قەیسی. & هەڵوێنی.

**ئاڵۆ** (نا.)[؟][ئەر] برای دایک، لالۆ، لالە، خاڵ.

**ئاڵۆز** (ئان.)[باک: ئالۆز ـ ناو: ئاڵۆز، ئارۆز، هاڵۆز ـ هەو: ئاڵۆز] ١ـ هەموو شتێکی رێسراوی درێژی لێک هالاو (کاموا، بەن، دەزوو و...) ٢ـ تووک و پرچی شانە نەکراو. ٣ـ بار و دۆخی شێواوی وڵات کە کەس کەس نەناسێتەوە. ٤ـ کەسی شێواو و ئاگا لە

خۆ نەماو. ٥ ـ مەسەلەیەکی گران و بە گرێ و گۆڵ. ٦ـ پیاوی توورە و تۆسن و بەد ئەخلاق. ٧ـ ئەسپی تۆر و سەرکەش کە زۆر گوێ ناداتە سوار. ٨ـ رۆژی سارد و تووش و کرێوەی زستان . ٩ـ تێکەڵ پێکەڵ. بێ سەر و بن. :: دوێنێ شەوێ خەونێکی ئاڵۆزم دیت. ~ **بوون:** ١ـ تێک هاڵانی کەلاف و رێسراوی درێژی وەک بەن و دەزوو. ٢ـ تێک هاڵانی پرچی درێژ و دانەهێنراو. ٣ـ شێوانی باری ئاسایی وڵات. ٤ـ شێوان و تێک چوونی باری ئاسایی کەسێک. & ئاڵۆسکان، ئاڵۆزکان،ئاڵۆزان. ~ **کردن:** ١ـ تێک هاڵاندنی رێسراوی درێژ کە لێک کردنەوەی گران بێ. ٢ـ تێک دانی سەر و پرچی شانە کراو. ٣ـ تێک دانی باری ئاسایی وڵات. ٤ـ تێک دان و شێواندنی باری ئاسایی کەسێک. & ئاڵۆزاندن.

**ئاڵۆزان** (چا. ل)[لە: ئاڵۆز] بڕ: ئاڵۆز بوون. :: عەنبەری سارا وتم زوڵفی، نەباتی میسری لێو / زوڵفی ئاڵۆزا، وتی لێوی کە ناوی من نەبات (مەحوی ل ٥٩).

**ئاڵۆزاندن** (چا. م)[لە: ئاڵۆزان] بڕ: ئاڵۆز کردن

**ئاڵۆزاو** (نا. مف.، ئان. مف.)[لە: ئاڵۆزان] چلۆنایەتی ئاڵۆز بوونی ئەو حاڵەتانەی لە ئاڵۆز دا هاتوون (بڕ: ئاڵۆز)، ئاڵۆزکاو، ئاڵۆسکاو. :: شل و مل و سایەگەردن سەریان لە سایەی پەنجەران دەرهێناوە / زولفیان دەڵێی ئاوریشمی خاوە و نەئاڵۆزاوە (سەعید و میرسێوەدین ل ١٥٥).

**ئاڵۆز پاڵۆز** (نا. ل)[ئاڵۆز + و + پاڵۆز] تێکەڵ پێکەڵ، شێواو، ئاڵۆز پلۆز، ئاڵۆز و بلۆز.

**ئاڵۆزپلۆز** (نا. ل)[ئاڵۆز + و + پلۆز] بڕ: ئاڵۆزپاڵۆز

**ئاڵۆزکان** (چا. م)[لە: ئاڵۆز] بڕ: ئاڵۆز بوون

**ئاڵۆزکاو** (نا. مف.، ئان. مف.) [ لە: ئاڵۆزکان] بڕ: ئاڵۆزاو

**ئاڵۆز و بلۆز** (نا. ل)[ئاڵۆز + و + بلۆز] بڕ: ئاڵۆز پاڵۆز

**ئاڵۆزی** (حم.)[ئاڵۆز + ئیی] ١ـ شێواویی وڵات ٢ـ تێکەڵ پێکەڵ بوونی بیر و مێشک. ٣ـ دوودڵیی، شک.

**ئاڵۆسکان** (چا. م)[لە: ئاڵۆز] بڕ: ئاڵۆز بوون

**ئاڵۆسکاو** (نا. مف.، ئان. مف.)[لە: ئاڵۆسکان] بڕ: ئاڵۆزاو

**ئاڵۆش** (نا.)[باک: ئالۆش ـ ناو: ئالۆش ـ هەو: ئاڵۆش] ١ـ نەخۆشی پێست کە لە نێوگەڵ دەدا و پیاو هەر دەیخورێنێ و هەڵیدەکرێنێ، خارشت، خوروو، قنگەخرۆکە، حەکە. ٢ـ (کن.) ژنی پێخۆش و خووودار، حەکەدار.

**ئاڵۆشاویی** (ئان. مف.)[ئاڵۆش + ئاویی2] حاڵی کەسێک کە ئالۆشی هەیە، ئاڵۆشدار، بە ئاڵۆش.

**ئاڵۆشدار** (ئان. فا)[ئاڵۆش + دار] بڕ: ئاڵۆشاوی

**ئاڵوو**[1] (نا.)[پەه: ئالەگ (هەڵووژە)] ١ـ (نا.)[باک: ئالوو ـ ناو: ئاڵوو ـ باش: ئاڵوو] دوو لووی بچووکی بادامی گەروون لە ژێر چەنە. ئێشی ئەم لوویانە ساز کردنی گرمۆڵەی سپی بۆ لەشە و هەندێک جار لە بەر شاڵاوی میکرۆب چڵکێ دەکا و دەماسێ، ئارگووشک، مەرازە. ٢ـ (گیا.) هەڵووژە، هەڵووچە. **~ کەوتن:** بڕ: ئاڵوو هاتن. **~ گرتنەوە:** بڕ: ئاڵوو هەڵدانەوە. **~ هاتن:** چڵک کردنی ئاڵووکان و هەڵمسانیان، ئاڵوو کەوتن. **~ هەڵدانەوە:** داماڵینی ئاڵوو لە دیوی دەرەوە بۆ چاک کردنەوە و نیشتنەوەی، ئاڵوو گرتنەوە.

**تێبینی:** ئاڵوو (ئاروو، ئالوو) بە گشتی بە مانای خڕ و گرمۆڵەیە و لە گەلێک وشە دا ئەم مانایە نیشان دەدا. ∷ لوو، ئاڵووباڵوو، شەفتالوو، هوڵوو، زەردالوو، ئاروونگ، ئاڵگ.

**ئاڵوو**[2] (پاش.) بە ناوەوە دەلکێ و ئاوەڵناو ساز دەکا و مانای تێکەڵ بوون و ئاوێتە بوون دەدا، ئاوی، ئاو. ∷ زامێ ژارئاڵوو، بێ دەوا و دامێ / مەزانوون جەی زام، مەوینون کامێ (بێسارانی ل ١٤٦). خەواڵوو

**تێبینی:** ئاڵوو لە چاوگێکی لە بیر کراوی کوردیی (ئالاوتن) هاوڕیشەی ئامێتن کەوتۆتەوە ئەم چاوگە بە شێوەی ئالووتەن لە پەهلەویی و بە شێوەی ئالوودەن لە فارسی دا هەیە. ئەم چاوگە هێشتا لە پالاوتن دا ماوە کە مانای دژی خۆی دەدا.

**ئاڵووباڵوو** (گیا.)[ئاڵوو1 + باڵوو][باک: هەلهەلووک ـ ناو: ئاڵووبەلاڵووک، بەلاڵووک، هاڵووبەلاڵووک، ئاریباری] دارێک و بەری دارێکە شێوەی گێلاس دەدا، بەرەکەی مزرە، سوورێکی مەیلەوە

رەشە، بە رووتی دەخورێ، مرەبا و روب و شەربەت و تەنانەت شەرابیشی لێ ساز دەکەن، بۆ وێشک کردنیش دەست دەدا، Prunus brigantica ناوی لاتینی ئەم دارەیە.

**ئاڵووبخارا** (گیا.)[ئاڵوو1 + بخارا] جۆرێک هەڵووچەی ترشە کە ئیشک دەکردرێ و لە بۆ ترش کردنی هەندێک چێشت کەلکی لێوەردەگرن، هەڵووچە پاوەیی، هەڵووچەرەشە، هەڵووژەرەشە.

**تێبینی:** بوخارا شارێکە لە کۆماری ئۆزبەکستان.

**ئاڵوو بەلاڵووک** (گیا.)[ئاڵوو1 + بەڵ + ئاڵوو + ک] بڕ: ئاڵووباڵوو

**ئاڵوودار** (نا. ل)[ئاڵوو + دار1] دارێکی راست و درێژ کە زۆر ئەستوور نیە و لە خانووبەرە ساز کردن دا بۆ دارەڕا کەلکی لێوەردەگرن.

**تێبینی:** ئارووک یا ئاریک لە زاراوەی باکووریی دا بە مانای میچ هاتوە و وشەی ئاروو و ئاڵوو هەریەکن و تەنیا ئاڵ و گۆڕی بە سەر دوو پیتی **ڵ** و **ر** دا هاتوە کە وێنەی یەکجار زۆرە. بەم پێودانە ئاڵوودار دەبێتە داری میچ.

**ئاڵها** (نا.)[؟][ئەر] مەیل، تاسە، ئارەزوو، ئیشتیا، ئەڵها :: ئاڵهای سەفەرم کردگە.

**ئاڵە** (نا.)[بڕ: ئاڵ2] ١ـ بڕ: ئاڵ2. ٢ـ مووروویەکی رەنگ سپی یا شیری رەنگە کە لە بەرمووری ئاڵە و شەوەی دەکەن. (بڕ: بەرمووری ئاڵە و شەوە).

**ئاڵەبووک** (نا. ل)[ئالا1 / ٣ + بووک] کوتە پارچەی زیادی کە کچۆڵان دەیکەنە جل و بەرگ بۆ بووکەکانیان، جل و بەرگی بووکۆڵە، ئالابووک، واڵەبووک.

**ئاڵەبێژ** (نا. چا)[ئاڵە (هێڵەگ) + بێژ2] کاری دابێژتنی هاڕاو بە پارچەی کون کونی ورد یا بە هێڵەگی کون ورد، ئالابێژ، واڵەبێژ. **~ کردن:** دابێژتنی هاڕاو بە هێڵەگی ورد یا کوتە پارچەیەکی کون کونی ورد، ئالابێژ کردن، واڵەبێژ کردن.

**ئاڵەبێژکراو** (ئان. مف.)[لە: ئاڵەبێژ کردن] هاڕاوی ورد دابێژراو بە هێڵەگ یا پارچەی کون ورد، دابێژراو. :: خوێی ئاڵەبێژکراو.

**ئاڵەت[1]** (گیا.)[؟] بەری گیایەکی ساقەت درێژ و باریکە و لە دار دەهاڵێ و لە شوێنی گەرم وەک هیندوستان دەڕوێ و هەتا سی ساڵان بەر دەدا. بەرەکەی

دەنکێکی ورد و رەشــە و زۆر تیــژە و بە هێــشــوویــە، لە کــوردەواری ئەم دەنکە دەهاڕن و لە چێشتی دەکەن. & بیبەر، ئیسۆت، ئیسیوەت، ئالات.

**ئاڵەت**[2] (نا.)[عـــەر: آلة] ١ـ داری چووکی داتاشــراو و ســاز کــراو بۆ پەنجەرەی قەدیم. هەر پەنجەرەیەک دەیان ئاڵەتی دەویست و بە شکڵی چووک و جــوانی هەندەسی لێکیــان دەبەست و کوتە شووشەیەکی سپی یا رەنگیشیان تێدەگرت. ئێستا لە هەندێک شوێنی کۆن ئەم جۆرە پەنجەرانە ماون کە بە ئاڵەت ســاز کــراون. ٢ـ داری چووک و خــڕی داتاشراو بە شێوەی شیش و میل کە لە شوێنی پاڵ دانەوەی کورسی و سەندەڵی و نیم تەختی دەگرن. & ئالات، ئاڵەتە.

**ئاڵەتانج** (گیــانـ.)[ئاڵ1 + ئە + تانج] جۆرێک مراوی کێویی، رەنگی سپی و خاڵخاڵە، پەڵەیەکی سەوزی سێ سووچی لە ســەرە، گــۆشــتی دەخــورێ و راو دەکـردرێ، Tadorna tadorna ناوی لاتینی ئەم باڵندەیە، هەڵەتانج.

**تێبینی:** ئاڵ لەم وشـەیە دا بە مـانای رەنگی کەسک یا سەوز هاتوە. بە گشتی رەنگی ئاڵ لە زمانەکانی هیند و ئێرانی دا رەنگێکی یەکدەست نیە و هەر کام بۆ رەنگێکیان بە کار بردوە. لە زمانی کۆنی تەبەریی دا ئال بە مـانای سـەوز هـاتوە. (بڕ: ئاڵ1).

**ئاڵەتە** (نا.)[ئەر] بڕ: ئاڵەت2

**ئاڵەتە کێوییلە** (گیا.)[ئاڵەت1 + ئە + کێو + ئییلە] گیایەکی خۆڕسکە پتر لە دەم جۆبار و رۆبار شین دەبێ گوڵی مۆر و بە هێشوویە و تام و بۆنی توند و تیژە.

**ئاڵە فــەڕەنگ** (ئان.)[فــەر: a la franque] کـەسـێک کـە جل و بەرگی فــەڕەنگی دەبەر دەکــا و لـە ژیانی دا لاسای ئەوان دەکاتەوە، فەرەنگی مەئاب، ئەلۆدە.

**ئاڵەقۆق** (گیـا.)[ئاڵ1 + ئە + قـۆق (کۆک)] بڕ: ئاڵەکۆک

**ئاڵەکۆک** (گیا.)[ئاڵ1 + ئە + کۆک] ١ـ لە یەکەم گیا خۆڕسکەکانی بەهارییە کــە زۆرتر لە پەنا پەڵە بەفــران ســەر دەردێنێ، بە قـەرا بستـێک لە زەوی بەرز دەبێتەوە، گەڵاکانی لە شنگ دەچێ بەڵام تووکن و هەندێک پانتــرن، گــوڵەکـەی زەردن و بنێکی خــڕیان هـەیە کـــە دەخورێ، ئاڵەکۆک هەموو ساڵێ لە سەر بنجی خۆی سەرهەڵدەداتەوە و لە گوڵ و

ریشەی بۆ دەرمانیش کەلک وەردەگرن، primevere ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، ئاڵەقۆق، هەڵەکۆک، هاڵەکۆک، پەڵووک.
٢ـ (کنـ.) دیاری هەژارانە. ‡‡ دیاری شوان ئاڵەکۆکە. ‖ **ئاڵەکۆکی نێو دوو بەردان:** (کنـ.) کەسێک کە لە هەموو لایەکەوە زەخت و زۆری بۆ دێن.

**ئاڵەم** (نا.) بڕ: عالەم. ‡‡ تەک دا تاریکی ئەو لای تەریکی / ئاڵەم چەنی نوور کەرد هام شەریکی (مەولەوی ل ٢٤٥).

**ئاڵی** (ئان.) پیاوی ژێر دەست و گوێ لە مستی ژن، پیاوێک کە ترسی لە ژنەکەی هەیە. ~ **بوون:** لە ژن ترسان و لە ژێر ئەمری ژن دا بوون.

**تێبینی:** بەرامبەر بەم وشەیە لە کۆیە (هۆمەر = عومەر) و ئەو دوایانەش لە سلەیمانی (یۆسف) باوە، جا ئەوەی کە بۆ ئەم مەبەستە هەر ناوی (شەخس) بە کار دێ، دەمهێنێتە سەر ئەم باوەڕە کە ئەسڵی ئەم وشەیەش (عەلی) بێ. (قامووس ب ١ ل ٦٤). وشەی ئاریلە کە پێک هاتوو لە [ئاری + لە]یە گومان دەخاتە سەر ئەم بۆچوونەی زەبیحی و شیاوی پتر لێکۆڵینەوەیە بە لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە دوو پیتی ل و ر ئاڵوگۆڕییەکی زۆریان هەیە و شک نیە کە ئاڵی و ئاری هەر یەک وشەن. (هس: ئاریلە)

**ئام**[1] (نا.)[عەر: عم][باک] برای باوک، مام.

**ئام**[2] (پێشـ.)[بڕ: ئاو3] هەم، هاو ‡‡ ئامپا، ئامپیاڵە، ئامیار.

**ئام**[3] (چا. مخ) هات، هام ‡‡ ئاموشۆ

**تێبینی:** ئام لە چاوگی ئامای هەورامی بە مانای هاتن کەوتوە و تەنیا لە وشەی ئاموشۆ دا دەبیندرێ و پەڕیوەتە نێو زاراوەی ناوەندیی و شێوەی هام ـ یشی لێبۆتەوە.

**ئام**[4] (ئام.)[بڕ: ئا14] دوو ناو یا دوو ئاوەڵناوی دووپات کراوە تێک دەکاتەوە و ئاوەڵناوێکی نوێ ساز دەکا. ‡‡ بەرامبەر

**ئاماج** (نا.) بڕ: ئامانج. ‡‡ ڕۆح جە تەن پەرواز موژەی مەستێکم / ئاماج تانەی خاس و کە.ستێکم (وەلی دیوانە ل ٨٧).

**ئامادە** (ئان.)[باک: ئامادە ـ ناو: ئامادە ـ باش: ئامادە] ساز، تەیار، حازر. ~ **بوون:** ساز بوون، تەیار

بوون، حــازر بـوون. **~ کــردن:** ســاز کردن، حازر کردن، تەیار کردن.

**ئامادەیی** (حم.)[ئامادە + یی] ئامادە بوون، حــازریی، تەیاریی. :: ئامــادەیی خــۆم بۆ چوونـه ســەیران و گــەشت راگەیاند.

**ئامار** (نا.)[لە: ئامارتش][پەھ: ئامار] ١ـ رادە و ئــەنــدازە بــە پــێــی بـژار و لێکدانەوە، بژار، ژمارە. :: بە پێی ئامار هەمـوو سـاڵێ ... منداڵ لە دایک دەبن و ... کەس دەمرن. ٢ـ [زا] ژمارە

**تێبینی:** فـارس ئەم وشـەیەی لە زمـانی پەهلەویی دەرکێشاوە و لە جـیات -sta tistique بـە کـــاری دێـنـێ و ئـەویش زانســـتــێکە کـــە بە بژار و ژمـــارە رووداوەکان و ژیانی کۆمـەڵایەتی نیشان دەدا وەک بژاردنی رادەی حــەشـێـمــەتی وڵات یا شـارێک. هـەر چەند ئەم وشـە لە زمـانـی فــارسی را هاتۆتە نێـو زمــانی کوردییەوە بەڵام خزمایەتی و نزیکایەتی ریشــەیی دە گــەڵ کـوردیی زۆرترە. [بڕ: ژماردن].

**ئامارات** (نا. ل)[ئامـار + ئات][باک] ئامــراز، ئامــێــر، کــەل و پەلی کــار، ئـەسـبــاب. ئامـــوورەت :: ئامـــاراتی دارتاشی.

**تێبینی:** ئەم وشـە لە ئامـێر کـەوتوە و کۆی ئاتی پێوە نراوە.

**ئامارگەر** (ئان. ل)[ئامار + گەر][پەھ: ئامارگەر] کەسێک کە کاری سەرژمێری و ئاماری بە دەستەوەیە.

**ئاماژ** (نا.) بڕ: ئامانج

**ئامــاژە** (نا.)[بڕ: ئامـانج] ئـیشــارە، هێما.

**تێبینی:** ئاماژە هاوڕیشە و هاومـانای ئامـانجـە و لە مـانای بنەڕەتی خۆی یانی نـیـشـــانە هـەندێک لەقـــاوە و مـــانـای ئیشارەی بە خۆوە گرتوە.

**ئاماسان** (چا. ل) بڕ: ئاوسان

**ئامـــاســیـــاگ** (نا. مــف.)[لە: ئاماسیان][ئەر] بڕ: ئاوساو

**ئاماسیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: ئاوسان

**ئاماڵ** (ئان.)[پەھ: هەمال] نزیک بوون و شـێـوە دان لە حـاڵ و رەنگێک، وێچـوو، مـەیلە. :: ئامـاڵ شـێت، ئامـاڵ فـەقـیـر، ئاماڵ شین، ئاماڵ سوور.

**تێبینی:** وشـەی ئامـاڵ دەگـەڵ وشـەی ئـاواڵ هـەر یـەک ســــــەرچاوە و یـەک

ریشەیان هەیە هەرچەند کە ماناکەیان هەندێک لێک دوور کەوتۆتەوە. لە زمانی پەهلەویی دا هەمال هەم بە مانای ئاواڵ و هەواڵە هەمیش بە مانای وەک و شێوە و ئاماڵ و چەشن.

**ئامان**[1] (نا.)[ئەو: ئاڤەنت، ئافەنت ـ سان: ئاپۆڤەنت ـ پەه: ئاپۆمەند. باک: ئامان ـ ناو: ئامان، ئاوان ـ باش: ئامان] دەفر و قاپ و قاچاغی چێشت تێدا خواردنی نێو ماڵ.

**تێبینی:** ئاڤەنت āfant لە ئەوێستا و هاوتاکانی بە گشتی لە ئاڤ یا لە ئاپ بە مانای ئاو پێک هاتوون و ماناکەیانی ئاودار و ئاودانە، هەروەتر ئاوێژدانە āveždāna ـ ش لە ئەوێستا دا هەر بە مانای ئاودان یا دەفری ئاو هاتوە. ئامان و ئاوان لە دوو بەشی [ئام، ئاو + ئان] پێک هاتوون ئام شێوەیەکی دیکە لە وشەی ئاو ـ ە و ئان سواوی دان ـ ە یانی وشەکە بە گشتی ئاودان ـ ە. (هس: ئافتاوە)

**ئامان**[2] (نا.)[عەر: امان] ١ـ تکا و رجا بۆ وریا بوون و چاوەدێری باشتر لە شت یا کەسێک کردن، دەخیل، ئەمان. ⁑ فریوی هەر هەوەسبازێ مەخۆ ئەی تازەگوڵ ئامان / سبەینان ئارەزووی یارێکی دی و هاوسەر دەکا شەونم (ئاوات ل ٢٥). ئامان منداڵێنە نەکەن بچنە سەر چۆم، ئامان ئەو منداڵە دەست لەو سۆبەیە نەدا. ٢ـ زاڵە، بێزار. ⁑ ئامان لە زۆڵمی زاڵم. ٣ـ ناوەی مێینە لە نێو مەنگوڕان دا. ~ **بۆ بردن:** پەنا بردنە بەر کەسێک و ئامان خواستن. ⁑ لە ترسی بابی ئامانی بۆ باپیری بردوە. ~ **خواستن:** پەنا بردنە بەر کەسێک لە ترسان بۆ پاراستن. ~ **لەبەر هێنان:** داوای ئامان لێکردن، پەنا بۆ بردن، ئامان خواستن. ⁑ بازێکی چەنگ بە خوێنە/ ئیکلامێی لێ بکێشە، ئامانێ لە بەر بێنە (مان ل ١٨٦). **وە ~ خستن:** ئۆقرە لێبڕین، هێمنایەتی لێبڕین، وە زاڵە هێنان. ⁑ دز و چەتە وڵاتیان وە ئامان خستوە. **وە ~ هاتن:** وە زاڵە هاتن، بێزار بوون. ⁑ لە دەست ئەو ژیان و چەرمەسەرییە وە ئامان هاتووم. **وە ~ هێنان:** زۆر ئەزیەت و ئازار دانی کەسێک، وە زاڵە هێنان.

**ئامانج** (نا.)[پەش: ئەرمان، ئەرماند ـ فار: ئارمان. باک: ئارمانج، ئالمانج ـ ناو: ئامانج، ئاماژ ـ هەو: ئاماج] ١ـ شتێک کە دادەکرێ و بۆ تیر هاویشتن دەست

نیشان دەکرێ، ئاماژ، نیشانە. ٢ـ مەبەست، ویست، دۆز. ፨ پیاو دەبێ لە ژیانی دا ئامانجێکی هەبێ.

**تێبینی:** ئەم وشەیە لە ئارمانجی زاراوەی باکووریی هاتۆتە نێو زمانی ئەدەبی ناوەندیی و ئاماژ و ئاماژەشی لێبۆتەوە. ئامانج لە بنەڕەت دا بە مانای نیشانە بوە و بەمانای مەبەست بە مەجاز هەر لە نیشانە کەوتوە.

**ئامانەت** (نا.)[عەر: امانة] ١ـ شتێکی کە بۆ ماوەیەک لە لای کەسێک دادەندرێ و دوایی وەردەگرترێتەوە، ئەمانەت. ፨ هەندێکم پووڵ بە ئامانەت لە لای کاک برایم داناوە هەتا لەم سەفەرە دێمەوە بۆم راگرێ. ئەم کتێبە دەتوانی بە ئامانەت وەریگری. ٢ـ ئاگا، چاوەدێریی. (بەو مانایە دەگەڵ چاوگی بوون دێ) & ئەمانەت. **~ بوون:** ئاگا لێبوون، چاوەدێریی کردن، پاراستن. ፨ ئەو کەوشە ئەگەر ئامانەتی بێ بەشی چوار ساڵی دەکا. **بە ~ دانان:** شتێک لە لای کەسێک دانان بۆ ماوەیەک هەتا ئاگاداری لێبکا و دوایی لێی وەربگیرێتەوە. **بە ~ وەرگرتن:** شتێک بۆ ماوەیەک لە کەسێک ستاندن و لە دوایی دانەوەی. ፨ ئەو کتێبانەم لە کتێبخانە بۆ دە رۆژان بە ئەمانەت وەرگرتوە.

**ئامانەتدار** (نا. فا)[ئامانەت + دار2] ١ـ کەسێک کە ئامانەت راگرێ، ئەمانەتدار. ٢ـ جێ بڕوا، دەستپاک، ئەمین.

**ئامانەتداریی** (حم)[ئامانەتدار + ئیی] ١ـ کار و ئاکاری ئەمانەتدار. ٢ـ دەستپاکیی، دروستیی، ئەمینیی.

**ئامانەتیی** (حم.)[ئامانەت + ئیی] ماڵ یا هەر شتێک کە وەک ئەمانەت دراوە بە کەسێک، بە ئامانەت داندراو.

**ئاماوزێ** (نا. ل)[ئاماو؟ + زێ2] مشەمما یا پەڕۆیەکی تەنکە کە دە شەمی هەڵدەکێشن و لە سەر کوانی دادەنێن هەتا کێمەکەی هەڵمژێ.

**ئاما و لوای** (چا. مخ)[هەو] بڕ: ئاموشۆ

**ئامبار** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: ئەنبار

**ئامباز**[1] (ئان. ل)[ئام2 + باز2] دوو کەسی کە یەکتر دەباوەش دەگرن و تێک دەبەزێن، تێک گەوزینی دوو کەس دەگەڵ یەک جا بۆ شەڕ بێ یا بۆ یەکتر دە باوەش گرتن لە خۆشەویستییان. **~**

**بوون:** خــۆ پێــدادان و دەباوەش گــرتن، ئاوقـــــا بـوون، تێک بـەزین. ⁘ هـەر لـە دوورەوە دیتی ئامـبازی بوو و بە عـەرزی دادا. **~ی یەکتـر بوون:** بە هـەڵەداو بۆ لای یەکتـر چوون و یەکتـر دە باوەش گرتن بۆ شەڕ یا لە خۆشەویستیان.

**تێبینی:** باز دەچێتەوە سەر ڕیشەی ڤـەزەی vaz ئەوێستایی بە مانای ڕۆیشتن و چوون و بەزینی کوردیی، ماناکەی دەبێتە بەرەو یەک چوون و تێک بەزین. زەبیحی بازی بردۆتەوە سەر بازوو یا باسک (بڕ: قاموس ب ٢ ل ٦٧).

**ئامباز**$^{2}$ (ئان. ل)[ئام2 + باز3][پەھ: ئەمباز، هەمباز. ناو: ئامباز، هەمباز ـ زا: ئالباز، ئالبۆز] هاوڕێ، هەڤاڵ، ئاواڵ، هەمباز، ئالبۆز. ⁘ ئامبازی زیندانم مەکە وەکوو کاکەمەم و خاتووزینی (مێر و وەفا ل ١٠٤).

**ئامبولانس** (نا.)[فەر: am-bulance] ماشێنی تایبەتی نەخۆشخانەکان بۆ ڕاگوێزتن و هێنان و بردنی نەخۆش و بریندار و تەنانەت مردوو.

**ئامپا** (ئان. ل)[ئام2 + پا1] جووتبەندەی دەوڵەمەند و حاڵخۆش لە دێهات دا، هاوپایە، هاوشان. ⁘ دیارە ئاغا پێکەوە نێوانیشیان ناخۆش بێ، رعێت و ئامپا گفتوگۆیان دەگەڵ یەکتری هەیە (لاس و خەزاڵ ل ١٤٥).

**ئامپیاڵە** (ئان. ل)[ئام2 + پیاڵە] دوو کەس کە هەمیشە بە یەکەوە ئارەق دەخۆنەوە و هاودەم و هاوراز و هاوبڕوای یەکترن، هاوپیاڵە.

**ئامپێر** (نا.)[فەر:ampere] واحیدی ئەندازەگرتنی تەوژمی بەرق.

**ئامدەم** (ئان. ل)[ئام2 + دەم] ١ـ هاوڕێ، ئاواڵ، ڕەفیق. ٢ـ هاوقسە، هاوزمان. & هاودەم. ⁘ جا فایدەی چی؟ هەر کەسە دەگەڵ ئامدەمی خۆی دەتوانێ قسە بکا و بچێتەوە ڕێ و شوێنی جێ ژوانێ (سەعید و میرسێوەدین ل ١٠)

**ئامراز** (نا.)[پەھ: ئەوزار، ئەفزار، ئەبزار، ئەفچار. باک: ئامارات، ئاموورەت، ئامراز ـ ناو: ئامر، ئامێر، ئامراز، ئەمراز] ١ـ کەرەسە و ئەسباب و دەزگای کار و ئیش. ⁘ تەور ئامرازی داربڕینە. ئامرازەکانی سەرتاشینم بۆ بێنە با سەری ئەم منداڵە کورت کەمەوە.

٢ـ لە ڕێزمـــــان دا بە مـــــانای ئەدات (Article) هەڵبــژاردراوە. ‖ **ئامــرازی دەست:** کەس یا دەوڵەتی گوێ لە مستی دەســـتــەڵاتدارێک بۆ هەڵســووڕاندنی کـــاروبار و دەســـتـــوورەکـــانی ئەو دەستـەڵاتدارە. ⁂ شا ئامرازی دەستی ئامریکا بە دژی خەڵکی کورد بوو.

**ئامــــڕاز** (ئان. ل)[ئام2 + ڕاز] دوو کەس کە بڕوای تەواویان بەیەکە و باسی دڵی خۆیان لە لای یەک دەکەن، هاوڕاز. ⁂ زگم دەسووتا من بە حاڵی خۆ / کۆتر نابێـتـە ئامـڕازی هـەڵۆ (سـەعـیـد و میرسێوەدین ل ٤٢)

**ئامـسـا** (ئان. ل)[ئام2 + سا1] بڕ: ئاوسا

**ئامـسـەر** (ئان. ل)[ئام2 + سـەر] بڕ: هاوسەر

**ئامـشـۆ** (چا. مخ)[ئام3 + شـۆ] بڕ: ئاموشۆ. **~ کردن:** بڕ: ئاموشۆ کردن.

**ئامشۆکەر** (نا. فا)[لە: ئامشۆ کردن] بڕ: ئاموشۆکەر

**ئامـــفی تیـــاتر** (نا.)[یون: am-phiteatron] ١ـ شـوێنی دانیـشـتنی سـەیرکـەران لە یونان و ڕۆمی کۆن، کـە ریزەکـــانی پلیکانی و بازنەیی بوو و نێوەڕاسـتـەکـەی گـۆڕاییـەک بوو کـە بەرنامـــەیان تێـــدا دەگـــێـــڕا. ٢ـ هـەر شـوێنێکی نوێی بەم شـێوە کـە نمایشی تێدا بدرێ.

**ئامک** (نا. ل)[ئام1 + ک] خـوشکی باوک، پوور، میمک، ئامکە.

**ئامکوف** (ئان. ل)[ئام2 + کــوف؟] هاوشـــان، بەرابەر، هاوپایە، ئاوکـوف، ئاوقـوف. **~ بوون:** هاوشـان و بەرابەر بوون، وەک یەک بوون، لە یەک پلە و پایە دا بوون. ⁂ بۆ کەس نییـە خـەبەرێکم بۆ بەرێ بۆ عێلی باڵەکان و مەملەکەتەکەی باڵەکـیـیـە/ بڵـێن پێنج هەزار کـەس ئامکوفی ئاقـە سـوارێک نیـیـە (لاس و خەزاڵ ل ١٥٤).

**ئامکە** (نا. ل)[ئامک + ئە][زا] بڕ: ئامک

**ئامـــلانە** (ئان. ل)[ئام2 + لانە] دوو دڵداری پێک گـەیشـتـوو، هاودەم، ئاومل، هاوژین، ئاولانـە. **~ بوون:** هاودەم و هـاوژین بـوون، بـە یـەکــــــەوە بـوون، دەســتـەمـلانی یەک بوون. ⁂ جا ئەمن بۆچیـمـە ئەو زیندەگـانی و ئەو ژیانە / کـەسـێکی دیکە لە سـینگ و بەرۆکم بگێڕێ پەنجانە/ میراتی شۆڕمەحموود

لەگـــەڵی ببــێـــتـــەوە بە ئامـــلانە (شۆڕەمەحموود ل ٩٠) باسکت ئاوێزانی گــەردن پکەم، بڵــێن ئەوە ئاشـــقـــە و ماشقەی مارن وا بوونەوە ئاملانە (لاس و خەزاڵ ل ٤٢).

**ئامنان** (نا.)[زا] بڕ: هاوین

**ئامنۆن** (نا.)[زا] بڕ: هاوین

**ئامنوون** (نا.)[زا] بڕ: هاوین

**ئامـوشـۆ** (چا. مخ)[ئام3 + و + شـۆ] هاتوچۆ، چوونە لا، ئامـۆشـۆ، ئامـشـۆ، ئامـەشۆ، هـامۆشـۆ. **~ کردن:** هات و چۆ کەسێک کردن، سـەر لە کەسێک دان، ئامـــشـــۆ کـــردن. ؛؛ کـــەریم دەمــێک ئامـوشـــۆمـــان ناکـا. دەگـەڵ یەک ئام و شۆتان هەیە؟

**تێبینی:** ئەم وشـە لە زاراوەی ناوندی دا بە تـایبـەت لە مـوکـریان برەوی زۆرە کەچی ریشەی دەگەڕێتەوە سەر زاراوەی هەورامی، نازانم ئەم وشـە کـەی و چۆن هـاتوەتە نـاو ئەو زاراوە. ئام لـە چاوگی ئامـای بە مـانای هـاتن و شۆ لە چاوگی شیای بە مانای چوون کەوتوە.

**ئامـوشـۆکـەر** (نا. فا)[لە: ئامـوشـۆ کـردن] کـەس یا کـەسـانێک کـە هات و چۆی شـوێنێک دەکـەن، هات و چۆکـەر، ئامشۆکەر. ؛؛ ماڵە بابم ئاموشۆکەریان زۆرە.

**ئامۆ[1]** (نا. ل)[ئام1 + ئۆ] برای باوک، ئاپۆ، مـام، مـامۆ. (لە زاراوەی نـاوەندیی دا بە تەنیا بە مـانای مـام ناکوترێ بەڵام لە هەندێک ناوی تێکەڵاو دا دەبیندرێ ؛؛ ئامۆژن، ئامۆزا.)

**ئامـۆ[2]** (ر.) ریشـــەی چاوگی لە بیـر کـراوی ئامـۆتن بە مـانی فـێر کـردن. ؛؛ دەستەمۆ (دەست ئامۆ) ، نامۆ (نا ئامۆ)

**ئامۆچ** (ر.) بڕ: ئامۆژ

**ئامۆچیار** (ئان. ل)[ئامـۆچ + یار] بڕ: ئامۆژگار

**ئامۆچیاریی** (حم.)[ئامۆچیار + ئیی] بڕ: ئامـــۆژگـــاریی. **~ کـــردن:** بڕ: ئامۆژگاریی کردن.

**ئامۆزا** (نا. ل)[ئامۆ1 + زا] پەیوەندی نیـــوان منداڵەکـــانی دوو یا چەند برا دەگەڵ یەکتر، منداڵی مام، مامۆزا.

**ئامـــۆزازا** (نـا. ل)[ئامـــۆزا + زا] پەیوەندی نێـوان منداڵەکـانی ئامـۆزا دەگـەڵ ئامـۆزای ئەو کـەسـە یا دەگـەڵ منداڵەکانی ئەو کـەسـە، مـامـۆزازا، بن ئامۆزا.

**تێبینی:** بۆ دیاری کردنی ئەوە کە ئامۆزازای کامەیانە لە ناساندن و رستە دا دیاری دەدا. وەک: " ئاسۆ ئامۆزازای منە " یا " من و ئاسۆ ئامۆزازاین ".

**ئامۆژ** (ر.)[پەه: ئامۆژ، ئامۆچ، ئامۆز. باک: ئامۆژ ـ ناو: ئامۆژ، ئامۆچ ـ هەو: مۆچ] ئەم وشەیە بە تەنیا نایە و لە هەندێک وشەی لێکدراو دا ماون و مانای فێر دەدا.

**تێبینی:** چاوگەی ئەو وشە و چەندی وشەی دیکە لەم رەگە لە کوردیی دا لە بیر چۆتەوە و دەبێ وشەی نزیک بە ئامۆتن بووبێ بە لە بەرچاو گرتنی وشەکانی دەستەمۆ و نامۆ و چاوگی پەهلەویی ئەم وشەیە ئامۆختەن -āmōx tan بە مانای فێر کردن، راهێنان. ئامۆچ و ئامۆژ و ئامۆز رەگی ئێستای ئامۆختەن ـ ن.

**ئامۆژگار** (ئان. ل)[ئامۆژ + گار][پەه: ئامۆژەکار] کەسێک کە ئامۆژگاری دەدا، پەنددەر، نەسیحەت کەر، رێ پێشاندەر، ئامۆچیار، ئامۆژیار.

**ئامۆژگاریی** (حم.)[ئامۆژگار + ئیی] [پەه: ئامۆژەکارییە] نەسیحەت، پەند، فێر کردنی چاکە و خراپە، ئامۆژیاریی، ئامۆچیاریی، مۆچیاریی. **~ کردن:** نەسیحەت کردن، پەند دان، ئامۆژیاریی کردن.

**ئامۆژن** (نا. ل)[ئامۆ1 + ژن] پەیوەندی نێوان ژنی برایەک دەگەڵ منداڵەکانی براکانی ئەو کەسە، ژنی مام، ژن ئاپ، ژنام، مامۆژن، مامۆژەنی.

**ئامۆژیار** (ئان. ل)[ئامۆژ + یار] بڕ: ئامۆژگار

**ئامۆژیاریی** (حم.)[ئامۆژیار + ئیی] بڕ: ئامۆژگاریی. **~ کردن:** بڕ: ئامۆژگاریی کردن.

**ئامۆشۆ** (چا. مخ)[هەو] بڕ: ئاموشۆ. :: خەیر وەڵڵا تا گیان نە تۆی قەفەس بۆ / کەم کەم ئامۆشۆی ئامای نەفەس بۆ (مەولەوی ل ٣٥٢).

**ئامۆنیاک** (نا.)[یون: ammoniak] گازێکە بێڕەنگ و بۆن تیژە، لە هەوا سووکترە و دەگەڵ ئاو تێکەڵ دەبێ و لە نوشادور و قسڵ بە دەستی دێنن. لە بزیشکی و سەنعەت دا کەلکی لێوەردەگرن و فۆرمۆلەکەی $NH_3$ یە.

**ئامۆنیۆم** (نا.)[فەر: ammonium] فلزێکی فەرزییە کە هێشتا بە حاڵەتی ئازاد نەدیتراوەتەوە و وایان داناوە کە لە

ئەملاحی ئامۆنیاک دا هەیە.

**ئاموور** (نا.) هاوتای نیر کە یەکێکە لە دوو پارچەی سەرەکی بۆ جووت. ئاموور لە دوو کوتی باسک یا باسکێش و دەندە پێک هاتوە (بڕ: باسکێش و دەندە)، هەوجار، ئێرەقە، یەرەق. || **ئامووری ڕژد:** ئامووڕێکی باشە کە زۆر دەچتە خوار و باش دەکێڵێ. **ئامووری ماڵە:** ئامووڕێک کە چاک ناچێتە نێو عەرزەوە و کەم دەچەقێ، هێس. **ئامووری هێس:** بڕ: ئامووری ماڵە.

**تێبینی:** ئاموور هەمان وشەی ئامێرە و ماناکەی تەنگەبەر بۆتەوە. (بڕ: ئامراز)

**ئاموورەت** (نا.)[باک] بڕ: ئامارات

**ئامە** (نا.)[ئەر] دایک.

**ئامەد** (نا.)[فار: آمد (هات) لە چاوگی آمدن (هاتن)] پێشهاتی باش، بەخت، هات، شانس.

**ئامەشۆ** (چا. مخ)[ئام3 + ئە + شۆ] بڕ: ئاموشۆ :: لە بەینی نوور و زوڵمەت ئامەشۆ سەر ناگرێ مەحوی / نیگارم بۆیە پێمی وت لە من هاتن، لە تۆ ڕۆیین (مەحوی ل ٢٥٢).

**ئامیار** (ئان. ل)[ئام2 + یار] [هەو] ئاواڵ، هاوڕێ، دۆست، یاریدەدەر.

**ئامیان** (نا.) بڕ: هەوێن

**ئامیب** (نا.)[فەر:Amibe] گیاندارێکی یەک خانەیە کە لە ئاوی شیرین و جێگای شێدار و ئاوی حەوز دا دەژی، چەندین جۆری هەیە کە جۆرێکیان لە ریخۆڵەی مرۆڤ دا پەیدا دەبێ و دەبێتە هۆی ئیسهالی خوێنی.

**ئامیتن** (چا.)[ئەو: میەز ـ پەه: ئامێختەن ـ فار: ئامیختەن] تێکەڵ کردن، لێکدانی دوو شت، ئامێتە کردن // پالاوتن

**ئامیتە** (نا. مف.)[لە: ئامیتن][ئەو: ئاهیتە ـ پەه: ئامێختەک ـ ناو: ئامیتە، ئامێتە، ئاوێتە، ئاویتە] تێکەڵ، لێکدراو.
~ **بوون:** تێکەلاو بوون، تێکەڵ بوون.
~ **کردن:** تێکەلاو کردن، لێکدان.

**تێبینی:** لە ئەوێستا دا ئاوەڵناوی ئاهیتە بە مانای دژوێن و چەپەڵ و پیس هاتوە یانی شتێک یا کەسێک کە پیسایی تێکەلاوی بوە و دەگەڵ ئامیتە یەک ریشە و رەگەزیان هەیە.

**ئامیر**[1] (نا.) بڕ: ئامراز

**ئامیر**[2] (نا.)[عەر: امیر] ١ـ سەرۆک،

سەرکردە. ٢ـ لەقەبی بنەماڵەی شا. & ئەمیر، میر.

**ئامیربەتالیۆن** (نا. ل)[ئامیر2 + بەتالیۆن] بڕ: سەرپەل

**ئامیرهێز** (نا. ل)[ئامیر2 + هێز] کەسێک کە سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگەی ناوچەیەکی بەدەستەوە، سەرۆک هێز.

**ئامین**[1] ( نا.)[زا] بڕ: هەوێن

**ئامین**[2] (نا.)[عەر: آمین لە عبر: امین] وشەیەکە دوای دوعا و پاڕانەوە دەکوترێ بە مانای قسەکە وەدی بێ یا دوعاکە قەبووڵ بێ.

**ئامێتە** (نا. مف.)[لە: ئامیتن] بڕ: ئامیتە

**ئامێر** (نا.) بڕ: ئامراز

**ئامێز** (نا.)[پەه: ئامێز، ئامێچ ـ باک: هامبێز، هەمبێز، هەمێز، همبێز ـ ناو: ئامێز، هامێز، مێز، هەمێز] ١ـ شوێنێکە دەکەوێتە نێوان سینگ و هەر دوو دەست کە بەرەو سینگ داکێشراوە. ؛؛ مانگەشەو خۆشە مانگ لەپەرێزێ / دۆستی جوانت بێ پڕ بە ئامێزێ (فۆلکلۆر). ٢ـ رادەیەک لە دەست کە دەکرێتەوە و شتێک بە خۆیەوە دەگرێ، بۆ هەڵگرتن. ؛؛ ئامێزێک دار بێنە، ئامێزێک گیا.& باوەش، باوش. **~ پێدا کردن:** شتێک یا کەسێک دە باوەش گرتن. **~ تێوەرهێنان:** دە باوەش کردن، ئامێز پێداکردن. ؛؛ هەرچەندی حەولی دا، وەلاغێک لە بەر ئەوی نەکشاوە / لە سەر چەنگان رۆیی، ئامێزی دە کوڕی خۆی وەرهێناوە. (مان ل ١٣٩). **~ لەبەر وەرێنان:** دەباوەش کردن، ئامێز پێدا کردن، ئامێز تێوەرهێنان. **بە ئامێزەوە بوون:** کەسێک یا شتێک لە باوەش دا بوون. ؛؛ عەلی منداڵەکەی بە ئامێزەوە بوو و دەڕۆیشت. **دە ~ گرتن:** دە باوەش کردن.

**تێبینی:** ئامێزلە چاوگەی ئاویتن بە مانای تێکەڵاو بوون کەوتوە و لە ئامێژەن دا ئەو مانایەی هێشتا راگرتوە. لە پەهلەوی دا ئامێز و ئامێچ بە مانای تێکەڵاو لە چاوگەی ئامێختەن ـ ی پەهلەویی و میەز ـ ی ئەوێستایی هاتوە و لە فارسیش دا ئامیز هەر بەو مانایەوە لەو چاوگەیە پەیدا بوە و مانای بنەڕەتی یانی دوو کەس کە تێکەڵاوی یەکتر دەبن. (بڕ: ئامیتن)

**ئامێژە** (نا.)[بڕ: ئامێژەن] بڕ: هەوێن

**ئامێژەن** (ئان. ل)[ئامێژ + ژەن] ١ـ تێکەڵاو، ئامێتە، تەڤ لە هەڤ ٢ـ (نا.) بڕ: هەوێن. **~ کردن:** ١ـ تێکەڵاو کردنی دوو یا چەند شت دەگەڵ یەک. ⁝⁝ ئەو خاک و گەچە دەگەڵ یەک ئامێژەن کە! ٢ـ بڕ: هەوێن کردن.

**تێبینی:** ئامێژەن لە ئامێژ + ژەن پێک هاتوە و یەکێک لە دوو پیتی ژ فەوتاوە. ئامێژ لە چاوگی میەز ـ ی ئەوێستایی و ئامیچ ـ ی پەهلەویی بە مانای تێکەڵ و ئامێتە کەوتوە و ژەن لە غەن ـ ی ئەوێستایی بە مانای لێدان کەوتوە و بە گشتی یانی تێکەڵ کردن.

**ئامێن** ( نا.)[زا] بڕ: هەوێن

**ئان**[1] (پاشـ.)[پەه: ئان] ١ـ پاشگری کۆی ناوی نەکەرە، گەل. ⁝⁝ داران، کچان و کوڕان، شاران. دایکان ببینە و کچان بخوازە. **تێبینی:** چونکە دەست پێکەری ئەم پاشگرە پیتی بزوێنە هەر کات دواین پیت بە بزوێن تەواو بێ لە بەر ئەوە کە دوو پیتی بزوێن دەگەڵ یەک ناخوێندرێنەوە هەندێک ئاڵ و گۆڕی بە سەر دادێ. دوای بزوێنی « ئا » و « ئێ » و « ئی » و « ئۆ » پیتی « ی » دەبێتە یارمەتی دەری و لە نێوانان دا سەر هەڵدەدا. ⁝⁝ برایان، ئاغایان، چرایان. هەرمێیان، دەرپێیان. حاجی یان، پەری یان. برۆیان، درۆیان. دوای بزوێنی « ئوو » پاشگر وەک خۆی دەمێنێتەوە و دواین بزوێن دەگۆڕێ و دەیکاتە « و » یا ئەوە کە بە دوای « ئوو» پیتی « و » دەبێتە یارمەتی دەر، بەڵام لە رێنووسی ئەدەبی و هەروەها وتوێژیش دا پتر بزوێنەکە دەسوون. ⁝⁝ مێروان، مێرووان (مێروو)، سێروان، سێرووان (سێروو)، دروان، درووان (دروو). دوا بزوێنی « ئە » دیسان پاشگر ناگۆڕدرێ بەڵام بزوێنەکە دەقرتێنێ. ⁝⁝ کەران (کەرە)، بەران (بەرە)، ... ٢ـ بە دوای کات و زەمانەوە دەلکێ و نیشاندەری زەمانە. ⁝⁝ بەیانان، نوێژی شێوان، ئێواران. بەهاران خۆت تەڕ مەکە، زستانان خۆت گیر مەکە (پەند). ٣ـ پاشگرە بۆ نیشان دانی شوێن و جێگا. ⁝⁝ لەندی شێخان، قەبران، ئالان. ٤ـ پاشگرە بۆ نیشان دانی بەزم و شادی و کۆ بوونەوەی خەڵک. ⁝⁝ خەنەبەندان، خەتنەسووران، شیرنی خۆران. ٥ـ کار و کردەوەیەک نیشان دەدا کە لە زاتی دا کۆی تێدایە بەڵام نیازی کۆی تێدا نیە. ⁝⁝ دەچمە ماسیان. زۆر قسان مەکە! ٦ـ بە

ئـاوەڵنـاوەو دەلکـێ و دەیکـاتـە نـاو. :: باریکان، ئەستووران.

**ئان** 2 (ئـام.)[بڕ: یـا] یا، یـان. :: ئان تۆ بیخۆ ئان من دەیخۆم.

**ئان**3 (ئام.) یـەکـێک لە پێنج نـاسـەی چاوگــەیـە. :: دان، هـەســتــان، مـــان، هـەڵدان.

**ئان**4 (ئـام.)[بڕ: ئـا14] نێــوگـــر و نێوبژی دوو وشـەی هـاومـانا و هـاوتا. :: بەرانبەر، سـەرانسـەر، دەوراندەور.

**ئان**5 (نا.)[عـەر: آن] زەمـان، کـات، دەم، زەمـانێکی کـورت. :: خـەرێکی نان خــواردن بووین لەو ئانە دا لە دەرگــایان دا. ئانێکی پێ نەچوو هاتەوە.

**ئاناتۆمی** (نـا.)[یون: Anatome] زانستێکە کە لە سـەر لەش و چلۆنایەتی ئەندامــەکـــان و پەیوەنـدی نێـــوان ئـەوان دەکۆڵێتەوە.

**ئانارشی** (نا.)[فــەر: anarchie] ١ـ ئاژاوە، شـێـواوی. ٢ـ وڵاتێک کـە شـێـواوە و قانوونی ڕێزی نەماوە.

**ئانارشیست** (ئان.)[فەر: anarchiste] ئاژاوەچی، ئاژاوەخواز.

**ئانارشــیــزم** (نـا.)[یون: anarchia] لاگـریی لە شـێـواوی و ئاژاوە ٢ـ بیـر و بـاوەڕێکی ســیـــاســی کــە خــۆشـی و خــۆشــبــەخــتی خــەڵک لە رووخـــانی دەوڵەتەکان و قانوونەکانی وان دا دەبینی و بۆ ئەم مـەبەستە ئاژاوەنانەوەی کردۆتە ئامانجی سەرەکی.

**ئاناناس** (گـیـا.)[فـەر: ananas] ١ـ دارێکە کــە لـە ئـامــریکا و چـەند وڵاتی ئوروپا دەڕوێ. گەڵای درێژ، گوڵەکانی هـێــشـــوویـین و بە ســاقـــەتـەکــەیـەوە نووسـاوەن، بەرەکـەی دریشت و ئاودار و بە تامە، هـەروا دەخورێ و بۆ کـەمپووت و مــرەباش کــەلکی لێــوەردەگــرن، Bro-melia ananas نــاوی لاتــیــنـــی ئــەم دارەیە. ٢ـ میوە و بەری ئەم دارە.

**ئاناهیــتـــا** (نا.)[ئەو: ئەناهیــتــە] فــریشـــتـــەی ئاگــاداری ئاو، ئەناهیت، ناهید. هـەروەها ئـەستێرەیەکە کە دەبێتە هاوتای ڤێنووسی یوونانیەکان.

**تێبینی:** لە روانگەی ئـاریکانەوە دوای ئاگـر، ئاو لە هـەمـوان گـرینگتـر بوە و بۆ ئەو فــریشـــتــەیـەک قـــایل بوون بـە نـاوی ئـانـاهـیــتـــا. لە ئـەرێدویســـوور یـەشت دا نـاهـیـد ژنێکی جـوان، بـاڵا بەرزی شـۆخ و شـەنگ، کـەمـەر تەنگی مـەمـک قـوت کـە

شیاوی پەرەستنە و شیری ژنی تازە زاوان دەداو رزق و رۆزی و ماڵ و سامان بە دەست ئەوە و ... ناساندراوە. لە سەردەمی پاشایەتی مادەکان چەندین پەرستگا بۆ ناهید ساز کراوە و یەکێک لەوان لە سەردەمی سێهەمین پادشای ماد هووەخشتەرە (٥٧٥ ـ ٦٥٢ ی بەر لە زایین) لە کەنگاوەر ساز کرا کە گەورەترین پەرستگای زوو بوە و ئێستاکەش شوێنەواری هەر ماوە.

ئاناهیتا لە [ئەن + ئاهیتە] پێک هاتوە. ئەن پێشگرە بە مانای نە، نا و ئاهیتە یانی ئاویتە، پیس، چڵکن و بە گشتی یانی نائاویتە، خاوێن، بێگەرد.

**ئانبار** (نا.)[باک] بڕ: ئەنبار.

**ئانتراکت** (نا.)[فەر: entre'acte] پشوو دانی نێوان فیلم و نمایش یا کۆڕی مۆسیقا کە خەڵک دەحەسێنەوە.

**ئانتیک** (نا.)[لات: antiquus] ١ـ هەر شتێکی لە کۆنەوە مابێ، کەل و پەلی زەمانی زوو، عەتیقە. ٢ـ شتی بە بایخ و گران، عەنتیکە.

**ئانتی بیۆتیک** (نا.)[فەر: anti-biotique لە یون: anti bios] جۆرێک دەرمانن کە بۆ چارەی هەندێک نەخۆشی کە بە هۆی باکتریەکان پێک دێ کەلکی لێ وەردەگرن، ئانتی بیۆتیکەکان کە بە ناوبانگترینیان پنی سیلینە لە قارچک و باکتری دەگرترێ و میکرۆب دەکووژن.

**ئانتێن** (نا.)[لات: antenna] ئامرازێکی فلزی تایبەتییە بۆ گرتن و ناردنی شەپۆلی رادیویی، تەلەویزیون و کەرەسەی هەواڵنێریی کە بە پێی پێداویستی چووک و گەورە و بەرزە. ⁘ ئانتێنی رادیۆ، ئانتێنی تلویزیۆن

**ئانژین** (نا.)[لات: angina] چڵک کردنی ئاڵوو و ئاڵوو هاتن و گەروو ئێشەی دوای هەڵامەت کە سەر ئێشە و چەق و چۆی بە دواوەیە.

**ئانسیکلۆپیدی** (نا.)[یون] کتێبێک کە تەواوی وشەکان و زاراەکانی زانستی و ئەدەبی زمانێکی تێدابێ، دایرة المعارف.

**ئانقەس** (ئاک.) بڕ: ئانقەست

**ئانقەست** (ئاک.)[عەر: عن قصد] کار و کردەوەیەک نائاسایی کە بە زانینەوە بیکەی، عەمد، عەمدی، ئانقەس، ئەنقەس، ئەنقەست. ⁘ بە ئانقەست قەندانەکەی شکاند.

**ئانکا** (ئاک.)[ئا + نکا][باک ـ زا] نووکە، هەنووکە، هەرئێستا، ئانوها، ئانۆکا، ئانها. (بڕ: نووکە)

**ئانگژا** (نا.)[؟] دەستەویەخە، گژ. **~ بوون:** بە گژ دا چوون، دەستەویەخە بوون. ∷ هەر لە دوورەوە چاوی پێکەوت ئانگژای بوو. ئانگژای مەبە لێی گەڕێ با بڕوا.

**ئانگشتانە** (نا.)[زا] بڕ: ئەنگوستیلە

**ئانوها** (ئاک.)[ئا+ نوها][باک] بڕ: ئانکا.

**ئانۆفێل** (گیان.)[فەر: anophel] مێشوولەی مالاریا، مێشوولەیەکە کە میکرۆبی مالاریا رادەگوێزێ، Anopheles maculipennis ناوی لاتینی ئەم مێشوولەیە.

**ئانۆکا** (ئاک.)[ئا + نۆکا][باک] بڕ: ئانکا

**ئانها** (ئاک.)[ئا + نها][باک] بڕ: ئانکا

**ئانە**[1] (جنا.)[بڕ: ئەو][هەو] ئیشارە بۆ دوور، ئەو، هۆو.

**ئانە**[2] (پاش.) پاشگرێکە و ئەم مەبەستانە پێک دێنێ. ١ـ پاشگرە بە ناوەوە دەلکێ و ئاوەڵکاری لێ ساز دەکا کە مانای وەک، وێنە و شێوەی ئەو شتە دەدا. ∷ پیاوانە، ژنانە، شێرانە، کوردانە. ٢ـ بە ئاوەڵناوەوە دەلکێ و ئاوەڵکاری بە مانای وەک و بەم شێوەیە لێ ساز دەکا. ∷ ئازایانە، ژیرانە، زانایانە. ٣ـ بە ناوەوە دەلکێ و ناوێکی تازە ساز دەکا بۆ کرێ و هەقی ئیش کە بدرێ بە کەسێک. ∷ جێژنانە، مەعاشی مانگانە، سەرقەڵەمانە. ٤ـ بە ناوەوە دەلکێ و ناوێکی تازە ساز دەکا کە بۆ کۆمەڵێک باج کە دەرەبەگ و ئاغا وەریدەگرن دەکار دەکردرێ. ∷ هەوارانە، گیسکانە، مڵکانە، پووشانە، بزنانە.

**تێبینی:** چونکە دەست پێکەری ئەم پاشگرە پیتی بزوێنە ئەگەر دواین پیتی وشەکەش بزوێن بێ ئاڵ و گۆڕییەکی فۆنۆتیکی بەدی دێنی کە هەر وەک تێبینی ( ئان1)ە. ∷ هەڵۆ، هەڵۆیانە ـ برا، برایانە

**ئانە**[3] (نا.)[تور: ana][ئەر] ١ـ دایک. ٢ـ داپیر، دایەگەورە.

**ئانی**[1] (پاش.) ١ـ بە ناوەوە دەلکێ و

ئاوەڵناو ساز دەکاکە مانای وەک و شێوە دەدا، ئانە٢. ⁘ ژنانی (پیاوی ژن خدە)، سەگانی (وەک سەگ زیرەک). ٢ـ بە ئاوەڵناوە دەلکێ و ناو ساز دەکا. ⁘ وشکانی. ٣ـ بە ناوەوە دەلکێ و ئاوەڵناو ساز دەکا. ⁘ شەڕانی.

**ئانی** [2] (نا.)[بڕ: هەنی2][باک] عەنی، نێوچاوان، نێوچەوان. ‖ **ئانی رەش:** کەسێک کە چارەی رەش بێ، عەنی رەش، بەدبەخت، چارەڕەش.

**ئانیسک** [1] (نا.)[باک: ئیسک، خیسک ـ ناو: هانیسک، ئانیسک، هەنسک، ئەنیسک، هەنیسک ـ باش: نیسک؟ ـ هەو: هەنسک] حاڵەتێکی وەک نزگەرەیە کە دوای گریانی زۆر لە بەر تێک چوونی بارودۆخی ئاسایی هەناسە تووشی ئەو کەسە دێ. **~ دان:** تووشی ئانیسک بوون ، هەنیسک دان. ⁘ ئەو منداڵە بەستەزمانە هێند گریاوە لە خەویش دا هەر ئانیسکان دەدا.

**ئانیسک** [2] (نا.)[ئەر] بڕ: ئانیشک

**ئانیشک** (نا.)[هیک: ئەرەتنی ـ ئەو: ئەرێثنی ـ هەخ: ئەرەشنی، ئەرشنی ـ پەهـ: ئەرشنێز، ئەرشنێزەک. تات: ئەرشێنیە، ئەرێشکەنجیە. باک: ئەنیشک، عەنیشک، ئێنیشک، هەنیشک ـ ناو: ئانیشک، هانیشک، ئەنیشک، هەنیشک، ئانیسک ـ هەو: هەرەژنێ، هەرەژنە، هەرێژن ـ زا: هەرچەنە] ١ـ (ئا.) بەندی نێوان زەند و باسک لەو جێیە کە دەست دەنوشتێتەوە و ئێسکەکەی دەردەپەڕێ، قنگانیسک، بەلەمرک، مرک، کوڕنیش. ⁘ میوانی خوشکی رۆن لە ئانیشکی. ٢ـ ئەو شوێنە لە پۆشاک کە دەکەوێتە سەر ئانیشک. ⁘ ئانیشکی چاکەت، ئانیشکی کەواکەی پینە کردبوو. **~ تێکوتان:** لێدانی ئانیشک لە کەسێک بۆ بێدەنگ کردنی یا بۆدەربڕینی رق و تووڕەیی. **~ چەقاندن:** داکوتانی ئانیشکی دەستێک یا هەر دوو دەست به درێژ بوون لە سەر زەوی یا بە دانیشتن لە سەر شوێنێک بۆ لەنگەر گرتنی چەنگەی ( پتر لە حاڵی بیر کردنەوە ئەم کارە دەکەن). ئانیشک داکوتان، ئانیشک دادان، ئانیشک خستنە سەر. **~ خستنە سەر:** بڕ: ئانیشک چەقاندن. ⁘ ئانیشکی خستە سەر سەنیر و سەرخەوێکی بۆ شکاند. **~ دادان:** بڕ: ئانیشک چەقاندن. **~ داکوتان:** بڕ: ئانیشک چەقاندن.

**ئانیشکە** (نا. ل)[ئانیشک + ئە] ١ـ

لوولەیەکی تەنەکە یا لاستیکیە کە دوو لوولەی راستی دیکە لە سووچێک بە یەک دەلکێنێ. ئەم لوولەیە بە شکڵە ئانیشکی دەستە و بۆ لوولە کێشی ئاو و لوولەی کوورە لە شوێنانەی کە ڕێی لوولەکە خوار دەبێتەوەکەلکی لێوەردەگرن. ٢ـ دارێکی دوو لکە کە لە ئاش دا بەکاری دێن و بەرداشی پێ بەرز و نەوی دەبێتەوە و بەم چەشنە باراشەکە ورد یا درشت دەهاڕدرێ. ٣ـ ئەو شوێنەی کۆڵان کە پێچ دەخواتەوە و دەکەوێتە سەر کۆڵانێکی دیکە. :: رکێفیان هێنایە و بە چوارناڵە ئانیشکەی کۆڵانیان جێ هێشت و دوور کەوتنەوە. (میرزا ل ٨٦).

**ئانین** (چا. م)[باک] بڕ: هێنان

**ئانێ** (پاشـ.) ١ـ بە ناوەوە دەلکێ و ناوێکی تازە بۆ کایە و یاری دروست دەکا هەر لەو ناوە، ئێن. :: تۆپانێ، جگانێ. ٢ـ بۆ تەحدید بە کار دێ. :: ئەوەتانێ (ئەوەتا)، هەهانێ (هەها)، هۆوەتانێ (هۆوەتا).

**ئاو[1]** (نا.)[هیک: ئاپ، ئەپ ـ ئەو: ئاپ ـ هەخ: ئاپی ـ پەه: ئاپ. فار: آب ـ پەش: ئۆبە ـ بیر: ئۆو ـ لۆر: ئۆو ـ تات: ئۆوە. باک: ئاڤ ـ ناو: ئاو ـ باش: ئاو ـ هەو: ئاوی ـ زا: ئاو، ئاوە، ئاوکە] ١ـ ئاوەکییەکی شل و بێ بۆن و بێ تام و رەنگە کە بە شێوەی جۆر بە جۆر دەدیترێ، وەک کانیاو، چۆم و رووبار، دەریا و ئۆقیانوس. سێ بەشی گۆی زەوی داگرتوە و یەکێک لەو مادەیانەیە کە ژیان و مان بە بوونی ئەوەوە بەندە. هەروەها یەکێک لە چوار مادەکانی (ئاو، خاک، با، ئاگر)ە. مرۆڤ هەر لە سەرەتای پەیدا بوونی لە دەور و بەری ئاو ژیاوە و جێگایەک ئاوی لێ زۆر بووبێ ئاوایی و گوندیان لێ ساز کردوە. لە شیمی دا لە دووبەش هیدرۆژێن و بەشێک ئۆکسیژن دروست بوە$H_2O$. لە باری فیزیکییەوە لە پلەی گەرمای سەد دەرەجە دا دەکوڵێ و دەبێتە هەڵم و ئەم هەڵمەش لە دوایی دا دەبێتەوە بەفر، باران، گلێرە، ئاونگ، زوقم و دێتەوە زەوی . ئاو لە سیفر دەرەجە دا دەیبەستێ و دەبێتە سەهۆڵ. ٢ـ تراو و تەڕایی ئەو میوە و بەرانەی کە بۆ خواردنەوە دەست دەدەن. لەم وشانە دا ئاو بە ناوی وشەکەوە دەلکێ. :: ئاوی گێزەر، ئاوی ترێ، ئاوی سێو،... ٣ـ فرمێسک، تەڕایی چاو. بەو مانایەش وشەی چاو دەبێ دەگەڵ ئاو بێ (بڕ: ئاوی چاو). :: کاتی مالاوایی چاوی پڕ

بوو لە ئاو منیش بە خۆم نەبوو، ئاو لە چاوم هاتە خوارێ و گریام. ٤ـ ئارەقە. :: هێندەی کار کردبوو ئازای لەشی وەسەر ئاو گەڕابوو. ٥ـ ئاوەکی هەندێک کانزا بە تایبەت کانزای بە بایخ کە لە سەر کانزای کەم بایخی دەدەن وەک ئاوی زێڕ و ئاوی زێو. ٦ـ بە ناوێکەوە دەلکێ و مانای ئاوەکی بوونی یا تێکەڵاو بوونی دەگەڵ ئاو دەدا. :: سەهۆڵاو، باراناو، تاماو، ماستاو، پیازاو. ٧ـ ئاودەست، ئاودەستخانە. :: چوونە سەر ئاو، کناراو. ٨ـ (مجـ.) بریقە، شۆق. :: ئەو گەوهەرە نوکتە کە لە نالی دەدزن خەڵق/ ئاوی نیە وەک ئاگری بێ شۆقی دزانە (نالی ل ٤٨١). مەوقووفی نیگاهێکە بفەرموو بە تەرەحوم / ژەنگاوییە ئاوی نیە ئاوێنەیی سینە (وەفایی ل ١٤٨). ٩ـ [باک: ئاڤک ـ زا: ئاوی] تۆوی نێرینەی گیانلەبەران بە تایبەت هی پیاو، ئاوی پشت. ١٠ـ ئاوەکییەک کە لە بەر نەخۆشی یا هەڵمسان لە چاو یا شوێنێکی دیکە پەیدا دەبێ. ~ **بۆ ڕژان:** (کنـ.) لە سەرەتاوە فێرە کار و کردەوەیەک بوون، ڕاهاتن. :: ئەو کوڕەم ڕۆژێ هەتا دە تمەنی نەدەمێ ناچێتەوە فێرگە نازانم چی لێبکەم تازە ئاوێکە بۆی ڕژاوە. ~ **بۆ گەرم کردن:** ١ـ گەرم کردن و ئامادە کردنی ئاو بۆ شوشتنی مردوو. ٢ـ (کنـ.) لە مردن نزیک بوون، بە مردوو تێگەیشتن. :: جارێک کەوتوویم گرت و لە مردن گەڕامەوە تەنانەت دەیانگوت ئاومان بۆ گەرم کردووی و کفنمان بۆ بڕیوی (تاریک و روون ل ٩). ~ **بە ئاگر (ئاور) داکران:** (کنـ.) کووژانەوەی شەڕ و هەڵلا و فیتنە. ~ **بە ئاگر (ئاور) داکردن:** (کنـ.) کووژاندنەوەی شەڕ و هەڵلا. ~ **بە خۆ داکردن:** حەمام کردنی سەرەکی، دووش گرتن. :: ئاوێک بە خۆم دادەکەم و زوو دێمە دەرێ. ~ **بەردان:** ١ـ کردنەوەی ئاوی شێرە و ڕژانی ئاو لە لوولەوە. :: ئاوەکەی بەردە با ئەو گوڵانە ئاو دەم. ٢ـ بڕ: ئاو بەردانەوە. ~ **بەردانەوە:** بەردانی ئاو لە شوێنێکی کە ئاو لێی کۆ بۆتەوە بۆ شوێنێکی دیکە. بۆ ئەم کارە لە گۆل و ئەستێر یا لە هەر شوێنێکەوە کە ئاوی زۆر بێ جۆگەیەک دەبڕن و ئاو بەم جۆگەیە دا دێتە خوار و دەچێتە نێو کەردووکان و بەم جۆرە بێستان و باغ ئاو دەدەن، ئاو بەردان. // ئاو گرتن :: ئاوەکەی بەردابۆوە نێو کەوەرەکان و

خۆی خەریکی نان خواردن بوو. ~ **تێزان:** ١ـ زار پڕ بوون لە ئاو بە دیتنی شتی ترش یا باسی خواردنێک کە تامەزرۆی بی ٢ـ ئاڵ و بۆڵ بوونی ترێ. ٣ـ ئاو لە چاو هاتن لە بەر پیواز چاک کردن.& ئاو تێگەڕان. ~ **تێگەڕان:** بڕ: ئاو تێزان. ~ **تێوەردان:** خولاندنەوەی ئاو دە شتێکی قووڵ دا بۆ شوشتنێکی سەرەتایی. ⁘ ئاوێکی دە زارت وەردە، ئاوی دە قاپەکان وەردا . ~ **چنین:** ئاو گرتن لە میوە و بەرێک کە ئاودارن. ~ **خواردنەوە:** ١ـ نۆشینی ئاو، نۆشین، ڤەخارن. ٢ـ (کنـ.) کارێکی زۆر سانا و هاسان. ⁘ ئەسپ ئاژۆتن بۆ من وەک ئاو خواردنەوە وایە. ~ **خۆش کردن:** شیلەوتین کردنی ئاو، تێکەڵ کردنی ئاوی سارد و گەرم. ~ **دادان:** ١ـ هەڵمژینی ئاو، ئاو هەڵچنین. ⁘ ئاو دایدا ژووریَ و چ ولاتی نەهێشتین. کەوشەکەم چ کەلکی نەماوە ئاو دایدەداتە نێوەکەی. ٢ـ نەخۆشییەکە لە لاقی ولاغی بەرزە دەدا و جومگەیان هەڵدەمسێ و دەڵێی ئاوی تێدایە. ~ **داشتن:** ئاودان و دێرانی زەوی و دەغڵ و دان و باغ و باخچە، ئاو دێران. ~ **دان:** ١ـ داشتن و دێرانی زەوی و زار، تێراو کردنی گژ وگیا . ٢ـ تێراو کردنی مالات. ٣ـ سوور کردنەوەی ئامرازی تیژی وەک کێرد و خەنجەر و شەمشیر و کتوپڕ دە ئاو نان بۆ ئەوەی سەختتر و قایمتر بن. ٤ـ ئاو دانە دەست کەسێک. ~ **دانەوە:** ١ـ دەڵانەوەی ئاو لە نێو هەر شتێکی ئاودار بۆ دەرەوەی خۆی. // ئاو هەڵچنین. ⁘ دیوارەکەمان ئاو دەداتەوە، تەماتەکە ئاوی داوەتەوە و چێشتەکەی خۆش کردوە. ٢ـ تیژ کردنەوە و هێنانەوە سەر باری پێشووی دمی کولی هەندێک ئامرازی وەک پاچ، پێمەرە، بیور، تەوەرداس و ... لە ئاسنگەری، دمە زەرد کردن. ~ **دە ئاوەڕۆ کردن:** (کنـ.) لە ئەندازە تێپەڕاندن، لە رادەبەدەر خراپە کردن. ~ **دەردان:** بەتاڵ کردنی ئاوی شوێنێکی قوڵ ( حەوز و چاڵ و ...) بە دەفرێک. ~ **دە گون (گونان) گەڕان:** (کنـ.) پێکەیشتن و باڵغ بوونی کور کە توانایی و مەیلی جووت بوونی هەیە. ⁘ شەمزین ئاوی دە گونان گەڕاو دەبێ ژنی بۆ بێنین دەنا ئابڕوومان دەبا . ~ **دە گیرفانی کەسێک وەردان:** (کنـ.) هەموو پوول و پارەی کەسێک وەرگرتن و گیرفان بەتاڵ کردن. ~ **دێران:** بڕ:

ئاوداشتن. ~ **زایینە دەم:** بڕ: ئاو لە دەم زان. ~ **شکان:** لا دانی ئاوی بەرداوەی کشت و کاڵ لە ڕێگەی خۆی لە بەر هەر هۆیەک. ꞉꞉ ئاوەکە لە کەمی داوە وا بزانم لە جێیەک شکاوە. ~ **شکاندن:** لادان و گوازتنەوەی ئاوی بەرداو بۆ لایەنێکی دیکە. ~ **کردن:** ١ـ لێدان و پرژاندنی هەندێک ئاو بە سەر نان یا شتی دیکە بۆ نەرم بوونەوەیان. ꞉꞉ نانەکان ئاو کە با نەرم بنەوە. ٢ـ ئاو لە چاو گەڕان و قەتیس بوونی لە بەر نەخۆشی یا هۆی دیکە. ٣ـ پەیدا بوونی زنچکاو لە کوان و برین دا. ٤ـ (کنـ.) خورد کردنەوە و فرۆشتنی کاڵای لە سەردەست ماو. ~ **کێشان:** گواستنەوەی ئاو لە سەرچاوە و ڕووباران بۆ ماڵان، کارێک کە ئاوکێش دەیکا. ~ **گرتن:** ١ـ بەری ئاو گرتن و کۆ کردنەوەی لە گۆل و ئەستێر دا بۆ زۆر کردنی ئاو. // ئاو بەردانەوە. ꞉꞉ کورم ئاوەکە بگرە هەتا دوایی بێستانەکە بدێرین. ٢ـ ئاودار بوون و ئاو تێگەڕانی بەر و میوە. ٣ـ کوشینی میوە بە دەزگا بۆ ئاوەکەی. ꞉꞉ ئەو سێوانە بۆ ئاو گرتن خراپ نین. ~ **گرتنەوە:** بەستنی بەری ئاوی بەرداوی سەر کشت و کاڵ یا بەستنەوەی ئاوی شێرە. ~ **لە ئاوەڕۆ بران:** (کنـ.) بڕانی جێر و بەرەکەت، لە برەو کەوتن و قازانج نەکردن. ~ **لە ئاوەڕۆ دەرکردن:** (کنـ.) لە باری ئاسایی چوونە دەری کار و ئاکار، بێ حەیایی کردن، نالەبار جووڵانەوە. ~ **لەبەر دڵ ڕۆیین:** ١ـ دڵ دەخێڵەوە چوون و هێڵنج دان ٢ـ زۆر برسی بوون، دڵ دەبوورەوە چوون لە برسان. ~ **لەبەر هەڵنیشتن:** (کنـ.) میز بەخۆ داکردن، میز لەبنە خۆ کردن. ~ **لە دڵ هاتن:** (کنـ.) ئیشتا کردن و مەگیرانی کردنی ژنی زگپڕ. ~ **لە دەسکاونگ دا کوتان:** (کنـ.) لە کاری بێسوود و بێ کەلک، ئاو لە دینگا کوتان. ~ **لە دەم زان:** ١ـ زار پڕ بوون لە ئاو بە خواردن یا دیتن یا بیستنی شتی ترش. ٢ـ ئیشتا چوون لە خواردنێک. & ئاو لە دەم گەڕان، ئاو زایینە دەم. ~ **لە دەم گەڕان:** بڕ: ئاو لە دەم زان. ~ **لە دینگا کوتان:** (کنـ.) بڕ: ئاو لە دەسکاونگ دا کوتان. ~ **لێچوون:** ئاو ڕژان لە دەفرێک کە درز و کونی هەبێ. ꞉꞉ ئەو قاپە ئاوی لێدەچێ پێم وایە بنەکەی کون بوە. ~ **لێ نەخواردنەوە:** (کنـ.) خۆ نەپاراستن لە کارێک، بەڕێوە

بردنی کارێک بێ یەک و دوو لێکردن. ⁘ کەریم بۆ دەستەڵات وە چنگ خستن لە هیچ ناپرینگێتەوە تەنانەت پیاو کوشتنیش بێ، ئاوی لێ ناخواتەوە. ~ **نەپالاوتن:** (کن.) شێلگیر بوون، سوور بوون لە سەر بیر و باوەڕ. ⁘ مام وسوو هێند موسڵمانە ئاوێ ناپاڵێوێ! ~ **وا رژان:** (کن.) هەر کار و کردەوە و مەسەلەیەک کە وەک قانوونی لێهاتبێ، وابوون، بەمجۆرە بوون، داب بوون. ⁘ ئاو وا رژاوە هەر پیاو بۆ ژنان/ قەراریان بووە و هاتوونە ژوان (سەعید و میرسێوەدین ل ٤٨). ~ **هاتنەوە:** تێر بوون و راحەت بوونی پیاو ئەودەم کە تۆوەکەی دەرێژێ. ~ **هەستان:** زیاد بوونی ئاوی چۆم و رووبار و دەرچوون لە بەستێنی خۆی بە هۆی بارانەی زۆر. ~ **هەڵچنین:** ئاو کێشانە نێو خۆی هەندێک شت، ئاو هەڵمژین. ⁘ ئەو دیوارە نمی هەیە پێمـوایە ئاوی هەڵچنیوە. ~ **هەڵکردن:** بەردانی ئاو بۆ سەر بێستان و زەوی بۆ داشتن، ئاو هەڵگرتن. ~ **هەڵگرتن:** بڕ: ئاو هەڵکردن. ~ **هەڵمژین:** کێشانی ئاو بۆ نێو خۆ، ئاو هەڵچنین. ~ **هەڵێنجان:** هەڵێنجان شێوەیەکە لە هەڵکێشان بەرەو سەرەوە . دەرهێنان و هەڵکێشانی ئاو لە چاڵاو و هەر شوێنێکی قووڵ. ~ **هێنان:** ١ـ راگوێزتن و بردنی ئاو بە سەتڵ و دەفر لە کانی و چەم بۆ ماڵەوە. ٢ـ پەیدا بوونی ئاوی رەش یا سپی لە چاو. ⁘ چاوم ئاوی هێناوە. ٣ـ هەڵمسان و خڕ بوونەوەی ئاو لە رەفیسکەی یەکسم دا . ~ **هێنانەوە:** خۆ رەحەت کردن بە دەست، ئاو هاتنەوە بە دەسپەڕ. ~**ی بێ لغاو خواردنەوە:** (کن.) ئەنجام دانی کارێک بە کەیف و ئارەزووی خۆ و گوێ نەدان بە قسەی کەس و هیچ شتێک، هیچ بۆ گرینگ نەبوون. **بوونە ~:** ١ـ توانەوەی سەهۆڵ و شتی بەستوو. ٢ (کن.) بە خۆ داشکانەوە لە بەر ئاشکرا بوونی مەسەلەیەک، خەجاڵەت بوونەوە. ⁘ کە بابم زانی درۆم دەگەڵ کردوە لە شەرمان بوومە ئاو. ٣ـ (کن.) شەرم کردن، خەجاڵەت کێشان. ⁘ ئەو کابرا بێ شەرمە لە کن ژنان باسی سیرەتی پیاوانی دەکرد نازانم بۆ نەبوو بە ئاو. **بە ~ دادان:** (کن.) بەتاڵاندن و فەوتاندنی پووڵ و دەسمایە و سامان، دە ئاو کردن. ⁘ میراتی بابی بە مانگێک بە ئاوی دادا و بەتاڵاندی. **بە ~ دا هاتن و بە نان دا**

**خوران:** (کنـ.) لەپڕ و بێ هیچ بەڵگە بە جێ مانێک و زۆر بە سەیری ون بوون. ∷ ئەو کڵاوە تازەم هەر ئێستا لە بەر چاو بوو هەر ئاوڕم داوە نەمابوو دەڵێی بە ئاو دا هات و بە نان دا خورا! **دە ~ کردن:** (کنـ.) خەسار کردن، بەتلاندن، بە ئاو دادان. **دە ~ هەڵاتن:** چوونە ژێر ئاوی (چۆم و حەوز) و هاتنەوە دەر بۆ مەبەستی خۆ شوشتن یا غوسل دەر کردن یا هەر شتێکی دیکە. ∷ کوتیان: بڕۆوە ئێستا ئەمە دە ئاوی هەڵدێینەوە، ئێستا دەگەڕێینەوە بە دواوە (تحفە ل ٥١٢). **دە ~ هەڵکێشان:** ١ـ شتێک دە نێو ئاو نان و دەرهێنانەوە. ٢ـ شوشتنەوەی و خاوێن کردنەوەی جلی کەفاوی و سابوون لێدراو بە ئاوی خاوێن و پاک.. ٣ـ خووسان، تەڕ بوونی تەواوەتی لەش لە بەر باران. **کاری ~ هەبوون:** پیویست بە ئاودەستخانە هەبوون، تەنگان. **لە ~ دان:** لە چۆم و رووبار پەڕینەوە. **لە زۆر ~ دان و نەهێشتن ئەژنۆ تەڕ بوون:** (کنـ.) دونیا زۆر دیتن و ناسین، بە ئەزموون و زۆر زیرەک و وریا بوون. **وە سەر ~ گەڕان:** ١ـ هەستانی ئاو لە شوێنێک وەها کە هەموو شتێک وە سەر خۆی بخا. ٢ـ (کنـ.) زۆر ئارەقە کردن، تەڕ بوونی لەش بە ئارەقەیەکی زۆر. ∷ ئازای لەشی وە سەر ئاو گەڕاوە. || **ئاوی بەقا:** بڕ: ئاوی ژیان. ∷ هات بەهار ئەمما لە پاش بارانە بۆ چیمە کەپەنک/ یا لە پاش مردن چ سوودێکی هەیە ئاوی بەقا(ئاوات ل ١٥٥). لێوی تۆ ئاوی بەقا من خزرم/ فەیزی تۆ رەحمەت و من سەوزەگیا (نالی ل ١٢٥). **ئاوی پشت:** تۆوی پیاو، سپەرم، شاوەت. **ئاوی تاڵ و سوێر:** (کنـ.) کوێرەوەیری و رەنج. ***ئاوی تاڵ و سوێر خواردنەوە:** (کنـ.) کوێرەوەری و زەحمەت زۆر دیتن، رەنج و مەینەت چێشتن. **ئاوی تۆبە:** ئاوێک کە لە کاتی تۆبە کردن دا بە سەر دادەکرێ. *** ئاوی تۆبە بە سەر داکردن:** تۆبە کردن و پاک بوونەوە لە گوناه. ∷ قادر ئاوی تۆبەی بە سەر قەحپەیەک دا کرد و هێنای. **ئاوی چاو:** ١ـ هێزی بینینی چاو، رووناکی چاو، بینایی، سۆما. ٢ـ فرمێسک، تەڕایی چاو، ئاوی دیدە. ∷ الحذر مەحوی لە نەوحەی بێ گوناهان الحذ/ ئاوی چاوی بوو جیهانی دا بە قڕ تۆفانی نووح (مەحوی ل ١٠٢). ***ئاوی چاو دادان:** ١ـ روون کردنەوەی چاو بە چاو لە جوانی کردن ٢ـ چاو ترسێن

کردن، کەسێک لە خۆ یا مەسەلەیەک ترساندن، ئاوی چاو سەندن. *** ئاوی چاو داهاتن:** لێڵ بوونی چاو و کز بوونی هێزی بینین لە بەر پیری یان نەخۆشی، سۆمای چاو نەمان. ∷ هێندە چاو لە رێی کورەکەی بوو ئاوی چاوی داهات. *** ئاوی چاو رۆرژان:** کوێر بوون، سۆما و بینایی چاو نەمان، بینایی چاو رژان. ∷ دوژمن ئەگەر چاوی پێت پکەوێ، ئاوی چاوی رۆدەرژێ، دادەنیشێ بە کوێرییە (لاس و خەزاڵ ل ٩٠). *** ئاوی چاو سەندن:** ١ـ کوێر کردن و لێڵ کردنێکی تایبەتی بێ ئەوەی کە چاو ناشیرین بێ و پێشتر لۆتی کە ورچیان هەڵدەپەڕاند وایان لە ورچ دەکرد هەتا رانەکا و پەلاماری کەس نەدا. ٢ـ ترساندن، تۆقاندن، زراو بردن، ئاوی چاو دادان/٢. **ئاوی حەیات:** ١ـ بڕ: ئاوی ژیان. ∷ خزر ئەگەر چاوی حەیاتی بڕییە ئاوی حەیات/ من لە خاکی دەری جانانەمە چاوی حەیات (مەحوی ل ٦٣). هەموو عومری ئەبەد تێیدا نیە خۆشی دەمێک مەستی/ خدر ئاوی حەیاتی بۆچ بوو فێری شەرابی با (تاریک و روون ل ١٣٩). ٢ـ (کنـ.) شتی زۆر باش. ∷ رۆنێکە تای نیە دەڵێی ئاوی حەیاتە.

**ئاوی حەیوان:** بڕ: ئاوی ژیان. ∷ ئیشارەی یەک سەر ئەنگوشتی، مەهی لەو دوورەوە شەق کرد/ هەر ئەو ئەنگوشتە بوو دەتوت فەوارەی ئاوی حەیوانە (مەحوی ل ٣٩). **ئاوی خزر:** بڕ: ئاوی ژیان. ∷ سیاپۆشن لە داخی خەت و خاڵ و لێو و روو و زوڵفت/ وەنەوشە و میسکی چین و ئاوی خزر و لالە و عەنبەر (مەحوی ل ١٣١). زوڵمەت نەدیدە چونکە گەیشتی بە ئاوی خزر/ تۆ نامریت و عالەم ئەکا یەک بە یەک وەفات (بێخود ل ٩٨). **ئاوی خواردنەوە:** ئاوێک کە خاوێن بێ و بکرێ بیخۆیەوە. **ئاوی خەزایی:** ئەو سالانەی کە کوللە زۆر دەبن و شالاو دەبەنە سەر دەغڵ و دان لەو شوێنەی کە خەزایی زۆرە کەسێک کە ئارەقی نەخواردبێتەوە و زینای نەکردبێ و بە قەولی کوردیی دۆخینی بە حەرام نەکردبێتەوە، دەچێ ئاو لە کانی دێنێ و بە دەغڵ و دانەکەی دادەکەن و لە سەر ئەم بڕوایەن کە خەزایی بە شوێن ئەو ئاوە دا دێ و کوللەکان دەخوا، جگە لەوانە ئەو کەسەی کە ئاو لەو کانیاو تایبەتییە دێنێ نابێ ئاوڕ داتەوە دەنا خەزاییەکان بە شوێنی دا نایەن، ئاوی عەینەمەل. ∷ کوللەت کەوتە ناو

شينايى/ بۆى بێنە ئاوى خەزايى (بۆ كوردستان ل ٨٠). **ئاوى دەم:** ليک، تف، ئاوى زار. **ئاوى ديدە:** ئاوى چاو، فرمێسک. ∷ مەگەر هەر يارى نەقشينم ببێتە نەقشبەندى دڵ/ كە نەقشى غەيرى رەنگى ئەو بە ئاوى ديدە شۆرابێ (نالى ل ٦٠٠). نەمامى قامەتى پەروەردەى ئاوى ديدەكەى من بوو/ كەچى گوڵچينى باغى وەسڵى ئەو ئێستاكە ئەغيارە (مەحوى ل ٤٦٣). **ئاوى رەش:** ماكەى نەخۆشييەكە كە لە چاو دەدا و چاو كوێر دەكا (ئين: glau-coma). * **ئاوى رەش داهاتن:** ئاوى رەش لە چاو پەيدا بوون و كوێر بوون. **ئاوى زار:** تف، ليک، ئاوى دەم. **ئاوى زەمزەم:** ئاوێكە حاجى لە چاڵاوى زمزم لە مەككەوە بۆ متفەڕک دەگەڵ خۆيان دەيهێنن. ∷ بێت و گەر دەستم كەوێ ماچى دەمى تۆ چاوەكەم/ رووڕەشم گەر تەركى ئاوى زەمزەم و كەوسەر نەكەم (ئەحمەد موختار ل ٨٥). **ئاوى ژيان:** ١ـ ئاوى كانييەكى ئەفسانەيى و خەياڵييە (كانى حەيات) لە ناوچەيەكى تاريكى دونيا هەڵكەوتوە و هەر كەس لێى بخواتەوە نامرێ و گۆيا خدرى پێغەمبەر لەم ئاوەى خواردۆتەوە و بۆيە پێى دەڵێن خدرى زيندە، ئاوى حەيات، ئاوى حەيوان، ئاوى بەقا، ئاوى خزر، ئاوى ژين. ∷ گەر زەمزەمى يان داى بنێ ئاوى ژيانى/ ناچارى دەبێ رۆچى بە سينەى خاكا (خەييام ل ٤). ٢ـ (كنـ.) زار و دەمى يار و گراوى. **ئاوى ژين:** بڕ: ئاوى ژيان. **ئاوى سپى:** بڕ: ئاوى مروارى. **ئاوى شەوێ:** ئاوێكى كە لە گۆزە دەكرێ و بۆ شەو دادەندرێ هەتا سارد بێ. ∷ بۆ ئاوى شەوێ گۆزە شكاوێک لامە / فرمێسكى وشک نابنەوە بێ ئارامە (خەييام ل ٧٠). * **خۆ لە ئاوى شەوێ پاراستن:** محافزەكار، كەسێک كە خۆى لە هەر شتێكى ساويلكەش دەپارێزێ، لە ئاوى شەوێ پارێز كردن. **تێبينى:** موسڵمانێک كە نەوسى خۆى كوشتوە و هەر خەريكى نوێژ و رۆژوو و تاعەتە، شەوانە كە تينووى دەبێ و نەوس داواى ئاوى ساردى لێ دەكا ئاوى گۆزە ناخواتەوە هەتا نەوسى بكووژێ. * **لە ئاوى شەوێ پارێز كردن:** بڕ: خۆ لە ئاوى شەوێ پاراستن. ∷ كوتيان: نا؛ مام رێوى تۆبەى كردووە؛ هەموو رۆژێ بەڕۆژووە، لە ئاوى شەوێ پارێزێ دەكا، دەچێتە حەجێ (مان ل ٧). **ئاوى عەينەمەل:** بڕ: ئاوى خەزايى. **ئاوى**

**کـەوسـەر:** ئاوی حـەوزی کـەوسـەر لە بەهەشت. ∷ ئاوی کـەوسـەر نۆشی سۆفی بێ کە من / ئاوی ئینسان یەعنی مـاچی دەم دەخـۆم (نـالی ل ٢٩٧) ئەو فرمێسکە هێندێک بڵێن: بە قیمەت گرانە، ئەتڵەسە، گەوهەرە/ بە ئارەقی سینگی بڵێن: خێر ئەوە ئاوی کەوسەرە (لاس و خـەزاڵ ل ٥٧). **ئاوی مـرواری:** نەخۆشییەکی چاوە کە پتر لە بەر تەمەنی زۆر و پیری یا بە هۆی مەرەزی قەند یا ئازار بینینی چاو پەیدا دەبێ. عەدەسی گلێنەی چاو تار دەبێ و بەری سۆمای چاو دەگرێ و تەنانەت کوێریش دەکا. ئاومرواری رەق و نەرمی هەیە کە ئاومرواری رەق پتر لە پیری دا سەر هەڵدەدا بەڵام ئاومرواری نەرم لە هەر تەمەنێک دا دەتوانێ ببێ. ناوی عیلمی ئەم نەخۆشییە cataracte یە. & ئاوی سپی، ئاومرواری.

**ئاو**2 (ئام.)[بڕ: ئا14] دوو ناو یا دوو ئاوەڵناوی دووپات کراوە تێک دەکاتەوە و ئاوەڵناوێکی نوێ ساز دەکا. ∷ شەواوشەو، دەستاودەست، پشتاوپشت، دووراودوور، رەنگاورەنگ.

**ئاو**3 (پێشـ.)[هیک: سەم ـ ئەو: هەم، هەمە ـ هەخ: هەم، هەمە ـ پەهـ: هەم. باک: هاڤ، هەڤ ـ ناو: ئام، ئاو، ئاف، هاو، هام، هەم، هەو، ئەو ـ باش: هاو ـ هەو: هام ـ زا: ئام، ئەم، هەم] پێشگرێکە کە لە پێشەوەی وشە دا دێ و مانای شەریک بوون و بەیەکەوە بوون دەدا. ∷ ئاودەنگی، ئاوماڵ، ئاوسا.

**ئـاو**4 (ئـام.) بـە رەگـی چـاوگـی نادیارەوە(مصدر مجهول) دەلکێ و ناوی مەفعوول ساز دەکا. دڕاو (دڕان ـ دڕ)، خوراو، براو، شکاو، نەماو.

**ئاوا**1 (ئان.)[پەهـ: ئاپات ـ باک: ئاڤا ـ ناو: ئاوا ـ باش: ئاوا ـ هەو: ئاوا] ١ـ ئاوەدان. ٢ـ بە دوای ناوی شار و گوند (بە تایبەت ناوی ئەو کەسانە کە ئەم شوێنانەیان بنیات ناوە) دەلکێ، ئابات، ئاوێ. ∷ هەمزاوا، مەجبووراوا، کەریماوا، سەیداوا. ~ **بوون:** بڕ: ئاوەدان بوون. ∷ بە یادی دڵبەری سەوداگەرم وێرانە ئاوا بوو / هەموو بازاڕ و شاری دڵ کەوا بێشەوق و سەودا بوو (ئاوات ل ٢٤). رەببی ماڵتان هەر ئاوا بێ و سفرەتان رەنگین! ~ **بوونەوە:** بڕ: ئاوەدان بوونەوە. ~ **کردن:** بڕ: ئاوەدان کردن. ~ **کردنەوە:** بڕ: ئاوەدان کردنەوە.

**ئاوا**² (ئاک. ل)[ئا + وا] ١ـ بەم جۆرە، بەم شێوەیە. ؛؛ جا قسە کردن ئاوا دەبێ، نابێ ئاوا بێ. ٢ـ بۆ سەرسوڕمان یا بە دڵ نەبوونی مەبەستێک دەکوترێ. ؛؛ کە ئاوا یانی ئاغا نایە!؟ & ئاوها، ئاوەها، وەها، وا، ئەهوا، ئەها، پاسە.

**ئاوا**³ (ئان.)[باک: ئاڤا ـ ناو: ئاوا ـ باش: ئاوا ـ هەو: ئاوا] ون، نادیار، ئاودیو. ؛؛ ڕۆژاوا. **~ بوون:** ١ـ پەڕین و لەبەر چاو نەمان یا چوونە پشت کێوانی خۆرەتاو و مانگ و هەسێرە، پەڕین. // هەڵاتن. ؛؛ بە ئاوا بوونی نوری ون دەبێ خورشید و ئەم شەمسە / لە ئاوا بوونیا نوور و ئیزائەی سەد دوو چەندانە (مەحوی ل ٤٣٧). ٢ـ ون بوون و لەبەر چاو نەمانی گیاندار کە بۆ پشتی بەرزایی یەک شۆڕ دەبنەوە، ئاودیو بوون. ؛؛ هەر لەو گردە ئاوا بین دەگەینە ڕەشماڵان. ئاسکەکە ئاوا بوو و خۆی دەرباز کرد. ٣ـ لە هەندێک ناوچەی کوردستان بۆ مردنی کەسی ناموسڵمان بە کاری دەبەن، مردن. ؛؛ خدرە جوو دوێنێ ئاوا بوو.

**ئاوات** (نا.)[سان: ئاکووتە ـ پەه: ئایەفت. ناو: ئاوات ـ هەو: ئاوات] کاو، ئارەزوو. **~ بردنە بن (ژێر) گڵ:** مردن و بە ئارەزوو نەگەیشتن. ؛؛ زۆرم پێخۆشە زەماوەندی کوڕەکەم ببینم، دەترسم ئەو ئاواتەم بەرمە بن گڵ. **بە ~ خواستن:** بە ئارەزوو بوونی مەبەستێک، بە ئاواتەوە بوون. ؛؛ دەیگوت: بە ئاواتم خواستبوو ئەتۆ دەمدەیەی خەبەری مردنی مەرزینگانە! (شۆڕەمحموود ل ٨٨). **بە ~ گەیشتن (گەیین):** بە مرازی و کاوی خۆ گەیشتن، ئاوات پێک هاتن. **بە ئاواتەوە بوون:** ئاواتەخواز بوون بۆ وەدی هاتنی ئارەزوو. ؛؛ بە ئاواتەوە بوو بۆ جارێکیش بێ سواری فڕۆکە بێ. **~ پێک هاتن:** بڕ: بە ئاوات گەیشتن.

**ئاواتەخواز** (نا. فا، ئان. فا)[لە: ئاوات خواستن] ١ـ کەسێک کە زۆر بە تاسەی شتێکەوە بێ و بە ئاوات بیخوازێ، تاسەدار. ؛؛ ئاواتەخوازی نان و کەبابێکی خۆشم. ٢ـ ئارەزوو کردن بۆ چارەی کاری کەسێک. ؛؛ ئاواتەخوازم بە ژن و منداڵت بگەیەوە.

**ئاواتەخواستە** (نا. مف.، ئان. مف.) [لە: ئاوات خواستن] ١ـ شتێک، کارێک یا هەر چی کە بە ئاوات خواسترابێ. ٢ـ (کنـ.) کەسی زۆر خۆشەویت بە تایبەت

منداڵ کە بە ئاوات خواسترابێ. ⁂ عەلی ئاواتەخواستەی دایک و بابیەتی.

**ئـاوار** (نـا. ل)[ئـاو + ئـار1][بـاک] خواردنێکی شیرنە لە ئاو و ئارد و شەکر یا دۆشاو، هەڵوا.

**تێبینی:** هەرچەند وشەکە نیشان دەدا کە دەبێ لە ئاو و ئارد پێک هاتبێ بەڵام وای بۆ دەچم (وائار) بوە و لە دوایی لەبەر قورسی وائار بۆتە ئاوار، چونکە لە زاراوەی باکووریی دا بە ئاو دەڵێن ئاڤ یانی وشەکە دەبا ئاڤار، با. وا بە مانای خواردنە و لە هەندێک وشەی دیکە دا ماوە (شۆروا، ماستاوا...) و ماناکەی دەبێتە خواردن یا چێشتی ئارد.

**ئاوارتن** (چا. م)[؟][باک: ئاوارتن - ناو: هەڵاوارتن] ١- جوێ کردنەوە و دەر هاویشتنی بەشێکی کەم لە کۆ و کۆمایەک، هەڵاوارتن، جوێ کردنەوە. ٢- جوێ کردنەوە و هەڵبژاردنی شتێک یا کەسێکی تایبەتی لە نێو کۆمەڵ و کۆمایەک.

**ئاوارتە** (ئان. مف.)[لە ئاوارتن] ١- جوێ کراوە، دەرهاویشتراو، وەلانراو. ٢- تایبەتی، مستثنی.

**ئاوارە** (ئان.)[لە: ئاوارتن] ١- کەسێک کە لە شوێنی ژیانی خۆی دوور کەوتبێتەوە. ٢- کەسێک کە لە شوێنی ژیانی خۆی دەرکرابێ. ٣- هەڵاتوو، راکردوو. ٤- ون، بێ ناو و نیشان. ٥- هەڵوەدا، سەرگەردان، دەبەدەر، تەرە، تەرا، تار، رەهەندە. ~ **بوون:** ١- دەربەدەر بوون، لە ماڵ و حاڵی خۆ هەڵبڕان، هەڵوەدا بوون. ٢- دەرکران. ٣- سەرگەردان بوون. ~ **کردن:** ١- دەربەدەر کردن، کەسێک یا گیاندارێک لە ماڵ و لانی خۆ دوور کردنەوە. ٢- دەرکردن، وەدەرنان.

**ئاوارەیی** (حم.)[ئاوارە + یی] دەربەدەریی، هەڵوەدایی، سەرگەردانیی.

**ئاواز** (نا.)[پەه: ئاواز] ١- دەنگی خۆش و بە ئاهەنگی باڵندە، نەغمە. ٢- گۆرانی، ستران. ٣- دەنگی ئامرازی مۆسیقا، هەوا، ئاهەنگ. ٤- دەنگی خۆشی خشڵ و کەرەسەی دیکە. ⁂ ئاوازت نایە لە کرمەک و گوارە/... خرینگەت نایە لە قەتارە (لاس و خەزاڵ ل ٥٨). ٥- دەنگی تێپەڕین و دەرچوونی تیر، هازە، هازەهازی تیر. ⁂ ئاوازی تیر و شەققەی هانیشک و دەنگی سمی ولاغ وا دەبۆوە بڵاوە/ هەندێک دەیانپرسی: عاسمان رووخا یان ئاوە،

سێڵاوه (لاس و خەزاڵ ل ٥٥).

**تێبینی:** ئاواز لە ریشەی ڤەچ vač یا ڤەک vakـ ی ئەوێستا بە مانای وتن و کوتن کەوتوه. (بڕ: بێژتن2) لە کوردیی دا هەر لەم ریشەن: وشە، وێژ، بێژ، راوێژ، لاوک، لاوژە، هەوا...

**ئاوازە** (نا.)[ئاواز + ە] ١ـ دەنگ دەر کردنی ناو، ناوبانگ. ⁂ ئاوازەش بەرز بێ جە گەردین شاران / بڵند کەردە بێ نام نامداران (وەلی دێوانە ل ٩٥). ٢ـ دەنگ، ئاهەنگ. ⁂ سەعید ئەگەر دەڕۆیی، وەک شەهێن و تەڕلانی/ وچانی بە وڵاغ نەدا هەتا کەوتە بەیانی/ ئاوازەی زەنگوڵان دێ، دەگەیشتە یەک کاروانی (سەعید و میرسێوەدین ل ٧١). ٣ـ کوتە چەرمێکی چووکە لە کەوانی جۆلایی دا کە ژێی دەکەوێتە سەر بۆ ئەوەی کە لۆکە لێی گیر نەبێ.

**ئاوازەخوان** (نا. فا، ئان. ل)[ئاواز + ە + خوان2] کەسێک کە گۆرانی و ئاواز دەڵێ، گۆرانی بێژ، خۆشخوان، ستران بێژ، ئاوازەخوێن، گۆرانیچڕ.

**ئاوازەخوێن** (نا. فا)[ئاواز + ە + خوێن2] بڕ: ئاوازەخوان.

**ئاوژوو** (ئان. مف.) بڕ: ئاوەژوو

**ئاواژی** (ئان. مف.)[باک] بڕ: ئاوەژوو

**ئاواق** (ئان.)[؟][ئەر] شوێنی چۆل، چۆلگە، چۆل و هۆل، بەتاڵ.

**ئاواڵ** (نا. ل)[ئاو3 + ئاڵ][پاز: هەم ئەیار. پەه: هەمال، هەماهل. باک: هەڤال ـ ناو: ئاواڵ، ئاوەڵ، هەواڵ، هاواڵ ـ زا: هەڤال] ١ـ دۆست، هاوڕێ، رەفیق لە نێو مرۆڤ دا. ٢ـ دۆست و پێکەوە بوون لە نێو گیانداران دا. ⁂ کۆتر قەت نەبۆتە ئاواڵی سەقری/ سەقر دڕندەیە، خاترجەم بە کۆتری دەگرێ (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٣٢) ٣ـ ناسیاو و دۆست لە بەر هۆیەک وەک پێکەوە خوێندن یا کار کردن. ⁂ ئاواڵ دەرس، ئاواڵکار، ئاواڵ زاوا. ٤ـ هاوتا، چەشن، مینا، وەک. ⁂ ئاواڵکراس.

**تێبینی:** هەندێک لە زمانەوانانی کورد ئاواڵیان بردۆتەوە سەر (ئاو + ئاڵ) و ئاویان بردۆتەوە سەر پێشگری ئاو3 بە مانای هاوبەشی و ئاڵیان بە مانای لا (طرف) داناوە. (بڕ: قامووس ل ٧٩) و (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی شەشەم ل ٣٨٠ کە دیارە هەر بۆچوونی زەبیحی یە و لەویان وەرگرتوە). بە بڕوای من تەنیا نیوەی ئەم بۆچوونە

راستە و بەشی دووهەم لە سەر ئاڵ تەنیا بۆچوونێکی رواڵەتییە. ئاڵ دەچێتەوە سەر وشەی یار و بە لەبەر چاو گرتنی ئەم وشەیە لە پازەند دا (هەم ئەیار)، ئاڵ و گۆڕی بە سەر پیتی ر دا هاتوە و بۆتە ڵ یا ل بەو پێیە وشەکە دەبێتە ئاویار کە ئاڵ و گۆڕی بە سەر دا هاتوە و بۆتە ئاواڵ و هەڤاڵ و ... و ماناکەشی یانی هاوبەش لە دۆستایەتی دا.

**ئاواڵایەتی** (حم.)[ئاواڵ + ئایەتی] دۆستایەتی، هاورێی و بەین و نێوانی دەستەبرا و دەستەخوشک. دۆستایەتی، هەڤاڵتی، هەڤالی، ئاواڵەتی. :: هەتا دەمێنین ئاواڵایەتیمان تێک ناچێ.

**ئاواڵ دوانە** (ئان. ل)[ئاواڵ + دوانە] دوو کوڕ یا دوو کچ کە هاوکات و دەگەڵ یەک لە یەک دەبن، دوانە، جمک، لفەدوانە. :: گوتیان: قوربان ئێمە هەردووکمان ئاواڵ دوانەین. ئاواڵ دوانەش بە شەرعی خودا و پێغەمبەر دوو نەفەر بە یەک نەفەر حیسابە. (بەیتی سەعید و میر سێوەدین بەگ ـ سروە ژ ٧٥)

**ئاواڵ دەرس** (ئان. ل)[ئاواڵ + دەرس] پەیوەندی نێوان کەسانێک کە بە یەکەوە لە شوێنێک دەرس دەخوێن، هاوکلاس. :: ئیجازەم بدە بۆ نێو رەفیق و ئاواڵدەرس و مەتمانە/ چومکە سەفەرەکەمان گەورە و گرانە (مێر و وەفا ل ٧٠).

**ئاواڵ زاوا** (ئان. ل)[ئاواڵ + زاوا] پەیوەندی نێوان دوو پیاو کە ژنەکانیان خوشک بن، ئاوەڵ زاوا، هاوزاوا، هەڤ لنگ، هەمزەما، براکە.

**ئاواڵ شوان** (نا. ل)[ ئاواڵ + شوان] یاریدەدەری شوان بۆ ئاگاداری و لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵات کاتێک کە ئاژەڵ زۆرن و بە تاکە کەسێک هەڵناسووڕێ. :: قەر نانی خوارد و هەڵستا؛ بەرخی وەرگێرا، چووە دەشتێ. بە بەند بە ئاواڵ شوانانی گوت (مان ل ٢٥٩).

**ئاواڵ کراس** (نا. ل)[ئاواڵ + کراس] دەرپێی ژنانە، دەلینگ.

**ئاواڵ منداڵ** (نا.)[ئاواڵ + منداڵ] کیسەیەکە لە نێو پزدانی ژنی زگپڕ کە بە بەندی ناوکەوە پەیوەندی دەگەڵ منداڵ هەیە و ئۆکسیژن و خۆراکی بۆ دەبا و شتی زێدە وەردەگرێ، ئەم پەردەیە پاش هاتنە دەری منداڵ دێتە دەرێ، ئاوەڵ/٢، هەڤالۆک، هژی، پلار. (لات: placenta)

**ئاواڵه** (ئان.)[؟][ناو: ئاوەڵا، ئاواڵه، ئاوەڵه، وارا، واڵا ـ زا: ئارێزه] ١ـ حاڵی شتێک که کراوەتەوه. // داخراو. ⁑ پەنجەرەی ئاواڵه، بەرۆکی ئاواڵه. ٢ـ رەنگی روون، ئاچغ. ⁑ ئەو پارچه هەندێک ئاواڵەتر با بۆ کراس زۆر جوان دەبوو. ٣ـ برینێک کە سەرەکەی قرتماغەی نەگرتبێ؟ ~ **بوون:** ١ـ هەر چی کە کرابێتەوه و دانەخرابێ. ⁑ وەختایەک خەوت لێکەوتبوو زاری ئاواڵەبوو. هەموو دەرگاکانی ماڵێ ئاواڵەن. ٢ـ روون بوون و کراوه بوونی رەنگ. ~ **کردن:** کردنەوه و دانەخستن. ⁑ بەو سەرمایه یەخەی ئاواڵه کردبوو. ئەگەر رۆیشتی دەرگاکەی ئاواڵه کە! ~ **هێشتنەوه:** کردنەوه و دانەخستن. ⁑ پەنجەرەکان بکەوه و ئاواڵەیان بێڵەوه با بایەکمان وێکەوێ.

**ئاواڵەتی** (حم.)[ئاواڵ + ئەتی] بڕ: ئاواڵایەتی

**ئاوان**1 (ئان.)[هەو ـ ئەر] بڕ: ئاوەدان

**ئاوان**2 (نا.) بڕ: ئاونگ2

**ئاوان**3 (نا.)[ئەر] بڕ: ئامان1

**ئاوان**4 (نا. ل)[ئاو1 + ئان] ئەو حەقەی ئاشەوان لەبری هارینی دانەوێڵه لە ئاشێری دەستێنێ، ئاواناش، مزاش.

**ئاواناش** (نا. ل)[ئاوان4 + ئاش] بڕ: ئاوان4

**ئاوانته** (نا. چا)[تور: avanta لە ئیتا: avanta] ١ـ وەدەست خستن و دەست بە سەر داگرتنی شتێک بە فڕ و فێڵ. ٢ـ خۆڕایی، مفته، بەلاش.

**ئاوانتەچی** (نا. فا)[ئاوانته + چی] ١ـ کەسێکی کە بە فڕ و فێڵ و کەڵەک دەست بە سەر ماڵی خەڵک دابگرێ، دەسبڕ، مفتەخۆر. ٢ـ (ئان. فا) حاڵی کەسی دەسبڕ و خاپێنەر و فێڵەزان.

**ئاوانس** (نا.)[فەر: avance] ١ـ مۆڵەت، مەودایەکی دیکە لە کایە دا هەتا کەسێک بتوانی جارێکی دیکە شانسی خۆی بە تاقی کاتەوه، قان. ٢ـ پێشەکی دان، وە پێش خۆ دانی کەسێک لە یاری دا. ⁑ وەرە تەختەی بکەین دوو ئاوانسیشت دەدەمێ. (یانی تۆ دوو و من هیچ).

**ئاوانه** (نا. ل)[ئاو1 + ئانه2] ئەو باج و حەقەی کە بابەتی ئاو دەستێندرێ یا دەدرێ، حەقی کرێ و کەلک وەرگرتن لە ئاو.

**ئاوانی** (نا. ل)[ئاوان1 + ئی][ئەر]

بڕ: ئاوەدانی

**ئاواهی** (نا. ل)[ئاوا1 + هی][باک]
بڕ: ئاوایی

**ئاوایی** (نا. ل)[ئاوا1 + ئی][ئەو: ئایەپتە، ئەیەپتە ـ پەه: ئاپاتییە. باک: ئاڤـاهی، ئاواهی ـ ناو: ئاوایی ـ باش: ئاوایی] ئەو شوێنەی ئاوەدان کراوەتەوە، گوند، دێ، دێهات، لادێ، دەگا.

**ئاوبارە**[1] (نا. ل)[ئاو1 + بار (بەر7) + ئە] پلووسکێکی گەورەیە لە دار یا تەنەکە کە لە بێستان و مووچە و مەزرا کەلکی لێوەردەگرن و ئاو لە شوێنی بڵندەوە بۆ شوێنی نزم دەبا و زەوی پێ دەدێرن، قەمتەرە.

**ئاوبارە**[2] (نا. ل)[ئاو1 + بارە3] شیرەی گوڵ کە هەنگ دەیمژێ و دەیکاتە هەنگوین.

**ئاوباز** (نا. ل، نا. فا)[ئاو1 + باز4] کەسێک کە مەلە باش دەزانێ، مەلەوان.

**ئاوبردە** (نا. مف.)[لە: ئاو بردن] ١ـ هەر شتێک کە ئاو بیبا. ٢ـ (کنـ.) خەسار، بە فیڕۆ چوونی شتێک. ٪ مەکەن لۆمەی من و کەزیەی بلاوی / کە ئاوبردەی جوانی و ئاڵ و والاین (ئاوات ل ٩٣).

**ئاوبڕ** (نا. ل)[ئاو1 + بڕ (بڕین)] ١ـ دەرد و ئازارێکە لە خواردنەوەی ئاوی سارد بە تایبەت زستانانە تووشی ماڵات دەبێ. ٢ـ ئەو شوێنە لە چۆم یا جۆگەی گەورە کە جۆگەیەکی چووکی لێ جیا دەکەنەوە و لەوێوە ئاو بەردەدەنەوە. **~ بوون:** تووشی نەخۆشی ئاوبڕ هاتن.

**ئاوبەر** (نا. ل)[ئاو1 + بەر7] بڕ: ئاوکێش

**ئاوبەرە** (نا. ل)[ئاو1 + بەر7 + ئە] جۆرە هەنگێکی کارگەرە کە ئیشی بردنی ئاو بۆ شەڵخەیە.

**تێبینی:** ئەو بەشەی هەنگ کە لە شوێنی خۆی وەڕێ دەکەوێ ئەوەندە بەرز دەبێتەوە کە کۆمەڵگای خۆیانی لێ نەدیو نەبێ، جا هەر بەو بەرزە فڕێی را لادێیی کورد دەیناسن و لە هاتوچۆ کردنی دا کۆمەڵگای هەنگی کێوی پێ دەدۆزنەوە. (قامووس ب ١ ل ٨٢)

**ئاوبەند** (نا. ل)[ئاو1 + بەند] ١ـ بەرهەڵستێکە لە بەرد و دار و شتی دیکە کە لە پێش ئاوی چۆم یا جۆگەی گەورەی هەڵیدەبەستن هەتا ئاو لە پشتی پەنگ بخواتەوە، ئەم کارەی بۆ چەند مەبەستە:

بۆ بەرگری لە سێڵاو، بۆ ئاو داشتن و هەروەها بە شێوەیەکی گەورەتر بۆ بەرهەم هێنانی بەرق و کارەبا، بەند، بەنگە، سەد. ٢ـ نەخۆشییەکە لە بەر کۆ بوونەوەی ئاو و تەڕاوی زۆر لە ورگی مرۆڤ دا پێک دێ و زگ هەڵدەمسێ. نەخۆش هەر چی ئاو دەخواتەوە تینوایەتی ناشکی و هەر داوای ئاو دەکاتەوە، ئیسقایی.

**ئاوبەندیی** (حم، نا. ل)[ئاو1 + بەند + ئیی] ١ـ بەستنی بەری ئاو. ٢ـ کاری میزان کردن و هێنانە سەر فۆڕمی ماتۆری ماشێنی تازەساز. **~ کردن:** ئارام لێخورینی ماشێنی تازەساز هەتا ماتۆڕەکەی فۆڕم بگرێ.

**ئاوپاچ** (نا. ل)[ئاو1 + پاچ] بڕ: ئاوپاش

**ئاوپاش** (نا. ل)[ئاو1 + پاش2] دەفرێکە وەک ئافتاوە زوو لە تەنەکە ساز دەکرا و ئێستاکە پتر پلاستیکە. لە ئافتاوە گەورەترە و ئەو شوێنەی کە ئاوی پێدا دێتە دەرێ وەک دووشی حەمام وایە و بۆ ئاو داشتنی گوڵ و باخچە یا ئاو پرژێن کردنی حەوش و بەردەرک کەلکی لێوەردەگرن، ئاوپاچ، ئاوپژێن، ئاوپرژێن، ئاوڕشێن.

**ئاوپاشیی** (حم.)[ئاوپاش + ئیی] بڕ: ئاوپرژێن/٢. **~ کردن:** بڕ: ئاوپرژێن کردن. ⁂ مەنزڵگەی دیدەم ئاوپاشی کەردەن/ چەشمەنداز بەرز بێ تۆز و گەردەن (مەولەوی ل ٤٠٠).

**ئاوپاڵ** (نا. ل)[ئاو1 + پاڵ (پالاوتن)] ١ـ دەفرێکە پتر لە فافۆن یا پلاستیک ساز دەکرێ، بن و دەورووبەری کون کونە و ئەو چێشتانەی کە ئاوی زێدەیان هەیە یا سەوزی خواردن دوای شوشتنەوە لەم دەفرەی دەکەن هەتا ئاوەکەی بچۆڕێتەوە، سووزمە. ٢ـ مەلاقەی گەورەی کون کون کە بۆ هەڵگرتنی چێشت یا شتی دیکەی ئاودار کەلکی لێوەردەگرن و هەتا ئاوەکەی دەگەڵ نەیە، پالێن.

**ئاوپرژێن** (نا. ل)[ئاو1 + پرژێن] ١ـ بڕ: ئاوپاش. ٢ـ کاری ئاو بە زەوی داکردن بە ئاو پاش یا دەفری دیکە، ئاوپاشی، ئاوڕشێن. **~ کردن:** ئاو بە زەوی وەرکردن بە ئافتاوە یا ئاوپاش بەر لە ماڵین بۆ بەرگری لە هەستانی تۆز یا بۆ فێنک کردنەوەی وڵات.

**ئاوپژێن** (نا. ل)[ئاو1 + پژێن] بڕ:

**ئاوپەڕ** (نا. ل)[ئاو1 + پەڕ2] ١- تۆپە دارێکی ئەستووری نێوەڕاست کون کراوەیە کە لەو ئاشانەی ئاویان کەمە دەکوترێتە زارکی لای خوارەوەی دۆلاش هەتا ئاو بە تەوژم لە پەڕەی ئاش بدا و توندتر بیخلوێنێتەوە، زەنبوور، زەمبوورە. ٢- جۆرە نەخۆشییەکە تووشی ئاژاڵ ئەبێ بە هۆی خواردنەوەی ئاوی سارد و سەهۆڵاوەوە لە زستان دا (کشت و کاڵ ب ١ ل ١٧). (هس: باپەڕ)

**ئاوپەڕین** (ئان. ل)[ئاو1 + پەڕین] زەوییەک کە ئاو داشتنی دژوار و سەخت بێ.

**ئاوجز** (نا. ل، ئان. ل)[ئاو1 + جز] بڕ: ئاودز

**ئاوجۆ** (نا. ل)[ئاو1 + جۆ] خواردنەوەیەکی کەم ئالکۆڵە کە لە جۆ سازی دەکەن، مزرە، بیرە.

**ئاوجۆساز** (نا. فا)[ئاوجۆ + ساز] کەسێک کە لە جۆ ئاوجۆ ساز دەکا.

**ئاوجۆسازی** (حم.)[ئاوجۆ ساز + ئیی] ١- پیشەی ئاوجۆساز. ٢- شوێن یا کارخانەیەک کە ئاوجۆ ساز دەکا.

**ئاوجۆفرۆش** (نا. ل)[ئاوجۆ + فرۆش] کەسێک کە دوکانی ئاوجۆفرۆشی هەیە و ئاوجۆ دەفرۆشێ

**ئاوجۆفرۆشیی** (حم.)[ئاوجۆ فرۆش + ئیی] ١- ئیشی ئاوجۆ فرۆشتن. ٢- (نا. ل) شوێنی ئاوجۆ فرۆشتن

**ئاوخانە** (نا. ل)[ئاو1 + خانە] بڕ: ئاودەست

**ئاوخواز** (ئان. فا)[ئاو1 + خواز] خواردن و خۆراکێک کە دوایی تینوایەتی دێنێ، ئاوکێش، ئاوبەر. :: سەروپێ ئاوخوازە پیاو دەبێ ئاوی زۆر لە سەر بخواتەوە.

**ئاوخۆر** (نا. فا)[ئاو1 + خۆر] کەسی تینوو کە مەیلی ئاو خواردنەوەی هەیە، ئاوخۆرە. لە شوێنێک کە خەڵک زۆر کۆ بوونەوە کەسێک ئاو دەگێڕێ و هەرا دەکا رەحمەت لە ئاوخۆر و هەر کەس تینوو بێ بانگی دەکاتە لای خۆی.

**ئاوخۆرە** (نا. ل)[ئاو1 + خۆرە] بڕ: ئاوەخۆر

**ئاوخۆریی** (نا. ل)[ئاوخۆر + ئیی] ١- دەفرێک کە ئاوی تێدەکرێ و لە سەر سفرە یا لە شوێنێک بۆ ئاو خواردنەوە هەر وا دادەندرێ، پاچ، پەرداخ، تونگە ٢-

لیوانی گەورە کە ئاوی پێ دەخۆنەوە، شەربە، ئاوەوەرە. ٣ـ ئەو ئاسنەی دەچێتە ناو دەمی ئەسپەوە، دانە لغاو. ٤ـ مێشک و نێوی دار و درەخت کە ئەرکی هەڵمشتن و گەیاندنی ئاو بە لک و پۆی دارە، ئاوەخۆرە، ئاوخۆرە. ٥ـ شوێنی ئاو خواردنەوە یا ئاو پڕ کردن لە چۆم و جۆبار و گۆل.

**ئاودار** (ئان. ل)[ئاو1 + دار2] ١ـ شوێنێک یا ناوچەیەک ئاوی زۆر بێ، پڕئاو. // بێ ئاو ∷ کوردستان ناوچەی ئاوداری زۆرە ٢ـ میوەی بە ئاو و تەڕ و تازە. ∷ هەرمێ کرووزی میوەیەکی ئاودارە. ٣ـ گەوهەر و بەردی بە بایخ کە گرشە و بریقەی زۆرە. ٤ـ شەمشیر و تیغی ئاودراو و تیژ. ٥ـ کەسێک کە لە دیوەخانی میر و بەگان ئەرکی ساز کردنی چا و قاوە و خواردنەوەی دیکە بوو، ئابدار.

**ئاودارخانە** (نا. ل)[ئاودار + خانە] ١ـ ژووری ساز کردنی خواردنەوەی وەک چا و قاوە و شەربەت لە ماڵی بەگ و کۆشکی میران دا کە ئاودار لەوێ کار دەکا. ٢ـ بار و بنەی ئاوداری پاشا و سوڵتانەکان، بە نۆکەر و تەواوی کەرەسەوە. & ئایدارخانە

**ئاوداریی** (حم.)[ئاودار + ئیی] ١ـ کار و پیشەی کەسی ئاودار. ٢ـ (نا. ل) خورجی کەرەسە و ئەسبابی ئاودارخانە.

**ئاودامان** (ئاو. ل)[ئاو3 + دامان2] کراسی درێژ یا کەوای درێژی ژنان کە داوێنی بگاتە گوێزینگی پێ، ئاودامێن. ∷ لە سەر قەبرەکان داری ئەرخەوان / وەک بووکی تارا سەوزی ئاودامان (گۆران ل ١٣٧)

**ئاودامێن** (ئان. ل)[ئاو3 + دامێن] بڕ: ئاودامان

**ئاودڕ** (نا. ل)[ئاو1 + دڕ] شوێنێک لە دەشت و کێو یا بەستێنی بەرزی رووبار کە بە لافاو یا هەستانی ئاو دادڕابێ، ئاودڕکە، ئاودڕگە. ∷ پاش نوێژی نیوەڕۆیە کە مەڕ دێتەوە شاخی، لە جێگایەکی پەنا، لە کن ئاودڕێک دانیشتبوو؛ ... (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٢)

**ئاودڕکە** (نا. ل)[ئاو1 + دڕ + کە] بڕ: ئاودڕ

**ئاودڕگە** (نا. ل)[ئاو1 + دڕ + گە] بڕ: ئاودڕ

**ئاودز** (نا. ل)[ئاو1 + دز] شوێنێک کە بە قەڵشت و درزەکانی دا ئاو دێتە دەر.

٢ـ (ئان. ل) بڕ: ئاوەدز. ~ **کردن:** بڕ: ئاوەدز کردن.

**ئاودووزەک** (نا. ل)[ئاو1 + دووز(دز) + ئەک] ١ـ ئامرازێکە لە شووشە یا پلاستیک کە سەرێکی تیژی هەیە، دەرمانی ئاوەکی پێ هەڵدەمژن و پێی لە لەشی مرۆڤ دەکەن، دەرزی، شرینقە. ٢ـ ئامرازێکی چووکەیە لە سەری شووشەی دەرمانی ئاوەکی دادەنێن هەتا بە دڵۆپ دەرمانی پێ هەڵمژن و لە چاو یا لووت و شوێنی دیکەی بکەن، قەترەچکێن.

**ئاودەر** (نا. فا، ئان. فا)[ئاو1 + دەر3] ١ـ کەسێک کە ئاو دەدا بە خەڵک، ئاوگێڕ. ٢ـ بڕ: ئاودێر

**ئاودەس**[1] (ئان. ل)[ئاو3 + دەس] بەرابەر، هاوتا. ⁝⁝ نەمبۆ پیری و تەن ناتەوانیت / وەی دوو فەردەوۆ ئاودەس جوانیت (مەولەوی ل ١٠٧).

**ئاودەس**[2] (نا. ل)[ئاو1 + دەس][ئەر] بڕ: ئاودەست

**ئاودەست** (نا. ل)[ئاو1 + دەست] دیوێکی چووکە لە سووچێکی حەسار یا نێو ماڵ سازی دەکەن ومیز و گوی لێدەکەن. شوێنی دەست بە ئاو گەیاندن، ئاودەستخانە، ئاوخانە، پێشاو، مبال، مستەراح، مستەراو، ئاودەس، کناراو، ئاڤرێژ، دەستاڤ، ئاڤدەستخانە، دەستاڤخانە، ئاڤرێژخانە، ئەدەبخانە.

**ئاودەستخانە** (نا. ل)[ئاو1 + دەست + خانە] بڕ: ئاودەست

**ئاودەڵێن** (ئان. ل)[ئاو1 + دەڵێن (دەڵاندن)] ١ـ دەفری گڵێنە بە تایبەت گۆزە کە ئاو دەدەنەوە دەرەوە و ئاو فێنک رادەگرن. ٢ـ گۆل و ئەستێرێک کە ئاو دابدەن.

**ئاودەم** (نا. ل)[ئاو1 + دەم1] ئاوی زار، لیک، لیکاو.

**ئاودەنگ** (ئان. ل)[ئاو3 + دەنگ] ١ـ دوو یا چەند کەسێک یەک بیر و رایان هەیە، هاو بیر و بڕوا، هاودەم. ٢ـ دوو یا چەند کەسێک کە بە قسە دەگەڵ یەکتر وەرزی دەشکێنن، هاودەنگ.

**ئاودەنگیی** (حم.)[ئاودەنگ + ئیی] کەسێک کە ماڵ یا خەڵک یا کەسێک بە قسەکانی خۆشن و وەڕەزیان پێدەشکێ، هاودەنگی. ⁝⁝ لەوەتی وسێن چۆتە سەفەر ئاودەنگیی ماڵمان بڕاوە. عەلی بۆ ئاودەنگیی خراپ نیە.

**ئاودیو** (ئاک. ل)[ئاو (ئەو2) + دیو] ون، ئاوا. ~ **بوون:** ئاوا بوون، لەبەر

چاو ونبوون. **~ کردن:** لە بەر چاو ون کردن. ⁂ دز هاتن و مێگەلیان ئاودیو کرد و بردیان.

**ئاودێر** (نا. فـــا، ئان. فـــا)[لە: ئاودێران][ناو: ئاودێر، ئاویار ـ هەو: ئاویار، ئاوێر] کەسێک کە کاری ئاو دێران و ئاو داشـــتنی مــووچە و باغ و بێستانی بە دەستەوە، ئاودەر/٢. ⁂ خەللاقی بێ فتووری، سوڵتانی بێ قسووری / رەززاقی مار و مووری، ئاودێری دێمەکاری (حاجی قادر ل ١٤٣).

**ئاودێریی** (حم.)[ئاودێر + ئیی] ئاو داشـــتنی زەوی و زار، ئاویاریی. **~ کردن:** ئاو داشتن، ئاو دێران.

**ئاور**[1] (نا.) بڕ: ئاگر. || **ئاوری بن کا:** بڕ: ئاگری بن کا. **ئاوری سوور:** بڕ: **ئاوری بێ دووکەڵ:** ئاوری گەشاوە کە ئیدی دووکەڵ نەکا، ئاگری بێ دووکەڵ، ئاگری سوور. ⁂ شێواوی خەزنەدار، دڵت هەڵەشــــــەیە/ دایمە ئاوری بێ دووکەڵت لە سەر دڵی هەیە (سەعید و میرسێوەدین ل ١٥٢). **ئاوری غەزەب:** بڕ: ئاگری غەزەب. **ئاوری قودرەت:** بڕ: ئاگری غەزەب.

**تێبینی:** من پێموایە کە وشەی ئاور لە پێشـدا ئاگـور بوە و لە دوایی لەبەر قورسی پیتی گ سواوە.

**ئاور**[2] (ئان.)[زا] بڕ: ئاوس

**ئاورا** (ئان.)[؟][هەو] برسی، برچی.

**ئاورایی** (حم.)[ئاورا + ئی][هەو] برسێتی، برسیایەتی.

**ئاوربووژە** (نا. ل)[ئاور1 + بووژە (بووژاندنەوە)] دەفرێکی چووکی کون کونە، بە قەرا پیاڵەیەک دەبێ، لە سیم سازی دەکەن، دەسکێکی هەندێک درێژی هەر لە سیم بۆ ساز دەکەن، رەژی تێدەکەن و ئاگری دەدەن دوایی هەڵیدەسوورێنن هەتا رەژی دەگەشێتەوە و دەبێتە پۆلوو. ئەم پۆلوویانە زۆرتر بۆ قەننە و سەماوەری رەژی کەلکی لێوەردەگرن، تاولەمە، ئاگر گەشکەرەوە، ئاگر گەشکەرە.

**ئاورپەرست** (نا. فا، ئان. فا)[ئاور1 + پەرست] بڕ: ئاگرپەرست

**ئاورپەرستیی** (حم.)[ئاور پەرست + ئیی] بڕ: ئاگرپەرستیی

**ئاورخانە** (نا. ل)[ئاور1 + خانە] بڕ: ئاگرخانە

**ئـاوردان** (نـا. ل)[ئـاور1 + دان] بـڕ: ئاگردان

**ئاوردوو** (نا. ل)[ئاور1 + دوو2] دار و ئێزینگ و دەوە و تەپاڵە و سووتەمەنی کۆ کراوە بۆ تەندوور و سۆبە، سووتەمەنی، ئاردوو، ئازاڵە، کەشکوور.

**ئـــاورگ** (نــا. ل)[ئـــاور1+ گ] ١ـ شوێنێکە لە متبەق یا جێگایەکی دیکە بۆ ئاور سـازی دەکـەن و چێـشتی لە سـەر سـاز دەکــەن. ٢ـ شــوێنێکە لـە دیواری ژوور دا سـازی دەکەن بۆ ئاور کردنەوە و وڵات گەرم داهێنان، بوغاری. ٣ـ شوێنی پیرۆزی ئاگـر بوو کـە زەردەشـتـیـەکـان ئاوریان تێدا دەپاراست و نەیاندەهێشت ئاگر قەت بکووژێتەوە. ٤ـ قوڵکەیەکە وەک تەنـدوورێکی چووک لـە نێــــو ژووری مــاڵەکـان ســازی دەکـەن و پـتـر پۆلوو ئاگری بۆ دێن و تێیدەکەن بۆ ژوور گەرم کـردنەوە و هـەروەها بۆ گـەرم راگـرتنی چێـشـتی سـاز کـراو و زسـتـانانەش کـورسـی لە سـەر دادەخـەن، کـوانوو، ئاگـردان، کـۆرک، کـۆرکـە، ئادرجـا، ئادرگان، ئاوریا.

**ئاورنـگ** (نا. ل)[ئـاور1 + نگ] بـڕ: ئاورینگ. **~ دان:** بڕ: ئاورینگ دان

**ئاورۆچکە** (نا. ل)[ئاور1 + ئۆچکە] بڕ: ئـاگــرۆچکـە. **~ کـــردنەوە:** بڕ: ئاگرۆچکە کردنەوە.

**ئاورە**[1] (نا.) بڕ: ئاگرە

**تێبینی:** لە ئەوێستا دا نەخۆشییەک بە ناوی ئەرە ara هاتوە بەڵام روون نیـە بە چ نەخۆشییەک کوتراوە.

**ئاورە**[2] (ئان.)[زا] بڕ: ئاوس

**ئـاورە شـین** (نـا. ل)[ئـاور1 + ئـە + شین] گـریان و شـینێکی بەکـوڵ و لە قوڵایی دڵەوە کە ژێر بوونەوەی چەتوونە.

**ئاورەگڕە** (نا. ل)[ئاور1 + ئە + گڕ + ئە] بڕ: ئاگرەگڕە

**ئـاوریا** (نـا. ل)[ئـاور1 + یـا2][هـەو] ئاورگ، ئاگردان.

**ئـاوریـشم** (نـا.)[پـەه: ئـەبرێشــــەم، ئەبرێشـۆم، ئەپـەرێشـوم. باک: هەڤرمش، هـارمـووش ـ ناو: ئارمـووش، هـەرمـووش، هـەورێشم، ئـاوریشـم، هـەوریشـم ـ بـاش: ئـەورشـم، ئـەوریـشـم ـ هـەو: هـاورێـشـم، هەورێشم] لیکاوی کـرمـێکە بە نـاوی کرمی ئاوریشم کە هەودای زۆر باریکە و ئەم کـرمــە لـە دەوری خـۆی دەتەنـێ، لە دوایی ئـەم گـــڵـــۆڵانە بە هـەڵمی ئاو

دەکەنەوە هەتا جەمسەرەکەی دەدۆزنەوە و دوایی چەند دانەی بە یەکەوە با دەدەن و لە شتێکی دەهاڵێنن و بۆ چنینی جل و بەرگ دە کاری دەکەن. چنراوی ئاوریشم نەرم و بریقەدار و بە بایخە. **~ بە لابار هەڵنەگرتن:** (کنـ.) زۆر بەدەعێ بوون، بەپۆز بوون، لووت لە سەر بوون. ‖ **ئاوریشمی خاو:** ١ـ ئاوریشمی نەڕێسراو کە بۆ چنینی هەندێک پارچە یا نەخشاندنی کەرەسەی دیکە کەلکی لێوەردەگرن. ٢ـ (کنـ.) زۆر جوان. ፨ سەمەنبۆ دەتکوت ئاوریشمی خاوە، هێندە جوانچاک بوو (بارام و گوڵندام ل ٥١). **ئاوریشمی گشت:** ئاوریشمی بادراو و باریک ڕێسراوە کە بۆ ریشووی شەدە و پێچ و هەندێک شتی دیکە کەلکی لێوەردەگرن.

**ئاوریشمدۆز** (نا. ل)[ئاوریشم + دۆز2] ١ـ پارچە یا شتی دیکە کە بە ئاوریشم نەقش و نیگاری لێکێشرابێتەوە. ٢ـ (ئان. ل) حاڵی هەر شتێکی کە بە ئاوریشم نەخشێنرابێ. ፨ دە بڕۆن و رامەمێنن، وەستای سەڕڕاجم لە بۆ بێنن / تەقەلتووی ئاوریشمدۆزم بۆ پێک بێنن (مان ل ١٩٧). ٣ـ کەسێک کە بە ئاوریشم نەقش و نیگار ساز دەکا. ፨ ئەو شارە دوو ئاوریشمدۆزی باشی هەیە.

**ئاوریشمی** (ئان. ل)[ئاوریشم + ئی] بڕ: ئاوریشمین

**ئاوریشمین** (ئان. ل)[ئاوریشم + ئین] هەرشتێک کە لە ئاوریشم ساز کرابێ، ئاوریشمی.

**ئاورینگ** (نا. ل)[ئاور1 + ئینگ] ١ـ پڕیشکی ئاگر کە لە کاتی سووتانی دار و ئێزینگ یا کوتانی ئاسن دەپەڕێ، پزووسک، پزووسکە، پرووسک، پرووسکە، پریسک، پڕیشک. ٢ـ بریقە، بریسکە. & ئاورنگ. **~ دان:** ١ـ پڕیشک لە ئاگر بوونەوە. ٢ـ بریقە دان، بریسکانەوە. ٣ـ (کنـ.) تووڕە بوون و کەف پڕژاندن. & ئاورنگ دان.

**ئاوڕ**[1] (نا.)[؟] وەرسووڕاندنی سەر بە خێرایی بۆ دواوە و سەیری کەس یا شتێک کردن. **~ دانەوە:** بۆ دواوە ڕوانین، سەیری پشت سەر کردن. **~ لێدانەوە:** ١ـ ڕوانین بۆ دواوە بۆ سەیر کردنی کەسێک. ٢ـ (کنـ.) سەرنج دان، بە هێند گرتن، لا لێکردنەوە، ئاوڕ وێدان. **~ وێدان:** بڕ: ئاوڕ لێدانەوە. ‖ **ئاوڕی (بە) خێر:** شانس، بەخت، خۆشی.

***ئاوڕی (بە) خێـر لێدانەوە:** بەخت روو تێکردن.

**ئاوڕ**$^{2}$ (نا.)[هەو] بڕ: ئاخوڕ

**ئاوڕشێن** (نا. فا)[ئاو1 + رشێن] بڕ: ئاوپرژێن/١ و ٢. **~ کــردن:** بڕ: ئاو پرژێن کردن

**ئاوڕۆشنکەرە** (گیانـ.)[ئاو1 + رۆشن + کەر3 + ئە][ئەر] بڕ: ئاڕوونکەرە

**ئاوڕۆشنەوکــەرە** (گـیـانـ.)[ئاو1 + رۆشـن + ئـەو + کـــەر3 + ئە][ئەر] بڕ: ئاوڕوونکەرە

**ئاوڕۆنکە** (گیانـ.)[ئاو1 + ئە + رۆن + کە][سۆر] بڕ: ئاوڕوونکەرە

**ئــاوڕوو** (نــا.)[ئــاو1/٨ + روو] بــڕ: ئابڕوو

**ئـاوڕووت** (نـا. چـا)[ئـاو1 + رووت][ئەر] بڕ: ئاوەڕووت. **~ کـــردن:** بڕ: ئاوەڕووت کردن.

**ئاوڕوونکەرە** (گیانـ.)[ئاو1 + روون + کەر3 + ئە] جـانەوەرێکی چووکی باڵدار و قـاچ درێژە، لە سـەر ئاوی کـانیـاوان دەبێ و خــێـرا دێت و دەخــزێ و قـوڕ و لیتەی کانی خاوێن دەکاتەوە و بۆیە هەر ئـەو ناوەی لـێـنـدراوە، ئاوڕوونکـەرەوە، ئـاوڕۆشـنـکـەرە، ئـاوڕۆشـنـەوکـــــەرە، ئاوەڕوونکە، ئاوەڕۆنکە، قـــوڕاویلکە. (عەر: دبیب)

**ئاوڕوونکەرەوە** (گیانـ.)[ئاو1 + روون + کەر3 + ئەوە] بڕ: ئاوڕوونکەرە.

**ئاوڕەنگ**$^{1}$ (ئان . ل)[ئـاو3 + رەنگ] ١ـ هـەر دوو یا چەند شت و کەسێک کـە لە یەک رەنگن. هـاوڕەنگ ٢ـ دوو یا چەند کەس یا شـتێک لە یەک شـێـوەن، هـاوتا، هـاورەگەز.

**ئاوڕەنگ**$^{2}$ (نا. ل)[ئاو1 + رەنگ] ١ـ هـەرچی رەنگی وەک رەنگی ئاو بێ، لە رەنگی ئاو، ئاویی، عـــابی، ئابی. ٢ـ شێوەیەکە لە نەققاشی کە بە ئاو دەگەڵ رەنگ دەکردرێ.

**ئـاوڕێـژ** (نـا. ل)[ئـاو1 + رێـژ] بـڕ: ئاوڕێژگە

**ئاوڕێژگـە** (نا. ل)[ئـاوڕێژ + گـە] ئەو شـوێنەی کە ئاوی ناوچەیەک دەچێـتـەوە ســـــەر ناوچەیەکی دیکە و تێکەڵاوی ئاوێکی گەورەتر دەبێ، ئاوڕێژ، ئاوەڕۆ/٣ (مصب)

**ئاوڕێش** (نا. ل)[ئاو3 + ریش] دەگەڵ چاوگی بـوون دێ و مـانـای پەلامـار دەدا. **~بوون:** پەلامـار دان، ئانگژا بوون، بە

گژ دا چوون. ፡፡ دوێنێ کاک ئەحمەد هەر چاوی بە من کەوت ئاوڕێشم بوو.

**ئاوڕێگە** (نا. ل)[ئاو1 + رێگە] کونێک لە بنی دیواری ماڵان کە ئاوی باران و ئاوی رژاوی تورمپا بەم کونە دا دەچێتە کۆڵان، ئاوەڕۆ.

**ئاوز** (نا.)[لە: ئاوزان] ئەقڵ، فام، ئاوەز.

**ئاوزا** (ئان. ل)[ئاو3 + زا] حاڵی دوو یا چەند کەسێک کە لە یەک زمان و کات دا زابن و تەمەنیان یەک بێ، هاوتەمەن، هاوزا، هاوزێ، ئاوزێ. **~ بوون:** هاوتەمەن بوون. ئاوەڵەکانم هیچی ئاوزای خۆم نین من لە هەموویان چووکترم.

**ئاوزان** (چا. ل) خاوەن ئەقڵ و ئاوەز بوون، پێگەیشتن، فامین، تێگەیشتن، زانین، ئاوزین، ئاوزیان.

**تێبینی:** ئاوزان و ئاوزین و ئاوزیان کە بە مانای فامین و تێگەیشتن بۆ مرۆڤ هاتوون، دەبێ پێشتر بۆ گەیشتن و گەیینی میوە و بەرەوە هاتبێ کە ئاویان تێدەزێ و ئاودار دەبن و پێدەگەن و لەویشەوە وشەی ئاوز یا ئاوەز پەیدا بووبێ یانی مرۆڤی گەیشتوو و بە ئەزموون.

**ئاوزوونە** (نا. ل)[ئاو (ئاغز) + زوون (زمان) + ئە] بڕ: ئاغزوونە

**ئاوزەنگی** [1] (نا. ل)[؟] ئاویلکە، گیانەڵڵا، سەرەمەرگ، ئاوزینگ، ئاوەزینگ، هەوزینگ، گیان کەنشت. **~ دان:** گەیشتنە دەمی مردن، ئاویلکە دان، گیان کەنین.

**ئاوزەنگی** [2] (نا. ل)[ئاو3 + زەنگ2 + ئی] ئاڵقەیەکە لە کانزا سازی دەکەن، لە خوانی زین بە هۆی لوقمەوە شۆڕ دەبێتەوە و هەتا بەر زگی وڵاغ دێ و پێی تێدەنێن و دەچنە سەر زین و وڵاغیشی پێ تاو دەدەن، رکێف، زەنگوو، زەنگی. **~ پێدا هێنان:** خێرا لێخوڕینی وڵاغ بە لێدانی ئاوزەنگی لە کەلەکەی، ئاوزەنگی لێدان، ئاوزەنگی تێ تەقاندن. **~ تێتەقاندن:** بڕ: ئاوزەنگی پێدا هێنان. **~ داگرتن:** ١- پێ داگرتن لە سەر ئاوزەنگی بۆ راگرتن و نەڕۆیشتنی وڵاغ. ٢-(کنـ.) پێ داگرتن لە سەر کارێک، پێ چەقاندن. ፡፡ ئاوزەنگی دامەگرە هەتا بەیانش بگری ناهێڵم بچیە دەرێ. **~ لێدان:** بڕ: ئاوزەنگی پێدا هێنان.

**تێبینی:** زەنگ لەم وشە دا لە ریشەی [هیک: جەنگها ـ ئەو: زێنگە، زەنگە، زێنگرە، زەنگرە ـ پەه: زەنگ] بە مانای پێ کەوتوە. لە کوردیی دا بە تەنیا نەماوە بەڵام بە شێوەی زەنگ، زینگ هەر بەم مانایە لە هەندێک وشە دا خۆ دەنوێنێ وەک: گوێزینگ، زەنگاڵ، زەنگوو.

**ئاوزەنگی تەقێن** (ئاک. ل) [ئاوزەنگی2 + تەقێن] بڕ: ئاوزەنگی کوت. ⁂ لەشکر رووژا، سوار فڕین فڕین / کەوتنە شوێنی سوار ئاوزەنگی تەقێن (گۆران ل ١٥٠)

**ئاوزەنگی دار** (ئان. ل)[ئاوزەنگی2 + دار2] حاڵی لاقی کەسێک کە پشتەکەی کەوانی و زەق بێ و دەرپەڕیبێ.

**ئاوزەنگی کوت** (ئاک. ل) [ئاوزەنگی2 + کوت1] خێرا لێخورینی ولاغ بە ئاوزێنگ لێدان، رکێف کوت، ئاوزەنگی تەقێن.

**ئاوزیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: ئاوزان

**ئاوزین** (چا. ل) بڕ: ئاوزان

**ئاوزینگ** (نا. ل) بڕ: ئاوزەنگی1

**ئاوزێ** (ئان. ل)[ئاو3 + زێ2] بڕ: ئاوزا

**ئاوژی** (نا. ل)[ئاو1 + ژی] ئەو گیا و گیاندارانەی کە لە ئاو دا دەژین، گیانداری ئاوی.

**ئاوس** (ئان.)[ئەو: ئاپوثرە ـ پەه: ئەپوس، ئابوس. باک: ئاڤس ـ ناو: ئاوس ـ باش: ئاوس ـ هەو: ئاوس ـ زا: ئاور، ئاورە] ١ـ ژنی زگپڕ، دووگیان. ٢ـ گیانلەری زگپڕ. ٣ـ دار و درەختی بووژاوەی سەرە بەهار کە خەریکی چەکەرە دەر کردنن. ⁂ باری لێ قورس ئەبێ داری ئاوس / چەتر ئەنگێوێ ئەبێتە تاوس (هێدی ل ٢٢٧). ٤ـ هەورێک کە بارانی پێوە بێ. ٥ـ (کن.) زگ دان و هەڵمسان لە داخان و ئێرەیی. ⁂ لە داخ ئەو کارە گەوجانەی وەختە ئاوس بم. ٦ـ (مج.) نزیک بوونەوە لە رووداو و قەومانی کارەسات یا رووداوێک. ⁂ دایکی زەمان ئاوسی بەسەرهاتێکی قورس و گران بوو. **~ بوون:** ١ـ زگ پڕ بوونی ژن و مێینەی گیانداری گواندار. ٢ـ چەکەرە دەر دان و بووژانەوەی دار و درەخت ٣ـ (کن.) داخدار بوون و ئێرەیی بردن بە کەسێک. **~ کردن:** زگ پڕ کردن. ٢ـ (کن.) داخدار کردن.

**تێبینی:** وشەی ئەوێستایەکەی بە

تەواوی ئاپوثرە تەنو ـ یە و ئەوێستا ناسان بردۆیانەتەوە سەر [ئا + پوس + تەن] پوس بە مانای کوڕ یا بێچوو کە لە چەند وشەی کوردیی دا بە شێوەی پس ماوەتەوە (بڕ: پس) و تەن بە مانای لەش کە بە گشتی دەبێتە ئەو کەسەی منداڵی دە لەش دایە. هەروەتر ئاوس زۆرتر مەبەست لە زگپڕ بوونی گیاندارە و بۆ ژن پتر وەک تەوس و لاتاو بەکار دەبردرێ.

**ئاوسا** (ئان. ل)[ئاو3 + سا1][پەه: هەمسایەک] ١ـ کەسێک کە ماڵی لە پەنا ماڵی کەسێکی دیکە دایە. ⁘ شێرکۆ ئاوسای ئێمەیە. ٢ـ دوو ماڵی دیوار بە دیوار کە لە پەنا یەکن وهێند نزیکن کە سا یان نسێیان کەوتۆتە سەر یەک. ⁘ ماڵە شێرکۆ ئاوسای ئێمەن. ٣ـ دوو یا چەند ناوچە (دێ، شار، وڵات) کە لە پەنا یەکن. & دراوسێ، هاوسا، ئامسا، هاوسێ، ئاوسێ، جیران.

**ئاوساگ** (نا. مفـ.)[لە: ئاوسان] بڕ: ئاوساو

**ئاوسان** (چا. ل)[ناو: ئاوسان، ئاوسیان، ئاماسان، ئاماسیان ـ هەو: ماسای] ١ـ با کردن و ئەستوور بوونی شوێنێکی لەش بە نەخۆشی یا کەوتن و ئازار پێگەیشتن و هۆی دیکە. ⁘ هەنگەژاڵە پێوەی داوە و ئازای لەشی ئاوساوە. ٢ـ ئەستوور بوونی شوێن و جێگایەک. ⁘ ئەو دیوارە ئاوی هەڵچنیوە و ئاوساوە دەبێ چارەیەکی بۆ بکەین. & هەڵمسان، هەڵامسان، پەنەمان، پەنەمیان، پەنمین.

**تێبینی:** هاوتا و هاوڕیشەی ئەم وشەیە لە فارسی دا بە شێوەی ئاماسیدەن و ئاماهیدەن هەر بەو مانایە هاتوە.

**ئاوساندن** (چا. م)[لە: ئاوسان] بوونە هۆی ئاوسان، هەڵمساندن.

**ئاوساو** (نا. مفـ.)[لە: ئاوسان] ئەو شوێنەی لەش کە ئەستوور بوە، ئاماسیاگ، ئاوسیاگ، هەڵمساو، پەنماو. ⁘ برایم بە دەستی ئاوساو دروێنەی دەکرد.

**ئاوساویی** (حم.)[ئاوساو + ئیی] ئەنجامی ئاوسان، هەڵمساویی. ⁘ ئاوساوییەکەی هێشتا نەنیشتۆتەوە.

**ئاوسیاگ** (نا. مفـ.)[لە ئاوسیان] بڕ: ئاوساو

**ئاوسیان** (چا. ل) بڕ: ئاوسان

**ئاوسێ** (نا. ل)[ئاو3 + سێ2] بڕ: ئاوسا

**ئاوشان** (ئان. ل)[ئاو3 + شان] دوو یا چەند کەس کە لە یەک پلە و پایە دان و چیان لە یەکتر زیاد نیە، هاوشان، هەمبەر.

**ئاوشنگ** (ئان. ل)[؟] وەشیر هاتنەوەی مەڕ و بزنی بێچوو مردوو کە شیری ویشک کردبێ.

**ئاوفرۆش** (ئان. فا)[ئاو1 + فرۆش] کەسێک کە ئاوی لە چۆم و دەراوانی دێنا و لە شار بە خەڵکی دەفرۆشت. ؛؛ پیاوێکی ئاوفرۆش لە شاری غەزنەی دا ئاوفرۆشی دەکرد. ...(مان ل ٣).

**ئاوفرۆشیی** (حم.)[ئاوفرۆش + ئیی] پیشە و کاری ئاوفرۆش.

**ئاوقا** (نا. ل)[ئاو3 + قا] گژ، پەلامار، ئاورێش، ئاوقە، ئەوقە. ~ **بوون:** پەلامار دان وتێک بەزین ، یەخەی یەکتر گرتن بۆ شەڕ.

**تێبینی:** قا یا قە من پێم وایە شکڵی گۆڕاوی یەخە یا یەقەیە و وشەکە لە ئەسڵ دا ئاویەقە بوە و لە دوای لێک و لووس کراوە و بۆتە ئاوقا یا ئەوقە، هەرچەند زەبیحی بردوویەتیەوە سەر قەد (بڕ: قامووس ب ١ ل ٨٩).

**ئاوقوف** (ئان. ل)[ئاو3 + قوف (کوف)][سۆر] بڕ: ئامکوف

**ئاوقۆرە** (نا. ل)[ئاو1 + قۆرە] ئاوێک کە لە قۆرە و بەرسیلە دەگرترێ. ئەم ئاوە دە بوتری یا دەبە دا هەڵیدەگرن و بۆ ترش کردنی چێشت دە کاری دەکەن، ئاقشیلە، ئاقشلە.

**ئاوقە** (نا. ل)[ئاو3 + قە] بڕ: ئاوقا.
**ئاوقە بوون:** بڕ: ئاوقا بوون.

**ئاوکوف** (ئان. ل)[ئاو3 + قوف] بڕ: ئامکوف

**ئاوکێش** (نا. فا)[ئاو1+ کێش] ١- کەسێک کە لە چۆم و رووبار ئاو بۆ مالان دەبا، پیشەی ئاوکێشی، ئاوبەر. ٢- (ئان. ل) خۆراک و خواردنێک کە دوایی مرۆڤ تینوو دەکا و ئاوی زۆرتر لە رادە دەخواتەوە.

**ئاوکێشیی** (حم.)[ئاوکێش + ئیی] پیشەی کەسێک کە ئاو بۆ مالان دەبا.

**ئاوگۆشت** (نا. ل)[ئاو1 + گۆشت] چێشتێکی کوردەوارییە، گۆشت و پەتاتە و تەماتە و هەندێک جار نۆک و بامیە و هەڵووچەی ترشی تێدەکەن،

دەیکوڵێنن و ئاوەکەی تێدەکوشن و گۆشتەکەش یا بە نان دەیخۆن یا ئەوەکە هەڵیدەشێلن، شۆروا، شۆربا، شۆرباو، گۆشتاو، ئاو و گۆشت.

**ئاوگەردان** (نا. ل)[ئاو1 + گەردان] جۆرێک کەوچکی گەورەیە، دەسکێکی درێژی هەیە و بنەکەی بە قەرا جامێک دەبێ، پێشتر پتر لە مس ساز دەکرا و قورس بوو و ئێستاکە فافۆن جێی گرتۆتەوە، بۆ چێشتی نێو مەنجەڵی گەورە، بۆ ئاوی کوڵیو هەڵێنجان دەکاری دەکەن، کەوچێز، ترار.

**ئاوگیر** (نا. ل)[ئاو1 + گیر] کەسێک کە لە حەمام خزمەتی خەڵک دەکا، شاگرد حەمامچی.

**ئاولانە** (ئان. ل)[ئاو3 + لانە] دوو دڵداری بە کاوی یەک گەیشتوو و دەستەملان و پێکەوە، هاودەم، هاوژین، ئاومل، ئاملانە. ⁂ برای تۆ دەیانگوت هەتا ئەمە بژین هەر بە ژینە هەر بەمانە / خەج و سیامەند نابنەوە بە ئاولانە (بەیتی خەج و سیامەند).

**ئاولەمە** (نا. ل)[ئاو3 + لەمە (زگ)] ١ـ منداڵی نێو زگی دایک کە هێشتا بە تەواوی خۆی نەگرتوە، جەنین. ٢ـ منداڵی لە بەرچوو. ٣ـ بەرخ و کاریلە کە دوای سەربڕینی مەڕ و بزن دەریان دێنن و بۆ خواردن دەبن. & ئاوڵەمە، ئاوڵمە

**ئاولیمۆ** (نا. ل)[ئاو1 + لیمۆ] ئاوێک کە لە لیمۆی ترش دەگرترێ. ئەم ئاوە بۆ ترش کردنی چێشت وخواردنی وەک سالاد و سووپیش کەلکی لێوەردەگرن.

**ئاولاویی** (ئان. ل)[ئاوڵە + ئاویی2] کەسێک کە لە ئاوڵە رزگاری هاتوە بەڵام شوێنی پۆرگەکانی پێوەمابێ، کونج، گڕوێ، گڕۆ.

**ئاوڵمە** (نا. ل)[ئاو3 + (ڵمە)لەمە (زگ)] بڕ: ئاولەمە

**ئاوڵە** (نا.)[پەه: ئاپیلەک. ناو: ئاوڵە، هاوڵە ـ باش: ئاوڵە ـ هەو: ئاوڵە، هەوڵێ] ١ـ نەخۆشییەکە لە مرۆڤ و زۆربەی گیاندارانی وەک گاو و مەڕ و بزن و باڵندە و یەکسم دا سەر هەڵدەدا، پۆرگ سەر پێست دادەگرێ و تاو و تێی دەگەڵە، خروێکە، خروێلکە، خروێلە، خروێنکە، خرووکە، خوری، خوریک. ٢ـ بڕ: بلۆق. ⁂ لەب وە تەمای دڵ چەند حەسرەتش بەرد / پێش ئاوڵە کەرد فرسەتش ناوەرد (مەولەوی ل ١٥٧). ~ **دەردان:** دەردان و پەیدا بوونی پۆرگی ئاوڵە لە لەش.

**~ کردن:** بلۆق کردن. **~ کوتان:** لێدانی واکسەنی دژی ئاوڵە لە لەش.

**ئاوڵەکوت** (نا. فا، ئان. فا)[ئاوڵە + کوت1/٣] کەسێک کە واکسەنی ئاوڵە لە خەڵک دەدا.

**ئاوڵەمە** (نا. ل)[ئاو3 + لەمە (زگ)] بڕ: ئاولەمە

**ئاوماڵ** (ئان. ل)[ئاو3 + ماڵ2] ١- پەیوەندی دوو یا چەند کەسی هاوبەش و شەرێک دە شتێک دا، هاوماڵ. ٢- [ئاو3 + ماڵ1] دوو یا چەند دراوسێ لە ماڵێک دا. & ئاوماڵە2

**ئاوماڵک** (نا. ل)[ئاو1 + ماڵ3 + ک] ١- دار و چرپی و پووش و پەڵاشێک کە ئاو دەگەڵە خۆی دەیهێنێ و لە بەستێنی فرێ دەدا و بۆ سووتاندن و ئاور کردنەوە دەکاری دەکەن. ٢- هەر شتێک کە ئاو دەگەڵ خۆی لە شوێنێکەوە هێنابیەتی شوێنێکی دیکە. & ئاوماڵە1.

**ئاوماڵە**[1] (نا. ل)[ئاو1 + ماڵ3 + ئە] [ئەر] بڕ: ئاوماڵک

**ئاوماڵە**[2] (ئان. ل)[ئاو3 + ماڵ1 و 2 + ئە] بڕ: ئاوماڵ

**ئاومرواری** (نا. ل)[ئاو1 + مرواری] بڕ: ئاوی مرواری.

**ئاومل** (ئان. ل)[ئاو3 + مل] ١- دوو گای لێک بەستراو کە بە یەکەوە جووت دەکەن. ٢- هاودەم، هاوڕێ، هاوژین، ئاولانە. **~ بوون:** هاودەم بوون، پێکەوە بین. **~ کردن:** لێک بەستنەوەی دوو وڵاغ بۆ جووت دەگەڵ یەکتر. ∷ ڕۆڵە گیان بڕۆ گاسووری دەگەڵ گابۆر ئاومل بکە.

**ئاون** (نا.) بڕ: ئاونگ2

**ئاونشین** (ئان. فا)[ئاو3 + نشین] کەسێک کە دەگەڵ کەسی دیکە هاتوچۆ و هەڵسوکەوتی هەیە، هاودەم، هاونشین. ∷ میرسێوەدین بەگ پیاوێکە هەمیشە ئاونشینە بە دەوڵەتی تورکان و بە سوڵتانی / ئەوە لە دەرکی والی موسڵێ دادەبەزی بە میوانی (سەعید و میرسێوەدین ل ٩٢).

**ئاونشینیی** (حم.)[ئاونشین + ئیی] هاونشینیی، هاودەمیی.

**ئاونگ**[1] (نا.) ١- شێ و نمێکە شەوانە لە سەر گەڵا و پەلکی گوڵان دەنیشێ. خوناو، شەونم، قەراو. ∷ زێوی ئاونگ بۆتە ملوانکەی ملی گیابەند و خاو/ هەر ترووسکەی دێ و دەلەرزێ

بای لە ســـەر بێ یا هـەتاو (هـێــدی ل ٣٠٤). ٢ـ هێـشـوو ترێ کە هاوینان بەر لەوەی باران لێی بدا بە بەن لە مــیـچی شـوێنێکی وەک ژێرخـان هـەڵیداوەسن بۆ زسـتــان دەیخـۆن، ئاوەنگ، مـێـلاق. ٣ـ شـتـێکی شـورکـراوە و هـەڵواسـراو لە بنەوەی هەندێک سـاعـەتی گـەورە کـە راست و چەپ دەکا و دەبێتە هـۆی گەڕی میلەکانی سەعات، پاندۆڵ.

**تێـبـینی:** ئاونگ لە ریشـەی ڤـەئێگ vaeg ـ ی ئـەوێسـتـــایی بە مـــانـای هـەڵاوەسین کـــەوتوە. خـــودی ئاونگ لە (ئا13+ ونگ) پێک هاتوە زەبیـــحی لـە ئــاونــگـی ١ نـەدواوە و ئـاونــگـی ٢ ی بردۆتەوە سـەر ئاویخـتـەنی فـارسی. لە حـــاڵێک دا کـــە هـەڵاوەسین ( هـەڵ + ئاوەس + ین) زۆر لە ئاویختەن (ئاویخ + تەن) بەم وشـەیە نزیکترە بە لـە بەر چاو گرتنی ئەوە کە چاوگەی ئاوەسین نەماوە و ئێـسـتــاکـە بە پێـشگری هەڵ دەکـار دەکردرێ (بڕ: قامووس ب ١ ل ٩٤)

**ئاونگ**$^{2}$ (نا.)[ئەو: هـاڤـــەنە ـ پەهـ: هـاڤـــەن. باک: هـاوان، هـەوەنگ ـ نـاو: ئاونگ، ئاون، ئاوان ـ باش: هاوەن ـ هەو: ئاوان، هاوان] دەفرێکی کەمێک قووڵە کە پێـشـتـر لە چێـو و بەرد دەیانتـاشی و ئیـمـرۆکـە پتـر لە ئاسن و زەرد سـازی دەکەن و دەسکێکی هەیە و داو و دەرمان و قاوە و هەندێک ئاڵەتی تێدا دەسوون یا دەکـوتن، دەسـکاونگ، هـەڤنگ دەسـتـە، دەسگ هاوەن.

**ئـاونـە** (نـا. ل)[ئـاو1 + نـە (نـەی)] دارێکی درێژووکــەی نێـــو بۆشـی وەک دارجگەرەیە لە قــەننە دا کــە ســەرێکی دەچێتە نێو شـووشـەی ئاوەکە و سەرێکی دەچێتە نێو داری قـەننە کە گەورەترە و دووکەڵی تەماکۆ رادەکێشێتە نێو ئاو و دەیباتەوە و دەمی قەننە، میلاو.

**ئاو و ئاگر** (نا. ل)[ ئاو1 + و + ئاگر] (کنـ.) بەڵا، مەترسی یەکجار زۆر. ∷ ئاو و ئاگر ئەمانیان نیە (پەند ل ٢٢). **خۆ بە ~ دادان:** (کنـ.) ئەنجام دانی کارێک و نەپرینگانەوە لە هیچ مەترسییەک.

**ئاو و خـــاک** (نا. ل)[ئاو1 + و + خاک] وڵات، نیشتمان. ∷ نەسیبم هەر نەبوو لەم ئاو و خاکە، بشمرم بێ جێم / بە دەردی خۆمـەوە دەتلێـمـەوە بێ ئاو و گڵ چبکەم (ئاوات ل ٢٠).

**ئاو و گڵ** (نا. ل)[ئاو1 + و + گڵ] ١ـ وڵات، نیشتمان. ∷ گەلی کچانی چاو بە کل فـریشـتـەکـانی ئاو و گڵ/ دەمێ کـە

دەچنە گوڵ چنین بە عەینی هی خەزاڵی سڵ (حەقیقی ل ٤٧). هەموو منداڵی ئەو ئاو و گڵەین. ٢ـ (کنـ.) نەسیبی مەرگ، ئەجەل. ؛؛ ئاو و گڵ کابرای غەریبی هێنا و لێرە مرد. ٣ـ (کنـ.) شوێنی مەرگی مرۆڤ. ٤ـ رسکان، سرشت. ؛؛ هەر چووینە نزیکی وان بە دیمەن/ دیمان نە لە ئاو و گڵ وەکی مەن (مەم و زین ل ٢٧١). **~ی شوێنێک بە نەسیب بوون:**(کنـ.) ئەو شوێنەی مرۆڤ لێی دەمرێ، خاک و گڵی شوێنێک بە نەسیب بوون. ؛؛ ئەگەر شێرەکە ئەمنی بەتڵاند، دیارە ئاو و گڵی ئێرەم بە نەسیب بووە، ئەگەر شێرەکەم بەتڵاند دیارە ئەنگۆ شل بزووتوونەوە (لاس و خەزاڵ ل ١٣).

**ئاو و گۆشت** (نا. ل)[ئاو1 + و + گۆشت] بڕ: ئاوگۆشت

**ئاو و هەوا** (نا. ل)[ئاو1 + و + هەوا1] بارودۆخی هەوا بە لە بەرچاو گرتنی سەرما و گەرما، با و بۆران و تەواوی ئەو رووداوانەی ئاتمۆسفێر کە زانستی هەواناسی لێی دەکۆڵێتەوە. ؛؛ زستانان کوردستان ئاو و هەوایەکی ناخۆشی هەیە.

**ئاوها** (ئاک. ل)[ئا + وها] بڕ: ئاوا2

**ئاوهەڵدێر** (نا. ل)[ئاو1 + هەڵدێر (هەڵدێران)] ئاوێک کە لە سەر رێ تووشی هەڵدێر دێ و لە بەرزاییەوە دەڕژێتە خوارەوە و دیمەنێکی جوانی هەیە، تاڤگە، تاف، تافگە، قەڵبەزە، قەڵوەزە، سوول، سوولاڤ، رێژگە، سیپەل.

**ئاوەچۆڕ** (نا. ل)[ئاو1 + ئە + چۆڕ] تکانەوەی ئاو لە کەل و پەلی هەڵخستراو. **~ کردن:** هەڵخستنی کەل و پەلی شۆراو بۆ دادان و تکانی ئاوەکەی. ؛؛ پەتووکان بەرە دەرێ و ئاوەچۆڕیان کە!

**ئاوەچۆڕە** (نا. ل)[ئاو1 + ئە + چۆڕ + ئە] ١ـ تکانەوەی ئاو لە شتی دە ئاو هەڵکێشراو. ٢ـ تکانەوەی ئاو لە بەفر لە سەرەتای بەهار ٣ـ (کنـ.) تکانەوەی ئارەقە لە لەش. ٤ـ تکانەوەی ئاو لە لووت بە هۆی نەخۆشی و هەلامەت. ؛؛ سەرمایەکی پیسم خواردوە کەپۆم هەر ئاوەچۆڕەیەتی.

**ئاوەخانە** (نا. ل)[ئاو1 + ئە + خانە] قوتوویەکی تەنەکەیە کە لە بنی لانکەی منداڵ هەڵداوەسرێ و بلوێری دێتەوە نێوی و میزی منداڵ لەوێ دا کۆ

دەبێتەوە.

**ئاوەخۆرە** (نا. ل)[ئاو1 + ئە + خۆرە] ١ـ مێشک و نێوی دار و درەخت، کە ئەرکی هەڵمشتن و گەیاندنی ئاو بە لک و پۆی دارە، ئاوخۆری. ٢ـ قورقورۆچکە، قۆرگ، گەروو. ٣ـ راوی کەو لە کاتی هاتنە سەرئاو بۆ ئاو خواردنەوە، ئاوەوەرە. ٤ـ ئەو ئەندازە لە لمبۆزی حەیوان کە لە کاتی ئاو خواردنەوە دا دەچێتە نێو ئاو و تەڕ دەبێ. & ئاوخۆرە

**ئاوەدان** (ئان.)[هەخ: ئاڤەهەنە (ئاوایی) ـ پەه: ئاڤەهەن ، ئاوەهەن (ئاوایی)، ئاپاتان. باک: ئاڤادان ـ ناو: ئاوەدان، ئاوان ـ باش: ئاوەدان ـ هەو: ئاوەذان] ١ـ شوێن و جێگایەک کە پیت و بەرەکەتی تێدایە، جێ ژیانی خۆش کراوی خەڵک و ئینسان، ئاوا/١. // وێران. ٢ـ (مجـ.) قەرەباڵغی و هاتوچۆی خەڵک بۆ شوێنێک. ⁘ قاوەخانەیەکی ئاوەدانە هاتوچۆی لێنابڕێتەوە. ~ **بوون:** ١ـ هات و چۆ و قەرەباڵغی لە شوێنێک دا هەبوون. ٢ـ نەبڕانەوەی پیت و بەرەکەت و وێران نەبوونی شوێنی دانیشتنی ئینسان. ئاوا بوون ⁘ ماڵت سەد جار ئاوەدان بێ. شاروێران پێشتر شوێنێکی ئاوەدان بوو. ~ **بوونەوە:** ١ـ پتر هات و چۆ کردنی خەڵک بۆ شوێنێک. ⁘ بە زستان مزگەوت ئاوەدان دەبێتەوە. لەوەتی تلویزیۆنم داناوە قاوەخانە ئاوەدان بۆتەوە. ٢ـ سەر لە نوێ ساز بوونەوەی شار و دێ و شوێنی ژیانی چۆڵ یا وێرانی خەڵک، ئاوا بوونەوە. ⁘ ئەم ژوورەم تازە ئاوەدان کردۆتەوە. ~ **کردنەوە:** ١ـ سەر لە نوێ ساز کردنەوە و بنیات نانەوەی شار و وێرانی. ٢ـ نیشتەجێ بوون لە شوێنێکی چۆڵ و تێدا ژیانی. ⁘ کاک حەمە دیوێکی بۆ خۆی ئاوەدان کردۆتەوە و بە ماڵ و منداڵەوە لێی دانیشتوە.

**ئاوەدانی** (نا. ل)[ئاوەدان + ئی] ١ـ جێی ژیانی مرۆڤ ( شار، دێ و ...)، ئاوایی. ⁘ بە زستان لە ئاوەدانی زۆر دوور کەوتنەوە جێی مەترسییە. دەروێشێک دوور لە ئاوەدانی لە نێو ئەشکەوتێک دا دەژیا. ٢ـ ئاوەدەنگی، کەسێک یا شتێک کە ماڵ یا خەڵک پێی دەحەسێتەوە و نەبوونی هەست پێ دەکردرێ. ⁘ لەوەتی ئەحمەدی کوڕم چۆتە سەفەر ئاوەدانی ماڵ بڕاوە. چرا ئاوەدانی ماڵە. ٣ـ (مجـ.) قەرەباڵغی و کۆ بوونەوەی خەڵک لە شوێنێک. ٤ـ

(حم.) جێگەی ئاوەدان // چۆلی، وێرانی. & ئاوانی. **بە ~ زانین:** کەسێک بە ماڵ و حاڵ و میوانگر دانان و لێ لادان، بە پیاو دانان. ∷ بە ئاوەدانیت دەزانم بۆیە هاتوومە ماڵەکەت. **پشت لە ~ کردن:** لە نێو خەڵک چوونە دەر و روو لە چۆلگە کردن، دوور بوونەوە لە خەڵک.

**ئاوەدز** (نا. ل، ئان. ل)[ئاو1+ ئە + دز] حاڵی برینێک کە ئاوی مژتبێ و هەڵمسابێ. ئەم برینە درەنگتر خۆش دەبێتەوە و جێ برین دەکزێتەوە، ئاودز، ئاوجز. **~ بوون:** هەڵمسانی برین بە تەڕ بوونی برینەکە، ئاوەدز کردن :: رۆڵە بەو دوستە براوەت قاپان مەشۆ دەستت ئاوەدز دەبێ. **~ کردن:** بڕ: ئاوەدز بوون.

**ئاوەڕۆ** (نا. ل)[ئاو1 + ئە + ڕۆ4] ١ـ کونێک بوو لە بنی دیواری ماڵان کە ئاوی باران و ئاوی رژاوی تورمپا بەم کونە دا دەچۆوە کۆڵان، ئاورێکە. ٢ـ لوولەیەکە لە بن زەوی دایە و ئاوی زێدەی حەمام و پیسایی ئاودەست بەوێدا دەچێتەوە باڵ لوولەیەکی گەورەتر و دەڕژێتە نێو چۆمەوە. پێشتر ئەم لوولەیە یا لە لوولە سمیتی کوت کوت بوو کە بە دوای یەک دا ریزیان دەکرد یا ئەوە کە هەر لوولەیان دانەدەنا و عەزیان هەڵدەکەند و وەک جۆگەی سەر داپۆشراو ئاوەکە پێی دا دەڕۆیشت. ٣ـ باری رژان و شۆڕ بوونەوەی ئاوی ناوچەیەک بۆ سەر ناوچەیەکی دیکە کە لە کار و باری مڵکیایەتی و دابەش کردن دا ئەو ناوچەی کە ئاوەڕۆی دێتەوە سەری ناوچەکانی دیکە سەر بەو دەبن، ئاوڕێژگە. & ئاوەڕێژ. **~ چوونەوە سەر:** پێوەندی و لکانی ناوچەی بچووک کە ئاوەڕۆیان دەڕژێتە سەر ناوچەیەکی گەورەتر، ئاوەڕۆ هاتنەوە سەر. ∷ ئاوەڕۆی جانداران دەچێتەوە سەر مەهاباد. **~ هاتنەوە سەر:** بڕ: ئاوەڕۆ چوونەوە سەر. ∷ سێ بییان لە پشت شنۆیە، ئاوەڕۆی دێتەوە شنۆیە (شۆڕمەحموود ل ٥)

**ئاوەڕووت** (نا. چا)[ئاو1 + ئە + رووت] مریشک یا باڵندەی سەر براوی تووک لێکراوە بە ئاوی گەرم، ئاوڕووت، ئاوەکوڵ/٢. **~ کردن:** لێکردنەوە و دارنینیی پەڕی مریشک یا باڵندەی سەربڕاوە بە ئاوی گەرم.

**ئاوەڕوونکە** (گیان.)[ئاو1 + ئە + روون + کە] بڕ: ئاوڕوونکەرە

**ئاوەڕێژ** (نا. ل)[ئاو1 + ئە + ڕێژ] بڕ: ئاوەڕۆ

**ئاوەڕێس** (نا. ل)[ئاو1 + ئە + ڕێس] جۆرێک لە جۆرەکانی ڕستنی خوری کە دانستە بە باریکی دەیڕێسن و لە کاتی ڕستن جار جارە دەستیان تەڕ دەکەن. ڕێسراوی لووس و باریک.

**ئاوەز** (نا.) بڕ: ئاوز

**ئاوەزا** (نا. ل، ئان. ل)[ئاو1 + ئە + زا] بڕ: ئاوەزێ

**ئاوەزینگ** (نا. ل)[؟] بڕ: ئاوزەنگی1

**ئاوەزێ** (نا. ل)[ئاو1+ ئە + زێ2] پارچە زەوییەک کە بەهاران هەندێک ئاوی لێ هەڵدەقوڵێ و بە هاوین ویشک دەبن، زۆنگ، زەناو، ئاوەزا، ئاڤزێ، ئاڤزێم.

**ئاوەزێڕ** (ئان. مف.)[ئاو1 + ئە + زێڕ] هەر فلزێکی کەم بایخ کە بە زێڕ رووکێش کرابێ، زێڕکفت، رووکێشی زێڕین، تامزێڕ. **~ کردن:** رووکێش کردنی خشڵ یا هەر کانزایەکی دیکە بە زێڕ.

**ئاوەزێو** (ئان. مف.)[ئاو1 + ئە + زێو] رووکێش کردنی فلزی کەم بایخ بە زێو، رووکێشی زێوین، تامزیڤ. **~ کردن:** رووکێش کردنی خشڵ و هەر کانییەکی کەم نرخی دیکە بە زێو.

**ئاوەژوو** (ئان. مف.) ١ـ پێچەوانەی باری ئاسایی، پشت و روو، بەرەواژ، ئاواژی، واژی، ئاواژوو. ؛؛ دیوی ئاوەژووی ئەم پارچەیە کێها لایەتی؟ ٢ـ جل و بەرگی پشت و روو کراو. ؛؛ ئەوە بۆ ئەم کراسەت ئاوەژوو دە بەر کردوە؟ **~ کردن:** بڕ: ئاوەژوو کردنەوە. **~ کردنەوە:** ١ـ هەڵسووڕاندنەوە و وەرگێڕانی شتێک بە باری پاشی دا. ٢ـ هەڵگێڕانەوەی جل و بەرگ بە بەری دیکەی دا.

**تێبینی:** ئاوەژوو دەچێتەوە سەر ریشەی ئەوێستایی ئەپاچ و ئەپاک بە مانای دوا، بەرەو دوا، پشتەوە، پاش.

**ئاوەژەنە** (نا. ل)[ئاو1 + ئە + ژەن + ئە][هەو] بڕ: ئاوەشکێنە

**ئاوەسوو** [1] (ئان. مف.)[ئاو1 + ئە + سوو (سوان)] ١ـ بەرد یا هەرشتێکی کە زۆر لە بن ئاو مابێتەوە یا ئاو زۆری بە سەر دا ڕۆیشتبێ و لێک و لووس بووبێ. ٢ـ حاڵی هەر شتێکی تەڕکراو و بە هەسان و بەردەزوورە لێک و لووس کراو.

خشتی ئاوەسوو، هەڵماتی ئاوەسوو. ٣ـ (کنـ.) مرۆی بێ چاو و ڕووی و بێشەرم، چەقاوسوو. ~ **بوون:** ١ـ لێک و لووس بوون بە ئاو. ٢ـ (کنـ.) بێ چاو و ڕوو و بێشەرم بوون، چەقاوەسوو بوون. ~ **کردن:** ١ـ لێک و لووس کردن بە ئاو. ٢ـ (کنـ.) بێشەرم و بێحەیا و بێ چاو و ڕوو بار هێنان.

**ئاوەسوو**[2] (ئان. ل) ١ـ ژنێک کە منداڵی نەبێ، نەشۆر، نەزۆک. ٢ـ گیانداری مێینە کە بێچووی نەبێ، قسر، ئەستێور، ئەستەویر.

**تێبینی:** بیچم و مانای ئەو وشەیە وا نیشان دەدا کە لە [ئا + وەس + ئوو] کەوتبێ. ئا لە ئە ـ ی پەهلەویی کە پێشگرە بە مانای نە، بێ. وەس بە مانای پس، منداڵ و ئوو ئامرازی چووک کردنەوە و بە گشتی دەبێتە بێ منداڵ، نائاواس.

**ئاوەسەر** (نا. ل، ئان. ل)[ئاو1 + ئە + سەر] زەوییەک کە ئاو هەڵنەمژێ و لە کاتی ئاو دان دا ئاو هەروا لە سەری بمێنێتەوە، شۆنە، ڕەقەن.

**ئاوەشکێنە** (نا. ل)[ئاو1 + ئە + شکێن + ئە] ١ـ بەردێکی گەورە کە لە سەر جۆگەی ئاشی دادەنێن، هەتا لە کاتی وەستاندنی ئاش ئاو نەیەتە نێو جۆگەوە و بە شوێنێکی دیکە دا بڕوا. ٢ـ بەرهەڵستی بەر ئاو بۆ شکاندنەوەی بە لایەکی دیکە دا، ئاوبڕ. & ئاوەژەنە.

**ئاوەشی**[1] (نا. ل) نەخۆشییەکە لە گوانی مەڕ دەدا، گوانی دێشێ، ڕەق دەبێ و نادۆشرێ. ~ **بوون:** تووشی نەخۆشی ئاوەشی و گوان ڕەق بوون هاتن.

**تێبینی:** بیچم و مانای ئەم وشەش هەروەک ئاوەسوو2 وا نیشان دەدا کە لە [ئا + وەش + ئی] کەوتبێ.

**ئاوەشی**[2] (ئان. ل)[ئاو1 + ئە + شی؟] پەڵە دەغڵێک کە لە بەر ئاو دانی زۆر یا لەبەر بارانەی زۆر کە بە سەری دا باریوە ویشک بوە. ~ **بوون:** ئیشک بوونی پەڵە دەغڵێک لە بەر ئاوی زۆر.

**ئاوەکوڵ** (نا. ل)[ئاو1 + ئە + کوڵ] ١ـ کوڵاندنی جل و بەرگ و هەر شتێکی دیکە پیس لە ئاو دا بۆ کوشتنی میکرۆب. ٢ـ بڕ: ئاوەڕووت. ٣ـ ئاوی کوڵیو.

**ئاوەکی**[1] (ئان. ل)[ئاو1 + ئەک + ئی] شتی شلی وەک ئاو، تراو، ئاڤاکی.

(عەر: مایع)

**ئاوەکی**[2] (ئان. ل)[ئاو + ئەک + ئی] هەڵبڕانی مەڕ و ماڵات لە ڕان و چوونە نێو ڕانی دیکەوە. **~ بوون:** تەرە بوون و تێکەڵ بوونی سەرێک یا چەند سەر مەڕ و ماڵات و چوونە نێو مێگەل و ڕانی دیکەوە، ئاوەکی کەوتن. **~ کەوتن:** بڕ: ئاوەکی بوون.

**تێبینی:** ئاو لەم وشەیە دا دەچێتەوە سەر ئامیتن و تێکەڵ بوون. بڕ: ئاوی2

**ئاوەڵ** (نا.) ١- بڕ: ئاواڵ. ٢- (نا.) بڕ: ئاواڵ منداڵ

**ئاوەڵا** (ئان.) بڕ: ئاواڵە

**ئاوەڵانە** (نا. ل)[ئاوەڵ + ئانە] خەڵاتێکە کە مەڕدار دەیدەن بە شوان لە کاتی مزگێنی هێنانی یەکەم بێچووی تازەزاو.

**تێبینی:** هەر چەند مانای وشەکە لەوە دەچێ کە لە هەواڵ بە مانای خەبەر کەوتبێ یانی مزگێنی هەواڵ پێدان و خەبەر کردن بەڵام پێموایە ئەم دابە کۆنتر لەوە بێ کە لە هەواڵ کەوتبێ کە تازە لە نێو کورد دا پەرەی گرتوە و لە ئەحوالی عەرەبی کەوتوە. بۆی زۆرە کە هەر لە ئاواڵ یا ئاوەڵ کەوەتبێ بەڵام چۆناییەکەی نازانم.

**ئاوەڵ دامان** (نا. ل)[ئاوەڵ + دامان] بڕ: ئاواڵ کراس

**ئاوەڵ زاوا** (نا. ل، ئان. ل)[ئاوەڵ + زاوا] بڕ: ئاواڵ زاوا

**ئاوەڵکار** (نا. ل)[ئاوەڵ + کار] زارێکی ڕێزمانە کە حاڵەت و چۆنیەتی و جێگە و زەمانی کار (فعل) نیشان دەدا وەک: دوێنێ، بە پەلە، ... || **ئاوەڵکاری حاڵەت:** شێوەی ئەنجام دانی کارێک نیشان دەدا. ∷ بە کاوەخۆ، بە نهێنی. **ئاوەڵکاری زەمان:** زەمانی ئەنجام دانی کار نیشان دەدا. ∷ ساڵێکی دیکە، ئەوشۆ، سبەی. **ئاوەڵکاری مەکان:** شوێنی ئەنجام درانی کار نیشان دەدا. ∷ ماڵ، دوکان، سنە، باغ.

**تێبینی:** ئاوەڵکار لە جیات (قید) هەڵبژێردراوە.

**ئاوەڵ کراس** (نا. ل)[ئاوەڵ + کراس] بڕ: ئاواڵ کراس

**ئاوەڵناو** (نا. ل)[ئاوەڵ + ناو] زارێکی ڕێزمانە کە حاڵەت و چلۆنایەتی (ناو) کەسێک یا شتێک نیشان دەدا وەک: سوور، کز، ژیر، سارد، چووک.

**تێبینی:** ئاوەڵناو لە جیات سفەتی عەرەبی هەڵبژاردراوە.

**ئاوەڵە** (ئان.) بڕ: ئاوەڵا

**ئاوەنگ** (نا.)[قوچ] بڕ: ئاونگ1

**ئاوەنیا** (نا. ل، ئان. ل)[ئاو1 + ئە + نیا (نیان، نانەوە)] ١ـ شێوەیەکە لە کشت و کاڵی. بەم جۆرە کە لە دوای چلەی هاوین زەوی شێو دەکەن و ئاوی لێدەنێن و تۆمەکەی دادەچێنن. ئەو ساڵە شین دەبێتەوە و هەندێک سەر هەڵدەدا کە دەکەوێتە ژێر بەفرەوە و ساڵی دیکە زووتر لە دەغڵی دیکە پێدەگا. ٢ـ ئەو دەغڵەی کە بەم جۆرە شین بۆوە و سەری هەڵداوە، ڕەپستە، کۆڵەپەست، کۆڵەبەست، کۆڵەبەس، کۆڵەوەس. ٣ـ لە هەندێک شوێن کە گیا کەمە لە بەهار دا ئاو لە زەوی دەگرن هەتا ماوەیەک گیایەکی باشی لێ شین دەبێ و لە دوایی دەیدروونەوە و دەیکەنە گزرە.

**ئاوەوەرە** (نا. ل)[ئاو1 + ئە + وەر (خۆر) + ئە][هەو] ١ـ بڕ: ئاوەخۆرە/٣. ٢ـ بڕ: ئاوخۆری/٢.

**ئاوەها** (ئاک. ل)[ئا + وەها] بڕ: ئاوا2

**ئاوی** (نا.) ١ـ [هەو] بڕ: ئاو1 ٢ـ [زا] تۆوی پیاو و نێرینە. بڕ: ئاو1 /٧

**ئاویار** (نا. فا، ئان. فا)[ئاو1 + یار] [هەو ـ ئەر] بڕ: ئاودێر. ⁂ ئاویارەکەی سەوزەی ئارەزووم / دانا بە گردین ڕاز کۆنە و نۆم (مەولەوی ل ٢٦٥).

**ئاویاریی** (حم.)[ئاویار + ئیی] بڕ: ئاودێری

**ئاویتن** (چا. م) بڕ: ئاویشتن

**ئاویتە** (ئان. مف.) بڕ: ئامیتە

**ئاویر** (نا.)[هەو] بڕ: ئاگر

**ئاویژتن** (چا. م) بڕ: ئاویشتن

**ئاویژە** (ئان. ل)[ئاو1 + ئی + ژە] زەڕاعەتێک کە دەبێ ئاو بدرێ، ئاویی، بەراو.

**ئاویشتن** (چا. م)[پەه: هەنداختەن ـ باک: ئاڤێتن، هاڤێتن ـ ناو: هاویشتن، ئاویشتن، ئاویتن، ئاویژتن، هاویژتن، هاویتن] ١ـ فڕێدان و تووڕدانی شتێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بە حەوا دا. ⁂ تۆپەکە باوێ دەیگرمەوە. بەردێکی ئاویشتێ لە تەپڵە سەری دا. ٢ـ کۆ کردنەوەی حیساب بە چۆرت. ⁂ حیسابەکەمان باوێ بزانە دەکاتە چەند. هەرچی دەیهاوێم حسێبەکەم دروست دەر نایە. ٣ـ تەقاندن، گوللە تەقاندن.

**تێبینی:** هەنداختەن لە پەهلەویی دا بە هەردوو مانای توورِ دان و حیساب کردن هاتوه.

**ئـــاویـــلــــکــــە** (نـــا. ل)[؟] دوایـــن هـەناســـــەکــــانـی ژیان، گــــیــــانەڵڵا، گیـانکەنشت، سـەرەمـەرگ، گیـانـەسـەر، ئــاوزەنــگــی، ئــاوزیــنــگ، ئــاوەزیــنــگ، هـەوزینگ. ~ **دان:** گــەیشـــتنـە دەمـی مردن و گیان دان، ئاوزەنگی دان، گیان کەنین.

**ئاویە** [1] (نا.)[؟] ئامــرازێکە بـۆ پێـــوە لکاندنی دوو پارچە کانی لە یەکتر. ئاویە دەسکێکی چێــوی هەیە بۆ ئـەوەی کـــە دەست نەســـووتـێ و مـــیلـەیەکی ســـەر خـواری ئاسنی پێوەیە کە لە کوورە دا یا بە ئـاور داغی دەکـەن و قـەلایی لە سـەر ئەو پـارچە مـــەعـــدەنانـەی کـــە پێکەوەی دەنووسێنن رادەگرن، قـەلایی دەتوێتـوە و دوو پـارچـەکـــە بـە یەکـــەوە دەنووســـێن، هـاویە. ~ **دان:** جـــۆش دان، لـەحــــیم کردن.

**ئـاویـە** [2] (نـا. ل)[ئـاو1 + یـە][ئـەر] زەراعـــەتێک کـــە دەبـێ ئاو بدرێ، بەراو، ئاویی1.

**ئاویە** [3] (نا.)[؟][ئەر] کا و گڵی ئامادە بۆ سـواغ و بانـەناو، کـاگڵ. ~ **دان:** لە دیوار هـەڵســـوونـی ئاویە و لێک و لووس کردنی، سواغ دان.

**ئـاویـی** [1] (ئـان. ل)[ئـاو1 + ئـیـی] ١ـ هـەرچـی کـــە پـەیوەندی بـە ئاو هـەبێ. ؛؛ سـاعـەتی ئاویی. ٢ـ زەراعـەتێک کە دەبێ ئـاو بدرێ، بـەراو، ئاویـە2. // دێم. ٣ـ ئەو گـیـا و گــیـاندارانـەی کـە لـە ئاو دا دەژین یا ئـەوەکـە ژیانیـــان تا رادەیـەکی زۆر پـەیوەنـدی بـە ئـاو هـەیـە، ئـاوژی. ؛؛ مـاری ئاویی، گیـای ئـاویی. ٤ـ یەکێک لە سێ رەنگی ســـەرەکی (زەرد، ســـوور، ئاویی)، عابی، ئابی، ئاورەنگ.

**ئـاویی** [2] (پـاشـ.)[لـە: ئـامـــــیـتن] لە چاوگی ئامیتن و ئاوێتە کردن دەکـەوێ و بـە ناو دەلکێ و ئاوەڵناو ســـاز دەکـــا، ئاڵوو. ؛؛ ئارداویی، قوڕاویی، ئارەقاویی، تۆزاویی.

**ئاوێ** (پاشـ.) بڕ: ئاوا1. ؛؛ میـراوێ، خدراوێ، داوداوێ، مامکاوێ، ...

**ئاوێتە** (ئان. مفـ.) بڕ: ئامیتە

**ئاوێر** (نـا. فــا، ئان. فـــا)[هەو] بڕ: ئاودێر

**ئاوێز** (نـا.) ١ـ بڕ: ئـاوێزە/١. ٢ـ بـە هـەنـدێک وشـــــەوە دەلـکێ و مــــانـای

هەڵاوەسراو دەدا. ⁙ دڵاوێز، پەراوێز. رووی وەدەرنا تا بە تا زولفی دڵاوێزی بزووت/ ئاه و ناڵەی ئاشقان هات بوو بە رۆژی مەحشەرێ (وەفایی ل ١٩٠).

**تێبینی:** ئاوێز لە چاوگێکی لە بیر کراوی کوردیی (ئاوەسین) کەوتوە کە ئیمرۆکە شێوەی هەڵاوەسین (هەڵ + ئاوەسین) یا هەڵواسین ـ ی بە خۆوە گرتوە.

**ئاوێزان** (ئان. فا)[لە: هەڵاوەسین] هەر شتێک یا کەسێک کە بە کەس یا شتێکی دیکەوە هەڵاوەسرابێ، داڵۆسکە.

**ئاوێزە** (نا. ل)[ئاوێز + ئە] ١ـ هەر شتێکی وردە کە بە شتێکی گەورەتەوە هەلاوەسرابێ و بلەرێتەوە. ⁙ ئاوێزەی گوارە. ٢ـ جۆرێک شەمدان بوو کە چەندین پەلی هەبوو و لە میچ هەڵداوەسرا، چلچرا. (ئیمرۆکە لۆستر و لامپ جێی ئاوێزەیان گرتۆتەوە.)

**ئاوێژ** (ر.) رەگی رابوردووی ئاویژتن یا ئاویشتن کە بە ناوەوە دەلکێ و ناوی فاعلی ساز دەکا، هاوێژ. ⁙ تیراوێژ، بەرداوێژ، ئارداوێژ.

**ئاوێنە** (نا.)[پار: ئادینگ ـ پەه: ئادێنەک، ئەدڤێنەک. لۆر: ئایێنە ـ فار: آینە ـ بیر: ئێینە. باک: نەینک، نەیک ـ ناو: ئاوێنە، هاوێنە، نەینۆک ـ باش: ئاینە] پارچە شووشەیەکە کە پشتەوەیان مشت و ماڵ داوە و هەرچی لە بەرامبەری دانێن نیشانی دەداتەوە و مرۆڤ بۆ خۆ تێدا دیتن و خۆ رازاندنەوە و هەندێک کاری زانستی کەلکی لێوەردەگرێ. زەمانی زوو بەشەر بە تیف تیفە دانی زێو، زێڕ، زەرد ئاوێنەیان ساز دەکرد بەڵام لە دەورووبەری ساڵی ١٣٠٠ زایینی ئاوێنەی شووشەیی جێی ئەو ئاوێنانەی گرتەوە. ئاوێنە گەلێک چەشنی هەیە و هەر کام بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان ساز دەکرێن، جام، جامەک، هێلی، هیلی، مرێک. || **ئاوێنەی باڵابەژن:** ئاوێنەیەکی چوارگۆشەی درێژووکە کە تەواوی باڵای تێدا ببیندرێ، ئاوێنەی باڵاڕوان، ئاوێنەی باڵانوان، ئاوێنەی باڵانوێن. **ئاوێنەی باڵاڕوان:** بڕ: ئاوێنەی باڵابەژن. **ئاوێنەی باڵانوان:** بڕ: ئاوێنەی باڵابەژن. **ئاوێنەی باڵانوێن:** بڕ: ئاوێنەی باڵابەژن. **ئاوێنەی بەخت:** ئاوێنەیەک کە لە شایی و زەماوەند دا لە بەرابەر بووکی دادەنێن. **ئاوێنەی دووڕوو:** ئاوێنەیەک کە پشتەکەشی ئاوێنە بێ.

**تێبینی:** هەندێک رایان وایە ریشەی

ئاوێنە دەچێـــتـــەوە ســـەر ئاو و وێنە بەڵگەشیان ئەوەیە کە کۆنترین شێوەی ئاوێنە کە بەشەر خۆی تێدا دیوە ئاو بوە و دوایی کـــە ئامـــرازێکی وەهای ســـاز کردوە و ناوی ناوە ئاوێنە (بڕ: قامووس ب ١ ل ١٠١). ئاشکرایە ئەو مـــانایە لە رواڵەتی ئاوێنەوە کـەوتوە و ناچێـتـەوە سەر ریشـەکەی. ئاوێنە لە [ئا13 + وێن + ئە] پێک هاتوە. ئا پێـــشگرە و وێن دەچێتەوە سەر ریشەی ئەوێستایی ڤین vin و هیندیی کۆن ڤێن ven بە مانای بینین. رەگی بین لە ناوەندیی و وین لە هەورامی و ڤین لە زازایی دا هێـشــتــا ماوە و ئاڵوگۆڕیان بە سەر دا نەهاتوە.

**ئاوێنەبەند** (ئان. ل)[ئاوێنە + بەند] دیوێکی گـــەورە کـــە دیوارەکـــانی بە ئاوێنەیەکی زۆر رازابیـــتـــەوە و ئەوەش تایبـــەتی کۆشک و تەلاری ســامــاندار و دەوڵەمەندی گەورە بوە. ⁂ کۆشکی ئاغا گەچ کارییە، ئاوێنەبەندە/ کەس نازانێ بە ژمـارە، پەنجـەرەی چەندە (گـۆران ل ٥٧).

**ئاوێنەدار** (نا. فـا، ئان. ل)[ئاوێنە + دار2] کـەسـێک کـە ئاوێنە لەبـەر بووک رادەگرێ، ئاوێنە بە دەستی بەر بووک.

**ئاوێنەداریی** (حم.)[ئاوێنەدار + ئیی] کـاری ئاوێنە راگـرتن، کـار و پیشـــەی کەسی ئاوێنەدار.

**ئاهـ** (نا. د) ١ـ بڕ: ئـاخ. ٢ـ دوعـا، نزا، تووک، هـەناســـەی ســارد. ⁂ ئەوە ئاهی ئەو خـەڵکە زۆڵم لێکراوەیە کـە ئاوری دە ماڵ و حاڵی بەربوە. ٣ـ هەناسە، نەفەس. ٤ـ (مـجـ.) نەخـتـێک، بە ئاسـتـەم و دوو بەڵا، کـەمـێک، مـاوە و مـەودایەکی زۆر کـەم. **~ گـرتن:** تووشـی کـارەسـات و نارەحـــەتی و ناخـــۆشی بوون بـە دوعـــا کەسی مـەزلووم . ⁂ جەمـاڵت ئاهی من گرتی خەتی سەبزت بە سەر دا کەوت / چەمـەن رابورد و سـەرما هات و تێکچوو نەوبەهاری تۆ (وەفـــایی ل ١١١). **~ مان:** دواین پشـوو دان، هەندێک مـان. ⁂ هەر ئاهێکی مابوو کابرا وەبەر ماشێن بدەم. ئاهێکی مـابوو بی ئەنگێوم. چۆن بە ســەری پیــری کــاری وا دەکــەم هەر ئاهێکمـان ماوە بمرم. **~ پێوە مان:** بە حـــاڵ بەند بوون، دواین پشـــوو و دواین ئاه بۆ گیاندار و کەل و پەل، نزیک تەواو بوون و دوایی هـاتن، ئاه تێـدا مـان، ئاه دە بەر دا مـــان. ⁂ رانک و چۆغـەکـەی ئاهێکی پێوە نەمابوو کەچی هەر دەبەری دەکـرد. **~ تێـدا مـان:** بڕ: ئاه پێـوە

مان. ~ **ده بەر مان:** بڕ: ئاه پێوه مان. || **ئاهی دەروون:** ئاخ و داخ و خەفەتێک کە دە دڵ دا کۆ بۆتەوە. :: بەو گەردەنە هەرتا شکەنی زولفی دوو تات بێ / دەگریم و لەگەڵ ئاهی دەروون سۆزی دڵم دێ (وەفایی ل ١٧٧). **ئاهی سارد:** داخ و نارەحەتییەک کە مرۆڤی غەمبار و داخدار بە هەناسە هەڵیدەکێشێ. **ئاهی سەرد:** بڕ: ئاهی سارد. :: لە ناڵەی گەرمی دڵ باکت نەبوو تۆ / بە ئاهی سەردی مەحوی من دڵم سووت (مەحوی ل ٨٢). **ئاهی نەگرفتە:** جار و بار، بەهەڵکەوت. :: ئاهی نەگرفتە دەچمە راوێ ...(میرزا ل ٣٢)

**ئاها** (ئام.) ١ـ وشەی سەرسورمان، ئەها. :: ئاها کە وابوو کوتی نایەم! ئاها تازە تێگەیشتم دەڵێی چی! ٢ـ وشەی دەربڕینی تووڕەیی، ئەها. :: ئاها دە لە کۆڵم بەوە! ئاها خۆ ئەو منداڵە دیسان هاتەوە. ٣ـ وشەی وریا کردنەوە. :: ئاها کاکە سەرت وە دیوار نەکەوێ! ئاها نەکەوی! ٤ـ وشەی دەنگ دان و لێخورینی کەڵ و گامێش.

**ئاهار** (نا.)[؟] شلەیەکی سازکراوە لە نیشاستە یا کەتیرە کە لە پارچەی هەڵدەسوون هەتا رەق و شەق بێ، ئاش، دەق، شوو.

**ئاهر** (نا.)[هەو] بڕ: ئاگر. :: ئاهر جەستەم هەر نەبی خامۆش / تا قرچەی جەرگم شنەفتم بە گۆش (وەلی دێوانە)

**ئاهرناک** (ئان. ل)[ئاهر + ناک][هەو] خاوەن ئاگر، ئاگرین، تێکەل بە ئاگر. :: چەندێوەن جە دین شای شەم دوور کەفتم / سفتە و ئاهرناک، ساتێ نەسرەفتم (وەلی دێوانە ل ٥٧)

**ئاه و ناڵە** (نا. چا)[ئاه + و + ناڵە] کرووزانەوە، ناڵەناڵ، گازندە بە دەم ناڵەوە، ئاه و ناڵین. :: سەدای یاهووی دەروێشان هات، ئاه و ناڵەی دڵڕێشان هات/ رەگ و رووحم وەئێشان هات، یا غەوسی سانی هیممەتێ (وەفایی ل ١٨٠).

**ئاه و ناڵین** (نا. چا)[ئاه + و + ناڵین] بڕ: ئاه و ناڵە. :: لە باغان ئاه و ناڵین دێ، دەڵێن شای نێو گوڵان رۆیی/ لە مەیخانان سەدای شین دێ، مەگەر پیری موغان رۆیی (وەفایی ل ٢٠٥).

**ئاه و نزا** (نا. چا)[ئاه + و + نزا] تووک و دوعا، داوای داد کردن لە خودا بۆ ستاندنەوەی حەق، ئاه و نزولە.

**ئاه و نزولە** (نا. چا)[ئاه + و +

نزووله] بڕ: ئاه و نزا

**ئاهۆ** (نا.)[ئەو: ئەهـو ـ پەهـ: ئاهـۆک، ئاهـووک] ١ـ هەر نەخـۆشـیـیـەکی کـە خـەڵکێکی زۆر تووش بکا. میکرۆبی ئەم نەخۆشیە یا لە هەوا دا بڵاو دەبێتەوە یا ئەوە کـە خـەڵک لە یەکـتـری دەگـرنەوە، پەتا، درم. ٢ـ عـەیب، کەمایەسی، کەم و کووڕی، ئاهوو. ٣ـ [ئەر] فێ، شێتی

**تێبینی:** ئەوێستایی و پەهلەویی ئەم وشەیە بە مانای دوهەم هاتوە و وێدەچێ ماناکانی دیکە دوایی لە عەیبەوە کەوتبێن.

**ئاهوو** [1] (نا.)[بڕ: ئاهۆ] عەیب، کەمایەسی، ئاهۆ ∷ حافز بۆ وه عەشق مەستان یا هوو / بپێچەش نە دەور باهووی بێ **ئاهوو** (مەولەوی ل ٢٣٢).

**ئاهوو** [2] (نا.)[فار: آهو][کلاسیک] بڕ: ئاسک. ∷ ئازیز شۆخ شەنگ شیرین تارەنی / **ئاهووی** بێ ئاهووی وەش رەفتارەنی (مەولەوی ل ١٦٥). لە عیشقی تۆ هیلاکی ئەو دڵەی دێوانە دوو چت بوون/ وەک ئاهوو چاوڕەش و وەک غونچە زاری پڕ شەکەرخەندە (وەفایی ل ١٢٠).

**ئاهەڕا** (نا.ل)[هەو] بڕ: ئاهەڕێ.

**ئاهەڕێ** (نا.ل)[ئاه +ئە +ڕێ] ڕێگایەکی باریک کە بە حاڵەحاڵ شوێنی دیار بێ، ئاهەڕا، توولەڕێ، کوێرەڕێ، ڕێچکە.

**ئاهەک** (نا.)[؟] بڕ: قسڵ

**ئاهەنگ** (نا.)[پەهـ: ئاهەنگ] ١ـ کۆڕی بەزم و شادی و خۆشی. ٢ـ هەوای گۆرانی، مێلۆدی. ٣ـ دەنگ، سەوت. **~ گرتن:** بڕ: ئاهەنگ گێڕان. **~ گێڕان:** ساز کردن و بەڕێوە بردنی کۆڕی شادی و خۆشی بە هەر بۆنەیەک، ئاهەنگ گرتن.

**تێبینی:** ئاهەنگ [ئا 13+ هەنگ] لە ریشەی ثەنگ thang ـ ی ئەوێستایی بە مانای سەنگان و هەڵسەنگاندن کەوتوە.

**ئاهەنگساز** (ئان. فا)[ئاهەنگ + ساز] کەسێکی شارەزای مووسیقا کە ئاهەنگ و مێلۆدی ساز دەکا.

**ئاهەنگسازی** (حم.)[ئاهەنگساز + ئیی] ئاهەنگ ساز کردن، کار و پیشەی کەسی ئاهەنگساز.

**ئاهی** (پاش.)[باک] بڕ: ئایی. ∷ بیناهی، ڕۆناهی.

**ئاهیر** (نا.)[هەو] بڕ: ئاگر

**ئاهیرین** (ئان. ل)[ئاهیر + ئین][هەو] بڕ: ئاگرین. ⁂ نامەکەت یاوا کۆسم کەفتەوە / دڵەی ئاهیرین دا وە نەفتەوە (مەولەوی ل ٤٣٦).

**ئاهین** (نا.)[هەو] بڕ: ئاسن. ⁂ جەزبەی ئاهینم دەماخ دان پەرداخ / میقناتیز تۆی جام کەردەن وە یاتاخ (مەولەوی ل ٤٥٢)

**ئاهینگەر** (نا. ل)[ئاهین + گەر][هەو] بڕ: ئاسنگەر. ⁂ نە ئاهینگەرێ، نە ئاهینگەرێ / ئارۆ راگەم کەفت نە ئاهینگەرێ (مەولەوی ل ٤٤٤).

**ئای**[1] (نا. د) بۆ ئەم مەبەستانە دەکار دەکردرێ ١ـ لە کاتی هاوار کردن و دەربڕینی ئێش و ئازار، ئاخ، ئۆف، ئایش. ٢ـ بۆ دەربڕینی خەم و خەفەت، ئاخ، ئۆف. ٣ـ لە کاتی سەرسوڕمان و واق وڕمان، ئەی، های. ⁂ ئای لەو دنیا سەیرەی چۆنی هێناینە خوارێ. ٤ـ بۆ گاڵتە و فشە کردن بە کەسێ، های، هەی.

ـ **ئای**[2] (ئام.) یەکێک لە دوو نیشانەکانی چاوگ لە زاراوەی هەورامی دا. ⁂ مەڕیای، پڕیای، ئامای، لوای.

**ئای ئای** (نا. د)[ئای1 + ئای1] ١ـ لە کاتی واق وڕمان و سەرسوڕمانی زۆر دەکوترێ، ئاییەی. ⁂ ئای ئای خۆ لێم دەگەڕێتەوە! ئای ئای خۆ حەیاشی نیە! ٢ـ هەوایەکی کوردییە کە سەربەندەکانی بە ئای ئای دەست پێدەکا و بەندەکانیشی کرووزانە و لاڵانەوەیان تێدایە.

**ئایا** (ئام.) ئامرازی پرسیار کردن، ئاخۆ، ئاخوا، ئایاکوو، ئایەکوو، ئایە.

**ئایات** (نا.)[عەر: آيات] کۆی ئایەتە بە مانای رستەکانی قورئان.

**ئایاکو** (ئام.) بڕ: ئایا

**ئایدیا** (نا.)[یون: idea] بڕ: ئیدە

**ئایدیال** (نا.)[فەر: ideal] بڕ: ئیدەئال

**ئایدیالیست** (نا.)[فەر: idealiste] بڕ: ئیدەئالیست

**ئایدیالیسم** (نا.)[فەر: idealisme] بڕ: ئیدەئالیسم

**ئایدیۆلۆژی** (نا.)[فەر: ideo-logique] بڕ: ئیدەئۆلۆژی

**ئایر** (نا.)[هەو] بڕ: ئاگر

**ئایرە** (نا. ل)[ئایر + ئە][هەو] بڕ:

**ئايرين** (ئان. ل)[ئاير + ئين][هەو] بڕ: ئاگرين

**ئايســـان** (چا. ل) ١ـ ســووتانى هەر شتێک کە گەرما و بە تايبەت رووناکى هەبێ. ٢ـ (کنـ.) جوانى لە رادە بەدەرى مێينەى مرۆڤ. :: مريەم هێند جوانە دەڵێى چرايە دايسێ.

**تێبينى:** ليسا lysa لە سويدى دا، lichten لە ئاڵمـــــــانى دا هەر بەم مانايەن.

**ئايســـاندن** (چا. م)[لە: ئايســـان] هەڵکردنى هەر شتێک کە گەرما و بە تايبـــەت رووناکى هەبێ. ١ـ هەڵکردنى ئاگر و ســووتەمـەنى ٢ـ هەڵکردنى ئەو کەرەسانەوى بە نەوت و گاز کار دەکەن. ٣ـ پێکردنى چرا و لامپى بەرق.

**ئايش** (نا. د) وشەى دەربڕينى ئێش و ئازارى مادى، ئاخ، ئاى/١.

**ئايشە گوێدرێژ** (نا. ل)[ئايشە (ناوى ژن) + گوێدرێژ] ١ـ گيانداريکى خەياڵى چيرۆکە کە دايکان منداڵەکانيانى پێ دەترسێنن. ٢ـ (کنـ.) کەر، گوێدرێژ.

**ئايلەمەن** (گيانـ.)[ئايل (عەر: عين = کـانى) + ئە + مـــەن (مـــەل)][ئەر] بڕ: خەزايى

**ئاينده** (نا.، ئان.)[فـــار: آينده] بڕ: داهاتوو

**ئاينە** (نا.)[باش] بڕ: ئاوێنە

**ئاين و ئۆين** (نا. ل)[ئاين (ئايين) + و + ئۆين] ١ـ مـەکر، فـڕوفـێڵ. ٢ـ ناز و نووزى ژنان.

**ئايە** (نا.) بڕ: ئاييا

**ئايە** (ئام.) بڕ: ئايا

**ئايە** (نا.) بڕ: ئايەت. || **ئايەى قورئان:** ١ـ هەر کام لە رستەکانى قورئان، ئايە، ئايەت. ٢ـ (کنـ.) هەر قسـە و کردەوە و کارێکى کە شيـاوى گۆڕان و ئاڵوگۆڕ نەبێ. :: چۆن دەڵێى کـە دەبێ هەمـوو رۆژێ نانى ســـاز کـــەم، بۆ دەنا ئايـەى قورئانێيە؟

**ئايەت** (نا.)[عـــــەر: آية] ١ـ هـەر رستەيەک لە رستەکانى قورئان يا کتێبە پيرۆزەکانى ديکە، ئايە. ٢ـ نيشانە.

**ئايەتى** (پاشـ.)[باک: تى، يەتى ـ ناو: ئايەتى، ئەتى، ئێتى، يەتى ـ هەو: ئايەتى ـ زا: ئـــەى، يـــەى] ١ـ بـــە دواى نـــاوەوە دەلکێ و ناوێکى تازە ســـاز دەکـــا. ::

دۆســـــتـــــایەتی، کـــــوردایەتی، ژن و مـێـردایەتی. ٢ـ بە ناوی عەشـیـرەت و عێلانەوە دەلکێ و ناوی زێدەکەیان دیاری دەکـا. ﷼ باڵەکـایەتی، سـۆسـنایـەتی، مەنگوڕایەتی.

**تێبینی:** ١ـ ئەگـەر دواین پیتی وشـە پیـتی بزوێنی بڵندی وەک **ئا** و **ئوو** یا **ئۆ** بێ ئای پاشگر دەسوێ و یەتی بە خۆوە دەگرێ. ﷼ برا + ئایەتی = برایەتی، ئاغا + ئایەتی= ئاغـایەتی. ٢ـ ئەگـەر دواین پیتی وشە بزوێنی کورتی وەک ئی بێ یا بزوێنەکـە دەبێـتـە **ی** و دەگـەڵ پاشگر پێکەوە دەلکێن یا ئەوە کـە بزوێنەکـە دەســـوێ و ئای پاشگریش دەســـوێ و دەبێـــتـــە ئێـــتی. ﷼ برسی + ئایەتی = برسیایەتی، برسێتی

**ئایەر** (نا.)[هەو] بڕ: ئاگر

**ئایەکو** (ئام.) بڕ: ئایا

**ئایی** (پاشـ.)[باک: ئاهی ـ ناو: ئایی ـ هـەو: ئـایـی] ١ـ بـە دوای ئـاوەڵـنـاوەوە دەلکێ و دەیکا بە حاسلی مەسدەر. ﷼ درێژایی، رووناکـایی، پانایی ٢ـ بە دوای ناوەوە دەلکێ و نـاوێکی تازە سـاز دەکا. ﷼ گۆڕایی، دەشتایی.

**ئاییـا** (نا.)[؟][ئەر] خـوشکی باوک، پوور، میمک، میمی، ئاییە، ئایە، ئامە.

**ئایین** (نـا.)[هیـک: ئەدهـﭬـــەن ـ ئەو: ئەدﭬـــەن، ئەذوەن ـ پەه: ئەدﭬـێن. ناو: ئایین ـ هەو: ئایین] ١ـ دین، مەزهەب، رێ و شـوێنی دینی. ﷼ ئایینی ئیـســلام، ئـاییـنی مـــووســـا. ٢ـ رێ و شــــوێنی کۆمـەڵایەتی، داب و دەستـوور، نەرێت. ٣ـ بیر و را، بیر و بڕوا. ٤ـ شێوە، شێواز.

**ئایینە** (نا.)[فار: آینە][کلاسیک] بڕ: ئاوێنە. ﷼ ئایینە بەمـایینە دەبێ رەنگ نوما بێ / مـەستـوورە بەمەستـوورە دەبێ موهرەگوشا بێ (نالی ل ٦٠٦).

**ئـاییـنی** (ئان. ل)[ئایـین + ئـی] هـەر شتێک کە پەیوەندی بە مەزهەب و دینەوە هەبێ. ﷼ مـەلای ئایینی، برای ئایینی، کتێبی ئایینی.

**ئاییە** (نا.) بڕ: ئاییا

**ئاییەی** (نا. د) بڕ: ئای ئای.

# ب

**ب**[1] دووهەم پیتی زمانی کوردیی کە بە بێ دەخوێندرێتەوە ، پیتێکی بێدەنگە و دە وشە دا بە چوار جوور خۆ دەنوێنێ (بـ ، ـبـ ، ـب، ب)(بار ـ سـبـەی ـ رمب ـ باب). پیتی **ب** دەگەڵ هەندێک پیتی دیکە ئاڵوگۆڕی هەیە: دەگەڵ پیتی **ڤ**: بیست، ڤیست ـ باب، باڤ. دەگەڵ پیتی **و**: بیست، ویس ـ باران، واران. دەگەڵ پیتی **پ**: باڵتۆ، پاڵتۆ ـ بەڵگ، پەلک، بەرسیلە، پەسیرە. دەگەڵ پیتی **م**: بژۆڵ، مژۆڵ ـ بێشە، مێشە ـ بڕبەند، مڕمەند.

**ب**[2] (پێش.) ١ـ دەچێتە سەر رەگی کردار و ئەمری لێ ساز دەکا. ؛؛ بڕۆ، بیدەوە، بکە، بڵێن. ٢ـ ناو یا ئاوەڵناوی فاعلی ساز دەکا. ؛؛ بگیر (گرتن)، بژیو (ژین)، بوێر (وێران)، بخۆر (خواردن).

**ب**[3] (پێش.)[باک] ١ـ برِ: بە. ؛؛ ب دل، ب جەرگ، ب دەست. ٢ـ بە، ئاوی. ؛؛ ب کەف (کەفاوی).

**با**[1] (نا.)[ئێک: ڤاتە ـ ئەو: ڤاتە ـ پاز: وات ـ پار: وەد ـ سوغ: وەت ـ خوار: واد ـ

پەھ: ڤات. تات: ڤا ـ فار: باد ـ بیر: باد ـ لۆر: بای. باک: با، بای ـ ناو: باـ باش: وا، با، باد، باگ ـ ھەو: وا ـ زا: ڤـا] ١ـ بزووتنەوەی ھەوا، جـوولانەوەی نەرم یا توندی ھەوا کـە لە بەر تێک چوونی بەرابەری ھەوای گەرم و سارد پێک دێ. زۆربەی بـایەکـان لە بەر ھـوروژمی ئاتمۆسفێرە لە لایەکی کە زۆرترە بەرەو لایەکی کە کـەمـترە. با بە پێی وەرز و کـات و توندی و نەرمی لە کـوردیی دا ناوی تایبـەتی خـۆیان ھـەیە. ፨ شنەبا (شنە)، گـژەبا، زریان، شـەمـاڵ، بای قـۆرغێ، ... ٢ـ جـوولانـەوەی ھەوای دەسکرد. ፨ بای کولێر سارد و خۆشە. ٣ـ تس، فس، گـازێکی بێـدەنگ کـە لە پاشـەوەی لەش بەردەدرێ. ٤ـ مـاسین و پەنەمینی شوێنێک بە ئاو و باران ... یان لەش بە ھۆی وێکەوتنی شتێکی قورس. ٥ـ ھەڵماسینی لەش بە ھۆی خواردن. ፨ زگ بە نۆک بای دەکـا. ٦ـ ھەوای نێـو تیوب و چەرخ. ፨ مـاشێنەکە بای نیە، ئەو دووچەرخـەیە بایەکـەی بەتاڵ بوە. ٧ـ (کنـ.) توند، خێرا. ፨ ھەر ئێستا برایمم دیت نازانم چ کارێکی ھەبوو، سڵاویشی نەکرد و وەک بای تێپەڕی. ئەسپێکم ھەیە وەک با دەفڕێ. ٨ـ (مجـ.) بە ھێند نەگرتنی قسە، ھیچ نەبوون و بێ کەلک بوونی کـارێک. ፨ گـوێ بگرە لە من ھەر چی مـەلا و شـێخ گـوتیـان / دە گـوێی مەگرە لات وەکو با بێ مەیگێڕ (خەییام ل ١١). ٩ـ یەکـێک لە چوار عـونسـوری (خـاک، ئاو، ئاگر، با). ١٠ـ رۆمـاتیـزم. (بـڕ: بـادار). ١١ـ ژان، بـرک. ژان و برکـێکە لە نێـو لەشی مـرۆڤ کـە ھۆی عـەسـەبی ھـەیە و بە لەش دا دەگـەڕێ و ھەر جـار لە جێگەیەک سـەرھەڵدەدا. ፨ دوو سێ رۆژە پشتم زۆر دێشێ نازانم چ بکەم؟ ـ چ نیـە چاک دەبی ئەوە بایە بۆ خـۆی تەواو دەبێ. **~ تێـدان:** ١ـ تووشی ئازاری باداری ھاتن. ٢ـ بڕ: با تێکردن. **~ تێکردن:** ١ـ ھەڵمـساندن، فوو تێکردن. ٢ـ ھاندانی کەسێک بە پێ ھەڵکوتن و لە خۆ دەربردنی. شوتی دەبن ھەنگڵ نان. ፨ کەریم ھێندە بە غـیـرەت نیـە شـەڕ بکا وادیارە بایان تێکردوە. ٣ـ پڕ کـردنی تێـوبی چەرخ لە ھەوا بە ئامـرازی باداری وەک ناسووس دەسـتی یا بەرقی. & بـا کـردن. **~ خـستن:** وەستانی با، تەواو بوونی با. ፨ بایەکەی خستوە و پێت خۆش بێ دەتوانین بچینە مـاسـیـان. **~ دەر کـردن:** چارەسـەر کـردنی باداری بە چوونە سـەر چاک و

پیران. ~ **دەرک لێ نەکردنەوە:** (کنـ.) ئاسـوودە و بێ مزاحـم بوون، کەس کـار پێنەبوون و خۆ تێنەگەیاندن. ~ **کردن:** ١ـ هەڵمسـانی زگ، مـاسین. ⁝⁝ ئەو مەڕە ئەوەندەی وێنجـەی خواردوە بای کردوە. ٢ـ بڕ: بـا تێکردن. ~ **کـــــــەوتن:** راوسـتانی بـا، تەواو بوونی با. ⁝⁝ پێم وا نیـــە بەم زوانـە بـایـەکـــە بکەوێ. ~ **لێـــــبـــــەربوون:** بـەر دانـی تـس، بـا لێـــبـــوونـەوە. ~ **لێـــبـــوونەوە:** بڕ: با لێـــبـــەربوون. ~ **لێـــدەر چوون:** با لێبـەربوونی لە نەکـاو. ⁝⁝ ئاسـۆ بایەکی لێـدەر چوو و وە رووی خـۆشـی نەهێنا. ~ **هـەڵـکردن:** بـا هـاتـن. **بـە** ~ **چوون:** بە فـــیـــرۆ چوون، لـە دەست دەرچوونی شتێک بە هاسانی. ⁝⁝ نیوەی تەمـەنمان لە خـۆڕا بە بـا چوو. **بە** ~ **دان:** بە فـیـرۆ دان، فـەوتاندن. ⁝⁝ هەمـوو میـراتی بابی لە مـاوەیەکی کـەم دا بە با دا. **بە** ~ **کردن:** لە بەر با شـەن کردنی خـەرمـان بۆ جـیـا کـردنـەوەی دان و کـا لـەیەک، شـــەن کـــردن. || **بای داراوس:** بایەک کـە لـە دوا رۆژەکـانی زسـتـان هـەڵیـــدەکـــاتێ و دار چەکـــەرەی پێدەردەکەن. **بای خەزان:** بای پایزی کە گـــەڵای دار و درەخت دەوەرێنێ. **بای دەبوور:** بـایەک کـــە لە لای رۆژاواوە بێ، دەبوور، بای مـاشـەڵان. // بای سـەبا. **بای پێچەوانە:** بایەک کە بە پێچەوانەی ویـسـت و نیـــــاز بێ بـە تـایبــــەت بـۆ کەشـتـیـەوان. ⁝⁝ لەبەر بای پێـچەوانەی غـەم لە هیچ لا ناگرم وەقرە/ لە عـەردی وشکی دووری جـاویدانـا مـەوجی دەریا خـۆم (بێخـود ل ٥٣). **بای زریان:** بایەکی سـاردە کـە لە لای باشـوورە هەڵدەکـاتێ، بای قـوبڵـە. ⁝⁝ هەناسـەی عـاشـقـان با نەتگرێ، بێ مـروەتی تاکـەی / بتـرسێ ئەی گـوڵی نازک بەدەن لەو بـایی زەریانە (وەفـــــایـی ل ١٤٢). **بـای ســـــوور:** نەخۆشییەکی پێستە کە بە هۆی باکتری [فـەر: streptocoque] پێک دێ و لە دەم و چاو دەدا ، شوێنەکە هەڵدەمسێ و رەنگی ســـوور دەبێ، ســـوورەبا، بـای مــــەبارەک، بنـەوشی، وەنـەوشی (ئین: erysipelas ـ عـەر: داءالحـمـراء). **بای سەبا:** بایەکی فـێنک و خـۆش کـە لە لای باکــــووری رۆژهـەڵاتـەوە دێ. // بای دەبوور. ⁝⁝ بۆی وەنـەوشـە و سـونبـولە سـەحرا سـەراسـەر تۆ دەڵێی/ بای سـەبا عـەنبـەر دەبارێنێ لە دەشت و کـۆهسـار (وەفـایی ل ٤٠). **بای سـەرسـەر:** ١ـ بای ســـــەخت و ســـــارد. ٢ـ بـای بـە وژە و

دەنگدار. :: ئەگریجە لە سەر گۆنا دەکا شەڕ / هاڕەی گوارەی دێ وەکوو بای سەرسەڕ (سەعید و میرسێوەدین ل ٣٧). منیش کاتێ دەزانی پێم هەڵەنگووت / ئەجەل بای سەرسەرە ئێمەش پەڕوپووت (حاجی قادر ل ٢٤٤). **بای سەبوون:** بڕ: بای سەمووم. **بای سەمووم:** بای گەرمی بەزەر و ژارداری هاوینی ناوچە گەرمەکانە، بای سەموون، بای سەبوون، شەرا. **بای سەموون:** بڕ: بای سەمووم. **بای شەماڵ:** بایەکی باکوورییە، لە سەرەتای بەهار دا هەڵدەکا و بەفری دەتوێنێتەوە، شەماڵ. **بای قوبلە:** بڕ: بای زریان. **بای قۆزغی:** بایەکی ناوچەیی سارد و توند و بە تەپ و تۆزە (قۆزغ قۆپییەکە لە مەهاباد). **بای ماشەڵان:** بایەکە لە لای ڕۆژاواوە دێ، بای دەبوور، ماشەڵان. **بای نێو زگ:** گازی نێو گەدە و ریخۆڵەکان کە دەبێتە هۆی قوورەی زگ. **بای مەبارەک:** بڕ: بای سوور. **بای وادە:** بڕ: بای وەعدە. **بای وەشت:** بایەکی سووکە کە بارانی بە دوا دا دەبارێ. **بای وەعدە:** بای شەماڵە کە هەژدە ڕۆژی مابێ بۆ نەورۆز هەڵدەکا و بەفر دەتوێنێتەوە. :: کوتی: رووم وا دەکەم تێرم ببینی، چاوەڕێم داخۆ / لە لای قیبلەم کە کەی بای وەعدە بێنی نەستەرەن بێنێ (وەفایی ل ٢٠٤).

**تێبینی:** ڤاتە vāta لە ئەوێستا دا بە ناوی فریشتەی با هاتوە.

**با** 2 (نا.)[باک] سواوی وشەی بانگ. (بڕ: بانگ)

**با** 3 (نا.)[ناو: با ـ زا: با] باب، باوک.

**تێبینی:** لە زاراوەی ناوەندیی دا وشەی با سەربەخۆ نیە و وەک سواوی باب لە ناوی دیکە دا خۆ دەنوێنێ. :: باپیر، باپیرە (بڕ: باب)

**با** 4 (ئاک.) وڵامی ئیختیار یا توانین لە کارێکە کە زۆر و جەبر یا نەتوانینی تێدا بێ، بەدی. :: ـ نابێ بچی. ـ با هەر دەچم. ـ ناتوانێ هەڵیگرێ. ـ با دەتوانێ. || **بابا:** داگرتنێکی پتر نیشان دەدا کە دڵنیای تێدایە. :: بابا چوە. بابا دەیخوێنم.

**با** 5 (ئام.) ١ـ ئەمری سواو لە چاوگەی هێشتن یا هێلان، بڵا، بلا، بەڵا، بەرا، بێڵە، بهێڵە، ئیزن بدە، لێگەڕێ، دەبا. :: با بێ بزانین دەڵێ چی. با بخوا قەیدی نیە. ڕەوتی سوانی ئەم وشەیە بەمجۆرەیە (بهێڵە ـ بێڵە ـ بلا ـ با) و هەندێک جار بۆ داگرتنی پتر دەگەڵ

ئەمری بنەڕەتی خۆ دێ. ؛؛ بێڵە با بێ. بیهێڵە با ئەو منداڵە بنوا. ٢ـ ئامرازی شەرتە. ؛؛ با ببینم دەزانم چی لێدەکەم.

**با** [6] (نا.)[عەر: باه] مەیل و هەوەسی جووت بوونی نێر و مێ بە تایبەت بۆ سەگ، هۆک. (بڕ: بەبا). **وە ~ هاتن:** ١ـ پەیدا بوونی مەیلی جووت بوونی دێڵ و مێیەی هەندێک گیانلەبەر دەگەڵ نێرینەکەیان. ٢ـ (مجـ.) ژن یا کچێک کە مەیلی لە پیاو بێ.

**تێبینی:** زەبیحی نوسیویەتی: لە زمانی فارسی و عەرەبی دا (باه) بە مانای (هێزی جنسی) بۆ ئینسان بەکار دێت. (قامووس ب ٢ ل ٩). هەروەها هەژار باه ـ ی عەرەبی بە مانای وزەی گان کردن هێناوەتەوە سەر ئەم بایە (هەنبانە بۆرینە ب ١ ل ٣٧).

**با** [7] (نا.)[باک: با ـ ناو: با، باد ـ باش: وا ـ هەو: باد] پێچ، خول، سوڕ. **~ پێدان:** بڕ: با دان. **~ خواردن:** خول خواردن، پێچ خواردن. **~ خواردنە سەر یەک:** لێک هاڵان و کەوتنە سەر یەکی دوو شت یا چەند شت لە یەکتر. ؛؛ ماسوولکەکانی باسکی پاڵەوان کەریم وەک گرێی قەیسی بە سەر یەک دا بایان خواردبوو. **~ دان:** ١ـ لوول دان، سووڕاندن و پێچ دانی (بەن و دزوو و تەناف ...) بۆ گشت بوون و قایمتر بوونیان، با پێدان. ؛؛ ئەو بەنانە بێنە بایان دەین. ٢ـ سووڕاندن بۆ قایم کردن یا کردنەوەی هەر شتێک کە پێچی هەبێ. ؛؛ ئەو پێچە بادە با چاک بچێتە ژوور. کە دەستی ڕۆژگار بای دا سەری من / سەری شووشەی شەراب وا چاکە بادەم (تاریک و ڕوون ل ١٣٠). ٣ـ سووڕاندن و پێچ دانی بەشێک لە ئەندام بۆ ناز و پۆز و لەنجە. ؛؛ چاو ئەو بەر و سمتەی چۆن با دەدا. & با پێدان. **~ دانەوە:** ١ـ لادان لە سەر بیر و بڕوا و چوونەوە سەر باوەڕی پێشوو. ٢ـ گەڕانەوە، پاشگەز بوونەوە. ؛؛ لە نێو مەنگوڕان دا بادانەوە عەیب نیە ٣ـ سووڕاندنەوە، وەرگەڕاندنەوە. ؛؛ ئەو گوڵدانە هەندێک بادەوە با ببینم بزانم ئەو بەری چۆنە. ٣ـ کەوانە کردن، کل کردن. ؛؛ گولله وە دیوار کەوت و بای داوە. سواره بە ڕێگای خۆی دا دەڕۆیشت هەر چاوی بە مرۆت کەوت بۆ لای بایداوە. فەرمانی ماشێنەکە بۆ لای ڕاست بادەوە. **~ دانەوە سەر:** واز هێنان لە کار و مەسەلەیەک و چوونەوە

سەر باری پێشوو. :: کەریم لە نەجاڕی بایداوەتەوە سەر ئاسنگەری. **خۆ ~ دان:** ١ـ سەما کردن. ٢ـ بە لەنجە و لار ڕۆیشتن. **لێ ~ دان:** هەڵقورینجاندن.

**با**[8] (نا.)[باک] بڕ: باڵ2. :: ل با وان (لە باڵ ئەوان دا)

**با**[9] (نا.)[پەه: پاک] چێشت، ئاش، خۆراک، وا. :: شۆربا، ماستبا، ئاردەبا.

**با**[10](نا.) سواوی وشەی بان ـ ە هەر بەو مانایە لە هەندێک وشەی لێکدراو دا. :: باگردان، باگردێن.

**باب**[1] (نا.)[پەه: پاپەک. پەش: بابا ـ فار: بابا ـ بیر: بابا. باک: باڤ ـ ناو: باب، باوک، باو ـ باش: باوگ، باوە ـ زا: با، بابی، باک، باکل، باوک، باوچ] ١ـ پیاوی خاوەن منداڵ، پیر، تاتە. ٢ـ پێوەندی نێوان منداڵ و پیاوێک کە لێی بوە. :: من بابی ئەو کوڕەم. ئەو پیاوە بابی منە! ٣ـ (مجـ.) نێرینەی خاوەن بێچووی هەندێک گیاندار. :: لە ئێستریان پرسی بابت کێیە، کوتی خاڵم ئەسپە (پەند). ٤ـ (مجـ.) پێک هێنەر و بەرهەم هێنەر. :: بابی پۆڵایە دایکی سەنگی خار/ عەولادیان دەبێ وەک دەنکی هەنار/ فەقیر و هەژار پێیدەکەن ڕەفتار (مەتەڵ). **~ دەرهێنان:** (کنـ.) زۆر توند ئازار دان و تەنبێ کردنی کەسێک. :: کوتی: کوڕە حوکمی خاتوون پەریخانێیە؛ هەرچی نەیداتەوە بابی دەردێنین (مان ل ١٩٥). **بە ~ شیان:** (کنـ.) پیر بوون، بە تەمەن بوون. :: ئەو کابرایە کوا بۆ ئاواڵ دەبێ بە بابت دەشێ. **بە بابی کوڕان بوون:** (دوعا) خاوەن کوڕ بوون. **بوونە ~:** خاوەن منداڵ بوون. || **بابی باب:** ١ـ باپیر، بابەگەورە. ٢ـ (مجـ.) کەسی خۆشەویست. :: دا وەرە بابی بابەکەم ماچێکم دەیە! حاجی کەریم پارەی لە بابی بابی خۆشتر دەوێ. **بابی منداڵەکان:** (کنـ.) مێرد، شوو لە زمان ژنەوە، باوکی منداڵەکان. :: بابی منداڵەکان سەر لە بەیانی وەدەر دەکەوێ و تاریکایی ئێوارێ دێتەوە!

**باب**[2] (ئان.)[فار: باب] بڕ: باو2

**باب**[3] (نا.)[عەر: باب] ١ـ دەرکە، دەرگا. ٢ـ بەشێک لە کتێب.

**بابا** (نا.)[بڕ: باب1] ١ـ باپیر، بابەگەورە. ٢ـ نازناوی پیاوچاکان و شێخ و دەروێش، بابە/٣. :: باباگوڕگوڕ. ٣ـ کەسێکی کەم دەستەڵات

و فەقیرۆکە. ⁂ بابایەکی وەکو من کێ کاری دەداتێ.

**باباغـــا** (نا. ل)[بابە + ئاغـــا] بڕ: بابەگەورە

**بابان** (نا. ل)[باب1 + ئان] مـاڵە بابی ئافرەت، باوان. **~ خرا(پ):** بڕ: بابان وێران. **~ خـــشـــتـــوور:** بڕ: بابان وێران. **~ شـێــوان:** بڕ: بابان وێران. **~ وێران:** جنێوێکی سەر زاری ژنانە کە زۆر لە دڵان گران نایە بە مانای ماڵە باب وێران بوونە، بابان شـێـوان، بابان خرا(پ)، بابان خشتوور.

**بابانە** (ئاک. ل)[باب1 + ئانە] وەکـوو باب، چەشنی باوک، باوکـانە. ⁂ بابانە رووی تێکردم و نەسیحەتی کردم.

**بابردۆڵە** (ئان. مـف.)[با1 + بردوو + ڵە] بڕ: بابردوو

**بابردوو** (ئان. مف.)[با1 + بردوو][لە: با بردن] ١ـ پوش و قانگەلاشکی گـیـای ویشـک کـە با لە جـێـی خـۆیان هـەڵـیـان دەقـەنی و دەگەڵ خـۆی دەیانبا. ٢ـ (کنـ.) مـــرۆڤـی بـێ دەســـتـــەڵات و بـێ ئەنـوا و رەقـــەڵە کـــە زەمـــان بە ســـانـایـی بـێـرە و بەوێی دادەدا. ٣ـ (کنـ.) لـە دەست چوونە دەری شـتێک کـە دەست پێی رانەگاتەوە. ⁂ وەدوای کـڵاوی بـابردوو مـــەکـەوە! & بـابـردۆڵە، بـابـردە، بـابـردەڵـە، بـابـردی، وابەردەڵە.

**بابردە** (ئـان. مـــفـ.)[بـا1 + بردە] بڕ: بابردوو

**بابردەڵە** (ئان. مفـ.)[بابردە + ڵە] بڕ: بـابـردوو. ⁂ مـنـیـش بـابـردەڵـەی بـەر گێژەڵووکەم/ دەمێک لەو قـوڵکە، تاوێک لەو چڵووکەم (تاریک و روون ل ١١٣).

**بابردی** (ئـان. مـــفـــ.)[بـا1 + بردی][سۆر] بڕ: بابردوو

**بابڕ** (ئان. فــا)[با1 + بڕ (بڕین)] ١ـ دیوارێک کە باش سـواغ دراوە و کـەلێنی لێبڕاوە و بـا نابوێرێ. ٢ـ (کنـ.) سـمێڵـی ئەستوور و زەلام.

**باب کـــوژراو** (ئـان. مـــفـ.)[باب1 + کـوژراو] کـەسـێک کـە بـاوکـی کـوژرابێ، باب کـوشـتـە. ⁂ باب کـوژراو دەست هەڵدەگـرێ، پڵاوخـۆر دەست هـەڵناگـرێ (پەند).

**باب کـوشـتـە** (ئان. مـفـ.)[باب1 + کوشتە] بڕ: باب کوژراو. ⁂ باب کوشتە خـەوی لێ ئەکـەوێ، داک مردە خـەوی لێ ئەکەوێ، لە برسا مردە خـەوی لێناکەوێ (پەند ل ٧٤).

**بابلیـچک** (ئا.)[بابەلیچ + ک][باک] چوارەمین ئەنگوست لە قامکی گەورەوە، قامکی پەنا تووتە، براتووتە، بابەلیچ.

**بابمردوو** (نا. مف.)[باب1 + مردوو] ١ـ منداڵی بێــباوک، باوکــمردگ، هەتیم، هەتیوو. ٢ـ بەدبەخت، چارەڕەش.

**بابن** (گیا.)[باک] بڕ: بەیبوون

**باب نۆکەر** (نا. ل)[مەغ: باب نۆکەر] ١ـ کەسێک کە لە چینی نۆکەران بێ. ٢ـ گەورەی نۆکەران. & نۆکەرباب.

**بابنەپێچ** (گیا.)[بابن + ئە + پێچ] بڕ: بەیبوون

**باب و باپیــر** (نا. ل)[باب1 + و + باپیر] چەند پشتی مرۆڤ، ئەژداد، جەد، باب و کاڵ، باوکال، باو و باپیر.

**باب و کاڵ** (نا. ل)[باب1 + و + کاڵ] بڕ: باب و باپیر.

**بابوێر** (نا. فا)[با1 + بوێر2] شوێنێک یا دیوارێک کە بە کەلێنەکانی دا با دەڕواتە ژوور و وژەی دێ، بادەڵێن. // بابڕ.

**بابۆ**[1] (نا. ل)[باب1 + ئۆ][باک ـ زا ـ سۆر] وشەی بانگ کردنی باوک، باوکە، باوە، بابە.

**بابۆ**[2] (ئان. ل)[با6 + بۆ1] گــوڵە سەگێک کە مەیلی جووت بوونی دەگەڵ دێڵــە ســەگی بەبا هەیە. گــوڵە ســەگ شوێنی بۆنی سەگی بەبا هەڵدەگرێتەوە و وەدوای دەکەوێ هەتا دەیبینێتەوە. **~ گێــران:** بۆنی کردنی ســەگ بە زەوی و شــوێن پێ بۆ دیتنەوەی دێڵــەســەگ یا نێچیر.

**بابۆرە** (نا.)[سۆر] بڕ: بابۆڵە

**بابۆلە** (نا.)[باک] بڕ: بابۆڵە

**بابۆڵە** (نا. ل)[؟][باک: بابۆلە، بالۆلک ـ ناو: بابۆڵە، بابۆرە] ١ـ نانێک کە نێوەکەی چێشتی تێدەکەن یا ڕۆن و ماستی تێهەڵدەسوون و دەیپێچنەوە و لوولی دەدەن و دوایی بە قــەپاڵان دەیخۆن. بابۆڵە پتر وەک بەرکوت لە نێوان دووجەمان دەیخۆن هەتا بەردڵیان بگرێ، ساندویچ ( لە شاری سەردەشت بابۆڵە جێگای ساندویچی گرتۆتەوە)، تیکە، قەباڵێ. ٢ـ [ئەر] منداڵی ساوای مەلۆتکە کراو، مەلۆتکە، قۆنداغە. **کردنە ~:** ١ـ پێخۆر لە نێو نان کردن و پێچانەوەی. ٢ـ (مج.) قەوە پێشکان و تێکەوە پێچانی بە سانایی کەسێک. ⁙ زۆر قسان بکەی هەڵدەستم دەتکەمە

بابۆڵەیەک. || **بابۆڵەی باسک:** قەف و ئەستوورایی ماسوولکەی باسک، بازۆڵە. :: بابۆڵەی باسکی شێرکۆ بە قەرا رانی من دەبوو. ماشەڵڵا هێندە بە قەوەتە ئەوە بابۆڵەی باسکییەتی (بە دوو قامکی شادە و گەورەی هەردووک دەست ئەندازەیەک نیشان دەدرێ).

**بابۆڵەپێچ** (نا. ل)[بابۆڵە/٢ + پێچ] ١ـ پەڕۆیەکی باریک و درێژی درواوە کە دوای مەلۆتکە کردنی منداڵ بۆ ئەوەی هەڵنەوەشێتەوە، پێی دەپێچنەوە، قارنج. ٢ـ منداڵی ساوای مەلۆتکە کراو. **~ کردن:** پێچانەوەی منداڵی ساوا لە مەلۆتکە دا.

**بابوون** (گیان.)[فەر: babouin] جۆرێک مەیموونی لمبۆز درێژە، کەڵپی تیژە و رەنگی خورماییە، باڵای ٧٥ سانت و کلکی نزیک ٦٠ سانت دەبێ و لە ئافریقا دەبێ و پتر بە رەوە دەژین.

**بابوونە** (گیا.) بڕ: بەیبون

**بابە** (نا. ل)[باب1 + ئە] ١ـ وشەی بانگ کردنی باوک، باوکە، باوە، بابۆ. ٢ـ وشەیەکە لە وتووێژ دا بێ هێنانی ناوی ئەو کەسەی قسەی دەگەڵ دەکەی و مانایەکی ئەوتۆی نیە. :: بابە ئەمن ئەو کارەی ناکەم. کوڕە بابە ئەوە تۆ دەڵێی چی. ٣ـ نازناوی پێش ناوی پیاوچاکان، بابە، باوە. :: بابە قەتار، بابە خەڵیفە. ٤ـ چۆلەکەی نێر، باوکە. // دایکە.

**بابەپیارە** (نا. ل)[باب1 + ئە + پیار + ئە][هەو] بڕ: باوەپیارە

**بابەت** (نا.)[عەر: البابة] ١ـ کەل و پەلی دووکانداران بۆ فرۆش، شمەک. :: ئەو دووکانە بابەتی چاکی نیە. بابەتی تازە چت هێناوە. ٢ـ شایان، لایق، بە کەلک. :: ئەو کەوایە هێند ئەستوورە بابەتی پیاوی سەرمابردوویە. **لە بابەت:** لەمەڕ، لە بارەی، سەبارەت، لە باوەت :: لە بابەت عەشیرەتی مەنگوڕ چ دەزانی؟ ٢ـ لە جیات، لە بری، لە بەرابەر، لە جێگەی، لە بات، لەباتی. :: لە بابەت ئەو کەوایە چت بدەمێ.

**بابەدەست** (ئان. ل)[با1 + بە + دەست](کنـ.) حاڵی کەسێکی رووت و نەدار کە چی بە دەستەوە نیە، دەستبەتاڵ.

**بابەڕۆ** (شر.)[بابە + رۆ] شێوە رستەیەکە بۆ شین و شەپۆڕ کە کەسی باب مردوو دەیڵێ، باوکەڕۆ. هێشتاش لە زۆر ناوچەی کوردستان شینگێڕی بۆ

مردوو ماوه و بە تایبەت ژنان پتر شین دەگێڕن و یەکتر دەلاوێننەوه و هاوکات بۆ دەربڕینی هەستی هاوبەشی دەگەڵ خاوەن مردوو سەر و پرچ دەڕننەوه و رۆڕۆیە دەکەن. ٢ـ بەبێ مانای سەرەکی لە کاتی سەرسوڕمان دەکوترێ. ::: بابەڕۆ لەو کارە سەیرە. ~ **کردن:** رۆڕۆ کردن بۆ باوک، شین گێڕان بۆ باوک.

**بابەژەنی** (نا. ل)[باب1 + ئە + ژەنی] [هەو] بڕ: باوەژن

**بابەعەمرە** (نا. ل)[باب1 + ئە + عەمر + ئە] مرۆڤی بەژن کورت و کۆسە کە بە رواڵەت منداڵ دەنوێنێ بەڵام تەمەنی زۆرە، شەمووله، باوەعەمرە، باوەقۆرەت.

**بابەگەورە** (نا. ل)[باب1 + ئە + گەورە] ١ـ باپیر، باباغا، باوا، باواگەورە، بابی باب، باوکی باوک. ٢ـ وشەی بانگ کردنی باپیر لە لایەن نەوەوە، باباغا، باپیرە.

**تێبینی:** چونکە وشەی بابە گەورە و باباغا هەردووک بە پیتی بزوێن دوایی دێن لە بەر ئەوە ئامرازی بانگ کردن بە خۆوە ناگرن و هەر وەک خۆیان بۆ مەبەستی بانگ کردنیش دەکار دەکردرێن.

**بابەلیچ** (ئا.)[؟][باک] بڕ: بابلیچک

**بابەلێ** (شر.) ١ـ بانگ کردنی خۆشەویستانەی باوک لە لایەن منداڵەوە، باوالێ. ٢ـ بانگ کردنی خۆشەویستانەی منداڵ لە لایەن باوکەوە. & باوەلێ، باوکەلێ.

**بابی** (نا.)[زا] بڕ: باب1

**بابی بابی** (نا. ل) یاری و کایەکی منداڵانە، کەری سووری پشت درێژ.

**تێبینی:** منداڵەکان دەبنە دوو دەستە و هەر دەستە یەکیان (تێکەوت) سەر بە دیوارەوە دەنێن و دەستەیەکی تر بە پڕتاو دێن خۆ داوێنە سەر شانیان، ئەوجار هەریەکەیان چەند پەنجەی دەستی جیا دەکاتەوە و لەوەی تێکەوتوە دەپرسێ: بابی بابی، چەند بابی. ئەگەر هەڵیهێنا چەند پەنجەیە هەڵدەستێتەوە و بەو جۆرە یاری درێژەی پێدەدرێ. (قامووس ب ٢ ل ١٢).

**بابیلان** (شر.)[باب1 + ئی + لان] وشەی لاواندنەوە و دواندنی منداڵی چووک کە هێشتا بە تەواوی زمانی نەکردۆتەوە، بەبەلە.

**بابینی** (نا. ل)[با1 + بینی (کەپۆ)] [ئەر] هەڵامەت، پەسیو، پەتا.

**بابێتی** (حم.)[باب1 + ئێتی] ئەو ئەرک و کارانەی کە باب بۆ منداڵ لە سەر ئەستۆیەتی. ⁘ بابم چ بابێتییەکی لە حەقی مە دا نەکردوە.

**بابێنی** (نا. ل)[باب1 + ئێن + ئی] ئەو کەلەپوور و میراتەی کە لە باوکەوە بۆ منداڵەکانی دەمێنێتەوە.

**باپشکێو** (نا. ل)[با1 + پشکێو (پشکووتن)] زیپکەیەکی سووری چووکی نێرتک دارە لە سووچی چاو لە سەر پێڵوو پەیدا دەبێ و هۆیەکەی دەستی پیس یا دەسرەی پیس لە چاو دانە. لە کوردەواری دا بۆ چاک کردنەوەی باپشکێو ئەو چاوەی کە ساغە بە کل دەیرێژن هەتا چاوەکەی دیکە لە داخان کە بە کل نەیانڕشتوە چاک بێتەوە، قینچکە سڵاوە، قنچکە سەڵام، چینچکە سڵاو، سیتکەسڵاو، سیتکەسڵام، سیسکەسراوە، قلینچکەسڵام، سلەزوەردە، بیتک، بووک.

**باپەرست** (نا. فا، ئان. فا)[با6 + پەرست] کەسێک کە مەیلی جنسی زۆرە، کەسی هەوەسباز، هەوەسپەرست، هەوەسخواز.

**باپەرستیی** (حم.)[باپەرست + ئیی] هەوەسبازیی، هەوەسخوازیی.

**باپەرک** (نا. ل)[با + پەر + ک][باک] بڕ: پەپوولە

**باپەڕ** (نا. ل)[با1 + پەڕ] نەخۆشی و چەقوچۆیەکە لە دوای ئارەقە کردن با لە مرۆڤ دەدا و لەشی ڕەق دەبێ. ~ **بوون:** با وە لەشی ئارەقاوی کەوتن و نەخۆش کەوتن، تووشی باپەڕ بوون.

**باپەسیو** (نا. ل)[با1 + پەسیو] شوێنێک یا دیوار و کەلەبەرێک کە ڕووی دە لای با نیە و با نایگرێتەوە، باپەنا.

**باپەنا** (نا. ل)[با1 + پەنا] بڕ: باپەسیو

**باپیر** (نا. ل)[با3+ پیر][باک: باپیر - ناو: باپیر - باش: باپیر - زا: باپیر] بابی دایک یا بابی باب، بابەگەورە، باباغا، باپیرە، باوا، بابا، پیرباب، پیرباڤ، پیرک.

**تێبینی:** زەبیحی بەشی دووهەمی ئەم وشە یانی پیر - ی بردۆتەوە سەر پیەر بە مانای باوک لە زاراوەی باشووریی دا. (بڕ: قامووس ب ٢ ل ١٢) من پێموایە پیر لە پیل (بڕ: پیل3) بە مانای گەورە و مەزن کەوتوە و وشەی پیلەبابا لە هەندێک زاراوەکانی ئێرانیی دا بە مانای

باپیر ئەم بۆچوونە بەقەوەتتر دەکا.

**باپیرە** (نا. ل)[باپیر + ئە] ١- بڕوانە: باپیر. ٢- بڕ: بابەگەورە/٢.

**باپیرەگەورە** (نا. ل)[باپیر + ئە + گەورە] باپیری دایک یا باپیری باوک بۆ منداڵەکانی ئەو کەسانە، پشتی چوارەم.

**باپیریی** (گیا.)[باپیر + ئیی] ١- جۆرێک هەناری ترش و شیرین. ٢- جۆرێک هەنجیر.

**باپێچ** (نا. ل)[با1 + پێچ] شوێنێکی باگر کە با تێیدەکا و لە بەر هەبوونی بەرهەڵستی وەک کێو و رەوەز دەگەڕێتەوە و دەبێتە گێژەڵووکە. ٢- دەرد و ژانێکی نێو زگ کە دەسووڕێتەوە و مرۆڤ ئازار دەدا، پێچ. ٣- ژانە زگێکی لەم پێچ دانە پەیدا دەبێ. ٤- [باک] کرێوە.

**باپێو** (نا. ل)[با1 + پێو] ئامرازێکە بۆ ئەندازەگرتنی تەوژم و توندی با.

**تێبینی:** ئەم وشە لە جیات میزان الریاح - ی عەرەبی و بادسنج - ی فارسی و anemometre ی فەرانسی بە کار دەبردرێ.

**بات** (نا.)[؟] ئەم وشە بە تەنیا نایە و هەمیشە دەگەڵ " لە " دێ و مانای لە جیات، لەبری دەدا، باتی، لەبری ،لە جیات، لەجیاتی. ∷ لە بات ئەوە کە چاو لە تەلەویزێون کەی هەستە بڕۆ دەرسەکانت بخوێنە. من لە بات تۆ بام ئەو کارەم نەدەکرد.

**باتان** (نا.)[؟][باک] ڕێگای روو لە سەرێ، هەوراز. // لێژ

**باتری** (نا.)[فەر: batterie] دەزگای ساز کردنی بەرق و کارەبای مەکینە. باتری لە دوو پەڕی کاتۆد و ئانۆد (+ و -) پێک هاتوە کە لە نێو ئاویتەیەکی ئەسید سۆلفۆریک دایە. کاری باتری گۆڕانی ئێنێرژی شیمیایی بە ئێنێرژی ئەلکتریکییە. کاتۆد کە فلزێکە لە نێو ئاوێتەکە دا وردەوردە دەتوێتەوە و ئەلکترۆن ئازاد دەکا و ئانۆد کە رەژی یە ئەو ئەلکترۆنانە بۆ لای خۆی دەکێشێ و بەم جۆرە بەرقی پێویست ساز دەبێ. باتری لە قەدەر کارەکەی گەورە و چووکی هەیە و شۆقی کەم و زۆریشی دەگەڕێتەوە سەر ئەندازەی باتری، قوە، پیل.

**باتسکە** (گیا.)[با1 + تس + کە] جۆرێک هەنجیرە کە زووتر لە هەنجیرەکانی دیکە پێدەگا و بێتام و

ناخۆشە، باهەنجیر، باتسە.

**باتسە** (گیا.)[با1 + تس + ئە] بڕ: باتسکە

**باتلاخ** (نا.)[تور: batak] بڕ: زەلکاو

**باتلاغ** (نا.)[تور: batak] بڕ: زەلکاو

**باتمان** (نا.)[پەهـ: پەتمان] ١ـ سەنگێکە بەرامبەر دەگەڵ شازدە کیلۆ. ٢ـ [باک] سەنگێک بەرابەر دەگەڵ هەشت کیلۆ. ٣ـ پێوانە.

**تێبینی:** زەبیحی باتمانی بە ناوی لێکدراو داناوە (بات + مان) بات ـ ی مانا نەکردوە و مان ـ یشی بردۆتەوە سەر مەن کە ئەویش سەنگێکە،...(بڕ: قامووس ب ٢ ل ١٤). باتمان هەروەکی دیاری کراوە لە پەتمانی پەهلەویی بە مانای پێوانە و ئەندازە لە چاوگی پەتمووتەنی پەهلەویی و پەئیتیمای ئەوێستایی و پێوانی کوردیی کەوتۆتەوە.

**باتوو** (ئا.)[؟][باک: باتوو ـ ناو: باتوو، وەتە] گوون. ∷ ئەو منداڵە شەپێکی وای لە باتووم داوە دوو رۆژە هەر باتووم دێشێ.

**باتووبەند** (نا. ل)[باتوو + بەند] ئامرازێکە وەک قایش بۆ بەستنی گونی قۆڕ.

**باتووم** (نا.)[فەر: baton] داردەستێکی قوڵەیە کە پاسەوان لە قەدیان دەیبەستن و لە کاتی پێویست دا دەیوەشێنن.

**باتی** (نا.)[بڕ: بات] لە بڕی، لە جیاتی. بڕ: بات. ∷ لە ئاب و تاب و ئەشک و ئاهی خۆم دا بوومە بریانی / لە باتی پوختەگی سووتام و هێشتا پێم دەڵێن خامە (نالی ل ٤٧٣).

**باتینۆک** (گیا.)[باک] بڕ: خاشخاشک

**باج** (نا.)[هەخ: باجەی ـ پەهـ: باژ. باک: باج ـ ناو: باج ـ باش: باج ـ هەو: باج ـ زا: باج، بێژ] ١ـ پارە و ماڵێک کە زوو پادشای سەرکەوتووی شەڕ لە پادشای تێشکاوی دەستاند و هەتا لە ژێر دەستی ئەو پادشایە دابا دەبا باجی دابا و رادەی باجەکەش پادشای سەرکەوتوو دیاری دەکرد. ٢ـ ئەو پارە و ماڵەی کە پادشا یا میر یا دەرەبەگ لە خەڵک و ژێردەستی خۆیان دەستاند. ٣ـ پارە یا ماڵێک کە زوو لە بەر دەروازەی شار لە خەڵک یا لە بار کە دەهاتنە شار وەردەگیرا، بارانە، سەرانە، ... ٤ـ

پارەیەک کە ئێستا دەوڵەت بە پێی داهات لە خەڵکی کاردار دەستێنێ، ماڵیات ٥- پارە یا ماڵێک کە بە زۆر لە کەسێک دەستێندرێ، خاوە، سەرانە. ~ **دان:** دانی ئەو پارە و ماڵەی کە وەک باج لە سەری کەس یا کەسانێک دیاری کراوە. ~ **سەندن:** بڕ: باج ئەستاندن. ~ **گرتن:** بڕ: باج ئەستاندن. ~ **لێگرتن:** وەرگرتنی باج لە شمەک. ~ **لێوەرگرتن:** بڕ: باج ئەستاندن. ~ **وەرگرتن:** باج لە کەسێک ستاندن، باج ئەستاندن. ~ **ئەستاندن:** ١- وەرگرتنی باج بە زۆریی و ملهوڕیی لە کەسی بێدەستەڵات. ٢- ماڵیات وەرگرتن، باج سەندن، باج وەرگرتن، باج گرتن. ‖ **باجی سمێڵ:** پارە و باجی زۆریی و ملهوڕی. ***باجی سمێڵ دان:** دانی پارە بە کەسی زۆردار و ملهوڕ. ***باجی سمێڵ وەرگرتن:** پارە وەرگرتن لە خەڵک بە زۆریی و ملهوڕی، باجی سمێڵ ئەستاندن. ***باجی سمێڵ ئەستاندن:** بڕ: باجی سمێڵ وەرگرتن.

**تێبینی:** باج لە چاوگی بەج baj ـ ی ئەوێستایی بە مانای بەش کردن و دابەش کردن کەوتۆتەوە و لە کوردیی دا بەش، باج، پاژ، باقە و گەلێک وشەی دیکە هەر لەم چاوگەن.

**باجان** (گیا.)[باک ـ زا] بڕ: باینجان

**باجەدەر** (ئان. فا)[لە: باج دان] کەسێک کە باج دەدا. ∷ باجدەر بار لە سەر لێون/ هی زۆر زل قوڕ دەپێون (بۆ کوردستان ل ٢٢٩).

**باج سێن** (نا. فا، ئان. ل)[باج + سێن] بڕ: باج ئەستێن

**باجک** (گیا.)[باک: باجک ـ زا: باژک] بڕ: بیبار

**باجگر** (ئان. ل)[باج + گر] بڕ: باج ئەستێن

**باجگە** (نا. ل)[باج + گە] شوێن و بنکەیەک کە لە سەر سنوور باج و حەقی بار و ... وەردەگرێ.

**باجە** (نا.)[تور: bacı] ١- نازناوی خوشکی گەورە. ٢- نازناوی بانگ کردنی ژنی دیکە کە هەم بە تەنیا دێ و هەمیش بە ناوەکەیەوە دەلکێ. ∷ باجە پەریزاد، باجە فاتم. & باجی، دێد، داد.

**باج ئەستێن** (نا. فا، ئان. ل)[باج + ئەستێن] ١- کەسێک کە باج بۆ دەوڵەت کۆ دەکاتەوە. ٢- کەسێک کە بە زۆر پارە لە خەڵک دەستێنێ. & باجگر، باجەوان.

**باجـەوان** (ئان. ل، نا. ل)[بـاج + ئە + وان] ١ـ بڕ: باج ئەستێن. ٢ـ کەسێک کە لە سـەر باجگە بـاج و گومـرگ لە خـەڵک وەردەگرێ.

**باجی** (نا.) بڕ: باجە

**باجیج** (نا.)[ئیتـا: bacelli][زا] بڕ: باقلە

**باچرمـۆکـە** (گیانـ.)[بـا (باڵ) + چرم (چەرم) + ئۆک + ئە][زا] بڕ: چەکچەکی

**باچەرمۆک** (گیانـ.)[با (باڵ) + چەرم + ئۆک][باک] بڕ: چەکچەکی

**باخ** (نا.) بڕ: باغ

**باخـــچـــە** (نا. ل)[بـاخ + چە1] بڕ: باغچە

**باخـڵـە** [1] (نا. ل)[باخ + ڵە] ١ـ پارچە زەوییـەکی خـۆشکراو و پەیین تێکراوە کـە تۆوی پێدادەکەن هەتا دەبێتە شـەتڵ و لە دوایی بۆ سـەر بێسـتـانی رادەگوێزن. ٢ـ قـوڵکەی هـەڵقەندراوی دەورووبەری نەمـام بۆ چاک ئاو خواردنەوەی.

**باخـــڵـــە** [2] (نا. ل) تـوورەکـەیەک کـە جـووتێـر تـۆمی تێـدەکـا و دەیپـرژێنـێ، توربێن، تۆمەدان.

**تێبینی:** وا وێدەچێ ئەم وشە لە باخەڵ یا بـاغـەڵ کـەوتبـێ چونکە توربێن بە لا تەنیـشـتـەوە هـەڵداوەسـرێ و لەوانـەیە لە پێشدا باخەڵە بووبێ و لە دوایی سـوابێ و بووبێتە باخڵە.

**باخـە** (گـیـانـ.)[؟] کـیـسـەڵ. ⁂ بەو دەننی فوراتە کە دەکا پەششە بە عەنقا/ نەک لەو خـومـی نیلە کـە دەکـا باخـە بە تیمساح (نالی ل ١٦٦).

**تێبینی:** لە فەرهەنگەکانی فارسیش دا باخە بە مانای کیسەڵ هاتوە.

**باخەل** (نا.)[باک] بڕ: باغەڵ

**باخەڵ** (نا.) بڕ: باغەڵ

**باخـەوان** (نا. ل، ئان. ل)[بـاخ + ئە + وان] بڕ: باغەوان

**باخـەوانیی** (حم.)[باخـەوان + ئیی] بڕ: باغەوانیی

**باد** [1] (نا.)[بڕ: با7] لۆ، پێچ، با. ⁂ دەسـمـاڵەکـەی دوو بادە/ مـاڵە بابم سـەیزادە (فـۆلکلۆر). دام دوو بـادەی سـەیاد قـاتڵ/ نەپێـچـیـان نـە دەور پای شکستەی دڵ (مەولەوی ل ١٢٦)

**باد** [2] (نا.)[باش][کـلاسـیک] با1. ‖ **بادی سـەبا:** بڕ: بای سـەبا ⁂ ئەی بادی سـەبا من ببـە، سـوودی نیـە نامـە/

تەشریحی زەعیفیی من و غەم نایەتە تەحریر (حاجی قادر ل ٦٢)

**بادار** (ئان. ل)[با1 + دار2] کەسێک کە نەخۆشی باداریی هەیە، باوی.

**باداریی** (نا. ل)[بادار + ئیی] ئێش و دەردێکە کـــە لە بەند و جـــمگە و مـاسـولکەکانی لاق و دەست دا پەیدا دەبێ و پتر رایان لە سەر ئەوەیە کە بە هۆی شێ و نم و جـێی تەڕ ئەم ئازارە سەر هەڵدەدا، رۆماتیزم.

**بادام** (گیا.)[پەه: ڤاتام، ڤادام. تات: ڤێیمە ـ فار: بادام ـ بیر: بادۆم. باک: بعیڤ، بهیڤ، بایەف، بەهیڤ، بەیڤ، باهیڤ ـ ناو: بادام، باوی ـ باش: بادەم ـ هەو: باذەمی، واهام، واهامی، وامی ـ زا: ڤامە] ١ـ درەختێکە دەسنێژ و کێویی هەیە. گـەڵاکانی پان و درێژن و هەتا پێنج گەز بەرز دەبێتەوە و گوڵەکانی زووتر لە گـەڵاکانی دەپشکوێن. بە فـەریکی دەنک و توێکڵەکەی دەخورێ بەڵام کە پیر بوو قاپوولکەکەی فرێ دەدا و توێکڵێکی سەخت وە خۆوە دەگرێ کە بە سانایی ناشکێ. دانکەکەی بە کاڵی یا بە بۆدراوی دەیخۆن و لە شیرینی و مـەشکەفی دا دەکاری دەکەن. ناوکی بادام ٥٠٪ رۆنی هەیە و رۆنەکـەی بۆ دەوا و دەرمان و سابوون ساز کردن بە کەلک دێ. دارە بادامی کێویی زۆر بەرز نابێتەوە و بەرەکەشی چووکترە و زۆرتر تاڵە و لە هەندێک ناوچەی کوردستان ئەو دەنکە تاڵانە خۆش دەکەن و دەیخۆن، Amygdalus amara ناوی لاتینی ئەم دارەیە. ٢ـ بەری ئەم دارە.

**بادامچە** (گیا.)[بادام + چە1] فەریکە بادام، چەقالە بادام.

**بادامە تاڵە** (گیا.)[بادام + ئە + تاڵ + ئە] ١ـ درەختـی خـۆڕسکی بادام، هەرجن. ٢ـ بەری ئەم درەختە کە چووک و تاڵە و ژارێکی بەقـەوەتی هەیە و هەندێک جار هەر بەتاڵی بۆ کوشتنی کرمی نێو ریخۆڵە دەیخۆن. ئەم بادامە لە کوردستان دەیکوڵێنن هەتا تاڵایی بڕوا و لە دوایی دەیخۆن.

**بادامیی** (ئان. ل)[بادام + ئیی] ١ـ ئەو شتەی کە بادامی تێکەڵ کراوە یا نێوئاخنەکەی لە بادامە. ∷ شیرینی بادامی، باقلاوەی بادامی. ٢ـ هەرچی لە شکڵ و حاڵەت دا شێوەی بادام بدا. ∷ بە حیرەت لەو گوڵ ئەندامە کەوا بادامییە چاوی/ دڵی نازک وەکوو گوڵ، هەم رەقە

وەک توێکڵی بادام (مەحوی ل ٢١٦).

**بادڕەنگ** (گیا.) بڕ: باروونە

**بادە** (نا.)[پەهـ: باتەک] ئاوەکی مەستی هێنەر، شەراب، مەی. ‖ **بادەی ئەلەست:** بادەی خودایی. ⁂ چاوبازەی چاومەستە، لەو بادەی ئەلەستە/ دەستم بگرە هەستە، تۆ و دین و ئایینت (وەفایی ل ٣١)

**بادەپەرست** (نا. فا، ئان. فا)[بادە + پەرست] کەسێک کە خواردنەوەی بادە و مەی پێخۆشە، ئارەقخۆر.

**بادەپەرستیی** (حم.)[بادەپەرست + ئیی] کاری بادەپەرەست، ئارەقخۆریی.

**بادەخۆر** (نا. فا)[بادە + خۆر] کەسێک کە بادە دەخواتەوە، مەیخۆر، بادەنۆش، ئارەقخۆر.

**بادەخۆریی** (حم.)[بادەخۆر + ئیی] کاری بادەخۆر، مەیخۆریی، بادەنۆشیی.

**بادەڤ** (نا. ل)[با1 + دەڤ][باک] بڕ: بادەوە2

**بادەقوش** (گیانـ.)[باش] بڕ: بایەقوش

**بادەگێڕ** (نا. فا)[بادە + گێڕ] کەسێک کە بادە دەداتە دەست بادەخۆرەکان، مەیگێڕ، ساقی. ⁂ لە کونجێ بێوەژن دەگری و دەناڵێ/ لە کۆشکێ بادەگێڕە چاو کەژاڵێ (ناڵەی جودایی ل ٨٢)

**بادەگێڕیی** (حم.)[بادەگێڕ + ئیی] کارو پیشەی ساقی و مەیگێڕ، مەیگێڕیی.

**بادەڵێن** (نا. ل)[با1 + دەڵێن] کەلێن و دەرک و دیوارێک کە با دەبوێرێ، بابوێر. // بابڕ.

**بادەم** (نا.)[باش] بڕ: بادام

**بادەنۆش** (نا. فا، ئان. فا)[بادە + نۆش] بڕ: بادەخۆر.

**بادەنۆشیی** (حم.)[بادەنۆش + ئیی] کاری بادەنۆش، ئارەقخۆریی، بادەخۆریی

**بادەوە**1 (نا.) پەڕە کاغەزێکی چوارگۆشەیە کە قامیشی بە تەنکی بۆ دەبڕن و بە چەسپ یا چرێش لێی قایم دەکەن. سووچێکی ئەم چوار گۆشەیە بەنی لێدەبەستن و سێ سووچەکەی دیکە بە کاغەز وەک زنجیر کلکی بۆ ساز دەکەن و لە کاتی با هاتن دا لە حەوای دەکەن، کوڵارە، بەرزە هەواییلە، بەرزە حەوایلە، بازی هەوایی، پەڕەچیغ، تەیرۆک.

**تێبینی:** زەبیحی ریشەی ئەم وشەی بۆ روون نەبۆتەوە و بردوویەتیەوە سەر [با + دەو؟] (بڕ: قـامووس ب ٢ ل ١٧). ریشەی ئەم وشەیە هیچ گرێ و گۆڵێکی تێدا نیە، بادەوە هەمان وشەی بازی هەوایی ـ یە کە هەندێک سـواوە و لە زاران خـۆش بوە و بەم شـێوەیەی لێهاتوە.

**بادەوە**[2] (نا. ل)[با1 + دەوە][باک: بادەڤ ـ ناو: بادەوە، بەیەوە ـ هەو: باوە] بارینی بەفر و با پێکەوە، کڕێوە، تۆف، بادەڤ، بەیەوە.

**تێبینی:** لە زمانی پەهلەویی دا دەمەک damak بە کڕێوە دەکوترێ و بە لەبەر چاو گرتنی ئاڵوگۆڕی دوو پیتی « م » و « و » کە وێنەی یەکجار زۆرە، دەوە و دەڤ دەگەڵ دەمەک لە یەک سەرچاوە گووراون.

**بادی** (نا.) بڕ: بادیە

**بادیە**[1] (نا.)[عەر: باطیة] قاپێکی قوڵی چێو، گڵێنە یا مسییە لە کوردستان دۆ یا شەربەتی تێدەکەن و لە سەر سفرەی دادەنێن، تاس. لە ئەدەبیات و شێعر دا وەک مانا عەرەبێکەی دەفری گڵێنەی بادە تێکردنە، بادی.

**بادیە**[2] (نا.)[عەر: بادیة] بیروون، سارا، سەحرا. ⁝⁝ دەزانم بادیەی عیشقە خەتەرناک/ کەچی هەر چووم، ئەگەر مام و ئەگەر چووم (مەحوی ل ٢٢٥).

**بار**[1] (نا.)[پەه: بار. بیر: بار ـ فار: بار. باک: بار ـ ناو: بار ـ باش: بار ـ هەو: بار ـ زا: بار] ١ـ ئەندازەیە لە هەر شتێک کە هەڵدەگرترێ و بۆ شوێنێکی دیکە دەبردرێ، ئەم هەڵگرتنە دەتوانێ بە دەست، بە کۆڵ یا بە ئامرازی راگوێزتنی وەک ماشێن یا ئەوە کە بە ئەسپ و بارگین و حەیوانی بارەبەر بێ. ٢ـ فەردە، تا، ... ئەندازە بارێکی دیاری کراو کە وڵاغ دەتوانێ هەڵیگرێ. ⁝⁝ ئەورۆ دوو بارم تووتن فرۆشتوە. بارە کەرێکم گەنم ناردەوە ماڵێ. ٣ـ مزاحم، شتێک یا کەسێک کە بەری هەڵسووڕانی کار یا ئازادی مرۆڤ بگرێ. ⁝⁝ ئەو کتێبانەم لێبوونەتە بار نازانم چیان لێبکەم. ٤ـ هاوتای کار لە وشەی کار و بار. ٥ـ ئازار، ئەزیەت، دەرد. ⁝⁝ لەش بە بار، بارگران. دڵی بێ بارە، مایەی کارە، هەرکەس کاروباری خۆی/ لە دنیا دا، موەففەق بوو بە دڵ تەفویزی باریی کرد (مەحوی ل ١١١). ٦ـ زانا، تێگەیشتوو، ئاگادار. ⁝⁝ حەمە چی دەباران دا نیە لە

خۆیەوە قسان دەکا. ٧ـ تویژێکی زەرد یا سپی کە دوای هەندێک نەخۆشی یا چەق و چۆ لە سەر زمان دەنیشێ و تامی زار تاڵ دەکا. ٨ـ تویژ لێو کە لە بەر نەخۆشی یا ویشک بوونی لێو لە سەری پەیدا دەبێ و لە دوایی خۆی هەڵدەوەرێ. ٩ـ (پاش.) پاشگرە کە لە رەگی بردن دەکەوێ و مانای کەسێک کە شتێک دەبا دەدا. ⁘ تاوانبار، غەمبار، هەوێبار. ~ **بردن:** ١ـ راگوێزتنی بار لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. ٢ـ تاقەت و توانایی هەڵگرتنی بار. ⁘ ئەو جوانوویە هێشتا بار نابا. ~ **بەستن:** ئامادە کردن و پێچانەوەی کەل و پەلی داندراو بۆ بار. ⁘ بارەکان ببەستن با برۆین. ~ **خستن:** داگرتنی باری بارەبەر لە کاتی گەیشتنی بار. ٢ـ وچان دانی کاروان و داگرتنی بار بۆ حەسانەوە یا مەزڵ کردن. // بار کردن. ~ **دابەستن:** پێچانەوە و بەستنەوەی بار بە توندیی و قایمیی. ~ **داگرتن:** ١ـ هێنانە خواری بار لە سەر مەکینە یا حەیوانی بارەبەر. ٢ـ پڕ کردن و ئامادە کردنی فەردە و تای بار. ⁘ بارەکان داگرە هەتا سەعاتێکی دیکە وەڕێ دەکەوین. ~ **راست کردنەوە:** ١ـ یارمەتی دان بە کەسێک کە باری وڵاغەکەی لاسەنگ بوە. ٢ـ (کن.) یارمەتی دان بە کەسێک کە چەتێکی کەوتۆتە سەر رێ، دەست گرتن بە تایبەت لە باری مادییەوە هەتا کارەکەی جێبەجێ بێ. ~ **کردن:** ١ـ بار لە بارەبەر نان، بار لێدان، بار لێنان. ٢ـ کۆچ کردن و رۆیشتن لە شوێنەکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. ⁘ لە دەست خاوەنماڵ بارمان کرد و رۆیشتین. ~ **سووک کردن:** ١ـ لابردن و کەم کردنەوە قورسایی هەندێک باری بارەبەر یا کەسی دیکە. ٢ـ یارمەتی دان بە کەسێک کە گیر و گرفتی کەوتۆتە سەر، ئەرک کەم کردنەوە. ~ **کەوتن:** (مج.) تووشی بەڵا و کوێرەوەری بوون، نەهاتی. ~ **کێشان:** ١ـ بار بردن، بار راگوێزتن. ٢ـ (کن.) ئەرکی خەڵک وە ئەستۆ گرتن. ~ **گرتن:** ١ـ تویژ لە سەر زمان نیشتن. ٢ـ تویژتویژ بوونی پێستی سەر لێو. ⁘ لەعلی شەککەرباری تۆ تێراوە، شەککەر باریە/ لێوی میحنەتباری من بێ ئاوە، باری گرتوە (نالی ل ٥٤١). ~ **لێدان:** بڕ: بار کردن/١. ~ **لێنان:** بڕ: بار کردن/١. ~ **نەبردن:** (کن.) هەڵنەکردن

دەگـەڵ یەکتـر، نەحـاوانەوە، تاقـەت نـەهـێـنـان. **دە ~ (باران) دا بوون:** (کنـ.) زانین، تێگەیشتن. چی دە باران دا نیە.

**تێبینی:** بار لە چاوگی بەر bar ـ ی ئەوێستایی و بردن ـ ی کوردیی کەوتوە.

**بار**[2] (نا.)[بڕ: بەر1] ١ـ منداڵی مرۆڤ و گواندار کە هێشتا لە زگی دایکیان دان، بەر. ٢ـ تەربیەت، پەروەردە. **~ خستن:** بێچوو لەبەر چوون. ⁘ ئەوساڵ مەڕەکانمان چ باریان نەخست. **~ هاتن:** پەروەردە بوون، فێر بوون و پێگەیشتن. ⁘ منداڵەکەتان باش بار نەهاتوە. **~ هێنان:** بە بەر گەیاندن، پەروەردە کردن، راهێنان، فێر کردن. ⁘ دایکم منداڵەکانی وا بار هێنابوو هەموو سەر لە ئێواریێ دەهاتنەوە. **لە ~ بوونەوە:** تەواو بوون و خەلاس بوون لە زان، زان. ⁘ دوێنێ شەوێ دێڵە کەرەکەمان لە بار بۆوە و خەلاسی هات. **لە ~ چوون:** لەبەر چوون. ⁘ پوورم هەتا ئێستا دوو منداڵی لە بار چوە. **لە ~ چوونەوە:** چی دیکە نەزانی مێینە، نەزۆک بوون، لە بەر چوونەوە.

**بار**[3] (نا.)[سۆر] بڕ: باڵ

**بار**[4] (ر.) ١ـ رەگی چاوگی بارین. ٢ـ بە ناوەوە دەلکێ و مانای بارێنەر دەدا. ⁘ بەفرانبار.

**بار**[5] (پاشـ.) بە دوای هەندێک ناو کە پەیوەندیان بە ئاوەوە هەبێ دێ. ⁘ جۆبار، رووبار، زرێبار.

**تێبینی:** بار بۆ ماناکەی چەندین رێی تێدەچێ کە هەموو بە لەونێک لێی نزیکن بە لە بەر چاو گرتنی ئەوە کە شکڵێکی دیکەی بار، ڤار یا وار بوە و هێشتا لە زرێوار دا ماوە: ١ـ لە بار bār ـ ی پەهلەویی بە مانای لێوار و بەستێن کەوتبێ. ٢ـ لە ڤار vār ـ ی سانسکریت بە مانای ئاو کەوتبێ. ٣ـ لە ڤارە vāra ـ ی سانسکریت بە مانای زۆر، گەلێک کەوتبێ ٤ـ لە ڤەری vari ئەوێستایی و ڤەر var ـ ی پەهلەویی بە مانای ئاوێکی زۆر (دەریا، دەریاچە، ئەستێر) کەوتبێ. ٥ـ لە وار و هەوار کەوتبێ بە مانای شوێن و جێگا.

**بار**[6] (نا.)[بڕ: بەر3] لایەن، لا، سوێ. ⁘ ئەو فەرشە بە باری خۆی دا رانەخراوە. عەلی باری چاکەی زۆرە و باری خراپەی کەمە. **~ خستن:**

کەوتنە سەر تەنیشت، :: ئەگەر مریشک باری خست نیشانەی ئەوەیە کە میوان دێ. **بە ~ێک دا خستن:** جێبەجێ کردن و لابەلا کردنی کار و مەسەلەیەک بۆ تەواو کردنی، بە لایەک دا خستن. :: هیندە فکر کردنەوەی ناوێ قۆڵ هەڵکەن و کارەکە بە بارێک دا بخەن و خلاسی کەن. **چوونە سەر ~ی خۆ:** دروست بوون و کەوتنە سەر گەڕی کار و مەسەلەیەک. :: هەرچی دەکەم کارەکەم ناچێتەوە سەر باری خۆی.

**بار**7 (نا.)[پەھ: بار] جار، دەفعە، کەڕەت، بارە2. :: جار و بار

**بارا** (ئان.، نا.)[سۆر] بڕ: باڵا

**باراش** (نا. ل)[بار1 + ئاش1] دەغڵ و دانی لە بار دراو کە دەیبەنە ئاش هەتا بیهاڕن و بیکەنە ئارد. :: سبەی باراشەکان دێنمەوە. **~ لێکردن:** بردنی باراش بۆ ئاش بۆ هاڕینی، باراش هاڕین. **~ هاڕین:** بڕ: باراش لێکردن.

**باران** (نا.)[ئەو: ڤارە - هیک: ڤار(ئاو) - پەھ: ڤاران. تات: ڤاران - فار: باران - پەش: باران. باک: باران، بارش - ناو: باران، بارانە - باش: واران، باران - هەو: واران - زا: ڤاران، ڤارۆ، ڤاروو] ١- هەڵمی ئاو کە لە هەوران دا کۆ بۆتەوە و بە دڵۆپ لە ئاسمانەوە دێتەوە خوارێ و بە پێی توندیی و نەرمیی و کەمیی و زۆریی ناوی جۆربەجۆری هەیە، وەشت. ٢ - پێدادانی بە تێگرایی شتێک بۆ سەر کەس یان کەسانێک، کە لەم حاڵە دابە ناوەوە دەلکێ و ناوێکی تازە ساز دەکا. :: گوڵباران، بەردەباران، تیرەباران. **~ بارین:** دەست پێکردنی باران، باران دادان، باران داکردن. :: باران ببارێ ئاشم دەگەڕێ باران نەبارێ جووتم دەگەڕێ (پەند). **~ دادان:** بڕ: باران بارین. :: بەر لەوەی باران دایداتێ گەیشتینەوە ماڵێ. **~ داکردن:** بڕ: باران بارین. :: بەو منداڵانە بڵێ بێنەوە باران دایکردۆتێ و تەڕ دەبن. **~ لێبوونەوە:** تەواو بوونی باران، باران لێکردنەوە، باران وەستان. :: باران لێبۆتەوە ئێستا دەتوانین بڕۆین. **~ لێکردنەوە:** بڕ: باران لێبوونەوە. :: پێم وانیە ئەم بارانە وا زوو لێی کاتەوە. || **بارانی پەڵە:** بارانی کەم و کورتی گەواڵە هەوری بەهاری کە دەغڵ و دان و گیا تێراو دەکا، ڕێژنەبارانی بەهاری. **بارانی ڕەحمەت:** بارانێک کە زەرەر و

زیانی نەبێ و نەبێتــە ســێــڵاو و بەڵا. **بارانی کڵاو بە سەرە:** بارانی دەنک گەورە و توند. **بارانی گورگەزێ:** بارینی باران لە کاتێک دا کە هەتاو بە دەرەوەیە و بە پێی باوەڕی خـەڵک لەم کاتـە دا گـورگ دەزێ، داوەتی ڕێوییان، تاڤی.

**باراناو** (نا. ل)[باران + ئاو1] ئاوی بارانە کـە دوای بارین لـە قـوڵکە و چاڵان دا دەمێنێتەوە.

**بـاران بـڕان** (نـا. ل)[بـاران + بـڕان] سـێـهـەم مـانگی بەهـار کـە ئـیـتـر باران دەبڕێتـەوە، یا ئەوە کـە کـەم دەبارێ و بە بەختە، بارانە و بڕان، جۆزەردان

**باران پێــو** (نا. ل، نا. فــا) [باران + پێــو] ئامـرازی پێـوان و ئەندازە گـرتنی ئاوی باران.

**باراندن** (چا. م)[پەه: ڤـارێنییـتـەن] ١ـ کـەسـێک یا هۆیەک کـە باران دەبارێنێ، دابـاراندن. ፡፡ خـودا بارانی دەبارێنێ. ٢ـ هـاتنە خوارەوەی هـەر شتێک کە سەرەوە بۆ خـــوارەوە بـە هـەر هـۆیـەکـــەوە. ፡፡ ئەوساڵ تەرزە و نەگبەتی و نەهاتیمان بۆ دەبارێنێ. ٣ـ فـرمـێـسـک هـەڵوەراندن. ፡፡ دەگریا و دەیباراند.

**بارانە** [1] (نا.)[موک] بڕ: باران

**بـارانـە** [2] (نـا. ل)[بـار1 + ئـانـە2] بـاجــێکە کـــە لە ســـەر سنوور یا لەو ناوچەیانـە کە دەسـتـەڵاتـدار یا دەرەبەگی لێــیــە لـە قــاچاغــچی یا خـــاوەن باری دەستێنن ٢ـ پارەیەکە کە خاوەن ئەنبار و کـــاروانســـەرا دار بۆ راگـــرتنی بار لـە خاوەن باری دەستێنن.

**بارانە و بڕان** (نا. ل)[بارانە1 + و + بڕان] بڕ: باران بڕان

**بـارانـی** (ئان. ل)[بـاران + ئـی][پـەهـ: ڤـارانـیـک] هەوایەک کـە وێدەچێ باران ببارێ، بەر گـیرانی ئاسـمـان بە هەوری رەش. ፡፡ لــە هـــەوای بـــارانـــی دا دڵــم دەگـیـرێ. ٢ـ (نـا. ل) جلێکە وەک باڵتـۆ، درێژە و لە ســـەرەوەی جلـەکـــانی دیکە دەبـەری دەکــــەن، تـان و پـۆیـەکــــەی پلاسـتیکی تێدایە و باران و بەفر دانادا و جلەکانی بنەوە تەڕ نابن.

**باربوو** (نـا. ل)[؟][باک: باربوو ـ نـاو: بـاربوو، بـاروبـوو] پێـــوە چوون و دیاری بردنـی کـەل و پـەل ، شـــمـــەک و پـارە بۆ کـەسـێک کـە تازە ژنی هێناوە یا مـــاڵی ساز کردوە یا ماڵی سووتاوە و شـتـێکی لەم بابەتـە بۆ مـــەبەســـتی هـاوکـاری و دەست گـرتنی ئەو کـەســە، دەسـتــەوایی.

**~ کـــردن:** دانی دیاری و باربوو بۆ مەبەستی دەست گرتن و یارمەتی دان.

**باربەر** (نا. فـا، نا. ل)[بار1 + بەر7] کەسێک کە بار دەبا، حەمباڵ، بارکێش. ⁘ زاوا باربەری خەسوانن. (پەند)

**باربەری** (حم.)[باربەر + ئیی] کار و پیشەی باربەر، بارکێشیی، حەمباڵیی.

**باربەست** (نا. ل)[بـار1 + بەسـت] باری بەسـتـراو و تەیار بۆ سـەفـەر، باربەستە. **~ کردن:** ١ـ بڕ: بار بەستن. ٢ـ خۆ ساز کردن، خۆ ئامادە کردن

**باربەستە** (نا. ل)[بار1 + بەستە] بڕ: باربەست

**باربەند** (نا. ل)[بـار1 + بەنـد] ١ـ گـوریس یا هـەرشـتـێکی باری پێ ببەسـتنەوە. ٢ـ شـوێنی بار لێدان لە سەرەوەی ماشێنی باری یا ترۆمبێل.

**باربەندیی** (حم.)[باربەند + ئیی] بەستنەوە و پێچانەوەی بار و بارگە.

**باربەها** (نا. ل)[بار + بەها] شتێک یا کـەسـێک لە بری بەهای کـەسـێک یا شـتـێکی دیکە دەدرێ. **~ دان:** گـۆڕینەوە و دانی شـتێک یا کـەسـێک لەجیـات شـتێک یا کەسێکی دیکە. ⁘ یەکسـەر ئەو مـەجلیسـە سـەری سوڕما! خـودایە جـا چۆن گـوڵـخـاتر و خـونچـەی باربەها دەدا؟ (سەعید و میرسێوەدین ل ١٦٣)

**بارتەقا** (نا. ل)[؟] ١ـ هاوتا، بەرابەر، هاوسەنگ. ٢ـ لە جیات، لەبری، لەبات.

**بارچەوت** (ئان. ل)[بـار1 + چەوت] کـەسـێکی کـردەوە و ئاکـاری لە باری ئاسـایی دەرچـووبێ و دژی داب و نەریتی کۆمەڵ بجووڵێتەوە، پیاوی ناڕاست.

**بارچەوتیی** (حم.)[بارچەوت + ئی] کاری مرۆی بارچەوت.

**بارخـانە** (نا. ل)[بار1 + خـانە] ١ـ کاری و ئاکامی لە سەر یەک هەڵچنینی بار. ٢ـ کاتی پێگەیشتنی هەندێک حاسڵ و بەرهەمی لادێ. ⁘ بارخـانەی خـوری، بـارخــانەی تووتن. **~ کــردن:** لە بارخـانە دان، لە سـەر یەک هەڵچنینی بار. **لە ~ دان:** هەڵچنینی بار لە سەر یەک، بارخانە کردن. ⁘ بارەکان بەرنە ژوورێ و لە بارخانەی بدەن.

**تێبینی:** بارخـانە هەرچەند دەبا بە مانای شوێنی بار با بەڵام وانیە و خانە بە مـانای هەڵچنین و لە سـەر یەک دانان هاتوە، یانی بارەکان وەک خانوو لە سەر

یەک دانان.

**باردار** (نا. فا)[بار1 + دار] ژنێک کە باری (منداڵ) دە زگ دایە، ژنی زگپڕ.

**بارز** (ئان.)[زا] بڕ: بەرز

**بارست** (نا.) ئەندازە و بەرزی و حەجمی هەر شتێک، ئەستوورایی هەر شتێک لە سەر یەک. ⁂ تو خوداکەی ئەی گەلی دە برادەران ئەوڕۆکانە بۆم بچنەوە کن/ هەڵاڵان، سوورەگوڵان، گیا بەند و خاوان/ ... / بە گرمەی هەوری بەهارێ سەریان لە من دەردێنن لە بن بارستی/ خۆ رادەوەشێننەوە لە خۆڵێ (پایزە ل ٤٣). || **بارستی گڵ:** ژێر گڵ، بن زەوی. ٢ـ (مجـ.) گۆڕ، قەبر. ⁂ دەترسم خاترخۆیەکە و جوانچاکێکەم بەرمەوە بن بارستی گڵییە (شۆڕمەحموود ل ٤٨). ***سەر بردنە بن بارستی گڵ:** چوونە ژێر گڵ، مردن. ⁂ لە فەرخی مامان زیاتر ئەمن هیچ کەسم قەبووڵ نیە/ هەتا ئەوڕۆژەی سەر دەبەمەوە بن بارستی گڵییە (شێخ فەرخ ل ٤٣).

**تێبینی:** لە زمانی پەهلەویی دا بالیست bālist بە مانای بەرزیی، درێژایی (ارتفاع) و هەروەها باریست bārist بە مانای قایم و چەقیو هاتوە.

بارست لە دوو وشەی بەرز + ستا بە مانای وەستان و راوستان کەوتوە [ئەو: ستا بە مانای وەستان] کە بە گشتی یانی بەرز وەستاو یا بەرزایی.

**بارستایی** (حم.)[بارست + ئایی] [پەھ: بالیستییە] بەرزایی وئەستوورایی شتێک. ⁂ بارستایی ئەو نوابەفرە نیوگەز دەبێ.

**بارسووک** (ئان. ل)[بار1 + سووک] ١ـ کەسی کەم خەرج و کەم ئەرک. ٢ـ کەسی هەژار و نەدار، کەسێک کە چی وای نیە باری قورس بێ.

**بارسووکیی** (حم.)[بارسووک + ئیی] ١ـ بێ ئەرکیی، بێ تەکلیفیی ٢ـ کەم زەحمەتیی، کەم بوونەوەی زەحمەت. ⁂ پوورم لە کاری نێو ماڵ دا جار و بار یارمەتییم دەدا و بۆتە هۆی بارسووکیی من.

**بارش**[1] (نا. چا)[لە: بارین] ١ـ باران بارین، دابارین، بارشت. ⁂ بە گریانم وەکوو گوڵ، پێکەنی یار/ لە باغی من بە بارش غونچە پشکووت (مەحوی ل ٨٠). ٢ـ (نا.)[قوچ] بڕ: باران

**بارش**[2] (نا.)[پەھ: بار] بڕ: وارش

**بارشت** (نا. چا)[لە: بارین] باران

بارین، هاتنه خــواری باران، داباریـن، بارش، بارِژن.

**بارفــرۆش** (نا. فـا)[بار1 + فـرۆش] کەسێک کە کاری کرین و فرۆشتنی بە تێگڕایی میوە و تەڕەبارە، کەسێک کە بە بار دەکـڕێ و بە بار دەفـرۆشـێـتـەوە و دوکـاندار مـاڵی خـۆیان لـەم کـەسـانـە دەکڕنەوە.

**بارفرۆشیی** (حم.)[بارفرۆش + ئیی] ١ـ کـار و پیشـەی کـەسی بارفـرۆش. ٢ـ (نـا. ل) شـــوێن و دوکـــانی کـــەسی بارفرۆش.

**بارفیسک** (نا.)[باک] قووڵایی پشت چۆک و ئەژنۆ. بڕ: رەفیسک

**بارفــیکس** (نا.)[فـەر: barrefixe] میـلـەیەکی کـانزای درێژ کە لـە سـەر دوو پایەی دیکە لە بان زەوی دامـەزراوە و بۆ هـەندێک وەرزش کەلکی لێوەردەگرن.

**بارکەوتوو** (نا. مفـ.، ئان. ل)[بار١ + کەوتوو][لە: بار کەوتن] ١ـ خاوەن بارێک کە بارەکەی لە پشت بارەبەر کەوتبێ. ٢ـ (مجـ.) داماو، خراپ لێقەوماو، کەسێک کە خراپی بۆ هاتوە، بارکەوتە.

**بارکـەوتە** (نا. مـفـ.، ئان. ل)[بار1 + کەوتە] بڕ: بارکەوتوو

**بارکـێش** (نا. فـا)[بار1 + کێش] ١ـ کــەســێک کــە بار لـە شـــوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی دیکە دەبا، کەسێک کە کاری داگـرتنی بارە، حـەمـبـاڵ، باربەر. ٢ـ حەیوان یا مـاشێنێک کە بار رادەگوێزێ، بارەبەر.

**بارکـێــشی** (حم.)[بارکـێش + ئی] ئیــشی کــەسی باربـەر، حـــەمــبــاڵیی، باربەریی.

**بارگا** (نا. ل) بڕ: بارەگا

**بارگـر** (نا. ل)[بار1 + گـر] ١ـ دارێک کە لـە نێوان بارەکـانی بارخـانەی دەنێن هـەتا نەڕمێن. ٢ـ [زا] بڕ: بارگین

**بارگــران** (ئان. ل)[بار1 + گـران] ١ـ بارەبەری بار قـورس. ٢ـ پیـاوی تەوەزەل و ئەرک قورس. ٣ـ ژنی زگپڕ. ~ **بوون:** بە ئەرک بوون، بە زەحمـەت بوونی ئەرکی کەسێک.

**بارگـرانایی** (حم.)[بارگـران + ئایی] ئەو ئەنجـامـەی کـە بارێکی گـران بەدی دێنێ.

**بارگـرانیی** (حم.)[بارگران + ئی] ١ـ قـورسـایی بـاری زۆر. ٢ـ ئەرکی قـورس و زۆر. ~ **خستنە سەر کەسێک:** ئەرک و کـاری خـۆ بە کـەسـێکی دیکە کـردن،

کەسێک تووشی ئەرک کردن. ∷ بۆ خۆی لە هەموومان ساغ و سەلیمترە بەڵام بارگرانییەکەی خستۆتە سەر ئێمە.

**بارگە** (نا. ل)[بار1 + گە] کەرەسە و کەل و پەلی پێویستی سەفەر و کۆچ و هەر شتێکی لەم بابەتە. ~ **بار کردن:** بڕ: بارگە تێکنان. ~ **تێکنان:** بەستن و تێکەوە پێچانی بار و بنەی سەفەر یا کۆچ، بارگە تێکەوە پێچان، بارگە بار کردن. ∷ کە بارگەت بۆ هەوار تێکنا عەزیزم / شکا ئەستووندەکی تاوڵی مرادم (تاریک و روون ل ١٢٩). ~ **تێکەوە پێچان:** بڕ: بارگە تێکنان. ∷ بارگەیان تێکەوەپێچا و بەڕێ بوون یاران / لە دنێ وا بە تەنێ پاشی ئەوان من چ بکەم (هێمن)

**بارگەچی** (نا. ل)[بارگە + چی] کەسێک کە لە دیوەخانی میر و بەگان کاری دەکرد و ئەرکی بارگە ساز کردن و تێکەوەپێچان بوو و لە ڕێگا کەرەسەی پێویستیان لەو داوا دەکرد.

**بارگە و بنە** (نا. ل)[بارگە + و + بنە] هەموو کەل و پەل و کەرەسەی سەفەری دوور و درێژ.

**بارگیر** (نا. ل)[بار1 + گیر] بڕ: بارگین.

**بارگین** (نا. ل)[بار1 + گین ][پەه: بارەگ، بارەگ. باک: بەرگیر، بەرگیل ـ ناو: بارگین، بارگیر ـ باش: بارگیر ـ زا: بارگیر، بەرگیر، بارگر] ١ـ ئەسپی یەختە کراو و بە تاقەت بۆ بار بردن. ٢ـ ئەسپی نارەسەن ٣ـ (مجـ.) بۆ جوێن بە مانای بێ ئەقڵ، بێ ئەدەب و کۆمەڵایەتی نەبوونی کەسێک بەکار دەبردرێ. ∷ وەک بارگین سەری خۆی داخست و ڕۆیشت.

**تێبینی:** گین شکڵێکی دیکەی گیرە لە ریشەی گرتن. جێگۆڕکێی دوو پیتی « ن» و « ر » کەمە و بەڵام لە ئەوێستاییەوە بۆ کوردیی وێنەی هەیە: ئەوێستایی مان بە کوردیی مار یا ماڵ. ئەوێستایی خڤەن (هڤەر) بە خۆر ـ ی کوردیی.

**بارماخ** (نا. )[تور: بارماغ (قامک)] ١ـ کاغەزی لوولەکراو و ئامادە بە ئاغزەوە کە توونی تێدەکەن و دەیکێشن، بەرماخ، بەرماغ، قامیشەجگەرە. ٢ـ هەر کام لە پەڕەکانی نێوەوەی چەرخ و تەگەری ئەرابە و داشقە کە کەللەی تەگەرەکە بە ناوەندیەوە (گەردڵ، گردیل) دەلکێنن، قامکە.

**بارمته** (نا. ل)[بار + مت + ئه] ١ـ شتێک که له لای کهسێک دادهندرێ بۆ ئهوه که پاره یا شتێکی پێداویستی دیکه بۆ ماوهیهک وهرگرترێ و داوی که پاره یا شتهکهی داوه ئهمانهتهکهی خۆی وهردهگرێتهوه. ئهو شتهی به بارمته دادهندرێ نرخی پتر یا دهبێ به قهرا ئهو شته بێ که وهردهگرترێ. ٢ـ کهسێک که هێزێکی سیاسی یا دهوڵهتێک دهیگرێ و بۆ سهودا دهگهڵ دهوڵهت یا هێزێکی دیکه کهلکی لێوهردهگرن. **به ~ دانان:** ده گرهو نانی شتێک بۆ وهرگرتنی قهرز. ∷ سهعاتهکهم به بارمته دادهنێم ههتا سبهی سهد تمهنم بدهیه. **به ~ گرتن:** کهس یا کهسانێک به زهبر لای خۆ راگرتن بۆ مهسهله و سهودایهکی سیاسی یا ماڵی. ∷ کابرایهکی چهکدار هێرشی کردهوه بانکێک و سێ کارمهندی ئهم بانکهی به بارمته گرت. **به ~ وهرگرتن:** کاڵا یا شتێک لهبری قهرز له کهسێک وهرگرتن.

**تێبینی:** مت له موکریان پاره یا مهڕمهڕ و ههر شتێکی دیکهیه که له مێشێن (مووشێن) دادهکردرێ و له وانهیه پێشتر مانایهکی دیکهی وهک کاڵای بووبێ که ئێستاکه فهوتاوه. به گشتی دهبێته شتێک که له بری مت (کاڵا) وهردهگرترێ.

**بارنامه** (نا. ل)[بار1 + نامه] کاغهزێک که کاتی له باردانی جنسێک له شارێکهوه بۆ شارێک دهنوسرێ و جۆری کاڵا و ئهندازهی تێدا دیاری دهکرێ و دوایی خاوهن بار یا کهسێک که بارهکهی به ناو کراوه بهم کاغهزه له کاراژ یا ئهنبارێک بارهکه وهردهگرێ.

**بارنهبهر** (ئان. ل)[بار1 + نه + بهر] ١ـ وڵاغێک که بار قهبووڵ ناکا یا ناتوانێ بیبا، بارنهوهر ٢ـ کهسێکی تهنبهڵ و تهوهزهل که ناچێته ژێر باری کار.

**بارنهوهر** (ئان. ل)[بار1 + نه + وهر] [ئهر] بڕ: بانهبهر

**بار و بارخانه** (نا. ل)[بار1 + و + بارخانه] ١ـ ئهو بار و کاڵایهی که له شوێنێکهوه بۆ کهسێکی دیکه له شوێنێکی دی دهچێ. ∷ بار و بارخانهی بابم دوێنی له شنۆوه هات. ٢ـ (کنـ.) بهر و سمتی گهورهی ژن.

**باروبنه** (نا. ل)[بار1 + و + بنه] بار و بارخانه و ههموو کهل و پهلی سهفهری بازرگانان به چواروێ و کاراونچیهکانیهوه، بنهوبارخانه.

**باروبوو** (نا. ل)[بار + و + بوو] بڕ: باربوو

**بارودۆخ** (نا. ل)[بار + و + دۆخ] لایەن و چلۆنایەتی بار و هەڵکەوتنی شتێک، هەلومەرج. (شرایط). ◊ ژن لە بارودۆخی ئیستاکەی دنیا دا بەرەو ئازادی پتر دەڕوا.

**بارۆشە** (نا. ل)[با1 + رۆش (رووشاندن) + ئە][ئەر] بڕ: باوەشێن

**باروونە** (گیا.)[؟] گیایەکە لە رەگەزی نەعنا، گەڵاکانی درێژ و باریکە، گوڵەکانی سپی یا بەنەوش و شین، بۆنی خۆشە و کوردەواری لە پەنیری دەکەن و دەیخۆن، Dracocephalum royleani ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، باڵنگ/٢، باڵنگوو، بادرەنگ.

**بارهەڵگر** (ئان. ل)[بار1 + هەڵگر] ١ـ حاڵی ولاغێک کە وەختی بار لێنانی هاتوە و توانای بار هەڵگرتنی هەیە. ٢ـ (مجـ.) کەسێک کە زەحمەت و ناڕەحەتی دەتوانێ قەبووڵ بکا.

**بارهەنگ** (گیا.)[بار + هەنگ] تۆوی گیا رکێشە.

**بارە**[1] (نا.)[؟] ئەم وشە بە تەنیا دە کار ناکردرێ و دەگەڵ (لە یا دە) دێ و مانای لەمەڕ، سەبارەت دەدا. ◊ لە بارەی وەفایی دا چتان پێخۆشە بینووسن.

**بارە**[2] (نا.)[پەهـ: بار] جار، کەڕەت، بار7. ◊ جاروبارە، دووبارە

**بارە**[3] (نا.)[ئەو: بەخێذرە ـ هەخ: بەخترە ـ پەهـ: بەهر، بەهرەک. ناو: بارە ـ باش: بەهرە ـ زا: بارە] ١ـ ١ـ بەهرە، سوود، قازانج. ٢ـ بەش، پاژ. ٣ـ بەشێک لە شەو و رۆژ. ◊ سێبارەی شەوێ.

**بارەبرا** (نا. ل)[بارە3 + برا][زا] شەریکایەتی لە شتێک دا بە نیوەیی، بەشدار، برابەش.

**بارەبەر** (نا. فا، نا. ل)[بار1 + ئە + بەر] هەر ولاغێک کە باری لێبنێن. ◊ من خۆم تەنیا ماڵ واماندەی دڵ تەنگ / بێ کەس بار سەنگی، پای بارەبەر لەنگ (مەولەوی ل ٢٢٥). ٢ـ هەر چی کە باری لێبنێن و بۆ بار بردن کەلکی لێوەرگرن.

**بارەشایی** (نا. ل)[بار1 + ئە + شایی] ئەوەندە شتەی کە ماڵە زاوا دەینێرنە ماڵە بووکێ بۆ ساز کردنی چێشتی شایی.

**بارەقەڵڵا** (شر.) بڕ: بارەکەڵڵا.

**بارەکەڵڵا** (شر.)[عەر: بارک الله] ١ـ رستەیەکە بۆ هاندان و بە مانای ئافەرینی خودات لێبێ، بارەقەڵڵا، ئافەرین. ٢ـ بۆ تەوس و لاتاو پێدادان بە کەسێک کەلکی لێوەردەگرن کە کار ە ئەرکی پێویست نەکردبێ. ⁘ بارەکەڵڵا! ئەوە بوو دەرس خوێندنەکەت. هەی بارەکەڵڵا ئاوات ئاگا لەو منداڵەی بوە؟ & بارەقەڵڵا

**بارەکی** (ئان. ل)[بار1 + ئەک + ئی] ولاغی باری کە گەیشتۆتە ئەوە بار هەڵگرێ، گەیشتنە تەمەنی بار هەڵگرتنی بارەبەر.

**بارەگـا** (نا. ل)[بار + ئە + گـا] ١ـ دەربار و کۆشکی شا و میران ٢ـ شوێنێک کە شا و پادشا ئیزنی چوونی خەڵک و دیتنیان دەدا. ٣ـ دەربار و سەرای لێ پرسینەوە لە لای خودا. ٤ـ جێگای سەرۆکایەتی پارت و حیزبەکانی سیاسی. & بارگا.

**تێبینی:** بار بە مانای ئیزن و ڕێ دانە و بارەگا دەبێتە جێی ئیزن دان یا جێیەکی کە ئازادە، بار لەم وشەیە دا هاوتایە دەگەڵ بەر بە مانای ئازاد (بەر دان) بەڵام لە کوردیی دا شێوەی بەرگا یا بەرەگا ساز نەبوە.

**بارەنگێو** (نا. ل)[بار1 + ئەنگێو] بەرهەڵست و دار و بەردی سەر ڕێ کە باری سەر بارەبەری وێکەوێ.

**باری 1** (ئان. ل)[بار1 + ئی] هەرچێک کە بۆ بار بردن و بار کردن دەست بدا. ⁘ ماشێنی باری، ئەسپی باری.

**باری 2** (ئان.)[زا] بڕ: باریک

**باری 3** (نا.)[عەر: باریء] خودا. ⁘ شوکرانەی باری قەت نابێ تەواو / شەواوێ بگرە بە فرمێسکی چاو (حەقیقی ل ٤٣). مەعلوومە بۆچی حاجی مەدحت دەکا بە کوردی/ تاکەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە مەدحی باری (حاجی قادر ل ١٤٤).

**باری 4** (نا.) بڕ: باریە

**باریک** (ئان.)[پەه: باریک. ناو: باریک ـ باش: باریک ـ هەو: باریک ـ زا: باری] ١ـ کەم بەر، ئەو شتەی بەر و پانایی کەمە.// پان. ⁘ ڕێگایەکی باریک بە نێو لێرەوار دا کێشرابوو. ٢ـ هەر شتێکی ئەستوورایی کەم بێ.// ئەستوور. ⁘ شووڵی باریک، لوولەی باریک. ٣ـ لاواز، لەڕ، کز. ٤ـ تەنگ. ⁘

کەمەر باریک. ٥ـ ئەندامی شووش. ≠ بەژن باریک. & زراڤ

**باریکان** (نا. ل)[باریک + ئان] بەنی باریک، بەنێک کە بە دانستە باریک ڕێسرابێ. **~ ڕێستن:** ١ـ بە تەشی بەنی باریک ڕێستن. ٢ـ (کنـ.) قسە زۆر درێژ کردنەوە و لێ نەبڕینەوە.

**باریکایی** (نا. ل)[باریک + ئایی] شوێنی هەرە باریک لە چاو شوێنەکانی دیکە کە هەندێک ئەستوورتر بن. ≠ دارەکە لە باریکاییەکەیەوە ببڕنەوە.

**باریک و بنیسی** (نا. ل)[باریک + و + بنیسی] ١ـ لاوازی و لەڕی لە رادە بە دەر لە بەر نەخۆشی پێوە نووسان. ٢ـ بڕ: ئازارەباریکە. & سەبنێسی، بنێسی

**باریکە** (نا. ل)[باریک + ئە] ١ـ دروومانی پەڕاوێزی جل و بەرگ. ٢ـ تیزماڵکێکی باریک لە چەرم، پارچە یا هەر شتێکی دیکە. ٣ـ (گیانـ.) ١٦ سانتیمێترە... پشتی بۆرە و بەرزگی کاڵ. ئەستوورایی باڵی خەتی ئاماڵ ڕەشی تێدایە. برۆی مەیلەوسپی هەیە. لاقی درێژ و زەردن. سەری خاڵی وردوردی تێدایە. بە باڕی سەر و پشت و سینگی ڕێ ڕێیە. لە ناو پنچکی بەیار و خیزەڵانان دەژی و زستانان دێتە ناو زەوی و زاران. لە ژێر پنچکان لە شوێنی نەدیو هێلانەی ساز دەکا (فەرهەنگی باڵندە ل ٩)، Anthus campestris ناوی لاتینی ئەم مەلەیە.

**باریکەڕێ** (نا. ل)[باریک + ئە + ڕێ] ڕێگای باریک، ڕێچکە، کوێرەڕێ.

**باریکەلانە** (ئان. ل)[باریک + ئە + لانە] بڕ: باریکەڵە

**باریکەلە** (ئان. ل)[باریک + ئە + لە] بڕ: باریکەڵە

**باریکەڵانە** (ئان. ل)[باریک + ئە + ڵانە] بڕ: باریکەڵە

**باریکەڵە** (ئان. ل)[باریک + ئە + ڵە] ١ـ حاڵی کەسێکی لاواز و کز. ٢ـ بەژنی شووش و باریک. & باریکەڵانە، باریکەلانە، باریکەلە.

**باریکیی** (حم.)[باریک + ئیی] باریک بوون. // ئەستووریی.

**بارین** (چا. ل)[ئەو: ڤار ـ پەه: ڤارییتەن. تات: ڤارەستەن ـ فار: باریدەن. باک: بارین ـ ناو: بارین ـ باش: وارین ـ هەو: وارای ـ زا: ڤارناییش] ١ـ هاتنە خواری دڵۆپی باران، دەنکی تەرزە

و گللێره یا کلوو بەفر لە هەورەکانەوە بۆ سەر زەوی. ٢ـ هاتنە خواری هەر شتێکی دیکە لە بەرزاییەوە بۆ زەوی. ؛؛ بەشکەم خودا پووڵێکمان بۆ ببارێنێ و ئێمەش دەوڵەمەند بین.

**باریۆم** (نا.)[فەر: baryum] کانزایەکە کە لە سروشت دا بە شێوەی سۆلفات و کەربۆنات دەست دەکەوێ، رەنگی سپی مەیلەو زەردە، هیچ گرینگایەتییەکی سەنعەتی نیە و تەنیا لە بزیشکی دا بۆ وێنە هەڵگرتنەوە لە ریخۆڵە و بۆ دروست کردنی شووشە و فیشەکەشێتە کەلکی لێوەردەگرن. کێشی ئەتۆمییەکەی ١٣٧ و ژمارەی ئەتۆمییەکەی ٥٦ ـ ە و Ba نیشانەی تایبەتی ئەم کانزایەیە.

**باریە** (نا.)[؟] ئامرازێکی درێژی قایمی کانزا یا هەر شتێکی دیکە کە بۆ هەڵکەندنی بەردی زل یا بۆ جووڵاندنەوە و بەرز کردنەوەی شتی قورس کەلکی لێوەردەگرن. باریە لە بن شتی قورسی دیاری کراو دەدەن و بەردێک یا شتێکی دیکەی چووکتر لە بن باریە دادەنێن و بە تەکانێک شتە قورسەکەی پێدەجووڵێننەوە، چلمێردە، لۆسە، نوێڵ، مەڵغە، باری، بەیرەم، بەرازە، گراستە، قەراسە، قراسە.

**بارێن** (نا. فا.)[لە: بارین] ئەوەی کە دەبارێ، ئەوەی کە وەک باران داکەوێ.

**بار**[1] (ئان.)[ناو: بار ـ باش: وار ـ هەو: وار ـ زا: ڤار] جووجکەیەک کە تەمەنی زەرنەقووتی تەواو کردوە بەڵام هێشتا بە تەواوی پێ نەگەیشتوە. ئەم وشە تەنیا بۆ بێچووی هەندێک مەل دە کار دەکردرێ. ؛؛ بارۆکە، کەوبار، بارەهەوێردە.

**تێبینی:** بار دەچێتەوە سەر خزمایەتی پێرێنایو ـ pərənāyu ی ئەوێستایی بە مانای باڵغ و پێگەیشتوو و پورنای pur-nāy پەهلەویی بە مانای باڵغ و لاو کە لە ریشەی پێرێنە pərəna ی ئەوێستایی بە مانای پڕ کەوتوون. کە بە گشتی دەبێتە کەسێک کە گەیشتۆتە تەمەنی بلووغ و سەردەمی چووکی تەواو یا پڕ کردوە. هەروەها لە زمانی سانسکریت دا بالە bāla بە مانای منداڵ و مێرمنداڵ هاتوە.

**بار**[2] (نا.)[ئین: bar] شوێنێک کە لەوێ بە پێوە یا لە سەر کورسی بڵیند دادەنیشن و مەی دەخۆنەوە. پێشخوانی مەیخانە.

**باراندن** (چا. ل.)[لە: بارە] دەنگ

هەڵبڕینی ئاژاڵ، باعاندن، باقانن.

**باڕژن** (نا.) بڕ: بارشت

**بـــاڕن** (نـــا. ل)[بـــا1 + رن (رنـــین)] بەفـــرێکی ویشکە با لـە شـــوێنی خـــۆی هەڵیدەگرێ و لە شـوێنی دیکە دەیبارێنێ و وەک ئەوە دەچێ کە بەفر ببارێ.

**باڕۆکــە** (نا. ل)[باڕ1 + ئۆکــە][ناو: باڕۆکـە، بـاڕەکـە، واڕۆک ـ باش: واڕگ ـ هەو: واڕۆکـــە ـ زا: ڤـــارکـــە، ڤـــاڕکـــە] جــووجکەی مــریشـک کـە تازە وە هێلکە کەوتبێ.

**بـــاڕۆگ** (نـــا. ل)[بـــا1 + رۆ + گ] شـوێنێک کە لە چاو شـوێنـی دیکە زۆرتر بای بگرێتەوە.

**باڕوو** (نا.)[ئەو: ڤـــارە ـ پەه: بار] وارش و دیواری قەڵا. ∷ نامەوێ بورج و باڕوو و تـالار / حـــوکـــمـــاتی شـــایی، دوازدەهـەزار سـوار (بارام و گـوڵندام ل ٤٣).

**باڕووت** (نا.)[تور: barut] تۆزێکی ڕەشـە کـە لە شـوورە و گـۆگـرد و رەژی سـازی دەکـەن و لە نێو فیشـەک و گوللەی دەکـەن بۆ تـەقـاندن، باڕووتی رەشـۆکی، دەرمـــان. || **باڕووتی بێ دووکـــەڵ:** بڕ: باڕووتی سـپی. **باڕووتی ڕەشـۆکی:** بڕ: باڕووت. **باڕووتی سپی:** جـۆرێک باڕووتە کـە لە سـەدەی نۆزدەهـەم لە ئورووپا سـاز کرا و لە جیات باڕووتی رەشۆکی دەکار هێندرا، باڕووتی بێ دووکەڵ.

**تێبینی:** باڕووت لە زمانی تورکییەوە چۆتە نێـو زمـانی کـوردیی و زمـانەکـانی دراوســـێ و ئـــەویـــش لـــە poudre ی فەرانسـەوی وەریگرتوە بە مانای پوودر و تۆزی تایبەتی کە گڕ دەگرێ.

**باڕووتخانە** (نا. ل)[باڕووت + خـانە] ئەو شوێنەی کە باڕووت و چەکی لێ ساز دەکەن، کارخانەی چەک و باڕووتسازی.

**بـاڕووتـدان** (نـا. ل)[بـاڕووت + دان] دەفــر یا کـیـســەیەکـە کـە زوو پیـاوی شـــەڕکـــەر یا راوچی لە بەرقـــەدیان دەبەست و باڕووتیـان تێـدەکـرد بۆ ئەو تفەنگانەی کە پڕ دەکرانەوە.

**باڕووتساز** (نا. فا، ئان. ل)[باڕووت + سـاز] کـەسـێک کـە کـار و ئیـشی سـاز کردنی باڕووتە.

**باڕووتسازیی** (حم.)[باڕووت ساز + ئیی] کار و پیشەی باڕووتساز.

**باڕووتیی** (ئان. ل)[باڕووت + ئیی] لە چـەشـنـی بـاڕووت، ورد وەک بـاڕووت. ∷ چای باڕووتیی.

**بارِە** (نا. د) دەنگی ئاژەڵ، دەنگی بزن و مەڕ، باعە، بالە، بێلە.

**بارِەبارِ** (نا. د)[بارِە + بارِ] ١ـ دەنگی پەیتاپەیتای ئاژەڵ. ٢ـ (مجـ.) قیژە و هەرای زۆری مرۆڤ & باعەباع، بالەبال، بێلەبێل.

**بارِەش** (نا. ل)[با1 + رەش] برِ: رەشەبا

**بارِەکە** (گیانـ.)[بارِ1 + ئەکە] برِ: بارِۆکە

**بارِەکەو** (گیانـ.)[بارِ1 + ئە + کەو] جوجکەی کەو، بێچووکەو، کەوبارِ.

**بارِەهەوێردە** (گیانـ.)[بارِ1 + ئە + هەوێردە] بێچووی هەوێردە، جوجکەی هەوێردە.

**بارِێزە** (نا. ل)[با1 + رێز (رێژ) + ئە] ١ـ بارانی بە دەم باوە، بارێژە. ٢ـ (گیا.) گیایەکە لاسکی درێژ و رەش باوە، گەڵای ورد و سێ گۆشەیە، وە کەرەوز دەچێ، لە شاخان لەو شوێنانەی کەمێ ئاویان هەیە شین دەبێ. لە کوردستان ئەم گیایە بۆ نەخۆشی میزگیران کەلکی لێوەردەگیرێ (قامووس ل ٣٠)، خاڵەرِەش، خاڵەرِەشە. ٣ـ [ئەر] بەر و میوەی کاڵ و کرمێ و خراپی دارەبەر کە با وەراندبێی، باوەرێن.

**بارِێژە** (نا. ل)[با1 + رێژ + ئە] بارانی بە دەم باوە، بارِێزە/١. ⁘ ئەوە لە لەشکری دەهاتە خوارێ / لەشکری میرە کوێرەی رەواندزێ / ئەوە هەروەکوو بارِێژەی دە بارانە (سروە ٧٥ ل ٣١).

**بارِێسە** (نا. ل)[با1 + رێس + ئە] [ئەر] تەختەیەکی چووک و تەنک کە بەنێکی تێدەکەن و بە دەست هەڵیدەسوورِێنن و لەبەر تەوژمێک کە ساز دەبێ دەنگی لێدێ، گڤگڤە، فرِفرِە.

**باز**[1] (گیانـ.)[پەهـ: باز. باک: باز ـ ناو: باز ـ باش: باز ـ هەو: باز ـ زا: باز] مەلێکی کێوی، دندوک خوار، چنگی بەقەو، پەرِ و پۆی مۆر و خاڵی رەشی لە سەرە، گۆشتخۆرە و باڵندە و گیانداری چووک راو دەکا و دەیخوا. لە سەردەمی کۆن پاشا و میر بۆ راوی مەلی دیکە بازیان رادەگرت و بازەوانی تایبەتیان هەبوو. Falco gyrofalco ناوی لاتینی ئەم مەلەیە. ⁘ دار پیر دەبێ و جارێک باز لە سەری دەنیشێ. || **بازی بەخت:** برِ: بازی دەوڵەت. ⁘ نیشتنی بازی بەخت هەڵکەوتە/ رێی وەها بۆ من

و هێمن چەوتە (حەقیقی ل ١٨٣). **بازی دەوڵەت:** بازێک بوە لە کاتێک پاشای وڵاتێک مردوە و کەس جێگری نەبوە، ئەو بازەیان هەڵفڕاندوە و لە سەر شانی هەر کەس نیشتبا ئەویان دەکردە پاشا، بازی یەقین، بازی بەخت، شابازی دەوڵەت. ***بازی دەوڵەت لە سەر نیشتن:** (کنـ.) بەخت روو تێکردن، چاک بۆ هاتن، بەختەوەر بوون. **بازی راو:** بازێک کە بۆ راو راگرترێ. **بازی سپی:** (کنـ.) هەتاو. ⁘ سایەیی پایە وەکوو باڵی هوما و بازی سپیم/ نە وەکوو بوومی قەدەم شووم و نە هەمرەنگی قەلم (نالی ل ٢٨٩). بناگۆشی لە چینی زولفیا دەرکەوتبوو، دەتوت/ ئەمە بازی سپی سوبحە، چوە بن باڵی زاغی شام (مەحوی ل ٢١٧). **بازی یەقین:** بڕ: بازی دەوڵەت. ⁘ بازی یەقینیان هێناوە/ هەردووک چاوی وی بەستراوە/ هەڵیان ئاویت راوەستاوە (مان ل ١٨٤).

**تێبینی:** باز لە ڤەزە vaza- ی ئەوێستایی بە مانای مەل کەوتوە و چاوگی ڤەز vaz لە ئەوێستا دا بە مانای فڕینیش هاتوە و لە پەڕەوازە، باڵەوازە، لانەواز دا هێشتا ئەو مانایە ماوە.

**باز**[2] (نا.)[ئەو: ڤەزەهـ ـ پەهـ: ڤاز. باک: باز ـ ناو: باز، بازد ـ باش: واز، باز ـ هەو: باز ـ زا: ڤاز] ١ـ پەڕین بە سەر شتێک دا، خۆ هەڵاویشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک، بازد. ٢ـ بڕ: سێ باز. ⁘ ئێستەش کەناری حەوشەکە جێی باز و کەوشەکە / یاریی تیایە یا بووەتە مەعرەزی نوفوور (نالی ل ١٩٢). ٣ـ [باک] را. ~ **بردن:** پەڕینەوە یا خۆ هاویشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دوورتر، باز دان، بازد بردن. ~ **دان:** ١ـ پەڕینەوە بە سەر شتێک دا بە هەنگاوێکی بەرز، باز بردن. ٢ـ لە بەرزاییەوە خۆ هاویشتن بۆ شوێنێکی نزمتر. & بازد دان. ٣ـ [باک] هەڵاتن، راکردن.

**تێبینی:** باز و هاوڕیشەکانی لە ریشەی ڤەز vaz ـ ی ئەوێستایی بە مانای رویشتن، بەزین و را کردن کەوتوە. بە گشتی ڤەز لە ئەوێستا دا جولانەوە و بزووتن نیشان دەدا و گەلێک وشەی کوردیی لەم چاوگەن.

**باز**[3] (نا.) ١ـ رێگا، رێ، رێباز. ٢ـ رێگای تایبەتی و ناسراو و دیاریکراو. ⁘ بازی بێریان، بازی پالان. ~ **ی رێ گرتن:** رێگا گرتن، سەر رێ گرتن.

:: ئەتۆ زۆرت دنیا قوونەکەو کردووە، زۆر دانیشتووی لە بازی ڕێ گرتن و لە جەنگ و لە شەڕ و لە ڕۆژی دڵ هێشانە (لاس و خەزاڵ ل ١٥٢).

**تێبینی:** باز بەم مانایەش لە هەمان چاوگی باز2 کەوتوە و جگە لەوە لە ئەوێستا دا پەث path بە مانای ڕێگایە و دەگەڵ باز بە لە بەر چاو گرتنی ئاڵ و گۆڕی پیتەکان هەر یەک وشەن.

**باز**[4] (پاشـ.) ١ـ لە چاوگی باختن (باختەن) ـ ی فارسی بە مانای دۆڕاندن و بەخت کردن دەکەوێ و بە دوای ناوەوە دەلکێ و مانای فەدا کردن و بەخت کردن دەدا. :: گیانباز، سەرباز. ٢ـ لە بازیدن (بازیدەن) ـ ی فارسی هەم بە مانای سەرەوە و هەم بە مانای کایە کردن و یاری کردن کەوتوە و بە دوای ناوەوە دەلکێ و (ئاوەڵناوی فاعلی یا ناوی فاعلی) ساز دەکا و مانای خەریک بوون و شارەزا بوون و یا ئۆگر بوون بەم ئیشە نیشان دەدا. :: کۆترباز، ژنباز،، کەوباز، قومارباز.

**باز**[5] (ئان.)[ئەو: پیس] ڕەنگی ڕەش و سپی پێکەوە، بەڵەک، بازوو، بازگ، بازە.

**تێبینی:** پیس بە مانای ڕازاوە و نەخش لە پەئیسە ـ ی ئەوێستایی کەوتوە. پەئیسە لە ئەوێستا دا بە دوو مانا هاتوە. یەک بە مانای پیسی و گولی و دووهەم بە مانای ڕازاوە، ڕەنگاو، جوان. ئەوەش لەبەر ئەمەیە کە لە نەخۆشی پیسیی دا پێستی لەش دوو ڕەنگ دەبێ. باز و هاوتاکانی بە مانای بەڵەک لە مانای دووهەمی پیس کەوتوون و ئاڵوگۆڕی پیتەکانیان بە سەر داهاتوە. هەروەتر باز دەگەڵ بۆز یەک ڕیشە و سەرچاوەیان هەیە و هەر یەکن و ماناکان هەندێک لێک ترازاون. (هس: بۆز)

**باز**[6] (ئاک.)[پەه: ئەپاچ] دیسان، هەر، دووبارە.

**باز**[7] (نا.)[فەر: base لە یون: Ba-sis] لە شیمی دا شتێکە کە لە تێکەڵاو بوونی ئۆکسیدەکان دەگەڵ ئاو پێک دێ و ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە ١ـ دەگەڵ ئەسیدەکان تێکەڵ بێ و خوێ (ملح) پێک بێنێ. ٢ـ ئەو ئاوەکییانەی کە بە هۆی ئەسید سوور بوون، شینیان بکا. ٣ـ ئاوێتەکەی ئەو ئەلکتریسیتە لە خۆی تێپەڕێنێ و تەجزیە بێ.

**بازار** (نا.)[باک ـ زا] ١ـ بازاڕ ٢ـ

شار. ٣ـ ڕۆژی یەکشەنبە.

**بازاڕ** (نا.)[هـەخ: ئەبـاچـەری ـ پـەه: ڤـاچار. باک: باژێر، بازار ـ نـاو: بازاڕ، بـاژێڕ ـ بـاش: بـازاڕ ـ هـەو: بـازاڕ ـ زا: بـازار] ١ـ شـوێنی سـەودا و کـڕین و فرشتنی کەڵ و پەل وپێداویستی ژیان. بـازار هـەم دەتـوانـی ریـزە دوکـــــان و جـێگایەکی داپۆشـراو بـێ و هەمـیش شـوێنێکی سـەر ئاوەڵا و مـەیدان بێ و کۆمـەڵە خـەڵکێک بۆ کـڕین و فـرۆش لە یەک کـۆ بنەوە. بازاری مـەیدانی پـتر لە گــوندەکـــان بـرەوی هـەیـە و لـەڕۆژێکی دیاری کراو بە تایبەت مەڕدار و چێودار پێکی دێن و مـاڵات دەفرۆشن یا دەکڕن. ٢ـ مـەعـامله، سـەودا. ٣ـ (کنـ.) درۆ و چیـرۆکی ڕێکخـسـتـە. ⁂ ئەو دوکـان و بازاڕە چیـە بۆ خـۆت داناوە؟ ٤ـ (کنـ.) سینگ و بەرۆکی یار. ⁂ نیشانیان داوم خـاتوون ئـەستی، سینگی دەڵێی بازاڕ و دوکانە/ محەللی تاجران لەوێ دەگرنەوە سەودا و معامـەلە و سانە (شێخ فەرخ ل ٢٥). ~ **خۆش بوون:** لە رمێن دا بوونی پیشـە و کار و مـەسـەلەیەک، برەو خۆش بوون، بازاڕ گــەرم بوون. ⁂ ئەوڕۆژانـە شـــایـی زۆرە و بازاڕی چاوەشـــان زۆر خۆشـە. ~ **شکان:** هاتنە خوارێ نرخ، هەرزان بوون و رمێن نەمان کاڵا، لە برەو کەوتن. ⁂ شـەهد و شەکەر ئەی قوربان بازاڕی شکا یەکجـار / لەو وەقـتـەوە وا دەرکەوت لەعلی لەبی شیرینت (ئەحمەد موخـتـار ل ٦٦). کاکۆڵی بە دەم باوە کە بادا بە بەدەن دا / بازاڕی شکا نافـە بە ســـەر چین و خـــوتەن دا (وەفـــایی ل ١٠). ~ **کردن:** سـەودا کـردن، کڕینی کەل و پەل لە بازار. ⁂ پیاوەکە بۆ سبەی شـتـمـان زۆر دەوێ بزانە دەتوانی بازاڕێ بکەی. ~ **کەسـاد بوون:** برەو نەبوونی پیشـە و کـار و مـەسـەلەیەک. ⁂ بازاڕی شێعر و شاعیری کەسادە. ~ **گەرم بوون:** بڕ: بـازاڕ خـــــۆش بـوون. ~ **هەبوون:** رمێن هـەبوون، فرۆشتنی کەل و پەل بە خـــەڵک، بە بـازاڕ بوون. // بـێ بازاڕ بـوون. ⁂ ئـەوڕۆ بازاڕم نـەبوو هـەر کـــەس بە لای دوکـــانەکـــەم دا نەهـات. **بـە ~ بـوون:** ١ـ بـازاڕ هـەبـوون. ٢ـ رسـتـەیەک کـە کـەسـێک بـە دوکـانداری دەڵێ بە مانای رمێن و فرۆش هەبوون. ‖ **بازاڕی خـۆش:** ١ـ بازاڕێک کـە کـڕین و فرۆشی زۆری تێدا بکرێ و رمێنی هەبێ. ٢ـ کـەســێک کــە دەسکەوتی لە هـەر بارێکـەوە زۆر بـێ. & بازاڕی گـــــەرم. **بازاڕی رەش:** بازاڕێک کـە جنسـەکـانی

گرانتر لە بازاڕ دەکڕن و دەفرۆشن و ئەم جنسانەش لە بازاڕ بە سانایی دەست ناکەون. **بازاڕی کەساد:** ١- بازاڕێک کە رمێنی زۆر نەبێ. ٢- کەسێک کە دەسکەوتی کەم بێ. **بازاڕی گەرم:** بڕ: بازاڕی خۆش. **بازاڕی مردوو:** بازاڕێک کە رمێنی زۆرزۆر کەم بێ وەک وەی هەر نەبێ.

**بازاڕپاشی** (نا. ل)[بازاڕ + باش + ئی] کەسێک کە زوو لە لایەن دەوڵەت یا میرەوە بە کار و باری نێو بازار و باژێڕ رادەگەیشت.

**بازاڕتیژیی** (حم.)[بازاڕتیژ + ئیی] پێهەڵکوتن بە شمەک و کاڵا بۆ وەگیر خستنی کڕیار و پێ فرۆشتنی، بازاڕگەرمیی، بازاڕخۆشیی.

**بازاڕچی** (ئان. ل)[بازاڕ + چی] بڕ: بازاڕی

**بازاڕخۆش** (ئان. ل)[بازاڕ + خۆش] کەسێک کە بە ئینساف شمەکەکانی دەفرۆشێ و کڕیار لێی رازییە، خۆش سەودا.

**بازاڕخۆشیی** (حم.)[بازاڕخۆش + ئیی] بڕ: بازاڕتیژیی.

**بازیبەند** (نا. ل)[بازی2 + بەند/١٣] بڕ: بازووبەند

**بازاڕگەرمیی** (حم.)[بازاڕگەرم + ئی] بڕ: بازارتیژیی

**بازاڕیی** (ئان. ل)[بازاڕ + ئیی] ١- (حم.) سەر بە بازاڕ، هەرچی پەیوەندیی بە بازاڕەوە هەبێ. ٢- کەسێک کە لە بازاڕ خەریکی فرۆشی کالایە، دوکاندار، بازاڕچی، ئەهلی بازاڕ. ٣- (مج.) کەمبایخ، سووک، کاڵایەکی بە دانستە و خۆماڵیی ساز نەکرابێ، شتی بێنرخ و نارەسەن کە بە پارە دەست دەکەوێ، شتی دونیایی. ∷ بەرگی دنیا هێندە کورت و کۆنە و بازاڕییە/ چونکە ناگاتە گونی دێوانەکەی لێی عارییە (نالی ل ٥٧٨). ٤- (مج.) کەسێک کە دوور لە مەعنەویاتە و پارە و بازاڕ و دونیای ماددیی لا گرینگە. ٥- (مج.) ئافرەتی سووک و هەرزە و حەکەدار کە خۆ بە خەڵک نیشان دەدا.

**بازالت** (نا.)[فەر: basalte] بەردێکی رەشی گڕکانیی سەخت و رەقە، مەڕمەڕی رەش، بەردی مەحەک.

**بازبازان** (نا. ل)[باز2 + باز2 + ئان][ئەر] بڕ: بازبازدێن

**بازبازانێ** (نا. ل)[باز2 + باز2 + ئان

+ ئێ][سۆر] بڕ: بازبازدێن

**بازبازدێن** (نا. ل)[باز2 + بازد + ئێن] ١- یار و کێ بەر کێیەکە منداڵان دەیکەن و لە شوێنێکی دیاری کراو بازد دەدەن بزانن کامەیان پتر دەپەڕێ، بازبازانێ، بازبازۆکێ، بازدبازدێن، بازدبازدۆکێ، بازبازان، پڕای. ٢- هەڵبەز و دابەزی و هەڵات هەڵاتی منداڵان.

**بازبازۆکێ** (نا. ل)[باز2 + باز2 + ئۆک + ئێ] بڕ: بازبازدێن

**بازبازێن** (نا. ل)[باز2 + باز2 + ئێن] بڕ: بازبازدێن

**بازبەند** (نا. ل)[باز (بازوو) + بەند] [باک - زا] بڕ: بازووبەند.

**بازپەڕێن** (ئان. ل)[باز1 + پەڕێن] کەسێک کە لە راو دا بازی پێیە و باز لە نێچیر بەردەدا، بازەوان، قوشچی.

**بازخانە** (نا. ل)[باز1 + خانە] شوێنێک کە باز و مەلی راوکەری لێرادەگرن، قۆشخانە.

**بازد** (نا.)[موک] بڕ: باز2. ~ **بردن:** بڕ: باز دان. ~ **دان:** بڕ: باز دان.

**بازدبازدۆکێ** (نا. ل)[بازد + بازد + ئۆک + ئێ][موک] بڕ: بازبازدێن.

**بازدبازدێن** (نا. ل)[بازد + بازد + ئێن][موک] بڕ: بازبازدێن

**بازدەبەران** (نا. ل)[بازد + ئە + بەران][موک] دوایین حەوتەی وەرزی زستان کە هەتاو هەموو رۆژێ جێگای ئاوابوونی دەگۆڕێ، بازەبەران.

**بازدەڵبازد** (نا. ل)[بازد + ئەل + بازد][موک] بڕ: بازبازدێن

**بازر** (گیانـ.)[باک] بڕ: بازڕ

**بازرگان** (نا. ل، ئان. ل)[پەه: ڤازارەکان] ١- کەسێک کە کاری کڕین و فرۆشتنی کەرەسە و کاڵای زۆرە و بە تێگراییە، تاجر. ٢- کوتاڵ فرۆش، بەزاز.

**تێبینی:** دوکتور موعین ریشەی بازرگانی بردۆتەوە سەر بازار + گان (بڕ: برهان ب ١ ل ٢١٩)

**بازرگانباشی** (نا. ل)[بازرگان + باش2 + ئی] گەورەی کاروان کە سەرۆکایەتی قەتار و بارەکانی بە دەستەوەیە و هەموو هی خۆیەتی، سەر بازرگان، باش بازرگان. ‡‡ وا پێ دەچوو بازرگانباشی زمانی کوردی نەدەزانی، وەرگێڕی هەبوو ... (دمدم ل ٣٩)

**بازرگانی** (نا. چا)[بازرگان + ئی] ١-

کاری کڕین و فرۆشتنی شمەکی زۆر، کار و پیشەی بازرگان. ٢ـ کوتاڵ فرۆشی، بەزازی.

**بازرە** (نا.)[ناو: بازرە ـ هەو: بازرە] ئەم وشە لە زاراوەی ناوەندیی دا بە تەنیا نایە و دەگەڵ چاوگی بوون و کردن دێ و بە گشتی مانای حاڵەتی کەوانەیی لە جووڵانەوە دا دەدا، لە دیوانی مەولەوی دا بە تەنیا بە مانای حەیوان و نێچیرێک کە لە شوێن خۆی بگەڕێتەوە هاتوە. ::: بازرە پڕتاو، کۆ چون تل مەوەرد / هەر بەرد بی نەو هەرد مەهەرد وێنەی گەرد (مەولەوی ل ٤٩١). ~ **بوون:** لە نەکاو هەستان و دەرپەڕینی نێچیر و گیاندار، دەرپەڕین. ::: ئەوە مامزی من بازرە دەبوو / هەر خۆی داویشتەوە سپیلکی دە سەر خانێ / ... (پایزە ل ٥٢). ~ **کردن:** ١ـ خۆ دزینەوەی نێچیر بێ ئەوەی راوکەر هەست پێ بکا، دەرپەڕین و راکردنی نێچیر و خۆ ون کردن. ٢ـ کەوانە کردنی هەر شتێکی باویشترێ، کەوانە کردن، بازرەقە بەستن. ٣ـ دەرپەڕاندنی نێچیر. ::: ئەوە مامزم بازرە دەکرد لە شیرین خەو دا، لە گەرمەلانێ (پایزە ل ٥٣).

**تێبینی:** هەردووک وشەی بازرە و بازرەقە لە vaza ی ئەوێستاییی بە مانای راکردن، بەزین و هەڵاتن و بە گشتی جووڵانەوە کەوتوون.

**بازرەقە** (نا.)[بڕ: بازرە] ئەم وشەیە بە تەنیا دەکار ناکردرێ و دەگەڵ چاوگی بەستن دێ و ئەم مانایانە دەدا. ~ **بەستن:** ١ـ دەرپەڕین لە نەکاو. ::: کەروێشکێک لە بەر پێم بازرەقەی بەست و هەڵات. ٢ـ فیچقە کردنی خوێن یا هەر شتێکی ئاوەکی دیکە. ٣ـ کەوانە کردنی شتی هاویشتراوی وەک تیر و گوللە، بازرە کردن.

**بازڕ** (گیانـ.)[باک: بازر ـ ناو: بازڕ، بازۆڕ، بازۆڕی ـ هەو: باڵزەڕ] مەلێکی چووکی راوکەرە، وەک بازە بەڵام چووکتر، رەنگی بۆرەڵووکەیە و بن سینگی سپییە، پاساری و مشک و گیانلەبەری چووکی دیکە راو دەکا، مشک گرە.

تێبینی: وێدەچی کە ئەم وشەیە لە پێشدا باڵ + زەڕ بوە و لە دوایی هەندێک سوابێ و ئەم شێوانەی دیکەی لێ پەیدا بووبێ.

**بازقەپان** (گیانـ.) بڕ: باشقەپان

**بازک** (نا.)[زا] بڕ: بازنە

**بـــازگ** (ئـــان. ل)[بـــاز5 + گ] بـــڕ: بازوو2

**بازگـه**[1] (نا. ل)[باز3 + گـه] ڕێگای هات و چۆی مامز و بزنە کێوی. ڕاوچی ئەم ئاهەرێیانە دەبیننەوە و لە شوێنێک دەچنە سـێـپـەوە و کـاتێک بۆ ئاو خـواردنەوە بەوێدا تێـدەپەڕێن تەقـەیان لێدەکەن و ڕاویان دەکەن.

**بازگە**[2] (نا. ل)[باز2 + گە] ئەو شوێن و جێگایەی کە لەوێوە باز بدەن، شوێنی باز دان.

**بازگەشت** (نا. چا)[فار: بازگشت] ١ـ گـەڕانەوە. ٢ـ پاشگەز. ٣ـ پەشـیـمـان. ~ **بوونـەوە:** ١ـ پاشگـەز بوونـەوە. ٢ـ پەشـیـمـان بوونەوە. :: خـەجێ دەیکوت ئامۆزا سیامەند لە قەولان بازگەشت نیم ئەمما گـەلێکت لێـدەترسـێم (گـەنج ل ٣٦٤).

**بازن** (نا.) بڕ: بازنە

**بـازنـد** (نا.) ١ـ (ئا.) بڕ: بـاسـک. ٢ـ (ئا.) ئەو شـوێنـەی دەست کـە بـازنـەی تێدەکردرێ، مەچەک. ٣ـ بازنە/١.

**بازنگ** (نا.) بڕ: بازنە

**بـازنـە** (نا.)[بـاک: بازن ـ نـاو: بـازن، بازنگ، بازنە ـ باش: بازنە ـ هەو: بازن ـ زا: بازن، بازک] ١ـ ئاڵقـەیەکـە لە زێڕ و زێو یا لە شـتـی ئاسـای دیکە وەک شـووشـە کە ژن بۆ جوانی لە دەستیان دەکـەن، بازند، دەسـبـێنک، دەسـینە، دەسـبـەنی. ٢ـ ئاڵقـەیەکی ئاسنە وەک ئەنگوسـتـیلە و حـەڵقـە بۆ بەرگـری لە شکانی پتـری دار و گـۆچان تێی هەڵدەکێشن. ٣ـ جـەغز، دایرە. || **بازنەی کـوردیی:** جـۆرێک بازنـەی زێڕی دەسـتی ژنانە کـە دراوێکی زێڕی بە زنجـیـرێکی کورتەوە پێوەیە.

**تێبینی:** ڕێی تێدەچێ کە ئەم وشـەیە لە پێـشـدا بازوونە یا بازینە (هـەروەک دەسـینـە) لە بازوو یا بازی + ئینە پێک هاتبێ و لە دوایی سـوابێ و بووبێـتـە بازنە.

**بازنیـشـەسـتـە** (نا. مـفـ.)[فـار: بازنشستـە] ١ـ کەسێک کە لە پیـریی، نەخـۆشـیی یا هـۆی دیکە لە کـار کـردن ئازاد دەکرێ و پارەیەکی دیارییکراوی بۆ دەبڕنەوە، تەقاعود ٢ـ (مجـ.) خـلاسی لە کار و بێگارێک. ~ **بوون:** لە کار ئازاد بوون و پارەی تەقاعود وەرگرتن.

**بازۆڕ** (گیانـ.) بڕ: بازڕ

**بازۆڕی** (گیانـ.) بڕ: بازڕ

**بـازۆڵـە** (نـا. ل)[بـازوو1 + ئـۆڵـە] ئەستوورایی باسک، بابۆڵەی باسک.

**بازوو**[1] (ئا.)[ئەو: بازو] بڕ: باسک

**بـازوو**[2] (ئـان. ل)[بـاز5 + ئـوو] ١ـ گـایەکی کلک و لاقی سـپی بێ. ٢ـ هەر شتێکی دوو ڕەنگ یا ئەبڵەق بێ، بەڵەک، بازگ، بازە، باز.

**بازووبەن** (نا. ل)[بازوو1 + بەن][ئەر] بڕ: بازووبەند

**بازووبەند** (نا. ل)[بـازوو1 + بەنـد] [پەه: بازێپـانەک. باک: بازبەند ـ ناو: بازووبەند، بازووبەن، بازیبەند، بازیوەن، بازیبەن ـ هەو: بازووبەن ـ زا: بازووبەند، بازبەند] ١ـ کوتە چەرمێکی ساز کراوە کـە پاڵەوان لە باسکیـان دەبەست. ٢ـ نوشتـە و دوعـایەک کـە لە باسک دەبەسترێ. ٣ـ خشڵێکە وەک بازنە بەڵام پانتر کە پتر لە زێڕ یا زێو ساز دەکرێ و ژنان دە باسکیـان دەکـەن، قـۆڵ بەند، قۆڵەوان.

**بازووکـا** (نز.)[ئین: bazooka] چەکێکی شەڕە، سووکە و هەڵدەسووڕێ، بۆ ئامانجی گەورە کەلکی لێ وەردەگرن و لە سـەر شـان دادەنـدرێ و دەهاویشترێ. بۆ یەکەم جار ئامریکا لە شـەڕی دووهەمی جـەهانی دەکاری کردوە.

**بـازە**[1] (ئـان. ل)[بـاز5 + ئـە] بـڕ: بازوو2

**بـازە**[2] (نـا.)[؟] ١ـ پـارچـەیەکی ئەستـوور و گـەرمـە، لایەکی هەندێک تیسکنە و پتر دەیکەنە دەرپێ و لە کاتی سـەرما دەبەری دەکەن، بەمـبازی. ٢ـ [باک] جاو

**بازەبەران** (نا. ل)[باز2 + ئە + بەران] بڕ: بازدەبەران

**بازەرە** (گیانـ.)[بازە1 + رە (لە)][هەو] بڕ: جاڵجاڵۆکە

**بازەڵە** (ئان. ل)[بازە1 + ڵە] ١ـ هەر شتێک کە هەندێک بەڵەک بێ. ٢ـ (گیانـ.) بێچووی بەراز، کوودەڵە، کوودەرە، بزەڵە. ٣ـ منداڵێک کە گەورە بووبێ. ٤ـ منداڵی قۆشمە و فێڵەزان کە دەیەوێ بە قسە گەورەتر لە خۆی هەڵخەڵەتێنێ و لە زیتەی چاوەکانی را دیارە فریوت دەدا. ٥ـ کەسێک کە شەرمی شکاوە و بە راشکاوی هات و چۆ دەکا یان قسان دەکا. ~ **خوێندن:** زۆرزان و فێڵەزان بوونی منداڵ.

**بـازەڵـێـن** (نـا. ل)[بـازەڵـە + ئـێـن] کایەیەکە لە نێو کچۆڵانی موکریان دا. کایەکە بەمجۆرەیە پێنج بەردی چووکی پان لە سـەر لەپی دەست دادەنێن و هەڵیداوێن و دەیخەنە سەر پشتی دەست و حەول دەدەن هەمووی بگرنەوە ئەگەر هەموو بکەونە زەوی و چ نەکەوێتە سەر پشتی دەستی ئەو کچە دەخیچێ بەڵام ئەگەر چەند دانەیەک بکەون ئەوا دەبێ هەر ئەو جۆرەی کە بەردەکانی لە سەر پشتی دەستە بەردەکانی زەوی بە دوو قامکی شادە و گەورە هەڵیان گرێتەوە و دوایی بەردەکانی پشت دەستیشی هەڵاوێ و لە سەر لەپ خڕیان کاتەوە، کە لەووە تەواوی هات ئەودەم بەردێک وەلا دەنێ و بە چواران درێژە بە کایە دەدا هەتا هەموویان تەواو دەکا. کچێک کە ئەو کایە بباتەوە لایەکەی دیکە سزا دەدا، قەمچان، رێخان، پێنج بەردە، پێنج بەرک، پێنجۆک.

**بازەوان** (نـا. ل، ئان. ل)[باز1 + ئە + وان] کەسێک کە لە بارەگای میر یا دیوەخانی ئەرباب ئەرکی ئاگاداری و بار هێنانی باز و مەلی راوکەری دیکەی بۆ راو بە ئەستۆوە بوو و لە کاتی راوێش دا، بازی لە نێچیر بەردەدا، قووشچی.

**بازی**[1] (نا.)[تات: ڤازی ـ فار: بازی. ناو: بازی، وازی ـ هەو: بازی] ١ـ گاڵتە. ⁂ بازیت پێ وەردەن هەر یەک وە لایێ/ سەدای دایەنان وە لایەلایێ (مەولەوی ل ٤٢٩). ٢ـ [قـوچ] وەردێنە. ٣ـ یاری، کایە، وازی.

**بازی**[2] (نا.)[بڕ: باسک] بە مانای بازوو و باسکە کە لە هەندێک وشەی لێکدراو دا دەبیندرێ. ⁂ بازیوەن، بازیبەند.

**بازیبـەن** (نا. ل)[بازی2 + بەن1][ئەر] بڕ: بازووبەند

**بازیبەند** (نا. ل)[بازی2 + بەند] بڕ: بازووبەند

**بازیهەوایی** (نا. ل)[بازی1 + هەوا + ئی][ئەر] بڕ: بادەوە1

**بازیوەن** (نا. ل)[بازی2 + وەن1][ئەر] بڕ: بازووبەند

**باژاله** (نا.)[باک] بڕ: باژیله

**باژک** (نا.)[بڕ: باجک][زا] بڕ: بیبار

**باژەڵە** (نا.) بڕ: باژیله

**باژۆر** (نا. ل)[؟] دەگەڵ چاوگی کەوتن دێ و مانای هەوا و کەڵکەڵە دەدا. **وە ~ کەوتن:** هەوا و کەڵکەڵەی کارێک لە

سەر دان، لە کەللە دان. :: کاکم وەباژۆر کەوتوە ببێتە دوکتور. ئەو کچە وەباژۆر کەوتوە بۆ مێرد کردن.

**باژەن** (نا. ل)[با1 + ژەن][باک] بڕ: باوەشێن

**باژیلە** (نا. ل)[؟] ١ـ نەخۆشییەکە لە بەر موسلّدانی منداڵی نێرینە دەدا و میزی پێناکرێ. (کشت و کاڵ ب ١ ل ٢٨). ٢ـ نەخۆشیەکی پێستی منداڵانەیە. (وەهبی ل ٦). زیپکەیەکە کە لە لەش و پێی منداڵ دێتە دەر (مەردووخ ب ١ ل ١٠١) & باژەڵە، باژالە.

**باژێڕ** (نا.)[بڕ: بازاڕ] ١ـ بازاڕ ٢ـ شار

**باژێڕی** (ئان. ل)[باژێڕ + ئی] کەسێک کە لە شار بژی، شاری، شارستانی.

**باس**[1] (نا.)[عەر: بحث] ١ـ هەواڵ، خەبەر. :: خەبەر و باسی کاک کەریمت نییە؟ ئەوە چ باسە ئەو منداڵانە بۆ دەگرین. ٢ـ لێدوان و لێکۆڵینەوە لە سەر مەسەلەیەک. :: رۆژنامەکان باسێکی دوور و درێژیان لە سەر کوردستان نوسیوە. ٣ـ رووداو و مەسەلەی شیاوی سەرنجی خەڵک. ~ **داکەوتن:** بڵاو بوونەوەی قسە و باسی کەسێک بە بەربڵاوی وەها کە هەموو کەس پێیبزانێ. ~ **کردن:** ١ـ وتووێژ کردن. ٢ـ گێرانەوەی قسە بە درێژی. ٣ـ قسە کردن، مەسەلەیەک هێنانە گۆڕ. :: باسی پارە مەکە هیچت نادەمێ. هەر باسی ژن بکەی نارەحەت دەبێ. ~ **هەبوون:** هەواڵ و خەبەرێک هەبوون. || **باسی سەر:** خەتەر، مەترسی. * **باسی سەر بوون:** جێی مەترسی بوون، گیان و سەر لە خەتەر دابوون. :: بە شەو منداڵی چووکە بەتەنێ ناردنە دەر باسی سەرە.

**باس**[2] (نا.)[بڕ: باسک] بڕ: باسکێش

**باستان** (نا.)[پەه: باستان] کۆن، قەدیم.

**باستانی** (ئان. ل)[باستان + ئی] هەرچی کە پێوەندی بە کۆنەوە هەبێ، قەدیمی، کۆنینە، کەونارا.

**باسترمە** (نا.)[تور: باسترمە] گۆشتی ئامادەی گا یا خووک کە ئێستاکە لە کارخانە ساز دەکرێ و دەنێو ریخۆڵەی دەکەن و بە رووتی و بە سوورکراوەیی دەیخۆن، باستورمە، باسورمە، کاڵباس.

**تێبینی:** باسترمە لە چاوگی باسترماخ بە مانای تێنان و تێخستن کەوتۆتەوە و دەبێتە تێ ئاخنراو.

**باستورمه** (نا.) بڕ: باسترمه.

**باستیک** (نا.) بڕ: باسلق

**باسریشک** (نا. ل)[با1 + سریشک] کرێوه یا بارانی دەگەڵ باوه.

**باسقەپان** (گیان.) بڕ: باشقەپان

**باسقەندە** (نا. ل)[باس2 + قەندە] بڕ: باسقەننە.

**باسقەننە** (نا. ل)[باس2 + قەننە] پارچە دارێکی باریکی بەڵاڵووکە ناوەکەی دەردەدەن و پتر لە سەری سەبیلەی دەنێن، باسقەندە.

**باسک**[1] (نا.)[هیک: باهو - ئێک: بازو - ئەو: بازو - پەه: بازاک، بازای، بازێ، بازەئی، ڤاز، باژاک - خوت: بایسو. باک: باسک، بازوو - ناو: باسک، باهۆ، باهوو، بازوو - باش: بازوو - هەو: بازوو، باسک، باهۆ - زا: باسک، بازوو، بۆژی] ١- (ئا.) بەشی سەرەوەی دەستی مرۆڤ لە شانەوە هەتا ئانیشک. ٢- بەشێک لە کێو کە وەک باسکی مرۆڤ لێژایی کەوتۆتێ و بەرەو نزمایی دادەکشێ، بستوو، مله، باهوو، یاڵ، کلکه. ٣ - بەشێک لە ئاموور، (بڕ: باسکێش). ٤- دارجگەرەی درێژ، دەمنە، مۆدنە. ٥- [باک] باڵی مەل و پەلەوەر. ٦- (نز.) بەشێک لە سپا و لەشکر کە لە یەکێک لە لایەکان (راست یا چەپ) هەڵکەوتبێ. :: سەربازەکان لە نێوان دوو باسکی دوژمنەوە گەمارۆ درابوون.

**باسک**[2] (ئان. ل)[باس (باز5) + ک] ١- هەر شتێکی دوو رەنگ یا ئەبڵەق بێ، بەڵەک، بازگ، بازە، باز، بازوو. :: قەلەباسکە. ٢- دورە، دوورەگ. :: باسکەسەگ

**باسکڵاو** (نا. ل)[باس2 + کڵاو] گەڵای پان و گەورەی رێواس.

**باسکووڵ** (نا.)[فەر: bascule] جۆرێک قەپانی گەورەیە بۆ کێشانی باری زۆر قورس.

**باسکەسەگ** (نا. ل)[باسک2 + ئە + سەگ] سەگێکی دورەی نێو قەد تەنگە لە دایک تاژی و باوک سەگ بوە.

**باسکەمله** (نا. ل)[باسک1 + ئە + مل + ئە] داری گەورە و کۆلکە داری وشک بۆ سووتاندن، پیلەوار.

**باسکەمەله** (نا. ل)[باسک1 + ئە + مەله] جۆرێک مەلەیە کە دەستەکان بە تەواوی رادەوەشێندرێن و بە قەوەی باسک مەلەی دەکەن، مەلەباسکە.

**باسکەوجاڕ** (نا. ل)[باسک1 + ئە + هەوجاڕ] بڕ: باسکێش

**باسکیتبال** (نا. ل)[ئین: bas-ketball] جۆرێک یاری تۆپێنە کە دوو دەستەی پێنج کەسی لە مەیدانێکی تایبەتی دەیکەن و تۆپەکە لە شتێکی وەک سەوەتە تۆڕی کە لە بەرزایی هەلاوەسراوە داوێن و هەر لایەک پتری تێ باوێ دەیباتەوە.

**باسکێش** (نا. ل)[باسک1 + هێش1] پارچەیەک لە دوو پارچەی هەرەگەورەی ئامووره. دارێکی درێژی راستە کە سەرێکی بە نیر بەستراوە (بۆسە نیر و ئاموور پێک دەلکێنێ) و سەرەکەی دیکە دەکەوێتە سەر دووهەم پارچەی ئاموور یانی دەندە (شەمشیرە باسکێش و دەندە پێک دەلکێنێ)، مژان، مژانە، باس، باسک، باسکەوجاڕ.

**باسلق** (نا.)[تور: باسدق] خواردەمەنییەکی شیرینە لە نیشاستە و شیرەی ترێ. نیشاستە و شیرە پێکەوە دەکوڵێنن هەتا پەیت دەبێ لە دوایی کاکڵە گوێزی دەنێو دەنێن و بەنی تێهەڵدەکێشن و لوولەی دەکەن و هەڵیدەگرن بۆ زستان، باسوخ، باسوز، باستیک، باسووق.

**باسوخ** (نا.) بڕ: باسلق

**باس وخواس** (نا. ل)[باس1 + و + خواس] دەنگوباس، هەواڵ، خەبەر. :: باس و خواسی کاک هەباس چیە لێر و لەوێ باسی دەکەن.

**باسورمە** (نا.) بڕ: باسترمە.

**باسوز** (نا.)[ئەر] بڕ: باسلق

**باسووق** (نا.) بڕ: باسلق

**باسیل** (نا.)[لات: bacillum] جۆرێک باکتری باریکی وەک میلەیە، بە چاو نابیندرێ و ئازار و نەخۆشی دێنێ وەک ئازارەسی.

**باش**[1] (ئان.)[باک: باش ـ ناو: باش ـ هەو: باش ـ زا: باش] ١ـ کردار و خوو و خدەی پەسەند لە مرۆڤ دا، چاک، خاس، قنج، خوو. :: کوڕی باش، ژنی باش. ٢ـ بە کەلک، رێک و پێک و دروست ساز کراوی هەر شتێکی دەسکردی مرۆڤ. :: دیواری باش، داشقەی باش. ٣ـ زانا، تێگەیشتوو. :: مامۆستای باش، مەلای باش. ٤ـ گیانداری قەڵەو و پەروەردە. :: مەڕی باش، گای باش. ٥ـ ساغ، سلامەت. // نەخۆش، نەباش. :: حەمە

دوو ڕۆژە حاڵی باش نیە. ٦ـ (مجـ.) زۆر، ڕادەی پێـویسـت. ⁖ خـەڵکێکی بـاش هاتبوونە تەماشا. **~ بوون:** ١ـ نەخۆش نەبوون، ساغ بوون. ٢ـ چاک بوون، بەرەو چاکی ڕۆیشتن. ⁖ کوڕەکـەمان ئێسـتا زۆر باش بـوە و دەسـتـی لە شـەوگـەڕی هەڵگرتوە. **~ بوونەوە:** ١ـ لە نەخـۆشی هەستانەوە. ٢ـ چاک بوونەوە و وەک خۆ لێـهاتنەوەی شـتی خـراپ و بـرینی لەش. بـاش کـردن: ١ـ گـۆڕینی حـاڵەت لـە ئاسـاییـەوە یان خـراپییـەوە بەرەو چاکی. ⁖ داهـاتنی کـومـبـاین داهـاتی جـوتێـران زیاد و ژیانیـان بـاش دەکـا. ٢ـ کـاری چاک و ڕێک و پێک کردن. ⁖ باشت کرد نـەهـاتـی! **~ کـردنـەوە:** ١ـ چـاک کـردنەوەی نەخـۆش. ٢ـ چاک کـردنەوەی شتی خراپ و لە کار کەوتوو.

**باش**[2] (نا.)[تور: باش (سـەر)] لە پاش و پێش بە وشـەوە دەلکێ و مـانـای سـەر، سـەرۆک، گـەورە و مـەزن دەدا. ⁖ سووریاش. باشچاوەش، باش وەستا.

**تێـبـینی:** ئەم وشـەیە لە سـەردەمی دەسـتـەڵاتی عوسـمـانیـەکان چۆتە نێـو زمانەکانی دەوروبەرەوە.

**باشـار** (نا.)[تور: başarı] دەرەقەت، دەرچوست. **~ بوون:** بـەربـەرەکـانـی کـردن، لە ئاست کـەسـێک ڕاوەسـتـان، پێـوێران. **~ کـردن:** توانایـی ئەنجـام دانی کارێک هەبوون، پێوێران، دەرەقـەت هاتن. ⁖ ژن ئەگـەر لە لانـی خـراپەی دا کەس باشاری ناکا.

**باشبازرگان** (نا. ل، ئان. ل)[باش2 + بازرگان] بڕ: بازرگانباشی

**باشچاوەش** (نا. ل، ئان. ل)[باش2 + چاوەش] سەرۆک و هەمەکارەی دەستەی چاوەشان، گەورەی چاوەشان.

**باشق** (نا.)[باک] بڕ: باشوو

**تێبینی:** باشق عەرەبیکراوی باشۆک ـ ی کوردییە کە لە عەرەبییەوە چۆتەوە نێو زاراوەی باکووریی.

**باشقەپان** (گیانـ.)[؟] جۆرە مارێکی ئەستووری درێژی زەردە سەر کلکی خڕە (خـاڵ ب ١ ل ١٠١)، بازقـەپان، باسقەپان.

**باشنا** (نا.)[زا] بڕ: باڵنج

**باشگا** (نا. ل)[باش2 + گا] شوێنێک کـە کـۆمـەڵێک بۆ وەرزش و یاری و کـایە لێی کۆ دەبنەوە.

**باشـوەسـتا** (نا. ل، ئان. ل)[باش2 +

وەستا] گەورەی کرێکار و بەردەستان، سەروەستا. ⁂ ئەو چەنەی رەنگ شاخی زێرین بۆ تۆم پەروەردە کرد، دڵم نایێ، دە مست وەستای ناشی نێم، وەستایێکی باشوەستا ببێ، سەبرسەبر نەرم نەرم زەحمەتی نەدا لە مەسقەڵ کێشانێ (مان ل ٨٥).

**باشۆ** (گیانـ.)[باکـ] بڕ: باشوو

**باشۆک** (گیانـ.)[باشۆ + کـ][باکـ] بڕ: باشوو

**باشۆکە** (گیانـ.)[باشۆ + کە] بڕ: باشوو

**باشوو** (گیانـ.)[باک: باشۆک، باشۆکە، باشۆ، باشق ـ ناو: باشە، باشوو، باشووکە، باشۆکە، واشە ـ باش: واشە، باشە ـ هەو: واشە] باڵندەیەکی گۆشتخۆری راوکەری چووکە لە رەگەزی باز و بچووکتر لەو، رەنگی چاوی زەردە، سەر پشتی بۆر و بەر زگی سپییە و لە ئاسمان لە مەلی دیکە دەدا و راویان دەکا، Falko nisus ناوی لاتینی ئەم مەلەیە.

**تێبینی:** باشوو و هاوتاکانی لە بنەڕەت دا دەگەڵ باز یەکن و یەک ریشەیان هەیە و لە دوایی بۆتە ناوی دوو باڵندەی جیا. باشە هەر وەک باز لە ریشەی ڤەزە vaz ی ئەوێستایی بە مانای مەل کەوتۆتەوە. (بڕ: باز 1)

**باشوور** (نا.) یەکێک لە چوار لای جوغرافیایی کە بەرابەری باکوورە، لای قبلە.

**تێبینی:** نازانم ئەو وشەیە کەی و چلۆن ساز بوە، بەلام پێموایە ئەم وشەیە (بۆ ژوور) یان (بەرەوژوور) بوە و لە بەرابەر باکوور دا شێوەی باشوور ـ ی بەخۆوە گرتوە.

**باشووریی** (ئان. ل)[باشوور + ئیی] ١ـ هەرچی کە پێوەندی بە باشوورەوە هەبێ. ٢ـ هەرچی لە لای باشوور هەڵکەوتبێ. ٣ـ یەکێک لە زاراوەکانی زمانی کوردیی کە لە باشووری کوردستان هەڵکەوتوون و بریتین لە بن زاراوەکانی لەکی، فەیلی و ...

**باشووکە** (گیانـ.)[باشوو + کە] بڕ: باشوو

**باشە** (گیانـ.) بڕ: باشوو

**باشەڵ** (نا.) بڕ: باشێڵ

**باشێڵ** (نا.)[؟] چارۆکەیەکە کە ژنان بە کۆڵی دادەن و دوو سەرەکەی لە

پشـــتـــيـــان دەبەسـتن بۆ ئـەوەی شـــتـی تێبکەن، باشـەڵ، کۆڵوانە.

**باشی** (پاشـ.)[تور: باشی] بـە دوای ناوەوە دەلکێ و مـــــانـای ســــەرۆک، ســــەردەســـــتـــــە، گـــەورە دەدا. ⁘ بازرگانباشی، وەستاباشی.

**باع** (نا. د) دەنگی بزن و مەڕ.

**باعاندن** (چا. م)[لە باع] بڕ: باڕاندن.

**باعە** (نا. د) بڕ: باڕە

**باعــەباع** (نا. د)[بـاعــە + باع] بڕ: باڕەباڕ

**باعـــــيس** (نـا.)[عـــەر: باعث] هـۆ، ســەبەب، هانە، باعـيـسكار. **~ بوون:** بوونە هۆی مەسـەلە و کارێک، باعيسكار بوون. **~ ی کەسێک بوون:** بوونە هۆی پێشهات و کارەساتی خراپ و نالەبار بۆ کەسـێک. ⁘ کێ باعـيـسی ئێمـە بوو يا خـودا بەردی لێـبـارێ (کـانی مـرادان ل ١٥٣).

**باعيسكار** (ئان. فا)[باعيس + کار] کـەسـێک کـە دەبێـتـە هـۆ و باعـيـسی مەسەلە و کارێک. **~ بوون:** بڕ: باعيس بوون. ⁘ هەرچـەند خـراپە پيـاو ببێ بە باعــيس و باعــيـسكاری دڵان (لاس و خەزاڵ ل ٥١).

**باغ[1]** (نا.)[سـوغ: باغ ـ پەهـ: باغ. بير: باق ـ فـار: باغ. باک: باغ ـ ناو: باغ، باخ ـ باش: بـاخ ـ هـەو: بـاخ، بـاغ ـ زا: بـاخ] ١ـ پارچە زەويـيــەکـی ديـاری کـراوە کـە دارەبـەری تێـدا دەچـەقـێنن، مـڵک. ٢ـ پارچە زەويـيــەکـی تايبــەتی بـۆ رەز. ٣ـ (مـجـ.) سـينگ و بـەرۆکی يار و گـراوی. ⁘ لە کـۆسـرەتی شـاڵەبەگيـيـان هـەلاڵ و بەيبوون و گياخاو تێکچڕژاوە / لە باغی مەرزينگان هـەنار و هـەنجير گوڵيان داوە (شۆڕمـەحمـوود ل ٦٩). **~ بڕين:** ١ـ بە تالان بردن و دزينی بەر و ميوەی باغ. ٢ـ بڕينەوەی دارەکانی بـاغ لە لايەن کەس يا کـەسـانێکەوە کـە دوژمنايـەتيـان دەگـەڵ خــاوەن باغ هـەيە بـۆ وەشــاندنـی زەبر و زەخـــتـی خــۆيان. ٣ـ هـەڵپـــەرتاوتن و هـەرەس کـردنی مێـو و رەز لە سـەرەتای بەهار بـۆ بـەردانی پتـــر، باغ بڕينـەوە. **~ بڕينـەوە:** بـڕ: بـاغ بـڕيـن/٣. **~ نانەوە:** چەقــاندنی شـــەتڵ و نەمـــام بۆ گـەورە بوون و پێگـەيشـتن و بوونە باغ. ⁘ باغ نانـەوە هاســـانـە / بەرهـەم هێـنانی گـرانە (پەند). || **باغی بە بەر:** ١ـ باغـێک کە دارەکانی بەريان دابێ و گـەيشـتبێـتە بـەر. ٢ـ (کنـ.) کـــــــــەسی بـە ئـاوات

گەیشتوو. **باغی بەهەشت:** ئەو باغەی کە لە بەهەشت ساز کراوە، باغی جەننەت، باغی قودس. ⁖ ناوی زەنەخدانت لە ناو باغی بەهەشتا بێتە نێو/ سەر وەردەگێڕێ باخەوان هەر جێبەجێ بۆ تف لە سێو (مەحوی ل ٣٦٣). **باغی ترێ:** زەوییەک کە تایبەت دراوە بە دارەمێو و ترێ، باغی مێو، باغەمێو، رەز. **باغی جەننەت:** بڕ: باغی بەهەشت. ⁖ دەمێکی هەستە پێ قوربان جەماڵت عالەم ئارا کە / بزانن نەخلی تووبا، باغی جەننەت، خار و خاشاکە (وەفایی ل ١٢٨). **باغی ساوا:** ١- باغێک کە تازە نابیانەتەوە. ٢- (کنـ.) بەر و سینگ و مەمکی تازە پێگەیشتووی کچ. **باغی سێوان:** ١- باغێک کە هەموو دارەکانی دارە سێو بێ. ٢- (کنـ.) سینگ و بەرۆکی یار. ⁖ لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان/ بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان (نالی ل ٣٢٠). **باغی شەدداد:** بڕ: باغی ئیرەم. ⁖ جا دەبێ سینگتم بۆ پکەی بە باغی شەدداد و بۆم هەڵبێبی دوو گۆشەی چاوە/ هێندێک بڵێن: حۆری عاسمانە و هێندێکیش بڵێن: خێر، کۆترە و سەری لێشێواوە (شۆڕمەحموود ل ٤٥). **باغی قودس:** بڕ: باغی بەهەشت. ⁖ کێ لە باغی قودسی هەڵکەندم، هەر ئەو/ ناشتی لەم شۆرەزارەم ناشتیم (مەحوی ل ٣٤٥). **باغی گوڵان:** ١- زەوی و باغێک کە بۆ گوڵ تەرخان کرابێ، گوڵستان. **باغی مێو:** بڕ: باغی ترێ. **باغی وەحش:** شوێنێک کە کۆمەڵە گیاندارێکی بۆ تەماشای خەڵک تێدا رادەگرن. **باغی ئیرەم:** باغی شەدداد، باغێکە کە شەدداد بە لاسایی لە بەهەشت سازی کرد و ئەمری کرد بە زێڕ و بەردی بە بایخ بیڕازێننەوە. ئەو رۆژەی کە شارەکە تەواو بوو و وەنێوی کەوت گیانی دەرچوو و شارەکەش وەبن لم کەوت، شەدداد هاوچەرخی هوود بوە. ⁖ عاشقی قامەتی تۆم کوشتەیی خەندەی دەمی تۆ / بەر و باغی ئیرەمی یا گوڵی نەخلی شەجەری (وەفایی ل ١٩١).

**باغ**[2] (نا.)[ئەو: بەغە][قوچ] باقەبێن.

**تێبینی:** لە زاراوەی ناوەندیی دا باغە یا باقە بە مانای بەستەیەک گیایە بەڵام لە بن زاراوەی قووچانی باغ بە مانای باقەبێن هاتوە و هەردووک لە چاوگی ئەوێستایی بەگ bag کەوتوون هەرچەند ماناکان هەندێک گۆڕاون (بڕ: باقە1)

**باغچە** (نا. ل)[باغ1 + چە1] پارچە زەوییەکی چووکتر لە هی باغ لە حەوشی ماڵ یا لە شوێنێکی دیکە بۆ رەعەمەل هێنانی گوڵ و هەروەها بۆ داچاندنی سەوزی خواردنی بەشە ماڵێک، باخچە.

**باغچەوان** (نا. ل، ئان. ل) [باغچە + وان] کەسێک کە بژار و ئاودان و و پێراگەیشتن و ئاگاداری لە باغچەی بە دەستەوەیە.

**باغچەوانی** (حم.)[باغچەوان + ئیی] کار و پیشەی کەسی باغچەوان.

**باغر** (ئان.)[؟] بەفیز، غەڕرە، لەخۆگۆڕاو، لەخۆبایی، بوغرا. **~ بوون:** لەخۆ بایی بوون، خۆ لێگۆڕان، بەفیز بوون، بوغرا بوون.

**باغە**[1] (نا.)[ئەو: بەغە] بڕ: باقە1

**باغە**[2] (نا.)[؟] نەخۆشییە تووشی سمی وڵاغی یەکسم دێت و کاسەی سمی درێژ دەکا و کەلکی سواری پێوە نامێنێ (قامووس ب ١ ل ٤١).

**باغە**[3] (نا.)[عەر: باغة] مادەیەکی پلاستیکی بێرەنگە کە لە ئاوێتە کردنی نیترۆ سێلولۆز و کافوور دە نێو ئەلکۆڵ و ئێتێر دا دروست دەبێ و زوو گڕ دەگرێ. لە هەویرەکەی ئەم مادەیە بۆ ساز کردنی گەلێک شت کەلک وەردەگرن وەک دوگمە، شانە، دەسکی چەقۆ، مسواک، بازنە، تەسبێح. (فەر: celluloid)

**باغەر** (نا.)[سۆر] بڕ: باغەڵ

**باغەڵ** (نا.)[پەش: بەغەل ـ فار: بەغەل. باک: باخەل ـ ناو: باغەڵ، باخەڵ، بەخەڵ، باغەر ـ باش: بەخەڵ ـ هەو: باخەڵ، بەخەڵە] ١ـ بەتاڵایی نێوان جلی سەرەوە و کراس کە دەکەوێتە بن هەنگڵ و لە جیات گیرفان شتی تێدەنێن لە بنەوە پشتێند بەری کەوتنی دەگرێ. ٢ـ گیرفانی کەوا و کۆت لە نێوەوە. ٣ـ باوەش، باڵ. **دە ~ دا بوون:** ١ـ دەباڵ دابوون، ژنی کەسێک بوون. ∷ کچی کاک کەریم دە باغەڵ کوڕی مامم دایە. ٢ـ دە گیرفان دا بوونی شتێک. ∷ پارەکانم دە باغەڵ دایە. **دە ~ نان:** ١ـ شتێک دە گیرفانی ژوورەوەی کەوا و کۆت نان. ٢ـ وە بن هەنگڵ دان. ٣ـ (کنـ.) زۆر زیرەک بوون، دە گیرفان نان. ∷ بەو منداڵییەی هێند زیرەکە سەدی وەکوو من و تۆ دە باغەڵی دەنێ!

**باغەمێو** (نا. ل)[باغ1 + ئە + مێو] زەوییەک کە تەرخان کراوە بۆ ترێ، باغی مێو، باغی ترێ، رەز.

**باغەوان** (نا. ل، ئان. ل)[باغ1 + ئە + وان] کەسێک کە ئاگاداری لە دارەبەرەکان دەکا، چاوەدێری باغ، باخەوان.

**باغەوانیی** (حم.)[باغەوان + ئیی] کار و پیشەی کەسی باغەوان، باخەوانیی.

**بافتە** (نا. مف.)[لە: بافین] ١. چنراو، تەنراو. ٢ـ رایەخ. :: ئەوە سەر دەبێتەوە بافتەی ئەوان شەنگە جحێلان، شۆڕەجحێلان / ئەگەر بەرماڵێکی عیبادەتی بە سەر شانی خۆیان دادەن (پایزە ل ٦٦). ٣ـ تیزماڵێکی هۆندراوە لە ئاوریشم یا دەزوو، پانایی سانتیمیترێک دەبێ و لە پەڕاوێزی هەندێک جل و بەرگی وەک عەبا و کەوا و سوخمە، دەیدروونەوە هەتا پارچەکەی هەڵنەوەشێتەوە یا ریشاڵی لێنەبێتەوە.

**بافرە** (نا.)[؟] کەتیرەی سپی (خاڵ ب ١ ل ١٠٢).

**بافڕە** (نا. ل)[با1 + فڕ + ئە][ئەر] بڕ: فڕفڕە

**بافک** (نا.)[باک] بڕ: بیانوو

**بافڵ** (نا.)[؟] ئاوهەڵدێر، تاڤگە

**بافن** (نا.)[زا] بڕ: فافۆن

**بافۆن** (نا.)[باک] بڕ: فافۆن

**بافیش** (نا. ل)[با1 + فیش] تڕ و تۆپ، فیز. **~ کردن:** خۆ هەڵکێشانی بە درۆ، خۆڕانانی بێجێ، تر و تۆپ لێدان.

**بافین** (چا. م)[ئەو: ئوبدەئێنە. فار: بافتن ـ تات: ڤێتەن][ئەر] چنین، هۆنینەوە.

**باڤ** (نا.)[باک] بڕ: باب

**باڤبرا** (نا. ل)[باڤ + برا][باک] برای باوک، مام.

**تێبینی:** هەژار بە هەڵە لە جیات براباڤ مانای کردۆتەوە. (هەنبانە بۆرینە، ب ١ ل ٤٤).

**باڤماری** (نا. ل)[باڤ + مار3 + ئی][باک] زڕباب

**باڤەندە** (نا. ل)[باڤ + ئەندە][قوچ] زڕباب

**تێبینی:** ئەندە سواوی ئەندەر ـ ە بە مانای هندوور، ئەندەروون کە لێرە بە شێوەی پاشگر دێ و مانای زڕ دەدا.

**باق** (نا.)[باک] بڕ: باقە1

**باقاندن** (چا. م)[لە: باقە2] ١ـ خۆ

دەرخســتنی هەندێک گیــانداری وەک ڕێوی و کــەمــتــیــار، واقــاندن. ٢ـ خـۆ دەرخستنی گیسک و کاریلە، باڕاندن.

**باقــر** (ئان.)[تور: bakır (مس)] ئەو دەفـر و قـاپ و قـاچاغـانەی مـسی کـە قــەلایــیــەکــەیان لێــبــۆتـەوە و ڕەنگی مــســەکـەیان دەرکـەوتوە. **~ بوون:** ١ـ لێبوونەوەی قەلایی قاپ و قاچاغی مسی و دەرکــەوتنی ڕەنگی مس. ٢ـ چێـشـتی ڕەنگ گۆڕاو و تام ناخۆش کە لە دەفری باقربوو دا ساز کرابێ. ٣ـ (کنـ.) عـەیب دەرکـــــــەوتـن و ڕووڕەش بـوون. **~ دەرهاتن:** (کنـ.) عـەیب دەرکەوتن. ؛؛ ئەو کـارە هـەروا نامـێنێـتـەوە ئاخـری باقـری دەردێ و ئابڕووی دەچێ.

**باقلا** (گیا.)[باک] بڕ: باقلە

**بـاقـــــــلاو** (نـا. ل)[بـاقـلـە + ئاو1] چێشتێکە لە باقلە، ئاو و ڕۆن و هـەندێک ئاڵەت.

**باقلاوە** (نا.)[؟] جۆرێک شیرنـی ساز کراو لە شەکر، هێل، بادام، ئارد، شیر و ڕۆن کە زۆر شیرینە، پاقلاوە.

**باقلە** (گیا.)[عەر: باقلا لە: یون: ba-kelos] ١ـ گــیــــایـەکی کــەوییــــە و دەچێندرێ، گوڵی سپییە و خـاڵی ڕەشی لەســـەرە، بەرەکــەی چوار هەتا حــەوت دەنکە لە هەر کــەلوو دا، Faba vul-garis ناوی لاتینی ئەم گــیـــایەیە. ٢ـ بەری ئەم گیایە کە ئێستاکە بە فـەریکی دەیکوڵێن و دە پلاوی دەکەن و دەیخـۆن، بە گەیشتوویش دەباڵ خۆرشت و ئاشی دەکەن. & پاقلە، باقلا، باجیج. || **باقلەی میسریی:** بڕ: ترمس

**باقۆ1** (گیانـ.) ماسییەکی گەورەی بێ پووڵەکەیە، لە بن و مەنداوی ئاوی چۆمی قـــووڵ دەژی، ســــەری گــــەورەتر لە لەشییەتی، ددانی ورد و سمێڵێکی یەک داوی ئەسـتـووری هەیە، ئێـسکی وردەی نیـە و مـاسـی چووکی نێـو ئاو دەخـوا، درێژایی هەتا چوار میـتـر و قوورسـایی هەتا ٢٠٠ کیلۆ دەگا. شـیـعـە پێـیـان حـەرامـە و نایخـۆن بەڵام لە کوردەوای بە تایبـەت بۆی دەچنە ڕاو، گۆشـتـەکەی لە ترش و خـوێ دەنێن و بـە سـوورکـراوی دەیخــــــۆن، Silurus glanis ناوی لاتینی ئەم ماسییەیە، نەققە، سمێڵە.

**تێـبـینی:** من پێـمـوایە ڕیشـەی ئەم وشـەیە دەچێـتـەوە سـەر وشـەی بهـێکە bheka ی سانسکریت و ڤەک vak ی پەهلەویی بە مانای بۆق [بڕ: بۆق]

**باقۆ**[2] (گیا.)[؟] ١ـ هەنجیری کاڵی وەریو، هەنجیرێک کە هێشتا نەگەیوە. ٢ـ قەزوانی فەریک.

**باقە**[1] (نا.)[ئەو: بەغە، باگە. باک: باق ـ ناو: باقە، باغە ـ باش: باقە ـ هەو: باقە] ١ـ چەند مەڵۆی پێک بەستراوی گەنم و جۆ. ٢ـ باوەشێک گژ و گیای بە باقەبێن بەستراو. ٣ـ چەپکێکی بەستراوی گەورەی سەوزی خواردن.

**تێبینی:** باقە، باغە، باج، بەش و بەخت و دەیان وشەی دیکەی کوردیی هەموویان لە ریشەی ئەوێستایی بەگ bag بە مانای بەخشین و بەشینەوە و دابەش کردن کەوتوون کە هەرکامیان لە شوێنی خۆیان باسی لێدەکرێ.

**باقە**[2] (نا. د) ١ـ دەنگی ڕێوی و کەمتیار، واقە. ٢ـ دەنگی گیسک و کاریلە، قالە، باڕە. ٣ـ (مجـ.) دەنگی گریانی منداڵی ساوا

**باقەباق** (نا. د)[باقە + باق] ١ـ دەنگی پەیتاپەیتا و یەک لەدوای یەکی ڕێوی و کەمتیار، واقەواق. ٢ـ دەنگی پەتاپەیتای گیسک و کاریلە، قالەقال، باڕەباڕ. ٣ـ دەنگی پەیتاپەیتای گریانی منداڵ.

**باقەبەس** (نا. ل)[باقە1 + بەس2 [ئەر] بڕ: باقەبێن

**باقەبەست** (نا. ل)[باقە1 + بەست1] بڕ: باقەبێن

**باقەبێن** (نا. ل)[باقە1 + بێن1] گیایەکی باریک و درێژ کە لە باقە گیای دەهاڵێن و دەیبەستن، باقەبەس، باقەبەست.

**باقی** (ئان.)[عەر: باقی] ١ـ هەرماو، نەمر، ڕاوەستاو. ٢ـ درێژە و پاشماوەی کار. ⁝⁝ ئەوەندەم ماڵیوە باقی تۆ بیکە. ٣ـ پاشماوە لە ڕیازی و حیساب دا. ⁝⁝ دە تمەنم دەیە سێ تمەنت باقی دەدەمەوە.

**باقیە** (نا.)[؟] دروومانی بە دەست، تەقەڵ. **جووت باقیە:** دوو ڕیز دروون بە دەست بۆ قایمتر بوون، جووت تەقەڵ. دایکم کراسێکی جووت باقیەی بۆ دروو بووم.

**تێبینی:** هاوڕیشە و هاومانای ئەم وشەیە لە زمانی فارسی دا بخیە (بەخیە) یە.

**باک**[1] (نا.)[پەش: باک ـ فار: باک ـ لۆر: باک. ناو: باک ـ هەو: باک] ترس، خۆف، ئەندێش. ~ **هەبوون:** ترسان،

خـۆف کـردن، ترس هـەبوون. ⁘ دوو برا ڕۆژی هەرا دەس بخـەنە دەسـتی یەک / کـێـهـەیان باکی لە هێـزی نەتەویی ناڕەسـەنە (هێـدی ل ٣١٠). نازانێ ئەمن لە خولا زیاتر باکم لە کەس نیە (امثال و حکم ل ٥٣٥).

**باک**[2] (نا.)[زا] باب، باوک

**باک**[3] (نا.)[فـەر:bac] خـەزنێکە لە پاش یا لە پەنای ماشێن و ترۆمبێل بۆ تێکردنی بنزین کـە لەوێوە بە لوولـەیەکی مسی دا دەچێتە کاربراتۆر.

**باکـتـری** (نا.)[یون: bakterion] گیانداریکی یەک خانەیی زۆر وردە کە بە چاو نابیندرێ و بە شکڵی خڕ و بەیزی و لوول دەدیتـرێ. لە ناوک و سـیـتـۆپلاسم پێک هـاتوە و هـەندێکیـان بۆ گـیـانداران زەرەریان هـەیە و نەخـۆشی وەک مێکوتە، ئازارەسی، ... ساز دەکەن.

**باکوت** (نا. ل)[با1 + کوت1] بەفـر دەگەڵ بای توند وەها کە بەفرەکە لە دار و دیوار بکوتێ، کرێوە.

**باکـــوور** (نا.)[ئەو: ئەپاخـــێـــذرە، ئەپاختەرە ـ پەه: ئەپاختەر. باک: باکور ـ ناو: باکوور ـ زا: ڤاکور] یەکێک لە چوار لای جوغرافیـایی کە ئەگـەر وا ڕاوەستێن دەسـتی ڕاسـتمـان لە لای ڕۆژهەڵات بێ و دەســـتی چەپمـــان لـە لای ڕۆژ ئاوا بـێ باکـــوور دەکـــەوێتـــە ڕووبـەڕوومـــان.// باشوور.

**باکووریی** (ئان. ل)[باکوور + ئیی] ١ـ هـەر شوێنێک کە لە باری جوغرافیایی لە لای باکـــوور هـەڵکەوتبێ. ٢ـ گـەورەترین زاراوەی زمانی کوردیی، کرمانجی.

**تێـبـینی:** زمـانی کـوردیی بە پێی هەڵکەوتنی دانیشـتوانی ئەو نـاوچانە لە باری جـوغـرافـیـایی دابـەش کـراون و چونکە ئەو زاراوەیـە کـەوتۆتە باکـووری کوردستان بەم ناوە کراوە.

**باکــەش** (نا. ل)[با1 + کــەش] بڕ: باکێش

**باکــێش** (نا. ل)[با1 + کــێش] ١ـ دەفری وەک کـووپە و ئیـستکان کـە بای لەشی پێدەردێنن. کـەسـێکی شـارەزا لە پێشـدا بە شـەمچـە یا ئاگرێکی چووکە هـەوای نێـو دەفـرەکـە تەواو دەکـا و بە پشـت یا بـەو شـوێنەیەوە دەنـێ کـە بای هـەیە، دەفـرەکـە پێـست و گـۆشـتی ئەو شـوێنە هـەڵدەمژێ و هـەواکەی دەکێشێ. ٢ـ کون و کـولانەیەک کـە بای پێدا دێتـە ژوور و ماڵ فێنک دەکاتەوە. & باکەش.

**باگ** (نا.)[باش] بڕ: با1

**باگـا** (نا. ل)[با1 + گـا3][ئەر] بڕ: باگر

**باگر** (نا. ل)[با1 + گر] شوێنێک کە بای تێبکا، شـوێنێک کـە با لە هـەر لایەکەوە بێ بیگرێتەوە، باگیر، باگا.

**باگــردان** (نا. ل)[با10 + گـــردان] [مــوک] ئامــرازی بان کــوتانەوە. ئەم ئامـرازە پتر لە شـتی قـورسی وەک بەرد سـازی دەکـەن. بەردێکی یەکـدەست بە شـکڵی ئوسـتـوانە دادەتاشـن و دوو سـەرەکـەی کـوناودیو دەکـرێ یا داری تێدەخەن و قولّفەی ئاسنی لێدەدەن و بە تەنافێک بە سەر بانی دا دەیگێـڕن هەتا بیکوتێتـەوە و درز و کـونی بـان بگرێ و دڵۆپەی نەکـا، باگـــردێن، بانگردێن، بانگلێن، بانگلێـر، بانتلێن، بانتلێـر، بانگوێر، باگوردان، باگوردێن، باگەردان، بانکوت، باندێر، گندۆر، تەبانە.

**تێبینی:** با سـواوی وشـەی بان ـ ە و گـردان و هاوتاکـانی بە گـشـتی لە دوو بەشی [گەرد + ئان] پێک هاتوە. گەرد لە چاوگی ئەوێسـتـایی ڤـەرێت و پەهـلەویی گەرتییتـەن بە مانای گەڕان و سووڕانەوە کەوتوە و ئان پاشگری فاعلییە.

**باگردێن** (نا. ل)[با10 + گردێن] بڕ: باگردان

**باگـژە** (نا. ل)[با1 + گـژ + ئە][ئەر] بڕ: گژەبا

**باگــوردان** (نا. ل)[با10 + گـوردان] [باک] بڕ: باگردان

**باگــوردێن** (نا. ل)[با10 + گـوردێن] بڕ: باگردان

**باگــونە** (نا. ل)[با1 + گــون + ئە] هەڵمـسـانی گـونی مـرۆڤ یا حـەیوان لە سەردەمی پێگەیشتن و باڵغ بوونی دا.

**باگـەردان** (نا. ل)[با10 + گـەردان] [باش] بڕ: باگردان

**باگەڕ** (نا. ل)[با1 + گەڕ] بڕ: باگێژە

**باگـیـر** (نا. ل)[با1 + گـیـر] ١ـ بڕ: باگـر. ٢ـ [ئەر] ئامــراز و دەفــرێکی کانزای کون کونە کە لە سەرەوەی قەننە یا پۆلوو ئاوری دادەنێن هەتا با ژیلەمۆ و خۆڵەمێشەکەی بڵاو نەکاتەوە.

**باگـێـژە** (نا. ل)[با1 + گـێـژ + ئە] بایەکی توندە کــە بە دەوری خـــۆی دا دەخـولێـتــەوە و لە قــەدەر توانا هـەرچی وەگیر کەوێ وە حـەوای دەدا، گێژەڵووکە، گــردەلوول، گــەردولوول، گــەردەلوول،

گەردەبا، گێجەبا، باهۆز، باگەڕ.

**بال** (نا.)[باک] بڕ: باڵ

**بالا** (نا.)[باک] بڕ: باڵا

**بالابان** (نا.)[باک] بڕ: باڵەوان2

**بالافر** (نا. ل)[بالا + فر(فرین)][باک] فڕۆکە، تەیارە. **تێبینی:** ئەم وشەیە لە جەنگەی شەڕی دووهەم دا، کە رادیۆی بێرۆت دەنگ و باسی بە زمانی کوردیی بڵاو دەکردەوە، داتاشراوە. (قامووس ب ٢ ل ٤٨).

**بالبالۆک** (گیانـ.)[بال + بال + ئۆک][باک] بڕ: تاژیلۆکە

**بالتە** (نا.)[؟][باک] بڕ: تەور

**بالجانە** (گیا.)[زا] بڕ: باینجان

**بالدرجانە** (گیا.)[زا] بڕ: باینجان

**بالشنا** (نا.)[زا] بڕ: باڵنج

**بالگۆگ** (نا.)[باک] بڕ: باڵنج

**بالگیف** (نا.)[باک] بڕ: باڵنج

**بالگە** (نا.)[باک] بڕ: باڵنج

**بالگەهـ** (نا.)[باک] بڕ: باڵنج

**باللۆرە** (نا. ل) بڕ: بالۆرە

**بالماسکە** (نا. ل)[فەر: bal masque] کۆڕێکی خۆشی و سەما، کە بەشدارەکانی پێویستە بە دەمامک و کەرەسەی دیکە بیچم و سەر و سەکوتیان وەها بگۆڕن کە کەس یەکتر نەناسێتەوە.

**بالنگ** (نا.)[باک] بڕ: باڵنج

**بالوەر** (نا.)[زا] بڕ: باڵەوان 2

**بالۆرە** (نا. ل)[با + لۆرە][باک: بالۆرە ـ ناو: بالۆرە، باللۆرە، بەللۆرە] جۆرێک گۆرانی کوردییە. ~ **لێدان:** پەنجە لە گەروو کوتان و بالۆرە کوتن. **لە ~ دان:** دەست بە بالۆرە کردن، بالۆرە کوتن.

**تێبینی:** ژنانی کورد کاتێک لە چیا و شاخ و داخان بە دەم ئیش، رۆیشتن یا دانیشتن و ماندوو حەسانەوە دا، گۆرانی دەڵێن گەردنی خۆیان دەکەنە ئامرازی مۆسیقا و پەنجەکانی دەستیان گرد دەکەنەوە و بە هەوای گۆرانیەکەی دەیڵێن لە دەمارەکانی ملیان دەدەن و لە گەرووشیان هەر عەینی هەوا دەنگی (ئەوەوەوە، ...، ...) دەردەخەن و لە نێوان پەنجە لە گەردەن دا و (ئەوەوەوە) دا وشەکانی گۆرانیەکەیان درێژ دەبێتەوە و پیاو کەمتر تێیدەگا. جار و بارەش کە

دوو دەستــە کچ یا ژن لـەو شـانەوشـانی شـاخێ یا ئەو بەرەوبەری دۆڵ و دەرەیەک تێک هەڵدەنگوون، دەستـەیەکیـان دەست دەکا بە بالۆرە لێدان و ئەوی دیکەشیـان بۆی دەگێڕێتـەوە و لە ناویانا دەبێتـە بین بڕکێ و هەر دەســتـەیەک تێـدەکـۆشـێ بالۆرەکـــەی درێژتر و خــۆشـــتــر بێ. (قـــامـــــووس ب ٢ ل ٤٥). بالـۆرە هـەر شــەرت نیـە کـە ژنان بیـڵێن و گـۆرانیش بێ. زۆر جـار کـاتێک دەسـتـە کـچـێک تووشـی کـوڕێک یا چەند کـوڕ دەبن هەر دووک لا لە بالۆرەی دەدەن و جنێوی زۆر پیس بە یەکتر دەدەن.

**بالۆکــاویی** (ئان. مــفــ.)[بالۆکــە + ئاویی2] حــاڵی کەسـێک کـە دەم و چاو، دەست یا شوێنێکی دیکەی لەشی بالۆکە زۆر لە سەر بێ.

**بالۆکــە** (نا.)[باک: بالووگ، بالـوور، بالووکە، بەهلوولک، بالیکە ـ ناو: بالۆکە، بالووکـە، بالووک ـ باش: باڵووکـە ـ هەو: بالووکـە] نەخـۆشـییـەکی پێسـتـە کـە بە هۆی ویرووسـێکی تایبـەتی پـەیدا دەبێ، گــۆشــتــێکی زێدەی رەقــە کــە لە هەر شــوێنێکی لەش دەتوانـی ســەر هـەڵبـدا بەڵام پتر لە دەست و پەلی ئینسـان پەیدا دەبێ و ئێـشـی نیـە و دوای چەند ســاڵان هەڵدەوەرێ. (زوو پێیان وا بـوو کە بالۆکە بە هۆی وە دەست کـەوتنی مـیـزی بۆق و پشیلە پەیدا دەبێ و بۆ چارەسـەر کردنی چەند شێوەیان بەکار دەبرد: چەند دەنکە جــۆیان دەگــەڵ هــەندێک خــوێ لـە کــوتە پەڕۆیەک دەپێـچـاوە و دوعـایان لە سـەر دەخوێند و لە چاڵێکیان دەنا و پێیـان وا بـوو هـەرکـــات جـــۆیەکـــان رزیبـــان بالۆکەکانیش هەڵدەوەرین)، گەنمە.

**تێبینی:** لە فەرهەنگەکانی فارسیش دا ئەم وشەیە بە شـێوەی بالو (بالوو) و پالو (پالوو) هـەر بەم مانایە هاتوە.

**بالۆلک** (نا.)[باک] بڕ: بابۆڵە

**بالوور** (نا.)[باک] بڕ: بالۆکە

**بالووعە** (نا.)[عەر: بالوعة] ١ـ چاڵێک کــــــە ئـاوی ئـاوەڕۆ یـا ئـاوی بـارانـی دەچێتەوە سـەر، ئاوەڕۆ. ٢ـ گونجەی ئاو. & بەلۆعە.

**بالـووک** (نـا.) ١ـ بڕ: بـالـۆکـــــە. ٢ـ (گیانـ.) بڕ: تاژیلۆکە

**بالووکــە** (نـا.) ١ـ بڕ: بالـۆکــە. ٢ـ بالـۆکـەیەک کــە لە شــوێنی بێ تووکی یەکسم دێ.

**بالووگ** (نا.)[باک] بڕ: بالۆکە

**باڵە** (نا. د) دەنگی ئاژەڵ، دەنگی بزن و مەڕ، باعە، باڕە.

**باڵەباڵ** (نا. د)[باڵە + باڵ] ١ـ دەنگی پەیتاپەیتای ئاژەڵ، باڕەباڕ

**باڵەبان** (نا.)[باک] بڕ: باڵەوان2

**بالیف** (نا.)[باک ـ سۆر] بڕ: باڵنج

**بالیفە** (نا. ل)[بالیف + ئە][موک] دۆشەگەڵەیەک کە لە نێو لانکە دا بۆ منداڵی ساوای رادەخەن.

**بالیش** (نا.)[باک] بڕ: باڵنج

**بالیکە** (نا.)[باک] بڕ: بالۆکە

**باڵ**[1] (نا.)[ئەو: وارە ـ پەهـ: بالەک. باک: بال ـ ناو: باڵ، بار ـ باش: باڵ ـ هەو: باڵ] ١ـ (ئا.) بەشێک لە ئەندامی ئەو گیاندار و مەل و جڕوجانەوەرانەی کە دەفڕن. ٢ـ دوو پارچەی درێژ کە بە پەنا فڕۆکەوەیە بۆ لەنگەر گرتن و باشتر فڕین. ٣ـ (ئا.) بەشێک لە ئەندامی مرۆڤ لە سەری شانەوە هەتا قامکەکانی دەست. ٤ـ ئەندازە و پێوانەیەکە بۆ لە گەز دانی پارچە کە سەری قامکەوە هەتا تیژایی لووت یا سەر چەنەکە نزیک گەزێک دەبێ بێ لە بەر چاو گرتنی کورت و درێژی دەست. ٥ـ (مجـ.) پشت، پەنا، ئاگاداری. ٦ـ (مجـ.) هاودەست، شەریک، یارمەتیدەر. ٭ تەنیاباڵ. **~ بەستن:** ١ـ بەستنی باڵی مەل بۆ ئەوەی هەڵنەفڕێ. ٢ـ بەستنەوەی دەستی کەسێک لە پشتەوە را، قۆڵ بەست کردن، باڵ بەست کردن. **~ بە سەر دا کێشان:** ١ـ (کنـ.) پشتیوانی لێکردن و ئاگا لێبوونی کەسی بێکەس و بێ پەنا و بێ ئەنوا. ٭ کە براکەی مرد باڵی بە سەر ژن و منداڵەکانی براکەی دا کێشا و بەخێوی کردن. ٢ـ (مجـ.) داپۆشین، داگرتن. ٭ شەو باڵی بە سەر دنیا دا کێشا. **~ فش کردن:** ١ـ باڵ کردنەوەی مەل کاتێک بە سەر زەوی دا دەڕوا. ٢ـ دەست لێکردنەوە و سینگ دانە پێشی مرۆڤ. **~ شکان:** ١ـ باڵندەیەک کە باڵی شکابێ و توانای فڕینی نەبێ. ٢ـ (کنـ.) تووشی بەدبەختی بوون، سەرنەکەوتن. **~ شکاندن:** ١ـ باڵی پەلەوەر شکاندن. ٢ـ (کنـ.) بەدبەخت کردن و بێ دەستەڵات کردنی کەسێک. **~ شۆڕ بوونەوە:** ١ـ داکەوتنی باڵەکانی مەل لەبەر نەخۆشی. ٢ـ داکەوتنی شان و پیلی مرۆڤ لەبەر بێوازی. **~ گرتن:** ١ـ مەلێک کە تازە فێرە فڕین بووبێ. ٢ـ وە حەوا کەوتن،

هەڵفڕین. & باڵ گرتنەوە. **~ گرتنەوە:** ١ـ هەڵفرینی کەمی مەلێک کە تازە باڵی گرتوە. ٢ـ برِ: باڵ گرتن. **چوونە بن (ژێر) باڵی کەسێک:** (کنـ.) خۆ دانە بەر پەنا و پشتیوانی کەسێک. **خستنە ژێر (بن) ~:** پەنا دانی کەسێک، پاراستن و ئاگاداری لە کەسێک، باڵ بە سەر دا کێشان، گرتنە ژێر باڵ، گرتنە بن باڵ. **دەست بە باڵەوە گرتن:** (کنـ.) یارمەتی دان، یاریدە دان، دەست دانە باڵ. **دەست دانە ~:** (کنـ.) یارمەتی دان، یاریدە دان. **گرتنە بن (ژێر) ~:** برِ: خستنە ژێر باڵ. **لە ~ دان:** پێوان بە باڵ. ⁖ ئەو پارچەیەم لە باڵ دا بە باڵی من شەش گەز بوو تۆ لە باڵتی دە بزانە وایە یا نا. || **باڵی هوما:** باڵی مەلی خەیاڵی هوما کە گۆیا سێبەرەکەی بکەوێتە سەر هەرکەس بەختەوەر دەبێ. ⁖ لە بن باڵی هوما جێی باز و شاهێن قەسری شاهان بوو / درێغا ئێستە وێرانەی سیسار و جوغدە جێگاکەم (وەفایی ل ٧٥). برۆت باڵی هوما سایەی سەری سوڵتانی حوسنت بوو / خەتت هات و وتی من ناسیحی توغرایی خونکارم (نالی ل ٢٧٤).

**باڵ**[2] (نا.) بە تەنیا کەم دەکار دەکرێ و پتر دەگەڵ ئامرازی « دە » دێ و ئەم مانایانە دەدا، با10. ١ـ هاوسەر، ژن. ٢ـ پێکەوە، بە یەکەوە. ٣ـ تێکەڵ. ٤ـ پاڵ، گەڵ. ٥ـ باوەش، هەمێز. **خۆ دە ~ هاویشتن:** دەباڵ کەسێک خزان، تێخزان دەگەڵ کەسێکی دیکە. ⁖ لای بەیانی برازاکەم خۆی دەباڵ هاویشتم و لە سەر جێگاکەم خەوی لێکەوت. **دە ~ دابوون:** ١ـ هاوسەری پیاوێک بوون، لە باوەش دا بوون بە ژن و مێردایەتی و ئاشکرا. ⁖ ئەرێ مامت کچی کێی دە باڵ دایە؟ دوو ساڵ کچی مام فەقێی دەباڵ دابوو. ٢ـ ژوان و دەباوەش دا بوونی بە نهێنی. ⁖ کە بە سەریان داچوون دیتیان فاتێی دە باڵ دابوو. ٣ـ لە یەک حەوش دا بە یەکەوە ژیان. ⁖ هەتا ماوەیەک دە باڵ یەک دا بووین دوایی ماڵیان گوێزتەوە. ئەو ماڵانە دەباڵ یەک دان. ٤ـ تێکەڵ بوون، لێکدران. ⁖ کۆتەکەی دەباڵ نوێنەکان دابوو بۆیە هەر نەمدەدیتەوە. **دە ~ خزان:** چوونە سەر جێگای کەسێک و بە یەکەوە خەوتن. ⁖ برۆ دەباڵ ئەحمەدی بخزە و بنوو! بە سەبرایەکی چوو دەباڵی خزا. **دە ~ خزاندن:** کەسێک دەگەڵ کەسێکی دیکە لە سەر یەک جێگا خەواندن. ⁖ ئەوشۆ

کەسم دەباڵ مەخزێنە با بە راحەتی بۆی بنووم! **دە ~ کردن:** ١ـ تێکەڵ کردن و لێکدانی کەس یا شت. ⁘ ئەو مریشکانە دەباڵ قازەکان کە! دوو کلاسیان دەباڵ یەک کردبوو هات و هاوارێکیان بوو نەبێتەوە. **دە ~ نان:** دە نێو یەک نان، ⁘ نامەکەی منیشی دەباڵ نامەکانی خۆی نا و بردی.

**تێبینی:** ئەم وشەیە دەگەڵ وشەی باغەڵ یەک ریشە و سەرچاوەیان هەیە و لە دوایی ماناکانیان هەندێک لێک ترازاوە. بەغەل لە زمانی پەشتوو دا بە مانای ١ـ بن هەنگڵ ٢ـ باڵ، پەنا، تەنیشت و لە زمانی فارسی دا بە مانای باوەش و ئامێز هاتوە.

**باڵ**[3] (گیان.)[لات: balaena] گیاندارێکی گوانداری دەریاییە، سەری گەورە و پانە، درێژایی دەگاتە سی میتر و قورسایی هەتا سەدوپەنجا تۆن دەگا، واڵ.

**باڵا** (ئان.، نا.)[پەه: بالاد، بالای، بالە. باک: بالا ـ ناو: باڵا، بارا ـ باش: باڵا ـ هەو: باڵا] ١ـ ئەندازە و درێژایی بەژنی مرۆڤ، قەد، قامەت. ٢ـ بەرز، بلیند، سەر. ⁘ دەستی باڵا. ٣ـ سەروو، لای سەرەوە. ٤ـ لای سەرەوەی کراسی ژنان. **~ کردن:** ١ـ گەورە بوون، هەڵدانی بەژنی مرۆڤ. ⁘ کوڕەکەمان ماشەڵڵا باڵای کردوە. ٢ـ بەرز بوونەوە و هەڵدانی گیا و گوڵ. ٣ـ (کن.) هەڵدان لە باری رووحی و مەعنەوی، هەست بە خۆشییەکی زۆر کردن. ⁘ لە خۆشی دەرچوونی کوڕەکەم لە زانکۆ گەزگەز باڵام کرد. **~ گرتن:** ١ـ ئەندازە گرتنی قامەت دەگەڵ کەسێک یا شتێک. ⁘ باڵای بە باڵای گرتوە، سێ پەنجە کورتی دێنێ. (فۆلکلۆر) ٢ـ هەڵدان، باڵا کردن/١و٢. **بە ~ بڕان:** ١ـ جل و بەرگی دروای پڕ بە قالب و ئەندازە و بێ کەم و کووڕی. ٢ـ (مجـ.) لێهاتن، بۆ داندران. ⁘ ئەو کارە هەر لە تۆ جوانە دەڵێی بە باڵات بڕاوە. چ شیرینە خودایا ئەو نیگارەم / بە باڵای ئەو بڕاوە ناز و تەمکین (ئەحمەد موختار ل ١٠٨).& بە بەژن بڕان. **بە ~ بڕین:** بڕینی پارچە و دورانی بە قالب و ئەندازەی بەژنی کەسێک بە بێ کەم و کووڕی. **بە ~ گرتن:** جل و بەرگی دوراو لە بەر بەژنی کەسێک راگرتن بۆ ئەندازە گرتن و قالب بوونی. **بە ~ هەڵکوتن:** باسی رێک و پێکی و چاکەی کەسێک کردن، بە بەژن

و بالا هەڵکوتن.

**بالا بســـتــه** (نا. ل، ئان. ل)[بالا + بست + ئە] مرۆڤی قامەت کورت، کورتە بالا، بستەبالا، باوەعەمرە.

**بالابلند** (ئان. ل)[بالا + بلند] بڕ: بالابەرز. ⁂ کیژێکیان لەگەڵ بوو، شل و مل، نێوی مەرزینگانە / بالابلند بوو، گەردن کەشانە (شۆڕمەحموود ل ٨٦)

**بالابلـــیند** (ئان. ل)[بالا + بلیند] [موک] بڕ: بالابەرز

**بالابەرز** (ئان. ل)[بالا + بەرز] ١ـ کەسێک کە بەژنی درێژە، کەڵەگەت. ٢ـ شووش و باریک و درێژ و ئەندام ڕێک و پێک. & بالابلند، بالابلیند

**بالابەرزە** (نا.)[بالا + بەرز + ئە] سێهەمین ئەنگوستی پەنجەی دەست، قامکی قوونێ، قامکە قووچە، تلیا درێژ، ناڤ تلی، تلیا ناڤین، تپلی درێژ، بەرزەلووتە.

**بالابەژن** (نا. ل)[بالا + بەژن] بڕ: ئاوێنەی بالابەژن

**بالاپۆش** (نا. ل)[بالا + پۆش] ١ـ هەر جلوبەرگێک کە سەرتاپێی لەش داپۆشێ. ٢ـ باڵتۆ، پاڵتاو.

**بالاخانه** (نا. ل)[بالا + خانە] بڕ: باڵەخانە

**بالادار** (نا. ل)[بالا + دار1] داری سەرەوەی داربەستی تەون. // ژێردار

**بالادەس** (ئان. ل)[بالا + دەس] بڕ: بالادەست

**بالادەست** (ئان. ل)[بالا + دەست] ١ـ دەست ڕۆیو، خاوەن دەسەلات. ٢ـ سەر، سەرۆک، کاربەدەست. ⁂ کاک کەریم لە یانە دا بالادەستی هەموانە.

**بالادەستــه** (ئان. ل)[بالا + دەستە] منداڵێک کە بەژن وبالای لە حاڵی هەڵدان دایە و بەرەو لاوی دەچێ. بەژن و بالای سەردەمی مێرمنداڵی. ⁂ کوڕەکەمان شوکور بالادەستە بوە و چەند ساڵی دیکە دەبێتە پیاو.

**بالادەستیی** (حم.)[بالادەست + ئیی] بە دەسەلاتیی، دەسەلاتداریی، دەسترۆیشتوویی.

**بالار** (نا.)[ئەر] داری ئەستوور و گەورە کە لە سەرەوەی دیواری دادەنێن، حەماڵ، کاریتە. (هس: بالادار)

**تێبینی:** ئەم وشەیە مەردووخ نووسیویەتی و لە فەرهەنگەکانی فارسی

دا بالار، بالال و پالار هەر بەم مانایە هاتوون. هەروەها کاک ناسری رەزازی لە کاتی پێداچوونەوە لە پەراوێز دا نووسیویەتی کە ئەم وشەیە بالادار بوە و لە بن زاراوەی ئەردەلانی دا داڵ ـ ەکەی سواوە و بۆتە بالار.

**بالاڕوان** (نا. ل)[بالا + ڕوان] ١ـ بڕ: ئاوێنەی بالاڕوان. ٢ـ پەنجەرە و کلاوڕۆچنەی بان کە بۆ ڕووناکی و چوونە دەری دووکەڵ سازی دەکەن.

**بالاشمە** (نا.)[ئەر] بڕ: باڵشمە

**بالافڕ** (نا. ل)[بالا + فڕ] بڕ: بالافڕ

**بالان** (نا.)[؟] داو، تەڵە

**بالانس** (نا.)[فەر: balance] ١ـ هاوسەنگی. ٢ـ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەش لە سەر دەستان یا لە شوێنی بەرز و باریک. ٣ـ سەربەقولات. ~ **لێدان:** سەربەقولات لێدان.

**بالانشین** (ئان. فا)[بالا + نشین] کەسێک کە لە سەرەوەی خەڵک دادەنیشێ، دەوڵەمەند، دەستەلاتدار، ماقووڵ، گەورە. ※ زولف و خاڵی تۆ کە وا شاد بوون بە تۆ عەیبی نیە / ئەمڕۆ هەرچی ڕووڕەشە بالانشین و مەحرەمە (وەفایی ل ١٣٨).

**بالانشینی** (حم.)[بالانشین + ئیی] لە لای سەرووی کۆڕ دانیشتن، گەورەیی، ماقووڵیی.

**بالانوێن** (نا. ل)[بالا + نوێن] بڕ: ئاوێنەی بالانوێن

**بالاوان** (گیان.)[هەو] بڕ: باڵەوان2

**باڵباز**[1] (گیان.)[باڵ1 + باز5] جۆرێک مراوی کە ڕەنگی سەر باڵیان ڕەش و سپی و بەڵەکە و پەڕەکانی لەشی قاوەیی تێکەڵ بە قاوەییەکی ڕوونە. (فرهنگ پرندگان ل ٢٦).

**باڵباز**[2] (نا.)[؟] سەرباز، عەسکەر.

**باڵبەست** (ئان. مف.)[باڵ1 + بەست] دەست بەستراو لە پشتەوە ڕا، باڵبەستە، قۆڵبەست. ~ **کردن:** بڕ: باڵ بەستن.

**باڵبەستە** (ئان. مف.)[باڵ1 + بەستە] بڕ: باڵبەست

**باڵبەڵەکە** (گیان.)[باڵ1 + بەڵەک + ە] بڕ: پەڕبەڵەکە

**باڵتۆ** (نا.)[فەر: paletot] بالاپۆشێکی ئەستوور و درێژە کە زستانان لە سەرەوەی هەموو جلەکان دە بەری دەکەن و سەرما دەگێڕێتەوە. باڵتە، پاڵتۆ، پاڵتاو، پاڵتە.

**باڵته** (نا.) بڕ: باڵتۆ

**باڵچــۆغــه** (نا.)[؟] ئەو شــوێنەی شـەمـشـیـر کـە دەسـتـی پێـوە دەگـرن، دەسکی شەمشیر، باڵچە. ؛؛ دەستت بۆ باوێمە سەر باڵچۆغەی شیران، کێلانانت بۆ بە جێ بێـڵم، لە بنەبنەی دمـدمـیـیـە. (مان ل ١٣).

**باڵچه** (نا.) بڕ: باڵـچـۆغـە. ؛؛ ئەوە لە قەدی خۆی شەت دەداوە شیرێکی باڵچە زێڕی تەنکە لە زێوی (گەنج ل ٣٠٥).

**باڵخەنجەره** (گیانـ.)[باڵ1 + خەنجەر + ئە] مـــــەلێکی چووکی بـاریکەڵەی رەنگاوڕەنگە، باڵی درێژ و نووک تیـژە ـ وەک خــەنجــەر (هۆی ناو نان) دنـدووکی بـاریک و هـەندێک خـــوارە، لە کـــون و کاژێران دا هێلانەی ساز دەکا و مێش و مـــەگـــەز و زەرگـــەتە و مـــێش هـەنگوین دەخــــوا، Merops apiaster ناوی لاتـیـنـی ئـەم مـــەلەیـە، خــــەنجــەرباڵە، کـەنـدسـمـە، کـەندەسـمـە، کـەنەسـمـە، هـەنگخۆرکە، هـەنگخۆرە، مێشخۆرکە، مێشخۆرە، هەنگەژاڵەخۆرە، هەنگەچینە، هـەنگووچنە، رەنگرێژە، رەنگاڵە.

**بــاڵــدار** (نــا. ل)[بـــاڵ1 + دار2] گـیـانداری خـاوەن باڵ، مـەل، پەلەوەر، باڵندە.

**باڵزەر** (گیانـ.)[هەو] بڕ: بازڕ

**باڵشت** (نا.)[باش] بڕ: باڵنج

**باڵشکاو** (ئان. مفـ.)[لە: باڵ شکان] ١ـ مـەل و باڵندەیەک کـە باڵی شکابێ و توانـای هـەڵفـــــڕینی نـەبێ. ٢ـ (کنـ.) بێچارە، تێشکاو، سەرنەکەوتوو.

**باڵشمه** (نا.)[هس: باڵنج] دارەکانی سـەر قـاپی و تـاقـچـە و پەنجـەرە کـە دارەڕاکـان دەکـەونە سـەری، باڵاشـمـە، باڵیشمە.

**باڵغ** (ئان. )[عـەر: بالغ] گـەیشـتنی کـوڕ یا کچ بە تـەمـەنی جنسی، کـە کـوڕ شەیتان پێی پێدەکەنێ و کچ دە حەیزەوە دەچێ، باڵق. ~ **بوون:** پێگەیشـتنی کــــوڕ یا کچ و پەیدا بوونی هـەوەسی جنسی، خۆ ناسین، باڵق بوون.

**باڵق** (ئان.) بڕ: بـاڵـغ. ~ **بوون:** بڕ: باڵغ بوون.

**باڵنج** (نا.)[هـیک: بـەرهـیش ـ ئەو: بەرێزیش ـ هەخ: بەرزەنیە ـ پاز: بالین ـ پەه: بالین، بالیشن. تات: بالێـشـمـە ـ لۆر: بالێشت ـ فـار: بالش. باک: بالگە، بالگەه، بالیش، بالگیف، بالگۆگ، بالنگ،

بالیف ـ ناو: باڵنج، باڵینج، بالیف ـ باش: باڵشت ـ هەو: باڵین ـ زا: باشنا، بالشنا] پارچەیەکی دوراوی چوارگۆشی نێو بۆشە کە نێوەکەی بە پەڕ، لۆکە، هەوری یا کوتە پارچە داخننەوە و بۆ پاڵ وێدان یا سەر لە سەر دانان، لە کاتی خەو و حەسانەوە کەلکی لێوەردەگرن، بەرسەری.

**باڵنجەک** (نا. ل)[باڵنج + ئەک] باڵنجی چووک، نازباڵنج.

**باڵندە** (نا. ل)[باڵ1 + ندە] مەل، باڵدار، پەلەوەر.

**باڵنگ** (گیا.)[پەهـ: ڤاترەنگ] ١ـ دارێک و بەری دارێکە هەر بەم ناوە، دارەکەی وەک دارلیمۆ دەچێ بەڵام گەڵاکانی گەورەترە، بەرەکەی لە جسنی نارنجە، دریشت و قورس و توێکڵ ئەستوورە، بۆنی خۆشە و رەنگی زەردە و مرەبای لێ ساز دەکەن، Citrus medica cedrata ناوی عیلمی ئەم دارەیە، تورنج، ترنج، کەبات. ٢ـ بڕ: بارروونە.

**باڵنگوو** (گیا.) بڕ: بارروونە

**باڵوێز** (نا.) بڕ: باڵیۆز

**باڵوێزخانە** (نا. ل)[باڵوێز + خانە] بڕ: باڵیوزخانە

**باڵۆن** (نا.)[فەر: ballon لە ئیتا: pallone] کیسەیەکی گەورەی خڕە کە پڕ دەکرێ لە گازی سووکی وەک ئیدرۆژێن و هلیۆم. ئەم کیسەیە بە شتێکی وەک تۆر داپێچراوە و سەوەتەیەک لە بنەکەی بە تەناف پێی لکێندراوە و زوو بۆ راگوێزتنەوەی بار و خەڵک کەلکی لێوەردەگرترا. باڵۆن لە ساڵی ١٧٨٣ زایینی بە دەست برایانی مۆنگۆلۆفیە ساز کرا.

**باڵووکە** (نا.)[باش] بڕ: بالۆکە

**باڵە** (نا.)[باک: بەلە ـ ناو: باڵە] دەستەوانەیەکی تایبەتی کە بازەوان لە کاتی راو یا عامڵاندنی باز بۆ بریندار نەبوونی دەستی دە دەستی دەکا.

**تێبینی:** ژابا ئەم وشەی بە شێوەی بەلە نووسیوە و بەراوردی کردوە دەگەڵ بهلە (بەهلە)ی فارسی هەر بەم مانایە (بڕ: ژابا ل ٥٦).

**باڵەبان**1 (نا.)[رووس: baraban] ١ـ دەهۆڵ، تەپڵی گەورە، باڵەوان ٢ـ (مجـ.) ئێستری زەلام. ٣ـ (مجـ.) پیاوی زەلام و ناقۆڵا. ٤ـ ئامێرێکی مۆسیقای کوردییە، نەرمەنا، نەرمەنەی، نایە.

**باڵەبان**2 (نا.) بڕ: باڵەوان2

**باڵەبانچی** (نا. ل)[باڵەبان1 + چی] کەسێک کە دەهۆڵی دەکوتێ، دەهۆڵ ژەن.

**باڵەتەپە** (نا. ل)[باڵ1 + ئە + تەپە] ١- بێچوومەلێک کە توانایی هەڵفڕینی نیە و تەنیا باڵەکانی لێک دەدا و بە سەر زەوی دا دەخشێ. ٢- مەلی باڵ شکاو یا بریندار کە ناتوانێ هەڵفڕێ و حەولی هەڵفڕین دەدا و باڵەکانی لێک دەدا و تەنیا مەودایەکی کەم ئەویش بە سەر زەوی دا دەتوانێ خۆ بکێشێ. ٣- مەل و مریشکی سەر بڕاو لە کاتی پەلەقاژە کە باڵەکانی لە زەوی دەدا. & باڵەتەپێ، باڵەفڕێ، باڵەفڕکە، باڵەفڕکێ، باڵەفڕە.

**تێبینی:** تەپە دەبێتە دەنگێک کە بە باڵ کوتان لە زەوی ساز دەبێ و پێچەوانەی شەقەیە کە دەنگی باڵ و هەوا سازی دەکا.

**باڵەتەپێ** (نا. ل)[باڵ1 + ئە + تەپ + ئێ] بڕ: باڵەتەپە

**باڵەخانە** (نا. ل)[باڵا + خانە] ١- قاتی سەرەوە یا ژووری هەرە سەرەوەی ماڵ، باڵاخانە، سەرخان.// ژێرخان. ٢- کۆشک، تەلار. :: تەدارەکم بۆ گرتووی، رۆڵە، رۆژی جومەی دەبێ وارید ببی بە کۆشک و باڵەخانەی خۆت (مان ل ٢٦).

**باڵەشۆڕە** (نا. ل)[باڵ1 + ئە + شۆڕ + ئە] ئازارێکە تووشی جووجکە و مریشک دێ و باڵیان شۆڕ دەبێتەوە، باڵەشۆڕێ.

**باڵەشۆڕێ** (نا. ل)[باڵ1 + ئە + شۆڕ + ئێ] بڕ: باڵەشۆڕە

**باڵەفڕکە** (نا. ل)[باڵ1 + ئە + فڕ + کە] بڕ: باڵەتەپە

**باڵەفڕکێ** (نا. ل)[باڵ1 + ئە + فڕ + کێ] بڕ: باڵەتەپە

**باڵەفڕە** (نا. ل)[باڵ1 + ئە + فڕ + ئە] بڕ: باڵەتەپە

**باڵەفڕێ** (نا. ل)[باڵ 1+ ئە + فڕ + ئێ] بڕ: باڵەتەپە

**باڵەکەو** (نا. ل)[باڵ + ئە + کەو2] کاری لە بێژینگ دانی گەنمی سوور بۆ جیا کردنەوەی چەت و وردە بەرد لە گەنم. بۆ ئەو کارە بە پێوە رادەوەستن و کەو یا داشگیر بە قەد باڵا بەرز دەکەنەوە گەنم دەڕژێتە سەر زەوی و چەت لە کەو دا دەمێنێتەوە و وردە کا و تۆز و خۆڵیش دەکەونە لایەک. **لە ~ دان:** بێژینگ کردنی گەنم بۆ جیا

کردنەوەی چەت و خۆڵ و ورکەبەرد.

**باڵەوازە** (نا. ل)[باڵ1 + ئە + واز + ئە][ئەر] بڕ: پەڕەوازە

**باڵەوان**[1] (نا.) بڕ: باڵەبان1

**باڵەوان**[2] (گیانـ.)[ئەو: ڤاریغەن. باک: بالابان، بالەبان ـ ناو: باڵەبان، باڵەوان ـ باش: باڵەوان ـ هەو: بالاوان ـ زا: بالوەر] مەلێکی راوکەرە لە رەگەزی باز و لە باز چووکترە، لە کێو و دەشت و لێر دەژی، رەنگی بۆرە بە پەڵەی رەش و سپی، سەقر، چەرخ. || **باڵەوانی چیل:** چەشنێک باڵەوان کە چیل رەنگە. **باڵەوانی غازەڵاغی:** جۆرێک باڵەوان کە رەنگی وەک رەنگی قازەڵاخە. **باڵەوانی هور:** جۆرێک باڵەوانی سپی. (فرهنگ پرندگان ل ٢٩)

**تێبینی:** وان یا بان لە وشەی باڵەوان و باڵەبان دا چ پەیوەندی بە پاشگری وان بە مانای ئاگادار و چاوەدێر نیە بەڵکەم گۆراوی راستەوخۆی غەن ـ ی ئەوێستاییە بە مانای لێدان و وەشاندن. ڤار بە مانای باڵە و بە گشتی یانی باڵ ژەن یا باڵ لێدەر کە دەگەڵ بالوەر هاوتای زازاییەکەی یەک دەگرنەوە.

**باڵیشمە** (نا.) بڕ: باڵشمە

**باڵین** (نا.)[هەو] ١ـ بڕ: باڵنج ⁂ با وەس باڵینم سێڵاو هوون بۆ / ئامێتەی زووخاو دیگ دەروون بۆ (مەولەوی ل ٤).
٢ـ بان سەر، ژوور سەر. ⁂ وەسیەتم ئێدەن شای شەم روخساران / بەی وە باڵینم چون بەینەتداران (وەلی دێوانە ل ٦٢).

**باڵینج** (نا.) بڕ: باڵنج

**باڵیۆز** (نا.)[تور: balyos لە ئیتا: ؟] نوێنەری دەوڵەتێک کە بۆ وڵاتێکی دیکە ناردراوە و ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندی و هەڵسووڕاندنی کار و باری دەوڵەتی خۆی هەیە لەم وڵاتە، باڵوێز، سەفیر.

**باڵیۆزخانە** (نا. ل)[باڵیۆز + خانە] یانە و شوێنی نوێنەر و باڵیۆزی وڵاتێک لە وڵاتێکی دیکە، باڵوێزخانە، سەفارەت، سەفارەتخانە.

**بام** (پاشـ.)[ئەر] بڕ: باو4

**بامبو** (گیا.)[فەر: bambou] بڕ: حەیزەران

**بامجان** (گیا.) بڕ: باینجان/٢.

**بامجان فەرەنگی** (گیا.)[بامجان + فەرەنگ + ئی] بڕ: باینجان/١.

**بامشت** (نا. ل)[با + مشت][باک]

باکوت، کرێوە.

**بامیە** (گیا.)[باک: بامیێ، بامیە ـ ناو: بامیێ، بامیە ـ هەو: بامیە] ١ـ گیایەکی یەک ساڵەی دەسچێنە، ساقەت هەتا گەزێک هەڵدەدا، گەڵای پان و گرنی گرنییە، گوڵێکی زەردە و نێوەڕاستەکەی قاوەیی مەیلەو سوورە، Moringa ناوی لاتینی ئەم گیایەیە. ٢ـ بەری ئەم گیایە کە درێژ و شین و بە کورکە، ناوکەکەی چەند ریز دەنکی تێدایە، بە شینی دە شۆربا و چێشتی دەکەن، بۆ ئیشک کردن دەبێ و بۆ زستان هەڵدەگرترێ. ٣ـ جۆرێک شیرینی بە شکڵی بامیەیە لە ئارد و ماست و نیشاستە ساز دەکردرێ و دە نێو شیلە داوێن و دەیخۆن. || **بامیەی ئیشک:** بامیە کە بۆ زستان ئیشک کرابێ.

**بامێ** (گیا.) بڕ: بامیە

**بان**[1] (نا.)[پەه: بان. باک: بان ـ ناو: بان ـ باش: بان ـ هەو: بان] ١ـ تەختایی سەرەوەی ماڵ و خانوو، دیوی سەرووی میچ، سەربان، پشت بان، بانخانگ. ٢ـ دەشتایی بەرز، بانوو، بانی. :: بانی هۆبەتوو. ٣ـ تەختایی سێ سووچی عارەبەی کەڵ کە باری لە سەر دادەنێن. ٤ـ (ئاک.) لای سەر، ژوور. :: بان کێو زۆر ساردە. چەتری لە بان سەری هەڵدابوو. ٥ـ [زا] ماڵ، خانوو. ~ **کوتان:** بڕ: بان کوتانەوە. ~ **کوتانەوە:** شێلانی بانی خانوو بە پێ لە کاتی دڵۆپە کردن دا، بان کوتان. ~ **گێڕان:** گێڕانی باگردان لە سەر بان بۆ پەستاوتنی درز و قەڵش و بەری دڵۆپە گرتن. ~ **هەڵگێڕانەوە:** لا بردنی گڵی سەربانێک کە ئاو دادەدا یا کەلکی نەماوە و لە سەرڕا بە گڵەبان داپۆشینەوە. **وە ~ کەوتن:** چوونە سەر بان. || **بان بان:** لای هەرە سەرەوە، سەرسەر، سەروو. **بانی سەر:** [هەو] ١ـ تەپڵەسەر ٢ـ بڕ: بانسەرە. :: سەدای لاو هەی لاو، زڕەی زەڕزنجیر / سڵسڵە و بانی سەر، بەند زرێ و لاگیر (مەولەوی ل ٤١١)

**بان**[2] (ر.)[لە: بانین] کاری وەخۆ گرتنی کاریلە و بەرخ و گویلک لە لایەن دایکیانەوە. // نەبان

**بان**[3] (نا.) سواوی وشەی بانگ. (بڕ: بانگ)

**بان**[4] (گیا.)[هیند: behan] دارێکی بەرز و جوانە کە لە باشوور و باشووری

ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئافریقا شین دەبێ، گەڵاکانی وەک گەڵای ئەقاقیایە و گوڵەکانی هێشوویی سوور یا سپین، چێوەکەی نەرمە و بەرەکەی وەک کەلووی باقلەیە کە لە دەنکەکەی ڕۆنێکی بۆنخۆش دەگرترێ Moringa ناوی لاتینی ئەم دارەیە. ⁝⁝ هات زەمزەمەیی بولبول و ئاوازەیی قومری / هات بادی سەبا، دێن و دەچن عەرعەر و بانات (نالی ل ١٤٣).

**بان**5 (ئان.)[موک] بە تەنیا نایە و دەگەڵ وشەی تاو دێ و لە موکریان باوە. بە گشتی مانای هەتاویی و ڕووناک دەدا. ⁝⁝ تاو و بانێکی خۆشە.

**تێبینی:** بان هاوڕیشەیە دەگەڵ [هیک: بهانەڤ ـ ئەو: بانەڤ ـ سان: بهانو ـ پەه: بانووی] بە مانای شۆق. هس: بەیان1 و باو4.

**بانا** (ئان.)[؟][زا] بێ جل، ڕووت.

**باناندن** (چا. م)[لە: بانین] کاریلە و بەرخی ساوا وە بەر مەر یا بزنێک خستن کە دایکیان نەبێ، یا دایکیان لێیان نەبان بێ.

**بانبارگە** (نا. ل)[بان1/٤ + بارگە] بەربووک یا ژنێک کە دەگەڵ گیازی بووک دەچێتەماڵی زاوا.

**بانبانک** (گیان.)[بان1/٤ + بان1/٤ + ک] گیاندارێکە لە ڕەگەزی سمۆرە، دەستەکانی لە قاچی کورترە، ڕەنگی کەوڵی بە زستان و بەهار دەگۆڕدرێ، کەوڵەکەی بە کەلک دێ و هەر لە بەر ئەوە ڕاوی دەکەن، میوە و بەر دەخوا و لە کوردەواری دا پێیان وایە لە سەر زێڕ و خەزێنە دەخەوێ و هەر لە بەر ئەوە ئەگەر دەستیان بە لانەی ڕابگا دەیدەنەوە، بانبانکە.

**بانبانکە** (گیان.)[بانبانک + ئە][باک] بڕ: بانبانک

**بان پووشین** (نا. ل)[بان1 + پووشین] خشڵێکی ژنانەیە لە زێڕ و زیو کە لە پووشینی سەریان دەدەن، لاگیرە.

**بانتلێر** (نا. ل)[بان1/١ + تلێر (تلاندن)][هەو] بڕ: باگردان

**بانتلێن** (نا. ل)[بان1/١ + تلێن (تلاندن)] بڕ: باگردان

**بانجیلە** (نا. ل)[بان1/١ + جی + لە][ئەر] بڕ: بانیژەی/١و٢

**بانجێلە** (نا. ل)[بان1/١ + جێ + لە][هەو] بڕ: بانیژە/١ و ٢

**بانخانگ** (نا. ل)[بان1/١ + خانگ] [باش] بڕ: بان1

**بانژۆڕ** (نا.)[؟][موک] قومارێکی منداڵانە و تەنانەت گەورەساڵانیش لە سەر پووڵ دەیکەن.

ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لەم قومارە دا بەشداری بکەن، هەر کەس پووڵێکی کانزای دیاری کراوە (تمەنی، دووتمەنی، ...) لە سەر یەک بە لای خەت یا شێر دا دادەنێن. لە دوایی هەمووویان لێی دەکشێنەوە و لە شوێنێکی دووری دیاریکراو بە پووڵێکی کانزای گەورەتر بۆ لای پووڵی لە سەریەک هەڵنچراو دەیهاوێن. هەر کەس کە پووڵەکەی نزیکتر لەوانی دیکە بێ دەبێتە یەکەم کەس و هەروا دووهەم و سێهەم هەتا ئاخر. یەکەم کەس بە قەو لە پووڵە لە سەر یەک داندراوەکان دەدا، ئەوەندی کە وەرگەڕێتەوە هەڵیدەگرێ و درێژە بە کارەکەی دەدا هەتا هیچی دیکەی بۆ وەرنەگەڕێتەوە، بەمجۆرە کەس دووهەم و ئەوانی دیکە درێژە بەم کارە دەدەن هەتا هیچ پووڵێک لە سەر زەوی نەمێنێتەوە.

لە کاتی هاویشتنی پووڵ لە دوورەوە بۆ دیاری کردنی نۆبەی کایە هەر کەس پووڵەکەی لە کۆمای پووڵەکان بدا پێی دەڵێن بانژۆڕ و ئەو کەسە یەکەم کەس دەبێ.

**باند** (نا.)[ئیتا: banda] تاقم، دەستە.

**بانداژ** (نا.)[فەر: bandage] تیزماڵکە پارچەیەکی درێژ و خاوێنە کە برینی پێدەبەستن.

**تێبینی:** باندی فەرانسی و هاوتاکانی لە زمانەکانی دیکەی ئورووپایی دەگەڵ بەن و بەندی کوردیی یەک ریشە و سەرچاوەیان هەیە.

**باندرۆڵ** (نا.)[فەر: banderole] کوتە کاغەزێکی باریکە، نەقش و نووسراوەی لە سەرە کە لە سەر هەندێک کاڵا دەدرێ و نیشان دەدا کە ژێر دەستی دەوڵەت ڕەد بوە، بەرچەسپ، مەکس، مەکووس.

**باندێر** (نا. ل)[بان1/١ + دێر (گێڕ)][باک] بڕ: باگردان

**بانسەر** (نا. ل)[بان1/٤ + سەر] بڕ: بانسەرە

**بانسەرە** (نا. ل)[بان/٤ + سەر+ ئە] خشڵێکی ژنانەیە و بریتییە لە دراوێکی

زێڕ یا زێو کە کون دەکرێ و ژن لە تەپڵەی تاسکڵاوەکەی دەدا، بانی سەر، بانسەر.

**بانق** (نا.) بڕ: بانک

**تێبینی:** بانق لە ڕێگەی عوسمانیەکانەوە چۆتە نێو زمانی کوردەکانی عێراق و ئاڵ و گۆڕی دوو پیتی ک و ق پێک هاتوە.

**بانقۆ** (نا.) بڕ: بانک/٢

**بانک** (نا.)[ئیتا: banco] ١- شوێنێکی دەوڵەتی یا تایبەتی کە خەڵک بە ئەمانەت پووڵ و پارەی زیادی یا شتی بە بایخ لەوێ دادەنێن یا ئەوە کە لە کاتی تەنگانە دا پارەی لێ قەرز دەکەن. ئیمرۆکە حەق و دەسمز و مانگانە لە بانک وەردەگرن و هەر کەسە بۆ کار و باری خۆی ژمارەیەک وەردەگرێ و حیسێب و کتێبەکەی بەم ژمارەیە وەگەڕ دەخا. ئیمرۆکە بانک گەلێک گەورە بوون و دەیان لقی لێ بۆتەوە و دەورێکی بەرچاویان لە ئابووری وڵاتان دا هەیە، بانق. ٢- کایە و قومارێکە کە بە پەڕی قومار دەیکەن. کەسێک هەندێک پارە بە ناوی بانک دادەنێ و هەتا تەواو بوون یا پڕ بوونی ئەو بانکە ( سێ بەرابەری پارەی داندراو) کایەکەی درێژەی دەبێ، بانقۆ. ~ **بڕین:** ١- دزینی پارەکانی بانکی/١. ٢- لێدان و بردنەوەی تەواوی پارەکانی بانکی قومار. & بانک لێدان. ~ **دەرچوون:** ١- پڕ بوونی بانک (سێ بەرابەر بوونی پارەی داندراو) لەو قومارانەی دا کە بانک دادەنێن. ٢- (کنـ.) زۆر دەوڵەمەند بوون، ئەنگڕان. ~ **دانان:** پارە دانان بۆ بانک لە قومار دا. ~ **لێدان:** بڕ: بانک بڕین. || **بانکی خوێن:** ساردخانەیەکی تایبەتە کە بۆ ڕاگرتنی خوێن کەلکی لێوەردەگرن. ئەو کەسانەی کە خوێن دەدەن لەم ساردخانانە دا خوێنەکەیان هەڵدەگرترێ و دوایی بۆ کەسێک کە پێویستی بە خوێن بێ لەو خوێنانەی دەدەنێ.

**بانکدار** (ئان. فا)[بانک + دار2] ١- خاوەن بانک، کەسێک کە بانکەکە هی ئەوە. ٢- کەسێک کە لە بانک کار دەکا. ٣- کەسێک کە پووڵی قومار (بانک) لە لای ئەو دادەندرێ. ٤- کەسێک کە پووڵی تاقمێک کە بە یەکەوە دەژین لە لایە و خەرجی گشتی لە ئەستۆی ئەوە.

**بانکداریی** (حم.)[بانکدار + ئیی] ١- کاری و پیشەی کەسی بانکدار. ٢- زانستی بەڕێوە بردنی بانک.

**بانکوت** (نا. ل)[بان1 + کـــوت1] [باک] بڕ: باگردان

**بـــانـــکـــه** (نـــا.)[رووس: banka] شـــووشـــەیەکی ئوســـتـــوانەیی و خـــڕە لە ئەندازەی جـــۆربەجـــۆر دا بۆ مـــرەبا و ترشیات و شت تێداهەڵگرتن.

**بانگ** (نا.)[خوار: وەنک ـ پەھ: ڤانگ. باک: با، بان، بانگ ـ ناو: بانگ، بان ـ باش: بانگ ـ هەو: بانگ ـ زا: ڤـەنگ] ١ـ هەرا، دەنگ، جاڕ. ٢ـ ناوبانگ، شۆرەت. ∷ بانگ رسـوایيم جـە عـالـەم بەرزەن / زیندەگـــیم زیاد، مـــەردەنم فـــەرزەن (مـــــەولەوی ل ٢٤٤). ٣ـ گـــــریان بە هاوارەوە. ٤ـ قـاو، گـاز. ٥ـ راگـەیاندن کـــاتی نوێژ بە دەنگێکی بەرز یا لە بلیندگۆوە بۆ ئەوەی موسڵمانەکان بچنە نـوێژ، ئـازان، ئـەزان. بە پێی ئـایـینـی ئیـســلام رۆژێ پێنج جـار بانگ دەدرێ (بانگی بەیانان، بانگی نیوەڕۆیە، بانگی ئێوارێ، بانگی شێوان، بانگی خەوتنان) کە لە کوردەواری دا وەک کاتیش کەلکی لێـوەردەگـرن. ∷ بانگی شـێـوان لە ئاسـمـانی خـۆرنشـین / ئەسـتێـرەیەک ئەجـریوێنێ گـەش، شـیـرین (گـۆران ل ١٧٤). کورەکـەمـان هێند تەنبەڵە بانگی نیوەڕۆیە لە خەو هەڵدەستێ. **~ بەگوێ دادان:** دوای ئەوە کـە منداڵ حـەوتووی تەواو کـرد و مـەترسی ئاڵ بردنەوە و مردنی نەما شـەوێک میوانی بۆ دەدرێ و مـەلا بانگ دەکـەن هەتا لە سـەر منداڵ بانگ بدا و دوایی ئەو ناوەی کـە بۆی دیاری کـراوە سێ جـار بە دەنگی بەرز رایدەگـەیەنێ. **~ دان:** راگـەیاندنی و جارِ دانی کاتی نوێژ بە خـەڵک. چونکە کـاتی بانگ دان لە ئیـسـلام دا دیاری کراوە لە کوردستان وەک کاتیش بۆ کار و بەڵێنی کەلکی لێوەردەگرن. ∷ مـەلا بـانـگ دانـێ وەدەر دەکـــــەیـن. **~ راهێـشتن:** ١ـ جارِ دان، بە دەنگی بەرز خەبەر بە خەڵک راگەیاندن، جارِ کێشان. ∷ ئەورۆ لە شـار بانگیان راهێـشت کـە سبەی کەس نابێ دوکانەکان بکاتەوە. ٢ـ بڕ: بانگ دان/٢. **~ کـردن:** ١ـ هەرا لە کەسێک کردن، قاو کردن، گاز کردن. ∷ رۆڵە هـەرچی بانگت دەکـەم بۆ نـایەی خۆ کەڕ نی؟ دا برۆ دایکت بانگ کە! ٢ـ لە کەسێک گێڕانەوە بۆ میوانی و شایی، بانگەواز کـردن، بانگێشتن. ∷ بانگتـان نەکردبووین بۆیە نەهاتین. سەد کـەس بۆ زەماوەند بانگ کـراون. **~ کردنەوە:** ١ـ یەکەم میـوانی دوای گوێزتنەوەی کچ لە لایەن دایک و باوکییەوە، باوە خوون. ٢ـ

گەڕاندنەوەی کەسێک کە دوور کەوتۆتەوە یا لەو شوێنە نەماوە، خەبەر دان بۆ هاتنەوە. ⁂ بڕۆ منداڵەکان بانگ کەوە بێنەوە شەو درەنگە. پوور ئامان چەرچی بانگ کردەوە و کیسەیەکی خەنە لێکڕی. **~ لە سەر ~ لێدان:** پەیتا پەیتا لە گابۆڕە دان، یەک لە سەر یەک هاوار کردن و گریان. ⁂ چوونە ماڵە هەیدەر گۆرانی جەنازەی برایانیان هەڵدەگرت و دەیانهێناوە / بانگ لە سەر بانگیان لێداوە. (مان ل ٢٥٤). **~ لێدان:** بڕ: لە بانگ دان. **~ هەڵدان:** بڕ: لە بانگ دان. **~ هێشتن (بانگێشتن):** ١ـ بانگ کردن ٢ـ لە بانگ دان. **لە ~ دان:** لە گابۆڕە دان، لە پڕ گریان بە هاوارەوە، بانگ لێدان، بانگ راهێشتن، بانگ هەڵدان. ⁂ بە خۆی و بە ژنی لە بانگێیان دەدا و دەستیان دەکردەوە بە گریانە (شۆڕمەحموود ل ٨٧). || **بانگی بێ وادە:** بانگێک کە لە کاتی خۆی دا نەبێ، ئەویش لەبەر هۆکەلی وەک مانگ گیران یا بەڵایەک دەدرێ و خەڵک بە ناوەختییەکەی ئەو بانگە دەزانن کە شتێک قەوماوە، بانگی ناوەخت، بانگی بێ وەخت. **بانگی بێ وەخت:** بڕ: بانگی بێ وادە. **بانگی محەممەدی:** ئەو بانگەی کە لە مزگەوتان دەدرێ، ئەو بانگەی کە ئیسلام بۆ نوێژ دیار کردوە. ⁂ بانگی مەحەممەدی بە ئاشکرا خۆشە. **بانگی ناوەخت:** بڕ: بانگی بێ وادە.

**بانگاواز** (نا. ل)[بانگ + ئاواز] بڕ: بانگەواز

**بانگبێژ** (نا. فا)[بانگ/٤ + بێژ] بڕ: بانگدەر

**بانگدەر** (نا. فا)[بانگ/٤ + دەر] کەسێک کە وە سەر بانی مزگەوت دەکەوێ یا ئەوە کە بە بڵندگۆ بانگ دەدا و کاتی نوێژی رادەگەیەنێ، بانگوێژ، بانگبێژ. ئەم کەسە پتر مەلا یا مجێورە و لە پەناشەوە جاروبار خەڵکیش بانگ دەدەن. || **بانگدەری گاران:** (کنـ.) کەر، گوێدرێژ.

**بانگردێن** (نا. ل)[بان1/١ + گرد + ئێن] بڕ: باگردان

**بانگلێر** (نا. ل)[بان1/١ + گلێر (گلاندن)][ئەر] بڕ: باگردان

**بانگلێن** (نا. ل)[بان1/١ + گلێن (گلاندن)][ئەر] بڕ: باگردان

**بانگوش** (نا. فا)[بان1/١ + گوش (گوشین)] کەسێک کە بە پارە دەچێتە

سەر بان و باگردان دەگێڕێ، بانگێڕ.

**بانگوێژ** (نا. فـــا)[بانگ + وێژ] بڕ: بانگدەر

**بانگەشە** (نا. ل)[بانگ + ئەشـە] ١ـ بانگ راهێشتنی چرچی و دوکاندار لە ئاوایی دا کاتێک کاڵا و شمەکی تازەیان بۆ دێ بۆ ئەوە کـە خـەڵک بزانن. ٢ـ تەبلیغات، پڕۆپاگەندە.

**تێبینی:** زەبیحی ئەم وشەی بردۆتەوە سەر بانگ و ئاش (قامووس ب ٢ ل ٥٧). بەڵام من پێموایە ئەم وشـە لە بانگ و ئەشیا کەوتوە. چونکە بانگەکە بۆ کاڵایە و پڕۆپاگـەندەش هەر بانگ و ناساندنی کاڵایە و چ پەیوەندی بە سەر ئاشەوە نیە.

**بانگەواز** (نا. ل)[بانگ + ئاواز] ١ـ جاڕ، بانگ، قاو. ٢ـ لێگێڕانەوە، دەعوەت. & بانگاواز. ~ **کردن:** ١ـ بانگ کردن، هەرا لێکردن، قاو کردن. :: دا بانگەوازی برایم بکە بەری ئاوەکەی بەردا. ٢ـ لێگێڕانەوە بۆ کۆڕێک، بانگێشتن. :: ئەرێ بۆ شایی بانگەوازیان کردووی؟ ٣ـ جاڕ کێشان، جاڕ دان. :: بانگەوازیان کردوە کەس سبەی دوکان نەکاتەوە.

**بانگێڕ** (نا. فا)[بان1/١ + گێڕ] بڕ: بانگوش

**بانماڵ** (نا. ل)[بان1 + مـاڵ3] بڕ: بەفرماڵ

**بانۆک** (ئان. فـا)[بان2 + ئۆک] کەسێک کە بێچووی نەبان دەخاتەوە بەر دایکی خۆی یا دەیخاتە بەر مەڕ و بزنێکی دیکە.

**بانوو** 1 (نا. ل)[بان1 + ئووو] بڕ: بان1 /٢

**بانوو** 2 (نا.)[پەهـ: بانووک، بانۆک] ژنی پیاوی گەورە، ژنی خاوەن دەستەڵات، خانم، خاتوون، یای. :: گا نە سەرپەنجەی بانووی بێ نیقاب / چون سوهەیل رەونەق پەنجەی ئافتاب (مەولەوی ل ٤٢١). خەرامان حەیران حوسن زێباتەن / بانوان تەمام گشت جانفداتەن (وەلی دێوانە ل ٧٤).

**بانە** (نا. ل)[بان1 + ئە] ١ـ پارچە زەوییەکی کە جووتێر بەر لە کێڵان یا تۆو پرژاندن دیاری دەکا هەتا سنووری کاری ئەو رۆژەی بزانێ، لات، گاوەخان. ٢ـ بەرزایی نێوان دوو دێراوی بێستان بۆ لێک جیا کردنەوە و هات و چۆ بە سەری دا، بەستە، پشت دێراو. ٣ـ [باک]

لەوەڕگەی بەهاران بەر لە چوونە هەوار و کوێستان. ٤ـ مووی بەرگەدە، بانەگا.

**بانەگا** (نا. ل)[بان1/٣ + ئە + گا] [هەو ـ ئەر] ئەو شوێنەی کە تووکەبەری ژن یا پیاوی لێ دێتە دەر، بەرگەدە.

**بانەمەڕ** (نا. ل)[بانە + مەڕ1] ١ـ دووهەمین مانگی بەهار کە ٣١ ڕۆژە و بەرابەرە دەگەڵ ٢١ نیسان هەتا ٢١ مای، گوڵان. ٢ـ کاتێک کە مەڕداران بەرەو کوێستان وەڕێ دەکەون. ٣ـ هاوینەهەوار. ∷ سەیدەوان لە سەر بانەمەڕی بوو، ئاگای لە هۆبە و هەواری بوو، بە سەر عێلی رادەگەیشت (گەنج ل ٢٧٢).

**بانەناو** (نا. ل)[بان1 + ئەناو][هەو ـ ئەر] ئاویە و کا و گەڵێک کە بۆ بان دەگیرێتەوە ، هەڕەبان، گڵەبان، بان ئەنوو، بانەناوە. ∷ باڵاخانەی چەم دیوانەکەی تۆ / بانەناو وە گڵ ئاسانەکەی تۆ (مەولەوی ل ٥٣٩).

**تێبینی:** ئەناو (لە بانەناو) و ئەنوو (لە بان ئەنوو) لە چاوگی هەندو handu ـ ی ئەوێستایی و هەندووتەن handūtan ـ ی پەهلەویی و هەنوون ـ ی کوردیی بە مانای تێهەڵسوون و سواغ دان کەوتوە.

**بانەناوە** (نا. ل)[بان1 + ئەناوە] [هەو] بڕ: بانەناو

**بان ئەنوو** (نا. ل)[بان1 + ئەنوو] [هەو] بڕ: بانەناو

**بانی** (نا. ل)[بان1 + ئی] بڕ: بان1/٢

**بانیان** (گیا.)[؟] جۆرە دارێکی هەنجیرە کە لە لای هیندووکانە پیرۆزە، کاتێک لقە شۆڕەکانی بگەنە زەوی ڕەگ دادەکوتن و دەبنە دارێکی سەربەخۆی دیکە. لە شیلە و توێکڵی ئەم دارە بۆ دەرمان کەلک وەردەگرن، هەنجیری بەنگاڵی.

**بانیژە** (نا. ل)[بان1 + ئی + ژە (چە1)] ١ـ سەربانی چووکی پەنا بانێکی گەورە، بانجیلە، بانجێلە. ٢ـ سەربانی ماڵێکی نەوی کە بۆ ماڵێکی سەرخۆی بوویێتە هەیوان و حەوش، بانجیلە، بانجێلە. ٣ـ شوێنێکی تەختە لە نێو ژووری ئاش کە باراشی لە سەر ڕۆ دەکەن و دانەوێڵە بە وێدا دەچێتە نێو کونی بەرداشەکانەوە.

**بانین** (چا. م)[؟] وەبەر خستنەوەی بیچووی مەڕ و بزن لە دایکیان کە لێیان نەبان بوە یا ئەوە کە دایکیان نەماوە و دەیخەنە بەر یەکی دی، بانینەوە. ∷ بە

سەر دەبانێ، بە قوون نابانێ (مەتەڵ)

**بانینەوە** (چا. م)[بانین + ئەوە] بڕ: بانین

**باو**[1] (نا.) بڕ: باب1

**باو**[2] (ئان.)[؟] ڕێ و ڕەسم، داب و نەریت، جل و بەرگ و هەر شتێکی لە کۆمەڵ و ژیانی خەڵک توانیبێی شوێن دابخا و ڕمێنی هەبێ یا بووبێ، باب2. **~ بوون:** وە برەو کەوتن، ڕەسم بوون، باو سەندن. ⁙ ئێستا چاویلکە لێدان بۆتە باو. **~ سەندن:** بڕ: باو بوون. **~ مان:** لە برەو نەکەوتنی ئەو شتانەی باون. ⁙ لە کوردەواری دا پشتێند بەستن هێشتا هەر باوی ماوە. **~ نەمان:** لە برەو کەوتنی ئەو شتانەی کە سەردەمێک باو بوون. ⁙ کراسی کوودەری باوی نەماوە و ئێستا ئیدی ژنان دەبەری ناکەن. کۆیلەتی باوی نەماوە. || **باوی ڕۆژ:** هەر شتێکی ئیمڕۆیی و مۆد و پەسندی بەرەی ئێستایی. ⁙ عارەبی شامۆ چیرۆکێکی درێژی بە ناوی قەلای دمدم بە ئوسلووبێکی نوێ و باوی ڕۆژ نووسیوە (دمدم ل ٧).

**باو**[3] (نا.)[؟] پاڵێک کە کەسێک بە جۆلانەیەوە دەنێ هەتا وە هات وچۆ بکەوێ، پاڵ. **~ پێوەنان:** پاڵ پێوە نان بە جۆلانەوە یا کەسێک کە سواری جۆلانە بوە. ⁙ دا وەرە باوێکم پێوە نێ!

**باو**[4] (پاشـ.)[هیک: بهامە ـ ئەو: بامە، بامیە ـ پەهـ: بام، بامییک. ناو: باو، بام] ١ـ بە دوای ڕەنگەوە دێ و مانای نزیک بوونی ئەو ڕەنگە دەدا لە ڕەنگی ئەسڵی، ئامال ⁙ شینباو، سوورباو، ڕەشباو. ٢ـ بە دوای ناوەوە دێ و مانای شێوە، وەک، ڕەنگ و ئاسا دەدا. ⁙ گوڵباوە. ٣ـ (ئان.) گەورەتر لە چاو هاوچەشنی خۆی (دەگەڵ وشەی خۆش دێ). ⁙ ئاسۆ و حەسۆ ئاواڵ دوانەن بەڵام باڵای ئاسۆ لە حەسۆ هەندێک باو خۆشترە. ئەو کراسە ئەگەر هەندێ باو خۆشتر با بۆ بەرم دەبوو.

**تێبینی:** وشەکانی هاوڕیشەی باو لە هیندی کۆن و ئەوێستا و پەهلەویی دا بە مانای ڕووناک و درەوشاوە بۆ ڕەنگ هاتوون. باو بە گشتی بە مانای ڕەنگێکی ڕوون و کراوەترە لە ڕەنگێکی تۆختر.

**باو**[5] (نا.) وشەیەکە لە باوباوێن دا دەکوترێ، دوای ئەوە کە سەری بە

منداڵەکە نیشان دا. (بڕ: باوباوێن)

**باوا** (نا.) بڕ: بابەگەورە.

**باواگەورە** (نا. ل)[باوا + گەورە] بڕ: بابەگەورە.

**باوان** (نا.) بڕ: بابان

**باوانی** (نا. ل)[باوان + ئی] بەر و گیازێک کە بووک لە ماڵە باوکیەوە دەیباتە ماڵی مێرد، گیاز.

**باوالێ** (شر.) بڕ: بابەلێ

**باوباوێن** (نا. ل)[باو5 +باو5 + ئێن] ١- جۆرێک کایە و خافڵاندنی منداڵی ساوایە. کەسی گەورە خۆ ی یا سەری لە پشت شتێک دەشارێتەوە و دوایی سەری دەر دەخا و دەڵێ باو! منداڵ بەم کارە پێکەنینی دێ و کابرا درێژە بەم کارەی دەدا. ٢- (کنـ.) حەز لێکردووی و چاو لێکردنی کچ لە کوڕان لە کەلێنی دەرگاوە، کاتێک کە کوڕە دەیبینێ سەری دەدزێتەوە.

**باوبژ** (نا. ل)[با1 + و + بژ] ١- بای بە تۆز و خۆڵەوە. ٢- (کنـ.) بای نێو زگ، تڕ. **~ دەرکردن:** ١- (کنـ.) تڕ کەندن. ٢- (کنـ.) هەڵڕشتنی کوڵ و کۆ و گریمانەی دڵ. ‡ هێندەم جنێو پێدا هەرچی باوبژ بوو لە دڵم دەرکرد.

**تێبینی:** تەنیا وشەیەک کە هاوڕیشە دەگەڵ بژ لەم وشەیە دا توانیم بیبینمەوە وشەی بژ (بەژ) لە فەرهەنگەکانی فارسی دایە کە بە مانای کڕیوە و زوقم هاتوە.

**باوچ** (نا.)[زا] بڕ: باب1

**باوڕ** (نا.)[باش] بڕ: باوەڕ

**باوش** (نا.)[باش] بڕ: باوەش

**باوشک** (نا.) بڕ: باوێشک

**باوک** (نا.) بڕ: باب1

**باوکانە** (ئاک. ل)[باوک + ئانە] بڕ: بابانە

**باوک برا** (ئان. ل)[باوک + برا] بڕ: براباب

**باوک مردگ** (نا. مف.)[باوک + مردگ][ئەر] بڕ: بابمردوو

**باوکە** (نا. ل)[باوک + ئە] بڕ: بابە

**باوکەڕۆ** (شر.)[باوکە + رۆ] بڕ: بابەڕۆ

**باوکەلێ** (شر.) بڕ: بابەلێ

**باوگ** (نا.)[باش] بڕ: باب

**باول** (نا.)[باک] بڕ: باهۆل

**باوه**[1] (نا. ل)[باو1 + ئه] بڕ: بابه/١ و ٢ و٣

**باوه**[2] (نا. ل)[با1 + وه (دەوه)][هەو] بڕ: بادەوه2

**باوەپیارە** (نا. ل)[باوه1 + پیار + ئه] [هەو ـ ئەر] شـــــووی دایک، زڕباب، باوەپیاری، باڤەندە.

**تێبینی:** پیار له [ئەو: پیتەر ـ هەخ: پیتەر] بە مانای باوک کەوتوە و لە زاراوەی زازایش دا (پی، پێر، پێرد) هەر بەم مانایە هاتوە.

**باوەت** (نا.) بڕ: بابەت

**باوەخولە** (نا. ل)[باو1 + ئه + خول + ئه] بڕ: باوەگێژە

**باوەخولێ** (نا. ل)[باو1 + ئه + خول + ئێ] بڕ: باوەگێژە

**باوەخوون** (نا. ل)[باو1 + ئه + خوون (خوان2)][ئەر] یەکەم بانگ کردنەوەی کچی شووکراو بۆ ماڵە باوکی بە میوانی.

**باوەر**[1] (نا.)[؟][ئەر] بەرزایی یا قووڵایی نێوان دوو کوتە زەوی کە ئەوان لێک خوێ دەکاتەوە، سنووری دوو کوتە زەوی، باهوو، بانە.

**باوەر**[2] (نا.)[باک ـ زا] بڕ: باوەڕ

**باوەرێن** (ئان. ل)[با 1+ وەرێن] هەر میوەیەکی کە با وەراندبێی.

**تێبینی:** میوەی باوەرێن پتر کرمێ و سستن بۆیە بە هێزی با دەکەون. ئەو میوانە خڕ دەکرێنەوە و بە جیا دەیفرۆشن و کەسی دەستکورت دەیکڕێ.

**باوەڕ** (نا.)[ئەو: ڤەر، ڤەرێه ـ پەهـ: ڤاڤەر. باک: باوەر ـ ناو: باوەڕ، بڕوا ـ باش: باوڕ ـ هەو: باوەڕ ـ زا: باوەر] ١ـ قەبووڵی قسە و مەسەلە و بەڵێنی کەسێک. ٢ـ ئیمان، بڕوا، ئاقیدە، یەقین. **~ پێبوون:** ئیمان پێهەبوون، بە ڕاست زانین، باوەڕ پێهەبوون. **~ پێکردن:** بە ڕاست زانینی قسە و کردەوەی کەسێک. :: مەلا هەرچی بڵێ باوەڕی پێدەکا. زەمانە وای لێهاتوە پیاو باوەڕ بە کوری خۆی ناکا. **~ پێهەبوون:** بڕ: باوەڕ پێبوون. **~ پێهێنان:** ئیمان بە کەسێک هێنان، بە ڕاست زانینی لەوەدوای قسە و کردەوەی کەسێک. :: دوای موعجزە خەڵک باوەڕیان پێهێنا. **~ کردن:** ١ـ قەبووڵ کردن و ئیمان هەبوون بە قسە و

مەسەلەیەک. ⁂ باوەڕ دەکەم مرۆڤ لە ڕەگەزی مەیموون بێ!. ٢ـ پێ وابوون. ⁂ باوەڕ ناکەم ئەوشۆ باران ببارێ. **~ هەبوون:** ئیمان هەبوون، خاوەن بڕوا بوون، بڕوا بە کەسێک یا شتێک هەبوون.

**تێبینی:** ڤەر var لە ئەوێستا دا بە ڤەرەنە varanh هاتوە بە مانای باوەڕ پێکردن و ئیمان هێنان. وشەکانی باوەڕ و بڕوا هەر لەم ڕیشەن و ئەوانەش ئاقی کردنەوەیەکی ئیزەدی بوە بۆ ناسینەوە ڕاست لە درۆ. ڤەر دوو جۆر بوە ڤەری سار و ڤەری گەرم. لە ڤەری گەرم دا بۆ سەلماندنی بێتاوانی لە ئاگر و ڕۆنی داغ کەلکیان وەرگرتوە و لە ڤەری سارد دا لە ژار و سەم و شتی لەم بابەتە.

**باوەڕپێکراو** (نا. فا)[لە: باوەڕ پێکردن] کەسێک کە لە هەموو بارێکەوە جێگای باوەڕە، جێ باوەڕ، ئەمین.

**باوەڕگومان** (نا. ل)[باوەڕ + گومان] کەسێک کە لە کارێک دا لە شک و یەقین دایە، دوودڵ.

**باوەڕگومانی** (نا. چا)[باوەڕ + گومان + ئی] لە نێوان شک و یەقین دا، دوودڵیی.

**باوەڕنامە** (نا. ل)[باوەڕ + نامە] کاغەزێک کە دوای تەواو کردنی فێرگە دەدرێ بەو کەسەی دەرسی تەواو کردوە، کارنامە.

**باوەڕیی** (حم.)[باوەڕ + ئیی] ئەنجامی باوەڕ کردن، متمانە، دڵنیایی. **~ پێهەبوون:** باوەڕ پێکردن، لێ دڵنیا بوون، متمانە پێکردن. ⁂ زۆرم باوەڕیی بەو کابرایە نیە.

**باوەژن** (نا. ل)[باو1 + ئە + ژن][ئەر] ژنی دیکەی باوک کە دایکی ڕاستی منداڵەکان نەبێ، هەوێی دایک، زڕدایک، بابەژەنی، باوەژەنی. // باوەپیارە، زڕباب.

**باوەژەنی** (نا. ل)[باو1 + ئە + ژەنی] [هەو] بڕ: باوەژن

**باوەش** (نا.)[پەه: بەڤیشن. لۆر: بالووش. ناو: باوەش ـ باش: باوش ـ هەو: باوەشی، واوەشی] ١ـ شوێنێکە دەکەوێتە نێوان سینگ و هەر دوو دەست کە بەرەو سینگ داکێشراوە. ٢ـ ڕادەیەک لە دەست کە دەکرێتەوە و شتێک بە خۆیەوە دەگرێ، بۆ هەڵگرتن. ⁂ باوەشێک پووڵی لە قومار بردەوە. باوشێک گەڵا و داری بۆ سووتاندن

هێنا. & ئامێز، هەمیز. ~ **پێدا کردن:** شتێک یا کەسێک دە باوەش گرتن. ؛؛ باوەشی بە منداڵەکە داگرت و ڕۆیشت. ~ **تێوەراندن:** بە توندی دە باوەش گرتن، دە ئامێز گرتن. **دە ~ گرتن:** کەسێک لە روو بە روو بە خۆوە گرتن، دە هەمێز گرتن، دە ئامێز گرتن. ؛؛ یەکتریان دە باوەش گرت و تێر گریان. **لە ~ کردن:** شتێک هەڵگرتن و بە خۆوە نان، لە هەمێز گرتن. ؛؛ ئەو منداڵە لە باوەش کە با بڕۆین.

**تێبینی:** باوەش لە bavišn بەڤیشن ـ ی پەهلەویی بە مانای بوون، هەبوونە و هەم بەڤیشنییە بە مانای پێکەوە بوونی ژن و پیاوێک بە بێ زەماوەند یا نزیکی و دە باوەش یەک دا نوستنە.

**باوەشان** (نا. ل)[با1 + وەشان][باش] بڕ: باوەشێن

**باوەشک** (نا.)[سۆر] بڕ: باوێشک

**باوەشی** (نا.)[هەو] بڕ: باوەش

**باوەشین** (نا. ل)[با1 + وەشین][سۆر] بڕ: باوەشێن

**باوەشینک** (نا. ل)[باوەشین + ک][باک] بڕ: باوەشێن

**باوەشێن** (نا. ل)[با1 + وەشێن (وەشاندن)][لۆر: باشۆ. باک: باوەشین، باوەشینک ـ ناو: باوەشێن، باوەشین ـ باش: باوەشان ـ هەو: باوەشێن] ئامرازێکە بە هێزی دەست کار دەکا و لە جووڵانەوەی با پێک دێ. ئەو ئامرازە دەتوانێ کوتە مقەوایەک بێ یا ئەوە کە تایبەتی لە حەسیر و شتی دیکە چندرابێ. بۆ خۆ فێنک کردنەوە و گەشاندنەوەی ئاگر کەلکی لێوەردەگرن، بارۆشە، باژەن.

**باوەعەمرە** (نا. ل)[باو1 + ئە + عەمر + ئە] بڕ: بابەعەمرە

**باوەقوش** (گیانـ.)[باش] بڕ: بایەقوش

**باوەقورەت** (نا. ل)[باو1 + ئە + قۆرەت (عەر: قدرت)] بڕ: بابەعەمرە

**باوەگۆ** (ئاک. ل)[باو + ئە + گۆ] چوونە نێو قسەی یەکێکەوە بۆ بە راست زانینی قسەکەی یا روون کردنەوەی پتری.

**باوەگێژە** (نا. ل)[باوە + گێژ + ئە] یاری و کایەی منداڵانە. دوو یا چەند کەس دەستیان دەکەنەوە و بە دەوری خۆیان دا دەخولێنەوە و دەڵێن: باوەگێژە گێژم مەکە، گێژت ناکەم. هەر کەس

درەنگتر سەری دەکێژەوە هات و کەوت ئەو کەسە دەیباتەوە، باوەخولە، باوەخولێ، مامەگێژە، مامانەگێجی.

**باوەلێ** (نا. ل)[با1 + وەل + ئێ] ١ـ (گیا.) بڕ: باویلکە. ٢ـ (کنـ.) سست، بێ بناغە. ٣ـ (کنـ.) پیری پەک کەوتوو کە هەر ئان لەوانەیە بمرێ. ⁂ باوەلێ بایەکی بەسە. (**تێبینی:** ئەم کنایە لەوە کەوتوە کە باوەلێ لە سەر جێی خۆی هێند سستە بە پشوویەکی سووک، با دەیبا.)

**باوەڵ**[1] (ئان.)[؟] بزن و مەڕێک کە تووشی باوەڵی بوون. ~ **بوون:** گۆد بوونی کار و بەرخ بە هۆی نەخۆشی باوەڵییەوە.

**باوەل**[2] (نا.)[؟] جێگەی جل و جۆری سەفەر کە ئێستاکە پتر لە چەرم ساز دەکردرێ، چەمەدان، جانتا، باهۆڵ، باول.

**باوەڵی** (نا.)[باوەڵ1 + ئی] نەخۆشییەکە لە ئاژەڵ دەدا گۆدیان دەکا و پەکی ڕۆیشتنیان دەخا.

**باوی**[1] (نا.)[سۆر] بڕ: بادام

**باوی**[2] (؟)[باک] کەسێک کە نەخۆشی باداری هەیە، بادار.

**باویشک** (نا.)[باک] بڕ: باوێشک

**باویلکە** (گیا.)[با1 + ویل + کە] بەری دوایی گیایەکی خۆڕسکە و لە دەشت و نێو شیناوەرد شین دەبێ، گوڵەکەی زەردە و لە داویی هەر ئەو گوڵە وەک تۆپێکی تووکنی لێدێ و پایزان لە گیایەکە دەبێتەوە و با دەیبا، باوەلێ، باویلێ، بایلکە، پشیلەپایزە، پەپوولەپایزە، پشیلۆکە، گەورەگلە، شەلەمینکەرە.

**باویلێ** (گیا.)[با1 + ویل + ئێ] بڕ: باویلکە

**باوێشک** (نا.)[باک: باویشک، بیهنشک ـ ناو: باوێشک، باوشک، باوەشک ـ هەو: بایشکی] حاڵەتێکە کە لە بەر ماندووی و بێ خەوی خۆ بە خۆ زار دەکرێتەوە و هەوای هەڵدەمژێ، دەبانک، دەبەنک، وێژێ. ~ **دان:** زار کردنەوە بۆ باوێشک، دم داچەقاندن، باوێشک هاتن. ~ **هاتن:** بڕ: باوێشک دان.

**تێبینی:** لە فەرهەنگەکانی فارسی دا باسک (باسۆک)، پاسک (پاسۆک یا پاسەک)، پاشک (پاشەک) هەر بەم مانایە هاتوون.

**باهار** (نا.)[باک] بڕ: بەهار

**باهۆ** (نا.)[هیک: باهو - لار: باهێ - بیر: باهوو] بڕ: باسک/١. ؛؛ لە شان و باهۆی خۆم رادی/ هەڵگرم ئالای ئازادی (تاریک و روون ل ١٩٠).

**باهۆدار** (ئان. فا)[باهۆ + دار2] کەسی کەڵەگەتی بە شان و پیل، کەڵەگەتی بە تاقەت و بەهێز.

**باهۆز** (نا. ل)[با + هۆز (هێز)][باک] بایەکی بە هێز کە شت دەرفێنێ، گردەلوول، گێژەڵووکە.

**باهۆل** (نا.)[؟][باک] بڕ: باوەڵ2

**باهوو** (نا.)[بڕ: باسک] ١- شەهێنی تەرازوو. ٢- دوو دار کە لەولا و لەم لای دەرگا دەچەقێندرا، لاشیپانەی دەرگا، لاشیپان. ٣- بەرزایی نێوان دوو دیراوی بێستان، بانە، بەستە، پژدێراو. ٤- بستوو، ملە، یاڵ، کلکە. ٥- باسک، باهۆ. ؛؛ حافز بۆ وە عەشق مەستان یا هوو / بپێچەش نە دەور باهووی بێ ئاهوو (مەولەوی ل ٢٣٢). ئەلا ئەی نازەنین ئاهوو، بە باهوو / دڵی سەییادی خۆت هێنایە لەرزە (نالی ل ٤٤٩). ساتۆر دەبان رەنگ شمشێری / دەست و باهوو حەملەی شێری (مان ل ٢٩٥).

**باهەنجیر** (گیا.)[با1 + هەنجیر] بڕ: باتسکە

**باهیڤ** (گیا.)[باک] بڕ: بادام

**باهێر** (نا. ئان.)[هەو - ئەر] بڕ: بەیار

**بایتار** (نا.)[زا] بڕ: بەیتار

**بایجان** (گیا.) بڕ: باینجان || **بایجانی رەش:** بڕ: باینجان/٢. **بایجانی سوور:** بڕ: باینجان/١.

**بایر** (نا.، ئان.) بڕ: بەیار

**بایسکل** (نا.)[ئین: bicycle] بڕ: دووچەرخە

**بایشکی** (نا.)[هەو] بڕ: باوێشک

**باینجان** (گیا.)[باک: باجان - ناو: باینجان، بایجان، بامجان - هەو: باینجانی - زا: باجان، بالجانە، بالدرجانە] ١- بەری گیایەکی یەکساڵەی دەسچێنە، وەک هارۆ درێژە، رەنگی بنەوش یا رەشە، نێوەکەی سپی و گۆشتنە و تۆمی وردی تێدایە، بە سوورکراوی دەیخۆن و دەچێشتیشی دەکە، بۆ ترشیات و مرەباش کەلکی لێوەردەگرن، Solanum esculentum ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، باینجانی رەش، بایجانی رەش. ٢- بەری گیایەکی

دەسچێنی یەکساڵەیە، ڕەنگی سوورە و ئاودارە، شکڵی پتر خڕە و هەرمێیشی هەیە، تۆوێکڵی ناسکە و تومی وردی لە نێو دایە، تامی مزرە، بە رووتی دەخورێ، روبی لێدەگرترێ، ویشک دەکردرێ و دەچێشتی دەکەن، بە برژاویش دەگەڵ کەباب دەیخۆن. بە کاڵی و بە سووری لە ترشیات دەکردرێ، Solanum ly-copersicum ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، تەماتە، تۆماتێز، باینجانی سوور، باجان سۆر، شامک، بامجان فەرەنگی، بایجانی سوور. || **باینجانی ڕەش:** بڕ: باینجان/١. **باینجانی سوور:** بڕ: باینجان/٢.

**باینجانە مارانە** (گیا.)[باینجان + ئە + مار + ئانە] بەری گیایەکی خۆڕسکە، وەک باینجانی سوور دەچێ بەڵام زۆر وردە، بە قەرا دەنکە نۆکێک دەبێ و ناخورێ.

**باینجانی** (ئان. ل)[باینجان + ئی] ١ـ ڕەنگی وەک ڕەنگی باینجانی ڕەش، بنەوشی تۆخ. ٢ـ (گیا.)[هەو] بڕ: باینجان

**بایە** (نا.)[بڕ: بایەخ] بە قەرا، بە ئەندازەی نرخێک، بایی. ⁂ بایە دوو تمەنم ماست دەیە. پێت وایە ئەو کراسە بایە چەندییە؟

**بایەخ** (نا.)[پەهـ: ڤەهاک. باک: بها، بوها ـ ناو: بایەخ، بایی، بایە، بەها ـ زا: ڤەیە] ١ـ نرخ و مەزەندەی کاڵایەک بۆ فرۆش، بایی1، بەها، نرخ. ٢ـ ڕێز، قەدر، گرینگی. **~ پێدان:** گرینگایەتی پێدان بە کەسێک یا شتێک. ⁂ بایەخ بە قسەی ئەو گەوجە مەدە وەرە بڕۆین.

**بایەخدار** (ئان. ل)[بایەخ + دار2] هەر شتێکی بە نرخ، بە قیمەت.

**بایەف** (گیا.)[باک] بڕ: بادام

**بایەقوش** (گیانـ.)[تور: baykuş] جۆرێک کوندێکی بچووکە کە لە دەشت و لێڕەوار دەژی و گیانلەبەر و مەلی بچووک ڕاو دەکا، بەژنی نزیک ٣٥ سانت دەبێ و لە دوو سووچی سەری تاجی پەڕیی هەیە کە وەک گوێی پشیلە دەچێ. لە ڕوانگەی خورافاتەوە ئەم کوندە لە هەر کوێ بنیشێ دەبێتەوە وێرانە و بە گشتی بە مەلێکی شووم ناودێر کراوە، کوندەبوو، بادەقوش، باوەقوش.

**بایی**[1] (نا.)[پەهـ: بایەخ] ١ـ بەها، نرخ. ٢ـ ئەندازە، بەقەرا، ڕادە، بایە ⁂ بایی توورێک تێناگا.

**بایی**[2] (ئان. ل)[با + یی] خۆ پێ زۆر، فیز، مەغروور. **~ بوون:** بە هۆیەکەوە خۆ پێ زۆر بوون، لە خۆ دەرچوون. ⁂ لەوەتی بۆتە دوکتور بایی بوە لە بیری چۆتەوە کێ بوە. **لە خۆ ~ بوون:** لە خۆ دەرچوون، بایی بوون.

**بایلکە** (گیا.)[با + ئیلکە] بڕ: باویلکە

**ببڕ** (نا. فا، ئان. فا)[ب2 + بڕ] ١ـ ئامرازێک کە توانای برینی هەیە. ٢ـ کەسێکی بە بڕشت کە قسە یا کارەکەی بڕ دەکا. & بڕندە.

**ببڕای ببڕای** (ئاک. ل)[ببڕ + ئای + ببڕ + ئای] بە هیچ لەونێک، قەت قەت، هێچکات. ⁂ ببڕای ببڕای تازە پێ دەو ماڵەی نانێمەوە.

**بت** (نا.) بڕ: بوت

**بتپەرس** (نا. فا)[بت + پەرس] بڕ: بوتپەرەست

**بتپەرست** (نا. فا، ئان. فا)[بت + پەرست] بڕ: بوتپەرست

**بتپەرەستیی** (حم.)[بتپەرست + ئیی] بڕ: بوتپەرستیی

**بتخانە** (نا. ل)[بت + خانە] بڕ: بوتخانە

**بتر** (ئان.)[باک] بڕ: پتر

**بترپێر** (نا. ل، ئاک. ل)[بتر + پێر] [باک] بڕ: بەسرپێرێ

**بترپێرار** (نا. ل، ئاک. ل)[بتر + پێرار] [باک] بڕ: بەسرپێرار

**بتری** (نا.) بڕ: بوتری

**بتە** (نا.)[هەو] بڕ: بوت

**بتەرپەرەی** (نا. ل، ئاک. ل)[بتەر + پەرەی][زا] بڕ: بەسرپێرێ

**بتەرپێرار** (نا. ل، ئاک. ل)[بتەر + پێرار][زا] بڕ: بەسرپێرار

**بتەو** (ئان.)[باک] بڕ: پتەو

**بجگوڕ** (نا.)[سۆر] بڕ: بزگوڕ

**بچکۆل** (ئان. ل)[بچک + ئۆل] بڕ: بچووک

**بچکۆلانە** (ئان. ل)[بچکۆل + ئان + ئە] بڕ: بچووک

**بچکۆلە** (ئان. ل)[بچکۆل + ئە] بڕ: بچووک

**بچکۆڵ** (ئان. ل)[بچک + ئۆڵ] بڕ: بچووک

**بچکۆلانە** (ئان . ل)[بچکۆڵ + ئان + ئە1] بڕ: بچووک

**بچکۆڵە** (ئان . ل)[بچکۆڵ + ئە] بڕ: بچووک

**بچکە** (ئان . ل)[بچک + ئە] بڕ: بچووک

**بچکەلانە** (ئان . ل)[بچکە + لان + ئە1] بڕ: بچووک

**بچکەڵە** (ئان . ل)[بچک + ئەڵە] بڕ: بچووک

**بچووک** (ئان . ل)[بچ + ئووک] ١- هەر چێک لە باری رادە و ئەندازە گەورە نەبێ. ٢- (مجـ.) سووک، بێقەدر، بێبایەخ. ٣- (مجـ.) نۆکەر، غولام. ∷ بچووکتم! ٤- منداڵ. ∷ بچووک و گەورە دەبێ دەرس بخوێنن. & بچکۆل، بچکۆلانە، بچکۆلە، بچکۆڵ، بچکۆلانە، بچکۆڵە، بچکە، بچکەلانە، بچکەڵە، چووک، بووچک، گچکە، گچکەلانە، چکۆڵە، چکۆلانە، چووکەڵە، چکۆلووکە، چکۆڵووکە، پچووک، پچکۆڵە، پچکۆلە، پچکۆلانە، پچکۆلانە.

**بچووکیی** (حم.)[بچووک + ئی] ١- چووک بوون. ٢- منداڵەتی، کۆرپەیی، ساوایی. ٣- نۆکەریی، خزمەتکاریی.

**بخواز** (ئان. فا)[ب ؟ + خواز] کەسێکی داوای شت لە خەڵک دەکا، داواکار، خوازەڵۆک.

**بخورد** (نا.) بڕ: بخوور

**بخۆر** (ئان. فا)[ب2 + خۆر] ١- کەسێکی زۆر بخوا، زۆرخۆر، خۆرا. ٢- کەسێک کە مەیلی بۆ خواردن زۆرە، نەوسن، چڵێس.

**بخوور** (نا.)[عەر: بخور] ١- هەر شتێک کە بۆ بۆن خۆش کردنی وڵات بە سەر پۆلوو ئاوری داکەن وەک ئەسپەندەر و عوود و عەنبەر و کوندر... ∷ بۆنت بۆنی بخووریێ مەمکت سێوی بەهەشتێ / نەخۆشەکی گرانم، کەوتووم لە سەر تەنیشتێ (سێسەد هۆنراوە ل ١٤). ٢- هەڵمی ئاوی گەرم یا دەرمانی کوڵاو کە کەسی نەخۆش لە بن پارچەیەک هەڵمەکەی هەڵدەمژێ. & بوخور، بخورد، بغورد، بوغرد. ~ **کردن:** ١- سووتاندنی مادەیەک بۆ بۆن خۆش کردن. ٢- هەڵمژینی دەرمانی کوڵاو لە بن پارچەیەک.

**بخووردان** (نا. ل)[بخوور + دان] دەفری تایبەتی بخوور تێ دا سووتاندن.

**بخووز** (ئان. فا)[ب2 + خووز

(خستن)] گایەک کە لە کاتی جووت کردن دا مان دەگرێ، خۆ بە زەوی دادەدا و بە هیچ کلۆجێک هەڵناستێتەوە، خەفۆک، بغووز.

**بدبەدە** (گیانـ.)[؟] مەلێکی کێویی چووکە، قەڵەو و کلک قوڵەیە، دان و جڕ و جانەوەری چووکە دەخوا، لە دەشت و مووچە و لێڕەوار دەژی و بۆ گۆشتەکەی و بۆ جوانی راوی دەکەن، Tetrao co-turnix ناوی لاتینی ئەم مەلەیە، کەرەواڵە، هەوێردە.

**بدە** (ئان. فا)[ب2 + دە] بڕ: بدەر. ∷ نان بدە

**بدەو** (ئان. فا)[ب2 + دەو] ئەسپی خۆشبەز ، بۆر و بدەو. ∷ دەڵێن: پیاو زۆر سوارچاک نەبێ، خۆی لە سەر پشتی راناگرێ؛ هێندە گورج و توند و تۆڵ و بدەوە (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٤٨).

**بدەر** (ئان. فا)[ب2 + دەر] ١ـ کەسێک کە شتێک دەبەخشێ، بەخشێنەر. ٢ـ کەسێک کە گان دەدا، گاندەر. & بدە

**بدەو** (ئان. فا)[ب2 + دەو] ئەسپی خۆشبەز، برەو∷ تەمەشای ئێختەرخانەی کاکان بکە، دەبەر بۆر و بدەوانم کەوتوە جل و هەوسار و توورە (مان ل ٢٥٤).

**برا**[1] (نا.)[هیک: بهراتەر ـ ئەو: براتەر ـ هەخ: براتەر ـ پەه: براتەر، برات، براد. لۆر: بێرار ـ فار: برادر ـ تات: بێرا. سوید: bror ـ ئین: brother ـ روس: brat. باک: برا ـ ناو: برا ـ باش: برا ـ هەو: برا، براڵە ـ زا: برا، برار، بەرا، بەرار] ١ـ پەیوەندی نێوان کوڕ دەگەڵ کوڕ و کچەکانی دایک و باب. ٢ـ (مجـ.) نیشانەی خۆشەویستی و رێز و نزیکایەتی دەگەڵ ئاواڵ یا کەسی دیکە. ∷ برای شیرینم ئەوە بۆ سەرێکمان لێنادەی؟ || **برای باب:** مام. **برای بابی:** پەیوەندی نێوان دوو یا چەند برا کە باوکیان یەکە بەڵام دائکیان جیایە، برای باوکی. **برای باوکی:** بڕ: برای بابی. **برای تووتە:** بڕ: براتووتە. **برای حەق:** برا لە یەک دایک و یەک باب. // زڕبرا. **برای خوێنی:** دوو کوڕ کە بە بڕینی شوێنێکی دەست کەمێک خوێنیان ئاوێتەی یەک دەکەن و پەیوەندی برایەتی دەبەستن. **برای دایک (ی) و بابی (باوکی):** برا لە یەک دایک و باب. ∷ وەرە پێکەوە ببینە برای دایک و بابی هەتتا لێمان خەرا دەبێ ئەو دنیایە (مان ل ٤٨). **برای**

**دایکی:** پەیوەندی نێوان دوو یا چەند برا کە لە دایکێکن بەڵام باوکیان جیایە، دایک برا. براماک. **برای دینی:** پەیوەندی نێوان لاگرانی دین و ئاینێک دەگەڵ یەکتر، هاوئایین، هاودین. **برای شیری:** کوڕێک کە دەگەڵ کەسێکی دیکە شیری مەمکی دایکی یەکتریان خواردبێ، شیربرا.

**برا**$^2$ (ئام.) بڕ: بریا

**برا**$^3$(ئام.) بلا، با، دەبا، بهێڵە

**براباب** (نا. ل)[برا1 + باب1] پەیوەندی نێوان دوو کوڕ کە باوکیان یەکە بەڵام دایکیان جیایە، برای بابی، براباڤ، باوک برا.

**براباڤ** (نا. ل)[برا1 + باڤ][باک] بڕ: براباب

**برابەش** (نا. ل)[برا1 + بەش1] ١ـ شەریکایەتی لە شتێک دا بە نیوەیی، بارەبرا. ٢ـ دۆستایەتی زۆر نزیک کە وەک دوو برا بەشیان بە ماڵی یەکەوە بێ.

**براتووتە** (نا. ل)[برا1 + تووتە] چوارەمین ئەنگوستی دەست لە قامکە گەورەوە، ئەنگوستی پەنا پەنجە تووتە، ئەو قامکەی ئەنگوستیلەی تێدەکەن، برای تووتە.

**براتی** (حم.)[برا1 + تی][باک] بڕ: برایەتی

**برادەر** (نا.)[فار: برادر] دۆستی زۆر نزیک، ئاواڵ، براک.

**تێبینی:** برادەر لە زمانی فارسی دا دەقاودەق بە مانای برایە و کوردەکانی ئێران بە مانای دۆستی کوڕ بە کاری دەبەن. ئەم وشەیە لە ئێرانەوە پەڕیوەتە نێو کوردەکانی عێراق و ئامرازی نێرینەی لە دەست داوە و بۆتە دۆستی کچ!!

**برادەرایەتی** (حم.)[برادەر + ئایەتی] ئاواڵەتی، دۆستایەتی، براکەی، برادەریی.

**برادەریی** (حم.)[برادەر + ئیی] بڕ: برادەرایەتی

**برار** (نا.)[زا] بڕ: برا1

**برارزا** (نا. ل)[برار + زا][باش ـ هەو ـ زا] بڕ: برازا

**برارەی** (حم.)[برا1 + ئەی][زا] بڕ: برایەتی

**برازا** (نا. ل)[برا + زا][پەهـ: براتەرزات. باک: برازی ـ ناو: برازا،

بـرازاگ ـ بـاش: بـرارزا ـ هـەو: بـرازا، بـرارزا ـ زا: بـرازا، بـرارزا، بـەرازا] پەیوەندی نێـوان منداڵەکـانی برایەک دەگەڵ خوشک و براکانی ئەو کەسە. ∷ برا بوو بە برازا / کـار لە کـار ترازا (پەند ل ٨٢).

**برازازا** (نا. ل)[برازا + زا] پەیوەندی نێوان نەوەکانی برایەک دەگەڵ خوشک و براکانی ئەو کەسە.

**برازاڤا** (نا. ل)[برا + زاڤا][باک] بڕ: برازاوا

**برازاگ** (نا. ل)[برا1 + زاگ][ئەر] بڕ: برازا

**برازاوا** (نـا. ل)[بـرا1 + زاوا] بـرای زاوا یا ئاواڵی نزیکی زاوا کـە لە ڕۆژی گـواسـتنەوەی بووک پشـتێندی بووک دەبەستێ و بووک دەگەیەنێتە ماڵە زاوا، برازاڤا.

**برازی** (نا. ل)[برا1 + زی][باک] بڕ: برازا

**بـــراژن** (نـــا. ل)[بـــرا1 + ژن] ١ـ پـەیوەندی نێـوان ژنی برایەک دەگـەڵ خــوشک وبراکــانی دیکە، ژنی برا، براژەنی. ٢ـ (مجـ.) بۆ بانگ کردنی ژنی ئاواڵ و دۆست و ناسیاو تەنانەت بۆ ژنی بێگانەش.

**براژەنی** (نا. ل)[برا1 + ژەنی][هـەو] بڕ: براژن

**براشتن** (چا. م)[باک] بڕ: برژاندن

**براشـتی** (نا. مـفـ)[لە: براشتن][باک] بڕ: برژاو. ∷ گۆشتێ براشتی

**بـراک** (نـا. ل)[بـرا1 + ک][زا][پـەهـ: براتەک] ئاواڵ، دۆست، برادەر.

**براکـە** (نا. ل)[برا1 + کـە][قـوچ] بڕ: ئاواڵ زاوا

**براکــەی** (حم.)[براک + ئـەی][زا] بڕ: برادەرایەتی

**براله** (نا. ل)[برا + لە] وشـەی دواندن و بانگ کردنی برا یا کەسێکی بێگانەی هاوتەمـەن یا چووکتـر بۆ ڕێز لێنان. ∷ براله! ماڵە کاک هومێد لە کۆێیە؟

**براڵە** (نا. ل)[برا + ڵە][هەو] بڕ: برا.

**برامازگ** (گیا.)[برا1 + مازگ][ئەر] پستـەی بێ کاکڵ و پووچی داری پسـتـە کـە لەبەر جـەوتێکی زۆر کـە هەیەتی بۆ دەباغی کەلکی لێوەردەگرن.

**تێبینی:** فـەرهەنگی خاڵ و هـەنبـانە بۆرینە ئەم وشــــەیان لە مــــەردووخ

وەرگـــرتوە و بە بەرێکی دارمـــازوویان داناوە لـە حـــاڵێک دا مـــەردووخ هـیـچ ئیـشـارەیەکی بـە دارمـازوو نەکـردوە و لە ئاسـتـی مـانـای فـارسـیـیـەکـەی پـزغند و پـزغنج نـووسـیـــوە و ئەوانـەش بـەری دارپستـەن و وشـەکـەش برای مـازوویە یانی هاوتای مازوو لە کاری دەباغی دا.

**برامــاک** (نا. ل)[برا1 + مـاک][باک] پەیوەندی نێـوان دوو یا چەند برا کـە لە دایکێکن بەڵام بـاوکـیـان جـیـایـە، برای دایکی، دایک برا.

**براندی** (نا.)[ئین: brandy] جـۆرێک ئارەقی ئینگلیسی.

**برانکارد** (نا.)[فـــەر: brancard] تەخـتـێکی پێـچکەدارە کـە نەخـۆش و برینداری لـە سـەر درێژ دەکـەن و بۆ نـەخـــۆشـــخـــانـە یا شـــوێـنی دیکە رایدەگوێزن.

**براو** (ئان.)[سۆر] بڕ: بڵاو

**براوە**[1] (نا. ل)[بـراو + ئە][سـۆر] بڕ: بڵاوە

**براوە**[2] (نا. فا)[لە: بردنەوە] کەسێک کـە لە قـومـار،کـێبـەرکێ، یـاری و کـایە سەرکەوتبێ. // دۆڕاو.

**برایانە** (ئاک. ل)[برا1 + ئانە] وەکـو برا، بە شێوەی برا. ؛؛ پێکەوە دانیشتین و بـرایـانـە نـێـــوان نـاخـــــۆشـی و مەسەلەکانمان حەل کرد.

**برایەتی** (حم.)[برا1 + یەتی][پەهـ: براتـیـیـهـ. باک: برایەتی، براتی ـ ناو: برایـەتی، برایی ـ زا: برارەی، برایـەی] پەیوەندی نێـــوان دوو برا، برایی. ٢ـ پەیوەندی و بەین خـۆشی نێوان ئاواڵ و دۆست یا پەیوەندی گەل و نەتەوەی جیا. ؛؛ برایەتی کورد و هەرمەنی زۆر کۆنە.

**برایەی** (حم.)[برا1 + یەی][زا] بڕ: برایەتی

**برایی** (حم.)[برا1 + ئی] بڕ: برایەتی

**برج** (نا.) بڕ: بورج

**برچی** (ئان.)[باک] بڕ: برسی

**برچیتی** (حم.)[برچی + تی][باک] بڕ: برسیایەتی.

**برح** (ئان.)[سۆر] بڕ: بڵح

**بردن** (چا. م)[هیک: بهـەر ـ ئەو: بەر ـ هـەخ: بـەر ـ پـەهـ: بورتـەن. تـات: بـەردەن، بێـبـەردەن ـ فـار: بردن. بـاک: برن ـ ناو: بـردن ـ بـاش: بـردن ـ هـەو: بـەردەی ـ زا: باردش، بەردش] راگوێزتنەوەی شتێک یا

کەسێک دەگەڵ خۆ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. ؛؛ دز هات و ماڵەکەی برد. **بردنە ڕێ:** وەڕێ خستن، بەڕێوە بردن، ئەنجام دان. ؛؛ شاگردەکانم زۆر جوان کارکان دەبەنە ڕێ. **بردنە سەر:** ١ـ بە ئەنجام گەیاندنی کار یا مەسەلەیەک، تەواو کردن. ٢ـ داسەپاندنی قسە. ؛؛ ئاخری هەر قسەی خۆی بردە سەر. ٣ـ تێپەڕ کردن، گوزەراندن. ؛؛ هەتا مردن ژیانێکی ئارامیان پێکەوە بردە سەر.

**بردنەوە** (چا. م)[بردن + ئەوە] ١ـ گەڕاندنەوەی شتێکی کە وەرگیراوە بۆ شوێنی خۆی، برنەوە. ؛؛ ئەو کراسە بەرەوە و بیدەوە. ٢ـ سەرکەوتن لە یاری و کایە ، قومار و گرێو. ؛؛ تیمی فتباڵی ئالمان دوو بە یەک لە ئینگلستانی بردەوە. دوێ شەو دوو سەد تمەنم بردەوە. ٣ـ بردن. ؛؛ گۆشتێکی جوانی کڕی و بردیەوە ماڵێ.

**بردوو** (نا. مف.)[لە: بردن] ١ـ بردە، بردراو. ٢ـ بە ناوەوە دەلکێ و ئاوەڵناوی مفعوولی ساز دەکا. ؛؛ ناوبردوو، سەرمابردوو، بابردوو

**بردە** (نا. مف.)[لە: بردن] ١ـ بردراو، بردوو. ٢ـ بە ناوەوە دەلکێ و ئاوەڵناوی مفعوولی ساز دەکا. ؛؛ سەربردە، بابردەڵە.

**برژ** (ر.) ڕەگی برژان و برژاندن.

**برژان** (چا. ل)[بڕ: برژاندن] ١ـ ساز بوون و پێگەیشتنی گۆشت و خواردەمەنی لە سەر ئاگر یا پۆلووی گەشاوە، برژیان، برژین. ؛؛ ڕۆڵە بزانە فڕووجەکان برژاون نەکا بسووتێن. ٢ـ (مج.) هەست بە گەرمایەکی زۆر کردن، پیشان. ؛؛ لەبەر ئەو خۆرەتاوە پیاو دەبرژێ.

**برژاندن** (چا. م)[ئێک: برەئیگ ـ پەه: بریشتەن. باک: براشتن ـ ناو: برژانن، برژاندن ـ باش: برژانن ـ هەو: برێژیای] ١ـ لە سەر ئاگر ڕاگرتنی گۆشت و ئەو خواردەمەنییەی کە ڕاستەوخۆ لە سەر ئاگر یا پۆلووی گەشاوە ساز دەکردرێ، کەباب کردن. ؛؛ ئەو گارگ و تەماتانە ببرژێنە.

**برژاندنەوە** (چا. م)[برژاندن + ئەوە] ١ـ ڕاگرتنی خوێنی برینی قورس بە سووتووی پەڕوو یا دەرمانی سوور. ٢ـ لە سەرڕا لە سەر ئاگر ڕاگرتنی شتێک کە باش نەبرژابێ. ؛؛ ئەو مریشکە خۆ هێشتا نەبرژاوە برۆ بیبرژێنەوە!

**برژانگ** (ئا.)[هیک: نیمیش ـ سان: نیمیشە ـ پەه: مێژوک، مێچوک، مێچ، میچەک، مەزەگ، موزەک. باک: بژانگ، مژانگ، مژوولانک، مووژانک، مژگول، مشکولی ـ ناو: برژانگ، بژانگ، مژانگ، مژۆڵ، بژۆڵ، برژۆڵ ـ باش: برژانگ ـ هەو: برژانگ، بژانگ ـ زا: مجەو، مژا، مژە، موژە، بۆژە، بژە] ١ـ دوو ریزە مووی ورد کە لە سەر و بنی پێڵووی چاو روان. ٢ـ هەر کام لە موویەکانی سەر پێڵوو

**برژانن** (چا. م)[باش ـ ئەر] بڕ: برژاندن

**برژانەوە** (چا. ل)[برژان + ئەوە] ١ـ کزانەوەی برین و جێی سووتاو، برژیانەوە، برژینەوە. ٢ـ بڕ: برژاندنەوە

**برژاو** (نا. مف.)[لە: برژان] هەر شتێکی کە راستەوخۆ لە سەر ئاگر ساز بوە، برژیاگ، براشتی، برشتوو، برژیو، برژیاو. :: گۆشتی برژاو، کارگی برژاو، فرووجی برژاو.

**برژۆڵ** (ئا.) بڕ: برژانگ

**برژیاگ** (نا. مف)[لە: برژیان][ئەر] بڕ: برژاو

**برژیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: برژان

**برژیانەوە** (چا. ل)[برژیان + ئەوە] بڕ: برژانەوە

**برژیاو** (نا. مف.)[لە: برژیان] بڕ: برژاو

**برژین** (چا. ل) بڕ: برژان

**برژینەوە** (چا. ل)[لە: برژین] بڕ: برژانەوە

**برژیو** (نا. مف.)[لە: برژین] بڕ: برژاو

**برسی** (ئان.)[هەخ: ڤرسە، ڤرسنە ـ پەه: گورسەک، گورسەگ، گوشنەک. باک: برچی ـ ناو: برسی ـ باش: برسی ـ زا: ڤێشان، ڤەیسان، ڤەیشان] ١ـ گیاندارێک کە گەدەی بەتاڵە و پێویستی بە خواردن هەیە، ئاورا.// تێر. ٢ـ کەسێک کە بە ماڵی دنیا تێر نەبێ، چاوبرسی. ٣ـ رەش و رووت، هەمیشە برسی. ~ **بوون:** ١ـ هەست بە برسیایەتی کردن و مەیلی خواردن هەبوون. ٢ـ چاوتێر نەبوون، مەیل بۆ پتر هەبوون. ~ **بوونەوە:** هەست بە برسیاەتی کردن دوای ماوەیەک تێپەڕین لە خواردن. ~ **راگرتن:** درەنگ خواردن دان بە کەسی برسی. **لە برسان مردن:** مردن لەبەر نەخواردن و خواردن پێنەگەیشتن.

**برسیـــایەتی** (حم.)[برسی + ئایەتی] حاڵەتی برسی بوون، برسێتی، برچیتی، برسـیـەتی، ئاورایی. **~ چێـژتن:** ١- تاقـەتی برسـیـایەتی هێنان. ٢- پەی بە چلۆنایەتی کـەسی برسی بردن، بە برسیایەتی زانین.

**برسیـەتی** (حم.)[برسی + ئەتی] بڕ: برسیایەتی

**برسێـتی** (حم.)[برسی + ئەتی] بڕ: برسیایەتی

**برش** (نا.)[؟] ١- کۆمەڵێک قارچکی وردن، لە سەر نان و میوە و خواردەمەنی دیکە لە بەر مـانەوەیان پەیدا دەبن، رەنگی ئەو کۆمایە پترشینە و رەنگی دیکەش بەخۆوە دەگرن. پێنێسلین لەم قارچکانە پێکدێ، کەڕوو، کەڕڕێ، گەڕگ، کەڕەکیفە، برشوو، پرگ، پیرک. ٢- (مجـ.) نارەحەتی و پشوو سواری لەبەر تەنگی جێ و گەرما. **~ هەڵاتن:** پشـوو سوار بوون و نارەحەت بوون لە بەر کەمی جێگا و گەرما. **~ هەڵێنان:** پەیدا بوونی برش و کـەڕوو ، کـەڕوو هەڵێنان. ⁖ ئەو نانانەت بۆ فرێ نەداون هەموو برشیان هەڵێناوە.

**برشـاویی** (ئان. ل)[برش + ئاویی2] حاڵی هەر شتێکی کە برشی هەڵێنابێ، کەڕوایی.

**برشـتوو** (نا. مـفـ.)[لە: برژان] بڕ: برژاو. ⁖ ... بە کێردەکەی دەیبڕێ، لە سـەر ئاوری دادەنێ نیـوەبرشـتـوو دەیخوارد. (مان ل ٣)

**برشـتـە** (نا. مـفـ.)[ لە: برژان][پەهـ: بریشتەک] نانێکی باش برژابێ، نانێکی فەتیر نەبێ و نێوەراستەکەی گوڵی کردبێ، بریشتە.

**برشوو** (نا. ل)[برش + ئوو] بڕ: برش

**برغوو** (نا.)[تور: burgu] ئامرازێکە وەک بزمار بەڵام پێچدار کە بۆ لێک توند کـردنی دو پارچە شت لە یەک کـەلکی لێـوەردەگرن، بورغوو، برغوو، بورغی، برغی، جەڕ، ڤیدە، پێچ/٣.

**برغی** (نا.) بڕ: برغوو.

**برق**[1] (نا.)[عـەر: برق][باک] ١- بەرق، بەرەق، بریقـە، شـۆق ٢- برووسک. ٣- بەرق، کارەبا.

**برق**[2] (نا.)[؟][زا] بڕ: قەتران

**بـرق بـرووسـک** (نـا. ل)[بـرق1 + برووسک][باک] هەورەتریشـقـە، برووسک.

**برقــه** (نا. ل)[برق1 + ئه] بریقــه، درەوشانەوە.

**بـرقـین** (چـا. ل)[لـه: بـرق1][بـاک] بریقانەوە، بریسکانەوە

**برک**[1] (نا.) ١ـ (ئا.) خـاڵیگە، کەلەکە. :: خـۆ لە بیـریان نەچوە خـالیـداغـا و سـابیـرخـان/ زێندین بریندار دەبوو، برینـی بوو لە برکـان (سـەعـیـد و میـرسـێـوەدین ل ٨٤). ٢ـ ژان و ئێشی پشت و خـاڵیگە و نێوقـەدی مرۆڤ، ژان و برک. **~ پێـدا هاتن:** دەست پێکردنی ژان و برک وەک برووسکە بـە تیـغـەرەی پشـت دا. **~ کـــردن:** تـووشـی ژان و ئـازاری بـرک بـوون. :: برکـم کـــردوە تیغەرەی پشتم زۆر دێشێ.

**تێبینی:** ریشـەی برک دەچێتەوە سـەر ڤێرێذکە vərəđka ـ ی ئەوێستایی بە مانای وڵک و گورچیلە. (بڕ: گورچیلە)

**برک**[2] (نا.)[؟] قوڵەدار یا داردەستێک کـە بۆ بەر وەرانـدن یا بە شـتـێک دادان کـەلکی لێـوەردەگـرن، برکـە، کـوڵەبرک، پـلار، پـلـلار. **~ تـێـگـرتـن:** بڕ: پـلار تێگرتن. **~ دان:** فڕێ دان، تووڕ دان.

**برکـاوێژ** (ئان. فا)[برک2 + ئاوێژ] ١ـ کـەســێک کــە برک داوێ. ٢ـ (نا. ل) مـەودایەک کە برک و پلاری هاویشـتـراو دیـاری دەکــا. :: برکـــاوێژێک دوورتـر مراوی بە سـەر سـەرمان دا دەفڕین.

**برکە** (نا. ل)[برک2 + ئە] بڕ: برک2

**برمووت** (نا. ل)[باک] بڕ: بڕنووتی

**برنج**[1] (گـیـا.)[ئەو: ئـورڤـینـج ـ پەه: برینج، ڤرینج، ڤـیرینج ـ سـان: ڤریـیـهی. باک: بـرنج ـ نـاو: بریـنـج، بـرنج ـ بـاش: بـــرنج ـ هــــەو: بـــرنج ـ زا: بـــرنج] دانەوێڵەیەکی رەنگ سپییە، لە زەوییەکی ئـاوی زۆر بێ دەچێنـدرێ، لـە کــــۆنـەوە ناسـراوە و بۆ خواردن دەبێ (پلاو، کەتە، قــبـوولـی و...) و چەندین جـۆری هـەیە. (سـەدری، گردە، عەمبـەربۆ و ...). زێدی ئەم دانەوێڵە چین و ژاپۆن و هیندوستـان بوە و دوایی بە دونیـا دا بڵاو بۆتـەوە، لە کــوردســــتــان دەچێندرێ. بـە شــیـنی مەرەزەی پێدەڵێن، کە لە توێکڵ دایە پێی دەڵێن چەڵتووک. Oryza sativa ناوی لاتینی ئەم گیـایەیە. ‖ **برنجی بەردەشۆر:** (کنـ.) خـــووســــان لـە بـەر بـاران. :: بارانێکی خـۆش دەباری حـەسـۆ کـە گـەیشـتــەوە وەک برنجی بـەردەشـۆری لێهاتبوو. **برنجی سەدری:** جۆرە برنجێکی باشە کە لە گیلان و مازندەران رەعەمەڵ

دێ. (ئەم برینجە یەکەم جار میرزائاغاخانی سەدری ئەعزەم لە هیندوستانەوە دەگەڵ خۆی هێناویەتی و لە مازندەران چاندوویەتی و بە ناوی خۆی ناوبانگی دەرکردوە.) **برنجی عەمبەربۆ:** جۆرە برنجێکی بۆنخۆش و باشە. **برنجی گردە:** جۆرێک برنجە کە لە برنجی ئاسایی چوکترە بەڵام قەڵەوترە و پتر بۆ ئاش و چێشتی شلە کەلکی لێوەردەگرن، گردە.

**برنج**2 (نا.)[فەر: bronze] ئالیاژێکی ساز کراوە لە هەندێک کانی وەک: مس، قەڵایی و فافۆن، کە هەندێک دەفری نێو ماڵیی لێ ساز دەکردرێ وەک ئاونگ، کەشەف، سەماوەر و...، زەرد، زەردە، برنجە، تونج، پرینگۆک، برۆنز.

**برنجار** (نا. ل)[برنج1 + جار1] زەوییەک کە بۆ داچاندنی برنج تەخان کراوە، مەزرای برنج، برنجەجار، چەڵتووکجار، مەرەزە.

**برنجداس** (گیا.)[برنج1 + داس][باش] بڕ: بۆمارانە

**برنجکوت** (نا. ل)[برنج1 + کوت (کوتان)] ١ـ ئامرازێکە بۆ کوتانەوەی برنج و لێکردنەوەی توێکڵی چەڵتووک ، دنگ، دینگ. ٢ـ (ئان. فا.) کەسێک کە بە دینگ مەرەزە دەکوتێتەوە، دینگچی.

**برنجمشک** (گیا.)[پەه: فەرەنگموشک] گیایەکی خۆڕسکی بەلک و پۆیە لە تیرەی نەعنا، هەتا هەشتا سانت بەرز دەبێتەوە، گەڵاکانی بە شکڵی بەیزیی و گڕنی گڕنی و تاڵە، گوڵەکانی سپی و مەیلەوسوور و بۆنخۆشە، لەم گیایە بۆ دەرمان و چارەی گەلێک نەخۆشی کەلک وەردەگرن، Calament acinos و Melissa officinalis ناوی لاتینی ئەم گیایەن، ڕێحانەکێویلکە، چەدەنە.

**برنجۆک** (نا. ل)[برنج1 + ئۆک] ١ـ کوان و چڵکێکە کە لە سەر پەنجە و ژێر نینۆک پەیدا دەبێ و زۆر بە ژانە، موو. ٢ـ پارچە و قوماشێکی سپی و ناسک و کون کون کە ژنان بۆ دەسماڵ کەلکی لێوەردەگرن، تەنزیل، تۆڕ. ٣ـ (ئان.)[باک] شەفاف.

**برنجە** (نا.)[ئەر] بڕ: برنج2

**برنجەجار** (نا. ل)[برنج1 + ئە + جار1] بڕ: برنجار

**برنجی**1 (ئان. ل)[برنج1 + ئی] ١ـ لە ڕەنگی برنج. پتر بۆ ڕەنگی ددان

دەکوترێ. ⁂ ددانەکانی برنجی و جوانن. ٢ـ هەر شتێک کە لە برنج ساز کرابێ. ⁂ نانی برنجی.

**برنجی**[2] (ئان. ل)[برنج2 + ئی] ١ـ هەر دەفر و ئامانێکی لە برنجە ساز کرابێ. ٢ـ رەنگی مەیلەو قاوەیی.

**برند** (ئان.)[سۆر] بڕ: بڵند

**برنگ** (نا.) بڕ: برینگ

**برنەوە** (چا. م)[برن + ئەوە] بڕ: بردنەوە

**بروە** (نا.)[باش ـ زا] بڕ: برۆ

**برویسکە** (نا.)[باش] بڕ: برووسک

**بروێ** (ئا.)[هەو] بڕ: برۆ

**برۆ** (ئا.)[ئەو: برڤەت ـ هەخ: بروو ـ سان: بروو. پەهـ: برووک، برووی، برەڤەد. لۆڕ: بێرم ـ فار: ابرو. روس: برۆڤ. باک: بروو، برە، بری، برۆ ـ ناو: برۆ ـ باش: ئەوروو، بروە ـ هەو: برۆ، برۆی، بروێ، بروو ـ زا: بەرەو، برەو، برەوی، بروە، بوری، بورو] ریزە موویەکی کەم و کەوانی کە لە سەرەوەی چاو و لە بنەوەی نێوچاوان رواوە. ~ **تێکنان:** گنج بە نێو چاوان دان و هێنانە خواری برۆ لە بەر توورەیی و قەڵس بوون، برۆ وێکنان، نێوچاوان تێک نان. ~ **وێکنان:** بڕ: برۆ تێکنان. ~ **هەڵتەکاندن:** تەکان دانی برۆکان بۆ لای سەرەوە لە کاتی وڵام دانەوە بە کەسێک کە مانای نا ـ ی هەیە. ~ **لێهەڵتەکاندن:** ئیشارەیەکەی نهێنییە بە کەسێک کە سەبارەت بە مەبەستێک پرسیاری لێدەکرێ و کەسی سێهەم یا هاودەستەکەی برۆکانی بۆ لای سەرەوە تەکان دەدا و ماناکەی ئەوەیە کە بە نا یا بۆ ئەنجام نەدانی کارێک وڵام داتەوە. ~ **هەڵگرتن:** هەڵقەندنی هەندێک لە تووکی برۆ بۆ رێک و پێکی و جوانی کە ژنان دەیکەن. || **برۆی سێبەنگ:** برۆی تێکەڵاو، برۆی سێ تاق، برۆی سێوەنگ. **برۆی سێ تاق:** برۆیەکی پڕ کە لە نێوانیان دا بۆشایی نەبێ، برۆی تێکەڵاو، برۆی سێبەنگ. **برۆی سێوەنگ:** بڕ: برۆی سێبەنگ. **برۆی قەڵەمی:** برۆی باریک.

**برۆنز** (نا.) بڕ: برنج2

**برۆی** (ئا.)[هەو] بڕ: برۆ

**بروو** (ئا.)[باک ـ هەو] بڕ: برۆ

**برووسک** (نا.)[ئەو: برازە ـ پەهـ: ڤیر، ڤیرۆزاک. سوید: blixt ـ باک:

برووسک، بریسک، بلێچ ـ ناو: برووسک، برووسکە، بریسک، بریسکە ـ باش: برویسکە، بڵاچە ـ هەو: برووسکە ـ زا: بلسک، ڤلسک، ڤرسک، ڤرسۆ] ١ـ رووناکییەک کە لە وێکەوتنی دوو هەور پەیدا دەبێ، رووناکی دوای گرمانی هەور لە ئاسمان، برق، چەغماغە، برق برووسک. ٢ـ ئێش و ئازارێک کە لە پڕ شوێنێکی لەش دادەگرێ و زوو دەبڕێتەوە. ~ **لێدان:** بڕ: برووسکاندن.

**برووسکاندن** (چا. ل)[لە: برووسک] ١ـ لێدانی بەرق و برووسک لە هەور، برووسکە دان، برووسک لێدان. ٢ـ برووسکە لێدان لە لەش.

**برووسکانەوە** (چا. ل)[برووسکان + ئەوە] بڕ: بریسکانەوە

**برووسکە** (نا. ل)[برووسک + ئە] ١ـ بڕ: برووسک. ٢ـ نامە یا هەواڵێک کە بە تەلەگراف بەڕێ دەکردرێ، تەلەگرام. ~ **دان:** بڕ: برووسکاندن.

**برووسکیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: بریسکانەوە

**برووسکین** (چا. ل) بڕ: بریسکانەوە

**برووسین** (چا. ل)[ باک] بڕ: بریسکانەوە.

**برووکە** (ئاک. ل)[بر (بڕین) + ئووکە] بڕێک، هێندێک، بەشێکی زۆر کەم لە شتێک. ∷ دا برووکەیەکم تۆو دەیە!

**برووقە** (نا. ل)[برووق (عەر: بریق) + ئە] بڕ: بریسکە/٢.

**برووقەبرووق** (نا. ل)[برووقە + برووق] بڕ: بریسکەبریسک

**برھ** (ئا.)[باک] بڕ: برۆ

**برەو**[1] (نا. فا)[ب2 + رەو] ١ـ رمێنی بازاڕ. ٢ـ باو، گەشە و نەشە. ٣ـ رێز، حورمەت. ٤ـ (ئان. فا) ئەسپی خۆشبەز، بدەو. ~ **پێدان:** ١ـ وە رمێن خستنی بازاڕ. ٢ـ باو کردنی شتێک، رەواج دان. ٣ـ رێز و حورمەت بە کەسێک دان. & وە برەو خستن. ~**سەندن:** ١ـ بازاڕ گەرم بوون، وەرمێن کەوتن. ٢ـ باو بوونی شتێک، وە رەواج کەوتن. ٣ـ بە قەدر و رێز بوونی کەسێک. & وە برەو کەوتن. **وە ~ خستن:** بڕ: برەو پێدان. **وە ~ کەوتن:** بڕ: برەو سەندن.

**برەو**[2] (ئا.)[زا] بڕ: برۆ

**برەوی** (ئا.)[زا] بڕ: برۆ

**بری**[1] (نا.) ئەم وشە بە تەنیا نایە و

هەمیشە دەگەڵ ـ لە ـ دێ (لە بری) بە مانی، لەجیات، بات. ؛؛ لەبری کایە کردن برۆ خەریکی دەرس و دەورەکانت بە!

**تێبینی:** بری هاوڕیشەیە دەگەڵ برای brāy ئەوێستایی و برێهـ breh ـ ی پازەند بە مانای بەش.

**بری**[2] (ئا.)[باک] بڕ: برۆ

**بری**[3] (ئام.) بڕ: بریا

**بریا** (ئام.)[ناو: بریا، بری، برا] وشەیەکە لە کاتی داوا کردن وەک ئاوات و ئارەزووی بۆ گەیشتنی دەکوترێ، خۆزگە، خۆزی، خۆزیا، کاش، کاشکە، کاشکی، وەشڵە، وەشڵێ. ؛؛ بریا نەمردبام و جارێکی دیکە دایکم دیبا.

**بریان** (ئان.) بڕ: برژاو

**بریانی** (نا. ل)[بریان + ئی] ١ـ بەرخ یا کاوڕی سەربڕاو و کوت کوت کراو کە دە گیپەکەی خۆی دەنێن و لە تەندووری دەخەن هەتا بپیشێ. ٢ـ قەل، مریشک، یا مەڕ و بەرخ کە نێو زگیان پڕ دەکەن لە برینج و بادام و کشمیش و بەهارات و لە تەندووری دەخەن. ٣ـ شۆربای نێو تەندوور. ٤ـ چەوەندەری پیشاوی نێو تەندوور.

**بریتی** (نا. ل)[بری1 + ئیتی] ١ـ پێکهاتوو. ؛؛ ئاوایی خۆشەکانی ناوچە بریتین لە ... ٢ـ لە بری، لە جیاتی، لە باتی.

**بریسک** (نا.) بڕ: برووسک

**بریسکانەوە** (چا. ل)[بریسکان + ئەوە] درەوەشانەوەی هەر شتێک کە نوور بداتەوە، برقین، برووسکانەوە، برووسین، بریسکین، بریسکیان، برووسکیان، برووسکین، بریقانەوە، بریقە دانەوە، بریقە دان، بریقە هاتن، بریسکە دان، بریسکە دانەوە

**بریسکە** (نا. ل)[بریسک + ئە] ١ـ بڕ: برووسک ٢ـ درەوشانەوەی خێراخێرای ئەو شتانەی نوور و شۆق دەدەنەوە، برووقە، بریقە. **~ دان:** بڕ: بریسکانەوە. **~ دانەوە:** بڕ: بریسکانەوە

**بریسکەبریسک** (نا. ل)[بریسکە + بریسک] درەوشانەوەی پەیتاپەیتا، برووقەبرووق، بریقەبریق

**بریسکین** (چا. ل)[لە: بریسک][باک] بڕ: بریسکانەوە

**بریشتە** (نا. مف.)[لە: برژان] بڕ: برشتە

**بریقـانەوە** (چا. ل)[لە: بریقـە] بڕ: بریسکانەوە. ∷ سەر تا پا خشڵی زیوی وای پێـــوە / ئەڕوا و هاڕەی دێ و ئەبریقێتەوە (گۆران ل ١٣٨).

**بریقـە** (نا. ل)[عـەر: بریق + ئە] بڕ: بریسکە. **~ دان:** بڕ: بریسکانەوە، **~ دانەوە:** بڕ: بریسکانەوە. **~ هاتن:** بڕ: بریسکانەوە

**بریقەبریق** (نا. ل)[بریقە + بریق] بڕ: برووسکەبرووسک

**بریقـەدار** (ئان. فا)[بریقـە + دار2] هەر شتێکی بریسکەی هەبێ و بدرەوشێتەوە.

**بریلیـان** (نا.)[فەر: brillant] ئەڵماسی داتاشراو و ڕێک و پێک کراو.

**برین** (نا.)[لە: بڕین][باک: برین ـ ناو: برین ـ هەو: برین ـ زا: برین] ١ـ شوێنی بڕاوی لەش بە هەر شتێکی بڕندە یا بە هۆی کەوتن خوێنی لێهاتبێتە دەر، زام، ریش، زەخم، زیەم. ٢ـ بڕ: کـوان. ٣ـ (مجـ.) ئازاری دەروون، خەم، خەفەت. **~ خۆش بوونەوە:** چاک بوونەوە برین، سارێژ بوونەوەی برین، برین سارێژ بوونەوە. **~ سارێژ بوونەوە:** چاک بوونەوەی برین. **~ سارێژ کردن:** دەرمان کردن و چاک کردنەوەی برین. **~ کزانەوە:** بڕ: برین کولانەوە. **~ کزاندنەوە:** بڕ: برین کولاندنەوە. **~ کولانەوە:** ١ـ ئازار بە برین گەیشتن و ژان کردنی برین. ٢ـ وە بیر هاتنەوەی دەرد و خەفەت. & برین کزانەوە. **~ کولاندنەوە:** ئازار بە برینی کەسێک گەیاندن. ٢ـ خەم و خەفەتێکی کۆن وە بیر کەسێک هێنانەوە. & برین کزاندنەوە. **~ لێکردن:** بڕ: بریندار کردن. ∷ بە چەقۆ دوو سێ برینی قورسم لێکرد. **~ وەبن دان:** چاک بوونەوەی رواڵەتی برین بەڵام لە بنەوە چڵک کردن و سەر هەڵدانەوەی، تەشەنا بوونەوە.

**برین پێچ** (نا. فا)[برین + پێچ (پێچانەوە)] کەسێک کە لە بەر دەستی دوکتور کار دەکا و برینی کەسی بریندار خاوێن دەکاتەوە و دەیبەستێ.

**برینج** (گیا.)[موک] بڕ: برنج

**برینج پاڵێو** (نا. ل)[برینج + پاڵێو] [موک] سەلە یا سوزمەی پاڵاوتنی برینج لە کاری ساز کردنی پڵاو دا، نانەشان، پڵاوپاڵا، پڵاوپاڵێو.

**بریندار** (ئان. ل)[برین + دار2] ١ـ

کەسێک کە لەشی بە ئامرازیک یا بە هۆیەک خوێنی لێهاتوە و برینی وێ کەوتوە، زامدار، زامار. ٣ـ شوێنی داڕووشان و خەت لە سەر کەرەسە و ئامرازی بێ گیان وەک میز، تلویزیون و ... وەها کە شوێنەکەی بمێنێتەوە. **~ بوون:** ١ـ پەیدا بوونی برین لە لەش. ٢ـ داڕووشان و خەت وێکەوتنی سەر ئامراز و کەرەسە. ٣ـ ئازاری مەعنەوی پێگەیشتن، دڵبریندار بوون. **~ کردن:** ١ـ برین لەکەسێک دان بە هەر کار و ئامرازێک، برین لێکردن. ٢ـ شوێن وێ خستن لە کەرەسەی بێ گیان. ∷ منداڵ بەو چەقۆیە هەموو ئەو میزەیان بریندار کردوە. ٣ـ ئازاری مەعنەوی لە کەسێک دان، دڵبریندار کردن، ئازاراندن. ∷ قسەکانت زۆریان بریندار کردم.

**برینداریی** (حم.)[بریندار + ئیی] ئاکامی بریندار بوون.

**برینگ**[1] (نا. ل)[بر (بڕ لە: بڕین) + ئینگ][باک: بڕنگ، هەڤرنگ ـ ناو: برینگ، برنگ، هەورینگ، هەورنگ ـ هەو: هەورێنگی ـ زا: ئاڤرینگ، ئاڤرنگ] ئامرازی بڕینەوەی موو و خووری بزن و مەڕ، جۆرێک مقەستی گەورەیە کە دمەکانی پانتر و گەورەترە و دەسکەکەی وەک مقەست ڕاست نیە و لە دمەکەی بڵندترە، دوێرد، دووکارد، جەو، جەور، جەهرێ. **بە ~ ئەنگووتن:** باش دە بڕینەوە نەهاتنی خووری و ئەویش لە بەر نەخۆشییەکە کە لە کاتی بڕینەوەی خووری دا تووشی مەڕ دێ، بە برینگ کەوتن، بە برینگ هەڵگەڕان. **بە ~ کەوتن:** بڕ: بە برینگ ئەنگووتن. **بە ~ هەڵگەڕان:** بڕ: بە برینگ ئەنگووتن.

**برینگ**[2] (ئان.)[؟] دەگەڵ وشەی ئیشک (ویشک، وشک) دێ و داگرتنێکی پتر لە سەر ئیشک دەکا، زۆر ئیشک. ∷ بە سارایەکی ئیشک و برینگ دا دەڕۆیشتین. چێشتەکەت زۆر ئیشک و برینگە هەر زەڕڕەیەک چەورایی نیە.

**برینگچی** (ئان. فا)[برینگ1 + چی] بڕ: برینگەوان

**برینگەوان** (ئان. فا)[برینگ1 + ئە + وان] کەسێک کە بە برینگ خوری مەڕ و بزن دەبڕێتەوە، برینگچی.

**بریوبریو** (نا. د)[بریو + بریو] هات و هەرا، هەرا، قاوەقاوەی بەرز. ∷ ئەوە لە کاروانیەکان دوو پیاوی گورج و گۆڵ ڕۆیین تا خەبەر بدەن بە وڵاتی مەرگەوەڕ. بریوبریو پەیدا بوو! پێشیان پێگرت

(سەعید و میرسێوەدین ل ٧٢).

**برێسە** (نا.)[سۆر] بڕ: بڵێسە

**برێشکە** (نا. ل)[برێش (برێژ = برژاندن) + کە] ١ـ دەنکە گەنمی لە سەر سێڵ بۆ دراو. ٢ـ هەر دانێکی دیکەی بۆدراو. ∷ برێشکەی جۆ ئەخوا، بە سابوون دەست ئەشوا (پەند ل ٨٣). & برێشگە.

**تێبینی:** بریشتەک brištak لە پەهلەویی دا بە مانای برژاو لە چاوگی بریشتەن brištan هەر یەک سەرچاوەیان هەیە.

**برێشگە** (نا. ل)[برێش (برێژ = برژاندن) + گە] بڕ: برێشکە

**بڕ** (نا.)[لە: بڕین] رەگی بڕین ـ ە و ئەو مانایانە دەدا. ١ـ کەمێک، ئەندازەیەکی کەم. ∷ بڕێکم نان خوارد. ٢ـ مەودایەکی کەم. ∷ بڕێکمان ماوە دەگەینێ. ٣ـ زەمانێکی کەم، تاوێک. ∷ بڕێک درێژ بە و سەرخەوێکی بشکێنە. ٤ـ ئەو مەودایەی چاو دەتوانێ ببینێ، هەتەر. ٥ـ ساڵ و تەمەن بۆ کەر و ئەسپ و یەستر هەتا سێ ساڵان و لە دوایی ساڵ بە کار دێن ∷ یەکبڕ، دوو بڕ، سێ بڕ. ٦ـ مەودا، ئیزن، ماوە. ٧ـ پاشگرە بە ناوەوە دەلکێ و مانای بڕێنەر دەدا. ∷ دەسبڕ، سەربڕ. **~ بوون:** ١ـ هەڵبڕان، جیا بوونەوە.٢ـ ئاوەکی بوون، هەڵبڕان لە ران و مێگەل. **~ پێدان:** ١ـ هەڵبڕین، لەت کردن. ٢ـ چوونە نێو قسەی یەکی دیکەوە. **~ دان:** ١ـ جوێ کردنەوە، دابڕین. ∷ ئالێرەوە دیوارەکە بڕ دەدەین. ٢ـ ماوە دان، ئیزن دان. ∷ خۆ بڕ نادا ئێمەش دوو قسان بکەین! ٣ـ بوار دان. ∷ ئەو چۆمە بڕ نادا. **~ شکاندن:** تینوایەتی شکان، تێراو بوون. ∷ هەندێکی دیکەم ئاو دەیە بەوەندە ئاوە برم ناشکێ! **~ کردن:** ١ـ تاقەت و توانایی بڕینی رێگا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. ∷ ئەو منداڵە بڕ ناکا هەم هەموو رێگایە بە پێیان بێ. ٢ـ مەودای بینینی چاو، هەتەر کردن. ∷ جۆبارە، لالەزارە، هەتا چاوی بڕ دەکا / مەحوی بەهەشتی بۆ چیە، چ بکا لە ئاو و باغ (مەحوی ل ١٧٣). ٣ـ توانایی پەڕینەوە لە چۆم و ئاوی خوڕ. ∷ ئەو چۆمە هەستایە و کەس ناتوانێ لێی بڕ کا! ٤ـ بە بڕشت بوون، بە حوکم بوون. ∷ قسەکانم چ بڕ ناکەن و منداڵەنم هەر گوێم نادەنێ. **~ هەبوون:** بەبڕ بوون، بڕشت هەبوون، بەحوکم بوون.

**براده** (نا. ل)[عەر: برادة] وردەی دوای بڕبەند لێدان و کوتان و بڕینەوەی ئاسن و مەعدەنی دیکە، بڕە/٥.

**براڵوێ** (گیا.)[هەو] بڕ: بەلاڵووک

**براڵوو** (گیا.)[هەو] بڕ: بەلاڵووک

**بڕان** (چا. ل)[لە: بڕین] ١ـ تەواو بوون، لێبڕان. ፧ هەتیوی برسی چڵمی هەڵدەلووشێ / کوڕی شێخ ئارەقی نابڕێ لە شووشێ (ناڵەی جودایی ل ٨٢). ٢ـ هەڵبڕان، هەڵپچڕان.

**بڕانەوە** (چا. ل)[بڕان + ئەوە] ١ـ دوایی هاتن، تەواو بوون، کۆتایی پێ هاتن. ፧ شەڕی ژن و مێرد زوو دەبڕێتەوە. ٢ـ ساغ بوونەوە لە سەر مەسەلە یا قسەیەک. ٣ـ دیاری کردنی مووچە و حەقدەست.

**بڕاو** (نا. مف.)[لە: بڕان] ١ـ لەتکراو، کوتکراو. ٢ـ برین لێکراو بە ئامرازی تیژ.

**بڕبڕ** (نا. ل)[بڕ + بڕ] ١ـ لەت و پەت کراو، زۆر بڕاو. ٢ـ کەم کەم، نەختەنەختە

**بڕبڕاگە** (ئا.)[بڕبڕە + یاگە (جێگە)] بڕ: بڕبڕە

**بڕبڕە** (نا. ل)[بڕ + بڕ + ئە] ١ـ (ئا.) ریزی ئێسکێک کە کەوتوونە سەر یەک و پشتی هەموو گوانداران قایم راگرتوە و نوخاعی لە نێو خۆی دا پاراستوە. لە مرۆڤ دا بڕبڕە لە ٣٣ ئێسک پێک هاتوە کە لە ملەوە دەست پێدەکا و بە کلێنچکە دوای دێ. بڕبڕاگە، تێغەرە، تیغەرەی پشت، تیرەغە، مۆغەرە. بڕبڕەی پشت ٢ـ (کنـ.) خزمی زۆر نزیک، پشت و پەنا. || **بڕبڕەی پشت:** ١ـ بڕبڕە. ٢ـ (کنـ.) خزمی زۆر نزیک.

**بڕبەن** (نا. ل)[بڕ + بەن][هەو ـ ئەر] بڕ: بڕبەند

**بڕبەند** (نا. ل)[بڕ + بەند] ئامرازێکی پۆڵای کونجرکونجرە، بۆ لێک و لووس کردنی لێواری شوێنی بردراو کەلکی لێوەردەگرن، چەند جۆری هەیە (چوارپاڵوو، سێ سوو، گردەبڕ، پشتەماسی، کارتیخ، چێوەسان) و هەر کام بۆ کاری تایبەتی دە کار دەکردرێن، بڕبەن، موورەد، سوان، مەبرەد، مڤرەد، کارتیخ، بڕبەنگ.

**بڕبەنگ** (نا. ل)[بڕ + بەنگ] بڕ: بڕبەند

**بڕەک** (نا.)[بڕ + ئەک] بەرازی نێر،

گۆڵە بەراز، یەکانە، برەک. // مالۆس

**برس** (نا. چا)[ئەر] بڕ: برست

**برست** (نا. چا)[لە: برین] رادە و ئەندازەی هێزی کەسێک،تاقەت، هێز و توانا، وزە، برس. **~ لێبـــڕین:** لە توانایی خستن، هێز لە لەش برین. ∷ لە لایەک نەخۆشی و لە لایەک بێ پارەیی برستیان لێبڕیوم.

**برشت** (نا. چا)[بر + شت2][لە: برین] ١ـ کوتە پارچە و سەر مقەستی جلدروو کە لە پاش برینی پارچە دەمێنێتەوە و فڕێ دەدرێ. ٢ـ تیزماڵک و کوتە کاغەز کە دوای جزووبەند کردن و لێک و لووس کردنی کتێب و دەفتەر دەمێنێتەوە و فڕێ دەدرێ. ٣ـ رادە و ئەندازە و توانایی بەر هێنانی دان و دانەوێڵە. ∷ گەنمی چاک یەک و دە برشتی دەبێ (یانی دە بەرابەر بەرهەم دێنێ). پێشتر لەبەر کەلک وەرنەگرتن لە کوود گەنم وەک ئێستا برشتی نەبوو. ٤ـ توانایی و بڕی کەسێک بۆ ئەنجام دانی کارێک. ∷ پیاوێکی یەکجار بە برشتە. **~ لێدان:** برینی پارچە و کاغەز و شتی لەم بابەتە. **بە ~ بوون:** ١ـ دەغڵ و دانێکی کە حاسڵیان زۆر بێ. ٢ـ توانا بوون بۆ راپەڕاندنی کارێک.

**برکە** (نا. ل)[بر + ک + ئە] ١ـ ساقەت و بنجی هەندێک گیا کە ناتوانن بەرز بنەوە و لە دەوری خۆیان بڵاو دەبنەوە وەک: هاروی، ترێزوو، کوولەکە، شووتی، گرکە، کاڵەک و ... ٢ـ بەشێک لە ئاژەڵ، کەرک، کەرت.

**برکێنە** (نا. ل)[برکە + ئێنە][موک] یاریی و گرێوێکە کە دوو یا چەند کەس دەیکەن بە بەری برکەیی وەک کاڵەک یا شووتی کە کامەیان وەهای دەبڕێ کە دوو لەتەکە بەرابەر و هاوسەنگ بن.

**برگە** (نا. ل)[بر + گە] ١ـ هەر یەک لە سی و سێ ئێسکی تیغەرەی پشت، مۆرتخە، موورگە، ترەختە، مرۆخە. ٢ـ پارچەیەکی سەربەخۆ لە قانوون، مەقالە و هەر شتێکی نووسراوەی دیکە، فەقەرە، مادده. ٣ـ بەشێک لە وشە، ئەوەندە کە بە جارێک بە ئاهەنگ دەکوترێ، هیجا.

**برندە** (نا. فا، ئان. فا)[لە: برین] بڕ: ببڕ

**برنگ** (نا. ل)[بر + نگ][باک] بڕ: برینگ1

**برنۆ** (نا.)[؟] جۆرێک تفەنگی شەڕ

کردنە، کورت و درێژی هەیە، پێنج فیشەک دەخوا و هەر جارەی کە تەقێندرا دەبێ گەلەنگەدەن بکێشرێ و فیشەکی دەبەر نێنەوە.

**برنووتی** (نا. ل)[تور: burun otu (گیای لووت)] تۆزێکی رەنگ مۆرە لە تەماکوو و داو و دەرمانی بۆنخۆش، کە وەبەر لووت دەدرێ و مرۆڤ وە پشمین دەخا و هەندێکیش سەرخۆشی دێنێ، برمووت، بورونتی. (عەر: انفیة)

**بڕوا** (نا.)[بڕ: باوەڕ] ١- باوەڕ. ٢- رەوا، بەرایی. ~ **پێکردن:** باوەڕ پێکردن، بڕوا پێ هەبوون. ~ **پێهەبوون:** بڕ: بڕوا پێکردن. ~ **دان:** رەوا بینین، بەرایی دان. ∷ هەر چەند دەکەم دڵم بڕوا نادا لە دایک و باوکم جیا بمەوە. ~ **کردن:** باوەڕ کردن.

**بڕوانامە** (نا. ل)[بڕوا + نامە] بڕ: باوەڕنامە

**بڕوایی** (حم.)[بڕوا + یی] باوەڕیی

**بڕوێش** (نا.)[پەهـ: فرووشەک. ناو: بڕۆش، بڕوێش، بڕووش، پەڕش، پەڕشت، پەڕشە ـ هەو: وڵۆشە] ١- دانەوێڵەیەکی ئامال سوورە، لە برنج دەچێ، لە کوردستان دادەچێندرێ، وەک برنج پڵاو و قەبووڵی پێ ساز دەکەن و جگە لەوە خواردنی دیکەشی لێ ساز دەکەن و مرۆ تێر دەکا. ٢- گەنمی کوتراو یا لە دەستار دراو بەڵام نەک ببێتە ئارد، کە هەندێک خواردنی کوردیی لێ ساز دەکەن. ٣- وردە ساوار. ٤- بڕ: بڕوێشێن. ٥- جۆرێک بەفری وردی رەقە، بەفری نێوان تەرزە و بەفر، تەرزەلووکە، گژنیژە. ٦- (مج.) قسەی بێ سەر و بەرە. ~ **کردن:** ١- ئاشێکی کە بەرداشەکانی گەنم باش ناهاڕن و لە جیات کردنە ئارد دانەوێڵە قڵت و بڕ دەکەن و وەک بڕوێشی لێدەکەن. ٢- قسەی بێ سەر و بەرە کردن، قسەی بێ رێ و جێ کردن. ∷ کوڕە دە بیبڕەوە ئەو بڕوێش کردنەت لە چیە خۆ پیاو تێناگە تۆ دەڵێی چی.

**بڕوێش کوڵێک** (نا. ل)[بڕوێش + کوڵ + ئێک] زەمانێک بە قەرا کوڵینی بڕوێش کە نزیک دوو ساعەت دەگرێتەوە. ∷ بڕوێش کوڵێکە دە حەمام دایە و نایەتە دەرێ.

**بڕوێشە** (نا. ل)[بڕوێش + ئە] بڕ: پرووشە.

**بڕوێشێن** (نا. ل)[بڕوێش + ئێن] ئاش و شلەیەک کە بە بڕوێش، وردە ساوار یا

گەنمی کوتراو ساز دەکردرێ، بڕوێش، بڕۆش، شلەبڕوێش، ولۆشینە.

**بڕۆس** (نا.)[فەر: brosse] ١ـ ئامرازێکی سەر داهێنانە، دەسکێکی هەیە و پانە، سەرەکەی دەنکی زۆری وەک بزماری لە سەرە و سەری پێدادێن. ٢ـ ماهووت ماڵ. **~ کردن:** داهێنانی سەر بە بڕۆس.

**بڕۆش** (نا.) بڕ: بڕوێش

**بڕۆشە** (نا. ل)[بڕۆش + ئە] بڕ: پرووشە

**برووش** (نا.)[سۆر] بڕ: بڕوێش

**بڕووکە** (ئاک. ل)[بڕ + ئووک + ئە] کەمێک، هەندێک، بڕێک.

**بڕە** (نا. ل)[بڕ + ئە] ١ـ شفرەی بەراز، شفرە. ٢ـ خەتێک خۆڵی هەڵدراوەی نێوان دوو هێڵی جووت بە گاسن کە کەوتوتە سەر یەک، ناوگرە. ٣ـ بڕ: بڕیە. ٤ـ ئاردەمشار. ٥ـ بڕادە.

**بڕەک** (نا. ل)[بڕ + ئەک] ١ـ (گیانـ.) بەرازی نێر،بڕڕەک. ٢ـ مشاری دوو کەسی، شەقە، شەقەمشار. ٣ـ (ئاک.) ئەندازەیەکی کەم، بڕێک.

**بڕیار** (نا. ل)[بڕ + ئار] ١ـ پەیمان. ٢ـ قەرار. ٣ـ شێوەی بڕینی جلوبەرگی. **~ بوون:** کارێک یا شەرتێک کە لەوانەیە ئەنجام بدرێ، قەرار بوون. ؛؛ بڕیارە بەم زوانە ئاشتی پێک بێ. بڕیارە قەتار بۆ شارەکەمان بکێشن. **~ دان:** پەیمان بەستن بۆ هەر کارێک. ؛؛ منداڵەکان بڕیاریان داوە ئیدی بەدفەڕێ نەکەن. **~ لە سەر دان:** را دەربڕینی بە تەواوەتی بۆ بەڕێوە بردن و ئەنجام دانی کارێک لە سەر کەسێک یا مەسەلەیەک. ؛؛ کۆنگرە بڕیاری لە سەر زۆر شتی تازە داوە.

**بڕیە** (نا. ل)[بڕ + یە] ١ـ هەڵسەنگاندنی کار یا کاڵایەک بە بێ کێشان و حیساب کردن، هەروا نرخ دانان، گۆترە، بڕە/٣. ؛؛ لە بڕیە ئەو دەستە کەوا و پاتۆڵەت بە چەندی؟ ٢ـ نرخی کارێک لە سەر تەواو بوون بە بێ حیساب کردنی وەخت و شتی وەردە. ؛؛ لە بڕیە خانووبەرەیەکی باشم بە چەند بۆ تەواو دەبێ؟

**بڕین** (چا. م)[هیک: بهریی ـ ئەو: بریی، برای ـ پەھ: برین، بریی‌تەن، بریینییتەن. باک: بڕین ـ ناو: بڕین ـ باش: بڕین ـ هەو: بڕیەی، بڕیای ـ زا: برنایش] ١ـ لەت کردن و جیا کردنەوەی

شتێک به ئامرازی تیژی وەک چەقۆ و مشار. ٢ـ بریندار کردنی بەشێک له لەش. :: قامکم بڕی. ٣ـ کڵاو له سەر کەسێک نان، فێڵ له کەسێک کردن، گران پێ فرۆشتن. :: حاجی هەر بەناو حاجییه چوومه دوکانەکەی دەستی لێرەڕا بڕیم. ٤ـ پێوانی مەودا و ڕێگا، ڕویشتن و وه پشت سەر نانی ڕێگا. :: کە ئاوڕم داوه دیتم مەودایەکی زۆرمان بڕیوه. ٥ـ هەڵپاچین و جیا کردنەوه به مەقەست. ٥ـ گۆڕینی حاڵەتی هەندێک شتی ئاوەکی و مەیوو و لندوو لندوو بوونی. :: چەلێ ماستی ده ئاشەکەت مەکه لێی گەڕێ با هەندێک سارد بێتەوه دەنا دەیبڕێ. ٦ـ تێکەڵ کردنی پەڕی قومار، بۆر لێدان. ٧ـ لێدانی تێگرایی بانکی قومار. :: بانکەکەی بڕیم. ٨ـ دزین و بردنی تەواوی پوول و کەل و پەلی شوێنی دزراو. :: دز هات و ماڵەکەی بڕیم. دوێنێ شەوێ دوو دوکانیان بڕیوه. ٩ـ بڕشت و قەوه پێ شکان. :: جا خۆ قسەم قسەت نابڕێ هەرچی بفەرمووی وا دەکەین. **به ~ چوون:** گەیشتنه رادەی بڕین، تووشی بڕین بوون، بڕان. :: دەک زمانت به بڕین چێ بۆ ئەو قسه ناخۆشەت. کابرا له خۆڕا سەری به بڕین چوو. **به ~ دان:** سەر یا بەشێک له ئەندامی کەسێک تووشی بڕین کردن. :: دووزمان و شۆفار سەری دوو کەسیان به بڕین دا.

**بڕینەوه** (چا. م)[بڕین + ئەوه] ١ـ لەت کردن و جیا کردنەوه به ئامرازی بڕین وەک مشار، بیور، ... :: دارەکانمان بڕیوه. ٢ـ هەڵپاچینی مووی مەڕ و بزن. ٣ـ کورت کردنەوەی تووکی سەر. ٤ـ دەرهێنانی هەنگوین له کەندوو. ٥ـ تەواو کردن، دوایی پێهێنان به کارێک. :: ئەو قاوەقاوەتان له چییه بیبڕنەوه! دەستبەجێ شەڕەکەیان بڕیوه. ٦ـ ساغ بوونەوه له سەر مووچه و مز یا مەسەلەیەک. :: وامان بڕیوه پایزی بووکت بۆ له بەر دەکەی دابەزێنین. ٧ـ له شیرگرتنەوەی بیچوو.

**بڕێ** (ئاک. ل)[بڕ + ئێ] بڕ: بڕێک

**بڕێک** (ئاک. ل)[بڕ + ئێک] رادە و ئەندازەیەکی کەم له شتێک، بڕێ، بڕەک، نەختێک، هەندێک، نیسکێک، تۆزێک، ...

**بز**[1] (ئان.)[؟] چاو دەرپەڕیو، چاوزەق. **~ چوونەوه:** زیتەی چاو هاتن، زەق بوونەوه. :: ئەوه بۆ له بن لێفه سەرت دەرێناوه، چاوەکانی چۆن بز

دەچنەوە. **~ دان:** چاو زەق کردن.

**بز** 2 (نا.)[؟] ١ـ قامک، پەنجە، جوز، بووز. ٢ـ ئەنجامی بز پێوە کردن. **~ پێوە کردن:** دەست بۆ قوونی کەسێک بردن، جوز پێوە کردن.

**بز** 3 (گیانـ.)[هەو ـ زا] بڕ: بزن

**تێبینی:** وشەی بز بە مانای بزن لە هەندێک چیرۆک و پەندی زاراوەی ناوەندییش دا دەبیندری. ⁘ بز دا بۆ دا پیر دا.

**بزافتن** (چا. م)[سۆر] بڕ: بزاوتن

**بزاڤ** (نا.)[لە: بزاڤتن][باک] بڕ: بزاو

**بزاڤتن** (چا. م)[باک] بڕ: بزاوتن

**بزاو** (نا.)[لە: بزاوتن] ١ـ لە جێگەی خۆی تەکان دراو، دەست لێدراو، جوولاو. ٢ـ جووڵە، حەرەکەت، حەول، بزاڤ.

**بزاوتن** (چا. م)[باک: بزاڤتن، بزڤاندن ـ ناو: بزاوتن، بزواندن، بزافتن] ١ـ جوڵاندنی شتێک هەر لە سەر جێی خۆی، لەقاندن. ٢ـ جووڵاندنەوە و تەکانێکی کەم. ⁘ ئەو سمێڵێکە خورمایی لە سەر کۆڵمێکە ناسک و شلک دانا / وردەوردە لێوی دەبزاوت لەو مەست و خەرامانە (شۆڕمەحموود ل ٦٤). ٣ـ (مجـ.) بە قسە یا کارێک یەکێک هاندان بۆ دەرچوون لە حاڵی ئاسایی خۆی. ⁘ ئەو دەم هەراشەی هەندە مەبزوێن با ئارام دانیشێ.

**تێبینی:** بزاوتن و گەلێک وشەی دیکە وەک بزۆز، بزێو، بەزین، بەزان، بزووتن، ... لە ریشەی ڤەز vazی ئەوێستایی بە مانای جووڵە کردن، راکردن، بەزین کەوتوون.

**بزبز** (نا. ل)[بز1 + بز1] چاو زەق بوونەوە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، زەق زەق. ⁘ بزبز چاوی تێبڕیبووم.

**بزداندن** 1 (چا. م)[باک] پساندن

**بزداندن** 2 (چا. م)[پەهـ: پەزدێنییتەن][باک] ترساندن

**تێبینی:** پەزد بە تەنیا لە پەهلەویی دا بە مانای ئەزیەت و ئازار هاتوە و لە چاوگ دا بە مانای ترساندن.

**بزدۆک** (ئان. ل)[بزد + ئۆک][باک] ترسەنۆک

**بزدۆنک** (ئان. ل)[باک] ترسەنۆک

**بزدهان** (چا. ل)[باک] ترسان

**بزدەک** (ئان. ل)[بزد + ئەک][باک]

**بزدیان** (چا. ل)[باک] ترسان

**بزدیای** (نا. مفـ.)[باک] ترساو

**بزدین** (چا. ل)[باک] ترسان

**بزدینۆک** (نا. ل)[بزد + ئینۆک][باک] مەترسی، خەتەر.

**بزر** (ئان.)[باک: بەرزە، بزر ـ ناو: بزر] ١ـ کەسێک یا شتێک کە لە بەر چاو نەمابێ. // دیار. :: دوو سێ رۆژان بە دیارەوە نەبووی دیسان خۆت بزر کردبۆوە. ٢ـ نەدۆزینەوەی رێگا و بان و شوێنێک. :: منداڵەکەمان رێی ماڵی لێ بزر ببوو. ٣ـ لێکەوتنی شتێک. & ون، گوم، گم، وندا. ~ **بوون:** ١ـ لە بەر چاو ون بوون. :: تاو لە پشت کێوان بزر بوو. ٢ـ نەدیتنەوەی رێ و شوێن. :: شارەکە هێند گەورە بوو تێی دا بزر بووم. ٣ـ جێ مان و کەوتنی شتێک. :: کتێبەکەم بزر بوە. & ون بوون، گوم بوون. ~ **کردن:** ١ـ ون کردنی شتێک یا کەسێک. ٢ـ لە بیر کردنی جێ و شوێن و نەدیتنەوەی. رێگام بزر کردبوو هەرچیم دەکرد بۆم نەدەدیتراوە. & ون کردن، گوم کردن. **لێ ~ بوون:** ١ـ ون بوونی شتێک لە کەسێک. :: سەعاتەکەم لێ بزر بوو. ٢ـ شوێن و جێگەیەک لە کەسێک ون بوون. **لێ ~ کردن:** شتێک لە کەسێک ون کردن. :: حەسۆ سەعاتەکەی لێ بزر کردم.

**بزرک** (نا.)[؟][باک: بزرک، پزرک، پزک، پرزک، پزرووک] ١ـ کوانی چووکی سەر پێستی لەش بە تایبەت روخسار، زیپکە. ٢ـ کوان.

**بزڕبزڕ** (ئان. ل)[بزڕ + بزڕ] شیر یا ماستێک کە تێک چووبن، لندوولندوو، لیندوولیندوو. (هس: بزرک) ~ **بوون:** تێک چوونی شیر و ماست، بزڕکان.

**بزڕکان** (چا. ل)[؟] ١ـ تێک چوونی شیر یا ماست بە هۆی خراپ بوون یا گەرم کردنەوەی و لێک جیا بوونەوەی ئاو لە مادەکانی دیکە و لندوو لندوو بوونی، هەڵگەڕان، بزڕبزڕ بوون. ٢ـ تێکچوونی باری ئاسایی مرۆڤ و پەڕینی رەنگی رووی لە ترسان، پەشۆکان، پرووکان، هەڵپرووکان.

**بزڕکاندن** (چا. م)[بزڕکان + دن] هەڵگەڕاندنی بە قەستی شیر یا ماست. ٢ـ ترساندنی یەکێک وەها کە رەنگی رووی بپەڕێ. ٣ـ قسە پەڕاندن لە خەو دا یا لە حاڵی نەخۆشی و چەق و چۆ دا،

قسـه پەڕاندن، ورێنه کردن، ڕاواندن. ٤ـ قـسـەی حـەلەق مـەلەق و بێ سـەر و بن کردن.

**بزڕکـاو** (نا. مـفـ.)[لە: بزڕکـان] ١ـ ماست یا شیری هەڵگەڕاو. ٢ـ ترساو و ڕەنگ پەڕاو، پرووکاو.

**بزڤاندن** (چا. م)[باک] بڕ: بزاوتن

**بزکـه** (گـیـانـ.)[بز3 + ک + ئە][زا] گیسک، گیسکەنێر.

**بزگ** (نا.)[پەھ: ڤەسـسـەت][ئەر] بنی مەرجانی سوور که بۆ خشڵ و مووروو و گەوهەرسـازی دا کـەلکی لێـوەردەگـرن، شیلان، مەرجان.

**بزگـوڕ** (نا.)[؟] ١ـ کـوتە پارچەیـەکی کـــۆن و بێکـەلک، دادڕاوێکی پـارچـەی بێکەلک. ٢ـ کــــوت و دادڕاوێکی هـەر پارچـەیەک. & بجگوڕ، تیـتـۆڵ. **~ لە کـەسـێک دادڕین:** (کنـ.) فـێـر بوون و ڕەچاو کردنی کردەوه و ئاکاری کەسێک وەک سـەرمـەشق. ፡፡ ڕۆڵە بزگـوڕێک لە ئامۆزاکەت دادڕە ئەویش هەر هاوتەمەنی تۆیە کەچی ئەو بۆتە دوکتور و تۆ هەر لە جێی خۆتی.

**بزڵە** (گـیـانـ.)[بز3 + ڵە][هـەو] بڕ: گیسک

**بزڵەڕ** (گیانـ.)[بز3 + ڵەڕ] بڕ: بزنڵەڕ

**بزماته** (نا.)[؟][سۆر] توێژێکی ڕەق و قـاوەیی تۆخ کـه لە سـەر برین دەیبەسـتێ و نیـشـانـەی خـۆش بوونـەوەی برینـه، بزمـەتـه، قـرتماغـه، قـرتماخـه، قـەتماخـه، قەتماغ.

**بزمـار** (نا.)[عـەر: مـسـمـار] ١ـ شیشێکی باریک و درێژه کە لە پەیوەندی دەگـەڵ کـار چووک و گـەورەی هەیـە، لە ئاسن یا پۆڵا ساز دەکـردرێ، دوو شـتـی وەک تەختـــه لە یەک قـایم دەکـا یا بۆ شـــتـێک لە دیوار داکـــوتان کـــەلکی لێوەردەگرن، بسمار، پسمار، میخ، مێخ. ٢ـ ئامـــرازێکە لە جـــۆلایی داهـەر وەک بزمــار کـه شـوێنەکـەی لە سـەر دارێ کـۆڵدراوه و کـه بـه پاش و پێش کـردنی دەفە بەرز و نەوی دەبێتەوه. **~ لێدان:** ١ـ داکوتانی بزمار لـه شتێک. ٢ـ (کنـ.) فێڵ لە کەسێک کردن، فریو دان.

**بزمارڕێژ** (ئان. فا)[بزمـار + ڕێژ] هەر شـتـێکی کـه بزمـارێکی زۆری لە سـەر کوترابێ، بزمارکوت، مێخکوت.

**بزمـارکوت** (ئان. فـا)[بزمار + کوت] ١ـ بزمــارڕێژ، مـێـخکوت.. ٢ـ (نا. ل) جـۆرێک ترێی پڕه کە دەنک و بۆڵەکـانی

زۆر لە یەک نزیکن و پاڵیـان لێک داوە و مەودایان دەنێوان دا نیە.

**بزمـارۆک** (نا. ل)[بزمـار + ئۆک] بڕ: بزمارە/١.

**بزمـــــارە** (نـا. ل)[بـزمـــــار + ئـە] ١ـ توێژێکی ڕەقــە، وەک بلۆقی ڕەق هـەڵاتوو کــە لە ســـەر دەست و پێ پەیدا دەبێ، بزمـارۆک، بسمـارە، پسمارێ، مێخـەکە، مــێخ. ٢ـ وردە داری چووک و تاشــراو وەک بزمـار کـە لە پلووسکی شـل بۆوەی ئاشی دەدەن هەتا قایم بێ و نەمیزێ.

**بزمک** (نا. ل)[بـز (پۆز) + مک][باک: بـزمک، بزمـــۆک، پۆزمک ـ ناو: بـزمک، بزمـــۆک، بـزمــەک، پزینک] دم بێنێکی بچووکە لە کـوتە دارێک سـازی دەکەن و دوو سـەرەکەی بە بەنێک دەبەستن و وەک لغـاو دارەکـەی دە زاری کـاریلە دەنێن و بـەنەکـــەش دەبـەنـە دواوە و لە شـــاخی دەبەستن بۆ ئەوە کــە نـەتوانێ گــوانی دایکی بمژێ، دەمبـەس، بلامک، بڵامک، بەڵامک، بلۆمە.

**تێبینی:** من پێموایـە کە بز لەم وشـە دا هەمـان پۆزە کە لە پۆزمک ـ ی باکووریی دا خـــۆ نیـــشـــان دەدا و پێـــوەندی بە بزەکـانی دیکەی ئەم فـەرهەنگەوە نیـە.

دەلیلەکـەش ئەوەیە کـە مک یا مـامک کـە وەک پـاشــگـری پـۆش دێ لــە تـەواوی وشـەکانی دیکە دا دەگەڵ وشەگەلی وەک بەر، دەم (بـەرمـــامک، بلامک، دەمـــامک) هاتوە و بز ـ یش ناتوانی وشـەیەکی دیکە جگە لە پۆز بـێ کە لە زەمـان دا پیتی بێ زاڵ بوە و وای لێـهاتوە و مـاناکـەشی بە گـشـتی دەبێـتـە پۆزپۆش یا دەمـبـەس و دمـبێن. هەروەتر بـۆ ریشـەی مک، مـەک، مۆک بڕ: تێبینی بەرمامک.

**بزمۆک** (نا. ل)[بز + مۆک] بڕ: بزمک

**بزمەتە** (نا.) بڕ: بزماتە

**بزمەک** (نا. ل)[بز + مەک] بڕ: بزمک

**بزن** (گـیـانـ.)[ئەو: بووزە ـ پەهـ: بوز، بوچ ، [پاچەن، پازەن( بزنەکـێـویی)] ـ خـوار: ئەبز. فـار: بز ـ تـات: بێـزە. باک: بزن ـ نـاو: بـزن ـ بـاش: بـزن ـ هـەو: بـز، بزە ـ زا: بز، بزە، بژە] گـــیـــاندارێکی کـەویی، گـیـاخـۆر و شـاخ و سـمـدارە، ردێنێکی درێژ و کلکێکی کـورتی هـەیە، بەدفــەڕە و زۆر ســانـا دەچێــتــە جـێـی ئەستەم و لە کۆنەوە کەویی کراوە. جۆری کێویشی هـەیە کە پێی دەڵێن بزنەکێویی و ڕاو دەکـرێ. بزن بۆ شـیـر، گـۆشت و مــوویەکــەی ڕادەگـرترێ و چەند جـۆری

هەیە. **چوونە بەر بزنان:** بزن بردنە دەر بۆ لەوەڕ. ⁙ کـــــەریم چۆتە بـەر بزنـان و ئێوارێ دێتەوە.

**بزنانە** (نا. ل)[بزن + ئانە2] باجـێکە کــە ئاغـــا لە خـــاوەنی بزن بە پێی سەرەبزنەکانی لێی دەستێنێ.

**بزن تڕێنە** (گـیـا.)[بزن + تڕ + ئێنە] گـیـایەکی بەهارییـە، سـەلکی بە قـەد پیازێکی بچووک دەبێ، بزن دەیخوا و لە بەر تیژی دەتڕێ. (کشت و کـاڵ ب ١ ل ٣٥). گـیـایەکی بەهارییـە، گـەڵای وەک کــەوەر وایە، بنکێکی خــڕی هـەیە وەک پیازی پچووک (خاڵ ب ١ ل ١١٩).

**بزنڵـەڕ** (گیانـ.)[بزن + ڵەڕ] مـەلێکی مــاسـیگرە، وەک لەگلەگ درێژە، ڕەنگی پەڕەکـانی ڕەشـە و ژێر سنگی سـپـییـە، دندووک و لاقـەکـانی سوورن و مـاسـی و بۆق و کـرم دەخـوا (فـرهنگ پرندگـان ل ٣٤). پەلەوەرێکە زل، بـۆرکـــار بە قـــەد قـازێ ئەبێ، گۆشتی ئەخورێت (کشت و کاڵ ب ١ ل ٣٥)، بزەڵەڕە، بزڵەڕ.

**بزمژ** (گــیـــانـ.)[بزن + مـــژ][لوڕ: بۆزمێژنەک ـ فار: بزمجە. باک: بزنمێژ ـ ناو: بزنمژ، بزنمژە، بزنمژۆک، بزنمژەک، بزنمشک] جۆرێک سووسـەمارە بە قـەرا پشیلەیەک دەبێ، کلکی درێژە و لە سـارا گــوانی بزن دەمــژێ (هۆی ناو نـرانی) و برینداری دەکا، پێستـەکەی جوانە و بۆ کـالانی خـەنجـەر کـەلکی لێوەردەگرترێ، تێــڕتێــڕە، تێــڕتێــڕەملە، قــومــقــومــە، پەزمژۆک، مانگەمژۆک.

**بزمژە** (گـیـانـ.)[بزن + مـژ + ئە] بڕ: بزنمژ

**بزمژۆک** (گـیـانـ.)[بزن + مـژ + ئۆک] بڕ: بزنمژ

**بزمژەک** (گـیـانـ.)[بزن + مـژ + ئەک] بڕ: بزنمژ

**بزمشک** (گیانـ.)[بزن + مش (مژ) + ک][سۆر] بڕ: بزنمژ

**بزمێژ** (گیانـ.)[بزن + مێژ][باک] بڕ: بزنمژ

**بزنۆکـە** (نا. ل)[بزن + ئۆکـە] چووک کراوەی بزنە هـەر بەم مـانایە. ⁙ بزنۆکە و مەڕۆکە.

**بزنەدۆخـە** (نا. ل)[بزن + ئە + دۆخ + ئە] ئەو بزنەی کە خـاوەن بزن بۆ ئەربابی دەنێرێ هەتا شیر و ماستەکەی بخوا و دوای ویشک کـردنی شـیــرەکــەی بۆی دەگەڕێتەوە.

**تێـــبـــینی:** دۆخ لە رەگی دەئۆک ـ ی ئێرانی کۆن و دۆختەن ـ ی پەهلەویی و دۆتن و دۆشین ـ ی کوردیی کەوتوە. (بڕ: دۆشین و دۆ2)

**بزنەڕیشە** (گیا.)[بزن + ئە + ریش + ئە] گیایەکە بەهاری لە سەر رێگا و رەقەن دا سەوز ئەبێ، گەڵای وەکوو کەوەر باریک و درێژ و گوڵێکی شین و کاری هەیە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٣٥). گیایەکی بەهارییە، گەڵای وەکوو شویت وایە، بنجێکی بچووکی هەیە (خاڵ ب ١ ل ١٢٠).

**بزنەڕێ** (نا. ل)[بزن + ئە + رێ] رێگایەکی باریک، رێچکە، کوێرەڕێ، ئاهەڕێ.

**بزنە قسر** (گیانـ.)[بزن + ئە + قسر] بزنێکی کە ساڵێک نەزابێ.

**بزنەکوڕانە** (نا. ل)[بزن + ئە + کوڕ + ئانە] بزنێکە کە رەعیەت و مەڕدار پێشکێشی ئاغایان دەکرد کاتێک کە کوڕی دەبوو.

**بزنەکێفی** (گیانـ.)[بزن + ئە + کێف + ئی][ئەر] بڕ: بزنە کێوی

**بزنەکێویی** (گیانـ.)[بزن + ئە + کێو + یی] ١ـ گیاندارێکی گیاخۆرە وەک ئاسک دەچێ، شاخی بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، مووی کورتە، لە کوێستان دەژی و راوچی بۆ گۆشتەکەی راوی دەکەن، Cervus capreolus ناوی لاتینی ئەم گیانلەبەرەیە. ٢ـ (مجـ.) شاخەوان و بەردەوانی لێهاتوو. ٣ـ (مجـ.) منداڵ یا کەسێک کە زۆر بە سەر دیوار و شوێنی بەرزەوەیە. & بزنە کێفی.

**بزنەگەل** (نا. ل)[بزن + ئە + گەل] کۆمەڵێک بزن بە یەکەوە، رانی بزن.

**بزنەمەرەز** (گیانـ.)[بزن + ئە + مەرەز] بزنێکە کە لە جیات موو مەرەز لەشی داپۆشیوە کە جۆرێک مووی نەرم و جوانە و پتر بۆ جل و بەرگ کەلکی لێوەردەگرن. (بڕ: مەرەز)

**بزنەوەس** (نا. ل)[بزن + ئە + وەس] مەشکەیەک کە لە پێستی بزن کرابێ.

**بزنێری** (نا. ل)[بز3 + نێری] گیایەکی کوێستانی بەهارییە، گوڵێکی سپی واشی هەیە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٣٥).

**بزواندن** (چا. م) بڕ: بزاوتن

**بزوت** (نا.)[باک] بڕ: بزووت

**بزوێن** (نا.)[لە: بزووتن] ١ـ پیتی دەنگداری ئەلفوبێ وەک (ئا، ئۆ، ئێ، ئوو

و ...). ٢ـ مـــانای بزوێنـەر دەدا. ⁂ بن بزوێن.

**بزوێنەر** (؟)[لە: بزووتن] هـۆیەک یا کەسـێک کـە هـاندەری بزاوتن و جـووڵە کردنە.

**بزۆت** (نا.) بڕ: بزووت

**بزۆز** (ئان. فا)[لە: بزووتن] ١ـ کەسێک کـە لە ســەر جـێی خـۆی ناتوانی ئارام بگرێ و هـەر دەجـووڵێـتـەوە. ٢ـ منداڵی هار و هاج کە حەجمینی نیە و دەست لە کەل و پەلی ماڵ وەردەدا، دەست بزێو. & بزووک، بزێو.

**بزۆک**[1] (ئـان. فـــا)[ب2 + ز (زان) + ئۆک] ١ـ ژنێک کە زۆر زگ و زا دەکا. ٢ـ گیاندارێک کە هـەموو ساڵێ زاوزێ دەکا. // نەزۆک، قسر.

**بزۆک**[2] (ئـان. فـــا)[بز (بزووتن) + ئۆک] بڕ: بزووک/١.

**بزوو** (گیا.)[باک] بڕ: بووز1

**بزووت** (نا.)[باک: بزۆت، بزوت ـ ناو: بزووت، بزۆت، بزووتک] دارێک کـــە بە تەواوی نەسووتاوە و سەرەکەی هێشتا ئاگـــری پێـــوە مـــاوە، ســـەرکـــەبزۆت، سەلکەبزووت، سەرەبزووت.

**تێـبـینی:** بزووت و بزۆت لە چاوگی سـۆچەت sočat ـ ی هیندی باسـتـان و سەئۆک saok ـ ی ئەویستایی بە مانای ســووتان کـــەوتوە و دوو پیـــتی س و ز ئاڵوگـــۆڕیان بە ســـەر داهاتوە کـــە لە کوردیی دا وێنەی زۆرە.

**بـزووتـک** (نـا. ل)[بـزووت + ک] بـڕ: بزووت

**بزووتن** (چا. ل)[باک: بزووتن ـ ناو: بزووتن، بزوون] ١ـ جـووڵانێکی کەم هەر لە سـەر جێگەی خۆ، جـووڵان، بزوون. ٢ـ ســەرەتای دەست پێکردن. ⁂ ســەرمــا بزووت و لەوە بە داو دەبێ جلی گـــەرم دەبەر کەین.

**تێبینی:** بزووتن لە چاوگی ڤەز vaz ی ئەوێستـایی و ڤـەزیـتـەنی پەهلـەویی بە مـــانای راکـــردن، بەزین و جـــووڵانـەوە کەوتوە.

**بزووتنەوە** (چا. ل)[بزووتن + ئەوە] ١ـ جـووڵانەوە لە سـەر جێی خـۆ. ٢ـ خـەبات و جووڵانەوەی سیاسی.

**بزووز** (گیانـ.)[؟][باک] بڕ: مۆرکە

**بزووزک** (گـیـانـ.)[بزووز + ک][باک] بڕ: مۆرکە

**بزووک** (ئان. فـــا)[بز (بزووتن) + ئووک] ١ـ کـەسـێک کـە لە کـاران دا بە دەست و بردە و خـــۆ هەڵدەســـوورێنێ، زیرەک، بزۆک2. ٢ـ بڕ: بزۆز

**بزوون**[1] (چا. ل) بڕ: بزووتن

**بزوون**[2] (نا.)[باک] بڕ: بووزوو

**بزە**[1] (نا.)[ناو: بزە ـ باش: بزە ـ هەو: بـزە] جـــۆرێک کـــەنینی بێـــدەنگە، زار ناکـــرێتـــەوە و تەنیـــا لێـــوەکـــان لێک دەکشێنەوە و حاڵەتەکەی لە روخسار دا خـــۆ دەنوێنێ، زەردە، زەردەخــــەنە، بزەخـــەنگ. **~ کـــردن:** پێکەنین بە بێـدەنگی. **~ گـرتن:** بزە هاتنە سـەر لێـوان، پێکەنین بە سـووکی. **~ هاتن:** بـزە گـــرتن، پێکەنین بـە بێـــدەنگی بۆ خۆشـی یا بۆ تەوس. **~ نیـشـتنە سـەر لێـوان:** بزە کـردن، پێکەنین بـە سـووکی، بزە هاتنە سـەر لێـوان. **~ هاتنە سـەر لێوان:** بزە کردن، پێکەنین بە سووکی.

**تێـبـینی:** بزە دەگـــەڵ وشـــەی بسکە هـەریەک وشـەیە و جێگۆڕکە و ئاڵوگۆڕی دوو پیـــتی « ز » و « س » ی بە ســـەر داهاتوە. و ماناکەشی لە جووڵەی سمێڵ یا بلـێن بسکەی سـمـێڵ کـەوتوە و لە دوایی مـانای سەربـەخۆی پەیدا کردوە و هـەر دووکیشـیان لە ڤەز ـ ی ئـەوێستـایی کەوتوون. هس: بسکە1

**بزە**[2] (گیانـ.)[هەو ـ زا] بڕ: بزن

**بزەخـەنگ** (نا. ل)[بزە1 + خـــەنگ] [باش] بڕ: بزە1

**بزەڵە**[1] (گـیانـ.)[بزە (بازە1) + ڵە] ١ـ بێـچـووی بەراز، کـوودەڵە، چۆخـەبازەڵە، بازەڵە، خـڕنە. ٢ـ بێـچـووی گیـاندار کـە گـەورە بووبێ و پێگەیشتبێ. **~ بوون:** پێگەیشتن و گـــەورە بـوونی بێـــچـــووی گیاندار.

**بزەڵە**[2] (گـیـانـ.)[بز3 + ئەڵە][هەو] بێچووی بزن، گیسک.

**بزەڵەڕ** (گـیـانـ.)[بز3 + ئە + ڵەڕ + ئە][باش] بڕ: بزنڵەڕ

**بزی** (گیا.)[باک] بڕ: بووز1

**بزیا** (گـــیـــانـ.)[بز3 + ی + ئا][زا] گیسک، گیسکەمێ.

**بزیە** (گـــیـــانـ.)[بز3 + ی + ئە][زا] گیسک، گیسکەنێر

**بزێ** (گیانـ.)[ب2 + زێ2] گوێلکەمێی سێ ســـاڵە، ســـاڵی دوای بەرکـــەڵ. // بەرنیر.

**بزێک** (گـــیـــانـ.)[بز3 + ئێک][زا] گیسک، گیسکەنێر.

**بزێکە** (گیانـ.)[بز3 + ئێک + ئە][زا] گیسکەمێ.

**بزێو** (ئان. فـــا)[لە: بزووتن] ١ـ بە ناوەوە دەلکێ و مـانای بزوێنەر دەدا. ⁘ سەربزێو، دەست بزێو. ٢ـ بڕ: بزۆز

**بژ**[1] (نا.)[ئەو: بەرێشـــە ـ پەھ: بۆش، بوش. باک: بژی، بوژی، بێژک ـ ناو: بژ ـ زا: بەش] ١ـ ریزەی مـــووی ســـەر ملی ئەسپ و شێر، یاڵ، یاڵ و بژ. ٢ـ کاکۆڵ. ٣ـ تیژایی گوڵە گەنم و جۆ، داسوو. ٤ـ مـووی راست وەسـتـاو، زیک، گـرژ. ٥ـ (ئان.) پرژ، بڵاو. ~ **بوونەوە:** ١ـ مووی سـەر کـە درێژ و بڵاو بووبێـتـەوە. ٢ـ بڵاو بوونـەوەی گـیـا و گـوڵ لە سـەر بنجی خۆی. ~ **وەستان:** زیک بوونەوەی موو لە ترسان.

**بژ**[2] (نا.)[؟][باک] ١ـ مەیل، ئیشتیا. ⁘ بژا خوە ناچە نان. ٢ـ ویست، نەفس.

**بژار** (نا.)[لە: بژاردن] ١ـ گیای زێدەی نێـو شـیـناوەرد و باخـچـە کـە دەبێ هەڵقـەندرێ، گـیـابژار، بژارە، کـاخ. ٢ـ کاری هەڵکەندن و خاوێن کردنەوەی گیاو گـوڵی زێدە. ⁘ سـبـەی باخـچـەکـە بژار دەکـەم. ٣ـ کـاری خـۆ دۆزینی مـرۆڤ و باڵندە. ٤ـ ژمـار، ئەژمـار، حـسـێب. ⁘ گـــوێز بە بژار بکرە! ~ **کـــردن:** ١ـ هەڵقـەندنی گیا بژار. ٢ـ ژماردن. ٣ـ خـۆ دۆزین، پشکنین.

**بژارتن** (چا. م) بڕ: ژماردن

**بژارچن** (نا. ل)[بژار + چن] ئامـرازی گیابژار هەڵکەندن، پیشک، گیاکەن.

**بژاردن** (چا. م)[بـڕ: ژمـــــاردن] ١ـ حـسـێب کـردن، ژمـارە کـردنی شت. ⁘ بزانم دەتوانـی هـەتـا دە ببـــــژێری. ٢ـ قـەبووڵ کـردنی تاوان و سـزا دانـەوەکـەی بـە پـارە یـا کـــــــڕینـەوە. ⁘ هـەر چـی شــــووشـــەی شکاندبوو بۆم بژارد. ٣ـ خـاوێن کردنەوە و جیا کـردنەوەی بەرد و چەت لە دانەوێلە، بژارتن. ⁘ ئەو برنجـە ببژێرە با سازی کەم.

**بژاردنەوە** (چا. ل)[بژاردن + ئەوە] ١ـ ســــــەر لـە نوێ بژاردن. ٢ـ قـــــەرەبوو کردنەوە، تێهەڵێنانەوە، تۆڵە بۆ کردنەوە. ٣ـ [ئەر] خـەون گـێـڕانەوە، گـێـڕانەوەی خەون.

**بژاردە** (نا. مـــــفـ.)[لـە: بژاردن] ١ـ بژێردراو، ژمـاردراو، بژارە. ٢ـ کـەس و شـتـی کـەم وێنە و دەست نیشـان کـراو،

هەڵبژاردە.

**بژارکەر** (نا. فا)[بژار + کەر3] کەسێک کە گیابژار و گیای زێدەی باخچە و مەزرا هەڵدەقەنێ.

**بژارە** (نا. چا)[بژار + ئە] ١- بژاری گیای زێدە، گیابژار. ٢- خۆ دۆزین و ڕێک و پێک کردنی پەڕ و باڵ بە دندووک. ٣- ڕاست و ڕیس کردنی ڕایەڵ لە لایەن جۆلاوە. ٤- بژێردراو، بژاردە. ٥- [ئەر] وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ سەر زمانێکی دیکە. ٦- خەیاڵاتی شەوانە کە دەبێتە هۆی خەو لێنەکەوتن. ~ **کردن:** (کن.) خەو لێنەکەوتن لەبەر خەیاڵێک کە دە مێشک دایە. :: ئەوشۆ تا بەیانی هەر بژارەم کرد و نەمتوانی تاوێک بخەوم.

**بژاڵ** (نا. ل)[بژ1 + ئاڵ4][ئەر] ١- ئیشکەڵی دار و درەخت. ٢- پووش و پەلاشێک کە دوای دارەڕا دەخرێتە سەربان و لە پاشان گڵەبان دەکرێ. & هەژگ، هەژگەڵ، پژاڵ.

**بژاندن** (چا. م)[لە: بژ2][باک] ئیشتیا چوون، دڵ بردن، مەیل لێبوون، مرخ چوونە سەر، ئەڵها کردن.

**بژانگ** (ئا.) بڕ: برژانگ

**بژبژە** (گیانـ.)[بژ1 + بژ1 + ئە] ١- جۆرێک جاڵجاڵۆکەی نێو ماڵانە، لەشی بە قەرا جاڵجاڵۆکەیە بەڵام پێیەکانی چووکترن. ژاری نیە و بێ ئازارە و گیانداری چووکەی وەک مێش و مێشوولە دەخوا، Hyptiotes paradoxus ناوی لاتینی ئەم جانەوەرەیە، مێشەگرە، مێشەگیرە، پەسپەسەکۆڵە، پەسپەسکەرە، پەسپەسەکەرە. ٢- بڕ: هەڵەپەزە

**بژکۆژ** (نا.)[باک] بڕ: بشکۆژ

**بژوێن** (ئان.)[؟] حاڵی دەشت و لەوەڕگەیەک گیاوگۆڵی زۆر بێ، زەمەند. **جێ ~ بوون:** (کن.) جێگە خۆش بوون، جێ زەمەند بوون.

**بژۆڵ** (ئا.) بڕ: برژانگ

**بژە** 1 (ئا.)[زا] بڕ: برژانگ

**بژە** 2 (گیانـ.)[زا] بڕ: بزن

**بژی** (ئا.)[باک] بڕ: بژ1

**بژیشک** (نا. ل)[ب2 + ژی + شک] کەسێک کە بە نەخۆش ڕا دەگا و شارەزای نەخۆشییە و دەوا و دەرمان دەنووسێ، حەکیم، دوکتور.

**بژیو** (نا. ل)[ب2 + ژی + و] ئەوەندە داهات و خواردەمەنییەک کە مرۆڤ یا

گیاندار بۆ زیندوو مانەوە و ژیان پێویستی پێیەتی، مایەی ژیان.

**بژیوە** (نا. ل)[ب2 + ژی + وە] بڕ: بژیویی. ፨ بە یەکجاریو بە جێ نایەڵم، لەوڕۆوە زەخیرە و بژیوەی حەو ساڵو ماوە (سەعید و میرسیوەدین ل ٨٧) ئارامی دڵەکەم چەپکێکم لەو گوڵانە بۆ پکە حەواڵە/ تا بۆنی ئەو گوڵە ببێ بە بژیوەی دڵم (لاس و خەزاڵ ل ٦٤).

**بژیویی** (نا. ل)[بژیو + ئی] کەرەسەی پێداویستی زیندوو مانەوە و پێ ژیانی مرۆڤ وەک ئارد و ئازووقە و خواردەمەنی، بژیوە. ፨ پیاوکە دەبێ بۆ ئەو مانگە بیرێک بکەیەوە بژیوییمان دە ماڵ دا نەماوە.

**بژێر** (ئان. فا)[لە: بژاردن] بە ناوەوە دەلکێ و مانای بژێردراو دەدا، ژمێر. ፨ دانبژێر، شوکرانەبژێر.

**بژێک** (گیان.)[بژ (بز3) + ئێک][زا] گیسک، گیسکەنێر

**بس** (نا.) ١ـ بڕ: بست. ٢ـ بڕ: بستە1/١.

**بست** (نا.)[ئەو: ڤیی تەستەی ـ پەه: ڤیتیست، ڤیدیست، ڤیتەست. لۆر: بێگێس ـ فار: بدست. باک: بست، بۆست، بهۆست، بوهست ـ ناو: بس، بست، بنگس، بنگووس، بۆست ـ باش: بگس ـ هەو: بنگۆس، بونگەسە، ویەسە] ١ـ ئەندازەیەکە بۆ پێوان، پەنجەکانی دەست لێک دەکرێنەوە و لە سەری قامکی گەورە هەتا ئاخری قامکی تووتە دەگرێ و رادەکەی بە دەستی گەورە و چووک دەگۆڕدرێ، ڤینجە، ڤینجەو. ٢ـ بڕ: بستە1/١.

**بستک** (نا. ل)[بست + ک] بڕ: بستە1/١ و ٢.

**بستوو** (نا. ل)[بست + ئوو] ١ـ کلکەی کێو کە چەماوەوتەوە سەر دەشتایی و چی وای نەماوە تێکەڵ بە دەشت بێ، ملە، یاڵ، گردەشان. ٢ـ تەپۆڵکەیەکی بەرزایی و درێژایی کەم بێ. ٣ـ بڕ: بستە1/١.

**بستە**[1] (نا. ل)[بست + ئە] ١ـ شیشیکی ئاسنی درێژ و پان و ئەستوورە، سەرێکی لە تۆپی پەڕەداری ئاش هەڵدەکێشرێ و سەرەکەی دیکە لە کونی تەورە دەخرێ و بە هێزی ئاو کاتێک تۆپەکە وەگەر دەکەوێ، بستە دەسووڕێنی و ئەویش بەرداشی سەرەوە وەگەڕ دەخا، بڵۆسک، بڵسک، بلووسک،

بست/٢، بس/٢، بستوو/٣، بستک. ٢ـ پارچە ئاسنێکی پانە، بە سەر تەندوور یا ئاورگ دا رایەڵی دەکەن و مەنجەڵ و دیزەی لە سەر دادەنێن، بستک، بلووسک. ٣ـ تەقەی قامک، چەقەنە، پل. **~ لێدان:** چەقەنە لێدان، پل تەقاندن.

**بستە**[2] (گیا.) بڕ: پستە

**بستەباڵا** (ئان. ل)[بست + ئە + باڵا] کەسێک کە باڵای کورتە، قوڵە، چڵەنۆک، باوەعومرە، باوەقۆرەت.

**بسک** (نا.)[باک: بسک ـ ناو: بسک ـ هەو: بسک ـ زا: بسک، بسکە] ١ـ مووی سەر لاجانگی ژنان، ئەگریجە. ٢ـ پرزە و کاکۆڵی سەر گەنمەشامی. ٣ـ کاکۆڵ، پەرچەم. ٤ـ (مجـ.) کاکۆڵ و زولفی گیاوگۆڵ. ؛؛ پێش ئەوەی شنەی بەیانی / بسکی بەرەزا ببزێوێ (تاریک و روون ل ١٨٥).

**بسکە**[1] (نا.) نیشانەی بە دەماغی و دڵخۆشی لە روخسار دا، بزە. || **بسکەی سمێڵ:** دڵخۆشی و کەیفخۆشی وەها کە سمێڵەکان جووڵەیەکی کەمیان بێ، تووکەی سمێڵ. ***بسکەی سمێڵ هاتن:** دڵخۆش بوون و کەیف ساز بوون لە بەر هەر هۆیەک، تووکەی سمێڵ هاتن. ؛؛ ئەوە چ باسە کاکە هەر بسکەی سمێڵانت دێ!

**تێبینی:** بسکە چ پەیوەندی بە سەر بسک ـ ەوە نیە. بسکە دەگەڵ وشەی بزە هەر یەک وشەن و دوو پیتی « س » و «ز» جێگۆڕکەیان کردوە. بسکە و بزە هەردووکیان لە ڤەز vaz ی ئەوێستایی بە مانای جووڵە کردن و بزووتن کەوتوون و لە بسکە دا ئەو جووڵە ناسکەیە کە بە لێوەکان دەدرێ یا بە گشتی سمێڵ جوولەیەکی کەم دەکا. (هس: بزە)

**بسکە**[2] (نا.)[زا] بڕ: بسک

**بسکەبسک** (نا. ل)[بسکە1 + بسک] بسکەی پەیتاپەیتا، زۆر دڵخۆش.

**بسمار** (نا.) بڕ: بزمار

**بسمارە** (نا. ل)[بسمار + ئە] بڕ: بزمارە/١

**بشاڤتن** (چا. م)[باک] بڕ: پشاوتن

**بشقول** (نا.)[باک] بڕ: پشکەڵ

**بشکاڤتن** (چا. ل)[باک] ١ـ بڕ: پشکووتن. ٢ـ پشکنین، هەڵوەشاندنەوە، لە باڵ یەک دەرهێنان، لێک کردنەوە.

**تێبینی:** بشکاڤتن کە لە زاراوەی باکووریی دا بە هەر دوو مانای

پشکووتن و پشکنین دێ و لە راستیش دا هەر یەک سەرچاوەیان هەیە و لە دوایی مانای جیایان پەیدا کردوە.

**بشکول** (نا.)[باک] بڕ: پشکەڵ

**بشکۆژ** (نا.)[باک] ١ـ غونچە. ٢ـ دوگمە، قۆپچە، پژکۆژ، بژکۆژ.

**تێبینی:** بشکۆژ، بژکۆژ و پژکۆژ لە رەگی بشکاڤتن و پشکووتن دەکەون.

**بعیڤ** (نا.)[باک] بڕ: بادام

**بغورد** (نا.) بڕ: بخوور

**بڤ** (نا. د) وشەیەکە بۆ ترساندنی منداڵی ساوا لە شتێک کە جێی مەترسی هەیە، بڤە.

**بڤر** (نا.)[باک] بڕ: تەور

**بڤـە** (نا. د) ١ـ بەرگری و مەنع لە منداڵ بۆ دەست لە شتێک نەدان. ٢ـ (مجـ.) مەترسی، خەتەر. :: ئەمن خۆ لەو کارە بڤەیەی نادەم، دەترسێم تووشی گرتن بێم.

**بکوژ** (ئان. فـا)[ب2 + کوژ] ١ـ کەسێک کە خەڵک بکووژێ، قاتڵ، پیاوکوژ. ٢ـ تاجییەکی کە باش راو بکا. ٣ـ (مجـ.) بە دەستەڵات و بە برشت.

**بگار** (نا.)[ئەر] بڕ: بوار

**بگاردن** (چا. م)[بڕ: بواردن][ئەر] ١ـ بواردن، هەڵبواردن. ٢ـ تێپەڕاندن، تێپەڕین.

**بگارە** (نا. ل)[بگار + ئە][ئەر] بڕ: بوارە. ~ **دان:** بڕ: بوارە دان

**بگربگر** (نا. ل)[ب + گر (گرتن) + ب + گر(گرتن)] بڕ: بگرەوبەردە. :: پاشی بیست و پێنج شەوەی لە شارەکەی کۆنە موسڵێ دەبۆوە بە بگربگر و جاڕ کێشانە (سەعید و میرسێوەدین ل ٩١).

**بگردگ** (نا. مفـ.)[لە: بگاردن] [ئەر] بڕ: رابوردوو

**بگردن** (چا. م)[ئەر] بڕ: بووردن

**بگرەبگرە** (نا. ل)[ب + گر (گرتن) + ئە + ب + گر(گرتن) + ئە] بڕ: بگرەوبەردە. :: لەو بگرەبگرە، داد و بستێنە / دایکی بە گریان شامی بۆ هێنا (بارام و گوڵندام ل ٥٦).

**بگرەوبەردە** (نا. ل)[ب + گر (گرتن) + ئە + و + بەر + دە (دان)] شێواوی و ئاڵۆزی و هات و هاواری کۆمەڵێک بە یەکەوە، هەنگامە، هەراوبگر، هەراوهوریا، بگربگر، بگرەبگرە،

بگرەوبێنە.

**بگرەوبێنە** (نا. ل)[ب + گر (گرتن) + ئە + ب + ئێن (هێنان) + ئە] بڕ: بگرەوبەردە. ∷ کوا قاوە و قلیان، پیاڵەی فەغفووری / کوا بگرە و بێنەی حاکم دەستووری (بارام و گوڵندام ل ١٠٨).

**بگێڕ** (نا. فا، ئان. فا)[ب2 + گێڕ1] کەسێک کە لوا دەپەستێوێ و لباد ساز دەکا، کارگەچی، نمەدماڵ، نەووگماڵ.

**بگێڕیی** (حم.)[بگێڕ + ئیی] کارێک کە نمەدماڵ دەیکا، کارگەچێتی.

**بلا** (ئام.)[باک ـ ئەر] بڕ: بڵا

**بلالووک** (گیا.)[باک] بڕ: بەڵاڵووک

**بلام** (نا. ل)[بل (بەر) + ئام] قایشێکە لە تەنگەی ئەسپی سەرکێشەوە لە لغاو قایم دەکرێ بۆ ئەوە کە ئەسپ سەری هەڵناوێ یا سوار هەڵنەگرێ، بلاو. ∷ هیوای بەختەوەری ئەهات زیاد بێ بەڵام دێوەزمەی شەڕ / بە چوارناڵ ئەوە وەک ئەسپی سەرکێشی بێ بلام دێ (هێدی ل ٣٨١). (بڕ: تێبینی: بەرمامک)

**بلامک** (نا. ل)[بڵ (بەر) + مامک][باک] بڕ: بزمک.

**بلانە** (ئام.)[ئەر] بڕ: بڵا

**بلاو**[1] (نا.)[ئەر] بڕ: بلام

**بلاو**[2] (ئان. فا)[ب2 + لاو (لاواندنەوە)][ئەر] کەسێک کە بە مردوو هەڵدەڵێ، لاوێنەری مردوو.

**بلبل** (نا.) بڕ: بولبول

**بلچ** (گیا.)[؟][ئەر] ١ـ دارێکی خۆڕسک و لک دڕکاوییە، هەندە بەرز نابێتەوە، گوڵی سپی و بۆنخۆشن، لە کوردستان زۆرە، بەرەکەی دەمەوە پاییز دەگا و دوو رەنگی سوور و زەردی هەیە، Crataegus melanocarpa و crataegus oxyacantha ناوی لاتینی ئەم دارەن. ٢ـ بەری ئەم دارە کە بە قەرا فندقێک دەبێ و بە رووتی دەخورێ. & گێوژ، گوێژ، بلچی.

**بلچەزەردە** (گیا.)[بلچ + ئە + زەرد + ئە] گێوژی زەرد.

**بلچەسوورە** (گیا.)[بلچ + ئە + سوور + ئە] گێوژی سوور.

**بلچی** (گیا.)[هەو] بڕ: بلچ

**بلسک** (نا.)[زا] بڕ: برووسک

**بلق** (نا.)[باک] بڕ: بڵق

**بللوور** (نا.) بڕ: بلوور

**بلند** (ئان.)[باک] بڕ: بڵند

**بلوار** (نا.)[فـــــەر: boulevard] شـەقـامی گەورە کە نێوەڕاسـتـەکەی بە شیناوەرد و دار و چیمەن خۆش کراوە.

**بلوین** (نا.) بڕ: بلوێر/٢.

**بلوێر** (نا.) ١ـ ئامـرازێکی مۆسـیـقـای کـوردییـە لە قـامـیش سـاز دەکـردرێ، حـــەوت کـــونـی هـەیە، بلـوور2، لوولـە، لوولک، لولی، پلوور. ٢ـ لوولەیەکی چێوی داتاشـراو و تـایبـەت سـاز کـراوە، لە بن بێــشـکەی منداڵ دەیبـــەستن، کـــاتێک منداڵی نێــو لانکە مــیــز دەکـا پێی دا دەچێتە نێو تەنەکەیەک (ئاوخانە) و خۆی پیس ناکا، لوولک، بلوین، بلوور. ~ **بۆ گا لێدان:** (کنـ.) قسە کردن بۆ کەسێک کە چ تێنەگا. ~ **بەزاندن:** خۆ ڕزگـار کردنی منداڵ لە بلوێری نێو لانکە و میز دەبنە خۆ کردن. ﷺ ئەوە چەند شەوە ئەو منداڵە بلوێری دەبەزێنێ و مــیــز دە بنە خۆی دەکـا. ~ **ژەنین:** دەنگ دەرهێنان لە بلوێر بە ڕێک و پێکی، بلوێر لێـدان. ~ **لێـدان:** بڕ: بلوێر ژەنین. **بە بلوێری کـەسـێک هەڵپـەڕین:** (کنـ.) بە قـسـە و مـەیل و هەوای کـەسـێک جـووڵانەوە. ‖ **بلوێری شـەیتـانی:** (کنـ.) زمـانی لووس و هەڵخەڵەتێنەر. ﷺ جا چاو بەو منداڵییەوە چلۆنمان کڵاو لە سەر دەنێ زمانی دەڵێی بلوێری شەیتانییە!

**تێبینی:** زەبیحی ڕیشـەی ئەم وشـەیەی بـرۆتـەوە ســــــەر لووراندن.[ب + لـوێر (لووراندن)] (بڕ: قـامـووس ب ٢ ل ٩٤). بە بڕوای من بلوێر و هاوتاکانی گشتیان لە وشــەی لوولـە کـەوتـوون بە لەبـەر چاو گـرتنی ئاڵوگـۆڕی پیـتی « ل » و « ر » دەگەڵ یەکتر.

**بلوێربەزێن** (ئان. فـــا)[بلـوێر/٢ + بەزێن] ١ـ منداڵێک کـە لە نێـو لانکە دا خـۆی دەجـووڵێنێـتـەوە و خـۆ لە بلـوێر ڕزگار دەکا و میز دە بنە خۆی دەکا. ٢ـ (کنـ.) هـار و هاژ ، دانەسـەکناو و بزۆز. & بلەربەزێن.

**بلوێرپێچ** (نا. ل)[بلـوێر/٢ + پێچ] پارچە پەڕۆیەک کـە لە لێــواری بلوێری لانکەی دەپێچنەوە هەتا نێوگەڵی منداڵی ئازار نەدا، بلوێرپێچک.

**بلوێرپێـچک** (نا. ل)[بلوێر/٢ + پێچ + ک] بڕ: بلوێرپێچ

**بلوێرژەن** (ئان. فـا)[بلـوێر/١ + ژەن] کـەسـێک کـە شـارەزای بلوێر لێـدانە، بلـوێرئـەنگێـــو، لوولـەژەن، لوولکژەن،

پلوورژەن.

**بلوێرئەنگێو** (ئان. فا)[بلوێر/١ + ئەنگێو] برِ: بلوێرژەن

**بلۆق** (نا.)[پەھ: ئاپیلەک] ١ـ پۆرِگێکی ئاوداره کە لە بەر سوانی پێستی دەست و پەل بە ئامرازێکی وەک پێمەرِە سەر هەڵدەدا، یا ئەوە کە بە سووتان و ئاوی کوڵیو وە لەش کەوتن ئەم پۆرِگە پەیدا دەبێ، ئاوڵە/٢، تلۆق، گۆزاوڵە، پفکە. ٢ـ [باک] پۆرگ. ٣ـ [باک] بلّق. **~ کردن:** پەیدا بوونی بلۆق لە سەر پێستی لەش لەبەر هەر هۆیەک.

**بلۆک** (نا.)[فەر: bloc] کۆمەڵە وڵات و دەوڵەتێک کە یەکیەتییەک بۆ مەبەست و رێبازێک پێک بێنن. ⁘ بلۆکی رۆژاوا، بلۆکی کۆمۆنیزم.

**بلۆمە** (نا. ل)[بل (بەر) + ئۆمە][باش] برِ: بزمک. هس: بەرمامک

**بلوور**[1] (نا.)[پەھ: بێلوور لە یون: be-ryllos] ١ـ کانییەکە وەک شووشە روونە لە کان دەریدێنن و دەیتاشن. ٢ـ مادەی دەسکردە کە وەک بلوور سازی دەکەن، کریستاڵ، بللوور. ٣ـ شووشەی سەر لامپا، شووشەچرا، شووشەلامپا. ٤ـ (مجـ.) ئەندامی ساف و بێگەرد و جوان. ⁘ گەردن بلوور.

**بلوور**[2] (نا.) برِ: بلوێر/١ و ٢.

**بلووریی** (ئان. ل)[بلوور + ئیی] ١ـ هەر شتێکی لە بلوور ساز کرابێ. ٢ـ هەر چی کە لە باری رەنگ و ورشەوە وەک بلوور وابێ. ٣ـ (نا.) پارچەی سپی لە لۆکە ساز کراو کە بۆ کراس و دەرپێ و کفن کەلکی لێوەردەگرن، مەرِمەرِشا، هومایيل.

**بلوورین** (ئان. ل)[بلوور1 + ئین] هەر چێک کە پێوەندی بە بلوورەوە هەبێ، سازکراو لە بلوور.

**بلووسک** (نا.) برِ: بستە1/١ و ٢

**بلووک** (نا.)[؟] ١ـ بەش، دەستە، کۆمەڵ. ٢ـ کۆمەڵێک گوند و دێی ناوچەیەک. ٣ـ بەشێک لە سپای عوسمانییەکان.

**بلوول** (نا.)[باک] لوولەی ئافتاوە و مسینە.

**بلەریەزێن** (ئان. فا)[بلەر (بلوێر) + بەزێن][ئەر] برِ: بلوێربەزێن

**بلەوەز** (نا.)[عەر: بوالهوس] ١ـ کەسێک کە گوێ ناداتە قسەی کەس و هەر بە قسەی خۆی دەکا، لاسار. ٢ـ

مـرۆی مـلـهـورِ و زاڵم، دیکتـاتۆرِ. ٣ـ هەوەسباز.

**بلیـارد** (نا.)[فەر: billard] جۆرێک یاری گـەورەسـالآنە، مـیـزێکی پانە بە ئەندازەی تایبەتی کە شەش کونی تێدایە و بە گۆیەکی چووکی خرِ کۆمەڵە گۆیەکی دیکەی بە دارێکی درێژ تێداوێن.

**بلیت** (نا.) برِ: بلّیت

**بلیمەت** (نا.ـ ئان.)[عەر: بوالهمة] ١ـ مـرۆڤی زۆرزان و هەڵکەوتوو، نابغـە. ٢ـ منداڵی زۆر زان، منداڵێک کـە پتـر لە تەمەنی دەزانێ، سۆدرە.

**بلیـۆن** (ژ.)[فـەر: billion] هەزار ملیۆن، ملیارد.

**بلێچ** (نا.)[باک] برِ: برووسک

**بـڵ** (ئـان.)[؟] ١ـ زۆر نـەرم، شـل. ٢ـ میوەیەکی شەق کە پتر لە رادە گەیشتبێ و نـەرم بـووبێ و تـامـی گـۆرِابێ. ⁜ شـووتی بڵ، هەناری بڵ. ٣ـ مەمکێک کە وەک پێشـوو تورت و شـەق نەمابێ و بە تەواوی نەرم بووبێ. ~ **بوون:** پتـر لە رادە نـەرم بوون و لە کـەلک کـەوتن، نەمانی تورتی و شەقی.

**بلا** (ئام.) ١ـ ئەمری چاوگی هێشتن یا هێلان، بێڵە، بهێڵە، ئیزن بدە، لێگەرێ، دەبا. ٢ـ ئامـرازی شـەرتە. ⁜ بلا ببینم دەزانم چی لێدەکـەم. & بلا، بـەلا، بەرا، با5، بلانە، بلّانە.

**بلاچە** (نا.)[باش] برِ: برووسک

**بلاڵووک** (گیا.)[ئەر] برِ: بەلاڵووک

**بلاڵووکە کێفیلە** (گیا.)[بلاڵووک + ئە + کێف + ئیلە][ئەر] برِ: بەلاڵووک

**بلامک** (نا. ل)[بڵ (بـەر) + مـامک] [باک: بلامک ـ ناو: بلامک ـ باش: بلۆمە] برِ: بزمک. هس: بەرمامک

**تێبینی:** بلامک و هاوتاکانی هاومانای بزمک ـ ن بەڵام لە باری ریشـەوە دەچنە سـەر بەرمامک هەرچەند ماناکان بۆ دوو شتی جیاواز دەکوترێن.

**بلانە** (ئام.)[ئەر] برِ: بلا

**بلاو** (ئـان.)[باک: بـەلاڤ ـ نـاو: بـلاو، بـراو ـ باش: بـلاو ـ هـەو: ولاو، وەلاو ـ زا: ڤـلا] ١ـ شـتی بە کـۆمـەڵی لێک پرژاو، پەخش. ٢ـ رۆیشـتنی دەنگ و قسـە و باس بۆ دوور و دەورووبەر. ~ **بوون:** لێک پرژان، لێک دوور بوونەوە، پەخش بوون، بلاو بوونەوەی/١. ~ **بوونەوە:** ١ـ بـرِ: بـلاو بـوون. ٢ـ دەنـگـدانـەوەی

دەنگۆ، شــایع بوون. ¤ وا بڵاو بۆتەوە گــۆیا ژنەکـــەت تەڵاق داوە. ٣ـ دابەش بوونی نووسـراوە و هەر شتێکی دیکەی لەم بابەتە لە نێــو خـــەڵک دا، پەخش بوونەوە. ¤ حـەسـەن زیرەک نزیک سـەد شـریتی بڵاو بووتەوە. ٤ـ پێ گەیشـتنی دەنگ و رەنگی کـەرەسـەی راگـەیاندنی وەک رادیۆ و تلویزیۆن. ~ **کـردن:** پرژ کـــردن و لێک دوور کـــردنەوە، پەخش کردن، بڵاو کردنەوە/١. ~ **کردنەوە:** ١ـ برِ: بڵاو کـردن. ٢ـ راگـەیاندنی دەنگۆ و شایعە بە خەڵک. ٣ـ دابەش کردنی شتی دەرکـــراوە لە نێــو خـــەڵک دا، پەخش کـردنەوە. ¤ ئەو راگـەیەندراوە بەرە نێو خۆ پیشان دان و بڵاو کەوە! ٤ـ نیشـان دان و بە گـــوێ گـــەیاندن بە هـۆی کـــەرەســـەی راگـــەیاندنی وەک رادیۆ، تلویزیۆن.

**بڵاوکراوە** (نا. مفـ.)[لە: بڵاو کردنەوە] نووسـراوەیەک کـە بۆ ئاگاداری خـەڵک بڵاو دەبێتەوە.

**بڵاوە** (نا. ل)[بڵاو + ئە] لە یەک دوور، پەڕاکـەندە، براوە. ~ **پێکردن:** لە یەک دوور خـسـتنەوەی ئاپوورەی خـەڵک. ¤ خۆپێشـاندانی خەڵک کە گەیشتە مەیدان پۆلیس بڵاوەی پێ کـردن. ~ **کـردن:** لێک جیا بوونەوە و دوور کەوتنی کۆمەڵ و ئاپوورە لە یەکـتـر، بڵاوە لێکردن. ¤ کاتێک گەیشـتمـە مزگـەوت جـەمـاعـەت بڵاوەیان کردبوو. ~ **لێکردن:** برِ: بڵاوە کردن.

**بڵح** (ئان.)[؟] ١ـ کـەسێک کە کـار و کـردەوەی پەسـەند نیـە، هەرزە، جـڵف، حـەکـەدار، برح. ٢ـ [ئەر] کـەسـێک کـە درەنگ تێبگا، گێژ، حۆل.

**بڵحانە** (ئاک. ل)[بڵح + ئانە] کار و کردەوەی وەک کەسی بڵح، حەکەدارانە، جلّفانە.

**بڵحایەتی** (حم.)[بڵح + ئایەتی] کـاری ناپەسـەند و بڵحـانە کـردن، بڵحێتی، بڵحی.

**بڵحێتی** (حم.)[بڵح + ئێتی] برِ: بڵحایەتی.

**بڵحی** (حم.)[بڵح + ئی] برِ: بڵحایەتی.

**بڵسک** (نا.) برِ: بستە1/١.

**بڵق** (نا.) ١ـ پۆرگێکی بچـووکی نێـو بۆشـــە کـــە هـۆی زەبری دڵۆپی باران لە سـەر ئاو پەیدا دەبێ. ٢ـ پۆرگێک کـە لە سەر ئاوەکی کوڵیو پەیدا دەبێ. & بڵقاو،

برق، بلق، بلۆق. ~ **دان:** وەکوڵ هاتنی ئاوەکی و بڵق لێ پەیدا بوونی. ∷ ئەو قابڵەمە هەر بڵقان دەدا و کەس نیە دایگرێ. ‖ **بڵقی سەر ئاو:** (کنـ.) کار و مەسەلەیەکی بە سانایی تێک بچێ. ***بوونە بڵقی سەر ئاو:** (کنـ.) هەڵوەشانەوە، تێکچوون، پووچەڵ بوونەوە و بە ئاکام نەگەیشتنی کار و مەسەلەیەک. ***لێکردنە بڵقی سەر ئاو:** (کنـ.) تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی کار و مەسەلەیەک، پووچەڵ کردنەوە.

**تێبینی:** بڵق دەگەڵ بلۆق هەر یەک ریشە و سەرچاوەیان هەیە.

**بڵقاو** (نا. ل)[بڵق + ئاو] بڕ: بڵق

**بڵقن** (ئان. ل)[بڵق + ن2] کەسێک کە هەمیشە چڵمی لە سەر کونی کەپۆیەتی و بڵقان دەدا، چڵمن.

**بڵقە** (نا. ل)[بڵق + ئە4] دەنگێکە کە لە توقینی بڵق و پۆرگ بەرز دەبێتەوە.

**بڵقەبڵق** (نا. ل)[بڵقە + بڵق] ١ـ دەنگی پەتاپەیتای بڵق. ٢ـ دەنگێکە کە لە وەسەر کەوتنی هەوا لە نێو ئاو دا بەرز دەبێتەوە. **وە ~ کەوتن:** کوڵانی ئاوەکی و بڵقە لێ پەیدا بوون.

**بڵم** (نا. د) دەنگی وشتر، لرفە، بڵمە

**بڵماندن** (چا. م)[لە: بڵمە] ١ـ دەنگ بەرز کردنەوەی وشتر، لرفاندن. ٢ـ (کنـ.) قسە کردنی نائاشکرا.

**بڵمە** (نا. د) دەنگی وشتر، لرفە.

**بڵمەبڵم** (نا. د)[بڵمە + بڵم] ١ـ دەنگی پەتاپەتای بڵمەی وشتر، لرفەلرف. ٢ـ قسەی نائاشکرا کە باش تێی نەگەن. ∷ ئەرێ ئەو بڵمەبڵمەت لە چیە دەنگ بەرز کەوە خۆ کەس نازانێ دەڵێی چی!

**بڵن** (ئان.)[ئەر] بڕ: بڵند

**بڵنایی** (نا. ل)[بڵن + ئایی][ئەر] بڕ: بڵندایی

**بڵند** (ئان.)[ئەو: بێرزەنت ـ پەه: بولەند. باک: بلند ـ ناو: بڵند، بڵن، برند، بڵیند ـ باش: بڵێن] ١ـ هەرچی کە لە شوێنی خۆیەوە قیت بووبێتەوە و سەرێکی بە زەوییەوە بێ. ∷ لاولاو پێنج گەز بڵیند دەبێ. ٢ـ هەرچی کە لە زەوی جیا بۆتەوە و وەحەوا کەوتوە. ∷ بادەوەکەی من زۆر بڵند بوە. & بەرز. ~ **بوون:** ١ـ چوونە حەوا، بەرز بوونەوە. ٢ـ لە بەر کەسێک هەستان. ~ **بوونەوە:** هەستانەوە، بەرز بوونەوە، چوونەوە سەر. ~ **کردن:**

هەڵێنان، بەرز کردنەوە. **لێ ~ بوون:** بە تووڕەیی هەستان و ڕاپەڕین لە ئاست کەسێک بۆ شەڕ و لێدان و هەڕەشە، لێهەستان، لێڕاپەڕین، لێ ڕاست بوونەوە.

**بڵندایی** (نا. ل)[پەه: بولەندییە][بڵند + ئایی] ١ـ ڕادەی بەرزایی هەر شتێک بە باری قیتی دا. ٢ـ جێگا و شوێنی بەرز & بەرزایی، بڵندیی، بڵێندایی.

**بڵندگۆ** (نا. ل)[بڵند + گۆ] ئامرازێکە بە هێزی کارەبا یا باتری ئیش دەکا و دەنگی وێژەر زۆر دەکا و هەتا مەودایەکی دووری دەبا، بڵێندگۆ

**بڵندیی** (نا. ل، حم.)[بڵند + ئیی] بڕ: بڵندایی

**بڵۆسک** (نا.) بڕ: بستە1/١.

**بڵووچە** (نا.)[؟] بریتییە لە دەفرێکی بچووک لە ئاش دا باراشهاڕ بەو دەفرە پێوانەیەک ئارد ئەدات بە ئاشەوان بە ناوی (ئاردەبارەوە) پاش ئەوەی کە مزەشی لێ ئەستێنرێت (کشت و کاڵ ب ا ل ٣٧). کۆجەڵەیەکی بچکۆڵەیە مزەی ئاشی پێ ئەگیرێ (خاڵ ب ١ ل ١٢٥). کەپووڵە، کۆجیلە.

**بڵووز** (نا.)[فەر: blouse] جلێکی پەشمی یا لۆکەیی بێ دوگمەی ژنانە و پیاوانەیە، پتر لە کاتی سەرما دا لە سەر کراس دەیکەنە بەر، کێش.

**بڵێت** (نا.)[فەر: billet] کاغەزێکی چاپ کراوە، نرخی دیاری کراوی هەیە و دەکڕدرێ بۆ کەرەسەی هاتوچۆ یا ئەو شوێنانەی کە خەڵک زۆر دەچن وەک سینەما، قەتار، پاس، ...، بیتاقە، بلیت.

**بڵێتفرۆش** (ئا. فا)[بڵێت + فرۆش] کەسێک کە لە شوێنی تایبەتی دەدەنیشێ و خەڵک بڵێتی پێویستی لێدەکڕن.

**بڵێتفرۆشیی** (حم.)[بڵێتفرۆش + ئیی] کار و پیشەی کەسی بڵێتفرۆش.

**بڵێمانە** (نا.)[؟] پیسایییەکی خڕ و گڕمۆڵەگڕمۆڵەی ڕەقە کە لە بەر هەندێک نەخۆشی ریخۆڵە لە پاشەوە دێتە دەر.

**بڵێند** (ئان.)[موک] بڕ: بڵند

**بڵێندایی** (نا. ل)[بڵێند + ئایی] [موک] بڕ: بڵندایی

**بڵێندگۆ** (نا. ل)[بڵێند + گۆ][موک] بڕ: بڵندگۆ

**بڵێزە** (نا.) بڕ: بڵێسە

**بڵێسە** (نا.)[لۆر: بلیز. ناو: بڵێسە،

بڵێزە، برێسە ـ باش: بڵێسە ـ هەو: بڵێسە] ١ـ گڕی ئاگر کە بەرز دەبێتەوە، گڕ، کڵپە. ٢ـ شۆقی تەقەی گوللە کە لە سەر لوولەی چەک دیاری دەدا.

**تێبینی:** بڵێسە لە ریشەی برێز و برێژ ـ ی پەهلەویی بە مانای تەندوور کە خۆی لە ریشەی برژان ـ ە کەوتۆتەوە. لە زمانی فەرانسەویی دا braiser و لە زمانی سویدیی دا brasa بە مانای بڵێسە و گڕی وەجاغ و ئاورگ هەر لەو ریشەیەن.

**بڵێن** (ئان.)[باش] بڕ: بڵند

**بن**[1] (نا.)[ئەو: بونە، بوونە ـ پەه: بون، بوون. باک: بن ـ ناو: بن ـ باش: بن ـ هەو: بن ـ زا: بن، بنە.] ١ـ لای خوارەوەی شتێک کە دەکەوێتە سەر زەوی، بنک. ⁙ بنی کەوش، بنی گۆرەوی. ٢ـ لای خوارەوەی ئەو شتانەی کە دوو سەریا هەبێ، بنک. ⁙ بنی جگەرە، بنی گۆچان. ٣ـ لای خوارەوەی شتی قیت و بەرز. ⁙ بن دار، بن دیوار، بن دەرک. ٤ـ ژێرەوەی شتی سەر داپۆشراو. ⁙ بن پرد، بن میچ. ٥ـ ئاخری شتێکی قوڵ و سەر داپۆشراو. ⁙ بن گیرفان، بن ئەشکەوت، بن توورەکە. ٦ـ پەردەیەکە لە نێو شەرمی کچان دا کە نیشانە کچێتی کچە و شکڵ و شێوەی جۆربەجۆری هەیە، لە هەندێکان دا وەک خاچە و لە هەندێکان دا سەفحەیەکی کونداره وەک بێژینگ یا تەنیا کونێکی لە نێوەڕاست دا هەیە. ئەم پەردەیە لە یەکەم نزیکی دەگەڵ پیاو دا دەدڕێ و خوێنی لێدێ. هەروەتر شل و قایمی ئەم پەردەش جیاوازیان هەیە و هی وا هەیە زۆری پێوە ئەزیەت دەبێ و هی وا هەیە هەستی پێناکا و هی واش هەیە کە ئەو پەردەیەی نیە کە لە کوردەواری دا پێیان دەڵێن بن سپی. کچێنی، کچانی، کەنیشکی. ٧ـ دەگەڵ ناوی دار دێ و مانای نەمام یا ریشە دەدا کە دەینێژن. ⁙ بنە سێو، بنەتوو. ٨ـ ریشەی هەندێک گیا کە ئەستوورن یا دەبنە سەلک، لێرەش دا بن بە تەنیا نایە و دەبێ ناوی گیایەکە بکوترێ. ⁙ بنە توور، بنە چەوەندەر. ٩ـ بنەبان، ئاخر. ⁙ لە بنی دنیایەش بێ دەستی هەر دەخەم. ١٠ـ پاش، دواوە. ⁙ لە بن پەچە، بن چارشێو. **~ پژان:** بڕ: بن رژان. **~ پژاندن:** هەڵگرتنی کچێنی و بنی کچێک بەر لە زەماوەندی، بێ بن کردن، بن پژانن. **~ پژانن:** بڕ: بن پژاندن.

**~ دانەوە:** ١ـ هەڵکوڵین و هەڵکەندنی دەورووبەری دار بۆ باشتر ئاو خواردنەوە یا بۆ دەرکێشانی. ٢ـ هەلکەندنی زەوی بۆ گەیشتن بە خار و بناغە. **~ دە ئاو دا نەبوون:** (کنـ.) شیاوی تەواو بوون، کۆتایی پێهاتنی شتێک. :: ئەو میراتەی پێی بڕاوە خۆ بنی دە ئاوێ دانیە، رۆژێک هەر تەواو دەبێ. **~ رژان:** نەمانی کچێنی بەر لە مێرد کردن بە هۆی کارەسات و رووداوێک، بن پژان. :: ئەو کچە وا کەوت دەترسم بنی رژابێ. **~ رشتن:** هەڵگرتنی کچێنی کیژێک بەر لە مێرد کردنی، بن پژاندن، بێ بن کردن. **~ کردن:** خرۆکە بوونی بنی ئەو گیایانەی بەرەکەیان دە بن خاک دایە یا دەبنە سەلک. :: گیزەرەکان هێشتا بنیان نەکردوە بەڵام توورەکان بنیان کردوە و بۆ خواردن دەبن. **~ هەبوون:** کچێک کە کچێنی و بنی هەڵنەگیراوە، کچێنی هەبوون، کەنیشکی هەبوون. :: ئەو کچە زۆر حەکەدارە نازانم بنی هەیە یا نا؟ **چوونە ~ کەسێکەوە:** (کنـ.) دە گوێ خوێندن و هەڵخەڵەتاندنی کەسێک، کەسێک بەرەو کارێکی خراپ هان دان، لە بن دانیشتن. :: حەمە چوە بن ئەو کوڕە بەستەزمانە و هەتا فێرە هێرۆیینی نەکرد لە کۆڵی نەبوە. **دە ~ چۆکی خۆ نان:** (کنـ.) دەست بە سەر داگرتنی شتێک و کردنە هی خۆ. **لە ~ دان:** وە ئەستۆ نەگرتن، وە خۆ نەگرتنی قسە و کار و مەسەلەیەک، لە بن دەرچوون. **لە ~ دانیشتن:** (کنـ.) لە رێ لادان و فریو دانی کەسێک بە دە گوێ خوێندن و هان دان، چوونە بن. **لە ~ دەرچوون:** وە ئەستۆ نەگرتنی ئەرک و کار و مەسەلەیەک و خۆ لێدزینەوە. **لە ~ هاتن:** تەواو بوون، دوایی هاتن، بنە لێهاتن، بنە لێبران. :: هەمیشە دیدە بەحری گەوهەرە و دڵ پڕ لە نەقدی داغ/ لە بن نایێ بە مەسرەف چونکە خەزنەی من خوداداده (مەحوی ل ٢٦٩). **لە ~ هاتنە دەر:** (کنـ.) لە توانا دا هەبوون، دەرۆست هاتن، تاقەت پێشکان. :: کرێی ئەم ماڵە زۆرە لە بنی نایمە دەر. **لە ~ هێنان:** تەواو کردن، دوایی پێهاتن، بنە لێبرین، بنە لێهێنان. **لە بنی کوولەکە دان:** (کنـ.) هەموو شتێک دەربڕین و ئاشکرا کردن. **وە ~ خۆ دان:** کەسێک خستنە ژێر خۆ. :: حەمەی وە بن خۆی دا و تێر و پڕی تێهەڵدا. **وە ~ دان:** خستنە ژێر، وە بنەوە دان. **وە**

**~ کـەوتن:** کـەوتنە ژێر، وە بنەوە کـەوتن. **وە بنەوە دان:** بڕ: وە بن دان. **وە بنەوە کـەوتن:** بڕ: وە بن کـەوتن. || **بنی ددان:** پـووک، پـدوو، بـن ددان. ⁘ ئـەو گۆشت کەوەیان هێند خۆش ساز کردبوو تامەکەی هێشتا لە بنی ددانم دایە. **بنی دنیا:** ١ـ ئەو شوێن و جێگایەی کە زەوی تەواو دەبێ (بە پێی بڕوای کـۆن گـۆی زەوی تـەخت بوە و دیارە لـە شــوێنێکی زۆر دوور کــۆتایی پێ هاتوە)، ئاخــری دنیـا. ٢ـ (کنـ.) زۆر دوور. ⁘ مـاڵتـان لە بنی دنیایەیە بەو منداڵانەوە کوا دەتوانم سەرت لێبدەم.

**بن**[2] (نا.) شێوەیەکی دیکەی بەن2 یە بە مـانای دار یا گیـا لە هەندێک وشـەی تێکەڵاو دا و ســەربەخــۆ نابیندرێ. ⁘ بناو، بنێشت.

**بـنـاچـە** (نـا. ل)[بـن + ئـاچـە؟] بـڕ: بنەچەک

**بناخـە** (نا. ل)[بن1 + ئاخ1 + ئە] ١ـ بن و ژێری خانوو کە لە نێو زەوی دایە و خــانوو لە ســەر ئەو ســاز کــراوە و قورسـایی لە سەرە. ٢ـ پایە و ئەساسی هەرشـتێک. & بناغـە، بنەڕەت، بنچـینە، بـنـگـە، پایـە. **~ دانـان:** ١ـ دانـان و دارشــتنی بناخــەی. ٢ـ بنیــات نان و دامــەزراندنی کـارێک یا شــتێک. **~ دانەوە:** هەڵکەندنی زەوی بۆ گـەیشـتن بە خار و ئامادە کردن بۆ بناخە دانان.

**بنار** (نا. ل)[بن1 + ئار4] لای هـەرە خـوارەوەی کـێـو کـە دەگـاتە پێـدەشت، داوێن.

**بناغـە** (نا. ل)[بن1 + ئاغ (ئاخ1) + ئە] بڕ: بناخە

**بناگوە** (ئا.)[بن1 + ئا + گوە][باک] بڕ: بناگوێ

**بناگـوێ** (ئا.)[بن1 + ئا + گـوێ] ١ـ نەرمایی گوێ. ٢ـ نێوان ڕوومەت و گوێ. ٣ـ نزیک گوێ، پەنا گوێ. ٤ـ(مجـ.) زۆر نزیک. ⁘ مردن بە بناگوێم دا تێپەڕی.& بنانگوێ، بنانگوێچکە، بناگــوێچکە، بنگوێ، بنگوێچکە، بناگوە، بناگێ.

**بناگــــوێـچـکـە** (ئا.)[بن1 + ئا + گوێچکە] بڕ: بناگوێ

**بنانگوێ** (ئا.)[بن1 + ئان + گـوێ] بڕ: بناگوێ

**بنـانـگوێـچـکـە** (ئا.)[بن1 + ئان + گوێچکە] بڕ: بناگوێ

**بناگێ** (ئا.)[بن1 + ئا + گێ][سـۆر]

برِ: بناگوێ

**بناو**[1] (گــیـــا.)[بن (بـەن2) + ئاو] دارێکی گەورەی بە لک و پۆیە، گەڵاکانی وەک گــەڵای بادامــە هـەندێک پانتــر و لێوارەکەی گڕنی گڕنییە، هەتا ٢٥ میتر هەڵدەدا و ٢٠٠ ساڵ دەژی، لە توێکڵەکەی بۆ دەرمـــان کـــەلک وەردەگـــرن و لە شـــەقامـانیش بۆ جـوانی دەیچـەقـێن، Fraxinus excelsior ناوی لاتینی ئـەم دارەیـە. بـنـاوی، بـنـاوەچ، ونـاوچ، بەناف، داربەناف، دارەڕەش، قەرەقاج.

**بناو**[2] (ئان. ل)[بـن1 + ئاو] ژێراو، قوم، نقوم. ~ **بوون:** وە بن ئاو کەوتن، قـــوم بوون، نقـــوم بوون، خنکان. ∷ بەرخـــەکـە بناو بوو و لە بەر چاوان ون بوو. ~ **کـردن:** وە بن ئاو دان، نقـوم کردن، قوم کردن، خنکاندن.

**بـنـاوان**[1] (نـا. ل)[بـنـە + وان] بـرِ: بنەوان.

**بناوان**[2] (نا. ل)[بن + ئاو + ئان] ١ـ ئاوێک کـە لە سـەرچاوەوە بە هۆی بـەند کـۆ کـراوەتەوە. ٢ـ سـەرچاوە و بنـەمـای هـەر کار و بیرێک. ∷ ئەو قسـەی تۆ لە بناوانەوە هـەڵەیە. ~ **هەڵبـەسـتن:** هەڵبـەسـتنی بەند و بەست لە بەر ئاوی سـەرچاوەیەک بۆ پەنگاو خواردنی کە بۆ ئاودێران کەلکی لێوەردەگرن.

**بناوبوێر** (ئان. ل)[بنـاو2 + بوێـر (رابوردن)] حاڵی کەسێک کە لە دەروون دا ناساز و نەخۆشـە، نەخۆشی رەوانی و رووحی. ~ **بوون:** ناســاز و نەخــۆش بوون لـە دەروون دا، تووشـی نـاســـازی رووحی بوون. ∷ ... پاشـان عـەمـەلیـان کـردم و مــاوەیەکی دوورودرێژ بناوبوێر بووم. (تاریک و روون ل ٩).

**بـنـاورە** (نـا. ل)[بـن1 + ئـاور + ئـە] چیلکە و چاڵ و پووش و پەڵاش کـە بـۆ ئاور کـردنەوە کـەلکی لێـوەردەگـرن، دەستەچیلە، چاوگە، دەساگر، ئاگرگیرە.

**بناوەچ** (گـیـا.)[بناو1 + وەچ؟] برِ: بناو1

**بناوی** (گیا.)[بناو1 + ئی] برِ: بناو1

**بنباخەڵ** (ئا.)[بن1 + باخـەڵ] برِ: بن هەنگڵ

**بن بار** (نا. ل)[بـن1 + بـار] لبـاد یا قوماشێکی نەرم کە دەیخەنە سەر پشتی بارەبەر هـەتا بار برینداری نـەکـا و ئازاری پێنەگا. // سەربار.

**بنباغەڵ** (ئا.)[بن1 + هەنگڵ] برِ: بن

**بن باڵ** (ئا .)[بن1 + باڵ] بڕ: بن هەنگڵ. ⁂ بن باڵی بگرە با بڕۆین.

**بن بان** (نا . ل)[بن1 + بان] بڕ: میچ

**بنبڕ** (نا . فا)[بن1 + بڕ] بڕ: بنەبڕ. **~ کردن:** بڕ: بنەبڕ کردن

**بنبزێو** (ئان. فا)[بن1 + بزێو] گۆرانی و هەوایەک کە مرۆ وەقوونەجووڵە دەخا و مەیلی سەما کردنی تێدا دەبزێوێ، بنبزێوکە.

**بنبزێوکە** (ئان. فا)[بنبزێو + کە] بڕ: بنبزێو

**بنبەست** (ئان. ل)[بن1 + بەست] ١ـ کووچە یا کۆڵانێک ئاخرەکەی بەسترابێ و ڕێی بۆ هیچ کوێیەک نەبێ. ٢ـ (مجـ.) گیر و گرفتێک ڕێی چارەی نەبێ. **بە ~ گەیشتن:** ڕێگای چارە نەدیتنەوە، بە ئاکام نەگەیشتن، گەیشتنە بنبەست. **گەیشتنە ~:** بڕ: بە بنبەست گەیشتن.

**بنبێژنگ** (نا . ل)[بن1 + بێژنگ] وردە و خشت و خاڵی دەغڵی دابێژراو، بنژیل، بنبێژینگ.

**بنبێژینگ** (نا . ل)[بن1 + بێژنگ] بڕ:

**بنپاڵ** (نا . ل)[بن1 + پاڵ] تەنیشت، پەنا، پاڵ، بنچغ.

**بنپانک** (نا . ل)[بن1 + پانک] ئەو بەشەی زێدەی ڕەشماڵ و خێوەت لە لای دەرەوە کە وەک گوێسوانە داهاتۆتەوە بۆ ئەوەی کە باران بن ڕەشماڵ نەگرێتەوە.

**بن پڕاو** (ئان. مـف.)[بن + پڕاو] کچێک کە بنی هەڵگیرابێ، بێ بن.

**بن پشک** (ئان. ل)[بن1 + پشک] کچێک کە هەر بە منداڵی دەست نیشان کراوە بۆ ژن بە ژنەی براکەی یا کوڕێکی دیکەی خزمیان.

**بن پەرگ** (نا . ل)[بن1 + پەرگ] ڕیزێک چنینە لە بنی کەڵاش کە دوایی لە سەر ئەو بن پەرگە کەڵاشەکە دەچنن، پەرگەما.

**بن پەل** (نا . ل)[بن1 + پەل] گەڵای توتن کە لە بن گەڵای گەورەی دێتە دەر و بەر لە هەڵگرتنەوەی توتن لێدەکرێتەوە.

**بن پیاڵە** (نا . ل)[بن1 + پیاڵە] بڕ: ژێرپیاڵە

**بن پیل** (نا . ل)[بن1 + پیل] بڕ: بن

هەنگڵ

**بن تیک** (نا. ل)[بن1 + تیک] بڕ: بندروو

**بنج** (نا. ل)[بن1 + ج] ڕەگ و ریشەی گژ و گیا، پنج. ~ **داکوتان:** ١ـ خۆ گرتن و ریشە داکوتانی گژ و گیا. ٢ـ (کنـ.) خۆ گرتن و سەر گرتنی کارێک، جێگیر بوون. & بنەگر بوون، بنەگرتوو بوون. ٣ـ (کنـ.) زۆر دانیشتن و نەبزووتن. ؛؛ ئەریّ ئەو میوانانە بۆ هەڵناستن بڕۆن خۆ بنجیان دانەکوتاوە.

**بنجبەست** (ئان. مفـ.)[بنج + بەست] ١ـ پەل و ریشەگیایەک کە بنجی داکوتابیّ و روابیّ. ٢ـ (کنـ.) دامەزراو، خۆگرتوو. . ~ **بوون:** ١ـ بنج داکوتان. ٢ـ (کنـ.) دامەزران، جێبەجیّ بوونی کارێک، خۆ گرتن. . ~ **کردن:** (کنـ.) دامەزراندن، جێبەجیّ کردنی کاری کەسێک.

**بنجوو** (نا. ل)[بن1 + جوو] کەسێکی تازە موسڵمان کە بنەچەکەی جوولەکە بن، بنەجوو.

**بنجوول** (ئان. ل)[بن1 + جوول؟] بڕ: بنژیل

**بنچاخ** (نا.)[تور: بنجاق] هەر چەشنە بەڵگە و سەنەدی مڵک، قەباڵەی مڵک، قەواڵە.

**بنچاڵ** (نا. ل)[بن1 + چاڵ] دەغڵ و دانی بنەوەی چاڵ کە دوای دەرهێنانی کاو کۆتی تێکەڵ بوە و پێویستی بە خاوێن کردنەوە هەیە.

**بنچغ** (نا. ل)[بن1 + چغ؟] تەنیشت، پەنا، بنپاڵ.

**بنچک** (نا. ل)[بن (بەن2 + چک (چووک)] دار و درەختی چووکە کە زۆر لە زەوی بەرز نابنەوە، پنچک، دەوەن.

**بنچینە** (نا. ل)[بن1 + چین (چنین) + ئە] بڕ: بناخە

**بن خرمان** (نا. ل)[بن1 + خرمان] بڕ: بن خەرمان

**بن خەرمان** (نا. ل)[بن1 + خەرمان] دەغڵ و دانێک کە دوای خەرمان هەڵگرتنەوە دەمێنێتەوە و بۆ کۆ کردنەوەی جیّ خەرمان دەماڵن و تێکەڵ بە خاک و خۆڵ دەبیّ و لە دوایی خاوێنی دەکەنەوە، بن خرمان، بنەپیت.

**بن ددان** (نا. ل)[بن1 + ددان] ژێر ددان، بنەوەی ددان، بن دیان، پووک. ؛؛ تامی ئەو سەنگەسیرەی دایکم هێشتا لە

بن ددانم دایه!

**بندرخه** (نا. ل)[؟] شەشەمین حەوتەی زستان بە حیسابی کوردەواری لە مەڵبەندی هەولێر، کە دەکەوێتە نێوان بەند و مەیرەم.

**بندروو** (نا. ل)[بن1 + دروو (دروون)] ١- دروونەوەی زارکی جەواڵ و تەلیس و هەر شتێکی لەو چەشنە لە شوێنێکەوە کە بەتاڵایی دەست پێدەکا بۆ نەبزوونی بار و قایم بوونی، بن تیک. ٢- دروومانێک کە بەنەکەی لە دەرەوە دیاری نەدا. ٣- دروونەوەی دەغڵ و دان لە بنەوە ڕا بۆ زیاد بوونی کایەکەی. // سەردروو، سەرپاچ.

**بندڕاو** (ئان. ؟)[بن1 + دڕاو] کار و کردەوە و قسەی بێ بنەڕەت و قۆڕ و بێجێ. ⁂ ئەو کارە قۆڕ و بندڕاوانە چیە بە منی دەسپێری.

**بندەست** (ئان. ل)[بن1 + دەست] ١- حاڵی کەسێک کە لە ژێر چاوەدێری کەسێکی دیکە کار دەکا. ٢- حاڵی گەل یا کەسێکی ژێر دەست کە بە سووک چاوی لێ دەکرێ و لە بەش بێ بەرییە. & ژێر دەست. ⁓ **بوون:** ١- لە ژێر دەستی کەسێکی دیکە دا کار کردن. ٢- بێبەش و بێبەری لە چارەنووسی خۆ.

**بندەستیی** (حم.)[بندەست + ئیی] ئاکامی بندەست بوون، ژێردەستیی.

**بن دیان** (نا. ل - ئان. ل)[بن (عەر: ابن) + دیان] کەسێک کە بنەچەکەی عیسایی بوون و خۆی بووبێتە موسڵمان، تازە موسڵمانی مەسیحی.

**بن دیوار** (ئان. ل)[بن1 + دیوار] حاڵی کەسی هیوا لێبڕوا کە لە بن دیوار هەڵدەترووشکێ، بێ هیوا. ⁂ سەرگەردان و بن دیواری دەوان خەزێم شۆڕ و گەردن زەرد و شەدە شلانم / هەی ئامانەتت بێ، پایز بە تەنێ (پایزە ل ٣٦).

**بن ردێن** (نا. ل)[بن1 + ردێن] ئەوەندە موویەی ردێن کە دەکەوێتە ژێر چەنەگەی پیاو، بن ریش. ⁓ **هەڵدانەوە:** تاشینی مووی ژێر چەنەگە و رێک و پێک کردنی ردێن.

**بن ریش** (نا. ل)[بن1 + ریش] بڕ: بن ردێن.

**بن ڕێسمە** (نا. ل)[بن1 + ڕێسمە] کوتە دارێکی کونکراو کە زمانەی خوارەوەی لاشیپانەی دەرگا دەچێتە نێوی و دەرگا لە سەری دەگەڕێ.//

سەر ڕێسمە.

**بن زاراوە** (نا. ل)[بن1 + زاراوە] راوێژ و زمانی ناوچەیی هەر زاراوەیەک. ⁂ بن زاراوەکانی موکریانی و ئەردەڵانی سەر بە زاراوەی ناوەندیین.

**بنژیل** (نا. ل)[بن1 + ژیل] ١ـ خشت و خاڵی وردەی دەغڵی دابێژراو کە لە بێژینگ دەکەوێتە خوارەوە، بنبێژنگ، بنبێژینگ. ٢ـ شتی زێدەی خراپ کە نافرۆشترێ و لە سەر دەست دەمێنێتەوە. & بنجوول

**بن سپی** (ئان. ل)[بن1 + سپی] کیژێک کە لە بەر چلۆنایەتی لەشی بێ ئەوەی بێ بن کرابێ بنی نەبێ.

**بن سەر** (نا. ل)[بن1 + سەر] ١ـ بڕ: سەرین. ٢ـ پشت سەر، ژێر سەر. ٣ـ (کنـ.) مێشک، نێومێشک. **دە ~ دابوون:** (کنـ.) داڕشتنی نەقشە و پیلان لە نێو مێشک دا. ⁂ ئەو کابرایە دوو رۆژە لەو دەوروبەرانە دەخولێتەوە دیارە شتێکی دە بن سەر دایە.

**بنشت** (نا.)[باش] بڕ: بنێشت

**بنک** (نا. ل)[بن1 + ک] ١ـ وتە کاغەزێکی چووکە لوولەی دەکەن و لە بنی جگەرەی هەڵپێچراوی دەنین بۆ ئەوە تووتنەکەی نەڕژێتە نێو زار یا دەرەوە، ئاغزە، بنکە جغارە، دەمە. ٢ـ بڕ: بن1/١و ٢.

**بنکڕ** (نا. ل)[بن1 + کڕ2] ١ـ بنەوەی ئەو چێشتانەی کە بە برنج ساز دەکرێ و دەیخۆن. ٢ـ بنی هەندێک چێشتی شلە کە بە بنی قابڵەمەوە و مەنجەڵەوە دەنووسێ. ⁂ بنکڕی فڕنی.

**تێبینی:** لە کوردەواری دا بۆ هەندێک چێشت بە تایبەت ئەوانەی بە برینج ساز دەکرێن نان یا سێوکی لە بن دەنێن و دەیکەنە بنکڕ و لایەنگری زۆرە.

**بن کلک** (نا. ل)[بن1 + کلک] ١ـ شوێنی نێوان کلک و پزووی قوونی حەیوان. ٢ـ قوون. **~ خوراندن:** (کنـ.) فریو دان و هەڵخەڵەتاندن بە دەست بە سەر داهێنان و قسەی خۆش.

**بن کڵێشە** (نا. ل)[بن1 + کڵێشە] ١ـ ئەندەروونی لەشی مرۆڤ. ٢ـ (مجـ.) نێو مێشک و بیر. **چوونە ~ ی کەسێکەوە:** هاندانی کەسێک بۆ کردەوەی نالەبار و خراپ. ⁂ شەیتان چوو بن کڵێشەی حەسۆ و دایکی پێ بە کوشتن دا.

**بنکۆڵ** (نا. ل)[بن1 + کۆڵ2] بنکەن، بنکەند. دەگەڵ چاوگی کردن دێ و ئەو

مانایانە دەدا. ~ **کردن:** ١ـ هەڵکۆڵینی بنی دیوار بۆ رووخاندنی. ٢ـ هەڵکەندنی دەورووبەری رەز و دار و تووتن بۆ باشتر ئاو خواردنەوەی. ⁂ شۆڕەژن بنکۆڵ نەکا برکەی بە قرچەی نیوەڕۆ / چۆن لە کاڵەک تێر دەبێ ئەو زگ زلە بێستان رنە (تاریک و روون ل ٧١). ٣ـ (کنـ.) پیلان گێران و ژێر کەسێک بەتاڵ کردن لە بنەوە بێ ئەوەی پێ بزانێ. & بنکەن کردن، بنکەند کردن.

**بنکە** (نا. ل)[بن + کە][پەهـ: بونەک] ١ـ شوێنی کۆ بوونەوە و بە کۆمەڵ ژیان، مەکۆ. ٢ـ شوێنی ژیانی پێشمەرگە.

**بنکەجغارە** (نا. ل)[بنک + ئە + جغارە] بڕ: ئاغزە

**بنکەن** (نا. ل)[بن + کەن] بڕ: بنکۆڵ. ~ **کردن:** بڕ: بنکۆڵ کردن.

**بنکەند** (نا. ل)[بن + کەند] بڕ: بنکۆڵ. ~ **کردن:** بڕ: بنکۆڵ کردن.

**بن کەوش** (ئا.)[بن1 + کەوش (کۆش)][سۆر] بڕ: بن هەنگڵ

**بنگرە** (نا. ل)[بن1 + گرە (گرتن)][سۆر] بڕ: بەفرەژیلکە

**بنگس** (نا.)[ئەر] بڕ: بست

**بن گڵ** (نا. ل)[بن1 + گڵ] ١ـ ژێر گڵ، بن زەوی. ٢ـ (مجـ.) ئەو شوێنەی مرۆڤی لێدەنێژن، گۆڕ، قەبر. ⁂ رەببی بمری بچیە بن گڵی!

**بنگۆس** (نا.)[هەو] بڕ: بست

**بنگووس** (نا.) بڕ: بست

**بن میچ** (نا. ل)[بن1 + میچ][هەو] بڕ: میچ

**بن وشکە** (نا. ل)[بن1 + وشک + ئە] نەخۆشییەکە ئەدات لە برکی کاڵەک، شووتی، ترۆزی، خەیار بێخی وشک ئەکات و گەڵای زەرد ئەبێت (کشت و کاڵ ب ١ ل ٣٨).

**بنۆک**[1] (نا. ل)[بن1 + ئۆک] خورییەک کە دوای شانە کردن دەمێنێتەوە و جنسی باش نیە و پتر بۆ گوریس و کەژوو کەلکی لێوەردەگرن.

**بنۆک**[2] (گیا.)[؟] گیایەکی دەشتییە وەک تویسی وایە، بە وردی ئەکرێتە برینی ئاژاڵەوە چاکی ئەکاتەوە (خاڵ ب ١ ل ١٢٩) بنکی گیایەکە بە وشکی ئەهاڕێتەوە ئەکرێت بە برینی ئاژاڵەوە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٣٧)

**بنووس** (ئان. فا)[ب + نووس1] ١ـ

کەسێک کە توانای نووسینی هەیە، نووسەر. ٢ـ (نا.) ئامرازی نووسین، پێنووس، قەڵەم. ⁙ بێ ناوی تۆ نامە هیچ و پووچە/ نەتنووسێ بنووس کەچ و کورووچە (مەم و زین ل ٢٣٩).

**بن هەنگڵ** (ئا.)[بن1 + هەنگڵ] ١ـ بەشێکە لە ئەندامی مرۆڤ، بن ئەو شوێنەی باسک و لەش تێکەڵ بوون و هەندێک تووکی لێهاتوە و پتر لە شوێنی دیکە ئارەقەی دەکا. ٢ـ شوێنی ئەم ئەندامە. & بنەنگڵ، بن پیل، بن باڵ، بن باخەڵ، بن کەوش. **وە ~ دان:** شتێک هەڵگرتن بە هەنگڵ. ⁙ مریشکەکەی وەبن هەنگڵی دا و رۆیشت.

**بنە** (نا. ل)[بن1 + ئە][پەه: بونەک] ١ـ شوێنی نێوەڕاستی خەرمان کە بە گا (گای بنە) گێرە دەکرێ. ٢ـ بار و بارگەی سەفەر و کۆچ. ٣ـ بنکە و بنەڕەتی ژیان بۆ کەسێک کە هات و چۆی شوێنی دیکە دەکا. ⁙ ساڵی دووجار بە ماڵەوە دەچینە شار بەڵام بنەمان هەر دێیە . ٤ـ شوێن و حەشارگەی راوچی بۆ راو، سیپە. ٥ـ بن، ژێر. **~ لێبرین:** تەواو کردن، خەلاس کردن، بنە لێ هێنان. **~ لێهاتن:** تەواو کردن، بنە لێ برین. **~ لێهێنان:** تەواو کردن و دوایی پێهێنان بە تایبەت بۆ خواردن. :: لە سەر مەنجەڵ دانیشت و هەتا بنەی لێ نەهێنا هەڵنەستا. **~ نانەوە:** ١ـ ساز کردن و پێکەوە نانی شوێنی بنەی راو. ٢ـ لە ژێر چاوەدێری نان و هەڵنانی شوێنێک بۆ دزی. ٣ـ کەسێک لە نەزەر گرتن. ⁙ حەسەن زیرەک هەتا بنەی نەناباوە گۆرانی بۆ نەدەهات. (یانی لە نێو ژنان دا ژنێکی لە نەزەر دەگرت و بە خەیاڵ بەوی هەڵدەکوت). **~ هاتن:** تەواو بوون، دوایی پێهاتن. ⁙ بابی هێندە دەوڵەمەندە هەر چی دەیخوا بنەی نایە.

**بنەباب** (نا. ل)[بن1 + ئە + باب] ئەو پشت و بەرەیەی کە مرۆڤێک دەیگاتەوە سەری ، باب و باپیر، پشت. ⁙ مادەکان بنەبابی کوردەکان بوون.

**بنەبان** (نا. ل)[بن1 + ئە + بان] دواین و ئاخرین جێگای شوێنێک کە لەوێ دەبڕێتەوە. ⁙ بنەبانی ئەشکەوت، بنەبانی ئاسمان.

**بنەبڕ** (نا. فا)[بن1 + ئە + بڕ] لە بنەوە ڕا بڕین، بنبڕ. **~ بوون:** ئاسەوار بڕان، قڕ بوون و فەوتان بە تێگڕایی. ⁙ شوکور ئەسپێ لەم وڵاتە بنەبڕ بوە. **~ کردن:** ١ـ بڕینەوەی دار و

درەخت لە ریشەوە بۆ هەڵنەدانەوە. ٢ـ قڕ کردن و ئاسەوار برینەوە. ٣ـ دوایی پێ هێنان بە کار و کارەساتێک بە یەکجاری. ؛؛ کێشەی نێوان کەریم و ئەحمەدم بنەبڕ کرد.

**بنەپیت** (نا. ل)[بنە + پیت] ١ـ بڕ: بن خەرمان. ٢ـ دەسمایەی کار دەست پێکردن.

**بنەتۆ** (نا. ل)[بنە + تۆ] بڕ: بنەتۆو

**بنەتۆم** (نا. ل)[بنە + تۆم] بڕ: بنەتۆو

**بنەتۆمە** (نا. ل)[بنە + تۆم + ئە] بڕ: بنەتۆو

**بنەتۆو** (نا. ل)[بنە + تۆو] ئەو ئەندازەیە گەنم و جۆ یا دانەوێڵەی دیکە کە بۆ داچاندن هەڵدەگیرێ، بنەتۆ، بنەتۆم، بنەتوو، بنەتۆوە، بنەتۆمە.

**بنەتۆوە** (نا. ل)[بنە + تۆو + ئە] بڕ: بنەتۆو

**بنەتوو** (نا. ل)[بنە + توو] بڕ: بنەتۆو

**بنەجوو** (نا. ل)[بنە + جوو] بڕ: بنجوو

**بنەجێ** (نا. ل)[بنە + جێ] جێگر، نیشتەجێ. **~ بوون:** نیشتەجێ بوون، جێگر بوون. **~ کردن:** نیشتەجێ کردن، جێگر کردن.

**بنەچە** (نا. ل)[بن + ئە + چە؟] بڕ: بنەچەک

**بنەچەک** (نا. ل)[بنەچە + ک] پشت و بەرەی کەسێک کە بنەماڵە و خێزانی دەچێتەوە سەری، بنەچە، بنەچەکە، بناچە، بنیچە، بنچینە، رەچەڵەک، بنەڕەت.

**بنەچەکە** (نا. ل)[بنەچەک + ئە] بڕ: بنەچەک

**بنەدار** (نا. ل)[بن + ئە + دار] بەشی هەرە ژێرەوەی دار کە ئەستوورتر لە بەشەکانی دیکەیە، کۆڵکەدار.

**بنەدیزە** (نا. ل)[بن + ئە + دیزە] شتێک بووە لە تەلاشی دروست کراوە، بنی دیزەیان تێناوە هەتاوەکوو خللۆر نەبێتەوە.

**بنەڕەت** (نا. ل)[بن + ئە + رەت؟] ١ـ بناغە. ٢ـ بڕ: بنەچەک. ٣ـ رەگ و ریشەی دار. ٤ـ ئەساس و ریشەی هەر شتێکی دیکە.

**بنەفش** (ئان.)[باک] بڕ: بنەوش ٢ـ (گیا.) بڕ: وەنەوشە

**بنەکدار** (نا. فا)[بنەک + دار] کەسێک کە بەر لە هەوارچیان دەچێتە هەوار،

بارگــه و بنەی دەخــا و جـێی ئامــادە و خۆش دەکا. ␦ قافڵـەچی ئامان، دادەن دەخـیلـم / بنەکـدار خــەم خــەیلێ زەلیلم (مەولەوی ل ٥٠٠)

**بنەگا** (نا. ل)[بنە + گا] شوێنی بارگە و بنە خستن و دامەزرانی هەوارچی.

**بنەگر** (ئان. مفـ.)[بنە + گر (گرتن)] نەمام یا شـەتڵێک بنی داکوتابێ و خۆی گرتبێ. ٢ـ هەر چێک بنجی داکوتابێ. & بنەگرتوو. **~ بوون:** بڕ: بنج داکوتان.

**بنەگرتوو** (ئان. مفـ.) بڕ: بنەگر

**بنەگۆگەم** (گیا.)[بن + ئە + گۆگەم] ریشـــەی گــۆگــەم کـــە بۆ دەرمـــان، بۆ سـووتان و بۆ کـوشـتنی ماسـی نێـو ئاو کـەلکی لێـوەردەگـرن. ٢ـ (کنـ.) پیــاوی قوڵەخڕە.

**بنەما** (نا. ل)[بنە + ما(مان؟)] رەگەز و رەچەڵەکی هەر شتێک، بنەڕەت، ماکە.

**بنەماڵ** (نا. ل)[بنـە + ماڵ] خـێـزانی نەجیب و گەورە، گەورەماڵ، خانەدان.

**بنەمــاڵە** (نا. ل)[بنـەمــاڵ + ئە] ١ـ کۆمەڵێک خزم و کەس کە یەک بنەچەکە و تایفـەن. ٢ـ ژن و مـێـرد و منداڵەکـانی یەک ماڵ، خاو و خێزان.

**بنەمـێـو** (گـیا.)[بنە + مـێـو] دارێکی مـێـو. ریشـەیەک ترێ بە هەمــوو لک و پۆپەکانیەوە. ␦ رەزەکەی مامم دووسەد بنەمێو دەبێ.

**بنەنگڵ** (ئا.)[بن + هـەنگڵ] بڕ: بن هەنگڵ

**بنەوان** (نا. ل)[بنە + وان] ئافـرەتێک کـە کـار و باری مـاڵ هەڵدەسـووڕێنێ و مـاڵ و حـاڵێک بۆ پیـاوەکـانی مـاڵ پێک دێنێ، ئاگاداری بنە و کەرەسەی ناوماڵ. ئەو ئـافــــرەتـە دەتـوانـی ژن، دایـک یا خـوشکی ئەو پیــاوە بـێ گـرینگ ئەویە کەسێک بێ و بە مـاڵ رابگا و لە خۆیان بێ، بناوان1، بەرماڵە، بەرماڵی، بنەوانە. ␦ لەوەتی دایکم عەمری خودای کردوە خوشکم بۆتە بنەوانی بابم.

**بنەوانە** (نا. ل)[بنە + وان + ئە][هەو] بڕ: بنەوان

**بنەوش** (ئان.)[تات: بەنۆوش ـ فــار: بـنفـش. بـاک: بنـەفـش ـ نـاو: بنـەوش، بـەنـەوش، وەنـەوش ـ هـەو: وەنـەوش] ١ـ رەنگێکە لە تێکەڵ کــردنی دوو رەنگی ســوور و شین پەیدا دەبێ، رەنگی گـوڵی وەنەوشـە، مۆر. ٢ـ (گیا.) بڕ: وەنەوشـە. ␦ مــاچی گـەردنی خـۆشـە بۆنی وەکی

بنەوشێ / دنیاداریم حەرام کرد لە پاش دوو چاوی عەیشێ (سێسەد هۆنراوە ل ٦١).

**تێبینی:** ناوی ئەم ڕەنگە لە گوڵی وەنەوشە کەوتوە.

**بنەوشان** (گیا.)[بنەوش + ئان] قەزوانێک کە دەوری فەریکی تەواو کردوە بەڵام هێشتا بە تەواوی ڕەق نەبوە و ڕەنگی شینی گۆڕیوە و بۆتە بنەوشی مەیلەوشین.

**بنەوشە** (گیا.) بڕ: وەنەوشە

**بنەوشی** (نا. ل)[بنەوش + ئی] بڕ: بای سوور

**بنیات** (نا. ل)[بن1 + یات][پەه: بۆندات] ١ـ بناغە، بنەڕەت، پایە. ٢ـ ساز، دروست، ئیجاد. & بنیاد، بینا. ~ **نان:** ساز کردن، دامەزراندنی هەر شتێک لە بنەڕەتەوە، بینا نان. ꞉꞉ بە دوو کەسان حیزبێکیان بنیات نا.

**بنیاد** (نا. ل) بڕ: بنیات

**بنیچە** (نا. ل)[بن1 + ئیچە] بڕ: بنەچەک

**بنیشت** (نا. ل)[بن2 + ئیشت][باک ـ سۆر] بڕ: بنێشت

**بنێسک** (نا. ل)[بن1 + ئێسک] پارچەیەکی چووکی سابوون کە دوای دەکار کردنی دەمێنێتەوە و کەڵکی نامێنێ، پاشماوەی سابوون.

**بنێسی** (نا.)[؟] بڕ: باریک و بنێسی

**بنێشت** (نا. ل)[بن2 + ئێشت][باک: بنیشت، بەنیشت، بەنووشت ـ ناو: بنێشت، بنیشت ـ باش: بنشت ـ زا: بەنیشت، بەنشت] مادەیەکە لە دارە بەن دەگرترێ و دەیجوون، جاچک، جاچکە، وێژەن.

دارەبەن لە چەند شوێنەوە بریندارى دەکەن و لە بنەکەی کۆجیلەی لە قوڕ بۆ ساز دەکەن و ماوەیەکی زۆر لێی دەگەڕێن هەتا پڕ دەبێ. لە دوایی ئەم مادەیە دەکوڵێنن هەتا تاڵایی و ڕەشایی بڕوا و ڕەنگی سپی بێ. ~ **خۆش کردن:** ١ـ کوڵاندن و گرتنی تاڵایی لە بنێشت. ٢ـ جاوینی بنێشت بۆ کەسێک هەتا هەندێک خۆ دەگرێ و نەرم دەبێ بە تایبەت بۆ منداڵ کە فێرە جووتن نەبوە. || **بنێشتی تاڵ:** بنێشتێک کە خۆش نەکراوە و هەروا بە تاڵی دەیجوون و گۆیا بۆ کوشتنی کرمی نێو زگ باشە هەروەها لە سەر کوانیشی دادەنێن،

بنێشتەتاڵ، بنێشتەتاڵە، جاچکەتاڵە، وێژەنەتاڵە. **بنێشتی خۆشکراو:** ١- بنێشتی بێ تاڵایی. ٢- بنێشتی جووتراو و نەرم کە دەیدەن بە کەسی دیکە، بنێشتەخۆشکە. **بنێشتی کوردیی:** بنێشتی خۆماڵی، ئەو بنێشتەی کە لە فابریک ساز نەکرابێ. **بنێشتی مەلای مەزبوورە:** (کنـ.) دارایی و ماڵی بەر چاو. *** کردن بە بنێشتی مەلای مەزبوورە:** (کنـ.) لەبەر چاو بوونی ماڵ و دارایی و ئاگاداری لەو. [گۆیا مەلای مەزبوورە بنێشتی جاویوە و کاتێ زارای شل بوە دەری هێناوە و بە سەری لووتیەوە نووساندوە، گوتوویانە مەلا! ئەوە بۆ وا دەکەی؟ گوتوویەتی دەمەوێ ماڵی خۆم هەمیشە لەبەر چاوم بێ (قامووس ب ٢ ل ١٠٨).]

**بنێشتەتاڵ** (نا. ل)[بنێشت + ئە + تاڵ] بڕ: بنێشتی تاڵ.

**بنێشتەتاڵە** (نا. ل)[بنێشت + ئە + تاڵ + ئە] بڕ: بنێشتی تاڵ

**بنێشتە خۆشکە** (نا. ل) [بنێشت + ئە + خۆش + کە] ١- بنێشتی خۆش کراو، جاچکەخۆشە. ٢- (کنـ.) قسەیەک کە زۆر دووپات دەکرێتەوە. :: ئەرێ ئەوە بۆ هێندە باسی دایک و بابی من بۆتە بنێشتە خۆشکەی زارت.

**بوار**[1] (نا.)[ئەو: ڤیتارە - پەه: ڤیتار. باک: بهور - ناو: بوار، بگار - هەو: وێڕی - زا: ڤێر] ١- بەشێکی تەنکی ئاوی چەم و رووبار کە مرۆڤ دەتوانی بە پێیان یا بە سواریی بێ مەلە کردن لێی بپەڕێتەوە، دەراو. ٢- شوێنی پێدا تێپەڕین، گوزەر. ٣- ئیزن، ئیجازە. ٤- (مجـ.) شوێنی دەرباز بوون و دەرچوون لە دەست دوژمن یا کەسێک. ٥- (مجـ.) بەر و بار و لایەنی هەر کارێک. :: لە هەموو بوارێکی ئەدەبی دا خاوەن بیر و رایە. **~ دان:** ١- چۆم و رووبارێک کە بواری هەیە و مرۆڤ دەتوانێ لێی بپەڕێتەوە. :: چۆمێکی هێندە گەورە و قووڵ بوو لە هیچ جێگەیەکەوە بواری نەدەدا. ٢- رێ دان، ئیزن دان. :: کڵفەتان عەجایب مان، کوتیان: خانم و خاتوونی میر سێوەدین بەگ بە کەسیان نەداوە ئیجازە و بوار و گوزەرێ. (سەعید و میرسێوەدین ل ١١٩)

**تێبینی:** بوار لە رەگی بواردن و بووردن بە مانای تێپەڕین دەکەوێ، یانی شوێنێک کە دەتوانی لێی تێپەڕی.

**بوار**[2] (نا.) بڕ: بەهار ⁘ بوار دادێ وەعـــدەی گــورانە / ســـەرم زۆر دێشێ دەردم گرانە. (سێسەد هۆنراوە ل ٤١).

**بواردن** (چا. م)[هیک: ڤـیـتــەر ـ ئەو: ڤیتەر ـ پەهـ: ڤیتەرتەن، ڤیتارتەن. باک: بهـــورتن ـ ناو: بواردن، بگاردن ـ هـەو: ویاردەی ـ زا: ڤـێـرەتش] ١ـ تێپەڕین لە شتێک و حیساب نەکردنی، هەڵبواردن. ⁘ ئەگەر یەکمان خەتایەکی بکەین باوکم هیچمان نابوێرێ و لە هەمووماندا دەدا. ٢ـ تێپەڕاندن، لێ تێپەڕین. ٣ـ رەنگ گرتنی پارچە و شتێک جیا لە رەنگی سەرەکی خۆی وەها کە لێی نەبێتەوە و هەروا پێوەی بمێنێتەوە.

**بوارە** (نا. ل)[بوار1 + ئە] دەرفـــەت، ماوە، بگارە. ~ **دان:** ماوە پێدان، ئیزن دان، رێ پێـــدان، بگارە دان. ⁘ ئەو منداڵە خۆ بوارەی ئێمە نادا دوو قسان پێکەوە بکەین.

**بواندن** (چا. م)[لە: بوون] ١ـ دروست کردن، ساز کردن، گونجاندن. ٢ـ بە زۆر ئەنجام دانی کارێک. ⁘ چۆن بۆی نابێ، دەیبوێنم.

**بوت** (نا.)[پەهـ: بوت but. باک: پووت ـ ناو: بت، بوت ـ هەو: بتە] ١ـ کۆتەڵێکی سازکراو لە ئینسان یا هەر شتێکی دیکە بۆ پەرستن، سەنەم. ٢ـ (مجـ.) یار و گراوی. ٣ـ کەسێک کە پلەیەکی بەرزی دە نێو دەستە و تاقمێک دا هەیە و هەتا رادەی پەرەستن دەگا.

**تێبینی:** بە بڕوای هەندێک لە لێکۆڵەران بوت لە بوئیتی Buiti ئەوێستاییی کە ناوی دێوێکە کەوتوە و هەندێکیش دەیبەنەوە سەر ناوی بوودا(برهان ب ١ ل ٢٣٣). هەروەها لە زمانی پەهلەویی بوت بە ناوی بووداش هاتوە.

**بوتپەرست** (نا. فا، ئان. فا)[بوت + پەرست] کەسێک کە بوت خودایەتی و دەیپەرستێ، بتپەرست، سەنەمپەرست.

**بوتپەرستیی** (حم.)[بوتپەرست + ئیی] کاری کەسی بوتپەرست، بتپەرستیی.

**بوتخانە** (نا. ل)[بوت + خانە] شوێنێک کە بوتی لێدادەنێن و بۆ پەرستنی دەچنە ئەو شوێنە، سەنەمخانە.

**بوتری** (نا.)[ئین: bottle] شووشەیەکی ئوستوانەیی زار تەنگە ساردی و ئاوەکی دیکەی تێدەکەن،

بتری، بوتڵ.

**بوتشکێن** (ئان. فـا)[بوت + شکێن] ١ـ مەبەستە لە حەزرەتی ئیبراهیم کە بوتی شکاند و خەڵکی بۆ پەرستنی خودای تاقانە بانگەواز کرد. ٢ـ کەسێک کە کەسایەتی وەک بوت لە نێو خەڵک دا بە لە سەر نووسین یا بە ئاکاری دەشکێنێ.

**بوتشکێنیی** (حم.)[بوت شکێن + ئیی] کار و کردەوەی کەسی بوتشکێن.

**بوتڵ** (نا.) بڕ: بوتری

**بوخ** (نا.)[عەر: بخار][باک ـ زا] هەڵم

**بوخاری** (نا. ل)[بوخار (عەر: بخار) + ئی][ئەر] بڕ: بوغاری. || **بوخاری فەرەنگی:** سۆبەیەک کە بە نەوت بایسێ، کورەی نەوتی.

**بوختان** (نا.)[عەر: بهتان] تۆمەت، هەڵبەستە، بوهتان. ~ **بۆ هەڵبەستران:** بوختان و کردەوەی ناڕاست بۆ ساز کران، بوختان پێکران. ~ **بۆ هەڵبەستن:** تۆمەت و کردەوەیەکی ناڕاست بۆ کەسێک ساز کردن. ~ **پێکران:** کردەوەی ناڕاست بۆ هەڵبەستران. ~ **پێکردن:** قسە یا کردەوەیەکی ناڕاست وەپاڵ کەسێک دان. ~ **کردن:** بە درۆ تۆمەت لە کەسێک دان.

**بوختان پێکراو** (نا. مف.)[لە: بوختان پێکران] کەسێک کە بوختانی پێکراوە.

**بوختانکەر** (ئان. فا)[بوختان + کەر3] کەسێک کە بوختان بۆ خەڵکی هەڵدەبەستێ. :: ئەمن وەک تۆ بوختانکەر و درۆزن نیم (لاس و خەزاڵ ل ١٠٥).

**بوختی** (گیانـ.)[؟] جۆرێک وشتری دوو کۆپارەی ڕەنگ سوور و بە هێز. :: کەژاوە و دار و بار و تەختەیی لوختی لە سەر بوختی / دەناڵێن لە شەوقی تەیبە وەک ئەستوونی حەننانە (نالی ل ٥٠٠).

**بوخچە** (نا.)[تور: bohça] ١ـ پارچەیەکی چوارگۆشەیە کە کەل و پەلی تێوە دەپێچن و بەر لە ساک و جانتا بۆ حەمام و شوێنی دیکە لە بوخچە کەلکیان وەردەگرت. ٢ـ دە بەستە جگەرەی دەباڵ یەک دا، باکسی سیگار. ~ **تێکنان:** پێچانەوەی کەل و پەل لە نێو بوخچە دا. || **بوخچەی حەمام:** کەل و پەلی پێویستی هەر کەسێک بۆ حەمام و خۆ شووشتن کە دە بوخچەیەکەوە دەپێچرێتەوە. **بوخچەی نەکراوە:** (کنـ.)

کورێک کە هێشتا ژنی نەهێنابێ و هەروا عەزەب مابێتەوە.

**بوخچە بگەردانی** (نا. ل)[بوخچە + ب + گەردان + ئی] یاری و کایەیەکە کە کۆمەڵێک بە پرێسکە یا بوخچەیەک دەیکەن.

کۆمەڵێک دەوراندەور رادەوەستن و پرێسکەیەک بۆ یەک داوێن، کەسێک کە تێکەوتوە حەول دەدا بوخچەکە بگرێتەوە، هەرکات لە دەست یەکیانی قوزتەوە ئەو کەسە تێدەکەوی و ئەویتر دەچێتە نێو کۆمەڵەکەوە، بوخچە بەگەردانی، بوخچەگەردان.

**بوخچەبڵاو** (ئان. ل)[بوخچە + بڵاو](کنـ.) کەسێک کە کاری نیوەتەواوی زۆرە. **~ بوون:** زۆر کاری نیوەچڵ بە دەستەوە بوون، سەرێک و هەزار سەودا هەبوون.

**بوخچە بەگەردانی** (نا. ل)[بوخچە + بە + گەردان + ئی] بڕ: بوخچە بگەردانی.

**بوخچەگەردان** (نا. ل)[بوخچە + گەردان] بڕ: بوخچە بگەردانی.

**بوخور**[1] (گیانـ.)[؟][باک] وشتری نێر، لۆک.

**بوخور**[2] (نا.)[باک ـ زا] بڕ: بخوور

**بورج** (نا.)[عەر: برج] ژوورێکی خڕ یا چوارگۆش کە لە سەر قەڵا و دیواری شار بۆ چاوەدێری و بەرگری لە هێرشی دوژمن دروست دەکرا، قوللە. ٢ـ قەڵا. ٣ـ هەر کام لە دوازدە بەشی فەلەکی کە بریتین لە: بەرخ (حمل)، گا (ثور)، جمگە (جوزا)، قرژانگ (سرطان)، شێر (اسد)، هۆشە (سنبلە)، تەرازوو (میزان)، دووپشک (عقرب)، کەوان (قەوس)، گیسک (جدی)، دۆڵچە (دلو)، نەهەنگ (حوت). & برج. هەروەها ئەستێرەناسانی کۆن بۆ هەر کام لە بورجەکان هێزێکی فاعلی و مەفعوولی قایل بوون و ئەوانیان بە گەرم و سارد و ویشک و تەڕ دادەنا و لەبەر ئەوە دوازدە بورجیان بە چوار دەستە دابەش دەکرد، بورجی ئاوی، بورجی ئاگری، بورجی بایی، بورجی خاکی. ٤ـ هەر بەشێک لە بەشەکانی ئاخری زستان بە حیسابی کوردەواری کە بریتیین لە خاتوو زمهەریر یا شینی برایان ـ سێ شەشی هەیاسی ـ گیسکی بەلەمس ـ بورجی پیرێژن. ‖ **بورجی ئاگری:** ئەو بورجانەی کە میزاجیان گەرم و ویشکە کە بریتیین لە بەرخ، شێر و کەوان. **بورجی ئاوی:** ئەو

بورجانەی کە میزاجیان سارد و تەڕن کە بریتیین لە قرژانگ، دووپشک و نەهەنگ. **بورجی بایی:** ئەو بورجانەی کە میزاجیان گەرم و تەڕە کە بریتیین لە جمکە، تەرازوو و دۆڵچە. **بورجی پیرێژن:** حەوت رۆژی ئاخری زستان (عەر: برد العجوز). **بورجی خاکی:** ئەو بورجانەی کە میزاجیان سارد و ویشکە کە بریتیین لە گا، هۆشە و گیسک. **بورجی ژەهری مار:** (کنـ.) زۆر نێوچاوان تاڵ، گرژ و مۆن. **بورجی غەزەب:** (کنـ.) زۆر تووڕە و قەڵس.

**تێبینی:** عەرەب ئەم وشەیان لە py-rogs ی یونانی بە مانای قەڵا وەرگرتوە. زمانی پەهلەوییش بە شێوەی بورج burj ئەم وشەی لە عەرەبی وەرگرتوە.

**بورد** (نا.)[عەر: برد] جۆرێک پارچەی کەتانی جوانی ڕاڕا. ∷ سەرد و گەرمی ئاهەکەم سەوزەی گیای کردم بە پووش / پایزی روو بوو بە بوردی سوور و زەردی موختەلەت (نالی ل ٢٤٤). ‖ **بوردی یەمانی:** پارچەی کەتانی سازکراوی وڵاتی یەمەن. ∷ دڵ سیاسەنگ نەبێ، مائیلی خاکی وەتەنە/ خاڵی لەعلی حەبەشە، ساکینی بوردی یەمەنە (نالی ل ٥٢٤).

**بورغوو** (نا.) بڕ: برغوو

**بورغی** (نا.)[باک] بڕ: برغوو

**بورو** (نا.)[زا] بڕ: برۆ

**بوورنتی** (نا.)[زا] بڕ: بڕنووتی

**بورە** (نا.)[زا] بڕ: بوورە

**بوری** (نا.)[زا] بڕ: برۆ

**بوڕکان** (نا.)[عەر: بورکان] بڕ: ئاگرپژێن

**بوژی** (نا.)[باک] بڕ: بژ1

**بوعد** (نا.)[عەر: بعد] ١ـ دووری. // قورب، نزیکی. ∷ کەعبە ئیشراقی وەکوو خورشیدە، من چاوم زەعیف / لێم بووە رۆشن کە بوعدی قوربە، قوربی بوعدە بۆم (نالی ل ٣٠١). ٢ـ هەرکام لە چلۆنایەتی سێیانەی شتێک یا جسمێک (بەرینایی، درێژایی، بەرزایی یا قووڵایی).

**بوغ** (نا.)[عەر: بخار] ١ـ گازی ئوکسیدی کەربۆن کە لە دار و رەژی چاک نەگەشاوە پەیدا دەبێ و ئەگەر لە ژوورێک زۆر بێ دەبێتە هۆی سەرئێشە و تەنانەت کوشتنیش. ٢ـ هاڵاو و دووکەڵی

سـووتەمـەنی کـە دەبێـتـە هـۆی پشـوو سواری، بۆق.

**بوغاری** (نا. ل)[بوغار (عەر: بخار) + ئی] ئاگردانێک کە لە زوو دە دیواری ماڵ دا دروستیـان دەکرد بۆ گەرم داهێنانی ژوور و ئێستاکەش بۆ جوانی و ژوور گـەرم کـردن بۆتەوە باو، بوخـاری، مغەیری.

**بوغرد** (نا.) بڕ: بخوور

**بوغرا** (ئان.) بڕ: باغر. ~ **بوون:** بڕ: باغر بوون

**بوغـز** (نا.)[عـەر: بغض] رق، قین، کینە.

**بوغـزاندن** (چا. م)[لە: بوغـز] رق لێبوونەوە، خـۆش نەویستن. :: بۆ دەبوغزێنی خۆ چمان پێ نەکوتووی؟

**بوغـز لە زگ** (ئان. ل)[بوغـز + لە + زگ] کەسێک کە بوغـز و رقی کەسێکی دە دڵ دا راگـرتبێ و بە تەمایە کـە لە کاتی خۆی دا دەربیرێ، قین لە زگ، رق ئەستوور.

**بوغە** (گیانـ.)[تور: boğa] ١ـ گای نێری قەڵەوی نەخەسێندراو، بۆغ، بۆغە. ٢ـ (کنـ.) پیـاوی قـەڵەو زگ زل و مل ئەسـتـوور. :: هێندەی مـاڵی مـفـتێ خواردوە وەک گای بوغە ئەستوور بوە.

**تێبینی:** زەبیحی بە هەندێک لێکدانەوە ریشەی ئەم وشەیە دەباتەوە سەر بەگە و بەغە ـ ی ئەوێستایی (بڕ: قامووس ب ٢ ل ١١١). من پێموایە ئەم وشەیە راستەوخۆ لە بۆغا ـ ی تورکی بە مانای گای نێری نەخەسێندراو هاتۆتە نێو زمانی کوردییەوە.

**بولبول** (گیانـ.)[باک: بلبل ـ ناو: بولبول، بلبل، بوڵبوڵ ـ هەو: بوڵبوڵ ـ زا: بلبل] ١ـ باڵدارێکی چووکە بە قەرا چۆلەکە، تووکی بەر سینگی زەرد و سەرپشتی بۆرێکی ئاماڵ سوورە، دەنگی خۆشە و لە قەفەس دەکرێ. Luscinia ناوی لاتینی ئەم مەلەیە. ٢ ـ (کنـ.) رەوانبێژ، بێ گرێ و گۆڵ قسە کردن. ٣ـ (کنـ.) دەنگخۆش

**بوڵبوڵ** (نا.)[هەو ـ ئەر] بڕ: بولبول

**بونگەسە** (نا.)[هەو] بڕ: بست

**بوها** (نا.)[باک] بڕ: بایەخ

**بوهار** (نا.) بڕ: بەهار

**بوهتان** (نا.)[باک] بڕ: بوختان

**بوهست** (نا.)[باک] بڕ: بست

**بوهوشت** (نا.)[باک] بڕ: بەهەشت

**بوهیشت** (نا.)[باک] بڕ: بەهەشت

**بوی** (نا.)[زا] بڕ: بۆن

**بوین** (چا. ل)[باش] بڕ: بوون

**بوێر**[1] (ئان.)[ب2 + وێر (لە: وێران2)] دلێر، نەترس، بەدڵ.

**بوێر**[2] (ر.)[لە: بواردن] بە ناوەوە دەلکێ و مانای بواردن دەدا. ؛؛ بابوێر

**بوێریی** (حم.)[بوێر1 + ئیی] کار و کردەوەی کەسی نەترس، دلێریی، نەترسیی، وێران.

**بۆ**[1] (نا.) بڕ: بۆن. ~ **دان:** ١ـ بڕ: بۆن دان. ٢ـ شێوەیەکی برژاندنی هەندێک دانەوێڵەیە بۆ گۆڕینی تام و بۆنیان لە سەر سێڵ، وەک قاوە، نۆک، گەنم و تۆوی قرتاندن. ~ **کردن:** بڕ: بۆن کردن

**بۆ**[2] (ئام.) ١ـ ئامرازی پرسیار کردنە بە مانای لە بەر چی؟ بە چ خاتر؟، لەبۆ، بۆچی، بۆچە، لۆ، بۆچ. ؛؛ بۆ وا دەکەی؟ بۆ نان ناخۆی؟ ٢ـ ئامرازی خاوەن کردن.؟ ؛؛ کراسێکم بۆ بابم کڕی. ٣ـ پێشگری کارە. ؛؛ بۆچوون، بۆلێدان، بۆهاتن، بۆبوون. ٤ـ بەرەولا، بۆ لای. ؛؛ دەچم بۆ شار. دێم بۆ ماڵاتان. ٥ـ لە بەر، بۆ خاتری. ؛؛ بۆ قەرزەکەم هاتووم. بۆ تۆ کڕدراوە. ~ **بژاردن:** پارە و بایی تاوان دان. ؛؛ کوڕەکەم هەرچی شکاندوە نەغد بۆت دەبژێرم. ~ **بوون:** ١ـ ئەندازە بوون. ؛؛ ئەو کەوشانە بۆ من نابن. ٢ـ شیاو بوون. ؛؛ مەلایەتی بۆ من نابێ. ~ **چوون:** ١ـ لێکدانەوەی بیر و مەسەلەیەک بە شکێکی نزیک بە راستی، بیر و را. ؛؛ بۆچوونی تۆ لە سەر بارودۆخی تازەی وڵات چیە؟ ٢ـ بۆ لای شتێک چوون. ؛؛ کۆترەکە نیشتبوو و من بە سەبرا بۆی دەچووم لە پڕ هەڵفڕی. ٣ـ بۆ لای کەسێک چوون بە نیازی شەڕ. ؛؛ من و کەریم بۆ کابرای مل ئەستوور چووین و چاکمان لێدا. ~ **دانواندن:** تەسلیم بوون و سەر دانواندن بۆ ویست و مەیلی کەسێک. ~ **کران:** ١ـ توانین، پێ کران. ؛؛ ئەو کارە قورسەم بۆ ناکرێ. ٢ـ گونجان، بۆ لوان. ؛؛ سبەی بۆم ناکرێ بێم. ~ **گونجان:** بڕ: بۆ لوان. ~ **لوان:** توانین، توانای کارێک هەبوون، بۆ گونجان، بۆ کران. ؛؛ بۆم نالوێ هەر ئێستا بێم، ئەگەر بۆم بلوێ سبەی خۆم دێم. ~ **هاتن:** ١ـ بۆ لا هاتن بۆ نیازی شەڕ و خراپە. ؛؛ بە سێ

کـــەوســـــان بـۆم هـاتـن بـەڵام هـەر پـێم نەوێران. سـەگێکی درِم بۆ هات، بە بەرد لە خۆم دوور کردەوە. ٢ـ شانس هـەبوون. :: ئەورۆ لە تەختـە نـەرد چاکم بۆ دێ. ٣ـ دارِژانی بیر و هـەست و شـێعر. :: چاکم قسە بۆ دێ. ئەگەر شـێعرم بۆ هات دەبێ دەستبـەجێ بینـووسـمـەوە. ٤ـ شـتێک لە لایـەن کــەســـێکەوە پێگـەیشـتن. :: دوو نامــەم لە مــاڵەوە بـۆ هات. **~ هەبوون:** تـوانـین، ئـیــــزن هـەبـوون. :: بـۆم هـەیـە ئیمشەو لە ماڵە ئێوە بخەوم؟

**بۆ**[3] (نا.)[برِ: بووم1] ١ـ زەوی. :: بۆ بەخێر هێنانی میوانی بەرِێزی هەرد و بۆ /چاوەرِێ وێســـتـــاوە داوێن پرِ لـە لالەی عـەنبـەرین (هێـدی ل ١٧٥). ٢ـ [ســۆر] دێراوی بێستان

**بۆ**[4] (نا.)[برِ: بان1][زا] ماڵ، خانوو

**بۆبا** (نا. ل)[بۆ1 + با1] بۆنێک کـە لە رۆنی کــەرە پەیدا دەبێ و نـیـشــانـدەری خـراپ بوونی کەرەکـەیە. رۆنی بۆبا قـاڵ دەکــەن و دۆکــەکــەی فــرِێ دەدەن وەدە چێشتی دەکەن.

**بۆبرِە** (نا. ل)[بۆ1 + برِ + ئە] بۆنبرِە.

**بۆبەرامە** (نا. ل)[بۆ1 + بەرامە][ئەر] برِ: بۆن و بەرامە

**بۆپرِووز** (نا. ل)[بـۆ1 + پرِووز] بـرِ: بۆکرِووز

**بۆترەکێنە** (گیا.)[بۆ3 + ترەکێن + ئە] جۆرێک کارگی باڵابەرزی سەرخرِە.

**بۆتکە** (نـا.)[؟] دوکــــانێـکی چووکـی پێـشـسـازە، لـە دار یا مـەعـدەن سـازی دەکەن و لە سـووچێکی شەقام یا شوێنی دیکە دادەندرێ و وردە شتی وەک سیگار و بەستەنی، ... دەفرۆشن.

**بۆتە** (نـا.)[؟] دەفـرێکی چووکـە کـە لە گـڵێکی تایبـەت بـە ناوی گڵی حـیکمـەت دروست دەکــرێ. زێرِینگەر زێرِ و زێوی تێـدا دەتوێننەوە. :: بڵـێـسـەی کـوورەی دەروون گـرتـەن تاو / نە بۆتـەی خـەم دا دەروون کـەرد وە ئاو (مـەولەوی ل ٢٤٢). خـالیـسـە سـیکـکەیی ئیـخـلاسـی دڵی مـوخلیـسـی من / بیـخـە نێـو بۆتە چ حاجـەت بەمە بیدەی لە مەحەک (حاجی قادر ل ٦٩).

**بۆتەگــە** (نـا. ل)[بـۆ1 + تـەگــە] ئـەو بۆنەی کـە لـە کاتـی تێـبـەردان، لە نێـری دێ.

**بۆجەوت** (نا. ل)[بۆ1 + جەوت] بۆنی جــەوت کــە لـە چەرم و کــوندەی تـازە بە جەوت خۆشکراو دێ.

**بۆچ** (ئا.)[باك: بۆچ، بۆچک، دۆچ، دۆچک ـ زا: بۆچک، بۆچە، دۆچک] ئەندامێکی گیانلەبەرانە لە ئاخری لەش و لە سەر قوونیان، کلک. (بڕ: کلک)

**بۆچاڵ** (نا. ل)[بۆ1 + چاڵ] بۆنی شێ و نمی دەغڵ ودان، یا هەر شتێکە کە لە چاڵ دا هەڵگیراون و دوای ساز کردنیشیان ئەو بۆن و تامەی هەر دەمێنێ، بۆ نماوی.

**بۆچرووک** (نا. ل)[بۆ1 + چرووک] بۆنی رۆنی سووتاو و هەر شتێکی چەوری سەر ئاگر، بۆچڕووک.

**بۆچڕووک** (نا. ل)[بۆ1 + چڕووک] بڕ: بۆچرووک

**بۆچک** (ئا.)[بۆچ + ک][باک ـ زا] ١ـ (ئا.) کلک. ٢ـ (گیا.) لاسک، ساقەت.

**بۆچنە** (نا. ل)[بۆ1 + چن + ئە] بڕ: بۆنبڕە

**بۆچە** (ئا.)[بۆچ + ئە][زا] بڕ: بۆچ

**بۆچەک** (نا. ل)[بۆ1 + چەک؟] بۆنی دیزەی چێشت لێنان کە دوای ماوەیەک کار پێکردن لە بەر چەوری تێوە چوون لێی پەیدا دەبێ، بۆچەکەوڕ، بۆچەکەهوڕ.

بۆ لە بەین بردنی ئەو بۆنە دیزەی لە تەندوور دەخەن هەتا چەورییەکەی بسووتێ و بۆنەکەی بڕوا.

**بۆچەکەوڕ** (نا. ل)[بۆچەک + ئە + وڕ] بڕ: بۆچەک

**بۆچەکەهوڕ** (نا. ل)[بۆچەک + ئە + هوڕ] بڕ: بۆچەک

**بۆخاو** (نا. ل)[بۆ1 + خاو] بۆنی هەر شتێکی ئاوەکی کە هێشتا نەکوڵاوە یا باش نەکوڵابێ. ‌:: بۆ شیری خاوت لە زار دێ. ئەو چایە بۆخاوی لێدێ. ٢ـ بۆنی گۆشت و شتی دیکە کە باش نەبرژاوە یا نەکوڵاوە. :: ئەو جەرگە هێشتا بۆخاوی لێدێ برۆ لە سەر ڕا بیبرژێنەوە.

**بۆخۆشکە** (گیا.)[بۆ1 + خۆش + کە (کردن)] بڕ: کەنێرە

**بۆدار** (ئان. فا)[بۆ1 + دار2] بڕ: بۆندار

**بۆدراو** (ئان. مف.)[لە: بۆ دان] ١ـ هەر شتێکی کە بۆ درابێ. ٢ـ (نا. ل) گەنمێکە کە توێکڵی لێدەکەنەوە و لە سەر ساج بۆی دەدەن و لە دەستاری دەکەن و بۆ هەندێک چێشت کەلکی لێوەردەگرن.

**بۆدرە** (نا.)[بۆ + در (دران)+ ئە] ١ـ

بەردێکی کانییە، توێژتوێژی ناسکە و زوو ورد دەبێ و لە سەنعەت دا بۆ ساز کردنی تەڵق و شتی دیکە کەلکی لێوەردەگرن، تەڵق. ٢ـ شتێکی سپی وردی بۆنخۆشە وەک سپیاو ئەکرێ بە جەستەوە (بڕ: خاڵ ب ١ ل ١٤٤).

**بۆدڕ** (نا. ل)[بۆ1 + دڕ؟] بڕ: بۆ دڕن

**بۆدڕن** (نا. ل)[بۆ1+ دڕ ؟ + ن] ١ـ بۆنی توند و ناخۆشی تەگە. ٢ـ بۆنی ماسی. ٣ـ بۆنی لەشی چڵکنی مرۆڤ کە ماوەیەکی زۆر خۆی نەشوشتبێ، بۆ کڵیشە. ٤ـ بۆنی توندی ئارەقەی بن هەنگڵ و پێ. & بۆدڕ، بۆندڕ، بۆندڕن

**بۆدووکەڵ** (نا. ل)[بۆ1 + دووکەڵ] ١ـ بۆنێک کە لە جل یا لە لەشی کەسێکەوە دێ کە لە بەر ئاگر راوەستاوە. ٢ـ بۆنێک کە لە بەر دووکەڵ کردنی ئاگر لە چێشت دەدا و تامی دەگۆڕێ. ٣ـ مەشکەیەک کە زستانان لە میچی ژووری هەڵداوەسن هەتا دووکەڵ لێی دا و بۆن بگرێ و لە دوایی دۆیەکەی هەتا ماوەیەک بۆنی دووکەڵی لێدێ و دۆ خۆش دەکا.

**بۆر**[1] (ئان.)[ئەو: بەڤرە ـ سان: بەبهرو ـ پەه: بور، بۆر، بوور. باک: بۆر ـ ناو: بۆر ـ باش: بوور ـ هەو: بۆر ـ زا: بۆر، بوەر، بۆڕ] ١ـ رەنگی خۆڵەمێشیی، کەوە، کەوگ، کەوی. ٢ـ یەکسمی رەنگ بۆر ⁘ بۆر و بدەو. ٣ـ رەنگی قاوەیی مەیلەو سوور. ٤ـ بەر لە ناو دێ و مانای نەکەرە و نەناسیاویی دەدا بە ناو. ⁘ بۆرەپیاو، بۆرەسوار. ٥ـ بەر لە ناو دێ و مانای دوور دەدا بە ناو. ⁘ بۆرەخزم. ٦ـ شەرمەزار، تەریق. ~ **بوونەوە:** رەنگ گۆڕین لە شەرمان، سوور هەڵگەڕان، شەرمەزار بوون.

**بۆر**[2] (نا.)[؟] ناوی دەنگی بزوێنێکی عەرەبی بە ناوی ضمە، بەر. (سەر، ژێر، بۆر)

**بۆر**[3] (نا.)[باک ـ زا] بڕ: بوورە

**بۆران**[1] (نا.)[تور: boran] ١ـ با و بارانی پێکەوە، لەنگێزە. ٢ـ ئەو بایەی کە بەفری کێو و شوێنی دیکە هەڵدەکەنی و دەیباتە شوێنی دیکە، بارِن. ٣ـ با و بەفری پێکەوە، کرێوە، تۆف، بادەوە.

**بۆران**[2] (نا.)[باک] ١ـ کۆتر، بەوران. ٢ـ کۆترە باریکە.

**تێبینی:** بۆران لە زاراوەی باکووریی دا و بەوران لە زاراوەی زازایی دا بە مانای کۆتر ریشەکەی دەچێتەوە سەر رەنگی بۆر هەر ئەوجۆرەی کە وشەی

کۆتر دەچێتەوە سەر رەنگی کەوە.

**بــۆرانـــی** (نــا. ل)[بــۆران + ئـــی] چێـــشـــتـێکە بە هێلکە، کــوولەکـــە یا باینجانی سوورکراوە دەگەڵ ماستی خــاوکــراوە و گـــەرم ســازی دەکـــەن و دەیخۆن، بۆرناش.

**تێــبــینی:** بۆران ناوی ژنێکە کــە بۆ یەکەم جار ئەو چێشتەی ساز کردوە، هەندێک بردویانەتەوە سەر بۆران دوخت کچی خوسرەو پەرویز (القاموس ل ٨٦) و هەندێکیش بردوویانەتەوە ســەر بۆران کچی حسن سهل (برهان ب ١ ل ٣١٥). هەروەها بۆران لە زمـــانی پەهلەویی دا وەک ناوی کچ هاتوە و لە وشـــەی بۆر1 کەوتوە.

**بۆراو** (نا. ل)[بۆر1 + ئاو1] شـۆربای برۆێش.

**بـۆرایـی** (حـم.)[بـۆر1 + ئـایـی] ١- حـاڵەت و چلۆنایەتییـەک کە رەنگی بۆر پێکی دێنێ. ٢- شـتـێکی کــە لە دوورەوە بۆر بچـێـتـەوە و نەزانرێ کـە چیـە. ٣- (مجـ.) قوون، کونگ.

**بــۆربــاو** (ئــان. ل)[بــۆر1 + بــاو4] رەنگێکی بە تەواوەتی بۆر نـەبێ، رەنگی نزیک لە بۆر، ئاماڵ بۆر، بۆرەڵووک.

**بۆرجوازیی** (نا.) بڕ: بۆرژوازیی

**بـۆرچـیـل** (ئان. ل)[بـۆر1 + چیـل؟] بەڵەک، ئەبڵەق، رەش و سپی، بۆرچین.

**بۆرچین** (گــیــانـ.)[بۆر1 + چین؟] ١- مراوی مێ. // سەرسەوز، سەرکەسک. ٢- (ئان.)[ئەر] رەش و ســـپی، بـەڵەک، بۆرچیل.

**بـــۆرژان** (چـــا. ل)[بـــۆ1 + رژان] خەوتنێکی سووک کە مرۆڤ تەواو ئاگای لە دنیا نابڕێ و مێشک حەسانەوەیەکی کــورت دەکـا، بیـرەخـەو، بیـرو هۆش، بیــــــرەهـۆش. ∷ تاوێک بـۆڕژام بەڵام منداڵەورکە نەیانهێشت بنووم.

**تێــبینی:** لە زمـانی پەهلەویی دا بۆی bōy هەم بە مانای بۆنە و هەم بە مانای هۆش و بیــــر، هـەست و زەین. بۆ لـەم وشـەیەش دا دەچێتـەوە سەر بیر و هۆش و لە هاوماناکانی دیکەشی دا وشەی بیر خۆ دەنوێنێ. ماناکـەی بە گشـتی دەبێ بیر و هۆش رژان.

**بـــــــــــــــــۆرژوا** (نا.)[فـەر:bourgeois] شـارنشـینی دەوڵەمەند و بە ئیروو، سەرمایەدار.

**بۆرژوازیی** (نا.)[فـەر: bourgeoisie] چینی ســـەرمـــایەدار، ئەو چینەی کـــە

سەرمایە و کەرەسەی بەرهەمیان بە دەستەوەیە وەک خاوەن مڵک و سەرمایەداری چووکە، بۆرجوازیی.

**بۆردومان** (نا.) بڕ: بۆمباران

**بۆرس** (نا.)[؟][زا] مەنجەڵ، قازان

**بۆرمس** (ئان. ل)[بۆر1 + مس] بزنێکی رەش کە هەندێک مووی بۆری بە لاچاوی دا هاتبێتە خوار.

**بۆرناش** (نا. ل)[بۆرن (بۆران) + ئاش][هەو] بڕ: بۆرانی

**بۆرە**[1] (ئان. ل)[بۆر1 + ئە] ١- هەندێک گیانداری وەک ئەسپ و سەگ کە رەنگیان بۆر بێ. ٢- (نا. ل) ناوە بۆ سەگ. ٣- (گیانـ.)[باک] بەراز

**بۆرە**[2] (نا.) بڕ: بۆرەک1

**بۆرەبنار** (نا. ل)[؟] دەمەقاڵە، شەڕەجنێو، نیوەشەڕ.

**بۆرەپیا** (نا. ل)[بۆر1 + ئە + پیا] [هەو] بڕ: بۆرەپیاو

**بۆرەپیاگ** (نا. ل)[بۆر1 + ئە + پیاگ] بڕ: بۆرەپیاو

**بۆرەپیاو** (نا. ل)[بۆر1 + ئە + پیاو] پیاوی نەناسراو و ئاسایی، پیاوێک کە لە بنەماڵەی خان و بەگ و ئاغا و سەرناس نەبێ، بۆرەپیاگ، بۆرەپیا، بۆرەکە.

**بۆرەپنە** (گیانـ.)[بۆر1 + ئە + پنە] بڕ: قەلەسابوونە

**بۆرەجرە** (گیانـ.)[بۆر1 + ئە + جرە] بڕ: بۆرەجورە

**بۆرەجورە** (گیانـ.)[بۆر1 + ئە + جورە] جۆرێک جورەی بێ کاکۆڵ، بۆرەجرە، بۆرەک.

**بۆرەخزم** (نا. ل)[بۆر1 + ئە + خزم] خزمی دوور، بۆرەقەوم.

**بۆرەخزمایەتی** (حم.)[بۆرەخزم + ئایەتی] پەیوەندی نێوان دوو خزمی دوور، خزمایەتی دوور. ∷ دەگەڵ کاک حەمە بۆرەخزمایەتییەکمان هەیە.

**بۆرەزەلام** (نا. ل)[بۆر1 + ئە + زەلام] پیاوی کەتەی گەورە، شینەزەلام.

**بۆرەسوار** (نا. ل)[بۆر1+ ئە + سوار] سواری نەناسراو.

**بۆرەقانی** (نا. ل)[؟] چێشتێکە لە گیاوگۆڵی سوور کراوە کە دەگەڵ ماست و هێلکە دەیخۆن. (هس: بۆرانی)

**بۆرەقنە** (ئان. ل)[بۆر1 + ئە + قن (قوون؟) + ئە] بڕ: بۆرەلووک

**بۆرەقـەوم** (نا . ل)[بۆر1 + ئە قـەوم] [هەو] بڕ: بۆرەخزم

**بۆرەک**[1] (نا.)[پەھ: بۆرەک. ناو: بۆرە، بۆرەک] خوێیەکی شیمیاییە کە ناوی عیلمییەکەی بۆراتی سۆدیۆمە، لە تێکەڵ بوونی ئەسید بۆریک دەگەڵ سۆدیۆم پەیدا دەبێ، لە سروشت دا لە نێو ئاوی دەریا دا هەیە، بۆ دەوا و دەرمان کەلکی لێوەردەگرن و زێڕینگەریش بۆ تواندنەوەی زێڕ و زێو دە کاری دێنن.

**تێبینی:** عەرەب وشەی بۆرەک ـ یان بە شێوەی بورق وەرگرتوە و لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە چۆتە نێو زمانی لاتین و زمانەکانی ئورووپاییەوە. (ئین، فەر: Borax)

**بۆرەک**[2] (گیانـ.)[بۆر1 + ئەک] ۱ـ بڕ: بۆرەجورە. ۲ـ [باش] جۆرێک مراوی چووکی ڕەنگ بۆر یا بۆرێکی تێکەڵ بە قاوەییە (فرهنگ پرندگان ل ٣٦).

**بۆرەک**[3] (نا.)[تور: börek] خواردنێکە لە هەویرێکی تایبەتی (ئاردێک کە توێکڵی گەنمەکەی لێکرابێتەوە)، هەویرەکە پان دەکەنەوە و کوت کوتی دەکەن و لە سەر هەر کوتێک هەندێک قیمە، پەنیری ڕەندە کراو و ئەسپەناغی لە سەر دادەنێن، لوولی دەکەن و لە ڕۆن دا سووری دەکەنەوە.

**بۆرەڵووک** (ئان. ل)[بۆر1 + ئاڵوو2 + ک] ڕەنگێکی تەواو بۆر نەبێ، ئاماڵ بۆر، بۆرباو، بۆرەقنە، بۆرەواش.

**بۆرەمـارەیی** (نا . ل)[بۆر + ئە + مارەیی] مارەیی کەم.

**بۆرینە** (ئان. ل)[بۆر1 + ئینە] بە هەندێک ناوەوە دەلکێ و مانای ناسیاوی و پێشوویان دەداتێ. ⁘ هەنبانەبۆرینە، کڵاوەبۆرینە.

**بۆریە** (گیا.)[ئار: بوریا] ۱ـ جۆرێک قامیشی خۆڕسکە، گەڵاکانی درێژ و نووک تیژە و گوڵەکانی هێشوویین، لە شوێنی زەلکاو و شێدار دەڕوێ و لە ساقەتی جۆرە حەسیرێک هەر بەم ناوە ساز دەکەن. ۲ـ حەسیری ساز کراو لە ساقەتی ئەم گیایە.

**بۆڕ**[1] (نا.)[بڕ: بۆر1] ۱ـ بەزیو لە شێعر و دمەقاڵە. ۲ـ (ئان)[زا] بڕ: بۆر1. **~ خواردن:** تێک شکان و بەزین لە شێعرشێعرێن و دمەقاڵە دا. **~ دان:** بەزاندنی غەنیم لە شێعر و دمەقاڵە دا.

**تێبینی:** بۆڕ دەگەڵ وشەی بۆر

هەریەک ریشــە و ســەرچاوەیان هـەیە و مـاناکـەیان لە دوایی لێک جیـا بۆتەوە. چوونکە پیـاوی بەزیو و تێشکاو رەنگی سـوور هەڵدەگەڕێ ماناکەی لەوە کەوتوە هەروەک بوورانەوە کە لەم سەرچاوەیە.

**بۆڕ**2 (نـا. د) دەنگی گــڕ و گـــەورە. **~ بوون:** گڕ بوونی دەنگی کوڕێک کە تازە پێ دەگا و باڵغ دەبێ.

**بۆڕ**3 (نـا.)[؟] پێگـەیشـــــتنی زێدە نەمانی شلکی و جەوانی. **~ بوون:** پتر لە رادە گـەیشتن و پیـر بوونی مـرۆڤ یا گـیـاوگـۆڵ. ؛؛ کـەنگر بۆڕ بوون تازە بۆ خواردن نابن.

**بۆڕ**4 (گیا.)[؟] گیایەکی دەشتەکییە، گەڵای وردە وەکوو گەسک، لە نیو میـتر زیـاتر بـەرز دەبێـــــتـــــەوە، لە پـایز دا دەیدروون و لە شـوێنێک کۆی دەکـەنەوە، زسـتـانان دەیدەن بە مـاڵات و گـا و گـۆڵ. (قامووس ب ٢ ل ١١٨)

**بۆڕ**5 (نا.)[؟] جێگایەکی فێنکە لە ژێر پووش و گەڵا یا زەوی دا دروست دەکرێ بۆ میوە تیاهەڵگرتن (خاڵ ب ١ ل ١٣٢)، تەرە.

**بۆڕان** (چـا. ل)[لە: بۆڕ2] ١ـ دەنگی خـۆ دەرخــستنی رەشــەوڵاغ و پاتاڵ. ٢ـ دەنگ هەڵبڕینی بە قەوی مرۆڤ.

**بۆڕاندن** (چا. م)[لە: بۆڕ2] ١ـ دەنگ هەڵبـڕینی رەشــەوڵاغ. ٢ـ (مـجـ.) دەنگ هەڵبـڕینی زەلام و بە قــەوی مــرۆڤ. ؛؛ هەر یەکەم شەقیان تێهەڵدا یەک بە خۆی بۆڕاندی.

**بۆڕە** (نـا. د)[بـۆڕ2 + ئـە] ١ـ دەنگـی پـاتـاڵ و رەشـــــەوڵاغ. ٢ـ دەنگی زەلام و ناخۆشی مرۆڤ.

**بـۆڕەبـۆڕ** (نـا. د)[بـۆڕە + بـۆڕ2] ١ـ دەنگی پەیتاپەیتای رەشەوڵاغ. ٢ـ دەنگی پەیتاپەیتای بۆڕەی مرۆڤ.

**بۆڕی** (نا.)[؟] لوولەی ئاو یا لوولەیەک نەوتی پێ رادەگوێزن.

**بۆڕیە** (نا.)[؟] ئامرازێکی مۆسیقای کۆنە کـە لە کەڵەشـاخ سـازیان دەکرد و ئێـسـتـاکـە شـێوەی مـەعـدەنی لێ سـاز کـــراوە، فـــووی تێـــدەکـــەن و دەنگی لێدەردێنن، شەیپوور، بۆق، کەڕەنا.

**بۆڕیەژەن** (نـا. فــــا)[بۆڕیە + ژەن] کەسێک کە بۆڕیە دەژەنێ.

**بۆز** (ئان.)[باک: بۆز ـ ناو: بۆز، بەوز ـ زا: بۆز] ١ـ رەنگێکە لە تێکەڵ بوونی دوو رەنگی رەش و سپی پەیدا دەبێ. ٢ـ سەر

و پرچ یا مووی ردێنێک کە رەش و سپی تێکەڵ بووبێ، ماش و برینجی. :: بە ریشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ / ئەدی بۆچی دەیانگوت دار کە پیر بوو تازە دانایە (تاریک و روون ل ١٣٣). ٣ـ وڵاغی بەرزە کە ئەم رەنگە بن. :: کەرەبۆز، ئەسپەبۆز. ٤ـ (مجـ.) هەر رەنگێکی کە کاڵ بووبێتەوە و رەنگی دیکەی بە خۆوە گرتبێ.

**بۆژانە** (گیا.)[؟] گیایەکی گەڵا وردی بۆن تیژی لاسک درێژە، گوڵێکی بۆری بچووک ئەگرێت، ئەخرێتە ناو جل و بەرگەوە بۆ مەنعی (مۆرانە). (کشت و کاڵ ب ١ ل ٤٠)

**تێبینی:** لە هەنبانە بۆرینە دا ئەم وشەیە بە بوژانە نووسراوە و دەگەڵ بێژان بە یەک داندراون. (برِ: هەنبانە بۆرینە ب ١ ل ٦٣)

**بۆژۆ**[1] (ئان. ل)[بۆ1 + ئاژۆ] ١ـ ئالیک یا گیای پاش ئاخورِ کە بۆنی تایبەتی گرتوە و مالات ئیدی نایخۆن، بۆژە، بۆگە. ٢ـ (مجـ.) هەر شتێک کە دەسکاریی کرابێ و لەبەر چاوی خەڵک کەوتبێ. ~ **کردن:** بیز کردنی مالات و نەخواردنی گیایەک کە بۆژۆی لێبێ، بۆژە کردن. ~ **لێکردن:** لەبەر چاو کەوتن، بیز و قێز لە خواردن کردن. :: مەجومعە ئەگەر خوانی زۆر هاتە سەرێ، کابرا بۆژۆی لێدەکا (لاس و خەزاڵ ل ٦٠).

**تێبینی:** زەبیحی ئاژۆ ـ ی لەم وشەیە دا بردۆتەوە سەر چاوگی ئاژنین (برِ: قاموس ب ٢ ل ١١٩) ئاژۆ لەم وشە دا بە مانای خۆراکە و چۆتەوە سەر ئاز و ئاش و ماناکەی دەبێتە گیایەک کە بۆنی خواردنی گرتوە. (برِ: ئاژۆ)

**بۆژۆ**[2] (نا. ل)[بۆژ (بزن) + ئە] برِ: بووزوو

**بۆژە**[1] (ئان. ل)[بۆ1 + ژە (ئاژۆ)] برِ: بۆژۆ. ~ **کردن:** برِ: بۆژۆ کردن

**بۆژە**[2] (نا.)[زا] برِ: برژانگ

**بۆژی** (نا.)[زا] برِ: باسک

**بۆسار** (ئان. ل)[بۆ1 + سار] بۆنێکی ناخۆش کە لە هەندێک کەل و پەلی خواردن وەک برینج و ئارد و گەنم و شتی لەم بابەتە لەبەر مانەوە لە شوێنی نمدار لێیان پەیدا دەبێ، بۆ سارد.

**بۆسارد** (ئان. ل)[بۆ1 + سارد] ١ـ بۆسار. ٢ـ بۆنی گۆشتی کاڵ.

**بۆسان** (نا. ل)[بۆ1 + سان][ئەر] برِ:

**بۆست** (نا.) بڕ: بست

**بۆستان** (نا. ل)[بۆ1 + ستان][باک- زا] بڕ: بێستان

**بۆستــه** (نا.)[بڕ: کۆســتــەک] بەندی خـەنجـەر کـە لە کالانەوە دەکەوێتە سـەر دەسکی خـەنجـەر هـەتا نـەخزێ، کـۆسـە، کـۆســتـەک، کـۆســتک. ؛؛ پاکی حـازرە تیـری، لـە مـاڵی کـەوانی راست و چەپ رۆناوە/ پاکی بـۆسـتــەی خـەنجــەری دەمرەشی قـەتڵەکەری ترازاوە (سەعید و مـیرسـێـوەدین ل ٢٣٣). ~ **ترازاندن:** کـردنەوەی بەندی کـالان و دەرکـێـشـانی خـەنجـەر. ؛؛ رادەسا سـەر خـوانی زینی، بـۆسـتــەی خـەنجـەی دەترازاند (لاس و خەزاڵ ل ١٢٨).

**بۆســـۆ** (نا. ل)[بۆ1 + ســۆ2][باک: بـۆسی- ناو: بـۆســـۆ، بـۆنسـۆ- هـەو: بۆسۆ] ١- بۆنی سووتانی لۆکە و پارچەی لۆکـەیی، بۆنسۆ، بـۆسی، پیسۆ. ٢- تامی ماستێک کە شیرەکەی هەندێک سووتابێ و گەلێکیش خۆشە، بۆسین، بۆسۆدار. ٣- (کنـ.) بەدنـاو. ~ **بوون:** (کنـ.) بەدناو بون. ~ **کردن:** (کنـ.) بەدناو کردن. ؛؛ ئەو کـچـە بەسـتـە زمـانـە چی نـەکـردوە نازانم بـۆئاوا بـۆسـۆ و بەدناویان کـردوە ~ **لـێـنـەهـاتـن:** (کنـ.) زۆر رووت و هـەژار بوون، هـیچ نەبوون، بـێ مـاڵ و بێ سامان بوون، بۆسۆ لێهەڵنەستان. ؛؛ ئەو پیاوە هـێندە فەقیر و هـەژارە بیسـووتێنی بۆسـۆی لێنایە. ~ **لێهـەڵنەسـتـان:** بڕ: بـۆســـۆ لێنـەهـاتن. ~ **هاتن:** بوونی سووتانی پارچە و پەڕۆ گەیشتنە لووت.

**بۆسـۆدار** (ئان. ل)[بۆسـۆ + دار] بڕ: بۆسۆ/٢.

**بۆسه** (نا.)[باک: بۆســە، بووســە- ناو: بۆســە] ١- بەشـێکە لە ئامـرازی جـووت (نیـر و ئامـوور)، ئاڵقـەیەکـە لە دارێکی بـاریک کـــە نیـــر و ئـامـــوور لـێک دەبەستێتەوە. ئاڵقەکە دەخرێتە نێو نیر و بە هـیــرتـە قـــایم دەکـــرێ و ئـامـــووری تێهەڵدەکێشن، بووسە. ٢- سیپەی راو. ٣- (نز.) کـەمـین. ~ **خـــواردن:** ١- لە سیـپـە دابوونی راوکـەر بۆ نێچیر. ٢- لە کـەمـینی دوژمن دابـوون. & بۆسـە گـرتن، خـۆ لە بۆســە دان. ~ **دانانەوە:** خـۆ شـاردنەوە لە شوێنێک بۆ لە داو خستنی نێچیر یا هێزی دوژمن. ~ **گرتن:** بڕ: بۆســە خــواردن. **خـۆ لە ~ دان:** بڕ: بۆســە خــواردن. **دە ~ دابوون:** ١- لە سیـپە دابوونی راوکەر، بۆسە خواردن.

٢ـ لە كـەمـينى دوژمـن دا بوون. **دە ~ خستن:** ١ـ تێكەوتنی نێچـیر دە بۆسـەی راوكـەر دا. ٢ـ دوژمن دە كـەمین خـستن. **دە ~ كەوتن:** ١ـ تێكەوتنی نێچـیر دە بۆسـەی راوچی. ٢ـ دە كـەمـینی دوژمن كەوتن.

**بـــۆســـی** (نـــا. ل)[بـــۆ1 + ســـی (سووتان)][باک] بڕ: بۆسۆ/١.

**بۆسین** (نا. ل)[بۆ1 + سی (سـووتان) + ن][باک] بڕ: بۆسۆ/٢.

**بۆش** (ئان.)[تور: boş] هەر شـتێكی رواڵەتدار كـە نێـوەكـەی بەتاڵ بێ و چی تێدا نەبێ.

**بۆشـــایی** (نا. ل)[بۆش + ئایی] ١ـ بنەبانی ئاسـمـان، ئەو شـوێنەی ئاسـمـان كە ئەستێرەكان و تاوەكانی تێدایە، فەزا. ٢ـ هەر شــوێنێک كـە بۆش بێ یا بۆش كـرابێ. ٣ـ لاچوون یا لە كـیس چوونی كـەسـێكی مـەزن یا كـاربەدەست كـە نەبوونی هەست پێ دەكـرێ. ⁂ مـەرگی هێـمن بۆشـاییـەكی لە ئەدەبیـات دا پێک هێنا.

**بـۆشـكـە** (نـا.)[روس: bochka] دەفرێكی گەورەی ئوستوانەیی چێوی یا مـەعدەنییـە بۆ هەڵگرتنی ئاو، شـەڕاب، نەفت و ئاوەكی دیكە كەلكی لێوەردەگرن، بەرمیل.

**بۆشناغ** (نا.)[؟] كەسی كۆک و پۆشتە و حاڵخۆش كە پۆز لە سەر خەڵک لێدەدا.

**تێبینی:** سـەر و سـەكوتی ئەم وشـەیە لە توركی دەچێ. لە فـەرهـەنگەكانی توركی بەر دەسـتم تـەنیا توانیم وشـەی boş-nak بدۆزمـەوە كە ئەویش بە نەتەوەیەک بە ناوی بـۆسنی دەكـوترێ كـە لە باڵكان دەژیـن. وێدەچێ كــــە ئـەم نەتـەوەیـە زوو كـۆک و پۆشـتـە و بـە فـیـز بووبـن و ئەم وشــــەیە لە رێگای توركـــــەكـــــانی عوسمانییەوە هاتبێتە موكریان.

**بۆغ** (گیانـ.)[باک] بڕ: بوغە

**بۆغـمـە** (نا.)[تور: boğma (خـەفـە)] ١ـ بڕ: دووشاخە. ٢ـ سـووكە جنێویكە بە كــەس یا منداڵی زۆربڵێ دەكــوترێ بە مانای خەفە بە!

**بۆغە** (گیانـ.)[باک] بڕ: بوغە.

**بۆق**[1] (گـیـانـ.)[سـان: بهـێكە ـ پەهـ: ڤەک. دەریی: بەقە ـ ماز: وەگ ـ بیر: باک ـ فــار: بک. باک: بەق ـ نـاو: بۆق ـ زا: بەقــە] ١ـ گـیـاندارێكی پێـست لیـچـقی پنۆک پـنۆكی دووژیـانـەیە، لـە دونیــا دا جۆری زۆرە و هـەتـا ئێـسـتـا ١١٧ جۆری

ناســراوە، لە ئاو دا گـەرای دادەنـێ کـە پێـی دەڵێن سـەرمـێکوتە و کـە لە گـەرا هـاتنە دەر ناویان دەبێـتـە کلکەتـەشی و ئـەو ناوەش لـە بـەر کلکێکی درێژە کـــە هـەیەتـی و هـەتا ئـەم کلکە فـرێ دەدا هـەر لە ئاو دا دەمێنتەوە، Rona ناوی لاتینی ئەم گـیـاندارەیـە، بۆقی ئـاوێ، قـورواق، قـۆرواق، قـرواقی. ٢ـ گـیـانداریکە لە رەگــەزی بۆق کـــە لە ویشکایی دەژی و توانای بازدانـی نیـە، بۆقی گـڵێ، وەزەخ. || **بۆقی ئاوێ:** بۆق. **بۆقی گـــڵێ:** بڕ: بۆق1/٢.

**بۆق**[2] (گیانـ.)[جاف] بڕ: قەلەموونە

**بـۆق**[3] (نـا.)[ئـەر] چـاوی زەق، چـاوی دەرپەڕیو، بز.

**بۆق**[4] (نـا.)[؟] تـەکـــــان، پاڵ. **~ پێوەنان:** بڕ: پاڵ پێوەنان. **~ دان:** پاڵ پێوەنان

**بۆق**[5] (نـا.)[ئـەر] پشت مـل، بـۆق مـل، بۆقەتە. || **بۆقی مل:** بڕ: بۆق مل

**بۆق**[6] (نا.)[ئەر] بڕ: بوغ

**بۆق**[7] (نا.)[عــەر: بـوق لە لات: buc-cina] ١ـ ئامێرێکی مۆسیقـای قـەدیمە کە لە شـاخ و ئەسرۆی گیـانداران سـاز دەکـرا، بـۆرِیە، شـەیپـوور، کـەرەنا. ٢ـ ئـامـرازێکە لە مـــاشـێن دا کـە بـۆ وریا کردنەوەی خـەڵک دەنگی لێوە دێ، بووق. ٣ـ دەنگی ئـەو ئامرازەی کـە دە مـاشـێن دایە، دیدە. & بووق. **~ لێدان:** وە دەنگ هێنانی دیدەی ماشێن بۆ وریا کردنەوەی خەڵک.

**بـۆقـــــــــژە** (نـا. ل)[بـۆق1 + ژە] نەخـۆشـیـیـەکی منداڵانە کـە نێـو دەم و زاریان بلـوق دەکـــا و زوو بە مـــرەکــەب چاکیان دەکردەوە.

**بۆقلە** (گیانـ.) بڕ: قەلەموونە.

**بۆقلەمووت** (گیانـ.) بڕ: قەلەموونە.

**بۆقلەموون** (گیانـ.) بڕ: قەلەموونە

**بۆقلەمە** (گیانـ.) بڕ: قەلەموونە.

**بـۆق مـل** (نـا. ل)[بـۆق5 + مـل][ئـەر] پژمل، پشتی مل. بۆقی مل، بۆق5.

**بۆقل** (نا.)[باک] مـاسـوولکەی پشت پێ، بەلەک، پووز. هس: بۆقە و بۆق مل

**بۆقـــە**[1] (نـا. د) ١ـ دەنگی بـەراز. ٢ـ دەنگی گا کە سووکترە لە بۆڕە.

**بۆقە**[2] (نا. ل)[بۆق + ئە] حاڵەتێکە بە ســەر دەغڵ دا دێ و ئەو شــوێنانەی کـە پاشان دەبنە گوڵ تۆزێ هەڵدەمسێن.

**بۆقەتە** (نا. ل)[بۆق5 + ئە + تە؟] بڕ: بۆق5.

**بۆقەخۆرە** (گیانـ.)[بۆق1 + ئە + خۆر + ئە] جـۆرێک هەڵۆیە کـە سـەر و مل و سینگ و پشـتـی رەشـی مـەیلەو زەردە، لە پەنا زەلکاو و قامیشەڵانان دەبێ، ئەگەر مـراوی یا کەلاکی دیتـەوە دەیخوا دەنا بە بـۆق و مـــاسـی رازی دەبـێ. (فـــرهـنـگ پرندگان ل ١٢٨).

**بۆقەمەلە** (نا. ل)[بۆق1 + ئە + مەلە] جۆرێک مەلەیە کە مەلەوان دەست و لاقی وەک بۆق رادەوەشــێنێ و مــەلـەی دەکـا، مەلەبۆقە.

**بۆکڕووز** (نا. ل)[بۆ1 + کڕووز] بۆنی سـووتـانی هەنـدێک شـتـی وەک خـوری، موو، ئێسک، بۆپڕووز.

**بۆکـــز** (نا. ل)[بۆ1 + کــز] ١ـ بۆنی چێشـتێک کە لە بنەوە سووتابێ و دابێتە سـەرەوە و لە کاتی خـواردن دا هەسـتی پێ بکردرێ. ٢ـ بۆسۆ.

**بۆکس** (نا.)[ئین: box] جـۆرێک کێ بەر کـێیـە بە مـست کـە دوو کـەسی هاو وەزن بە دەسـتـەوانەی تایبـەتی دەیکەن، هـەرکـات یەکـیـان بکەوێ داوەر هـەتا دە دەبژێرێ و ئـەگـــەر لـەم مـــاوەیە دا هـەڵنەسـتـێـتـەوە (ناک ئاوت) دەبێ و دەدۆڕێ.

**بۆکساوات** (نا.)[رووس: buksovat] دە قـوڕ، بەفـر، لم یا هـەر شـتـێکی دیکە گێرانی تەگەری ماشێن یا مەکینە وەها کـە لە سـەر جـێی خـۆی بسـووڕێ و نەتوانێ بێـتـە دەر. **~ کـردن:** گـیـر کـردنی مـەکـینە دە قـوڕ، بـەفـر یا هەر شتێکی دیکە. ٢ـ (کنـ.) لە سەر جێی خۆ بـوون و پێش نـەکـــەوتن لـە کـــار و مەسـەلەیەک.

**بۆکسێر** (نا.)[ئین: boxer] کەسێک کە بۆکس دەکا، مولاکیم.

**بۆکـــســێل** (نا.)[رووس: buksir] کێشانی ماشێنی دە قوڕ گیراو، خراپ و لە کـار کـەوتـوو یا هـەر شـتـێکی دیکە بە مـاشـێنێکی دیکە یا مـەکـینـەیەک کـە توانـای کـێـشـانی بە دوای خـۆی دا هەبێ. **~ کردن:** ١ـ کێشانی ماشێن و مـەکـینەی خـراپ و لـە کـار کـەوتـوو بە مـاشـێنێکی دیکە. ٢ـ دەرکـێـشـانەوەی مـاشـێنی دە قـوڕ و بەفـر و شـتـی لەم بابەتە گیراو.

**بۆکڵێشە** (نا. ل)[بۆ1 + کڵێشە] ١ـ بۆنی لـەشی چڵکن، بـۆدڕن، بۆنـدڕن. ٢ـ

بۆنی ئارەقەی بن هەنگڵ و پێ.

**بۆکەنگە** (گیانـ.)[باک] بڕ: بۆگەنکە

**بۆگنخ** (نا. ل)[بۆ1 + گنخ (گنخان)] بۆنمی ناخۆشی دانەوێڵەی سەرداپۆشراو کە دوای ماوەیەک مانەوە لێی پەیدا دەبێ، بۆگنخاو، بۆنماوی، بۆگەمرخە.

**بۆگنخاو** (نا. ل)[بۆ1 + گنخاو (گنخان)] بڕ: بۆگنخ

**بۆگە** (ئان. ل)[بۆ1 + گە (ژە)] بڕ: بۆژۆ1

**بۆگەمرخە** (نا. ل)[بۆ1 + گە + مرخ + ئە][سۆر] بڕ: بۆگنخ

**بۆگەن** (نا. ل)[بۆ1 + گەن1] بۆنی ناخۆش لە مانەوەی شتێک کە گەنیبێ، بۆگەنتک. ٢ـ بۆنی ناخۆشی هە چێک کە خۆبەخۆ و لە خۆی دا بۆن ناخۆش بێ وەک گوو، تڕ و تس، ... ٣ـ (ئان. ل) (مجـ.) بیر و باوەر و کردەوەی کۆن و خراپ. & بۆگەنیو، بۆگەنی. ~ **بوون:** بۆ گرتن، بۆگەنیو بوون، گەنین. ~ **کردن:** بۆن گرتن و بۆن لێ پەیدا بوونی هەر شتێک کە ماوەیەک مابێتەوە، بۆگەنیو بوون.

**بۆگەنتک** (نا. ل)[بۆ1 + گەنت (گەند) + ک] بۆنی گەنینی میوە و شتی دیکە، بۆگەن/١.

**بۆگەنکە** (نا. ل)[بۆ1 + گەن1 + کە (کردن)] ١ـ (گیانـ.) گیاندارێکی گوانداری گۆشتخۆرە، لە ڕێوی بچووکترە، لە کاتی مەترسی دا تس بەردەدا و بۆگەنیوێکی ناخۆشی لێدێ وەها کە دوژمنەکەی دوور دەخاتەوە. ئەم گیاندارە کەوڵەکەی بە نرخە و ڕاوچی لەبەر ئەو کەوڵە ڕاوی دەکەن، بۆکەنگە، فسۆس (عەر: ابوالعفن). ٢ـ (گیا.) گیایەکی خۆڕسکە، ٣٠ هەتا ٨٠ سانت بەرز دەبێتەوە، گەڵاکانی ئەستوور و ئاودار و سەوزی مەیلەو شینە، گوڵەکانی زەرد و بەرەکەی کەلوویە کە دەنکەکانی دەنێو دایە و قاوەیین، تەواوی ئەم گیایە بۆنێکی ناخۆشی لێدێ، لەم گیایە بۆ هەندێک دەرمان کەلک وەردەگیرێ، Ruta graveolens و Ruta fetide ناوی لاتینی ئەم گیایەن، بۆگەنیوە، گیابۆگەنیوە.

**بۆگەنی** (نا. ل)[بۆ1 + گەنی] بڕ: بۆگەن

**بۆگەنیو** (نا. ل)[بۆ1 + گەنیو] بڕ:

بۆگەن. ~ **بوون:** بۆن گرتن و بۆنی ناخۆش لێ پەیدا بوونی شتێک کە ماوەیەک مابێتەوە و بەرەو خراپ بوون چووبێ، بۆگەن کردن، گەنین.

**بۆگەنیوە** (گیا.)[بۆ1 + گەنیوە] بڕ: بۆگەنکە/٢.

**بۆل**[1] (نا.)[؟][باک] قوون، کونگ

**بۆل**[2] (ئان.)[تور: bol] ١ـ [زا] زۆر، گەلێک. ٣ـ [باک ـ زا] پان، هەراو، فش.

**بۆل**[3] (نا.)[زا] بڕ: بۆڵ3.

**بۆڵ**[1] (نا.)[ناو: بۆڵ، بۆڵی ـ هەو: بۆڵی، بۆڵە] دەنکێک ترێ، گلوو، تلیە.

**بۆڵ**[2] (نا. د) دەنگی بۆڵە

**بۆڵ**[3] (نا.)[؟][زا] ران، مێگەل، گەلە، بۆل.

**بۆڵاندن** (چا. م)[لە: بۆڵ2] ١ـ نارازی بوون لە مەسەلەیەک یا کەسێک و لە سەر رۆینی لە بەر خۆوە، بۆڵەبۆڵ کردن، خوتەکردن، بۆڵە کردن. ٢ـ دەنگی هات و هاواری ورچی تووڕە.

**بۆڵدزێر** (نا.)[ئین: bulldozer] جۆرێک مەکینەی گەورەیە بۆ خۆڵ هەڵگرتن و تێکردن و کاری قورسی دیکەی لەم چەشنە کەلکی لێوەردەگرن.

**بۆڵژن** (نا. ل)[بۆڵ2 + ژن (ژەندن)] بۆڵە. ⁂ پیرێژن یەک دوو بۆڵژنی لێوە هات و بە تووڕەیی دوور کەوتەوە.

**بۆڵمازوو** (نا. ل)[بۆڵ1 + مازوو] جۆرێک ترێی دەنک گەورەی سپی ئاوداره، توێکڵی ناسک و مزره و هەر بۆڵەی بە قەد مازوویەک گەورەیە.

**بۆڵە**[1] (نا. د) قسەیەک لە بەرەو خۆوە لە رووی تووڕەیی و نارازی بوون لە کەسێک یا مەسەلەیەک، پرتە و بۆڵە، خوتە و بۆرە. ~ **کردن:** بڕ: بۆڵاندن. ~ **هاتن:** بۆڵە کردن، بۆڵاندن. ⁂ دەڵێی پیرێژنی دۆ لێڕژاوی ئەوە بۆ هەر بۆڵەت دێ.

**بۆڵە**[2] (نا.)[هەو] بڕ: بۆڵ1

**بۆڵەبۆڵ** (نا. ل)[بۆڵە1 + بۆڵ2] بۆڵەی یەک لە دوای یەک، بۆڵەی پەیتاپەیتا، بۆرەبۆر. ~ **کردن:** بڕ: بۆڵاندن. ~ **هاتن:** زۆر بۆڵە کردن، بۆڵاندن.

**بۆڵەتەمە** (ئان. ل)[بۆڵ1 + تەم + ئە] بڕ: بۆڵەتەمێ

**بۆڵەتەمێ** (ئان. ل)[بۆڵ1 + تەم + ئێ] ترێیەک کە هێشتا بە تەواوی نەگەیوە و تامەکەی مەیلەوترشە،

بۆڵەتەمە، بەرەکە. ئاڵ وبۆڵ. **~ تێکەوتن:** ترش و شیرین بوونی بەرسیلە، ئاڵ وبۆڵ بوون. :: ترێ بۆڵەتەمێی تێکەوتوە و چی وای نەماوە بگا.

**تێبینی:** ئەم دەبێ لە تام کەوتبێ و لە بەر قوورسی « ئا » بووبێتە ئەم. ماناکەی بەم پێیە دەبێتە دەنکە ترێیەک کە هەندێک شیرین بوە و تامی تێگەڕاوە.

**بۆڵی** (نا.)[هەو - ئەر] بڕ: بۆڵ1

**بۆم**[1] (ئان.)[؟][زا] گێل، گێژ، حۆل، ئاقڵ سووک.

**بۆم**[2] (نا.) بڕ: بۆمب

**بۆمادەران** (گیا.)[بۆ1 + مادەر + ئان] بڕ: بۆمارانە

**بۆمارانە** (گیا.)[بۆ1 + مار3 + ئانە] گیایەکی خۆڕسکی چەند ساڵەیە، هەتا حەفتا سانت بەرز دەبێتەوە، ساقەتی درێژ و باریکە، گەڵاکانی گرنی گرنی و گوڵی هێشوویی سپی بۆنخۆشە و لە دەشت و مێرگان دەڕوێ. بۆ دەرمان کەلکی هەیە و بۆ کوشتنی کرمی نێو زگ، بێوەسیری، دڵ ئێشە و هەندێک نەخۆشی دی دێم کراوەکەی دەکار دەکەن. Achillea pubescens ناوی عیلمی ئەم گیایەیە بۆمادەران، برنجداس. (عەر: زهرة القنديل)

**بۆمب** (نا.)[فەر: bombe] گوللەیەکی گەورەیە کە نێوەکەی بە کەرەسەی تەقینەوە پڕ کراوە و فڕۆکە لە ئاسمانەوە دەهاوێژێتە سەر پێگەی دوژمن و خەڵک و بە پێی ناوەرۆکەکەی چەشنی زۆرە، بۆم، بۆمبا. **وەک ~ تەقینەوە:** (کنـ.) دەنگدانەوە و بڵاو بوونەوە خێرای قسە و خەبەر و کردەوەیەک و شتێک دە نێو خەڵک دا، وەک بۆمب دەنگدانەوە. **وەک ~ دەنگ دانەوە:** (کنـ.) بڕ: وەک بۆمب تەقینەوە. || **بۆمبی ئەتۆم:** بۆمبێک کە بە هێزی ئەتۆم دەتەقێتەوە و ناوچەیەکی گەلێک پتر لە بۆمبی ئاسایی وێران و خاپوور دەکا. **بۆمبی هیدرۆژێنی:** جۆرێک بۆمبی ئەتۆمە کە لە ئەتۆمی هیدرۆژێن کەلک وەردەگرن و لە بۆمبی ئەتۆم بەهێزترە.

**بۆمبا** (نا.) بڕ: بۆمب

**بۆمباباران** (نا. ل)[بۆمبا + باران] بڕ: بۆمباران

**بۆمباران** (نا. ل)[بۆمب + باران] هاتنە خواری کۆمەڵێک بۆمب لە

ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی، بۆمبـاباران، بۆمبـاردمـان، بۆردومـان. ~ **کـردن:** خستنە خوارەوەی بۆمب لە فڕۆکەوە بۆ سەر خەڵک یا سەر شوێنێک، بۆمباباران کردن.

**بۆمباردمان** (نا.)[فەر: bombarde-ment] بڕ: بۆمباران.

**تێبینی:** وشەی بۆمبـاران هەر لەم وشەی فەڕانسی کەوتوە و لە بەر نزیکی باران و باردمان شێوەی کوردیی بارانی بە خۆوە گرتوە.

**بۆمباهاوێژ** (نا. ل ـ ئان. ل)[بۆمبا + هاوێژ] فڕۆکەیەک کە بۆمب هەڵدەگرێ و ئیشی بۆمباران کردنە.

**بۆمـچ** (نا. ل)[بۆ1 + مچ] بۆنی هەندێک شتی وەک گوێز و بادام کە خراپ بوون و تامیان گۆڕاوە، بۆمچەو، بۆمچەوە.

**بۆمچەو** (نا. ل)[بۆ1 + مچەو][ئەر] بڕ: بۆمچ

**بۆمچەوە** (نا. ل)[بۆ1 + مچەو + ئە][ئەر] بڕ: بۆمچ

**بۆن**[1] (نا.)[ئەو: بەئۆذی ـ پەه: بۆی، بۆد. باک: بێهن، بێن، بین، بی، بهن ـ ناو: بۆ، بۆن ـ باش: بوو ـ هەو: بۆ، بووە ـ زا: بوو، بووی، بوی، بۆ، بۆی] ١ـ هەرچی کە لووت هەستی پێبکا چ خۆش بێ چ ناخۆش. ٢ـ هەستێک کە لە کار و کردەوەیەک دەکردرێ. ∷ ئەو قسەی تۆ بۆنی شەڕی لێوە دێ. ٣ـ شێوەیەکی برژاندن لە سەر سێڵ. ٤ـ عەتر. ~ **پێدان:** بڕ: بۆ دان. ~ **پێوەکردن:** ١ـ بردنە پێشی لووت لە شتێک و هەڵمژینی بۆنی ئەو شتە. ٢ـ بردنە پێشی لمبۆز لە لایەن گیانداری نێرەوە و هەڵمژینی پاشەوەی مێیەکەی بەر لە سوار بوونی . ~ **تێدان:** لە خۆ دانی ~ **تێکەوتن:** سەرەتای پێگەیشتنی هەندێک بەر و بۆی بێستان. عەتربۆ بۆن خۆشی. ~ **دان:** هەستانی بۆن لە شتێکەوە و هەست پێ کردنی. ~ **لێهاتن:** ١ـ بۆن دانی شتی بۆن گرتوو. ٢ـ خۆ پیس کردنی منداڵی چووک. ∷ ئافرەت ئەو منداڵە بۆنی دێ پێم وایە گووی بە خۆی داکردوە. ~ **کردن:** ١ـ هەڵمژینی بۆی شتێک، بۆن پێوە کردن. ٢ـ هەست پەڕینە سەر کار و کردەوەیەک، شک پەڕینە سەر. ٣ـ بۆنی ناخۆش لە هەندێک شت پەیدا بوون. ∷ گۆشتەکە بۆنی کردوە زوو سازی نەکەن خراپ دەبێ. ~ **گرتن:** ١ـ خراپ بوونی

شتێک و لێ پەیدا بوونی بۆنی ناخۆش، بۆن هەڵگرتن/١. ٢- بۆنی خۆش یا ناخۆش وەرگرتنی جل یا شتی دیکەوە لە ڕێگەی ناراستەوخۆ. ⁑ کراسەکەت بۆنی سابوونی گرتوە. **~ هەڵگرتن:** ١- بڕ: بۆن گرتن. ٢- شوێن هەڵگرتنی بۆنی دێڵ یا مێیە لە لایەن گیانلەبەری نێرەوە. **بە ~ کەوتن:** ١- نەخۆش کەوتنی منداڵی ساوا بە هەندێک بۆنی توندی وەک بۆنی عەتر و سابوون. ⁑ زۆر خۆ لەو منداڵە نزیک مەکەوە بۆنی عەترت لێدەی و منداڵەکەم بە بۆن دەکەوێ. ٢- نەخۆش کەوتنی منداڵ بە بۆنی ئافرەتی تازەزاوی دیکە.

**بۆن**[2] (نا.)[بڕ: بان1][زا] ماڵ، خانوو

**بۆنبڕ** (نا. ل)[بۆن1 + بڕ] بڕ: بۆنبڕە

**بۆنبڕە** (نا. ل)[بۆن1 + بڕ + ئە] مادەیەکە کە لە بۆنی ناخۆشی ئاودەست یا شوێنی دیکە دەبڕێ، بۆچنە.

**بۆنخۆش** (ئان. ل)[بۆن + خۆش] هەر شتێک کە بۆنی پەسەند بێ و مرۆ بە دڵی بێ.

**بۆنخۆشی** (حم.)[بۆنخۆش + ئی] چلۆنایەتی بۆنخۆش، بۆنخۆش بوون.

**بۆنخۆشکە** (گیا.)[بۆنخۆش + کە] گیایەکی بۆنخۆشە، لە زەوی بوورە دەڕوێ، نیو میترێک بەرز دەبێتەوە، لاسکی درێژە و لق و پۆپی چڕ و پڕە، گوڵی وەکوو ئی بابوونە وایە، شیرەیەکی لێدەگیرێ زۆر تاڵە، ژەهرە و زەمانی پێشوو بۆ چار کردنی نەخۆشی ئیفلیجی، لۆغە، لەرزۆکی، فێداری، نەخۆشی مەعدە و جەرگ و کرمی نێو زگ، کەلکیان لێوەردەگرت. (قامووس ب ٢ ل ١٢٥)

**بۆنخۆشکەرە** (گیا.)[بۆن1 + خۆش + کەر + ئە] گیایەکە وشکی دەکەن بۆ ناو جلکان. (هەنبانە ب ١ ل ٦٥)

**بۆندار** (ئان. فا)[بۆن1 + دار2][پەه: بۆیدار] ١- هەر شتێکی بۆنی خۆشی لێبێ. بۆدار، بۆنخۆش، بێندار، بیهندار. ⁑ سنگ و بەرۆکت بۆنداره، دەڵێی قەتاری خواجە حەسەنی بەغدایەی و بارە عەترت پێیە (سەعید و میرسێوەدین ل ٧). ٢- هەر شتێک بۆن بدا، بە بۆن.// بێ بۆن. ٣- قسەی بە کینایە و بە تەوسەوە کە مانای جگە لە مانای سەرەکی بێ.

**بۆندڕ** (نا. ل)[بۆن1 + دڕ] بڕ: بۆدڕن

**بۆندڕن** (نا. ل)[بۆن1 + دڕ + ن] بڕ:

بۆدڕن

**بۆنسـۆ** (نا. ل)[بۆن1 + سـۆ2] بڕ: بۆسۆ

**بۆنگ** (نا. چا)[؟][سۆر] کاری خاوێن کـردنەوە و خـۆش کـردنی پێـست بۆ مـەشکە. ~ **کـردن:** خـۆش کـردنی پێستی مەڕ و بزن و گا بۆ مەشکە.

**بۆنگچی** (نا. فـا)[بۆنگ + چی] کەسێک کە پێستەی بۆ مەشکە خۆش دەکا.

**بۆنگچێتی** (حم.)[بۆنگچی + ئێتی] کار و پیشەی کەسێک کە پێست بۆ مەشکە خۆش دەکا.

**بـۆن و بـەرام** (نـا. ل)[بـۆن1 + و + بەرام] بڕ: بۆن و بەرامە

**بۆن و بەرامـە** (نا. ل)[بۆن1 + و + بەرامە] کۆمەڵە بۆنێکی خۆش کە هەموو دەورووبەری خـۆی دادەگـرێ و هەمـوو هەسـتی پێدەکـەن، بۆن وبەرام، بەرامە، بۆبەرامە، بۆوبەرامە.

**بۆنە** (نا.)[بڕ: بیـانوو] ١ـ لە بەر، بۆ خـاتری. :: بە بۆنەی تۆوە ئێـمـەش پلاوێکمان لە ماڵە خەزوورت خوارد. ٢ـ بیانوو.

**بۆ و بەرامـە** (نا. ل)[بۆ1 + و + بەرامە] بڕ: بۆن و بەرامە

**بـۆهـەڕنـەهـووت** (نـا. ل)[بـۆ1 + هەڕنەهووت] کۆمەڵە بۆنێکی ناخۆش کە مرۆ گێـژ دەکا. :: ئەو بۆ هەڕنەهووتە چیە بە وڵاتەوە وەربوو زوو پەنجەرەکان بکەنەوە.

**بۆی** (نا.)[زا] بڕ: بۆن

**بـۆیـاغ** (نـا.)[تـور: boya] ١ـ دەرمانێک کە سەر و سمێڵی پێ ڕەنگ دەکەن، بۆیە2/٢. ٢ـ ئەو دەرمانەی کە کەوشی پێ ڕەنگ دەکەنەوە، واکس.

**بۆیاغچی** (نا. فـا)[بۆیاغ + چی] کەسێک کە کاری ڕەنگ کردنەوەی کەوشە، کەسێک کە واکس لە کەوشان دەدا.

**بۆینباخ** (نا. ل)[تور: boyun (مل) bağı(بەند)] پارچەیەکی دوراو و ئامادەی تایبەتی بە ڕەنگ و گوڵی جۆراوجۆر کە دەچێتە بن یەخەی کراسەوە، گرێی تایبەتی لێدەدەن و پتر دەگەڵ کۆت و شاڵوار دەبەستـرێ، کراوات.

**بۆیە**[1] (شر.)[بۆ + یە] ١ـ لە بەر ئەوە،

لە بەر ئەمـــە، چونکە. ∷ هەوا ســـاردە بۆیە ئەو کـراســـە ئەســـتـــوورەم دەبەر کـردوە. ٢ـ وڵامی بۆچی یا بۆ بە مـانای هەروا. ∷ بۆ کـار ناکـەی؟ ـ پێم خـۆشــە بۆیە! & بۆیەکـە، بـۆیەکـا، بـۆیەکـانێ، بۆیەکوو.

**بـۆیـە**[2] (نـا.)[تـور: boya] ١ـ ئـەو مـــادەیەی کـــە دەرک و دیواری پـێ ڕەنگ دەکەن. ٢ـ بڕ: بۆیاغ.

**بـۆیەچی** (نـا. ل ـ ئـان. ل)[بـۆیـە2 + چی] نەقـقـاشـێک کـە دەرک و پەنجـەرە و دیوار ڕەنگ دەکا.

**بۆیەکا** (شر.) بڕ: بۆیە1

**بۆیەکانێ** (شر.) بڕ: بۆیە1

**بۆیەکوو** (شر.) بڕ: بۆیە1

**بۆیەکە** (شر.) بڕ: بۆیە1

**بوو**[1] (نا.)[بڕ: بووم1] زەوی.

**بوو**[2] (نا.)[بـڕ: بووم 2] کـــــــوند، کوندەبوو، بایەقوش.

**بوو**[3] (نا.)[باش ـ زا] بڕ: بۆن1

**بووئا** (گـیـانـ.)[فـەر: Boa] مـارێکی گـــەورە و درێژ و بێ ژارە کـــە لە هیند و ئامـــریکای بـاشـــووریی دەژی، لە دەوری نێـچـیـری دەهاڵێ و دەیکووژێ و قـووتی دەدا.

**بووجی** (گـــیـــانـ.)[باک: بـووجی ـ زا: بوویجی] توتکە سەگ، توڵە.

**بوودجە** (نا.)[فەر: budget] داهات و خــــەرجی گـــشـــتـــی وڵاتێک، یـانـە، کۆمەڵەیەک یا کەسێک.

**بـوودڕ** (نـا. ل)[بـوو1 + دڕ] ١ـ زەوی دادڕاو، کـــــەنداڵ، ڕەهـۆڵ. ∷ هـێـندێـک کـەس دەیـانگوت: کـەس نەیـدیوە بڕوا ئەو دوژمنە، پێموایە کوژراوە/ بزانن کەلاکی لـە چ بوودڕێک، لە چ بـن بەردێک بە جـێ ماوە (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٣٦) ٢ـ زەوی هـەڵکەندراو، زەوی کـــون کـــراو، ڕەهەند، نەغم، لـەغـــەم. ٣ـ [باک] کـــونی گـیـــاندار لە زەوی دا، لان. ~ **لێـدان:** هەڵکۆڵینی زەوی بـۆ ســەر دەرهـێـنان لە شـوێنێکی دیکە، ڕێگا لێدان بە بن زەوی دا، ڕەهەند لێدان.

**بوودەڵە** (ئان.)[عەر:] مـرۆڤی خـوێڕی و هیچ و پووچ، مرۆڤێک کە کەسایەتی لە نێـو خــەڵک دا نەبێ، هـیـچـەکـە، هـیچ و پووچ، خوێڕی.

**بوور**[1] (نا.) بڕ: بوورە

**بوور**[2] (ئان.)[باش] بڕ: بۆر1

**بوورا** (نا.)[؟][باك] پەیوەندی نێوان ژن پیاوێک دەگەڵ برای ئەوکەسە، برای مێرد، شووبرا، هێوەر.

**بوورانەوە** (چا. ل)[بووران + ئەوە] دڵ لە خۆ بوونەوە و بێهۆش کەوتن لە برسان یا لە ترسان، لە سەر خۆ چوون، بووردنەوە.

**تێبینی:** بوورانەوە و بووردنەوە لە وشەی بۆر کەوتوە و ئەویش لەبەر رەنگ گۆڕینی مرۆڤە. لە کوردەواری دا بۆ وەهۆش هێنانەوەی کەسی بووراو بۆسۆی وەبن لووت دەگرن.

**بووردن** (چا. ل)[هیک: ڤیتەر ـ ئەو: ڤیتەر ـ پەه: ڤیتەرتەن، ڤیتارتەن] ١ـ تێپەڕین، رابوردن. ٢ـ خۆش بوون، بەخشین، لێبوردن. ٣ـ زۆر گەیشتن و تەپینی تەڕەکاری (کاڵەک، شووتی، هاروێ، ...)

**بووردنەوە** (چا. ل)[بووردن + ئەوە] بڕ: بوورانەوە

**بوورس** (نا.)[ئال: börse] بازاڕی مەعامەلە و کڕین و فرۆشی وەرقە باییدارەکان.

**بووڕۆس** (نا.)[زا] بڕ: بۆرس

**بووره** (نا.)[باك: بۆر ـ ناو: بوور، بووره ـ زا: بۆر، بوره] زەوییەک کە قەت نەکێڵدرابێ.

**بوورین** (چا. ل)[بڕ: بووردن] ١ـ بڕ: رابوردن. ٢ـ بڕ: لێبوردن.

**بووز**[1] (گیا.)[باك: بزوو، بزی ـ ناو: بووز، بەوز] دارێکی خۆڕسکە، زۆر بەرز نابێتەوە و لە مێشە و دارستان و لێڕەوار دەڕوێ، گەڵاکانی وەک گەڵای توو وایە، هەندێک لە گەڵاکانی وەک تۆپ خڕ دەبنەوە و کە نێوەکەی پڕ دەبێ لە گەرای مێشوولە. لە کوردستان زۆرە و پتر بۆ سووتاندن کەلکی لێوەردەگرن، Ulmus ناوی لاتینی ئەم دارەیە، ناروەن، ناروەند، نارەوەن، دارمێشوولە، دارتۆفانە، دارەوەن.

**بووز**[2] (نا.)[؟] گونجاو. تەنیا دەگەڵ چاوگی خواردن مانا دەدا. **بۆ ~ خواردن:** لوان، گونجان. ⁂ بە داخەوە بۆم بووز ناخوا بێم و سەرت بدەم.

**بووز**[3] (نا.)[تور: buz] بڕ: سەهۆڵ

**بووزوو** (نا. ل)[بووز (بزن) + ئوو] [باك: بووزوو، بزوون ـ ناو: بووزوو، بزوو، بۆژۆ] قوماشێکی تۆڕی هەندێک ئەستووری تایبەتی کوردستانە، باریک

و درێژە، که جۆلا له مەرەزی بزن سازی دەکەن و رانک و چۆغەی لێ دروست دەکەن و گۆیا مار ناتوانێ له سەر رانکەوە پێوە دا و له بەر کون کون بوونی پارچەکە ددانی تێی دا گیر دەخوا و ددانی دەکێشرێ، شاڵ.

**تێبینی:** بووزوو و هاوتاکانی له وشەی بزن کەوتوون، ئەوەش دیاره له بەر مەرەزی بزنەکەیە. له زمانی پەهلەویی دا بوز پەشمێن به مانای بووزوو هاتوه.

**بووزەڵە** (نا. ل)[بووزوو + ئەلە] بەرهەڵبێنەیەکه که له بووزوو سازی دەکەن و ژن و کابان بۆ کار دەبەری دەکەن و سینگ و باسکیان دادەپۆشێ.

**بووژ** (ر.)[له: بووژانەوە] له رەگی بووژانەوە دەکەوێ و به ناوەوه دەلکێ و مانای بووژێنەر دەدا. ئەوەندی من بیستوومه تەنیا له وشەی ئاوربووژە دا هەیە.

**بووژاندنەوە** (چا. م)[بووژاندن + ئەوە] ١ـ زیندوو کردنەوە گیانداری له حاڵی مەرگ دا. ٢ـ زیندوو کردنەوەی دار، گیا و گوڵ که له حاڵی سیس بوون و ژاکان دا بن. ٣ـ وەگەڕ خستنەوەی داب و نەریت و هەر شتێکی له بیر کرابێ. ٤ـ هێنانەوە سەر حاڵی خۆشی کەسێکی نارەحەت و داماو. ٥ـ هەڵایساندنەوەی ئاگری دامرکاو. ٦ـ گەشاندنەوەی رەژی وپۆلووی ئاگر.

**تێبینی:** بووژاندنەوە و بووژانەوە له چاوگی له بیر کراوی بووژان کەوتوه که ئیمرۆکه برەوی نەماوە. بوج buj له ئەوێستا دا و بۆژییتەن له زمانی پەهلەویی هاوریشەی بووژانەوەی کوردیین و به مانای رزگار کردن و نەجات دان هاتوون.

**بووژانەوە** (چا. ل)[بووژان + ئەوە] ١ـ زیندوو بوونەوەی کەسێک یا گیانداری له حاڵه مەرگ دا. ٢ـ زیندوو بوونەوەی دار، گیا و گوڵی سیس و ژاکاو. ٣ـ وە برەو کەوتنەوەی داب و نەریتی له بیر کراو. ٤ـ هاتنەوە سەر حاڵی کەسی داماو و پەشێو. ٥ـ گەشانەوەی ئاگر و پۆلووی دامرکاو.

**بووسه** (نا.)[باک] بڕ: بۆسە/١.

**بووفه** (نا.)[فەر: buffet] ١ـ شوێنی فرۆشتنی ساردی و خواردەمەنی له نێو رستوران و شوێنی دیکه. ٢ـ شوێنی نان خواردن له جێگاگەلی وەک ئێزگای قەتار و تەماشاخانە. ٣ـ قەفەسەی نێو ماڵ که

کەرەسەی سەر سفرەی تێدا دەچنن.

**بووک** (نا.)[ئەو: وەذوو ـ سان: ڤەدهوو ـ پەهـ: ڤەیۆ. بەخ: بیک. باک: بووک ـ ناو: بووک، وەوی ـ باش: وەیوی ـ هەو: وێو، وەیوی، وەوە، وەیوە ـ زا: ڤەیڤە، ڤێو، ڤێڤ] ١ـ کچێک کە قەرارە شوو بکا و بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی دەکەن، تای زاوا لە زەماوەند دا. ٢ـ کچی شوو کراو و لە ماڵە زاوا. ⁘ فاتم بووکی ماڵە کاک کەریمە. ٣ـ لەیستووکی بە شکڵی مێینە لە پلاستیک، پارچە یا لە هەرچی بێ و کچۆڵە یاری دەگەڵ دەکەن، بووکەشووشە، بووکەچینی، بووکۆڵە، بووکەڵە، وەویلە، وێوڵێ، بووکک. ٤ـ ئەو داوەڵەی کە بۆ بووکەبارانە سازی دەکەن. ٥ـ ماکێتی ساز کراو بە شێوەی مرۆڤ کە جل فرۆش و خەیات جلی دەبەر دەکەن. ٦ـ [باک] نێو و نێوەڕاستی شووتی. ٧ـ [باک] باپشکێو. ~ **بردن:** گواستنەوەی بووک بۆ ماڵە زاوا، بووک گواستنەوە. ~ **دابەزاندن:** گەیشتنی بووک بۆ ماڵە زاوا و هێنانە خواری لە ئەسپ یا ماشێن. ~ **گواستنەوە:** بردنی بووک لە ماڵی باوکییەوە بۆ ماڵە زاوا، بووک بردن. ~ **گۆڕینەوە:** گۆڕینەوەی بووک لە ژن بە ژنە دا لە نیوەی ڕێگا. بەم چەشنە کە کەس و کاری بووکەکان هەتا نیوەی ڕێگا دێن و لەوێ بووکەکان دەگۆڕنەوە و هەرکەس بووکی خۆی دەباتەوە. **بووکی ماڵە باب بوون:** (کنـ.) هەر لە ماڵ باب دا مانەوەی کچ و مێرد پەیدا نەکردن. **بە ~ بردن:** (کنـ.) حەیا بردن، ئابڕوو بردن، لە هەڵڵا دانی کار و مەسەلەیەک. ⁘ خزم و کەسم هەر بزاننەوە کە من قومار دەکەم دەست بەجێ بە بووکم دەبەن. || **بووکی بەهار:** (کنـ.) گوڵ. **بووکی دانەبەزیو:** (کنـ.) کچێک کە لە نێومال دا دەست لە هیچ نەدا و کاران نەکا. ⁘ کچێ ئەوە بۆ هیچ ناکەی دەڵێی بووکی دانەبەزیوی هەستە یارمەتی دایکت بدە! **بووکی دەریایی:** (گیانـ.) گیاندارێکی دەریاییە وەک قرژانگێکی درێژ و زۆر جوان کە ئاخری لەشی دەگاتە چوار پەڕە کە بۆ جووڵە دە نێو ئاو دا کەلکی لێوەردەگرێ. جووتە چنگەکانی ئەم گیاندارە گەورە و زۆر بە هێزن و بۆ ڕاوی گیاندارانی بچووک کەلکی لێوەردەگرێ، درێژایی دەگاتە نیو میتر و قورساییشی هەتا پێنج کیلۆش دیتراوە. ئەورووپاییەکان گۆشتەکەی دەخۆن و هەر لەبەر ئەمە ڕاو دەکردرێ،

homarus ناوی لاتینی ئەم گیاندارەیە، قــرژانگی دەریایی. **بووکی ڕۆژ:** (کنـ.) هەتاو، خۆرەتاو. **بووکی سوور:** (کنـ.) ١ـ بووکـێک کـە کچ بێ و بێـوەژن نەبێ. ٢ـ جنس و کاڵای باش. **بووکی سەر تاقەی:** (کنـ.) کـیـژ و ژنی زۆر جـوان. **بووکی عـەڕەب:** (کنـ.) مـەککە. **بووکی مـاڵان:** (کنـ.) کـچی کـارزان و کـارکـەر. **بووکی یەکشەوە:** کچێک کە لە شەوی زەماوەند دا مێردەکەی بکوژرێ یان بمرێ.

**بووک بووکێن** (نا. ل)[بووک + بووک + ئێن] ١ـ کایە کردنی منداڵ بە تایبەت کــچــۆڵان دەگــەڵ بووکی یاری، بووک بووکـــێنە. ٢ـ بوون بـو بووک و زاوای قەستی لە لای منداڵان بۆ کایە و یاری. (تاقـمـێک منداڵ کـوڕ و کـچـێک دەکـەنە بووک و زاوا و وەک شـــایی و داوەت بە خەیاڵ زەماوەند دەگێڕن.)

**بووک بووکێنە** (نا. ل)[بووک + بووک + ئێنە] بڕ: بووک بووکێن/١.

**بـووک خـنـکـێـنـە** (نا. ل)[بـووک + خـنـکێـنـە (خـنـکـانـدن)] هـەرکـــــام لە ئێسکەکانی ملی مریشک.

**بووکک** (نا. ل)[بووک + ک][باک] بڕ: بووک/٣.

**بووک مـار** (گـیـانـ.)[بووک + مـار1][باک] بڕ: مارمێلکە

**بـووکـنـی** (ئـان. ل)[بـووک + ن + ئـی] ئەو کـەسـانەی کـە لە مـاڵە زاواوە دەچنە ماڵە بووک و بووک دەگەڵ خۆیان دێننەوە ماڵە زاوا.

**بووکـــەبارانە** (نا. ل)[بووک + ئە + بارانە] داوەڵێکە لە کـاتی بێ بارانی کـە مـەترسی ویشکە سـاڵی هەیە منداڵ سـاز دەکــــەن. دوو داری راسـت و چەپ لێک دەبـەسـتن و پەڕۆی بـە ســــەر دادەدەن و تاقمێک منداڵ بە کۆڵانانی دا دەگێڕن و هەرا دەکـەن: بووکی مــە بارانی دەوێ / ئـاوی نێــو دەغــڵانـی دەوێ / دەرزیلـەی کـــچـــۆڵانی دەوێ. دەگــــەنە بەر هـەر دەرکـــەیەک خــــەڵک قـــاپێک ئاو بۆ بووکۆڵەکە دا دەکەن و بڕوایان وایە بەم چەشنە باران دەبارێ. بووکـە بە بارانە، بـووکــــە بە بارانـێ، بـووکــــەبارانـێ، وێوڵەبارانێ.

**بووکـــەبارانێ** (نا. ل)[بـووک + ئە + باران + ئێ] بڕ: بووکە بارانە.

**بووکە بە بارانە** (نا. ل)[بووک + ئە + بە + بارانە] بڕ: بووکەبارانە

**بووکـە بە بارانێ** (نا. ل)[بووک + ئە

+ بە + باران + ئێ] بڕ: بووکە بارانە.

**بووکــەجندە** (گـیـانـ.)[بـووک + ئە + جندە] جـۆرێک مـارمـێلکەی ئاویی پنۆک پنۆکی رەنگاورەنگی جوانە، هەر بە قـەرا مـارمـێلکەیە و شکڵی ئەویشی هـەیە، لە کانی و دەراو و گۆل و شوێنی کەم ئاو و تەنک دا دەژی و لە بـەر رەنگەکـانـی ئەو ناوەیان لێناوە.

**بووکـــەچینی** (نا. ل)[بووک + ئە + چینی] بڕ: بووک/٣.

**بووکـەسوورە** (گیانـ.)[بووک + ئە + ســوور + ئە] مــەلێکی چووکــە بـە قــەرا چۆلەکـەیەک دەبێ، بەر سـینگی سـووری ئـامــاڵ زەردە، Erithacus rubecula ناوی لاتینی ئەم مـەلەیە، سـینگ سـوور. (فـار: سـینە سرخ ـ عـەر: ابوالحناء). ‖ **بووکەسوورەی ئێرانی:** ١٧ سـانتیمـێترە. نێـرەیان پشـــتی بـۆری ئامــاڵ شــینە. لاجـانگی رەشـە. برۆ و گـەرووی سـپییـە. سـینگ و تەنیشـتی سـووری نارنجییـە، کلکی رەشـە. مێیـەیان رەشایی لاجانگی نیـیـە (فـەرهـەنگی باڵندە ل ٥٦) Irania gutturalis ناوی لاتینی ئەم مەلەیە.

**بووکە سەماکەرە** (نا. ل)[بووک + ئە + سـەمـا + کـەر + ئە] بووکـۆڵـەیەکـە لە پارچە ساز دەکردرێ و نێوەکەی بە لۆکە یا شتی دیکە داخننەوە.

**بووکــەسی** (گــیــانـ.)[بـووک + ئە + سی2] لە گــشـت قــازەکــان جــوانــتــر و چووکــتــرە. پەڕ بەڵـەکــە، مل، ســینگ و لاجانگی سوورە. خـەتێکی پانی سپی بە تەنیــشــت دا کـــشــاوە. لاق و دندووکی چـووک و رەشـن. لە نێـــــوانـی چـاو و دندووکی خـاڵێکی سپی هـەیە، Branta ruficollis ناوی لاتینی ئەم قازەیە.

**بووکـەشووشـە** (نا. ل)[بووک + ئە + شووشـە] بڕ: بووک/٣.

**بووکــۆڵە** (نا. ل)[بووک + ئۆڵە] بڕ: بووک/٣.

**بووکــەڵە** (نا. ل)[بووک + ئەڵە] بڕ: بووک/٣.

**بووکینان** (نا. ل)[بووک + ئین + ئان] [بـاک] دیوی بـووک و زاوا لـە شـــــەوی زەماوەند دا، پەردە، پەردوو، پاشپەردە.

**بـووکـــێنی** (نا. ل ـ ئان. ل)[بووک + ئێن + ئی] ١ـ جل و بەرگ یا هـەر شـتێک کـە بۆ بـووک کـڕدراوە. ‡‡ بیـسـت سـاڵە زەمـاوەنـدمـان کـردوە بەڵام هێـشـتـا جلی بووکێنیم هـەر مـاوەتەوە. ٢ـ ئەو مـاوەیەی کـە کـچی تازە شـوو کـردوو لە مـاڵێک بە

بووک حیساب دەکردرێ.

**بوول** (ئان.)[؟][باک] پشتکوور، کوور.

**بوولەرزە** (نا. ل)[بوو1 + لەرز + ئە] هەژیان و لەرینەوەی چینی سەرەوەی زەوی کە ئەگەر توند بێ دەبێتە هۆی وێرانی، بوومەلەرزە، بوولەرە، زەلزەلە، ئەردهەژین.

**بوولەرزەپێو** (نا. ل)[بوولەرزە + پێو] ئامراز و دەزگایەک کە چلۆنایەتی و رادە و شوێنی بوولەرزەی پێ ئەندازە دەگرن.

**بوولەرە** (نا. ل)[بوو1 + لەر (لەرینەوە) + ئە] بڕ: بوولەرزە

**بوولێڵ** (نا. ل)[بوو1 + لێڵ] ١- تاریک و روونی ئێوارە یا بەیانی، بوومەلێڵ، بوولێڵە. ٢- تاریک، تاریک و روون، نیوەتاریکی. ∷ بە ئەمری رەحمانی/ تۆز بڵند بوو، بوولێڵی خستە بەری عاسمانی (شۆڕمەحموود ل ٥٤)

**تێبینی:** دە نێوان بوولێڵ و بوومەلێڵ هەندێک کەس جیاوازی دادەنێن و بوومەلێڵ بە تاریک و روونی بەیانی و بوولێڵ بە تاریک و روونی ئێوارێ دادەنێن. لە باری وشەوە هەردووک یەک مانایان هەیە. بوو یا بووم بە مانای زەوین (هەروەک بوولەرزە و بوومەلەرزە) و لێڵیش کە ماناکەی دیارە و بە گشتی یانی ئەو دەمەی کە زەوی لێڵ دەبێ یا روونی و تاریکی تێکەڵ دەبن کە ئەویش هەر دوو کاتی تاریک و روونی ئێوار و بەیان دەگرێتەوە.

**بوولێڵە** (نا. ل)[بوو1 + لێڵ + ئە] بڕ: بوولێڵ

**بوولێڵی** (ئان. ل)[بوولێڵ + ئی] رەنگی بوولێڵ کە نە رووناکە و نە تاریک، رەنگی خۆڵەمێشی.

**بووڵ** (نا.)[پەه: ڤەر][هەو - ئەر] خۆڵی پاشماوەی سووتەمەنی دوای سووتان، خۆڵەمێش، خۆڵەکەوە، خۆلی، مشکی. ∷ ئازیزم! ئاهیر دووریی باڵای تۆ/ جەستەم کەرد وە بووڵ، شەماڵ بەرد پەی کۆ (مەولەوی ل ٢٥).

**تێبینی:** بووڵ هاومانایە دەگەڵ ڤەر var یا ڤەرر varr - ی پەهلەویی بە مانای خۆڵەمێش و هاوریشەیە دەگەڵ رەنگی بۆر بە لە بەر چاو گرتنی ئاڵوگۆڕیی دوو پیتی « ڵ » و « ر » دەگەڵ یەکتر.

**بووڵاو** (نا. ل)[بووڵ + ئاو] خۆڵەمێشێک کە دەگەڵ ئاو تێکەڵاو کراوە، خۆڵاو. بووڵاو بۆ رەنێو هێنانی

کشمیش و سەبزە هەروەها دروست کردنی مرەبا و هەندێک شتی دیکە کەلکی لێوەردەگرن.

**بووڵەمڕ** (نا. ل)[بووڵ + ئە + مڕ] خۆڵەمێشی داغ، زیلەمۆ، ژیلەمۆ، ژیلە، بیلمر.

**تێبینی:** مڕ لە چاوگی دامرکان کەوتوە و خودی دامرکانیش لە مردن.

**بووڵەوەرە** (نا. ل)[بووڵ + ئە + وەر + ئە] تیژاوی خۆڵەمێش کە بە بن دار و رەزی دادەکەن بۆ کوشتنی میمڵ و کرم و گیانداری بە زیان.

**بووم**[1] (نا.)[هیک: بهوومیی ـ ئێک: بووما ـ ئەو: بوومی ـ هەخ: بووم، بووما، بوومیی ـ سان: بهوومی، بهوو ـ پەه: بووم. ناو: بوو، بۆ، بووم ـ هەو: بووم] ١ـ زەوی، سەرزەوی، عەرد، هەرد، وڵات. ٢ـ پارچەیەکی ئامادە و خۆش کراوە کە نەققاشی لە سەر دەکەن.

**تێبینی:** بووم و هاوتاکانی لە کوردیی دا بە دەگمەن مەگەر لە ئەدەبیات دا بە تەنێ بێن، بەڵام لە وشەکانی لێکدراو دا هێشتا ماون، وەک بوومەلەرزە، بوودڕ، بوومەلێڵ، بووم ریخ، هەرد و بۆ، بووڵێڵ و...

**بووم**[2] (گیانـ.)[عەر: بووم] کوند، بوو2، کوندەبوو. ؛؛ بە یادی کونجی تۆ حاجی وەکوو بووم/ لە مەعمووره دەچێتە ناو کەلاوە (حاجی قادر ل ١١٣).

**بووم ریخ** (نا. ل)[بووم1 + ریخ] زەوییەکی سووک کە هەمووی خاک نەبێ و رەڵم و خیزی دەگەڵ بێ.

**بوومەکوێرە** (گیانـ.)[بووم2 + ئە + کوێر + ئە] بڕ: کوند

**بوومەلەرزە** (نا. ل)[بووم1 + ئە + لەرز + ئە] بڕ: بووڵەرزە

**بوومەلێڵ** (نا. ل)[بووم1 + ئە + لێڵ] بڕ: بووڵێڵ

**بوون** (چا. ل)[ئێک: بەڤە، بەڤ، بوو ـ ئەو: بوو، بەڤ ـ هەخ: بەڤ ـ سان: بهەڤەتی ـ پەه: بووتەن، بوتەن. روس: بیت ـ ئین: be. باک: بوون ـ ناو: بوون ـ باش: بوین ـ هەو: بیەی ـ زا: بیاییش] ١ـ لە دایک بوون، بە دونیا هاتن. ؛؛ کەس بە دوعا نەبوە، بە تووک بمرێ (پەند). ٢ـ مەوجوودیەتی بوونەوەر. ؛؛ ئەو گوڵدانە لە کوێ بوو هەر لە وێی دانێوە. ئێرە پێشتر دێ بوە بەڵام ئێستا بۆتە شار. ٣ـ پێگەیشتنی دارەبەر و حاسڵات. ؛؛ گەنمەکان بوونێ بەڵام

سێوەکان هێشتا نەبوونێ. ٤ـ چاوگی یاریدەدەر بە چاوگی دیکە، بۆ سەرف کردنیان لە رابوردوو دا. ∷ نەمابوو، هەڵاوەسرابوو، کاتێک میوانەکان هاتن نانمان خواردبوو. ٥ـ هەبوون. ∷ پووڵم نەبوو دەنا ماڵێکم هەر دەکڕی. ٦ ـ ئاو هاتنەوە، راحەت بوونی ژن و پیاو لە کاتی نزیکی. **بوون بە(بوونە):** ١ـ پێگەیشتن. ∷ کوڕەکانم بوونە دوکتوور. ئەحمەد بۆتە دوو ساڵە. ٢ـ تەبدیل بوون، گۆڕان بە شتێکی دیکە. ∷ ئاوەکە بۆتە سەهۆڵ. وڵات هەمووی بۆتە قوڕ.

**بوونەوە** (چا. م)[بوون + ئەوە] ١ـ لە سەرڕا بوون، ژیانەوە. ∷ هەر ددانە رزیوەکەیان کێشام سوکنایيم هاتێ دەتکوت تازە لە دایک بوومەوە. ٢ـ دیسان بوون، پەیدا بوون، وەچنگ کەوتن. ∷ تازە کوڕی وا چاک نابێتەوە. ٣ـ کرانەوە، وەبوون. ∷ دەرکە بۆتەوە فەرموونە ژوور. ٤ـ کرانەوەی غونچە، پشکووتن. ٥ـ لێبوونەوە، تەواو بوون. ∷ ئەو منداڵە هێشتا لە شیر نەبۆتەوە. سەعات چوار لە کار بووینەوە. ٦ـ کەوتن، جیا بوونەوە، لێبوونەوە. ∷ سێوێک لە دار بۆوە و بە سەر کابرای رێبوار دا کەوت. ٧ـ چاوگی یاریدەرە بۆ سەرف کردنی کرداری دیکە لە زەمانی رابوردوو دا. ∷ چووبوومەوە، نەهاتبوومەوە، منداڵێکیان دیتبۆوە.

**بوونەوەر** (نا. ل، ئان. ل)[بوون + ئە + وەر] هەرچێک کە هەبێ (گیاندار و بێ گیان)، مەوجوود.

**بووی** (نا.)[زا] بڕ: بۆن

**بوویجی** (نا.)[زا] بڕ: بووجی

**بها** (نا.)[باک] بڕ: بایەخ

**بهار** (نا.)[باک] بڕ: بەهار

**بهشت** (نا.)[باک] بڕ: بەهەشت

**بهن**[1] (نا.)[باک] بڕ: بۆ1

**بهن**[2] (نا.)[باک] بڕ: بین1

**بهور** (نا.)[باک] بڕ: بوار1

**بهورتن** (چا. م)[باک] بڕ: بواردن

**بهوشت** (نا.)[باک] بڕ: بەهەشت

**بهۆست** (نا.)[باک] بڕ: بست

**بهۆک** (نا.)[باک] بڕ: بەی

**بهیڤ** (نا.)[باک] بڕ: بادام

**بهیستن** (چا. م)[باک] بڕ: بیستن

**بهێشت** (نا.)[باش] بڕ: بەهەشت

**به** (ئام.)[ئێک: پەتی ـ ئەو: پەئیتی ـ هەخ: پەتیی ـ پاز: پە ـ پار: پەذ ـ پەه: پەت. باک: پێ، ب ـ ناو: بە، وە ـ باش: وە ـ هەو: بە ـ زا: ڤە] ئامرازە و بۆ ئەم مەبەستانە بە کار دەبردرێ:

١ـ بۆ سوێند خواردن. ⁘ بە سەری بابم، بە خودای، بە گۆڕی کاکم. ٢ـ بۆ دیاری کردنی چلۆنایەتی کەلک وەرگرتن لە شتێک یا ئامرازێک. ⁘ بە دەست چۆلەکەیەکم گرت. بە مشار دار دەبڕنەوە. ٣ ـ بۆ پرسیار و وڵام دانەوەی. ⁘ بە چەند؟ ـ بە دووسەد تمەن! بەچی؟ ـ بە دووچەرخە! بە کوێ دا؟ ـ بە سەرێ دا! ٤ـ پێش ناوی هەندێک گیانداری نێر دێ و مەیلی مێینە بەوان نیشان دەدا. ⁘ بەکەڵ، بە بەران، بەفاڵ، بەتەگە. ٥ـ دوو ناو یا دوو ئاوەڵناوی دووپات کراوە تێکدەکاتەوە و ئاوەڵناوێکی نوێ ساز دەکا، ئاو2، ئان4، ئام4، ئا14. ⁘ دووربەدوور، شاربەشار، سەربەسەر، دەست بە دەست.

**بە ئاستەم** (ئاک. ل)[بە + ئاستەم] زۆر کەمتر لە حاڵەتی ئاسایی، کەمێک، نەختێک، بە سەبرا، بەحاڵ. ⁘ بە ئاستەم سەری لە دەرگا دەرهێنا. رادیۆکە بە ئاستەم دەنگی دەهات. **بە ئاستەم و دوو بەڵا:** زۆرزۆر کەم، کەمووچکێک، ئاهێک. ⁘ بە ئاستەم و دوو بەڵا قۆڵم داڕووشاوە.

**بە ئاشکرا** (ئاک. ل)[بە + ئاشکرا] ١ـ بێپەردە، بێ داپۆشین و شاردنەوە، بە عالەمی ئاشکرا. ⁘ مانگا بە دزی کەڵ دەگرێ، بە ئاشکرا دەزێ. (پەند). ٢ـ بێپێچ و پەنا، روون.

**بە ئاشکرایی** (حم.)[بە + ئاشکرایی] بێپەردەیی، بە ئاشکرا. ⁘ بە ئاشکرایی قسەکەت بکە و لە کەس مەترسێ!

**بە ئاگا** (ئان. ل)[بە + ئاگا] ١ـ وەخەبەر، نەخەوتوو، هەستاو لە خەو. ٢ـ هەواڵی مەسەلە یا شتێک زانین، خەبەردار، ئاگادار. **~ بوون:** ١ـ وەخەبەر بوون، هێشتا نەخەوتن. ٢ـ خەبەردار بوون، ئاگادار بوون. **~ بوونەوە:** لە خەو هەستان، وە خەبەر هاتن، بە ئاگا هاتن. **~ کردنەوە:** وەخەبەر هێنانی کەسێک لەخەو، هەستاندن. **~ هاتن:** بڕ: بە ئاگا بوونەوە.

**بەئاڵۆش** (ئان. ل)[بە + ئاڵۆش] حاڵی کەسێک کە ئاڵۆشی هەیە، ئاڵۆشدار، ئاڵۆشاوی.

**بەبا** (ئان. ل)[بە + با6] حاڵی سەگ، گورگ یا چەقەڵێکی دێڵ کە مەیلی جووت بوونی هەیە. ~ **بوون:** هەوا و هەوەسی جووت گرتنی دێڵەی سەگ و گورگ و چەقەڵ. ∷ ئەگەر دێڵ بەبایە / سەگ دێ لە بەغدایە (پەند).

**بە بازاڕ** (ئان. ل)[بە + بازاڕ] دوکاندارێک کە بازاڕی خۆشە و شمەکەکەی دەفرۆشرێ، بازاڕخۆش. // بێ بازاڕ. ~ **بوون:** ١- بڕ: بازار هەبوون. ٢- شێوە رستەیەکە کڕیار یا ناسیاوی دەکاندار وەک سپاس و ئاواتی فرۆشی زۆر دەریدەبڕێ. ∷ فەرموو چایەکی بخۆوە! - بە بازاڕ بی دەبێ بڕۆم.

**بەبر** (گیان.) بڕ: بەور1

**بەبڕ** (ئان. ل)[بە + بڕ] بەحوکم، بەبڕشت. ~ **بوون:** بڕشت هەبوون، بەحوکم بوون، بڕ هەبوون.

**بەبڕشت** (ئان. ل)[بە + بڕشت] ١- مرۆڤی بەکار و کار لە دەست هاتوو. ٢- زەوی بە پیت کە حاسڵی زۆر بدا. & بەبڕ. ~ **بوون:** ١- حوکم ڕۆیشتن، بە دەستەڵات بوون، بەبڕ بوون. ٢- حاسڵ دانی زۆری زەوی.

**بەبک** (نا. ل)[بەبە + ک][باک] بڕ: بەبە

**بەبلە** (نا. ل)[بەبە + لە][ئەر] بڕ: بەبە

**بەبۆ** (نا.)[؟] گوێزێکە لە یاری سافێن دا دەشکێ و منداڵەکان بۆ چنینەوەی پەلاماری دەدەن و هاوار دەکەن بەبۆیە، بەبۆیە (قامووس ب ٢ ل ١٣٤).

**بەبە** (نا.) منداڵی ساوا، منداڵێک کە هێشتا زمانی نەکردۆتەوە، بەبک، بەبلە، بەبەلە.

**تێبینی:** ئەو وشەیە لە زمانی منداڵانەوە وەرگیراوە. لە زمانی ئینگلیسی دا babe و baby بەو مانایەیە.

**بە بەخت** (ئان. ل)[بە + بەخت] کەسێک کە شانس و بەختی هەیە. ~ **بوون:** شانس هەبوون، بەخت هەبوون، لە سەر بەخت بوون.

**بە بەر** (ئان. ل)[بە + بەر1] دار و درەختی بەردار، داری بە بەر گەیشتوو.

**بە بەران** (ئان. ل)[بە + بەران] حاڵی مەڕێک کە مەیلی جووت بوونی دەگەڵ بەران هەبێ.

**بە بەقا** (ئان. ل)[بە + بەقا] کەسێک

کـە لە سـەر بەڵێنـی خـۆیەتـی، شـیـاوی باوەڕ و بڕوا، جێ بەقا.

**بەبەلە** [1] (نا. ل)[بەبە + لە] بڕ: بەبە.

**بەبەلە** [2] (نا.)[باک] بڕ: بیبیلە

**بە بـەیـنـەت** (ئـان. ل)[بـە + بـەیـنـەت] کـەسـێک کـە لە سـەر پـەیمان و بەڵێنی خـۆی بێ، بە بەقـا، بە وەفـا. ⁂ ئەمن چ بکەم بۆ قاسیدێکی بە بەینەت و بە بەقا/ بینێرەوە کن چەلەنگێ ئەوێ کاولە دنیایە (پایزە ل ٣٣).

**بەبێ** (پێـــشـ.) بڕ: بێ. ⁂ بەبێ تۆ ناچمە شایی.

**بە بێـبـاکی** (ئاک. ل)[بە + بێـبـاکی] بێباکانە، بوێرانە. ⁂ بە بێباکی دەمێکی هات و داغی کردم و ڕۆیی / دەبێ حاڵی چ بێ بولبـول، بەهـار زۆر پێنەچوو ڕۆیی (وەفایی ل ٢٠٨).

**بەبێزوبۆ** (ئان. ل)[بە + بێز + و + بۆ] حـاڵی کـەسـێک کـە لـە هـەر خـواردنێک بیـانـووبگرێ، کەسێک کە بە قێـز و بێز شت بخـوا. **~ بوون:** بیـز لە هـەمـوو خـواردنـێک کـردن، هـەمـوو شـتـێک بە بێزەوە خواردن.

**بەبێنەبێن** (ئان. ل)[بە + بێن (هێنان) + ئە + بێن (هێنان)] حاڵی شوێنێکی کە هـات و چۆی زۆر لـە ســـەرە و خـــەڵک رووی تێدەکەن، شـوێنی مـیوانگر و هات و چۆ لە سەر، بە بێنەبێنە.

**بەبێنەبێنە** (ئان. ل)[بە + بێن + ئە + بێـن + ئـە] بـڕ: بـەبـێـنـەبـێـن. ⁂ تـا دێ ئاوەدانتر، تا دیوەخـان بە بێنەبێنەتر، ... بان خـــۆشـــخـــوانیش وەســـتـــاتر و ... پۆشتەتر دەبوو. (تحفە مظفریە ل ٨)

**بەپانەوە** (ئاک. ل)[بە + پان + ئەوە] تێـگـڕا، هـەمـــوو، گــشـت. ⁂ ســاز بـن بە پانەوە با بڕۆینە دەر. دز مـــاڵەکـــەیان بەپانەوە بردم.

**بـەپـشـت** (ئـان. ل)[بـە + پـشـت] ١ـ کـەسـێک کـە لاگـر و پشـتـیـوانـی هـەیە، پشت ئەسـتوور. ٢ـ حـاڵی شـتێکی پاڵ و پشـتـی هـەبێ و قـایم وەسـتـا بـێ، پـتـەو، قـــایم. ٣ـ پەڵە دەغـــڵــێکی خـــۆی لێک دابێتەوە و جێی بەتاڵی تێدا نەبیندرێ.

**بەپشـوو** (ئان. ل)[بە + پشـوو] کەسی ئارام و لە سـەرەخـۆ کە بە مـەسـەلەیەک زوو دەرهـەڵـنـابـێ، پشـوودرێژ. **~ بوون:** لە سەرەخۆ بوون، دەرهەڵنەبوون.

**بەپۆز** (ئان. ل)[بە + پۆز] کەسێک کە پۆز و ئـیــفـــادە لـە ســـەر خـــەڵک لێـــدا،

بەدەعـیـە، ترزل، لووت بەرز. **~ بوون:** ئیفادە لێدان، بە دەعیە بوون.

**بەپەلە** (ئان. ل)[بە + پەلە] کارێک کە پەلـە و تـوندی تـێــــــدا هـەبێ، بـەلـەز، بەتـاڵووکـە، بـەپەلـەپەل. **~ بوون:** پەلە هـەبوون، پەلە کردن، بەتاڵووکە بوون.

**بەپەلەپەل** (ئان. ل)[بە + پەلەپەل] بڕ: بەپەلە. ⁙ بە پەلـەپـەل مـەشـقـەکـانی نووسییەوە و بۆ کایە کردن هەڵاتە دەرێ.

**بەپێ** (ئان. ل)[بە + پێ] کـەسێک کە لە ڕۆیشـتن و ڕۆیین دا خـێـرایە، قـۆچاغ، بەلەپا، بەلەپێ.

**بەپێچ و پەنا** (ئـان. ل)[بە + پێچ و پەنا] حاڵی کـەسێک کە کـار و کردەوە و قسـەی نێو خـۆی بە سانایی نەدرکێنێ و گـرێ و پێـچـی تێـبـخـا. ⁙ سـەرڕاست قـسـەی دڵت بڵـێ بۆ هێندە بە پێچ و پەنا قسان دەکەی!

**بەپێچەوانە** (ئان. ل)[بە + پێچەوانە] حاڵی کارێک بە دژی خۆی، چەپەوانە.

**بەپێی فـیلان** (ئاک. ل)[بە + پێ + ی + فیل + ئان] گـەلێک زۆر، زۆر و زەوەند. ⁙ خـاتوون ئـەسـتی مـردووە، پڵاو گۆشت بە پێی فیلانە (شێخ فەرخ ل ٦٦).

**بەپێـیـەک** (ئاک. ل)[بە + پێ + یەک] زوو، گـورج. ⁙ بە پێـیـەک بچـۆ بازاڕ و کیلۆیەکم گۆشت بۆ بکڕە.

**بەت** (گیانـ.)[عەر: بط] بڕ: مراوی

**بەتارە** (نا.)[؟][ئـەر] فـڵـچـەیەک کـە جـۆلا بۆ ئاهـار و چرێش لـێـدان کـەلکی لێوەردەگرێ، فڵچە، گزکچە.

**بە تـاق تەنـێ** (ئـان. ل)[بـە + تـاق + تـەنـێ] بێ هـاودەم، یـەک تـەنـە، تـەنیــــا، بەتەنێ.

**بە تاقەت** (ئان. ل)[بە + تاقەت] ١ـ بە هێــز. ٢ـ بە ســەبر، بە حــەوســەلە.// بێتاقەت. **~ بوون:** ١ـ بە هێز بوون. ٢ـ بە سـەبر و حـوسـەلە بوون. // بێـتـاقـەت بوون. **~ کردن:** بەهێز کردن.

**بەتاڵ** (ئان.)[عــەر: بطـال] ١ـ هـەر شـتێک کە ناوەکەی بۆش بێ و چی تێدا نەبێ. ⁙ تەپڵـی بەتاڵ، گـۆزەی بەتاڵ. ٢ـ چوار دیواری و مـاڵی چۆل کـە کـەسی تێدا نەبێ. ⁙ مـاڵی بەتاڵت پێ شک نایە بەکــرێی بگرم. ٣ـ هـەر قــســە و نوسـراوەیەک ناوەرۆکـی نەبێ. ٤ـ کـەسی بێ کــار و بـار. ⁙ بەتاڵ و بێکار بـۆی دەخـولێـتـەوە. ٥ـ کـەسی بێمـێشک و بێ ئاقڵ، مــێــشک بەتـاڵ. ⁙ بـەو قــەد و

قـەڵافـەتەی چـی دەباران دا نیـە و بەتاڵە.
٦ـ هـەڵوەشان و باتڵ بوونی نوێژ. & ڤالا.
**~ بوون:** ١ـ بۆش بوون دەفــری پڕ، هیـچ دە دەفـر دا نەمـان. ٢ـ چۆڵ بـوونی مـاڵ و دوکـان و شــتی لەم بابـەتە. ٣ـ بێکار بـوون. ٤ـ بێ ئاقڵ بـوون، ئاقڵ پێ نەشکان. ٥ـ بێ ناوەرۆک بوونی قسـە و نووسراوە و شتی لەم بابەتە. **~ کردن:** ١ـ رشـتنی ئاوەکی دەفـر. ٢ـ هـەڵرشتن و رۆکــــردن. ٣ـ چـۆڵ کــــردنی مــــاڵ و چواردیواری. ٤ـ دەست هـەڵگرتن لە کار. ∷ ئێواری کارەکە بەتاڵ دەکەین.

**بـەتـاڵایـی** (حـم.)[بـەتـاڵ + ئـایـی] چلۆنایەتی هەر شتێکی بەتاڵ، بۆشایی

**بـەتاڵ پـێ** (نـا. ل)[بـەتـاڵ + پـێ1] کـەسـێک کـە لە شـوێنێک بێ و بێکار وەسـتـابێ. ∷ ئەوە بۆ کـار بەو کـوڕانە ناکـەی هـەمـوو بـەتاڵ پێ لە سـووچی حەسار راوەستاون.

**بەتاڵ و حەتاڵ** (ئان. ل)[عەر: بطال و عطال] ١ـ کـەسـێک کـە هیـچ کـار و پیشـەیەکی نەبێ. ٢ـ حـاڵی دەفـر هیـچی تێدا نـەبێ. ٣ـ شـوێنی چۆل کـە کـەسی تێدا نەبێ.

**بەتاڵووکـە** (ئاک. ل)[بـە + تاڵووکـە]

بڕ: بەپەلە.

**بەتام** (ئان. ل)[بـە + تام] حــاڵی هـەر خـواردەمەنی و چێشـتێکی چێژی خۆش بێ. // بێتام.

**بەتانە** (نا.)[عەر: بطانە] ئاردەمـشـار و چرێشی لێکدراو کە نـەجارِ بۆ گـرتنی کەلێن و درزی چێو کەلکی لێوەردەگرێ.

**بەتانی** (نا.)[عەر: بطانیة] بڕ: پەتوو

**بەترپێر** (نا. ل، ئاک. ل)[بەتر + پێر] [باک] بڕ: بەسر پێرێ

**بەترپێــــرار** (نـا. ل، ئاک. ل)[بـەتـر + پێرار] بڕ: بەسر پێرار

**بەترپێــــرێ** (نـا. ل، ئاک. ل)[بـەتـر + پێرێ] بڕ: بەسر پێرێ

**بە ترس** (ئان. ل)[بە + ترس] بە سام، سـامـناک، ترسـناک. **~ بوون:** جـێی ترس بـوون، ســــامـنـاک بـوون. ∷ ئەو رێگایەی تۆ پێیدا دەڕۆی زۆر بە ترسـە.

**بە ترس و لەرز** (ئان. ل)[بـە + ترس + و + لەرز] زۆر ترسـاو، بە ترسـەترس. ∷ بەترس و لەرز دەرگای کردەوە.

**بە ترســەترس** (ئان. ل)[بە + ترس + ئە + ترس] زۆر ترساو، بە ترس و لەرز.

**بەتاڵان** (چا. ل) ١ـ لە کیس چوونی کات و وەخت. ٢ـ فەوتان و بە فیڕۆ چوون.

**تێبینی:** بەتاڵان و بەتاڵاندن لە ـ باطل ـ ی عەرەبی کەوتوون، تەحریف کراوە و چاوگی لێ ساز کراوە

**بەتاڵاندن** (چا. م)[لە: بەتاڵان] ١ـ کوشتنی کات و وەخت، بە فیڕۆ دانی کات. ٢ـ فەوتاندن و بە فیڕۆ دانی شتێک. ٣ـ کوشتن و فەوتاندنی کەسێک. ‡ ئەمن و تو مەسەلەحەتە پادشای ببەتاڵێنین، ئەمەش لێدەین بڕۆین (مان ل ٩).

**بەتاڵاو** (نا. مف.)[لە: بەتاڵان] فەوتاو، لە کیس چوو، زایە.

**بەتویکڵ** (ئان. ل)[بە + تویکڵ] قسەیەک کە جگە لە مانای رواڵەتی مانای دیکەشی لێ بێتەوە.

**بەتۆپز** (ئان. ل)[بە + تۆپز] بە زۆر،بە زۆری. ‡ فێرگەی پێخۆش نەبوو بە تۆپز بردیانە دەرس خوێندن. بە تۆپز فێرم کرد.

**بەتەگە** (ئان. ل)[بە + تەگە] بزنێک کە مەیلی جووت بوونی دەگەڵ نێری هەیە.

**بەتەڵەب** (ئان. ل)[بە + تەڵەب (عەر: طلب)] بڕ: بەفاڵ

**بەتەما** (ئان. ل)[بە + تەما] ١ـ چاوەنوار، بەهەویا، هیوادار. ‡ بە تەمای من مەبن نایەم. هەتا مردن هەر بە تەماتم. ٢ـ داواکار، داخواز، ویستن. ‡ بە تەمام دوکانێک بکرم. بەتەمام ئەوساڵ دەرسەکانم باش بخوێنم. **~ بوون:** ١ـ چاوەڕوان بوون. ٢ـ ویستن، لە فکر دابوون، پێوە بوون. ‡ بەتەمام سەرێکی نەنکم بدەم. **~ کردن:** هیوادار کردن، چاوەڕوان هێشتنەوە.

**بەتەماح** (ئان. ل)[بە + تەماح] کەسێک کە تەماحی پڕ نابێ، چاونەزێر، تەماحکار. **~ بوون:** تەماح هەبوون، تەماحکار بوون، تەماح پڕ نەبوون.

**بەتەمەن** (ئان. ل)[بە + تەمەن] کەسێک کە تەمەنی بەرەو سەر چووبێ. **~ بوون:** تەمەندار بوون، عومر زۆر بوون.

**بەتەنێ** (ئان. ل)[بە + تەنێ] ١ـ تەنیا، یەک تەنە، بەتاق تەنێ. ٢ـ سەڵەت، رەبەن. ٣ـ بێ کەس و کار. **~ بوون:** تەنیا بوون، کەس دەگەڵ نەبوون. **~ مانەوە:** تەنیا مانەوە، بێکەس بوون، بێ

هاودەم و دۆست بوون.

**بەتیسک** (ئان. ل)[بە + تیسک] بڕ: تیسکن

**بەتین** (ئان. ل)[بە + تین] ١- حاڵی هەر شتێک کە گەرمای زۆر بێ. ٢- (مجـ.) هەستی زۆر. **~ بوون:** ١- گەرم و گوڕی هەبوون. ٢- (مجـ.) زۆر بە هەست بوون.

**بە تێڕادیویی** (حم.)[بە + تێڕادیو (تێڕادیتن) + ئیی] تێڕادیتن، ئەنجام دانی کارێک بە دڵنیاییەکی تەواوەوە. ⁝⁝ بە تێڕادیویی هات و داوای پارەی لێکردم.

**بەجا** (ئان. ل)[بە + جا] بڕ: بەجێ

**بەجەرگ** (ئان. ل)[بە + جەرگ] مرۆی ئازا و نەترس، بەدڵ، بە غیرەت، جگەردار. **~ بوون:** بەغیرەت بوون، نەترسان.

**بەجەوهەر** (ئان. ل)[بە + جەوهەر] ١- بە غیرەت، نەترس. ٢- بە هونەر، هونەرمەند. **~ بوون:** ١- بەغیرەت بوون، نەترسان. ٢- هونەر و سەنعەتێک زانین.

**بەجارێ** (ئاک. ل)[بە + جار + ئێ]

بڕ: بەجارێک

**بەجارێک** (ئاک. ل)[بە + جار + ئێک] بە یەکجاریی، بۆ هەمیشە، بە تەواویی، هەتا ئەبەد. ⁝⁝ رادیۆکەمان لەپڕ بێدەنگ بوو و بەجارێک لە کار کەوت.

**بەجێ** (ئان. ل)[بە + جێ] ١- کارێکی رێکوپێک و شیاو. ٢- (ئاک. ل) لە جێی، لە بری. لەبات. ⁝⁝ ئیمرۆ بە جێی باوکم من ئیش دەکەم. **~ بوون:** جێی خۆ بوون، کار و کردەوەیەکی رێک و پێک بوون. ⁝⁝ کۆششی من زۆر بە جێیە و زۆر رەوا/ چونکە قانوونی تەبیعەت وایە، وا (ناڵەی جودایی ل ٢٢).

**بەچ** (نا.) ١- بڕ: بێچوو. ٢- بێچووی کەروێشک.

**بەچاوە** (نا. ل)[بە + چاو + ئە] بڕشت و بڕی چاوی پیس، چاڤنی. **~ بوون:** کەسێک کە چاوی پیس کاری لێکردوە و تووشی کەند و کۆسپ، نەخۆشی، بەدشانسی و ئازار هاتوە، بە چاوەوە بوون، چاڤنی بوون. **~وە بوون:** بڕ: بەچاوە بوون. **~ کردن:** بە چاوی پیس روانینە کەسێک و تووشی بەدشانسی و نەخۆشی کردن.

**بەچک** (نا. ل)[بەچ + ک][پەهـ:

بەچەک] بڕ: بێچوو

**بەچکە** (نا. ل)[بەچ + کە] ١ـ بڕ: بێچوو. ﴿ بەچکەشێر، بەچکەگورگ. ٢ـ بڕ: بەچە/٢

**بەچگە** (نا. ل)[بەچ + گە][باش] بڕ: بێچوو.

**بەچوارچاوان** (ئاک. ل)[بە + چوار + چاو + ئان] بە وردیی، بە هەموو توانای چاوەوە. ﴿ پێشمەرگە لە کاتی ئێشک گرتن دا دەبێ بە چوارچاوانی بڕوانێ.

**بەچوو** (نا. ل)[بەچ + ئوو] بڕ: بێچوو

**بەچووڵە** (نا. ل)[بەچ + ئووڵە] بڕ: بێچووڵە

**بەچە** (نا. ل)[بەچ + ئە] ١ـ [هەو] بڕ: بێچوو. ٢ـ منداڵی کوڕ کە پیاو بۆ کاری جنسی دۆستایەتی دەگەڵ پێک دێنێ، لووسکە، بەچکە، بەچچە.

**بەچەباز** (نا. فا، ئان. فا)[بەچە + باز4] پیاوی نێرینەباز و تەبیعەت سارد کە بە منداڵی نێرینە فێرە، مناڵباز، منداڵباز، هەتیوباز، لووسکەباز، هەتیوگێ، کوڕگێ.

**بەچەبازیی** (حم.)[بەچەباز + ئیی] کار و کردەوەی کەسی بەچەباز، هەتیوبازیی.

**بەچەخۆرە** (نا. ل، ئان. فا)[بەچە + خۆر2 + ئە] ١ـ گۆشتی زێدەی نێو پزدان و منداڵدانی ژن کە هەندێک جار دەبێتە هۆی سەرەتانی منداڵدان. ٢ـ کرم یا گیاندارێک کە خەڵک پێیان وایە دە نێو زگی هەندێک کەس دا هەیە کە زۆر دەخۆن و تێر و قەڵەو نابن.

**بەچەدان** (نا. ل)[بەچە + دان4] بڕ: پزدان/١.

**بەچەک** (ئان. ل)[بە + چەک] کەسێک کە چەکی پێبێ، چەکدار.

**بەحاڵ** (ئاک. ل)[بە + حاڵ] ١ـ بە زەحمەت، بەزۆری، سەخت. ﴿ بەحاڵ رازیم کرد بچێتە شایی. ٢ـ زۆر کەمتر لە حاڵەتی ئاسایی، کەمێک، نەختێک، بە ئاستەم.

**بەحاڵەحاڵ** (ئاک. ل)[بە + حاڵ + ئە + حاڵ] زۆر بە زەحمەت، زۆر بە سەختی. ﴿ بەحاڵەحاڵ نانی شەوێم پەیدا دەکەم.

**بەحر** (نا.)[عەر: بحر] دەریا، زەریا. ﴿ لەم بەحری فیتنە بەڵکی نەجاتت بدا خودا / داوێنی باخودا بگرە، بەردە ناخودا (مەحوی ل ٣).

**بەحریلکە** (گیانـ.)[بەحر + ئیلکە] جۆرێک مراوی چووکە.

٣٨ سانتیمێترە. نەختێک لە جورە گەورەترە، هەروەها ملی درێژ و سەریشی گەورەترە. پەڕوباڵی قاوەیی خاڵخاڵە، سەر برۆی رەشە. سەری باڵی سپییە. نێرە تووکی پاش ملی کەمێک درێژە و شێوەی کاکۆڵ دەدا. ئەودەمەی کە باڕە بەرزگی زەردە و دوو خاڵی سپی لە سەر باڵە. زۆرتر بە جووت دەبینرێن. جاری وایە زستانان بە گەل دەگەڕێن. زۆرتر خۆ لەبەر چاو نەدیو دەکا. لە کەنار ئاوی شیرن لە شوێنی پڕ گیاوگۆڵ دەژی و هێلانەی ساز دەکا (فەرهەنگی باڵندە ل ١٦١)، Anas an-gustirotris ناوی لاتینی ئەم مەلەیە، مراوی سپیلکە، مراوی سابوونی.

**بەحوکم** (ئان. ل)[بە + حوکم] ١ـ بە دەستەڵات، بەبڕشت. ٢ـ بە هێز، قەوە. **~ بوون:** ١ـ بەدەستەڵات بوون، حوکم رۆیشتن، بەبڕ بوون. ٢ـ بەهێز بوونی چاو. ⁘ ماشەڵڵا چاوێکی زۆر بە حوکمی هەیە.

**بەحەشت** (نا.) بڕ: بەهەشت

**بەحەیا** (ئان. ل)[بە + حەیا] مرۆی بە ئەدەب و شەرمن. // بێحەیا. **~ بوون:** خاوەن شەرم و حەیا بوون.

**بەحەوسەلە** (ئان. ل)[بە + حەوسەلە] ئارام، لەسەرەخۆ. **~ بوون:** لەسەرەخۆ بوون، تاقەت هەبوون. ⁘ سەعید کوتی: ئاغام دەبێ زۆر بەحەوسەلە بێ لەو دونیایە / خودا دونیای وا داناوە، هەزار چاک و خراپی تێدایە (سەعید و میرسێوەدین ل ١٠٩)

**بەخت** (نا.)[ئەو: بەختە ـ پەھ: بەخت. باک: بەخت ـ ناو: بەخت ـ باش: بەخت ـ هەو: بەخت ـ زا: بەخت] ١ـ هێزێکی نادیار کە مرۆڤ لە کۆنەوە بڕوای پێی هەبوە و هات و نەهاتی لەوەوە دەزانێ، شانس، چارە، ئیقباڵ. ٢ـ فیدا ٣ـ فێڕۆ. **~ بە ~ی سوێنە بوون:** (کنـ.) بەختەوەر و سەخی و خۆشەویست بوون. **تێبینی:** سوێنە تەشتی گڵێنەی جل تێدا شوشتنە و بەرەبەرە جلی چڵکنی لە دەورە کۆ دەبێتەوە و هەموو چاو لە دەستی سوێنەن کە تێیدا بشۆرێن و خاوێن بنەوە. **~ بەتاقی کردنەوە:** بڕ: بەخت گرتنەوە. **~ بەستران:** کچێک کە خوازبێنێ نەبێ. **~ سووتان:** بەختەوەر نەبوون، بەدبەخت بوون. **~ کرانەوە:** ١ـ بەخت هەستان، پەیدا بوونی

بەخت. ٢ـ خوازبێنی پەیدا بوون بۆ کچ. **~ کردن:** ١ـ بەخشینی گیان لە سەر رێباز و بیر و بڕوایەک، گیان بەخت کردن، سەر بەخت کردن. ∷ لە رێی ئەو دا بەخت کەم گەر ژیانم / بە سەربەرزی و بە شانازی دەزانم (نالەی جودایی ل ٦٤). ٢ـ بەخشێن و بلاّ کردن و بە فیڕو دانی ماڵ و حاڵ. ∷ میراتی بابی بە ساڵێک بەخت کرد. **~ گرتنەوە:** تاقی کردنەوەی بەخت و چارە بە کەرەسەی جۆربەجۆر (وەک فاڵ، چلدانە، تەسبێح هاویشتن، پەڕی قومار، دەنکەشەمچە و ...) بۆ دەرکەوتنی هات و نەهات، بەخت بەتاقی کردنەوە. **~ نوستن:** بۆ نەهاتن، شانس نەبوون. ∷ زاهیرا بەیتم لە نالی و کوردی زۆر کەمتر نیە/ تالعم بەرگەشتەیە، بەدبەختە بەختم نوستووە (حاجی قادر ل ١٣٠). هەرچی ماڵ دێنم و دەیفرۆشم چ قازانجێ ناکەم وا دیارە بەختم نوستوە. **~ وەرگەڕان:** گۆڕانی بەخت و شانسی کەسێک، بەرەوە خراپە چوونی بەخت. **~ وەک سەگ وەڕین:** (کنـ.) زۆر بە شانس و بەخت بوونی غەنیم و لە هەر کارێک دا شانس هێنان و سەرکەوتن. **~ هەبوون:** بە شانس بوون، خاوەن بەخت بوون. ∷ ئەگەر بەختت هەبێ لە هیچ پووڵت بۆ دەبارێ.

**~ هەستان:** ١ـ بە بەخت بوون، شانس پەیدا کردن، بۆ هاتن.// بەخت نوستن. ∷ ئەوڕۆ وادیارە بەختم هەستاوە و خۆش خۆش دەیبەمەوە! ٢ـ خوازبێنی پەیدا بوون بۆ کچ.// بەخت بەستران. **خۆ ~ کردن:** مردن لە پێناو مەبەستێک دا. **خۆ خستنە بەر ~ی کەسێک:** پەنابردن بۆ بەختی کەسێکی دیکە، کەسێک کە خۆی بەختی نیە ∷ ئەی لامیسە! ئەگەرچی نەبوو دەنگ و رەنگ و بۆ / وەک شێت بە عەقڵی خامەوە خۆم خستە بەختی تۆ (گۆران ل ١٤). خۆم دەخەمە بەر بەختی تۆ بەشکەم ئەوجار شانس بێنم. **لە سەر ~ بوون:** بە بەخت بوون، بەخت هەستان. || **بەختی بێدار:** شانس و بەخت، بەختێک کە دەگەڵ خاوەنەکەی بێ. // بەختی نوستوو. ∷ شەوچرایەک بوو لە رۆژی رەشما/ بەختی بێدار بوو لە ناو باوەشما (بۆ کوردستان ل ١٤٢). **بەختی خەواڵوو:** شانس و بەختێک کە بە ئاگا نەبێ، بەختێک کە دەگەڵ خاوەنەکەی نەبێ، بەختی نوستوو. ∷ جەماڵی رابیتەی وا دڵبەرە، بەختی خەواڵووشم/ بە ئومێدی تەماشایەک

هەمیشە چاوی بێدارە (مەحوی ل ٤٦٧) گوتم بە بەختی خەوالّوو بەسە ئەتوو بی خودا/ لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەو لا (حاجی قادر ل ٣١). **بەختی رەش:** شانس و بەختی خراپ، بەختی سیا. ∷ بەختی رەش حەوجە بە هەش ناکا (پەند ل ١٠٥). گـێـژی لە خـەیاڵات و گلەی بەخـتی رەشت/ رابوێرە هەتا بە جـارێ نەبڕاوە بەشت (خەییام ل ٦). **بەختی سپی:** شـانس و بەخـتی باش. **بەختی سیا:** بڕ: بەختی رەش. ∷ گا دەسووتێم گـا دەگریەم، غەرقی ئاو و ئاورم / ئاخ لەبەر بەختی سیا، نازانم ئەز بۆچ نامرم (وەفایی ل ٥٩). **بەختی کەچ:** بەختێک کە دەگەڵت نەبێ، بەخـتی خـراپ، بەخـتی رەش. ∷ گـەلێ قـسـەم لە دڵا بوو، حیکایەتم مابوو/ کەچی لە بەختی کەچم خامە نووکی لێرە شکا (حاجی قادر ل ٣٧). **بەختی نوستوو:** بڕ. بەختی خەوالّوو.

**تێبینی:** بەخت لە ریشەی بەگ bag ـی ئەویستایی و بەخشین و بەشینەوەی کوردیی کەوتوە بە مـانای بەش دراو، بەش پێبڕاو ئەوەی کە بەشی تۆیە.

**بەختـدار** (ئان. فـا)[بەخت + دار] کەسی خاوەن بەخت، بەبەخت، خۆش شانس، بەختیار.

**بەخت رەش** (ئان. ل)[بەخت + رەش] ١ـ کەسێک کە بەختی باش نیە و خراپی بۆ دێ، چارەڕەش. ٢ـ ژنێک کـە لای مێردەکەی بەختەوەر نەبێ.

**بەخت و هات** (نا. ل)[بەخت + و + هات] شـانس و بەخت، بەخت. ∷ هەتا کەنگێ دەدەی تۆ بەخت و هاتی/ دەزانی چەند درە نەحلەت لە زاتی (ناڵەی جودایی ل ٨٦).

**بەختـە** (نا.)[سان: بەستـە ـ تەب: بەختـە ـ فـار: بەختـە] ١ـ بەران. ٢ـ بەرانی خەسێنراو. ٣ـ دابەستە، پەراور.

**تێبینی:** لە زمانی تەبەری دا بەختە baxta بە مانای خەسێنراو هاتوە و لە فارسی دا بە مانای بەرخەنێری سێ یا چوار ساڵە (بڕ: موعین ب ١ ل ٤٧٦) و لە راوێژی کرمانی دا بە مانای یەختە هاتوە (فرهنگ گویش کرمانی ل ٤٢) وهەروەتر لە سانسکریت دا بەستە basta بە مانای بەران هاتوە.

**بەختـەباران** (نا. ل)[بەخت + ئە + باران] سێهەم مانگی بەهارکە بارینی باران بە بەختە. بڕ: جۆزەردان. ∷ بزەی دەرمـانی دەردی دەردەداران/ وشـەی

وەک بەخـــتـــەبارانی بەهاران (ناڵەی جودایی ل ٥٥)

**بەختەبەران** (نا. ل)[بەختە + بەران] بەرخەنێرێک کە خاوەنەکەی بۆ بەران هەڵیدەبژێرێ.

**بەختەڵباران** (نا. ل)[بەخت + ئەڵ + باران] بڕ: بەختەباران

**بەختەوار** (ئان. ل)[بەخت + ئە + وار] ١ـ بەختەوەر، بەختیار، خۆشبەخت. ∷ دەیانگوت: ڕۆڵە قـوچ عـوسـمـانە بەختەوارە / بۆچیت هەیە هێندە گریان و هاوارە (مان ل ٢١٦). ٢ـ [باک] بەڵێن ڕاست، خاوەن ویژدان، بەویژدان.

**بەختەوەر** (ئان. ل)[بەخت + ئە + وەر] خاوەن بەخت، بەبەخت، بەختدار، بەختیار، خۆشبەخت. **~ بوون:** خۆشبەخت بوون، پێگەیشتن بە خۆشییەوە، ڕازی بوون لە ژیان، بەختیار بوون. **~ کردن:** خۆشبەخت کردن، بەختیار کردن. **بەختەوەری دنیا و قیامەت بوون:** (دوعا) هەمیشە بەختەوەر بوون هەم لەم دنیایە و هەمیش لە دنیای دیکە.

**بەختەوەریی** (حم.)[بەختەوەر + ئیی] خۆشبەختیی، بەختیاریی.

**بەختیار** (ئان. ل)[بەخت + یار] ١ـ کەسێک کە بەخت دەگەڵییەتی، خاوەن بەخت، خۆشبەخت، بەختەوەر ٢ـ ناوە بۆ نێرینە. **~ بوون:** بڕ: بەختەوەر بوون. **~ کردن:** بڕ: بەختەوەر کردن.

**بەختیاریی** (حم.)[بەختیار + ئی] بڕ: بەختەوەریی

**بەخشین** (چا. م)[هیک: بهەگ ـ ئەو: بەگ ـ پەه: بەخشییتەن] ١ـ لە گوناه و تاوان خۆش بوون، لێبووردن، غەفوو کردن، بووردن، لێخۆش بوون. ٢ـ ماڵ یا شتێک بە بێ پارە و بە خۆڕایی دان بە کەسێک، پێ بەخشین.

**بەخشینەوە** (چا. م)[بەخشین + ئەوە] بڕ: بەشینەوە

**بەخوڕ** (ئان. ل)[بە + خوڕ] حاڵی ڕووبار و جۆگە و هەر ئاوەکییەکی تەوژمی زۆر بێ، خوڕێن، بە تەوژم. ∷ لە چاوم دێ بەخوڕ فرمێسکی خوێنین / کەچی ئەم گۆمە خوێنە هەڵنەچۆڕا (تاریک و ڕوون ل ١٢١).

**بەخۆوە** (ئان. ل)[بە + خۆ + وە] مرۆڤی کەڵەگەت و پڕ. **~ بوون:** کەڵەگەت و پڕ بوون.

**بە خەبەر** (ئان. ل)[بە + خەبەر] ١ـ کەسێکی کە لە خەو هەستاو یا لە جێی

دایە و هێشتا خەوی لێ نەکەوتوە، وە خەبەر، بەئاگا، خەوەر، بێدار، هشیار، شیار، بیار. ٢ـ ئاگادار. ~ **بوون:** ١ـ لە خەو هەستان یا هێشتا نەنوستن، وەخەبەر بوون. ٢ـ بڕ: ئاگادار بوون. ~ **بوونەوە:** ١ـ لە خەو هەستان و چاو کردنەوە، خەبەر بوونەوە. ٢ـ وەخۆ هاتنەوە، وریا بوونەوە. ~ **هێنان:** کەسێک لە خەو هەستاندن، وەخەبەر هێنان.

**بەخەڵ** (نا.)[ئەر] بڕ: باغەڵ

**بەخەڵە** (نا.)[هەو] بڕ: باغەڵ

**بەد** (ئان.)[پەه: ڤەت] ١ـ هەر شتێک یا کەسێک کە باش نەبێ، خراپ. ٢ـ ناحەز، کرێت. ⁘ بەدزات، بەدخەت. ٣ـ مرۆڤی خراپ و شەڕانی. ٤ـ دەچێتە سەر گەلێک وشە و ئاوەڵناویان لێ ساز دەکا. ~ **بوون:** ١ـ باش نەبوون، خراپ بوون. ⁘ بەد نەبێ بەدخانە بە یاد ناکا (پەند). ٢ـ شەڕانی بوون، مەیل لە خراپە هەبوون. ~ **هاتنە ڕێ:** تووشی بەدیی بوون، خراپە هاتنە سەر ڕێ، تووشی کێشە و ناخۆشیی بوون. ~ **هێنان:** تووشی خراپە و ناخۆشی هاتن، شانسی خراپ هێنان، خراپ بۆ هاتن.

**بەداخەوە** (شڕ. ئاک)[بە + داخ + ئەوە] کار و مەسەلەیەک کە شیاوی داخ و خەفەت بێ، جێی داخ بوون. ⁘ بەداخەوە ناتوانم کارەکەت جێبەجێ کەم! زۆر بەداخەوەم.

**بەداو و دڵ** (ئان. ل)[بە + داو + و + دڵ] بە مەیل و هۆگرییەکی یەکجار زۆرەوە، بەدڵ و بە گیان. ⁘ بە داو و دڵ بادەوەیەکم ساز کرد کەچی باوکم لێی دڕاندم.

**بەدبەخت** (ئان. ل)[بەد + بەخت] کەسێک کە بەختی باش نیە، چارەڕەش، بەدشانس، بەوبەخت. ~ **بوون:** تووشی نەکبەتی و چارەرەشی بوون، بێچارە بوون. ~ **کردن:** کەسێک تووشی چارەرەشی و نەگبەتی کردن، چارەڕەش کردن.

**بەدبەختانە** (ئاک. ل)[بەدبەخت + ئانە2] بە بەدبەختییەوە، بە داخێکی زۆرەوە. ⁘ بەدبەختانە منداڵی ئێستاکە باش دەرس ناخوێنن.

**بەدبەختیی** (حم.)[بەدبەخت + ئیی] ١ـ ئاکام و ئەنجامی بەدبەخت، چارەڕەشیی. ٢ـ کوێرەوەریی، چەرمەسەریی، زەحمەت. ⁘ ئەو بێوەژنە

به بەدبەختیی ئەو منداڵانەی گەورە کرد. بە بەدبەختییەکی زۆر ئەم کتێبانەم دەست کەوت. ~ **روو تێکردن:** تووشی بەدبەختیی و چارەڕەشیی بوون.

**بەدبین** (ئان. ل)[بەد + بین] کەسێک کە هیوای نەماوە و ئاکامی هەموو شتێک بە خراپ دەبینێ، رەشبین. ~ **بوون:** ئاکامی هەموو شتێک بە خراپ دیتن، رەشبین بوون. ~ **کردن:** کەسێک فێرە بەدبینی کردن، رەشبین کردن.

**بەدبینیی** (حم.)[بەدبین + ئیی] ئاکامی بەدبین بوون، رەشبینیی.

**بەدبێژ** (ئان. ل)[بەد + بێژ] بڕ: بەدگۆ

**بەدبێژیی** (حم.)[بەدبێژ + ئیی] بڕ: بەدگۆیی

**بەدپەسند** (ئان. ل)[بەد + پەسند] ١- کەسێک کە بە سانایی شتێکی وە بەر دڵ نایە. ٢- کەسێک کە پەسەندی باش نیە و شتی خراپ دەکڕێ یا هەڵدەبژێرێ. & بەدپەسەن

**بەدپەسەن** (ئان. ل)[بەد + پەسەن] [ئەر] بڕ: بەدپەسند

**بەدتوخم** (ئان. ل)[بەد + توخم] بڕ: بەدڕەسەن

**بەدجسن** (ئان. ل)[بەد + جسن] [موک] بڕ: بەدجنس.

**بەدجسنیی** (حم.)[بەدجسن + ئیی] بڕ: بەدجسنیی

**بەدجنس** (ئان. ل)[بەد + جنس] کەسێک کە رەسەن و رەگەزی خراپ بێ، بەدجسن، بەدزات، بەدڕەسەن.

**بەدجنسیی** (حم.)[بەدجسن + ئیی] کردەوە و رەفتاری کەسی بەدجنس، بەدزات بوون، بەدجسنیی، بەدڕەسەنیی.

**بەدچارە** (ئان. ل)[بەد + چارە] مرۆی ناحەز و ناشیرین، خوێنتاڵ، بەدچێرە، ناشیرین، بەددیمەن، بەدسەکوت.

**بەدچێرە** (ئان. ل)[بەد + چێرە][ئەر] بڕ: بەدچارە

**بەدحاڵ** (ئان. ل)[بەد + حاڵ] ١- کەسێک کە حاڵ و ژیانی باش نەبێ. ٢- کەسێک کە کەیفی ساز نەبێ، حاڵ ناخۆش. ~ **بوون:** ١- ژیانی خراپ هەبوون، حاڵ شڕ بوون. ٢- بێکەیف بوون، کەیف ساز نەبوون.

**بەدحاڵیی** (حم.)[بەدحاڵ + ئیی] ١- ژیان ناخۆشیی. ٢- کەیف ناسازیی، بێکەیفیی.

**بەدحیساب** (ئان. ل)[بەد + حیساب] ١ـ کەسێک کە لە سەودا و مامڵە دا سەر ڕاست نەبێ . ٢ـ کەسێک کە قەرزی خەڵک درەنگ و بە زۆرە دەداتەوە، قەرزکوێر. ~ **بوون:** ١ـ لە سەودا و مەعاملە دا ڕاست و پاک نەبوون. ٢ـ قەرز بە زۆر دانەوە، قەرزکوێر بوون.

**بەدحیسابیی** (حم.)[بەد حیساب + ئیی] ئاکار و کردەوەی بەدحیساب، قەرزکوێریی.

**بەدخانە** (نا. ل)[بەد + خانە] شوێنی کاری خراپ کردن، قەحپەخانە، جندەخانە. ⁂ بەد نەبێ بەدخانە بە یاد ناکا (پەند).

**بەدخوا** (نا. فا)[بەد + خوا4] بڕ: بەدخواز. ~ **بوون:** بڕ: بەدخواز بوون.

**بەدخوایی** (حم.)[بەدخوا + ئی] بڕ: بەدخوازیی

**بەدخواز** (نا. فا)[بەد + خواز] کەسێک کە خراپەی خەڵکی دەوێ، بەدخوا، بەدواز. ~ **بوون:** داواکار و خوازیاری خراپە بۆ خەڵک بوون، بەدخوا بوون.

**بەدخوازیی** (حم.)[بەدخواز + ئیی] ویستی بەدخواز، بەدخوایی.

**بەدخوو** (ئان. ل)[بەد + خوو] ١ـ کەسی ئاکار خراپ. ٢ـ کەسێک کە فێرە خراپە بوە. ~ **بوون:** ١ـ ئاکار خراپ و بەد ڕەوشت بوون. ٢ـ گۆڕانی خوو و کردار لە چاکەوە بۆ خراپە. ~ **کردن:** خراپ کردنی خوو و ڕەفتاری کەسێک.

**بەدخوویی** (حم.)[بەدخوو + ئیی] ئاکار و کردەوەی کەسی بەدخوو.

**بەدخەت** (ئان. ل)[بەد + خەت] کەسێک کە خەتی نووسینی جوان و ڕێک و پێک نەبێ، خەت ناخۆش.

**بەددڵ** (ئان. ل)[بەد + دڵ] کەسێک کە دەگەڵ خەڵک دڵی باش نەبێ، بەدخواز.

**بەددڵیی** (حم.)[بەددڵ + ئیی] ویستی بەددڵ، بەدخوازیی.

**بەددیمەن** (ئان. ل)[بەد + دیمەن] بڕ: بەدچارە

**بەدر** (نا.)[عەر: بدر] مانگی شەوی چاردە. ⁂ ئەرێ ئەی بەدری ئاسمانی جەمال / هیچ دەزانی چلۆنە حاڵی من (تاریک و ڕوون ل ٢١٩).

**بەدرکێف** (ئان. ل)[بەد + رکێف] حاڵی ئەسپێک کە جوان سواری نەدا .

**بەدرەقە** (نا.)[عەر: بدرقة] ڕوانە،

بەڕێ. **~ کـردن:** بەڕێ کـردن، روانـە کردن.

**تێبینی:** هەژار لە هەنبانە بۆرینە دا نووسیویەتی: ئەم وشەیە لە رەسەن دا «پادراهە »یە، واتا پاسداری رێگە، عارەب بەو دەردەی بردوە (بڕ: هەنبانە ب ١ ل ٦٨) ئەو بۆچوونەیە نازانم هی خۆیەتی یا لە شوێنێکی دیکە خواستوویەتییەوە. پادراهە دەبێ وشەیەکی پەهلەویی بێ و وەها وشەیەکم لە هیچ فەرهەنگێکی پەهلەویی دا نەدیتەوە بەڵام وشەی پەتراهـ [پەت (پێ، پێکەوە) + راهە(رێ)] هەیە کە مانای لە رێ دا، لە سەفەر دا، دەدا.

**بەدرەمە** (نا.)[؟] جۆرێک مێش هەنگوینی کێوییە، درێژتر و باریکتر لە هەنگی خۆماڵییە، لە قەڵشت و درزی رەوەزان دا شانەی دەکا، هەنگوینەکەی باشتر و خۆشترە و پێیدەکوترێ شەمەتلێرکە یا شەمەترێلکە.

**بەدڕا** (ئان. ل)[بەد + ڕا] کەسێک کە بیر و باوەڕی باشی نەبێ و ڕێگەیەکی خراپی هەڵبژاردبێ.

**بەدڕایی** (حم.)[بەدڕا + ئی] ئاکار و کردەوەی بەدڕا.

**بەدڕەسەن** (ئان. ل)[بەد + رەسەن] مرۆڤ یا گیاندارێکی رەگەز و ئەسڵی باش نەبێ، بەدجسن، بەدجنس، نارەسەن، نانەجیب، بەدتوخم.

**بەدڕەسەنیی** (حم.)[بەدڕەسەن + ئیی] کار و کردەوەی کەسی نارەسەن، نانەجیبیی، بەدجسنیی، بەدجنسیی.

**بەدڕەفتار** (ئان. ل)[بەد + رەفتار] کەسێک کە جووڵانەوە و هەڵسوکەوتی دەگەڵ خەڵک باش نەبێ. **~ بوون:** باش نەجووڵانەوە دەگەڵ خەڵک.

**بەدڕەفتاریی** (حم.)[بەدڕەفتار + ئیی] ئاکار و کردەوەی بەدڕەفتار. **~ کردن:** خراپ دەگەڵ خەڵک جووڵانەوە، بەدڕەفتار بوون دەگەڵ خەڵک.

**بەدڕەنگ** (ئان. ل)[بەد + رەنگ] هەر شتێکی لە باری رەنگەوە جوان و پەسەند نەبێ.

**بەدزات** (ئان. ل)[بەد + زات] کەسێک کە زات و دەروونی خراپ بێ، بەدڕەسەن، بەدجنس.

**بەدزاتی** (حم.)[بەدزات + ئی] بەدزات بوون، کردەوەی کەسی بەدزات، ناجسنیی، بەدڕەسەنیی.

**بەدزمـــان** (ئان. ل)[بەد + زمـــان] کـەسـێک کـە قـسـەی باشی بە زمـان دا نـایە و جنێـــوان دەدا، زمـــان پیس، بـەدزوان، زوان تـاڵ، جـــوێن فـــرۆش، جنێـوفـرۆش. ~ **بوون:** جنێـو دان، زمانپیس بوون.

**بەدزمـانیی** (حم.)[بەدزمـان + ئیی] زمـانپیس بـوون، کـار و کردەوەی کـەسـی بـەدزمـــان، بـەدزوانیی، زمـــانتـــاڵیی، جنێـوفـرۆشـیی. ~ **کـردن:** بەدزمـان بوون، جنێودان.

**بە دزەدزە** (ئـاک. ل)[بە + دز + ئـە + دز + ئـە] بـە نـهـــێنی، بـە پێــــدزە، بـە ئەسپـایی. ⁘ بە دزەدزە و سـەت واوەیلا / پیــــاو نـازانێ چلـۆن پـارێزێک ببــــا (سەعید و میرسێوەدین ل ٦١)

**بـەدزوان** (ئـان. ل)[بـەد + زوان] بـڕ: بەدزمان.

**بە دزیـی** (ئـاک. ل)[بـە + دزیـی] بـە نهـێنی، شــاراوە. ⁘ بەدزی ژنیـان بۆ کــوڕەکــەیان هێنا. بەدزی دایک و بابم سیگار دەکێشم.

**بەدسەکوت** (ئان. ل)[بەد + سـەکوت] بڕ: بەدچارە

**بـەدشـکـڵ** (ئـان. ل)[بـەد + شـکـڵ] کەسێک کە نموود و بیچمی جوان نەبێ، بەدقـــەوارە. ~ **بوون:** بڕ: بـەدقـــەوارە بوون.

**بەدشوم** (ئان. ل)[بەد + شـوم] شـووم، نەکبـەتی و بەدبەخـتیی، شـووم خـراپ، نەحس. ~ **بوون:** شـووم خـراپ بوون، نـەحس بـوون. ⁘ ئـەوانـە بـەدشــــــومـن سیامەند گیان، ئەتۆ مەچۆوە راوی ئەوان بەدفەڕانە (گەنج ل ٣٤٠).

**بەدعەمەل** (ئان. ل)[بەد + عەمەل] ١ـ کـەسـێک کـە لـە باری داب و نەرێتـەوە خـراپ دەجـووڵێتەوە، کەسێک کە خـراپ تەربیەت کراوە و ئاکار و کردەوەی باش نیـە.، بەدکـردار، بەدکـار. ~ **بوون:** ئاکار و کردەوە خراپ بوون، بێتـەربیـەت بوون. ~ **کـردن:** خـراپ بار هـێنان، بێتەربیەت کردن.

**بەدعەمەلیی** (حم.)[بەدعەمەل + ئیی] کار و کردەوەی کەسی بەدعەمەل.

**بەدفـــەڕ** (ئان. ل)[بەد + فــەڕ] ١ـ کەسێکی بە قسە و کردەوە خەڵک ئازار بدا. ٢ـ منداڵی هار و هـاج و شــەڕانی. ~ **بوون:** ١ـ خــــەڵک ئازار دان. ٢ـ هـاروهاجی کـردن، شلووق بـوون. ~ **کردن:** بەدفەڕ بارهێنانی منداڵ.

**بەدفەڕیی** (حم.)[بەدفەڕ + ئیی] ئاکار و کردەوەی کەسی بەدفەڕ. **~ کردن:** هار و هاجیی کردن، شلووقیی کردن.

**بەدقەدەم** (ئان. ل)[بەد + قەدەم] ١ـ کەسێکی پێ و قەدەمی باش نەبێ و بچێتە هەر شوێنێک کوێرەوەری و ناخۆشی و بەلا دەگەڵ خۆی دەبا. // خۆش قەدەم. ٢ـ خراپ، نەحس، شووم. **~ بوون:** ١ـ پێ و قەدەم باش نەبوون. ٢ـ نەحس بوون، شووم بوون. ⁂ مەچۆ شاری چزیرێ، شارێکی بەدقەدەمە، ... (مان ل ٤١).

**بەدقەواره** (ئان. ل)[بەد + قەواره] ١ـ کەسێکی کە قەد و بالای ڕێک و پێک و جوان نەبێ، بەدشکڵ. ٢ـ جلێک کە لە لەش دا جوان نەبێ. **~ بوون:** ١ـ بەژن و بالا ڕێک نەبوون، بەدشکڵ بوون. ٢ـ جوان نەبوونی جل لە لەش دا.

**بەدقەول** (ئان. ل)[بەد + قەول] کەسێک کە لە کاتی بەڵێنی دان قسەی خۆی نەباتە سەر، پەیمان شکێن. **~ بوون:** لە سەر پەیمان و بەڵێنی خۆ نەبوون.

**بەدقەولیی** (حم.)[بەدقەول + ئیی] ئاکار و کردەوەی بەدقەول. **~ کردن:** پەیمان و بەڵێن نەبردنە سەر.

**بەدکار** (ئان. ل)[بەد + کار] ١ـ کەسێک کە کاری خراپ دەکا، کەسێک کە لە باری داب و نەریتەوە خراپ دەجووڵێتەوە، بەدعەمەل، بەدکردار. ٢ـ سیخوڕ، شۆفار. ٣ـ بەدخواز.

**بەدکاره** (ئان. ل)[بەد + کار + ئە] ژنێک کە بۆ پارە دەگەڵ خەڵک دەخەوێ، خراپە، جندە، قەحبە، خۆفرۆش. **~ بوون:** خراپە بوون، جندە بوون.

**بەدکردار** (ئان. ل)[بەد + کردار] بڕ: بەدکار

**بەدگومان** (ئان. ل)[بەد + گومان] کەسێک کە هەمیشە باری خراپی کار لێک دەداتەوە و شکی لە هەموو شت و هەموو کەس هەیە، دڵ پیس. **~ بوون:** لێکدانەوەی باری خراپی مەسەلە، بەشک بوون، دڵ پیس بوون.

**بەدگومانیی** (حم.)[بەدگومان + ئیی] گومان و بیری خراپ لەمەر کەسێک یا کارێک، دڵ پیسی.

**بەدگۆ** (ئان. ل)[بەد + گۆ1] کەسێک کە بە خراپە باسی خەڵک دەکا، بەدبێژ، بەدوێژ.

**بەدگۆیی** (حم.)[بەدگۆ + ئیی] کاری کەسی بەدگۆ، بەدوێژیی، بەدبێژیی. ~ **کردن:** بە خراپە باسی کەسێک کردن.

**بەدلغاو** (ئان. ل)[بەد + لغاو] ١ـ ئەسپ و بارەبەرێک کە نایەڵی لغاوی دە دەم کەن. ٢ـ (کنـ.) مرۆی بارنەبەر و کەللەرەق.

**بەدڵ** (ئان. ل)[بە + دڵ] ١ـ دەست بڵاو، دڵاوا، دڵ گەورە. ٢ـ بە خۆشی و مەیلەوە، بە ئارەزوویەکی زۆرەوە، لە قووڵایی دڵەوە. ⁘ بەدڵ پێم خۆش بوو بێم و سەرتان بدەم. ٣ـ نەترس، بوێر. ٤ـ هەر چێک پەسەند بێ. ~ **بوون:** ١ـ نەترسان، وێران، نەترس بوون. ٢ـ دڵاوا بوون، دڵگەورە بوون. ٣ـ پەسند کردن. ⁘ ئەو کراسەم بە دڵ نیە.

**بەدڵ و بەگیان** (ئان. ل)[بە + دڵ + و + بە + گیان] بڕ: بەداو و دڵ.

**بەدمەست** (ئان. ل)[بەد + مەست] کەسێک کە لە کاتی خواردنەوەی ئارەق بیکاتە هات و هاوار و شەڕ، مەستی کەلەلا.

**بەدمەستیی** (حم.)[بەدمەست + ئیی] کار و کردەوەی کەسی بەدمەست. ~ **کردن:** پتر لە رادە خواردنەوەی ئارەق و کردنە شەڕ و هەڵلا.

**بەدمینتۆن** (نا.)[ئین: badminton] جۆرێک یاری دوو یا چوار کەسیە وەک تێنیسە کە لە زەوییەکی وەک زەوی واڵیباڵ دەکردرێ. راکێتەکانی سووکتر و ناسکتر لە هی تێنیسە و تۆپێکی مەخرووتی سووک و چەند پەڕە .

**بەدناو** (ئان. ل)[بەد + ناو1] کەسێک کە ناوی بە خراپ دەرچوە، ناوخراپ، بەدنێو. ~ **بوون:** بە خراپە دەرچوونی ناو و ناوبانگ لە لای خەڵک. ~ **کردن:** خراپ کردنی ناو و ئاکاری کەسێک لە لای خەڵک.

**بەدناویی** (حم.)[بەدناو + ئیی] ئاکامی بەدناو بوون، بەدنێویی.

**بەدنمەک** (ئان. ل)[بەد + نمەک] پێنەزان، سپڵە. ⁘ زۆر بەدنمەکین و رێ نەناسین/ نانی تۆ دەخۆین و بێ سپاسین (مەم و زین ل ٢٤٠)

**بەدنمەکیی** (حم.)[بەدنمەک + ئیی] کاری بەدنمەک، پێنەزانیی، سپڵەیی.

**بەدنێو** (ئان. ل)[بەد + نێو2] بڕ: بەدناو.

**بەدنێویی** (حم.)[بەدنێو + ئیی] بڕ:

**بەدواز** (نا. فـا)[بەد + واز][هـەو] بڕ: بەدخواز

**بەدوێژ** (ئان. ل)[بەد + وێژ] بڕ: بەدگۆ

**بەدوێژیی** (حـم.)[بەدوێژ + ئیی] بڕ: بەدگۆیی

**بەدئەدا** (ئان. ل)[بەد + ئەدا] کەسێک کە ئاکار و کرداری باش نەبێ، جینگەنە. **~ بوون:** ئـاکـــــاربـاش نـەبـوون، بێـتـەربیـەت بوون، جـینگـەنە بوون. **~ کـردن:** بەدئـەدا بارهـێنانی کــەســێک، بێتەربیەت کردن.

**بەدئەدایی** (حم.)[بەدئەدا + ئیی] کار و کردەوەی کـەسی بەدئەدا. **~ کردن:** کــار و کــردەوەی خــراپ ئـەنجــام دان، ئەدای خراپ دەرهێنان.

**بەدەر** (ئاک. ل)[بە + دەر] بێـــجگە، جگە. :: لە تۆ بەدەر لەم دنیـایـە کـەسم نیە.

**بـەدەســت** (ئـان. ل)[بـە + دەسـت] ١ـ دەست ڕۆییـو. ٢ـ ئـازا، بوێر. **~ بوون:** ١ـ دەسـت ڕۆیشـتن. ٢ـ ئـازا بـوون، بـوێر بوون.

**بەدەســـــتــــەڵات** (ئان. ل)[بە + دەستەڵات] ١ـ خاوەن دەستەڵات و هـێز. ٢ـ کەسێک کە لە شـوێنی دیکە دەسـتی بڕوا و قــســـەی بڕ بکا. **~ بوون:** ١ـ خـــاوەن دەســـتـــەڵات بوون. ٢ـ دەست ڕۆیشـتن، قسە بڕ کردن.

**بەدەســتــەوە** (ئان. ل)[بە + دەست + ئەوە] ١ـ حازر و ئامـادە. ٢ـ لە حساب دا رادە و ئەندازەیەک کـە دەخرێتە لاوە. :: پێنج و هەشت دەبێـتـە سێـزدە، سـێی دەنووسین، یەک بە دەستەوە. **~ بوون:** پووڵ و پارەی ئامادە و لەبەر دەستان. :: وا بە پەلە چ پـووڵم بـە دەســـتـــەوە نیـــە بتدەمێ. ٢ـ خـەریک بـوون، کارێک کـە لە بەر دەســـتــــان بێ. :: کــتــێــبــێکم بەدەســـتـــەوەیە بزانم ئەمــشـــۆ تەواوی دەکەم. قـوڕەکاریم بە دەسـتـەوەیە. **~ دان:** ١ـ تەسلیم کردنی کەسێکی پەنابەر بە دەوڵەت یا قـــانوون. ٢ـ چوونە ژێر باری کەسێک، تەسلیم بوون بە کەسێک. :: هـەرچـی دەکـــەم ئـەو ژنـە خـــۆی بـە دەستەوە نادا.

**بە دەســــــتــــــوبرد** (ئان. ل)[بـە + دەســـتــوبرد] کــەسـێکی لە کــاران دا شــارەزایە و جـوان و ڕێک و پێک و زوو بـەرێـوەیـان دەبـا، کـــــــــارزان و کارجوان. **~ بوون:** شارەزا و کارامـە

و چوست بوون لە کاران دا. ؛؛ ماشەڵڵا فـــاتێ ژنێکی بە دەست و بردە تا وا دەکەی ماڵ گەسک دراوە و چێشت ساز کراوە.

**بەدەگـمـەن** (ئان. ل)[بە + دەگـمـەن] روداو یا شـتـێکی زۆر کـەم پەیدا بێ یا روو بدا، بە هەڵکەوت. ؛؛ بە دەگـمـــەن کـۆت و شـاڵواری دەبەر دەکـەم مـەگـەر ئەویش شایی یا جێژنێک بێ.

**بەدەڵ** (نا.)[عـەر: بدل (لە جـیـات، لە بری)] کەرەسە یا کاڵایەکی نە زۆر باش کـە وەک کـاڵای ئەسلی و بە بایخ سـاز دەکـردرێ و هەرزانتـردەفـرۆشـرێ. ؛؛ کریستاڵی بەدەڵ، زێڕی بەدەڵ.

**بەدەم** (ئان. ل)[بە + دەم] ١ـ قسەزان، بەدەم وپەل. ٢ـ قسەی نەنوسراو و سەر زارەکی.

**بەدەمـــار** (ئان. ل)[بە + دەمـــار] ١ـ کـــەسی ئازا و نەترس، بەغـیـرەت. ٢ـ کەسێک کە خەڵکی دیکە لێی بترسێن. ٣ـ (کنـ.) بە شەرەف، بە نامووس

**بەدەمـــاغ** (ئان. ل)[بە + دەمـــاغ] کـــەسـێک کـە لە سـەر کـــەیف بێ، کەیفخۆش، کەیفساز. **~ بوون:** کەیف ساز بوون، لە سەر کەیف بوون.

**بەدەم و پەل** (ئـان. ل)[بـە + دەم و پەل] قسەزان، خۆش دەم و راوێژ، بەدەم. **~ بوون:** لە قـسـە زانـین، باش قـسـە کردن.

**بەدەم و دۆ** (ئان. ل)[بە + دەم + و + دۆ3] مـرۆی قـسـە زان و خـۆش قـسـە. **~ بوون:** قـسـە زان و خـۆش قـسـە بوون، خۆش دەم و خۆش راوێژ بوون.

**بەدەن** (نا.)[عـــەر: بدن] ١ـ لەشی مـرۆڤ جگە لە سـەر، بەنـدەن. ٢ـ [باک] دیـواری قـــــــەڵا، وارش. ؛؛ بـەدەنـا دیاربەکرێ. ٣ـ بەندەن. ؛؛ ئەتۆ خـەزاڵت نەدیوە ئەگـەر بە زەردەخەنە پێدەکەنێ/ مـەگە قـەتت نەدیوە ئەگەر دێنە گوڵ دان گـوڵ لە بەدەنێ/ ئەو گـوڵانە لە حـاسـتی پێکەنینی خـەزاڵ... بێ قـابیلەتە دەبێ پیاو هەڵیکەنێ (لاس و خەزاڵ ل ١١١).

**بەدەنە** (نا.)[عـــەر: بدنـە] پەیکـەری هـەندێک شـــتی بێگیـــان. ؛؛ بەدەنـەی ماشێن.

**بەدئەمـەگ** (ئان. ل)[بـەد + ئەمـەگ] کـەسـێک کـە وڵامی چاکـە بـە خـراپە دەداتەوە، سـپـڵـــە. **~ بوون:** وڵامی چاکە بە خراپە دانەوە، سپڵە بوون.

**بەدئەمەگیی** (حم.)[بەدئەمەگ + ئیی]

کار و ئاکاری بەدئەمەگ، سپڵەیی.
~ **کردن:** سپڵەیی کردن، بە خراپە وڵامی چاکەیی دانەوە ∷ کابرا بێ ئەمەگ بوو، وەعدەی حەوت ڕۆژ ماوە/ پێموایە ئێران جێگایەکی خۆشە، بەدئەمەگی کرد و ناگەڕێتەوە دواوە (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٣٩)

**بەدەو** (ئان. ل)[بە + دەو] ١ـ ئەسپی باش و خۆشبەز، بدەو؟ ٢ـ [باک] جوان، لەبار، چەلەنگ.

**بەدی**[1] (ئام.)[با + ئیدی] وڵامی پرسیارە بە مانای ئا، بەڵێ لە کاتێک دا کە پرسیارکەر شکی لە راستی هەیە، بەی، ئەدی، ئەیچۆن، ئەدی کوو. ∷ ئیمڕۆ نەچوویەوە ماڵێ؟ ـ بەدی چوومەوە.

**بەدی**[2] (نا. ل)[بە + دی1] ئاسەوار و نیشانەیەکی ماددی کە چاو ببینێ، بەدید. ~ **کردن:** دیتن، بینین. ∷ ئیتر شوێنەواری جوانی / بەدی ناکەم لەم نێوە دا (ناڵەی جودایی ل ٢٩). لە بیابانی عەرەبستان جگە لە لم چی دی بەدی ناکرێ.

**بەدید** (نا. ل)[بە + دید][باک] بڕ: بەدی3

**بەدین** (ئان. ل)[بە + دین] موسڵمان و ئیمانداری چاک کە لە رێی ئایین لا نادا، بەدین و ئیمان.

**بەدیی** (حم.)[بەد + ئیی][پەھ: ڤەتییە] خراپە، خراپ بوون.

**بەر**[1] (نا.)[پەھ: بەر. باک: بەر ـ ناو: بەر، بار ـ باش: بەر ـ هەو: بەر ـ زا: ڤەر] ١ـ میوەی دار و درەخت و گیا. ٢ـ منداڵی مرۆڤ و گواندار کە هێشتا لە زگی دایکیان دان. ٣ـ گیا و گوڵ و سەوزی پێگەیشتوو. ∷ ئەوساڵ سێ بەرمان کەوەر بڕیوەتەوە. بەری دووهەمی وێنجە کەی دەدروونەوە؟ ~ **ئاویتن:** (بۆ ئاژەڵ) زووتر لە وادە و بە مردوویی زانی مەڕ و ماڵات، فڕێ دانی ئاولەمە بە مردوویی، بەر فڕێ دان، بەر خستن. ~ **خستن:** بڕ: بەر ئاویتن. ~ **دان:** گەیشتن و پێ گەیشتنی میوە و بەری دار و گیا. ∷ ئەوساڵ سێوەکانمان چاکیان بەر داوە. ~ **فڕێ دان:** بڕ: بەر ئاویتن. ~ **گرتن:** میوە دانی دار، بەر دان. ~ **لێخواردن:** ١ـ گەیشتنە بەری باغ و کەلک لێوەرگرتن لەم بەرە. ٢ـ (کنـ.) کەلک وەرگرتن لە ژیان و ئاکامی شتێک. ∷ ئەو منداڵانم پێگەیاند بەڵام بەرم لێنەخواردن و لێیان دا ڕۆیین. **لە** ~

**چوون:** (بۆ ئافرەت) مـردنی منداڵی نێـو زگی ژن و هـاتنه دەری بـه مــردوویی. ؛؛ دایکم هەتا ئێـسـتـا دوو منداڵی لـه بەر چوه. **له ~ چوونەوه:** چی دیکه نەزانی مێینـه، له بار چوونەوه. ؛؛ مـانگاکـەمـان پیــر بـوه ئیــدی لـەبەر چۆتەوه. **وه ~ هاتن:** بەر دان و پێگەیشتنی دارەبەر بۆ یەکـەم جار. ؛؛ با شـەو بڕوا سـەحەر بێ، باغی گـوڵان وه بەر بێ / گـەر تۆ مـەیلت له سەر بێ، کافی ئیسلامی ناوه (وەفایی ل ١٥٢). داره سێـوەکـەی حـەسـارمـان ئەوساڵ وەبەر هاتوه.

**بەر**[2] (نا.)[ئەو: ڤــەرەنگه، ڤــەرەه ـ پـەه: ڤـــەر. باک: بەر ـ نـاو: بەر ـ باش: وەر] ١ـ لەشـی مـرۆڤ، تـەن. ٢ـ سـینگ، بەرۆک، بەروو، سـینگ و بەر. ٣ـ (مـجـ.) مـــەمک. **بۆ ~ بوون:** ئەندازه بوونی جل و بەرگ. ؛؛ ئەو کـراسـه هێند تـەنگه بۆ بەرم نابێ. **ده ~ کردن:** جل و بەرگ پـۆشـین، پـۆشـین. **له ~ کـــــردن:** ١ـ پۆشـین، دەبـەر کـردن. ٢ـ دەرهێنـانی جل و بەرگ، داکەندن.

**تێبینی:** ئێـسـتـاکـه له بەر کردن و ده بەر کردن مـاناکـەیان شـێواوه و بۆته یەک و به مانای پۆشین دێ بەڵام له راستی دا دوو مــــانـای دژی یـەکن و لـه هـەنـدێک ناوچەی وەک لێــڕەواری ســەردەشـت به دروسـتی دەیـانـڵـێنەوه. دەبەر کـردن یانی پۆشـین و لەبەر کردن یانی داکەندن.

**بەر**[3](نا.)[باک: بەر ـ نـاو: بـەر، وەر ـ باش: وەر، بەر ـ هـەو: وەر] ١ـ لا، سـوێ، تـەنیــشـت. ؛؛ لـەو بـەری حــەســـــار ئاودەســتـیــان سـاز کـردبوو. لـەو بەری رووبار دوو ژن شیـویان دەکرد. فـەرموون بەو بەری دا بـچنه ژووری. ٢ـ لای خـوار، ژێر. ؛؛ له بـەرەوه هـات ( لـەخــــوارەوه هـات). ٣ـ پێش، له پێش (بۆ کــات). ؛؛ بـەر له زایـین، بەر لـه ســەعـــات دوو. ٤ـ پێش، لای پێش (بۆ جــێگا). ؛؛ بەر دەرک، بـەربێـــڵا، بـەر هـەیوان. ٥ـ پێش، روو. ؛؛ وەک نیسک وایه بەر و پشتی بۆ کــەس نیـه. ٦ـ بـۆ لای، بەره و رووی. ؛؛ بەرەو مــاڵ چوونـەوه. بەرەو قـوبڵـه نـوێژ بکه. ٧ـ روو، لا، دیو. ؛؛ ئەو پارچەیه دوو بەره. ئەوه بەری جـوانیـەتی. ٨ـ ئاسـتـەر. ؛؛ بۆ بەرت لەو کـەوایه نەداوه؟ ٩ـ ئازاد، بـەرەڵڵا، بەرهـەڵدا. **~ بوون:** ١ـ ئازاد بـوون، بەرەڵڵا بوون لـه بەنـد ؛؛ دوو رۆژه لــه زیـنـدان بــەر بـووم. ٢ـ بـڵاوه بـوون ، تەواو بوون له ئیش و کـارێک. ؛؛ کـەی له کار بەر دەبن. فێرگەکان بەر بوون. ٣ـ له نۆره دا پێش کـەسـێکی دیکه بوون. ٤ـ

خـۆڕایی بوون، بەڕەڵڵا بوون. ٥- ترازان، رەووین. ~ **بوونەوە:** ١- کەوتن، کـەوتنە خـوار. ؛؛ بەر بوومـە و دەسـتـم شکا. ئەو وەرکـــە نـانـە بـەربۆتـەوە هـەڵیگرەوە. ٢- شـــۆڕ بـوونـەوە. شـــۆڕەبی لک و پۆی بـەربـۆوە. ~ **دان:** ١- ئـازاد کـــردن، بەڕەڵڵا کـردن. ؛؛ بولبـولـەکـەم بەردا. ٢- بڵاوە کردن. ؛؛ جەماعەت بەر دراوە تازە تۆ دەچی بۆ نوێژ. ٣- بەڕەڵڵاکـردنی بای نێـو زگ. ٤- بڕ: تێبـەردان. ؛؛ دوو تاژیم لە رسـتـێـدا / هـەر دووکم بـەر دەدانێ (فـۆلکلۆر ل ١٣٢). ٥ - لە کـۆڵ بوونەوە. ؛؛ ئەو نەخـۆشـیـیـە بـەرم نادا. یەخـەم بەردە بـا بـڕۆم. ٦- پێش و بـەری رێگای شـتـێک کـردنەوە. ؛؛ ئاوی شـێـرەکـەی بـەردە بـا هـەندێک سـارد بێ. ٧- دەست لێـهـەڵگرتن، واز لێـهـێنان. ؛؛ مـامم ژنە کـۆنەکـەی بـەردا و ژنێکی دیکەی هێنا. باغ و بیـسـتـانەکـەیان بەرداوە. ~ **دانەوە:** ١- خـسـتن، کـەواندن، فڕێ دانی شـتـێک لە سـەرەوە بۆ خـوارەوە. ؛؛ ئیـسـتکانەکـەی بـەرداوە و شکاندی. دەسرەی لە پەنجەرەوە بۆ بەرداو ٢- شۆڕ کردنەوە. ؛؛ ئەختەر کەزیەکانی بە سـەر شـان دا بـەردابۆوە. ~ **کـەوتن:** ١- بڕ: وەبەر کەوتن. ٢- گـوللە یا شـتـێکی دیکە وێکەوتن، وێکەوتن. ؛؛ چاوی بیـمـاری بە وەعـدەی تیـرەبارانی نیگا / گـفـتی دا جـــەهـدێ کـــە ئەی دڵ، بـەڵکی تۆشی بەرکـەوی (مـەحـوی ل ٣١٩). ~ **گرتن:** ١- پێش بە کـەسێک گرتن بۆ شـەڕ، بەر پـێ گـــرتـن. ٢- پـێـــشـی ئـازادی و هەڵسووڕانی کەسێک گرتن. ؛؛ بەری ئە کـچـە بگرە با هێندە وەدەر نەکـەێ. ٣- پێـشی هـەر شـتـێک گـرتن. ؛؛ بەر ئەو تەلەویزیۆنەت بۆ گـــرتوە؟ بـەر چـاوت گـــرتووم چ نـابیـنم. **لە ~ بوون:** لە پێـــشـــدا بـوون. ؛؛ رێگایەکی دوور و درێژمـــان لەبەرە کـە دەبێ بیـبـڕین. **لە ~ حەسانەوە:** حـەسانەوە و ئارامی و هێـمنایەتی لە ژێر چاوەدێری و سـایەی کـەسـێکەوە. ؛؛ پیـاو ئەگـەر ژنی چاکی هـەبێ لەبەری دەحـەسـێـتـەوە. **لە ~ دانواندن:** تەسلیم بوون و مل کەچ کـردن بۆ ویست و ئـەمـری کـەسـێک، سـەر دانواندن، تەنـازول کـــردن. **لە ~ هەسـتـان:** هەسـتـانە سـەر پێی کـەسی دانیشتوو لە کاتی پەیدا بوونی کەسێکی بەرێز و گـەورەتر. بەرزەپێ بوون لە بەر کەسێک. **وە ~ خستن:** بەشدار کردن، وەبـەر دان. ؛؛ ئەو چـاکـــەش وە بـەر چاکەکانی دیکەت دەخـەم. **وە ~ دان:**

١ـ به مــهکـینه بـه سـهر کـهسـێک یا گیاندارێک دا رۆیشتن. :: به دووچەرخە پشـیلەیەکم وەبەر دا و کـوشـتم. ٢ـ بەشدار کردن، وەبەر خستن. :: کابرای مـردوو وەبەر جنێـوان مــەدە! **وە ~ کـەوتن:** ١ـ بەش و پارێک لە شـتـێک پێگەیشتن، پێـبڕان. :: لە گـۆشـتی قوربانی چمان وە بەر نەکوت. ٢ـ چوونە ژێر مـەکـینە و ئامـرازێکی دیکەوە. :: منداڵێک وە بەر عارەبەی کەڵی کەوت. ٣ـ تووش بوونی مەسەلە و کار و کارەساتێک بە کۆمەڵ، وەبەر هاتن. :: ماڵەکەی ئێمەش وەبەر سێلاو کەوت. & بەر کەوتن. **وە ~ هاتن:** ١ـ وێکەوتن. ٢ـ تووشی مەسەلە و کار و کارەساتێکی تێکڕایی بوون. :: خەڵکیان دەگرت منیش وەبەر هاتم. || **بەری ئاسمان:** پێشەوەی ئاسمان، ئەو بەرزاییەی کە هەورەکان لێی دەبن. * **بەری ئاسمان لێ تاریک بوون:** (کنـ.) زۆر ناهومێد بوون، هیوا لێبڕان. **بەری پێ:** بەشی بنەوەی پێ، ئەو بەشەی پێ کە تووکی لێنایە. * **بەری پێ چوونە پشتی پێ:** (کنـ.) بە چەرمەسەری و کوێرەوەری بژیو پەیدا کردن. * **بەری پێ ئاور لێبوونەوە:** (کنـ.) زۆر ماندوو بوون لەبەر زۆر بە پێوە بوون و رۆیشتن و شتی لەم بابەتە. * **بەری پێ خوران:** (خورافە) چوونە سەفەر، سەفەر بۆ هاتنە پێش. * **زمان لە بەری پێ دان:** (کنـ.) فریو دان و هەڵخەڵەتاندنی کەسێک بە زمانلووسیی. **بەری دەست:** لای بنەوەی دەست، ئەو بەشەی دەست کە تووکی لێنایە، لەپ. * **بەری دەست خوران:** (خورافە) پووڵ هاتنە نێو دەستەوە، دەوڵەمەند بوون.

**بەر**[4] (نا.)[باک ـ زا] بڕ: بەرد

**بەر**[5] (ئا.)[ناو: بەر ـ باش: وەر ـ هەو: وەر] تووکی سەر مسوڵدانی مرۆڤ، تووکی بەر، تووکەبەر، مووی بەر، بەرگەدە، رۆڤ، رووڤ، رێڤ.

**بەر**[6] (نا.)[ئەو: ڤەر ـ پەه: ڤەرم] شتێک کە لە مێشک دا پاشەکەوت کراوە، لە بەر، هۆش، حافزە. **لە ~ بوون:** شێعر، وتار یا هەر شتێکی دیکە کە پێشتر فێری بوون و ئێستا لە مێشکیان دا ماوە. :: شێعرەکانی هێمنی هەمووو لەبەرە. **لە ~ خوێندنەوە:** بڕ: لە بەر کوتن. **لە ~ کردن:** [پەه: ڤەرم کەرتەن] فێر بوونی شتێک وەها کە بە مێشکەوە بنووسێ و لە بیر نەچێتەوە. :: رۆڵە دەرسەکانت لە

بەر کردوە؟ بۆ سبەی دەبێ شێعرێک لە بەر کەم. **لە ~ کوتن:** گێڕانەوەی نووسراوەیەک بێ ئەوەی چاو لە نووسراوەکە بکردرێ، لە بەر کوتنەوە، لە بەر خوێندنەوە. ∷ دەرسەکەت دەبێ لە بەر بڵێی حەقت نیە چاو لە کتێب کەی. **لە ~ کوتنەوە:** بڕ: لە بەر کوتن. **هاتنە ~:** فێر بوون، چوونە نێو مێشک. ∷ حافز هەر چی پێ بڵێی دەستبەجێ دێتە بەری.

**تێبینی:** بەر لە ئەوێستا دا بە ڤەر var و لە پەهلەویی دا بە ڤەرۆم varom یا ڤارۆم vārom هاتوە و بە یەکێک لە هێزەکانی دەروونی ئینسان داندراوە (عەر: شعور) هەروەها ئەم بەر ـ ە دەگەڵ بەر2 بە مانای سینگ و بەر هەر یەکن و بە گشتی یانی ئەوەی کە دە سینگ و بەر دا پاراستراوە یا ڕاگیراوە. هەروەتر بەر هاوریشەیە دەگەڵ بیر (بڕ: بیر1).

**بەر**[7] (ر.)[لە: بردن] ١ـ ریشەی چاوگی بردن. ٢ـ (پاشـ.) پاشگرە و بە ناوەوە دەلکێ و ئاوەڵناو یا ناوی فاعلی ساز دەکا. ∷ ڕەنجبەر، بارەبەر، دڵبەر، میراتبەر، پەیامبەر.

**بەر**[8] (نا.)[زا] بڕ: دەرکە

**بەر**[9] (نا.) بڕ: بۆر2

**بەر**[10] (نا.) بڕ: بەرگە. **~ گرتن:** بڕ: بەرگە گرتن. ∷ بەری مەستێک ناگری.

**بەر**[11] (ئام.) پێشگر یا نێوگری کردارە کە لە بەر3 ـ ی کەوتوە و هەر ئەو مانایەش دەدا بە کردارەکە. ∷ بەردان، بەر خستن، وەبەردان، بەربوون، دەبەرنان، تێبەربوون، تێبەردان.

**بەر**[12] (ئاک.، پێشـ.)[هەو ـ زا] بڕ: دەر2

**بەرا**[1] (نا.)[زا] بڕ: برا

**بەرا**[2] (نا.)[باک] بڕ: با5

**بەرابەر** (ئان. ل)[بەر3 + ئا14 + بەر3] ١ـ دوو شت یا دوو کەس کەس کە لە رووبەرووی یەک بن، رووبەڕوو. ٢ـ دوو ئەندازە لە هەر شتێک کە قورساییان بە قەرا یەک بێ. ٣ـ دوو کەس یا شت کە درێژایی و باڵایان بە قەد یەک بێ. ٤ـ دوو کەس لە کۆمەڵ دا کە هێز و ماڵ و حاڵیان وەک یەکە، ئامپا، هاوشان ٥ـ هاوسەنگ، یەکسان. ٦ـ لە ئاستی، لە جێگەی ...∷ بەرابەر بەم کارەساتە چ هەڵوێستێکتان گرتوە. & بەرانبەر، بەرامبەر. **~ بوون:** ١ـ لە رووبەڕووی

یەک بوونی دوو شت یا کەس. ٢ـ هاوسەنگ بوونی دوو شت یا کەس. ٣ـ هاوقەد بوون. ٤ـ یەکسان بوون. ٥ـ یەک بوون و مساوی بوون لە کایە و کێ بەرکێ دا. & بەرانبەر بوون، بەرامبەر بوون. **~ کردن:** ١ـ پێک گرتن بۆ دەرکەوتنی جیاوازی. ⁙ وەرگێڕاوەکەی دەگەڵ ئەسڵەکە بەرابەر کرد. ٢ـ وەک یەک هاتنەوە لە کایە و کێ بەر کێ دا. ٣ـ وەک یەک کردنی هاوسەنگی و یەکسانی. & بەرانبەر کردن، بەرامبەر کردن. **~ وەستان:** ١ـ لە رووبەڕووی کەسێک دا وەستان و بەرەنگاری کردن. ٢ـ دژایەتی کردن. ٣ـ جوابەجەنگی کردن. & بەرانبەر وەستان، بەرامبەر وەستان.

**بەرابەریی** (حم.)[بەرابەر + ئیی] ١ـ وەک یەک بوون لە هەموو بارێکەوە، یەکسانیی. ٢ـ دژایەتیی، بەرەنگاریی. & بەرامبەریی، بەرانبەریی. **~ کردن:** ١ـ هاوتا بوون، هاوسەنگ بوون لە هەموو بارێکەوە. ٢ـ دژایەتیی کردن، بەرەنگاریی کردن. & بەرانبەریی کردن، بەرامبەریی کردن.

**بەرات**[1] (نا.)[عەر: برات] ١ـ ئەو جیرە و پارەیەی کە بۆ مەلا و میرزا و ئەو جۆرە کەسانە دەبڕدرێتەوە. ٢ـ کاغەزێک کە تاجر و بازرگان بەر لە ساز بوونی بانک لە نێو خۆیان دا سەودایان پێ دەکرد و مۆری ئەو کەسەی پێوە بوو. ⁙ کە داغی سینەمی دی دەردی دامێ/ وتی مۆرت هەیە ساحێب بەراتی (مەحوی ل ٢٩٨).

**بەرات**[2] (نا.)[عەر: برات] شەوی پازدەی مانگی شەبان (شەعبان) کە لای موسڵمانان شەوێکی پیرۆزە و گۆیا لەم شەوە دا رزق و رۆزی زۆر دەبێ، شەوی بەرات.

**بەراتخۆر** (ئان. ل)[بەرات1 + خۆر2] کەسێک کە بە بەرات کار دەکا، مووچەخۆر.

**بەراتە** (نا.)[؟][باک] ١ـ کەلاک، لاش. ٢ـ نیشان، ئاسەوار. ٣ـ حەق و پارەی خوێنی رژاو یا کەسی کوژراو لە لایەن کەس و کارییەوە، خوێنبایی.

**بەرار** (نا.)[زا] بڕ: برا

**بەراز** (گیان.)[هیک: ڤەراهە ـ ئەو: ڤەرازە ـ پەه: ڤەرازە، ڤیراز. باک: بەراز ـ ناو: بەراز ـ باش: وراز] ١ـ گیاندارێکی گواندارێ کێوییە، بە تاقەت و قورس و پتەو و کورتەڵەیە، پێستێکی ئەستووری

هەیە کە تووکێکی کورتی تەنک و رەقی لێ رواوە، سمی هەیە لمبۆزی درێژ، نێرەکەی جووتێک شفرەی لە دوو لای دەمی هاتۆتە دەر کە بۆ پارێزگاری لە خۆی کەلکی لێوەردەگرێ، پتر شەوانە وەدەردەکەوێ و گیا و میوە دەخوا و زیان دەگەیەنێتە بێستان و زەوی هەر لەبەر ئەوە جوتیار خۆشیان ناوێ، موسڵمان گۆشتی ناخوا، بەڵام لە شوێنی دیکە کەوی کراوە و گۆشتی دەخۆن. بەرازی نێر پێی دەڵێن یەکانە یا برەک، بەرازی مێ پێی دەڵێن مالۆس یا دەڕ و بە بەچکەکانی دەڵێن کوودەڵە، بازەڵە یا بزەڵە. بەراز هەتا پازدە ساڵان دەژی و ساڵێ دوو جار دەترەکێ و هەر جارەی شەش هەتا دوازدە بێچووی دەبێ، Sus scorpa ناوی لاتینی ئەم گیانلەبەرەیە، خوو، خووگ، خنزیر، دۆنخز. ٢- بەرازی کەوی کراو کە بۆ گۆشتەکەی بەخێو دەکردرێ. ٣- (کنـ.) پیاوی گیان سەخت. ٤- (کنـ.) پیاوی پتەو و کورتەڵە و بە تاقەت. ٥- (کنـ.) پیاوی رق ئەستوور. || **بەرازی دەریایی:** ماسییەکی گوانداره کە بە کۆمەڵ دە دەریا دا دەژین، رەنگی بۆرە و سەری وەک سەری بەرازە، زاری ددانی تێدایە و بۆ رۆنی لەشی راوی دەکەن، درێژایی لەشی هەتا سێ گەز دەگا، دۆلفین. **بەرازی دەم بەستراو:** (کنـ.) کەسێک کە رۆژووی رەمەزان بگرێ بەڵام نوێژ نەکا. **بەرازی غەزریو:** ١- بەرازێک کە رقی هەستابێ و پەلاماری هەر شتێک بدا. ٢- (کنـ.) مرۆڤی رق ئەستوور. **بەرازی هیندی:** جۆرە بەورازێکی کێوییە کە مێیەکەی دوو شفرەی گەورە و خواری هەیە کە لە لێوی سەرەوەی هاتوونە دەر و نێرەکەی چوار شفرەی هەیە. (عەر: البابیروسة ـ فەر: babiroussa)

**بەرازا** (نا. ل)[بەرا + زا][زا] بڕ: برازا

**بەرازخۆر** (نا. ل. ئان. ل) [بەراز + خۆر2] ١- کەسێکی گۆشتی بەراز بخوا. ٢- لەقەبێکە بۆ کوردەکانی ئەهلی حەق و کاکەیی کە گۆیا گۆشتی بەراز دەخۆن و پێیان حەرام نیە.

**بەرازە** (نا. ل)[بەراز + ئە] ١- ١- دوو ددانی گەورەیە کە وڵاغی بەرزە لە تەمەنی ٤ هەتا ٦ ساڵی دەری دەکا، کەڵپی یەکسم. ٢- ئەو دارانەی کە لە ژێرەوەی بەرداشی بنەوەی ئاش دادەمەزرێندرێ. ٣- ئامرازێکی درێژی

قایمی کانزا یا هەر شتێکی دیکە کە بۆ هەڵکەندنی بەردی زل یا بۆ جوولاندنەوە و بەرز کردنەوەی شتی قورس کەلکی لێوەردەگرن. بەرازە وە بن شتی قورسی دیاری کراو دەدەن و بەردێک یا شتێکی دیکەی چووکتر لە بنی دادەنێن و بە تەکانێک شتە قورسەکەی پێدەجوولێننەوە، چلمێردە، لۆسە، نوێڵ، مەڵغە، باری، بەیرەم، گراستە، قەراسە، قراسە، باریە.

**بەرازەوان** (نا. ل، ئان. ل)[بەراز + ئە + وان] کەسێک کە ئاگای لە رەوەبەرازە و دەیانلەوەڕێنێ.

**بەرازەوانیی** (حم.)[بەرازەوان + ئیی] کار و پیشەی بەرازەوان، بەراز لەوەڕاندن.

**بەراش** (نا. ل)[بەر4 + ئاش1][باک] بڕ: بەرداش

**بەرام** (نا.)[؟] بڕ: بۆن و بەرامە

**بەرامبەر** (ئان. ل)[بەر3 + ئام4 + بەر3] بڕ: بەرابەر. ~ **بوون:** بڕ: بەرابەربوون. ~ **کردن:** بڕ: بەرابەر کردن. ~ **وەستان:** بڕ: بەرابەر وەستان

**بەرامبەریی** (حم.)[بەرامبەر + ئی] بڕ: بەرابەریی. ~ **کردن:** بڕ: بەرابەریی کردن.

**بەرامپیل** (نا. ل)[بەر3 + ئام4 + پیل] جۆرێک بەروانکەی ژنان کە لکەکانی بە بن هەنگڵەوە تێدەپەڕێ و لە سەر شان گرێ دەدرێ و لە کاتی شیردۆشین و چێشت لێنان و هەڵسووڕاندنی کار و باری نێو ماڵ لە خۆ دەبەسترێ هەتا جلەکانیان پیس نەبێ، بەرهەڵبێنە، بەرانپێچ.

**بەرامە** (نا. ل)[بەرام + ئە] بڕ: بۆن و بەرامە

**بەران** (گیانـ.)[پەھ: ڤەران. روس: barán. باک: بەران ـ ناو: بەران ـ باش: وەران ـ هەو: بەران ـ زا: بەران] شەکەنێرێک کە تەمەنی گەیشتبێتە چوار ساڵ و توانایی ئاوس کردنی مەڕی هەبێ. مەڕدار بەران بە تایبەت رادەگرن و لە کاتی تایبەتی دە مەڕی بەر دەدەن، غورچ، قۆچ. ~ **تێبەردان:** بەران خستنە نێو شەک و مەڕ بۆ جووت بوون. **وە ~ هاتن:** مەیلی مەڕ بۆ جووت بوون دەگەڵ بەران. || **بەرانی سوڵتان مەحموودی:** (کنـ.) کەسێک کە پشتی بە دەستەڵاتدارێکەوە قایم بێ و هەرچی

پێخۆش بێ بیکا و کەس نەتوانی چی پێبڵێ، مرۆڤی زیانکار و دەستدرێژکەر.

**بەرانبەر** (ئان. ل)[بەر3 + ئان4 + بەر3] بڕ: بەرابەر. **~ بوون:** بڕ: بەرابەر بوون. **~ کردن:** بڕ: بەرابەر کردن. **~ وەستان:** بڕ: بەرابەر وەستان

**بەرانبەریی** (حم.)[بەرانبەر + ئیی] بڕ: بەرابەریی. **~ کردن:** بڕ: بەرابەریی کردن.

**بەرانپۆز** (ئان. ل)[بەران + پۆز] کەسێک کە لووتی لە نێوان برۆکانیەوە بە زەقی هاتبێتە خوارەوە، قەپۆزبەران.

**بەرانپێچ** (نا. ل)[بەر3 + ئان + پێچ] بڕ: بەرامپیل

**بەرانەک** (ئا.)[بەران + ئەک][باک] قامکی گەورە و ئەستووری دەست، پەنجەی گەورە، ئەسپێکوژە.

**بەرانەکێویی** (گیان.)[بەران + ئە + کێویی] نێری مەڕەکێویی، بەرانەهەردی.

**بەرانەهەردی** (گیان.)[بەران + ئە + هەردی][هەو] بڕ: بەرانەکێویی

**بەرانگە** (نا. ل)[بەران + گە] شوێنی مۆڵ خواردنی ران لە دەشت.

**بەراو** (نا. ل)[بەر3 + ئاو1] زەڕاعەتێک کە دەبێ ئاو بدرێ، ئاوی. // دێم. **کردنە ~:** (کن.) وەبەر جنێو دان. ⁖ باوکی کردۆتە بەراوی خەڵک. (ئەگەر خەڵک جنێو بە باوکی بدا لەبەری گران نایە).

**بەراوپشت** (ئان. ل)[بەر3 + ئاو + پشت] حاڵی جل و بەرگ یا هەرشتێکی دیکە کە دیوی ژوورێی بە دەرەوە بێ. ئاوەژوو، بەراوەژوو، بەر و پشت/٢، بەرەواژ، چەواشە.

**بەراورد** (چا. م)[فار: براورد] هاوسەنگی، تەخمین. **~ دان:** بڕ: بەراورد کردن. **~ کردن:** ١ـ هەڵسەنگاندن لە باری نرخ و جنسەوە، بەراورد دان. ٢ـ دیاری کردنی نرخی شتێک لە گۆترە، نرخاندن.

**بەراوەژوو** (ئان. ل)[بەر3 + ئاوەژوو] بڕ: بەراوپشت

**بەراوەژی** (ئان. ل)[بەر3 + ئاوەژی] بڕ: بەراوپشت

**بەراویتە** (ئان. ل)[بەر1 + ئاویتە (ئاویتن)] حاڵی مەڕ یا بزنێک بەری هاویشتبێ.

**بەرایی**[1] (نا. ل)[بەر3 + ئایی] ١ـ

تاقمێک سوارێک کە لە پێش کاروان دەڕۆن. ٢ـ تاقمێک سوار کە لە پێشەوەی لەشکر و قۆشەن دەڕۆن. & پێشایی.

**بەرایی**2 (نا.)[؟] ١ـ ویست، مەیلی دڵ. ٢ـ ئۆقرە، حەسانەوەی دڵ. **~ دان:** دڵ هاتن، ویستن. ⁂ چاوم بەرایی نەدەدەدا من تێر بخۆم و منداڵ برسی بن. دڵم بەرایی نادا قسەی ناحەزی پێبڵێم. **~ هاتن:** ئۆقرە گرتن، حەسانەوە.

**بەریا** (نا. ل)[بەر3 + با1] وەردە کا و تۆز خۆڵ کە لە کاتی لە کەو دانی گەنم دەکەوێتە لایەک.

**بەرباد** (ئان. ل)[فار: برباد] ١ـ فەنا، نابوود، فەوتاو. ٢ـ وێران، رووخاو، نوغرۆ. **~ بوون:** فەوتان، تێداچوون. ⁂ هەتا دوژمن بەرباد نەبێ/ تا کوردستان ئازاد نەبێ/ تفەنگ لە شان ناکەمەوە (بۆ کوردستان ل ١٦١). **~ دان:** فەوتاندن، نابوود کردن. **~کران:** ١ـ فەوتان، تێداچوون. ٢ـ وێران کران، رووخان. ⁂ دیوەخانم بەرباد کرا/ تەکیەی لە جێ بنیاد نرا (بۆ کوردستان ل ١٧٥). **~ کردن:** ١ـ فەوتاندن، نابوود کردن. ٢ـ وێران کردن، رووخاندن.

**بەربار** (ئان. ل)[بەر3 + بار1] ١ـ یەک سمی سێ ساڵە کە گەیشتۆتە تەمەنی بار لێنان. ٢ـ (مجـ.) کەسی گوێ لە مست و ژێر فەرمان. ٣ـ رام، دەستەمۆ. **هاتنە ~:** ١ـ رام بوونی بارەبەر بۆ چوونە ژێر بار و بار هەڵگرتن. ٢ـ چوونە ژێر باری کەسێک بۆ جێ بە جێ کردنی کارێک. **هێنانە ~:** رام کردنی بارەبەر بۆ بار هەڵگرتن. ٢ـ بردنە ژێر باری کەسێک بۆ راپەڕاندنی کارێک.

**بەربانک** (نا. ل)[بەر2 + بان (وان1) + ک][زا] بڕ: بەرهەڵبێنە

**بەربانگ** (نا. ل)[بەر3 + بانگ] ١ـ کاتی رۆژوو شکاندن، ئیفتار، فتارە. ٢ـ خواردەمەنییەک کە بۆ ئەم کاتە داندراوە. **~ کردنەوە:** شکاندنی رۆژوو بە خواردن لە کاتی بانگی شێوان، ئیفتار کردنەوە.

**بەربڵاو** (ئان. ل)[بەر3 + بڵاو] ١ـ هەر شتێک کە پێش و بەری ئاوەڵە بێ. ٢ـ هەراو. ٣ـ (مجـ.) گشتی، هەمە لایەنە. ⁂ پێویستمان بە هاوکاری بەربڵاوی خەڵک هەیە.

**بەربوارد** (گیان.)[بەر1 + بوارد

(بواردن)][سۆر] بەردیل یا شەکەمێیەکی ئەستێور کە ساڵێکی بواردبێ و نەزابێ، بەربواردوو.

**بەربواردوو** (گیانـ.)[بەر1 + بواردوو] [موک] بڕ: بەربوارد

**بەربۆســـە** (نا. ل)[بەر3 + بۆســـە] ئامرازێکە کە بۆسەی پێ لە نێر توند دەکرێ و ناهێڵێ بجووڵێتەوە.

**بەربوو** (ئان. ل)[بەر3 + بوو (بوون)] بەردراو، بەڕەڵا.

**بەربووره** (نا. ل)[بەر3 + بووره] ١- تۆوێک کە بەر لە کێڵانی بە سەر زەوی دا دەیپرژێنن، بەرچێن. ٢- لە خۆوە بە بێ بیر کردنەوە، لە خۆڕا. ٣- بەر لە هەر شتێک. ؛؛ لە بەربووره با پێت بڵێم لەوە دوا حەقت نیە درەنگ بێیەوە.

**بەربووک** (نا. ل)[بەر3 + بووک] ١- ئافرەتێکە بە پارە کار دەکا، هەمیشە دەگەڵ بووکە و کار و باری بووک هەڵدەسووڕێنێ و دەگەڵ بووک دەچێتە ماڵی زاوا و شەوی پەردوو پەڕۆی خوێناوی دێنێتە دەر و بە خەڵکی نیشان دەدا، پێخەسوو، پاخەسوو، پاوەوی، پاوەوە، پاوەیوە. ٢- (مجـ.) کەسێک کە بۆ خۆ شیرین کردن لە نێوان دووکەس یا دوو لایەن هاتوچۆ دەکا و دەیەوێ بۆ مەبەستێک ڕێکیان خا بێ ئەوەی کە پەیوەندییەکی زۆری بەوەوە هەبێ، وەها کەسێک لە نێو خەڵک دا خۆشەویست نیە و بە سووک چاوی لێدەکەن. ؛؛ کاک کەریم بۆتە بەربووکی ئاغاواتان.

**بەربووکیی** (حم.)[بەربووک + ئیی] ١- کار و پیشەی کەسی بەربووک. ٢- (مجـ.) ڕێکخستن و هەڵسووڕاندن و جێبەجێ کردنی کاری کەسێک یا کەسانێک بێ ئەوەی پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەو کەسەوە هەبێ.

**بەربەت** (نا.)[پەهـ: بەربەت، بەربوت لە یون: barbitos] ئامێرێکی مۆسیقایە وەک تەنبوور بەڵام دەسکەکەی کورتترە و کاسەکەی گەورەتر، عوود.

**بەربەت ژەن** (ئان. فا)[بەربەت + ژەن] کەسێک کە بەربەت لێدەدا، عوودژەن.

**بەربەخت** (نا. ل)[بەر3 + بەخت] کچێک کە کاتی مێرد کردنی گەیشتبێ، کچی دەم بەخت.

**بەربەر** (نا.)[ئین: barber] کەسێک کە سەر و ریشی پیاوان دەتاشێ یا کورتی دەکاتەوە، سەلمانی، سەرتاش، دەللاک، سەرتراش.

**بەربەران** (گیانـ.)[بەر + بەران] شەکە مێیەک کە گەیشتۆتە ئەو تەمەنەی بەران وەخۆ بگرێ، بەرخە مێی سێ ساڵە.

**بەربەرەکانی** (نا. ل)[بەر3 + بەر3 + ئەک + ئانی] ١ـ لە بەر یەک راوەستانی دوو کەس یا دەوڵەت و چەکدار بۆ تێک شکاندنی یەکتر. ٢ـ خۆڕاگرتن و خەبات کردن لە ئاست گیر و گرفت و چەرمەسەری ژیان یا هەر کارێکی دیکە. ٣ـ حەول دان بۆ پێش کەوتن لە غەنیم، رقەبەری، ئینکەبەری. **~ کردن:** ١ـ خۆ راگرتن و خەبات لە شەڕ و لە ئاست چەرمەسەری دا. ٢ـ رقەبەری کردن.

**بەربەرین** (ئان. ل)[بەر3 + بەرین] زەوی، پارچە و قوماش یا هەرشتێکی دیکە کە بەری زیاد و زۆر بێ، بەرپان، بەرفرەوان، هەراو، بەرین. // بەرتەسک.

**بەربەرۆ** (نا. ل)[بەر3 + بە + رۆ1] بڕ: گوڵە بەرۆژە

**بەربەرۆچک** (نا. ل)[بەر3 + بە + رۆچ + ک] بڕ: بەربەرۆچکە

**بەربەرۆچکە** (نا. ل)[بەر3 + بە + رۆچ + کە] پەنا دیوار یا شوێنێک کە روو بە تاوە و تاو تێدەکا و لە کاتی شکانی شەقی گەرما بە تایبەت لە پایز دا خەڵک لێی دادەنیشن و خۆ لە بەر تاو هەڵدەخەن، بەربەرۆچک.

**بەربەژن** (نا. ل)[بەر3 + بەژن] ١ـ نوشتە و دوعایەک کە بەرگی تێدەگرن، بەندێکی وێدەخەن و لە مل و لا قۆڵێکی دەکەن وەها کە بکەوێتە سەر کەلەکە، حەمایاڵ، حەمایەڵ. ٢ـ خشڵێکی ژنانەیە کە وەک حەمایاڵ لە خویانی دەدەن.

**بەربەس** (نا. ل)[بەر3 + بەس] بڕ: بەربەست

**بەربەست** (نا. ل)[بەر3 + بەست] ١ـ بەر گرتنی ئاو بۆ پاشەکەوت کردن و راگرتنی. ٢ـ بەرهەڵست و بەرگری لە هەر کارێک. **~ کردن:** ١ـ بەری ئاوی جۆگە یا ئاوی خوڕی دیکە گرتن. ٢ـ بەر بەستن، بەر گرتن.

**بەربەسێڵ** (نا. ل)[بەر (بەرخ) + بە + سێڵ] چێشتێکی کوردەوارییە، قوڕاو.

گۆشتی بەرخ لە سەر سێڵ سوور دەکەنەوە و ماستی مەڕانی بۆ خاو دەکەنەوە، بە سەری دادەکەن و دەیخۆن. لە هەندێک ناوچەی دیکە گۆشتی بەرخ دەگەڵ ماستی مەڕان و لەپە و کەوەر یا کوڕادە دەکوڵێنن، وەک جۆرێک شۆربای

به ماست دوای پێگەیشتنی تێیدەکوشن و دەیخۆن.

**بەربەگوار** (ئان. ل)[بەر + بە + گوار] ئاژەڵێک کە گۆشتی زێدە وەک گوارە بە ملیەوە بێ.

**بەربەن**[1] (نا. ل)[بەر2 + بەن1] سینەبەند، گەردنبەندی شۆڕ. :: بەژنی چەندە برندە لێی دەبەستێ گێلدارێ / تۆق و تەلەسم و بەربەن بە سەر دا هاتنە خوارێ (سێسەد هۆنراوە ل ٧٧).

**بەربەن**[2] (نا. ل)[بەر3 + بەن1] دارێک کە بەری کونی ئەستێر و گۆلی پێدەگرن، چێوهەسێڵ.

**بەربین** (نا. ل)[بەر3 + بین1] بڕ: بەربینگ

**بەربینک** (نا. ل)[بەر3 + بین1 + ک] بڕ: بەربینگ

**بەربینگ** (نا. ل)[بەر3 + بین1 + گ] ئەوک، قورقوڕۆچکە، بەربین، بەربینک. ~ **پێگرتن:** ئەوک و یەخەی کەسێک گرتن بە پەلپ و بیانوو هێنانەوە. :: خێزانم بەربینگی پێگرتووم دەڵێ دەبێ ماڵمان جوێ کەینەوە.

**بەربێڵ** (نا. ل)[بەر + بێڵ] بڕ: بەرەجووت

**بەربێنکە** (نا. ل)[بەر2 + بێن1 + کە] بڕ: بەرهەڵبێنە

**بەرپا** (ئان. ل، ئاک. ل)[بەر3 + پا] ١ـ وەستاو، لە سەر پێ. ٢ـ ساز، دامەزراو، رێکخراو. ~ **بوون:** ساز بوون، دامەزران و هەڵگیرسانی ئاژاوە و شەڕ و شتی لەم بابەتە. ~ **کردن:** هەڵگیرساندن، دامەزراندن، ساز کردن.

**بەرپاڵ** (نا. ل)[بەر3 + پاڵ/٦] قەدپاڵی کێو و شاخ، لاپاڵ. :: واتا کە دەبوو بە رۆژی سەرساڵ/ هەرکەس دەرئەچوونە دەشت و بەرپاڵ (مەم و زین ل ٢٦٢).

**بەرپان** (ئان. ل)[بەر3 + پان] بڕ: بەربەرین.

**بەرپرس** (نا. فا)[بەر + پرس] سەرۆک و کاربەدەستی تاقمێک کە وڵامدەری کار و ئەرکی پێ سپێردراوە، لێ پرسراوەی شوێنێک، بەرپرسیار، مەسئوول.

**بەرپرسایەتی** (حم.)[بەرپرس + ئایەتی] بەرپرسی وڵام دانەوە، مەسئوولیەت. :: بەرپرسایەتی ئەو ئەرکە گرینگە لە سەر شانی منە.

**بەرپرسیار** (نا. فا)[بەر3 + پرسیار] بڕ: بەرپرس.

**بەرپەرچ** (نا. ل)[بەر3 + پەرچ] بیانوو، پەرچ. ~ **دانەوە:** بیانوو هێنانەوە، بیانوو داتاشین.

**بەرتاو** (نا. ل)[بەر3 + تاو] ئەو شوێنەی کە تاو دەیگرێتەوە، بەرخۆر، بەرهەتاو، بەر ڕۆژ.

**بەرتوورک** (نا. ل)[بەر + توورک] [باک] بڕ: چیکڵدانە

**بەرتەسک** (ئان. ل)[بەر3 + تەسک] پارچە یا هەر شتێکی لای بەرینایی کەم بێ. // بەربەرین.

**بەرتەنگ** (ئان. ل)[بەر3 + تەنگ] حاڵی زەوی، ماڵ یا هەر شوێنێکی تەنگ، تەنگەبەر. // بەرفرە، فرەوان.

**بەرتیل** (نا.)[عەر: برطیل] ١ـ پارە یا هەر شتێک کە بدرێ بە کەسێکی کاربەدەست یا دەست ڕۆیوو بۆ جێبەجێ کردنی کارێک کە ئەو کەسە خۆی نەتوانی جێبەجێی بکا، ریشوەت، بەرتێڵ، خاوە. :: بەرتیل بەردی نەرم دەکا (پەند). ٢ـ [باک] خوێنبایی. ~ **خواردن:** بڕ: بەرتیل وەرگرتن. ~ **دان:** پارە دان بە کەسی بەرتیلخۆر بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک. ~ **وەرگرتن:** کەسێک کە بۆ جێ بە جێ کردنی کارێک پارە وەردەگرێ، بەرتیل خواردن.

**بەرتیلخۆر** (نا. ل ـ ئان. فا)[بەرتیل + خۆر2] کەسێک کە هەتا پارە وەرنەگرێ کارێک جێ بە جێ ناکا، کەسێک کە بەرتیل وەردەگرێ.

**بەرتیلخۆریی** (حم.)[بەرتیلخۆر + ئیی] ئەنجام و ئاکامی بەرتیل خواردن.

**بەرتێلانە** (نا. ل)[ئەر] دیاری و کەل و پەلێک کە ماڵە زاوا بۆ ماڵی بووک دەنێرن، دیاری. // ناوتێلانە

**تێبینی:** ئەم وشە زۆر سانا دەیتوانی لە بەرتیل کەوتبێ [بەرتیل + ئانە] بەڵام وشەی ناوتێلانە هەر لەو زاراوەیە ئەو باوەڕە دەفەوتێنی کەوایە وشەکە (بەر و ناو) ی هەیە یانی لە [بەر + تێل + ئانە] پێک هاتوە و دەبێ تێل مانایەکی هەبێ. من پێموایە تێل هەمان توێڵ بە مانای نێوچاوانە و وشەکە دەبێتە دیارییەکە کە ماڵە زاوا دەیدەن هەتا چاویان بە بووک بکەوێ یا نێوچاوان و روخساری بووک ببینن.

**بەرتێڵ** (نا.)[ئەر] بڕ: بەرتیل

**بەرجل** (نا. ل)[بەر + جل] بڕ:

**بەرجـووت** (نا. ل)[بەر + جـووت] بڕ: جوانەگا

**بەرجەوەن** (نا.)[ئەر] ١ـ بڕ: بەرژەوەند ٢ـ دیمەن، مەنزەرە.

**بەرجەوەند** (نا.)[موک] بڕ: بەرژەوەند

**بەرچا** (نا. ل)[بەر + چا] بڕ: بەرچایی

**بەرچاو** (نا. ل)[بەر3 + چاو] ١ـ هەر شتێکی لە نزیک مرۆڤ بێ و بە تەواوی هەستی پێبکا. ٢ـ هەر شتێکی بەری دیتن بگرێ. ٣ـ (مجـ.) ئاشکرا، روون. ٤ـ (مجـ.) کاری گرینگ یا شتێکی زەق کە خەڵک بیبینێ یا سەرنجی بداتێ. **~ بوون:** زەق بوونی کەسێک یا شتێک دە نێو خەڵک دا. ∷ بەو سمێڵە زلانەت زۆر بەرچاوی بزانە هەندێکی کورت ناکەیەوە. **~ تاریک بوون:** (کنـ.) زۆر تووڕە بوون و رق هەستان و گرینگایەتی بە هیچ نەدان، هیچ نەدیتن لەبەر تووڕەیی. **لە ~ بوون:** ١ـ زەق بوون دە نێو کۆمەڵ دا، بەرچاو بوون. ٢ـ نزیک بوون و هەست پێکردنی شتێک یا کەسێک. ٣ـ سەرنج دان، لە بەر چاو گرتن. **لە ~ خستن:** بێزار بوون و پێ سووک بوونی کەسێکل یا شتێک بە هۆی کەسێکی دیکەوە. ∷ ئەوەندەت دۆڵمە بۆ ساز کردم هەتا لەبەر چاوت خستم. **لە ~ سووک بوون:** بێنرخ بوونی کەسێک، لەبەرچاو کەوتن. **لە ~ کەوتن:** کەسێک یا شتێک ئیدی خۆش نەویستن، سووک بوونی کەسێک یا شتێک لە بەر چاو. ∷ هەموو کەست لە بەرچاو بکەوێ منداڵەکەی خۆت لە بەرچاو ناکەوێ! **لە ~ گرتن:** سەرنج و گرینگایەتی دان بە شتێک، رە پێش گرتن. ∷ ئەو قسانەی پێمکوتی لە بەرچاویان بگری زەرەرێ ناکەی.

**بەرچاوتەنگ** (ئان. ل)[بەر + چاو + تەنگ] ١ـ کەسێک کە توند دەستی بە ماڵی دنیاوە گرتوە و خەرجی ناکا، رژد، لەچەر. ٢ـ کەسێک کە چاوی تێر نابێ، بە تەماح، چاونزێر. **~ بوون:** ١ـ رژد بوون، لەچەر بوون. ٢ـ بە تەماح بوون، چاوتێر نەبوون.

**بەرچاوتەنگیی** (حم.)[بەرچاو تەنگ + ئیی] ئاکامی کردەوەی بەرچاوتەنگ، رژدیی، لەچەریی.

**بەرچاوتێر** (ئان. ل)[بەرچاو + تێر] ١ـ کەسێک کە چاوی بە ماڵی دنیا تێرە و تەماحی نیە. ٢ـ دڵاوا، سەخی. **~**

**بوون:** ١ـ بە تەمــاح نەبوون، چاو تێــر بوون. ٢ـ دڵاوا و سەخی بوون.

**بەرچاوکە** (نا. ل)[بەر + چاو + کە] ١ـ قایشێکی ریشوو دار و هەندێک جار بە مت و مــووروو رازاوەیە کــە لە بەر چاوی ئەسپ و گـوێدرێژ و هێسـتـری دەدەن بۆ ئەوەی مــێش ئازاریان نەدا. بەرچاوە، چاویلکە، پێــشــچــاوکــە، بەرچاوگە/٢. ٢ـ کوتە مقەوا یا لاستیکی بڕاو بە شکڵی لەتکە مـانگ کـە دوو لای کون دەکەن و بە کێش یا بەنێک لە پشت ســەریان دەیبــەستن و جــووتێــر و دروێنەوان یا ئەو کـەسەی لە لادێ لە بەر تاو کار دەکا دەیهێنێتە نێو چاوانی هەتا ئارەقــە نەڕژێتــە نێــو چاوی و هەتاو لە چاوی نەدا، تیلیـــســـــان، بەرچاوە، ئافتاوگەردان.

**بەرچاوگە** (نا. ل)[بەر + چاو + گە] ١ـ خشـڵێکی ژنانە پتر لە زێڕ سـازی دەکرێ، لە سەری قایم دەکەن و خشڵەکە دەکەوێتە سەر نێوچاوانیان، پێشەسەر. ٢ـ بڕ: بەرچاوکە/١.

**بەرچاوە** (نا. ل)[بەر + چاو + ئە] بڕ: بەرچاوکە/١و٢

**بەرچایی** (نا. ل)[بەر + چایی] نان و چایی بەیانیان کە پتر ماست و پەنیرە یا کــەرە و مــرەبایە، بەرقلیــان، بەرچا، بەرقەننە، قاوڵتوون، خورینی، چێشت، تاشتێ، ناشتا.

**بەرچن** (نا. ل)[بەر1 + چن (چنین)] بڕ: بەرچنە

**بەرچنۆکـە** (نا. ل)[بەرچن + ئۆکـە] بەرچنی چووکــە کــە بۆ مــیــوە و بەر چنینەوەی کەمتر کەلکی لێوەردەگرن.

**بەرچنە** (نا. ل)[بەر1 + چن (چنینەوە) + ئە] سـەوەتەیەکی دەسـچنە لە شـووڵ، شکڵی قووچە کە لە بنەوە بۆ سـەرێ کەم کـەمـە زارکی گـەورەتر دەبێ و مـیـوەی چنراوی تێـــدەکـــەن، بەرچن، بەرچینە، تریان.

**بەرچەپ** (نا. ل ـ ئان. ل)[بەر + چەپ] پێچەوانە، دژ.

**بەرچیت** (نا. ل)[بـەر + چیـت] بڕ: بەرچیغ

**بەرچیـخ** (نـا. ل)[بـەر + چیـغ] بـڕ: بەرچیغ

**بەرچیـغ** (نـا. ل)[بـەر + چیـغ] ١ـ دارێکی هـەنـدێک درێژە، چەند دانەی لە زەوی دەچەقـێـنن بۆ راگــرتنی چیغ و

چیغی بە دەوری دا دەکێشن. ٢ـ ئەو دارانەی کە لە سەر لاخێشک دەچەقێندرێن هەتا دەغلی دوراو لە سەر خێشک نەخزێن و نەکەوون، قیسپ. ٣ـ پەیاغ & بەرچیخ، بەرچیت.

**بەرچینە** (نا. ل)[بەر + چین + ئە] بڕ: بەرچنە

**بەرچێڵە** (ئا.)[بەر + چێڵ (مانگا) + ئە] ١ـ کوتە چەرمێک کە لە ملی گا داچۆڕاوەتە خوارەوە. ٢ـ (مجـ.) بەرخەبەبە

**بەرچێن** (نا. ل)[بەر + چێن] بڕ: بەربوورە

**بەرخ** (گیانـ.)[هەخ: ڤەرمەکە ـ سان: ڤورەنە، ڤرنە ـ پەه: ڤەرەک، ڤەررەک. تات: ڤەرە ـ فار: برە ـ بیر: بەررە ـ لۆر: بێرە. باک: بەرخ، بەرخک ـ ناو: بەرخ ـ باش: وەرک ـ هەو: وەرە ـ زا: ڤارا، ڤارەک، ڤەرا، ڤەرە، ڤەرەک] ١ـ بێچووی ساوای مەڕ هەتا شەش مانگان. ـ ئەگەر مێ بوو بەرخەمێ و ئەگەر نێر بوو بەرخەنێری پێدەڵێن و دوای یەک ساڵان دەبێتە کاوڕ (کاوڕەنێر ـ کاوڕە مێ) دوای ساڵێک تێوەڕسووران کاوڕ دەبێتە شەک. شەکی نێر پێی دەڵێن شەک بەران و شەکی مێ پێی دەڵێن شەک مەڕ، کە تەمەنی گەیشتە چوار دەبنە مەڕ و بەران. ٢ـ (مجـ.) بۆ خۆشەویستی بە منداڵ دەکوترێ، ڕۆڵە گیان، بەرخۆڵە. ⁘ بەرخم، وامەکە. بەرخی بابم دا چایەکی بێنە. ٣ـ یەکەم بورج لە دوازدە بورجی ئاسمان کە بەرابەرە دەگەڵ مانگی خاکەلێوە (عەر: حمل). ~ **فرچک دان:** یەکەم ژەک کە دوای بوون دەدرێ بە بەرخ. || **بەرخی ساوا:** بەرخێک کە تازە بووبێ. **بەرخی مێ:** بەرخەمێ. **بەرخی نێر:** ١ـ بەرخە نێر. ٢ـ (کنـ.) منداڵی نێرینە، کوڕ. ⁘ بەرخی نێر بۆ سەر بڕینە.

**تێبینی:** ئەو خۆشەویستییە لەو سەردەمەوە ماوە کە کورد ئاژەڵی ڕاگرتوە و ماڵات ڕیزێکی تایبەتیان هەبوە. هەموو دار و نەداریان مەڕ و ماڵات بوە و بە زاو و زوو داهات و دەوڵەتیان زیاد بوە و بەرخ نوێنەر و نیشانەی زیاد بوونی ئەو دەوڵەت و ماڵ بوە.

**بەرخڤان** (نا. ل)[بەرخ + ڤان][باک] بڕ: بەرخەلەوان

**بەرخک** (نا. ل)[بەرخ + ک][باک] بڕ:

**بەرخلێنە** (نا. ل)[بەر + خلێنە] هەر کام لە دوو ددانی پێش خلێنە و دوای کەڵپ کە بە گشتی لە مرۆڤ دا لە هەشت ددان پێک هاتوون.

**بەرخوار** (نا. ل)[بەر + خوار] بڕ: بەرخۆر

**بەرخوێن** (نا. ل)[بەر + خوێن] کچ و ژن و ماڵێک کە تاوانبار بۆ مەسڵەتی قەتڵ و ژن هەڵگرتن دەبێ بیدا هەتا مەسەلەکەی کۆتایی پێبێ، خوێنبایی.

**بەرخۆر** (نا. ل)[بەر + خۆر] ئەو ئازووقەی کە بەر لە زستان و وادەی دیاری کراوی دە کاری دەکەن و دەیخۆن، بەرخوار، پێشخۆر.

**بەرخۆڵە** (نا. ل)[بەرخ + ئۆڵە] ١ـ بەرخی ساوا. ٢ـ (مجـ.)مندالّی خۆشەویست.

**بەرخەبەبە** (نا. ل)[بەر + خەبەب (غەبغەب) + ئە] پێستی داچۆڕاوی ژێر چەنەی مرۆڤی قەڵەو یا پیر، بەرغەبەبە، غەبغەب، غەبغەبە، بەرچێڵە.

**بەرخەگەل** (نا. ل)[بەرخ + ئە + گەل] رانێک کە هەمووی بەرخ بێ، گەلەبەرخ، بەرغەل، بەرخەل، بەرگەل.

**بەرخەل** (نا. ل)[بەرخ + ئە + ل (گەل)] بڕ: بەرخەگەل

**بەرخەلەوان** (نا. ل)[بەرخەل + ئە + وان] کەسێک کە بەرخ دەباتە لەوەڕ و ئاگاداریان لێ دەکا، شوانی بەرخان، بەرخەڤان، بەرغەلەوان، بەرخەوان، بەرگەلەوان.

**بەرخەمێ** (نا. ل)[بەرخ + ئە + مێ] بێچوو مەڕی مێینە. بەرخی مێ.

**بەرخەنێر** (نا. ل)[بەرخ + ئە + نێر] بێچوو مەڕی نێرینە، بەرخی نێر.

**بەرخەوان** (نا. ل)[بەرخ + ئە + وان] بڕ: بەرخەلەوان

**بەرد** (نا.)[پەش: دەبەرە. ئال: berg (کێو). لۆڕ: بەرد. باک: بەرد ـ ناو: بەرد ـ باش: بەرد ـ زا: بەر] ١ـ مادەیەکی رەق و سەختە کە چینی سەرووی زەوی پێک هێناوە و بە شکڵی جۆراوجۆر و ورد و دریشت لە خیزەوە هەتا رەوەز و چیا هەیە، کوچک، سەنگ، کەڤر، تەوەن، کەرا، کەڕا. :: بەرد لە جێی خۆی سەنگینە. ٢ـ بەرد، خشت، یا هەر شتێکی دیکە کە قورسایی دیاری کراوی هەیە و لە تایەکی تەرازووی داوێن بۆ

کێشانی کەل و پەل و کاڵا، سەنگ. ٣ـ مادەیەکی رەق و چووکە کە بە هۆی مادەی زیادی لەش لە سەر گورچیلە و زراو یا لە نێو موسڵدانە دا سازی دەبێ. ٤ـ (مجـ.) ویشک و رەق. ‌‌:: ئەو چەسپە هێند کۆنە وەک بەردی لێهاتوە تازە بە کەلک نایە فرێی دە! ٥ـ (مجـ.) نەبزوون، بێجـووڵە. :: ئەو کابرایە دەڵێی بەردە لەوێ راوستاوە هەر جووڵەی نایە. **بوونە ~ :** زۆر رەق بوون، ویشک بوون. **~ برین:** شکاندن و لەت کردنی بەردی رەوەز و شاخ بۆ کار و باری خانوو ساز کردن. **~ بە گومبەز دادان:** (کنـ.) کوفر کردن، سووکایەتی بە دین و ئیمان کردن. **~ لە سەر دانان:** (کنـ.) لە بیر بردنەوەی کار و مەسەلەیەک و ئیدی باس نەکردنەوەی. :: ئەو نێوان ناخۆشییەی تۆ و بابت هەرچی بوو گوزەرا، بەردێکی سەت پووتی لە سەر دانێ و تازە باسیشی مەکەوە. **~ لە ئەژنۆی خۆ دان:** (کنـ.) کارێک بە زەرەری خۆ کردن، زەرەر لە خۆ دان، خۆ کلۆڵ کردن، ماڵە خۆ خراپ کردن. :: چەپرەوی وامان هەبوون کە لە عەینی نەخوێندەواری و نەزانی دا گاڵتەیان بەوجۆرە بیروبڕوایە دەکرد و بەردیان لە ئەژنۆی خۆیان دەدا (تاریک و روون ل ٣٩). **~ لێبارین:** (کنـ.) تووشی بەڵا و ناخۆشی بوون. **بەردی پەشیمانی لە چۆکی خۆ دان:** (کنـ.) پەشیمان بوونەوە لە کارێک و خەفەت پێوە خواردن. **لە ~ دان:** (کنـ.) بە فیڕۆ دان و فەوتاندنی شتێک. || **بەردی ئاسمانی:** بەردێک کە لە ئاسمانەوە دادەکەوێتە سەر زەوی. **بەردی بناغە:** ١ـ ئەو بەردانەی کە دوای هەڵقەندنی بناغە، دە بنچینەی داوێن و بناغەی لە سەر ئەو دادەڕێژن، بەردی بنچینە. ٢ـ (مجـ.) بنچینەی کار و مەسەلەیەک. :: بەردی بناغەی شێعری نوێی کوردیی لە سەر بەیتەکان داڕێژراوە. **بەردی بنچینە:** بڕ: بەردی بناغە. :: سەیلی هیجرت بەردی بنچینەی لە رەگ هێنامە دەر/ باری فیکرت قەددی راستی تێشکاندم وەک فەنەر (نالی ل ٢٠١). **بەردی بن گۆم:** (کنـ.) شتی لە دەچوو کە ئیدی نەدۆزرێتەوە. **بەردی جەهەننەم:** بەردێکی بریسکەداری مەیلەوبۆرە کە دوکتوران بۆ چاو و ددان کەلکی لێوەردەگرن، نیتراتی زێو، جەهەننەم داشی. **بەردی سارد و گەرم:** (کنـ.) ناخۆشی و بەڵا. ***بەردی سارد و گەرم وەبەر پێ (رێ، رێگا) هاتن:**

(کنـ.) تووشـی بـەڵا و نـاخـــۆشـی ژیـان هـاتن. ∷ هیوادارم بەردی سارد و گەرم نەیەتە بە پێت! بەردی سـارد و گــەرمت وەبەر ڕێگا نەیە! **بەردی سەبوور:** ١ـ بەرد و ڕەوەزی سەخت کە هەمیشە لە سەرما و گـەرمـا و بەفـر و بـاران دا سـەر جـێی خـۆیەتـی و نوێنەری سـەنگینی و تاقـەت هێنان لە بەرابـەر سـەخـتی و ناخـۆشی دایە. ∷ بەسـمـە بەش لەم دەهـرە تاهـیـر شـێـوەیی بەردی سـەبوور / چونکە هەر بێقیـمـەتی دێنێتـە بەر، پاڕانەوە (سـەید تـاهـیـــری هـاشــــمـی). ٢ـ بـەردێکـی ئەفسـایەییە کە خـەڵک دەردی دڵی خۆیان لە لای ئەو دەکـرد. **بەردی ســەرشکێنە:** (کنـ.) شـتـی بێـبـایـەخ و بێـمنـەت کـە لە هـەمـوو جێگەیەک هەبێ. **بەردی سولەیان:** بەردێکی جـوانـە کـە بۆ سـاز کـردنی هـەندێک کـەرەسـە وەک دەسکی گۆچان و شـتـی دیکە کـەلکی لێـوەردەگـرن. **بەردی سەفرا:** بەردێکە کـە لە بەر نیشـتـنەوەی مـــوادی نێـــو زراو پەیدا دەبێ. **بەردی گورچیلە:** بەردێک کە لە بەر ئاوێتە بوونی ئەسیدگەلی میز دەگەڵ ماکەی دیکە پێک دێ و لە سـەر گـورچیلە پەیدا دەبێ و یا عـەمـەل دەکرێ یا ئەوە کە خـۆی بە ڕێی میز دا دێتە دەر. **بەردی محەک:** بەردێکی ڕەشـــە کـــە زێرینگـەر زێڕ یا زێوی ڕێدەخـشـێنـێ و عـەیارەکـەی پـێ دیاری دەکـەن. **بەردی مـوسـڵـدان (مـیـزڵدان):** بەردێکە کـە لە بەر ئـاوێتـە بوونی مـیـز دەگەڵ ماکەکانی دیکە لە نێو موسڵدان دا ســاز دەبێ. **بەردی مـــەڕمـــەڕ:** بڕ: مـەڕمـەڕ. **بەردی ئەلحەد:** ئەو ریزە بەردەی کـە سـەری گـۆڕیچـەی پێ دادەپۆشن. ***سەر وە بەردی ئەلحەدێ کەوتن:** (کنـ.) درەنگ ئاگادار بوون و تێگەیشتن لە هەڵە و خەتا. **تێبینی:** گۆیا مردوو نازانێ کە مـردوە و کـاتێک لە نێـو گـۆڕ دا چاو دەکـاتـەوە و سـەر هەڵدێنێ سـەری وە بەردی ئەلحـەدێ دەکـەوێ و تازە دەزانێ کە مردوە و ئیدی بۆ پەشیمان بوونەوەی کارە خراپەکانی درەنگ بوە.

**بەردار** (ئان. فـا)[بەر1 + دار1] دار و دەرختێک کە بەر بدەن، بەبەر.

**بــەرداش** (نـا. ل)[بـەرد + ئـاش1] بەردێکی خـڕی گـەورەیە کـە تایبـەت بۆ ئاش دەیتاشن. ئاش لە دوو بەرداش پێک دێ کـە بەرداشی بنەوە نابزوێ و ئەوەی سـەرەوە دەگـەڕێ و دانەوێڵـە دەهاڕێ، کـــەڤـــری ئاشی، بەردەهـاڕ، بەراش، ئارسی.

**بەردانی** (ئان. ل)[بەرد + ئان + ئی] بڕ: بەردەڵان

**بەرداوێژ** (ئان. فا)[بەرد + ئاوێژ] ١- کەسێک کە بەرد داوێ. ⁂ ئەحمەد بەرداوێژیکی چاکە. ٢- (نا. ل) مەودایەک کە بەردی هاویشتراو دیاری دەکا. ⁂ کەوەکە هەر بەرداوێژێک لێمان دوور بوو کەچی نەیتوانی بە تفنگەکەی بیەنگێوێ.

**بەرداوی** (ئا. ل)[بەرد + ئاوی] بڕ: بەردەڵان

**بەردباران** (نا. ل)[بەرد + باران] بڕ: بەردەباران. **~ کردن:** بڕ: بەردەباران کردن.

**بەردبڕ** (ئان. فا)[بەرد + بڕ] کەسێک یا کرێکارێک کە لە کێو بەرد دەبڕێتەوە و خۆی یا کەسێکی دیکە دەفرۆشێ و خەڵک بۆ خانوو ساز کردن لێیدەکڕن.

**بەردبڕیی** (حم.)[بەردبڕ + ئیی] کار و پیشەی کەسی بەردبڕ.

**بەردتاش** (ئان. فا)[بەرد + تاش] کەسێک کە بەردی مەڕمەڕ یا بەردی دیکەی پێویستی خانوو یا کێل لێک و لووس و ئامادە دەکا یا لە بەرد مجەسەمە و کەرەسەی دیکە ساز دەکا، بەردتراش، کوچکتاش.

**بەردتاشیی** (حم.)[بەردتاش + ئیی] کار و پیشەی کەسی بەردتاش، بەردتراشیی.

**بەردتراش** (ئان. فا)[بەرد + تراش] بڕ: بەردتاش

**بەردتراشیی** (حم.)[بەردتراش + ئیی] بڕ: بەردتاشیی.

**بەردڕانە** (نا. ل)[بەر + دڕ + ئانە] پارە شیرینی یا جل و بەرگی کۆن یا هەر شتێکی دیکە کە لە کاتی جل و بەرگی تازەدوراو دەیدەن بە دۆست یا بە دەست و پێوەند، بەردڕکانە، بەردڕەکانە.

**بەردڕکانە** (نا. ل)[بەر + دڕ + ک + ئانە] بڕ: بەردڕانە

**بەردڕەکانە** (نا. ل)[بەر + دڕ + ئە + ک + ئانە] بڕ: بەردڕانە

**بەردکاریی** (حم)[بەردکار + ئیی] ئەو کارانەی کە وەستا و بەننا لە کاری خانووبەرە دا بە بەرد دەیکەن. ⁂ ئەو دیوارە هەندێک بەردکاریی ماوە.

**بەردکێش** (نا. فا)[بەرد + کێش] ١- کەسێک کە بەردی پێویستی خانوو ساز کردن لە دەشت و چیا کۆ دەکاتەوە و لە ئاوەدانی دەیفرۆشێتەوە. ٢- (نا. ل)

جووتێک سەوەتە یا خەڕەکەیە لە سەر پشتی گوێدرێژی دادەنێن و بەردی پێ دەکێشنەوە.

**بەردکێشیی** (حم.)[بەردکێش + ئیی] کار و پیشەی بەردکێش.

**بەردڵانە** (نا. ل)[بەر + دڵ + ئانە] پاروو نانێک کە کەسی برسی بەر لە نەهار و شام دەیخوا هەتا بەر دڵی بگرێ و هەتا وەختی خواردن تاقەت بێنێ، بەرکوت، نەوس بڕ.

**بەردناس** (ئان. فا)[بەرد + ناس] کەسێک کە پسپۆڕی بەردە و لە زانستی بەردناسی دا شارەزایە.

**بەردناسیی** (حم.)[بەردناس + ئیی] زانستی چۆنیەتی و چلۆنایەتی بەرد و کانی جۆراوجۆرەکان.

**بەردە** (ئان.)[ئەو: ڤەرێتە - پەھ: ڤەرتەک] ١- مرۆڤێک کە زوو بۆ خزمەت دەکڕدرا و دەفرۆشترا، غولام، کۆیلە، بەنی. ٢- ئەسیر، دیل.

**بەردە ئازەبە** (نا. ل)[بەرد + ئە + ئازەبە] بڕ: بەردەعازەبە

**بەردەباران** (نا. ل)[بەرد + ئە + باران] سزای کەسێکی تاوانبار بوە کە بە پێی داب یا ئایین بەردیان پێ داداوە، بەردباران، سەنگەسار. **~ کردن:**١- بەرد پێدادانی بە کۆمەڵ بە کەسێک کە ئایین یا دابی کۆن بە تاوانباری داناوە، بەردباران کردن. ٢- بەرد پێدادانی بە کۆمەڵی منداڵان بە کەسێک یا بە ماڵێک لە بەر رق و تووڕەیی. :: منداڵ لە بەر ئەوە کە کاک حەمە تۆپەکەی دڕاندبوون ماڵەکەیان بەردەباران کرد. ٣- پێدادانی بەرد بە شەیتان لە ئاهەنگی حەج، رەجم کردن. & سەنگەسار کردن.

**بەردەباز** (نا. ل)[بەرد + ئە + باز2] بەردێک یا چەند بەردە لە جۆگە و چۆمی کەم ئاو دایدەنێن وەها کە سەریان لە ئاو بە دەرەوەیە و خەڵک بە سەریان دا بازد دەدەن و خۆ دەپەڕێننەوە، پردەباز، بەردەواز، پێباز.

**بەردەبیرۆ** (نا. ل)[بەرد + ئە + بیرۆ] ١- جۆرێک بەردی زۆر سەخت، گرانیت. ٢- (مجـ.) سەختی و رەقی.

**بەردەبێر** (نا. ل)[بەرد + ئە + بێر] بەردێکە کە شوان لە سەری دادەنیشێ و سەری مەڕ و بزن بۆ بێری دەگرێ هەتا بیدۆشێ.

**بەردەپا** (نا. ل)[بەرد + ئە + پا] بڕ:

**بەردەپێ** (نـا. ل)[بـەرد + ئـە + پـێ] خـڕکـە بـەردێکی سـووکی ڕەش و کـون کونە، کە پتر لە حەمام پانیەی پێی پێ دەشۆن هەتا تۆخی زێدە لێوە کا یا ئەوە کە بۆ تووک لێ کردنەوەی کەوڵ و لووس کـــردنی بەردی مـــەڕمـــەڕ کـــەلکی لێوەردەگرن، بەردەپا.

**بەردەتات** (نا. ل)[بەرد + ئە + تات] تەخـتـە بـەردێکی پان و گـەورە و لێک و لووسە لە سەر کانی و حەوزی مزگەوت دایدەنێن بۆ نوێژ و جارجارە مردووشی لە سـەر دەشـۆن، تاتەبەرد، بەردەنوێژ، تاتەنوێژ، تات.

**بەردەچەخـمـاغ** (نا. ل)[بەرد + ئە + چەخماغ] بڕ: بەردەچەرخ

**بـەردەچـەرخ** (نـا. ل)[بـەرد + ئـە + چەرخ] بەردێکی چووکە لە کارخانە ساز دەکـرێ و لە نێـو چەرخ یا چەخـمـاغی دەنێن بۆ هەڵکردنی، بەردەچەخماغ.

**بەردەخوێ** (نا. ل)[بەرد + ئە + خوێ] جۆرێک خوێی کلۆ گەورەیە کە وەک بەرد وایە وردی دەکـەن و بۆ کـاگڵ و بۆ دان بە مالات و هەندێک شتی دیکە کەلکی لێ وەردەگرن. ⁂ مێگەلی تێر و تەسەل لێر و لەوێ / دێن و شالاو دەبەنە بەردەخوێ (هێدی ل ٢٢٤).

**بەردەڕێژ** (ئان. ل)[بەرد + ئە + ڕێژ] حـەسار، کـۆڵان یا ڕێگایەک کـە بەردیان تێ گـرتبێ هەتا تۆز و خـۆڵ و قـوڕ و چڵپاوی نەبێ. **~ کردن:** چنینی بەرد لە سـەر زەوی بە ڕێک و پێکی بۆ هات و چۆ.

**بەردەزوورە** (نا. ل)[بەرد + ئە + زوور +ئە] بەردێکی سەخت و ڕەق و زوورە کە داس و چەقـۆ و ئامـرازی برینی پێ تیـژ دەکەنەوە.

**بـەردەس** (نـا. ل)[بـەر + دەس] بـڕ: بەردەست

**بەردەسان** (نا. ل)[بەرد + هەسان] بڕ: هەسان

**بەردەسـاو** (نا. ل)[بەرد + ئە + سـاو (سوون)] بڕ: هەسان

**بەردەست** (نا. ل)[بەر + دەست] ١- کەسێک کە بۆ هەڵسووڕانی کاروبار لە ژێر دەستی وەستا و کارزان کار دەکا. ٢- نۆکەر، خزمەتکار، کاردار. ٣- ژووری ماڵی دەوڵەمەند و ماڵدار کە بۆ دانیشتن و کـاری نێـو مـاڵ تەرخـان دەکـردرێ. ٤- هەر شـتـێکی لـە گۆڕێ دادەنـدرێ بۆ ئەو

که هەمیشه کەلکی لێوەرگری. :: قاپ و قاچاغی بەردەست، کتێبی بەردەست. & بەردەس، بەردەستان

**بەردەستان** (نا. ل)[بەردەست + ئان] بڕ: بەردەست

**بەردەستیی** (حم.)[بەردەست + ئیی] ١ـ کار و ئیشی کەسی بەردەست. ٢ـ خزمەتکاریی، نۆکەریی.

**بەردەستێ** (نا. ل)[بەرد + ئەستێ] بەردێکی سەخت و ساف و سپی و لووسە کە بە ئەستێ لێیدەدەن و پریشکی لێدەبێتەوە و پووشوو ئاگر دەگرێ، هاوتای ئەستێ، بەردەئەستێ.

**بەردەشۆر** (ئان. ل)[بەرد + ئە + شۆر] کاری جوێ کردنەوەی بەرد لە دانەوێڵە. **~ کردن:** جوێ کردنەوەی بەرد لە دانەوێڵە. دانەوێلە لە دەفرێک دەکەن و ئاوی تێدەکەن، دوایی ئاو و دانەوێڵەی سەر ئاو لە قاپێکی دیکە دەکەن و بەرد کە قورسترە لە بنەوە دەمێنێتەوە، ئەم کارە چەند جارێک دووپاتی دەکەنەوە هەتا دانەوێڵەکە خاوێن دەبێتەوە.

**بەردەشیر** (نا. ل)[بەرد + ئە + شیر] بەردێکی کانییە، مادەیەکی سپی تێدایە و کاتێک دە نێو ئاو دا بیسوون ئاوەکییەکی وەک شیری لێ ساز دەبێ.

**بەردەعازەبە** (نا. ل)[بەرد + ئە + عازەب (عەزەب) + ئە] گاشە بەردێکی زەلامە گەنج و جحێڵ هێز و قەوی خۆیانی پێ بە تاقی دەکەنەوە، ئەوەی بتوانی هەڵیهێنێ عەزەب بوە و گەیشتۆتە تەمەنی ژن هێنان، بەردەئازەبە.

**بەردەفرۆش** (نا. فا)[بەردە + فرۆش] کەسێک کە بەردە و غولامی لە بازاڕ دەفرۆشت.

**بەردەفرۆشیی** (حم.)[بەردە فرۆش + ئیی] کار و پیشەی کەسی بەردەفرۆش.

**بەردەقانی** (نا. ل)[بەرد + ئە + قانی؟] ئامرازی کۆنی شەڕ و راوە کە لە بەن دەچندرێ، دوو لۆی درێژە کە نێوەڕاستەکەی پانە و بەردی تێدەنێن، دوایی دوو لۆیەکە دەگەرن و هەڵیدەسوورێنن و بەرەو ئامانج لۆیەکی بەر دەدەن و بەرد دەردەپەڕێ. زوو بۆ شەڕ و راو کەلکیان لێوەرگرتوە و ئێستاکە شێوەکەی گۆڕدراوە و جیر و دوولکی لێ زیاد بوە و منداڵ بۆ راوی مەلی چووک دەکار دەکەن، قۆچەقانی، قەڵماسک، قەڵماسەنگ.

**بەردەقسڵ** (نا. ل)[بەرد + ئە + قسڵ] بەردیکە لە کانی دەردەهێندرێ، دە کوورە دەهاویشترێ و قسڵی لێ پەیدا دەبێ و لە کاری خانوو ساز کردنیش دا دە کاری دەهێنن.

**بەردەقەبر** (نا. ل)[بەرد + ئە + قەبر] بڕ: کێل

**بەردەگۆنجە** (نا. ل)[بەرد + ئە + گۆنجە] بەردێک کە بەری کونی گۆل و ئەستێری پێدەگرن.

**بەردەگەچ** (نا. ل)[بەرد + ئە + گەچ] بڕ: بەردەگێچ

**بەردەگێچ** (نا. ل)[بەرد + ئە + گێچ] بەردێکە وەک بەردەقسڵ کە دە کوورە دا دەیپێژن و گێچی لێ پەیدا دەبێ، بەردەگەچ.

**بەردەلینگ** (نا. ل)[بەر + دەلینگ] کوتە پارچەیەکە لە بن دەلینگی پاتۆڵ و رانک دا دویدروون هەتا دەلینگ درەنگتر بدڕێ و بسوێ و شەقیشی راگرێ.

**بەردەلان** (نا. ل)[بەرد + ئە + لان] شوێن و جێگا و رێگایەک کە بەردی زۆر بێ، بەردانی، بەرداوی.

**بەردەم** (نا. ل)[بەر + دەم] ١- پێش و دەمی شوێنێک. ⁂ بەردەمی ماڵ، بەردەمی دوکان. ٢- بەرابەر، ئاست، حوزور. ⁂ لە بەردەمی من درۆیان دەکەی.

**بەردەمۆر** (نا. ل)[بەرد + ئە + مۆر] بڕ: بەردەمۆرە

**بەردەمۆرە** (نا. ل)[بەرد + ئە + مۆر + ئە] خاک و گڵی دەور و بەری قەبری ئیمامەکان و شوێنی پیرۆز لە لایەن شیعەکانەوە کە لە قالب دەدرێ و دەیپێژن و لە کاتی نوێژ کردن نێوچاوانی لە سەر دادەنێن، بەردەمۆر.

**بەردەمووروو** (نا. ل)[بەرد + ئە + مووروو] بەشێکە لە کەرەسەی ئاش. بەردێکە لە بنەوەی بەرداش و تەوەرەی لە سەر دەسوورێ.

**بەردەمووکانە** (گیا.)[بەر + دەمووکانە] پنجە دارێکی چووکە لە بن و سەرلقی دارمازوو و هەندێک داری دیکە دەردەچێ، بەرێکی وردی وەک ساواری هەیە کە شیرەیەکی چەسپ و لینجی سەوزی لێدەبێتەوە بۆ برین، لا بردنی موو، راو و هەروەتر لە سەنعەت دا کەلکی لێوەردەگرن، دەمکانە، دمکانە، دەنووکە، دەمووکانە، بەردەمووکە،

موخوڕ.

**بەردەمووکە** (گیا.)[بەر + دەمووکە] بڕ: بەردەمووکانە

**بەردەنوێژ** (نا. ل)[بەرد + ئە + نوێژ] بڕ: بەردەتات

**بەردەنووس** (نا. ل)[بەرد + ئە + نووس1] نووسراوەی سەر بەرد، نووسراوەیەک کە لە سەر بەرد هەڵقەنرابێ.

**بەردەواز** (نا. ل)[بەرد + ئە + واز] بڕ: بەردەباز

**بەردەوان** (ئان. ل)[بەرد + ئە + وان] کەسێک کە بە سانایی بە ڕەوەزە بەرد و زەرد و ماهان دا هەڵدەگەڕێ، ڕازەوان، شاخەوان.

**بەردەهاڕ** (نا. ل)[بەر + ئە + هاڕ (هاڕین)] بڕ: بەرداش

**بەردەستێ** (نا. ل)[بەرد + ئە + ئەستێ] بڕ: بەردەستێ

**بەردەیی** (حم.)[بەردە + ئی] بەردە بوون، غولامی. ٢ـ ئەسیری، دیلی.

**بەردی** (گیا.)[عەر: بردی] جۆرێک قامیشە لە تیرەی جەگەن، دوو هەتا چوار گەز بەرز دەبێتەوە، لە سەرەوەی پرزەکانی چەترێکی جوان ساز دەکەن، لە دەم ڕووبار شین دەبێ، لەم گیایە جۆرێک کاغەز بە ناوی پاپیرۆس ساز دەکەن، Cyperus papyrus ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، پاپیرۆس.

**بەردیل** (گیان.)[باک: بەردیل، بەلندیر ـ ناو: بەردیل ـ زا: بەلەندیرە] بەرخە مێیەکی دوو ساڵی تەواو کردبێ و پێی دە سێ ساڵەی نابێ، شەک مەڕ.

**بەردیلزا** (گیان.)[بەردیل + زا] بەرخەنێری سێ ساڵە، شەک بەران.

**بەردین** (ئان. ل)[بەرد + ئین] هەر شتێکی لە بەرد یا بە بەرد ساز کرابێ، بەردینە. :: ئاونگی بەردین، دیواری بەردین.

**بەردینە** (ئان. ل)[بەرد + ئینە] بڕ: بەردین.

**بەرڕاو** (نا. ل)[بەر + ڕاو] لای خوارەوەی ڕاو. // سەرڕاو. ~ **لێگرتن:** لای خوارەوە لە نێچیر گرتن. :: ئەوە ئاغام ئەمن دەڵەم سەرڕاو و بەرڕاوی لێبگرن / ئەوە مامزی من گەلێکە شوومە ...(پایزە ل ٥٣)

**بەرز** (ئان.)[هیک: وەردھ ـ ئێک: بەرزیا، بەرێزیەھ، بێرێزەنت ـ ئەو: ڤەرز،

بێــرێز، بەرێز ـ پەھ: بورز، بورژ، بۆرز. كرم: بۆرز. باك: بەرز ـ ناو: بەرز ـ باش: بەرز ـ هەو: بەرز ـ زا: بەرز، بەرژ، بارز] ١ـ درێژ و بڵـیند بە باری قـیـتـی دا. :: باڵابەرز، كێوی بەرز. ٢ـ شتێك كە وە ئاسمان كەوتوە و لە زەوی دوور كەتۆتەوە، یا ئەوەكە پەیوەندی بە زەوییەوە نیە، بڵند. ٣ـ توند و زیاد لە باری حاڵەتەوە. :: دەنگی بەرز. ٤ ـ بڵند و بە نرخ لە باری كەسایەتییەوە. :: پیاوی بەرز، شاعیری بەرز، زانای بەرز. **~ بوون:** بڵند بوون. **~ بوونەوە:** ١ـ هەستان، بڵند بوون. :: كاتێك مامۆستا هاتە ژوور هەموو لە بەری بەرز بوونەوە. ٢ـ وە حەوا كەوتن، بڵیند بوون و لە زەوی جیا بوونەوە. :: بادەوەكە هێندە بەرز ببۆوە بە ئاستەم دەدیترا. ٣ـ زیاد بوونی پلە و پایە. :: لەوەتی بۆتە دوكتور لە بەر چاوی خەڵك بەرز بۆتەوە. **~ كردن:** ١ـ زیاد كردن و بڵیند كردنی دەنگ. :: رادیۆكە بەرز كە بزانین دەڵێ چی. دەنگت هێندە بەرز مەكە ئەو منداڵانە نوستوون. ٢ـ برِ: بەرز كردنەوە. **~ كردنەوە:** ١ـ هەستاندن لە خەو. :: برۆ ئەو منداڵانە بەرز كەوە رۆژ درەنگە. ٢ـ هەڵێنان، بڵیند كردن. :: بارەكەی بەرز كەوە. دەستی بەرز كردەوە. ٣ـ لە سەر یەك هەڵچنین و دانان. :: ئەو فەردە ئاردانە ئالێرە بەرز كەوە. ٤ـ كەسێك یا شتێك هێنانە بە باس و نرخ پێدان. :: مەسەلەی كوردیان زۆر بەرز كردۆتەوە. كابرایان بەرز كردەوە و كردیانە رێبەری خۆیان.

**بەرزاخ** (نا. ل)[بەر + زاخ] داوێنی چیا، بەركاو، بەرقەد.

**بەرزایی** (نا. ل)[بەرز + ئایی][ئەو: بەرێزیەھ] ١ـ بڵندایی، بڵندی. ٢ـ درێژایی. ٣ـ (نا.)[ئەو: بەرێزەھ] كێو، ترۆپكی كێو. & بەرزێتی.

**بەرزگ** (نا. ل)[بەر1 + زگ] ١ـ برِ: بەرمسوڵدان ٢ـ شوێنی لای خوارەوەی ئەو گیاندارانەی لە سەر چوار پێ دەڕۆن. :: ئەو گوریسەی بە بەرزگی ئەو یەكسمە دا بێنە بیدە بە من. & بەرسك

**بەرزە**[1] (نا. ل)[بەرز + ئە] حەیوانی كەوی گەورە، ماڵات و حەیوانی لە چاو ئاژەڵ گەورەتر وەك كەڵ، ئەسپ، گوێدرێژ، گا و مانگا.

**بەرزە**[2] (ئان.)[باك] برِ: بزر

**بەرزەبڵێس** (نا. ل)[بەرز + ئە + ب + لێس (رێس ـ رێستن)] كەسێك كە

هەڵدەداتە نێو قسان و زۆری لە سەر دەڵێ.

**بەرزەپا** (ئاک. ل)[بەرز + ئە + پا] بڕ: بەرزەپێ

**بەرزەپەڕ** (ئان. ل)[بەرز + ئە + پەڕ] بڕ: بەرزەفڕ

**بەرزەپێ** (ئاک. ل)[بەرز + ئە + پێ] بەرزەپا، یەک پێ. **~ هەستان:** دەست بەجێ لە سەر جێی خۆی هەستان لە کاتی وەژوور کەوتنی مامۆستای فێرگە یا کەسێکی گەورەتر لە شوێنی دیکە. ⁘ هات سڵاوی کرد، خانۆ بەرزەپێ لە بەری هەستا، ...(دمدم ل ١٣٦)

**بەرزەجرە** (گیانـ.)[بەرز + ئە + جرە] جۆرێک سیسرکی دەشتییە. گیاندارێکی چووکە وەک کوللە بەڵام چووکتر، رەنگی کەسکە، لە دەشت و چۆڵایی و نێو دەغڵان دا دەژی، گیای دەخوا و هەمیشە دەنگی دێ، بەرزەجوورە، بەرزەچرە، جرجرە. (فار: جرواسک. عەر: صرار)

**تێبینی:** جـڕ، جـوڕ و چڕ هەرچەند وشەدەنگن بەڵام لە ریشەی سرو sru - ی ئەوێستایی و چرین - ی کوردیی بە مانای کوتن و خوێندن کەوتوون. کە بە گشتی مانایان دەبێتە بەرزەبێژ، بەرزخوێن.

**بەرزەجوورە** (گیانـ.)[بەرز + ئە + جوورە] بڕ: بەرزەجرە

**بەرزەچرە** (گیانـ.)[بەرز + ئە + چرە] بڕ: بەرزەجرە

**بەرزەحەوایلە** (نا. ل)[بەرز + ئە + حەوا + ئیلە][ئەر] بڕ: بەرزەهەوایلە

**بەرزەخ** (نا.)[عەر: برزخ] مەودای نێوان دونیا و ئاخرەت لە سەرەتای مەرگ هەتا قیامەت.

**بەرزەدەماخ** (ئان. ل)[بەرز + ئە + دەماخ] بڕ: بەرزەلووت. ⁘ بۆ کەسێکە مەی دڵی پڕ بێ لە داخ / بۆچی لێی بخواتەوە بەرزەدەماخ (ناڵەی جودایی ل ١٢).

**بەرزەدەماغ** (ئان. ل)[بەرز + ئە + دەماغ] بڕ: بەرزەلووت.

**بەرزەفڕ** (ئان. ل)[بەرز + ئە + فڕ] ١- باڵندەیەک کە لە بەرزایی دەفڕێ وەک هەڵۆ و باز و ...٢- (کنـ.) کەسێک کە بیر لە خەیاڵ و کاری گەورە دەکاتەوە. & بەرزەپەڕ.

**بەرزەکی بانان** (ئان. ل) [بەرز + ئەک + ئی + بان + ئان] ١- گیاندارێکی

خـەياڵی نێـو چیـرۆكـانـە، زۆر درێژ و باڵابـەرزە، هەمـیـشـە لە سـەر بانان رادەوەستێ و خۆ نیشانی خەڵک دەدا یا بە پێـلاقە لە بان دەكوتێ و خـەڵک بانگ دەكا و كاتێک خەڵک چوون لە بەر چاوان ون دەبێ. ٢ـ (مـجـ.) كـەسـێک كـە بێ هەست و خـوست لە گـیـر و گـرفت و گـۆنگەلێک خـۆی دەرباز دەكـا. ٣ـ (كنـ.) لاوی قـۆز و دڵتـەر كـە لە گـوێسـوانەی بانان رادەوەستێ و حەزلێكردوویی دەكا (لە دێهـات). ٤ـ (كنـ.) كـەسـێک كـە هیچ كارێک نەكا و تەنیا خـەریكی دڵتـەڕیی و رابواردن بێ، بێكار. ∷ نە خـەرج و باج دەدەن، نە بێگار و سوخرەكێشی دەكەن، ئەوە چەند سـاڵە بـۆ خـۆیان، وەک بەرزەكی بانان، ئاسـوودە و تەرخـان دەژین (دمدم ل ٣٣٩).

**بەرزەگەوە** (گیا.)[بەرز + ئە + گەوە] قـیـسـپـێكی هەڵنەپاچراوە ئەكـرێ بە پەرژین بە بێ تەنین (خاڵ ب ١ ل ١٥٦).

**بەرزەڵنگ** (گـیـا.)[بەرز + ئە + لنگ] گـیـایەكی بۆنخـۆشی خـۆڕسكی چەند سـاڵەیە، لە تیـرەی نەعنا، هـەتا نیـوگـەز بەرز دەبێتەوە، گەڵاكانی درێژ و باریكن، گوڵەكانی چووک و هێشوویی شین، مۆر یا سـوورن و بـۆ دەرمـان كـەلكی لێـوەردەگـرن، Landula stoechas ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، بەرزەلینگ.

**بەرزەلـووت** (ئـان. ل)[بـەرز + ئـە + لووت] كـەسی بە پۆز و بە دەعـیـە كـە لووتی لە سـەرەوەیە، بە پۆز، بە دەعێ، بەرزەدەمـاخ، بەرزەدەمـاغ، لەخـۆ رازی. **~ بوون:** بە دەعێ بوون، كـەسێک كە لووتی لە حەوایە.

**بەرزەلـووتـە** (ئا.)[بـەرزەلووت + ئـە] ئەنگوستی سێهەمی دەست، ئەنگوستی نێوان براتووتە و شادە. (بڕ: باڵابەرزە)

**تێـبـینی:** چونكە ئەم ئەنگوسـتـە لە هەمـوو ئەنگوسـتـە كـانی دیكە بەرزترە، پۆز لە سـەر ئەوانی دیكە لێدەدا و بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە.

**بەرزەلینگ** (گیا.)[بەرز + ئە + لینگ] بڕ: بەرزەڵنگ

**بـەرزەوڵاخ** (نـا. ل)[بـەرزە1 + وڵاخ] وڵاغی بەرزە، ئەسپ و یەستر.

**بـەرزەهەوایـلـە** (نـا. ل)[بـەرز + ئـە + هـەوا + ئیلە][ئەر] ١ـ بڕ: بادەوە/١. ٢ـ كایە و یارییەكی منداڵانە كە بەرد داوێنە حـەوا هـەتا بزانن كـامـەیان لە هـەمـوان بەرزتری داوێ. & بەرزەحەوایلە.

**بەرزی** (ئان. ل)[بەرز + ئی] ١- بڵندی، سەروو. // نزمی. ٢- درێژی، درێژایی. ٢- گەورەیی، مەزنی.

**بەرزیلان** (نا. ل)[بەرز + ئیل + ئان] [ئەر] یاری و کایەی شێر و خەت، پوولێک کە دەیهاوێنە حەوا و دوو کەس هەرکام لایەکی دەڵێن و بە باری هەر کامیان داکەوێ ئەو بردوویەتەوە، شێر یا خەت.

**بەرزین** (ئان. ل)[بەر + زین] حاڵی جوانوو ئەسپ یا ماینێک کە وەختی زین لێنانی گەیشتبێ و بۆ سواری دەست بدا.

**بەرزێتی** (نا. ل)[بەرز + ئێتی] بڕ: بەرزایی

**بەرژ** (ئان.)[زا] بڕ: بەرز

**بەرژەنە** (نا. ل)[بەر + ژەن (ژەندن) + ئە] ١- بڕ: بەرەمەشکە. ٢- بڕ: بەرژەنەک

**بەرژەنەک** (نا. ل)[بەر + ژەن (ژەندن) + ئەک] ئامرازێکی جۆلاییە کە پێک هاتوە لە دوو چێوی پان کە یەکیان پانترە و دە باڵ یەک بەزێنراون و بە ئانیشکە دەنوشتێتەوە، ئەم دارە لە پانایی تەنراوەکە قایم دەکەن هەتا هەم تەنراوەکە رێک و راست رابوەستێ و هەمیش خوار و گێڕ نەبێ، بەرژەنە.

**بەرژەوەند** (نا. چا)[ئەو: ڤەرێچەهڤەنت - پەه: ڤەرچاڤەند، ڤەرجاڤەند. باک: بەرژەوەند - ناو: بەرجەوەن، بەرجەوەند، بەرژەوەند] ١- قسە و کردوەیەک خێر و قازانجی تێدابێ، قازانج، خێر. ٢- مەسڵەحەت. **بە ~ بوون:** بە قازانج بوون، بە خێر بوون. **بە ~ زانین:** بە دروست زانینی کردەوەیەک کە پێت وایە قازانجی هەبێ. ⁂ بە بەرژەوەندی نازانم بەو زستانە سەفەر بکەی.

**تێبینی:** ڤەرێچەهـ varečah لە ئەوێستا دا و ڤەرچ varč یا وەرج varj لە پەهلەویی دا و ڤەرچەس varčas لە سانسکریت دا بە مانای هێز و وزە و وچە و وەج هاتوە و ڤەرێچەهڤەنت -var ečahvant لە ئەوێستا دا ئاوەڵناوە بە مانای بە وزە و بە وچە و بەهێز. بەرجەوەند یا بەرژەوەند بە پێی باوەڕی زەردوشتەکان دوای مردنی کەی گوشتەسپ وەرج نەگەیشتە کەسی دیکە و ئەهوورامەزدا هەتا نزیک قیامەت بۆ ئارییایەکانی هەڵدەگرێ و سۆشیانت بەو وزە و وچەیە وە دیار دەکەوێ و دنیا پڕ دەکا لە خێر و خۆشی. لە زمانی کوردیی

دا گــەلێک وشــە دوای لە بەین چوونی دینەکەیان و هاتنی ئیسلام نەماوە بەڵام وشــەکان هـەر مـاون و مـانای دیکـەیان بەخۆوە گرتوە.

**بەرژەوەندیی** (حـم.)[بـەرژەوەنـد + ئیی] بە قــــازانج بوون، بە بەرژەوەند بوون، ســەلاح. ‫:: بەرژەوەندیی من و تۆ لەوە دایە کــە چی دیکە شــەریکایەتی نەکەین.

**بەرسڤ** (نا.)[؟][باک] وڵام، جــواب. **~ دان:** وڵام دانەوە، جواب دانەوە.

**بەرسک** (نـا. ل)[بـەر + سـک] بـڕ: بەرزگ

**بەرسمبێل** (نا. ل)[بەر + سـمـبێل] [باک] بڕ: بەرسمێڵ

**بەرسمێڵ** (نا. ل)[بەر + سـمـێڵ] تووکی زیادەی سـمـێڵ کە سـەر لێـوی داپۆشیوە و موسڵمان پێیان حەرامە و دەیکەن، بەرسـوێڵ، بەرسـمـبـێل. ‫:: قــەپۆزت دانەپۆشێ بەر ســمـێڵت / بە سەر ملتا نەیێ وەک یاڵی کەمتیار (شێخ رەزا). **~ کـردن:** کــردن و قــرتاندنی تووکی زێدەی سـمێڵ وەها کە سـەر لێو دانەپۆشێ.

**بەرسوورکە** (گیانـ.)[بەر + سوور + کـە] حـەشـەرەیەکی چووکی ناومـاڵانە، رەنگی ئـامــــاڵ ســــــوورە، زۆرتر لە ئاشپەزخانە و ژێرزەوی دەبێ. ئێستاکە جــۆری گــەورەی پەیدا بوە کــە گــۆیا تۆوەکەی لە ئامریکاوە هـاتوە، باڵی هەیە و هەڵدەفڕێ.

**بەرسەری** (نا. ل)[بەر + سـەر + ئی] [باک] بڕ: باڵنج

**بەرسەم** (نا.)[ئەو: بەرێسمەن ـ پەه: بەرســەم] شــووڵی باریکی دارهەنار یا سـیـمی باریکی مـسی یا زێو کـە لێکی دەبەستن و لاگرانی ئایینی زەردەشتی بۆ دوعــا و ئاهەنگی تایبــەتی کـــەلکی لێوەردەگرن.

**بەرسیلە** (گیا.)[بەر + سیلە] ترێیەک کە هێشتا شیرن نەبوە، قۆرە، پەسیرە، پەسیلە، هاڵە، بەسیرە، هارسم، شلوور.

**تێبینی:** سیلە یا سیرە هەمان شیرە یا شـــیلە ـ ن بە لە بەرچاو گـــرتنی ئاڵوگـۆڕی دوو پیـتی س و ش دەگــەڵ یەکتر کە وێنەی لە کۆنەوە بۆ ئێستا و لە نێـو زاراوەکـانی کـوردییش دا زۆرە (شەوتان، سووتان ـ سووژن، شووژن). سـیلە یا شیلە خـۆی لە کشـیـیرە ـ ی هیندیی کۆن و خشییرە ـ ی ئەوێستایی

و شیر ـ ی کوردیی کەوتوە.

**بەرغـــەبەبە** (نا. ل)[بەر + غـــەبـەب (غەبغەب) + ئە] بڕ: بەرخەبەبە

**بەرغەل** (نا. ل)[بەرخ + ئە + گەل] بڕ: بەرخەگەل

**بەرغـــەلەوان** (نا. ل)[بەرغـەل + ئە + وان] بڕ: بەرخەلەوان

**بەرف** (نا.)[باک] بڕ: بەفر

**بەرفـــرە** (ئان. ل)[بەر + فـــرە] بڕ: بەرفرەوان

**بەرفرەوان** (ئان. ل)[بەر + فرە + وان] حاڵی هەر شتێکی پێش و بەری ئاوەڵا و پان و بەرین بێ، بەربەرین، بەرفرە.

**بەرق** (نا.)[عـــەر: برق] ١ـ هێـــزێکی ئەلکتریسیتە کە بە هۆی سووڕانی دینام و تووربین ئینێرژی ئەلکتریسیتە پێک دێ و ئەویش بە سیم دا دەچێتە نێو پریز و کلیلی بەرق و ئینێرژی دیکە وەک گەرما یا رووناکی ساز دەکا، کارەبا، برق. ٢ـ شـۆق، گرشـە، بریقە. ٣ـ برووسک. :: لە پاداشی قـــسەی سـەردا هەمـە ئاه و هەناسەی گەرم / کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ من بەرقی تێدەگرم (مەحوی ل ٢١٩). ~ **گـرتن:** دەست وە سـیـمی رووتی بەرق کەوتن کە دەبێتە هۆی فڕێ دانی ئەو کەسە و تەنانەت کوشتنیشی.

**بەرقلیان** (نا. ل)[بەر3 + قلیان][ئەر] بڕ: بەرچایی

**بەرقلیـانی** (نا. ل)[بەر3 + قلیـان + ئی][ئەر] بڕ: بەرچایی

**بەرقەد** (نا. ل)[بەر3 + قەد] بەشێک لە کێو و چیا کە دەکەوێتە نزیک داوێن و بنار، نێوان بنار و نێوقەدی کێو، بەرکاو.

**بەرقـەرار** (ئان. ل)[بەر + قـەرار] ١ـ هەرکەس یا هەرچی کە بمێنێتەوە و نەفەوتێ. ٢ـ سازدراو، پێک هاتوو، قەراردراو.

~ **بوون:** ١ـ مان، مانەوە، نەفەوتان. :: بەرقەرار بێ عەدالەت و ئازادی! ٢ـ ساز دران، قەرار دران

~ **کـردن:** ١ـ مانەوە، نەمردن، نەفەوتان. :: خودا بەرقەرار و راوەستاوت کا!. ٢ـ ساز دان، قەرا دان

**بەرقەننە** (نا. ل)[بەر + قەننە] بڕ: بەرچایی

**بەرک**[1] (نا.)[باک] بڕ: گولله

**بەرک**[2] (نا.)[باک] بڕ: بەریک

**بەرک**[3] (نا.)[؟] ئەستێرەیەکە بە عەرەبی پێی ئەڵێن: شعرای شامی (خاڵ ب ١ ل ١٥٧). ئەستێرەیەکی گەشە لە کەلووی سەگی چووک (کلب اصغر) دا.

**بەرکار** (نا. ل)[بەر3 + کار] هەر شتێکی لە بەرەوە داندرابێ بۆ دە کار کردن یا کار لە سەر کردن.

**بەرکاز** (نا. ل)[بەر8 + کاز][باکـ] بڕ: پەنجەرە

**بەرکاو** (نا. ل)[بەر3 + کاو5][ئەر] بڕ: بەرقەد

**بەرکوت** (نا. ل)[بەر3 + کوت1] ١ـ هەندێک دەغڵی درواو کە لە بەر پێویستی نێو ماڵ جیا دەکرێتەوە و زووتر لە دەغلەکانی دیکە سووری دەکەن، تەخترمە، تەختەمە، تەخدەمە. ٢ـ (مجـ.) هەندێک چێشت یا خواردنی دیکە بەر لە نەهار یا شێو بۆ بەردڵ گرتن. **~ کردن:** خواردنی هەندێک چێشت بەر لە ژەمەکان بۆ بەردڵ گرتن.

**بەرکوڵ** (نا. ل)[بەر3 + کوڵ (کوڵین)] هەندێک چێشت بەر لەوەی بە تەواوی ئامادەی خواردن بووبێ یا کاتی نەهار یا شێو گەیشتبێ، بەرکەل، سەرکوڵ، بەردڵانە، بەرهەڵێنج، نەوسەبرە، وەرکوڵ.

**~ کردن:** خواردنی بەرکوڵ بەر لەوەی بە تەواوی کوڵابێ.

**بەرکۆ** (نا. ل)[بەر3 + کۆ1][ئەر] ١ـ گۆپکەیەکە لە لای پێشەوەی زین کە لە کاتی سوار بوون دەستی پێوە دەگرن یا ئەوە کە دەستەجڵەوی پێدادەکرێ، قەرپووز. ٢ـ هەرچی کە سوار لە پێشەوەی خۆی دابنێ.// پاشکۆ. & پێشکۆ.

**تێبینی:** کۆ بە مانای زین و بە تایبەت بە مانای بەرزایی پاش و پێشی زین ـ ە و لە یەک دوو وشەی دیکەش دا دەبیندرێ وەک پاشکۆ و پێشکۆ. کۆ لە کەڤە kava ـ ی ئەوێستایی بە مانی کۆم، کووڕ کەوتوە و هاوڕیشەیە دەگەڵ کێو و کۆ (بڕ: کێو)

**بەرکۆژە** (نا. ل)[بەر3 + کۆژ + ئە] دوگمە و قەیتانی سەر کراس کە سینگ و بەرۆکی پێدادەپۆشن. ⁂ نە شەوم شەوە و نە رۆژم رۆژە / داخ لە دڵ بوومە گرێی بەرکۆژە (بۆ کوردستان ل ١١٨). **~ ترازاندن:** کردنەوەی بەرکۆژە. ⁂ ئەگەر بسکانم تاتا بکەم، کوڵمانم بنەخشێنم، بترازێنم کلیلی سینگ و مەمک و بەرکۆژێ / تینێت بۆ

دەستێنم لە مانگێ، تاریکێ دە دنیایێ دەخەم، شەبەقت بۆ دەستێنم لە رۆژێ. (مان ل ١٥٩). لەودەمەی دا دەس لە بەژنان وەردێن / لەودەمەی دا بەرکۆژە دەترازێن (تاریک و روون ل ٢٠٦).

**تێبینی:** کۆژ دەگەڵ وشەی کۆش هەریەکن. کەشە kaša لە ئەوێستایی و کەش kaš لە پەهلەویی دا جگە لە کۆش بە مانای سینگ و باغەلیش هاتوون.

**بەرکۆش** (نا. ل)[بەر + کۆش] ١ـ بەرهەڵبێنەیەکی چووکە کە لە کاتی کار کردن دا لە نێو قەد دەبەسترێ. ٢ـ [باک] بەرلیک.

**بەرکۆڵ** (نا. ل)[بەر + کۆڵ] هەر شتێکی نەرم کە بەر لە باری سەرکۆڵ بیخەنە سەر پشت بۆ ئەوەی پشت ئەزیەت نەکا. ‌:: کۆڵەداری درکاوی بێ بەرکۆڵ پشت بریندار دەکا.

**بەرکۆڵە** (نا. ل)[بەر + کۆڵ + ئە] دارێکە وەک چەڵەمە (چاکڵە) ئەخرێتە ناوەندی مژان و یەرەقەوە بۆ کار کردن (کشت و کاڵ ب ١ ل ٤٧).

**بەرکەش** (نا. ل)[بەر + کەش][باک] کەشەفی گەورە، مەجۆعمە، سینی.

**بەرکەل** (نا. ل)[بەر + کەل (کەلین)] [باک] بڕ: بەرکول

**بەرکەلە** (گیان.)[بەر + کەل + ئە] [باک] بڕ: بەرکەڵ/٢.

**بەرکەڵ** (گیان.)[بەر + کەڵ] ١ـ گوێلکە مێی سێ بەهار دیتوو کە کاتی وەخۆ گرتنی گای گەیشتبێ، تەمەنی دوای گوێلپاری و بەر لە بزێ، نێنگوون. ٢ـ پالاغە مێی سێ ساڵە کە دەتوانێ کەڵ بگرێ، تەمەنی دوای قاچاچ و بەر لە بوونە گامێش، بەرکەلە. // هێوەرە، کەڵیچە.

**بەرکەمەر** (گیا.)[بەر + کەمەر] گیایەکی بۆنخۆشی گەرمیانییە (خاڵ ب ١ ل ١٥٨).

**بەرگ** (نا.)[ئەو: ڤەرێکە ـ پەه: بەرگ، ڤەرگ، ڤەرک، ڤەلک، ڤەلگ. تات: ڤەلگە ـ فار: برگ. باک: بەلگ، پەلگ ـ ناو: بەرگ ـ باش: بەڵگ ـ زا: ڤەلک] ١ـ بەشێکە لە دار و گیا کە لە لق دەڕوێ و بە شکڵی جۆر بە جۆر و چووک و گەورەیە و پتر رەنگی شینە، کاری وەرگرتنی شۆقی خۆرەتاوە. لە پایز دا رەنگ دەگۆڕێ و هەڵدەوەرێ، گەڵا. ٢ـ جل و شمەکی دەبەر کردن لە مرۆڤ بۆ بەرگری لە سەرما و گەرما و هەروەتر بۆ جوانی

خـۆی پـێ دادەپۆشـێ، جل و بـەرگ، جل، لیـبـاس، جلک، سـیـپـاڵ، شـمـەک. ٣ـ کتێبێک لە زنجیرە کتێبێک کە باسێک رەچاو دەکا، جڵد، پاژ. ؛؛ هەزار هەنبانە بۆرینەی لە دوو بەرگان دا نووسیوە. ٤ـ پارچەیەکی درواو و ئامادە کە دە پێخەف (دۆشـەگ، باڵینج، سـەنیر ، لێفـە، ...) هەڵدەکێشن هەتا پێخەفەکان پیس نەبن، مەلافە. ؛؛ بەرگە باڵینج، بەرگە لێفە. ٥ـ رووپۆشـێکە لە نایلۆن یا کـاغـەز کـە بە سـەر دەفتـەر و کتێب دا دەیکێشن هەتا پیس نەبێ و لە بەر دەستان زوو نەدڕێ. **~ تێگرتن:** ١ـ مـەلافـە دە پێـخـەف هەڵکێـشـان ٢ـ رووبـەرگ لە کـتـێب و دەفتـەر دان. & بەرگ تێ هەڵکێشان. **~ تێهەڵکێشان:** بڕ: بەرگ تێگرتن. || **بەرگی پیاوان:** ١ـ ئەو جل و بەرگەی کە پیـاو دەبـەری دەکـەن. ٢ـ (کنـ.) بەڵگە و نیشـانەی پیـاوەتـی و جـوامـێریی، ئەوەی کە لە پیاو دەوەشێتەوە. // بەرگی ژنان. ***بەرگی پیـاوان لێ خەسار بوون:** (کنـ.) پیـاو نەبوون، جوامێر و مەرد نەبوون. ؛؛ وەکـوو تۆ دەڵێی بەرگی پیـاوان لە من خەسارە/ کراسێکی مەحمەڵ داراییم لە بەر کـە تا بە لاجـانگم دا بێتـە خـوارێ قـەتارە و گـوارە (لاس و خـەزاڵ ل ١٦٤). **بەرگی دەروێشی:** خـرقـە و جل و بـەرگـی دەروێش، ئـەو جلـەی دەروێش دەبەری دەکـا. ؛؛ دەبێ بپـۆشم بەرگی دەروێشـی/ ئەگـەر دەروێش بم، بمبێ دڵخـۆشی (بارام و گوڵندام ل ٣٦). ***بەرگی ژنان:** ١ـ ئەو جل و بەرگەی کە ژن دەبـەری دەکـەن. ٢ـ (کنـ.) بـەڵگە و نیشـانەی ناپیـاوەتی و جـوامێر نەبوون، ئەو کار و کردەوە و ئاکارانەی کە لە پیاو ناوەشـێنەوە. ***بەرگی ژنان پۆشین:** (کنـ.) خوێڕی بوون، نالایق بوون، پیاو و جـوامـێـر نەمـان، بەرگی ژنان دەبەر (لەبـەر) کـردن، جلی ژنان پۆشین. ***بەرگی ژنان دەبەر (لەبەر) کردن:** (کنـ.) بڕ: بـەرگـی ژنـان پـۆشـین. ؛؛ دەبێ لەبەرکـەم بەرگی ژنانێ/ مـەڕ و مـاڵی مـەلانەبی... چۆتەوە بە خـەنیمـەت و بە تالانێ (لاس ە خـەزاڵ ل ٥٥). **بەرگی سەفەر:** ئەو جلانەی کە مرۆڤ بۆ سەفەر دەبەری دەکـا. **بەرگی شـایی و شین:** دوو جۆر جل کە یەکیان رەنگی گەش و ئاڵ و والایە و مـرۆڤ بۆ شـایی و خـۆشی دەبەری دەکـا و ئەوی دیکە رەنگی رەش یا تارە و بۆ سەرەخۆشی و شین دەبەری دەکـا. ؛؛ پیاوی فـەقیر و نەدار بەرگی شایی و شینی هەریەکە.

**بەرگا** (نا. ل)[بەر + گا] کەسێک کە وەپێش گاجووتی تازەکار دەکەوێ هەتا فێرە جووت یا گێرەیان بکا.

**بەرگایی** (حم.)[بەرگا + ئی] کاری کەسی بەرگا.

**بەرگاییلکە** (گیان.)[بەر + گا + ئیلکە] مەلێکی چووکە بە قەرا چۆلەکە، رەنگی بۆرە و پتر لە دەم ئاو دەبێ و مێشوولە و گیانداری چووکە دەخوا، کلکی هەمیشە هەڵدەتەکێنێ، لە کاتی جووت کردنیش دا وە دوای جووت دەکەوێ و لە خەتی کێڵاو کرم و گیانداری وردی دیکە دەردێنێ و دەیخوا، ناوی لاتینی ئەم Motacilla alba باڵندەیە، وەرگاییلکە، پیزپیزەک، فیسقە، قوون هەڵتەکێنە، کلک هەڵتەکێنە، کلک هەڵسەنگێنە، کلک تەقێنە، قنگ هەڵتەکێنە، دووڤ لەرزینک.

**بەرگدروو** (نا. فا، ئان. فا)[بەرگ/٢ + دروو] کەسێک کە پارچە و قوماش بۆ خەڵک دەدروا و دەیکاتە جلک، جلدروو، خەیات.

**بەرگر** (نا. ل)[بەر + گر] ١ـ بەرهەڵست لە ئاست کەسێک. ٢ـ پێشگر لە بەر ئاو یا شتی دیکە، بەند.

**بەرگریی** (حم.)[بەرگر + ئیی] ١ـ بەربەرەکانی و پێش گرتنی دوژمن. ٢ـ پێشگیریی بۆ منداڵ نەبون. & بەرگیریی **~ کردن:** بەری دوژمن گرتن و لە بەرابەری وەستان. ٢ـ پێشگیریی ژن و مێرد لە کاتی نیزیکی بۆ ئەوەی منداڵیان نەبێ.

**بەرگن** (نا.)[پەه: ڤەرِ. لۆر: بەرگێ. باک: بەرگین ـ ناو: بەرگن ـ هەو: بەرگن] یەکەم خوری بەرخ کە دەیبڕنەوە و لە خوری دیکە باشتر و نەرمترە، لڤا، لوا.

**تێبینی:** ڤەرِ varr لە زمانی پەهەلەوی دا بە مانای خوری و جل هاتوە.

**بەرگە** (نا.)[؟] دەرەقەت، تاقەت، بەر، توان. **~ گرتن:** تاقەت هێنان لە بەرامبەر هەر هێزێک دا، خۆ راگرتن، دەرەقەت هێنان، بەر گرتن. ∴ هێندە رزیوی بەرگەی مستێک ناگری. کەوشی ئێستا هێند خراپن بەرگەی دوو رۆژان ناگرن.

**بەرگە باڵنج** (نا. ل)[بەرگ/٤ + ئە + باڵنج] پارچەیەکی دراو و جوان کە دە باڵنجی هەڵدەکێشن هەتا بالنجەکە پیس و چڵکن نەبێ.

**بەرگە پشتی** (نا. ل)[بەرگ/٤ + ئە +

پشتی] پارچەیەکی درواو کە دە پشتی هەڵدەکێشن بۆ بەرگری لە پیس بوونی پشتی.

**بەرگە دۆشەگ** (نا. ل)[بەرگ/٤ + ئە + دۆشەگ] پارچەیەکە درێژتر لە دۆشەگ کە یا تێی دەگرن، یا بە سەر دۆشەگی دادەدەن بۆ پیس نەبوونی دۆشەگ، مەلافە، متیل.

**بەرگەدە** (نا. ل)[بەر + گەدە] تووکی سەر سیرەتی پیاو و شەرمی ژنانە، بەر5، تووکەبەر.

**بەرگە دەمانچە** (نا. ل)[بەرگ/٤ + ئە + دەمانچە] پارچە چەرمێکی درواو و ساز کراوە کە بە بەندێ لە خۆیانی هەڵداوسن یا لە قەدی دەدەن و دەمانچەی تێدەنێن.

**بەرگە سەرین** (نا. ل)[بەرگ/٤ + ئە + سەرین] پارچەیەکی ئوستوانەییە کە بۆ سەرین دووراوە و دە سەرینی هەڵدەکێشن، بەرگە سەنیر

**بەرگە سەعات** (نا. ل)[بەرگ/٤ + ئە + سەعات] کیسەیەکی بچووک لە قایش یا مەخمەر یا دەزووی چندراو کە ساعەتی باغەڵیان تێدەنا.

**بەرگە سەنیر** (نا. ل)[بەرگ/٤ + ئە + سەنیر][موک] بڕ: بەرگە سەرین.

**بەرگە کتێب** (نا. ل)[بەرگ/٤ + ئە + کتێب] پارچە مقەوای ئەستوور یا چەرم کە پەڕەکانی کتێب دەگرێتە خۆیەوە و لە دڕان و فەوتان دەیپارێزێ.

**بەرگە کەوا** (نا. ل)[بەرگ/٤ + ئە + کەوا] پارچەیەک کە لە بنی کەوای دەدروون، ئاستەڕ، بەرەکەوا.

**بەرگەشت** (نا. چا)[فار: برگشت] پەشیمانی، پەشیمان بوونەوە. **~ بوونەوە:** پەشیمان بوونەوە. ⁂ پیاو نابێ لە قسەی خۆی بەرگەشت بێتەوە.

**بەرگەل** (نا. ل)[بەر (بەرخ) + گەل] بڕ: بەرخەگەل

**بەرگەلەوان** (نا. ل)[بەرگەل + ئە + وان] بڕ: بەرخەلەوان.

**بەرگە لێفە** (نا. ل)[بەرگ/٤ + ئە + لێفە] پارچەیەکی درێژ و درواو و هەندێک جار گوڵدۆزی لە سەر کراوە، هەم بۆ جوانی و هەمیش بۆ بەرگری لە پیس بوونی لێفە تێدەگرن.

**بەرگەلا** (نا. ل)[بەرگ + گەلا] بەرێکە سوور و سپی واشە لە گەڵای دارمازوو سەوز ئەبێت (کشت و کاڵ ب ١ ل ٤٧).

**بەرگەمێ** (گیا.)[؟][هەو] بڕ: کووزەڵە

**بەرگیر** (گیانـ.)[باک ـ زا] بڕ: بارگین

**بەرگیریی** (حم.)[بەرگیر + ئیی] بڕ: بەرگریی

**بەرگیل** (نا.)[باک] بڕ: بارگین

**بەرگین** (نا.)[باک] بڕ: بەرگن

**بەرگێڕەوە** (نا. ل)[بەر + گێڕەوە (گێڕانەوە)] بەرگر، بەرهەڵست، لەمپەر. ::: سەدهەزار بەرگێڕەوەی با بێتە سەر رێ، ئاخری/ هەر دەگاتە مەنزڵی ئاوات و خۆشی باری کورد (تاریک و روون ل ١٢٣). **~کردن:** بەرگریی کردن، بەر گرتن. ::: وەدەرخە ئەشرەفی و ئاڵتوون و ئەوی سکە لە بیست و چوارە/ بەرگێڕەوەی کەس مەکە، بدە بە فەقیر و دەستەنگ و هەژارە (لاس و خەزاڵ ل ٤٨).

**بەرلیک** (نا. ل)[بەر + لیک] پێشبەندێکی درواى هەندێک پانەکە ئەو سەر ئەو سەری دوو لکی هەیە بۆ گرێ دان، لە سەر جلکی منداڵی چووکی دەبەستن هەتا لیک و ئاودەمی منداڵ بگرێ و جلەکەی تەڕ نەبێ و لە کاتی خواردنیش دا خۆی پیس نەکا، بەرلیکە.

**بەرلیکە** (نا. ل)[بەر + لیک + ئە] بڕ: بەرلیک

**بەرما** (ئان. مفـ.)[بەر3 + ما (مان)] بڕ: بەرماو

**بەرماخ** (نا.) بڕ: بارماغ

**بەرماغ** (نا.) بڕ: بارماغ

**بەرماڵ** (نا. ل)[بەر3 + ماڵ] ١ـ دوو تەختە کوێنی گەورەیە کە بە بەر رەشماڵ و تاوڵیوە دەگرن هەتا بەری با و باران بگرێ. ٢ـ جاجمێکی گەورەیە کە پێخەفی تێوە دەپێچن. ٣ـ تەنراوێکی هەندێک چووکە کە پاک و خاوێن رادەگیرێ و نوێژی لە سەر دەکەن، دووگرد، جانماز. **~ لە سەر ئاو گەڕان:** (کنـ.) زۆر نوێژ کردن و موسڵمانی چاک و خاوەن کەرامەت بوون، پیرۆز بوون.

**بەرماڵە** (نا. ل)[بەر + ماڵ + ئە] ١ـ ئافرەتێک کە کار و باری ماڵ هەڵدەسووڕێنێ و ماڵ و حاڵێک بۆ پیاوەکانی ماڵ پێک دێنێ، ئاگاداری بنە و کەرەسەی ناوماڵ، بناوان1، بەرماڵە، بەرماڵی، بنەوانە، بنەوان. ٢ـ بنەماڵەیەک کە لە ماڵی دەوڵەمەند دا چاوە خانوویەکی پێدراوە و تێگرا خزمەتی ئەو ماڵە دەکەن، پاشمارە، ژێرماڵە، پاژماڵە،

پاشماڵە.

**بەرماڵی** (نا. ل)[بەر + ماڵ + ئی] بڕ: بەرماڵە

**بەرمامک** (نا. ل)[بەر + مامک] ١ـ پارچە و نەقابێک کە ژن لە چاو بۆ خوارەوەیانی پێدادەپۆشن. ٢ـ هەر شتێک کە رووی بۆ نەناسینەوە پێدادەپۆشن، نەقاب. ٣ـ دەمپۆش. & دەمامک. ∷ دولبەرم بەرمامکی دابوو لەبەر ئێشی ددان / وادەزانن روومەتیم ئەمشەو لە خەو دا گەستووە (حاجی قادر ل ١٣٢).

**تێبینی:** وشەی مامک هەر هەمان وشەیە کە لە وشەکانی دەمامک و بزمک و بلامک و بزمۆک دا دەبیندرێ و لە مەئۆچ ـ ی ئەوێستایی کە دەگەڵ پێشگری پەئیتی دێ paiti-maoč و مۆچ ـ ی پەهلەویی کە ئەویش دەگەڵ پێشگری پەت دێ pat-moč بە مانای پۆشین و دەبەر کردن کەوتوە کە بە گشتی لە کوردیی دا دەبێتە پۆش (بەرمامک یانی بەرپۆش، دەمامک یان دەمپۆش).

**بەرماو** (ئان. مف.)[بەر3 + ماو] ئەندازەیەک لە چێشت کە لە پاش کەسێک دوای تێر بوونی دەمێنێتەوە، بەرما، بەرماوە، پاشماو، پاشماوە، پاشمەنە. ~ **خواردن:** خواردنی بەرماو و چێشتی لە پاش بە جێ ماوەی کەسێک.

**بەرماوخۆر** (ئان. فا)[بەرماو . خۆر2][لە: بەرماو خواردن] کەسێک کە پاشماوەی چێشتی کەسی دیکە دەخوا.

**بەرماوخۆریی** (حم.)[بەرماوخۆر + ئیی] بەرماو خواردن، کار و کردەوەی کەسی بەرماوخۆر. ∷ من بە بەرماوخۆریی رانەهاتووم، بەرماوخۆریی پیشەی تۆیە.

**بەرماوە** (ئان. مف.)[بەر3 + ماو + ئە] بڕ: بەرماو

**بەرموسڵدان** (نا.)[بەر3 + مسوڵدان] ئەو بەشەی زگی مرۆڤ کە دەکەوێتە نێوان نێوک و بەرگەدە، خوارەوەی نێوک.

**بەرموور** (نا. ل)[بەر2 + موور][موک] خشڵێکی ژنانەیە لە مت و مووری رەنگین، ژنان لە بەنی هەڵدەکێشن و دە ئەستۆی دەکەن، بەرمۆری، ملوانکە، ملوێنکە، ملەوانکە، ملوەن، ملوێنک، گەردنبەند، گەردانە. || **بەرمووری ئاڵە و شەوە:** بەرمووریکە لە چەندین مووروویی

رەنگاورەنگ کە هەر کام ناوێکیان هەیە و ژنان دەملیان دەکەن. موورووکانی بریتین لە: ئاڵە کە رەنگی سپی شیرییە، شەوە رەنگی رەشە، شیلان نارنجییە، چەور و شیرن کە قاوەییەکی تۆخە.

**تێبینی:** موور، مۆری و مووروو هاوریشەن دەگەڵ موهرەک ـ ی muh-rak پەهلەویی هەر بەم مانایە.

**بەرمۆری** (نا. ل)[بەر2 + مۆر + ئی] بڕ: بەرموور

**بەرمەمکان** (ئان. ل)[بەر + مەمک + ئان] منداڵێک کە هێشتا شیری دایکی دەخوا و لە شیر نەکراوەتەوە، وەرچیچە، بەرمەمکانە.

**بەرمەمکانە** (ئان. ل)[بەر + مەمک + ئان + ئە] بڕ: بەرمەمکان

**بەرمیل** (نا.)[ئین: barrel] بڕ: بۆشکە

**بەرنامە** (نا. ل)[بەر3 + نامە] ١ـ پێش بینی و پلان دارشتن بۆ بەڕێوە بردنی کار، ژیان، ئاهەنگ و ... بەر لە دەست پێکردن. ٢ـ لیستەی دەرس و فیلم و هەر شتێکی لەم بابەتە، پرۆگرام. **~ دارشتن:** ساز کردن و پێک هێنانی بەرنامەیەک بۆ کار و مەبەستی پێویست، بەرنامە دانان. **~ دانان:** بڕ: بەرنامە دارشتن.

**بەرنوێژ** (نا. ل)[بەر3 + نوێژ] مەلا یا کەسێکی دیکە کە لە کاتی نوێژی جەماعەت لە پێشەوەی نوێژکەران رادەوەستێ و نوێژ بەڕێوە دەبا، ئیمامی جەماعەت، پێشنوێژ، وەرنما.

**بەرنوێژیی** (حم.)[بەرنوێژ + ئیی] کاری نوێژ بەڕێوە بردن، پێشنوێژیی. **~ کردن:** بەڕێوە بردنی نوێژ، پێشنوێژیی کردن.

**بەروان** (نا. ل)[بەر2 + وان1] بڕ: بەروانکە

**بەروانک** (نا. ل)[بەر2 + وان1 + ک] بڕ: بەروانکە

**بەروانکە** (نا. ل)[بەر2 + وان1 + کە] پارچەیەکی دروواەی هەندێک درێژە کە لە پێشەوەی منداڵ دەیبەستن هەتا لە کاتی خواردن دا جلەکانی پیس نەکا، بەروانک، بەروانە، بەروان، وەروانە، بەرجل.

**بەروانە** (نا. ل)[بەر2 + وان1 + ئە] بڕ: بەروانکە

**بەروبوخچە** (نا. ل)[بەر + و +

بوخچە] کەل و پەل و کەرەسەی ژن و ئافرەت کە لە بوخچە دەپێچرێ. ∷ ئەو بەروبوخچەیەت بۆ هەڵرشتوە زووکە خڕی کەوە!

**بەروبۆ** (نا. ل)[بەر1 + و + بۆ3] ١- داهات و حاسڵی زەوی، دەغڵ و دان، بەرهەم، بەروبووم، بەروبو. ٢- وڵات، بەروبووم (بڕ: بووم). ∷ بزانن کەلاکی لە چ بوودرێک، لە چ بن بەردێک بە جێ ماوە / ئیدی نەیاندەزانی سەعید لە بەروبۆی دوژمن دا نەماوە. (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٣٦)

**بەروبو** (نا. ل)[بەر1 + و + بوو1] ١- داهات و حاسڵی زەوی، دەغڵ و دان، بەرهەم، بەروبووم، بەروبۆ. ∷ ئەوساڵ باران کەم باری و بەروبووشمان کەم بوو. ٢- (مجـ.) ئاکامی حەول و کۆششی هەر کارێک، بەرهەم. ∷ بەروبووی خەباتی گەلەکان رزگارییە. ٣- (مجـ.) قازانج، سوود. ∷ دوکانداری بەروبوویەکی بەرچاوی نیە.

**بەروبوو درێژ** (ئان. ل) [بەروبوو + درێژ] حاڵی کار و مەسەلەیەک کە زۆری بخایەنێ، درێژ خایەن. ~ **بوون:** زۆر خایاندن، زۆر کێشان. ∷ ئەوساڵ زستان بەروبووی درێژ دەبێ. **بەروبووی درێژ ویستن:** تاقەت و لەسەرەخویی بۆ ئەنجام دانی کارێک. ∷ دەرس خوێندن بەروبوویەکی درێژی دەوێ.

**بەروبووم** (نا. ل)[بەر + و + بووم1] ١- وڵات، زەوی (بڕ: بووم1). ∷ سەفەر جایز نیە با بۆ حەرەم بێ لەو بەروبوومە / فەقەت مەجزووبی زنجیری نەسیبی ئاو و گڵ چ بکا (مەحوی ل ١٥). بەڵام با وەس بۆ ئەی تاڵەی شوومە / بازەم دڵ وەشم وەی بەروبوومە (مەولەوی ل ٣٤٠). ٢- بڕ: بەروبوو

**بەروبێشکە** (نا. ل)[بەر + و + بێشکە] لانکی منداڵ بە هەموو کەل و پەل و کەرەسەی پێویستی. ∷ ئەو بەروبێشکەیەتان بۆ لە بەر دەرگا داناوە ڕێی هات و چۆی هەموو لێ گرتووین.

**بەروپشت** (ئان. ل)[بەر3 + و + پشت] ١- هەر شتێک کە دوو رووی هەبێ، پشت و روو. ٢- بەراوەژوو، بەراوپشت. ~ **کردن:** ئاوەژوو کردنەوە و هەڵگێڕانەوەی جل و هەر شتێکی دیکە. ~ **هەبوون:** لە سەر باری راستی بوون، بێ فڕ و فێڵ بوون. ∷ کاک حەمە بەر و پشتی بۆ کەس نیە.

وەک نیسک وایە بەر و پشتی بۆ کەس نیە.

**بەروپشت ئەتلەس** (ئان. ل) [بەر3 + و + پشت + ئەتلەس] ١ــ کەسێک کە هەم دایک و هەم باوکی سەید بێ. ٢ـ لێفەیەک کە هەر دوو رووی لە ئەتلەس بێ.

**بەروەستا** (نا. ل)[بەر3 + وەستا] کەسێک کە لە بەر دەستی وەستا کار دەکا، شاگرد وەستا.

**بەرۆک** (نا. ل)[بەر + رۆک] ١ـ پێشەوەی کەوا یا جل کە دەکەوێتە سەر مل هەتا دەگاتە سەر سنگ، یەخە، پێسیر. ٢ـ شریتی ملی یەکسم. ٣ـ (مجـ.) سنگ، مەمک، بەروو. ~ **بەردان:** لە کۆڵ کەسێک بوونەوە، یەخەی کەسێک بەردان. ~ **ژاکان:** کچێک کە دەست لە مەمکی وەردراوە. ~ **گرتن:** یەخەی کەسێک گرتن بۆ شەڕ.

**بەروو** [1] (نا. ل)[بەر2 + ئوو] سینگ. بڕ: بەر2/٢. ‌:: هەتا کەی داخرێ سینگ و بەرووی من / هەتا کەی نەشکێ تاسە وئارەزووی من (نالەی جودایی ل ٦٣).

**بەروو** [2] (نا.)[باک] بڕ: بەڕوو

**بەرهەتاو** (نا. ل)[بەر3 + هەتاو] بڕ: بەرتاو

**بەرهەڵبێن** (نا. ل)[بەر2 + هەڵ + بێن1] بڕ: بەرهەڵبێنە

**بەرهەڵبێنە** (نا. ل)[بەر2 + هەڵ + بێن1 + ئە] پارچەیەکی چوارگۆشەی درێژە، پتر لە خامی شین یا رەشە کە ژن و ئافرەتی لادێ لە کاتی کار کردن لە پشتێند بەرەو خوارەوە دەیبەستن هەتا پیس نەبن، بەرەڵبێنە، بەرەڵبێن، بەرهەڵبێن، بەربێنکە، بەربانک.

**بەرهەڵدا** (ئان. ل)[بەر + هەڵدا (هەڵدان)] بڕ: بەرەڵلا

**بەرهەڵست** (نا. ل)[بەر + هەڵست (هەڵستان)] ١ـ کەسێک یا کەسانێک کە بەری چوونە پێش و سەر کەوتنی کەسێک دەگرن. ٢ـ لەمپەر و بەرگری سەر رێگا.

**بەرهەڵێخ** (نا. ل)[بەر + هەڵێخ (هەڵخستن)] دیوارێکە کە لە بەر دیواری شکست هەڵیدەچنن بۆ ئەوەی بەری رووخانی بگرێ هەتا چاکی دەکەنەوە، پشتیوانە.

**بەرهەڵێنج** (نا. ل)[بەر + هەڵێنج (هەڵێنجان)] بڕ: بەرکوڵ

**بەرهەم** (نا.)[باک: بەرهەم ـ ناو: بەرهەم ـ هەو: بەرهەم، فەرهەم] ١ـ بەروبوو و حاسڵی زەوی. ٢ـ ساز کراوی کارخانە و ئەو شوێنانەی کاڵا ساز دەکەن. ٣ـ بەروبووی مێشکی هونەرمەند و نووسەر. **بە ~ گەیاندن:** پێگەیاندن، گەیاندنە بەروبوو، گەیاندنە بەرهەم دان. **بەرهەم دان:** بەر دان، پێگەیشتن. **~ هێنان:** ١ـ ساز کردن، دروست کردن. ٢ـ پێک هێنان، رەنێونان. ٣ـ خوڵقاندن، ئافراندن.

**بەرهەنگ** (نا. ل)[؟] نەخۆشی پشوو سوار بوون و تەنگەنەفەسی کە پتر لە تەمەنی پیری و بە ساڵ داچوون دا سەر هەڵدەدا.

**بەرهەنگدار** (ئان. ل)[بەرهەنگ + دار2] کەسێک کە تووشی نەخۆشی بەرهەنگ بوە، کەسێک کە بەرهەنگی هەیە.

**بەرە**[1] (نا. ل)[بەر1 + ئە] ١ـ رەگەز، رەچەڵەک. :: هەموو ئێمە لە بەرەی ئادەمین، بەرەی دێو. ٢ـ تیرە، تایفە. ٣ـ بەر، بەرهەم. **~ دان:** بەر دان، بەرهەم هێنان. :: راستم پێ بڵێ، درۆ بۆ هیچکەس بەرەی نەداوە (سەعید و میرسێوەدین ل ١٠٤).

**بەرە**[2] (نا.)[هەو] بڕ: دەرکە

**بەرە**[3] (ئاک. ل)[بەر3 + بە] بەر بە، بەرەو، بۆ لای. :: بەرەژوور، بەرەخوار.

**بەرە**[4] (نا. ل)[بەر2 + ئە] ئامرازێکی سێ لکی چەرمە، بۆ ئەوەی کە زین لە سەر پشتی وڵاغ نەخزێ. بەرە لکێکی بە نێو دەستەکانی وڵاغ دا تێدەپەڕێ و لە بەر زگی دا بە نێوەڕاستی تەنگەوە دەبەسترێ و دوو لکەکەی دیکەش بە ملی دا لە قەڵتاغی زین گرێ دەدرێ. :: ئەسپی میر زێندینی زینی لێدەکرد، دەیکێشا تەنگ و بەرە/ تاجی و تووڵەیان بانگ دەکرد ئەوبەر ئەوبەرە (مان ل ٦٩).

**بەرە**[5] (نا.)[؟] نەخۆشییەکە کە تووشی مەڕ دێ، گوانی رەق دەبێ و ژانێ دەکا.

**بەرەباب** (نا. ل)[بەرە1 + باب1] ١ـ هەموو ئەو کەسانەی لە عەشیرەتێک دا لە کەسێکی ناسراو کەوتبن. ٢ـ هەموو منداڵەکانی بابێک. :: منداڵەکانی خات مەنیج ئی دوو بەرەبابن. (یانی مەنیج دوو جاری مێرد کردوە و لە هەر مێردەی چەند منداڵی هەیە). // بەرەدایک.

**بەرەبەرە** (ئاک. ل)[بەرە + بەرە] کەم

کەمە، وردەوردە، نەختەنەختە. ⁙ باران بەرەبەرە دایدایە. || **بەرەبەری بەیان:** ئەو کاتەی کە هێشتا شەوە بەڵام لە بەرەبەیان نزیک بۆتەوە، سنووری شەو و بەیانی.

**بەرەبەهار** (نا. ل)[بەرە3 + بەهار] ئاخر و ئۆخری زستان، سەرەبەهار.

**بەرەبەیان** (نا. ل)[بەرە3 + بەیان] ١- سەرەتای بەیانی کە رووناکی سەر هەڵدەدا، شەبەقی. ٢- (مجـ.) سەرەتا. ⁙ لە بەرەبەیانی پەیدا بوونی مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی دا...

**بەرەتەشی** (نا. ل)[بەر + ئە + تەشی] کوتە دارێکی چووکی خەڕاتی کراوە کە نێوەکەی بە قەرا کلکە تەشی کون دەکەن و دەیخەنە سەر تەشی بۆ راگرتنی لەنگەر و رێک خستن و هەڵکردنی ریس لە سەر کلکەتەشی.

**بەرەجفت** (نا. ل)[بەر1 + ئە + جفت] [ئەر] بڕ: بەرەجووت

**بەرەجۆت** (نا. ل)[بەر1 + ئە + جفت] [سۆر] بڕ: بەرەجووت

**بەرەجووت** (نا. ل)[بەر1 + ئە + جووت] ١- ئەندازە زەوییەک (ئاویی یا دێم) کە جوتێر بۆ جووت کردنی دوو وەرز بەشی دەکا. ٢- حاسڵات و بەرهەمی ساڵەوساڵی جووتێر لە زەوییەکەی. & بەرەجفت، بەرەجۆت.

**بەرەدایک** (نا. ل)[بەرە1 + دایک] هەموو منداڵەکانی پیاوێک لە ژنێک یا چەند ژنەوە. ⁙ من هەشت منداڵم هەیە کە هەمووی لە بەرەدایکێکن، بەڵام چوار منداڵەکانی کاکم لە دوو بەرەدایکن.

**بەرەزا** (ئان. مفـ.)[بەر + ئە + زا] ١- یەکەم زان و یەکەم بێچووی حەیوان. ٢- یەکەم منداڵی دایک و باوک. // پاشەبەرە.

**بەرەژان** (نا. ل)[بەر + ئە + ژان] ١- ژانێک کە تاوێک دێت و تاوێک دەڕوا، ژانی بەرە بە بەرە. ٢- وردەژانی ژنی زگپڕ کە چەند رۆژێک بەر لە زان تووشی دەبێ، ژانە درۆزنە.

**بەرەژوور** (نا. ل)[بەرە + ژوور] ١- لای سەرەوەی کۆڕ و هەر شوێن و جێگایەک. ٢- بۆ لای سەرەوە، هەوراز. ⁙ هەندێک بەرەژوور بچن دەگەنە ماڵە کوێخای.

**بەرەژە** (نا.)[؟] جەوی و جیوەی گیایەکە بە ناوی هەنگوان کە بە قەرا نۆکێک هەتا گوێزێک دەبێ، رەنگەکەی زەرد، قاوەیی یان بۆرە تامی تاڵە و بۆنی

وەک بۆی سیر وایە و بۆ چارە کردنی قۆڵنج و هەندێک نەخۆشی دیکەی مرۆڤ و ئاژەڵ کەلکی لێوەردەگرن، Asa foe-tida ناوی لاتینی ئەم جیوەیەیە، هەنگوژە. (عەر: صمغ الانجذان)

**بەرەژێر** (نا. ل)[بەرە + ژێر] بۆلای خوار، لای خوارەوە، بەرەوژێر.

**بەرەڤان** (نا. ل)[بەر + ئە + ڤان] [باک] کەسێک کە نێوبژی لە نێوان دوو کەسی دژ و نێوان ناخۆش دا دەکا، بەریڤان، نێوبژیکەر، بەریوانکەر.

**بەرەڤانی** (حم.)[بەرەڤان + ئی] نێوبژی، بەریڤانی، بەریوانی.

**بەرەک** (ئان.)[سۆر] بڕ: بەڵەک

**بەرەکە** (نا.)[بەر + ئە + کە][سۆر] هێشوو ترێیەک کە بەشێکی شیرین بوە و بەشێکی هەر ترش و قۆرەیە، هێشوو ترێی نیوە شیرین، ئاڵ و بۆڵ.

**بەرەکەت** (نا.)[عەر: برکة] ١- پیت، رزق، رۆزی. ٢- قازانج، سوود. ٣- زۆری، زیادی. ٤- وەک سوێند بە کار دێ بە مانای ئەو رزق و پیتەی کە خودا داویەتی. ؛؛ بە بەرەکەتەی ئەگەر درۆیان بکەم!

**بەرەکەوا** (نا. ل)[بەر + ئە + کەوا] بڕ: بەرگەکەوا

**بەرەگە** (نا. ل)[بەر + ئە + گە] لای پێشەوە، بەر. ~ **لێگرتن:** پێش پێگرتن، لای پێشەوە لە کەسێک یا گیاندارێک گرتن. ~ **گیران:** لای پێشەوە لە لای کەسێک یا کەسانێکەوە لێگیران.

**تێبینی:** هەرچەند ئەم وشەیە بەمجۆرە [بەر + ئە + گە] دابەش کراوە بەڵام واشی بۆ دەچم کە وشەکە بەر رێگە بووبێ و لە دوایی سوابێ.

**بەرەگەڵ** (نا. ل)[بەر + ئە + گەڵ] بڕ: بەرەگەڵا

**بەرەگەڵا** (نا. ل)[بەر + ئە + گەڵا] بەرێکی دارمازوویە، وەک پۆرگێکە رەنگی سووری سپی واشە کە لە گەڵای دارمازوو دەردەچێ، بەرەگەڵ.

**بەرەڵا** (ئان. ل)[بەر + هەڵ + دا] بڕ: بەڕەڵڵا

**بەرەڵبێن** (نا. ل)[بەر + هەڵ + بێن] بڕ: بەرهەڵبێنە. ؛؛ دیم کچێکی لەباری لادێیی / بۆ نوێژ رادەخا بەرەڵبێنێ (ناڵەی جودایی ل ٣٩).

**بەرەڵبێنە** (نا. ل)[بەر + هەڵ + بێن + ئە] بڕ: بەرهەڵبێنە

**بەرەڵدا** (ئان. ل)[بەر + هەڵ + دا] بڕ: بەڕەڵلا

**بەرەڵلا** (ئان. ل)[بەر + هەڵ + دا(دان)] ١ـ ئازاد، رزگار. ٢ـ کەسێکی بێ کار و بار کە لە خۆوە دەخولێتەوە. ٣ـ حەیوانی بێ خاوەن. ٤ـ کەسێک کە گوێ نەداتە داب و نەرێتی کۆمەڵ و سەربەخۆ بجووڵێەوە. ٥ـ شوێن و جێگەی بێ خاوەن. & بەرەلا، بەرەڵدا، بەرهەڵدا. ~ **بوون:** ١ـ ئازاد بوون لە بەند، رزگار بوون. ٢ـ حەیوانێک کە خێوەکەی دەری کردوە و خۆی لێ بێ خاوەن کردوە. ٣ـ زەوی، ماڵ یا شوێنێک کە چۆل کراوە و بێ خاوەنە. ~ **کردن:** ١ـ ئازاد کردن لە بەند. ٢ـ واز لە حەیوانێک هێنان و خۆ لێ بێ خاوەن کردن. ٣ـ دەست هەڵگرتن زەوی و شوێنێک و بێ خاوەن مانەوەی. ٤ـ بەری ئاو بەردان

**بەرەڵلایی** (حم.)[بەرەڵلا ی + یی] ١ـ ئەوەی لە مروی بەڕەڵلا دەوەشێتەوە. ٢ـ بێ سەر و بەرەیی لە نێو کۆمەڵ دا.

**بەرەماک** (نا. ل)[بەرە + ماک] بێچووی حەیوانێک کە بە ئازادی شیری دایکی دەخوا و شیری ماکەکەی نادۆشن.

**بەرەمۆم** (نا. ل)[بەر + ئە + مۆم] بڕ: بەرەمێو

**بەرەمەشکانە** (نا. ل)[بەر + ئە + مەشک + ئان + ئە] بەخشینی بەرەمەشکەی ماوە بە دەست کورت و بێ ئەنوا. لە کوردەواری دا بەرەمەشکە ئەوەندی کە خورا دەیخۆن و ئەوی دیکە یا قاڵ دەکەن و دەیکەنە رۆن یا ئەوە کە هەندێک جار دەیبەخشن بۆ ئەوەی کە پیت و بەرەکەتی مەشکەکە زۆر بێ.

**بەرەمەشکە** (نا. ل)[بەر + ئە + مەشکە] بەری رۆژێک کەرە کە لە مەشکە ژاندن پەیدا دەبێ، بەرژەنە، ژەمەنە.

**بەرەمێو** (نا. ل)[بەر + ئە + مێو] مێو و خشت و خاڵی زێدەی نێو پلوورەی مێش هەنگوین، بەرەمۆم.

**بەرەنگار** (نا.)[؟] ئانگژا، ئاوقا، گژ. ~ **بوون:** ١ـ بە گژ یەک دا چوون، ئانگژا بوون. ٢ـ لە ئاست کەس و کارێک و کارەساتێک دا وەستان و بەربەرەکانی کردن.

**بەرەنگاریی** (حم.)[بەرەنگار + ئیی] بەربەرەکانیی. ~ **کردن:** ١ـ لە ئاست

کەسێک راوستان و بە گژ دا چوونی. ٢ـ بەربەرەکانیی کردن دەگەڵ هەر شتێکی دیکە.

**بەرەو**1 (ئاک. ل)[بەر + بە] بۆ لا، روو لە شوێنی دیاری کراو و ئامانج. ⁘ بەرەو ماڵ هەڵکشاین. بەرەو تۆ دێم.

**بەرەو**2 (نا.)[زا] بڕ: برۆ

**بەرەواژ** (ئان. ل)[باک ـ سۆر] بڕ: بەراوپشت.

**بەرەوان** (نا. ل)[بەرە2 + وان][هەو] بڕ: دەرکەوان

**بەرەوڕوو** (نا. ل)[بەرەو + روو] ١ـ ئەو لایەی کە رووی مرۆڤ تێیەتی، بەرانبەر. ٢ـ لە بەرچاو، لە ئاست. ⁘ بەرەووڕووم درۆ دەکەی. & رووبەڕوو. **~ بوونەوە:** رووبەڕووی بوونی دوولایەن لە کاتێک دا کە دووراودوور هەر کام قسەیەکیان کردبێ بۆ ئاشکرا بوونی راستی. **~ کردنەوە:** لە بەرانبەر یەک دانانی دوو لایەن کە هەر کام قسەیەکیان کردبێ بۆ روون کردنەوەی راستی.

**بەرەوژوور** (نا. ل)[بەرەو1 + ژوور] بڕ: بەرەژێر

**بەرەوژێر** (نا. ل)[بەرەو1 + ژێر] بڕ: بەرەژێر

**بەرەهما** (نا.)[؟] خودای مەزنی هیندووکان، یەکێک لە سێ خودای ئایینی بەرەهمایی کە خوڵقێنەری گیتییە، پەیکەرەکەی چوار دەست و چوار سەری هەیە کە لە دەستێک دا زنجیر و لە دەستێکی دیکەی دا قەڵەم، دەستی سێهەم یاسا و بە دەستێکی ئاگری پیرۆزی راگرتوە.

**بەرەهمەن** (نا.)[؟] زانا و پێشەوای ئایینی بەرەهمایی

**بەریان** (نا. ل)[؟] نێرینە و نێوەڕاستی جۆبار و چۆم و رووبار کە ئاو لەوێ تەوژمی پترە.

**بەریڤان** (نا. ل)[بەر + ئی + ڤان][باک] بڕ: بەرەڤان

**بەریڤانی** (حم.)[بەریڤان + ئی][باک] بڕ: بەرەڤانی.

**بەریک** (نا.)[باک: بێریک، بێرک، بەرک] گیرفان.

**تێبینی:** بەریک و بەرک، بێریک و بێرک وێدەچێ کە لە باریامەک bāryāmak ـ ی پەهلەویی بە مانای خورجین کەوتبێ و ئێستا لە زاران خۆش بوە.

**بەریوانکەر** (نا. فا)[بەریوان + کەر] کەسێک کە نێوبژی لە نێوان دوو کەسی دژ و نێوان ناخۆش دا دەکا، بەریڤان، نێوبژیکەر.

**بەرین** (ئان.)[پەھ: بەرێن. ناو: بەرین ـ زا: ڤەرن] حاڵی هەر شتێک کە پان و هەراو بێ، هەراو، بەربەرین.

**بەرینان** (نا. ل)[بەر + ئین + ئان] ئەوکەسانەی کە بەر لە ئێمە ژیاون، پێشینیان، پێشینان. ∷ کەسێک دنیای زۆر دیبێ، ئەو عاقڵتر و چازانە/ چومکە قسەیە، بیستوومانە لە بەرینان و پێشینانە (لاس و خەزاڵ ل ١٥٢).

**بەرینایی** (حم.)[بەرین + ئایی] نێوانی ئەو سەر ئەوسەری شتێکی پان، بەرینی. ∷ لە درێژایی دەردێنێ دە بەرینایی دەکاتەوە (پەند).

**بەرینی** (حم.)[بەرین + ئی] بڕ: بەرینایی

**بەریوانی** (حم.)[بەر + ئی + وان + ئی] بڕ: بەرەڤانی.

**تێبینی:** ئەم وشەیە لە زاراوەی ناوەندیی دا لە بەریڤانی زاراوەی باکووریی وەرگیراوە.

**بەڕ**[1] (نا.) بڕ: بەڕە

**بەڕ**[2] (نا.)[عەر: بر] ویشکانی، دەشت، بیابان، بەژ، بەڕیە. ∷ بەڕ و بیابان.

**بەڕۆژ** (نا. ل)[بەر + رۆژ] شوێنێک کە تاو تێی دەکا، بەرتاو. ٢ـ لایەکی چیا کە هەمیشە تاو تێی دەکا. // نسار.

**تێبینی:** بەڕۆژ لە دوو وشەی بەر و رۆژ پێک هاتوە بەڵام لە بەر باری فۆنۆتیکییەوە « ڕ » بە سەر « ر » دا زاڵ بوە و بۆتە بەڕۆژ.

**بەڕۆژوو** (ئان. ل)[بە + رۆژوو][ناو: بەڕۆژوو، بەڕۆژی، رۆژگ] موسڵمانێکی کە بە پێی ئایینەکەی لە مانگی رەمەزان یا کاتی دیکە بەر لە بانگی بەیانی هەتا بانگی شێوان هیچ نەخوا و رۆژوو بگرێ. **~ بوون:** رۆژوو گرتن.

**بەڕۆژی** (ئان. ل)[بە + رۆژی][سۆر] بڕ: بەڕۆژوو

**بەڕوو** (گیا.)[پەھ: بەلووت. باک: بەڕوو، پالیتە، بەڕی ـ ناو: بەڕوو ـ باش: بەڕیوو، بەلوو ـ هەو: بەلوو ـ زا: بەلی، بەڵی، بەڵو] ١ـ دارێکی گەورە و بە لک و پۆیە، گەڵاکانی گڕنی گڕنین، جووتێک گوڵی نێر و مێی هەیە، بەرێک دەگرێ کە

شـێـوەی فندقی گـەورە و درێژ دەدا، چێوەکەی زۆر سەختە و لە کار و باری نەجارِی دا کەلکی لێوەردەگرن، Cuer-cus persica ناوی لاتینی ئەم دارەیە، داربەڕوو. ٢ـ بەری ئەم دارە کـە ڕەنگی وە فندق دەچێ بەڵام سێ هێندی فندقە. توێکڵێکی تەنک و سـەختی هەیە، سەرەکەی لە قاپووکە دایە و کاتێک بگا لێی دەبێتەوە. بەڕوو بۆ خواردن دەست دەدا و بە برژاوی دەیخۆن و هەندێک جار نانیشی لێدەکەن، خاسەبەڕوو. ٣ـ بەرێکی دار مازوویە لە هەمان ڕەنگ و شکڵ بەڵام چووکترە و ماڵات دەیخۆن.

**بەڕوولە** (نا. ل)[بەڕوو/٢ + لە] ١ـ (گیا.) خەیار و ترێزوو کە لە قیچکەیی دەرچوون و بۆ خواردن دەست دەدەن بەڵام هێشتا چووکن. ٢ـ یەکێک لە ئامرازەکانی نیر و ئامووره کە دارۆکەیەکە بە قەرا بەڕوو کە دەخرێتە کونی شیلەپەی هەوجارەوە هەتا قایم ڕاوەستێ و لە باسکێش نەیەتە دەر، گاینجە. ٣ـ یەکێک لە ئامرازەکانی عارەبەی کەڵ، کە بریتییە لە میلەیەکی ئاسنە کە لە مازە ڕۆ دەکرێ هەتا تۆپ یا چەرخەکەی لە مازە نەیەتە دەر.

**بەرە** (نا.)[پەهـ: ڤەر. ناو: بەر، بەرە ـ هەو: لەی] ڕایەخێکی ئەستوور و ڕەنگاوڕەنگە کە بە دەست دەیچنن و لە ماڵان لە بن خۆیان ڕایدەخەن، گلێم. **~ی خۆ پێ لە ئاوێ هاتنە دەر:** (کنـ.) توانایی بەڕێوە بردن خۆ و پەیدا کردنی بژیو هەبوون **~ی خۆ لە ئاودەر هێنان:** (کنـ.) توانایی بەڕێوە بردن خۆ و پەیدا کردنی بژیو هەبوون، بەرەی خی پێ لە ئاو هاتنە دەر. **پێ لە ~ی خۆ درێژتر کردن:** (کنـ.) لە حەد و ڕادەی خۆ دەرچوون، پتر لە توانایی و وچەی خۆ ویستن و داوا کردن. **چوونە سەر ~ی:** (کنـ.) چوونە خوازبێنی. ؛؛ سیامەند هەڵیدەگرتەوە پۆلێک کەیخودای شەرمەندە و مەلایەکی شەرح زان/ دەچۆوە سەر بەرەی دە مامی خۆی (گەنج ل ٣٣٠). **هاتنە سەر ~ی:** (کنـ.) خوازبێنی کردن، هاتنە خوازبێنی. ؛؛ هاتووینە سەر بەرەی دەمانەوێ کوڕەکەمان بە نۆکەری خۆتان قەبووڵ بکەن. ماڵە حەمی جیرانمان هاتوونە سەر بەرەی داوای بەسێ دەکەن.

**تێبینی:** ڤەر varr لە زمانی پەهلەوی دا بە مانای خوری و جل هاتوە.

**بەرەزا** (گیا.)[؟] ١ـ گیایەکی

کوێستانی تام و بۆنخۆشە و ناسک. گەڵای وەکوو گەڵای تەڕەتیزەیە لاسک بەرز (کشت و کاڵ ب ١ ل ٤٥). ∷ چیا لە تەوقە سەری داڕژاوە تا کەمەری/ چوو زولفی سونبولی دەرهەم، چوو پەرچەمی بەڕەزا (حاجی قادر ل ٣٢). ٢ـ (مجـ.) پرچی یار و گراوی. ∷ گێسووت بەڕەزای پەخش پای کاوان/ زوڵف و ئەگریجەت باڵ بەت ئاوان (وەلی دێوانە ل ٣٦).

**تێبینی:** بەڕەزا لە شێعری شاعیرانی ناوەندیی و هەورامی دا زۆر هاتوە. مامۆستا هێمن بە بەرەزا ـ ی نووسیوە (بڕ: تاریک و روون ل ١٨٥) کە وێدەچێ هەڵەی چاپی بێ. لە دیوانی حاجی قادر دا بەڕەزا بە بارێزە مانا لێدراوەتەوە (بڕ: حاجی قادر ل ٣٨)

**بەڕی** (گیا.)[باک] بڕ: بەڕوو

**بەڕینگاڵ** (ئان. ل)[بە + رینگاڵ] مەڕێک کە تیسک و خوری درێژ بێ، مەڕی تیسک درێژ، بەڕینگۆڵ.

**بەڕینگۆڵ** (ئان. ل)[بە + رینگۆڵ] [سۆر] بڕ: بەڕینگاڵ

**بەڕیە** (نا.)[عەر: بر] وێشکایی، دەشت، بەڕ، بیابان. ∷ نایێلم راوی خۆت باوێیە بەڕیە و بیابانی لە دووی کەرووشی گەرمەلانە (مان ل ٩٢).

**بەڕێ** (نا. ل)[بە + رێ] ئەم وشە بە تەنیا نایە و دەگەڵ ئەم چاوگانە مانا دەدا، بەڕێوە. **~ بردن:** ١ـ ئیدارە کردن. ٢ـ ژیاندن و دابین کردنی ژیان. & بەڕێوە بردن.. **~ بوون:** کەوتنە ڕێگا، وە رێ کەوتن بۆ شوێنێک، ڕۆیشتن. ∷ بارگەیان تێکەوە پێچاو و بەڕێ بوون یاران / لە دنێ وا بە تەنێ پاشی ئەوان من چ بکەم (هێمن). **~ چوون:** گوزەرانی ژیان کردن، ژیان تێپەڕ کردنی بە کەرەسەی پێویستەوە. **~ کردن:** ١ـ خستنە ڕێی میوان، مسافر و کەسێک لە کاتی ماڵاوایی دا، روانە کردن. ٢ـ ناردن، شاندن. ∷ نامەکانم بۆ کاکم بەڕێ کرد. ٣ـ جێ بە جێ کردنی کاری کەسێک. ∷ دا رۆڵە ئەو مشتەریانە بەڕێ کە بزانە چیان دەوێ بیاندەیە!

**بەڕێوە** (نا. ل)[بە + رێ + وە] بڕ: بەڕێ. **~ بردن:** بڕ: بەڕێ بردن.

**بەڕێوەبەر** (نا. فا)[لە: بەڕێوە بردن] کەسێک کە کاری شوێنێک هەڵدەسووڕێنی، مودیر.

**بەز**[1] (نا.)[ئەو: ئەزووئیتی، بێزڤەنت ـ

پەش: وازگـە، وازدە. باک: بـەز ـ ناو: بەز ـ زا: ڤـەزد، ڤـۆزد، ڤـازد] چەورایـی یەکی سپییـە لە نێو لەشـی گیانداران دا پەیدا دەبێ، دۆن، دوون. **~ کـولێن:** (کنـ.) سـەرما پێ خۆش بوون. ∷ بەو زستانەی ئەو دەرک و پەنجـــەرەت بـۆ کـــردۆتـەوە مەگەر بەزت دەکوڵێ. **گورچیلە دە ~ی دا ون بوون:** (کنـ.) زۆر قـــەڵەو بـوون. ‖ **بەزی چاو:** گـۆشـتـەزوونێک کـە لە نێـو چاوی مرۆڤ پەیدا دەبێ.

**بـەز**[2] (ر.)[لـە: بـەزیـن1] ١ـ رەگـی چاوگی بەزین. ٢ـ لە وشـە دا مـانای توند و تیژ دەدا، رەو. ∷ خـۆشبـەز. ٣ـ مـانای بەزاو دەدا. ∷ نەبەز

**بەزا** (ئان. ل)[بـەز2 + ئـا][باک: بـەزا، بــەزۆ، بـەزۆک ـ نـاو: بـەزا] ئـەسـپ یـا گـیـــاندارێک کــە تیــژ هـەڵدێ، تیـژڕەو، خۆشڕەو، خۆشڕۆ، خۆشبەز.

**بەزات** (ئان. ل][بە + زات] کـەسـێک کـە ترسی دە دڵ دا نەبێ، بوێر، نەترس، بەدڵ، زاتدار، ئازا، بەجەرگ. **~ بوون:** نەترسان، وێران، بەدڵ بوون.

**بەزاز** (نا.)[عەر: بزاز] دوکاندارێک کە کــاری فـــرۆشـــتـنـی پارچـە و کــووتـاڵە، پارچەفرۆش، کووتاڵ فرۆش.

**بەزان** (چا. ل) بڕ: بەزین

**بـەزانـدن** (چا. م)[لـە: بـەزیـن] [باک: بـەزانـدن ـ نـاو: بـەزانـدن، بـەزانـن ـ هـەو: بەزنـای] ١ـ شکسـت دان لە شــەڕ دا. ٢ـ بـردنـەوە لـە کـێ بـەر کـێ دا. ٣ـ [بـاک] لێـخـورین، تاو دان. ∷ هـەسـپـا خـوە بەزاندن.

**بەزانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: بەزاندن

**بەزر** (نـا.)[عـــەر: بـذر] ئـەو دەنـک و دانەی کە بۆ چاندن کەلکی لێوەردەگرن، بنەتۆو، تۆو، تۆم، بەزرە.

**بەزرە** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: بەزر

**بەزرەونج** (گـیـا.)[عـەر: بذرالبنج] گـیـایەکی خـۆڕسکی دوو سـاڵەیە، هەتا نیوگەزێک هەڵدەدا، ساقـەت و گـەڵاکانی بە کورک داپۆشـراون، گـوڵەکانی زەرد و بۆن ناخـۆشن، بەرەکـەی چەند دەنکێکی بۆری وەک باقلەیە و خواردنیان مەترسی هەیە. لە تب دا لـە دەنک و گـەڵاکـەی بۆ چارەســەر کـــردنی هەنـدێک نـەخـۆشی کەلک وەردەگرن. Hyoscyamus niger ناوی لاتینی ئەم گیایەیە.

**تێبینی:** لە فـەرهـەنگی کشت و کاڵ دا لە ئاست بـەزرەونج نووسـراوە: گـیـایەکی گـــەڵا وردی بـۆنخـــۆش و لـە هەنبـــانـە

بۆرینەش دا نوسـراوە: گـیـایـەکی زۆر بۆنخۆشـە کە من پێموایە هەردووکیان هەڵەیان کردوە. (بڕ: کشت و کاڵ ب ١ ل ٤٩ و هەنبانە ب ١ ل ٨٠).

**بەزم** (نا.)[پەهـ: بەزم. باک: بەزم ـ ناو: بەزم ـ هـەو: بەزم] ١ـ کـۆڕی خـۆشی و رابواردن، مـیـوانی. ٢ـ [ئەر] ئاهـەنگ، هەوا. ⁂ ئا بەزمێکمان بۆ بێژە! ٣ـ ئەدا، گـڕوو. ٤ـ تـەشـقـەڵە. **~ پێگرتن:** ١ـ گـڕوو گـرتن، ئەدا و ئەتوار دەرهێنان و ئەزیەت کـردن. ٢ـ شـەڕ پێ فـرۆشتن، شڵتاغ پێکردن. **~ پێگێران:** تەشقەڵە پێکردن. **~ سـازکـردن:** ١ـ کـۆڕی خـۆشی پێک هێنان. ٢ـ تەشـقـەڵە سـاز کردن. **~ گرتن:** ١ـ ساز کردنی کۆڕی خـۆشی و رابواردن. ٢ـ گـڕوو گـرتن. ⁂ کورەکـەم بەزمی گرتوە، دەڵێ هەر دەبێ دووچەرخەم بۆ بکڕی.

**بەزمک** (نا.)[؟][باک] ١ـ (گـیـانـ.) قـڕنـوو، گـەنە. ٢ـ جـۆرێک ئەسـتـووندی چادر و خێوەت.

**بەزمگا** (نا. ل)[بەزم + گـا] جـێگەی بەزم و خۆشی، بەزمگە.

**بەزمگە** (نا. ل)[بەزم + گـە] بڕ: بەزمگا

**بەزم و رەزم** (نا. ل)[بەزم + و + رەزم] ١ـ کۆڕی بەزم کە هات و هەرای زۆر بێ. ٢ـ (مـجـ.) هات و هـەرای و بەدفـەڕی منداڵان & بەزم و هەرا.

**تێبینی:** رەزم لە ئەوێستایی rasma بە مـانـای ریزی شـەڕ و رەزم razm ی پەهلەویی بە مانای شەڕ کەوتوە.

**بەزم و هەرا** (نا. ل)[بەزم + و + هەرا] بڕ: بەزم و رەزم.

**بەزن**[1] (نا.)[زا] بڕ: بەژن

**بەزن**[2] (نا.)[؟][زا] سـیـمـا، روو، روخسار

**بەزنە** (نا.)[زا] بڕ: بەژن

**بەز و بنێشت** (نا. ل)[بەز + و + بنێشت] هەتوانێکە لە بنێشت و بەز کە لە سـەر کـوانی دەنێن هەتا چڵک و کێمەکەی هەڵمژێ.

**بەزۆ** (ئان. ل)[بەز2 + ئۆ][باک] بڕ: بەزا

**بەزۆک** (ئان. ل)[بەز2 + ئۆک][باک] بڕ: بەزا

**بەزە** (نا.)[پاز: بەژە ـ پەهـ: بەچەک، بەزەک، بەزەگ. باک: بەزە ـ ناو: بەزە، بەزەیی، بەزەوی ـ باش: بەزەوی، بەزەیی

ـ هەو: بەزەیی] ١ـ دڵ پێ سووتان و دڵسۆزی لە ئاست گرفت و لێقەوماونی گیاندار، روحم. ٢ـ [باک] گوناه، تاوان. **~ پێدا هاتن:** دڵ پێ سووتان، روحم پێ کردن، بەزەیی پێدا هاتن.

**بەزەتاو** (نا. ل)[بەز + ئە + تاو (تاواندن)] کاری چەور و نەرم کردنەوەی برینی رەق هەڵاتوو یا قەڵشتی ویشکی پاژنە و دەست و پەل بە بەز یا پیوی داغ. بەز لە پەڕۆیەک دەپێچنەوە و لە سەر ئاور رایدەگرن هەتا چەورایی دەداتەوە و دوایی لە شوێنی قەڵشتەکەی هەڵدەسوون. **~ کردن:** چەور کردنی قەڵشی دەست و پێ بە بەز.

**بەزەرەک** (گیا.)[؟] ١ـ تۆم و دەنکی گیا کەتان کە رۆنی لێدەگرن. ٢ـ ئەو رۆنەی کە لە دەنکی کەتان دەیگرن، رۆنی بەزەرەک.

**بەزەوی** (نا.) بڕ: بەزە

**بەزەیی** (نا.) بڕ: بەزە. :: لە قامووسی ئەوانە دا / بەزەیی مانای نەماوە (ناڵەی جودایی ل ٣٥). **~ پێدا هاتن:** بڕ: بەزە پێدا هاتن. :: بەزەییت بەیۆ وە جەستە و حاڵم / ریشەم بەراما، هەرەو وە ماڵم (مەولەوی ل ٢٧).

**بە زیپک و زاکوون** (ئان. ل)[بە + زیپک + و + زاکوون] حاڵی کەسێکی سەختگر و بە دیسیپلین کە هەمیشە بە پێی یاسا و بەرنامەی تایبەتی خۆی دەجووڵێتەوە.

**بەزیان** (چا. ل)[بڕ: بەزین] ١ـ [ئەر] تێشکان، دۆڕان، بەزین. ٢ـ [باک] راکردن، غار دان

**بەزین**[1] (چا. ل)[ئەو: ڤەز ـ پەه: ڤازییتەن. باک: بەزیان، بەزین ـ ناو: بەزین، بەزان، بەزیان] ١ـ تێشکان، شکست خواردن. ٢ـ دۆڕان لە کایە و کێ بەر کێ. ٣ـ [باک] راکردن، هەڵاتن، غاردان. ٤ـ بازد دان. پەڕین. ٥ـ پەڕینی ئەسپ بۆ سەر ماین.

**بەزین**[2] (ئان. ل)[بە + زین] ئەسپ و ماینی زین لە پشت و ئامادەی سوار بوون. :: کۆنە حەز ماینی بە زینە (پەند)

**بەزیو** (نا. مف.)[لە: بەزین] ١ـ کەسێک کە لە شەڕ دا شکستی خواردبێ. // نەبەز. ٢ـ کەسێک کە لە کایە و کێ بەر کێ دا دۆڕابێ، دۆڕاو. ٣ـ کەسێک کە لە خەبات و کارێک کۆڵی دابێ، کۆڵدەر. ٤ـ گیاندارێک کە لە ئاست غەنیمەکەی را بکا.

**بەزێن** (ر.)[لە: بەزاندن] ١ـ ریشەی چاوگی بەزاندن. ٢ـ بە ناوەوە دەلکێ و ناوی فاعیل ساز دەکا. :: شەوبەزێن، شێربەزێن، دوژمن بەزێن.

**بەژ** (نا.)[؟][باک: بەژ، بەژی ـ زا: بەژی] ١ـ وشکایی، بەر. ٢ـ زەوی وشک و بێ ئاو.

**بەژن** (نا.)[پەهـ: بەشن. باک: بەژن ـ ناو: بەژن ـ باش: بەژن ـ زا: بەزنە، بەزن] ١ـ درێژایی لەشی مرۆڤ، قەد، بەژن و بالا. ٢ـ ئەندامی مرۆڤ، لەش. ٣ـ درێژایی جل و بەرگێک کە سەرتا پێی لەش دادەپۆشێ. :: پێنج سانت لە بەژنی ئەو کراسە دەرێنە. ٤ـ ساقەتی دار. **بە ~ بڕان:** ١ـ جل و بەرگی درواوی پڕ بە قالب و ئەندازە و بێ کەم و کووڕی. ٢ـ (مجـ.) بە ناو کران، بە نەسیب بوون، بە بالا بڕان. :: کوڵمەت گەش و رووناکە دەڵێی تیشکی هەتاوە / جوان چاکی کراسێکە بە بەژنی تۆ بڕاوە (هێدی ل ١٨٠).

**بەژن شۆڕ** (ئان. ل)[بەژن + شۆڕ2] کچ و ژنی بەژن جوان و رێک و پێک. :: بەژن شۆڕ و کەزی شۆڕ و خەزێم شۆڕ /سەرەوشۆڕم دەکەن سەرشۆڕ بەرەو گۆڕ (خەیام ل ٩٥).

**بەژن و بالا** (نا. ل)[بەژن + و + بالا] درێژایی لەشی مرۆڤ، بەژن، بالا، قەد.

**بەژی** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: بەژ

**بەس**[1] (نا.)[هەخ: ڤەسیە ـ پەهـ: ڤەس. تات: ڤەس ـ فار: بس. ناو: بەس ـ باش: بەس ـ هەو: وەس ـ زا: بەس] ١ـ رادە و ئەندازەیەکی کافی لە هەر شتێک و کارێک. نە کەم نە زۆر ٢ـ تەواو، خەلاس. :: لە لایەن منەوە دوو تفی لە روو کە و بەس. ٣ـ تەنیا، فەقەت. :: بەس تۆ وەرە بۆ ماڵمان. **~ بوون:** کافی بوون، ئەندازە بوون. :: بەسە یا دیسان بۆت تێکەم؟ **~ کردن:** تەواو کردن، کۆتایی پێ هێنان. :: بەس کەن هێندە قسە مەکەن!

**بەس**[2] (نا.)[ئەر] بڕ: بەست1

**بەساڵاچوو** (ئان. ل)[بە + ساڵ + ئا + چوو][لە: بە ساڵ داچوون] بەتەمەن، تەمەندار، گەڕاوە، پیر.

**بەسام** (ئان. ل)[بە + سام] کەسێک، شتێک یا شوێنێک کە مرۆڤ لێی دەترسێ، سامدار. :: پیاوی بەسام. **~ بوون:** ترسان، سام لێکردن. :: تاریکە شەوێکی بە سامە.

**بەست**[1] (ر.)[لە: بەستن] لە رەگی چاوگی بەستن دەکەوێ، بە ناوەوە دەلکێ و ئەو مانایانە دەدا. ١ـ بەستراو. ⁘ بن بەست. ٢ـ بەستران و پێوە لکان بە شتێکەوە. ⁘ دەربەست، داربەست. ٣ـ ئازاد، نەبەستراو. ⁘ سەربەست. & بەس2. ٤ـ (نا.) بەندێک کە لە بەر ئاو هەڵیدەبەستن، ئاوبەند، بەند. ٥ـ (نا.) شوێنێکی پیرۆز یا ماڵی گەورە و پیاوچاکان کە لە بەر مەترسی خەڵک پەنای بۆ دەبەن و لەوێ دەمێننەوە. ⁘ هاتی وا سەیری نەهاتی کەن کە سەد تیپان سوار / پاسەوانی بوون، لە ناو بەستا پیادێ کردی مات (مەحوی ل ٣٢٩). ٦ـ (نا.) رادەیەک لە تریاک کە چوار یەکی مسقاڵێکە و تریاک کێش بە وافوریەوە دەنێ و دەیکێشێ.

**بەست**[2] (نا.) دەم چۆم، بەستێن، بەستۆرە. ⁘ وەز ماسی بووم لە بەستان / کەس نەیگرتم بە رستان ( فۆلکلۆر ل ٥١).

**تێبینی:** بەست، بەستێن و بەستۆرە دەگەڵ ڤیستەرەک vistarak یا ڤیستەرگ vistarg ی پەهلەویی بە مانای نوێن، جێخەو، جل، رایەخ هاوڕیشەیە.

**بەستران** (چا. ل)[لە: بەستن] ١ـ بەستن بێ دیار بوونی فاعل. ⁘ دەستم بەسترابوو، کەس نەبوو بۆم بکاتەوە. ٢ـ داخران. ⁘ دوکانەکان بەسترا بوون، کەس بە شارەوە نەبوو. ٣ـ گیران، بەر گیران. ⁘ رێگاکان بەسترا بوون و کەس نەیدەتوانی هاتوچۆیە بکا.

**بەسترانەوە** (چا. ل)[لە: بەستران] ١ـ رێی دەرباز نەبوون، گیر خواردن لە شوێنێک. ٢ـ ئەسیر بوون بە دەست کەسێک یا مەسەلەیەکەوە. ⁘ بەو ماڵ و منداڵەیەوە وەها بەستراومەوە ناتوانم بچمە هیچ کوێ. ٣ـ بۆڕ خواردن، بەزین لە قسە و هەندێک کایە و یاری. ٤ـ بەستنەوە بێ دیار بوونی فاعل. ⁘ بزانە کەرەکە بەستراوەتەوە یا نا؟

**بەستراو** (نا. مف.)[لە: بەستران] هەر کەس یا هەر شتێک کە بەسترابێ. ⁘ چاوی بەستراو، دەستی بەستراو، رێگای بەستراو.

**بەستەرپێرار** (نا. ل، ئاک. ل)[بەستر + پێرار] بڕ: بەسرپێرار

**بەستەرپێرێ** (نا. ل، ئاک. ل)[بەستر + پێرێ] بڕ: بەسرپێرێ

**بەستن** (چا. م)[هیک: بەندە ـ ئێک:

بەند ـ ئەو: بەند ـ هەخ: بەند ـ پەهـ: بەستەن، ڤەستەن. فار: بستن ـ لۆر: بەستێ ـ تات: دێبەستەن. ناو: بەستن، بەسن ـ باش: وەسین ـ هەو: بەستەی ـ زا: بەستش] ١ـ قایم کردن و گرێ دانی بار یا شتێکی دیکە بە ئامرازی بەستنەوەی وەک پەت، گوریس، کەلەبچە و ...:: بارەکان ببەستن با برۆین. دەستی دزەکەیان لە پشتەوە بەست. ٢ـ کیپ کردن، پێوە دان، داخستنی دەرگا و هەرچێکی ئاوالە. :: کتێبەکەت ببەستە، دوکانی بەست. ٣ـ لێهالاندن، لەخۆ بەستن. :: لەچکەکەت ببەستە، پشتێندی بەست. برینەکەیان بە پەرۆیەک بەست. ٤ـ توند بوون و رەق بوونی ئاوەکی لە بەر سەرما. :: ئەوساڵ هێند ساردە چۆم بەستوویەتی. ٥ـ سەرما بوون، لە بەر سەرما رەق بوونی شتێک کە ئاوەکی نەبێ. :: هێند ساردە سمێڵم بەستوویەتی. ئەگەر گون بیبەستێ پیاو لە سەرمایان دەمرێ. ٦ـ مەیینی مادەی قاڵ کراو یا هەوێن کراو. ٧ـ گرتن، بەرگرتن. :: ئاویان لە سەر خەڵک بەستوە. رێگا بەستوە. ٨ ـ بە نوشتە و جادوو بەری زاوا گرتن بۆ ئەوەی نەتوانێ بووکێنی کچ هەڵگرێ. ( لە کوردەواری ئەگەر کورێک دڵی بە کچێکەوە با و ئەم کچەش مێردی کردبا، پەنای دەبردە بەر نوشتەنووس و ئەویش بە قفڵ یا ناڵ وای دەکرد کە زاوا ببەسترێ و نەتوانێ پەردەی کچ هەڵگرێ.)

**بەستنەوە** (چا. م)[لە: بەستن] ١ـ قایم کردنی و توند کردنی گیاندار بە پەت و گوریس لە شتێک، بۆ ئەوەی نەڕوا یا دوور نەکەوێتەوە یا لە بەر زیان گەیاندن. :: ئەو سەگانە ببەستنەوە دەنا کەس ناهێڵن. ئەسپەکەم بەستەوە و بۆ خۆی دەڵەوەڕێ. ٢ـ قایم کردنی بار و بەستە. ٣ـ سەر لە نوێ بەستنی شتی کراوە. ٤ـ بەر گرتن، بەری ئازادی گرتن. :: ئەو کچە بەستە زمانەیان بەستۆتەوە و ناهێڵن بێتە دەرێ. ٥ـ بۆڕ دان، کەسێک بە قسە و زیرەکی مەحکووم کردن. :: ژن بە قسە پیاو دەبەستێتەوە. لە شێعرشێعرێن کەس پێی ناوەستێ هەموو کەس دەبەستێتەوە. & بەسنەوە

**بەستۆرە** (نا.)[بڕ: بەست2] ١ـ ئەو بەشە لە زەوی کە ئاوی چەم و رووبار بە سەری دا دەڕوا و لە ژێر ئاوە. ٢ـ بەشێک لە زەوی کە دیارە پێشتر چەم یا رووباری بە سەر دا هاتوە و ئێستا

وشک بوه.

**بەستوو** (نا.) کووپەڵەی لە گڵ ساز کراوی ڕەنگ شین، بەستووکە.

**تێبینی:** عەرەب ئەم وشەیان وەرگرتوە و کردوویانەتە بستوق. هەروەها لە زمانی فارسی دا بەستو (بەستوو) هەر بەم مانایە هاتوە و لە زمانی پەشتووش دا بسپە (بەسپە) بە مانای قرۆشکە هاتوە.

**بەستووکە** (نا. ل)[بەستوو + کە] بڕ: بەستوو

**بەستە** (نا. مف.)[لە: بەستن] ١ـ هەر شتێکی پێچراوە و ئامادە. ؛؛ بەستەیەک کتێب، بەستە جگەرە. بەستەیەکم بە پۆست دا نارد. ٢ـ ئەندازەیەک لە گیا کە کەم و زۆری پەیوەندی بە گیایەکەوە هەیە (باقە، چەپک، دەسک). ؛؛ بەستەیەک گیا بێنە. ٣ـ بەستراو، پەیوەندی. ؛؛ هاتنی من بەستە بە باوکمە نازانم ئیزنم دەدا یا نا. ٤ـ بە ناوەوە دەلکێ و مانای بەستراو دەدا. ؛؛ دڵبەستە، پابەستە، چاوبەستە. ٥ـ داخراو، بەستراو. ؛؛ بەستەزمان. ٦ـ گۆرانی ساکار کە هەواکەی مایەی فۆلکۆریان هەبێ. ٧ـ شتێکی پێچراوە و بەستەبەندی کراو کە دەدرێ بە کەسێک یا بە پۆست دا بەڕێ دەکردرێ. **تێدا ~ بوون:** بە کەلک هاتن، بە قازانج بوون، فایدە هەبوون. ؛؛ ئەو کارەی تۆ چی تێدا بەستەیە.

**بەستەبەندیی** (حم.)[بەستە/١ + بەند + ئیی] کاری پێچانەوەی شمەک و شت لە نێو قوتوو و کاغەز و شتی لەم بابەتە. **~ کردن:** پێچانەوەی شمەک لە کاغەز و قوتوو و شتی لەم بابەتە.

**بەستەزمان** (ئان. ل)[بەستە + زمان] مرۆی فەقیرۆکە و دەستەوەستان و شیاوی دڵ پێ سووتان، بەسەزمان، بەسەزوان.

**بەستەک** (نا. ل)[بەستە + ئەک] پێخەف و جێگە و بانی لە جاجم یا شتێکی دیکەوە پێچراو، دەستەنوێن.

**بەستەڵۆک** (نا. ل)[بەست1 + ئە + ڵۆک] بڕ: بەستەڵەک

**بەستەڵەک** (نا. ل)[بەست1 + ئە + ڵەک] حاڵی زەوی و زار و وڵات لە سەرمایەکی زۆر دا کە بە تەواوی بەستوویەتی، بەستەڵۆک، سەهۆڵبەندان.

**بەستەنی** (نا. ل)[بەست1 + ئەنی] خواردەمەنییەکی سادە لە شیر و شەکر دروست دەکردرێ. شیر و شەکر لە

دەفرێکی تایبەتی زۆر سارد دەکەن و ئەوەندەی دەسووڕێنن هەتا توند دەبێ. زوو لە کوردستان هەر یەک جۆرە بەستەنی هەبوو بەڵام ئێستاکە تام و رەنگ و جۆری زۆری لێ پەیدا بوە، دۆندرمە، حەلاوێ.

**بەستێن** (نا. ل)[بەست2 + ئێن] قەراغ و لێواری ئاوی زۆری وەک چەم، دەریا و دەریاچە.

**بەسرپێرار** (نا. ل، ئاک. ل)[بەسر + پێرار][باک: بترپێرار، بەترپێرار ـ ناو: بەترپێرار، بەسرپێرار، بەسترپێرار، پەسرپێرار، پەسترپێرار، پەسەر پێرارەکە ـ باش: پەسر پێرار ـ زا: بتەرپێرار] سێ ساڵ لەمەوبەر، سێ ساڵ بەر لە ئێستا.

**تێبینی:** وشەکانی بەسر (بتەر، بتر، بەستر، بەتر، پەسر، پەستر، پەسەر) بە گشتی لە دوو بەشی [بەس (پەس) + تر] پێک هاتوون. بەس یا پەس لە: پەسچە pasča ـ ی ئەوێستایی و پەسا pasā ـ ی هەخامەنشی و پەس pas ـ ی پەهلەویی بە مانای پاش و بەرەو دواوە کەوتوە. تر پاشگرە و بە گشتی دەبێتە دواوەتر یا پاشتر. بەسرپێرار یانی ساڵێک بەر لە پێرار و بەسر پێرێ یانی رۆژێک بەر لە پێرێ. هەروەتر لە زمانی کوردیی دا بۆ دیاری کردنی رۆژێک یا ساڵێک بەر لە بەسر ئەم وشەیە دووپاتە دەکرێتەوە وەک بەسربەسر پێرێ یا بەسربەسر پێرار.

هەروەها لە باری فۆنێتیکەوە لە هەندێک زاراوە و بن زاراوە دا پیتی پ (پەستر، ...) لەبەر قورسی بە هۆی جیرانەتی دوو پیتی بێدەنگ (تر، سر، ستر) بوە بە پیتی ب (بەسر، ...).

**بەسرپێرێ** (نا. ل، ئاک. ل)[بەسر + پێرێ][باک: بترپێر، بەترپێر ـ ناو: بەسرپێرێ، بەترپێرێ، بەسترپێرێ، پەسرپێرێ، پەسترپێرێ، پەسەرپێرەکە ـ باش: پەسر پێرەکە ـ هەو: پەرەوەری ـ زا: بتەرپەرەی] سێ رۆژ لەمەو بەر، رۆژی پێش پێرێ. (بڕ: تێبینی بەسر پێرار) **بەسرپێرێ شەوێ:** سێ شەو لەمەوبەر.

**بەسفایە** (گیا.)[ئەر] جۆرێک سەرەخسە کە زۆر بەرز نابێتەوە و لە شوێنی شێدار دەڕوێ بە فارسی بسپایە و بە عەرەبیش بسبایج ـ ی پێدەڵێن، بەلەک2.

**تێبینی:** ئەم وشەیە تەنیا مەردووخ نووسیویەتی.

**بەسن** (چا. م)[ئەر] بڕ: بەستن

**بەسنەوە** (چا. م)[ئەر] بڕ: بەستنەوە

**بەسە** (نا.)[ئەر] بڕ: بەستە

**بەسەزمان** (ئان. ل)[بەسە + زمان] بڕ: بەستەزمان

**بەسەزوان** (ئان. ل)[بەسە + زوان] [هەو] بڕ: بەستەزمان

**بەسیرە** (نا. ل)[بە (بەر) + سیرە (شیرە)][باک] بڕ: بەرسیلە

**بەش**[1] (نا.)[ئەو: برای ـ پاز: برێهـ ـ پەهـ: بەخش. باک: بەش ـ ناو: بەش ـ هەو: بەش] ١ـ کوت و پاژێک لە شتێکی دابەش کراو و لەت. ؛؛ دوو بەشی کتێبەکەم خوێندۆتەوە. ٢ـ کوتێک لە شتی دابەش کراو بە سەر چەند کەسێک دا. ؛؛ کێلۆیەک گۆشت لەم مەڕە بەشی تۆیە. ٣ـ شەریک بوونی چەند کەس لە شتێک دا وەها کە هەر کەس هەندێکی وە بەر کەوێ. ٤ـ چارە، نەسیب. ؛؛ بەشی کەرێ یان ئاو کێشانە یان دار کێشان (امثال و حکم ل ٧٥). ٥ـ میرات. ٦ـ (ئان.) سەر کرانەوەی برین. ؛؛ برینەکەم دەمی بەش کردۆتەوە. **~ بران:** بێبەش و بێ نەسیب بوونی کەسێک لە شتێک کە دەبا بەشی پێبڕابا، بەش خوران، بەش پێنەبڕان. **~ بە دنیاوە نەمان:** (کنـ.) بێبەش بوون لە ژیان، مردن. **~ پێبڕان:** ١ـ وەبەر کەوتنی شتێکی دابەش کراو. ٢ـ میرات وەبەر کەوتن. **~ تێکەوتن:** بە سەر دا کەوتن و بەشدار بوون لە خواردن و شتێکی دابەش کراو، بە نەسیب بوون. ؛؛ ئەمنیش بەشم دەو پڵاوخۆرشتەی کەوت. **~ چوونەوە سەر ~ ان:** (تووک) تووک لە کەسێکە بە مانای ئەوە کە ئەو کەسە میراتی پێبگا بەڵام خۆی دەستبەجێ بمرێ و کەس و کەسانی دیکە میراتەکەی دابەش بکەن. ؛؛ لە خودام تەڵەب و تەمەننایە خێر و خۆشی لە خۆت نەبینی و بەشت بچێتەوە سەر بەشان. **~ خواردن:** ١ـ خواردنی خۆراک و خواردەمەنی بەشی کەسێک لە لایەن کەسێکی دیکەوە کە وەلا نراوە. ٢ـ دەست بە سەر داگرتنی حەق، ماف، ماڵ و زەوی و زاری کەسێکی دیکە. **~ خوران:** حەق و ماف و میرات کە کەسێک دەستی بە سەر داگرێ و بەش بەشدار نەدا. **~ کردن:** ١ـ دابەش کردن لە

نێوان چەند کەس دا. ٢ـ ئەندازە بوون. :: کیلۆیەک گۆشت کوا بەشی دە کەسان دەکا؟ پووڵی مانگانەم بەشی بیست رۆژ دەکا. ~ **مان:** تەواو نەبوونی بەش و پاژی دابەش کراو. :: چێشت هەر بەشی من ماوە. || **بەشی خودا:** هەرچی کە لە لایەن خوداوە وەک شانس و بەخت و چارەنووس و رزق دەدرێ بە مرۆڤ.

**تێبینی:** بەش و بەخت و بارە و کۆمەڵێک وشەی دیکە لە زمانی کوردیی دا لە چاوگی بەگ bag ی ئەوێستایی بە مانای دیاری کردن، قەبووڵ کردن کەوتوون.

**بەش**2 (ئان.)[باک: بەش ـ ناو: بەش، قەش، قەشان ـ زا: بەش] ١ـ گا و مانگا یا کەڵ و گامێشی نێوچاوان سپی. ٢ـ بزنی نێوچاوان سپی. & مارۆ

**بەش**3 (ئان.)[زا] برِ: بژ1

**بەشبڕاو** (نا. مفـ.)[لە: بەش بڕان] کەسێک کە بەش و مافی خۆی نادرێتێ و بێبەش دەکردرێ.

**بەشبەر** (نا. فا)[بەش1 + بەر7] کەسێک کە بەشێک لە میراتی پێدەبڕدرێ، میراتبەر.

**بەش بەش** (ئان. ل)[بەش1 + بەش1] هەر شتێک یا شوێنێکی لەت و کوت کراو. ~ **بوون:** لەت و کوت بوون. ~ **کردن:** لەت و کوت کردن.

**بەشخوراو** (نا. مفـ.)[لە: بەش خوران] کەسێکی ماف و حەقیان خواردبێ. :: کورد گەلێکی بەشخوراوە.

**بەشخوراویی** (حم.)[بەشخوارو + ئیی] بەش لێخوران، بێبەش بوون.

**بەشدار**1 (ئان. فا)[بەش1 + دار2] ١ـ کەسێک کە بەشی لە شتێک دا هەیە، هاوبەش، شەریک. ٢ـ ئەندامێک لە نێو کۆمەڵە خەڵکێک دا. ~ **بوون:** ١ـ هاوبەش بوون، شەرێک بوون، بەش پێوە هەبوون. ٢ـ هاوبەش بوون لە نێو کۆڕ و کۆمەڵەیەک دا.

**بەشدار**2 (گیان.)[بەش + دار2] سەگ، سەگی نێوماڵ، چوارپێ.

**تێبینی:** بەش لەم وشەیە دا لە ڤیش viš یا ڤیس vis ـ ی ئەوێستایی بە مانای ماڵ کەوتوە. لە ئەوێستا دا ڤیش هەئورڤە viš haurva بە مانای سەگی ماڵ یا بەشدار هاتوە کە لە دوو بەشی viš بە مانای ماڵ و haurva لە چاوگی هەر har بە مانای ئاگا لێبوون

کەوتوە و بە گشتی یانی سەگێک کە ئاگای لە ماڵە.

**بەشداریی** (حم.)[بەشدار1 + ئیی] هاوبەشیی. **~ کردن:** چوونە نێو کۆمەڵ و کۆڕێک بۆ هەر بەرنامەیەک. ∷ لە بەرنامەی نەورۆزی ئیمساڵ منیش بەشداریم کرد.

**بەشقا** (ئاک.) بڕ: بەشکەم

**بەشقم** (ئاک.) بڕ: بەشکەم

**بەشکا** (ئاک.) بڕ: بەشکەم

**بەشکم** (ئاک.) بڕ: بەشکەم

**بەشکوو** (ئاک.) بڕ: بەشکەم

**بەشکە** (ئاک.) بڕ: بەشکەم

**بەشکەم** (ئاک.)[؟] لەوانەیە، دوور نیە، وێدەچێ، ڕەنگە. بەشقم، بەشکم، بەشکوو، بەشکە، بەشکێکم، بەشکێکوو، بەشکی، بەشقا، بەشکا، دەشقەم، دەشقەمێ.

**بەشکی** (ئاک.) بڕ: بەشکەم

**بەشکێکم** (ئاک) بڕ: بەشکەم

**بەشکێکوو** (ئاک.) بڕ: بەشکەم

**بە شوار** (ئان. فا)[بە + شوار (شۆردن)] سابوون، شامپۆ یا شتێکی لەم بابەتە کە بۆ شۆردن باش کەف بکا، بەشورار. **~ بوون:** باش کەف کردنی سابوون بۆ شۆردن.

**بە شورار** (ئان. فا)[بە + شورار (شۆردن)][موک] بڕ: بەشوار

**بە شوو** (ئان. ل)[بە + شوو] ژنی بە مێرد، ژنی خاوەن شوو.

**بەشەر** (نا.)[عەر: بشر] خەڵک، مەردم، مرۆڤ، ئینسان. **~ بوون:** چەشنی مرۆڤ جووڵانەوە، ئەوجۆرەی کە بەشەر دەبێ بژی. **~ کردن:** (کن.) تەمبێ کردن، ئاقڵ کردن، هێنانەوە سەر ڕێی مرۆڤ. ∷ بە دوو زللان کردمە بەشەر.

**بە شەرت** (ئان. ل)[بە + شەرت] بە پێی قەرار و بەڵێنی، بە مەرج. ∷ ئەو کەوشەت بە شەرتی دووساڵان دەدەمێ شتێکی لێهات بۆم بێنەوە. || **بە شەرتی چەقۆ:** ١ـ ڕستەی شووتی فرۆشانە کە شووتی دەبڕن و ئەگەر سوور نەبوو دەتوانی نەیکڕی. ٢ـ (مجـ.) زەمانەتی هەر شتێک، بە زەمانەت.

**بەشەردۆست** (ئان. ل) [بەشەر + دۆست] کەسێک کە تەواوی بەشەری بە هەموو ڕەنگ و ڕەگەزەوە خۆش دەوێ،

ئینساندۆست، مرۆڤدۆست.

**بەشەردۆستیی** (حم.)[بەشەر دۆست + ئیی] خۆش ویستنی هەموو مرۆڤ، ئینساندۆستیی، مرۆڤدۆستیی.

**بەشەرم** (ئان. ل)[بە + شەرم] کەسێک کە شەرمی هەیە، شەرمن، شەرمێون، شەرمین. // بێشەرم. ~ **بوون:** خاوەن شەرم بوون، شەرمێەن بوون.

**بەشەڕەف** (ئان. ل)[بە + شەڕەف] کەسی خاوەن شەڕەف و غیرەت، بە ناموس. // بێشەڕەف. ~ **بوون:** خاوەن غیرەت و شەڕەف بوون، بەناموس بوون.

**بەشیر** (ئان. ل)[بە + شیر] ئاژەڵێک کە شیر زۆر دەدا. ٢ـ ژنێک کە شیری زۆرە.

**بەشیلا** (گیا.)[؟][زا] بڕ: کاڵەک

**بەشین** (چا. م)[بڕ: بەخشین] دابەشین، بەش کردن.

**بەشینەوە** (چا. م)[لە: بەشین] دابەش کردنی شتێک بە سەر کۆمەڵ و خەڵکێک دا بە خۆڕایی، دابەش کردن، بەخشینەوە، وەبەشین. :: ماڵە کاک حەمەدی گۆشتی قوربانی دەبەشنەوە.

**بە عالەمی ئاشکرا** (ئاک. ل)[بە + عالەم + ئی + ئاشکرا] ئەنجامی کار و کردەوەیەک بەبێ پەردە و لە بەر چاوی خەڵک، بێ نهێنی و شاراوەیی، بە ئاشکرا. :: بە عالەمی ئاشکرا ماڵەی لێ داگیر کردم. بە عالەمی ئاشکرا درۆیان دەکەی!

**بەعز** (نا.)[عەر: بعض] بەشێک لە شتێک، هێند، هەند. :: شەهیدی غەمزەیە بەعزێ (مەحوی). بەعزە شتێکمان نەماوە.

**بەعومر** (ئان. ل)[بە + عومر] بە تەمەن، بەساڵاچوو، پیر، بەعەمر. ~ **بوون:** پیر بوون، بەتەمەن بوون.

**بەعەمر** (ئان. ل)[بە + عەمر] بڕ: بەعومر

**بەعی** (نا.)[عەر: بیع] هەندێک پارە کە لە کاتی سەودا دەدرێ بە خاوەن ماڵ هەتا کاڵا راگرێ یا بیداتێ و لە دوایی پارەی تەواو وەرگرێ، پێشەکی.

**بەعینوان** (ئان. ل)[بە + عینوان] ئافرەت و کیژی بەناز و مەکرزان، زانا لە ناز و دڵداریی. :: باسکم وەبن سەری دە، کەڵەگەتەی بە عینوان/ ئێواران لاجان خۆشە، سبحەینان بەری مێرگان

(کـانی مـرادان ل ١٤٤). ~ **بوون:** نازدار و بە مەکر بوون.

**بە غـــەرەز** (ئان. ل)[بە + غـــەرەز] کەسێک کە غەرەزی هـەیە، کەسێک کە نیازی زەرەر لێدانی هەیە. // بێغەرەز. ~ **بوون:** غـــــەرەز دە دڵ دابوون بۆ زەرەر لێدان.

**بە غیرەت** (ئان. ل)[بە + غیرەت] ١ـ کەسی نەترس و ئازا، بوێر. ٢ـ کەسێک کـە نامـووسی پێ گرینگە، بە نامـووس. ~ **بوون:** ١ـ ئازا بوون، نـەترسـان. ٢ـ بە نامووس بوون.

**بەغیل** (ئان.)[عەر: بخل] کەسێک کە خۆشی و بەختەوەری خەڵکی لە لا گرانە، حـەسـوود. ٢ـ چاوچنووک، رژد، لەچەر. ~ **بوون:** ١ـ ئـێـــــرەیـی هـەبـوون، حەسوود بوون. ٢ـ لەچەر بوون.

**بەغیلایەتی** (حم.)[بەغیل + ئایەتی] کـردەوەی کـەسی حـەسـوود و بـەغـیل، حـەسـوودیی، ئێـرەیی، بەغـیلیی. ~ **پێبردن:** حـەسوودی پێکردن، نارەحـەتی کەسی بەغیل بە خـۆشی یا سـەرکـەتنی کـەسـێک، بەغـیلی پێـبـردن، بەغـیلی پێکردن، بەغـیـلایـەتی پێکردن، ئێـرەیی پێکردن. ¤ حاجی سەرەڕای ئەو هەموو مـاڵ و مـڵکە بەغـیـلایەتی بەو کـەچە دوکـــــــانەم دەبا. ~ **پێـکـردن:** بڕ: بەغیلایەتی پێبردن.

**بەغــیلیی** (حم.)[بەغـیل + ئیی] بڕ: بەغیلایەتی. ~ **پێبردن:** بڕ: بەغیلایەتی پێـبردن. ~ **پێکردن:** بڕ: بەغـیـلایەتی پێبردن.

**بەفاڵ** (ئان. ل)[بە +فاڵ (عەر: فحل)] حاڵی ماکەر یا ماینێک کە مەیلی جووت بوونـێـان دەگــەڵ نێـرەکـەیان هەبێ، بەتەڵەب.

**بەفر** (نا.)[هیک: ڤـەپرە ـ ئەو: ڤـەفرە ـ پار: وفـر ـ سـوغ: وفـر ـ خـوار: وفـرک، وفیرک ـ پەه: ڤـەفر. تات: فەرفە ـ فار: برف. باک: بەرف ـ ناو: بەفـــر، بەور ـ باش: وەفـر، بەفـر ـ هەو: وەرو، وەروی ـ زا: ڤـۆرە، ڤــەورە] ١ـ کلوویەکی سـپی شـەشپـەڕ کە زستانان لە هەورەکانەوە دێتـە خـوارێ. (زسـتـانان چوونکە پلەی گـەرمـا لە ژێر سـفـرە و ئاو لەم پلە دا دەیبـەستێ هەڵمی ئاو کە دێتـەوە خوار لەم وەرزە دا دەبێتـە شـەشپـەڕی سپی و جـوانی بەفـر). ٢ـ پارچە بـەفـرێک کـە زستانان لە چاڵەبەفر دا رایدەگرن و بە هـاوین دەیفـــرۆشنـەوە. ٣ـ ســــەهۆڵی

دەسکرد. ~ **بارین:** هاتنە خواری بەفر لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی. ~ **توانەوە:** دەست بە ئاو کردنی بەفر لە بەر تین و گەرما، بەفر چوونەوە. ~**چوونەوە:** بڕ: بەفر توانەوە. ~ **خستن:** کەوتنی بەفر لە سەر زەوی. ∷ بەفرێکی قورسی خستوە. ~ **دادان:** دەست بە بارین کردنی بەفر، بەفر داکردن. ~ **داکردن:** بڕ: بەفر دادان. ~ **مالین:** فڕێ دانی بەفر بە پاڕوو و وەروەرە لە سەربانەوە. ‖ **بەفری پیرێژن:** بەفرێکە کە لە کاتی سەرمای پیرێژن دا دەبارێ. **بەفری یەکشەوە:** نوا بەفرێک کە شەوێک بە سەر بارینی دا تێپەڕیبێ و چڵکن نەبووبێ. ٢ـ (کنـ) زۆر سپی و جوان و بێگەرد. ∷ روخساری وەکوو بەفری یەکشەوە پاک و روون بوو. (دمدم ل ٢٤٩).

**بەفرانبار** (نا. ل)[بەفر+ ئان + بار] یەکەم مانگی زستان و دەیەم مانگی ساڵی هەتاوی.

**بەفراو** (نا. ل)[بەفر + ئاو] ١ـ ئاوێک کە سەرەبەهار لە توانەوەی بەفر پەیدا دەبێ و لە شاخان دێتە خوار، وەفراو، شەتاو. ٢ـ ساز کردنی ئاو بە بەفری چاڵ. ٣ـ سەهۆڵاو.

**بەفر بەسەر** (ئان. ل)[بەفر + بە + سەر] بەفرێک کە لە بەر سەرمای زۆر بەستوویەتی مرۆڤ کە بە سەری دا دەڕوا پێی ناچێتە خوار، بەفرەسەر.

**بەفرخۆرکە** (نا. ل)[بەفر + خۆرکە] بەفرێکی وردە کە لە ئاخر و ئۆخری رەشەمە لە هەورێکی ئەستوور دەبارێ و دوای ئەوە بەفر وردەوردە دەتوێنەوە.

**تێبینی:** خۆرکە هەم دەتوانێ لە [خۆر (خواردن) + کە] کەوتبی و هەمیش بە مانای خۆرکە بێ. ماناکەی بە گشتی بەفرخۆرە.

**بەفرفرۆش** (ئان. فا)[بەفر + فرۆش] کەسێک کە زوو هاوینان بەفری لە چاڵ دەردەهێنا و بە خەڵکی دەفرۆشت.

**بەفرفرۆشیی** (حم.)[بەفرفرۆش + ئیی] کار و ئیشی کەسی بەفرفرۆش. ∷ لەوتی یەخچاڵ پەیدا بوە بەفرفرۆشیی باوی نەماوە.

**بەفرماڵ** (نا. ل)[بەفر + ماڵ/٣] ئامرازێکی چێویی گەورەتر لە بێڵ کە بەفری سەربانی پێ دەماڵن، بانماڵ، بەفرماڵک، وەروەرە، بەورانماڵ.

**بەفرماڵک** (نا. ل)[بەفرماڵ + ک] بڕ: بەفرماڵ

**بەفـر و دۆشـاو** (نا. ل)[بەفـر + و + دۆشـاو] بـەفری دانارداناری کـە بارانی بە سـەر داباریبێ و بەهاران لە هـەندێک شوێنی چیا دەمێنێتەوە کە دەگەڵ دۆشاو تێکەڵ دەکردرێ و دەخورێ.

**بەفـرەچاڵ** (نا. ل)[بـەفر + چـاڵ] بڕ: چاڵەبەفر

**بەفـرەژیلکە** (نـا. ل)[بەفـر + ئە + ژیلکە] بەفرێکی داناردانـاری ورد و پووک و سـووکـە کـە وەک کلووبەفـری دیکە ئاودار نیـە، کـەرەسـیـسـە، بـەفرەڵووکـە، بنگرە.

**بەفرەسەر** (ئان. ل)[بەفر + ئە + سەر] بڕ: بەفر بەسەر

**بەفـرەڵووکـە** (نا. ل)[بـەفـر + ئە + ڵووکە] بڕ: بەفرەژیلکە.

**بەفرین** (ئان. ل)[پەھ: ڤەفرێن][بەفر + ین] ١ـ وەک بـەفـر، لە رەنگی بـەفـر. ٢ـ بەفراوی، بە بەفر داپۆشراو. ⁂ لووتکەی بەفرین. ٣ـ ناوە بۆ مێینە.

**بەفش** (نا.)[باک] بڕ: بەوش

**بەفیز** (ئان. ل)[بە + فیز] کـەسێک کە خـۆی پێ زۆرە و پـۆز لە سـەر خـەڵک لێـدەدا، بـەدەعێ، بەپـۆز. **~ بوون:** بەدەعی بوون، پۆز لێدان، بەپۆز بوون.

**بەڤش** (نـا.)[باک] ١ـ بـڕ: بـەوش. ٢ـ (ئا.) جمگەی دەست و پێ.

**بەق**[1] (نا.)[باک] بڕ: بۆق1

**بەق**[2] (نا.)[؟] ١ـ [هـەو] کـەوی نـێـر، نێرەکەو. ٢ـ [ئەر] نێرەکەوێک کە راوچی لە رکـە دا بۆ راوی سـیـاسـووتـی دەبەن هـەتا بخـوێنێ و نـێـرەکـەوی دیکە بە دەنگیەوە بێن و لە داو کەون، پاداو.

**بەقـا** (نا.)[عـەر: بقـاء (مـانەوە)] ١ـ مـانەوە. ٢ـ بـاوەڕ، بڕوا. ٣ـ وەفـا. **~ پـێـکـردن:** بـاوەڕ پـێـکـردن. ⁂ هـەزار سـوێنـدیشم بۆ بخـوی بەقـات پێناکـەم. **~ پێهەبوون:** باوەڕ پێ هـەبوون، دڵنیا بوون. **~ کردن:** باوەر کردن. ⁂ بەقا نـاکـەم ئـەو قـسـەیـە راست بێ. **~ هەبوون:** وەفـا هـەبوون. ⁂ ئەو دونیـایە بەقای بۆ کەس نیە.

**بەقاڵ** (نا.)[عەر: بقال] دوکاندارێکی کە شتی پێویستی خواردن وەک پەنیر، رۆن، قەند و چا، ... دەفرۆشێ، بەققاڵ.

**بەقاڵیی** (حم.)[بەقاڵ + ئیی] ١ـ کار و پـیـشـەی کـەسی بەقـاڵ. ٢ـ (نـا.) دوکـانێک کـە کـەرەسـەی ناوبراوی سەرەوەی تێدا بفرۆشرێ.

**بەقبەقوو** (نا. د)[بەق + بەق + ئوو] دەنگی کۆتر، گمەگم.

**بەققاڵ** (نا.) بڕ: بەقاڵ

**بەقە** (نا.)[زا] بڕ: بۆق1

**بەقەد** (ئاک. ل)[بە + قەد] بەقەرا، بە ئەندازە، بەقەدەر، بەقەی :: بە قەد ئەو دنیایە خۆشم دەوێی.

**بەقەدەر** (ئاک. ل)[بە + قەدەر] بڕ: بەقەد

**بەقەرا** (ئاک. ل)[بە + قەرا] بڕ: بەقەد

**بەقەم** (نا.)[؟] ١ـ (گیا.) دارێکی خۆرسکە، هەتا دوازدە گەز بەرز دەبێتەوە، گوڵەکەی سپی مەیلەو زەردە، مادەیەکی رەنگینی تێدایە بە ناوی هێماتین کە رەنگی شین، مۆر، بۆر، رەش و سووری لێدەردەخەن و بۆ رەنگ کردنی پارچەی ئاوریشم و خوری کەلکی لێوەردەگرن، Haematoxylon campechianum ناوی لاتینی ئەم دارەیە. ٢ـ رەنگی وەرگیراو لە داری بەقەم. ٣ـ رەنگێک کە کاڵ بێتەوە. :: من مەتاعم جاوە، چاوم باخەبەر بێ موشتەری / تا غەزەل سەودا نەکا لای تاجری چیتی بەقەم (نالی ل ٣١٠).

**بەقەو** (ئان. ل)[بە + قەو] بە دەنگی بەرز.

**بەقەوەت** (ئان. ل)[بە + قەوەت] بڕ: بەهێز

**بەقەی** (ئاک. ل)[بە + قەی (قەد)] بڕ: بەقەد

**بەقین** (ئان. ل)[بە + قین] قین ئەستوور.

**بەکار** (ئان. ل)[بە + کار] ١ـ مرۆی بەهێز و کارەکەر. ٢ـ مەکینەی کە باش و زۆر کار دەکا. & کارا، کاری.

**بە کاوە خۆ** (ئاک. ل)[بە + کاو1 + ئە + خۆ] ١ ـ بەشێنەیی، بەئارامی، ئارام ئارام. ٢ـ (ئان. ل) کەسێک کە لە کار کردن دا پەلەی نەکا. **~ بوون:** ١ـ پەلە نەکردن لە کار و مەسەلەیەک. ٢ـ ئارام و لە سەرەخۆ بوون.

**تێبینی:** کاو بە مانای مراد و ئاواتە (بڕ: کاو1) و مانای گشتی دەبێتە بە کەیف و مرادی خۆ، بە دڵی خۆ.

**بەکرە** (نا.)[عەر: بكرة] ١ـ ئامرازێکی ئوستوانەیی نێوقەد باریکە لە چێو یا پلاستیک کە کارخانە سازی دەکا و دەزوو و بەنی دروومانی لە سەر

هەڵدەکەن. ٢ـ ئامرازێکی خڕە لە ئاسن کە دەورادەوری بەتاڵ کراوە و لە بەرزایی قایمی دەکەن و باری قورسی پێهەڵدەکێشن. & غەرغەرە، قرقرە، مەکارە.

**بەکرێ گیراو** (نا. مفـ.)[بە + کرێ + گیراو (گیران)] ١ـ هەر کەسێک کە بە پارە لای کەسێک یا کەسانێک کار بکا. ٢ـ کەسێک یا کەسانێک کە نۆکەری کەسێکی هێزدار و دەستەڵاتدار بکەن یا بۆ بەرژەوەندی ئەو هەوڵ بدەن و سیاستی ئەوان رەچاو بکەن. (بۆ ئەم مەبەستە زۆرتر لە باری سیاسەوە دەکوترێ)، خۆفرۆش.

**بەکرێ گیراویی** (حم.)[بەکرێ گیراو + ئیی] ١ـ ئاکامی بە پارە لای کەسێک کار کردن. ٢ـ نۆکەرایەتیی بۆ بەرژەوەندی کەسێک، خۆفرۆشیی.

**بەکەڵ** (ئان. ل)[بە + کەڵ] مانگایەک کە مەیلی جووت بوونی دەگەڵ گا هەبێ.

**بەکەیف** (ئان. ل)[بە + کەیف] شاد، دڵخۆش، کەیفساز. ~ **بوون:** دڵخۆش بوون، لە سەر کەیف بوون، کەیفساز بوون.

**بەگ** (نا.)[تور: beg] ١ـ نازناوی خان و ئەرباب و سەرۆک عەشیرەت کە بە دوای ناویان دا دێ. :: عەلی بەگ، تاهیر بەگی جاف. ٢ـ نازناوێکە بە نیشانەی رێز گرتن بە دوای ناوی ئاساییەوە دەلکێ.

**بەگا** (ئان. ل)[بە + گا] حاڵی زەییەیەکی دێراو کە ئامادەی چاندنی رەپستەیە.

**بەگایەتیی** (حم.)[بەگ + ئایەتیی] حاڵەت و چلۆنایەتی بەگ، بەگ بوون، بەگێتی.

**بەگزادە** (ئان. مفـ.)[بەگ + زادە] هەموو ئەو کەسانەی لە بنەماڵەی بەگن.

**بەگلەر** (نا. ئان.)[تور: begler] ١ـ میر، خان. ٢ـ گەورەی شار یا تایفە.

**بەگم** (نا.)[تور: begüm] نازناوی ژنە ئەرباب و خان.

**بەگوڕ** (ئان. ل)[بە + گوڕ] ١ـ حاڵی کەسێکی بە هێز و بە تاقەت. ٢ـ (ئاک. ل) بە تەوژم و بە تین. :: بەگوڕ خۆی بە غەنیم دادا و لە عەرزی راکێشا. ~ **بوون:** بەهێز و بەتاقەت بوون. :: عەلی پیاوێکی بەگوڕ و بەهێزە.

**بەگون** (ئان. ل)[بە + گون] ١ـ گا و

نێری نەخەسێنراو. ٢ـ (کنـ.) مرۆی بە جەرگ و بە غیرەت، گوندار. **~ بوون:** (کنـ.) بەجەرگ و بەغیرەت بوون، گوندار بوون.

**بەگـێـتی** (حم.)[بەگ + ئێتی] بڕ: بەگایەتی

**بەل[1]** (ئان.)[باک: بەل ـ ناو: بەل ـ باش: بەل ـ زا: بەل، بەڵ] ١ـ قوت، قیت، دەرپەڕیو، راست وەستاو. ٢ـ هەڵواسراو، شۆڕ. ٣ـ بزنی گوێ لوول. ٤ـ [باک ـ زا] گوێ قوت. ٥ـ [باک] ئەندامی بڕاو و کورت، پەل.

**تێبینی:** بە چاو لێکردن لە هەندێک وشەی وەک بەلک، بەلۆکە، بەلە، بەلەک، بەلەزمانە، ... بەل بە کوتە گۆشتێکی زێدە خۆ دەنوێنێ و دوور نیە دەگەڵ بەڵ لە بەلاڵووک هەر یەک بن، ئەودەم دەبێتە ئاڵووی شۆڕ و هەڵواسراو. شک نیە ئەم وشەیە بێ ریشە نیە. من پێمولیە ئەم وشە دەگەڵ پەل و پەلک و بەرگ خزمایەتییەکی نزیکیان هەیە و بۆی هەیە لە یەک سەرچاوە گوورابن.

**بەل[2]** (ئان.)[؟] رەنگێکە لە رەنگەکانی بزن و حەیوان. ⁂ بەلەمس، بەلەبۆز، بەلەبەش، بەلەکوور، بەلەسوورمس.

**بەلازی** (گیا.)[؟][زا] بڕ: چەوەندەر

**بەلاش** (نا.)[عەر: بلاشیء] ١ـ خۆڕایی، مفت، بێپارە. ٢ـ بێهۆ، بێسەبەب. ٣ـ (مجـ.) زۆر هەرزان. ⁂ ئەو کراسەی بایی سی تمەنە، بەڕاستی بەلاشە. **~ بوون:** ١ـ مفت بوون، بەخۆڕایی بوون. ٢ـ هەرزان بوون. **~ کردن:** ١ـ مفت کردن، خۆڕایی کردن، بەخۆڕایی دان. ٢ـ زۆر هەرزان دان، هەرزان کردن.

**تێبینی:** زەبیحی لە ئاست ئەم وشەیە دا دەڵێ کە بە ناڕەوا ئەم وشەیە بە عەرەبی دەزانن و لە بۆچوونێکی هەندێک درێژ دا دەیەوێ بیسەلمێنێ کە وشەیەکی کوردییە (بڕ: قامووس ب ٢ ل ٢٠٨). ئەم وشەیە لە عەرەبییەوە بە شێوەی beleş چۆتە نێو زمانی تورکییەوە و لە ڕێگای تورکەکانی عوسمانییشەوە هاتۆتە نێو هەندێک لە زاراوە و بن زاراوەکانی زمانی کوردیی.

**بەلاڤ** (ئان.)[باک] بڕ: بڵاو

**بەلالک** (نا. ل)[بەل1 + ئالک (ئاڵوو)][زا] ترێی دەنک ورد.

**بەلاڵووک** (گیا.)[باک] بڕ: بەلاڵووک

**بەلک** (نا. ل)[بەل1 + ک] نەرمایی

بەشی هەرە خوارەوەی گوێ کە شۆڕ بۆتەوە؛ ژنان کونی دەکەن و گوارەی تێدەکەن.

**بەللۆرە** (نا.)[سۆر] بڕ: بالۆرە

**بەلندیر** (گیانـ.)[باک] بڕ: بەردیل

**بەلنگاز** (ئان.)[زا] بڕ: بەلەنگاز

**بەلوەشین** (نا.)[؟][باک] ١ـ گول. ٢ـ گولی.

**بەلۆعە** (نا.) بڕ: بالووعە. ⁂ حەوزێکی تێدایە بەلۆعەیەکی تێگیراوە بە ئەندازەی چوارمیتر. ئەو ئاوەی بڵیند دەبێ لە سەر ئەو بەردە مەڕمەڕە پەخش و پەرێشان دەبێ (بەیتی سەعید ومیر سێوەدین ـ سروە ژ ٧٣ ل ١٩).

**بەلۆکە** (ئا.)[بەل1 + ئۆکە] پارچە گۆشتێکی زێدەی چووکە لە سەر زارکی شەرمی ژن، میتک، میتکە، قیتکە، نێوەر، نێوەرووکە، بەلە، بەلۆکە، بەلووکە، بەلوو.

**بەلوو** [1] (نا.)[باش ـ هەو] بڕ: بەڕوو

**بەلوو** [2] (نا. ل)[بەل1 + ئوو] بڕ: بەلۆکە

**بەلووکە** (ئا.)[بەل1 + ئووکە][هەو] بڕ: بەلۆکە

**بەلە** [1] (نا. ل)[بەل1 + ئە] بڕ: میتکە

**بەلە** [2] (نا.)[باک] بڕ: باڵە

**بەلەباریک** (ئان. ل)[بەل1 + ئە + باریک] مرۆڤی درێژ و باریک و رەقەڵە، بەلەباریکە.

**بەلەباریکە** (ئان. ل)[بەل1 + ئە + باریک + ئە] بڕ: بەلەباریک

**بەلەباقە** (نا. ل)[بەل1 + ئە + باقە] نەخۆشییەکە تووشی بزن دەبێ، لە بارەی دەخا و دەیکووژێ.

**بەلەبەل** (نا. ل)[بەل1 + ئە + بەل1] لەرە، لەرەی زۆر و پەیتاپەیتا. **~ کردن:** لەرینەوە، لەرزانەوە.

**بەلەپا** (ئان. ل)[بەل + ئە + پا][هەو ـ ئەر] بڕ: بەلەپێ.

**بەلەپێ** (ئان. ل)[بەل + ئە + پێ] کەسێک کە لە رۆیشتن و رۆیین دا خێرایە، قۆچاغ، بەلەپا، بەپێ.

**بەلەتووشقە** (نا. ل)[بەل؟ + ئە + تووشقە؟][هەو] بڕ: بەلەفیرە

**بەلەچەک** (نا.)[؟] ١ـ کوولەکە و تەڕەکاری ویشک کراو بۆ زستان، تاسمە. ٢ـ چێشتێک کە بە تاسمە و نیسک و کشمیش ساز کرابێ.

**بەڵەدی** (ئان. ل)[بەڵەد (عەر: بلد = شار) + ئی] کەسێک کە لە شارەداری (بەڵەدیە) کار دەکا و ئیشی گەسک لێدانی کوچە و شەقامەکانی شار و ڕاگوێزتنەوەی زیڵ و زاڵە.

**بەڵەدیە** (نا.)[عەر: بلدیە] بڕ: شارەداری

**بە لەز** (ئاک. ل)[بە + لەز] بڕ: بە پەلە

**بەڵەزمانە** (نا. ل)[بەڵ1 + ئە + زمانە] کوتە گۆشتێکی چووکەیە، لە بنەبانی مەڵاشوو داچۆڕاوەتە خوار، بەڵەزوانە.

**بەڵەزوانە** (نا. ل)[بەڵ1 + ئە + زوانە] [هەو ـ ئەر] بڕ: بەڵەزمانە

**بەڵەسان** (گیا.)[عەر: بیلسان لە یون: balsamon] دەوەنێکە کە گوڵەکانی سپییە و لە تەواوەتی ئەم دەوەنە بە داڕووشان جیوە دێتە دەر کە لە جیوە و بەرەکەی وەک دەرمان کەلک وەردەگرن. Amyris opobalsamum ناوی لاتینی ئەم دەوەنەیە، بەیلەسان. ‖ **بەڵەسانی ڕەش:** دارێکی خۆڕسکە، گوڵەکانی سپی و بۆنخۆشن، نێوی ساقەتەکەی نەرمە، بۆ هەندێک کاروباری ئازمایشگایی و پزشکی بەکاری دێنن، Sambucus nigra ناوی لاتینی ئەم دارەیە. (عەر: خمان)

**بەڵەسوورمس** (ئان. ل)[بەڵ2 + ئە + سوور + مس] ڕەنگێکە بۆ بزن و گیسک.

**بەڵەسە** (ئان.)[؟] گیانداری یاخی. ~ **بوون:** یاخی بوون.

**بەڵەشوانە** (گیا.)[ئەر] بڕ: بەناشوانە

**بەڵەفیرە** (نا. ل)[بەڵ؟ + ئە + فیر (فیراندن) + ئە] ١ـ نەخۆشییەکە وەک زگ چوونێکی زۆر توند، تووشی هەموو ماڵاتێک دەبێ، بەڵەتووشقە. ٢ـ (مجـ.) زگ چوونی زۆر توندی مرۆڤ، تەقەفیرە. & بەڵەفیرێ.

**بەڵەفیرێ** (نا. ل)[بەڵ؟ + ئە + فیر (فیراندن) + ئێ] بڕ: بەڵەفیرە

**بەڵەک**[1] (نا.)[باک: بەلەک ـ ناو: بەلەک] ماسوولکەی پشت لوولاک، لە ڕەفیسکەوە هەتا پێچکەی پێ، پووز، چیپ، چاق، لەتەر.

**بەڵەک**[2] (گیا.)[؟] ١ـ گیایەکی خۆڕسکە، هەتا گەزێک هەڵدەستێ، ڕەگ و ریشەی زۆرە، گوڵەکانی هێشووی و شینن. لە کوردەواری دا لە ڕەگەکەی بۆ ڕەوانی و کار کردنی زگ و برینی گەدە

کــەلکی لێــوەردەگــرن. Glycyrrhia glabra ناوی لاتینـی ئەم گـیـــایەیە، شـیرین بەلەک، مێکووک، مێکووکە. ٢ـ گیایەکە گەڵای وەکوو گەڵای هەنارە، باڵا پیاوێ کەمتر بەرز ئەبێت، شیرەدارە بۆ پەردووی خـانوو لەگـەڵ زەل و پووش دا، بۆ ســەری چاڵەگـەنم، بۆ داپۆشـینی بە کـار دێنرێ، ریشــەکــەشی لە دروست کردنی کۆکاکۆلا و پێپسی کۆلا دا بە کار دێنری (عرق السوس)(بڕ: کشت و کاڵ ب ١ ل ٥٠)، بەسفایە.

**بەڵەک**[3] (ئان.)[باک ـ زا] بڕ: بەڵەک

**بەلەک پێچ** (نا. ل)[بەلەک1 + پێچ] پارچەیەکی درێژ و تەنکە، بە قـەرا چوار قـامک پانە و کـە لە کـاتی رێ برین بۆ گورج و گۆڵی لە بەلەکی دەهاڵێنن، دۆلاغ، ســاق پێچ، پووزپێچ، پووزلغ، پووزەوان، پووزەوانە، پووزەوانێ، پاپێچ.

**بـەلـەک زەرد** (ئـان. ل)[بـەلـەک1 + زەرد2] بەلـەکی شــــووش و بـاریک و جـوان، ژن و کچـێک کـە بەلەک و پووزی شــــــووش و بـاریک بـێ. ؛؛ دەڵێـی خـاســەکــەوە و لە بەفـرێ دا ســەری لێشێواوە/ منت بمرم! ئەو کیژی بەلەک زەرد، دایکی خـۆی مـاوە؟ (سـەعـید و میرسێوەدین ل ١١). شۆڕمەحموود لە تاو مـەرزینگان ئەوی عـەقڵ مـەعنا بێ نەیمابوو، دەیگوت: نەمێنم، کیژی بەلەک زەردیان برد! (شۆڕمەحموود ل ٨٣)

**بەلەم** (نا.)[؟] ١ـ جـۆرێک ئامـێـری چێوییـە بۆ پەڕینەوە لە رووباری گـەورە کەلکی لێوەردەگرن و بە کوتانی سـەوڵ دەچێتـە پێش، لۆتکە، قـایق، قـەیاغ. ٢ـ جۆرێک دەفری درێژۆکەیە، پترلە چینی سـاز دەکرێ و لە کـوردەواری دا بۆ پڵاو تێکردن کـەلکی لێـوەردەگـرن، بڵـووت، دیس.

**بەلەمـرک** (ئا.)[بەل1 + ئە + مـرک] [باش] بڕ: ئانیشک

**بەلەمس** (ئان. ل)[بەل2 + ئە + مس] رەنگێکە بۆ بزن و گیسک. ؛؛ گیسکی بەلەمس.

**بەلەندیرە** (گیانـ.)[زا] بڕ: بەردیل

**بەلەنگاز** (ئان.)[؟][باک: بەلەنگاز ـ زا: بـەلـەنگاز، بەلنگاز] هـەژار و نەدار، بێچارە، فەقیر، بەستەزمان.

**بەلەنگازیی** (حم.)[بەلەنگاز + ئی] هەژاریی، فەقیریی، بێچارەیی.

**بـەلـەنـگـووش** (ئا.)[بـەل1 + ئەن +

گووش][زا] نەرمایی گوێ

**بەلی** (نا.)[زا] بڕ: بەڕوو

**بەڵ** 1 (ئان.)[بڕ: بەل1][زا] ڕەپ، ڕەق.

**بەڵ** 2 (حـر.)[عـەر: بل] بڕ: بەڵکە. ⁂ مـژدەم بەڵ بـەیۆ ناگـا جـە دەردا/ نیگام وراسـتــەن وە راگـوزەردا (مــەولەوی ل ٥١٨).

**بەڵا** 1 (ئاک.) سـواو و سـووک کراوەی بەڵام

**بەڵا** 2 (ئام.) بڕ: با5

**بەڵا** 3 (نا.)[عـەر: بلا] ١ـ نـاڕەحـەتی و چەرمــەســەری و ڕووداوێکی خـراپ کـە تووشی کــەســێک دێ. ٢ـ ئـافــەت. ٣ـ ئــەزیــەت، ئــازار. ٤ـ (کــنــ.) زیــرەک، فـێڵــەزان. **بەر ~ کـردن:** تووشی بەڵا کــردن، بەڵا بـە ســەر هێنان، وەبـەر بەڵا دان. **~ بە ســەر هاتن:** تـووشی بـەڵا بوون، تووشی چـەرمـەسـەری و ناخـۆشی بوون. **~ بە ســــەر هێنان:** تـووشـی ئـەزیەت و ئـازار کــردن، دەرد دان. **~ گێڕانەوە:** بەری بەڵا گرتن. **~ لێبارین:** تووشـی چەرمــەســەری و ناڕەحــەتی و کــارەســات و بەڵا بـوون. **~ لێـدان:** تووشی بەڵا و ناڕەحـەتی و چەرمـەسـەری هـاتن، بەڵا لێکەوتن، وەبـەر بەڵا کـەوتن. **~ لێکەوتن:** تـووشی بـەڵا بوون، بـەڵا لێدان، بەڵا وێکەوتن. **~ وێکەوتن:** بەڵا لێدان، تووشی بەڵا بوون. **بێ ~ بوون:** (دوعــا ـ گــازنده) لە بەڵا بە دوور بوون، تـووشی نـاخــۆشی و چـەرمــەســـەری نـەهــاتـن. ⁂ بـێ بـەڵا ئـەوە بـوا درەنـگ هاتی! **وەبەر ~ دان:** کەسـێک تووشی بەڵا کــردن، بـەر بەڵا کـردن. **وەبەر ~ کـــەوتن:** تـووشـی بـەڵا بـوون، تـووشـی چەرمـەسـەری و ناخـۆشی بوون. || **بەڵای ئاسمـانی:** بەڵایەکی کـتـوپڕ کە بە سـەر کـەسـێک دێ. **بەڵای کـتـوپڕ:** بەڵایەکی کتوپڕ و لە نەکاو بە سـەر کـەسێک بێ، بەڵای ناگـەهـان، بەڵای ئاسـمـانی. **بەڵای گیان:** ١ـ کەسـێک یا شـتێک کـە هۆی ئەزیەت و ئازارە. ٢ـ (کنـ.) یار، گـراوی. **بەڵای لابەلا:** بەڵا و نارەحــەتی چاوەڕوان نەکـراو کـە لە لاوە تووشی مـرۆڤ دێ. **بەڵای ناگەهان:** بڕ: بەڵای کتوپڕ.

**بەڵاگەردان** (نا. فا)[بەڵا3 + گەردان] کەسێک یا شتێک کە بەری بەڵا دەگرێ و دەیگێڕێتـەوە وەک سـەدەقـە و قـوربانی و نەزر، بەڵاگێر، بەڵاگێڕەوە، بەڵاوەگێڕ. ⁂ خــــۆم بە شـــانازی بەڵاگـــەردانی سەربەرزیت دەکەم / تیخی خۆی دابێنێ دوژمن بۆ مـــەتاڵت حــازرم (هـێــدی ل

١٥٩). بەڵاگەردانی باڵات بم ئەگەر چووم / فیدای هیندوویی خاڵت بم ئەگەر مام (نالی ل ٢٦٢).

**بەڵاگێڕ** (نا. فا)[بەڵا3 + گێڕ] بڕ: بەڵاگەردان. ≈ دڵم سەودازەدەی باڵاتە خۆم دڵدارەیی ئەبرۆت / بە باڵا دڵ بەڵاگێڕت، بە ئەبرۆ خۆم بە قوربانت (وەفایی ل ٢٨)

**بەڵاگێڕەوە** (نا. فا)[بەڵا3 + گێڕ + ئەوە] بڕ: بەڵاگەردان

**بەڵاوەگێڕ** (نا. فا)[بەڵا3 + وە + گێڕ] بڕ: بەڵاگەردان

**بەڵاڵووک** (گیا.)[بەڵ1 + ئاڵوو + ک] [باک: بلالووک، بەلالووک ـ ناو: بەڵاڵووک، بڵاڵووک ـ هەو: بڕاڵوو، بڕاڵوێ] ١ـ داری خۆڕسکی کێوی ئاڵووباڵوو. ٢ـ بەری ئەم دارە کە هەر وەک ئاڵووباڵوویە بەڵام چووکتر و کەم گۆشتتر، بڵاڵووکە کێفیلە. ٣ـ بڕ: ئاڵووباڵوو. (هس: بەلالک)

**بڵاڵووکە کێفیلە** (گیا.)[بڵاڵووک + ئە + کێف + ئیلە][ئەر] بڕ: بەڵاڵووک/١ و ٢.

**بەڵام** (ئاک.)[؟] ئامرازی شەرت و پێ داگرتن و درێژە پێدان، بەڵا1، بەڵان، وەلێ، لێ، ئەمما.

**بەڵامک** (نا. ل)[بەڵ (بەر) + ئامک] بڕ: بزمک

**بەڵان** (ئاک.) بڕ: بەڵام. ≈ ئەی شەوچرای زیندەدڵان! ئەی ڕەنگ و بۆی باغی گوڵان / ناژیم تۆ خۆش، دەمرم بەڵان، هێندەم بەسە تۆم بێیە کەن (وەفایی ل ٩٧).

**بەڵخە** (گیانـ.)[؟][ئەر] بەرازی نێر و گەورە، بڕەکی پێست ئەستوور، بەڵخی، یەکانە.

**بەڵخی** (گیانـ.) بڕ: بەڵخە

**بەڵغ** (نا.)[؟] ١ـ خرت و خاڵی نێو ئاو کە دوای ماوەیەک کوڵاندن، ژووری کەتری یا سەماوەر دادەپۆشێ. ٢ـ ڕەنگێکی زەرد کە لە بەر جگەرە یا ددان نەشوشێن، سەر ددان دەگرێ. ٣ـ توێژی سەر لێو، بار.

**بەڵغەم** (نا.)[عەر: بلغم] چڵمێکی زەرد یا سپییە لە بەر هەڵامەت، نەخۆشی یا جگەرە کێشان لە سەر گەروو دەنیشێ و بە کۆخە لە زار دێتە دەر، ئاختف. ~ **پێدانەدان:** (کنـ.) کەسێک بە هیچ دانەنان، پێ پیاو

نەبوون. ؛؛ هێند کـــابرایەکی هیچ و پووچە بیبینی بەڵغەمی پێدانادەی.

**بەڵک** (حر.) بڕ: بەڵکە

**بەڵکا** (حر.) بڕ: بەڵکە

**بەڵکم** (حر.) بڕ: بەڵکە

**بەڵکوو** (حر.) بڕ: بەڵکە

**بەڵکە** (حــر.)[بەڵ + کــە] لەوانـەیە، بـەشکەم، ڕێی تێــدەچێ. بەڵک، بەڵکا، بەڵکم، بەڵکوو، بەڵکەم، بەڵکەت، بـەڵکەن، بەڵکی،بەڵکین، بەڵکینا، بەڵکینێ.

**تێبینی:** ئەم وشـەیە هاوتای زۆرە و بە گـــشـــتی لە دوو بەشی بەڵ (بل) - ی عەرەبی و کە - ی کوردیی پێک هاتوون و وردەوردە بە پێی خــەڵک و ناوچـەکـان و زاراوەکان هەندێک شێوەی گۆڕاوە.

**بەڵکەت** (حر.) بڕ: بەڵکە

**بەڵکەم** (حر.) بڕ: بەڵکە

**بەڵکەن** (حر.) بڕ: بەڵکە

**بەڵکی** (حر.) بڕ: بەڵکە

**بەڵکین** (حر.) بڕ: بەڵکە

**بەڵکینا** (حر.) بڕ: بەڵکە

**بەڵکینێ** (حر.) بڕ: بەڵکە

**بەڵگ** (نا.) ١ـ [باش] بڕ: بەرگ. ٢ـ جۆرێک کەبابە. گۆشتی نەرمەی بەرخ یا جــوانەگــا بێ کــوتانەوە پشک و پلی ناسکی لێدەکەنەوە و لە شیش دەردێ و دەبرژێندرێ، کەبابی بەڵگ.

**بـەڵـگـە** (نـا. ل)[بـەڵـگ/١ + ئـە] ١ـ نیشـانە و مەدرەکێک بۆ ماڵ و کەرەسـەی ونبوو یا دزراو. ٢ـ قسە یا نوسراوەیەکی جێ بڕوا بۆ وێنە هێنانەوە، سەنەد.

**بەڵم** (نا.)[؟] ١ـ ســاقــەت و لاسکی برنجی بێ چەڵتــووک دوای کــوتانەوە، پیتە. ٢ـ (کنـ.) ردێنی چڕ و پڕ و پان. ؛؛ عــاجـیـزی شـوکـری تەمـامی نیـعــەمم سـەرتاپا/ کە نە ریش بەڵم و، نە کۆسـە و، نە کەل و گۆج و شـەلم (نالی ل ٢٩٢). ردێنی مـام سۆفی چاو لێکە دەڵێی باقـە بەڵمە.

**بەڵمــــەریش** (ئان. ل)[بەڵم + ئە + ریش] ردێنی چڕ و پڕ و پان.

**بەڵو** (نا.)[زا] بڕ: بەڕوو

**بەڵەد** (ئان.)[عەر: بلد(شار)] کەسێک کــە ڕێگا و بان و شـــار چاک دەناسێ، شـارەزا. ~ **بوون:** ئاشنای ڕێگا و بان بوون، شارەزا بوون.

**بەڵەدیی** (حم.)[بەڵەد + ئیی] ئاشنای

ڕێگا و شوێنێک بوون، شارەزایی.

**بەڵەک** (ئان.)[باک: بەلەک - ناو: بەڵەک، بەرەک - باش: بەڵەک - هەو: بەڵەک - زا: بەلەک] ١- هەر شتێکی دوو ڕەنگ بە تایبەت ڕەش و سپی. ٢- گایەکی ڕەنگی ڕەش و سپی یا سوور و سپی بێ. ٣- چاوێکی ڕەشێنەکەی زۆر ڕەش و سپێنەکەی زۆر سپی بێ. ٤- کەسێکی تووشی نەخۆشی بەڵەکی بووبێ & ئەبڵەق، سیە و بازگ، بازە، بازوو. **~ بوون:** تووشی نەخۆشی بەڵەکی هاتن.

**بەڵەکی** (نا. ل)[بەڵەک + ئی] نەخۆشییەکی پێستە، تووشی مرۆڤ دەبێ و هەندێک شوێنی سەر پێست ڕەنگ دەگۆڕن و مرۆڤ بەڵەک دەبێ.

**بەڵی** (نا.)[زا] بڕ: بەڕوو

**بەڵێ** (ئاک.)[عەر: بلی] ١- وڵامی پرسیار لە کاتی بە ڕاست زانین.// نا، نەخێر ፡፡ ئایا خوراسان کوردی لێیە؟ - بەڵێ. ٢- وڵامی دەستوور و ئەمرێک لە کات بە قسە کردن. ፡፡ هەر ئێستا بڕۆوەماڵێ! - بەڵێ بە چاوان. ٣- تەئکید کردنی قسەی کەسێک. ፡፡ هیچ دەزانی مام ڕەسوو چەند دەست و دڵ پاکە! - بەڵێ وایە. ٤- وڵامی بانگ کردن. ፡፡ هۆی حەسۆ! - بەڵێ بابە! & ئا، ئادی، بەرێ. **بەڵێ بەڵێ:** داگرتنی پتر لە سەر بەڵێ.

**بەڵێن** (نا.)[؟][ناو: بەڵێن، بەڵێنی - هەو: بەڵێن] پەیمان و شەرت بۆ ئەنجام دانی کارێک، قەول، شەرت، مەرج. **~ دان:** وەعدە دان، قەول دان، بەڵێنی دان.

**بەڵێنی** (نا.) بڕ: بەڵێن. **~ بەجێ گەیاندن:** شەرت و پەیمان بردنە سەر. **~ پێدان:** قەول دان بە کەسێک بۆ ئەنجام دان و بەڕێوە بردنی کار و قسە و مەسەلەیەک، بەڵێن دان، بەڵێنی دان. **~ دان:** بڕ: بەڵێن دان.

**بەم** (نا. د) ١- دەنگی گڕ و گەورەی مرۆڤ و ساز، دەنگی نەوی و قەبە، دەنگێک کە تیژ نەبێ. ٢- ژێ و سیمی ساز کە دەنگی تیژی نەبێ. // زیل.

**بەمبازی** (نا.) بڕ: بازە2

**بە مێرد** (ئان. ل)[بە + مێرد] ژنێکی کە مێردی هەبێ، بە شوو.

**بەن**1 (نا.)[لە: بەستن][پەه: بەند. باک: بەن، بەند - ناو: بەن، بەند - هەو: بەن] ١- خوری و موو و مەرەزی بادراو کە پتر بۆ سەرکڵاوە و گۆرەوی و

دەستــەوانـە و شـتـی لەم بابەتە کـەلکی لێـوەردەگـرن. ٢ـ هەودای باریک بۆ شت پـێ بەسـتن، بـەند. ٣ـ بە ناوەوە دەلکێ و مـانای بـەند و بەسـتـراو دەدا، بـەند. ∷ بەربـەن، بازیبـەن. ~ **بادان:** ڕێستن و سـاز کـردنی بەن لە خـوری و مـوو بە تەشی. **بەنی ... بادان:** (کن.) تێگەیشتن لە فـڕوفـێڵ و کـار و بـاری کـەسـێک، دەرەقـەتی فـێڵ و تـەڵەکـەی کـەسـێک نەهاتن. ∷ بەنی تۆ بە من بانادرێ! خـۆ دە کاروباری ئەو چەرچیە هەڵمەقوتێنە بەنی وی بە تۆ بانادرێ.

**بەن**[2] (گـیـا.) دارێکی خـۆڕسکی گەورەی بە لک و پۆیە، بەرێکی ترشی بە ناوی قەزوان هەیە، لە ساقەتی بنێشت دەگـرن و لە گـوڵ و گـەڵاکـەشی بۆ ڕەنگرێژی کـەلک وەردەگـرن. لە پاییز دا گەڵاکانی بە سەدان ڕەنگ خۆ دەگۆڕن و دیمەنێکی یەکـجار جـوانی هەیە، pis-tacia acuminata ناوی لاتینی ئەم دارەیە، دارەبەن، وەن، دارقەزوان، وەن دار، داربنێشت.

**تێبینی:** بەن و وەن لە وشـەکانی لێکدراوی کوردیی دا بە مانای دار و گیا زۆر هاتوە وەک ( بناو، بەنا، بەناف، وەنەتەق، وەنی، مەندێ و ...) کە

هاوریشـەن دەگـەڵ: [ئەو: ڤـەنە (دار) vanaـ سـان: ڤـەنە (لێـڕەوار) vanaـ پەه: ڤـەن (دار) van. پەش: بەن (باغ) ban ـ گـیل: بەنە (نەمـام) bana] بڕ: دەوەن.

**بەنا**[1] (گـیـا.)[بڕ: بەن2] گـیـایـەکی خۆڕسکی کوێستانییە، بە زەرد کراوی و سوور کراوی دەگەڵ ماست دەیخۆن.

**بەنا**[2] (نا.) بڕ: بەننا

**بەناز** (ئان. ل)[بە + ناز] ١ـ ئافـرەتی بە کـەشم و نەشم. ٢ـ کـەسێک کـە ناز دەکا. ٣ـ ناوە بۆ مێینە.

**بەناشـوانە** (گیا.)[بەنا1 + شـوان + ئە] گیایەکی بۆنخۆشە کە دە ماست و تۆراغی دەکەن، بەلەشـوانە، نانەشـوانە. (عەر: بقلة اللبن)

**بەناف** (نا. ل)[بەن2 + ئاف][باک] بڕ: بناو1

**بەناو** (ئان. ل)[بە + ناو1] بڕ: ناودار. بەناو بوون: ناودار بوون، ناوبانگ دەر کردن.

**بە ناوبانگ** (ئان. ل)[بە + ناوبانگ] بڕ: ناودار. ~ **بوون:** ناودار بوون، ناوبانگ دەر کردن. ~ **کردن:** کەسێک

ناودار کردن.

**بەنایی** (حم.)[بەنا2 + ئی] بڕ: بەننایی

**بەنبڕ** (نا. ل)[بەن1 + بڕ] ئامرازێک کە بەنی پێ ببڕنەوە، تیغ، چەقۆ. ∷ **بەنبڕم ددانە**. (کینایەیە بە مانای: بێ چەک و بێ دەستەڵاتم و چم لە دەست نایە).

**بەن تەڕگ** (نا. ل)[بەن1 + تەڕگ] بڕ: بەن سامۆرتە

**بەنج** (نا.)[باک] بڕ: بەنگ

**بەند** (نا.)[پەه: بەند][لە: بەستن] ١- بەرهەڵستێکە لە بەرد و دار و شتی دیکە کە لە پێش ئاوی چۆم یا جۆگەی گەورەی هەڵیدەبەستن هەتا ئاو لە پشتی پەنگ بخواتەوە.(بڕ: ئاوبەند1). ٢- زیندان، گرتووخانە. ٣- بەشێک لە زیندان کە چەند کەسی تێدابێ. ٤- گیر، وێستاو. ٥- سەرمای ویشک کە وڵات دەیبەستێ، بەستەڵەک، ویشکەبەند. ٦- ریس و هەودای شت پێبەستن، بەن. ٧- [باک] پەرژین، چەپەر. ٨- پارچە ئێسکی چووکی پەنجەی دەست و پێ، گە، بەنگە. ٩- گەی قامیش و حەیزەران. ١٠- بەشێک لە قانوون یا دەربڕاوەی سیاسی یا هەر شتێکی دیکە، مادە. ١١- بەستەیەک کاغەزی سپی کە نزیک ٥٠٠ پەڕ دەبێ. ١٢- پارچەیەک لە گۆرانی یا شێعر. ١٣- بە ناوەوە دەلکێ و مانای بەستنەوە بەو ناوە دەدا، بەن، بێن، وێن، وەن، وەند. ∷ دڵبەند، دەستبەند، بازووبەند. ~ **بوون:** ١- گیر بوون و مانەوە لە شوێنێک، راوەستان. ∷ رۆڵە بەند مەبە و هەر ئێستا ئەو نامە بگەیەنە دەست خاڵت. دوو رۆژ لە سنە بەند بووین و دوایی هاتینەوە. ٢- گیر بوون بە شوێنێکەوە، خۆ گرتن، پێوە بەند بوون. ∷ بادەوەکەم بە سەر ئەو دارەوە بەند بوە و ناتوانم بیهێنمەوە خوار. ٣- سەر بە کەسێک یا مەسەلەیەک بوون، وابەستە بوون، بەستە بوون. ∷ ئەمن لە سەر روحمی تۆ بەندم / حەیف بێ رۆڵە و فرزەندم (بارام و گوڵندام ل ٢٧). ~ **کردن:** ١- راگرتنی کەسێک بۆ مانەوە. ∷ پووریێ گیان بەندم مەکە دەبێ بچمەوە. ٢- لە زیندان کردن، حەپس کردن. ٣- دوو شت لە یەکتر قایم کردن. **پێوە ~ بوون:** پێوەنووسان و خۆ گرتنی شتێک بە شتێکی دیکەوە، بەند بوون. ∷ ئەو رەوەزە هێند لووسە دەستم پێوەی بەند نابێ. **لە ~ بردن:** بەستن.

:: برای من بوونە عـینسـانـخـۆر، ئەو ڕێـگـایـەیـان لـە بـەنـد بـردوە (بـارام و گــوڵندام ل ٥٣). **لە ~ خــستن:** ١ـ ئەسیر کردن، بە داو گرتن. ٢ـ لە زیندان کـردن، لە بەند کـردن. **لە ~ کــردن:** زیندانی کردن. **لێ ~ بوون:** پێوە گیر بوون، پێـوە بەند بوون. **لێ ~ کــردن:** پێوە گیر کردن، لێ قـایم کردن. || **بەندی جەرگ:** ١ـ ئەو هەودایەی کە پێیان وا بوو جــــەرگ پێـــوەی بەند بوە. ٢ـ (کنـ.) خۆشـەویستی یەکجار زۆر کە ژیان بەو بـەندە. :: وەرە ئـەی بـەندی جـــــەرگ و مـاکی ژینم/ وەرە هـەتوانی گەش دەرد و برینم (خــەیام ل ٩٨). & بەندی جگەر، بەندی دڵ، بەندی جەرگ و دڵ. ***بەندی جـەرگ پسـان:** مـردن لەبەر بەر پسـانی بەندی جـەرگ و دڵ، مـردن یا گـەیشـتنە حاڵی مـردن لە ترسان یا لەبەر هەواڵ و ڕووداوێکی ناخـۆش، بـەندی دڵ پسـان، بەندی جـەرگ و دڵ پسـان. :: هـەتا ئەو منداڵـە وەهۆش هاتەوە وەختـابـوو بەندی جەرگم بپسێ. ***بەندی جەرگ پساندن:** کـوشـتنی کـەسـێک یا ترسـاندنی لە ڕادەبەدەری کـەسـێک و گـەیاندنە حـاڵی مـردن بە هەواڵ، ڕووداو یا کارەسـاتێکی ناخۆش. :: قـەیتانی دوو لێوانت بەندی جەرگی پسـاندم/ کوفرت لـە لام زاهیرە ڕوحـمت لە لا نـەمـاوە (وەفـایی ل ١٥٣). **بەندی جـەرگ و دڵ:** بڕ: بـەندی جـەرگ. ***بەندی جـەرگ و دڵ پسـان:** بڕ: بەندی جـەرگ پســان. ***بەندی جــەرگ و دڵ پســاندن:** بڕ: بەندی جـەرگ پسـاندن. **بەندی جگەر:** بڕ: بەندی جـەرگ. **بەندی دڵ:** ١ـ بەند و هەودایەک کە پێشتر پێیان وا بـوو دڵـی پـێ بـەنـد بـوە. ٢ـ (کنـ.) خۆشـەویستی یەکجار زۆر کە ژیان بەو بەندە.& بەندی جگەر، بەندی جــــەرگ. ***بەندی دڵ پســان:** بڕ: بـەندی جـــەرگ پسـان. ***بەندی دڵ پسـاندن:** بڕ: بەندی جەرگ پسـاندن. ***بەندی دڵ قـایم بوون:** بە ورە بـوون و نەترسـان لە کـارەسـات. ***بەندی دڵ قــایم کــردن:** بە ورە کـردن، هـان دان بۆ نـەترسـان. :: بـەندی دڵت وەها قـایم کـردووم لە سـەد پیـاوانیش ناترسم.

**بەندروو** (نا. ل)[بەن + درووو (دروون)] هەودا بەنی تایبـەتی کە بۆ دروونی سـەر و زارکی تێـــڕ و جــــەواڵ کـــەلکی لێوەردەگرن، بەندروومان.

**بەندروومـان** (نا. ل)[بەن + دروومـان] بڕ: بەندروو

**بەندوباو** (نا. ل)[بەند + و + باو] ١ـ نەقڵ، حەکایەت، بەیت. ٢ـ قسەی هەڵبەستراو و ناڕاست. & بەیت و باو. **~ هەڵبەستن:** قسەی ناڕاست و ناڕەوا ساز کردن بۆ بەدناو کردنی کەسێک، بەیت و باو ڕێکخستن، بەیت و بالۆرە بۆ هەڵبەستن.

**بەند و بەست** (نا. ل)[بەند + و + بەست]سازان و ڕێک کەوتنی دوو یا چەندکەس بۆ ئەنجام دانی پیلان و کارێکی ناڕەوا بە دژی کەس یا کەسانێک، تەون و بەست. **~ کردن:** پێکەوە سازان بە دژی کەس و کەسانێک، تەون و بەست کردن.

**بەندۆخین** (نا. ل)[بەن + دۆخین] بڕ: دۆخین

**بەندۆک** (نا. ل)[بەند/٦ + ئۆک] بڕ: بەندۆکە/١.

**بەندۆکە** (نا. ل)[بەند/٦ + ئۆکە] ١ـ قەیتان یا بەنێک کە لە تاس کڵاوی ژنان یا کڵاوی دروێنەوانان قایم دەکرێ و دەچێتە ژێرچەنەوە بۆ ڕاگرتنی کڵاو، بەندۆک. ٢ـ خشلێکی ژنانە کە لە دوو لای تاسکڵاوەوە بە بن چەنەی دا تێدەپەڕێ. ‹‹ بەدەن بە وێنەی تاقی نمروود شا / بەندۆکە و قۆیتاس کەوتنە سەما (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٣). ٣ـ (گیا.) گیایەکە بەهاران لە دەم جۆگا و چەمان شین دەبێ. بۆ خواردن دەس دەدا. (قامووس ب ٢ ل ٢١٨)، بەنووکە گیایەکی ئاوییە لەگەڵ کووزەڵە دا لە ئاو دا سەوز ئەبێ (کشت و کاڵ ب ١ ل ٥١) بەنووڵە، بەنووکە.

**بەندە** (نا.)[هەخ: بەندەکە ـ پەهـ: بەندەک. باک: بەنی ـ ناو: بەندە] ١ـ غولام، بەردە، عەبد ٢ـ (کنـ.) منی چووک، منی بەندەی تۆ.

**تێبینی:** بەندە لە چاوگی بەند band ی ئەوێستایی و بەستنی کوردیی کەوتوە، یانی کەسی بەستراوە. (بڕ: بەستن)

**بەندەخوێن** (نا. ل)[بەن1 + دەخوێن (دۆخین)] بڕ: دۆخین

**بەندەر** (نا.)[؟] ١ـ شوێنێک لە نزیکی بەستێنی دەریا کە بۆ لەنگەر گرتنی کەشتی تەرخان کراوە، لەنگەرگا، مینا. ٢ـ شار و ئاوەدانییەک کە لە شوێنێکی وا دروست کرابێ.

**بەندەشیر** (نا. ل)[بەند + ئە + شیر] بەند و قایشێکی چەرم کە لە کالانی

شەمشیری دەبەستن و لە نێوقەد یا لە لا قەدی هەڵداوەسن.

**بەندەک** (نا. ل)[بەند + ئەک] بەند، پەت. ¶ بەرگی رەش ئیتر لە بەرمان دادڕا / بەندەکی دیلی و ئەسارەت هەڵبڕا (تاریک و روون ل ٦٨).

**بەن دەمبێن** (نا. ل)[بەن1 + دەمبێن] بەنێکە بە سەر دەمبێنەوە و لە شاخی گاگێرە یا گوێلکی دەبەستنەوە.

**بەندەن** (نا.)[بڕ: بەدەن] ١ـ داوێن و بناری چیا. ٢ـ کێوێکی زۆر بەرز نەبێ. ٣ـ لەش، بەدەن.

**بەندەناس** (نا. فا)[بەندە + ناس] کەسێک کە بەندە دەناسێ، خودا. ¶ بەندەناس خودایە.

**بەندەیەتی** (حم.)[بەندە + یەتی] بڕ: بەندەیی

**بەندەیی** (حم.)[بەندە + ئی] غوڵامەتی، عەبدایەتی، بەندەیەتی.

**بەندیخانە** (نا. ل)[بەندی + خانە] ١ـ شوێنی راگرتنی بەندی، زیندان، گرتووخانە. ٢ـ (مجـ.) شوێنی ناخۆش و تەنگ و تاریک.

**بەندیوان** (نا. ل)[بەندی + وان] کەسێک کە ئاگای لە زیندانە و چاوەدێری بەندیەکان دەکا، زیندانەوان.

**بەندیی** (ئان. ل)[بەند + ئیی] کەسێک کە لە بەند کراوە، گیراو، زیندانیی. **~ بوون:** زیندانی بوون. **~ کردن:** زیندانی کردن.

**بەندێخوون** (نا. ل)[بەن1 + دێخوون] بڕ: دۆخین

**بەن رستە** (نا. ل)[بەن1 + رستە] بەنێکی رێسراوی باریکە کە دەملی تاژی دەکەن، رستە. ¶ نایەڵم بەن رستەی ئاوریشمینت بۆ بێنن سەری رستەی داڵقەی قەڵێدەی هەڵێنن لە قۆڵی خۆی ببەستن بیگری بە هەموو پەنجانە (مان ل ٩٢).

**بەن سامۆتە** (نا. ل)[بەن1 + سامۆتە] بڕ: بەن سامۆرتە.

**بەن سامۆرتە** (نا. ل)[بەن1 + سامۆرتە] دوو رێسراوی باریکە لە پشت زین کە خورجین و هەگبە و شتی دیکەی پێ لە پاشکۆی ئەسپ دەبەستنەوە، بەن تەرگ، بەن سامۆتە.

**بەنشت** (نا.)[زا] بڕ: بنێشت

**بەنکاڵە** (نا. ل)[بەن1 + کاڵە] چەند

بەنی لێک بادراوی هەندێک ئەستوورە کە کاڵەی پێ لە قاچ توند دەکەن. **~ دە ~ خستن:** (کنـ.) گێچەڵ بۆ کەسێک ساز کردن، بوون بە بەرهەڵستی کەسێک، بەنکاڵە لە بەنکاڵە گرێدان. **~ لە ~ گرێدان:** بڕ: بەنکاڵە دە بەنکاڵە خستن.

**بەنکەشیی** (حم.)[بەن + کەش + ئیی][ئەر] بڕ: بەنکێشیی

**بەنکەڵەوە** (نا. ل)[بەن1 + کەڵەوە] بەنێکە دوو کەڵەوەی ملی گاجووتی پێ لێک دەبەستن.

**بەنکێشیی** (حم.)[بەن (بەند) + کێش (کێشان) + ئیی] کاری پڕ کردنەوە و درز گرتنی کەلێن و درزی خشت و بەردی نێو دیوار لە لای دەرەوەی ماڵ بە سمیت، بەنکەشیی.

**بەنگ** (نا.)[ئەو: بەنگهە ـ سان: بهەنگا ـ پەه: مەنگ. باک: بەنگ، بەنج ـ ناو: بەنگ ـ زا: بەنگ] ورد کراوی گەڵای شەدانە کە وەک توتن دەیکێشن و سەر خۆشی دێنێ، حەشیش، حەشیشە. **~ کێشان:** دەکار کردنی بەنگ بۆ سەرخۆشی.

**بەنگکێش** (ئان. فا)[بەنگ + کێش] کەسێک کە بەنگ دەکێشێ، بەنگیی.

**بەن گورد** (نا. ل)[بەن1 + گورد] هەر کام لەو بەن و هەودایانەی کە بە گوردەوەن و بە ئامرازێکی تایبەتی کە چێوێکە وەک گۆنیا بە ناوی ساچین دەڕێسرێ.

**بەنگی** (ئان. ل)[بەنگ + ئی] کەسێک کە ئالوودەی بەنگە، بەنگ کێش. :: لە بەنگ ئەم بەنگییانە چی دەبینن: خۆ لە خۆ گۆڕان / لە دنیا دا مەداری عەیش و خۆشی: خۆ نەناسینە (مەحوی ل ٢٨٤).

**بەننا** (نا.)[عەر: بناء] وەستای شارەزای ماڵ ساز کردن، وەستایەک کە چەند کرێکار و فەعلەی لە ژێر دەست دایە و خانوو ساز دەکەن، بەنا.

**بەننایی** (حم.)[بەننا + ئی] کار و پیشەی کەسی بەننا.

**بەنوێشک** (گیا.)[بەن2 + وێشک] جۆرە قەزوانێکی وردە بەری دار بەنوێشک کە بنێشتی نابێ.

**بەنووکە** (نا. ل)[بەن + ئووکە] بڕ: بەندۆکە/٣.

**بەنووڵە** (نا. ل)[بەن + ئووڵە] بڕ: بەندۆکە/٣.

**بەنەوش** (نا.) بڕ: بنەوش

**بەنی** (نا.)[باک] بڕ: بەندە

**بەنی ئادەم** (نا. ل)[عـەر: بنی آدم] کوڕی ئادەم، ئادەمـیزا، مرۆڤ. ⁂ چۆن نەبەم بۆ مـەی و مـەیخـانە پەنا تێگەیوم/ لەو ولاتـە هـەمــوو شت زۆرە، بەنـی ئادەم کەم (تاریک و روون ل ١٦١).

**بەنیشت** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: بنێشت

**بەواسیر** (نا.)[عەر: بواسیر] کوان و پەنـەمـاوێکی بەژانـە کـە لە سـەر پزووی کـونگ لـە بەر قــەبزی یا زۆر دانیــشتن پـەیدا دەبێ و بـە بڕینـەوەی چارەســـــەر دەکـردرێ، بێـوەسـیـری، مــایەسـیـری، بەوەسیری.

**بـــەور**[1] (نـــا.)[پـــەه: بـــەور] ١ـ گــــیـــانداریکی گــــەورەی دڕندەی گۆشتخۆرە، پشت و قـاچ و تەنیشتەکانی نارنجـییـە، شـوێنەکـانی دیکەی سـپی و خەتی رەشی تێدایە، لە ئاسیا و ئامریکا و ئافـریقـا دەژی، دوو سـەد کیلـۆ قـورس دەبێ و بیـست و پێـنج سـاڵ دەژی، بەبر. ٢ـ جـۆرێ کوانی زۆر بەژانـە (هەنبانە ب ١ ل ٨٦)، بەرەشــینکە، بەورەشــینە. ‖ **بەوری بەیان:** ١ـ بەوری دڕ و بە هەڵمەت. ⁂ رۆژێک دیم سـوارێک دەهـات لە سـەر دا/ پێستی بەوری بەیانـی بوو ئەو لەبەر دا (بـارام و گـــوڵـندام ل ١٩). ٢ـ (کنـ.) پیـاوی ئـازا و شـەڕانی. ⁂ لەگەڵ دوژمن ئیـمامی هـەروەکوو شێری ژیان وابە/ لە پێش پڕدانیـــان راوەســـتـــە وەک بەوری بەیان وابە (ئاوات ل ٢٤). پاڵیان وێگ دا لە زەمانی/ هـەروەکوو بەوری بەیانی/ کە عێلات هەمووی پێیزانی (مان ل ٢٧٣).

**تێـبـینی:** بە پێی شـانامـە کـتـێـبی فــردۆسی بـەوری بەیان جلێک بوە کــە روسـتـەم لە کاتی شـەڕ دا دەبەری کردوە و کـەوڵی بـەبر یا پڵنگ بوە. لە بورهـانی قـاتـع دا نووسـراوە کـە بە پێی باوەڕی هـەندێک کـــەس بەوری بـەیان کـــەوڵـی دێوێک بە ناوی ئەکوان بوە و هـەندێکیش دەڵێن کە لە بەهـەشـتـەوە بۆ رۆستـەمـیان هێنـاوە و هـەندێکیش دەڵێن گـیـانداریکە دوژمنی شـێـرە و روسـتـەم لە کێـوەکانی شـام کوشـتی و کـەوڵی لێ سـاز کـرد و خاسـیـەتەکـەی ئەوەیە کە نە دە ئاگر دا دەسووتێ و نە دە ئاوە دا نوقم دەبێ.

**بەور**[2] (نا.)[جاف] بڕ: بەفر

**بەوران** (گیانـ.)[بڕ: بۆران2][زا] کۆتر

**بـەورانمـاڵ** (نـا. ل)[بـەور2 + ئـان + ماڵ3] بڕ: بەفرماڵ

**بەوردی** (ئاک. ل)[بە + ورد + ئی] سەرنجی زۆر. ⁂ بەوردی سەیری نووسراوەکانی کرد و هیچ هەڵەیەکی نەدیتەوە. بەوردی لە مەسەلەکە بکۆڵەوە!

**بەورەشینکە** (نا. ل)[بەور1 + ئە + شین + ک + ئە] برینێکە پیس وەکوو (موو) لە دەست و پەنجە دەردێت (کشت و کاڵ ب ١ ل ٥١)، بەور، بەورەشینە.

**بەورەشینە** (نا. ل)[بەور1 + ئە + شین + ئە] بڕ: بەورەشینکە

**بەوز**[1] (نا.) بڕ: بووز1

**بەوز**[2] (ئان.) بڕ: بۆز

**بەوش** (نا.)[باک: بەڤش، بەفش، بەڤشک ـ ناو: بەوش] ١ـ ئامرازێکی جۆلاییە، بریتییە لە تەختەیەکی پانی ددانەدارە کە دەکەوێتە بەینی تان و پۆ و هەر جارەی جۆلا دەیکوتێ هەتا ریزی تەنراو رێک و سفت بکا، شە. ٢ـ (ئا.) نێوان ئانیشک و سەرشان، قۆڵ، باسک.

**بەوەسیری** (نا.) بڕ: بەواسیر

**بەها** (نا.)[بڕ: بایەخ] نرخ، بایی.

**بەهار** (نا.)[هیک: ڤەسەر ـ ئەو: ڤەنگهەر ـ هەخ: ڤەهەر، ڤاهەرە ـ پەه: ڤەهار، بەهار. تات: ڤاهار، ڤێهار ـ فار: بهار. باک: بوهار، بهار، باهار ـ ناو: بەهار، بوهار، بوار ـ باش: وەهار، بەهار ـ هەو: وەهار ـ زا: واسار] ١ـ یەکەمین وەرزی ساڵی هەتاوی، سێ مانگی (خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردان). ٢ـ ساڵ لە نێو خەڵک دا. ⁂ ئەوساڵ دوو بەهارە کوڕەکەم چۆتە سەربازی. ٣ـ شکۆفەی دار. ٤ـ گیایەکە کە گوڵی زەرد و جوانی هەیە و بۆ جوانی رایدەگرن و دەیچێنن. ⁂ ئەو باغ و بەهار و بەرگ و ئەسمار / ئەنوار و شکوفە جەمعی ئەزهار (مەم و زین ل ١٩١). ٥ـ ناوە بۆ مێینە. ٦ـ (مجـ.) سەردەمی لاوەتی. ~ **نوێ بوونەوە:** بووژانەوەی گژوگیا لە ئاخرەکانی بەهار بە هۆی باران و بارین. ~ **هێنانە چۆکان:** (کنـ.) زۆر بە هاسان گرتنی کار و مەسەلەیەک و لەبەر چاو نەگرتنی راستی و سەختی و سەخڵەتی کارەکە. (ئەو کینایەیە دەبێ لەوە کەوتبێ کە لە زستانی سەخت دا کەسێک بڵێ هیچ نیە و سەرما تەواو دەبێ و بەم زوانە هەوا خۆش دەبێ و گیا شین دەبن و دەگەنە سەر چۆکان کەچی لە راستی دا بەفر و کڕیوە و سەرمایە و لە بەهار بەم زوانە خەبەرێک نیە.) ‖ **بەهاری کوردیی:** وەکوو دەزانین بەهار

یەکێکە لە چوار فەسڵەی ساڵ و لە یەکەمین ڕۆژی نەورۆزەوە (٢١ی مارت) دەس پێدەکا. بەڵام لە ناوچەی (کرند)ی مەڵبەندی کرماشان، پاش ئەوەی بە حیسابی نەورۆز چل و پێنج ڕۆژ لە زستانی رابرد، دەڵێن بەهارە و ناویشیان ناوە (بەهاری کوردیی) و سێ مانگ سێ مانگ حیسابی دەکەن و هاوین و پاییز و زستان دەبەنە سەر. بەلای منەوە ئەم حاڵە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە نەورۆز وەکوو ئێستا سابیت نەبوە. (بڕ: قاموووس ب ٢ ل ٢٢٢).

**بەهاری عومر:** سەردەمی گەنجی و لاوەتی مرۆڤ. ⁘ بەهاری عومر ئەوا گەییە حوزەیران / کەچی وەک کۆدەک ئێستە دەچمە سەیران (مەحوی ل ٢٤٠).

**بەهارات** (نا.) ئاڵەت و گیا و گۆڵ کە بۆ بۆنخۆشی دە چێشتی دەکەن، ئەزبێ، هەزبێ، ئەزبۆڵە، هەزبێلە.

**تێبینی:** بەهارات ناوی کۆنی وڵاتی هیند بوە و لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ئاڵەت و گیا لەم وڵاتەوە هاتوون ناوی (وڵاتەکە) بەهاراتیان بە سەر دابریون.

**بەهاران** (نا. ل)[بەهار + ئان] سەردەم و چاخی بەهار، وەرزی بەهار.

**بەهاراو** (نا. ل)[بەهار + ئاو] ئاوی شیو و دۆڵ و شوێنێک کە تەنیا بەهاران لە بەر توانەوەی بەفر ئاوی هەبێ و لە دوایی ویشک بێ.

**بەهاربەن** (نا. ل)[بەهار + بەن][ئەر] بڕ: بەهاربەند

**بەهاربەند** (نا. ل)[بەهار + بەند] تەویلەی سەر دانەپۆشراو، یا شوێنێکی وەک بەر هەیوان کە لایەکی ئاوەڵایە و دوای شکانی تەشقی سەرما بەرزەوڵاغ و کەڵ و چارەوێی لێدەبەستنەوە هەتا گەرمایان نەبێ و نەخۆش نەکەون، بەهاربەن.

**بەهارستان** (نا. ل)[بەهار + ستان] بەهاری خۆش و تەواو کە هەموو دار شکۆفەیان داوە و گوڵ پشکووتوون. ⁘ هەموو دنیا بەهارستانە ئیمڕۆ / لە لای من هەر چلەی زستانە بێ تۆ (کوردی)

**بەهارنارنج** (نا. ل)[بەهار + نارنج] گوڵی نارنج کە گوڵێکی بۆنخۆشە و بۆ عەترسازی و دەرمان و مرەبا دەکار دەکردرێ.

**بەهاروو** (گیا.)[بەهار + ئوو] جۆرێک گەنمی زۆر باشە کە لە دووهەم مانگی بەهار دا دادەچێندرێ نانەکەی خۆش و

خواردنی سووکە و نشاستەش پتر لەو گەنمە دەگرن، بەهارە. || **بەهارووی سپی:** جـــۆرێکی بەهـارووییە، گــــوڵ رووتـە و ئارەدەکـــەی ســپــیـــە، بـەهـارەچـەرمگ. **بەهارووی ســوور:** جـۆرێکی بەهـارووییە، گوڵی هەیە و ئاردەکەی سوورە.

**بەهارە** (نا. ل)[بەهار + ە] ١- (گیا.) بڕ: بەهاروو. ٢- شـێـعرێک کە بە سـەر بـەهـار دا هـەڵـکوتـرابـێ. ؛؛ بـەهـارەی مـــامـۆســتـا هـێـمن کـە ناوی بـەهـاری کوردستانە زۆر شێعرێکی بە هێزە. ٣- هـەر بـەر و بـەرهـەمـــــێکی لـە بـەهـار دا بووبێ. ؛؛ بەرخی بەهارە، گـوڵی بەهارە، تـووتنی بەهـارە. ٤- هـەر شـــتــێک کـــە پـەیوەندی بە بـەهـارەوە هـەبێ، بەهاریی. ؛؛ بەهـارەکێڵ، بەهـارەزێ، بەهـارەوار.

**بەهـارەزێ** (ئـان. ل)[بـەهـارە + زێ] بەرخێک کە لە بەهار دا بووبێ.

**بەهارە کانی** (نا. ل)[بەهارە + کانی] هەندێک کانی کە بە بەهار دەتەقێنەوە و زوو وشک دەبن.

**بەهارەکــێڵ** (ئان. ل)[بەهـارە + کـێڵ (کـێــڵان)] زەوییـــەکی کـە لە بەهـار دا کێڵرابێ.

**بەهارەوار** (نا. ل)[بـەهـار + ە + وار] شـــوێـنێکی نزیک دێ کـــە مـــەڕدار لـە سـەرەتای بەهار چادری لێـهەڵدەدەن بەر لەوەی کــە بچنە کـوێسـتـــان و هەواری دوورتر.

**بەهاریی** (ئان. ل)[بەهار + ئیی] هـەر شـتـێک کـە پـەیوەندی بـە بەهار هـەبێ، بەهارە. ؛؛ گـوڵی بەهـاریی، جل و بەرگی بەهاریی، بارانی بەهاریی.

**بەهانە** (نا.) بڕ: بیانوو

**بەهبـــەه** (ئان. ل)[بـەه + بەه] ١- بـۆ پێـدا هـەڵکوتن دەردەبڕدرێ. ؛؛ بەهبـەه لەو چایە خۆش رەنگەی. ٢- بۆ سەرکۆنە لێدان دەکوترێ. ؛؛ بەهبەه ئەوە دەرست بۆ خوێندم. بەهبەه تەواومان کرد.

**بەهر** (نا.)[بڕ: بەهرە][باک] بڕ: بەش

**بەهرە** (نا.)[ئەو: بەخـــێـذرە - هـەخ: بەخـــتـــرە - پەه: بەهرەک، بەهر. باک: بەهر، بەهرە - ناو: بەهـرە، بارە - باش: بەهرە - هەو: بەهرە - زا: بارە] ١- قازانج و ســـــوودی دەسکەوتوو لـە ســـــەودا و بەرهـەم. ٢- بەر و بـەرهـەمـی زەوی و زار، داهات، حـاسڵ، بەروبوو. ٣- لێـهـاتووی و لێـوەشـــاوەیی لـە مـــرۆڤ دا. ٤- [باک] بەهر، کوت، بەش، لەت.

**بەهرەدار** (نا. فـا)[بـەهرە + دار2] ١-

هەر شتێکی سوود و قازانجی هەبێ، خاوەن بەهرە، بە قازانج. ٢ـ مرۆڤی لێهاتوو، بلیمەت و لێوەشاوە، خاوەن بەهرە لە هونەر، فەن و زانست دا. ‌:: هۆ شوانی بەهرەدار، تێخوڕە چاوەڕێین / ئارایشت تەواوە، ئامادەی هەڵپەڕکێین (گۆران ل ٥٢).

**بەهرەمە** (نا.) ئامرازێکە بە دەست کار دەکا، بریتییە لە نووکێکی پێچ دار کە گەورە و چووکەی هەیە، دەسکێکی هەندێک درێژ کە لە نێوەڕاست بە قەرا دەست خوار بۆتەوە و دەگەڕێ، نەججاڕ و دارتاش لە سەر تەختەیەک کە بیانەوێ کونی کەن رایدەگرن و بە دەست دەیسووڕێنن و تەختە کون دەبێ، مەتکەب، مەتەی دەستی.

**تێبینی:** هاوڕیشە و هاومانای ئەم وشەیە لە زمانی فارسی دا برماه (بەرماه) و برماهە (بەرماهە) و لە زمانی پەشتوو دا برمە (بەرمە)یە.

**بەهرەمەند** (ئان. ل)[بەهرە + مەند] [پەه: بەهرمەند] ١ـ خاوەن بەهرە، بەهرەدار. ٢ـ خاوەن بەش، بەشدار، شەریک.

**بەهلوولک** (نا.)[باک] بڕ: بالۆکە

**بەهشت** (نا.)[زا] بڕ: بەهەشت

**بەهەشت** (نا.)[ئەو: ڤەهیشتە ـ پەه: ڤەهیشت. باک: بهشت، بهوشت، بوهوشت، بوهیشت ـ ناو: بەهەشت، بەحەشت ـ باش: بهێشت ـ هەو: بەهەشت ـ زا: بەهشت] ١ـ شوێنێکە کە زۆربەی ئایینەکان باسی لێوە دەکەن و مرۆی راست و باش و بە ئیمان دەچێتە وێ. باغێکی خۆشە هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکی تێدایە و تەنانەت بە قسەی قورئان حۆری و ژنی جوانیش بۆ پیاوان لێیە، جەننەت.// جەهەننەم. ٢ـ (مجـ.) ولاتی خۆش و خەملاو بە گوڵ و شیناوەرد و هەر شوێنێکی خۆش و دڵگر. || **بەهەشتی باقی:** بەهەشتێک کە هەمیشە هەیە، بەهەشت. :: وەکوو ئەو حۆریانەی ئەگەر خودا لە بەهەشتی باقی داینا (شۆڕەمحموود ل ٦٠). **بەهەشتی سەر زەوی:** ١ـ ولات و شوێنی خەملاو و خۆش. ٢ـ بەهەشتی دەسکردی مرۆڤ بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ بەهەشتی خودا. **بەهەشتی شەدداد:** ١ـ باغێک کە شەدداد (پادشایەک کە داوای خودایەتی دەکرد) هاوتا و هاوێنەی بەهەشت سازی کرد. ٢ـ (مجـ.) شوێنێکی خۆش و رازاوە و

هاوتای بەهەشت لە سەر زەوی. ⁂ مەجلیسی میری وەکوو بەهەشتی شەددادی دەڕازاوە (سەعید و میرسێوەدین ل ١٥٥). **بەهەشتی نێرەکەر:** دونیا بۆ ئەو کەسانەی کە گوێ نادەنە هیچ شتێک و خەمی هیچ ناخۆن. ⁂ دونیا بەهەشتی نێرەکەرە.

**تێبینی:** بەهەشت لە دوو بەشی بەهـ بە مانای باش و ئیشت کە لە ئەوێستا دا نیشانەی (سفەتی تەفزیلیە) پێک هاتوە کە بە گشتی دەبێتە دنیای باشتر و چاکتر.

**بە هەشتاو** (ئاک. ل)[بە + هەشتاو] بەپەلە، بەلەز، بەتاڵووکە. ⁂ دەهات بە گریان و بە هەشتاوە/ هەتتا دەگەییە میرمەمی، دەیگوت: بە قوربانت بم کوێت ئێشاوە (مان ل ٦٨).

**بەهەشتیی** (ئان. ل)[بەهەشت + ئیی] ١ـ کەسێک کە لە بەهەشت دەژی، دانیشتووی بەهەشت. // جەهەننەمیی. ٢ـ پیاوی چاک و بە ئیمان ـ کە دوای مردنی پێیدەکوترێ وەک ئەوە کە دڵنیا بن دەچێتە بەهەشت. ٣ـ کەیبانوو و ژنی ماڵ ـ بە زمانی فەقێیان کە داوی نان و خواردنی لێدەکەن.

**بەهەوا** (ئان. ل)[بە + هەوا] بەفیز، بەدەعێ.

**بەهیف** (گیا.)[باک] بڕ: بادام

**بەهێ** (گیا.) بڕ: بەی

**بەهێز** (ئان. ل)[بە + هێز] ١ـ گیاندار یا مرۆڤی بەقەوەت و توانا. ٢ـ حاڵی قسە، نووسراوە یا شتێکی بەبڕشت. **~ بوون:** ١ـ بەقەوەت بوون. ٢ـ بەبڕشت بوون. **~ کردن:** بەقەوەت کردن.

**بەئەسپایی** (ئاک. ل)[بە + ئەسپایی] ١ـ ئارام، سەبر، بێ هەست و خوست. ⁂ بەئەسپایی لە ماڵ وەدەرکەوت. بە ئەسپایی دەستی بە سەر یاڵی ئەسپەکە داهێنا. ٢ـ شاراوە، بە نهێنی. ⁂ کارەکەی بە ئەسپایی دەکا و کەس پێی نازانێ.

**بەی**[1] (گیا.)[پەهـ: بێهـ. تات: بەهە ـ فار: بە ـ بیر: بێ. باک: بێهـ، بەهێ، بهۆک، بیۆک ـ ناو: بێ، بەهێ، بەی ـ باش: بەی ـ هەو: بەی ـ زا: بەی] ١ـ دارێکی دەستنێژە، زۆر بەرز نابێتەوە، لە دارە سێو دەچێ بەڵام گەڵاکانی کورکیان هەیە، بەرێک دەگرێ کە زەرد و بۆنخۆشە، Cydonia vulgaris ناوی

لاتینی ئەم دارەیە، دارەبێ، دارەبەی. ٢ـ بەری ئەم دارە، کە میوەیەکی شینی بەکورکە، کە بگا زەرد و ئاودار و گۆشتن و بۆنخۆش دەبێ، بە کاڵی (گرفتە و بەری ئەوک دەگرێ) و پێشاوی دەخورێ و بۆ دۆڵمە و مرەباش دەست دەدا. هەروەها دەنکەکانی بەی لە ئاو دەکەن یا هەروا دەیخۆن و بۆ نەرم کردنی سینگ و کۆخە زۆر باشە. ٣ـ (مجـ.) لە ئەدەبی کلاسیک و فولکلۆر دا بە مانای مەمکی تورت و خڕ هاتوە. ⁂ دەستی لەرزۆکم هەتا تێیدایە هێزی بەی گوشین / لێمگەڕێ تاوێ لە باخی سینە میوان ببمەوە (ناڵەی جودایی ل ٩٣). خاڵێ دیم جە بەین دوو بەیانەوە / وە بانی بەیندا مەشیانەوە (بێسارانی). ~ **پێشاندن:** چەشنێک کوڵاندنی بێ بە هەڵمی ئاو.

**بەی**[2] (گیانـ.)[باک: بەی ـ زا: بەیە] بڕ: مۆرکە

**تێبینی:** لە زمانی فارسی دا بید هەر بەم مانایە هاتوە.

**بەیابان** (نا.)[باک] بڕ: بیابان

**بەیات**[1] (نا.)[بڕ: بەیت] هەوایەکی مۆسیقایە کە چەند جۆری هەیە. ⁂ بەیاتی کورد، بەیاتی تورک، بەیاتی ئیسفەهان.

**بەیات**[2] (ئان.)[عەر: بیات] ١ـ حاڵی نان و کولێرە کە چەند رۆژی بە سەر دا تێپەڕ بووبێ و کۆن بووبێ. ٢ـ چێشت و هەر خواردەمەنییەکی کە شەو ساز کرابێ و بۆ بەیانی مابێتەوە، شەوپاتە، شەومەنە، پەزێرە، بەیاتە. ~ **بوون:** کۆن بوونی نان و کولێرە.

**بەیاتە** (ئان.)[عەر: بیات] ١ـ [ئەر] چێشتی ماوەی شەو، شەومەنە، بەیات. ٢ـ رۆن دووگ

**بەیاخ** (نا.)[ئەر] بڕ: بەیداغ

**بەیاخدار** (ئان. فا)[بەیاخ + دار] بڕ: ئاڵادار

**بەیار** (نا. ئان.)[عەر: بائر][باک: بەیار ـ ناو: بەیار، باهێر ـ زا: بەیارە] زەوییەک کە ساڵێک یا ماوەیەک بێ نەکێڵدرابێ.

**تێبینی:** لە هەندێک ناوچە بوورە و بەیار یەک مانایان هەیە و لە هەندێک ناوچەی وەک موکریان بەیار زەوییەکە کە ماوەیەک نەکێڵدرابێ و بوورە زەوییەکە کە قەت نەکێڵدرابێ.

**بەیارە** (نا. ئان.)[زا] بڕ: بەیار

**بەیاز** (نا.)[عەر: بیاض] ١ـ دەفتەرێکی دەسنووس کە بیرەوەری یا شێعری تێدا نووسرابێتەوە. ٢ـ [ئەر] بەیار. ٣ـ (ئان.) سپی. ⁂ زولفەکەت گرتمی، بەیازی گەردنت سووتاندمی/ خوێنی پەروانە بە دەستی شەو لە سەر ئەستۆی شەمە (وەفایی ل ١٣٨). نازک ئەو بەیاز بناگۆش شەم/ نازک ئەگریجان سەر نە دۆش شەم (وەلی دێوانە ل ٧٣).

**بەیان**[1] (نا.)[باک: بەیانی ـ ناو: بەیان، بەیانە، بەیانی] ١ـ کاتی دەست پێکردنی رۆژ، سەرەتای رۆژ بەر لە هەڵاتنی هەتاو، بەیانە، سبەهـ. ٢ـ ناوە بۆ مێینە. **~ بەربوون:** بڕ: بەیان ئەنگووتن. ⁂ وا خستمی چاوی کە بە داو زولفی وەلا دا / شەو رۆیی، بەیان بەربوو، ئەمن هەر لە خەوا بووم (وەفایی ل ٧٢). **~ داهاتن:** بڕ: بەیان ئەنگوتن. **~ ئەنگوتن:** تەواو بوونی شەو و رۆژ بوونەوە، بەیان داهاتن، بەیان بەربوون. ⁂ بەیان ئەنگووت و شەو رابورد و من هێشتا خەوم نایە / دەخوێنن بولبول و قومری بەڵام قاسپەی کەوم نایە (ناڵەی جودایی ل ٩٢).

**تێبینی:** زەبیحی بە پێچ و پەناوە وشەی بەیانی بردۆتەوە سەر بامەی ئەوێستایی (قامووس ب ٢ ل ٢٢٧). بەیان هەم دەچێتەوە سەر [هیک: بهامە ـ ئەو: بامە، بامیە ـ پەهـ: بام، بامیک] بە مانای رووناک و هەمیش دەچێتەوە سەر [هیک: بهانەڤ ـ ئەو: بانەڤ ـ سان: بهانو ـ پەهـ: بانووی] بە مانای شۆق و لە موکریان دا هێشتا لە تاو و بان دا بەم مانایە ماوە.

**بەیان**[2] (نا.)[عەر: بیان] ١ـ ئاشکرا، شی، تەفسیر. ٢ـ بڕ: بەیاننامە. **~ کردن:** ١ـ شی کردنەوە، لێکدانەوە، تەفسیر کردن. ٢ـ دەربڕین، گێڕانەوەی قسە.

**بەیانان** (ئاک. ل)[بەیان1 + ئان] کاتی بەیان، لە وەختی بەیان دا، بەیانییان، بەیانەکی. ⁂ هەموو رۆژێ بەیانان بە ئاوی سارد حەمامێ دەکا.

**بەیاننامە** (نا. ل)[بەیان2 + نامە] نوسراوە و هەڵوێستێکە لە سەر مەسەلەیەک کە رێکخراوەکان و دەوڵەتەکان دەری دەبڕن، بەیان.

**بەیانەکی** (ئاک. ل)[بەیان1 + ئەکی] بڕ: بەیانان

**بەیانی** (نا.)[بڕ: بەیان1] ١ـ ڕۆژێک کە بە دوای ئەمڕۆ دا دێ، سبەی، سۆزی، سبەینێ. ٢ـ کاتی دەست پێکردنی ڕۆژ، بەیان، بەیانە. ٣ـ لە وەختی بەیان دا، بەیانییان.

**بەیانییان** (ئاک. ل)[بەیانی + یان] بڕ: بەیانان

**بەیبوون** (گیا.)[باک: بەیبوون، بابوونە، بابن ـ ناو: بەیبوون، بەیبوونە، بابوونە] گولێکی بۆنخۆشی سپییە کە نێوەکەی زەردە، لاسکی شین و گەڵای زۆر و وردە، لە نێو مێرگ و لێو جۆگە دەڕوێ، خۆڕسکە و هەتا نیوگەز هەڵدەدا. لە کوردەواری دا ئەم گوڵە ئیشک دەکەن و بۆ دەرمان کەلکی لێوەردەگرن. دێم کراوەی بۆ گەدە، قەبزی، تێکچوونی دەحەیزەوە چوونی مانگانەی ژنان و هەروەها بۆ یاو و چەق و چۆ زۆر باشە، بابنەپێچ، گوڵە بەیبوونە، گوڵەفەقێ. Anthemis nobilis ناوی لاتینی ئەو گیایەیە، بە عەرەبی بابونەج و بە فارسیش بابونەی پێدەڵێن.

**بەیبوونە** (گیا.) بڕ: بەیبون

**بەیت** (نا.) ١ـ چیرۆکە شێعری فۆلکلۆری (ئایینی، دڵداری، مێژوویی و ...) لە سەر هەوای تایبەتی خۆیان کە دانەر و ئاهەنگسازەکەیان دیار نیە و پشتاوپشت گەیشتۆتە دەست ئێمە. ٢ـ هەر چیرۆکە شێعرێک کە لە سەر هەوای بەیت داندراوە و هەمان مەبەستی بە دوایە و دانەرەکەی دیارە کە کێیە، یا کێ بوە. ∷ بەیتەکانی عەلی بەردەشانی، بەیتی مەم و زینی خانی. ٣ـ قسەی دوور و درێژ و بێ مانا. ∷ ئەوە تۆ باسی چ دەکەی هەر دەڵێی بەیتان دەڵێی. ٤ـ خەتێک شێعر کە بریتییە لە دوو میسرەع. || **بەیتی بلە:** (کنـ.) قسەی دوور و درێژ و بێ سەر و بەرە.

**تێبینی:** وشەی بەیت قسەی زۆر لە سەرە و هەندێک بردوویانەتەوە سەر بەیتی عەرەبی، تاقمێکیش پێیان وایە لە وشەی بەیات کەوتوە. من پێموایە بەیت دەبێ لە پاد pād ـ ی ئەوێستایی بە مانای شێعر کەوتبێ و لە زمانەکانی ئوروپاییش دا poet بە مانای شاعیر هەر لەو ریشەیە. هەروەها دوور نیە بەر لە ئیسلام بەیت وەک هۆرە ئاهەنگ و هەوای مەزهەبیشی هەبووبێ و لە دوای ئەو بەشەی نەمابێ و بە دووریشی نابینم کە بەیات1 و بەیت هەر یەک بووبێن یا

یەک سەرچاوەشیان هەبێ.

**بەیتـــــار** (نا.)[یون: ippiatros] پزیشک و دوکتـوری مـالات، بەیتـاڵ، بایتار، مەیتەر.

**تێبینی:** ئەم وشە لە ippos بە مانای ئەسپ و iatros بە مـانای پزیشک و دوکتور پێک هاتوە کە بە گشتی دەبێتە دوکتوری ئەسپ. ئەم وشەیە بە شێوەی بیطار چۆتە نێـو زمـانی عـەرەبی و لە عەرەبی را پەڕیوەتە نێو زمانی کوردیی و مەیتەریشی لێ پەیدا بوە.

**بەیتاریی** (حم.)[بەیتار + ئیی] کار و پیشەی بەیتار، بەیتاڵیی.

**بەیتاڵ** (نا.) بڕ: بەیتار

**بەیتاڵیی** (حم.)[بەیتاڵ + ئیی] بڕ: بەیتاریی

**بەیت بێژ** (ئان. فا)[بەیت + بێژ] ١ـ کـەسـێک کـە دانـەری بەیتـە و بەیت ڕێکدەخـا. ٢ـ کـەسێک کـە بەیتـەکـان لە کۆڕ و مەجلیسان دەڵێتەوە.

**بەیت بێژیی** (حم.)[بەیت بێژ + ئیی] کار و پیشەی بەیت بێژ.

**بەیتک** (گیانـ.)[بەیت + ک][باک] بڕ: چۆلەکە.

**بەیت و بالـۆرە** (نا. ل)[بـەیت + و + بالۆرە] بڕ: بەندوباو. **~ بۆ هەڵبەستن:** بڕ: بەندوباو هەڵبەستن.

**بەیت و باو** (نا. ل)[بەیت + و + باو] بڕ: بـەندوبـاو. **~ بۆ ڕێکخـستن:** بڕ: بەندوباو هەڵبەستن.

**بەیچەڵ** (ئان.)[؟] حـاڵەتی ژنێک کـە نەتوانێ منداڵی بێ، نەزۆک.

**بەیداخ** (نا.) بڕ: بەیداغ

**بەیداخدار** (نا. فا)[بەیداخ + دار] بڕ: ئاڵادار

**بەیداخـداریی** (حم.)[بـەیداخـدار + ئیی] بڕ: ئاڵاداریی

**بەیداغ** (نا.)[تور: bayrak] بەیاخ، بـەیداخ (بـڕ: ئـاڵا). **~ هەڵـدان:** بـڕ: بـەیداغ هـەڵکردن. **~ هەڵکردن:** ئاڵا هـەڵکردن، ئاڵا هەڵدان، بـەیداغ هەڵدان. :: ئـەمـــا ئـەوە مـن لـە عـــەرزیم و ئەو بەیداغی هەڵکردوە لە مـابەینی عـەرز و عـاسـمـانێ (سـەعیـد و میرسـێوەدین ل ١٠).

**تێبـینی:** ڕەنگە یـەکەندەردوو وا بێتـە بـەرچاو کـــە ئـەم وشـــەیە لـە (بـەیرەق، بایراق) وەرگیرابێ کە هێندێ لە زانایان

لایان وایە وشـەیەکی ترکـییـە، بەڵام من وای بـۆ دەچـم کــــــە لـە (بـەیـرەق)ی عارەبییەوە هاتوە کە یەکێک لە ماناکانی (ڕێ پێـشـاندەر)ە و خـۆشـی لە وشـەی (پیادەک = پیاوە)وە کراوە بە عارەبی. (قامووس ب ٢ ل ٢٢٨).

**بەیداغدار** (نا. فا)[بەیداغ + دار] بڕ: ئاڵادار

**بەیداغداریی** (حم.)[بەیداغدار + ئی] بڕ: ئاڵاداریی

**بەیدەس** (ئان. ل)[بەی (بێ) + دەس] ١- حاڵی کەسێکی دەستەڵاتی نەبێ، بێدەستەڵات، تەسیلم. ٢- حاڵی ئەسپ و ماینێک کە خۆ وەدەستەوە نەدا و نەکرێ سواری بی، رام نەکراو. & بەیدەست. **~ کردن:** ١- زاڵ بوون بەسەر کەسێک دا، دەستەڵات بە سەر کەسێک دا پەیدا کردن. ٢- دەستەمۆ کردنی ئەسپ و ماین.

**بەیدەست** (ئان. ل)[بەی (بێ) + دەست] بڕ: بەیدەس

**بەیرەم**[1] (نا.)[؟] ئاه و ناڵە، کرووزانەوە. :: ئەگەر بۆ کەمی دنیا دەکەی بەیرەمێ/ تا زێڕ و زیو و خەزێنەت دەمێ (بارام و گوڵندام ل ٤٠).

**بەیرەم**[2] (نا.)[؟][ئەر] بڕ: باریە

**بەیزی** (نا.)[عەر: بیضوی] شکڵێکی هەندەسییە وەک هێلکە.

**بەیشلا** (گیا.)[؟][زا] بڕ: کاڵەک

**بەیعەت** (نا.)[عەر: البیعة] پەیمان. **~ پێکردن:** رازی بوون و قەبووڵ کردنی سەرۆکایەتی کەسێک. هەڵبژاردن بە شێوەی ئیسلام.

**بەیڤ** (گیا.)[باک] بڕ: بادام

**بەیلەسان** (گیا.) بڕ: بەلەسان

**بەین** (نا.)[عەر: بین] ١- مەودای نێوان دوو شوێن، کەس یا دوو شت لە یەکتر، نێوان. :: بۆکان لە بەینی مەهاباد و سەقز دایە. ناکۆکییان دە بەین دایە. ٢- پەیوەندی نێوان دوو یا چەند کەس، دۆستایەتی. :: حەسەن و حوسێن بەینیان خۆش نیە. ٣- ئالوودەیی، پێ خۆش بوون :: بەینم دەگەڵ راو نیە. ٤- وەخت، دەم، کات. :: بەینێکە کاک رەسوو دیار نیە، منیش ئەو بەینانە نەمدیوە. **~ بەین:** جارجار، نێوان بە نێوان. :: بەین بەین سەرێکمان لێبدە. **~ نەمان:** ١- لێک تۆران، لە یەک گۆڕین، تێک چوونی دۆستایەتی. :: ماوەیەکە دەگەڵ یەک بەینمان نەماوە. ٢-

وەلانان و تەرک کردنی شتێک کە ئالوودە بوون. ؛؛ بەینم دەگەڵ جگەرە نەماوە.

**بەینەت** (نا.)[؟][ناو: بەینەت ـ هەو: بەینەت] وەفا، پەیمان. ؛؛ ئەمن چ بکەم بۆ قاسیدێکی بە بەینەت و بە بەقا/ بینێرەوە کن چەلەنگێ ئەوێ کاولە دنیایە (پایزە ل ٣٣). هەر پاسە شادیش نییەن بەینەتەش/ بەڵ بێ بەقا بۆ سزا و مەینەتەش (مەولەوی ل ١٦٨).

**بەینەتدار** (ئان. فا)[بەینەت + دار] بەوەفا، بەئەمەگ، وەفادار، ئەمەگدار. ؛؛ وەسیەتم ئێدەن شای شەم روخساران/ بەی وە باڵینم چون بەینەتداران (وەلی دێوانە ل ٦٢).

**بەینەتداریی** (حم.)[بەینەتدار + ئیی] بە ئەمەگ بوون، وەفادار بوون، ئەمەگداریی.

**بەیە** (گیانـ.)[زا] مۆرکە. بڕ: بەی2

**بەیەکجاریی** (ئاک. ل)[بە + یەکجاریی] بۆ هەمیشە، هەتا ئەبەد، بە جارێک.

**بەیەوە** (نا. ل) بڕ: بادەوە2

**تێبینی:** بەیەوە سووک کراو و سوای وشەی بادەوە ـ یە.

لایان وایە وشەیەکی ترکییە، بەڵام من وای بۆ دەچم کە لە (بەیرەق)ی عارەبییەوە هاتوە کە یەکێک لە ماناکانی (رێ پێشاندەر)ە و خۆشی لە وشەی (پیادەک = پیاوە)وە کراوە بە عارەبی. (قامووس ب ٢ ل ٢٢٨).

**بەیداغدار** (نا. فا)[بەیداغ + دار] بڕ: ئاڵادار

**بەیداغداریی** (حم.)[بەیداغدار + ئی] بڕ: ئاڵاداریی

**بەیدەس** (ئان. ل)[بەی (بێ) + دەس] ١ـ حاڵی کەسێکی دەستەڵاتی نەبێ، بێدەستەڵات، تەسیلم. ٢ـ حاڵی ئەسپ و ماینێک کە خۆ وەدەستەوە نەدا و نەکرێ سواری بی، رام نەکراو. & بەیدەست. **~ کردن:** ١ـ زاڵ بوون بەسەر کەسێک دا، دەستەڵات بە سەر کەسێک دا پەیدا کردن. ٢ـ دەستەمۆ کردنی ئەسپ و ماین.

**بەیدەست** (ئان. ل)[بەی (بێ) + دەست] بڕ: بەیدەس

**بەیرەم**[1] (نا.)[؟] ئاه و ناڵە، کرووزانەوە. ؛؛ ئەگەر بۆ کەمی دنیا دەکەی بەیرەمێ/ تا زێڕ و زێو و خەزێنەت دەمێ (بارام و گوڵندام ل ٤٠).

**بەیرەم**2 (نا.)[؟][ئەر] بڕ: باریە

**بەیزی** (نا.)[عەر: بیضوی] شکڵێکی هەندەسییە وەک هێلکە.

**بەیشلا** (گیا.)[؟][زا] بڕ: کاڵەک

**بەیعەت** (نا.)[عەر: البیعة] پەیمان. **~ پێکردن:** رازی بوون و قەبووڵ کردنی سەرۆکایەتی کەسێک. هەڵبژاردن بە شێوەی ئیسلام.

**بەیڤ** (گیا.)[باک] بڕ: بادام

**بەیلەسان** (گیا.) بڕ: بەلەسان

**بەین** (نا.)[عەر: بین] ١- مەودای نێوان دوو شوێن، کەس یا دوو شت لە یەکتر، نێوان. :: بۆکان لە بەینی مەهاباد و سەقز دایە. ناکۆکییان دە بەین دایە. ٢- پەیوەندی نێوان دوو یا چەند کەس، دۆستایەتی. :: حەسەن و حوسێن بەینیان خۆش نیە. ٣- ئالوودەیی، پێ خۆش بوون :: بەینم دەگەڵ راو نیە. ٤- وەخت، دەم، کات. :: بەینێکە کاک رەسوو دیار نیە، منیش ئەو بەینانە نەمدیوە. **~ بەین:** جارجار، نێوان بە نێوان. :: بەین بەین سەرێکمان لێبدە. **~ نەمان:** ١- لێک تۆران، لە یەک گۆڕین، تێک چوونی دۆستایەتی. :: ماوەیەکە دەگەڵ یەک بەینمان نەماوە. ٢- وەلانان و تەرک کردنی شتێک کە ئالوودە بوون. :: بەینم دەگەڵ جگەرە نەماوە.

**بەینەت** (نا.)[؟][ناو: بەینەت ـ هەو: بەینەت] وەفا، پەیمان. :: ئەمن چ بکەم بۆ قاسیدێکی بە بەینەت و بە بەقا/ بینێرەوە کن چەلەنگێ ئەوێ کاولە دنیایە (پایزە ل ٣٣). هەر پاسە شادیش نییەن بەینەتەش/ بەڵ بێ بەقا بۆ سزا و مەینەتەش (مەولەوی ل ١٦٨).

**بەینەتدار** (ئان. فا)[بەینەت + دار] بەوەفا، بەئەمەگ، وەفادار، ئەمەگدار. :: وەسیەتم ئێدەن شای شەم روخساران/ بەی وە باڵینم چون بەینەتداران (وەلی دێوانە ل ٦٢).

**بەینەتداریی** (حم.)[بەینەتدار + ئیی] بە ئەمەگ بوون، وەفادار بوون، ئەمەگداریی.

**بەیە** (گیانـ.)[زا] مۆرکە. بڕ: بەی2

**بەیەکجاریی** (ئاک. ل)[بە + یەکجاریی] بۆ هەمیشە، هەتا ئەبەد، بە جارێک.

**بەیەوە** (نا. ل) بڕ: بادەوە2

**تێبینی:** بەیەوە سووک کراو و سوای وشەی بادەوە ـ یە.

**بی** [1] (گیا.)[ئەو: ڤەئێئیتی، ڤەئێتەی ـ پەھ: ڤیـیت، ڤێت. لۆر: بید ـ فار: بید ـ بیر: بێد. باک: بی ـ ناو: بی ـ باش: بی ـ زا: ڤییا] دارێکی بێبەری بە سێبەرە، پتر لە شوێنی شێدار و پەنا جۆگە و رووباران دەڕوێ، گەڵاکانی درێژ و سادەن، ماڵات چاکی دەخۆن، لقەکانی ناسکن بۆ شووڵ و سەلە و سەوەتە چنین زۆر باشە، دارەکەی بۆ کەرەسە ساز کردن باش نیە و زوو دەرزێ. ناوی لاتینی ئەم دارە Salix و توێکڵی ئەم دارە مادەیەکی بە ناوی Salicine هەیە کە بۆ نۆبەتێ و باداری کەلکی لێوەردەگرن، بیکۆڵ، ویکۆڵ.

**بی** [2] (نا.)[باک] بڕ: بێوە

**بی** [3] (نا.)[باک] بڕ: بۆن

**بیابان** (نا. ل)[پەھ: ڤیاپان، ڤیاڤان. باک: بەیابان ـ ناو: بیابان، بیاوان ـ باش: بیاوان، بیابان ـ هەو: بیابان] دەشت و سارای بێ ئاو و گیا، دەشتی چۆل و هۆل، بێڕوون. ~ **بوون:** (مجـ.) بوورانەوە. چۆل بوونی دڵ. :: دڵم لە جۆشە، دەروونم گەلێک بیابانە، ... (مان ل ٩١). سەرم دێشێ، ئەوڕۆکە دڵم زۆر لە هێش و بیابانە (لاس و خەزاڵ ل ٥٩).

**بیابانی** (ئان. ل)[بیابان + ئی] ١ـ ئەو کەسەی کە لە بیابان دەژی، سارانشین. ٢ـ کەسێک کە گوێ نەداتە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، بێتەربیەت. ٣ـ هەر گیاندارێک کە لە بیابان بژی.

**بیانک** (نا.) بڕ: بیانوو

**بیانگ** (نا.)[ئەر] بڕ: بیانوو

**بیانوو** (نا.)[پەھ: ڤەهان، ڤیهان، بەهان، ڤیهانەک، بەهانەک، بیهانەک، ڤەهانەگ، ڤەهانەک. باک: بەهانە، بافک ـ ناو: بەهانە، بیانوو، بیانگ، بیانی ـ باش: بیانگ ـ هەو: ویانە، بەهانە] ١ـ شتێک یا کەس و هۆیەک کە دێتە گۆڕێ بۆ ئەنجام نەدانی کارێک، عوزر. :: سەرئێشە بیانووی چاکە نەچیەوە سەرکار. منداڵەکەی دەکاتە بیانوو و ناچێتە ماڵی کەس. ٢ـ کەمایەسی، ئیراد. :: هێندە بیانوو لەو چێشتە مەگرە، دانیشە و بیخوە. ٣ـ پەڵپ، ئەنجەت، هەنجەت. ~ **بڕینەوە:** وڵام دانەوەی هەموو عوزر و بیانوویەک بۆ ئەنجام نەدانی کارێک. :: هەرچەند بیانووی هێناوە کە سبەی نایەین، هەموو بیانووم لێ بڕیەوە و کوتم هەر دەبێ

بێن. ~ **پێ نەمان:** بڕینەوەی بیانووی کەسێک بۆ ئەنجام نەدانی کارێک وەها کە بیانووکانی تەواو بووبن، بیانوو نەمان. ~ **پێ نەهێشتن:** بڕینەوەی بیانووی کەسێک. ~ **داتاشین:** بیانوو ساز کردن بۆ ئەنجام نەدانی کارێک، بیانوو هێنانەوە. ~ **دیتنەوە:** بیانوو ساز کردن، بیانوو هێنانەوە، بیانوو داتاشین. ~ **ساز کردن:** بیانوو دیتنەوە، بیانوو هێنانەوە. ~ **کردن:** بڕ: بیانوو هێنانەوە. ~ **گرتن:** ١ـ بیانوو هێنانەوە. ٢ـ ئیراد گرتن. ~ **نەمان:** بڕ: بیانوو پێ نەمان. ~ **هێنانەوە:** عوزر و بیانوو هێنانە گۆڕ بۆ ئەنجام نەدانی کارێک، بیانوو کردن، بیانوو داتاشین. **لە ~ بوون:** لە خۆوە و بێ هیچ بەڵگەیەک بیانوو پێگرتن. **لە بیانوویەک گەڕان:** دیتنەوەی بیانوویەک بۆ بەڕێوە نەبردن و خستنە پشت گوێی کار و مەسەلەیەک. ⁂ ئەوانە لە بیانوویەک دەگەڕێن هەتا شەرت و بەڵێنەکەی خۆیان هەڵوەشێننەوە. عەلی لە بیانوویەک دەگەڕێ هەتا دەرسەکەی نەخوێنێ. **لێ لە ~ بوون:** بیانوو گرتن لە خۆوە، بیانوو داتاشین. ⁂ دوژمن لێمان لە بیانوویە هەربینا شەڕێکی پێ فرۆشتین.

**بیانی**[1] (نا. ئان.) بڕ: بێگانە

**بیانی**[2] (نا.) بڕ: بیانوو

**بیاوان** (نا.) بڕ: بیابان

**بیبار** (گیا.)[سان: pippalī] ١ـ بەری گیایەکی ساقەت درێژ و باریکە و لە دار دەهاڵێ و لە شوێنی گەرم وەک هیندوستان دەڕوێ و هەتا سێ ساڵان بەر دەدا. بەرەکەی دەنکێکی ورد و رەشە و زۆر تیژە و بە هێشوویە، لە کوردەواری ئەم دەنکە دەهاڕن و لە چێشتی دەکەن. & بیبەر، ئیسۆت، ئیسیوەت، باجک، ئاڵات، ئاڵەت1. ٢ـ بەری گیایەکە هەر بەم ناوە کە جۆری زۆرە و لە ژێرەوە هاتوون، بیبەر، باژک. || **بیباری ترشی:** هەمان بیباری دۆڵمەیە کە بۆ ترشی کەلکی لێوەردەگرن. **بیباری دۆڵمە:** بیبارێکی گەورە و گۆشت دارە کە بە شینی تیژ نیە و بە کاڵی دەخورێ و بۆ ترشی و دۆڵمە دەکار دەکردرێ، بیباری ترشی. **بیباری سپی:** بەری دریشتی بیبارە کە لە ئاو دا دەیخووسێنن تۆکڵی سەری لا دەبەن. **بیباری سوور:** بەری گەیشتووی بیباری شینە کە ویشکی دەکەن و دەیکوتنەوە و

دە چێشت دەکردرێ. **بیبـاری شین:** ١ـ گیایەکی یەک ساڵەی دەسچێنە، ساقەت کورتە و گوڵی سپی دەکا کە لە دوایی سوور دەبێ. بیباری شین وەک سەوزی خـواردن بە شـینی دەگـەڵ چیـشت دەخـورێ، مـەیلی خـواردن پتـر دەکـا و تامـێکی تیـژی هەیە. دوای سـوور بوون ئیشکی دەکەن و دەیسوون و لە چێشتی دەکەن. **بیباری ویشک:** بیباری سووری ویشک کراو کە هەم بە ساغی دە ئاش و دۆکلـیوی دەکـەن هەمیش دەیکوتنەوە و دەچێشتی دەکەن، بیباری ئیشک. **بیباری ئیشک:** بڕ: بیباری ویشک

**تێبینی:** زێدی بیبار هیندوستان بوە و لەوێوە بۆ خـۆی و نـاوەکـەی بە دنیـا دا بڵاو بوونەوە. لە کوردیی دا مانای بیبار پتر بۆ بیباری شین بە کار دەبردرێ.

**بیبک** (نا.)[باک] بڕ: بیبیلە

**بیبل** (ئا.)[باک] بڕ: بیبیلە

**بیبن** (نا. ل)[بی ؟ + بن (بەند)][هەو] بڕ: پشتێند

**بیبۆک** (ئا.)[باک] بڕ: بیبیلە

**بیبەر** (نا.)[باک] بڕ: بیبار

**بیـبی**[1] (نا.)[تور: bibi] ١ـ خـاتوون، خـانم. ٢ـ نەنک، دایەگەورە. ٣ـ بووکۆڵەی مندالٌ. ٤ـ یەکێک لە پەڕەکانی قومار کە وێنەی ژن یا مەلەکەیەکی لە سەرە.

**بیبی**[2] (نا.)[باک] بڕ: بیبیلە

**بیبیلانک** (نا.)[باک] بڕ: بیبیلە

**بیـبـیـلە** (نا.)[تات: بەبەک. باک: بیبـیلانک، بیبی، بیبۆک، بەبەلە، بیبل، پیپک، پیبک ـ ناو: بیبیلە ـ باش: بیبیلە] کونی نێو ڕەشکێنەی چاو کە لە مرۆڤ دا سێ هەتا شەش میلیمێترە. بیبیلەی چاو بە پێی نوورێک کە وە چاو دەکەوێ کونەکەی تەنگ و گەورە دەبێتەوە.

**بیتاقە** (نا.)[؟] بڕ: بلێت

**بیتک** (نا.)[؟][باک] باپشکێو

**بیـجـاد** (نا.) ١ـ بڕ: بیـجـادە. ٢ـ (گیا.)[باک] عەنبەر، داری عەنبەر.

**بیـجـادە** (نا.)[؟] جـۆرێک یاقـووتی سـوور، ئەقیق، بیجاد. ؛؛ بە قـیـمـەت گـرانی، بیـجـادە و دوڕی / نەکـەی وەک باڵدار لە دڵم هەڵفـڕی / مـەمکت لە دوو جێ کـراسیـان دڕی (بارام و گوڵندام ل ٧٢). سم وەکــــوو یەشم و لە پەشم و تووکی پێـدا سـەرنگوون / چاو وەکـوو بیـجادە یا دوو شـەوچراغی شـوعلەڕێژ

(نالی ل ٢٢٦).

**بیجەک** (نا.)[؟] کوتە کاغەزێک کە فرۆشیار ناو و رادە و ئەندازەی کالاّ و شمەکی تێدا دەنووسێ و بۆ کڕیاری هەتا بە پێی ئەم کاغەزە کالاّکەی

ماوەیەکە بیری دایکم دەکەم. ٢ـ بڕ: لە بیر کردن. ~ **کردنەوە:** فکر کردنەوە، چوونە نێو خەیاڵ و لێکدانەوە بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەیەک، بیر لێکردنەوە. ~ **کەفتن:** بڕ: وەبیر هاتنەوە. ~ **کەوتنەوە:** بڕ: وەبیر هاتنەوە. ~ **لێکردنەوە:** بڕ: بیر کردنەوە. ~ **هاتنەوە:** بڕ: وەبیر هاتنەوە. ~ **هێنانەوە:** بڕ: وە بیر خستنەوە. **لە ~ بردنەوە:** پەرت کردنی کەسێک و لە مێشک چوونە دەری مەسەلە یا قسەکەی. ∷ هێندە چوویە نێو قسەمەوە قسەکەت لە بیر بردمەوە. **لە ~ بوون:** لە مێشک دابوون، لە بیر نەکردن، لە بیر مان. **لە ~ چوون:** بڕ: لە بیر کردن. **لە ~ چوونەوە:** لە بیر کردنی شت یا مەسەلەیەک بە یەکجاری. **لە ~ کردن:** لە بیر چوونەوە مەسەلەیەک، لە بیر چوون، بیر چوونەوە. **لە ~ مان:** بڕ: لە بیر بوون. **وە ~ خستنەوە:** هێنانەوە بیری مەسەلەیەک کە کەسێک لە بیری کردبێ، بیر خستنەوە، بیر هێنانەوە، وەبیر هێنانەوە. **وە ~ هاتنەوە:** هاتنەوە نێو مێشکی شتێکی لە بیر کراو، بیر کەوتنەوە، بیر هاتنەوە، بیر کەفتن. **وە ~ هێنانەوە:** بڕ: وەبیر

خستنەوە.

**بیر**[2] (نا.)[عەر: بئر] چاڵێکی قوڵ کە بۆ گەیشتن بە ئاو هەڵیدەکەنن، چاڵاو.

**بیـــراز** (نا.)[؟] ١ـ گــرنی کــردنی بەرداش. ٢ـ زەوی لێک و لووس کراو بۆ چاندن. **~ کـردن:** ١ـ تیـژ کـردنەوە و گـڕنی گـڕنی کـردنی بەرداش. بەرداش دوای قـەدەرێک کار دەسوێ و دان جوان ناهاڕێ، لەبەر ئەوە هەرچەند جارێک بە قـەڵەم گڕنی گڕنی دەکەنەوە هەتا دان بە وردی بهــــاڕێ، ئاردی بەرداشـی تـازە بیـــراز کـــراو هـەندێک وردە و بـەردی تێـــدادەبێ. ٢ـ ڕێک کـــردنی زەوی بـۆ چانـدن. & بیـرازتن. ٣ـ (کنـ.) دارکـاری کردن و لێدان.

**بیرازتن** (چا. م)[لە: بیراز] بڕ: بیراز کردن/١ و ٢.

**بیراو** (نا. ل)[بیر2 + ئاو] بیرێک کە گەیشتۆتە ئاو و ئاوی هەیە، چاڵاو.

**بیـربزوێن** (ئان. فـا)[بیـر1 + بزوێن] هـەر کـار و ڕووداو و دیمەن و شـتێک کە مێشکی ئینسـان ببزوێنێ و کاری تێکا و بیـــری لێــبکاتـەوە. ‌:: بەهـار وەرزێکی بیربزوێنە بە تایبەت بۆ شاعیر.

**بیـــربڵاو** (ئان. ل)[بیـــر1 + بڵاو] کەسێک کە بیر و مێشکی بە تەواوی لە سەر خۆ نیە و شت زوو لە بیر دەکا.

**بیـــربڵاویی** (حم.)[بیـــربڵاو + ئی] کردەوەی کەسی بیربڵاو.

**بیـرتەسک** (ئان. ل)[بیـر1 + تەسک] بڕ: بیرکورت

**بیرتەسکیی** (حم.)[بیـرتەسک + ئی] بڕ: بیرکورتیی

**بیــرکــورت** (ئان. ل)[بیـر1 + بڵاو] کـەسـێک کـە ڕێز بۆ بیـر و بـاوەڕی دیکە دانـانـێ و مــــەیدانـی بیـنـین و ڕوانـگـەی فرەوان نیـە، کەڵلەوشک، مێـشک وشک، بیرتەسک.

**بیـرکـورتیی** (حم.)[بیـرکـورت + ئی] کـردەوەی کـەسـی بیـرکورت، بیـرتـەسکیی، کەڵلەوشکیی.

**بیــــرمـــشـک** (نـا.)[بیـــر (بی1) + مشک2] ١ـ (گیا) چەشنە دارەبییەکە کە گـوڵی بۆنـخـۆش دەگـرێ و بـۆ ئارەق2 و شـەربـەت کـەلکی لێـوەردەگـرن، Salix aegyptiaca ناوی لاتینـی ئەم دارەیە، بیمشک. ٢ـ جۆرێک شیرنی وردی ڕەنگ سپی کە لە ئارەقی ئەم گوڵە بۆ تامـەکەی کەلک وەردەگرن، نوقڵ.

**بیروهۆش** (نا. ل)[بیر1 + و + هۆش] بڕ: بیـرەخـەو. **دە ~ راچوون:** بڕ: دە بیرەخەو راچوون.

**بیرۆ** (نا.)[باک: بیرۆڤ، بیرۆڤە ـ ناو: بیرۆ] نەخۆشییەکی پێستە، پێست لەش سوور دەبێتەوە و دەماسێ و بلۆقی ورد دەردەدا کە زۆر دەخورێ. وشک و تەڕی هەیە، هۆیەکەی شێوانی دەلاوی لوویەکانی لەش یا ئالێرژی توند بە شتێکە. (فەر: Eczema)

**بیرۆڤ** (نا.)[باک] بڕ: بیرۆ

**بیرۆڤە** (نا.)[باک] بڕ: بیرۆ

**بیرۆکە** (نا. ل)[بیر + ئۆکە] بنەما و بنەڕەتی بیر و مەسەلەیەک. ⁂ بیرۆکەی زۆربەی چیرۆکەکانم فۆلکلۆرن.

**بیرە** (نا.)[تور: bira لە هولەندیی] بڕ: ئاوجۆ

**بیرەبیرە** (ئان. ل)[بیر1 + ئە + بیر1 + ئە] حاڵی کەسێک کە هەردەم لە سەر بیر و بڕوایەکە، وازوازی.

**بیرەخەو** (نا. ل)[بیر1 + ئە + خەو] خەوێکی سووک کە مرۆڤ بە تەواوی ئاگای لە خۆی نابڕێ، بیروهۆش، بیرەهۆش. **دە ~ راچوون:** خەوتنێکی سووک، بۆرژان، دەبیرەهۆشەوە چوون، دە بیروهۆش راچوون، دە بیرەهۆش راچوون.

**بیرەوەری** (نا. ل)[بیر1 + ئە + وەر + ئی] ١ـ ئەو یاد و بەسەرهاتانەی ژیان کە زەمانی بە سەر داهاتوە و لە بیر ماون. ⁂ جا خۆ من بە بیرەوەری خۆم لە دوام دەڕۆیشت سێسەت پیادە و سوارە/ ئەلعان مردن بۆ من گەلێک خۆشترە لەو ژیانە و لەو رەفتارە (سەعید و میرسێوەدین ل ٤). ٢ـ یاد و بیرێک کە کۆمەڵێک خەڵک لە کەسی مردووی دەکەن.

**بیرەهۆش** (نا. ل)[بیر1 + ئە + هۆش] بڕ: بیرەخەو. **دە ~ راچوون:** بڕ: دەبیرەخەو راچوون. **دە بیرەهۆشەوە چوون:** بڕ: دە بیرەخەو راچوون.

**بیزا** (گیا.)[؟] ١ـ گیایەکی بۆنخۆشی خۆرسکی کوێستانییە، پتر لە موکریان ناوبانگی هەیە و بۆ ترشیات و بۆ نێو شیرێژ کەلکی لێوەردەگرن. ٢ـ (مجـ.) باڵای یار و گراوی.

**بیزەر** (گیا.)[بی1 + زەر][باک] بڕ: شۆڕەبی

**بیژ** (ئان.)[پەھ: ڤێچ. باک: بیژی، پیچ،

پینج ـ ناو: بیــژوو، بیــژی ـ زا: بینج، پینج] بڕ: بیژوو

**تێبینی:** ئەم وشەیە بە تەنیا نەماوە و بە شـێــوەی تێکەڵاو کــە خــوارەوە نووسـراون دێ و دەگـەڵ ڤـێج لە زمـانی پەهلەویی دا بە مـانای تۆو، رەچەڵەک و رەگــەز هـەر یەک ریشــەیان هـەیە بەو جیـاوازییــە کـە بیـژ یا بیـژوو بە تۆو و رەگەزی خراپ و حەرام دەکوترێ.

**بیـژک** (ئان. ل)[بیـژ + ک][باک] بڕ: بیژۆک/٢.

**بیــژۆک** (ئان. ل)[بیــژ + ئۆک] ١ـ حـەیوانێک کـە زووتر لـە کـاتی ئاسـایی خـۆی بزێ. ٢ـ دانەوێڵـەیەک کـە درەنگ بکوڵێ، بیژک. ٣ـ قامکی زێدەی دەست، قامکی شەشەم.

**بیــــژوو** (ئان. ل)[بیــژ + ئوو] ١ـ منداڵێک کە باوکی دیار نەبێ کێیە. ٢ـ (مجـ.) بێشـەرم، بێحـەیا، زۆڵ، زووڵ. & حەرامزادە، بیژ، بیژی.

**بیژی** (ئان. ل)[بیژ + ئی][باک ـ سۆر] بڕ: بیژوو

**بیس**[1] (ر.) لە چاوگــەی بیـــستن دەکــەوێ و بە ناوەوە دەلکێ و مـــانای بیسەر دەدا، بیست1 ؛؛ گوێ بیس

**بیس**[2] (ژ.)[هەو ـ ئەر] بڕ: بیست2

**بیـــست**[1] (ر.) بڕ: بیس1. ؛؛ گـوێ بیست.

**بیست**[2] (ژ.)[هیک: ڤیمسەتی ـ ئێک: ڤییسەتی ـ ئەو: ڤیسەئیتی ـ پار: ویست ـ خوت: بیسـتا ـ پەهـ: بیست، ڤیست. تات: ڤیست ـ فار: بیست. باک: بیست ـ نـاو: بیـــست، بیس ـ باش: بیس ـ هـەو: ویس، بیس ـ زا: ڤـیـست، ڤـیـشت] ١ـ ژمــارەی ٢٠، ژمــارەی دوای نۆزدە، دوو دە. ٢ـ نمرەی یەکــــەم و هـەرەباش لە ئیمتەحان و تاقی کردنەوە دا.

**بیستان** (نا. ل)[بی3 + ستان][باک] بڕ: بێستان

**بیــــستـــراو** (نا. مفـ.)[لە: بیـستن] مـەسـەلە و باسێک کە گەیشتبێـە گوێ، بیـسـراو. ؛؛ لە هیـچ کـوێ نەدیتـراوە و نەبیستراوە.

**بیستن** (چا. م)[باک: بیستن، بهیستن ـ ناو: بیستن، بیسن] ١ـ هەست بە دەنگ کردن لە رێگەی گوێچکەوە، گوێ لێبوون، ژنەوتن، شنەفتن، ئەژنیــەی، ژنەفتن. ٢ـ خـــــــەبـەر دار بـوون لـە هــەواڵ یا

مەسەلەیەک. ⁘ بیستوومە کاکت ژنێ دێنێ.

**بیستنەوە** (چا. م)[لە: بیستن] ١ـ پێ گەیشتنەوەی قسە و باسێک بە یەکێک کە باسی کراوە، پێ گەیشتنەوە. ⁘ نەبیسمەوە جارێکی دیکە شەڕ بکەی ٢ـ گوێ لێبوونەوە، لە سەر ڕا بیستن.

**بیست و چوار ساعەتە** (ئاک. ل) [بیست2 + و + چوار + ساعەت + ئە] ١ـ ماوەی یەک و شەو و یەک ڕۆژ پێکەوە کە بیست و چوار ساعەت دەکا، شەو و ڕۆژ. ⁘ هەندێک دوکانی نێو شار بیست و چوار ساعەتە ئاوەڵەن. ٢ـ (مجـ.) هەمیشە، دایم. ⁘ بیست و چوار ساعەتە خەریکی دەرس خوێندنە.

**بیستووم** (ژ.)[بیست2 + ئووم] بڕ: بیستەم

**بیستوومی** (ئان.)[بیستووم + ئی] بڕ: بیستەمی

**بیستوومین** (ئان.)[بیستووم + ئین] بڕ: بیستەمین

**بیستەم** (ژ.)[بیست2 + ئەم] هەرچی کە لە پلە و ریزی بیست دابێ، بیستووم.

**بیستەمی** (ئان.)[بیستەم + ئی] ئەوەی کە لە پلە و ریزی بیست دابێ، بیستوومی.

**بیستەمین** (ئان.)[بیستەم + ئین] ئەوەی کە لە پلە و ریزی بیست دابێ، بیستوومین.

**بیسراو** (نا. مف.)[لە: بیسن] بڕ: بیستراوە

**بیسکویت** (نا.)[فەر: biscuit] جۆرێک نان شیرینی وشک و سووکە.

**بیسن** (چا. م)[ئەر] بڕ: بیستن

**بیسەر** (نا. فا)[لە: بیستن] کەسێک کە گوێی لە دەنگ یا قسەیەک ڕاگرتوە، گوێگر، گۆهدار، گوێدێر.

**بیش** (گیا.)[پەه: بێش] گیایەکی خۆڕسکی چەند ساڵەیە، هەتا گەز و نیوێک بەرز دەبێتەوە، گەڵاکانی گڕنی گڕنین، گوڵەکانی شین و شێوەی گوڵە مەیموونە دەدەن، بنەکەی ڕەق و پتەوە، گیایەکی سەمییە و خواردنەکە مرۆڤ دەکووژێ، Aconitum napellus ناوی لاتینی ئەم گیایەیە.

**بیشەنگ** (گیا.)[بی1 + شەنگ][باک] بڕ: شۆڕەبی

**بیشی** (نا.)[باک] بڕ: بێشە

**بیڤل** (ئا.)[؟][باک: بیڤل، بێڤل] بڕ: کەپۆ

**بیق** (نا.)[قوچ] بڕ: نایە

**تێبینی:** بۆ ریشەی بیق بڕ: پیک1 و بۆق7

**بیک** (نا.)[باش] بڕ: پیک1

**بیکار** (نا.)[باک] ئامرازی دارتاشینی نەجار، رەندە. (هس: مەکارە)

**بیکۆڵ** (گیا.)[بی1 + کۆڵ][هەو] بڕ: بی1

**بیگودی** (نا.)[فەر: ؟] لوولەیەکی چووکی پلاستیکیی (کژانزا یا سیم) کە ژنان بۆ لوول دانی پرچیان کەلکی لێوەردەگرن.

**بیلاتەژبی** (شر.)[عەر: بلاتشبیە] وشەیەکی سەرزارە لە کاتی باس کردنی کردەوە و رەفتارێکی نارەوا. ៖ بیلاتەژبی خەڵکی ئەورۆکە نازانن چاکە یانی چی.

**بیلامانێ** (شر.)[عەر: بلامعنا] وشەیەکی سەرزارە کە لە کاتی دەربڕینی قسەیەک کە هەندێک بۆنی بێ ئەدەبی لێبێ دەردەبڕدرێ. ៖ کابرا هەر پێی عەیب نەبوو، بیلامانێ دەرپێکەی داکەند لە بەر چاوی ئەو خەڵکە هەڵمیزت.

**بیمار** (نا.)[پەه: ڤێمار، ڤیمار] ١ـ نەخۆش، ناساز، بێمار. ٢ـ (مجـ.) چاوی بە خومار ៖ بە مەرگی من بە رەمزێکی بڵێ بەو چاوە حاڵیم کا / ئەتۆ نازدار و بیماری ئەمن بۆچ زار و بێحاڵم (وەفایی ل ٦١). دڵ بۆیە خۆشی دێ لە نەخۆشی پڕ بە دڵ/ بیمارە چاوی یار و خۆشی دێ لە دەرد و دا (مەحوی ل ٦).

**بیمارستان** (نا. ل)[بیمار + ستان] شوێنێک کە نەخۆش لێی دەکەوێ و دەرمان دەکردرێ، نەخۆشخانە، خەستەخانە.

**بیمشک** (گیا.)[بی1 + مشک2] بڕ: بیرمشک

**بیمە** (نا.)[هند: بیما (زەمانەت)] پەیمان و بەڵێن نامەیەک دە نێوان کەسێک و یانەیەک کە کەسێک گیان، ماڵ و منداڵ و کەرەسەی خۆی بە دانی پارەیەکی مانگانە لە دەست قەزا و بەڵا، بەم یانەیە دەسپێرێ و هەر کات زەرەزێکی وێکەوت پارەی زەرەرەکە وەردەگرێتەوە، سیگۆرتە. **~ بوون:** ئەندامی یانەی بیمە بوون. **~ کردن:**

بەستنی پەیمان و قەرار دەگەڵ یانەی بیمە بۆ کارەسات و پێشهاتی چاوەڕوان نەکراو.

**بین**[1] (نا.)[پەه: ڤێن. بەل: گیین. باک: بین، بێهن، بیهن، بهن. ناو: بین، بینگ] ١ـ هەناسە. ٢ـ گەروو، قورگ، ئەوک. ~ **خواردنەوە:** هەناسە هەڵکێشان و دە سینگ دا ڕاگرتنی لە کاتی لێدانی ئامێری مۆسیقای وەک شمشاڵ و تووزەلە. ~ **پێوە نان:** دم پێوە نان و یەک پشوو خواردنەوەی ئاوەکی. ⁘ بۆ کەسێکە مەی چزیلکی پێوە نێ / بۆچی ملهوڕ لێرە بینی پێوە نێ (ناڵەی جودایی ل ١٢). ~ **ڕاگرتن:** هەناسە لە سینگ دا ڕاگرتن، پشوو نەدانە دەر. ~ **کێشان:** هەناسە دە سینگ دا ڕاگرتن کاتی خۆم قووم کردن و چوونە بن ئاو. ~ **گرتن:** دەست دە ئەوکی کەسێک نان، ئەوکی کەسێک گرتن. بینی کابرای گرتبوو و دەیەویست بیخنکێنێ.

**تێبینی:** ڤەئێنا لە ئەوێستا دا بە مانای کەپۆ هاتوە و کەپۆش ئەندامی هەناسە یا بین هەڵکێشانە هەروەکی هەناسە و nase لە ئاڵمانی و زمانەکانی دیکەی ئوورووپایی بە هەندێک ئاڵوگۆڕییەوە کە بە مانای کەپۆیە. هەروەها ڤێن لە پەهلەویی دا بە مانای هەناسە و بین و ڤێنییک بە مانای کەپۆ هاتوون و لە فارسیش دا بینی مانای کەپۆی هەیە.

**بین**[2] (ڕ.)[پەه: ڤێن] ١ـ ڕەگی بینین. ٢ـ بە وشەوە دەلکێ و ناوی فاعلی ساز دەکا. ⁘ دووربین، تیژبین، وردبین.

**بین**[3] (نا.)[باک] بڕ: بۆن

**بینا**[1] (ئان. فا.)[لە: بینین][پەه: ڤێناک] ١ـ کەسێک کە ببینێ و چاوەکانی ساغ بن. // کوێر. ٢ـ کەسێک کە چی لە بەر چاو ون نابێ و هەموو شت دەبینێ، وردبین، تیژبین. ٣ـ ئاگادار، وریا. ٤ـ دە گەڵ (هەر، هە، ها) دێ و مانای دیتت دەدا، لەپڕ، لەنەکاو. ⁘ هابینا سبەی مردین. هەربینا لە سەفەر هاتەوە.

**بینا**[2] (نا. ل)[بن + یا] بڕ: بنیات. **بینا نان:** بڕ: بنیات نان.

**بیناو** (نا.)[پەه: ڤێناپ] دیمەنی خەیاڵی، دیمەنێکی خەیاڵی کە لە بێداری و بەئاگایی دا دەبیندرێ. (عالم مکاشفه)

**تێبینی:** ئەم وشەیە تەنیا فەرهەنگی مەردووخ بەخۆیەوە گرتوە (ب ١ ل ٢٣٧).

**بیناهی** (حم.)[باک] بڕ: بینایی || **بیناهی چاو:** بڕ: بینایی چاوان. ∷ قەسەم بە وەی کەم ئەگەر بیناهی چاوە / هەتا زیندووم و رووح لە سەر یەخەی کراسم ماوە / ئەمن دەست هەڵناگرم لەو مژانگەی ئەگەر دەڵێی تیرە و لە کەوانت ناوە (شۆڕ مەحموود ل ٧٠)

**بینایی** (حم.)[پەهـ: ڤێناکییەهـ][بینا + ئی] ١ـ یەکێک لە هەستەکانی مرۆڤ کە ناوندەکەی چاوە و پێی دەبینێ، هێزی چاو، سۆما، سۆمایی، سۆ، بیناهی. ٢ـ (نا.) چاو، دیدە. || **بینایی چاو:** بڕ: بینایی چاوان. ***بینایی چاو رژان:** کوێر بوون، سۆمایی چاو نەمان. **بینایی چاوان:** ١ـ سۆمای چاو، نووری دیدە. ٢ـ (کنـ.) خودا ∷ بە قوربانت دەبم بینایی چاوان/ قوبووڵی بۆ دەکەی تۆ سووچ و تاوان (ناڵەی جودایی ل ٨٦). ٣ـ (کنـ.) گراوی زۆر خۆشەویست. ∷ ئامان، هەی ئازیز بینایی چاوان/ گلەم هەن جە تۆ خەیلێ فراوان (مەولەوی ل ١٦). & بیناهی چاو، بینایی چاو.

**بینج** (ئان.)[زا] بڕ: بیژوو

**بینگ** (نا.)[ئەر] بڕ: بین1

**بینە** (نا. ل)[بین1 + ئە] هەناسە.

**~ کێشان:** ١ـ لە بن ئاو پشوو راگرتن و مەلە کردن. ٢ـ (کنـ.) خۆ دزینەوە، خۆ ون کردن. & بینە لێدان. **~ لێدان:** بڕ: بینە کێشان.

**بینەر** (نا. فا)[لە: بینین] کەسێک کە شاهیدی دیتنی شتێکە، تەماشاچی.

**بینەقاقا** (ئا.)[بینە + قاقا] لوولەی نێو مل کە هەوای پێدا دەچێتە نێو سییەکان، قورگ، گەروو، بینەقاقە. ∷ دەستی دە بینەقاقای نابوو بەتەمابوو بیخنکێنێ.

**بینەقاقە** (ئا.)[بینە + قاقە] بڕ: بینەقاقا

**بینەکێش** (ئان. فا)[بینە + کێش][لە: بینە کێشان] کەسێک کە لە بن ئاو بینی خۆی باش رادەگرێ و مەودایەکی زۆر دەبڕێ. ∷ کەریم بینەکێشێکی چاکە ئەم سەر ئەو سەری چۆم دەڕوا.

**بینین** (چا. م)[هیک: ڤێنەتی ـ ئەو: ڤەئێنە ـ هەخ: ڤەئینە. ناو: بینین ـ هەو: وینای ـ زا: ڤینایش] ١ـ هاتنە بەر چاو، دیتن. ٢ـ سەیر کردن، چاو لێکردن. ٣ـ چاو پێکەوتن. ∷ لە شوێنێک عەلیم بینی و گەلێکمان دەردی دڵ پێکەوە کرد. ٤ـ سەر دان.

**بینینەوە** (چا. م)[لە: بینین] ١ـ لە سەررا دیتن، دیتنەوە. ٢ـ دۆزینەوەی شت یا کەسی ونبوو، دیتنەوە.

**بیور** (نا.) بڕ: تەور

**بیۆشیمی** (نا.)[فەر: biochimie] لێکوڵینەوە و لێکدانەوەی ئەندامەکانی گیانلەبەران لە باری شیمییەوە.

**بیۆک** (گیا.)[باک] بڕ: بەی1

**بیۆگراف** (نا.)[فەر: biographe] کەسێک کە چلۆنایەتی ژیان و بەسەرهاتی کەسی دیکە دەنووسێ، بەسەرهاتنووس.

**بیۆگرافی** (نا.)[فەر: biographie] بەسەرهاتنووسیی، کاری بیۆگراف.

**بیۆلۆژی** (نا.)[فەر: biologie] زانست و عیلمێک کە لە گیانداران دەکۆڵێتەوە.

**بیهر** (نا.)[باک] بڕ: بیر1

**بیهن**1 (نا.)[باک] بڕ: بین1

**بیهن**2 (نا.)[باک] بڕ: بۆن

**بی هەنجیر** (نا. ل)[بی1 + هەنجیر] بڕ: گەرچەک

**بیهنشک** (نا.)[باک] بڕ: باوێشک

**بێ**1 (نا.) ناوی دووهەم پیتی ئەلفوبێی کوردیی.

**بێ**2 (ئەمر)[ئەر] ئەمرە لە هاتن، وەرە، بەو. ⁘ بێ بۆ ئێرە!

**تێبینی:** بێ ( ب + ئێ) لە چاوگی ئەی ay ئەوێستایی و هەخامەنشی بە مانای رۆیشتن کەوتوە و لە گەردانی کاریش دا خۆ دەنوێنێ وەک بێم (ب + ئێ + م)، دەبێ (دە + بێ)

**بێ**3 (نا.) بڕ: بەی

**بێ**4 (پێش.)[پەه: بێ، ئەبێ، ئەپێ، ئەڤی، ئەڤێ. باک: بێ ـ ناو: بێ، بەبێ ـ هەو: بێ ـ زا: بێ، بیە] ١ـ نەبوون و بێخاوەنی دەگەیەنێ و لە پێش ناو دێ و ئاوەڵناو بە مانای نەبوون ساز دەکا. ٢ـ بەر لە هەندێک ناو دێ و ئاوەڵکردار ساز دەکا. ⁘ بێشک، بێ یەک و دوو. ٣ـ پێش چاوگ دێ و مانای نەبوون و نا دەدا بە کار. ⁘ بێبڕانەوە، بێ خواردن و خواردنەوە. ٤ـ رەدی کار و کردەوەیەک دەکا. ⁘ پێکەوە دادەنیشین بەڵام خەو بێ خەو هیچۆش ناخۆین نان بێ نان.

**بێ ئابڕوو** (ئان. ل)[بێ4 + ئابڕوو] کەسێک کە ریسوا کراوە، ئابڕوو براو، بێشەرم، بێ ئاوڕوو. ~ **بوون:** ریسوا

بوون، ئابڕوو نەمان. ~ **کردن:** ریسوا کردن، ئابڕووی کەسێک نەهێشتن.

**بێ ئابڕوویی** (حم.)[بێ ئابڕوو + ئی] کار و ئاکاری بێ ئابڕوو، بێشەرمی.

**بێ ئارام** (ئان. ل)[بێ4 + ئارام] کەسێک کە حەجمینی نیە، نا ئارام، دانەسەکناو، بە جووڵە، بێقەرار.

**بێ ئاقڵ** (ئان. ل)[بێ4 + ئاقڵ] بێمێشک، گەوج، گێژ، شێت، نەفام، بێ ئاوەز. ~ **بوون:** ١ـ گەوج بوون، شێت بوون، نەفام بوون. ٢ـ تێنەگەیشتن، حاڵی نەبوون. **خۆ ~ کردن:** کاری گەوجانە کردن، خۆ گەوج کردن.

**بێ ئاقڵانە** (ئاک. ل)[بێ ئاقڵ + ئانە] کار و کردەوەی لە بەر بێ ئاقڵی و نەفامی، نەفامانە، گەوجانە. :: ئەوەی تۆ کردت کارێکی زۆر بێ ئاقڵانە و نەفامانە بوو.

**بێ ئاقڵێتی** (حم.)[بێ ئاقڵ + ئێتی] کاری نائاسایی کردن، کردەوەیەک کە لە ئاقڵ نەوەشێتەوە، بێ ئاقڵی. ~ **کردن:** کاری نائاقڵانە کردن، کاری لە ئاقڵ بە دوور ئەنجام دان، بێ ئاقڵیی کردن.

**بێ ئاقڵیی** (حم.)[بێ ئاقڵ + ئیی] بڕ: بێ ئاقڵێتی. ~ **کردن:** بڕ: بێ ئاقڵێتی کردن.

**بێ ئاکار** (ئان. ل)[بێ4 + ئاکار] کەسێک کە ئاکار و کردەوە و ئەخلاقی باش نەبێ، ئاکار خراپ.

**بێ ئاگا** (ئان. ل)[بێ4 + ئاگا] بێهەواڵ، بێخەبەر، نائاگا. ~ **بوون:** خەبەردار نەبوون، ئاگادار نەبوون. ~ **کردن:** خەبەر نەناردن و خەبەردار نەکردن.

**بێ ئاگایی** (حم.)[بێ ئاگا + یی] بێخەبەریی، بێهەواڵیی، نائاگایی. **دە ~ دا بوون:** دە بێخەبەریی دابوون، نائاگا بوون، بێ ئاگا بوون.

**بێ ئاوڕوو** (ئان. ل)[بێ4 + ئاوڕوو] [ئەر] بڕ: بێ ئابڕوو

**بێ ئاوەز** (ئان. ل)[بێ4 + ئاوەز] بڕ: بێ ئاقڵ.

**بێباب** (ئان. ل)[بێ4 + باب1] ١ـ کەسێک کە باوکی مردبێ. ٢ـ سەغیر، هەتیو. ٣ـ زۆڵ، بیژوو. & بێباوک

**بێبارە** (ئان. ل)[بێ4 + بارە3] بێبەش، بێبەری.

**بێباک** (ئان. ل)[بێ4 + باک] حاڵی

کەسی نەترس، بوێر. ~ **بوون:** نەترسان، وێران.

**بێباکانە** (ئاک. ل)[بێباک + ئانە] ئەنجام دانی کارێک لەبەر نەترسی، بە بێباکی، دلێرانە، بوێرانە.

**بێباکیی** (حم.)[بێباک + ئیی] نەترسیی، بوێریی.

**بێباوک** (ئان. ل)[بێ4 + باوک] بڕ: بێباب

**بێبژار** (ئان. ل)[بێ4 + بژار] ١ـ حاڵی زەوی و بێستانێک کە گژ و گیای زێدەی تێدا نەبێ. زەوییەک کە پێویستی بە گیابژار نەبێ. ٢ـ بڕ: بێژمار

**بێبن** (ئان. ل)[بێ4 + بن] ١ـ حاڵی هەرشتێکی قوڵ کە دوایی و ژێری نەبێ. :: دەریای بێبن، چاڵاوی بێبن. ٢ـ کچێکی بەر لە زەماوەند پەردەی کچێنی نەمابێ، بن پڕاو. ~ **بوون:** کیژێک کە پەردە و کچێنی هەڵگیراوە. ~ **کردن:** بن هەڵگرتنی کیژێک لە لایەن پیاو بەر لەوەی زەماوەندی کردبێ.

**بێبۆ** (ئان. ل)[بێ4 + بۆ] بڕ: بێبۆن

**بێبۆن** (ئان. ل)[بێ4 + بۆن] هەر شتێکی بۆی لێ نەبێتەوە، بێبۆ. // بۆندار.

**بێبەخت** (ئان. ل)[بێ4 + بەخت] کەسێک بەخت هاوڕێی نەبێ، چارەڕەش، کلۆڵ.

**بێبەختیی** (حم.)[بێبەخت + ئیی] چارەڕەشیی، کلۆڵیی

**بێبەر** (ئان. ل)[بێ4 + بەر1] ١ـ دار و درەختێک کە بەر نەگرن. ٢ـ ماینێک کە نەزێ، ماینی نەزۆک.

**بێبەرگ** (ئان. ل)[بێ4 + بەرگ] ١ـ رووت، بەبێ جل. ٢ ـ هەژار، فەقیر، نەدار.

**بێبەرگیی** (حم.)[بێبەرگ + ئیی] ١ـ رووتیی، بێجلیی. ٢ـ هەژاریی، نەداریی. :: هەرچەندە کە رووتم، بە خودا مائیلی رووتم/ بێبەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە (نالی ل ٥٣٤).

**بێبەرەکەت** (ئان. ل)[بێ4 + بەر] ١ـ بێپیت و بەرەکەت، بێڕزق و رۆزی. ٢ـ بێقازانج، بێسوود.

**بێبەری** (ئان. ل)[بێ4 + بەری (بەهر)] کەسێک کە بەشی پێ نەبڕدرێ، بەش پێنەبڕاو، بێبەش، بێبارە، بێوەری. ~ **بوون:** ١ـ بێبەش بوون. :: قامەتی

تۆ کە گوڵ و بەی بەری بێ، بێبەری بێ / بۆچ دەڵێن ئیدی سنەوبەر بەری بێ، بێبەرییە (وەفایی ل ١٦٢). ٢ـ نەبوون. :: لە پیاوەتی بێبەرییە. **~ کردن:** بێبەش کردن، بەش برین. :: باوکم منداڵەکانی لە میرات بێبەری کرد.

**بێبەزە** (ئان. ل)[بێ4 + بەزە] کەسێک کە بەزە و رەحمی نەبێ، بێڕەحم، دڵڕەق.

**بێبەزەیی** (حم.)[بێبەزە + یی] کردەوەی کەسی بێبەزە، بێڕەحمیی.

**بێبەش** (ئان. ل)[بێ4 + بەش] بڕ: بێبەریی. **~ بوون:** بڕ: بێبەریی بوون. **~ کردن:** بڕ: بێبەریی کردن.

**بێبەینەت** (ئان. ل)[بێ4 + بەینەت] بکەسێک کە شەرت و پەیمانی نەباتە سەر، بێوەفا.

**بێبیر** (ئان. ل)[بێ4 + بیر] کەسێک کە هۆش و بیری لە سەرخۆ نیە، بێفیکر، بێهۆش.

**بێپایان** (ئان. ل)[بێ4 + پایان] هەرچی کە پایان و نەهایەتی نەبێ، بێنەهایەت، بێ کۆتایی و دوایی. :: ئاخر سەفەرن، را خەیلێ دوورەن/ مەنزڵ بێپایان تۆشە زەروورەن (مەولەوی ل ٦). **~ بوون:** نەهایەت و کۆتایی نەبوون.

**بێپاوپەل** (ئان. ل)[بێ4 + پا + و + پەل] بڕ: بێدەست و پێ :: نە پێیەک هەڵگرێ شوێنی، نە دەستێ گەییە داوێنی / خودا دەرحەق بە ئەحواڵی منی بێ پاوپەل، چارێ (مەحوی ل ٣٠٠).

**بێپەردە** (ئاک. ل)[بێ4 + پەردە] قسەی و کردەوە و ئاکارێک بە راشکاوی و بە بێنهێنی و شاردنەوەیەک. بێپەردە قسەکانت بکە و لە کەس مەترسێ!

**بێپەنا** (ئان. ل)[بێ4 + پەنا] ١ـ کەسێک کە شوێنێکی بۆ ژیان نەبێ، بێ ئەنوا. ٢ـ کەسێک کە خەڵک وەخۆی ناگرن، بێکەس.

**بێپەنایی** (حم.)[بێپەنا + یی] ١ـ بێ ئەنوایی. ٢ـ بێکەسیی.

**بێپەی** (ئان. ل)[بێ4 + پەی] ئاوی زۆر قووڵ و بێبن.

**بێتاقەت** (ئان. ل)[بێ4 + تاقەت] ١ـ بێهێز، بێقەوەت. ٢ـ بێواز، ماندوو، بێحەوسەلە، وەڕەز. **~ بوون:** ١ـ بێهێز بوون، قەوەت نەبوون. ٢ـ بێواز بوون، حەوسەلە نەبوون. ٣ـ حەجمین لێبڕان، بێ ئۆقرە بوون. **~ کردن:** ١ـ لە هێز و قەوەت خستن. ٢ـ بێواز کردن، وەڕەز

کردن، حەوسەلەی کەسێک بردن.

**بێتاقەتیی** (حم.)[بێتاقەت + ئی] ١- بێهێیزی. ٢- بێوازیی، بێحەوسەلەیی، وەڕەزیی. ~ **کردن:** ئارەزوو و وەڕەزیی کردن بۆ کەسێک، شوێنێک، یا شتێک.

**بێتام** (ئان. ل)[بێ4 + تام] ١- چێشتی کەم ڕۆن و بێ ئاڵەت کە چێژی خۆش نەبێ.// بەتام. ٢- قسەی پڕ و پووچ و قۆڕ. ~ **بوون:** ١- بێ تام و چێژ بوونی خۆراک، ناخۆش بوونی چێشت. ٢- قۆڕ و پووچ بوونی قسە و کردار. **خۆ ~ کردن:** خۆ ناحەز کردن، خۆ لە بەرچاو خستن.

**بێتاوان** (ئان. ل)[بێ4 + تاوان] کەسی بێسووچ و بێگوناه.// تاوانبار. ~ **بوون:** بێگوناه بوون، بێسووچ بوون.

**بێتاوانیی** (حم.)[بێتاوان + ئی] تاوانبار نەبوون، بێسووچیی، بێگوناهیی.

**بێتر** (ئان.)[باک] بڕ: پتر

**بێتوان** (ئان. ل)[بێ4 + توان] بێهێز، بێتاقەت، ناتوان.

**بێتۆن** (نا.)[فەر: beton] تێکەڵاوێکە لە سمیت و ڕەڵم و خیز کە بۆ پتەو بوونی بناغەی ماڵ و پرد و شوێنی دیکە بە کاری دەبەن.

**بێتۆن ئارمە** (نا.)[فەر: beton arme] بێتۆنێکە کە میلەی ئاسنیان دە نێو ناوە هەتا پتەوتر و قایمتر بێ.

**بێتووک** (ئان. ل)[بێ4 + تووک] فەقیر، هەژار، نەدار.

**بێتووکیی** (حم.)[بێتووک + ئیی] نەداریی، هەژاریی. ∷ بێتووکی جیفەخواری و گورگین و بێوجوود/ لەم ئاو و خاکە زاهیر و باتین موکەدەرە (نالی ل ٤٢٠).

**بێتەربیەت** (ئان. ل)[بێ4 + تەربیەت] کەسێک کە تەربیەتێکی باشی نەبووبێ و خراپ بار هاتبێ، نەعاملاو، بێ ئەدەب. ~ **بوون:** خراپ بار هاتن، نەعاملان. ~ **کردن:** خراپ بارهێنانی منداڵ، خراپ عاملاندن.

**بێتەربیەتیی** (حم.)[بێتەربیەت + ئیی] کار و ئاکاری کەسی بێتەربیەت، نەعاملاویی. ~ **کردن:** ئەنجام دانی کار و کردەوەیەک کە لە تەربیەت بە دووربێ.

**بێتـەڕەف** (ئان. ل)[بێ4 + تەڕەف] بڕ: بێلایەن

**بێتەڕەفیی** (حم.)[بێتـەڕەف + ئیی] بڕ: بێلایەنیی

**بێتەکلیف** (ئان. ل)[بێ4 + تەکلیف] حاڵی کەسێک کە داهاتوو و چارەنووسی دیاریی نەکراوە. **~ بوون:** عەلاف بوون، چارەنووس و داهاتووی کار و مەسەلەیەک نەزانین.

**بێتەکلیفیی** (حم.)[بێتەکلیف + ئیی] بێتەکلیف بوون.

**بێتەڵ** (نا. ل)[بێ4 + تەڵ] بڕ: بێسیم

**بێتـەمـاح** (ئان. ل)[بێ4 + تەماح] کەسێک کە تەماحی نەبێ. **~ بوون:** تەماح نەبوون، قانع بوون.

**بێتەماحیی** (حم.)[بێتەماح + ئیی] کار و کرداری کەسی بێتەماح.

**بێجا** (ئان. ل)[بێ4 + جا] بڕ: بێجێ

**بێجگە** (ئاک.)[پەھ: بێهەچ] جیا لە کەسێک یا شتێک، جگە، بەدەر. ⁂ بێجگە لە من و تۆ، کێی دیکەش دێ؟

**بێجـەرگ** (ئان. ل)[بێ4 + جەرگ] کەسی ترسەنۆک و بێغیرەت.// بەجەرگ. ⁂ ساحێب غیرەت بە پەلەن و دەڕۆن، بێجەرگان چاریان بێ چارە/ ئی وا هەیە خۆی دەدزێتەوە، خۆی دەگرێ لە پەسیو و لە کەنارە (لاس و خەزاڵ ل ١٥١).

**بێجەوهەر** (ئان. ل)[بێ4 + جەوهەر] کەسێک کە هونەر و جەوهەری نەبێ، بێهونەر.

**بێجێ** (ئان. ل)[بێ4 + جێ] قسە یا کاری ناڕەوا کە جێ نەگرێ، بێجا.// بەجێ. ⁂ دەربڕینی ئەو قسانە لە سەرڕاوە زۆر بێجێیە.

**بێـچـارە** (ئان. ل)[بێ4 + چارە] ١- حاڵی کەسی چارە لێبڕاو و بێعیلاج، چارەڕەش، بەدبەخت. ٢- بێشانس و بەخت، هەژار. ٣- مرۆی بەستەزمان و فەقیرۆکە. **~ بوون:** ١- ناعیلاج بوون، چارە لێبڕان، بەدبەخت بوون. ٢- لێقەومان و هەژار بوون. **~ کردن:** بەدبەخت کردن، چارەڕەش کردن.

**بێچارەیی** (حم.)[بێچارە + یی] ١- بەدبەختیی، چارەڕەشیی. ٢- هەژاریی، نەداریی.

**بێچاووڕوو** (ئان. ل)[بێ4 + چاو + و + ڕوو] کەسێک کە چاکەی لە چاو دا

نەمێنێ، سپڵە، پێ نەزان، بێچاوەڕوو. ~ **بوون:** چاکە لە چاو دا نەبوون، سپڵە بوون، بێچاوەڕوو بوون. ~ **کردن:** سپڵە بار هێنانی منداڵ یا کەسێکی دیکە، بێچاوەڕوو کردن. ⁂ ئەو منداڵەشت وەک خۆت بێچاووڕوو کردوە!

**بێچاوەڕوو** (ئان. ل)[بێ4 + چاو + ئە + روو] بڕ: بێچاووڕوو. ~ **بوون:** بڕ: بێچاووڕوو بوون. ~ **کردن:** بڕ: بێچاووڕوو کردن.

**بێچکە** (نا. ل)[بێچ؟ + کە][زا] قامک، ئەنگوست، بێچی2.

**بێچوو** (نا. ل)[بێچ (بەچ) + ئوو] منداڵی گیانلەبەر بە گشتی کە هەندێکیان ناوی تایبەتیان هەیە و ئەگەر ناویان نەبێ هەندێک جار دەگەڵ ناوی گیاندارەکە دێ، & وەچە، بەچە، بەچگە. ⁂ بێچوو مراوی، بێچوو چۆلەکە، بێچوو ورچ.

**بێچوولە** (نا. ل)[بێچوو + لە] منداڵی چووکی گیاندار، ساوای گیاندار، بێچوو

**بێچی**[1] (نا. ل)[بێچ (بەچ) + ئی] [باک] ١ـ بێچووی ئاژەڵ، بەرخ و کاریلە. ٢ـ ئاولەمە.

**بێچی**[2] (ئا.)[بێچ؟ + ئی][باک] ١ـ ئەنگوست، قامک، بێچکە، بیچک. ٢ـ قامکی پێ.

**بێچیڤان** (نا. ل)[بێچی1 + ڤان] بڕ: بەرخەلەوان

**بێحاڵ** (ئان. ل)[بێ4 + حاڵ] ١ـ کەسێک کە حاڵی باش نەبێ، نیوەنەخۆش، بێتاقەت. ٢ـ فەقیر، هەژار، بێحاڵ و ماڵ. ~ **بوون:** حاڵ باش نەبوون، بێتاقەت بوون. ~ **کردن:** بێتاقەت و بێحەوسەلە کردن.

**بێحورمەت** (ئان. ل)[بێ4 + حورمەت] کەسێک کە رێز و حورمەتی خەڵک نەگرێ. ~ **بوون:** رێز و حورمەت نەگرتن.

**بێحورمەتیی** (حم.)[بێحورمەت + ئیی] سووکایەتی، بێڕێزیی. ⁂ ئەوە زۆر بێحورمەتییە کە لەبەر میوانی هەڵنەستی. ~ **پێکران:** سووکایەتی لە لایەن کەسێک یا کەسانێکەوە پێکران. ~ **پێکردن:** سووکایەتی بە کەس یا کەسانێک کردن، رێز نەگرتن. ~ **کردن:** رێز دانەنان، حورمەت نەگرتن.

**بێحەد** (ئاک. ل)[بێ4 + حەد] لە رادە بەدەر، گەلێک زۆر، بێ ئەندازە، بێشوو. ⁂ شێرکۆ بێحەد کوڕی چاکە.

**بێــحــــەوســـەلە** (ئان. ل)[بێ4 + حەوسەلە] بێواز، وەڕەز، بێتاقەت. **~ بوون:** بێـواز بوون، حـەوسـەلە بوون، بێـتـاقـەت بوون. **~ کردن:** بێـتـاقـەت کردن و بێواز کردنی کەسێک.

**بێحەوسەلەیی** (حم.)[بێحەوسەلە + یی] بێوازیی، بێتاقەتیی.

**بێحــەیا** (ئان. ل)[بێ4 + حـەیا] ١ـ رووهەڵمـاڵاو، بێـشـەرم. ٢ـ بەدفـەڕ، شلووق. **~ بوون:** ١ـ بێـشـەرم و رووهـەڵمـاڵاو بوون. ٢ـ بەدفـەڕ بوون، شلووق بوون. **~ کـردن:** بێـشـەرم بارهێنانی منداڵ و کەسێک.

**بێحەیایەتی** (حم.)[بێحەیا + ئایەتی] ١ـ بێـشـەرمی. ٢ـ بەدفـەڕی، شلووقی، بێحـەیایی. **~ کردن:** ١ـ بێشـەرمی کـردن. ٢ـ بەدفـەڕی کـردن، شلووقی کردن. & بێحەیایی کردن.

**بێحەیایی** (حم.)[بێحـەیا + ئی] بڕ: بێحەیایەتی. **~ کردن:** بڕ: بێحەیایەتی کردن.

**بێحیساب** (ئان. ل)[بێ4 + حیساب] هیچ لە هیچ، پاک. ⁂ قەرزەکەم دایەوە ئێستا من و تۆ بێحیساب. **~ بوون:** پـاک لـە پـاک بـوون، پـاک بـوونـەوەی حیساب دەگەڵ کەسێک، حیساب پاک بوون.

**بێخ** (نا.)[پەش: بێخ ـ فار: بیخ. ناو: بێخ ـ هەو: بێخ] ١ـ بن، ژێر. ٢ـ بنەڕەت، ریشە، ئەسڵ. ٣ـ دوایی، ئاکام.

**بێــخـاوەن** (ئان. ل)[بێ4 + خاوەن] حاڵی هەر شتێک کە هی کەس نەبێ، هەرچی کە خاوەنی نەبێ، بێخـێـو، بێـخـودان، بێـسـاحـێب. **~ بوون:** هەرچی و هەرشتێک کە خاوەنی نەبێ. **خۆ لێ ~ کردن:** وەخۆ نەگرتن و حاشا لە کـەسێک یا شـتێک کردن و خـۆ بە خـاوەنی دانەنان، خـۆ لێ بێـسـاحـێب کـردن. ⁂ کـابرا وای خـۆی لە منداڵانە بێخـاوەن کـردوە هـەر دەڵێ بابی وانیش نیە.

**بێــخــود** (ئان. ل)[بێ4 + خـود] ١ـ بێسوود، بێکەلک، بێـهـوودە، بێخـۆ. ٢ـ لەخۆوە، بە بێویست.

**بێــخـودا** (ئان. ل)[بێ4 + خـودا] ١ـ کەسێک کە خـودای نەبێ، بێـدین، بێ ئیـمـان، خـودانەناس. ٢ـ زاڵم، زۆردار، دڵڕەق، بێبەزە.

**بێــخـودان** (ئان. ل)[بێ4 + خـودان] بێخـێو، بێخـاوەن. ⁂ ئێسـتـا هـەزار و

چوارسەد مالّی خۆم و مامم
سەرەوێرانە/ خانزادەخانی حەریرێ
بێساحێبە و بێخودانە (مان ل ٨٦).

**بێخوست** (ئان. ل)[بێ4 + خوست] بێدەنگ و جووڵە، بێهەست، بێهەست و خوست.

**بێخۆ** (ئان. ل)[بێ4 + خۆ] بێسوود، بێخود، بێهوودە.

**بێخەبەر** (ئان. ل)[بێ4 + خەبەر] ١- بێ ئاگا، نائاگا. ٢- لەپڕ، لەنەکاو.

**بێخەبەری** (حم.)[بێخەبەر + ئیی] خەبەردار نەبوون، بێ ئاگایی.

**بێخەم** (ئان. ل)[بێ4 + خەم] ١- کەسێک کە غەم و پەژارەی نەبێ. ٢- کەسێک کە گوێ نەداتە هیچ، بێخەیاڵ. & بێغەم. ~ **بوون:** ١- پەژارە و خەم نەبوون. ٢- لە خەیاڵ و خەم بە دوور بوون، بێخەیاڵ بوون. ~ **کردن:** کەسێک لە خەم و پەژارە خلاس کردن.

**بێخەمیی** (حم.)[بێخەم + ئیی] کار و کردەوەی کەسی بێخەم، بێخەیاڵیی.

**بێخەوش** (ئان. ل)[بێ4 + خەوش] بێعەیب، بێکەموکووڕیی، پاک و بێگەر، بێغەوش.

**بێخەوشیی** (حم.)[بێخەوش + ئیی] بێگەردیی، پاکیی، خاوێنیی، بێکەمایەسیی، بێغەوشیی.

**بێخەیاڵ** (ئان. ل)[بێ4 + خەیاڵ] کەسێک کە گوێ نەداتە هیچ و هیچی لا گرینگ نەبێ، بێخەم. ~ **بوون:** گرینگایەتی نەدان بە هیچ، گوێ نەدانە هیچ.

**بێخەیاڵیی** (حم.)[بێخەیاڵ + ئیی] چلۆنایەتی و کردەوەی کەسی بێخەیاڵ، بێغەمیی. **خۆلە ~ دان:** غەم نە خواردن و بە تەواوەتی بێخەیاڵ بوون.

**بێخێر** (ئان. ل)[بێ4 + خێر] کەسێک کە خێر و قازانج و چاکەی بۆ کەس نەبێ.

**بێخێو** (ئان. ل)[بێ4 + خێو] کەس یا گیانداری بێخاوەن.

**بێداد** (ئان. ل)[بێ + داد] ١- زوڵم، زۆریی. ٢- هاوار، سکاڵا، شکایەت. :: یاگێوتەر نییەن داد وێم کەروون/ جە دەس تۆ بێداد وە لای کێ بەروون (مەولەوی ل ٣٣). ٣ - زیاد لە ئەندازە، زۆرزۆر. :: ئەوە پارەیەکی بێداد زۆرە. ~ **کردن:** ١- زوڵم کردن. ٢- هاوار کردن.

**بێدار** (ئان.)[هەخ: ویغراد] ١ـ بەئاگا، وەخەبەر، نەخەوتوو. ٢ـ ئاگادار، وریا، تێگەیشتوو. **~ بوون:** وەخەبەر هاتن، وە ئاگا هاتن، بە ئاگا بوون. **~ کردن:** وەخەبەر هێنان، لە خەو هەستاندن.

**بێداریی** (حم.)[بێدار + ئی] ١ـ بەخەبەریی. ٢ـ وریایی، ئاگاداریی.

**بێددان** (ئان. ل)[بێ4 + ددان] ١ـ کەسێک کە ددانی دە زاری دا نەبێ یا نەمابێ. ٢ـ کەسی کەم ددان بۆ تەوس و گاڵتە.

**بێدەر** [1] (ئان. ل)[بێ4 + دەر] بێپەنا، بێکەس.

**بێدەر** [2] (نا.)[عەر: بیدر] خرمان، جێخوون، جۆخین، بێندەر.

**بێدەرد** (ئان. ل)[بێ4 + دەرد] ١ـ کەسێک کە ئێش و دەردی نەبێ. ٢ـ کەسێک کە ناخۆشی و مەینەت و بەدبەختی نەبێ، بێوەی.

**بێدەرەتان** (ئان. ل)[بێ4 + دەرەتان] کەسێک کە ڕێگای هیوا و نەجاتی لێبڕاوە، چارە لێبڕاو.

**بێدەست** (ئان. ل)[بێ4 + دەست] ١ـ کەسێک کە دەستی بڕابێ. ٢ـ بێدەستەڵات، داماو، ناتوان، بێچارە.

**بێدەست و پێ** (ئان. ل)[بێ4 + دەست + و + پێ] ١ـ کەسێک کە دەست و پێی نەبێ. ٢ـ (مجـ.) کەسێک کە هیچ کارێکی لە دەست نەیە، خوێڕی. & بێ پاوپەل. **~ بوون:** هیچ کارێک لە دەست نەهاتن، هیچ پێ ئەنجام نەدران، خوێڕی بوون، بێ پاوپەل بوون.

**بێدەستەڵات** (ئان. ل)[بێ4 + دەستەڵات] ١ـ کەسێک کە لە ئاست کار و مەسەلە یا کەسێک هێز و توانایی مادی و مەعنەوی نەبێ، بێدەست. ⁘ لە ئاست ژنەکەی بێدەستەڵاتە. ٢ـ هەژار، فەقیر، دەستکورت. **~ بوون:** ١ـ خاوەن دەستەڵات و هێز نەبوون. ٢ـ هەژار و دەستکورت بوون. **~ کردن:** لە دەستەڵات خستن.

**بێدەستەڵاتیی** (حم.)[بێدەستەڵات + ئیی] چلۆنایەتی بێدەستەڵات، بێدەستەڵات بوون، توانایی نەبوون، بێهێزیی، بێدەستیی.

**بێدەستیی** (حم.)[بێدەست + ئیی] بڕ: بێدەستەڵاتی. ⁘ سەراپامی بەر ئەشکەنجەی عوقووبەت گرتوە دەوران/ لەبەر بێدەستییە واتێدەگەن خەڵقی کە

بێچارەم (مەحوی ل ٢٢٩).

**بێدەمار** (ئان. ل)[بێ4 + دەمار] ١- خۆ بە زل نەزان، بێدەعێ. ٢- بێغیرەت، بێڕەگ

**بێدەنگ** (ئان. ل)[بێ4 + دەنگ] ١- کەسێک کە زۆر خۆ لە قسە کردن هەڵناقوتێنێ. ٢- ئارام، کپ، بێهات و هاوار. ٣- دڵ بە غەم، مات، خەمناک. ٤- کەسی کەم قسە و فەقیرۆکە. ~ **بوون:** ١- ئارام بوونی وڵات. ٢- مات بوون، خەمناک بوون. ٣- دەست لە قسە هەڵگرتن، تەواو کردن و بڕینەوەی قسە. ٤- کپ بوون، بێهات و هەرا بوون. ~ **کردن:** لە دەنگ خستن، ئارام کردن.

**بێدەنگیی** (حم.)[بێدەنگ + ئیی] ١- هات و هاوار و دەنگ نەبوون، ئارامیی، ئەهوەنیی. ٢- خەمناکیی، ماتیی.

**بێدین** (ئان. ل)[بێ4 + دین] کەسێک کە بڕوای بە دین نەبێ، ، بێ ئیمان، کافر. ~ **بوون:** ١- خاوەن ئیمان نەبوون ٢- کافر بوون، لە دین چوونەدەر. ~ **کردن:** کافر کردن، لە دین بردنە دەر.

**بێدینیی** (حم.)[بێدین + ئیی] ئیمان و دین نەبوون، بێ ئیمانیی، کافریی.

**بێر**[1] (نا.)[؟] ١- کاری کۆ کردنەوەی ئاژەڵ بۆ دۆشین، بێرە، بێری. ٢- بڕ: بەردەبێر. **لە ~ دان:** کۆ کردنەوەی و ئامادە کردنی ئاژەڵ بۆ دۆشین.

**بێر**[2] (نا.)[باک] بڕ: بێڵ

**بێرا** (نا.)[سۆر] بڕ: بێلا. ¤ سینگ مافوورەی خۆرەسان هێنام لە لای بەغدایێ/ ڕۆژێ یارم میوان بی رایبێخەم لە بێرایێ (فۆلکلۆر ل ٢٥).

**بێرک**[1] (نا. ل)[بێر2 + ک][باک] ١- بێڵچە، خاکەنداز. ٢- ئێسکی شان.

**بێرک**[2] (نا.)[بڕ: بەریک][باک] گیرفان

**بێرکەر** (نا. ل)[بێر1 + کەر] بڕ: بێری

**بێروون** (نا.) بڕ: بیابان

**بێرە** (نا.) بڕ: بێر1/١.

**بێرەدۆش** (نا. ل)[بێر1 + ئە + دۆش] ١- مەڕدۆش، بێری. ٢- دەفری شیر تێدا دۆشین.

**بێری** (نا. ل)[بێر1 + ئی] ١- ژن یا کچێک کە ئاژەڵ دەدۆشێ، بێریڤان، بێرکەر، بێرەدۆش، بێریوانە. ٢- [باک]

شـوێنی مـەڕ دۆشین، بێـر. ٣ـ ناوە بۆ مێینە.

**بێـریڤـان** (نا. ل)[بێـری + ڤان][باک] بڕ: بێری

**بێـــــریک** (نا.)[بڕ: بەریک][باک] گیرفان

**بێـریوانە** (نا. ل)[بێـری + وان + ئە][زا] بڕ: بێری

**بێـــــڕوحم** (ئان. ل)[بێ4 + روحم] کــەســـێک کـــە روحم و بەزەیی دە دڵ دانەبێ، دڵڕەق، بێڕەحم، بێبەزە.

**بێڕوحمیی** (حم.)[بێڕوحم + ئیی] کار و کـردەوەی کـەسی بێـڕوحم، دڵڕەقـیی، بێبەزەیی، بێڕەحمیی.

**بێـــــڕۆح** (ئان. ل)[بێ4 + ڕۆح] بڕ: بێگیان

**بێـڕووح** (ئان. ل)[بێ4 + رووح] بڕ: بێگیان

**بێـڕەحم** (ئان. ل)[بێ4 + رەحم] بڕ: بێڕوحم

**بێڕەحمیی** (حم.)[بێڕەحم + ئیی] بڕ: بێڕوحمیی

**بێـــــڕەزا** (ئان. ل)[بێ4 + رەزا] ١ـ بێـڕەحـم، بێـبـەزە، دڵڕەق. ٢ـ خـوێنتـاڵ، ڕەزاگران، ڕەزاقورس، گۆشـتتـاڵ. **~ بـوون:** ١ـ دڵـڕەق بـوون، زاڵـم بـوون. ٢ـ خـوێنتـاڵ بوون. **خـۆ ~ کـردن:** خـۆ ناحـەز کردن و خـۆ لەبەرچاوان خـستن، خۆ خوێنتاڵ و ئێسک گران کردن.

**بێڕەگ** (ئان. ل)[بێ4 + رەگ] کەسێک کە ناموسی زۆر لا گرینگ نیە، بێدەمار، بێغیرەت.

**بێـڕەنگ** (ئان. ل)[بێ4 + رەنگ] ١ـ حاڵی هەر شـتێکی کە ڕەنگی نەبێ. ٢ـ ڕەنگ پەڕاو.

**بێـڕەنگیی** (حم.)[بێـڕەنگ + ئی] ١ـ چلۆنـایەتی شـــتی بێـــڕەنگ. ٢ـ ڕەنگ پەڕاویی.

**بێز**[1] (نا.)[باک: بێز ـ ناو: بێز، قێز ـ باش: قێز، بێز ـ هـەو: بێزی، قیزی ـ زا: بێــز] حـــاڵەتێکە لە مـــرۆڤ و هەندێک گـیانلەبەر دا کـە بە دیتن و بۆن کـردن و خـواردنی هەندێک خـواردەمـەنی و شـتی دیکە دڵی تێکدەچێ. **~ کـــردن:** دڵ تێکچـوون و دڵ شـێـوان لە شـتـێک یا کەسێک. **~ لێبوونەوە:** بێمـەیلی و دڵ شێوان لە خواردنی شتێک یا لە دیتنی ئەو شتە یا کەسێک، بێز لێهەستان، بێز

لێهاتن، بێز لێکردن. **~ لێکردن:** بێز لێهاتن، بێز کردن. **~ لێهاتن:** بڕ: بێز لێبوونەوە. **~ لێهەستان:** بڕ: بێز لێبوونەوە. **~ هاتن:** بێز کردن، بێز لێهاتن. ፡፡ بێزم نایە گۆشتی کەروێشکی بخۆم. **~ هەستان:** دڵ شێوان و بێز لێبوونە لە شتێک، بێز هەڵستان. **~ هەستاندن:** بوونە هۆی بێز هەستانی کەسێک، بێز هەڵستاندن.. ፡፡ هێند بە پیسی نانی دەخۆی بێزی پیاو هەڵدەستێنی. **~ هەڵستان:** بڕ: بێز هەستان. **~ هەڵستاندن:** بڕ: بێز هەستاندن.

**بێز**$^2$ (نا.)[؟] رەنگ. ፡፡ بێزی ئەم قاڵییە لە بێزی ئەو قاڵیەیە.

**بێزات** (ئان. ل)[بێ4 + زات] کەسێک کە زات و وەرەی نەبێ، ترسەنۆک.

**بێزار** (ئان. ل)[بێ4 + زار] ١- حاڵی کەسێک کە لە کار و کردەوەیەک زۆر ماندوە، وەڕەز، جاڕز. ٢- حاڵی کەسێک کە لە دیتن یا کاری کەسێک حاڵی تێکچێ. **~ بوون:** ١- وەڕەز بوون، جاڕز بوون. ٢- رق هەستان، حاڵ تێکچوون. **~ کردن:** ١- جاڕز کردن. ٢- حاڵ تێک دان.

**بێزاریی** (حم.)[بێزار + ئیی] ١- بێمەیلیی. ٢- توورەیی.

**بێزان** (چا. ل)[لە: بێز1] لەبەر چاو کەوتن، بێز لێکردن، لێ بێزار بوون، بێزران، بێزیای. ፡፡ گۆتمێ بێنە ماچت کەم خۆی هاوێشتمەی ئامێزێ/ لەبەر ئەو کیژە جوانە دنیام لەبەر دەبێزێ (فۆلکلۆر ل ٦٠)

**بێزران** (چا. ل) بڕ: بێزان

**بێزراو** (نا. مف.)[لە: بێزران] لەبەرچاو کەوتوو، ناخۆشەویست. ፡፡ ئەمن پێم خۆش نیە ئاودەنگی قەل بم / ئەمن پێم خۆش نیە بێزراوی گەل بم (تاریک و روون ل ١١٤).

**بێزگ** (نا. ل)[بێز1 + گ][باش ـ ئەر] بڕ: بێزوو

**بێزگەوان** (ئان. ل)[بێزگ + ئە + وان][ئەر] بڕ: بێزووکەر

**بێزمان** (ئان. ل)[بێ4 + زمان] ١- کەسێک کە نەتوانی قسە بکا، لاڵ. ٢- بەستەزمان، فەقیرحاڵ، فەقیرۆکر.

**بێزوو** (نا. ل)[بێز1 + ئوو][باک: بێزوو ـ ناو: بێزوو، بێزگ، بێزی ـ باش: بێزگ] ئارەزوو و مەیلی ژنی زگپڕ بۆ

هەندێک خواردن، مەگیرانی، نەوریانی، مەورانی، مژن. **~ کردن:** ئارەزوو کردن و ئیشتیا کردنی ژنی زگپڕ بۆ خواردەمەنی، مەگیرانی کردن. ∷ چیە دنیا، ژنێکە هەر شەوێ سکپڕ بە سەد فیتنە / سبەینێ زوو بە خوێنی جەرگی ئەهلی دڵ دەکا بێزوو (مەحوی ل ٢٥٥).

**بێزووکەر** (؟)[بێزوو + کەر] ژنێک کە مەگیرانی دەکا، مەگیرانی کەر.

**بێزەحمەت** (ئاک. ل)[بێ4 + زەحمەت] ١- بێکوێرەوەری و رەنج، هاسان. ∷ هەروا سووک و سانا و بێزەحمەت کارێکی باشی دەست خست. ٢- (شر.) زەحمەت نەبێ!، تکایە! ∷ بێزەحمەت کوتێکم نان دەیە!

**بێزەروو** (گیا.)[؟] گیایەکی تیژ و توندە، لە ئاو دا سەوز ئەبێ، گەڵاکانی وەکوو گەڵای کەرەوزە، ساقی ئەستوور و ناسک و پڕاوە، خواردنی باشترین شتە بۆ فرێدانی لمی گورچیلە، کووزەڵە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٥٣).

**تێبینی:** هەژار ئەم وشەی بە شێوەی بێزەرۆ نووسیوە (بڕ: هەنبانە ب ١ ل ٩١) و خاڵیش بە شێوەی بێزەڕوو (بڕ: خاڵ ب ١ ل ١٨٥).

**بێزی** (نا. ل)[بێز1 + ئی] ١- [سۆر] بڕ: بێزوو. ٢- (نا.)[هەو] بڕ: بێز1

**بێژ**[1] (ر.)[لە: بێژتن1] ١- بە هەندێک ناو کە پێوەندییان بە ئاوازەوەوە هەیە دەلکێ و ناوی فاعلی ساز دەکابە مانای خوێن. ∷ گۆرانی بێژ، قامبێژ، بەیت بێژ، دەنگبێژ. ٢- بە مانای وێژەر، وێژ. ∷ هەتڵەبێژ

**بێژ**[2] (ر.)[لە: بێژتن2] بە ناوەوە دەلکێ و دەکەوێ و مانای دابێژەر دەدا. ∷ ئاردەبێژ، ئاڵەبێژ

**بێژ**[3] (نا.)[زا] بڕ: باج

**بێژان**[1] (گیا.)[ناو: بێژان، بێژانە، بۆژانە] گیایەکی خۆڕسکە، بونێکی توندی هەیە، گوڵەکانی زەرد و ورد و بە کۆمەڵە.

**بێژان**[2] (چا. م) بڕ: بێژتن

**بێژانن** (چا. م) بڕ: بێژتن2

**بێژانە** (گیا.) بڕ: بێژان1

**بێژانەوە** (چا. م) بڕ: بێژتن2

**بێژتن**[1] (چا. م)[ئەو: ڤەچ، ڤەک، ڤەش - سان: ڤەج - پەھ: ڤاچیتەن. باک: بێژتن - ناو: بێژتن - هەو: واتەی - زا: ڤاجەییش، ڤاجیاییش] چاوگی ئێستا و

داهاتووی کوتن، قسە کردن، ئاخاوتن، کوتن. ⁂ ئێژم، دبێژن، بێژە!

**تێبینی:** کوتن دوو چاوگی هەیە (وەک هێشتن و هێلان). یەک چاوگی رابوردوو کە بە کوتن دەردەبڕدرێ (کوتم، پێیکوت، کوتبوویان ..) دووهەم چاوگی ئێستا و داهاتوو کە لە هەندێک زاراوە و ناوچە بە چاوگێکی وەک (لێین) دەردەبڕدرێ وەک: (دەڵێم، بڵێ، ...) و لە هەندێک ناوچە و شوێنی دیکە بە بێژتن (بێژە، ئێژێ، ...). بێژتن وەک چاوگ بە گشتی دەکار ناکرێ بەڵام کۆمەڵە وشەیەکی زۆر لەم چاوگە کەوتوون وەک: وێژەر، وشە، واژە، واتە، واتا، راوێژ، لاوژە، لاوک، هەوا، ئاواز،...

**بێژتن**2 (چا. م)[ئەو: ڤەئێک ـ پەه: ڤێختەن. باک: بێژتن ـ ناو: بێژتن، بێژان، بێژانن، بێژانەوە ـ باش: بێژانن] جیا کردنەوەی دوو شتی ورد و درشت بە بێژینگ لە یەکتر، لە هێڵەگ دان، دابێژتن. ⁂ نووری چاوم! چاوەکەم بێ نووره بێ تۆ، زەڕڕەیی/ خاکی دەرگاکەت ببێژم بیکەمە کوحلی بەسەر (نالی ل ٢٠٢).

**بێژک** (نا.)[باک] بڕ: بژ1

**بێژمار** (ئان. ل، ئاک. ل)[بێ4 + ژمار] ئەوندە زۆر کە لە بژاردن نەیە، لە رادە بەدەر، بێبژار/٢، بێ ئەژمار، بێرادە.

**بێژنگ** (نا. ل)[بێژ2 + نگ] بڕ: بێژینگ

**بێژوو** (ئان. ل)[بێ4 + ژوو (ژەک)] بڕ: بێژەک

**بێژەک** (ئان. ل)[بێ4 + ژەک] مەڕ و بزنێک کە دوای زان شیریان وشک دەبێ یا لە کەمێ دەدا، بێژوو، ئەبرەش، بێشیر.

**بێژینگ** (نا. ل)[بێژ2 + ئینگ][باک: بێژنگ ـ ناو: بێژنگ، بێژینگ ـ باش: بێژنگ] دەفرێکی خڕی هەندێک قووڵە، بە قەرا دەفەیەک دەبێ، بنەکەی تۆڕی سیمی کون کونی تێگراوە، دەورووبەری دارە کە بە خەرکەمان خواری دەکەنەوە، بۆ دابێژتن کەلکی لێوەردەگرن. بێژینگ لە پەیوەندی دەگەڵ ئەو شتەی کە پێی دا دەبێژن گەورە و چووک و کونی ورد و درشتی هەیە، (هێڵەگ، داشگیر، باڵەکەو، سەرەد).

**بێژینگ فرۆش** (نا. فا)[بێژینگ + فرۆش] ١ـ کەسێک کە بێژینگ ساز دەکا

و دەیفرۆشێ. ٢ـ (کنـ.) مرۆڤی بێشەرم و بێحەیا.

**بێژینگ فرۆشیی** (حم.) ١ـ کار و پیشەی کەسی بێژینگ فرۆش. ٢ـ (کنـ.) بێشەرمیی، بێحەیایی.

**بێساحێب** (ئان. ل)[بێ4 + ساحێب] بڕ: بێخاوەن. **خۆ لێ ~ کردن:** بڕ: خۆ لێ بێخاوەن کردن.

**بێسان** (نا. ل)[بێ + سان][ئەر] بڕ: بێستان

**بێسانەوان** (نا. ل، ئان. ل)[بێسان + ئە + وان][ئەر] بڕ: بێستانەوان

**بێستان** (نا. ل)[بێ + ستان][پەهـ: بۆستان، بۆیستان. باک: بیستان، بۆستان ـ ناو: بێستان، بێسان ـ باش: بێسان] پارچەی زەوییەکی تایبەت بۆ سەوزی و تەرەبار و میوەی برکەیی، پاڕێز. || **بێستانی چۆمی:** بێستانێک کە لە بەستێنی چۆم کرابێ، بێستانی خیزی، چواربێستان. **بێستانی خیزی:** بڕ: بێستانی چۆمی

**تێبینی:** بێ شکڵێکی دیکەی بێن و بۆنە. زوو بێستان پتر بۆ گوڵ و گیای بۆندار تەرخان دەکردرا و بێستان مەبەست لە جێی بە بۆن بوو لە دوایی ئەم ناوە درا بە هەر پارچە زەوییەک کە شتی بۆندار و سەوزی تێدا بچێندرێ.

**بێستانچی** (نا. ل)[بێستان + چی] بڕ: بێستانەوان

**بێستانەوان** (نا. ل، ئان. ل)[بێستان + ئە + وان][پەهـ: بۆستانپان] کەسێک کە بێستان ڕەغەمەڵ دێنێ و ئاگای لە بێستانە و پێیڕادەگا، بێسانەوان، بێستانچی.

**بێستانەوانی** (حم.) کار و پیشەی بێستانەوان.

**بێسفەت** (ئان. ل)[بێ4 + سفەت] کەسێک کە چاکەی دە چاو دانەمێنێ، سپڵە، پێنەزان. **~ بوون:** سپڵەبوون.

**بێسووچ** (ئان. ل)[بێ4 + سووچ] بێتاوان، بێخەتا، بێگوناه. ꞉꞉ کابرایان بێسووچ و بێتاوان گرتوە و دە زیندانیان کردوە. **~ بوون:** بێتاوان بوون، بێگوناه بوون.

**بێسەروبن** (ئان. ل)[بێ4 + سەر + و + بن] قسە و کردەوەیەک کە روون و شیاوی تێگەیشتن نەبێ، سەر و بن نادیار، تێکەڵ پێکەڵ. **~ بوون:** روون نەبوونی قسە و کردەوەیەک. ꞉꞉ ئەمن هەر تێتنەگەیشتم دەڵێی چی، قسەکانت

زۆر بێسەروبن! کارەکانت هەموو بێسەروبن.

**بێسەروپا** (ئان. ل)[بێ4 + سەر + و + پا] حاڵی مرۆڤی خوێڕی و لات و لووت، هیچ و پووچ و بێکارە، مرۆڤی بێنرخ و بێکەسایەتی، بێسەر و پێ.

**بێسەروپێ** (ئان. ل)[بێ4 + سەر + و + پێ] بڕ: بێسەروپا

**بێسەروشوێن** (ئان. ل)[بێ4 + سەر + و + شوێن] ون، نادیار، کەسی بێسوراغ. ~ **چوون:** ون بوون و کەس بە سواغی کەسێک نەزانین، شرت و گوم بوون.

**بێسەرەوبەرە** (ئان. ل) [بێ4 + سەر + ئە + بەر3 + ئە] حاڵی شوێن، جێگا یا کۆمەڵێک کە لە سەر باری ئاسایی و یاسایی نەبێ و ئاڵۆز و تێکەڵ پێکەڵ بێ، کەس لە کەس، بێقانوون.

**بێسەواد** (ئان. ل)[بێ4 + سەواد] ١ـ کەسێک کە نەتوانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە، نەخوێندەوار، ئوممی. ٢ـ نەزان، کەسێک کە لە عیلم و زانست نەگا.

**بێسەوادیی** (حم.)[بێسەواد + ئیی] حاڵ و چلۆنایەتی کەسی بێسەواد، نەخوێندەواریی.

**بێسیم** (نا. ل)[بێ4 + سیم] دەزگایەکە کە شەپۆلی دەنگ بە بێ پەیوەندی سیم لە شوێنێکی دیکەوە وەردەگرێ و دەینێرێ، بێتەل، لاسلکی، تەلسز.

**بێش** (ژ.)[تور: beş] پێنج، پەنج لە یاری تەختەنەرد دا. ꞉꞉ شەش و بێش.

**بێشعوور** (ئان. ل)[بێ4 + شعوور] کەسێک کە ئەقڵ و شعووری نەبێ، نەزان، بێ ئاقڵ، نەفام، گەوج.

**بێشعووریی** (حم.)[بێشعوور + ئی] بێ ئاقڵێتی، نەزانیی، نەفامیی.

**بێشک**[1] (ئاک. ل)[بێ4 + شک] بێگومان، یەقین.

**بێشک**[2] (نا.) بڕ: بێشکە

**بێشکە** (نا.)[تور: beşik] لانک، لانکە، بێشک، بێشیگە. [بڕ: لانک]

**بێشۆ** (ئاک. ل)[بێ4 + شۆ2] لە رادە بەدەر، گەلێک زۆر، بێحەد. ꞉꞉ واوەیلام بێحەد، زاریم بێشۆمەن/ جە لای تۆ فەریاد جە دەس تۆمەن (مەولەوی ل ٣٣).

**بێشوو** (ئان. ل)[بێ4 + شوو1] ژنێک کە مێردی نەبێ، بێوەژن، بێمێرد.

**بێــشــە** (نا.)[ئەو: ڤەرێشە ـ سـان: ڤرکـشـە ـ سـوغ: ڤـیـشـاک ـ پەه: ڤـیـشـەک. باک: بیـشی ـ ناو: مێـشـە، بێشە ـ هەو: بێشە، وێشە ـ زا: مێـشـە] دارستانی خۆڕسکی چووک.

**بێـشــەرم** (ئان. ل)[بێ4 + شـەرم] کـەسـێک کـە شـەرم لە کـەس ناکـا، رووهەڵمـاڵاو، بێحـەیا. ~ **بوون:** شـەرم نەبوون، بێحەیا بوون.

**بێشەرمیی** (حم.)[بێشەرم + ئی] کار و کردەوەی کەسی بێشـەرم، بێحـەیایی. ~ **کردن:** بێحەیایەتی کردن.

**بێشەریک** (ئان. ل)[بێ4 + شەریک] ١ـ کـەسـێک کـە مـەعـاملە و کـار و مـەسـەلەیەک دا شـەریکی نەبێ. ٢ـ بێهاوتا، تاک و تەنیا. ٣ـ (مجـ.) خودا.

**بێشەریکیی** (حم.)[بێشەریک + ئیی] بێـشـەریک بوون، بێـهـاوتایی، تاک و تەنیایی.

**بێشەڕەف** (ئان. ل)[بێ4 + شەڕەف] ١ـ کەسێک کە نامـووس و شـەڕەف لای گـرینگ نـەبێ. ٢ـ پەست، رەزیل، ناپیـاو. ~ **بوون:** ١ـ بێنامـــووس بوون. ٢ـ رەزیل و ناپیاو بوون.

**بێشەڕەفیی** (حم.)[بێشەڕەف + ئی] ١ـ بێناموووسیی، بێغیرەتیی. ٢ـ رەزیلیی، ناپیاوەتی.

**بێــشــەڵان** (نا. ل)[بێـشــە + ڵان] مێشەی گەورە و چڕ و پڕ، مێشەڵان.

**بێ شـەمـا** (نا.)[؟] جـۆرێک تووتـنی باش و بۆن خۆشە، بێ شەمە.

**بێ شەمە** (نا.) بڕ: بێ شەما

**بێشیر** (ئان. ل)[بێ4 + شیر] ئاژەڵ و مـاڵاتێک شیری ویشک کردبێ یا شیری زۆر کەم بێ، بێژەک، ئەبرەش.

**بێشیگە** (نا.)[زا] بڕ: بێشکە

**بێـعـــار** (ئان. ل)[بێ4 + عـار] ١ـ کەسێک کە عەیب و شوورەیی لا گرینگ نەبێ. ⁂ بێعاران، تێیان بکوتن بە داران / هەر دەچنەوە جێی جاران (امـثـال و حکم ل ٧٦). ٢ـ کـەسـی دم هەراش و دڕ و بێــشــەرم. ٣ـ منداڵی هـار و هـاج و بەدفەڕ. ~ **بوون:** ١ـ پێ عەیب نەبوونی کـار و کـردەوەیەک، بێـشـەرم بوون. ٢ـ بەدفـەڕ بوون، هـار و هـاج بـوون. ~ **کــردن:** بـەدفـەڕ بـار هـێنانی منداڵ یا کەسێکی دیکە.

**بێـعـاریی** (حم.)[بێعـار + ئیی] ١ـ بێشەرمیی. ٢ـ بەدفەڕیی، شلووقیی.

**بێـغــەم** (ئان. ل)[بێ٤ + غـەم] بڕ: بێخەم

**بێغەوش** (ئان. ل)[بێ4 + غەوش] بڕ: بێخەوش

**بێـغـەوشیی** (حم.)[بێغـەوش + ئیی] بڕ: بێخەوشیی.

**بێــفــایدە** (ئان. ل)[بێ4 + فـایدە] بێـسـوود، بێکەلک. ~ **بوون:** بێـسـوود بوون، بێکەلک بوون، فایدە نەبوون.

**بێـفـڕوفـێڵ** (ئان. ل)[بێ4 + فڕ + و فێڵ] کەسێک کە فێڵ و تەڵەکەی دە بن سەر دانەبێ و دەگەڵ خەڵک سادە و پاک و راست بێ. ~ **بوون:** ڕووڕاست و سادە و پاک بوون، فێڵ نەکردن.

**بێــفــەزیحــەتیی** (حم.)[بێ4 + فـەزیحـەت + ئیی] هـەتک، سـووکـایەتی، رسوایی. ~ **پێکردن:** ئابڕووی کەسێک بردن، سـووکـایـەتی پێکردن، هـەتک پێکردن.

**بێـفـیکر** (ئان. ل)[بێ4 + فـیکر] ١ـ بێهۆش، بێ ئاقڵ، بێ ئاوەز. ٢ـ بێخەیاڵ، بێغەم.

**بێڤل** (ئا.)[باک] بڕ: بیڤل

**بێقسەیی** (حم.)[بێ4 + قسـە + ئی] بێگوێی. ~ **کردن:** لە قسـە دەر چوون، بە قسـە نـەکـردن. ⁘ ئەوەی پێت دەڵێم وابکە بێقسەیی مەکە!

**بێــقــەدر** (ئان. ل)[بێ4 + قــەدر] کەسێک یا شتێک کە رێز و نرخی نەبێ، سووک، بێڕێز، بێنرخ. ⁘ کابرایەکی زۆر بێـقـەدرە! ~ **بوون:** رێز لێنەگیران، بە سووک چاو لێکران.

**بێقەدریی** (حم.)[بێقەدر + ئیی] حاڵ و چلۆنایەتی شت یا کـەسی بێـقــەدر و سووک، بێڕێزیی.

**بێـقـەرار** (ئان. ل)[بێ4 + قـەرار] بێ ئارام، ئارام لێبڕاو، نائارام، نەحەجماو. ~ **بوون:** حـەجـمین لێـبـڕان، ئارام لێـهەڵگیران، نائارام بوون. ~ **کردن:** حەجمین لێهەڵگرتن، ئارام لێبڕین.

**بێـقـەراریی** (حم.)[بێـقـەرار + ئیی] نائارامیی، نەحەجمین، ئارام لێبڕاویی.

**بێقەوارە** (ئان. ل)[بێ4 + قەوارە] ١ـ حـاڵی کـەسـێکی کـە بەژن و باڵا و ئەندامـێکی نارێک و پێکی هەیە. ٢ـ هەر شتێکی نارێک و پێک. ⁘ ماڵی بێقەوارە، گوڵدانی بێـقـەوارە. ~ **بوون:** ١ـ نارێک و پێـک بـوونـی بـەژن و باڵا. ٢ـ نـارێک و پێک بوون.

**بێقیمەت** (ئان. ل)[بێ4 + قیمەت] ١ـ بێنرخ، خۆڕایی. ٢ـ (کنـ.) مرۆڤی هیچ و پووچ، خوێڕی. ٣ـ زۆر گرانبایی وەها کە قیمەتی دیاریی نەکرێ. :: پاکی گوارەی گوێی زێڕی بێقیمەتە، قیمەتی لە خەزێنەی کەس دانییە (لاس و خەزاڵ ل ٧٦). ~ **بوون:** ١ـ بێنرخ بوون، هیچ و پووچ بوون. ٢ـ زۆر بە قیمەت بوون، لە قیمەت نەهاتن.

**بێکار** (ئان. ل)[بێ4 + کار] ١ـ کەسێک کە ئیش و کاری نەبێ. ٢ـ بڕ: بێکارە. ٣ـ [باک] بێژن، سەڵت. ~ **بوون:** ١ـ بێ ئیش بوون، پشوو دان. ٢ـ لە کار دەرکراو. ~ **کردن:** لە کار و ئیش دەرکردن.

**بێکارە** (ئان. ل. ـ نا. ل)[بێ4 + کارە] ١ـ کەسێک کە بێکاروبار دەخولێتەوە و مەیلی لە کار کردن نیە، بێکار/٢، لەشگران، تەوەزەل. ٢ـ شتێکی کە بە کەلک نەیە و دە کار نەکردرێ.

**بێکاریی** (حم.)[بێکار + ئیی] ١ـ ئاکامی بێکار بوون، کار نەبوون. ٢ـ تەحتیلیی، پشوو.

**بێکەس** (ئان. ل)[بێ4 + کەس] کەسێک کە خزم و دۆست و بنەماڵەی نەبێ، کەسی بێپشت و بێپەنا. ~ **بوون:** هیچکەس نەبوون، بێ خزم و بنەماڵە بوون، پشت و پەنا نەبوون. ~ **مانەوە:** کەس و کار لە کیس دان و تەنیا مانەوە.

**بێکەلک** (ئان. ل)[بێ4 + کەلک][موک] حاڵی کەس یا شتێک کە کەلکی نەبێ، بێفایدە، بێسوود، بێکەڵک. ~ **بوون:** بێفایدە بوون، بێسوود بوون.

**بێکەڵک** (ئان. ل)[بێ4 + کەڵک] بڕ: بێکەلک.

**بێکەیف** (ئان. ل)[بێ4 + کەیف] کەسێک کە لە سەر کەیف نیە و کەیفی ساز نیە، پەشێو، خەمین. ~ **بوون:** پەشێو بوون، کەیفساز نەبوون.

**بێگار** (نا.)[پەهـ: بێکار] کاری زۆری و خۆڕایی رەعیەت بۆ ئاغا و ئەرباب، سوخرە، بێگاری. ~ **پێکردن:** ١ـ کاری زۆری و خۆڕایی ئەنجام دان. ٢ـ ئەزیەت کردن و تووشی کار کردنی کەسێک، کاری نابەدڵ پێ ئەنجام دان. & بێگاری پێکردن

**بێگارچی** (ئان. ل)[بێگار + چی] کەسێک کە بێگاری دەکا، کەسی بە سوخرە گیراو.

**بێگاریی** (حم.)[بێگار + ئی] بڕ: بێگار. **~ پێکردن:** بڕ: بێگار پێکردن.

**بێگانە** (ئان. ل ـ نا. ل)[پەھ: بێگانەک، بێگانییک. باک: بیانی ـ ناو: بێگانە ـ ھەو: بێگانە] ١ـ کەسێک ئاشنایەتیت دەگەڵ نەبێ، غەریبە، نەناس. ٢ـ کەسی خەڵکی ھەندەران، لاوەکی، ھەندەرانی.

**بێگانەپەرست** (ئان. فا)[بێگانە + پەرست] ١ـ کەسێک کە بێگانەی پێ لە خزم و کەس و کار و ئاشنا باشترە. ٢ـ کەسێک کە پێوەندی دەگەڵ بێگانە ھەیە و بە قازانجی ئەوان و بە دژی ھاونیشتمانەکانی دەجووڵێتەوە. **~ بوون:** ١ـ بێگانە خۆش ویستن. ٢ـ پێوەندی دەگەڵ بێگانە ھەبوون.

**بێگانەپەرستیی** (حم.)[بێگانەپەرست + ئیی] کاری بێگانەپەرست. **~ کردن:** بێگانە خۆش ویستن. ⁂ سەد ساڵ بکەی بێگانەپەرستی/ ئاخری ھەر دێنی نوشستی (پەند)

**بێگوێ** (ئان. ل)[بێ4 + گوێ] کەسێک کە قسان دە گوێ ناگرێ و قسەی پێکوتراو ئەنجام نادا، بێگۆش. **~ بوون:** قسە دە گوێ نەگرتن و ئەنجام نەدانی ڕاسپاردە و کارێک.

**بێگوێیی** (حم.)[بێگوێ + ئی] کار و کردەوەی کەسی بێگوێ. **~ کردن:** بە قسەی کەسێک نەکردن، گوێ لێ ئاخنین لە قسەی کەسێک.

**بێگۆش** (ئان. ل)[بێ4 + گۆش][ھەو] بڕ: بێگوێ

**بێگیان** (ئان. ل)[بێ4 + گیان] ١ـ ھەر بوونەوەرێک کە خاوەنی گیان نەبێ. // گیاندار. ٢ـ خاوەن گیانێک کە گیانی نەمابێ، مردوو، بێڕووح، بێڕۆح. **~ بوون:** ١ـ مردن، رووح دەرچوون. **~ کردن:** کوشتن.

**بێل** (نا.)[باک] بڕ: بێڵ

**بێلایەن** (ئان. ل)[بێ4 + لایەن] ١ـ کەسێک کە تەعەسووبی بۆ لایەنێک نەبێ. ٢ـ کەسێک کە لایەنگری بیر و باوەڕێکی سیاسی نەبێ. ٣ـ دەوڵەتێک کە لاگری دەستەڵاتدار و ھێزێکی گەورەی جەھانی نەبێ. & بێتەرەف. **~ بوون:** ١ـ لە نێوان دوو لایەن و دوو مەسەلە و دوو بەرژەوەندی دا تەعەسوب نەبوون و بۆ لێکدانەوە و نێوبژی کردن لایەنی ھیچ کامیان نەگرتن. ٢ـ سەر بە دەستەڵاتدار و ھێزێک نەبوون.

**بێـــلایەنی** (حـم.)[بێـــلایەن + ئـی] بێلایەن بوون، بێتەرەفی.

**بێلوو** (نا.)[باک] بڕ: بێلۆ

**بێله** (نا. د) دەنگی ئاژەڵ، دەنگی بزن و مەڕ، باعە، بالە، باڕە.

**بێلەبێل** (نا. د)[بێله + بێل] دەنگی پەیتـاپەیتـای ئاژەڵ، باعـەباع، بالـەبال، بێلەبێل.

**بێلەزەت** (ئان. ل)[بێ4 + لەزەت] ١ـ کـەلاک و مـەیتـێک کـە زۆر لـەت و پەت کـرابێ. ٢ـ زۆر، گـەلێک. ~ **کـردن:** (کنـ.) کـەلاک و مـەیتێک زۆر لەت و پەت کردن، لە شکڵ و شەمایل خستن.

**بێڵ** (نا.)[پەه: بێل، ڤـیلەک. تات: بەرە، بیلە ـ لار: بیـر ـ فـار: بیل. باک: بێـر، بێل، مـەر ـ ناو: بێڵ ـ باش: بێڵ ـ زا: مـەر، مـەڕ] ١ـ ئامـرازی هەڵقـەندنی زەوی و راگـوێزتن و هەڵگرتنی کـۆمـا شـتی دیکە، کـە بریتـیـە لە دەسکێکی درێژی چێـوی و ئاسنێکی پان و سـاز کراو کە هەندێک جار بۆ هەڵکەندن کوتە دارێکی بە ناوی ئەسـپـەرە تێـدەخـەن، پێمەرە. ٢ـ ئامرازی چێوی بۆ بەفر ماڵین و رادان و هەڵگرتنی کـۆمـا شـتی دیکە. ئەم ئامـرازە بریتیـە لە دەسـکێکی درێژ و دمـێکی چوارگـۆشـەی پان، بێـڵـەدارینە، پاڕوو. ~ **لە بەر میـچ چەقـاندن:** (کنـ.) تەواو بـوونی کـار، رزگـار بوون لە کـار، خلاسی هاتن.

**تێـبـینی:** هەر وەکی نووسـراوە بێڵ و مـــەر بە یەک ریشـــە دانـدراون. ئەم دوو وشـــە هـەر چەند بە رواڵەت دوو وشـــەی سەر بە خۆ دیاری دەدەن بەڵام لە راستی دا هەر یەکن و ئاڵوگـۆڕی دوو پیـتی (م) دەگـەڵ (ب) و ( ڵ یا ل ) دەگـەڵ ( ر ) یان بە ســــەر دا هـاتوە. هەروەها لە زاراوەی ناوەندی دا مەڕ بە تـەنیا دەکار ناکـردرێ بەڵام لە وشـەی پێمـەڕە [پێ + مەڕ + ئە] دا خۆ دەردەخا.

**بێڵا** (نا.)[؟] سەکۆی پێشەوەی خانوو کـە سـەری دا پۆشـراوە بەڵام پێشی بێ دەرک و پەنجـــەرە و ئاواڵەیە، لە کـــاتی گـــەرمـــا بەرەی لێـــرادەخـــەن و لە ژێر سێـبەری دادەنیـشن و لە کـاتی دیکەش باران و بەفر بەر دەرگای تەڕ ناکا، بێرا، هەیوان.

**بێڵچە** (نا. ل)[بێڵ + چە1] ئامرازێکە وەک بێڵ/١ ـ ی بەڵام چووکتر و هـەمـان کاریشی پێدەکردرێ، پێـمـەڕەی چووک، بێڵۆچکە، بێرک.

**بێڵۆ** (نا.)[باک: بێلوو ـ ناو: بێڵۆ] [ئەر] کانییەک کە بەهاران دەژێتەوە، کوێرەکانی.

**بێڵۆچکە** (نا. ل)[بێڵ + ئۆچکە] بڕ: بێڵچە

**بێڵەدارینە** (نا. ل)[بێڵ + ئە + دارین + ئە] بڕ: بێڵ/٢

**بێڵەکان** (نا. ل)[بێل + ئە + کان] ئامرازێکی چووکە وەک بێڵ بەڵام زۆر چووکتر، کوتە ئاسنێکی دەم باریکە، دەسکی لە دار و پەیاغ بۆ دەکەن و بۆ بژار و گیا و گوڵ هەڵقەندن کەلکی لێوەردەگرن، پیشک، بژارچن، گیاکەن.

**بێڵەکەرە** (گیانـ.)[بێڵ + ئە + کەڕ + ئە] مارمێلکەی شەوگەڕ (هەنبانە بۆرینە ب ١ ل ٩٣). شەوگەرد، سۆل سۆلە جۆرە دووپشکێکی زۆر بچووکە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٥٤).

**بێڵەهەڕ** (گیا.)[بێڵ + ئە + هەڕ] گیایەکی کوێستانی بەهارییە وەک گونۆڕ وایە، گزرە ئەکرێ بۆ ئاژەڵ (خاڵ ب ١ ل ١٨٨).

**بێمار** (نا.) بڕ: بیمار

**بێماڵ و حاڵ** (ئان. ل)[بێ4 + ماڵ + و + حاڵ] حاڵی کەسێک کە هیچی نەبێ، هەژار، فەقیر، نەدار. ~ **بوون:** هەژار بوون، فەقیر بوون، هیچ نەبوون.

**بێمایە** (ئان. ل)[بێ4 + مایە] ١ـ نانێک کە هەویرەکەی هەڵنەهاتبێ یا هەویرترشی لێنەدرابێ، فەتیر. ٢ـ مرۆڤی بێقەدر و بێڕێز. ٣ـ نەزان، تێنەگەیشتوو. ~ **بوون:** ١ـ فەتیر بوون. ٢ـ بێقەدر و بێڕێز بوون. ٣ـ نەزانین، تێنەگەیشتن.

**بێمزەڕەت** (ئان. ل)[بێ4 + مزەڕەت (عەر: مضرة)][موک] بێوەی، بێ دەرد و بەڵا، بێ زەرەر و زیان، مێمزەڕەت. :: یاخوڵا خاڵ و مامی تۆم بێمزەڕەت بێنەوە لەوێ سەفەرێ (کانی مرادان ل ١٧). ~ **بوون:** بێوەی بوون، بێ دەرد و بەڵا بوون.

**بێمنەت** (ئان. ل)[بێ4 + منەت] حاڵی هەرچی یا هەر شتێک کە منەتی نەبێ. ~ **بوون:** هەرچی کە دەکار کردن و کەلک لێوەرگرتنی منەتی نەبێ. :: چەندەتان پێخۆشە بیخۆن، میوەی ئەو باغەی بێمنەتە. ~ **کردن:** ئەنجامی کارێک بە هیچ دانان و پێ گرینگ نەبوون. :: ئەو هەموو حەولەم بۆ دای بەڵام تۆ کارەکەمت بێمنەت کرد.

**بێمەیل** (ئان. ل)[بێ4 + مەیل] ١- کەسێک کە مەیل و ئیشتیای نەبێ. ٢- کەسێک کە مەیلی ئەنجام دانی کارێکی نەبێ. ٣- نەویست، نەخواز، سارد و سڕ. ~ **بوون:** ١- ئیشتیا نەبوون. ٢- مەیلی کارێک نەبوون. ٣- نەویستن، نەخواستن.

**بێمەیلیی** (حم.)[بێمەیل + ئیی] ١- بێ ئیشتیایی. ٢- پێخۆش نەبوون. ٣- ساردوسڕیی. ~ **کردن:** نەخواستن و نەویستنی کەسێک یا پەیوەندییەک، سارد و سڕ بوون لە دۆستایەتی و پەیمان دا.

**بێمێشک** (ئان. ل)[بێ4 + مێشک] کەسێک کە لە هیچ حاڵی نابێ وەک ئەوەی مێشکی نەبێ، بێ ئاقڵ، گێژ و حۆل، گەوج.

**بێمێشکیی** (حم.)[بێمێشک + ئیی] چلۆنایەتی بێمێشک، بێ ئاقڵیی، گەوجایەتیی، نەفامیی.

**بێن**[1] (ر.)[لە: بەستن] ١- ڕەگی بەستن ٢- بە ناوەوە دەلکێ و مانای بەستراو دەدا. ::: دمبێن، دەزبێن، زاربێن، پشتبێن.

**بێن**[2] (نا.)[باک] بڕ: بۆن

**تێبینی:** بێن هەرچەند هی زاراوەی باکوورییە بەڵام لە ئەدەبی کلاسیکی زاراوەی ناوەندیی دا زۆر کەلکی لێوەرگرتراوە. ::: کوتی رووم وا دەکەم تێرم ببینی، چاوەڕێم داخۆ/ لە لای قیبلەم کە کەی بای وەعدە بێنی نەستەرەن بێنێ (وەفایی ل ٢٠٤). بۆ کەمێ لەو عەنبەرە، بۆ تەقوییەی ڕۆحی دەماغ/ بێنی کا، وەک ئێمە دایم چاوەڕێی ئێحسانە ڕۆژ (مەحوی ل ١٤١).

**بێناز** (ئان. ل)[بێ4 + ناز] حاڵی کەسێک کە نازی نەکێشرابێ، کەسێک کە خەمخۆری نەبێ، بێخێو، بێکەس. ~ **بوون:** خەمخۆر نەبوون، بەبێ ناز گەورە بوون.

**بێنازیی** (حم.)[بێناز + ئیی] ناز نەکێشران، بێناز بوون، بێکەسیی.

**بێناو** (ئان. ل)[بێ4 + ناو1] ١- کەسێک کە ناوبەدەرەوە نەبێ. ٢- کەسێک کە کەس نەیناسێ، گومناو. ~ **بوون:** ١- ناوبانگ نەبوون، ناوبەدەرەوە نەبوون. ٢- گەمناو بوون.

**بێناویی** (حم.)[بێناو + ئیی] ئاکامی بێناو بوون، ناوبەردەرەوە نەبوون.

**بێندەر** (نا.)[باک] بڕ: بێدەر2

فرۆشتن.

**بێنرخ** (ئان. ل)[بێ4 + نرخ] ١ـ هەر شتێکی بە خۆڕایی. ٢ـ مرۆڤی بێڕێز، هیچ و پووچ، بێوەج، سووک، بێقیمەت. ~ **بوون:** هیچ و پووچ بوون، سووک بوون، بێقیمەت بوون. ~ **کردن:** بێقیمەت کردن، سووک کردن.

**بێنرخیی** (حم.)[بێنرخ + ئیی] هیچ و پووچیی، سووک بوون، بایەخ نەبوون، بێقیمەتیی.

**بێنزین** (نا.)[فەر: benzine] ١ـ ئاوکییەکی بێڕەنگی بۆندارە، لە ئاو سووکترە، زوو گڕ دەگرێ و ئەگەر سەری ئاوەڵا بێ دەچێتە هەواوە، لە ٧٠ دەرەجەی دا دەکوڵێ، فۆرمۆڵەکەی C6H6ە کە لە تەقتیری قەترانی رەژی بەردینە ساز دەبێ. ٢ـ بێنزینی ئاسایی کە لە نەفت دەگرترێ و بۆ وەکار خستنی مەکینە و ماشێن کەلکی لێوەردەگرن. & بەنزین

**بێنزین فرۆش** (ئان. فا) [بێنزین + فرۆش] کەسێک کە بێنزین دەفرۆشێ.

**بێنزین فرۆشیی** (حم.)[بێنزین فرۆش + ئیی] ١ـ کاری کەسی بێنزین فرۆش. ٢ـ (نا. ل) شوێن و جێگای بێنزین

**بێنسرین** (ئان. ل)[بێ4 + نسرین] بێغەم، بێخەفەت. ∷ میر دەڵێ: کاکەمەم بەو خولایەی کەم بێنسرینە / پادشایێکی بێشەریکە، هیچ شەریکی لەبۆ نینە (مان ل ٦٧).

**بێنوێژ** (ئان. ل)[بێ4 + نوێژ] ١ـ حاڵی پیاوێک یا ژنێک کە لە بەرنزیکی لە یەکتر لەشیان پیس بوە و دەبێ غوسڵ دەرکەن. ٢ـ ژنی دە حەیزەوە چوو. ~ **بوون:** ١ـ لەش پیس بوون دوای نزیکی. ٢ـ دە حەیزەوە چوون.

**بێنوێژیی** (حم.)[بێنوێژ + ئیی] ١ـ لەش پیس بوون لەبەر نزیکی. ٢ـ ئاکامی دە حەیزەوە چوون.

**بێنەبێن** (نا. ل)[بێن + ئە + بێن] دەنگ و هەرای زۆر، هەرمێن. ∷ هەڵڵاهەڵڵا و گرمەگرم و بێنەبێنە/ مەرزینگان دەگری بە دوو چاوی باز و بە ئەبرۆیەکە شەهێنە (شۆڕمەحموود ل ٥٢).

**بێنەسیب** (ئان. ل)[بێ4 + نەسیب] بێبەش، بێبەریی.

**بێنەهایەت** (ئان. ل)[بێ4 + نەهایەت] ١ـ هەرچی کە نەهایەتی نەبێ،

بێ کـوتایی و دوایی، بێـپـایان. ٢ـ لە رادەبەدەر، گەلێک زۆر.

**بێنە و بەرە** (نا. چا)[لە: هـێنان و بردن] کـاری هێنان و بردنی کـەسـێک. **~ پێکردن:** کەسێک ئەزیەت کردن بە هێنان و بردنی، ئەورۆ و سبەی پێکردن. :: ئەو بێنـە و بـەرە چیـە بـەو کـابرا بەستەزمانەی دەکەی!

**بێنیاز** (ئان. ل)[بێ4 + نیاز] کەسێک کـە پێـویسـتی بە هیـچ شـتێک نـەبێ، دەسـرۆیـو، دەوڵەمـەند. **~ بوون:** پێویست بە هیـچ شـتێک نەبوون، نیاز نەبوون. **~ کـردن:** کـەسـێک تێـر و تەسـەل کـردن وەها کـە نیـازی بە هـیچ نەبێ.

**بێنیازی** (حم.)[بێنیاز + ئیی] بێنیاز بوون، دەوڵەمەندیی.

**بێنێـوبڕ** (ئاک. ل)[بێ4 + نێـو + بڕ] بێـوچان، لەسـەریەک، پەیتاپەیتا. :: دوو سـاعـەتە بێنێـوبڕ قسـان دەکا. دوو ڕۆژە بێنێوبڕ باران دەبارێ و لێناکاتەوە.

**بێـــوادە** (ئان. ل)[بێ4 + وادە] بێ وەخت و کـاتی دیاری کـراو، نەخـوازراو. :: کەڵەبابێک کە بێـوادە بخـوێنی سـەری دەبڕن.

**بێواز** (ئان. ل)[بێ4 + واز] بێتاقـەت، بێحەوسەلە، جاڕز. **~ بوون:** بێتاقەت و بێحەوسەلە بوون. **~ کردن:** بێتاقەت کردن، بێحەوسەلە کردن، جاڕز کردن.

**بێـــوچان** (ئان. ل)[بێ4 + وچان] پەیتاپەیتا، بێپشوو دان، یەکپشوو. :: بێوچان کار دەکا و بێوچان دەنووسێ.

**بێورە** (ئان. ل)[بێ4 + ورە] کەسێک کە ورە و بوێریی نەبێ، ترسەنۆک. **~ بوون:** لە ئەنجام دانی کارێک ترسان، نەوێران، تەسەنۆک بوون.

**بێوڵە** (گیانـ) بڕ: بێوەڵە.

**بێوە** (نا. ـ ئان.)[ئەو: ڤیـذەڤا ـ پەه: ڤییپەک، ڤیوەک. فار: بیوە ـ لار: بۆڤە ـ تات: ڤیڤە ـ بیر: بێوە، بیوە. باک: بی ـ ناو: بێوە ـ باش: بێوە ـ هەو: بێوە ـ زا: ڤییا] ژن یا پیاوێکی جووتەکەی مردبێ یا ئەوە کە لێک جیا بووبنەوە و بە تەنیا بژین.

**بێوەپیا** (نا. ل ـ ئان. ل)[بێوە + پیا2][هەو] بڕ: بێوەپیاو

**بێوە پیاگ** (نا. ل ـ ئان. ل)[بێوە + پیاگ][ئەر] بڕ: بێوەپیاو

**بێوەپیاو** (نا. ل ـ ئان. ل) [بێوە +

پیاو] پیاوێک کە لە ژنە کەی جیا بووبێتەوە یا ئەوە کە ژنەکەی مردبێ و بە تەنیا مابێتەوە، بێوەپیا، بێوەپیاگ، بێوەمێرد.

**بێوەج** (ئان. ل)[بێ4 + وەج] حاڵی کەسێک کە نرخ و ڕێزی نەبێ، هیچ و پووچ، بێنرخ.

**بێوەخت** (ئاک. ل)[بێ4 + وەخت] ١ـ درەنگ، ناوەخت. ٢ـ لەپڕ، کوتوپڕ.

**بێوەری** (ئان. ل)[بێ4 + وەری (بەهر)][ئەر] بڕ: بێبەری

**بێوەژن** (نا. ل ـ ئان. ل)[بێوە + ژن] ژنێکی تەنیا کە مێردەکەی مردوە یا ئەوە کە تەڵاق دراوە، بێوەژنی. **بێوەژن کوشی:** (کنـ.) حەول و تێکۆشانی زۆر وەک حولی بێوەژنێک بۆ بە خێو کردنی منداڵ و پەیدا کردنی بژیو.

**بێوەژەنی** (نا. ل ـ ئان. ل) [بێوە + ژەنی][هەو] بڕ: بێوەژن

**بێوەسیری** (نا.) بڕ: بەواسیر

**بێوەفا** (ئان. ل)[بێ4 + وەفا] کەسێک کە لە سەر وەفا و عەهدی خۆی نەبێ، بێبەینەت. ~ **بوون:** لە سەر بەڵێن و پەیمان نەبوون.

**بێوەفایی** (حم.)[بێوەفا + ئیی] کار و کردەوەی کەسی بێوەفا. ~ **کردن:** وەفا و بەڵێن نەبردنە سەر، بێوەفا بوون.

**بێوەمێرد** (نا. ل، ئان. ل)[بێوە + مێرد] بڕ: بێوەپیاو

**بێوەڵە** (گیانـ.)[؟] بێچووی ورچ، بێوڵە.

**بێوەی** (ئان. ل)[بێ4 + وەی] ژیانێکی خۆش کە لە بەر ئازار وەی نەکوترێ، بێناخۆشی، بێزیان، بێ ئازار. ﴿ ژیانی بێوەی کەی خودا پێمانی ڕەوا دەبینێ! ~ **بوون:** بێ ئازار و بە خۆشی ژیان تێپەڕ کردن.

**بێویژدان** (ئان. ل)[بێ4 + ویژدان] کەسێک کە لە ئاست کار و مەسەلەیەک ناپیاوەتی ڕەچاو دەکا و بیر و ویژدانی لە بەر چاو نیە، ویژدان مردوو. ~ **بوون:** خاوەن هەست و ویژدان نەبوون لە ئاست کار و کردەوەیەک دا.

**بێویژدانیی** (حم.)[بێویژدان + ئیی] کار و کردەوەی کەسی بێویژدان، ناپیاوەتی. ~ **کردن:** ویژدان لەبەر چاو نەگرتن، ناپیاو بوون.

**بێوێنە** (ئان. ل)[بێ4 + وێنە] هەر شتێک یا کەسێک لە بارێکەوە تاک بێ و

وێنە و هاوتای نەبێ، بێهاوتا، بێهەمتا.
~ **بوون:** هاوتا و وێنە نەبوون، تاک بوون، نێهاوتا بوون.

**بێوێنەیی** (حم.)[بێوێنە + ئیی] تاک بوون، وێنە نەبوون، بێهاوتایی.

**بێه** (گیا.)[باک] بڕ: بەی1

**بێهاوتا** (ئان. ل)[بێ4 + هاوتا] بڕ: بێوێنە. ~ **بوون:** بڕ: بێوێنە بوون.

**بێهاوتایی** (حم.)[بێهاوتا + ئیی] بێوێنەیی، هاوتا نەبوون، بێهەمتایی.

**بێهن**[1] (نا.)[باک] بڕ: بۆن

**بێهن**[2] (نا.)[باک] بڕ: بین1

**بێهۆ** (ئاک. ل)[بێ4 + هۆ] لە خۆوە، بێ هیچ بەڵگەیەک.

**بێهۆش** (ئان. ل)[بێ4 + هۆش] ١- کەسێک کە بە دەرمان یا لە ترسان یا لە بەر هەر هۆیەکی دیکە دڵی لە خۆ بۆتەوە و ئاگای لە خۆی نەماوە. ٢- کەسی گێژ و حۆل کە هۆشی بە تەواوی کار ناکا. // بەهۆش. ~ **بوون:** ١- دڵ لە خۆوە بوون، بێ ئاگا کەوتن، بێهۆش کەوتن. ٢- گێژ و حۆل بوون، نائاگا بوون. ~ **کردن:** ١- دەرمانی بێهۆشی دان بە کەسێک بۆ لە خەو کردنی هەتا لە کاتی عەمەل دا هەست بە ئێش نەکا ٢- لە هۆش بردن. ∷ مستێکی قورسی لە سەری دا و بێهۆشی کردن. ~ **کەوتن:** دڵ لەخۆوە بوون، بێهۆش بوون.

**بێهۆشی** (حم.)[بێهۆش + ئی] ١- حاڵەتی بێهۆش بوون. ٢- گێژی، حۆلی.

**بێهوودە** (ئان. ل)[بێ4 + هوودە] لەخۆڕا، بێهۆ، بێخود، بێفایدە.

**بێهەست** (ئان. ل)[بێ4 + هەست] ١- کەسێک کە لە ئاست کار و مەسەلەیەک هەست و کاردانەوەی نەبێ. ٢- بێدەنگ، بێهەست و خوست. ∷ کاکە گیان لاوی کوردی شۆخ و شەنگ / تا کەنگێ دەبی وا بێهەست و دەنگ (تاریک و روون ل ٥٠).

**بێهەست و خوست** (ئان. ل)[بێ4 + هەست + و + خوست] زۆر بێدەنگ.

**بێهەم** (ئان. ل)[بێ4 + هەم] کەسێک کە هەم و غەمی نەبێ، بێغەم، بێدەرد، بێوەی. ∷ ئێستەکە کوردە هەموو بێهەم و بێدەرد و خەمە / شادە، ئازادە، دەکا گاڵتە و گەپ، کەیف و گەمە (تاریک و روون ل ٨٢).

**بێهەمتا** (ئان. ل)[بێ4 + هەمتا] شتێک یا کەسێک کە وێنە و هەمتای

نەبێ، بێهاوتا، بێوێنە. **~ بوون:** بێوێنە بوون، هاوتا نەبوون، بێهاوتا بوون.

**بێهەمتایی** (حم.)[بێهەمتا + ئیی] هاوتا نەبوون، بێهاوتایی.

**بێهێز** (ئان. ل)[بێ4 + هێز] ١ـ کەم تاقەت و بێقەوە. ٢ـ بێحاڵ و داماو و نەخۆش.

**بێهێزی** (حم.)[بێهێز + ئی] ١ـ کەم تاقەتیی، بێقەوەیی. ٢ـ داماویی، بێدەستەڵاتیی.

**بێ ئۆقرە** (ئان. ل)[بێ4 + ئۆقرە] ئارام لێبڕاو، نائارام، حەجمین لێهەڵگیراو. **~ بوون:** ئارام لێبڕان، حەجمین لێهەڵگیران، نائارام بوون.

**بێ ئەدەب** (ئان. ل)[بێ4 + ئەدەب] ١ـ کەسێک کە ئەدەبی نەبێ، بێتەربیەت. ٢ـ پڕڕوو، بێشەرم، بێچاوەڕوو. **~ بوون:** ١ـ ئەدەب نەبوون، بێ تەربیەت بوون. ٢ـ پڕڕوو بوون، بێشەرم بوون. **~ کردن:** بێ تەربیەت بار هێنان.

**بێ ئەدەبیی** (حم.)[بێ ئەدەب + ئیی] ١ـ کار و کردەوەی کەسی بێ ئەدەب، بێتەربیەتیی. ٢ـ پڕڕوویی، بێشەرمیی. **~ کردن:** ١ـ بێتەربیەتیی کردن. ٢ـ پڕڕوویی کردن، بێشەرمیی کردن.

**بێ ئەزموون** (ئان. ل)[بێ4 + ئەزموون] کەسێک کە ئەزموون و تەجرووبەی لە بابەت شتێکەوە کەمە یا هەر نییەتی. **~ بوون:** تەجرووبە نەبوون.

**بێ ئەزموونیی** (حم.)[بێ ئەزموون + ئیی] ئاکامی ئەزموون نەبوون، کەم ئەزموون بوون.

**بێ ئەژمار** (ئاک. ل)[بێ4 + ئەژمار] بڕ: بێژمار

**بێ ئەمەگ** (ئان. ل)[بێ4 + ئەمەگ] کەسێک ئەمەگ و چاکەی لە چاو دا نەبێ. // ئەمەگدار. **~ بوون:** ئەمەگ و چاکە دە چاو دانەبوون، سپڵە بوون.

**بێ ئەمەگیی** (حم.)[بێ ئەمەگ + ئیی] کار و کردەوەی کەسی بێ ئەمەگ، سپڵەیی.

**بێ ئەندازە** (ئاک. ل)[بێ4 + ئەندازە] لە رادە بەدەر، بێحەد. ‌:: ئەو ماڵەی جیرانمان بێ ئەندازە ماڵێکی باش و رێک و پێکن.

**بێ ئەندێش** (ئان. ل)[بێ4 + ئەندێش] بێترس، بێخەیاڵ. **~ بوون:**

نەترسان، غایلە نەبوون. ◊ بڕۆ بێ ئەندێش بە، خەیاڵ ماوێژە بەر دڵییە/ حەول و قەوەت بە خولاّیە، لە خولاّی واوە کارسازی دیکەت نییە (لاس و خەزاڵ ل ٤٥).

**بێ ئەنوا** (ئان. ل)[بێ4 + ئەنوا] ١ـ کەسی بێحاڵ و ماڵ. ٢ـ هەژار، نەدار.

**بێ ئەنوایی** (حم.)[بێ ئەنوا + ئیی] ١ـ بێماڵ و حاڵیی ٢ـ هەژاریی، نەداریی.

**بێ ئیراد** (ئان. ل)[بێ4 + ئیراد] هەر شتێک یا کەسێک کە عەیب و کەمایەسی نەبێ. **~ بوون:** عەیب و کەمایەسی نەبوون.

**بێ ئیقباڵ** (ئان. ل)[بێ4 + ئیقباڵ] کەسێک کە شانس و ئیقباڵی نەبێ، بێ بەخت، بەدشانس. **~ بوون:** بێ شانس و بەخت بوون، بەدبەخت بوون

**بێ ئیقباڵیی** (حم.)[بێ ئیقباڵ + ئیی] بێبەختیی، شانس نەبوون، بێ شانس بوون.

**بێ ئیمان** (ئان. ل)[بێ4 + ئیمان] کەسێک کە دینی نەبێ، بێدین، بێدین و ئیمان. **~ بوون:** بێدین بوون، ئیمان نەبوون. **~ کردن:** لە دین وەرگەڕاندن.

**بێ ئیمانیی** (حم.)[بێ ئیمان + ئیی] ١ـ بێدینیی. ٢ـ ناڕاستیی. ٣ـ خیانەت. ٤ـ سپڵەیی.

**بێ ئینساف** (ئان. ل)[بێ4 + ئینساف] ١ـ کەسێک کە لە کار و مەعامەلە و عەداڵەت دا ئینسافی نەبێ، بێویژدان. ٢ـ زاڵم، زۆردار. **~ بوون:** ١ـ ئینساف نەبوون، ئینساف لەبەر چاو نەگرتن. ٢ـ زاڵم و زۆردار بوون.

**بێ ئینسافیی** (حم.)[بێ ئینساف + ئیی] کار و کردەوەی کەسی بێ ئینساف. **~ کردن:** ئینساف و عەداڵەت لە بەر چاو نەگرتن، بێ ئینساف بوون.

# فەرهەنگی کوردیی

# هەرمان

## بەرگی دووەم

(پ ـ ت)

دانانی

**عەلی نانەوازادە**

کوردستان – هەولێر
٢٠٠٥

**ناوی کتێب: فەرهەنگی کوردیی هەرمان (بەرگی دووەم)**

- دانەر: عەلی نانەوازادە
- نەخشەسازی ناوەوە: طــه حسين
- بەرگ: محمد قادر
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- چاپ: چاپی دووەم ٢٠٠٥
- ژمارەی سپاردن: (٣٢٣)
- تیراژ: (٧٥٠) دانە
- نرخ: (٥٠٠٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب - ٢٨ - (١٣١)

**ناونیشان**

**دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی**

**هەولێر - پشت رۆژنامەی خەبات**

**پۆستی ئەلکترۆنی:** **asokareem@maktoob.com**

**ژمارەی تەلەفۆن:** 2260311

www.mukiryani.com

زەنگی تەلەفۆنی ژوور
سنوور سنوور
قاڕە قاڕە دوور
دەنگێکی ئاشنا دەڕژێنێتە گوێم.

نەشتەری سەلام
بە رەگەکان دا دەگەڕێ
لە چاڵی گەروو
کوڵ دەتەقێتەوە،
دەزینگێتەوە سەد جار سەلام
ـ: سەلام هەرمان!

دوای تۆ
کاروان کاروان
قەتار قەتار
مەلەکان، ماڵەکان، هەورەکان
کۆچیان کرد، رۆیین.

دوای تۆ
تەنیای تەنیا
تەنیا من مامەوە
جەستەیەکی سێ پار
سێ کوچکەی رەش هەڵگەڕاوی
جێماوی هەوار!

**ستۆکهۆڵم ٢٠٠١/٧/٣١**

هەروەکی لە بەرگی یەکەم دا رامگەیاند بە داخەوە ئەم کارە کارێکی یەک کەسییە؛ خۆش بوو کە وانەبا و کۆمەڵێک پێوەی خەریک بان و بەرهەمێکی بە پێزتر و شیاوتریان پێشکەشی ئێوە کردبا یا لانیکەم دەستێکی یارمەتی بۆ درێژ کرابا و وەختێکی پترم بۆ دیاری کردبا و هەم خۆم و هەم ئێوەم لە گلەیی خلاس کردبا کە بۆچ هەمووی یا چەند ژمارەی یەکرِا نادەمە دەر.

دەمەویست کۆڵێ دەردی دڵ هەڵڕێژم و کولی دڵمی پێ کەم کەم، کە واچووم و وامکرد و وامکوت و وایانکوت؛ کەچی دەم ـ کوت دووپاتە کردنی لەپاتەی ئەو قسانەن کە ساڵانێکن هەرِەشەی هێرشێک دەکەن و هیچ بناگوێچکەیەکی مێژوویان سوور هەڵنەگێڕاوە... کەوایە با وا دەست پێبکەم: بێ هیچ گلەییەک لە تاک و گەلێک.

## هەندێک سەرچاوەی دیکە

### کوردیی

بۆ کوردستان، هەژار، چاپی سێهەم، ١٣٥٨، جەواهیری، تاران (بۆ کوردستان)
چەپکێ گــوڵ چەپکێ نێــرگــز، هێــمن، چاپی دووهەم، ١٩٩٩، چاپەمــەنی و ئینتشاراتی رەهرو، مەهاباد (چەپکێ گوڵ)
چێشتی مجێور، هەژار، چاپی یەکەم، پاریس ١٩٩٧ (چێشتی مجێور)
دەستەبوخچە، زاراوەی ژنانی موکریان، جەعفەری حوسێنپوور، هێدی، ١٩٩٩، کتێبی هەرزان، سوید (دەستە بوخچە)
فەرهەنگی باڵندە، ئەحمەد بەحری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس، ٢٠٠١، هەولێر (فەرهەنگی باڵندە)
فەرهەنگی پەهلەوی، عەلی نانەوازادە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢، تاران
کانی مرادان، کۆمەڵێک بەند و ئاوازی فۆلکلۆری موکریان، سەلاح پایانیانی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەلاحەدینی ئەیووبی، ١٣٨١ (کانی مرادان)
گوڵ چنینەوە لە خەرمانی « هەنبانە بۆرینە»ی هەژار، عبدالله حسن زادە، چاپی یەکەم، ئاپێک، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥ (گوڵ چنینەوە)
گەنجی سەربەمۆر، ئەحمەد بەحری، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠، دەزگای چاپ ە پەخشی سەردەم (گەنج)
منظومە کردی شیخ فرخ و خاتون استی، قادرفتاحی قاضی، انتشارات دانشگاه تبریز، ١٣٥١ (شێخ فەرخ)
منظومە کردی لاس و خزال، قادرفتاحی قاضی، انتشارات دانشگاه تبریز، ١٣٧٩ (لاس و خەزاڵ)
منظومە کردی مهر و وفا، قادرفتاحی قاضی، انتشارات دانشگاه تبریز، ١٣٤٥ (مێر و وەفا)

## فارسی

فرهنگ گیل و دیلم، محمود پاینده، انتشارات امیرکبیر، چاپ دوم، ۱۳۷۵
فرهنگ لری، حمید ایزد پناه، موسسه انتشارات آگاه، چاپ دوم، ۱۳۶۳
فرهنگ گویش کرمانی، محمود صرافی، مجتمع فرهنگی سروش، تهران، چاپ اول، ۱۳۷۵

## به زمانی دیکه

KURDISH-ENGLISH DICTIONARY by TOUFIQ WAHBY AND C.J.EDMONDS. OXFORD. 1966 (وەهبی)

## کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ئا. | ئاناتۆمی |
| ئار | ئارامیی |
| ئاس | ئاسێتیی |
| ئاک. | ئاوەڵکار |
| ئال | ئالمانیی |
| ئام. | ئامراز |
| ئام. ل | ئامرازی لێکدراو |
| ئان. | ئاوەڵناو |
| ئان. فا | ئاوەڵناوی فاعلی |
| ئان. ل | ئاوەڵناوی لێکدراو |
| ئان. مفـ. | ئاوەڵناوی مفعولی |
| باش | باشووریی |
| باک | باکووریی |
| بڕ: | بڕوانە! |
| بیر | بیرجەندیی |
| بەخ | بەختیاریی |
| بەل | بەلووچیی |
| پار | پارتیی |
| پاز | پازەند |
| پاشـ. | پاشگر |
| پەش | پەشتوو |
| پەھ | پەهلەویی |
| پێشـ. | پێشگر |
| پێشـ. ل | پێشگری لێکدراو |
| تات | تاتیی |
| تاج | تاجیکیی |
| تال | تالشیی |
| تور | تورکیی |
| تەب | تەبەریی |
| جنا. | جێناو |
| چا. ل | چاوگی لازم |
| چا. م | چاوگی متعدی |
| چا. مخ | چاوگی مرخم |
| حر. | حرف ربط |
| حم. | حاصل مصدر |
| خوار | خوارەزمیی |
| خوت | خوتەنیی |
| ر. | ریشە |
| روس | رووسیی |
| زا | زازایی |
| ژ. | ژمارە |
| سان | سانسکریت |
| سور | سوریانیی |
| سوغ | سوغدیی |
| سۆر | سۆرانیی |
| شر. | شێوە رستە |
| عبر | عیبریی |
| عەر | عەرەبیی |
| فار | فارسیی |
| فەر | فەرانسیی |
| کرم | کرمانیی |
| کنـ. | کنایە |

| | |
|---|---|
| گیا. | گیا |
| گیانـ. | گیاندار |
| گیل | گیلەکیی |
| لات | لاتینی |
| لار | لاریی |
| لۆر | لۆڕیی |
| ماز | مازندەرانیی |
| مجـ. | مەجاز |
| مغو | مەغوولیی |
| منج | مونجیی |
| موک | موکریانیی |
| مۆس. | مۆسیقا |
| نا. | ناو |
| نا. ل | ناوی لێکدراو |
| نا. فا | ناوی فاعلی |
| نا. م | ناوی مەسدەر |
| نا. مفـ. | ناوی مفعولی |
| ناو | ناوەندیی |
| نز. | نیزامی |
| وشد. | وشەدەنگ |
| هس | هەڵیسەنگێنە! |
| هەخ | هەخامەنشیی |
| هەو | هەورامیی |
| هند | هیندیی |
| هیک | هیندیی کۆن |
| ئۆر | ئۆردوو |

| | |
|---|---|
| ئەرم | ئەرمەنیی |
| ئەو | ئەوێستایی |
| یون | یوونانیی |
| یەغ | یەغنووبیی |
| ئەر | ئەردەڵانیی |
| ئەک | ئەکدیی |
| ئیتا | ئیتالیایی |
| ئیس | ئیسپانیایی |
| ئین | ئینگلیسیی |
| ئێک | ئێرانیی کۆن |

## ئیشاڕەکان

⁘ وێنە و نموونەی وشە لە ڕستە و شێعر دا.

/ جیا کردنەوەی دوو ڕستە یان بەند و بەیت لە یەکتر.

// دژمانا یا دژبەری وشە (متضاد)

~ دووپاتە بوونەوەی وشە لە چاوگی لێکدراو دا.

|| ناوی لێکدراو

* چاوگی لێکدراوی وشە یا ناوێکی لێکدراو.

# پ

**پ -** سێهەمین پیتی زمانی کوردیی، ناوی ئەم پیتە پێ - یە و لە نێو وشە دا بە چوار جۆر خۆ دەنوێنێ (پـ . ـپـ . ـپ . پ)(پا، سپاردن، ئەسپ، تەپ)

پێ دەگەڵ هەندێک پیتی دیکە ئاڵوگۆڕیان هەیە. دەگەڵ پیتی **م:** تەپ، تەم - پێشوولە، مێشوولە. دەگەڵ پیتی **و:** خراپ، خراو - چوارپێ، چواروێ.

**پا**[1] (نا.)[بڕ: پێ1] ١- (ئا.) بەشێک لە ئەندام کە قورسایی لەشی لە سەرە و مرۆڤ یا گیاندار پێی دەڕوا، بەشی ژێرەوەی لەش لە رانەوە هەتا پەنجەکانی پێ، لاق، قاچ. ٢- (ئا.) بەشی ژێرەوەی قاچ لە گوێزینگەوە هەتا پەنجەکانی پێ. ٣- (ئا.) ئەندامی بزووتن و پێ ڕۆیشتنی گیاندارەکانی دیکە. ٤- یەکەیەکی پێوانە بەرابەر دەگەڵ هەنگاوێک. ٥- بن و ژێری هەر شتێک. ⁙ پای دیوار، پای درەخت. ٦- بەرابەر، هاوشان و یەک بوون. ٧- وەئەستۆ گرتن، لە سەر، لەمل. ⁙ جێبەجێ کردنی ئەو کارە لە پای تۆ. پارەکە لە پای من حیساب بکە! ٨- بەشدار، هاوپا لە کار و ئیش و مەسەلەیەک. ⁙ پای قومار. ٩- پەلەپیتکەی تفەنگ و دەمانچە. **~ بە یەکا هاتن:** لێک هاڵانی پێ. **~ پیا ساوین:** ١- پێ ڕێخستن، پێشێل کردن. ٢- (کنـ.) چاوپۆشی لێکردن و لە بیر کردنەوەی کار و کردەوەیەک. || **پای**

**قومار:** کەس یا کەسانێک کە هەمیشە بە یەکەوە قومار دەکەن.

**پا**2 (ئان.) سواوی وشەی پاک (بڕ: پاک). **~ بوون:** بڕ: پاک بوون. **~ بوونەوە:** بڕ: پاک بوونەوە. **~ کردن:** بڕ: پاک کردن. **~ کردنەوە:** بڕ: پاک کردنەوە.

**پا**3 (پێشـ.) پێشگری کارە لە زاراوەی زازایی دا. (بڕ: پێ3) ⁂ پادایش (پێدان).

**پابۆس** (نا. فا)[پا1 + بۆس][فار: پابوس] کەسێک کە پێی کەسێکی دیکە رامووسێ. ⁂ مەر ئەوسا دڵم خاڵی جە خەم کەم/ جەستەم وە پابۆس پای سپی شەم کەم (وەلی دیوانە ل ٣٩).

**پابەرە** (نا. ل)[پا1 + بەر7 + ئە][ئەر] دەرپێ، ئاواڵکراس، پاوەرە، پاوەرێ.

**پابەست** (نا. مفـ.)[پا1 + بەست] پابەستراو، ئەسیر، گرفتار، پابەستە، پابەند.

**پابەستە** (نا. مفـ)[پا1 + بەستە] ١ـ کەسێک کە پێی بەسترابێتەوە. ٢ـ ئەسیر، بەندیی، بەستراو. ٣ـ گیرۆدە، ئەویندار. ⁂ مەنعی ناڵینی وەفایی مەکە مەجنوون سیفەتە/ ئاخر ئەو غەمزەدە پابەستەیی لەیلایەکە (وەفایی ل ١٣١). & پێبەستە. **~ بوون:** ١ـ ئەسیر بوون، گرفتار بوون. ٢ـ گیرۆدە بوون، ئەویندار بوون. ٣ـ بەسترانەوە بە کەسێک. & پێبەستە بوون.

**پابەن** (نا. ل)[پا1+ بەن1] بڕ: پابەند

**پابەند** (نا. ل)[پا1+ بەند] ١ـ بەندێکی ئاسن یا گوریسێکی درێژە کە لاقی بەرزە وڵاغی پی دەبەستنەوە بۆ ئەوەی کە بلەوەڕێ و دوور نەبێتەوە، پێوەند. ٢ـ هۆگر، بەستراو بە شتێک، گرفتار، پێبەند. ⁂ هەموو عالەمتە پابەند و لە دامان/ کەچی دەستی کەست ناگاتە دامان (مەحوی ل ٢٤٢). & پابەن. **~ بوون:** هۆگر بوون، بە شتێکەوە بەستران، سەر بە شتێک بوون، پێبەند بوون. ⁂ ئەم کوڕەم پابەندی چ نیە. دوژمن پابەندی هیچ یاسایەکی ئینسانی نیە. **~ کردن:** هۆگر کردن، بەستنەوەی کەسێک بە شتێک، پێبەند کردن.

**پابەندیی** (حم.)[پابەند + ئیی] وابەستەبوون، هۆگریی، پابەند بوون، پێبەندیی.

**پاپ** (نا.)[یون: pappas] سەرۆک و

پێشەوای قەشەکانی مەسیحی کاتۆلیک کە ناوەندەکەی لە واتیکانە، پاپا. (وشەی پاپ بە مانای باب یا باوک ـ ە و پرۆتستانەکان بڕوایان بە پاپ نیە.)

**پاپا**[1] (نا.) ١ـ کەوش یا پێڵاو بە زمانی منداڵان. ٢ـ پێ بە زمانی منداڵان.

**پاپا**[2] (نا.) بڕ: پاپ

**پاپاجانە** (نا. ل)[پاپا1 + جان + ئە] کەوشی منداڵانە، پاپاجانێ، پاپەجانە، پاپەجانی، پاپووچە.

**پاپاجانێ** (نا. ل)[پاپا1 + جان + ئێ][ئەر] بڕ: پاپاجانە

**پاپاخ** (نا.) بڕ: پەپاخ

**پاپاچینە** (نا. ل)[پا1 + پاچینە] ١ـ پەیژە، نەردیوان، پاچینە. ٢ـ شوێن پێ لە دیواری بیر و چاڵاو دا بۆ چوونە خوار و هاتنە سەر.

**پاپاغ** (نا.) بڕ: پەپاخ

**پاپۆڕ** (نا.)[فەر: vapeur] مەکینەی ساز کراو لە چێو یا کانزا کە لە سەر ئاو بۆ سەفەر یا بار کەلکی لێوەردەگرن، کەشتی.

**پاپۆڕەوان** (نا. ل، ئان. ل)[پاپۆڕ + ئە + وان] کەسێک کە سەرۆکی پاپۆڕە و کەشتیکە لێدەخورێ، کەشتیەوان.

**پاپۆش** (نا. ل)[پا1 + پۆش٢/1] [هەو ـ ئەر] ١ـ [بیر: پاپووش ـ فار: پاپوش ـ پەش: پاپووش، پاپۆخە] کەوش، پێڵاو (هس: پاپووچ). ٢ـ [لۆر: پاپوش (شالوار)] دەرپێی ژنانە، ئاواڵکراس، پابەرە.

**پاپۆکە** (نا.) بڕ: پاپووکە

**پاپووچ** (نا. ل)[پا1 + پووچ][باک] [هس: پاپۆش] بڕ: پاپووچە

**پاپووچە** (نا. ل)[پاپووچ + ئە] جۆرێک پاڵایە لە خوری یا کاموا دەیچنن یا ئەوە کە لە پەڕۆ دەیدروون و لە ماڵ دا دەپێی منداڵی دەکەن. پاپووچە بۆ گەورەش ساز دەکرێ کە پتر زستانان لە نێو ماڵ دە پێی دەکەن، پاپووچ، پاپاجانێ، پاپاجانە.

**پاپووکە** (نا.)[ناو: پاپووکە، پاپۆکە، پەپکە ـ هەو: پەپکە] ماری لە خۆ هاڵاو، چەمبەرە. ~ **بەستن:** بڕ: پاپووکە خواردن. ~ **خواردن:** کۆ بوونەوەی مار لە سەر خۆی، پاپووکە دان، پاپووکە خواردنەوە، ئاخڵە دان، پەپکە بەستن، پەپکە دان، پەپکە خواردن. ~ **خواردنەوە:** بڕ: پاپووکە خواردن.

**دان:** بڕ: پاپووکە خواردن.

**پاپە** (نا.)[هس: پەڵپ] پەڵپ، بیانوو. **~ گرتن:** پەڵپ گرتن. **~ لێگرتن:** پەڵپ پێگرتن. :: دەیانگوت: دایە خراپ قەوماوە/ مەڕەکان بەرهەڵدایە، پاپەی لە خاتوون ئەستی گرتوە ئەم پیاوە (مان ل ١٤٩).

**پاپەتی** (ئان. ل)[پا1 + پەتی1][هەو ـ ئەر] ١ـ بێ پێڵاو، پێپەتی، پێخواس. ٢ـ (مجـ.) هەژار و نەدار. & پێپەتی.

**پاپەجانە** (نا. ل)[پاپە (پاپا) + جان + ئە] بڕ: پاپاجانە

**پاپاجانی** (نا. ل)[پاپا + جان + ئی] [هەو] بڕ: پاپاجانە

**پاپەنجە** (نا. ل)[پا1 + پەنجە] نێردیوان، پەیژە، پاچینە.

**پاپیرۆس** (گیا.)[لات: papyrus لە یوونانی papyros] جۆرێک قامیش لە تیرەی جەگەن. لە میسر خەڵک ناوەکەیان دەخوارد و خۆشیان دەکردە کەندر و جۆرە کاغەز یا مقەوایەکیان لێ ساز دەکرد و لەسەریان دەنووسی. میسریەکان ئەو قامیشەیان ریشاڵ ریشاڵ دەکرد و دوایە وەک تان و پۆ لە سەر یەکیان دادەنا و هێندەیان ڕێدەخشاند هەتا جوان پێکەوە دەنووسان. پاپیرۆس هەتا سەدەی هەشتی زایینی برەوی هەبوە، Cyperus papyrus ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، پیزاڵ، پیزڵ، بەردەی.

**پاپیۆن** (نا.)[فەر: papillon (پەپوولە)] چەشنێک کراواتی چووکە کە گرێکەی شێوەی پەپوولەی دەدا.

**پاپێچ** (نا. ل)[پا1 + پێچ][ئەر] ١ـ بڕ: پووزپێچ. ٢ـ کەرەسەیەکی گرگرانییە، فشفشە.

**پات**[1] (نا.)[ئەو: بیتیا ـ هەخ: دوڤیتیا ـ پەه: بێت. ناو: پات، پاتە] جار، کەڕەت، بار. :: دووپات، چەندپات.

**پات**[2] (نا.)[؟] زارێکی شەترەنجە. کاتێک دوو غەنیم وەک یەک دێنەوە و هیچ کامیان مات نابن.

**پاتاڵ** (نا. ل)[پاتە2 + ئاڵ4] ١ـ پەڕۆی شڕ و بێکەلک، پەڕۆ و پاڵ، پینە و پەڕۆ. ٢ـ (ئان.) پیر، مرۆڤی پیر و لە کار کەوتوو. :: پیر و پاتاڵ. ٣ـ ماڵات، وڵسات. ٤ـ (کنـ.) پیاوی بێکارە و بێکەلک.

**پاتاوە** (نا. ل)[پا1 + تاو3 + ئە][فار: پاتابە ـ کرم: پاتۆوە ـ گیل: پاتۆوە. باک:

پیتاڤ ـ ناو: پاتاوە، پێتاوە] پالاً، پێلاو.

**پاتشا** (نا. ل)[پەھ: پاتشا] بڕ: پادشا

**پاتشازادە** (ئان. ل، نا. ل)[پاتشا + زادە] بڕ: پادشازادە

**پاتشایانە** (ئان. ل، ئاک. ل)[پاتشا + یانە (ئانە2)] بڕ: پادشایانە

**پاتشایەتیی** (حم.)[پاتشا + یەتیی] بڕ: پادشایەتی

**پاتشایی** (حم.)[پاتشا + یی] بڕ: پادشایەتی

**پاتن** (چا. م)[باک] بڕ: پێژتن

**پاتک** (ئا.)[باک] پژمل، پشت مل

**پاتۆخ** (نا. ل)[پا + تۆخ][ئەر] بڕ: پاتووق.

**پاتۆلۆژی** (نا.)[فەر: pathologie] زانستێکە کە لە سەر هۆ و چلۆنایەتی نەخۆشی دەکۆڵێتەوە و باسی لێدەکا.

**پاتۆڵ** (نا.) بڕ: پانتۆڵ

**پاتووق** (نا. ل)[پا + تووق (تور: توغ= ئالاً)] شوێنی کۆ بوونەوە و یەکتر دیتنی دۆست و ناسیاو و کۆمەڵێک کەس لە شوێنێکی تایبەتی و هەمیشەیی، پاتۆخ.

**پاتە** 1 (نا.) بڕ: پات1. ؛؛ دووپاتە

**پاتە** 2 (نا.)[باک] پینە

**پاتە** 3 (نا.)[؟][باک] سەلام، سڵاو.

**~ لێخستن:** سڵاو لێکردن.

**پاتەتە** (نا. ل)[پا1 + تەتە1] بڕ: پێتاتە

**پاتەخت** (نا. ل)[پا1 + تەخت/٨] شاری ناوەندی دەستەڵاتداریی وڵاتێک کە کاروباری دەوڵەت لەوێوە هەڵدەسووڕێ، پێتەخت، پایتەخت.

**پاتیرە** (نا.)[زا] بڕ: فەتیر

**پاتیل** (نا.) بڕ: پاتیلە1

**پاتیلە** 1 (نا.)[سان: پاتیلە] مەنجەڵی گەورەی مسی کە لە شوێنێک یا لە سەر سەکۆ یەک دایدەمەزرێن بۆ ساز کردنی چێشتی زۆر، قازان، پاتیل، پاتێڵ، پاتێڵە.

**پاتیلە** 2 (نا.)[باک ـ زا] بڕ: فەتیر

**پاتێڵ** (نا.)[ئەر] بڕ: پاتیلە1

**پاتێڵە** (نا.)[ئەر] بڕ: پاتیلە1

**پاجا** (نا.)[زا] بڕ: پاجە

**پاجە** (نا.)[باک ـ زا] ١ـ پەنجەرە، دەلاقە، پاجا، پاژا. ٢ـ کولانە، رۆچنا.

**تێبینی:** باجا لە تورکی دا و باجە لە

فــارســی دا بە مــانــای کــولانە هــاتوون. وشـەکـە تورکی نیـە و لە فـارسـیش دا چ ریشـــەیەکـیــان بۆ دیاری نەکــردوە. بۆی هـەیە کـە وشـەکـە لە [پا + جـا یـا جێ] پێکهاتبێ.

**پاچ**[1] (ر.) ١ـ رەگی پاچین و داپاچین و هـەڵپــاچین. ٢ـ (نـا.)[نـاو: پـاچ ـ هـەو: پـاچ] جـۆرێک قـوڵینگە کـە بۆ هـەڵکەندنی زەوی کەلکی لێوەردەگرن بەڵام یەک دمی هـەیە و زەوی دەبڕێ، قـــەزمـــە. ‖ **پاچی هەرمەنی (ئەرمەنی):** (کنـ.) کـەسێک کـە لە سـەر مـەبـەستێک زۆر پێداگرێ و رەق بێ.

**پاچ**[2] (نـا.)[بـاک ـ زا] بڕ: مـاچ

**پاچ**[3] (نـا.)[؟] ١ـ [بـاک ـ زا] جـــــاو، کـەتـان. ٢ـ [زا] کـورتەک، پەســتـەک. ٣ـ [زا] کراسی درێژی ژنان

**پاچاڵ** (نا. ل)[پا1 + چاڵ] بڕ: پێچاڵ

**پاچرا** (نا. ل)[پا1 + چرا] بڕ: پێچرا

**پـاچـرکـێ** (ئـاک. ل)[پـا1 + چـرک (چرکە) + ئێ][ئەر] بڕ: پێدزە

**پاچڤان** (ئان. ل، نا. ل)[پاچڤە + ڤان] [باک] کـەسێک کـە کـاری وەرگـێـڕانە، دیلمانج، تەرجمان، وەرگێڕ.

**پاچڤە** (نـا.)[باک] وەرگـێڕانی قـسـە و نووســـراوەیـەک لە زمـــانێکەوە بۆ ســـەر زمانێکی دیکە، تەرجومە، پەچڤە.

**تێبینی:** پێموایە پاچڤە [پاچ + ڤە] لە ئەپـاچ ـ ی ئـەوێسـتـایی و پەهـلەویی بە مـانـای پاش و پشـت و ئاوەژووی کـوردیی کەوتبێ.

**پاچکاریی** (حم.)[پاچ1 + کـــار + ئیی] کـــاری هـەڵکەندنی زەوی. ∷ یەک دوو سـاعـەتـمـان پاچکاری هـەیە و دوایی تەواو دەبین.

**پاچکە** (نـا. ل)[پا1 + چکە][هـەو ـ ئەر] ١ـ (ئا.) بڕ: پاچە. ٢ـ پێچکە و پایە کــــەرەســــەی وەک تەخت و کــورســی و سەندەڵی.

**پاچوولکە** (نا. ل)[پاچ1 + ئوولکە] پاچێکی چکۆڵەیە کـە بۆ هەندێک کـار و باری بەنایی و چاڵاو و بنکۆڵ کـــەلکی لێوەردەگرن، پاچەکۆڵە.

**پاچە** (نـا. ل)[پـا1 + چە1] ١ـ (ئا.) [پەش: پاچە ـ بیـر: پاچە ـ فـار: پاچە ـ کـــــرم: پاچا. باک: پاچە ـ ناو: پاچە، پاچکە ـ هەو: پاچکە] پێ و قاچکی ئاژەڵ و مـەڕ و مـاڵات کـە سـەروپێی پێ سـاز دەکـــەن، قـــاچک. ٢ـ شــــوێنی بنەوەی

شـاڵوار و پـاتۆڵ کـە دادەگـرترێتـەوە، دەلینگ.

**پـاچەچی** (نـا. ل)[پـاچـە + چـی2] کەسێک کە سەروپێ دەفرۆشێ، سەروپێ فرۆش.

**پاچەکـوو** (نا. ل)[پاچـە + کـوو][هەو] بڕ: پێدەشت

**پاچەکـۆڵە** (نا. ل)[پاچ1 + ئە + کـۆڵ (کۆڵین) + ئە] بڕ: پاچوولکە

**پاچین** (چا. م)[؟] ١ـ هـەڵپـاچین. ٢ـ هـەڵپـەرتاوتنی دار و درەخت، هـەرەس کردن.

**پاچینگەهـ** (نا. ل)[پا1 + چین + گەهـ] [باک] بڕ: پاچینە

**پـاچینـە** (نـا. ل)[پـا1 + چین + ئـە] [بـاک] نـەردیـوان، پـەیژە، پـاچـینـگـەهـ. (هس: پاپاچینە)

**پاحن** (ئان)[باک] بڕ: پان

**پاحنی** (نا.)[باک] بڕ: پاژنە

**پاخـــر** (نا.)[تور: bakır][باک ـ زا] بڕ: مس.

**پاخـوا** (نا. ل)[پا1 + خـوا][ئەر] بڕ: پێخوێ

**پاخـۆشـە** (نا. ل)[پا1 + خـۆش + ئە] شـوێن و ڕێگا و بانێک کە هاتووچۆی بە سـەر دا زۆر بێ و بـە پـێ کـوترابێ و پێشێل کرابێ.

**پاخـەسـوو** (نا. ل)[پا1 + خـەسـوو] [ئەر] بڕ: پێخەسوو

**پاخێل** (نا.)[باک] بڕ: پارخێل

**پـادار** (نـا. ل، ئـان. ل)[پـا1 + دار2] هـەر گـیـاندارێک کـە پێی هـەبێ، خـاوەن پێ. ፡፡ پاداران بگرە، بێـپـا ئـی خـۆتە (امثال و حکم ل ٧٩).

**پاداش** (نـا. چا)[پـاز: پـادائیـشـن، پـاداشـن ـ پـەهـ: پـات داشـن، پـات دەهیـشـن، پاداشـن. باک: پاداش ـ ناو: پاداش، پاداشـت] سـزا، حـەق، مـز، خـەڵات. **~ دان:** لە بەر چاو گـرتنی حـەقی چاکـە و کـردەوەیەکی باش. ፡፡ ئەگـەر ئەوسـاڵ دەرسـەکـانت بخـوێنی پاداشـێکی باشت دەدەمێ. **~ دانەوە:** سـزا دانەوە، حەق دانەوەی کاری باش و خـراپ. ፡፡ کـاری چاک و خـراپ لە لای خـودا بێ پاداشت نامـێنێـتـەوە. ئاوا پاداشی چاکەم دەدەیەوە؟!

**پاداشت** (نا. چا) بڕ: پاداش

**پاداو** (نا. ل)[پا1 + داو] ١ـ تەپکە و

تەڵەیەک کە داوەکانی لە مووی کلکی ئەسپ و بارگین ساز دەکەن و لە سەر تەختەیەکی قایم دەکەن، دانی لە سەر ڕۆ دەکەن و مەل و باڵندەی پێدەگرن، خەپک، دافک، تەپکە1. ٢ـ [ئەر] نێرەکەوێک کە ڕاوچی بۆ ڕاوی سیاسووتی دەبەن هەتا بخوێنێ و نێرەکەوی دیکە بە دەنگیەوە بێن بیانەوێ ماکەوی لە چنگ دەرێنن و لە داو کەون، بەق2. ٣ـ چەرمێکی بە ئاڵقە لە قاچی دەبەستن بۆ بە دار هەڵچوون (هەنبانە بۆرینە ب ١ ل ٩٦).

**پادشا** (نا. ل)[پاد + شا][هەخ: پەتیخشایەثییە ـ پەه: پاتەخشا. فار: پادشاه ـ پەش: پاچا، پادشاه. باک: پادیشاه، پاشا ـ ناو: پاشا، پاتشا، پادشا، پاوشا ـ هەو: پادشا، پاشا ـ زا: پاشا، پادیشا، پادیشاه] ١ـ هەر میرێک کە خاوەنی تەخت و تاج بێ، سوڵتان. ٢ـ دەستەڵاتدار، خاوەن هێز و دەستەڵات. ٣ـ خودا. || **پادشای بێ مەکان:** (کنـ.) خودا. **پادشای پەروەردگار:** (کنـ.) خودا. ፨ ئەوە خۆی دەسپارد بە پادشای پەروەردگار و بە سوبحانە (سەعید و میرسێوەدین ل ٢١٠). **پادشای جەبار:** (کنـ.) خودا،جەببار (یەک لە سفەتەکانی خودا). ፨ ئێمە کردەوەی خوداین، هەمووی خوڵقاندووین ئەو پادشای جەبباره (لاس و خەزاڵ ل ٣). **پادشای ڕەبیانی:** (کنـ.) خودا. **پادشای غەفوور:** (کنـ.) خودا، غەفوور (یەک لە سفەتەکانی خودا). ፨ ئەوەش تەمەننا دەکەم لە پادشای غەفوور (لاس و خەزاڵ ل ١٣٨).

**پادشازادە** (ئان. ل، نا. ل)[پادشا + زادە] کوڕی شا، شازادە، پاشازادە، پاتشازادە.

**پادشایانە** (ئان. ل)[پادشا + یانە (ئانە2)] ١ـ هەرچی کە لە شا بوەشێتەوە، شیاوی پادشا. ٢ـ (ئاک. ل) وەکوو پادشا، چەشنی پادشا. ፨ زەماوەندێکی پادشایانەی ساز کردبوو. & پاشایانە، پاتشایانە.

**پادشایەتی** (حم.)[پادشا + یەتی] [پەه: پاتەخشاییە] کاری پادشا، سەڵتەنەت، حکوومەت، پاشایەتی، پاتشایەتی، پادشایی، پاتشایی. **~ کردن:** حکوومەت کردن.

**پادشایی** (حم.)[پادشا + یی] بڕ: پادشایەتی

**پادگان** (نا.)[فار: پادگان] شوێنێک

کە سپا یا قۆشەنێکی سەرباز تێدا دەژی، سەربازخانە.

**پادەرانە** (نا. ل)[پا1 + دەر + ئانە2] پارەیەک کە کەسی مەشموولی سەربازی لە سەردەمی قاجار دا مانگانە دەیدا بە کەسێک کە لەجیات ئەو خزمەتی دەکرد.

**پادەشت** (نا. ل)[پا1 + دەشت] بڕ: پێدەشت

**پادەم** (نا. ل)[پا1 + دەم2][هەو] ئامێرێکە وەک هەنبانە کە ئاسینگەر و زێڕینگەر بۆ گەشانەوەی کوورە کەلکی لێوەردەگرن و چەند جۆری هەیە. هەندێک بە پێ و هەندێک بە دەست کوتان با دەدەنە دەرەوە. ⁘ ئارۆ راگەم کەفت نە ئاهینگەرێ/ دیم کە نیشتەبێ کان گەوهەرێ/ پادەم مەدەمنا زوڵف عەنبەرێ (مەولەوی ل ٤٤٤).

**پادەو** (نا. ل)[پا1 + دەو][فار: پادو] شاگرد یا کەسێک کە لە دوکان و بازاڕ بە شوێن و کار و باری دا دەنێرن.

**پادیشا** (نا. ل)[زا] بڕ: پادشا

**پادیشاه** (نا. ل)[باک - زا] بڕ: پادشا

**پادینگ** (نا. ل)[پا1 + دینگ] ئامرازێکی برینج کوتانە کە بە پێ کار دەکا بۆ جیا کردنەوەی برینج و چەڵتووک لە یەک، دینگ، برنجکوت.

**پار**[1] (ئاک.)[ئەو: پەئورڤە - هەخ: پەروڤە - سان: پەروت - پەه: پار. تات: ئاپارە، ئەپارە - فار: پار - لۆر: پار - بیر: پار. باک: پار - ناو: پار - هەو: پار - زا: پار] ١- ساڵی پێش، ساڵی رابوردوو، پارەکە. ٢- (ئان.) هەرچی کە پێوەندی بە ساڵی رابوردوو هەبێ، پارەکە. ⁘ کراسی پار، تەقویمی پار. & پارین، پارێن.

**پار**[2] (ئان.)[پەه: پارەک. باک: پار - ناو: پار - زا: پار][بڕ: پارە] ١- بەشێک لە شتێک، بەش، پارچە، پارە، پاژ. ٢- کەلاف، ماشەر.

**پار**[3] (نا.)[سۆر] بڕ: پاڵ. ⁘ یار غەزاڵێ غەزاڵێ خۆمم دەخزاندە پارێ/ گوتمێ بێنە ماچت کەم مەمکت سێوە بە دارێ (سێسەد هۆنراوە ل ١٤).

**پارازتن** (چا. م)[ئەر] بڕ: پاراستن

**پارازیت** (نا.)[یون: parasitos] ١- مفتەخۆر، گیاندارێک کە لە نێو لەشی گیاندارێکی دیکە دا دەژی و خۆراکی خۆی لە لەشی ئەو وەدەست دەخا. (لە یوونانی کۆن کەسانێکی وەک مجێور

هەبوون کە نانیان بۆ مەعبەدەکان کۆ دەکردەوە و بەو کەسانەیان دەکوت پارازیت) ٢ـ شەپۆلی شێوێنەری ئیزگەی رادیۆ. ٣ـ (کنـ.) تەوس. ~ **خستنە سەر:** شێواندنی شەپۆلی رادیویی بە هاویشتنی شەپۆلێکی دیکە وەها کە باش نەبیسرێ و خشەی بێ. ~ **هاویشتن:** چوونە نێو قسەی یەکی دیکەوە یا قسە پەڕاندن و لاتاو لێدان بۆ ئەزیەت کردنی قسەکەر.

**پارافین** (نا.)[فەر: paraffine] مادەیەکی چەوری مەیوی سپی و بێ بۆن و تامە کە لە نەفت دەگرترێ و بۆ هەندێک دەوا و دەرمان و کەرەسەی خۆ رازاندنەوە و شەم کەلکی لێوەردەگرن.

**پاراستن** (چا. م)[ئەو: پەئیتی رەئێک ـ پەهە: پەهرێختەن. باک: پاراستن، پارازتن، پارستن، پارێزتن ـ ناو: پاراستن، پارازتن ـ هەو: پارێزنای] ١ـ چاوەدێری کردن و ئاگا لێبوون لە کەسێک یا لە شتێک بۆ ئەوەی چی بە سەر نەیە. ٢ـ بواردن، لێ رەد بوون، تێپەڕاندن.

**پاراسوو** (نا.)[باک] بڕ: پەراسوو

**پاراڤ** (ئان. ل)[پار + ئاڤ][باک] بڕ:

**پاراو** (ئان. ل)[پار + ئاو1] ١ـ حاڵی گیاوگۆڵ و دەغڵێک باش ئاوی لێنەبڕێ و هەمیشە تێراو بێ، تێراو. ٢ـ شەق و تازە، تورت و گەش، تەڕ و پاراو، پاراڤ. ٣ـ تیر و تەسەل. ⁂ ئەی وەتەن کەنگێ رەوایە مەستی خەو بێ پاسەوان/ گورگی دوژمن کەوتە کۆزی مێگەلی پاراوی تۆ (هێدی ل ٣٠٠). ~ **بوون:** ١ـ تێراو بوون. ٢ـ تورت و گەش بوون. ~ **کردن:** ١ـ ئاو داشتنی زەراعەت، دێران، تێراو کردن. ٢ـ تورت و گەش کردن.

**تێبینی:** پێموایە وشەی پار لە پاراو دا پێوەندییەکی زۆری بە یەکێک لە تێبینییەکانی بار5 هەیە. هەروەها هاوڕیشەی ئەم وشەیە لە زمانی فارسی دا بە شێوەی پاراب، باراب، پاریاب بە مانای زەوی بەراو و ئاویی یا زەراعەتێک کە بە ئاوی چۆم و جۆبار درابێ، هاتوە.

**پارپار** (گیا.)[پار2 + پار2] بڕ: پرپرە/١.

**پارتی** (نا.)[فەر: partie] ١ـ کۆمەڵە و تەشکیلاتی تاقمێکی هاو بیر و بڕوا کە بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانیان

پێکیدێنن، حیزب. ٢ـ دەستەڵاتدار و دەست ڕۆیشتنێک کە قانوونی یان غەیری قانوونی بۆ جێبەجێ کردن یان جێبەجێ بوونی کاری کەسێک کەلکی لێوەردەگرتریێ. لاینگر و پشتگر لە شوێنێک، پاڵپشت. ⁂ مامی حوسێن بۆ دامەزراندن پارتییەکی باشە. پیاو بێ پارتی کارەکانی بۆ ناچێتە پێش. ٣ـ میوانی و ئاهەنگێک بە بەزم و سەما و مۆسیقاوە کە پتر لاو و گەنجەکان دەیگرن. ⁂ گەنجی ئێستا حەوتووی دوو سێ شەو پارتییان هەیە. **بوونە ~ کەسێک:** کەلک وەرگرتن لە دەستەڵات و دەست ڕۆینی خۆ بۆ جێبەجێ کردنی کار یان گرفتی کەسێک. **کردنە ~:** لە دەستەڵاتی کەسێک کەلک وەرگرتن بۆ جێبەجێ کردنی کار و بار. ⁂ ئەو کارە خۆم وە دەستم خست باوەڕ کە کەسم نەکردە پارتی خۆم. **~ هەبوون** ناسیاوێکی سایەچەور یا کاربەدەستێک لە شوێنێک هەبوون بۆ جێبەجێ کردنی بێ گیروگرفتی کار و بارێک.

**پارتیبازیی** (حم.)[پارتی/٢ + بازیی] ئاکامی پارتی. **~ کردن:** کەلک وەرگرتن و دە کار کردنی پارتی و دەستەڵات بۆ جێبەجێ کردنی کار و مەسەلەیەک. ⁂ زۆرکەس پارتیبازیی دەکەن و دەچنە زانستگا.

**پارتیزان** (نا.)[فەر: partisan] چەکداری سەر بە ڕێکخراوە و حیزبێک کە دەگەڵ دەوڵەتی خۆیی شەڕ دەکا، پێشمەرگە.

**پارچ** (نا.)[لۆر: پارچ ـ فار: پارچ. ناو: پارچ ـ هەو: پارچ] دەفرێکی گڵێنە یا شووشەیی یا کانزای درێژ و قوڵی دەسکدارە کە ئاو و ساردیی بۆ خواردنەوە تێدەکەن و لە سەر سفرەی یا شوێنی دیکەی دادەنێن، تونگە.

**پارچان** (چا. ل)[لە: پەرچ] داکوترانی بزمار و شتی تیژ و خوار بوونەوەی لە پشتەوە. ⁂ کوڵمەی دەڵێی بەفرە و دۆشاوی پێداڕژاوە/ تیرێکت لە جەرگی داوم لە پشتم پارچاوە (مێر و وەفا ل ٧٣).

**پارچە** (نا. ل)[پار2 + چە1][باک: پارچە، پەرچە ـ ناو: پارچە ـ هەو: پارچە ـ زا: پارچە، پەرچە] ١ـ کوت، لەت، پار2.. ٢ـ یەکەیەکە بۆ خاک و زەوی. ⁂ سێ پارچە زەوییم لە شار هەبوو بە هەرزان فرۆشتم. ٣ـ هەر شتێکی چنراو لە لۆکە و پەشم و شتی دیکە، پەرچە،

قوماش.

**پارچەپارچە** (نا. ل)[پارچە/١ + پارچە/١] لەت و پەت، کوت کوت، لەت لەت، ونجڕونجڕ. **~ بوون:** لەت و پەت بوون، ونجڕونجڕ بوون، کوت کوت بوون. **~ کردن:** لەت و پەت کردن، ونجڕونجڕ کردن، کوت کوت کردن.

**پارچەفرۆش** (نا. فا)[پارچە/٢ + فرۆش] کەسێک کە دوکانی پارچەفرۆشی هەیە و کوتاڵ بە خەڵک دەفرۆشێ، کوتاڵ فرۆش، بەزاز.

**پارچەفرۆشیی** (حم.)[پارچەفرۆش + ئیی] کاری کوتاڵ فرۆش، بەزازیی، کووتاڵ فرۆشیی.

**پارچەساز** (نا. فا، ئان ل)[پارچە/٢ + ساز] کەسێک کە لە لۆکە، پەشم یا شتی لەم بابەتە پارچە ساز دەکا.

**پارچەسازیی** (حم.)[پارچەساز + ئیی] شوێنێک کە پارچەی لێ ساز دەکەن.

**پارچەم** (نا.) بڕ: پەرچەم. ⁂ ئەمن لێی شین دەکەم وردە پارچەمان، ئەتۆش شین کەوە کەزیەی دەناو ملانێ (سروە ١٧٨ ل ٤٨)

**پارچین** (نا.)[زا] بڕ: پەرژین

**پارخێل** (نا.)[؟] ١- [باک - زا] داشقە، عارەبە. ٢- [باک] عارەبەی بێ چەرخ، خێشک. & پاخێل.

**پاردم** (نا. ل)[پار (پاڵ) + دم2][زا] بڕ: پاڵوو

**پاردوو** (نا. ل)[پار(پاڵ) + دوو3] بڕ: پاڵوو

**پاردە** (نا.)[پەه: بار] ١- دیوارێکی کورت کە بە وشکەبەرد لە دەوری کانی، گراو یا شوێنی دیکە هەڵیدەچنن. ٢- سیپە و حەشارگەی راوکەران. ٣- [ئەر] خەندەک، خەندەق

**تێبینی:** بار لە پەهلەویی دا بە مانای دیوار هاتوە. دوور نیە کە پاردە لە دوو بەشی پار + بەردە یانی دیواری بەرد پێکهاتبێ و لە دوایی لێک و لووس و سوابێ و بووبێتە پاردە.

**پارزم** (نا.)[زا] بڕ: پازوون

**پارزن** (نا.)[باک] بڕ: پازوون

**پارزنگ** (نا.)[باک] بڕ: پازوون

**پارزوم** (نا.)[زا] بڕ: پازوون

**پارزۆن** (نا.)[زا] بڕ: پازوون

**پارزوون** (نا.)[باک: پارزن، پارزوون، پارزنگ، پارزوونگ ـ زا: پارزم، پارزوم، پەرزم، پەرزوم، پارزۆن] بڕ: پاڵوێنە

**پارزوونگ** (نا.)[باک] بڕ: پازوون

**پارزی** (گیا.)[باک] دارێکی جوانە، توێکڵی ساقەتی بۆر و گەشە، گەڵاکانی پان و شێوەی دڵیان هەیە و لێوارەکانی گڕنی گڕنییە، گوڵەکانی سپی و بۆنخۆشن و بە دێمکراوی بۆ چارەسەر کردنی کۆخە کەلکی لێوەردەگرن، Tilia sylvestris ناوی لاتینی ئەم دارەیە، ئەخلاموور. (عەر: زیزفون)

**پارس**[1] (نا.)[لە: پارسایيش (پرسین)][زا] ١ـ بڕ: پرس. ٢ـ [باک ـ زا] سواڵ، سەدەقە.

**پارس**[2] (گیانـ.)[؟][باک] یوزپڵینگ.

**پارستن** (چا. م)[باک] بڕ: پاراستن

**پارسوو** (نا.)[باک] بڕ: پەراسوو

**پارسە** (نا. ل)[پارس + ئە] ١ـ [زا] سواڵ. ٢ـ [ئەر] کار و پیشەی سواڵکەر، سواڵکەریی، گەدایی.

**پارسەک** (نا. ل)[باک ـ زا][پارس + ئەک] کەسێک کە سواڵ دەکا، گەدا، سواڵکەر.

**پارسەنگ** (نا. ل)[پار2 + سەنگ] [لۆر: پارسەنگ ـ فار: پارسنگ ـ پەش: پارسەنگ. باک: پارسەنگ ـ ناو: پارسەنگ ـ هەو: پارسەنگ] بەردێک کە لە کاتی دانانی دەفرێکی بۆش لە سەر تەرازوو بۆ هاوسەنگی دەخرێتە تایەکەی دیکەی تەرازوو. ~ **خستنە پاڵ:** (کنـ.) بوختان هەڵبەستن و شتی سووک و ناشیرین خستنە پاڵ کەسێکەوە. ~ **گرتنەوە:** پارسەنگ لە سەر تەرازوو دانان بۆ دەرکەوتنی قورسایی دەفری بۆش. ~ **ویستن:** پێویست بە پارسەنگ هەبوون بۆ میزان بوونی تەرازوو. ~ **ویستنی ئەقڵی کەسێک:** (کنـ.) شێت بوون، کەموکووڕی ئەقڵ هەبوون، گەوج بوون. ⁂ کێ ئەقڵی پارسەنگی دەوێ/ شت هەر وەگیر ئەو دەکەوێ (هێدی ل ١٧١).

**پارسی** (ئا.)[باک] بڕ: پەراسوو

**پارسیو** (ئا.)[باک] بڕ: پەراسوو

**پارشەو** (نا. ل)[پار2 + شەو] بڕ: پارشێو

**پارشێو** (نا. ل)[پار2 + شێو][ناو: پارشەو، پارشێو ـ هەو: پارشێو] ١ـ نیوەی دووهەمی شەو، دوای نیوە شەو.

٢ـ خـواردن و شـێـوی پـارشـێـوان کـه کـەسی ڕۆژووگر بۆی هـەڵدەسـتێـتـەوە و بەر لـه بانگ دان دەیخـوا. **~ کـردن:** خواردنی نانی پارشێوانه.

**پارک[1]** (نا.)[فـەر:parc] شـوێنێکی شیناوەردی دەسکرده بۆ گەڕان و پیاسه له نێو شار یا له دەوروبەری شار.

**تێبـینی:** پارک له parricus لاتینی کـۆن به مـانای بەهەشت وەرگـیـراوه و ئەویش لـه ئەوێسـتـایی پـەئیـری دەئێـزه وەریانگرتوه. له زەمـانـی مـادەکـان باغ و باغـاتی ئاوەدان و خـۆش هەبوون کـه پـەرژینیـــان لـه دیوار بـۆ دەکـــردن و یوونـانیـــیـــەکـــان ئـەو باغــانـەیان وەک بـەهـەشت بـاس کـــردوه و لـه دوایی بـەو مـانایه چۆته نێو زمانـەکانی ئوورووپایی. (هس: پەرژین، پەرێز، پاریز.....)

**پارک[2]** (نا.)[ئین: park] ڕاوەستانی مـاشـێن و ترۆمـبێل له شوێنێک. **~ کـردن:** ڕاگـرتـنی ترۆمـبـێل له شـوێنی تایبەتی

**پارکـەر** (نا. ل)[پار٢/2 + کـەر][ئەر] بڕ: پارگیر

**پارکـۆڵه** (گـیـانـ.)[پار1 + کـۆڵه] بێچـووی دووسـاڵەی گـیـاندارانی کـێوی وەک گورگ و ورچ و بەراز.

**پارکـــینـگ** (نا.)[ئین: parking] شوێنی تایبەتی ڕاگرتنی ماشێنەکان، که مـەیدانێکی سەرئاوەڵا یا سـەربەستـەیه و ماشین به کۆمەڵ لەوێ ڕایدەگرن.

**پارگـوێر** (گـیـانـ.)[پار1+ گـوێر (گوێرەکه)] بڕ: پانێر

**پارگـوێل** (گـیـانـ.)[پار1 + گـوێل (گوێلک)] بڕ: پانێر

**پارگۆن** (نا.)[باک] بڕ: پارگین

**پارگـــیـــر** (نا. ل)[پار٢/2 + گـیـر] ئامـرازێکی چێـوییـه کـه بریـتـیـیـه له تەخـتـــەیەکی پان کـــه سێ دارۆچکەی تێـچـەقێندراوه و کەلاف و مـاشـەری له سەر هەڵدەکەن، پارکەر.

**پارگین** (نا.)[باک: پارگین، پارگـۆن، پـارینـکـه ـ نـاو: پـارگـین، پـاروێـنـک، پارۆنیک] جـۆگـه و خـەندەکی چووکی دەوروبەری چادر و ماڵ یا هەرچی دیکه بۆ دەرچوونی ئاو.

**تێبینی:** ئەم وشەیه له فارسی دا به شـێـوەی پارگین، بارگین و لـه زمـــانی پەشـتـوو دا به شـێـوەی پارگین هەر بەم مانایه هاتوون و عەرەبی کراوەکەی بۆته

فارقین.

**پارلمان** (نا.)[فـــەر: parlement] کۆڕی نوێنەرانی هەڵبژاردەی خەڵک کە ئەرکی دانانی یاسا و قانوونی ولات و پێڕاگەیشتن بە چلۆنایەتی کار و باری دەوڵەتیان بە ئەستۆوەیە، پەرلمان.

**پار و پێــرار** (ئاک. ل)[پار1 + و + پێرار] یەکێک لە ساڵەکانی رابوردوو، پار یان پێرار. ∷ پارو پێرار دوو سێ مەقالەم لە سەر چلۆنایەتی ئاو و هەوای ناوچە نووسی.

**پاروێنک** (نا.) بڕ: پارگین

**پارۆنەک** (گیان.)[پارۆن (پارێن)+ ئەک][باک] بڕ: پانێر

**پارۆنیک** (نا.) بڕ: پارگین

**پاروو** (نا. ل)[پار2 + ئوو] ١- [باک: پاری - ناو: پاروو، پارە - زا: پاری] ئەندازەیەک لە چێشت و خواردەمەنی کە بە دەست یا کوتە نانێک هەڵدەگرترێ و بۆ جارێک دەخرێتە دەمەوە، تیکە. ∷ بە دوو پاروویان قاپە چێشتەکەی تەواو کرد. ٢- بەشێکی چووک لە هەر شتێک، پارچە، کوت. ٣- (مج.) شتێک یا کەسێکی بە نرخ و شیاو. ~ **بادان:** کوتێک نان یا پەنجەکانی دەست لە سەر چێشت راگرتن و سووڕاندنی بۆ پڕ بوون و پتەوە بوونی چێشت لە پەنجە دا، پاروو گرتن. ~ **بژاردن (ژمـاردن):** (کن.) لەچەر و نانکوێربوون. ~ **دە رۆن کەوتن:** (کن.) حەسانەوە لە باری ئابووریی و مادییەوە بە بۆنەی پشتیوانی کەسێک یاهەر شتێکی دیکە. ∷ هەرکەس ببێتە زاوای حاجی کەریمی پارووی دە رۆنی دەکەوێ. ~ **دە رۆن هاویشتن:** (کن.) پێکهێنانی ئیمکاناتی ماددیی یا هەلومەرجی باش بۆ کەس یا کەسانێک. ژیانی کەس یا کەسانێک لە باری بژیو و ئابوورییەوە خۆش کردن، کەسێک تووشی ژیانێکی خۆش و بە ئیروو کردن. ~ **گرتن:** بڕ: پاروو بادان. ~ **گلاندن:** پارووی زل بادان. ~ **لە زاری خـۆ دەرێنان و دە زاری کەسێکی دیکە نان:** (کن.) سەرەڕای دەستەنگی و پێداویستی خۆ یارمەتی کەسێکی خۆشەویست دان. ∷ ... دۆستی وام هەن ئەگەر حەز بکەم پارووی لە زاری خۆیان دەردێنن و لە زاری منی دەنێن (تاریک و روون ل ٤٤). **~ی (زاری) کەسێک نەبوون:** (کن.) ١- شتێک یا کەسێکی بە نرخ کە شیاو کە هەموو کەس نەتوانی دەستی پێی

رابگا. ∷ ماشینی گران و کچی جوان پارووی زاری من و تۆ نییە، هی دەوڵەمەندانە. ٢ـ هاوشان نەبوون، هاوسەنگ نەبوون. ∷ کچی مام رەسوو هێندە بە پۆزە بە کەلکی هێنان نایە، ئەوە پارووی من نیە. || **پارووی شەرمێ :** (کنـ.) کەمێک چێشت و خواردن لە سەر سفرە کە لە بەر کەم بوون کەس دەستی بۆ نابێ و هەروا دەمێنێتەوە. **پارووی کۆجیلانی :** چەشنێک پاروو کە سەرەکەی فرەوانە و بنەکەی وێک هاتوە بۆ خواردنی شتی شلەی وەک ماست هەتا لە بنەوەی نەڕژێ، قاپووچکە.

**پارووبژێر** (ئان. فا)[لە: پاروو بژاردن] کەسێک کە پارووی میوان دەبژێرێ، پارووژمێر، لەچەر، نانکوێر.

**پارووزاندن** (چا. م)[باک] بڕ: پالاوتن

**پارووژمێر** (ئان. فا)[لە: پاروو ژماردن] بڕ: پارووبژێر

**پارووگلێن** (ئان. فا)[لە: پاروو گلاندن] کەسێک کە پاروو گەورە و زل لە چێشت بادەدا و چاک دەخوا.

**پارەهەڵکەر** (نا. ل)[پار2/٢ + هەڵکەر (هەڵکردن)] چەرخ و ئامێرێکی چێوییە بە شکڵی ئوستوانە کە لە شوێنێکی دەچەقێنن، بە دەست دەسووڕێ و کەڵاف و ماشەری لە سەر هەڵدەکەن.

**پارە** (نا.)[ئەو: پارە ـ پەهـ: پارەک. باک: پەرە، پارە ـ ناو: پارە ـ هەو: پارە ـ زا: پەرە] ١ـ پووڵ، دراو، زەڕ. ٢ـ (ئان.) لەت، کوت. ٣ـ دڕاو. ٤ـ [سۆر] بڕ: پاروو. ٥ـ نرخ، بایی، قیمەت. ٦ـ سامان، دەوڵەت. ٧ـ معاش، داهات، دەسکەوتی کار. ~ **بردن:** خەرج هەڵگرتن، پارە تێچوون. ~ **بژاردن (ژماردن):** ١ـ ژماردنی پووڵ و پارە، حیساب کردنی رادەی پارە. ٢ـ قەبووڵ کردنی تاوان و سزا دانەوەکەی بە پارە یا کڕینەوە. ∷ هەر چی شووشە ئەو کوڕەم شکاندوویەتی پارەکەی دەبژێرم. ~ **بوون:** ١ـ لەت و کوت بوون. ٢ـ دڕان. ~ **بۆ کەسێک خەرج کردن:** خەرجی رابواردن و گوزەرانی هاوڕێ و هاودەم یا کەسێک دان. ~ **پەیدا کردن:** پارە دەرهێنان، پووڵ پەیدا کردن بۆ بژیو و گوزەران. ~ **پێدان:** ١ـ پووڵ دانە کەسێک. ٢ـ کڕین بە پارە. ~ **تێچوون:** خەرج هەڵگرتن، پارە بردن. ∷ ماڵەکەت هەتا ساز بوو چەندی پارە تێچوو؟ ~ **دەرهێنان:** کاسبی کردن و پارە دەست کەوتن، پارە پەیدا کردن،

پووڵ دەرهێنان، پووڵ پەیدا کردن. ⁘ من بە دەستی شکاو دەچووم کارم دەکرد و پارەم بۆ ماڵ و منداڵ دەردێنا! ~ **دیتنەوە:** ١ـ دۆزینەوەی پووڵ. ٢ـ (کنـ.) سانا دەست کەوتنی ماڵ و سامان. ⁘ تۆ پێتوایە من پووڵ و پارە دەبینمەوە، بە کەیفی خۆت تەخشان پەخشانی دەکەی! ~ **کردن:** ١ـ نرخ کردن، بە قیمەت بوون، پارە هێنان. ⁘ قسەکانی تۆ پارەیەکی ناکا! ٢ـ لەت و کوت کردن. ٣ـ دڕاندن. ~ **و پەڕۆ (کا) پێ وەک یەک بوون:** (کنـ.) نرخ بۆ ماڵ و سامان دانەنان، جوامێر و دڵگەورە بوون، پووڵ و پەڕۆ پێ وەک یەک بوون. ~ **وە سەر یەک نان:** پارە کۆ کردنەوە. ~ **هێنان:** بڕ: پارە کردن. || **پارەی بەستەزمان:** پارەیەک کە قەدری نەزانرێ و هەروا بدرێتە دەست کەسی دیکە یا تەخشان پەخشان بکردرێ، پووڵی بەستەزمان. ⁘ ئاخر رۆڵە پارەی بەستەزمان چی لێکردووی وا سووک و سانا دە مست ئەم و ئەوی دەنێی! **پارەی پێش (پێشەکی):** رادەیەکی کەم لە پارە کە لە کاتی سەودا و مەعاملەیەک دەدرێ بە خاوەنی هەتا شتەکەی بە کەسی دیکە نەفرۆشێ، پووڵی پێش، بەیعانە. **پارەی چرووک:** (کنـ.) هیچ، بێنرخ، پارەی رەش. ⁘ هەموو ئاکارت پارەیەکی چرووک ناکەن! **پارەی حەرام:** ئەو پووڵ و پارەیەیی کە لە کاسبی و رێگای حەرام پەیدا بووبێ. ⁘ پارەی حەرام لە گەرووی ناچێتە خوارێ! **پارەی حەڵاڵ:** پووڵ و پارەیەک کە لە رێگای حەڵاڵ دەست کەوتبێ. **پارەی دریشت:** ئەسکناس و پارەیەک کە نرخیان زۆر بێ. // پارەی ورد، قەرەپووڵ. **پارەی رەش:** ١ـ پووڵی وردە،، قەرەپووڵ. ٢ـ (کنـ.) هیچ، بێ بایخ. & پووڵی رەش. **پارەی سپی:** پووڵی ساز کراو لە زێو، پووڵی سپی. ⁘ پارەی سپی بۆ رۆژی رەش [(کنـ.) لە فەرعانە و سەردەمی ئاسایی دا پاشەکەوت کردن بۆ رۆژی تەنگانە.] **پارەی گیرفان:** ئەو پارەیەک کە دایک و باوک دەیدەن بە منداڵ بۆ خەرجی رۆژانە یا حەوتانەی. **پارەی ورد:** سکە و پارەی وردە و کەم بایی، قەرەپووڵ. // پارەی دریشت.

**تێبینی:** پارە pāra لە ئەوێستا دا بە مانای قەرز و پارەک pārak لە پەهلەویی دا بە مانای پووڵە هەروەتر خودی وشەی پارە دەچێتەوە سەر پار2 بە مانای کوت و بەش.

**پارەپارە** (نا. ل)[پارە/٢ + پارە/٢]

لەت لەت، لەت و کوت. ~ **کردن:** لەت و کوت کردن، لەت و پەت کردن

**پارەپەرست** (ئان. فـا)[پارە/١ + پەرەست] کەسێک کە تەنیا پارەی لە لا گرینگە و پارە کۆ دەکاتەوە و خەرجی ناکا، ماڵپەرست، پووڵپەرست، قرنیس، لەچەر، مست قووچاو، رژد. ∷ هیوا دڵی نایە قرانێک بۆ خۆی خەرج کا پارەپەرەستێکە مەگەر خودا بزانێ.

**پارەپەرستیی** (حم.)[پارەپەرست + ئیی] کار و هۆگری کەسی پارەپەرست، ماڵپەرستیی، پووڵپەرستیی.

**پارەپیس** (ئان. ل)[پارە/١ + پیس] مرۆڤی لەچەر و رژد، چرووک، مست قووچاو، پارەپەرست.

**پارەدار** (ئان. فـا)[پارە/١ + دار2] خاوەن پارە، پووڵدار، دەوڵەمەند.// بێپارە، بێپووڵ.

**پارەداریی** (حم.)[پارەدار + ئیی] خاوەن پارە بوون، دەوڵەمەندیی، پووڵداریی.

**پارەسوو** (ئا.)[باک] بڕ: پەراسوو

**پارەکە** (نا. ل)[پار1 + ئەکە] ساڵی رابوردوو، ساڵی پار.

**پاری** (نا.)[پار2 + ئی][باک] بڕ: پاروو

**پاریز** (نا.)[ئەو: پەئیری دەئێزە] بێستانی تایبەتی تەڕەکاری، زەوییەک کە میوە و بەری بڕکەیی لێ دادەچێنن، پارێز2.

**تێبینی:** پاریز و پارێزی زاراوەی باکووریی و پەرێزی زاراوەی ناوەندیی هەر دووک لە ریشەی ئەویستایی ئەم وشە کەوتوون و لە دوایی ماناکەیان هەندێک ئاڵوگۆڕی بە سەر داهاتوە. هەروەها فردوس و پارادیس ـ ی زمانەکانی ئەورووپاییش بە مانای بەهەشت هەر لەم وشەیە گیراون.

**پاریزڤان** (نا. ل ـ ئان. ل)[پاریز + ڤان][باک] کەسێک کە چاوەدێری پالیز دەکا، بێستانەوان، پارێزڤان.

**پارین** (ئان. ل)[پار1 + ئین][زا] بڕ: پار1

**پارێز**[1] (نا.)[پەه: پەهرێچ. باک: پارێز. ناو: پارێز ـ هەو: پارێز ـ زا: پارێز] ١ـ دووری و بەرگری لە هەندێک خواردن. ٢ـ دووری لە هەندێک کەس. ٣ـ هێرشی لە نەکاو. ٤ـ بۆسە، کەمین. ٥ـ رەگی چاوگی پاراستن. ٦ـ ئاگاداری،

چاوەدێریی. ٧ـ پەنامەکی، وریایی. :: هەنگاوێ لە سەر شینکە بە پارێز دانێ/ ئەو شینکە لە خاکی مەستەچاوێ راواوە (خەیام ل ٧٠). **بە ~ کارێک ئەنجام دان:** سەرسەری و هەروا کارێک ئەنجام نەدان، بە پەنامەکی کارێک کردن. :: بە پارێز لێی چوومە پێش و قسەم دەگەڵ کرد! **~ بردن:** هێرش بردنی لە نەکاو. :: سەنگەری غەمزە دەبەستن لە کەمینگای چاوان / وەکوو راوچین و دەبەن بۆ دڵی زارم پارێز (ئاوات ل ٩٩). **~ بۆ بردن:** شالاو بردن بۆ کەسێک یا بۆ نێچیر، هێرش بۆ بردن لە نەکاو. :: پۆلێک مراوی نیشتبوون کە پارێزم بۆ بردن هەموو هەڵفرین! **~ چوون:** لە بۆسە دا بوون، لە کەمین دا بوون، چوونە پارێز. **~ دان:** خۆ بە دەستەوە دان، رێ دان، ئیزن دان. **~ کردن:** ١ـ نەخواردنی هەندێک خواردەمەنی کە زەرەری بۆ لەش و سلامەتی هەبێ. ٢ـ دوور بوونەوە لە هەندێک کەس کە هاموشۆیان جێی مەترسی و زەرەر بێ. **~ لێستاندن:** بەر لێگرتن. :: پارێزم لێستاند هەروەک غەزاری/ لۆی چوومە خوارێ لۆ بن کەنداری (سێسەد هۆنراوە ل ٧٨). **~ ئەنگاوتن:** شالاو بۆ بردن، پارێز بردن. :: دەورەیان داوە لە چوار تەرەفان، رێگای نیە هەڵێ/ بەڵان ئەمن خۆم سەرڕاو بووم، پارێزێکم دەنگاوت (پایزە ل ٢٦). **چوونە ~:** لە کەمین دا بوون، پارێز چوون. :: چوومە پارێزی کە موژگان و برۆم دی لە کەمین/ تیری من بوو بە کەمان، پشتی کەمانم بووە تیر (حاجی قادر ل ٦٤).

**پارێز**[2] (نا.)[باک] بڕ: پاریز

**پارێزتن** (چا. م)[باک] بڕ: پاراستن

**پارێزڤان** (نا. ل ـ ئان. ل)[پارێز2 + ڤان][باک] بڕ: پاریزڤان

**پارێزکار** (ئان. فا)[پارێز1/ە + کار1/11] ١ـ کەسێک کە خۆ لە خراپە و شتی حەرام دەپارێزێ. ٢ـ ئاگادار، پارێزەر. & پارێزگار.

**پارێزکاریی** (حم.)[پارێزکار + ئیی] ١ـ خۆ لە شتی خراپ و حەرام پاراستن. ٢ـ ئاگاداری، پارێزەریی، پارێزگاریی.

**پارێزگار** (ئان. فا)[پارێز1/ە + گار] بڕ: پارێزکار

**پارێزگاریی** (حم.)[پارێزگار + ئی] بڕ: پارێزکاریی

**پارێزگا** (نا. ل)[پارێز1/ە + گا] ١ـ

شوێنی بۆسە و حەشارگەی راوچی و چەکدار، پارێزگە. ٢ـ ئوستان.

**پارێزگە** (نا. ل)[پارێز1/٥ + گە] بڕ: پارێزگا.

**پارێـزەر** (ئان. فـا)[پـارێز1/٦ + ئەر][پەهـ: پـەهرێختار] ١ـ کەسێک کە ئاگای لە کەسێکی دیکەیە و لە هەر شتێکی خراپ و بە زیانی دەپارێزێ. ٢ـ پارێزکار، پارێزگار. ٣ـ (نا. ل) وەکیل

**پارێزەریی** (حم.)[پارێزەر + ئیی] بڕ: پارێزکاریی

**پارێن** (نا. ل)[پار + ئێن] ١ـ (گیان.) بڕ: پانێر. ٢ـ (ئان. ل)[زا] بڕ: پار1

**پارێنکە** (نا. ل)[باک] بڕ: پارگێن

**پارێنە** (گیان.)[پار + ئێنە][هەو ـ ئەر] بڕ: پانێر.

**پاڕان** (چا. ل) بڕ: پاڕانەوە. ⁘ پیاو کە بێدەستەڵات بوو چی پێناکرێ، پیشەی هەر واوەیلا و داد و پاڕانە لە دەرگای حەیی دانا (لاس و خەزاڵ ل ٤٣). کەوتوویەتەوە سەر رۆژی زەلالەتی و پاڕانە و لالانە (لاس و خەزاڵ ل ١٢٤).

**پاڕانەوە** (چا. ل)[ناو: پاڕانەوە، پاڕیانەوە، وەپاڕان، پاڕان] ١ـ تکا و رجا لە لای کەسێک بۆ ئەنجام دانی کارێک کە بە سانایی ئەنجامی نەدا، لالانەوە. ٢ـ دوعا و تکا لە بارەگای خودا لەو پەڕی نیاز دا. ⁘ هەلە پاڕانەوە ئەمرۆ، زبان و دڵ لە کارایە/ زبان ئاوەر کە بەستەزمانە سبحەینێ کە قووچا دەم (مەحوی ل ٢٢٧).

**پاڕۆ** (نا.)[پەش: پاروو ـ فار: پارو ـ بیر: پاروو. باک: پاڕۆ ـ ناو: پاڕۆ ـ هەو: پاڕۆ] بێڵی چێوی کە بۆ دەغڵ و دان و رادانی بەفر کەلکی لێوەردەگرن، بێڵ، بێرک.

**پاڕۆکلە** (نا. ل)[پا + ڕۆ + کلە][ئەر] ئاشێک کە بە بۆنەی پێ گرتن و وەڕێ کەوتنی منداڵ سازی دەکەن.

**پاڕیانەوە** (چا. ل)[ئەر] بڕ: پاڕانەوە

**پازار** (نا. ل)[پا + زار] ١ـ بەردێکی شینە، پاشماوەی فوسیلی جۆرێک ئامۆنیتە کە زوو بۆ کەم کردنەوەی ئێش و ژان دەکاریان دەکرد، پازاری شین. ⁘ هەشتا نۆکەری خەنجەریان دەسک پازارە ئەبەر ئەوبەر راوەستاوە/ هەمووی تورمەپۆشە، کەوڵی قاقومی غەزی بە سەر شانی داداوە (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٣٧). ٢ـ بەرد یان

مادەیەکی رەقی خڕە کە لە گەدە و ریخۆڵەی هەندێک گیانداری کاوێژکەر دا پەیدا دەبێ و زوو پێیانوابوو کە دژی سەم و ژارە (مەردووخ ب ١ ل ٢٥٠)، ژاربەر. ٣ـ بەردێکە بە زۆر رەنگان بۆ خشڵ دەبێ (هەنبانە بۆرینە ب ١ ل ٩٨). جۆرە موورووییەکە ئەکرێ بە تەزبێح (خاڵ ب ١ ل ١٩٦). :: سەری منت بێ بە قوربانی باڵتۆیەکی سەمبووری قاقمی دوگمە پازارە (مێر و وەفا ل ٧٥). || **پازاری شین:** بڕ: پازار/١. :: دەسکی خەنجەری پازاری شینە و دەستی داویشتە سەر گوێیە خەنجەرێ (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٢٨).

**تێبینی:** ئەم وشەیە پێکهاتوو لە [پا + زار]ە، پا لە پەئیتی paiti پەهلەویی بە مانای دژ و هەروەتر زار هەمان ژار یا سەمە، بە گشتی یانی دژی ژار و سەم، ژاربەر.

**پازدە** (ژ.)[ئەو: پەنچەدەسە ـ پەه: پەنچدەه. باک: پانزدەه ـ ناو: پازدە، پانزە، پانزدە ـ هەو: پانگزە ـ زا: پانجێس] پێنج و دە، ژمارەی ١٥.

**پازدەمین** (ئان.)[پازدەیەم + ئین] ئەوەی کە لە پلە و ریزی پازدە دابێ، پازدەهەمین.

**پازدەهەم** (ژ.)[پازدە + هەم] هەرچی کە لە پلە و ریزی پازدە دابێ، پازدەیەم.

**پازدەهەمین** (ئان.)[پازدەهەم + ئین] بڕ: پازدەمین

**پازدەیەم** (ژ.)[پازدە + یەم] بڕ: پازدەهەم

**پازگە** (نا. ل)[پاز (پاس1) + گە] بڕ: پاسگە

**پازناو** (نا. ل)[پاز (پواز) + ناو2] دارێکە وەکوو تێلا و نوێڵ، ئەخرێتە ژێر پێی ئاش و پێی ئاشی پێ بەرز و نزم ئەکرێت بۆ ورد و درشتی ئارد بە پێی خواست. پێ ئاش تا بەرز بێ ئاردی زبرە و تا نزم بێت و دابخرێت ئاردی وردە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٥٦). پازناوک دارێکە وەک بێڵەکان ئەکرێ بە نوێڵ و بەرداشی پێ هەڵئەگرێ (خاڵ ب ١ ل ١٩٦). & پازناوک، پوازناو.

**پازناوک** (نا. ل)[پاز (پواز) + ناوک] بڕ: پازناو

**پاژ**[1] (ئاک.) بڕ: پاش1 . :: پاژنوێژ

**پاژ**[2] (ژ.)[زا] بڕ: پێنج

**پاژ**[3] (نا.)[بڕ: پار2] ١ـ بەش، کوت،

پار. ٢ـ بەرگێک لە کتێبی چەند بەرگی، بەرگ، جزوو، جزم. ‹‹ کتێبەکەم لە سێ پاژان دا چاپ کردوە.

**پاژا** (نا.)[زا] بڕ: پاجە

**پاژدۆ** (نا. ل)[پاژ1 + دۆ] بڕ: پاشدۆ

**پاژماڵە** (نا. ل)[پاژ1 + ماڵ + ئە] بڕ: پاشماڵە

**پاژنـوێژ** (ئاک. ل)[پاژ1 + نوێژ] بڕ: پاشنوێژ

**پاژنۆ** (ئا.) بڕ: پاژنە

**پاژنـە** (ئـا.)[هـیـک: پـەرشـنـی ـ ئـەو: پاشنە ـ پەھ: پاشنەک. تات: پاشـێنیـە ـ فـار: پاشنە ـ لۆر: پاشنی. باک: پانی، پاژنی، پەهـنـی، پاحنـی، پەحنـی ـ نـاو: پانـێ، پانی، پـانیـە، پاژنە، پاژنـۆ ـ باش: پاژنە ـ هـەو: پاژنە ـ زا: پاشنا، پاسنا، پالسنا] ١ـ (ئا.) بـەشی دوایی پێ. ٢ـ ئەو بەشـە لـە کـەوش یا گـۆرەوی کـە دەکەوێتە سـەر پاژنەی پێ. ٣ـ کونێک یا قـولکەیەک کـە دەرگـا بـۆ کـردنەوە و داخـستن لە سـەری دەگـەڕێ، بن ڕێسمانە، پاژنە دەرگا.

**پاژنە بڵـند** (ئان. ل، نا. ل) [پاژنە + بڵند] کـەوشـی ژنانە یا پیـاوانە کـە پاژنەکەی بڵند بێ، پانیـەبڵـیند. // پاژنە کورت.

**پاژنە دەرگـا** (نا. ل)[پاژنـە + دەرگـا] بڕ: پاژنە/٣

**پاژنە کـورت** (ئان. ل، نا. ل)[پاژنە + کورت] کەوشـێک کە پاژنەکەی ئاسـایی بێ. // پاژنە بڵند

**پاژنەکـێش** (نا. ل)[پاژنە + کـێش (کێشـان)] کوتە فلزێکی ساف و لووس و هـەندێک قـولـە بـۆ دەپـێ کـردنـی ئـەو کەوشانەی کە با سانایی دە پێ ناکرێن. لەپێشدا پەنجەی پێ دە کـەوش دەنێن و دوایی پاژنەکێش وا دادەنێن کـە پاژنەی پا لـە سـەری بخـزێ و بچـێتـە نێـو کەوشەوە، پاژنەهەڵکێش، پانەکێش.

**پاژنەهەڵـکـێش** (نـا. ل)[پاژنـە + هەڵکێش (هەڵکێشان)] بڕ: پاژنەکێش

**پاژنی** (ئا.)[باک] بڕ: پاژنە

**پاژەرەژ** (گـیـا.)[پا1 + ژەرەژ][هەو] گـۆپکە و چرۆی دارگـوێز کـە تازە گـەڵا بکات و دەم بداتەوە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٥٦).

**پاس**[1] (نا.)[ئەو: پەثرە ـ هەخ: پاچە ـ پەھ: پاس] ئاگـاداریی، کـێـشک،

چاوەدێریی. ~ **دان:** کـێـشک دان، ئاگاداریی لە شوێنێک کردن بە کێشک دان، پاس گرتن. ~ **گرتن:** پاس دان، کێشک گرتن.

**پاس**[2] (نا.) بڕ: پاسپۆرت

**پاس**[3] (نا.)[فەر: passe] ڕەد کردن و دانی تۆپ بە کەسێکی دیکە لە فوتباڵ و والیباڵ و یاریەکانی دیکە دا.

**پاساپۆرت** (نا.) بڕ: پاسپۆرت

**پاسار** (نا.)[باک: پاسار ـ ناو: پاسار، پاسـاره ـ هەو: پاسـار] لێـواری بان، گـوێسـوانە. ::: فـەرقی کـۆسـاران لە پاساران دەفەرمووی وەک چیە؟/ وەک عـەزیزیی باز و وەک بێ حـورمـەتیی پاسارییە (نالی ل ٥٨١).

**پاسارە** (نا.) بڕ: پاسار

**پاساریی** (گیان.)[پاسار + ئیی] مـەلێکی چووکە، مێیەکە ڕەنگی پەڕ و باڵی بۆرە و نێرەکەی تۆختـرە، دان و جانەوەری ورد دەخۆن، لە کەلێنی دیوار و گوێسوانە هێلانەی دەکەن و لە زۆربەی وڵاتانی دنیا دەژین. Fringilla do-mestica و Passer ناوی لاتینی ئەم مەلەن، مەلیـچک، مەلووچک، چێشکە، چۆلەکە، چوێلەکە، چڤـیک، چڤـینک، چوویک، مـیـرچک، میرچکە، مریچکە، بەیتک.

**پاساژ** (نا.)[فەر: passage] کۆمەڵە دوکانێکی دەباڵ یەک دا کە بازارێکی چووک لە یەک جێگا پێک دێنن و دەتوانێ چەند قات لە سەر یەک بێ.

**پاسپۆرت** (نا.)[فەر: passeport] بەڵگە و پێناسی هاتووچۆ لە وڵاتێک بۆ وڵاتانی دیکە، پاساپۆرت، پەساپۆرت، پاس، تەسکەرە.

**پاستۆریزە** (نا.)[فەر: pasteuriser] ١ـ گەرم کردنەوەی شیر یا ئاوەکی دیکە بە پێی شێوەی پاستۆر بۆ فەوتاندنی میکرۆبەکانی. ٢ـ [pasteurise] ئەو ئاوەکییەی کە بە شێوەی پاستۆر میکرۆبەکانی فەوتاوە.

**تێبینی:** شیر یا ئاوەکی، ماوەی نیو سەعاتێک بە تینی ٦٠ هەتا ٦٦ دەرەجە گەرم دەکەن و لە دوایی دەستبەجێ هەتا ١٠ دەرەجەی سارد دەکەنەوە و بەم جۆرە میکرۆبەکانی دەمرن.

**پاسدار** (نا. فا)[پاس1 + دەر (دان)] بڕ: پاسدەر

**پاسداریی** (حم.)[پاسدار + ئیی] ئاگاداریی، چاوەدێریی، پاسدەریی،

پاسگریی. ⁘ پاوان بوو نێـوانی رانـی هەردوو/ پاسـداریی لـە پاکژیی لە سـەر بوو (مەم و زین ل ٣١٣).

**پاسدەر** (نا. فا)[پاس1 + دەر (دان)] ١ـ کەسێک کە کێشک دەدا، کێشکچی، پاســەوان. ٢ـ چاوەدێر، ئاگــادار. ٣ـ گــیـانداریێک کــە چاوەدێری مــاڵ یا شــوێنێک دەکــا. ⁘ چم وت؟ ســەگی پاسـدەری ئەمـەگـدار/ بەدفـەڕ دەبەری مرن هەزار جار ... (مەم و زین ل ٢٩٢).

**پاسدەریی** (حم.)[پاسدەر + ئیی] بڕ: پاسداریی

**پاسگا** (نا. ل)[پاس1 + گــا] ١ـ شـوێنی پاس دان. ٢ـ شـوێن و مـەقـەری پاسەوان. & پاسگە

**پاسگر** (نا. فا)[پاس1 + گر (گرتن)] کەسێک کە چاوەدێریی شوێنێک دەکا، کێشکچی، حەرەس، پاسدەر.

**پاسگریی** (حم.)[پاسگر + ئیی] بڕ: پاسداریی

**پاسگە** (نا. ل)[پاس1 + گــە] ١ـ چاڵێکە لە نێوەڕاستی بێستان دا کە بێستانەوان بە شەو دەچێتە نێوی بۆ ئاگـاداریی لە بێسـتـان و بەری بێگانە گرتن، پازگە. ٢ـ بڕ: پاسگا.

**پاسنا** (ئا.)[زا] بڕ: پاژنە

**پاسە** (ئاک.)[؟][هەو] وەها، ئاوا.

**پاسـەبان** (نا. ل)[فـار: پاسبـان] بڕ: پاسەوان

**پاسـەبانیی** (حم.)[پاسـەبان + ئیی] بڕ: پاسەوانیی

**پاسـەوان** (نا. ل)[پاس1 + ئە + وان] [پەھ: پاسـپـان] ١ـ کـەسـێک کـە لە شارەوانی کار دەکا و هێمنایەتی شاری بە دەستـەوەیە، پاسەبان. ٢ـ کێشکچی، حەرەس.

**پاسـەوانیی** (حم.)[پاسـەوان + ئیی] کار و پیشەی پاسەوان، کێشکچییەتی، پاسەبانیی.

**پاش**[1] (ئاک.)[هیک: پەچچـە ـ ئێک: پەسچە ـ ئەو: پەسچە، پەسکات، پەسنێ ـ هەخ: پەسا، پەساڤە ـ پەھ: پەس. باک: پاش ـ ناو: پاش، پاژ] ١ـ دوا، دمـا. ⁘ دوو مندالّی لە پاش بە جێ مــاوە. ٢ـ دواوە، پشت سەر. ⁘ روانیە پاش خۆی. جـەمـاعـەتێک لە پاشی دەڕۆیشتن. ٣ـ مــاوە، لە مــاوەی. ⁘ پاش دوو رووژان هات. ٤ـ دوای ئـەوەکـە، ئەودەم. ⁘ پاش ئەوە کە کارەکانی جێبەجێ کرد هاتەوە. ٥ـ (مجـ.) قـوون، قنگ. ~ **خستن:** وە

درەنگ خستنی کار و بارێک، وەپاش خستن، وە پاش دان، پاش دان. **~ دان:** بڕ: پاش خستن. **~ کەوتن:** دوا کەوتن لە هەر شتێکی دا لە چاو کەسانی دیکە، وەپاش کەوتن. // پێشکەوتن. **لە ~ بوون:** ١ـ لە نۆرە دا لە پشت سەری کەسێک بوون. :: کاکە جێگاکەم بگرەوە هەر ئێستا دێمەوە من لە پاش تۆم. ٢ـ لە دوا بوون لە باری زانستەوە، دواکەوتوو بوون: لە دەرسەکانم زۆر لە پاشم. **لە ~ بە جێ مان:** ئەو کەس و شتانەی کە دوای مەرگی کەسێک دەمێننەوە. :: دوو منداڵ و ماڵێکی زۆری لە پاش بە جێ ماوە. **لە ~ەوە بوون:** (کنـ.) لە قوون بوون، لە دواوە زان. :: ئەو فەرق و جیاوازییە چیە ئێوە دایدەنێن بۆ دەنا ئێمە لە پاشەوە بووین. **وە ~ خستن:** بڕ: پاش خستن. **وە ~ دان:** بڕ: پاش خستن. **وە ~ کەوتن:** بڕ: پاشکەوتن

**پاش**2 (ر.)[فار: پاش] لە چاوگی پاشیدن (پاشیدەن) ـ ی فارسی دەکەوێ بە مانای پرژێن :: ئاوپاش.

**پاشا** (نا. ل)[بڕ: پادشا] ١ـ شا، پادشا. ٢ـ نازناوی پیاوی گەورە و ماقووڵی تورک لە سەردەمی عوسمانییەکان. || **پاشای بێ مەکان:** (کنـ.) خودا. :: ئامۆزا خەجێ گیان چی دەگەڵ ناکرێ/ کاری پاشای بێ مەکانە (گەنج ل ٣٣٤).

**پاشاپاشایێن** (نا. ل)[پاشا + پاشا + ئێن] بڕ: میرمیرێن

**پاشاخوڕ** (نا. ل)[پاش1 + ئاخوڕ] تفاقی ماوەی نێو ئاخوڕ کە بۆی گرتوە و وڵاغی ئیدی نایخوا و فڕێ دەدرێ، پاشەخوڕ، پەساخوڕ، قەسەڵ، چەوەڵ.

**پاشاراو** (نا. ل)[پاش1 + ئاراو] کەفاوێک کە دوای جارێک جل شووشتن دەمێنێتەوە، پەساو، جڵقاو. (بڕ: ئاراو)

**پاشارۆ** (نا. ل)[پاش1 + ئا + رۆ؟] بڕ: پاشەرۆک

**پاشازادە** (ئان. ل، نا. ل)[پاشا + زادە] بڕ: پادشازادە

**پاشاگەردانی** (نا. ل)[پاشا + گەردان + ئی] ئاژاوە و شێواویی وڵات و ناوچە بە هۆی نەمانی گەورە و سەرۆک، پاشاگەردانێ.

**پاشاگەردانێ** (نا. ل)[پاشا + گەردان + ئێ] بڕ: پاشاگەردانی

**پاشان** (ئاک. ل)[پاش1 + ئان] دوایە،

لە دوایی. // پێشان ؛؛ خاتوون ئاگرەکەی داگیرساند و پاشان مەنجەڵێکی گەورەی لە سەر دانا.

**پاشایانە** (ئان. ل، ئاک. ل)[پاشا + یانە (ئانە2)] بڕ: پادشایانە

**پاشایەتی** (حم.)[پاشا + یەتی] بڕ: پادشایەتی

**پاشبارە** (نا. ل)[پاش1 + بار+ ئە] یەکێک لە ئامرازەکانی نیر و ئاموور کە بریتییە لە پارچە دارێکی کەمێک ئەستوورە کە لە دەندە کوتراوە و دەستەمستەی لە سەرە و جووتێر دەستی لە سەر دادەگرێ.

**پاشبەن** (نا. ل)[پاش1 + بەن][ئەر] بڕ: پاشبەند

**پاشبەند** (نا. ل)[پاش1 + بەند] گوریس یا هەر شتێکی دیکەی لەم بابەتە کە پێ و پاشووی یەکسم و حەیوانی بەرزەی پێ ببەستنەوە، پاشبەن، پاشوەن، پێوەند. // پێشبەند.

**پاشپانی** (ئا.)[پاش1 + پانی] قووڵایی لای خوارەوەی بەلەک و پۆز کە دەکەوێتە پشت گوێزینگی پێ، پێچکە1/١.

**پاشپەردە** (نا. ل)[پاش1 + پەردە] [باک] دیوی خەوتنی بووک و زاوا، پەردە، پەردوو.

**پاشت** (ئاک.)[بڕ: پشت1][زا] دوا، پشت.

**پاشتریش** (ئان. ل)[پاشت + ریش] [زا] بڕ: پشتڕێژ

**پاشتەرک** (نا. ل)[پاش1 + تەرک1] ١ـ بەشی دواوەی زین و کورتان کە دەکەوێتە نزیک کلکی چوارپێ، پاشتەرکی، پاشەخورج، پاشکۆ. ٢ـ بەشی دوایی دووچەرخە لە پشت زین کە بار یا شتی دیکەی لێدەبەستنەوە و کەسیش دەتوانێ لە سەری دانیشێ. ٣ـ بارێک کە لە پاشتەرک دادەندرێ، پاشتەرکی، پاشەخورج . ؛؛ لێیدەکرد خورجێکی دە دەوڵەمەندانە/ پاشتەرکێکی دادەگرت بە وەزن سووک و هەر بە قیمەت گرانە (گەنج ل ٣١٢).

**پاشتەرکی** (نا. ل)[پاش1 + تەرکی] ١ـ بڕ: پاشتەرک. ٢ـ بارێک کە لە پاشتەرک دادەندرێ. & پاشەخورج

**پاشتی** (نا.)[زا] بڕ: پشت1

**پاشتێلانە** (نا. ل)[پاش + تێل + ئانە] میواندارییەکی تێکڕاییە لە ماڵی

زاوا ئـەکـــــــرێ لـە پـاش سـێ ڕۆژ لـە گـواسـتنەوەی بووکـەکـە (خـاڵ ب ١ ل ١٩٨). [هس: بەرتێلانە]

**پاشـخان** (نا. ل)[پاش1 + خـان1] ١ـ دیوی نۆکـەر لە مـاڵی ئاغـا و ئەرباب دا. ٢ـ دیوێکی چـووکــــە بـە ســــەر ژووری گـەورەوە بۆ کـەلوپـەل پێداویسـتی مـاڵ، خەڵوەتی، وچخانە

**پاشـخوان** (نا. ل)[پاش1 + خوان1] ئەوەند خواردەمەنی کە دوای خواردن لە سەر خوان و سفرە دەمێنێتەوە، بەرماو، پاشماوە، پاشخوانە.

**پاشخوانە** (نا. ل)[پاش1 + خوان1 + ئە] بڕ: پاشخوان

**پاش خــێـــشـک** (نا. ل)[پاش1 + خـێـشـک] داری پاشـــەوەی خـێـشـک، نێودەڵە (بڕ: خێشک)

**پـاشـــــــدار** (نـا. ل)[پاش1 + دار2] تاقـمـێک کـە ئاگاداری پشـتی لەشکر و قۆشەنن.

**پاشدارە** (نا. ل)[پاش1 + دار1 + ئە] یەکێک لە ئامرازەکانی عارەبەی کەڵی کە بریتــیـــە لە دارێک کــە کــەوتۆتە لای خوارەوەی بانە سێ سووچەکەی.

**پاشدز** (نا. ل)[پاش1 + دز] هاوکاری دز، دزێک کــە پاسی دزی هـاوکـــاری دەگرێ هەتا کـەسیان بە سـەردانەیێ یا لە هـاتنی کــەســێک خـــەبەرداری بکا، پاشدزە، پاشکەوان.

**پاشدزە** (نا. ل)[پاش1 + دز + ئە] بڕ: پاشدز

**پاشـدۆ** (نا. ل)[پاش1 + دۆ] شـیـری دوای مـژتنی بەرخ. (بێـری جـارێک مـەڕ دەدۆشێ و دوایی بەرخـیـان کـە تێـبەردا دیسـان مەڕەکـە دەدۆشـێتـەوە و هەندێکی دیکە شیری لێوەردەگرێ)، پاژدۆ.

**تێبینی:** دۆ لە ڕەگی دۆشین کەوتوە و بە مـانای دۆی خـواردنەوە نیـە هـەر چەند دۆی خواردنەوەش هـەر لـە دۆشـین کەوتوە (بڕ: دۆشین و دۆ2)

**پاشــقل** (نا. ل)[پاش1 + قل (کل2)] بڕ: پاشقول.

**پاشقول** (نا. ل)[پاش1 + قول (کل2)] ١ـ کاری گێڕانەوەی بەشێک لە شتێک بۆ خـۆ، پاشـقل. (هس: پاشکل). ٢ـ کـاری پـــێ وە بـــەر پـــێ دان. **~ دان:** ١ـ هەڵگرتن و گێڕانـەوە لە شتێک. ٢ـ پێ وە بەر پێ دان لـە شـــەڕ و زۆرەبانی دا بـۆ خستنی غەنیم.

**پاشکل** (نا. ل)[پاش1 + کل؟][زا] شەپ، شوق، لەقە.

**پاشکۆ** (نا. ل)[پاش1 + کۆ] ١ـ بەشی دواوەی زین و کورتان کە دەکەوێتە نزیک کلکی چوارویَ، پاشتەرک، پاشەخورج. ٢ـ نووسراوە یا کتێبێک کە بە دوای دەرچوونی کتێبێک دا بۆ تەواو کردن و کامل کردنی دێتە دەرێ، زەمیمە. (برِ: تێبینی: بەرکۆ).

**پاشکەوان** (نا. ل)[پاش1 + کەوان] برِ: پاشدز

**پاشکەوتوو** (ئان. مفـ)[لە: پاش کەوتن] دوا کەوتن لە هەر کار و مەسەلەیەک لە چاو کەسێک یان گەلێک هەر لەو کارە دا، پاشکەوتە، دواکەوتوو. // پێشکەوتوو.

**پاشکەوتوویی** (حم.)[پاشکەوتوو + یی] وەدوا کەوتن، لە پاش مان لە هەموو بارێکەوە، دواکەوتوویی، پاشکەوتەیی

**پاشکەوتە** (ئان.مفـ)[پاش1 + کەوتە] برِ: پاشکەوتوو

**پاشکەوتوویی** (حم.)[پاشکەوتە + یی] برِ: پاشکەوتوویی

**پاشگر** (نا. ل)[پاش1 + گر] زارێکی رێزمانە و بریتیە لە چەند پیتێکی کورت کە بە دوای هەندێک وشە یا چاوگەوە دەلکێ و ئاڵوگۆرِ لە ماناکەیان دا پێکدێنێ وەک (وان، ئەوە، گا، کە، ...) // پێشگر.

**پاشگەز** (ئان. ل)[پاش1 + گەز] برِ: پەشیمان. **~ بوونەوە:** پەشیمان بوونەوە لە کار و کردەوەیەک. **~ کردنەوە:** پەشیمان کردنەوەی کەسێک لە کار یا کردەوەیەک.

**پاشمارە** (نا. ل)[پاش1 + مار2 + ئە] برِ: پاشماڵە

**پاشماڵە** (نا. ل)[پاش1 + ماڵ1 + ئە] ١ـ بنەماڵەیەک کە لە ماڵی دەوڵەمەند دا چاوە خانوویەکی پێدراوە و تێگرِا خزمەتی ئەو ماڵە دەکەن، پاشمارە، ژێرماڵە، بەرماڵە، پاژماڵە. ٢ـ بنەماڵەیەک کە بۆ خزمەت دەگەڵ خێڵ دەبردرێتە هەوار و خزمەتی ئەو ماڵەی دەکەن کە دەگەڵی چوون.

**پاشمامان** (نا. ل)[پاش1 + مامان] ژنێک کە لە کاتی زاندنی منداڵ یاریدەدەری مامانە.

**پاشماوە** (ئان. مفـ)[پاش1 + ماوە] ئەندازەیەک لە چێشت کە لە پاش

کەسێک دوای تێر بوونی دەمێنێتەوە، بەرما، بەرماوە، پاشماو، پاشمەنە، بەرماو، پاشخوان، پەسمەنە.

**پاشملە** (نا. ل)[پاش1 + مل + ئە] قسەی پشت سەر، پشتەملە، غەیبەت. **~ قسە کردن:** لە پشت سەر قسە کردن، پاشملە کوتن. **~ کوتن:** لە پشت سەر قسە کردن، باسی کەسێک کردن کە خۆی لەوێ نەبێ، غەیبەت کردن.

**پاشمەرگە** (ئان. ل)[پاش1 + مەرگ + ئە] منداڵێک کە دوای مردنی باوکی دەبێ.

**پاشمەنە** (ئان. مف)[پاش1 + مەنە (فار: مانده = ماوه)][ئەر] بڕ: پاشماوە.

**پاشنا** (نا.)[زا] بڕ: پاژنە

**پاشنوێژ** (ئاک. ل)[پاش1 + نوێژ] دوای نوێژی نیوەڕۆیە، دوای نیوەڕۆ، پاش نیوەڕۆ.

**پاش نیوەڕۆ** (ئاک. ل)[پاش1 + نیوەڕۆ] کاتی دوای نیوەڕۆ، پاشنوێژ، پاژنوێژ.

**پاشوەن** (نا. ل)[پاش1 + وەن1][ئەر] بڕ: پاشبەند

**پاشۆر**[1] (نا. ل)[پا1/1 + شۆر] ئاوی گەرم یا خوێاوکی گەرم کە پێی نەخۆشی پێدەشۆن، پاشۆرە. **~ کردن:** شووشتنی پێی نەخۆش بە ئاوی گەرم و دەرماناوەی بۆ هاتنە خواری یاو، پاشۆرە کردن.

**پاشۆر**[2] (نا. ل)[پاش1 + ئۆر][سۆر] بڕ: پاشەڵ. ⁂ کەزێی شامۆکێم کەتە پاشۆرێ/ شامێ هەردەگرم لۆ ئەستەمبۆرێ (فۆلکلۆر ل ٣١).

**پاشۆرە** (نا. ل)[پا1/1 + شۆر + ئە] بڕ: پاشۆر1

**پاشۆڵ** (نا. ل)[پاش1 + ئۆڵ] بڕ: پاشەڵ

**پاشوو** (نا. ل)[پاش1 + ئوو] دوو پێی ئەو گیاندارانەی کە لە سەر دەست و پێیان دەڕۆن، پاشی. // پێشوو، پێشی.

**پاشوو بڵند** (ئان. ل)[پاشوو + بڵند] ئەو گیاندارەی کە پێیەکانی لە دەستەکانی درێژترن، پاشوو بڵیند، پاشی بڵند.

**پاشوو بڵیند** (ئان. ل)[پاشوو + بڵیند] بڕ: پاشووبڵند

**پاش و پێش** (ئاک. ل)[پاش1 + و +

پێش] ١ـ جێگۆڕکێی پاش دەگەڵ پێش. ٢ـ (کنـ.) دەزگـای جنسـی پاش و پێـشی مـرۆڤ بە تایبەت ژن. **~ بوون:** بە پێـچـەوانە بوونی شـوێنی پاش دەگـەڵ پێش، یانی پاش کـەوتبێـتـە پێـشـەوە. **~ بوونە یەک:** (کنـ.) لە ژێر زەخـتـی کـوێرەوەریی و گـرفـتـێکی قـورس دابوون. **~ کـردن:** گـۆڕینـەوەی دوو شوێنی پاش و پێش دەگەڵ یەکتر. **~ کردنە یەک:** (کنـ.) بە زۆر و زەخت گایین، تەجاوز پێکردن بە پاش و بە پێش.

**پاشـەبەرە** (ئان. ل)[پاش1 + ئە + بـەر1 + ئـە] ١ـ دوایـین بـەری بـاغ و بێستان. // نۆبەرە. ٢ـ ئاخرین منداڵی بنەماڵەیەکی چەند منداڵە. لە زۆر ماڵ دا پاشەبەرە پتر لە منداڵەکانی دیکە رووی دەدرێتێ و خـۆشـەویسـتـترە، دواچۆڕ، ئاخـرمناڵ، ئاخـرچۆڕ. // بەرەزا، نۆبەرە.

**پاشـەخـورج** (نا. ل)[پاش1 + ئە + خورج][ئەر] بڕ: پاشتەرکی

**پاشەخوڕ** (نا. ل)[پاش1 + ئاخوڕ] بڕ: پاشاخوڕ

**پاشـەرۆک** (نا. ل)[پاش1 + ئە + رۆک] هەندێک بەری بێسـتـان یا بـاغی چندراو کـە بێسـتـانەوان یا باغـەوان وازیان لێهێناوە و خەڵکی نەدار یا منداڵ دەچن و لێی دەکەنەوە، پاشارۆ، شارۆ.

**پاشـەڕۆژ** (ئاک. ل)[پاش1 + ئە + رۆژ] ئەو رۆژانەی کـە لە بەرن، داهـاتوو. ⁂ پیـاو دەبێ بۆ پاشـەڕۆژ پـووڵێکی پاشەکـەوت بکا. ئێستـا هەرچیت دەوێ داوای بکـە پاشـەڕۆژێ نـەڵێـی بۆی نەکڕیم!

**پاشەکشە** (نا. ل)[پاش1 + ئە + کش (کشانەوە) + ئە] ١ـ بەرەو دواوەی هێز و کـەس. ٢ـ پاشـەگـەز، پەشـیـمـان. **~ کـردن:** ١ـ گـەڕانـەوە بۆ دواوەی هێـز یا کەس لە بەر کزیی یا هەر مەبەسـتێکی دیکە. ⁂ دوژمن پاشەکشەی کرد و رای کـرد. ٢ـ پەشـیـمـان بوونەوە، پاشـەگـەز کـردن. ⁂ ئەمن لە قـسـەی خـۆم پاشەکشەی ناکەم.

**پاشـەکـەفت** (نا. ل)[پاش1 + ئە + کەفت][ئەر] بڕ: پاشەکەوت

**پاشـەکـەوت** (نا. ل)[پاش1 + ئە + کەوت] ١ـ رادەیەک لە پووڵ، خواردەمەنی و هـەر چێکی دیـکە کـە بۆ دواڕۆژ و تەنگانە وەلا دەندرێ هەتا کـاتی خـۆی کەلکی لێوەرگرن، پاشەکەفت. ٢ـ کەس و

کەسانێکی نزیک کە دوای مەرگی کەسێک میراتیان پێدەبڕێ، میراتبەر، میراتگر، وەرەسە. :: میرفەتاح مرد. وەرەسە و پاشەکەوتی میرفەتاح ئەگەر گەیشتنێ ... (لاس و خەزاڵ ل ١٥). ~ **کردن:** وەلانان و راگرتنی هەر شتێک بۆ دوارۆژ.

**پاشەگەز** (ئان. ل)[پاش1 + ئە + گەز] بڕ: پەشیمان. ~ **بوونەوە:** بڕ: پەشیمان بوونەوە. ~ **کردنەوە:** بڕ: پەشیمان کردنەوە.

**پاشەڵ** (نا. ل)[پاش1 + ئەڵ] ١- پاشەوەی لەش. // پێشەڵ. ٢- پاشەوەی جلی درێژ کە دەکەوێتە سەر قونگ. & پاشۆڵ، پاشۆر.

**پاشەڵ گواویی** (ئان. ل)[پاشەڵ + گواویی] ١- قوون گواویی. ٢- ژنی پیس و پۆخڵی.

**پاشەڵەوانە** (نا. ل)[پاشەڵ + ئە + وان + ئە] بڕ: پاشەوانە

**پاشەوانە** (نا. ل)[پاش1 + ئە + وان + ئە] دووبارەیێکە ئەنرێت بە دوای پلوورەی هەنگەوە بۆ ئەوەی شانی تێدا هەڵبەستێ و هەنگوینی تێدا بکات (کشت و کاڵ ب ١ ل ٥٧)، پاشەڵەوانە.

**پاشەوپاش** (ئاک. ل)[پاش1 + ئەو + پاش1] بەرەو دواوە وەها کە روو هەر لە پێشەوە بێ. ~ **کشانەوە:** بەرەو دواوە کشانەوە وەها کە روو هەر لە پێشەوە بێ و جووڵانەوەکە بە پێچەوانەی بەرەو پێشەوە بێ. :: کە چاوی بە سەگە هارەکە کەوت پاشەوپاش کشاوە و خۆی دە ماڵێ هاویشتەوە. ماشێنەکەی پاشەوپاش کێشاوە.

**پاشی** (نا. ل)[پاش1 + ئی] بڕ: پاشوو.

**پاشی بڵند** (ئان. ل)[پاشی + بڵند] بڕ: پاشووبڵند. :: کلک و یاڵ بە ژەنگارە، پاشی بڵندە، پێشی نەوییە/ پەسندە بۆ رکێفی هەموو پادشایەک دەبێ، خاڵ خاڵە، گوڵ گوڵییە (سەعید و میرسێوەدین ل ١٩٨)

**پاشینیان** (نا. ل)[پاشین + ئی + ئان] ئەو کەسانەی کە لە داهاتوو دا دەبن، بەرەی داهاتوو، داهاتوان. // پێشینیان.

**پاشێل** (نا. ل)[پا1 + شێل][هەو- ئەر] بڕ: پێشێل

**پاشێنە** (نا. ل)[پاش1 + ئێنە][زا] رۆژی دوای هەینی، شەنبە.

**پاعن** (ئان.)[زا] برِ: پان

**پاق** (ئا.)[باک] لاق، قاچ، چێق، پێ

**پاقـر** (نا.)[تور: bakır][باک] ١ـ برِ: مس. ٢ـ ژەنگی مس.

**پاقژ** (ئان.)[باک] برِ: پاک

**پاقش** (ئان.)[باک] برِ: پاک

**پاقـــلانچکە** (گـــیـــا.)[هس: پاقلینچکانە] گـیـایەکی بەهارییە گەڵایەکی درێژی برگەبرگەی هەیە، بەرێکی وردی سوور ئەگرێ و زۆر رەوانە (خاڵ ب ١ ل ٢٠٠).

**پاقلاوە** (نا.) برِ: باقلاوە

**پاقلە** (گیا.) برِ: باقلە

**پاقلینچکانە** (گیا.)[پا + قلینچک + ئانە][ئەر] برِ: پرپرە/١

**پاک** (ئان.)[هیک: پاڤەکە ـ پەه: پاڤ، پاک. فار: پاک ـ بیر: پاک ـ پەش: پاک. باک: پاقژ، پاقش، پاک، پاکژ ـ ناو: پاک ـ هەو: پاک ـ زا: پاک، پانک، پوونک] ١ـ شت و شمەکی خاوێن، بێگەرد// پیس. ٢ـ مرۆڤی ئیماندار و بەشەرم و حەیا و بێ فڕ و فێڵ. :: دڵپاک، چاوپاک، دەستپاک، رووپاک. ٣ـ (ئاک.) هەموو، تێگرا، گشت، بە خڕیی. :: دز ئەوەی هەمان بوو دەستی دایە و پاکی برد. ٤ـ بێحیساب. ٥ـ داوێنپاک. ٦ـ ژنی لەش خاوێن کە دە حەیزەوە نەچووبێ یا دە حەیز دانەبێ. ~ **بوون:** ١ـ خاوێن بوون. ٢ـ بێ فڕ و فێڵ بوون، راست و دروست بوون. :: ئەو شاگرد دوکانە هێندە پاک نیە و گرێ و گۆڵی زۆرە. ٣ـ داوێنپاک بوون. & پا بوون. ~ **بوونەوە:** ١ـ خاوێن بوونەوە. ٢ـ فەوتان، لە بەین چوون. :: شوکور ئەسپێ لە وڵات پا بوونەوە و ئاسەواریان نەما. & پا بوونەوە. ~ **کردن:** ١ـ توێکڵ لێوە کردنی میوە و خواردەمەنی بە توێکڵ. ٢ـ خاوێن کردنەوەی دانەوێڵە لە ورکەبەرد و چەت ٣ـ بژار کردنی باخچە و دەغڵ لە گیابژار ٤ـ لێکردنەوەی لاسک و شتی زیادە و بێکەلکی سەوزی خواردن. ٥ـ کووژاندنەوەی قەرز و نەمانی حیساب، بێ حیساب بوون. :: ئەو پارەیە بدەوە و قەرزەکەت پاک کە! & پاکردن. ~ **کردنەوە:** ١ـ خاوێن کردنەوە، سترین، سڕینەوە. ٢ـ لە بەین بردن، فەوتاندن، کوشتن. :: خودایە ئەو زاڵمە پاک کەوە. ٣ـ کووژاندنەوەی قەرز و قۆڵە. :: ئەوەش دووسەد تمەنەکەت و حیسابەکەمان پاک

کەوە. & پا کردنەوە، پا کرنەوە.

**پاکـــــار** (نا. ل)[پا1 + کــــار] ١ـ خزمـەتکار، نۆکەر. ٢ـ کـەسێک کە لە ژێر دەستی کوێخا کار دەکا.

**پاکــاریی** (حم.)[پاکــار + ئیی] ١ـ نۆکەریی، خزمەتکاریی. ٢ـ کار و پیشـەی پاکاری بەردەستی کوێخا.

**پاکانە** (ئاک. ل)[پاک + ئانە2] کاری خەتا و تاوان لە سەر خۆ لابردن. ~ **بۆ کـردن:** بە قـســە و پاڕانەوە یا سـوێند خـواردن خـەتا لە سـەر کەسـێک لابردن. ∴ ئەتۆ هێندە پاکـانەی بـۆ کـوڕەکـەت مـەکـە لێم روونە ئـەم شـووشـەیە هـەر ئەو شکانـدوویەتی. ~ **کـردن:** خـۆ پاک و بێ خـەتا نیـشـان دان بە بەڵگە و قـسـە هێنانەوە.

**پاکبین** (نا. فا، ئان. ل)[پاک + بین2] کەسێک کە نەزەری پاکە و هەموو ئاکار و کردەوەیەک بە باش دەبینێ.

**پاکبینیی** (حم.)[پاکبین + ئیی] کار و ئاکاری کەسی پاکبین.

**پاکـتـاو** (ئان. مف)[پاک + تاو1/٣] کاری تواندنەوە و فەوتاندنی بە کۆمەڵ و گشـتی نەتەوە و رەگەز و خـەڵکێک. ~ **کردن:** فـەوتـاندن و تواندنەوەی کـۆمـەڵ و خــەڵکێکی جــیــا لـە لایەن کــۆمــەڵ و جەماعەتێکی دەستەڵاتدارتر.

**پاکراو** (ئان. مف.)[پا2 + کراو (لە: پا کردن)] دانەوێڵە، سەوزی و میوە و شتی لەم بابەتە کە زیدەکەی جیا کرابێتەوە یا لێکرابێتەوە، پاککراو.

**پاکـــــڕەوان** (ئان. ل)[پاک + رەوان] کـەسێک کە دڵ و دەروونی پاکە، دڵپاک، رووحپاک، رەوانپاک.

**پاکـڕەوانیی** (حم.)[پاکـڕوان + ئیی] دڵپاک و رووحپاک بوون.

**پاکـڕەوشت** (ئان. ل)[پاک + رەوشت] حاڵی کەسێک کە رەوشت و کرداری پاک بێ و خۆ لە خراپە بپارێزێ، ئاکارباش.

**پاکـڕەوشـتـیی** (حم.)[پاکـڕەوشت + ئیی] کار و ئاکاری کەسی پاکڕەوشت.

**پاکژ** (ئان.)[پاک] بڕ: پاک

**پاککرار** (ئان. مـف.)[لە: پاک کـردن] بڕ: پاکراو

**پاک لە پاک** (شڕ.)[پاک + لە + پاک] بێ حـیـسـاب، هـیـچ لە هیچ، پاکـمـان لە پاک. ~ **بوون:** بێحیسـاب بوون و هیچ لە هیچ بوون لـە مـــەســـەلە و کـــایـە و حـیـسـاب و مـەعـامـلەیەک. ~ **کـردن:**

بێحساب کردنی مەسەلە و کار و حیسابێک، هیچ لە هیچ کردن.

**پاکڵ** (نا. ل)[پا1+ کڵ][ئەر] پایەی پرد، کڵ، پاکڵە.

**پاکڵە** (نا. ل)[پاکڵ + ئە][ئەر] بڕ: پاکڵ

**پاکمان لە پاک** (شر.)[پاک + مان + لە + پاک] بڕ: پاک لە پاک

**پاکنووس** (نا. ل)[پاک + نووس] نامە و نووسراوەیەک کە ڕێکوپێک بێ و هەڵە و ڕەشایی تێدا نەبێ. **~ کردن:** نووسینەوەی نامە و نووسراوەیەک بەبێ هەڵە لە رووی پێشنووس.

**پاک و پیس** (ئان. ل)[پاک + و + پیس] چاک و خراپ، رند و کرێت، پاک و ناپاک. **~ کردن:** جیا کردنەوەی چاک و خراپ لە یەک، پاک و ناپاک لێک هەڵاواردن. **~ لێکدان:** چاک و خراپ وەک یەک چاو لێکردن، تێکەڵ کردنی پاک و ناپاک.

**پاکوت** (نا. ل)[پا1 + کوت1][ئەر] بڕ: پێشێل

**پاکوڕە** (گیانـ.)[پا1 + کوڕ؟ + ئە] بڕ: پێکوڕە

**پاکۆ** (نا. ل)[پا1 + کۆ2] ١ـ ئەوەندە گیا کە لە دەسکەنە دا دەبن پێی دەنێن. ٢ـ باوەشە گیای نەبەستراو. ٣ـ گیای دوراوی نەبەستراو. **~ دان:** ١ـ رنینەوەی گیا بە دەست. ٢ـ دروونەوەی گیا بێ ئەوەی بکرێتە دەسکەسواڵە. ‡‡ دەمێکە داسی ئەجەل تیژ ئەکا وەکوو وەرزێڕ/ خەریکی عالەمە پاکۆی ئەدا بە ریزە هەموو (بێخود ل ٧٣).

**پاکۆترە** (گیا.)[پا1 + کۆتر + ئە] گیایەکە لە پاقلانچکە ئەچێ و ئەخورێ (خاڵ ب ١ ل ٢٠١).

**پاکەت** (نا.)[فەر: paquet] ١ـ کاغەزێکی دووتوێیە کە سێ لای بەستراوە و لایەکی ئاوەڵایە و نامەی نووسراو یا شتێکی لەم وێنەیە تێدەنێن. ٢ـ کاغەزی ئەستوور کە سەری ئاواڵەیە و میوە و شتی وردەی دیکەی تێدەکەن. ٣ـ بەستە، قوتووی چووکی بەستراو. ‡‡ پاکەتێک جگەرە.

**پاکیی** (حم.)[پاک + ئیی]١ـ خاوێنیی // پیسیی، چەپەڵیی. ٢ـ داوێنپاکیی.

**پاگا** (نا. ل)[پا1 + گە][ئەر] بڕ: پاگە

**پاگرە** (نا. ل)[پا1 + گر (گرتن) + ئە] بڕ: پێخرە

**پاگـــه** (نا. ل)[پا1 + گـــه][باک] ١ـ ئاخـــوڕ. ٢ـ تەویلـەی ئەسـپ و بەرزەوڵاغ. & پاگەهـ. ٣ـ [ئەر] شـوێنی پەڕینەوەی لە چۆم و رووبار، بوار، پاگـا. ٤ـ داری ژێر رێسمەی دەرگا.

**پاگەند** (نا.)[باک] بڕ: یاقووت

**پاگـەهـ** (نا. ل)[پا1 + گـە][باک] بڕ: پاگە

**پاگیرە** (نا. ل)[پا1 + گیر + ئە][ئەر] دوو کوتە تەختـەی بە قەرا پێ کە جۆلا لە کاتی کار کردن دا پێی لە سەر دادەنێ و هەڵدەگرێ، پائەوشار، پێتاتە، پێتەتە.

**پال** (نا.)[باک] بڕ: پاڵ

**پالاخ**[1] (گـیـان.)[پا (پار1) + وڵاغ][باک] بڕ: پالاغ

**پەلاخ**[2] (گیا.)[زا] بڕ: پەلاش

**پالاڤتن** (چا. م)[باک] بڕ: پالاوتن

**پالامار** (نا.)[باک] بڕ: پەلامار

**پالان** (نا.)[باک] بڕ: پالان

**پالاندن** (چا. م)[باک] بڕ: پالاوتن

**پالدم** (نا. ل)[پال(پاڵ) + دم2][باک ـ زا] بڕ: پاڵوو

**پـالـدووم** (نـا. ل)[پـال(پـاڵ) + دووم (دم2)][باک] بڕ: پاڵوو

**پالسنا** (نا.)[زا] بڕ: پاژنە

**پالمە** (نا.) بڕ: پاڵمە

**پالووتە** (نا.)[؟][باک] هەرەوەز، زبارە

**پـالــە** (نـا.)[بــڕ: پـاڵــە] ١ـ [بـاک] درێنـەوان، رەنجـــبـــەر، پاڵە. ٢ـ [زا] کرێکار، کارگەر.

**پالەڤان** (ئان.)[باک] بڕ: پاڵەوان

**پالەقە** (نا. ل)[پا1 + لەقە][ئەر] بڕ: پێلاقە

**پالیتە** (گیا.)[باک] بڕ: بەڕوو

**پالیمۆک** (گیا.)[باک] بڕ: سیرمۆکە

**پـالـێـت** (نـا.)[فــــــەر: palette] تەختـەیەکی بەیزییـە تایبـەتی نەقاش و کاری نەقـاشی کـە رەنگی پێویسـتی لە ســەر رۆ دەکــەن یا ســازی دەکــەن و دەیگرنەوە.

**پاڵ** (نا.)[پەهـ: پەهلووک. تات: پەلێڤ ـ فــار: پـهلو. باک: پال ـ ناو: پاڵ، پار. باش: پاڵ ـ هەو: پاڵ] ١ـ کــاردانـەوەی هێـزێک بەرەو پێش، باو، بۆق. ٢ـ جـووت بوونی پشت لە شـوێنێک. ٣ـ زۆر نزیک و نووسـاو بە کـەسـێک یا شـتـێکەوە. ٤ـ

تەنیشت، پاڵوو، لا. ٥ـ هەمێز، باڵ2. :: ئەو کوڕە لەوەتی ژنی هێناوە لە پاڵی نایەتە دەر. ٦ـ کەلەکە، پاڵوو. ٧ـ قەدی شاخ و گرد. **~ پێوە دان:** پاڵ دانەوە، پشت یا بەشێکی لەش بە کەسێک یا شتێکەوە نان. **~ پێوەنان:** ١ـ وەلانانی کەسێک بە تەوژمەوە. ٢ـ باو پێوە نان بە کەسێک کە سواری جۆلانە بوە. ٣ـ بە قەو شتێک بەرەو پێش یا لایەک بردن. :: پاڵێک بەو داشقیەوە نی با لە قوڕ بێتە دەر. پاڵی پێوە نێ با بچێتە ژووڕێ. ٤ـ (مجـ.) هان دان، دنە دان. **~ خستن:** درێژ راکێشان، لە سەر لا تەنیشت درێژ کردن، وە پاڵ خستن. **~ دانەوە:** ١ـ پشت بە پشتی یا شتێکی دیکەوە نان، پاڵ کەوتن، پاڵ پێوە دان. ٢ـ (کنـ.) حەسانەوە بە ئەرخەیانی و بێخەمی. :: پیاو دوو میلیۆنی هەبێ هەتا ئاخری عومری پاڵ دەداتەوە. & پاڵەوە دان، پاڵ لێدانەوە. **~ کەفتن:** بڕ: پاڵ کەوتن. **~ کەوتن:** ١ـ درێژ بوون لە سەر لا تەنیشت، پاڵ کەفتن. ٢ـ بڕ: پاڵ دانەوە. **~ لێدانەوە:** بڕ: پاڵ دانەوە. **~ەوە دان:** بڕ: پاڵ دانەوە. :: سنگمی بۆ بکەم بە سەنیری قوو، وەختی پاڵەوەدانە/ بەڵکوو بحەسێتەوە لەو سەفەری گەورە و گرانی تەرکە و تورکمانە (شۆڕ مەحموود ل ٥٨). **خۆ خزاندنە ~ کەسێکەوە:** دە پاڵ کەسێک خزان، چوونە نێو جێگای کەسێکەوە و دەگەڵی درێژ بوون. **دە (لە) ~خزان:** چوونە نێو جێگای کەسێکەوە، خزانە پاڵ کەسێکەوە. :: بەیانییان منداڵەم لە سەرمان خۆم دە پاڵ من دەخزێنێ و دەخەوێ. **دە (لە) ~خزاندن:** کەسێک دە باڵ کەسێکی دیکە نان و خەواندن. **دە (لە) ~ نان:** دە نێو نان، تێنان. :: کاغەزەکانی منیش دە پاڵ کاغەزەکانی خۆت بنێ. **ڕە ~ خستن:** ١ـ وە دوا خستن، نیسبەت دان. ٢ـ ڕەگەڵ خستن، ڕەپاڵ دان. **ڕە ~ دان:** ١ـ بەر خستن، تێگرا رادان و رامالین، بردنە پێش بە تێگڕایی شتێک. ٢ـ پێوە خستن، ڕەگەڵ خستن، ڕەپاڵ خستن. **ڕە ~ نان:** ١ـ تێنان، دە نێو نان. ٢ـ دەر کردنی بە زۆر و بە سووکایەتی. **هاتنە ~:** دە پاڵ خزان، لێ نزیک بوونەوە. :: بە شەو ژان و پەژارەم دێنە پاڵێ/ بە ڕۆژ ئۆقرەم نیە ساتێک لە ماڵێ (تاریک و روون ل ١١٤). **وە ~خستن:** پاڵ خستن، درێژ راکێشان. **وە ~دان:** کار و مەسەلەیەک خستنە سەر ئەستۆی

کەسێک. :: کۆڵێک درۆ و دەلەسەی ناڕاستیان وە پاڵ داوم.

**تێبینی:** پاڵ لە پێڕێسو peresu ـ ی ئەوێستایی بە مانای پەراسوو و لا و تەنیشت ـ ی کوردیی کەوتوە بە لەبەر چاو گرتنی ئاڵوگۆڕیی دوو پیتی « ر » و « ل » دەگەڵ یەکتر. ماناکانی دیکە لە دوایی پەیدا بوون.

**پالاّ** [1] (نا. ل)[پا1 + لاّ (ئالاّو)][هەو ـ ئەر] بڕ: پێڵاو. :: من بیم خڕیدار کالاّی بالاّکەت/ من بیم وە سەرگەر گەرد پالاّکەت (مەولەوی ل ٣٨٦).

**پالاّ** [2] (ر.)[لە: پالاّوتن] لە چاوگی پالاّوتن دەکەوێ، بە ناوەوە دەلکێ و مانای پاڵوێنەر دەدا، پاڵێو. :: پڵاوپالاّ.

**پالاّخ** (گیانـ.)[پا (پار1) + ولاّخ] بڕ: پالاّغ

**پالاّدڕانە** (نا. ل)[پالاّ + دڕ + ئانە] پووڵ و پارەیەک کە لەبری ڕێگا بڕین دەدەن بە هەندێک کەسی وەک حەکیم و شاتر و شوان و پیادە، کاڵەدڕانە، پالاّمز، پامز.

**پالاّفتن** (چا. م) بڕ: پالاّوتن

**پالاّفتە** (نا. مفـ)[لە: پالاّفتن] بڕ: پاڵێوراو

**پالاّغ** (گیانـ.)[پا(پار1) + ولاّغ][باک: پالاخ، پەلاخ ـ ناو: پالاّغ، پالاّخ، پەڵخ] ١ـ بێچووی گامێش. ٢ـ (مجـ.) پیاوی ئەحمەق و نەزان و بێ ئەدەب.

**پالاّمز** (نا. ل)[پالاّ + مز1] بڕ: پالاّدڕانە

**پالاّن** (نا.)[پەش: پالان، پالانە ـ بەل: پالام ـ فار: پالان ـ لۆر: پالۆ ـ گیل: پالۆن. باک: پالان ـ ناو: پالاّن] بەرگێکی نێواخنکراو لە کا، کە لە سەر پشتی کەر و بارگین و حەیوانی بارەبەر دادەنێن هەتا پشتی بریندار نەبێ، کورتان، کۆپان، کۆپانە. **~ کردن:** پالاّن لە سەر پشتی بارەبەر دانان. || **پالاّنی قەجەری:** جۆرە پالاّنێک چووکتر و ڕێکوپێکتر کە وەک زین کەلکی لێوەردەگرن، کۆپانی قەجەری.

**تێبینی:** دوکتور مەحەممەدی موعین وشەی پالاّنی بردۆتەوە سەر چاوگی پالاّوتن (بڕ: برهان قاطع ب ١ ل٣٥٧). پێموایە دوکتور بە هەڵە بۆی چوە. پالاّن لە پەهلووک ـ ی پەهلەویی بە مانای پاڵ ـ ی کوردیی کەوتوە، پالاّنچە و پالاّنتە و پالانە لە کوردیی دا بە مانای

مــاســوولکەی تیــغــەرەی پشت یا ئەو تیسکە خوریەیە کە لە سەر پشتی بەران بۆ جوانی دەیهێڵنەوە و ئەوەش رایەکە بە قـەوەتتـر دەکـەن کـە پالان شـتێکە کـە پێوەندی بە پاڵ یا تەنیشتەوە هەیە و چ پێوەندی بە پالاوتنەوە نیە.

**پالانتە** (نا. ل)[پالان + تە (چە1)] بڕ: پالانچە

**پالانچــە** (نا. ل)[پالان + چە1] ١ـ مـاسولکە گۆشـتی دوو بەری تیـغـەرەی پشت. ٢ـ هەندێک خـــوری کـــە دوای بڕینەوە لە سـەر پشتی بەران بۆ جوانی دەیهـێـڵنەوە، پالانە، پشتـەک. ٣ـ بەرد و قـــســـڵـێک کــە لێـواری جـۆگــەی پێ دادەبەستن. & پالانتە

**پالاندروو** (نا. فـا، ئان. ل)[پالان + دروو] کـەسێک کـە پالان سـاز دەکـا و دەیفرۆشێ.

**پالاندرووی** (حم.)[پالاندروو + یی] کار و پێشەی پالاندروو.

**پالانلار** (ئان. ل)[پالان + لار](کنـ.) ژنی بە مێـرد کە جوابی کـەسی دیکەش دەداتەوە و بە دزی دەدا، ژنی بدەر.

**پالانە** (نا. ل)[پاڵ + ئانە] هـەندێک تووک و خـوری کــە بۆ جـوانی لە ســەر پشـتی بزن و مـەڕ و بەران دەیهـێڵنەوە، پالانچە

**پالانی** (نا. ل)[پالان + ئی] ١ـ ئەسپی باریی کە لە جیات زین پالانی لێدەنێن، بارگین. ٢ـ کەرێک کە کاتی پالان کردنی گەیشتوە. ٣ـ ئەسپێکی شۆخ و جوان کە زوو لە هەندێک ناوچەی کـوردسـتـان لە شـینگێـڕیی دا دەیانڕازاندەوە و جل و بەرگی مـردووکـەیان پێـدادەدا و خـەڵکی خـاوەن مـردووش شـینیـان بـۆ دەگـێڕا، ئەســپی کـۆتەڵ. ∷ گـوێ درێژێ بار و کورتان بەرز و **پالانی** بەزێن/ چوست و وریاتر لە گـوێ کـورتانی پالانی و گـێژ (نالی ل ٢٢٧).

**پالاوتن** (چا. م)[پاز: پالیــــدەن، پالائیدەن ـ پەھ: پالاییـتەن، پالووتەن. فــــار: پـالـودن ـ بـەل: پالایەگ. باک: پـالانـدن، پـالاڤـتن، پـارووزانـدن ـ نـاو: پالاوتن، پالافتن، پالێـــوران، پاڵوانن ـ هەو: پەرزنای] خـاوێن کـردنەوە و سـاف کردنی تراو و ئاوەکی کە شـتی زێدەیان تێدایە. بەم شێوەیە کە پەڕۆیەکی تەنک کـــە کـــونی زۆر وردی هەیە بە نـاوی پاڵوێنکە لە ســـەر دەفـرێک رادەگـرن و ئاوەکی یا تەڕاوەکـەی بە سـەر دادەکـەن، تەڕاوی سـافکراو دەچێتە نێو دەفرەکەوە

و خــلــتــه و شــتــی زێده له پاڵوێنکه دا دەمێنێتەوە، پاڵفته کردن.

**پاڵاوته** (نا. مــفـ.)[له: پـالاوتن] بـڕ: پاڵێوراو

**پاڵ پاڵه** (نا. ل)[پاڵ + پـاڵ + ئه] بڕ: هەنگڵەشەلە.

**پاڵپــشت** (نا. ل)[پاڵ + پشـت] ١ـ پشتی، پاڵەوپشت. ٢ـ پشتگیر، لایەنگر.

**پاڵتاو** (نا.) بڕ: پاڵتۆ

**پاڵتـــــۆ** (نا.)[فـــــەر: paletot] بالاپۆشــێکی ئـەســتــوور و درێژه کـــه زستانان له سـەرەوەی هەموو جلەکان ده بەری دەکەن و سەرما دەگێڕێتەوە. باڵته، باڵتۆ، پاڵتاو، پاڵته.

**پاڵته** (نا.) بڕ: پاڵتۆ

**پاڵتــەک** (نا.)[؟] دەردێکه ئـەدات له قـوڕگی ڕەشــەوڵاغ ئەی ئاوسـێنێ، هەڵی ئەدڕن هـەندێ گــەنمی تێ ئـەکـەن چاک ئەبێـتــەوه (کـشـت و کـاڵ ب ١ ل ٥٨)، پەڵتەک.

**پاڵدامێن** (نا. ل)[پاڵ + دامێن] بڕ: پاڵداوێن.

**پاڵـداوێن** (نا. ل)[پاڵ + دواێن] ١ـ پشتەوەی داوێن، پاڵدێم. ٢ـ داوێنی شاخ و گرد، پاڵداینه. & پاڵدامێن.

**پاڵداینه** (نا. ل)[پاڵ + داینه][ئەر] ١ـ پاڵدێم، پاڵداوێن. ٢ـ دوایێنی کێو، بنار.

**پاڵدم** (نا. ل)[پاڵ + دم (دوو3)] بڕ: پاڵدێم

**پاڵـدوو** (نـا. ل)[پـاڵ + دوو3] بـڕ: پاڵوو1

**پاڵـده** (نا. ل)[پاڵ + ده (دوو3)] بڕ: پاڵوو1

**پاڵـدێم** (نا. ل)[پـاڵ + دێـم (دوو3)] پشــتــەوەی داوێن، تەشکی داوێن، پاڵدم، پاڵداوێن، پاڵدامـێن. || **پاڵدێم به گـوو:** (کنـ.) ژنی پیس و پۆخڵی و پیسکێر.

**تێـبـینی:** وشـەکـانی پاڵدێم و پاڵدم هاوڕیشـەکـانی پاڵوو ـ ن و مـاناکـانیـان گــۆڕاوه. هـەروەها دێم یا دم به مـــانای کلک ـ ه و له ڕیشـەی [ئەو: دومـه ـ پەه: دووم] کەوتوه.

**پاڵفته** (نا. مفـ.)[له: پالافتن][ئەر] بڕ: پاڵێوراو. **~ کردن:** پالاوتن

**پاڵـم** (نـا. ل)[پـاڵ + م (دم = دوو3) [هەو] بڕ: پاڵوو

**پاڵمته** (گیا.)[هس: پاڵمـه] گیایەکی بەهارییه و تامی وەکوو هاڵەکۆکه (کشت

و کاڵ ب ١ ل ٥٩).

**پاڵمە** (گیا.)[ناو: پاڵمە، پالە ـ هەو: پالە] جۆرێک ئەسپنگ کە گەڵاکانی لە ئەسپنگی ئاسایی پانترە.

**پاڵنگ** (گیانـ.)[هەو] بڕ: پڵینگ

**پاڵوانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: پالاوتن

**پاڵوان**[1] (ئان.)[ئەر] بڕ: پاڵەوان

**پاڵوان**[2] (نا. مفـ.)[ئەر] بڕ: پاڵوێن

**پاڵوانە**[1] (نا. ل)[پاڵوان2 + ئە][ئەر] بڕ: پاڵوێنە

**پاڵوانە**[2] (گیانـ.) بڕ: پاڵەوانە2

**پاڵوێن** (نا. مفـ.)[لە: پالاوتن]

**پاڵوێنکە** (نا. ل)[پاڵوێن + ک + ئە] بڕ: پاڵوێنە

**پاڵوێنگە** (نا. ل)[پاڵوێن + گە] شوێنێکی گەورە کە نەوتی خاوی بۆ دەچێ و لەوێ نەوتی لێ دەپاڵێون، شوێنی پالاوتنی نەوت.

**پاڵوێنە** (نا. ل)[پاڵوێن + ئە][ناو: پاڵوێنە، پاڵوانە، پاڵێوکە، پاڵوێنکە] ١ـ پارچەیەکی سپی و خاوێن و شاش و تەنک کە بۆ پالاوتنی شیر کەلکی لێوەردەگرن، راوک، پارزم، پارزوم، پەرزم، پەرزوم، پارزۆن، پارزن، پارزوون، پارزنگ، پارزوونگ ٢ـ فیلتێر.

**پاڵۆپشت** (نا. ل)[پاڵ + ئۆ + پشت] بڕ: پاڵەوپشت.

**پاڵوو**[1] (نا. ل)[پاڵ + ئوو (دوو3)][باک: پالدووم، پالدم ـ ناو: پاڵوو، پاڵدوو، پاڵدە، پاردوو ـ هەو: پاڵم ـ زا: پاردم، پالدم] کەژوو یا قایشێک کە بە بن کلکی حەیوانی بارەبەر دا دێ و زین یا پالان رادەگرێ، رانەکی، قووش.

**تێبینی:** پاڵوو لە پێش دا پاڵدوو بوە و پیتی داڵ سواوە و بۆتە پاڵوو ـ دوو بە مانای کلکە.

**پاڵوو**[2] (نا.)[پەه: پەهلووک][هەو ـ ئەر] ١ـ کەلەکە، قەبرغە. ٢ـ تەنیشت، لا، پاڵ. ٣ـ (دارێکە ئەدرێتە بەر (نێ)ی ئاش بۆ نەجووڵانی (کشت و کاڵ ب ١ ل ٥٩) (هس: پاڵووگیر)

**پاڵوودە** (نا.)[پەه: پالووتەک] جۆرێک خواردەمەنییە کە لە نیشاستە سازی دەکەن و بە شەکراو یا شیلە و ئاو دەیخۆن، پەلوول.

ساز کردنەکەی بەم جۆرەیە: لە پێشدا ئاو و نیشاستە لە سەر ئاگر دادەنێن هەتا دەکوڵێ و نیشاستەکە خۆ دەگرێ،

دوایی لە دەفرێکی تایبەتی ( بنەکەی وەک بێژینگ کون کون کراو و هەندێک قووڵە) دەکەن و بە ئامرازێک کە پڕ بە دەفرەکەیە پاڵی پێوەدەنێن. لە ژێر ئەم دەفرە سەهۆڵاو داندراوە و نیشاستەی گەرمی درێژ و بارێک دەچێتە نێوی و سارد دەبێتەوە. شەکراوی بۆ ساز دەکەن و پاڵوودەکەی تێدەکەن و دەیخۆن.

**تێبینی:** پاڵوودەی لە ریشەی پالاوتن کەوتوە یانی شتی پاڵێوراو.

**پاڵووگیر** (نا. ل)[پاڵوو2 + گیر] دارێکە ئەدرێتە بەر (نێ)ی ئاش کاتێک بە لایەکا لاسەنگ بێ (خاڵ ب ١ ل ٢٠٣).

**پاڵە**[1] (نا.)[سور: پالە][باک: پالە - ناو: پاڵە - زا: پالە] ١- کەسێک کە گەنم و جۆ دەدوێتەوە، دروێنەوان، رەنجبەر. (بڕ: سەرپاڵە، نێوپاڵە، قوون پاڵە). ٢- وەرزێرێکی کە بەشێک لە پێنج بەشی وەبەر دەکەوێ، سەپان. ٣- ئەندازەیەک لە پەڵە دەغڵ و دانەوێڵە کە سەپانێک لە رۆژێک دا دەیدرۆێتەوە.

**پاڵە**[2] (نا.) ١- شار. ٢- دەربار

**تێبینی:** هەر ئەوجۆرە کە ناوی ماد - هۆزی گەورەی باکوور و باکووری رۆژاوای ئێران - لە دوایی بە شێوەی ماه (پەهلەویی ماد) بە هەندێک لە شارەکان وەک: ماه نەهاوەند، ماه بەسرە، ماه کووفە و ماهیدەشت کوتراوە، ناوی پەهل، پەهلەو، پەهلە بە هەندێک لەو شار و ناوچانەی کە پێوەندیان دەگەڵ هۆزی ناوبراو هەبوە کوتراوە وەک پەهلەشاهیسدان کە ئەرشکی مەزن، دامەزرێنەری پادشایەتی ئەشکانی لەوێ حکومەتی بە دەستەوە گرت و لە دوایی پاڵە (پەهلەو) بە مانای شار بە کار بردراوە. (موعین ب ١ ل ٨٤٦)

**پاڵەپەست** (نا. چا)[پاڵ + ئە + پەست2 (پەستاوتن)] بڕ: پاڵەپەستۆ.
**~ دان:** بڕ: پاڵەپەستۆ دان

**پاڵەپەستۆ** (نا. چا)[پاڵ + ئە + پەستۆ (پەستاوتن)] ١- پاڵی توند بۆ وەپێش دان یا جێ کردنەوە. ٢- پاڵی توند بۆ پەستاوتن و ئاخنین. & پاڵەپەست، پاڵەوپەستۆ. **~ دان:** ١- پاڵ پێوەنانی بە قەوەت بە کەسێکەوە کە لە نێو حەشامەت دا گیری کردوە بۆ دەرباز بوونی. ٢- بە زۆر پەستاوتن، تێ ئاخنین. & پاڵەوپەستۆ دان، پاڵەپەست دان.

**پاڵەکی** (نا. ل)[پاڵ + ئەک + ئی] جۆرێ کەژاوە کە سەرەکەی ئاوەڵەیە و لە سەر پشتی وشتری دادەمەزرێن.

**پاڵەنگ** (نا. ل)[ئەر] رەشـــمە، هەوسار، مەهار.

**تێبینی:**هاوتا و هاومانای ئەم وشەیە لە فارسی دا بە شێوەی پالاهنگ (پالاهەنگ) و پالهنگ (پالهەنگ) هاتوە. وشەکە دەبێ لە دوو بەشی پاڵ + هەنگ پێکهاتبێ. پاڵ بە مانای پەنا و تەنیشتە و هەنگ دەبێ لە ثەنگ thang ـ ی ئەوێستایی بەمانای شۆڕ و هەڵواسراو کەوتبێ و بە گشتی یانی لە لاتەنیشت هەڵواسراو. هەروەتر خاڵ پاڵەهەنگ ـ ی بە مانای کۆت و زنجیری پێی بەندیی نووسیوە کە هەر لەم ریشەیەیە.

**پاڵەهەنگ** (نا. ل)[بڕ: پاڵەنگ] کۆت و زنجیری گەورەی پێی زیندانی.

**پاڵەوان** (ئان. ل)[باک: پالەڤان، پەهلەوان ـ ناو: پاڵەوان، پاڵوان ـ هەو: پاڵەوان ـ زا: پاهلیوان] ١ـ مرۆڤی بوێر و بەهێز، پیاوی ئازا و بە خۆوە. ٢ـ قارەمانی سەرەکی چیرۆک و حەکایەت، قارەمان. ٣ـ (مجـ.) پیاوی کەڵەگەت و بەخۆوە. ٤ـ زۆرانباز.

**تێبینی:** زمانەوانانی فارس ریشەی پەهلەوانیان بردۆتەوە سەر پەهلەو یا پاڵەو + ئان. پاڵەو ـ یان بە ناوی پارتەکان کە قەومێکی کۆن بوون داناوە و چونکە زۆر بوێر و نەترس بوون ئەو ناوە پەرپوەتە سەر ناوی هەموو کەسێکی بوێر و نەترس. (برهان قاطع ب ١ ل ٤٣٠). لە باری مێژوویەوە نازانم ئەم وشە کەی دەکار کراوە بەڵام بە لێکدانەوەی شکڵ و بیچمی وشەیەکی تەواو کوردیی دەدا و پێموایە دەبێ لە [پاڵ + ئە + وان] پێکهاتبێ و هاومانا و هاوشکڵی پشتیوان [پشت + ئی + وان] بێ، یانی کەسێک کە لاگر و پشتگری خەڵکە و ئەوە پتر خووی پاڵەوانان بوە کە پشتگری خەڵک بن. بۆ سەلماندنی ئەو مەبەستە هێشتا لە کوردیی دا پاڵەوانە بە هاومانا و هاوتای پشتیوانەیە و ئەویش دیوارێکە کە لە بەر دیواری شکست هەڵیدەچنن.

هەروەتر چاوگی پال pal لە زمانی سانسکریت دا بە مانای پاراستن و ئاگاداری لێکردن هاتوە و پالە pāla بە مانای پارێزەر هاتوە.

**پاڵەوان پەمبە** (ئان. ل)[پاڵەوان + پەمبە] کەسێک کە بە رواڵەت پاڵەوان و

نەترسە بەڵام لە راستی دا ترسەنۆک و خوێرییە، پاڵەوانی درۆیین.

**پاڵەوانە**[1] (نا. ل)[پاڵەوان + ئە] ١ـ دیوارێک کە لە بەر دیوار شکست هەڵیدەچنن بۆ ئەوەی نەکەوێ، پشتیوانە. ٢ـ کۆڵەکەیەک کە وەبەر دیواری شکستی دەدەن بۆ ئەوەی کە نەڕووخێ. ٣ـ یەکێک لە بەرەکانی دارمازوو.

**پاڵەوانە**[2] (گیانـ.) پەلەوەرێکی رەشی بچووکی باڵ درێژە. لە سەرەتای بەهار دا پەیدا ئەبێت تا نیوەی هاوین. هەمیشە بە ئاسمانەوەیە کە کەوت ناتوانێ هەڵسێت و بفرێ. خواردنی بە هەواوە مێشوولەیە لە ئێواران دا ئەچێتە کونی دیوار و گوێسەبانەوە بۆ ئەوەی لە بەیانی دا کە هاتە دەرەوە خۆی فرێ دا تا بتوانێ بفرێ. (کشت و کاڵ ب١ ل ٥٩)، Apus apus ناوی لاتینی ئەم باڵندەیە، پاڵوانە، تەیرەن ئەبابیلە، تەڕنەبابیلە، تەڕنەئەبابیلە، چەورۆکە، چەورووکە.

**تێبینی:** پاڵەوانە بە مانای ئەبابیل فەرهەنگی کشت و کاڵ نووسیویەتی و لە فەرهەنگی خاڵ دا بە پاڵوانە نووسراوە. لە فەرهەنگی موعین دا پالوانە و پالوایە و بالوانە بە مانای ئەبابیل و پەڕەسێلکە هاتوە. (بڕ: موعین ب ١ ل ٦٧٨)

**پاڵەوانەتی** (حم.)[پاڵەوان + ئەتی] پاڵەوان بوون، بوێریی قارەمانیی، پاڵەوانیی. **~ کردن:** ئەنجام دانی کاری قورس و سەخت کە مرۆڤی ئاسایی پێیان نەکرێ.

**پاڵەوانیی** (حم.)[پاڵەوان + ئیی] بڕ: پاڵەوانەتیی

**پاڵەوپشت** (نا. ل)[پاڵ + ئە + و + پشت] باڵنج یا هەر شتێک کە وەبەر پشتی بدەن و پاڵی لێدەنەوە، پاڵۆپشت، پاڵپشت، پشتی. ∷ هێند ماندوو بوو هەر پاڵی وە پاڵەوپشت دا و خەوی لێکەوت.

**پاڵەوپەستۆ** (نا. چا)[پاڵ + ئە + و + پەستۆ (پەستاوتن)] بڕ: پاڵەپەستۆ. **~ دان:** بڕ: پاڵەپەستۆ دان

**پاڵەیی** (حم.)[پاڵە + ئیی] کار و پیشەی پاڵە، رەنجبەریی.

**پاڵێن**[1] (ئاک.)[؟] ١ـ دوای نیوەڕۆ، سەر لە ئێوارە کاتی مەڕدۆشین، پاڵێنان. ∷ شەنگەبێری گراوی خۆم وێنووسی جەماڵ و جوانی/ ئێستاش پاڵێنێ وەک جاران لە شوان و مێگەڵ دەڕوانی؟

(تاریک و روون ل ١٦٨). ٢ـ بردنەوەی مەڕ بۆ لەوەڕ دوای دۆشینی ئێواران هەتا وەختی ماڵ نووستنان.

**پالێن**[2] (نا.)[لە: پالاوتن][ئەر] مەلاقەی گەورەی کون کون، ئاوپاڵ.

**پالێنان** (ئاک. ل)[پالێن1 + ئان] سەر لە ئێوارە، پالێن.

**پالێو** (ر.)[لە: پالاوتن] لە چاوگی پالاوتن دەکەوێ، بە ناوەوە دەلکێ و مانای پالوێنەر دەدا، پالا. ٪ چاپالێو، شیرپالێو، برنج پالێو.

**پالێوران** (چا. م) بڕ: پالاوتن

**پالێوراو** (نا. مف.)[لە: پالاوتن] هەر ئاوەکی و شتێکی لە پالوێنکە دراو و بێ خلت و خاڵ، پالافتە، پالاوتە.

**پالێوکە** (نا. ل)[پالێو + ک + ئە] بڕ: پالوێنە

**پاماسە** (نا. ل)[پا1 + ماس (ماسین) + ئە][ئەر] بڕ: پێخڕە

**پاماسێ** (نا. ل)[پا1 + ماس (ماسین) + ئێ][ئەر] بڕ: پێخڕە

**پاماڵ** (ئان. مف.)[پا1 + ماڵ3][پەش: پامال، پایمال ـ فار: پامال، پایمال ـ بیر: پامال] بڕ: پێشێل. ~ **بوون:** بڕ: پێشێل بوون. ~ **کردن:** بڕ: پێشێل کردن.

**پاماڵکراو** (نا. مف.)[لە: پاماڵ کردن] بڕ: پێشێلکراو

**پاماڵە** (نا. ل)[پا1 + ماڵ3 + ئە] ئامرازێکی جووتێرانە کە بریتییە لە تەختەیەکی گەورە کە بە سەر زەوی دا دەیکێشن هەتا سندە و گلمەتی زەوی کێڵدراو ورد بکا و تۆمەکەش بکەوێتە ژێر خاکەوە، ماڵوو، ماڵە.

**پاماو** (نا. ل)[؟] لووس کردنی سواغی گەچ بە پەڕۆی تەڕ (خاڵ ب ١ ل ٢٠٤).

**پامز** (نا. ل)[پا1+ مز1] بڕ: پالادڕانە

**پامووره** (نا. ل)[پا1 + مووره (مووروو1)] پاوانەی سازکراو لە مووروو، پێمووره. (بڕ: پاوانە)

**پامەڕە** (نا. ل)[پا1 + مەڕ2 + ئە] بڕ: پێمەڕە

**پامەلە** (نا. ل)[پا1 + مەلە] جۆرێک مەلەیە کە مەلەوان لە سەر جێی خۆی بە پێ لێدان خۆ رادەگرێ، مەلەپایە، مەلەپێیە، پێمەلە.

**پامێزە** (نا. ل)[پا1 + مێز3 + ئە] ١ـ

گووی هەنگ کە لە سەر کانی ئەیکات پاش ئاو خواردنەوە، سەرێکی ئەستوور و سەرێکی باریکە، هەنگدۆز کاتێ ئەو گووە ئەبینێ روو ئەکاتە سەری باریکی گووەکە و ئەڕوات تا شاری هەنگەکە ئەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هەنگوینەکەی دەرکات (کشت و کاڵ ب ١ ل ٥٩). ٢ـ شاوەتی ویشکەوەبووی نێو لینگی تەگە. ٣ـ خوری و مووی دەست و پێی ئاژەڵ.

**پان**[1] (ئان.)[ئەو: پەثەنە ـ پەھ: پەھەن، پەھن. باک: پان، پاحن، پەھن، پەعن، پەحن ـ ناو: پان ـ هەو: پان ـ زا: پاھن، پاعن] ١ـ هەراو، بەرین، تەسک. ٢ـ پێشێل، پێخوست. **~ بوونەوە:** ١ـ فلیقانەوە، پێشێل بوون. ⁙ چاو ئەو مێروولە بەستەزمانانە چۆن لەبەر پێیان پان بوونەوە. ٢ـ تخێڵ بوون، بە بڵاوی دانیشتن، تەنبەڵانە درێژ بوون و جووڵە نەکردن. ⁙ دوو رۆژە لە ماڵێ پان بۆتەوە و دەست لە رەش و سپی نادا. ٣ـ تەسک و بڵاو کردنی هەویر و شتی مەیو. ⁙ ٤ـ هەراو بوون، بەرین بوون. ⁙ ئەلێرەوە چۆم پان دەبێتەوە. هەندێکی دیکە لێخورە جادە پان دەبێتەوە. ٥ـ راخران. ⁙ کچم دابرۆ بزانە جێگاکان پان بوونەوە؟ **~ کردنەوە:** ١ـ راخستنی جیگا و بان و سفرە و هەر شتێکی کە بەر بەرین بێ. ⁙ جێگاکان پان کەوە با بخەوین. بچۆ ئەو کەوڵەی لە دەرێ پان کەوە! ٢ـ فلیقاندنەوە، پێشێل کردن، پێ رێخستن. ⁙ هەتا سەری مار پان نەکەیەوە نامرێ. پێیەکی لە هەزار پێیە نا و پانی کردەوە. ٣ـ دانیشتن بە بڵاوی و جێگایەکی زۆر گرتن، تخێل بوون، دانیشتنی تەنبەڵانە و بێ ئەدەبانە. ⁙ ئەوە بۆ وا خۆت پان کردۆتەوە زەلام ! ٤ـ قەڵەو کردن، پڕ و قەبە بوون. ⁙ ئاغا هێندەی ماڵی مفت خواردوە قوون و پشتی لێ پان کردوە. ٥ـ تەسک کردن و بڵاو کردنەوەی هەویر و شتی مەیو. ⁙ لە پێشدا دەبێ هەویرەکە پان کەیەوە دوایە بە تەندووریەوە بدەی! ٦ـ هەڵخستن، لە بەر تاو دانانی هەر شتێک بۆ ویشک کردن و ویشک بوونەوە. ⁙ مێرێ تەماتەکانی لە بەر تاو پان کردبۆوە.

**پان**[2] (گیا.)[هیند: pan] پنچکێکە لە رەگەزی بی کە لە هیند و مالزی و هەندێک شوێنی دیکە شین دەبێ، گەڵای ویشکی ئەم دارە بۆنێکی خۆشی لێدێ و بۆ دەرمانی هەندێک نەخۆشی کەلکی لێوەردەگرن و رەنگی تفیش سوور دەکا، piper betel ناوی لاتینی ئەم

دارۆچکەیە، شاحوسێنی. (عەر: تملول)

**پان**3 (پاشگـ.)[فـــەر: pan لە یون: pantos (گشت، هەموو)] پاشگرێکە بە ناوانەی کـە ئاخـرەکـەیان بە " ئیـسم " کـۆتایی دێ و ئـامـانج و مـەبەسـتـێکی تێگرایی نەتەوەیی، ئایینی یان ناوچەیی پێک دەبەستێتەوە. ⁂ پان تورکیسم، پان ئێرانیسم، پان عەرەبیسم.

**پاناو** (نا. ل)[پان1 + ئاو] گـۆڕایی سەری کێو و چیا، پانتاو.

**پاناوک** (نا. ل)[پان1 + ئاو1 + ک] ١ـ گۆمیلکەی ئاو لە دەشت دا، پاناوکە. ٢ـ گـۆڕایی سـەری کـێـو و چیـا، پاناو، تەختان، پانتاو.

**پاناوکــە** (نا. ل)[پاناوک + ئە] بڕ: پاناوک

**پانایی** (حم.)[پان1 + ئایی] رادەی هەراویی و پانی شـتـێک یا شـوێنێک، پاناهی، پانتــایی، بەرینایی. ⁂ چی خـۆشـتـرە لەوەی تەبیـعـەت جـوان بێ/ ماوەی سرنج پانایی گشت ئاسمان بێ (گۆران ل ١٩٤).

**پاناهی** (حم.)[پان1 + ئاهی][باک] بڕ: پانایی

**پانبـــەپان** (نا. ل)[پان1 + بە/ە + پان1] بڕ: پانەوپان

**پانپـانۆکـە** (نا. ل)[پان1 + پان1 + ئۆک + ئە] کاری خۆ راحەت کردنی دوو ژن بە یەکدی، پانپـانۆکێ، قـوزقـوزانێ، کوزەتەقـانێ. ~ **کردن:** نزیکی دوو ژن دەگەڵ یەک و خۆ رەیەک خشاندن و خۆ رەحەت کردن لە یەکتر.

**پانپـــانۆکێ** (نا. ل)[پان1 + پان1 + ئۆک + ئێ] بڕ: پانپانۆکە

**پانتــاو** (نا. ل)[پان1 + ت + ئاو] ١ـ بڕ: پاناو. ٢ـ تەخـتـایی سـەر خـەرمـان (کشت و کاڵ ب ١ ل ٦٠).

**پانتاویی** (حم.)[پانتاو + ئی] شوێنی تەخت و پان، پانایی شوێنێک.

**پانتاویی** (حم.)[پانتاو + ئیی] رادەی پانی و هەراویی شـتـێک یا شـوێنێک، پانایی.

**پانتــۆڵ** (نا.)[ئیـتــا: pantalon] شـاڵواری کـوردیی تایبـەتی پیـاوان، دەلینگی تەنگ و هەر چی بەرەو سـەرتر دەچێ فـشـتـر دەبێـتـەوە و پزووکـەی دێخـوونی تێهـەڵدەکێشن و هەر بەویش دەیبەستنەوە، پاتۆڵ، رانک، دەمەرقۆپان.

**پانتۆمیم** (نا.)[فەر: pantomime] جـۆرە نمایشـێکە کـە دەورگـێـڕ بـەبێ دەربڕینی قسـە و تەنیـا بە ئیشـاڕە و جووڵاندنەوەی ئەندامەکانی مەبەستێک روون داکاتەوە.

**پانج** (ژ.)[زا] بڕ: پێنج

**پانجاس** (ژ.)[زا] بڕ: پەنجا

**پانجێس** (ژ.)[زا] بڕ: پازدە

**پاندا** (گـیـانـ.)[ئین: panda] گیاندارێکی ئارام و بێ ئازارە وەک ورچ، کـەوڵی سـپی و پڕ پەشـمـە و لە کوێستانەکانی چین و تەبەت دەژی.

**پاندۆڵ** (نا.)[فـەر: pendule] مـیلەیەکی هەندێک قـورس کـە بە بنی هەندێک سـەعـاتی دیواری گـەورەوەیە و دێت و دەچێ و مـیلەکـانی سـەعـات دەگەڕێنێ، ئاونگ.

**پانز** (ژ.)[زا] بڕ: پێنج

**پانزدە** (ژ.) بڕ: پازدە

**پانزدەه** (ژ.)[باک] بڕ: پازدە

**پانزە** (ژ.) بڕ: پازدە

**پانژ** (ژ.)[زا] بڕ: پێنج

**پانسمان** (نا.)[فەر: pansement] کـاری خاوێن کردنەوە و بەستنی برین.

**~کردن:** خاوێن کردنەوە و مەرهەم لە سەر برین دانان و بەستن.

**پانسیۆن** (نا.)[فەر: pansion] ماڵ و شـوێـنێک بۆ ژیان و خـواردن بە پارەیەکی دیارییکراوی مانگانە.

**پانک**[1] (نا. ل)[پان1 + ک] شوێنێکە لە لای سـەرەوەی چادر و رەشـماڵ دا کـە دەکەوێتە لای دەرەوە، وەک گوێسوانە بۆ ئەوەی ئاوی باران نەڕژێتـە دەوروبەری خێوەت.

**پانک**[2] (ئان.)[زا] بڕ: پاک

**پانکراس** (نا.)[فـەر: pancreas] لوویەکی گەورەی هێشوویی سوورە کە لە کن گـەدەیە و کـاری سـاز کـردنی شیرەیەکە کە یارمەتی هەزمی خۆراک لە سـەرەتای ریخـۆڵە دەدا و هـەروەتر ئینسـۆلین ـ یش سـاز دەکـا. (عـەر: لوزالمعدە)

**پانکە**[1] (نا. ل)[پان1 + کـە] ١ـ بەرێکی دارمـازوویە کـە وەک دووگـمـە پانە. ٢ـ جۆرێک ماسی، پانە ٣ـ (ئان. ل) بڕ: پانکەڵە

**پانکە**[2] (نا.)[؟] جۆرێک باوەشێنە کە بە بەرق کـار دەکـا (هەم لە مـیـچ

هەڵداوەسرێ و هەم جۆرێکی لە سەر زەوی دادەندرێ) و بە خوولانەوە و سوورانی پەڕەکانی ولآت فێنک دەکا، هەروەها جۆرێکی چووکەی لە کەبابخانەکان لە جیات باوەشێن کەلکی لێوەردەگرن.

**پانکەڵە** (ئان. ل)[پان1 + ک + ئەڵە] ١ـ حاڵی کەسێکی پان و کورتەباڵا، پانکە1 /٣. ٢ـ شتێک کە کەمێک پان بێ.

**پانگزە** (ژ.)[هەو] بڕ: پازدە

**پان وبەرین** (ئان. ل)[پان1 + و + بەرین] حاڵی هەر شتێک یا شوێنێکی زۆر پان، هەراو. ៖ دەشتی پان و بەرین. **~ بوون:** زۆر پان و هەراو بوون.

**پان وپلێش** (ئان. ل)[پان1 + و + پلێش] حاڵی شتێکی لە بەر پێیان پان و فلۆچ بووبێتەوە و بە تەواوی تێکچووبێ. **~ بوونەوە:** لە بەر پێ پان بوونەوە و فەوتان.

**پان وپۆڕ** (ئان. ل)[پان1 + و + پۆڕ] فش، هەراو، زۆر پان و بەرین. **~ بوون:** زۆر پان و بەرین بوون. ៖ کابرایەکی کەڵەگەت و پان و پۆڕە.

**پان و فلۆچ** (نا. ل)[پان1 + و + فلۆچ] پێشێل، پێخوست و بە تەواوی فەوتاو لە بەر پێ. **~ بوونەوە:** لە بەر پێدا پان بوونەوە و پێشێل بوونی هەر شتێک. **~ کردنەوە:** پێشێل کردن و پان کردنەوەی شتێک بە پێ، جیق و فیق دەرێنان (بۆ گیاندار).

**پانۆکە** (نا. ل)[پان1 + ئۆک + ئە] دەزگای شەرمی ژن، قوز. ៖ باڵۆرەی دەبێژم/ پانۆکەت بە درێژم (کانی مرادان ل ١٧١). (هس: پانپانۆکە)

**پانە** (گیان.)[پان1 + ئە] جۆرێک ماسی پانە کە زۆر گەورە نابێ و پەڕەکانی بەرزگی هەندێک سوورن، پانکە.

**پانەپەڕ** (نا. ل)[پان1 + ئە + پەڕ] گەورەترین پەڕی باڵی مەل و باڵندە، شاپەڕ، شاباڵ.

**پانەوپان** (نا. ل)[پان1 + ئەو + پان1] ١ـ بە لای پانی دا. ៖ سفرەکە پانەوپان راخە! ٢ـ (کنـ.) بە راشکاویی، بە ئاشکرایی. ៖ پانەوپان هەموو قسەی دڵی خۆم پێکوت. & پانبەپان

**پانی** (ئا.) بڕ: پاژنە

**پانیە** (ئا.) بڕ: پاژنە

**پانیەدرێژە** (گیانـ.)[پانیـە + درێژ + ئە] مـەلێکە: ١٧،٥ سـانتیمـێترە. کلک و لاقی لە ـ هـاورەگـــەزەکـــانی ـ دیکـەی درێژترە. پشـتی قـاوەییـە و خـەتی پانی ئامالّ ڕەشی پێداکشاون. سینگی زەردی کالّە و پڕە لە خەت و خالّی وردی بلاّو. لە جـێگای برۆ و لە سـەر لاجـانگی خــەتی مـەیلەوسـپی پێداهاتوە. لاق و هەروەها نینۆکی پشتـەوەی درێژە (هۆی ناو نان). لە مـێرگ و چیـمـەنی شـەدار، گـۆل و مەرەزەجاران دەبینرێ (فەرهەنگی باڵندە ل ١٠) Anthus novaeseelandiae ناوی لاتینی ئەم مەلەیە.

**پانیی** (حم.)[پان1 + ئیی] بڕ: پانایی

**پانێر** (گیانـ.)[پا (پار1) + نێر] ١ـ [لۆر: پارینە. باک: پارۆنەک ـ ناو: پارێن، پارێنە ـ هـەو: پارێنە] گـوێرەکـەی دوو ساڵەی نێر، گوێلپار، پارگوێر، پارگوێک. ٢ـ (مجـ.) مرۆڤی بێ ئاقڵ و بێ ئەدەب.

**تێبینی:** هەر چەند پانێـر بە دوو بەشی پار و نێـر نووسـراوە بـەڵام بۆی هەیە کە شێوەی شێواوی پارێن بووبێ وەک: سـەنیـر و سـەرین، خـێـز و زیخ، کشپەڵ و پشکەڵ.

**پاوان** (نا. ل)[پا (لە: پایین) + وان] لەوەرگە و مێرگ و مەزرای قەدەغە کراو و تایبەت دراو بە خۆ و بە مەڕ و ماڵاتی خۆ، پاوە، پاوەند. ٢ـ (مجـ.) قـەدەغـە. **~ بوون:** قەدەغە بوون. **~ کردن:** قەدەغە کردن.

**پاوانە** (نا. ل)[پا1 + وانە] ١ـ لیزگە مووروویەک کە ژنان سازی دەکەن و لە قولەپێی دەکەن. ٢ـ خشڵێکی زێوە ژن لە قولە پێی دەکەن. & پاموورە، پێمـوورە، خرخاڵ، پاوەن، پاوەنە.

**پا و پووز** (نا. ل)[پا1 + و + پووز] لە ئەژنۆ بەرەوخوارەوە، داو و دەلینگ.

**پا و پل** (نا. ل)[پا1 + و + پل] لە ئەژنۆوە بەرەو ژێر، قاچ و قول. ٢ـ (کنـ.) هێز و گوڕ، توانایی.

**پاوشا** (نا.)[ئەر] بڕ: پادشا

**پاوشک** (ئان. ل)[پا1 + وشک][ئەر] کەسێک کە پێوقەدەمی خێر نەبێ، پێوقەدەم ڕەش.

**پاوە** (نا. ل)[پا (لە: پایین) + وە (وان)] بڕ: پاوان

**پاوەرە** (نا. ل)[پا1 + وەر + ئە][هەو] بڕ: پابەرە

**پاوەرێ** (نا. ل)[پا1 + وەر + ئێ]

[هەو] بڕ: پابەرە

**پاوەمـــانگ** (ئان. ل)[پا1 + وە + مانگ] ژنی زگ پڕ کە دواین مانگییەتی و زانی نزیکە بۆتەوە.

**پاوەن** (نا. ل)[پا1 + وەن1][ئەر] شریت یا زنجیرێک کە پێی ولاغی بەرزەی پێدەبەستنەوە هەتا لە کاتی لەوەڕ دوور نەکەوتێتەوە، پابەند، پێوەند، پاوەند، پاوەنە. ٢ـ بڕ: پاوانە

**پاوەند**[1] (نا. ل)[پا1 + وەند] بڕ: پاوەن

**پاوەند**[2] (نا. ل)[پا (لە: پایین) + وەن (وان) + د] بڕ: پاوان

**پاوەنە** (نا. ل)[پا1 + وەن1 + ئە][ئەر] ١ـ بڕ: پاوەن. ٢ـ بڕ: پاوانە

**پاوەوە** (نا. ل)[پا1 + وەوە][هەو] بڕ: پێخەسوو

**پاوەوی** (نا. ل)[پا1 + وەوی][ئەر] بڕ: پێخەسوو

**پاوەیوە** (نا. ل)[پا1 + وەیوە][هەو] بڕ: پێخەسوو

**پاهلیوان** (ئان.)[زا] بڕ: پاڵەوان

**پاهن** (ئان.)[زا] بڕ: پان

**پائەوشـــار** (نا. ل)[پا1 + ئەوشـــار][ئەر] بڕ: پاگیرە

**پایان** (نا. ل)[پا1 + ی + ئان] ئاخر، دوایی، ئاکام. (هس: پایین1)

**پایتـــەخت** (نا. ل)[پای + تەخت] بڕ: پاتەخت

**پایز** (نا.)[پاز: پادێز ـ پەه: پاتێز، پاتێژ. تات: پائیز ـ فار: پاییز ـ گیل: پەئیز. باک: پاییز، پایز، پەهیز ـ ناو: پایز، پاییز ـ هەو: پایز ـ زا: پائیژ، پاییز] ١ـ وەرزی سێیەمی ساڵ دوای هاوین و پێش زستان، (رەزبەر ـ گەڵاڕێزان ـ سەرماوەز). ٢ـ (مجـ.) سەردەمی پیری. ⁙ پیرییە پایزی وەرزی ژیانە/ وردە هەنگاوی بەرەو گۆڕ نانە (بۆ کوردستان ل ٢٦٤). || **پایزی پیریی:** (کنـ.) سەردەمی پیریی، پایزی عومر. ⁙ شەوی بەهاری جوانی خەوێ بوو پڕ تەشویر/ لە فەجری پایزی پیریی بەیانی دا تەعبیر (نالی ل ٢٠٤) بەهارێ بوو جەوانی، بوو بە سوخرەی پایزی پیریی/ بە سەر چوو باغ و باقی ماوەوەی مشتێ چڵ و چێوە (مەحوی ل ٢٩١). **پایزی زێڕن (زێڕین):** (کنـ.) سەرەتای پایز کە گەڵاکان ڕەنگاوڕەنگن و هێشتا زەرد و

ویشک نەبوون. **پایزی عـــومـــر:** (کنـ.) سەردەمی پیریی.

**پایزە** (نا. ل)[پایز + ئە] ١- چاندنی دەغڵ و دان لە پایز دا. ٢- هەر بەر و میوەیەک لە پایز دا پێبگا. ٣- جۆرێک ترێی دەنک زلە کە لە پایز دا دەگا. ٤- شێعرێک کە بە پایز هەڵکوترابێ. ٥- یەکێک لە مەقامەکانی فۆلکلۆری کوردیی کە پتر لە سەر راو و ئەویندارێ دەدوێ.

**پایزەبرا** (نا. ل)[پایز + ئە + برا] ١- دۆست و ئاواڵێک کە تەنیا لە کاتی فەرعانە و حاسڵات دا سەر بدا. ٢- ئاغا یا هەر کەسێکی دیکە کە لە کاتی گەنم سوور کردنەوە، بەشێک لە گەنم دەبا. ٣- (کنـ.) ملۆزم، ئافەت.

**پایزەڕێز** (ئان. ل)[پایز + ئە + ڕێز (ڕژان)] گیا و بەر و حاسڵاتێک کە شەختە لێیدابێ، سەرمابردوو، شەختەلێدراو.

**پایزەهەوار** (نا. ل)[پایز + ئە + هەوار] ئاخر و ئۆخری هەوار کە دەکەوێتە پایز و وردەوردە هەوار چۆڵ دەکەن و دەگەڕێنەوە. ⁂ دەڵێم کوڕینە هەر کەسانێکی نازداری منی نەدیوە/ ئەگەر دەهات و رادەبرد لە بۆ پایزەهەواری/ ئەوە حاجی دەگێڕانەوە لە ڕێی حیجازێ/ سۆفی بەڕماڵ بە شانی دەگێڕانەوە لە نوێژێ (پایزە ل ٦٢).

**پایزیی** (ئان. ل)[پایز + ئی] ١- هەرچی کە پێوەندی بە پایزەوە هەبێ. ⁂ میوەی پایزیی، گوڵی پایزیی، جلی پایزیی. ٢- جۆرێک هەرمێ. ٣- جۆرێک هەنجیر.

**پایە** (نا.)[پەهـ: پادەک، پایەک] ١- بنەڕەتی خانوو و شوێنی سازکراو، بناغە، بنچینە. ٢- بنەڕەت و ئەساسی هەرشتێک. ٣- ئەستوونی ساز کراو لە سمیت و بێتۆن. ٤- پێچکەی میز و کورسی یا هەر ئامرازێک کە پێچکەی هەبێ. ٥- (مجـ.) پلە و مقام لە نێو کۆمەڵ دا. ٦- (مجـ.) بناغە و قەوەی زانست و دەرس. ٧- ئەو ئەندازە لە لەشی مرۆڤ کە لە نێو ئاو دا دەتوانی پێی بروا، باڵا. **~ بڕین:** ئاوی زۆر کە باڵای مرۆڤ دادەپۆشێ، کەوتنە بن ئاو. ⁂ ئەو چۆمە قووڵە ناتوانی لێی بپەڕییەوە پایەت دەبڕێ.

**پایەبڵند** (ئان. ل)[پایە + بڵند] بڕ: پایەبەرز

**پایەبڵندیی** (حم.)[پایەبڵند + ئیی]

بڕ: پایەبەرزیی

**پـایـەبـەرز** (ئـان. ل)[پـایـە + بـەرز] کەسێک کە پلە و پایەی کۆمـەڵایەتی لە سـەرە، پایەبڵند. ~ **بوون:** پلەی بەرز هەبوون و خـاوەن کـەسـایـەتی بوو لە کـۆمـەڵگا دا. ~ **کـردن:** پلە و پایەی کەسێک بردنە سـەر، بەرز کردنەوەی پلە و رادەی کەسێک.

**پایەبەرزیی** (حم.)[پایەبەرز + ئیی] پلـەی بەرزی کـــۆمـــەڵایـەتی هـەبـوون، پایەبەرز بوون، پایەبڵندیی.

**پایەدار** (نـا. فـــا)[پایە + دار2] ١- خـاوەن پلە و پایە. ٢- بەرقەرار، هەرمان. ~ **بوون:** بەرقـەرار بوون، هـەمـیـشـە مانەوە. :: کورد و ئازەربایجانی هـەردوو داوایان رەوایە/ هـەر بژین و پایـەدار بێ یەکیـەتی ئەم دوو برایە (تاریک و روون ل ٦٤).

**پایەنداز** (نا. ل)[فـار: پای انداز] ١- فەرشی ژێر پێ، فەڕش و مافوورەیەک کە لە پێشخـانە و بەر دەرگا رایدەخـەن. ٢- فـەڕش، یا مـۆکـێت کە بۆ پێشـوازیی لە کـەس و کـەسـانی رێزدار رایدەخـەن هـەتا بە سـەری دا بڕۆن. :: فرسـەتەن ئەرواح بشۆ وە پێشواز/ پەردەی بینایی تۆ پەی پایەنداز (مەولەوی ل ٣٦).

**پاییز** (نا.) بڕ: پایز

**پاییـــزیی** (ئان. ل)[پایز + ئی] ١- هـەرچی کە پێوەندی بە پایزەوە هـەبێ. ٢- [باک] هـەر بەر و دەغـڵـێک لە پاییـز دا پێبگا، پایزە.

**پایین**[1] (ئاک. ل)[پا1 + ئین] ١- لای خــوارەوەی پێ، پێین. ٢- لای خــوارەوە، ژێر.

**پایین**[2] (چا. ل)[ئـەو: پا. گــــیل: پاســـەن، پاســتـەن - فـار: پاییـدن] چاوەدێریی کـردن، چاو لە شـتـێک یا کەسێک کردن و ئاگا لێبوونی.

**پت**[1] (وشد.) ١- بڕ: پتە/١. ٢- (ئان.) رەنگی سوور و گەشی خوێن. :: کۆڵمی وەک پتی خـوێن سـوور بـبـۆوە. (تەنیـا بۆ خوێن دەکوترێ). ٤- لێدانی رەگی خوێن، نەبز.

**پت**[2] (نا.)[هس: بچووک، پچ] ١- [زا] منداڵ، زارۆک. ٢- ئەندازەیەک بە قـەرا سـەری ئەنگوست. :: پتـێکم دەرمـان دەیـە. ٣- [بـاک] چـووک، ئـەنـدازەیـەکـی کەم، پچ.

**پتـــر** (ئان.)[پڕ + تر] لە رادە زیاد،

زۆرتر، بتر، بێتر.

**پتــــه** (وشـــد.)[پت + ئه] ١ـ بـه دوو قامکی شاده و گەوره له شتێکی چووک دان و بۆ دەرپەڕاندن یا پرووکاندنی، پت، پڵـتۆک، پەلەپیتک، پەلەپیتکه، پیلکه. ٢ـ دەنگی لێدانی ئاگری چووکی وەک شـەم و پڵـیتـەی نێو چرا و ...، پرته. ٣ـ بۆڵه، پرته و بۆڵه. ٤ـ زاراوەیەکی یاری مێشێن که مانای جارێک هاویشتنی مـەڕمەڕ به قـامکەکـان (قـامکی شـاده و باڵابەرزه) دەدا. ⁂ خـالید له مێشێنێ به دوو پتان هـەمـوو پووڵەکـەی لێبـردینەوه. **بە ~ خـــۆ تەکـــاندن:** ١ـ لێکردنەوەی قـــوڕ و تەکاندنی تۆز و خاک لـه سەر جل به پته. ٢ـ (کنـ.) به پۆز و ئیفاده بوون. **له ~ دەرچوون:** ١ـ دەرپـەڕینی هەڵمـــــات لـه دەست بێ ئاماده بـوون. ٢ـ (کنـ.) له ژێر دەست چوونـه دەری کـار و مـەسـەلەیەک بێ ئاماده بوون. ⁂ به تەمای منداڵ ساز کردن نەبووین له پتەمان دەرچوو!

**پتـەپت** (وشد.)[پتـه + پت] ١ـ [کرم: پێت پێت ـ ناو: پتـەپت، پرتـەپرت] دەنگی لێدانی پەیتاپەیتای ئاگری چووکەی وەک شـەم و پڵـیـتــه. ٢ـ یەک لـه دوای یەک بـۆڵاندن. & پرتەپرت. **~ کـــردن:** ١ـ بەرز بوونەوەی یەک له دوای یەکی دەنگی پرتـه له ئـاگـری چووکـه. ٢ـ بـۆڵاندن. & پرتەپرت کردن.

**پتـەو** (ئان.)[پەه: پەتۆک، پەتووک] ١ـ حـاڵـی هـەر شـتـێک کـه ئەسـتـوورایی و بارستی هـەبێ و له نێو دا پڕ و قـایم بێ، بتەو. ٢ـ مرۆی به هێز و پڕ و به خۆوه.

**پتیله** (نا.) بڕ: پڵیته

**پچ** (ئاک)[هس: پت][باک] رادەیەکی کەم، پت. ⁂ پچەک (کەمێک)

**پچ پچ** (وشــــد.)[پچ + پچ][زا] بڕ: پچەپچ

**پچڕان** (چا. ل)[له: پچڕین] ١ـ دڕان و پسـانی و لەبەر یەک چوونی هەودا و هـەر شـتـێکی پێکەوه نووسـاو، پرچیـان. ٢ـ (مــجـ.) له بـەر یەک چوون و شـــەکــەت بوونـی یەکـجـار زۆر. ⁂ پچـڕام هـێندەم کار کرد.

**پچڕاندن** (چا. م)[له: پچڕان] ١ـ لەبەر یەک بردن و دڕاندن و پساندنی شتێکی پێکەوه نووسـاو، پـرچانن. ٢ـ پڕ پێدادان بـه شـتێک و به زۆر وەرگرتنی له دەست کەسێکی دیکه. ٣ـ (مجـ.) شەکەت کردن و زۆر کـار بـه کـەسـێک کـردن. ٤ـ زۆریی بۆ هێنان و لەبەر یەک ترازاندنی شتێک.

**پچـڕین** (چا. م)[؟] ١ـ پڕ بە شـتـێک دادان و بە زۆر لە دەست دەرکێشان. ٢ـ لێک هـەڵوەشـان و لـێک ترازانی شـتـێکی پێکەوە نووساو.

**پچکۆلانە** (ئان. ل)[پچ + ک + ئۆل + ئانە] بڕ: پچکۆڵە

**پچکۆڵانە** (ئان. ل)[پچ + ک + ئۆڵ + ئانە] بڕ: پچکۆڵە

**پچکۆلە** (ئان. ل)[پچ + ک + ئۆلە] بڕ: پچکۆڵە

**پچکۆڵە** (ئان. ل)[پچ + ک + ئۆڵە] ١ـ منداڵ، کـەم تـەمـەن. ٢ـ چکۆڵە، بچکۆڵە، چووک. & پچکۆڵانە، پچکۆلانە، پچکۆلە.

**پچـــووک** (ئان. ل)[پچ + ئووک] ١ـ بچـووک، چووک. ٢ـ کـەم تەمـەن، منداڵ. ٣ـ هـەرچێک لـە باری ئەندازەوە گـــەورە نەبێ. ٤ـ (مجـ.) نۆکەر، غولام.

**پچـووکـیی** (حم.)[پچـووک + ئیی] ١ـ چووک بوون. ٢ـ منداڵەتیی، سـاوایەتیی. ٣ـ نۆکەریی، خزمەتکاریی.

**پچە** (وشد.)[ئەر] چپە، چفە، سرتە.

**پچە پچ** (وشد.)[پچە + پچ][باک: پس پس، پستـە پست ـ ناو: پچەپچ، چپەچپ، چفـەچف ـ زا: پست پست، پچ پچ ـ هـەو: چفـەچف] دەنگی قسـە کـردنی دووکـەس بە سـەبرا وەهـا کە بە زەحمـەت ببیسرێ، چپە، سرتە، سرتەسرت.

**پخ** (وشد.)[لۆر: پێخ ـ کرم: پێخ. باک: پخ، پخک ـ نـاو: پخ ـ زا: پخ] دەنگێک کـە کوتوپڕ و بە توندیی لە زار دەریدەبڕن بۆ ترسـاندن (پتـر بۆ گـاڵتـەیە و بە تایبـەت منداڵ وەک گەمە بەکاری دێنن).

**پختۆک** (نا.)[باک] بڕ: تەمۆخ

**پخک** (وشد.)[باک] بڕ: پخ

**پدوو** (ئا.) بڕ: پووک1

**پدی** (ئا.)[باک] بڕ: پووک1

**پڕ**[1] (نا.)[باک] بڕ: پرد

**پڕ**[2] (ئان.)[باک ـ زا] بڕ: پڕ

**پرپار** (گـیـا.)[پر + پار][باک] بڕ: پرپرە

**پرپرە** (نا. ل)[پر + پر + ئە] ١ـ (گیا.) گیـایـەکی خۆڕسکە، ساقـەتی سوورە و لە سـەر زەوی پان دەبێـتـەوە، گـەڵای ورد و ئەسـتوورە و گوڵەکـانی سپی یا زەردە و تۆوەکـــەی رەش و وردە کـــە بـۆ دەرمـــان کــەلکی لێـوەردەگـرن و بۆ خـــواردن و چێـشـتـیش دەست دەدا. Portulaca oleracea ناوی عـیلمی ئـەم گـیـایەیە،

پارپار، پرپار، پمـپـار، پەڵپین، پەڵپـینە، پەلپـینە، پرپـینـە، پرپێنە، پاقلینـچکانە، (عـەر: رجلة، بقلة حـمـقـاء). ٢ـ پـەرەنگی گوارە. ٣ـ پووڵەکەی ئۆیە.

**پرپینە** (گیا.)[پر + پینە] بڕ: پرپرە

**پرپێنە** (گـیـا.)[پر + پێنە][باک] بڕ: پرپرە

**پرت** (نـا.)[بڕ: پـۆرت] کــوتێکی زۆر ورد، پارچەیەکی چووک.

**پـرتـک** (نـا. ل)[پـرت (پـۆرت) + ک] بەشـێکی زۆر ورد لە شـتـێک، زۆر ورد، پرتکە، پۆرت.

**پرتکە** (نا. ل)[پرتک + ئە] بڕ: پرتک

**پرتە** (وشـد.) ١ـ دەنگی لێدانی ئاگری چووکی وەک شـەم و پڵـیـتـەی نێـو چرا، پتە. ٣ـ بۆڵە، پتە، پرتە و بۆڵە.

**پرتەپرت** (وشــــد.)[پرتـە + پرت] ١ـ دەنگی بـەرەو کـــووژانـەوە و لێـــدانـی پەیتاپەیتای ئاگری چووکەی وەک شـەم و پڵـیتـە. ٢ـ بۆڵەی پەیـتاپەیـتـا. & پـتـەپت. **~ کردن:** بڕ: پتەپت کردن.

**پرتەقـاڵ** (گـیـا.) ١ـ دارێکی هـەندێک گـەورەی و جـوانە بـەرێکی خـڕی توێکڵ نارنجی ئاوداری هەیە، ناوکی بەرەکـەی قـاش قاش و زەردە کـە هـەروا دەخـورێ و ئاوەکـەشـی دەگـرترێ. ئەم دارە لە هـەمـوو شـوێنێکی نیـوەگـەرم دەڕوێ و بەر دەدا، Citrus aurantium ناوی لاتینی ئەم دارەیە. ٢ـ بـەری ئەم دارە. || **پرتـەقـــاڵی خـوێنی:** جـۆرێک پرتـەقاڵە لە نێـوەکـەی سـوور یا رەگی سـووری تێـدایە و چونکە شێوەی خوێن دەدا بەم ناوە کراوە.

**تێـبـینی:** درەخـتـی ئـەم مـیـوەیـە لە ســـــەدەی شـــــانـزدەهـەم لـە لایـەن پرتـەغــالیــەکــانەوە لە چین بۆ ئـەورووپا بردراوە و لە سـەردەمـی سـەفـەوییـەکـان نەمامـەکەی هـاتۆتە ئێران و میوەکـەشی هـەر بـە ناوی پرتـەغــالیــەکـان کـراوە و هاتۆتە نێو زمانی کوردییەوە.

**پرتەقاڵی** (ئان. ل)[پرتەقاڵ + ئی] لە رەنگی پرتەقاڵ، زەردی ئاماڵ سوور.

**پرتە و بۆڵە** (وشد.)[پرتە + و + بۆڵە] ورتـەی ناڕزایـەتـی، بۆڵـە. **~ کـــردن:** ناڕزایـەتی دەربڕین لە مــەســەلەیـەک بە بۆڵە.

**پرچ** (نا.)[لۆر: پێرچ. باک: پرچ ـ ناو: پرچ ـ هـەو: پـرچ ـ زا: پرچ] ١ـ مـــووی درێژی سـەر، قژ. ٢ـ تووکی هـەندێک بەر وەک سـەرداریی، کـاکـۆڵ. ٣ـ کـاکـۆڵ و

قژی گیاندار. ⁘ ئەوە ریش و شەدەی کاکە سەیدەوانم لێدەبۆوە بە پرچی نێریێ بەلەکوورە (گەنج ل ۲۹۲). ~ **برین:** هەڵپەچین و تاشینی تووکی سەری ئافرەتێک کە کارێکی بێناموسی کردبێ بە نیشانەی سووک کردن و ئابڕوو بردنی و ناساندنی بە خەڵک. ~ **بە برین چوون:** هەڵپاچران و تاشرانی تووکی سەری ئافرەت لەبەر داوێن پیسی. ئەم راوێژە زۆرتر وەک تووک و جنێو لە زاری دایکەوە بە کچەکەی دەکوترێ. ⁘ دەک رۆڵە پرچت بە برین چی ئەوە تۆ بۆ هێندە بێشەرمی. ~ **سپی بوون:** (کنـ.) پیر بوون، گەیشتنە تەمەنی پیری و خاوەن ئەزموون بوون. ~**ی سپی هۆندنەوە:** (کنـ.) مێرد نەکردنی کچ یا مێرد نەکردنەوەی ژنێک کە مێردەکەی مردبێ یا چاوەڕوانی حەز و گراوی و خۆشەویستەکەی خۆی لە ماڵ دانیشێ. ~ **کێشان:** گرتن و راکێشانی تووکی سەری ئافرەت. || **پرچی ئایشە و فاتمان:** کوڵکەزێرینە، پەلکەزێرینە

**تێبینی:** ژابا ریشەی ئەم وشەی بردۆتەوە سەر پەرچەم ـ ی تورکی (بڕ: ژابا ل ۷٦).

**پرچانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: پچڕاندن

**پرچکن** (ئان. ل)[پرچ + ک + ن][باک ـ زا] بڕ: پرچن

**پرچن** (ئان. ل)[پرچ + ن][باک: پرچکن ـ ناو: پرچن، پرچنە ـ هەو: پرچن ـ زا: پرچن، پرچکن] کەسێک کە تووکی سەری زۆر و پڕ و درێژ بێ، پرچکن.

**پرچنە** (ئان. ل)[پرچن + ئە] بڕ: پرچن

**پرچە** (وشد.)[ئەر] دەنگی پچڕان و قرتان، قرتە.

**پرچیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: پچڕان

**پرخاندن** (چا. م)[لە: پرخە][باک: پرخاندن ـ ناو: پرخاندن] کەسی خەوتوو کە پرخەی لە گەروو دێ، کەسێک کە لە خەو دا پرخەی دێ، پرخە کردن.

**پرخن** (ئان. ل)[پرخ + ن] کەسێک کە لە خەو دا پرخەی بێ.

**پرخ و هۆڕ** (وشد.)[پرخ + و + هۆڕ] دەنگی پرخەی زۆر و بڵند و ناخۆش.

**پرخە** (وشد.)[باک: پرخە ـ ناو: پرخە ـ هەو: پرخە] دەنگێک کە لە کاتی نوستن لە گەرووی هەندێک کەس دێتە دەر، پرخەپرخ. ~ **کردن:** بڕ: پرخاندن. ~ **هاتن:** بەرز بوونەوەی دەنگی

پرخە.

**پرخەپرخ** (وشد.)[پرخە + پرخ][لۆر: پێرخ پەرخ. باک: پرخەپرخ ـ ناو: پرخەپرخ ـ هەو: پرخەپرخ] پرخەی یەک لە دوای یەک، پرخەی پەیتاپەیتا. ~ **کردن:** پرخاندن. ~ **هاتن:** پرخاندنی پەیتاپەیتا.

**پرد** (نا.)[ئەو: پێرێتو، پێرەتو ـ پەه: پەهر، پوهل، پول. گیل: پورد ـ فار: پل ـ لۆر: پیل ـ پەش: پەر. باک: پر ـ ناو: پرد، پێڵ ـ هەو: پردی ـ زا: پرد] ١ـ ئامرازی پەڕینەوە بەسەر جۆگە، رووبار یا دۆڵ و دەرە. ئەو ئامرازە دەتوانێ کۆتەرە دارێک بێ کە هاویشتبێیانەتە سەر جۆگە یا بینایەک بێ لە ئاسن و دار و بەرد لە سەر چۆم ساز بووبێ و خەڵک و ماشێن بە سەری دا هات و چۆ بکەن. ٢ـ (کنـ.) لە ژێر پێ نانی کەسێک بۆ هەر مەبەستێک. **بوونە ~:** فیدا بوون لە ژێر پێی کەسێک دا بۆ مەبەستێک وەها کە بە سەر ئەو کەسە دا بۆ پێشەوە بازد بدا یا بە سەری دا تێپەڕێ. ∷ خوداگیری من بێ رۆژ بازاڕی قیامەتێ/ ببێ بە پردم و بۆ خۆمی بە سەر دا رابرێ (گەنج ل ٩٤). ~ **هەڵبەستن:** پرد ساز کردن. **کردنە ~:** بۆ پێشکەوتی خۆ کەسێک لە ژێر پێ نان.

|| **پردی پشت سەر:** (کنـ.) رێگای گەڕانەوە بۆ دواوە. ***پردی پشت سەر رووخاندن (تێکدان):** (کنـ.) رێگای گەڕانەوە و پەشیمان بوونەوە لە کار و مەسەلەیەک نەهێشتنەوە. **پردی سیرات:** بڕ: پردی قیامەت. ∷ مەیگێڕ بە سەرت پردی سیراتیش کەڵەکە/ سەیرانی بەهەشت سەیری دوو چاوی بەڵەکە (خەییام ل ٦٤). **پردی قیامەت:** ئەو پردەی کە لە رۆژی قیامەت بە سەری دا دەڕۆن و گۆیا لە موو باریکترە و لە ئەڵماس تیژترە، پردی سیرات. ***پردی قیامەت پسان:** (کنـ.) مەسەلەیەکی زۆر گرینگ قەومان. ∷ دەستم لە تای زولفت دا بەم بالایە نەمزانی/ بۆچ دەمکوژی خۆ قوربان پردی قیامەت نەپساوە (وفایی ل ١٥٢). **پردی نامەرد:** (کنـ.) رێگا و چارەی تەنگانەی بەڵام بە هۆی نامەرد. ∷ ئاو بتبا، لە پردی نامەرد مەپەڕێوە (پەند). پردی نامەرد زوو دەڕووخێ (امثال و حکم ل ٨١).

**تێبینی:** پرد لە ریشەی پەر ـ ی par ئەوێستایی و پەڕین و پەڕینەوە ـ ی کوردیی کەوتوە.

**پردوو** (نا.)[ئەر] بڕ: پەردوو/٢.

**پردووخیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: پڕووزان

**پردەباز** (نا. ل)[پرد + ئە + باز2] چەند بەردێک لە جۆگە و چۆمی کەم ئاو کە سەریان بە دەرەوەیە و خەڵک بە سەریان دا باز دەدەن و دەپەڕێنەوە، بەردەباز، بەردەواز، پێباز، پێواز.

**پردەڵە** (نا. ل)[پرد + ئەڵە] ١- پردی بچووک. ٢- چەن دارێکە لە سەر (خەردار)ی ئاش رایەڵ ئەکرێن و بەرداشیان لە سەر دائەنرێ. (خاڵ ب ١ ل ٢١٠). ٣- دارێکی درێژە لە سەر دوو سنگ دائەکوترێ لە نێوانی (سوڵە) و (نەوەرد) دا بۆ ئەوەی رایەڵی جۆڵای رابگرێت، جۆڵاییەکەی لار و خوار نەبێت (کشت و کاڵ ب ١ ل ٦١). [رایەڵ بە نێوان ددانەکانی شێ دا دەڕوا، لە هەر چوار گورد دەگوزەرێ و دەچێتە سەر پردەڵە، لەوێشڕا دەڕواتە ژێر مۆلەقە و هەڵدەکشێتەوە بۆ بەری میچ. ئەم سەر و ژێر پێکردنە دەبێتە هۆی سفت بوونی رایەڵ و جۆلانە نەکردنی بە هەواوە (گۆڤاری هاوار ژمارەی هەشت ل ٢٩)]

**پردەوان** (نا. ل)[پرد + ئە + وان] کەسێک کە ئاگاداری پردە. ∷ ئەو چۆڵ و بیابانە کابرایەکی لێبوو، لێیان پرسی: چکارەی؟ کوتی پردەوانم، ئی وا هەیە شتێکم دەداتێ و ئی وا هەیە نامداتێ، ئاگام لەو پردە دەبێ. (شۆڕ مەحموود ل ٧٨).

**پردەوانیی** (حم.)[پردەوان + ئیی] کار و پیشەی کەسی پردەوان.

**پردی** (نا.)[هەو] بڕ: پرد

**پرزانگ** (نا. ل)[پرز (پز) + ئان (دان) + گ] بڕ: پزدان/١

**پرزک** (نا.)[باک] بڕ: بزرک

**پرزۆڵ** (نا. ل)[پرزە + ئۆڵ] پارچە و کوتی بچووک کە کە شتێک جیا بووبێتەوە، پرزۆڵە. || **پرزۆڵ پرزۆڵ:** لەت و کوت، ورد و خاش، زۆر ورد. **~ بوون:** پارچەپارچە بوون، وردوخاش بوون. **~ کردن:** وردورد کردن، وردوخاش کردن، لەت و پەت کردن.

**پرزۆڵە** (نا. ل)[پرزۆڵ + ئە] بڕ: پرزۆڵ.

**پرزە** (نا.)[؟] ١- بەش، ماف. ٢- هێز، تاقەت، توانایی. ٣- پووشی باریک و تیژی گیا. **~ بران:** بەش خوران، بێبەش بوون. **~ برین:** ماف خواردن، بێ بەش کردن. ٢- بێ تاقەت کردن، هێز

بڕین. :: ئەیانکوت کوورد ڕاپەڕیوە/ پرزەی حوکماتی بڕیوە (بۆ کوردستان ل ١٥٩). ~ **چنین:** هێز لێبڕین، پرزە لێبڕین. :: ڕۆژ دێ مانگ هەڵدەوێژنێ/ مانگ پرزەی ساڵێ دەچنێ (هێدی ل ٣٢٠). ~ **لێبڕین:** بەش لێخواردن، ماف خواردن. ٢ـ هێز لێبڕین. :: منیش زۆرداری پرزەی لێبڕیوم/ منیش بەدکاری بواری لێ تەنیوم (تاریک و ڕوون ل ١١٤).

**پرس** (نا.)[لە: پرسین][باک: پرس ـ ناو: پرس ـ هەو: پەرس ـ زا: پارس، پەرس] ١ـ پرسیار، سوال. ٢ـ (ر.) ریشەی چاوگی پرسین. ٣ـ (نا. فا) لە وشەی لێکدراوە دا بە مانای پرسیارکەر دێ. ٤ـ مەسەلە. ~ **پێکردن:** مشوور لێخواستن، پرسین. ~ **کردن:** پرسین، پرسیار کردن. ~ **هەڵێنان:** وڵامی مەسەلە و گرێ و گرفتێک دانەوە، ڕێی چارە نیشان دان.

**پرسا** (ئان. ل)[پرس + ئا] ١ـ کەسێک کە پرسیار دەکا، پرسکەر. ٢ـ کەسێک کە لە مەسەلە و شت زۆر دەکۆڵێتەوە و زۆر دەپرسێ، وردکۆڵ، کونجکاو. :: پرسا بە و زانا بە (پەند)

**پرسانە** (نا. ل)[پرس + ئانە] کەرەسە و شمەک و پێداویستی پرسە و سەرەخۆشی کە تازیەداران دەگەڵ خۆیان دەیبەن و دەیدەن بە خاوەن تازیە، زاریانە.

**پرسایی** (حم.)[پرسا + یی] ورد لێکۆڵینەوە، کاری کەسی پرسا، وردکۆڵیی، کونجکاویی.

**پرسکەر** (ئان. ل)[پرس + کەر] کەسێک کە پرسیار مەسەلە یا کەسێک بکا.

**پرسنامە** (نا. ل)[پرس + نامە] پەڕە کاغەزێکە کە لە یانە و هەندێک شوێنی دیکە بۆ خۆ ناساندنی کەسێک پرسیاری لێ نووسراوە و دەبێ وڵام درێتەوە.

**پرسە** (نا. ل)[پرس + ئە][لۆر: پۆرس ـ کرم: پۆرسێ] کۆڕی تازیە و سەرەخۆشی کە بۆ خزم و کەسی مردوو دایدەنێن و خەڵک دێن و سەرەخۆشیان لێدەکەن. ~ **دانان:** پێک هێنانی سەرەخۆشی، سەرەخۆشی دانان.

**پرسەگورگانە** (نا. ل)[پرس + ئە + گورگ + ئانە] پرسیار کردن و مشوور خواستنێکی رواڵەتی لە رووی تەعاروف و ناچاریی لە کەسێک و بە قسە

نەکردنی، پرسەکورگانێ.

**پرسەگورگانێ** (نا. ل)[پرس + ئە + گورگ + ئانێ] بڕ: پرسەگورگانە

**پرسیار** (نا. ل)[پرس + یار] بڕ: پرس. ~ **کردن:** پرسین، پرس کردن. ~ **لێکردن:** پرسین لە کەسێک، پرس کردن.

**پرسین** (چا. م)[هیک: پرەچ ـ ئێک: پرس، فرەس ـ ئەو: پەرێس، پێرێسە ـ پەه: پورسییتەن. فار: پرسیدن ـ گیل: پورسێن. باک: پرسین ـ ناو: پرسین ـ هەو: پەرسای ـ زا: پەرسایش، پارسایش] ١ـ مەبەستێک هێنانە گۆڕ بۆ وڵام، پرسیار کردن. ٢ـ لە ناو و نیشانی شوێنێک گەڕان. ٣ـ جۆیای حاڵی کەسێک بوون، بە سەر کردنەوە. ٤ـ مشوور لێ خواستن.

**پرسینەوە** (چا. م)[لە: پرسین] ١ـ وەرگرتنەوەی دەرس یا دەوری پێ کوتراو. ⁂ سبەی مامۆستا رێزمانمان لێدەپرسێتەوە دەبێ حازری بکەین. ٢ـ لێپرسینەوە لە رۆژی ئاخرەت و پەسڵان دا. ٣ـ لێپرسینەوەی حیساب و پارە دەگەڵ کەسێک. ٤ـ لێپرسینەوە لە کار و مەسەلەیەکی پێکوتراو یا راسپێردراو.

**پرشنگ** (نا.)[؟] ١ـ شۆق و تیشکی ئەو شتانەی کە دەدرەوشێنەوە، پرشە. ⁂ پرشنگی خۆر، پرشنگی چرا. ٢ـ پریشکی ئاگر، ئاورینگ. ~ **دانەوە:** تیشک دانەوە ئەو شتانەی کە دەدرەوشێنەوە.

**پرشنگدار** (ئان. فا)[پرشنگ + دار2] هەرچی کە پرشنگ بداتەوە. ⁂ بە رواڵەت چەند پرشنگدار و شیک بوو/ پێچەوانەی ئەوە دڵی تاریک بوو (گۆران ل ٤٨).

**پرشە** (نا.)[لە: پرژیان][ئەر] ١ـ بڕ: پریشک. ٢ـ بڕ: پرشنگ. ٣ـ ورشە، گرشە.

**پرشەپرش** (نا. ل)[پرشە + پرش] پرشەی پەیتاپەیتا، ورشەورش.

**پرگ** (نا.)[هس: پۆرگ] ١ـ برش، برشوو، کەڕوو، پیرک. ٢ـ پەڵەی زەوی یا دەغڵ و دان. ٣ـ گەلەی حەیوان و ئاژەڵ (کشت و کاڵ ب ١ ل ٦١)، کەرکە. ٤ـ [باک] پۆرگ، بلق. ~ **هەڵێنان:** برش هەڵێنان، کەڕوو هێنان ⁂ ترخێنە تا بمێنێتەوە، پرگ هەڵ ئەهێنێ (پەند ل ١٥٢).

**پرگە** (نا. ل)[پرگ + ئە] ١ـ (گیان.)

گەرای کوللە و کرم و مێروو. ٢ـ خاکێک کە بە سەر بەفری دادەکەن هەتا بتوێتەوە (مەردووخ ب ١ ل ٢٨٣)، پەرگە.

**پرمێشک** (گیا.) بڕ: پەرمێشک

**پرواندن** (چا. م)[؟] ١ـ هەڵوەراندن و تکاندنی شتی رەق بە نینۆک و پەنجە. ⁂ قوڕی سەر شاڵوارەکەت بپروێنە! ٢ـ لێکردنەوە و وەراندنی گوڵ و توێکڵی دانەوێڵە بە دەست. & پروانن.

**پروانن** (چا. م) بڕ: پرواندن

**پرۆپاگەندە** (نا.)[فەر: propagande] راگەیاندە و تەبلیغ بۆ لایەنگریی لە بڕوا، کەس یا مەسەلەیەک، تەبلیغات.

**پرۆتۆپلاسم** (نا.)[فەر: protoplasme لە یون: protos+ plasma] مادەیەکە وەک سپێنەی هێلکە لە نێو خانەکانی گیانداران و گیایەکان دا کە لە دوو بەشی سیتۆپلاسم و ناوک پێکهاتوە.

**پرۆتۆن** (نا.)[فەر: proton لە یون: protos (یەکەم)] بەشی ناوەندیی ئەتۆم کە پێکەوە دەگەڵ نۆترۆن ناوکی ئەتۆم پێکدێنن

**پرۆژۆکتۆر** (نا.)[ئین: projecttor لە لات: projectus] ئامرازێکی بەرقیە بۆ پێک هێنانی رووناکی زۆر بە تایبەت لە ستۆدیۆ و شوێنی کەم نوور بۆ فیلم هەڵگرتنەوە.

**پرۆژە** (نا.)[فەر: projet لە لات: pro-jectus] نەقشە و پلانێکی دارێژراو بۆ کار لە سەر کردن.

**پرۆستات** (نا.)[فەر: prostate] جووتێک لووی چووکن بە قەرا بادام کە لە سەرەتای رێگای میزی سیرەت هەڵکەوتوون و تایبەتی گیانداری نێرینە و پیاوە و دەڵاوێکی سپی و لیچقی هەیە کە یەکێک لە پێکێنەرەکانی شاوەتە و دەگەڵ سپەرم دێتە دەرێ.

**پرۆگرام** (نا.)[یون: programma] بڕ: بەرنامە.

**پرووسک** 1 (نا.)[ئەر] بڕ: پڕیشک/٢

**پرووسک** 2 (نا.)[؟] ئەم وشەیە دەگەڵ وشەی ئێسک دێ و مانای ئێسکی لەشی گیانداری مردوو دەدا.

**پرووسکە** (نا.)[ئەر] بڕ: پڕیشک/٢

**پرووش** 1 (ئان.)[؟] ١ـ چاوی کەم حوکم و کەم سۆما. ٢ـ چاوی نیوە قووچاو کە لە شتێک خورد بێتەوە.

**پرووش** 2 (نا.)[؟] تلـتە ترێ دوای

سـرکـه لێگرتن کـه هـەرمـێ کـرووزی و گرکه و شـتی دیکەی تێدەخـەن بۆ ترش بوون. (هس: ئارمووش2)

**پرووشــــــه** (نا. ل)[پـرووش + ئـه] بەفرێکی زۆر کەم و بڵاو کە بە حاڵ وڵات سـپی دەکا، برۆێشـه، برۆشـه، پرووکـه، تووکـه. ~ **کـردن:** بارینی پرووشـه، داکردنی پرووشه.

**پرووشـەپرووش** (نا. ل)[پرووشـه + پرووش] وردورد هـاتنه خـواری بـەفـر لـه ئاسـمـانەوە، پرووشـه، پرووکـەپرووک، تووکـەتووک. ~ **کـردن:** بارینی پرووشـه، داکـردنی پرووشـه، پرووکەپرووک کردن.

**پرووکه** (نا.)[ئەر] ١ـ بڕ: پرووشه. ٢ـ نووکە، فینگە.

**پرووکـەپرووک** (نا. ل)[پرووکـه + پرووک][ئەر] ١ـ بڕ: پرووشـەپرووش. ٢ـ لەبەر خـۆ گـریان، نـووکـەنووک. ~ **کـردن:** ١ـ بارینی پرووشـه، داکـردنی پرووشه. ٢ـ نووکەنووک کردن.

**پریاسکه** (نا.) بڕ: پرێسکه

**پریسک** (نا.)[ئەر] بڕ: پریشک/٢

**پریکه** (وشـد.)[هـەو] دەنگی پێکەنین، تریقـه، تریکه. ⁂ چـریکەی سـرِنا و پریکەی خـەنده/ پەشـێـویی زوڵـفـان ریشـەی دڵ کەنده (مەولەوی ل ٣٩٢).

**پرێسکه** (نـا.)[نـاو: پـرێـسـکـه، پـریـاسـکـه، پـیـارزگ] پـارچـه و دەسرۆکەیەک کە بۆ تێشـوو و بار تێوە پێچـانی چووک کەلکی لێوەردەگرن. || **پرێسکەی دڵ:** دڵی بـه غـەم، دڵێک کـه غـەمی تێـدا بێ. * **پرێسکەی دڵ کـردنەوە:** دەردی دڵ هـەڵڕشتن، باسی غەمی خۆ لە لای کەسێک کردن.

**تێبینی:** پێرێسکا pərəskā لە ئەوێستا دا بە مانای نرخ و بایخ هاتوە. بارتۆلۆمە (ل ٨٩٦) هاوتا پەهلەوییەکەی بە بەریشن هێناوەتەوە کە خۆی لە رەگی بردن کەوتوە و بە مانای بردن، یارمەتی و نرخ و بایەخ هاتوە. بەو پێـودانە پرێسکە دەبێتە بارێکی بە نرخ. هەروەها هاورپیشـه و هاومـانای ئەم وشـەیە لە فـارسی دا پیـرزە (پەیەرزە) و پدرزە (پەدەرزە)یە.

**پرێزە** (نا.)[باک] بڕ: پەرێز

**پڕ**[1] (ئـان.)[هـیک: پـوورنـه ـ ئـەو: پێـرێنە، پەئورو، پۆئورو، پەرو ـ هـەخ: پەرو ـ پەهـ: پور، پورر. گـیل: پور ـ فـار:

پڕ ـ لۆر: پۆر. باک: پر ـ ناو: پڕ ـ هەو: پەڕ ـ زا: پر، پڕ] ١ـ دەفر یا شتێکی نێو بۆش کە هەتا سەر شتێکی دیکەی تێکراوە، لێوڕێژ، لیپاولیپ، تژی، تژە، تەژی، کەیل. // بەتاڵ، بۆش :: جەواڵەکە هێند پڕە چی دیکە نابا. پڕی قاپێکم ئاو بۆ بێنە. ٢ـ بە تاقەت، بە هێز. ٣ـ زۆر، فرە. // کەم. :: پڕ ڕەنگ. ٤ـ (مجـ.) زانا، زۆرزان. ٥ـ حاڵی هەر شتێکی کە زۆر لە یەک نزیک بن. // تەنک. :: گەنمەکەت پڕ داچاندوە. ئەو گۆڕەوییە زۆر پڕ چندراوە. ٦ـ پێشگرە بە مانای زۆر. :: پڕکار، پڕ هونەر، پڕوێژ، پڕخۆر. ٧ـ ئەندازەیەکی تەواو. :: ئەو کراسە پڕ بە بەرتە. کەوشەکە پڕ بە پێمە. ~ **بوون:** ١ـ دەفر یا بۆشاییەک کە شتی تێکرابێ و گەیشتبێتە حاڵی لێوڕێژ بوون وەها کەچی دیکەی جێ نەبێتەوە. :: جەواڵ پڕ بوون، حەوز پڕ بوون. ٢ـ زۆر هەبوونی شتێک، زۆر بوون. :: ئەو دەشتە پڕە لە کارگ. شار پڕ لە دوکان و بازاڕە. ٣ـ تێگەیشتنی زۆر، زۆر زانا بوون. :: کابرایەکی یەکجار پڕ و تێگەیشتووە. ٤ـ تژی بوون لە باری مەعنەوییەوە وەک ئێش، نارەحەتی و زوڵم، خۆشی، جوانی و ... :: دڵ پڕ بوون. مێشک پڕ بوون. ~ **بوونەوە:** ١ـ دەفر یا شوێنێک کە پێشتر بەتاڵ و بوە و ئێستا لە سەر جێی کراوەتەوە. ٢ـ جێ گرتنەوە، گرتنەوە. :: جێی بەتاڵی هێمن وەک شاعیر بە کەس پڕ نابێتەوە. ٣ـ تێر بوون، چاو تێر بوون. ~ **کردن:** تێکردن لە دەفرێک هەتا نزیک لێوڕێژ بوون. ٢ـ قسە دە گوێی کەسێک ئاخنین و شێر کردن بۆ کارێک ئەنجام دان. :: ئەوەندە چوونە بن حەمەدی هەتا پڕیان کرد و لە ماڵ و حاڵیان کرد. ~ **کردنەوە:** ١ـ تێکردنەوەی دەفرێک کە جارێک یا چەند جار بەتاڵ بۆتەوە. ٢ـ وەک خۆ لێکردنەوەی شوێنی هەڵکەندراو. :: قوڵەکەیان پڕ کردەوە. **جێی کەسێک ~ کردنەوە:** جێی کەسێک گرتنەوە، وەک کەسێک بوون. :: هەرچی کوری دنیایە خۆشم دەوێ بەڵام کەس جێی کورەکەم پڕ ناکاتەوە. **یەک ~ کردن و یەک قڕ کردن:** (کنـ.) زوڵم کردن و یەکسان چاو لێنەکردن، گرینگایەتی دان بە یەکێک و سەرنج نەدان بە ئەویتر.

**پڕ**$^2$ (نا.) لە ڕەگی فڕاندن دەکەوێ و بە تەنیا نایە و دەگەڵ ئەو چاوگانە مانا دەدا. ~ **پیا کردن:** برِ: پڕ پێدا کردن.

**~ پێدادان:** شتێک یا کەسێک توند گرتن و بۆ لای خۆ کێشان، پڕ پێدا کردن، پڕ دان. **~ پێدا کردن:** ١ـ بڕ: پڕ پێدادان.٢ـ لە نەکاو خۆ بە کەسێک دادان و دەباوەش گرتنی. & پڕ پیا کردن. **~ دان:** بڕ: پڕ پێدادان. ∷ کیسەبڕێک پڕی دایە کیفی ژنێک و هەڵات.

**پڕاپڕ** (ئاک. ل)[پڕ1 + ئا 14 + پڕ1] بڕ: پڕاوپڕ

**پڕاوپڕ** (ئاک. ل)[پڕ1 + ئاو2 + پڕ1] پڕ هەتا سەر، لیپاولیپ، سەرپڕ، پڕپڕ، پڕاپڕ، پڕبەپڕ. **~ بوون:** پڕ بوون هەتا سەر و گەیشتنە حالی لێوڕێژ بوون. ∷ ژینی کورتم دی پڕاوپڕ بوو لە شانازی و شەرەف/ عومری زۆرم دی کە دوایی هات بە ریسوایی و نەدەم (ناڵەی جودایی ل ٣٨).

**پڕبار** (ئان. ل)[پڕ1 + بار] ١ـ دار و درەختێک بەری زۆر هێنابێ، پڕبەر. ٢ـ مرۆی پڕ و زۆرزان.

**پڕبەپڕ** (ئاک. ل)[پڕ1 + بە + پڕ1] بڕ: پڕاوپڕ

**پڕبەپێست** (ئاک. ل)[پڕ1 + بە + پێست] کێپ، قالب، ئەندازە. **~ بوون:** ١ـ جل و بەرگی قالب و ئەندازەی لەش. ٢ـ پێک خواردنەوە و بۆ بوونی هەر شتێکی دیکە بۆ شتێکی دیکە بێ کەموکووڕیی. ∷ ئەو سزایە پڕبەپێستی ئەو تاوانەیە.

**پڕبەدڵ** (ئاک. ل)[پڕ1 + بە + دڵ] پێخۆش بوونی زۆر و لە رادە بەدەر، لە قووڵایی دڵەوە. ∷ پڕبەدڵ پێمخۆشە ئاواڵەکانی منداڵییم ببینمەوە. پڕبەدڵ خۆشم دەوێی.

**پڕبەر** (ئان. ل)[پڕ1 + بەر1] دارێک کە بەری زۆر بێ، پڕبار.

**پڕبێژ** (نا. فا)[پڕ1 + بێژ1] کەسێک کە زۆر قسە بکا، زۆربڵە، چەنەوەڕ، چەنەباز.

**پڕپڕ** (ئاک. ل)[پڕ1 + پڕ1] ١ـ زۆرپڕ، پڕاوپڕ. ٢ـ زۆر زۆر، گەلێک. ∷ تۆ لەوبەری ڕێیە من لەوبەری ڕێیە/ پڕپڕ لە ریشت بریم تا دەگاتە سەر ڕێیە (کانی مرادان ل ١٧٤).

**پڕپۆڵە** (نا.)[ناو: پڕپۆڵە ـ هەو: پڕپۆڵە] ١ـ ئاردی تێکەڵ کراو دەگەڵ ئاوێکی کەم وەها کە گرمۆڵەگرمۆڵە بێ و دەیدەن بە جووجکەی تازە لە هێلکە دەرهاتوو. ٢ـ چێشتی گزمووله هەویر و

کووزەڵە.

**پڕتاو** (ئان. ل)[پڕ1 + تاو] ١ـ لینگ دانی ئەسپ، هەڵینگ، غـــــار. ⁂ شۆڕمەحموود لە پێش دا پێی لە سەر راستەی رکێفی دادەناوە/ بە بێناریَ دا دەڕۆیی، جارجار بە نەرمە و جارجار دەیخستە پڕتاوە (شۆڕمەحموود ل ٧٤). ٢ـ توند، هەشتــاو. ⁂ بە پڕتاو بۆ لای چوو.

**پڕچەنە** (ئان. ل)[پڕ1 + چەنە][ئەر] زۆروێژ، زۆربڵێ، چەنەدرێژ. ~ **بوون:** زۆربڵێ بوون، زۆروێژ بوون.

**پڕچەنەیی** (حم.)[پڕچەنە + یی] کار و کـــــــردەوەی زۆربڵێ، زۆروێژیی، چەنەدرێژیی. ~ **کردن:** زۆربڵێیی کردن، زۆر لە سەر کوتن، چەنەدرێژیی کردن.

**پڕچین** (ئان. ل)[پڕ1 + چین] حاڵی هەر شتێک کە چینی زۆر بێ، چین لە سەر چین.

**پڕدڵ** (ئان. ل)[پڕ1 + دڵ] بوێر، دلێر، نەترس، بەجەرگ. ~ **بوون:** نەترسان، بەجەرگ بوون.

**پڕڕوو** (ئان. ل)[پڕ + روو] کـــەسی بێشەرم و روو لە پێشەوە، روودار. // کەمڕوو. ~ **بوون:** بێشەرم بوون، روو لە پێشەوە بوون. ~ **کردن:** بێشەرم بارهێنان.

**پڕڕوویی** (حم.)[پڕڕوو + یی] کـاری کەسی پڕڕوو، بێشەرمی. ~ **کردن:** بێشەرمی کردن

**پـڕڕەنـگ** (ئـان. ل)[پـڕ + رەنـگ] هەرچی کە رەنگی زۆر بێ، تۆخ.

**پڕژ** (نا.)[باک: پژ ـ ناو: پرژ، پرش، پەرش، پەرش، پەخش] شتی بە کۆمەڵی لێک بڵاو، ئاخمە، بڵاو، پرژ و بڵاو.

**تێبینی:** پرژ و هاوتاکانی لە ریشەی بەش کەوتوون. (بڕ: بەش1)

**پرژان** (چا. ل)[لە: پرژ][ناو: پرژان، پژیان] ١ـ لێک بڵاو بوونەوەی و رژانی شتی ورد و بە کۆمەڵ لە یەک. ٢ـ بڵاو بوونەوەی ئاو بە دڵۆپ و بە تێکڕایی. **پرژانە سەر:** وەخت کردن، کات هەبوون. ⁂ لەبەر کاروباری دەرەوە ناپرژێمە سەر ئەوەی لە ماڵێ نان بخۆم.

**پرژاندن** (چا. م)[لە: پرژان] ١ـ بڵاو کردنەوەی شتی وردە بە سەر زەوی و دەوروبەر دا. ⁂ تۆو پرژاندن. ٢ـ بڵاو کردنەوەی ئاو و ئاوەکی بە کۆمەڵە دڵۆپ.

**پرژوبلاو** (ئان. ل)[پرژ + و + بلاو] حاڵی هەر شتێکی وردی بە کۆمەڵ لێک بلاو، پرش و بلاو، پەرش و بلاو، پژبەلاڤ، پەرش و بلاو، پەرت و بلاو. **~ بوون:** لێک پرژان و بلاو بوونەوەی بە کۆمەڵی شتێک، پەرش و بلاو بوون، پەرت و بلاو بوون. **~ کردن:** بلاو کردنەوەی بە کۆمەڵی شتێک لە یەکتر، پەرش و بلاو کردن، پەرت و بلاو کردن.

**پرژە** (نا.)[لە: پرژان] پریشکی ئاو، پژە، پرشە.

**پرسۆز** (ئان. ل)[پر1 + سۆز] زۆر بە سۆز.

**پرش** (نا.) بر: پرژ

**پرش و بلاو** (ئان. ل)[پرش + و + بلاو] بر: پرژوبلاو

**پرکار** (ئان. ل)[پر1 + کار] کەسێک کە کاری زۆرە و زۆر کار دەکا. // کەمکار. **~ بوون:** ١- کار زۆر هەبوون. ٢- کار زۆر کردن.

**پرکاریی** (حم.)[پرکار + ئیی] ئاکامی پرکار بوون. // کەمکاریی.

**پرگۆشت** (ئان. ل)[پر1 + گۆشت] ١- گیانداری قەڵەو و گۆشتن. ٢- میوەی ئاودار و گۆشتن.

**پرماندن** (چا. م)[لە: پرمە] پرمە کردنی ئەسپ، دەنگ لە لووت هێنانە دەری یەکسم، پیراندن، پیرانن.

**پرموهوور** (وشد.)[پرم + و + هوور] پرمە و گریان بە دەنگی بەرزەوە، پرمەپرمی زۆر.

**پرمە** (وشد.) ١- دەنگی لووتی یەکسم، کورمە، پیرە. ٢- دەنگی گریانی لە نەکاو. & پلمە. || **پرمەی گریان:** گریانی لە نەکاو وەها کە دەنگ لە زار دەرپەڕێ. * **لە پرمەی گریانێ دان:** لە پڕ دەست بە گریان کردن.

**پرمەپرم** (وشد.)[پرمە + پرم] دەنگی پەیتاپەیتای لووتی ئەسپ، پرمەی یەک لە دوای یەک، کورمەکورم، پیرەپیر، پلمەپلم.

**پرمێشک** (ئان. ل)[پر1 + مێشک] کەسێک کە مێشکی پڕ بێ، تێگەیشتوو، زانا

**پرنۆڵ** (نا. ل)[؟] کوتێک پارچەی شڕ، تیتۆڵ، بزگوڕ.

**پڕ و پووچ** (نا. ل)[پڕ + و + پووچ] ١-

قسه و کردەوەی بێ بنەڕەت و باتڵ و بێ مـــانا، هـیچ و پـووچ. ٢ـ بیـــر و بـاوەڕی نازانستیی و دوور لە ئەقڵ، خورافە. ٭ کـەم کـیـژی کـورد هـەیە بڕوای بـە پڕ و پووچ نەبووبێ و پەنای بۆ پڕ و پیـرێژنان نەبردبێ (دمدم ل ٩).

**پڕ و پیـــــرێژن** (نا. ل)[پڕ + و + پیـرێژن] ئەو ژنانەی کە پیـرن. ٭ ئەنگۆ بەقـا مـەکـەن بـەوان پڕ و پیـرێژنی دە زەمــانـەی/ چەندی لە من بـە دۆلاب و بە فڕ و فێڵن (پایزە ل ٤٤).

**پڕووز** (نا.)[ناو: پڕووز ـ هـەو: پڕووز] چلۆنایـەتی هـەڵقرچان و سـووتانی تووک و مـــوو و خـــوری و شـــتی لەم بابەتـە، کڕووز.

**تێـبــینی:** پڕووز [پ + رووز (ڕۆژ)] هاوڕیشـەیە دەگـەڵ ئەفـرۆچ afroč و ئەفــرۆز afroz ـ ی پەهـلـەویی و فــروز (فـرووز) و افروز (ئەفـرووز) ـ ی فارسی بە مانای شۆق و ڕووناک و درەوشاوە.

**پـڕووزان** (چـا. ل)[لـە: پـڕووز][نـاو: پڕووزان، پڕووزیان، پردووخـــیـــان] سووتانی تووک و موو.

**پــڕووزانـــدن** (چـا. م)[لـە: پـڕووز] ســـووتاندنی تووک و مـــوو و خـــوری، هەڵپڕووزاندن، پڕووزانن.

**پڕووزانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: پڕووزاندن

**پڕووزیان** (چا. م)[ئەر] بڕ: پڕووزان

**پڕووشک** (نا.)[سۆر] بڕ: پڕیشک

**پڕووکـــان** (چا. ل) تێکچـــوونی باری ئاسایی مرۆڤ و پەڕینی ڕەنگی ڕووی لە ترسان، پەشۆکان، بزڕکان، هەڵپڕووکان.

**پڕووکــاو** (نا. مــف)[لە: پڕووکـــان] ترساو و ڕەنگ پەڕاو، بزڕکاو.

**پڕیشک** (نا.) ١ـ ئاو یا ئاوەکییەک کە بە پێ تێنان یا هەڵتەکاندنی شتی تەڕ دەپڕژێ، پڕووشـک، پژە، پڕژە، پرشـە. ٢ـ پڕیشکی ئاگر کە لە کاتی سووتانی دار و ئێـــزینگ یا کـــوتانی ئاسن دەپـەڕێ، پزووسک، پزووسکە، پزیسکە، پرووسک، پرووسکە، پریسک، ئاورینگ. ٣ـ وردەی پـەڕاوی شـــتـــێک. ٭ پڕیشکی بـەرد، پڕیشکی دار. ٤ـ تیـــشـک، بریقـــە. & پڕیشـکە. **~ پڕژاندن:** ١ـ پڕژاندنی دڵۆپی ئاو. ٢ـ ئاورینگ دان. **~ دان:** ئاورینگ دان، پڕیشـک پڕژانـدن. **~ کردن:** پڕژاندنی ئاو بـە پێ دە ئاو نان یا هەڵتەکاندنی شتی تەڕ. **~ هاویشتن:** ١ـ ئاوریـنگ دان، ئاوریـنگ پـڕژاندن. ٢ـ

تیشک هاویشتن، بریسکانەوە. ⁙ چاوت بە من بمێنێ بە ئەستێرەکەی ڕۆژێ ئەگەر تازە هەڵدێ پڕیشکان داوێ/ بەژنت بە من بمێنێ بە چووزەی پیرەلاولاوێ (لاس و خەزاڵ ل ٧٠).

**تێبینی:** پڕیشک و هاوتاکانی لە ریشەی بەش کەوتوون. (بڕ: بەش1)

**پڕیشکە** (نا. ل)[پڕیشک + ئە] بڕ: پڕیشک

**پز** (نا.) ١- بێچووی گیاندار لە نێو زگ دا، ئاولەمە، پیزە. ٢- دەزگای شەرمی ژنانە، قوز، کوس.

**تێبینی:** پوثرە puthra لە ئەوێستا دا و پوس pus لە پەهلەویی دا جگە لە مانای کوڕ و پس بە مانای بێچوو و ئاولەمەی نێو زگ هاتوە و دەگەڵ پز و پیزە بە مانای ئاولەمە یەکن و یەک ریشەیان هەیە. هەروەها پیزدا pizda لە زمانی رووسی دا بە مانای قوز هاتوە و دەگەڵ پز یەک ریشەیان هەیە. (بڕ: پس3)

**پزان** (نا. ل)[پز + ئان (دان)] بڕ: پزدان/١

**پزانگ** (نا. ل)[پز + ئان (دان) + گ] بڕ: پزدان/١

**پزدان** (نا. ل)[پز + دان][پەهـ: پوسدان] ١- شوێنی ئاولەمە یا پز لە نێو زگی دایک یا مێینەی ئەو گیاندارانەی کە دەزێن. ئەو ئەندامە لە نێو لەگەنی ژنان دایە و بە لوولەیەک دا تۆی نێرینە دەڕژێتە تێوی و ئاولەمە لەوێ دا دەگوورێ و وردە وردە دەگەڵ هەڵدانی ئاولەمە گەورە دەبێ و دوای بوونی منداڵ وەک خۆی لێدێتەوە، پزگ، پزان، پزانگ، پرزانگ، پزدانک، پزوو، پزگە، پزڵی، کاردانک، پیزەدان، بەچەدان، مناڵدان، منداڵدان. ٢- کیسەیەکی چووکەی پلاستیکی رەنگاوڕەنگە، لە کارخانە ساز دەکردرێ، بای تێدەکەن و منداڵ کایەی پێدەکەن و بۆ رازاندنەوە و جەژن و ئاهەنگیش کەلکی لێوەردەگرن، فوودانە. ٣- [باک] ئاواڵ منداڵ، پلار.

**پزدانک** (نا. ل)[پز + دان + ک][باک] بڕ: پزدان/١

**پزرک** (نا.)[باک] بڕ: بزرک

**پزرووک** (نا.)[باک] بڕ: بزرک

**پززە** (نا. ل)[پز + زە] بڕ: پزوو/٢

**پزک** (نا.)[باک] بڕ: بزرک

**پزگ** (نا. ل)[پز + گ2] بڕ: پزوو/ ٢ و ٣وە

**پزگە** (نا. ل)[پز + گە1] بڕ: پزوو

**پزڵی** (نا. ل)[پز + ڵی] بڕ: پزدان/١

**پزۆر** (نا. ل)[پز + ئۆر؟][باک] ورگ و ناوزگ و هەناوی حەیوان.

**پزوو** (نا. ل)[پز + ئوو][باک: پزی - ناو: پزوو، پزگ، پزگە - هەو: پزی، پسێ] ١- ماسوولکە و گۆشتی دەوری کونی قوون، پزی، پیزیی. ٢- شوێنێک کە دەرپێ و پاتۆڵ کە کێش یا دۆخینی تێهەڵدەکێشرێ، پزگ، پزی. ٣- نەخۆشییەکە وەکوو هەڵامەت تووشی هەموو حەیوانات دێت بۆ مەڕ و بزن پێی ئەڵێن (پزوو) بۆ ماین و ئەسپ، ئێستر، گوێدرێژ (مەقاو)، بۆ رەشەئولاغ (تەبەق) بۆ سەگ (سەگەناز) ی پێ ئەڵێن (کشت و کاڵ ب ١ ل ٦١)، پزگ، پززە، پزە، فزە، فززە. ٤- بڕ: پزدان/١. ٥- دەم و زارکی هەر شتێکی بەنی تێهەڵکێشرابێ، پزگ.

**پزووسک** (نا.)[ئەر] بڕ: پڕیشک/٢

**پزووسکە** (نا.)[ئەر] بڕ: پڕیشک/٢

**پزە** (نا. ل)[پز + ئە]بڕ: پزوو/٣

**پزی** (نا. ل)[پز + ئی][باک - هەو] بڕ: پزوو/١ و ٢

**پزیسک** (نا.) بڕ: پڕیشک/٢

**پزیسکە** (نا.)[هەو] بڕ: پڕیشک/٢

**پزیشک** (نا. ل) بڕ: بژیشک

**پزیشکە** (گیا.) بڕ: پەرمێشک

**پزینک** (نا. ل)[پز + ئینک] بڕ: بزمک

**پژ** (نا.) ١-[بڕ: بژ1] ١- پرزەی باریک و درێژ و تیژی گوڵی گەنم و جۆ و چەڵتووک و گیای دیکەی لەم شێوەیە.، داسوو، بژ. ٢- یاڵ، بژ. ٣- هەژگ و ویشکەڵی دار و درەخت، پژاڵ، بژاڵ. ٤- پرژ، بڵاو.

**پژاڵ** (نا. ل)[پژ + ئاڵ4] ١- ویشکەڵی دار و درەخت، پژ، بژاڵ. ٢- پووش و پەڵاشی سەر دارەڕا، پردوو، سەرمیچ، لیشامە، لیشمە، هەڵاش. ٣- پووش و پەڵاش.

**پژان** (چا. ل)[لە: پژ] ١- بڵاو بوون، پرژان. ٢- بەربوونی خوێنی لووت. ٣- کچێنی هەڵگیران.

**پژاندن**[1] (چا. م)[لە: پژان] ١- بڵاو کردن، پرژاندن. ٢- تۆو پرژاندن، وەشاندن. ٣- دە خوێن هێنانی لووت. ٤- هەڵگرتنی بنی کچ.

**پژاندن**[2] (چا. م)[باک] بڕ: پێژتن

**پژبەلاڤ** (ئان. ل)[پژ + بەلاڤ][باک]

بڕ: پرژوبلاو

**پژبێن** (نا. ل)[پژ(پشت) + بێن (بەن)] بڕ: پشتێند

**پژبێند** (نا. ل)[پژ(پشت) + بێند] [سۆر] بڕ: پشتێند

**پژتێن** (نا. ل)[پژت (پشت) + ئێن (بەن)] بڕ: پشتێند

**پژک** (نا. ل)[پژ (پاژ، بەش) + ک] دارۆکە یا چیلکەیەک کە دە کونی مەشکە و خیگە و ... روا دەکەن هەتا ئاوەکی نێوەوەی لێنەڕژێ، پشک.

**پژکۆژ** (نا.)[باک] بڕ: بشکۆژ

**پژم و هۆڕ** (وشد.)[پژم + و + هۆڕ] پشمەی زۆر توند و بە دەنگی بەرز، پشم و هۆڕ.

**پژمە** (وشد.)[پەه: شنۆسەک. لۆر: پێشمە. باک: پژمە ـ ناو: پژمە، پشمە ـ هەو: پژمە ـ زا: پسک] هاتنە دەری بای نێو لووت بە حاڵەتێک کە سەر دەچێتە سەر و لە دوایی بە توندی دێتە خوار و دەنگێک لە گەروو و کەپۆ هەڵدەستێ و با و خرت و خاڵی زێدەی لووت دێتە دەر.

**پژمەپژم** (وشد.)[پژمە + پژم] پژمەی یەک لە دووی یەک، چەند پشمە لە سەر یەک، پشمەپشم.

**پژمین** (چا. ل)[باک: پژمین ـ ناو: پشمین، پژمین ـ هەو: پژمای ـ زا: پشکاییش] دەرکردنی پژمە و بای نێو لووت.

**پژوێن** (نا. ل)[پژ (پشت) + وێن (بەن)] بڕ: پشتێند

**پژوون** (نا. ل)[پژ + ئوو + ن][باک] گیای ورد کراو بۆ ئاژەڵ، گزرە.

**پژە** (نا.) بڕ: پرژە.

**پژیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: پرژان

**پس**[1] (ئان.) بڕ: پسک. **~ بوون:** بڕ: پسک بوون.

**پس**[2] (ر.) ١ـ رەگی چاوگی پسان و پساندن. ٢ـ لەت، کوت. ‖ **پس پس:** بەن و داوێک کە لە چەند شوێنەوە پسرابێ، کوت کوت، لەت لەت. **~ کردن:** کوت کوت کردنی بەن و داو. ∷ ئەو بەنەت بۆ وا پس پس کردوە

**پس**[3] (نا.)[ئەو: پوثرە ـ هەخ: پوترە ـ سان: پوترە ـ پەه: پوس، پوسەر. باک: پس] ١ـ کوڕ، منداڵی نێرینە. ٢ـ بێچووی گیانلەبەر.

**تێبینی:** لە کوردیی ئێستا دا ئەم

وشـەیە بە تەنیـایی نەمـاوە و تەنیـا لە هەندێک وشـە دا مـاوەتەوە. ٪ ئاوس، پسـانک، پسـمـام، پزدان و ... (جگە لە وشەی پز و پیزە کە بە تەنیا ماون)

**پس**[4] (وشد.)[ئەر] لە جێ دانیشتنی مریشک، فس. **~ دان:** فس پێدان بە مریشک، فس دان، داپسیان.

**پساغا** (نا. ل)[پس3 + ئاغا] کوڕی ئەرباب، کوڕە ئاغا. ٪ هەر کۆنە بەگ و پساغایەکی راستەوە بێ قسە لە قسەی من دا بکا، دەری ناهێنێ. (میرزا ل ٨٥)

**پسان** (چا. ل)[بڕ: پساندن] ١- لە بەر یەک چوون و کوت بوونی رێسـراوە. ٢- تۆپینی حـەیوان لە بەر مـاندووی و هەلاتنی زۆر. ٣- (مـجـ.) هیـلاک بوون، مـاندوو بوونی لە رادە بەدەر. ٪ پسـام هێندەم کار کرد.

**پسـاندن** (چا. م)[ئەو: ڤی سـەئێـد - هەخ: ڤیـسـد - پەه: ڤیـسـەسـتـەن، ڤیسیستەن، ڤیساندەن] ١- لە بەر یەک بردن و کـوت کـردنی رێسـراوی درێژ و بەن و داو. ٢- (مجـ.) تۆپاندن و کوشتنی وڵاغ و حـەیوان بە کاری زۆر لێکێشـان و مـاندوو کردنیـان. ٪ هێندەت ئەو ئەسـپە تاو داوە بەسـتـە زمـانەت پسـاندوە. ٣- (مـجـ.) مـاندووی کـردنی لە رادە بە دەر، هیـلاک کردن. ٪ هێندەم کـار لێکێشـا پساندم.

**پسانک** (نا.)[بڕ: پس3][ئەو: پوثرە] بێچوو، توڵە.

**تێبینی:** لە ئەوێستـا دا پوثرە هەم بە مانای کوڕ هاتوە هەم بە مانای بێچووی گیانداران جا چ مێ بێ یان نێر.

**پسـانەوە** (چا. ل)[پسـان + ئەوە] ١- دیسـان لێک هەڵپـچـڕانی ریسی لێک بەستراوە. ٢- کۆتایی پێ هاتن، بڕانەوە. ٪ ئەو هەمـوو سرت و خورتەتان لە چیە، هەر نەپساوە. ٣- سەر هەڵدانەوەی برین، کرانەوەی دەمی برین. ٪ هەرچی بیـری یار دەکـەم برینـم دەکـولێنەوە/ برینـم سارێژ ببوون لە غەمان دەپسێنەوە (لالە بە دەستان ل ١٦٧).

**پس برا** (نا. ل)[پس3 + برا][بـاک] برازای کوڕ، کوڕی برا.

**پسپان** (نا.)[؟][باک] کوتە پارچە یان چەرم کە لە سـەر شـوێنی دڕاوی جل یا کەوشی دەدروونەوە، پینە.

**پس پس** (وشد.) ١- بڕ: پش پش. ٢- [باک] بڕ: پچەپچ

**پسپۆڕ** (ئان.)[؟] ١ـ شوانی زیرەک و زانا کـە هەر بە سـەر مـەڕ و بزنەکـان دەناسێتەوە. ٢ـ مـرۆی زیرەک و پیتـۆڵ. ٣ـ مـرۆڤی زۆرزانا کـە لە باری عـیلمی و زانسـتـەوە پلەی زۆر لە سـەرە. **~ بوون:** ١ـ شـارەزا بوونی شـوان. ٢ـ زانستی زۆر هەبوون.

**پسپۆڕیی** (حم.)[پسپۆڕ + ئیی] ١ـ لێـهـاتوویی و کـارامـەیی شـوان. ٢ـ زۆرزانیی، چازانیی.

**پست** (وشد.) سرتە، خورتە، پستە.

**پستـان** (نا.)[هیک: سـتـەنە ـ ئەو: فشتانە ـ پەه: پێستان، پیستان. تات: پێستان ـ فار: پستان. زا: پستان، پستن] ١ـ دوو ئەندامی هاوتای سـەر سـینگ کـە هی ژنان لە هی پیـاوان گەورەترە و منداڵی پێ شیر دەدەن، مەم، مەمە، مەمک. ٢ـ کراسی درێژی ژنانە، فستان.

**پست پست** (وشد.)[پست + پست][زا] بڕ: پچەپچ

**پستن** (نا.)[زا] بڕ: پستان

**پستە**[1] (گیا.)[ئار: فستقا لە یون: pistakion] بەری دارێکی خـۆڕسک و دەستنێژە هەر بەم ناوە، بە گەیشتوویی توێکڵێکی رەقی هەیە، ناوکەکەی کەسک و بە تام و چەورە. پستە بە فەرێکیی و بە بۆدراویی دەخـورێ و هـەروەها لـە شیرینیسازیی دا کەلکی لێوەردەگرن، Pistacia vera ناوی لاتـینی ئـەم دارەیە، بستـە، فـستق. || **پستـەی خـەندان:** پستـەی بۆدراوی تەواو دەم کراوە کـە لە پستـەکانی دیکە باشتر و گرانترە.

**پستە**[2] (وشد.) سرتە، خورتە، چپە.

**پستە بادام** (گیا.)[پستە1 + بادام] جـۆرێک بادامی توێکڵ ناسکە، دەگـەڵ چەرەس دەکـرێ و توێکڵـەکـەی بە دەست دەشکێ. بادامی کاغەزی.

**پستەپست** (وشد.)[پستە2 + پست][باک] بڕ: پچەپچ

**پستـەیی** (ئان. ل)[پستـە + ئی] ١ـ هەرچی کە پێوەندیی بـە پستەوە هەبێ یا پستەی تێدابێ. :: شیرنی پستەیی. ٢ـ جـۆرە رەنگێکی سـەوز لە رەنگی ناوکی پستە

**پسخال** (نا. ل)[پس3 + خال][باک] کوڕەخاڵ، کوڕی خاڵ.

**پسخالتی** (نا. ل)[پس3 + خالتی][باک] کوڕەپوور، کوڕی پوور لە دایکەوە.

**پسک**[1] (ئان.)[؟][ناو: پس، پسک] حاڵی کەسێک کە هەندێک پیتی بە جوانی بۆ دەرنابڕدرێ و بە سەر زمانی قسان دەکا. **~ بوون:** کەسێک کە بە سەری زمانی قسان دەکا و هەندێک پیتی بە جوانی بۆ دەرنابڕدرێ، پس بوون.

**پسک**[2] (وشد.)[زا] بڕ: پژمە

**پسکور** (نا. ل)[پس3 + کوڕ][باک] پەیوەندی نێوان باپیر دەگەڵ نەوەی نێری لە کوڕەوە، کوڕی کوڕ.

**پسکە**[1] (ئا.)[زا] بڕ: سی3

**پسکە**[2] (نا.)[زا] بڕ: پشکەڵ

**پسکە**[3] (نا.)[ئەر] ١ـ باڵەفڕکەی بێچووی مەل لە کاتی وەرگرتنی دان و خۆراک لە دندووکی دایکی. ٢ـ ماتە، پێدزە.

**پسکەپسک** (نا. ل)[پسکە3 + پسک] ١ـ باڵەفڕەکەی پەیتاپەیتای بێچووی مەل. ٢ـ پێدزە، ماتەماتە.

**پسکیی** (حم.)[پسک1 + ئیی] ئاکامی پسک بوون.

**پسکیان** (چا. ل)[لە: پسکە3][ئەر] ١ـ باڵەفڕکە کردنی بێچووی مەل بۆ دان وەرگرتن. ٢ـ بە ماتەمات ڕۆیشتن، پارێز بردن.

**پسڵ** (گیا.)[؟] لووشەیەکە کە ئەکرێتە ناو چێشتی دۆکوڵیوەوە (خاڵ ب ١ ل ٢١٦).

**پسمار** (نا.)[هەو] بڕ: بزمار

**پسمارێ** (نا.)[هەو] بڕ: بزمارە

**پسمام** (نا. ل)[پس3 + مام][باک] کوڕی مام، ئامۆزای نێرینە.

**پسمیر** (نا. ل)[پس3 + میر][باک] کوری میر

**تێبینی:** پسمیر لە نێو کوردە ئێزیدیکان دا برەوی هەیە. میر سەرۆکی ئاینی ئێزیدیکانن و پسمیریش لەو تایفەیەن کە وەک جێگری میر وان و تەنیا ئەوانن کە دەتوانن لە بنەماڵەی میر ژن بخوازن.

**پسنک** (نا.)[زا] بڕ: پشیلە

**پسۆک** (ئان. ل)[پس2 + ئۆک] حاڵی بەن و هەودا و داوێک کە زۆر قایم نەبێ و بپسێ.

**پسیان** (چا. ل)[لە: پس4][ئەر] فس خواردن، دانواندنی مریشک بۆ کەڵەباب، داپسیان.

**تێبینی:** فەرهەنگی خاڵ و فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە هەردووکیان ئەم وشەیان لە فەرهەنگی مەردوخ وەرگرتوە بەڵام بە هەڵە بە مانای پسان ـ یان داناوە.

**پسیک** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: پشیلە

**پسینگ** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: پشیلە

**پسێ** (نا.)[هەو] بڕ: پزوو

**پش**[1] (ئا.)[باک] بڕ: سی3

**پش**[2] (وشد.) وشەی بانگ کردنی پشیلە، پشی.

**پش**[3] (نا.) ساوی وشەی پشت لە هەندێک وشەی لێکدراو دا.

**پشافتن** (چا. م)[باک] بڕ: پشاوتن

**پشاڤتن** (چا. م)[باک] بڕ: پشاوتن

**پشاوتن** (چا. م)[باک: بشاڤتن، پشافتن، پشاڤتن ـ ناو: پشاوتن] هەڵپشاوتن، گلۆفین، هەڵگلۆفین.

**پش پش** (وشد.)[پش 2 + پش2][پەش: پیش پیش. باک: پش پش، پس پس ـ ناو: پش پش، پشی پشی، پس پس ـ زا: پش پش] بانگی پشیلە کردن.

**پشت**[1] (نا.)[هیک: پەرشتی ـ ئەو: پەرشتی ـ پەه: پوشت. گیل: پوشت ـ فار: پشت ـ لۆر: پۆشت ـ بیر: پۆشت. باک: پشت ـ ناو: پشت ـ هەو: پەشت، پەشتی ـ زا: پێشت، پاشت، پاشتی، پەشتی، پۆشتە، پۆشتی] ١ـ (ئا.) بەشی دواوەی مرۆڤ لە سەر شانییەوە هەتا کەمەری، مازی. ٢ـ (ئا.) سەر شانی گیاندار لە نزیک ملییەوە هەتا کەفەڵ و سەر پێی. ∷ زینی لە سەر پشتی ئەسپی دانا. جووجکە لە سەر پشتی دایکیان هەڵنیشتبوون. ٣ـ بەشی پێوە لکاوی دواوەی هەرشتێک. ∷ بە پشت پێمەڕەکە پانیان کەوە، پشتی پاکەتەکە بنووسە. ٤ـ رووی کول و دواوەی تیغ و شیر. ∷ پشتی کێرد دەست نابڕێ. ٥ ـ باب و باپیران لە باوکەوە، بەرە، نەسل. ∷ دایەمرۆت پیرێژنێکی دنیادیدەی کۆنساڵ بوو... شەش پشتی بنەماڵەی ئێمەی دیبوو (تاریک و روون ل ٥). ٦ـ دوا، ئەو بەری هەر شتێک. ∷ کتێبەکە لە پشت دەستەنوێنەکانە. پشت دیوارەکەمان کەلاوەیە. ٧ـ ئەو بەشە لە جل و بەرگی مرۆڤ کە دەکەوێتە سەر پشت. ٨ـ لاگر، یارمەتی دەر، داژگر. ٩ـ لای سەرەوە، سەر، بان. ∷ پشت بان، پشت هەیوان. ١٠ـ (ئاک.) پاش، دوایی.∷ پشتی تە تێم. ١١ـ کەمەر،

نێوقەد. ჻ هاتم لە لای سەردەشتێ، مەمکت سێوی بەهەشتێ/ کراسی تەنک لە بەر کە، کەمبەرەی زێڕ لە پشتێ (سێسەد هۆنراوە ل ١٢). ١٢ـ کۆڵ. ١٣ـ (مجـ.) قوون، کونگ. ١٤ـ کراوە، ئاوەڵا. ჻ دەرگا حەسارێ لە سەر پشتە. ~ **بەر دان:** دەست لە یارمەتی دان و پشتگیری کەسێک هەڵگرتن، واز هێنان لە داژداری // پشت گرتن. ~ **بە کەسێک گەرم بوون:** (کنـ.) نەترسان لە ئەنجامی کارێک لەبەر ئاشنایەتی و پشت بەستن بە کەسێکی خاوەن دەستەڵات و باڵادەست. **پێوە ئێشان:** (کنـ.) بە کارێکەوە ماندوو بوون، زەحمەت کێشان. ~ **پێبەستن:** هێوادار بوون بۆ پشتگیری لە لایەن کەس یا کەسانێکەوە، خۆ بە کەسی دێکە سپاردن بۆ یارمەتی دان، پشت دانە پشت کەسێک. ~ **پێ (ئە)سپاردن:** پشت پێبەستن بە کەسێک، هیوادار بوون بە پشتگری کەسێک، پاڵ وێدان. ~ **تێبوون:** جۆرێک دانیشتنی بێ ئەدەبانەیە وەها کە پشت لە کەسی گەورەتر کرابێ. ~ **تێکردن:** ١ـ روو وەرگێڕان لە کەسێک بە نیشانەی تووڕەیی یا نارازی بوون. ٢ـ واز لێهێنان و بەجێ هێشتنی کار یا خەبات و گەڕانەوە. ~ **دان:** ١ـ کۆڵ دان، بەزین، تاقەت نەهێنان لە ئاست هێزێکی لە خۆ سەرتر. ٢ـ خۆ وەدەستەوە دانی مێینە یا ژن بە نێرینە، مل دان، رازی بوون. ~ **دانە** ~ **کەسێک:** ١ـ پشت بە پشتی کەسێکەوە نان. ٢ـ پشت وە پشت دان، پشت پێ سپاردن، پشت پێبەستن. ~ **دانەوە:** ١ـ پاڵ دانەوە. ٢ـ پاڵ دانەوە بە ئەرخەیانی، بێخەم بوون، پشت لێدانەوە. ჻ هەتا من هەم پشت بدەوە و لە هیچ غەم مەخۆ! ٣ـ تێوەژاندن و هەڵدانەوەی ئاگری نێو تەندوور پاش دامرکانی بۆ ئەوەی گەرم بێتەوە. ~ **دە (لە) ئاوەدانی کردن:** ١ـ لە ئاوایی و ئاوەدانی دەرکەوتن و روو دە چیا و چۆلایی کردن. ٢ـ تەرکی دونیا و ئاوەدانی کردن و بە تەنیا ژیان، دوور بوونەوە لە خەڵک. ~ **راست کردنەوە:** ١ـ پشت هەڵێنانەوە لە بن بارێکی قورس. ٢ـ (کنـ.) لە ژێر ئەرک و کارێکی قورس خەڵاسی بوون. ~ **رەق بوون:** (کنـ.) دوای ماوەیەک بێکاری کاری پێشوو پێنەکران، تاقەتی کاری پێشوو نەمان. ჻ لە دوکانداریی تازە پشتم رەق بوە و پێمناکردێ. ~ **شکان:** (کنـ.) ١ـ

تووشی کۆستێکی گەورە بوون، مردنی کەسێکی نزیک کە جێی پشت پێ بەستن و هیوا بوو. ٢ـ لە هێز و تاقەت کەوتن، تێشکان، تێداچوون لە باری مادی و مەعنەوییەوە. ~ **شکاندن:** (کنـ.) ١ـ کۆستێکی گەورە تووشی کەسێک کردن. ٢ـ نابووت کردنی کەسێک لە باری ماددیی و مەعنەوییەوە، تێشکاندن. ~ **قایم بوون:** کەسێکی دەستەڵاتدار یا دەسڕۆیو لە پشت بوون، خاترجەم بوون لە پشت گیران. ~ **گرتن:** ١ـ لای پشتەوە لە کەسێک گرتن لە کاتی شەڕ و جەنگ دا. ٢ـ لایەنگری لە کەسێک کردن، یارمەتی دان و داژ داریی کردن. ~ **لە زگ نەرمتر کردن:** (کنـ.) چاک تێهەڵدان لە کەسێک. ~ **لێدانەوە:** (کنـ.) پاڵ دانەوە بە ئەرخەیانی، بێخەم بوون، پشت دانەوە. ~ **لێکردنەوە:** (کنـ.) دڵنیا بوون لە لەسەرپێ وەستانی کەسێک کە پشتی بۆ مەسەلەیەک گیرابوو. :: پشت لەو منداڵانەت بکەوە، ماشەڵڵا هەموویان بوونە پیاو و پێویستیان بە تۆ نەماوە. ~ **نەکردنەوە:** نەترسان و وەستان، پشت تێنەکردن و ڕانەکردن لە دوژمنی و کەسی لەم بابەتە. :: ڕۆژی هەرا شەڕ و پشت لە هەزار سوار ناکاتەوە. ~ **وە ~ دان:** (کنـ.) یەک گرتن و لە یەکتر دڵنیا بوون بۆ ئەنجام دانی کارێک، پشتی یەکتر گرتن، پشت بە یەکتر بەستن. ~ **هەڵکردن:** تووڕە بوون، قەڵس بوون، روو وەرگێڕان. **~ی خەو شکاندن:** (کنـ.) زۆر خەوتن، پتر لە ڕادەی پێویست نوستن. **~ی کەسێک لە عەرز (زەوی) دان:** ١ـ بەزاندنی غەنیم یا کەسێک کە زۆرەبانی و کوشتی دا. ٢ـ(کنـ.) تێشکاندنی کەسێک لە باری ماددیی و مەعنەوییەوە. **~ی یەک (یەکتر) گرتن:** (کنـ.) یەک گرتن و یارمەتی یەکتر دان. **خۆ خستنە سەر ~ :** (کنـ.) گوێ نەدان، وڵام نەدانەوە، تەفرە دان. :: خۆی لێخستوومە سەر پشت و جوابم ناداتەوە. **دستی کەس (کەسانێک) لە ~وە ڕا بەستن:** (کنـ.)سەرووتر و کارامەتر بوون لە کەسانی دیکە بە باری چاکە یا خراپە دا، دەست لە تەختە بەستن. :: حەمە فێڵەزانێکە مەگەر خودا بزانێ، دەستی شەیتانی لە پشتەوەڕا بەستووە. **لە ~ نان:** لە سەر کوڵ دانان، لە کوڵ کردن. **لە سەر ~ بوون:** ئاوەڵە بوون، کرانەوەی تەواوی دەرگا و پەنجەرە. || **پشتی چاو:** (کنـ.)

برۆ. ፡፡ کەس ناوێرێ پێی بڵێ پشتی چاوت برۆیە زوو قەڵس دەبێ. **پشتی دەست:** ئەو لایەی دەست لە مرۆڤ دا کە بەرچاوە، لای سەرەوەی دەست. // بەری دەست. * **پشتی دەستی خۆ داغ کردن:** ١- (کنـ.) خۆ تەمێ کردن بۆ ئەنجام نەدانی دووبارەی کارێک یان یارمەتی نەدانەوە بە کەسێک، تۆبە کردن. ፡፡ تازە من پشتی دەستی خۆم داغ دەکەم و ئیدی قەت دوکانداریی ناکەم. **پشتی شێر:** (کنـ.) جێگەی سەخت و ئەستەم. ፡፡ بریا ژن لە پشتی شێری با (مەسەل). **پشتی کێو:** (کنـ.) جێگەی سەخت و ئەستەم و دوورەدەست، پشت کێو. ፡፡ ئەوەی تۆ دەتەوێ لە پشتی کێویش بێ بۆت دەست دەخەم.

**پشت**$^2$ (وشـد.)[کرم: پیشت - فار: پیشت. ناو: پشت، پشتە - زا: پشت] وشەی دەنگ دانی پشیلە، خت، ختە.

**پشتاپشت** (ئاک. ل)[پشت1 + ئا14 + پشت1] برِ: پشتاوپشت

**پشتاش** (نا. ل)[پشت + ئاش1] تۆزی ئارد و دانەوێڵە لە ئاش دا کە لە سەر و پشتی ئاشەوان و خەڵک دەنیشێ، تۆزاش.

**پشتان** (نا.)[؟] برِ: پەشتان. ፡፡ خاڵخاڵی قەدم وەک خەمی زولفەینی سەراپات/ پشتانی قەدت بێت و فیدای بازنی بازووت (نالی ل ١٥٣).

**پشتاو** (نا.) برِ: پشتوو

**پشتاوپشت** (ئاک. ل، نا. ل)[پشت1 + ئاو2 + پشت1] ١- داب و نەریت و کولتوور لە باب و باپیرانەوە بۆ منداڵەکانیان، بەرە دوای بەرە، بەرەبەرە، پشتاپشت، پشت بە پشت. ፡፡ بەیتەکانی کوردیی پشتاوپشت گەیشتونەتە دەست ئێمە. ٢- رۆیشتن و هەنگاو هەڵگرتن بە پێچەوانەی باری ئاسایی، رۆیشتن بەرەوە دواوە بێ ئەوەی لەش بگەرێتەوە، پاشەوپاش. ፡፡ کچە لە ترسی باوکی پشتاوپشت خۆی دە ژوورێ کوتا. ٣- بەرەو دواوە بردنی مەکینە و ئامرازی لێخورین.

**پشتبان** (نا. ل)[پشت1 + بان] برِ: بان1 /١

**پشتبەپشت** (ئاک. ل، نا. ل)[پشت1 + بە + پشت1] برِ: پشتاوپشت/١

**پشتبێن** (نا. ل)[پشت1 + بەن] برِ: پشتێند

**پــشــت پــەردە** (ئـان. ل)[پـشـت1 + پەردە] هەرچی کە بە شاراوەیی بمێنێ و نەدرکێندرێ، راستی و بنەڕەتی رووداو و مەسەلەیەک کە خەڵک لێی ئاگادار نیە. **لە ~ بوون**: شـاراوە بوون. **لە ~ مانەوە**: شاراوە مانی کار و مەسەلەیەک.

**پشتخورێن** (نا. ل)[پشت1 + خورێن] ئامرازێکە وەک شانە کە پشتی ئەسپ و یەستری پێ دەخورێنن و خاوێن دەکەنەوە، قەشۆ، رنەک.

**پشتدار** (ئان. فا)[پشت + دار2] ١ـ کەسێک کە پشتیوان و داژداری هەبێ. ٢ـ پارچە یان شتێک کە بەر و پشتی هەبێ و ئەستوور و قایم بێ.

**پشتـرەق** (ئان. ل)[پشت1 + رەق] کەسێک کە کار و ئیشی زەحمەت و قورسی پێنەکردرێ. **~ بوون**: کاری بەدەنی و زەحمەت پێنەکران.

**پشتـرێژ** (ئان. ل)[پشت1 + رێژ2] [ناو: پشترێش، پشترێژ، پشتەرێشە، پشتەرێژ، پشتەرێژە ـ زا: پاشترێش] برینی پشتی چوارویێ لەبەر سواریی زۆر یان بار و زین و کورتانی خراپ، ناوکەرێژ، ناوکەرێژە، ناوکەرێش.

**پشتـرێش** (ئان. ل)[پشت1 + رێش] بڕ: پشترێژ

**پشتسارد** (ئان. ل)[پشت1 + سارد] نائومێد، دڵسارد. // پشتگەرم. **~ بوونەوە**: هیوا لێبڕان و دەست هەڵگرتن لە کارێک یا کەسێک، دڵسارد بوونەوە. **~ کردنەوە**: کەسێک لە کار یا کەس یا مەسەلەیەک دڵسارد کردن بۆ ئەوە کە دەستی لێ هەڵگرێ.

**پشت سەر** (نا. ل)[پشت1 + سەر] ١ـ (ئا.) بەشی دواوەی کەللە. ٢ـ (ئاک. ل) لای دواوە، پشتەوە. ∷ کابرایەک لە پشت سەرم دانیشتبوو هەر قسەی قۆڕی دەکرد. ٣ـ قسەی پشت سەر، غەیبەت، پاشملە. & پشتەسەر. **(لە) ~ قسە کردن**: بڕ: پاشملە کوتن. **(لە) ~ی کەسێک نوێژ کردن**: بڕوا و متمانەی تەواو بە کەسێک هەبوون، پاک و ئەمین بوون. ∷ کاک ئاسۆی جیرانمان هێندە پیاوێکی رێکوپێکە بۆوەی دەبێ لە پشت سەری نوێژ بکەی.

**پشتـکۆڵ** (نا. ل)[پشت1 + کۆڵ] دارێکی درێژ کە لە ژوورەوە وە بەر دەرگای دەدەن بۆ قایم بوون، پشکۆڵ، پشتەک.

**پشتـکۆم** (ئان. ل)[پشت1 + کۆم]

کەسێک کە پشتی کۆمە، پشتچەماو، پشتکوورِ، کۆم، قۆز، خووز. ~ **بوون:** کوورِ بوون، پشتکوورِ بوون.

**پشتکۆمیی** (حم.)[پشتکۆم + ئیی] چلۆنایەتی کوورِ، کوورِ بوون، کوورِیی، پتشکوورِیی، کۆمیی.

**پشتکوورِ** (ئان. ل)[پشت1 + کوورِ] برِ: پشتکۆم. ~ **بوون:** برِ: پشتکۆم بوون.

**پشتکوورِیی** (حم.)[پشتکوورِ + ئیی] برِ: پشتکۆمیی.

**پشت کێو** (ئاک. ل)[پشت1 + کێو] (کنـ.) جێگەی دوور و ئەستەم، پشتی کێو. || **پشت کێوی قاف:** (کنـ.) جێگەیەکی دوورەدەست کە کەس دەستی پێیرِاناگا. ؛؛ پیاو ئەگەر مەیلی لێبێ و شتێکی بوێ لە پشت کێوی قافیش بێ وە دەستی دەخا.

**پشتگر** (ئان. فا)[پشت 1+ گر] کەسێک کە لایەن و پشتی کەسێک بۆ یارمەتی و لە کاتی پێویست دا بگرێ.

**پشتگریی** (حم.)[پشتگر + ئیی] پشت گرتن، یارمەتی دان.

**پشتگوێ** (ئا.)[پشت1 + گوێ] ١- پشتەوەی گوێ. ٢- مووی لای مل. & پشتگوێچکە. ~ **خستن:** (کنـ.) ئەنجام نەدان یا درەنگ ئەنجام دانی کارێک، گوێ پێ نەدان و وەدرەنگی خستنی کار و مەسەلەیەک، پشتگوێچکە خستن. ~ **کردن:** ١- سەر چاک کردن. ٢- هەڵگرتنی مووی لای ملی ژن. **وە ~ دان:** پشتگوێ خستن، پێ گرینگ نەبوون و ئەنجام نەدانی کار و ئەمرێک.

**پشتگوێچکە** (ئا.)[پشت1 + گوێچکە] برِ: پشتگوێ. ~ **خستن:** (کنـ.) برِ: پشتگوێ خستن.

**پشتگەرم** (ئان. ل)[پشت1 + گەرم] هیوادار، دڵنیا، بە ورە. // پشتسارد. ~ **بوون:** دڵنیا بوون لە ئەنجام دان و بەرِێوە بردنی کار و مەسەلەیەک. ~ **کردن:** دڵنیا کردن و ورە دان بە کەسێک بۆ بەرِێوە بردنی کارێک.

**پشتگەرمیی** (حم.)[پشتگەرم + ئیی] هیواداریی، دڵنیایی، پشتگەرم بوون.

**پشتماڵ** (نا. ل)[پشت1 + ماڵ][ئەر] دیوی چووک بە سەر وەتاغی گەورەوە بۆ کەل و پەلی زێدەی بەردەست، خەڵوەتی، پەستوو.

**پشتماڵە** (نا. ل)[پشت1 + ماڵ + ئە]

دراوسێ و هاوسایەک کە لە پشتەوەی ماڵ و خانووی کەسێک بن.

**پشت و پەنا** (ئان. ل)[پشت1 + و + پەنا] پشتیوان، پشتگر، ئاگادار، داشدار، یارمەتیدەر، پشت و پەناه. ⁝⁝ جگە لە تۆ لەم دونیایە دا کەسم نیە، پشت و پەنام هەر تۆی.

**پشت و پەناه** (ئان. ل)[پشت1 + و + پەناه] بڕ: پشت و پەنا. ⁝⁝ ئەوە مانگ لە من دەنگووتەوە بە یەکە/ پشت و پەناهم وەبەر تۆ ئەی فەلەکە (شێخ فەرخ ل ٢٣).

**پشتوێن** (نا. ل)[پشت1 + وێن (بێن1)] بڕ: پشتێند

**پشتوو** (نا.) ١ـ جۆرێک دەمانچەی لوولە درێژ کە پێنج گوللەی دەخوا، پشتاو. ⁝⁝ کارگەی پشتوویان ساڵێک بوو دامەزراندبوو، وەستای پشتوو کوردێکی پیری حەفتا هەشتا ساڵەی خەڵکی سلێمانی بوو (دمدم ل ٢٧٣). ٢ـ توورەکەی بارووتی راوچی.

**تێبینی:** وێدەچێ شێواوی وشەی پیستوول pistolet بە مانای دەمانچە یان pistoie کە شارێکە لە ئیتالیا و ئەم جۆرە چەکەیان لەوێ ساز دەکرد، بێ. [لۆڕ: پیشتۆو. فار: پیشتو، پیشتاب]

**پشتە** (نا. ل)[پشت1 + ئە] ١ـ ئەو بارەی لە سەر پشتی دەنێن، کۆڵ. ٢ـ پشتی جگ، پک. // چک. ٣ـ مەودای هەموو کارگەی جۆلایی لە بووزووی نەتەنراو (گوڵ چنینەوە ل ٢٦).

**پشتە** (وشد.) وشەی دەنگ دانی پشیلە، پشت2.

**پشتەپا** (نا. ل)[پشت1 + ئە + پا] ١ـ لای پاشەوەی پێ. ٢ـ شەپ، شەق. & پشتەپێ. **~ لێدان:** ١ـ بە شەق تێهەڵدان، شەپ لێدان. ٢ـ لاق وە بەر لاقی کەسێک دان بۆ کەوتن یا خستن.

**پشتەپێ** (نا. ل)[پشت1 + ئە + پا] بڕ: پشتەپا.

**پشتەڕێژ** (ئان. ل)[پشت + ئە + ڕێژ2] بڕ: پشتڕێژ

**پشتەڕێژە** (ئان. ل)[پشت1 + ئە + ڕێژ2 + ئە] بڕ: پشتڕێژ

**پشتەڕیش** (ئان. ل)[پشت1 + ئە + ڕیش] بڕ: پشتڕێژ

**پشتەڕیشە** (ئان. ل)[پشت1 + ئە + ڕیش + ئە] بڕ: پشتڕێژ

**پشتەستوور** (ئان. ل)[پشت1 + ئەستوور] کەسێک کە لە لایەن کەس یا کەسانێکەوە بۆ پشت گرتن دڵنیایە، کەسێک کە پشتی قایمە.

**پشتەسەر** (نا. ل)[پشت1 + ئە + سەر] ١ـ (ئا.) بەشی دواوەی کەللە، پشت سەر. ٢ـ خشڵێکی پلپڵەداری زێڕ یا زێو کە ژنان لە دەوری سەریان دەدەن و بە پشت سەریان دا بەری دەدەنەوە، پشتەسەرە. :: پێچکەی پشتەسەر لە سەر زوڵفی ڕەش/ با بجریوێنێ وەک ئەستێرەی گەش (گۆران ل ١٥٣).٣ـ (ئاک. ل) لای دواوە، پشتەوە، پشت سەر. ٤ـ قسەی پشت سەر، غەیبەت، پاشملە. **چاو لە ~ی خۆ نەکردنەوە:** (کنـ.) بۆ هەمیشە ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە. **(لە) ~ قسە کردن:** بڕ: پاشملە کوتن. **(لە) ~ی کەسێک نوێژ کردن:** بڕوا و متمانەی تەواو بە کەسێک هەبوون، پاک و ئەمین بوون. :: کاک ئاسۆی جیرانمان هێندە پیاوێکی ڕێکوپێکە بۆوەی دەبێ لە پشت سەری نوێژ بکەی.

**پشتەسەرە** (نا. ل)[پشت1 + ئە + سەر + ئە] بڕ: پشتەسەر/٢.

**پشتەک** (نا. ل)[پشت1 + ئەک] ١ـ هەندێک خوری کە دوای بڕینەوە لە سەر پشتی بەران بۆ جوانی دەیهێڵنەوە، پاڵانە، پاڵانچە. ٢ـ دیوارێکە کە لە بەر دیواری شکست هەڵیدەچنن بۆ ئەوەی بەری رووخانی بگرێ هەتا چاکی دەکەنەوە، بەرهەڵێخ، پشتیوانە. ٣ـ دارێک کە وەبەر دیوار یا درەختی دەدەن هەتا دانەکەوێ. ٤ـ دارێک کە وە پشت دەرگای دەدەن، پشتکۆڵ، پشکۆڵ.

**پشتەکەوا** (نا. ل)[پشت1 + ئە + کەوا]

**پشتەمازە** (ئا.)[پشت1 + ئە + ماز1 + ئە] ١ـ کۆمەڵە ئێسکێک کە پشتی گیانداران پێک دێنێ و لە مرۆڤ دا لە ٣٣ مۆرە یا مۆرتخە پێکهاتوە و نوخاع دە نێو خۆی دا دەپارێزێ، تێغەرەی پشت، مۆغەرەی پشت. ٢ـ ماسوولکە و گۆشتێک کە لە دوو لای ئەم ئێسکانە هەڵکەوتوە، راستە.

**پشتەماسی** (ئان. ل)[پشت1 + ئە + ماسی] ١ـ سەربانی کۆم وەک پشتی ماسی، خەرپشتە. ٢ـ جۆرێک دروومانە، تەختە جاجم و بەرماڵی پێ لێک دەدروون.

**پشتەماڵ** (نا. ل)[پشت1 + ئە + ماڵ] ١ـ هەرچی کە بە پشتی ئەسپ و وڵاغی دادەن. ⁘ وڵاغەکەیان کردەوە ئێختەرمە، پشتەماڵێکیان پێدادا. (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٤٨). ٢ـ [باک: پێشمال، پێشتەمال، پەشتەمال ـ ناو: پشتەماڵ، پەشتەماڵ ـ زا: پێشتەماله] فۆتەی حەمام کە بە بەریانەوە دەگرن، فۆتە. ٣ـ خاولی دەست سڕین، خاولی دەستان. ‖ **پشتەماڵی حەمام:** ١ـ فۆتە. ٢ـ (کنـ.) ژنێک کە هەر ڕۆژەی دەگەڵ کەسێکە. * **وەک ~ی حەمام هەر ڕۆژە (ساتە) بە بەری کەسێکەوە (یەکێکەوە) بوون:** (کنـ.) کەسێک کە جێی بەقا و متمانە نەبێ بە تایبەت ژن، وەک فۆتەی حەمام هەر ڕۆژە بە بەر یەکێکەوە بوون.

**پشتەملە** (نا. ل)[پشت1 + ئە + مل + ئە] ١ـ بێگاریی و کاری بە زۆر، پشتەملێ. ⁘ بە پشتەملە کارم پێدەکەن دەنا خۆم مەیلم لێی نیە. ٢ـ [هەو] قسەی پشتە سەر، غەیبەت، پاشملە.

**پشتەملێ** (نا. ل)[پشت1 + ئە + مل + ئێ] بڕ: پشتەملە

**پشتەمەلە** (نا. ل)[پشت1 + ئە + مەلە] جۆرێک مەلەیە کە مەلەوان دەکەوێتە سەر پشت و دەست دەوەشێنێ، مەلەپشتە.

**پشتەیوان** (نا. ل)[پشت1 + هەیوان] ژوورێک کە کەوتبێتە پشت هەیوان.

**پشتی** (نا. ل، ئان. ل)[پشت1 + ئی] ١ـ شتێکە وەک باڵنج بەڵام گەورەتر، نێوەکەی داخنن و لە کاتی دانیشتن وەبەر پشتی دەدەن و پاڵی لێدەدەنەوە، پاڵەوپشت. ٢ـ [هەو] بڕ: باڵنج. ٣ـ هەر بارێک لە پشت بنرێ، کۆڵ. ٤ـ [باک] پاش، دوا. ⁘ پشتی تە تێم.

**پشتیر** (نا.)[؟] هۆدەی ئاژەڵ، گەوڕ، تەویلە، پشتێر.

**پشتیوان** (ئان. ل)[پشتی + وان][پەه: پوشتیپان] ١ـ یارمەتیدەر و پاریدەدەر، پشتگر. ٢ـ (نا.) دارێک کە لە پشت دەرگا وەبەر پشتکۆڵی دەدەن هەتا باش قایم بێ. **~ بوون:** لاگر و پاریدەدەری کەسێک بوون بۆ ئەنجام دانی کارێک.

**پشتیوانە** (نا. ل)[پشتیوان + ئە] ١ـ دیوارێکە کە لە بەر دیواری شکست هەڵیدەچنن بۆ ئەوەی بەری رووخانی بگرێ هەتا چاکی دەکەنەوە، بەرهەڵێخ،

تیرەک، شەمعەک. ٢ـ هەرکام لە دوازدە تەختە و چێوی عارەبەی کەڵی کە بانی عارەبەکەی پێک دێن. ٣ـ ماڵ و سامان بۆ ئەنجام دانی کار و سەودا و مەسەلەیەک. ٤ـ رادەیەک زێڕ و جەواهیر و شتی بە نرخی ولاتێک کە لە بانک رادەگیرێ، بۆ لە چاپ دانی ئەسکناس و پارە.

**پشتیوانیی** (حم.)[پشتیوان + ئیی] یارمەتی، کۆمەک، یاریدە، پشتگریی، لاگریی. ~ **کردن:** لاگریی لە کەسێک کردن، پشتی کەسێک گرتن و یارمەتی دانی، پشتیوانیی لێکردن. ~ **لێکردن:** بڕ: پشتیوانیی کردن.

**پشتێر** (نا.) بڕ: پشتیر

**پشتێن** (نا. ل)[پشت1 + ئێن (بێن2)] بڕ: پشتێند

**پشتێند** (نا. ل)[پشت1 + بەند] بەشێکە لە جل و بەرگی کوردیی، ژنانە و پیاوانە. پارچە و قوماشێکی درێژ و چەند میترییە، لە نێو قەدی دەهاڵێن، پشتێن، پشت بێن، پژتێن، پژبێن، پژبێند پژوێن، پشتوێن، بیبن، مێبین، شاڵ. ~ **بەستن:** لە کەمەر هالاندنی پشتێند. **دەبەر ~ چەقاندن:** شتێکی درێژی وەک دارسەبیلە، خەنجەر و ... دەبەر پشتێند نان. **دەبەر ~ نان:** خستنە نێو پشتێندەوە. ∷ دەستی دەبەر پشتێندی نابوو و وەستابوو. کاغەزەکەی گورج دەبەر پشتێندی نا. **لە ~ بەرە ژێر مردن:** (کنـ.) زۆر ترسان و پەشۆکان بە مەسەلە و کردارێک وەها کە نیوەی لەشی خوارەوەی مرۆڤ سڕ بێ. || **پشتێندی گرێچن:** جۆرە بەستنێکی پشتێندە کە ئاڵقەئاڵقە دەچنە باڵ یەکەوە.

**پشتێندە** (نا. ل)[پشتێند + ئە] بڕ: پشتێنە

**پشتێنە** (نا. ل)[پشتێن + ئە] ١ـ دارێکە بە ناو (بەرزەگەوە) دا رەت ئەکرێ بۆ ئەمەی نەجوولێ. (خاڵ ب ١ ل ٢١٨). ٢ـ تەوق و چەرمێکە ئەخرێتە (نێ)ی ئاش (کشت و کاڵ ب ١ ل ٦٣). ٣ـ تەوقێکی ئاسنە ناوەکەی بە تووڵەبی یا تووڵی ژاڵە پڕ ئەکرێت بۆ کرەی چەڵتووک (کشت و کاڵ ب ١ ل ٦٣). ٤ـ پشتێنێکە بەسترابێتە ناو قەدی هێندێ شت بۆ قایمی (خاڵ ب ١ ل ٢١٨). ٥ـ جۆرێ زۆرەوانیە کە دەست دە کەمبەری یەکتر دەگرن (هەنبانەبۆرینە ب ١ ل ١٠٩). & پشتێندە.

**پشقل** (نا.) بڕ: پشکەڵ

**پشقول** (نا.)[باک] بڕ: پشکەڵ

**پشک**[1] (نا. ل)[پش (بەش) + ک] ١- [کرم: پێش ـ فار: پشک ـ لۆر: پێشک. باک: پەشک ـ ناو: پشک] بەش و بەختێک کە بە کوتە کاغەز یا شتێکی دیکە لەم جۆرە دیاری دەکرێ، پەشک. ٢- بەش، کوت، پار. ٣- کوتێکی چووکە لە گۆشت، پل. ٤- [لۆر: پێشک ـ ناو: پشک، پژک] کوتە دار یا چیلکەیەک کە کونی مەشکە و خیگە و هیزەی پێدەگرن، پژک. ٥- دڵۆپ، تنۆک، پەشک. ٦- پریشک. **~ خستن:** دابەش کردنی پشک بۆ دەرکەوتنی شانس، پشک هاویشتن. (پشک زۆرتر لە نێوان دوو یا چەند کەسی شەریک دەخسترێ لە کاتی دابەش کردنی ئەو شتەی کە بە شەریکایەتی کڕدراوە). :: پشکی دەخەین بزانین کێ ئەمڕۆ چێشت ساز کا. **~ هاویشتن:** بڕ: پشک خستن.

**پشک**[2] (نا.)[باک] بڕ: سی3

**پشک**[3] (نا.)[؟] ئاوێکی سپییە کاتی هەوەس بزووتن بە جێگای شەرمی ژن دا دێتە خوار (گوڵ چنینەوە ل ٢٦).

**پشکل** (نا.)[باک] بڕ: پشکەڵ

**پشکڵ** (نا.) بڕ: پشکەڵ

**پشکنین** (چا. م)[پەه: شکافتەن. باک: بشکاڤتن ـ ناو: پشکنین ـ هەو: وشکنای] ١- هەڵوەژاردنی شوێنێک و گەڕانی هەموو شتێک. ٢- دۆزینی سەر و لەش بۆ دیتنەوەی ئەسپێ. ٣- دەست لە جل و لەشی کەسێک دان بۆ دیتنەوەی شتێکی شک لێکراو. ٤- گەڕان و سەفەری زۆر بۆ دۆزینەوەی مەبەستێک. :: دونیام زۆر پشکینوە بەڵام لە کچی رووس جوانترم نەدیوە. ٥- لێک هەڵوەشاندنەوەی خوری و لۆکە.

**پشکوان** (چا. ل) بڕ: پشکووتن. :: نەمزانی شکۆفەی گوڵە و وەختی گوڵ پشکوانە/ ئێرە بۆ من میوانییە یان حەفس و حەفسخانە (لاس و خەزاڵ ل ٢٥).

**پشکول** (نا.)[باک] بڕ: پشکەڵ

**پشکۆ** (نا.)[لە: پشکووتن] ١- پۆلووی گەشاوەی ئاگر و ڕەژی، سکڵ، سکەڵ، پەرەنگ. ٢- [باک] تین و هاڵاوێک کە لە ئاخر مانگی زستان لە پێشدا لە هەوا و لە دوایی لە ئاو و پاشان لە زەوی پەیدا دەبێ، پلنگ (عەر: جمرة)

**پشکۆژ** (نا.)[لە: پشکووتن] ١- غونچە

٢ـ شکۆفە. ٣ـ دوگمە، قۆپچە

**پشکووتن** (چا. ل)[پەھ: شکۆفتەن. باک: بشکاڤتن ـ ناو: پشکووتن، پشکوان] ١ـ کرانەوەی غونچە. ٢ـ کرانەوەی چاوی منداڵی تازە زاو. ٣ـ لێک بڵاو بوونی قسڵ دوای ئاو پێداکردن. ٤ـ هەڵتۆقینی گەنمەشامی لە سەر ئاگر.

**پشکۆڵ**[1] (نا. ل)[پش3 + کوڵ] بڕ: پشتکۆڵ

**پشکۆڵ**[2] (نا.) بڕ: پشکەڵ

**پشکوور** (ئان. ل)[پش3 + کوور] بڕ: کوور

**پشکە** (نا. ل)[پش (پووش) + کە]١ـ لاسک و لقی باریکی دار کە پتر بۆ سووتاندن و ئاوردوو خڕی دەکەنەوە، چیلکە. ٢ـ لاسکی گیای وشک. & پوشکە.

**پشکەبەقوونە** (گیان.)[پشکە + بە + قوون + ئە] حەشەرەیەکە، چوار باڵی ناسکی درێژی هەیە، لەشی درێژ و باریک و سەری گەورەترە، لە کاتی هەڵفرین زۆر شێوەی فڕۆکە دەدا، پتر لە دەم چەم و رووباران دەژی و لە سەر زەل و قامیش و گیای نێو ئاو دەنیشێ و لە نێو ئاو دا گەرای دادەنێ، منداڵەکانی لە ئاو دا دەبن و لە دوایی دێنە دەر و دەفڕن، Myrmeleon formicarius ناوی لاتینی ئەم گیاندارەیە، پووشبەقوونە، پووشبەقنگە، پووشکەبەقوونە، پووشکەبەق، زەلەقوونک، تەیارۆکە، تەیارۆک، مۆزگرە.

**تێبینی:** ناوی ئەم حەشەرەیە لە بەر کلکی درێژیەتی کە دەڵێی پشکەیە و دە قوونیان رۆکردوە.

**پشکەڵ** (نا.)[لۆر: پێشکێل ـ فار: پشکل، پشگل ـ تات: مێشکەلە. باک: بشکول، بشقول، پشقول، پشکول، پشقل، پشکل ـ ناو: پشکۆڵ، پشکەڵ، کشپەڵ، پشقل، پشکڵ، قشپل ـ هەو: پشکەڵی ـ زا: پسکە] پیسایی هەندێک گیاندار و ئاژەڵی گیاخۆری وەک بزن و ئاسک و کەروێشک کە خڕ و چووکە.

**پشکەڵی** (نا.)[هەو] بڕ: پشکەڵ

**پشکیل** (نا. ل)[پشک + ئیل] ئەنگوستیلەیەکی بێ نقێم کە لە یاری کاڵەمستێنە دا بە کاری دێنن.

**پشکیلان** (نا. ل)[پشکیل + ئان] گەمەی کەڵەمستێن، بازیەکی شەونشینیە کە ئەنگوستیلە لە باخەڵی

یەکێک دا دەشارنەوە دەستەیتر دەبێ بیدۆزنەوە (هەنبانەبۆرینە ب ١ ل ١١٠)، کاڵەمستێ، کاڵەمستانە، کاڵەمستێنە، کاڵەمشتێ.

**پشم و هۆڕ** (وشد.)[پشم + و + هۆڕ] بڕ: پژم و هۆڕ.

**پشمە** (وشد.) بڕ: پژمە

**پشمەپشم** (وشد.)[پشمە + پشم] بڕ: پژمەپژم

**پشمین** (چا. ل) بڕ: پژمین

**پشـــوو** (نا. ل)[پش1 + ئوو][ناو: پشوو، پشی] ١ـ هەوایەک کە لە دەم دێتە دەرەوە، دەم. ٢ـ وچان. ٣ـ تەحـــتیلی. **~ بڕان:** پشـوو نەهاتنە دەر، خەفـە بوون. **~ پێهەڵچنین:** ١ـ خەفە کردن، بەری پشـوو دانی کەسێک گرتن. ٢ـ زۆر ئەزیەت کـردنی کـەسـێک، زەخت بۆ هێنان. **~ دان:** ١ـ وچان گـــرتن و حەسانەوە، پشوو گرتن. ٢ـ نەفەس دان، دانە دەری هەوا لە دەم. **~ گرتن:** بڕ: پشوو دان. **~ لە سەر خۆ بوون:** ئارام و لە سەرەخۆ بوون، تووڕە نەبوون. **~ لێبڕین:** بەری پشوودانی کەسێک گرتن، خەفـە کردن، پشـوو پێهەڵچنین. **~ هاتنەوە بەر:** ئاسوودە بوون، حەسانەوە.

**تێبینی:** پێویستە ئیشارەیەکی چووکـە بە جیاوازی نێوان پشـوو و هەناسە بکردرێ. لە زۆر شوێن دیومە و بیستوومە کە دوو وشەی پشـوو و هەناسە بە یەک دادەنێن. (بۆ وێنە بڕ: هەنبانە بۆرینە ب ١ ل ١١٠ یا خاڵ ب ١ ل ٢١٩) لە راستی دا ئەم دوو وشە دژمانای یەکترن هەر وەک دوو وشەی پاش و پێش، سەر و خوار یان سەدان وێنەی دیکە کە ناکرێ پاش بە پێش مانا بکرێتەوە و هەڵەیەکی زۆر زەقە. هەناسە هەوایەکە کە هەڵدەمژرێ و دەچێتە نێو سییەکانەوە (هەناسە هەڵدەکێشرێ) کەچی پشوو پێچەوانەی ئەوە هەوایەکە کە دێتەوە دەر (پشوو دەدرێ).

**پشـووبڕ** (ئان. ل)[لە: پشـوو بڕان] حـاڵی کـەسێک کە باش پشـوو نەدا، پشـووسـوار. **~ بوون:** باش پشـوو نەدان، پشوو وەستان، پشووسوار بوون.

**پشوودرێژ** (ئان. ل)[پشوو + درێژ] ١ـ لە سەرەخۆ، ئارام، هێدی. ٢ـ درێژخایەن. **~ بوون:** ١ـ لە سەرەخۆ بوون. ٢ـ درێژخایەن بوون، زۆر کێشان.

**پشـووسوار** (ئان. ل)[پشـوو + سوار] ١ـ حاڵی کەسێک کە باش پشوو نادا. ٢ـ

تووڕە، قەڵس. ~ **بوون:** ١ـ باش پشوو نەدان و لە حاڵی خەفە بوون دا. ٢ـ زۆر تووڕە بوون.

**پشووسواریی** (حم.)[پشووسوار+ ئیی] پشوو باش نەهاتنە دەر لەبەر نەخۆشی، پیریی یا ماندوویەتی.

**پشی**[1] (نا.) ١ـ (گیانـ.) بڕ: پشیلە. ٢ـ (وشد.) وشەی بانگ کردنی پشیلە.

**پشی**[2] (نا. ل)[پش1 + ئی] ١ـ بڕ: پشوو. ٢ـ (ئا.)[زا] بڕ: سی3

**پشی**[3] (نا.)[؟][هەو] کولیچە، نێوساجی. ⁂ لەوێ بەو گەرما و قرچەی نیوەڕۆ/ دانیشە، حەڵوا و پشیی بووک بخۆ (گۆران ل ١٥٢).

**پشی پشی** (نا.)[پشی1 + پشی1] بانگی پشیلە کردن، پش پش. ~ **پێکردن:** کەسێک ناز کردن و قسەی نەرم و لووس کردن بۆ جێبەجێ کردنی کار و مەبەستێک، ماستاو کردن، کیسە کێشان.

**پشیک** (گیانـ.)[پشی1 + ک][باک] بڕ: پشیلە

**پشیلۆکە** (گیا.)[پشیلە + ئۆکە] بڕ: پەپوولەپایزە.

**پشیلە** (گیانـ.)[پشی1 + لە][پەش: پیشۆ، پیشی ـ لۆر: پشو ـ گیل: پیچا. ئین: pussy. باک: پشیک، پسیک، پسینگ ـ ناو: پشی، پشیلە ـ زا: پسنگ، پسینگ، پەسینگ، پسیک] ١ـ گیاندارێکی چووکی گۆشتخۆرە، لمبۆز کورت و سمێڵ درێژە، تووکی لەشی نەرم و جنجرووک و چەنگی تیژە، پتر بە شەو گیانداری چووکەی وەک مشک راو دەکا، کێوی و کەوی هەیە، مرۆڤ بۆ راوی مشک رایگرتوە و بە نێرەکەی دەڵێن گورپە. Felis domesticus ناوی لاتینی ئەم گیاندارەیە، کتک، کت، کتە. ٢ـ (مجـ.) سپڵە، بێ سفەت. ٣ـ (مجـ.) کەسێک کە باوەش و خۆ تێهەڵسوون و نازی پێخۆشە. ~ **دە دەرپێ هاویشتن:** (کنـ.) بێ ئابڕوو کردن و رسوا کردنی کەسێک. || **پشیلەی پادشا (پاشا):** (کنـ.) بڕ: پشیلەی ماڵە میران. ⁂ وەک پشیلەی پاشا، راست چوومەوە ماڵی حوسێن (چێشتی مجێور ل ٢٠٨). **پشیلەی دەشتیی:** جۆرێک پشیلەی کێوییە کە لە دەشت و کەوێر دەژی، Felis ornata ناوی لاتینی ئەم پشیلەیە. **پشیلەی رەجەبە شێتی:** (کنـ.) کەسێک کە زەرەر و زیان لە خەڵک بدا یا

ببێتە هۆی زەرەر و زیان. **پشیلەی ماڵە میران:** (کنـ.) پشیلەی خۆشەویست، پشیلەیەی ماڵ کە جوانیان ئاگا لێبێ، پشیلەی پادشا، پشیلەی پاشا. **پشیلەی کێویی:** جۆری کێویی پشیلەیە، کلکی ئەستووره، رەنگی بۆرە و خەتی زەرد پێدا کشاوە، لە ناوچەی کوێستانی دەژی، Felis catus ناوی لاتینی ئەم گیاندارەیە.

**پشیلەپایزە** (گیا.)[پشیلە + پایز + ئە] بڕ: پەپوولەپایزە

**پشیلەسوورە** (نا. ل)[پشیلە + سوور + ئە] جۆرە یارییەکە یەکێک تێ ئەکەوێ، وە ئەوەی تێکەوتوە ئەیگرنە ناو خۆیان، ئەویش تەقەلا ئەدا کە لە ناو لنگیانەوە دەرچێ، ئەمانیش نایەڵن و ئەڵێن: (پشیلەسوورە کوێرا چوو، عەرزی دڕیی و پیایا چوو) ئەنجا لە ناو لنگی هەر کامێکیانەوە دەرچوو ئەو کەسە تێ ئەکەوێ (خاڵ ب ١ ل ٢٢٠)، پشیلەسوورێ.

**پشیلەسوورێ** (نا. ل)[پشیلە + سوور + ئێ] بڕ: پشیلەسوورە.

**پشیلەشۆر** (ئاک. ل)[پشیلە + شۆر] شوشتنی سەرچڵی جل یا لەش. **~ کردن:** دە ئاو هەڵکێشان و بە ناتەواویی شوشتنی جل یا مرۆڤ.

**پشێویی** (حم.)[لە: شێوان] ئاڵۆزیی، شێواویی، ئاژاوە، پشێوێنی. **~ نانەوە:** ئاژاوە نانەوە، شێواندن.

**پشێوێنی** (حم.) بڕ: پشێویی

**پف** (وشـد.)[ئەرم: پوک ـ فار: پف ـ کرم: پۆف ـ لۆر: پۆف. باک: پف ـ ناو: فوو، پف] ١ـ بایەک کە لە دەم دەری دەکەن بۆ ئاور گەشاندنەوە یا کووژاندنەوەی شەم و کاری دیکە. ٢ـ وشەی دەربڕینی بێزاری لە بۆنی ناخۆش. ⁘ پف لەو بۆگەنە قڕ بووم. ٣ـ (ئان.) هەڵمساوی نێو بۆش و ناپتەو. **~ دان:** فوو تێکردن و هەڵمساندن. فوو دان. **~ کردن:** فوو کردن، فوولێکردن. **~ لە بووڵەمڕ کردن:** (کنـ) کاری بێهوودە کردن، ئاسنی سارد کوتان. **~ هەڵدان:** فوو تێکردن و هەڵمساندنی شتێک، پف دان.

**پفک** (نا. ل)[پف + ک] ١ـ ئامرازێکە بۆ راوی گیانداری بچووکی وەک چۆلەکە کە بریتییە لە قامیش یا دارێکی نێو بۆش کە زیپکە بەردی لە سەر دادەنێن و بە هێزی فوو و دەم دەیهاوێن، تفک. ٢ـ

[باک] ئامــــرازی دەمـــــینی کــــورەی ئاسنگەری، پادەم.

**پفکە** (نا. ل)[پف + کـە][سـۆر] بڕ: بلۆق

**تێـبـینی:** لە فــەرهــەنگی لۆرییش دا پفلک (پۆفێلەک) هەر بەومانایە هاتوە.

**پفـڵـدان** (نا. ل)[پف + ڵ + دان] بڕ: مسوڵدان

**پفـە** (نا.) چێشت بە زمـانی منداڵان. ؛؛ پفەی دەخۆی رۆڵە گیان!

**پک** (نا.)[؟] لای پشــــتـــەوەی جگ، پشتە. // چک.

**پل**[1] (نا.)[هس: پەل1] کـــــوتێک کـۆشـت، پشـک، چنچک. || **پل پل:** لەت لەت، کوت کوت. **~ کردن:** لەت و کوت کردنی گوشت وەها کە هەر کام بە قەرا پلێک بن.

**پل**[2] (نا.)[باک] بڕ: پەڵە

**پل**[3] (نا.)[بڕ: پەل1] ١ـ دەست، پەل. ٢ـ [ئەر] قـــامک، ئەنگوست. ٣ـ [ئەر ـ هەو] چەقــەنە. ٣ـ [ئەر] تاو، خـــوڵ، با، سـوڕ. **~ تەقاندن (تەقانن):** چەقەنە لێـــــــدان. **~ دان:** تـاو دان، بـا دان، سووڕاندن.

**پــلاتـــین** (نـــا.)[لات: platinum] فـلـزێکی رەنـگ زێـویـنـە، لـە کـــــان دا دەدۆزرێتــــەوە، لـە ١٧٥٠ دەرەجــــە دا دەتوێتەوە، ئەسیدەکـان شـوێنی لە سـەر دانانێن و تـەنیا لـە تیـژاوی سـوڵتـانی دا دەتوێتەوە، جنسی لە زێڕی زەرد باشـترە و پێنج بـەرابەر لە زێڕ بەبایـختـرە، زێڕی سپی

**پلار**[1] (نا.) بڕ: پللار

**پلار**[2] (نا.)[؟][زا] بڕ: ئاواڵ منداڵ

**پلاژ** (نـا.)[فــــــەر: plage] بینـا و شـوێنی سـاز کـراو لە پەنا دەریا بۆ مـەلە و سەیران و رابواردن.

**پلاستیک** (نا.)[یون: plastike] ١ـ ماددەیەک کە لاستیک و شتی دیکە پێکی دێنن و کـەرەســەی لێ سـاز دەکـەن. ٢ـ (ئان.) مـاددەیەک کە بە سـانایی شێوەی بگۆڕێ.

**پلاســـــمـــا** (نا.)[یون: plasma] ئاوەکییـەک کـە شـەش لە دەی خـوێن پێک دێنێ (لە مرۆڤ دا) و گلووبوولی سوور و سپی تێدا مەلەوەرن، خوێناو.

**پلان** (نا.)[فــەر: plan] بەرنـامــە بۆ کار و مەسەلەیەک، گەڵاڵە.

**پلپلۆک** (گیانـ.)[زا] بڕ: پەپووله

**پلپله** (نا. ل)[پل1 + پل1 + ئە] کوتی چووکی زێڕ یا زێو کـە بە خـشـڵێکەوە بەند کرابێ یان لە دەورەی شتێک درابێ، پڵپڵە.

**پلک** (نا.)[بڕ: پوور] خوشکی باوک، پوور

**تێبینی**: پلک سـواو و ئاڵوگـۆڕ پێکراوی وشەی پوورە. وشـەکە لە پێشدا پوورک بوە کـە چووک کـراوی پوورە و لە دوایی **ئوو** سواوە و **ر** بۆتە **ل**.

**پللار** (نا.)[؟] ١ـ داردەست یا کـوتە دارێک کـە بـۆ هـاویشـتن کـەلکی لێـوەردەگـرن، برک، برکـە، کـوڵەبرک. ٢ـ (مـجـ.) تەوس، تانە، لۆمـە. & پلار. ~ **تێگرتن**: ١ـ کوتە دار دە میوەی دار گرتن بۆ کـەوتنیـان. ٢ـ کوتـە دار بە کـەسـێک دادان. ٣ـ قسـەیەکی بە تـوێکڵ و مـانا بە کـەسـێک کـوتن بۆ تـەوس و سـەرکـۆنە & برک تێگرتن. ~ **هاویشتن**: ١ـ کـوتە دارێک بە کـەسـێک یا شـتێک دادان. ٢ـ (کنـ.) سەرکۆنە لێدان، تەوس تێگرتن. || **پللاری کـوێری**: ١ـ پلاری بێ ئامـانج و نیـشـانە. ٢ـ (مجـ.) کـار و ئیـشـێکی لە سـەر شـانس و بەخت ئەنجـام دان. ::

**پله** (نا.)[پەهـ: پەرەک] ١ـ هەرکـام لە دار یا میله چووکـەکانی نەردیوان کـە بۆ پللاری کوێرییە یا دەیگرێ یا نایگرێ. & تیری کوێری

**پلنگ**[1] (نا.)[باک] بڕ: پشکۆ/٢

**پلنگ**[2] (گیانـ.)[باک] بڕ: پڵینگ

**پلۆخ** (نا.)[؟][باک] سکڵ، بزووت.

**پلوور**[1] (نـا.)[ئەر] ١ـ بڕ: بـلـوێر. ٢ـ بڕ: پلووسک

**پلوور**[2] (گیانـ.)[؟][باک] بڕ: سمۆرە

**پلوورژەن** (ئان. فـا)[پلـوور1 + ژەن] [ئەر] بڕ: بلوێرژەن

**پلووره** (نا.)[هس: پوورە][باک: پلوورە ـ ناو: پلـوورە] ١ـ شـوێنی شـانە هەڵبـەسـتنی هـەنگ، خـەڵێف، شـەڵخـە، پێتاگ. ٢ـ [هەو] بڕ: پلووسک

**پلووسک** (نا.)[باک: پلـووسک ـ ناو: پلووسک، پلوور ـ هەو: پلوورە] ئامێرێکی چێـویی یا کـانزایی نێـو بۆشـە کـە لە لێـواری بان دەگـیـرێ هەتا ئاوی بارانی پێدا بێتە خوار و هەندێک جار لوولەیەکە کە ئاوی باران لە سـەربانـەوە هەتا نزیک زەوی دەهێـنـێ، لـووس، لووسـاوک، سووولاوکە، چرک، چرۆنەک، چرتک.

چوونه ســـــەر پێی لە ســــەر دادەنێن، پێپیلکە، پێپلکە، پلیکە. ٢ـ هەر کام لە سەکۆکانی پلەکان، پلیکە. ٣ـ دەرەجە، ئەندازە، رادە. ٤ـ پایە، مـــەقـــام، پلە و پایە.

**پلەبەرز** (ئان. ل)[پلە + بەرز] کەسێک کە پلە و پایە و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی لە ســــەرە، پایەبڵند، پایەبەرز. **~ بوون:** پلەی بەرز هەبوون و خـــــاوەن کەسایەتی بوو لە کۆمەڵگا دا، پایەبەرز بوون. **~ کردن:** پلە و پایەی کەسێک بردنە سەر، بەرز کردنەوەی پلە و رادەی کەسێک،پایەبەرز کردن.

**پلەبەرزیی** (حم.)[پلەبەرز + ئیی] پلەی بەرزی کـــۆمـــەڵایەتی هەبوون، پایەبەرزیی، پایەبڵندیی.

**پلەکان** (نا.) بڕ: پلیکان

**پلیسرک** (گیانـ.)[باک ـ باش] بڕ: پەڕەسلێرکە

**پلیـــســـرگ** (گـــیـــانـ.)[ئەر] بڕ: پەڕەسلێرکە

**پلیـــســـیـــری** (گـــیـــانـ.)[هەو] بڕ: پەڕەسلێرکە

**پلیکان** (نا.)[پەهـ: پەررەکـان. فـار: پلکان ـ گیل: پەلتەکۆن، پێلەکان. باک: پێلەکان، پێلووک ـ ناو: پلیکان، پلەکان] هەرکام لە کۆمەڵە سەکۆیەک کە بۆ چوونە سەر و بەرزایی بە شوێن یەک دا داندراون.

**پلیکە** (نا.) پلەی نەردیوان و پلەکان.

**پڵ** (نا.)[بڕ: پەڵە] خاڵ و پەڵەی سەر لەش و پێست.

**پڵاو** (نا.)[تات: پێلا ـ فار: پلو ـ بیر: پەلۆو ـ کرم: پۆلۆو ـ گیل: پەلە، پەلا. باک: پیلاڤ ـ ناو: پڵاو ـ هەو: پڵاو ـ زا: پیلاو] برنجی کوڵاو، پاڵێوراو و دێم کراو و رۆن بە سەر داکراو. (پڵاو لە پەیوەندی دەگەڵ ناوەرۆک یا خۆرشتەکەی چەند جـــۆری هەیە وەک: ســـــەبزی پڵاو، پڵاوگۆشت، پڵاوخۆریشت، شویت پڵاو، نیسک پڵاو، ... ). **~ خواردن:** (کنـ.) شایی بوون، بەزم و ئاهەنگ و خۆشی هەبوون لە مـــاڵێک. **~ دان:** (کنـ.) میوانی گەورە دان، شایی کردن، ئاهەنگ گێڕان. ؛؛ کەی ژنێکی دێنی پڵاوێکمان بدەیەی؟ ژنیش ناهێنی پڵاوەکەمان هەر بدەیە.

**پڵاوپاڵا** (نا. ل)[پڵاو + پاڵا2][ئەر] بڕ: پڵاوپالێو

**پلاوپالێــو** (نا. ل)[پلاو + پالێــو] سـوزمه و سـەلەی پالاوتنی برینج، برینج پالێو، پلاوپالا.

**پلاوخـۆران** (نا. ل)[پلاو + خـۆر2 + ئان1/٤] رۆژی خۆشیی و شایی.

**پلپلە** (نا. ل)[پل + پل + ئە] بڕ: پلپلە

**پلـتۆخ** (ئان.)[؟] ١- پیس و پۆخلی، پیـسکێـر، کـارپیس. ٢- شل و شـەوێق، خۆنەگرتوو، پلپ.

**پلــتــۆک** (نا.) ١- بڕ: پتــە. ٢- بڕ: پەلەپیتکە

**پلتە** (وشد.) دەنگی هەوا لە دەرپەڕین و دەرکـێـشـانی سـەر و زارکی بوتری و شتی لەم بابەتە. **~ لێـهێنان:** ساز کـردنی دەنگی پلـتـە بە دەرکـێـشـان یا دەرپەڕاندنی زارکی بوتری و شـتـی لەم بابەتە. **~ هاتن:** پەیدا بوونی دەنگی پلتـە لە دەرکێشان و دەرپەڕینی زارکی بوتری.

**پلمە** (وشد.) بڕ: پرمە

**پلـمەپلم** (وشد.)[پلـمـە + پلم] بڕ: پرمەپرم

**پلنگ** (گیانـ.) بڕ: پڵینگ

**پلۆخ** (نا.) بڕ: پلێش

**پلـۆخـاندنەوە** (چا. م)[لە: پلـۆخ] بڕ: پلێشاندنەوە

**پلـۆخـانەوە** (چا. ل)[لە: پلـۆخ] بڕ: پلێشانەوە

**پلۆخاو** (ئان. فا)[لە: پلۆخانەوە] بڕ: پلێشاو

**پلێتە** (نا.)[ئار: پلیتە] ١- تەنراوێکی لۆکــەیی باریک و پانە کـــە بۆ چرا و ئـامــرازێک کــە بە نەفت ئیش دەکــەن هەڵدەکـێـشـرێ هەتا نەفت هـەڵمـژێ و بایسێ. ٢- پەڕۆیەکی لوول دراو کـە زوو بۆ پاک کـردنـەوەی نێــو برین و کـێم کەلکیان لێوەردەگرت. ٣- چڵکی گرمۆڵە و هەستاوی لەش دوای کیسە لێدان. ٤- ریشـاڵی دەرکـەوتووی تەنراو. & فـتـیلە، فتێڵە، پتیلە. **~ بادان:** ١- بادانی لۆکە و شتی لـەم بابەتە بۆ ساز کردنی پلێتە. ٢- (کنـ.) چڵک هەســتـاندن لە لـەش بە دەست یا کیسە.

**پلـێتەکێش** (نا. ل)[پلـێتـە + کێش] دارێکی چووکی لەلەکراو کـە بۆ پلـێـتـە تێهەڵکێشان کەلکیان لێوەردەگرت.

**پلێخ** (نا.) بڕ: پلێش

**پلـێخـاندنەوە** (چا. م)[لە: پلـێخ] بڕ: پلێشاندنەوە

**پڵـێـخـانەوە** (چا. ل)[لە: پڵـێخ] بڕ: پڵێشانەوە

**پڵێخاو** (ئان. فا)[لە: پڵـێخانەوە] بڕ: پڵێشاو

**پڵێش** (نا.) فلَچ، پڵێخ، پلۆخ.

**تێبینی:** پڵـێش دەگـەڵ وشـەی پرژ هـاوڕیشــــەیە بە لەبەر چاو گــرتنی ئاڵوگۆڕیی دوو پیتی **ل** و **ر** دەگەڵ یەکتر.

**پڵێشاندنەوە** (چا. م)[لە: پڵێش] پان و فــــلَچ کـــردنەوە، لە ژێر پێ یا بە قــــوورســــایی دیکە پان کــردنەوە، پڵێخاندنەوە، پلۆخاندنەوە.

**پڵـێـشـانەوە** (چا. ل)[لە: پڵـێش] پان بوونەوەی شـتێک لەبەر قـوورسایی زۆر، پان و فــلَچ بوونەوە، پڵـێــخــانەوە، پلۆخانەوە.

**پڵـێـشـاو** (ئان. فا)[لە: پڵێشـانەوە] حاڵی شتێک کە پان و فلَچ بوو بێتەوە، پلۆخاو، پڵێخاو

**پڵێنگ** (گیانـ.)[سان: پرداکو ـ پەهـ: پەلەنگ. باک: پلنگ ـ ناو: پڵێنگ، پڵنگ ـ هـەو: پاڵنگ] گــیــانداری درندەی گۆشتخۆری گەورەیە، پێست ئەستوور و سـپـیـیـە و خـاڵی رەشی لە سـەرە و لە ئاسـیـا و ئافـریـقـا دەژی و چەند جـۆری هەیە، زوو لە کـوردسـتـان هەبوە بەڵام ئێستاکە ئاسەواری براوە.

**پڵـێنگیی** (ئان. ل)[پڵـێنگ + ئیی] شـێـوە رەنگی پنۆک پنۆکی وەک لەشی پڵێنگ.

**پمپار** (گیا.)[؟][باک] بڕ: پرپرە

**پن** (نا.)[؟] ١ـ خاڵ، پەڵە، پنۆک، پنک. ٢ـ (گــیــانـ.) جــانەوەرێکی چووکی ســوورکـەلە کـە بە ئاژەڵەوە دەنووسێ، قرنوو، زچ.

**پنتک** (نـا. ل)[پن + تک] هـەندێکی کەم، کەمێک، نەختێک.

**پنتی** (ئان.)[تور: pinti] ١ـ کەسێک کـە زۆر گـوێ نەداتە پاک و خـاوێنیی، پیسکێر. ٢ـ تەمبەڵ و بێکارە

**پنج** (نا.)[بڕ: بنج] ١ـ رەگ و ریشـەی گیا، بنج. ٢ـ بنەگیا، پنجاڕ. ٣ـ رەگەز، رەچەڵەک. ∷ زێباری ... ئەوانە لە پنج و رەگـەزی سـەعـیـدن ... (سـەعـیـد و میرسێوەدین ل ٢٧٨). ٤ـ مادەیەک کە لە تێکەڵاوی زەردینەی هێلکە یا پیو و قسڵ و لۆکـە یا مـوو سـاز دەکـردرێ بۆ پینە کـردن و گـرتنی درز و قـەڵشی دەفـری گڵێنە و کونی حەوز و شتی لەم بابەتە،

پیداڕوو، پنچ، پەنج. ~ **کردن:** ١- پینە کـردن بە پـنج. ٢- (کنـ.) چارەسـەریی کـارێک کـردن، حـەل کـردن، جـێبـەجێ کـردن. & پـنچ کـردن. ~ **لێنان:** پینە لێدان لە دەفر و گرتنی کون بە پنج.

**پنجاڕ** (گیا.)[پنج + جاڕ] ١- بنەگیا، پنچک. ٢- [باک - زا] ئەو گیایانەی کە بۆ خواردن دەبن.

**پنج و مۆر** (نا. ل)[پنج + و + مۆر] ١- پنج، پیداڕوو. ٢- (کنـ.) شات و شـووتی بـە درۆ. ٣- یاسـا و زاکـوونی ئـیـزن پـێنـەدانی بـە کـچ بـۆ دەرەوە. ⁘ وەڕەز بووم لەو ژیان و پنج و مـۆرە/ بە ئازادیی بژیم تـاوێکی زۆرە (ناڵەی جـودایی ل ٦٣). ~ **کـردن:** ١- گـرتنی درزی و قـەڵش بە پـنج و پیـداڕوو. ٢- (کنـ.) بەستنەوەی کچ و ئافرەت لە ماڵ و ئیزنی چوونە دەر پێنەدان. ~ **لە خـۆ نان:** (کنـ.) خـۆ بە گـرینگ و زۆر نواندن و نیشان دان لە لای خەڵک.

**پنچ** (نا.) بڕ: پنج/٣. ~ **کردن:** بڕ: پنج کردن

**پنچک** (گیا.)[پنچ (پنج) + چک] دار و درەختی چووکە کە زۆر لە زەوی بەرز نابنەوە، بنچک، دەوەن.

**پند** (ئا.)[؟][باک] قوون، کونگ.

**پندر** (نا.)[؟] ١- چرچ بوونی پێست بە هۆی ئاو، پیـرەڵۆک، پنر، پنگر. ٢- کـزر، چرچ، نـیـوەویـشک. ~ **بوونـەوە:** پیرەڵۆک بوون، پنگر بوونەوە.

**پنر** (نا.) بڕ: پندر

**پنک** (نا. ل)[پن + ک] نـوقـتـە، خـاڵ، پنۆک.

**پنـک پنـک** (ئان. ل)[پنـک + پنـک] خاڵدار، پنۆک پنۆک.

**پنگ** (گـیـا.)[بەخ: پوودینە - کـرم: پوودێنا - دەر: پـوودینە - فـار: پونە - لۆر: پینە - گـیل: پوتینەک، پوتەنەک. باک: پوونگ - ناو: پنگ، پنگە، پونگ، پونگە - باش: پـوونـە - هـەو: پووینـە، پـوونـە - زا: پونە، پونگ] ١- گیایەکی خۆڕسکی بۆن خـــۆشـــە وەک نـەعنـا، زۆر هـەڵنادا، گـەڵاکـانی بە شکڵی بەیزی و گـرنی گـرنییـە، زۆرتر لە جـێی شێ دار و بە تایبـەت لە دەم جـۆگـە دەڕوێ، بە کـاڵی دەخـورێ و دەگـەڵ هەندێک چێـشت و خـواردنیش لێ دەندرێ. بۆ ئەعـسـاب و زگ چوون و هـەزمی خواردەمەنی باشە و بۆ دەرمـان و سـابوون سـاز کـردنیش کـەلکی لێـوەردەگـرن، Mentha pu-

legium ناوی عـیلمی ئەم گـیـایەیە. ٢ـ (کنـ.) کـەم، هیچ، بێ بـایەخ. ‌ ‌بۆ دەنا پنگم نامـبەنە شـایی. **بە ~ دانان:** بە کەم گرتن و بە هیچ دانانی کەسێک. ‌ ‌پیاوی خوێری وا بە پنگیشی دانانێم.

**پنگر**1 (نا.) بڕ: پەنگر

**پنگر**2 (نا.) بڕ: پندر. **~ بوونەوە:** بڕ: پندر بوونەوە.

**پنگرکـێش** (نا. ل)[پنگر1+ کـێش] ئاسنێکی هەندێک درێژە وەک ئەستێوڵک کە سـەری خوار کراوەتـەوە و دەسکێکی چێــوی هەیە بۆ راکـێـشـــان و دەردانی پۆلووی ئاگر و خۆڵەمێش لە سۆبە.

**پنگل** (نا.)[باک] بڕ: پەنگر

**پنگە** (گیا.) بڕ: پنگ

**پنۆ** (نا.) بڕ: پەڵە

**پنۆک** (نا. ل)[پن + ئۆک] خـاڵی پان و چووکی ســەر لەش و پێـستـی مـرۆڤ یا گیاندار، پنۆ پەڵە.

**پنۆک پنۆک** (ئان. ل)[پنـۆک + پنۆک] پەڵە پەڵە، خاڵدار، پنک پنک.

**پنە** (نـا.)[باک: پنـە ـ نـاو: پنە ـ هـەو: پنێ] تەختـەیەکی پانی چوارگۆشی لێک و لووسـە لە نانەواخانە یا ئەو شوێنانەی کـار بە هـەویر دەکـەن، ئەنگوتکی لە سـەر پان دەکەنەوە، پێشـخـوان/٢، دەرخـوون، خوان.

**تێبینی:** من پێموایە ئەم وشـە هـەر لە پان کــەوتوە، بەڵام بۆچی نەبۆتە پانـە یا پانکە نازانم.

**پنی** (نـا.)[باک] ١ـ بڕ: پـەڵە. ٢ـ بڕ: پینە

**پنیکەر** (ئان. ل)[پنی + کـەر3][باک] بڕ: پینەچی

**پنێ** (نا.)[هەو] بڕ: پنە

**پـواز** (نـا.)[نـاو: پـواز ـ هــەو: پـواز] سنگێکی چووکـە لە دار یا ئاسـن کـە لە کـاتی قـەڵەشـاندنی دار دە نێـوی دەنێن هـەتا یـەک نـەگــرێتـــەوە، هـۆرە. **دار بە ~ی خـۆ قـەڵەشێن:** (کنـ.) تێشکان و فەوتان بە دەست کەسی نزیکەوە.

**تێبینی:** پغاز (پەغاز) و براز (بەراز) لە فـەرهـەنگەکانی فـارسـیش دا هـەر بەم مانایە هاتوون.

**پـوازنـاو** (نـا. ل)[پـواز + نـاو2] بـڕ: پازناو

**پوان** (چا. ل)[ئەو: پەڤ] تێکچــوون و لێک هـەڵوەشـانـەوەی تان و پۆی شـتـێک

لەبەر تێپەڕینی زەمان، پەڕپووت بوون، رزان، رزین.

**پوار** (نا.)[لە: پوان] زۆر رزیو، پۆ.

**پوارتک** (نا. ل)[پوار + تک] دەروون و رزیوی دار و دروختی هلۆڵ.

**پواو** (نا. مف.)[لە: پوان] هەرچی کە رزیبێ، رزیو، پەڕپووت.

**پوچ**[1] (ئان.)[زا] بڕ: پووچ1

**پوچ**[2] (نا.)[؟][زا] گـۆرەوی، پووچ، پوچک، پونج.

**پوچک** (نا. ل)[پوچ2 + ک][زا] گۆروا، گۆرەوی، پووچ، پوچ.

**پوخت** (نا. چا)[فار: پخت (پۆخت) لە: پختن (پۆختەن)] ١ـ تێگەیشتوو، بە ئەزموون. ٢ـ ژن یا پیاوی بە ئەزموون و پێگەیشتوو. ٣ـ رێکوپێک و خاوێن. ٤ـ تەواو، لەبار، بێ کەموکووڕیی، پوختە. **~ بوون**: ١ـ تێگەیشتن و بە ئەزموون بوون. ٢ـ رێکوپێک و خاوێن بوون. ٣ـ بێ کەموکووڕیی بوون، پوختە بوون، کامل بوون. ⁂ ئەم پارچە شێعرە لە چاو سەنعەتی شیعرییەوە زۆر پوخت نیە (چەپکێ گوڵ ل ٥٤). **~ کردن**: ١ـ پێگەیاندن، باش پەروەردە کردن و بارهێنان. ٢ـ رێکوپێک ئەنجام دانی کارێک.

**پوخت و پاراو** (ئان. ل)[پوخت + و + پاراو] ژنی پاک و رێکوپێک و ماڵدار. **~ بوون**: رێکوپێک و ماڵدار بوون.

**پوختە** (نا. مف.)[فار: پختە] ١ـ گەیشتوو، گەییو، پێگەیشتوو، بە ئەزموون. ⁂ ئەو زولفە دووتایە چ تەلیسمێکە چ دامە/ سووتاوە ئەوی پوختەیە بەو عەنبەرە خامە (وەفایی ل ١٣٥). ٢ـ تەواو، لەبار، بێ کەموکووڕیی. **~ بوون**: ١ـ پێگەیشتن و کامل بوون. ٢ـ پڕ و تەواو بوون، رێکوپێک و بێ کەموکووڕیی بوون. ⁂ شێعرەکانم پوختە نەبوون، لاسای شاعیرە کۆنەکانم کردبۆوە (تاریک و روون ل ١٥). **~ کردن**: پێگەیاندن، کامل کردن. ٢ـ ساز کردن بێ کەموکووڕیی، تەواو و رێکوپێک کردن. ⁂ بریا کلێک بام لە کن سوبحانی/ پوختەیان کردبام لە کن لوقمانی (گەنج ل ٦). || **پوختەی قسە**: سەرجەم و خولاسەی قسە و رووداو و کارەساتێک. ⁂ پوختەی قسەکانتم پێبلێ با بزانم دەڵێی چی.

**پوش** (نا.)[برِ: پووش][زا] گەڵا

**پوشکە** (نا.)[پوش + کە] برِ: پشکە

**پونج** (نا.)[زا] برِ: پوچ2

**پونگ** (گیا.) برِ: پنگ

**پونگە** (گیا.) برِ: پنگ

**پونە** (گیا.)[زا] برِ: پنگ

**پویل** (نا.)[باش] برِ: پووڵ

**پۆ**[1] (نا.)[تەب: پێ ـ ماز: پی ـ فار: پوود ـ کرم: پو، پوە. ناو: پۆ ـ هەو: پۆ] ١ـ تاڵی هەر تەنراوەیەک کە بە لای پانایی دا هاتبێتەوە. // تان، رایەڵ. ٢ـ لکی باریکی دار، لک و پۆ. ٣ـ پەڕ، پەڕ و پۆ.

**پۆ**[2] (نا.)[لە: پوان] رزیو، پەڕپووت، پوار.

**پۆپ** (نا.)[برِ: پۆڕ2] ١ـ پۆپەی کەڵەباب. ٢ـ تووکی سەر، پۆڕ.

**پۆپکە** (نا. ل)[پۆپ + کە] ١ـ دوندی کێو، ترۆپک، پۆپە. ٢ـ پلە گۆشتی قیت و سووری سەری کەڵەباب، پۆپە، پۆپیتە، پۆپنە. ٣ـ هەندێک تووکی زێدە و قیت لە سەر مریشک یا پەلەوەری دیکە، پۆپنە. ٤ـ سەری سیرەتی پیاو، زۆپکە.

**پۆپن** (ئان. ل)[پۆپ + ن] مەلی کاکۆڵدار، پۆپنەکی، پۆپنە.

**پۆپنە** (نا. ل)[پۆپ + ن + ە] ١ـ پلە گۆشتی سووری سەر کەڵەباب و قەلەموونە و باڵندەی دیکە، پۆپە، پۆپیتە، پۆپکە. ٢ـ هەندێک تووکی زێدە و قیت لە سەر مریشک یا پەلەوەری دیکە، کاکۆڵی مەل، پۆپکە. ٣ـ مەلی کاکۆڵدار، پۆپن، پۆپنەکی. || **پۆپنە بە گوو:** (کن.) پیاوی خوێڕی و هیچ و پووچ.

**پۆپنە کەڵەشێرە** (گیا.)[پۆپنە + کەڵەشێر + ە] برِ: پۆپەکەڵەشێرە

**پۆپنەکی** (ئان. ل)[پۆپنە + ک + ئی] مەلی سەربەقیتکە و کاکۆڵدار، پۆپن. ⁘ چوڕەپۆپنەکی

**پۆپە** (نا. ل)[پۆپ + ئە] برِ: پۆپکە

**پۆپەرەشە** (نا. ل)[پۆپە + رەشە] دەردێکە ئەگا بە کەڵەشێر و مریشک، پۆپنەی رەش هەڵئەگێرێ و ئەیکوژێ (خاڵ ب ١ ل ٢٢٤).

**پۆپەژمین** (نا. ل)[پۆ 1+ پەژم (پەشم) + ئین] برِ: پۆپەشمین

**پۆپەشمین** (نا. ل)[پۆ1+ پەشمین] پێخەفێکی تەنک کە لە خوری سازی

دەکەن، پۆپەژمێن.

**پۆپەکەڵەشێرە** (گیا.)[پۆپە + کەڵەشێر + ئە] گیایەکی یەکساڵەیە، هەتا نیو گەز هەڵدەدا، گوڵێکی سوور کە شێوەی پۆپەی کەڵەباب دەدا، دەکا هەر بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە. Am-aranthus ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، پۆپنەکەڵەشێرە، تاج خرووس.

**پۆپیتە** (نا. ل)[پۆپ + ئیتە] بڕ: پۆپکە/٢.

**پۆت** (نا.)[ئەو: پووئیتی، پەھ: پووت، پووتەک. تەب: پیت ـ کرم: پووت، پیت (پووک). ناو: پۆت، پووت، پۆتە، پۆتین] ١ـ رزیو، پۆ. ٢ـ خۆڵی زۆر ورد، خۆڵە پۆتە. ‹‹ دەنگۆ لەبۆم بڵێنەوە بە سوێسنێ، هەڵاڵێ، بەیبوونێ/ دەبلا سەری خۆ بێنێتە دەرێ لە خۆڵێ لە پۆتێ (پایزە ل ٥٩). ٣ـ پووچ، پووچەڵ، پووک. ٤ـ چرچ، لۆچ.

**تێبینی:** پۆت و هاوتاکانی لە چاوگی پەڤ pav ـ ی ئەوێستایی و پوان و پۆرتکان ـ ی کوردیی بە مانای رزان کەوتوون.

**پۆتراک** (نا. ل)[ناو: پۆتراک، پۆتەراک، پۆتلاک، پۆتەلاک] سەر و گوێلاکی مرۆڤ، سەروسەکوت.

**پۆتک** (نا.)[باک] پەڕۆ

**پۆتلاک** (نا. ل) بڕ: پۆتراک

**پۆتە** (نا. ل)[پۆت + ئە] بڕ: پۆت

**پۆتەراک** (نا. ل) بڕ: پۆتراک

**پۆتەلاک** (نا. ل) بڕ: پۆتراک

**پۆتین**[1] (نا. ل)[پۆت + ئین] بڕ: پۆت

**پۆتین**[2] (نا.)[فەر: bottine] جۆرێک کەوشی چەرمە، لاسکی هەتا سەرەوەی گوێزینگ دێ و قایمە.

**پۆخ**[1] (نا.)[؟] گۆپکەی دار و درەخت بەر لە پشکووتن، چرۆ، پۆخک. ٢ـ [ئەر] بنی برین، ریشەی کوان، پۆرتخ، پۆرتخە.

**پۆخ**[2] (نا.)[تور: پۆخ] پیسایی مرۆڤ، گوو. ~ **دەر کەوتن:** (کنـ.) ئاشکرا بوونی کارێکی نالەبار، گەند هاتنە دەر.

**پۆخک** (نا. ل)[پۆخ1 + ک][باک] غونچە، چرۆ، گۆپکە.

**پۆخڵ** (ئان. ل)[پۆخ2 + ڵ] مرۆڤی پیس و چڵکن، پیسکێر، پۆخڵی، پەڵۆخ.

**پۆخڵە** (نا. ل)[پۆخ1 + ڵە] بڕ: پۆرتخە

**پۆخڵەوات** (ئان. ل)[پۆخڵ + ئه + وات] ١ـ شتی پیس و بێ کەلک. ٢ـ کاری بێنرخ و قۆڕ.

**پۆخڵی** (ئان. ل)[پۆخ2 + ڵی] چڵکن و پیس، پیسکێر، پۆخڵ.

**پۆخین** (نا. ل)[پۆخ1 + ئین] ئاردی گەنمی بۆدراو، قاوت.

**پۆر**[1] (نا.)[باک] بڕ: پۆڕ1

**پۆر**[2] (نا.)[باک ـ زا] بڕ: پۆڕ2

**پۆرا** (نا.)[سۆر] بڕ: پۆڵا

**پۆرت** (نا.)[لە: پۆرتکان] بەشێکی زۆر کەم لە شتێک، پرتک، پرتکە.

**پۆرتخ** (نا.)[ئەر] بڕ: پۆرتخە

**پۆرتخە** (نا. ل)[پۆرتخ + ئه] بن و ریشەی برین و کوان، پۆخ، پۆخڵە، پۆرتخ

**پۆرترە** (نا.)[فەر: portrait] وێنە و نەققاشی روخساری مرۆڤ.

**پۆرتک** (نا. ل)[پۆرت؟ + ک][ئەر] کڵاو و دەسماڵی ژنان.

**پۆرتکان** (چا. ل)[ئەو: پەڤ] رزین و تێکچوون و لێک هەڵوەشانەوەی تان و پۆی شتێک لەبەر تێپەڕینی زەمان، پەڕپووت بوون، رزان، رزین، پوان.

**پورتکاو** (ئان.)[لە: پۆرتکان] رزیو، پواو، پەڕپووت.

**پۆرخز** (ئان.) ١ـ زل، زەلام، قەبە. ٢ـ خوێڕیی و بێکارە، هیچ و پووچ. ٣ـ گیانداری لاساری مانگر.

**تێبینی:** هاوڕیشەی ئەم وشەیە لە فەرهەنگەکانی زمانی فارسی دا بە شێوەی پرخش (پەرەخش) فرخج (فەرەخج) بە مانای ناحەز و کرێت و چەپەڵ هاتوە.

**پۆرگ** (نا.)[هس: پرگ] ١ـ هەوا کە بە شکڵی گۆیەک لە کەفی سابوون پەیدا دەبێ، پەقک. ٢ـ نیوەگۆیەک کە بە هۆی باران لە سەر ئاو پەیدا دەبێ، بڵق. ٣ـ گۆیەک کە لە مرۆڤ بە فوو لە بنێشتی نێو زاری یا بە تف سازی دەکا و دەیتەقێنێ. ٤ـ چڵمی هەڵتۆقیوی سەر تفنک. ٥ـ نێرکی دوومەڵ و کوان. ٦ـ بەرگی خونچەی گوڵی نەپشکووتوو (خاڵ ب ١ ل ٢٢٥). ٧ـ قەباغی چەڵتووک و پەرشت (کشت و کاڵ ب ١ ل ٦٥). ‖ **پۆرگی چاو:** پێڵوو. ⁝⁝ ئەبرۆت کەمەندی لە من کێشاوە وەکوو تیژەپەڕی رەشەداڵی/ سێ ڕێز لە پشتی پۆرگی

چاوت خـوار و جـووت بوون، پیـرۆزەییـە خاڵی (لاس و خەزاڵ ل ١٢٣).

**پۆڕ**[1] (گـیـانـ.)[پەهـ: پۆر. باک: پۆر ـ ناو: پۆڕ ـ هـەو: پۆڕ] باڵندەیەکە لە کـەو گەورەتر و قەڵەوتر، پەڕەکانی خاڵی ڕەش و سپی تێدایە و گۆشتی زۆر خۆشە. (لە فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیی دا ڕویشتنی بە کەشم و نەشمی ژن بە ڕەوتی پۆڕ دەشوبهێنن)، Francolinus ناوی لاتینی ئەم مەلەیە، زێوەکەو، پۆڕی بەڵەک. || **پۆڕی بەڵەک:** پۆڕ. ∷ کـوتی کیژێ ئەتۆ پۆڕی بەڵەکی ئەمن شەهێنم/ هەچەند دەکەم دڵم نایە بێم ئەگەر بتژاکێنم (لاس و خەزاڵ ل ٨٦). پۆڕی بەڵەک قەراری ئەوەیە: باڵێک دەفرێ و دواباڵ لەنگەری باڵی ڕادەگرێ (شێخ فەرخ ل ١٤٢).

**پۆڕ**[2] (نا.)[لۆر: پوپ (پۆپەی کەڵەباب و کاکۆڵ). باک: پۆر ـ ناو: پۆپ، پۆڕ ـ زا: پۆر، پۆڕ] تووکی سەر، مووی سەر. ∷ کەر بە جل و جۆڕ/ ژن بە سەر و پۆڕ (فۆلکلۆر ل ٩٥).

**پۆڕ**[3] (ئان.)[هس: پڕ] ١ـ دەگەڵ وشەی پان دێ و مانای بەرین و هەراو دەدا. ∷ پان و پۆڕ. ٢ـ [ئەر] چڕ، چڕوپڕ.

**پـوز**[1] (ئـا.)[پـەهـ: پـووز، پـووزەک، پۆزەک. پەش: پۆزە ـ فـار: پـوزە ـ کـرم: پوزە. باک: پۆز ـ ناو: پۆز، پۆزە، لمبۆز، قەپۆز ـ زا: پۆزە] ١ـ کەپۆ، لووت، قەپۆز. ٢ـ دەم و لەوس. ٣ـ لمبۆزی حەیوان، پۆزە، لمۆز، قەپۆز. ٤ـ زەنبوورەی ئاش، پووزکە.

**پۆز**[2] (نا.)[فـەر: pose] ١ـ سـەر و سەکوت و بیچمی ڕواڵەت. ٢ـ فیز، دەعێ، بەرزەلووت. . **بە ~ بوون:** بە دەعێ بوون، بە فیز بوون. ∷ ماوەیەکە بە پۆز بووی و سەرمان لێنادەی! **~ دان:** قیافە گرتن بە کەسێک یا شتێکەوە، پۆز لێدان. **~ لە سەر لێدان:** خۆ لە کەسێک زیادتر زانین و خۆ گرتن، لووت لە حەوا کردن و بە لای کەسێک دا تێپەڕین. **~ لێدان:** قیافە گرتن بە کەسێک یا بە شتێکەوە، پۆز دان.

**پۆزمک** (نا. ل)[پۆز1 + مک][باک] ١ـ بڕ: بزمک. ٢ـ [زا] لووتەوانە، خەزێم.

**پۆزە** (ئا.)[بڕ: پۆز1] ١ـ دم و لووتی حەیوان، پۆز، لمبۆز. ٢ـ [زا] کەپۆ، لووت.

**پۆزەبەن** (نا. ل)[پۆزە + بەن] زاربێنی بێچووی ئاژەڵ، دمبێن.

**پۆزەخووگە** (گیا.)[پۆزە + خووگ + ئە] یەکێک لە بەرەکانی دارمازوو (کشت و کاڵ ب ١ ل ٦٦). جۆرێکە لە بەری دارمازوو وەک لمۆزی بەراز وایە (خاڵ ب ١ ل ٢٢٥).

**پـۆزەوانـە** (نـا. ل)[پـۆزە + وانـە] ئاڵقەیەک کە لە لووتی حەیوانی دەکەن.

**پۆس** (نا.)[هەو ـ ئەر] بڕ: پۆست

**پۆست**[1] (نا.)[باک ـ هەو ـ ئەر][ بڕ: پێست] ١ـ پێست. ٢ـ تۆێکڵ. ٣ـ چەرم. ٤ـ کەوڵ. **~ کردن:** ١ـ کەوڵ کردن ٢ـ تۆێکڵ کـردن، تۆێکڵ لێکردنەوە. **~ کەندن:** کەوڵ کردن. **~ کرتنەوە:** بڕ: کەوڵ کردن.

**پۆست**[2] (نا.)[لهستانی: poczta لە لات: positus] ١ـ جۆرێک کەرەسەی پەیوەندی گشتییە کە دەوڵەت هەڵیدەسوورێنێ، یانەیەکە کە بەستە یا نامەکانی نووسراو و تەمر لێدراوی خەڵک بۆ ئادرێسێکی کە لە پشت پاکەت نووسراوە دەگەیەنێ، پۆستە. ٢ـ سندووقێکە سەر بە یانەی پۆست کە لە شەقام و شوێنی دیکەی شار دادەندرێ و خەڵک خۆی تەمر لە نامەکەی دەدا و لەو سندووقانەی داوێ، سندووقی پۆست. ٣ـ بنکەی پاسەوان و نیگەهبان، پاسگا. ٤ـ نیگەهبانیی، کێشک، پاس. ٥ـ مەنزڵ و قۆناغ. ٦ـ پلە و دەستەڵات و بەرپرسیی لە یانە و دەزگاکان. **~ کردن:** ١ـ بەڕێ کردنی نامە بە پۆست دا. ٢ـ (کنـ.) لە خۆ دوور خستنەوەی کەسێک، خۆ لە دەست کەسێک یا شتێک رزگار کردن، دە قۆچەقانی نان. || **پۆستی زەوینی:** بار و پۆستێک کە بە رێگای زەوی دا بە بەڕێ بکردرێ و هەرزانترە لە پۆستی هەوایی. **پۆستی هەوایی:** بار و بەستە و نامەیەک کە بە فڕۆکە بەڕێ بکردرێ. **پۆستی ئەلەکترۆنی:** نامە و پۆست بە ئینترنیەت.

**پۆستچی** (نا. ل، ئان. ل)[پۆست2 + چی] کەسێک کە نامە و بەستەی پۆست کراو بۆ ناو و نیشانی سەر پاکەت دەبا، نامەبەر، پۆستەچی.

**پۆستخانە** (نا. ل)[پۆست2 + خانە] یانەی پۆست، ئەو شوێنەی کە خەڵک بەستە یا نامەکەی لێ پۆست دەکا، پۆستەخانە.

**پۆستە**[1] (نا.)[ئەو: پەستە][زا] بڕ: پێست

**پۆستە**[2] (نا.) بڕ: پۆست2

**پۆستەچی** (ئان. ل، نا. ل)[پۆستە2 + ئە + چی] بڕ: پۆستچی

**پۆستەخانە** (نا. ل)[پۆستە2 + خانە] بڕ: پۆستخانە

**پۆسک** (نا.)[هس: پزوو] ١ـ کونی خوارەوەی دۆلاش. ٢ـ (مجـ.) قوون، کونگ.

**پۆسکە** (نا. ل)[پۆسک + ئە] ١ـ گلۆوێنەی تەندوور. ٢ـ کونی خەڵێف کە مێش هەنگوێن هاتوچۆی پێدا دەکەن.

**پۆسین** (نا. ل)[پۆس + ئین][ئەر] جلی ساز کراو لە کەوڵی حەیوان، کەوڵ، کەوڵپۆس.

**پۆش** 1 (پاشگـ.) لە رەگی پۆشین دەکەوێ و لە وشەی لێکدراو دا: ١ـ مانای پۆشەر دەدا. ∷ رەشپۆش، کەواپۆش. ٢ـ مانای داپۆشەر دەدا. ∷ سەرپۆش، رووپۆش. ٣ـ مانای شاراوە دەدا. ∷ خەتاپۆش، عەیبپۆش.

**پۆش** 2 (ئان.)[باک: پۆش ـ ناو: پۆش، پۆشە] بزنی رەشی گوێ سپی.

**تێبینی:** پۆش دەگەڵ وشەی بەش و قەشان یەک ریشەیان هەیە (بڕ: بەش) تۆفیق وەهبی و فەرهەنگی کشت و کاڵ و فەرهەنگی ئیزۆلی بە بزنی رەشی گوێ سپییان نووسیوە و لە هەنبانە بۆرینە دا بە بزنی سپی گوێ رەش و لە گوڵ چنینەوە دا بە بزنی گوێ پنۆک پنۆک رەش و سپی تێکەڵ، نووسراون. هەروەتر لە راوێژی بیرجەندیی دا پەدیس بە مانای بزن یا گیسکی گوێ پنۆک پنۆکی سپی لەم ریشەیە.

**پۆشاک** (نا. ل)[پۆش1 + ئاک] هەرشتێک بۆ پۆشین و دەبەر کردن دەست بدا، جل و بەرگ، لیباس، پۆشەن.

**پۆشاکخانە** (نا. ل)[پۆشاک + خانە] شوێنێک کە پۆشاک و جلی لێدادەنێن، ژووری پۆشاک. ∷ هەمزەچاوەش بەرنە پۆشاکخانەی، دەستێ بەرگی نوێی لەبەر کەن (دمدم ل ٦٣).

**پۆشتە** 1 (ئان. ل)[لە: پۆشین1] ١ـ کەسێک کە جل و بەرگی باش و سازی دەبەر دایە. ٢ـ کەسی بە ئیروو و ساز و بەکەیف. & کۆک و پۆشتە، پۆشتە و پەرداخ. **~ کردنەوە:** ١ـ جلی کۆن فڕێ دان و خۆ نوێ کردنەوە بە جلی تازە. ٢ـ ساز و بە کەیف کردنی کەسێک لە باری مادیەوە.

**پۆشتە** 2 (نا.)[زا] بڕ: پشت1

**پۆشته و پەرداخ** (ئان. ل)[پۆشته1 + و + پەرداخ] پۆشته، کۆک و پۆشته.

**پۆشتی** (نا.)[زا] بڕ: پشت1

**پۆشـــران** (چا. ل)[لە: پۆشین] دەبەر کران.

**پۆشـــــمـــــان** (ئان.)[باک - زا] بڕ: پەشیمان

**پۆشه** (ئان.) بڕ: پۆش2. ⁜ هەم بوو، نەم بوو، چەند قـۆشــە/ دام بە بزنێکی پۆشـە/ گۆتمە یارێ بیدۆشە (فۆلکلۆر ل ١١٨).

**پۆشـــەن** (نا. ل)[پۆش1 + ئەن] بڕ: پۆشاک

**پۆشەنی** (ئان. ل)[پۆشـەن + ئی] هەر شتێک کە شیاوی پۆشین بێ.

**پۆشی**[1] (نا. ل)[پۆش (پووش) + ئی] [باک] بڕ: پووشوو

**پـۆشـی**[2] (نا. ل)[پـۆش1 + ئی] بڕ: پۆشین2. ⁜ لە دوور دیارە پۆشـیـیەکەی سـۆرە/ یان یاری خـۆمـە یان زەینم کـۆرە (فۆلکلۆر ل ١٠١).

**پۆشیمان** (ئان.)[باک] بڕ: پەشیمان

**پۆشین**[1] (چا. م)[پەه: پۆشـیـتـەن] ١ـ دەبـەرکــردنـی جـل و بەرگ. ٢ـ پـارچە یا هەر شتێک بە سەر شتێکی دیکە دادان، داپۆشـین. ٣ـ شــاردنـەوە، قــایم کــردن، داپۆشـین. ⁜ ئـەم ســـیـــارۆزیی مـنـە پۆشـیـوییـە عـەیـبی کـەسـان/ ئاشکارە سـەتری ئەحـواڵی گـونەهکارانـە شـەو (مەحوی ل ٢٥٧).

**پــۆشــین**[2] (نـا. ل)[پـۆش1 + ئـین] سەرپۆشێکی رەشی ژنانە کە بە خشڵ و پوولەکـــەی دەیرازێننەوە و لە ســەری دەبەسـتن، پۆشی، پووشین. ⁜ هەوەڵ لە داخت، دووهەم لە قینت/ خـۆم دەخنکێنم بە لکی پۆشینت (کانی مرادان ل ١٢٥).

**پۆشین پێچ** (نا. ل)[پۆشین2 + پێچ] خشڵی سەرپێچ و پۆشین، پووشین پێچ.

**پۆغـه** (گـیـانـ.)[هس: بۆغـە] نەوەنی نەخـــســاو (کـشت و کـاڵ ب ١ ل ٦٦) گوێرەکەی نەخەساو (خاڵ ب ١ ل ٢٢٦).

**پۆک** (نا.)[باک] بڕ: پووک1

**پۆکـه** (وشـد.) دەنگی نـزمی گـریان، پووکـە، نـووکـە. **~ کـردن:** گـریـان بە نزمی، نووکە کردن.

**پۆکـەپۆک** (وشـد.)[پووکـە + پووک] دەنگی پەیتـاپـەیتـای گـریـان بە نـزمی، نووکـەنووک،، پـووکـەپووک. **~ کـردن:**

گریان بە نزمی و بەردەوام، نووکەنووک کردن.

**پۆکەر** (نا.) بڕ: پۆکێر

**پۆکێر** (نا.)[ئین: poker] جۆرێک قومار بە پەڕ، پۆکەر.

**پۆل**[1] (نا.)[ناو: پۆل ـ هەو: پۆل] ١ـ کۆمەڵ و دەستە. ⁑ پۆلێک کچ، پۆلەدارێک، پۆلێک شیلان. ٢ـ دەستەیەک باڵندە پێکەوە. ⁑ پۆلێک قورینگ. ٣ـ کۆمەڵێک خوێندەوار لە کلاسێک دا، کلاس. ٤ـ ساڵی دەرسی. ⁑ پۆلی سێهەم،. ٥ـ بەشێک لە چەند ساڵی دابەش کراوی خوێندن. ⁑ پۆلی سەرەتایی، پۆلی ناوەندیی. ٦ـ پشکۆ، پۆلوو. **~ بەستن:** ١ـ لێک کۆ بوونەوە بە کۆمەڵ و دەستە، ئاپوورە دان. ⁑ داعبای کێویی پۆلیان دەبەست، تەگبیریان دەکرد (گەنج ل ٢٨١). ٢ـ لێک کۆ بوونەوەی دەستەیەک باڵندە و تێگڕا فڕینیان بۆ کۆچ یا بۆ شوێنێکی دیکە. ⁑ باز و پۆڕ پۆلیان بەستووە/ سەرسەوزێکیان پێشڕەوە (کانی مرادان ل ٨٩). || **پۆل بە پۆل:** چەند پۆل پێکەوە، دەستەدەستە، پۆل پۆل. ⁑ لە قریوەی شوان و بێریان، لە دەنگی مەڕ و ماڵی/ پۆل بە پۆل دێنە خواریٚ، بێری برایم جەلالی (کانی مرادان ل ٩٢). **پۆل پۆل:** دەستە دەستە، کۆمەڵ کۆمەڵ، چەند پۆل پێکەوە، پۆل بە پۆل. ⁑ پۆل پۆل ژن و پیاو لە دووی کەر و بار/ سڵاوێک ئەکەن مل ئەنێن بۆ شار (گۆران ل ١٣٨).

**تێبینی:** پۆل لە ریشەی پێرێنا ـ ی ئەوێستایی و پڕ ـ ی کوردیی کەوتوە بە مانای زۆر.

**پۆل**[2] (ئا.)[باک ـ زا] بڕ: پیل1

**پۆل**[3] (نا.)[باک] ١ـ بڕ: پووڵ. ٢ـ بڕ: پوول

**پۆلا** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: پۆڵا

**پۆلات** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: پۆڵا

**پۆلاد** (نا.)[زا] بڕ: پۆڵا

**پۆلان** (نا. ل)[پۆل + ئان][باک: پۆلان ـ ناو: پۆلان] سێهەم مانگی زستان، ڕەشەمە.

**پۆلک** (نا.)[باک] بڕ: پۆڵکە

**پۆلوو** (نا. ل)[پۆل + ئوو] پشکۆی گەشاوەی ئاگر و ڕەژی، سکڵ، سکەڵ، پەرەنگ.

**پـۆلـیـس** (نـا.)[ئـال: polizei] ١ـ یانەیەک کە ئەرکی پاراستنی گیان و ماڵی خەڵکی نێو شاری بە دەستەوەیە، پۆلیسخانە. ٢ـ هەر کام لەو کەسانەی کە لە یانەی پۆلیس کار دەکەن.

**پۆلیسخانە** (نا. ل)[پۆلیس + خانە] یانەی پۆلیس.

**پۆڵا** (نا.)[پەھ: پولاود، پولاد، پۆلاپەت، پۆلاوت، پۆلات، پوولاد، فـوولاد. باک: پۆلا، پۆلات ـ ناو: پۆڵا، پۆرا ـ هەو: پۆڵا ـ زا: پـۆلا، پـۆلاد، پـۆلات] ١ـ ئـاسـنـی لێکدراوە دەگەڵ کەربۆن (نزیک ٢٪)، زۆر سەختە و ١٣٠٠ هەتا ١٤٠٠ دەرەجە دا دەتوێتەوە و بۆ شەمشیر و خەنجەر و فەنەر و ساز کردنی هەندێک کەرسەی دی کـەلکی لێ وەردەگـرن، پۆڵاد. ٢ـ (کنـ.) ئەلف) پیاوی بە خۆوە وبە تاقەت . ب) سەخت و پتەو بۆ هەر شتێک.

**پۆڵاخـۆر** (ئان. فـا)[پۆڵا + خـۆر2] (کنـ.) پیـاوی ئازا و نەترس کـە گـوێ نەداتە مەترسی، شەمشیرکرۆژ.

**پۆڵانیا** (نا. مف)[پۆڵا + نیا(نیان)] تیـژ کـردنەوە و نوێ کـردنەوەی دەمی گـاسن ، تەور یا شـتی دیکە لە لای ئاسنگەر. ئاسنگەر کوتە پۆڵا یا ئاسنێک لە سەر دەمی کولی دادەنێ، لە کوورە دا سووری دەکاتەوە و دەیکوتێتەوە هەتا نوێی دەکاتەوە، سەرنیا.

**پۆڵایـین** (ئان. ل)[پـۆڵا + یـین] هـەر شتێکی چێکراو لە پۆڵا.

**پۆڵکە** (گیا.)[باک: پۆلک ـ ناو: پۆڵکە] گـیـا و بەری گـیـایەکـە هەر بەم ناوە. گیایەکی خۆڕسکە لە نێو شیناوەرد و شێوەردان هەڵدەدا، گەڵای وردە، گوڵی سپی و زەرد و شین دەکا، بەرەکەی وەک کـەلووی باقلەیە، وەک مـاش خـڕە بەڵام گـەورەترە و بە قـەرا نۆک دەبێ، بە فـەریکی ئەم کـەلوویانە لێدەکـەنەوە و دەیکوڵێنن و دەیخـۆن و تامێکی زۆر خۆشی هەیە. ناوی لاتینی ئەم گیایە Lathyrus sativus ە و عـەرەب و فـارسیش خلر (خـۆللەر) ی پێدەڵێن، خلێرە.

**پۆڵکەخـاتوونە** (گـیـا.)[پۆڵکە + خاتوون + ئە] جۆرێک پۆڵکەی خۆڕسک کە بەرەکەی دەخورێ.

**پۆڵکەگایانە** (گیا.)[پۆڵکە + گا + یانە] جۆرێک پۆڵکەی خۆڕسکی گەڵاپانە و دەخورێ.

**پۆڵکەمارانە** (گیا.)[پۆڵکە + مار +

ئانە] جـۆرێک پۆڵکەی خـۆڕسک کـە بەرەکەی ناخورێ.

**پۆمـپ** (نـا.)[فـــــــەر: pompe] مـەکـینـەیەکی بەرقی بۆ هەڵکێـشـان و راگـــوێزتنـی ئاو یا ئـاوەکی دیکـە لـە شوێنێکەوە بۆ شوێنی دیکە.

**پـۆنـگ** (نـا.) بـڕ: پـەنـگ1. ~ **خواردنەوە:** بڕ: پەنگ خواردنەوە.

**پـۆنـگـاو** (نـا. ل)[پـۆنگ + ئـاو] بـڕ: پەنگاو

**پۆنیس** (نا.)[فەر: punaise] جۆرێک بزمـاری چووکـەیە کە لە کـانـزا دروستی دەکـەن، سـەری پانـە و نووکێکی چووکی وەک دەرزی پیـوەیە و بۆ شت بـە دیوار و تابلۆوە نووسـاندن کـەلکی لێوەردەگـرن و بە هێزی قامک دەو شوێنەوە رادەچێ.

**پۆنژ** (ژ.)[زا] بڕ: پێنج

**پۆنج** (ژ.)[زا] بڕ: پێنج

**پـۆیـلانـە** (نـا. ل)[پـۆیـلـە + ئـانـە] دیاریـیـــــەک بـۆ تـازە بـووک یـان ژنـی تازەزاوی دەبەن، پۆیلە.

**پۆیلە** (نا.)[؟] ١ـ لزگـــەمـــوورووو و زەنگیانەی سەری ژنان. ٢ـ بڕ: پۆیلانە.

**پـــووت 1** (نـــا.)[روس: پـــوود] ١ـ کێشەیەکە بەرابەر دەگەڵ شازدە کیلۆ کە لە رووسیە بەرابەر دەگەڵ شازدە کیلۆ و سی و هـەشت گـرەم ١٦.٣٨. ٢ـ (کنـ.) فـیز، دەعێ، تەواو و بێ کـەمـوکوورِیی بە باری مەنفی دا. ~ **بوون:** (کنـ.) بەفیز بوون، بەدەعێ بوون.

**پووت 2** (نا.)[باک] بڕ: بوت

**پووت 3** (نا.)[؟] ئەسـتـێـرەیەکـە کـە دەگـەڵ مـانـگ دەردەکـەوێ و لێی نزیکە و هـەر چـی مـــانـگ گـــەورەتر دەبێ لێی دەکـشـێـتـەوە، ئەسـتـێـرەی پووت، ئەستێرەی مانگێ. :: چاوت ئەستێرەی پووتە/ دەگەر مانگێ را جووتە (سێسەد هۆنراوە ل ٩٤).

**پووت 4** (ئان.)[بڕ: پۆت] ١ـ نێـوبۆش، بەتاڵ، پـووچ. ٢ـ قـانگ، پووک. :: تووری پووت. ٣ـ مـرۆڤی بێ نمـوت، پووتەکـە، هـیچ و پـووچ، رووت و قـــووت. :: قـــۆچ عـوسـمـان پیـاوێک بوو رووت و پووت و لەوی دە بێکارە (مـان ل ٢١٣). ٤ـ گزرە. ٥ـ رزیو، پۆت.

**پـووتـەک** (ئـان. ل)[پـووت4 + ک] ١ـ مـرۆڤی هـیچ و پووچ و بێ نمـوود، پووت، پووتەکە. ٢ـ [ئەر] خۆرە، خۆرکە.

**پووتەکـە** (ئان. ل)[پووت4 + کـە] بڕ:

**پووتەڵ** (ئان. ل)[پووت4 + ئەڵ] بڕ: پووچەڵ

**پووچ**[1] (ئان.)[پەش: پووچ ـ فـــار: پـووچ. بـاک: پـووچ ـ نـاو: پـووچ ـ هـەو: پووچ ـ زا: پووچ، پـوچ] ١ـ مـیـوە و بەری بێ کـاکـڵی وەک گـوێز و بـادام ، پووک، پووت. ٢ـ شـانس و بەختێک کە چی تێدا نەبێ. ٣ـ هـەر شـتـێکی بێ کـەلک و بێ مـانا . ⁂ ئەو ژیانە پووچە. ٤ـ قسـەی قۆڕ و خـــۆڕایـی. ٥ـ بـاتـڵ. ٦ـ بـەتـاڵ. ~ **بوون:** ١ـ بێ کـاکڵ بوونی بەری هـەندێک دار. ٢ـ شـانس و بەختێک کە چت لێ بۆ دەر نەکـەوێ. ٣ـ بـە کـەلک نـەهاتن، بێ مـانـا بوون. ٤ـ باتڵ بوونی نوێژ، ڕۆژوو، ... ⁂ لە نوێژ دا ئەگەر چاو بگێڕی نوێژ پووچ دەبێ. ٥ـ بـەتاڵ بوون. ~ **کـوتن (گـوتن):** قسـەی قـوڕ و بێـمـانا کـردن، غەڵەت کردن، هیچ و پووچ کوتن.

**پووچ**[2] (نا.)[زا] گۆرەوی، گـۆروا. بڕ: پوچ2.

**پووچەک** (ئان. ل)[پووچ1 + ئەک] بڕ: پووچەڵ.

**پووچەکـە** (ئان. ل)[پووچ1 + ئەکـە] هـیچ و پـووچ، خــوێڕی، پووچـەڵ/٢. ⁂ کابرایەکی هیچەکە و پووچەکەیە.

**پووچەڵ** (ئان. ل)[پـووچ1 + ئـەڵ] ١ـ دانەوێڵـەی پووچ و نێـو بەتاڵ، پووچەک. ٢ـ (کنـ.) هـیـچ و پـووچ، بـێ بـایـخ. پـووچـەکـــە. ٣ـ (کنـ.) خـــراپ. & پووتەڵ. ~ **بوونەوە:** هـەڵوەشـانـەوەی کـار، کـار لێ تێکچـوون. ~ **کردنەوە:** تێک دانـی کـار، هـەڵوەشـاندنـەوە. **لێ ~ بوونەوە:** لێ هـەڵـوەشـانـەوە و تێکچـوونی کـار و مـەسـەلـەیەک. **لێ ~ کـردنەوە:** لێ هـەڵوەشـاندنەوە و تێکدانی کار و هەوڵی کەسێک.

**پـوور** (نـا.)[بـڕ: پـس] ١ـ پـەیـوەنـدی نێـوان منداڵەکـانی کـابرایەک دەگـەڵ خوشکەکانی خۆی، خوشکی باوک، یای. ٢ـ پەیوەندی نێـوان منداڵەکـانی ژنێک دەگـەڵ خـوشـکەکـانی خـۆی، خـوشـکی دایک. & پوورکە، میم، میمک، میمی. ٣ـ [فار: پور][کلاسیک] کوڕ. ⁂ نەسیحەت بێ برا گـەر ڕۆڵە بوو مـەڕوانە بۆ ئابا/ گـەواهـی عـەدلی ئەم دەعـوایە پووری پووری مەروانە (مەحوی ل ٢٧٨).

**تێبینی:** پوور لە ریشـەی ئەوێستـایی پوثرە puthra و پەهلەویی پوهر puhr و کـوردیی پس کـەوتوە بە مـانـای کـوڕ

(برای خوشک)، بەڵام لە زمانی کوردیی دا ماناکەی بۆتە خوشکی برا یا خوشکی خوشک بۆ منداڵەکانی ئەو کەسانە.

**پوورایشۆکە** (گیانـ.)[پوور + ئایشێ (ناوی ژن) + ئۆک + ئە] بڕ: پیرایشۆکە

**پوورزا** (نا. ل)[پوور + زا] ١ـ پەیوەندی نێوان منداڵەکانی کابرایەک دەگەڵ منداڵەکانی خوشکی. ٢ـ پەیوەندی نێوان منداڵەکانی ژنێک دەگەڵ منداڵەکانی خوشکی.

**پوورزازا** (نا. ل)[پوورزا + زا] ١ـ پەیوەندی کەسێک دەگەڵ منداڵەکانی پووری چ خوشکی باوک چ خوشکی دایک. ٢ـ پەیوەندی نێوان ئەو منداڵانەی کە دایک یا باوکیان دەگەڵ یەک پوورزان.

**پوورت** (نا.)[باک] بڕ: پەڕ1

**پوورکە** (نا. ل)[پوور + ک + ئە] بڕ: پوور

**پوورە**[1] (نا. ل)[پوور + ئە] ١ـ کۆمەڵ، دەستە، هەنگ، ئاپوورە. ٢ـ کۆڵەڵێک مێش هەنگوین پێکەوە، شەڵخەی مێش هەنگوین. ~ **دان:** کۆ بوونەوەی کۆمەڵێک مێش هەنگوین لە شوێنێک بۆ ساز کردنی شەڵخەیەک، شەڵخە دان.

**تێبینی:** پوور لە ریشەی ئەوێستایی پەرو paru و پڕ ـ ی کوردیی بە مانای زۆر، فرە کەوتۆتەوە (بڕ: پڕ)[هس: ئاپوورە]

**پوورە**[2] (نا)[؟] خڵت و خاڵی تریاک، شتی زێدەی نێو تریاک کە لە تریاک جوێ دەبێتەوە و دەسووتێ و ناتوێتەوە. ~ **خستن:** تریاکێک کە دەغەڵی تێدا کرابێ و خڵت و خاڵی هەبێ.

**پووز** (ئا.)[لۆر: پیز. ناو: پووز ـ هەو: پووز] ماسوولکەی پشت لوولاک لە رەفیسکەوە هەتا پێچکەی پێ، چیپ، چاق، لەتەر، بەلەک1.

**پووزپێچ** (نا. ل)[پووز + پێچ] پارچەیەکی درێژ و تەنکە، بە قەرا چوار قامک پانە و کە لە کاتی رێ برین بۆ گورج و گۆڵی لە بەلەکی دەهاڵێنن، دۆلاغ، ساقپێچ، بەلەکپێچ، پووزلغ، پووزەوان، پووزەوانە، پووزەوانێ، پاپێچ.

**پووزلغ** (نا. ل)[پووز + لغ] بڕ: پووزپێچ

**پووزەوان** (نا. ل)[پووز + ئە + وان][ئەر] بڕ: پووزپێچ

**پووزەوانە** (نا. ل)[پووز + ئە + وانە] بڕ: پووزپێچ

**پووزەوانێ** (نا. ل)[پووز + ئە + وان + ئێ][هەو] بڕ: پووزپێچ

**پووش** (نا.)[ناو: پووش - هەو: پووش - زا: پووش، پوش] ١- گیای ویشک کە لێک بڵاو بۆتە، وردە گیای وشک. ٢- [زا] گەڵا. ٣- (کنـ.) بێنرخ، هیچ. ٤- (مجـ.) لاواز، کز، رەقەڵە، زەرد هەڵگەڕاو. ∷ زەعیفیی منی کردە پووش، ئێستەکەش/ لە من هەر دەکەن ئەم غەزالانە رەم (مەحوی ل ٢٣٧). **بە ~ێک نەکڕین:** (کنـ.) پێ بێنرخ بوونی شتێک، نەویستنی شتێک تەنانەت بە چووکترین نرخ، پووشێک پێنەدان، بە پووشێک نەویستن. ∷ دەست و چاو ئێستە ئەوەند تێر و پڕن/ سەد هەژار رەنگە بە پووشێک نەکڕن (بۆ کوردستان ل ١٤٥). **بە ~ێک نەویستن :** (کنـ.) تەنانەت بە خۆڕاییش نەویستن، پێ هیچ نەبوونی شتێک، بە پووشێک نەکڕین. ∷ کێ بە سەربەرزی ژیابێ تاوێ/ ژینی قالاوی بە پووشێک ناوی (بۆ کوردستان ل ٢٦٦). **~ بە سەر کردن:** (کنـ.) داپۆشین و بێدەنگی لێکردن لە قسە و مەسەلەیەک، دیزە بە دەرخۆنە کردن. ∷ پووڵێکم دانێ، خوا وەتحەسێنێ، رێگای خۆیان داگرت و شتەکەیان پووش بە سەر کرد، وەک چ نەقەومابێ (میرزا ل ١٠٧). **~ دانە دەست:** (کنـ.) زەرە بە کەسێک گەیاندن، زەرەر لێدان، نابووت کردن. **~ی کەسێک هەڵاویتن (هەڵاویشتن):** (کنـ.) واز لێهێنان و فەرامۆش کردنی کەسێک. ∷ نازانم لاس بە زیندەگانی ماوە ... یان مردووە یان دڵی گۆڕاوە و پووشی منی هەڵاویتووە (لاس و خەزاڵ ل ١٣٩). **~ێک پێنەدان:** (کنـ.) بایەخ و نرخ دانەنان بۆ شتێک تەنانەت ئەگەر زۆر هەرزانیش بیفرۆشن، بە پووشێک نەکڕین، بە پووشێک نەویستن. **~ێک نەهێنان:** (کنـ.) زۆر بێنرخ بوونی شتێک یا کەسێک، هیچ نەهێنان. || **پووشی بەر رۆژ:** (کنـ.) پیاوی سووک و بێنرخ.

**پووشانە** (نا. ل)[پووش + ئانە] باج و سەرانەیەک کە ئاغا لە ئاژەڵداری دەستێنی لە جێات حەقی لەوەڕ.

**پووشبەقوونە** (گیانـ.)[پووش + بە + قوون + ئە] بڕ: پشکەبەقوونە

**پووشبەقنگە** (گیانـ.)[پووش + بە + قنگ + ئە] بڕ: پشکەبەقوونە

**پووشپەڕ** (نا. ل)[پووش/١ + پەڕ2] ١ـ کات و جەنگەی گیا دروونەوە ئەدەم کە گیا وردەوردە ویشک دەبن. ⁂ وەختی راو نییە، هاوینە، پووشپەڕە، گوڵ نەماوە لە سەری ئاستەڕێ/ مەچۆ دەرێ، ئەوە تازە بێری پۆل پۆل دێنەوە خوارێ لە نێو مەڕێ (لاس و خەزاڵ ل ١٦٢). ٢ـ یەکەم مانگی وەرزی هاوین. (پووشپەڕ، گەلاوێژ، خەرمانان).

**پووشکە** (نا. ل)[پووش + کە] پووش، پووش و پەڵاش

**پووشکەبەق** (گیانـ.)[پووشکە + بەق] [باک] بڕ: پشکەبەقوونە

**پووشکەبەقوونە** (گیانـ.)[پووشکە + بە + قوون + ئە] بڕ: پشکەبەقوونە

**پووشڵە** (نا. ل)[پووش + ڵە] چیلکەی سەربەلۆکە، بۆ عیمالەی مناڵ بە کار دێ (هەنبانە ب ١ ل ١١٥).

**پووشوو** (نا. ل)[پووش + ئوو] ١ـ پووش و پەڵاشی ویشک و سووک کە لەبەر زوو ئاور گرتن دەبن ئاوری دەنێن. ٢ـ [باک: پووشوو، پیشۆ، پۆشی ـ ناو: پووشوو، پووشی] شتێکی نەرم و وشک و پفڵەیە کە لە داربەڕوو یا دارگوێز یان کارگ دەستیان دەخست و زوو بۆ ساز کردنی ئاگر بە بەرد و ئەستی کەلکیان لێوەردەگرت، پیفوو، پیفی، پیفک، قاو.

« پووشوو دوو جۆرن. جۆرێکیان قارچکە لە ناو دارگوێز و داربەڕوو دا پەیدا ئەبێ وەکوو « ئەسفنج » نەرمە. جۆرێکیتریان گەلای گیای کەمەمکۆڵە، ئەکوترێ شتێکی لێ پەیدا ئەبێ وەکوو لۆکەکۆن لە ئاوی کاڵەک هەڵ ئەکێشرێ بە هۆی لێدانی بەرد و چەخماخەوە ئاگری پێ ئەکرێتەوە، جاران شخارتە نەبوو بەوجۆرە ئاگر ئەکرایەوە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٦٦). » **وەک ئەستێ و ~ بوون:** (کنـ.) دژی یەکتر بوون، دەگەڵ یەک هەڵنەکردن و نەحاوانەوە.

**پووشە** (نا.)[فار: پوشە] کەرەسەیەکی دوو لاپەڕەیی رەق کە پەڕەکاغەز و نووسراوەی تێدەنێن.

**پووشەڵان** (نا. ل)[پووش + ئە + ڵان] شوێنێک کە گیای وشک و پووش و پەڵاشی زۆر لێبێ.

**پووش و پەڵاش** (نا. ل)[پووش + و + پەڵاش] وشکە گیای لێک بڵاو بۆوە.

**پووشی** (نا. ل)[پووش + ئی] ١ـ پووش و پەڵاش. ٢ـ پووشوو، پیفوو.

**پووشین**[1] (نا. ل)[پووش (پۆش) +

ئـين] ١ـ بـڕ: پـۆشـين2. ፨ بـه لـەرزه و زەلـزەلـەی ئـەو پـلـــــــپـــــــلانـەی دەوری پووشـینت/ بینای هـەستم هەمـوو زێر و زەبەر ناکـەی ئـەڕۆی ئۆغـر (گـۆران ل ٦٣). ٢ـ خـشـلـێکی زێڕی ژنانه، کـه له پێش سەری دەدەن، پێشەسەر.

**پووشین**2 (ئان. ل)[پووش + ئین] هەر شتێک که له پووش ساز بووبێ.

**پووشین پێچ** (نا. ل)[پووشین1+ پێچ] خشڵی پووشین، پۆشین پێچ.

**پووشـــــینه** (نا. ل)[پـووش + ئینـه] سەلەی ساز کراو له پووش.

**پووک**1 (ئا.)[باک: پۆک، پدوو، پدی، پی ـ ناو: پووک، پدوو] ئـەو گۆشتـەی که ددان له سەری چەقیوه.

**پووک**2 (ئان. نا.)[هس: پۆت][گـیل: پووک ـ فـار: پووک ـ کـرم: پـووت ـ تات: پۆفک، پێـــفک ـ لۆر: پیک. ناو: پـووک ـ هەو: پووک] ١ـ حاڵی هەر شتێکی له بەر گەیینی زۆر یا رزین نێوەکەی هڵۆڵ بێ. ٢ـ هەندێک میوه و بەری نێو بەتاڵی وەک گـوێز، فندق و بادام، پووچ، پووچەڵ. ٣ـ نێـو بەتاڵ، بۆش. ٤ـ چەپۆک. ٥ـ [باک ـ زا] کرێوه.

**پووکـــانەوه** (چا. ل)[له: پووک2/٣] کـەم بوونـەوەی هـەوای نێـو هـەمـبـانه و کیسەی باکراو، پووچانەوه.

**پووکاو** (ئان. ل)[پووک2/٣ + ئاو] ١ـ پووچاو، چرچ. ٢ـ داری رزیو.

**پووکــاوڵ** (نا. ل)[پووک2/٤ + ئاوڵ] چەمۆڵه

**پووکــاوڵه** (نا. ل)[پووکــاوڵ + ئه] چەمبۆڵه، چەمۆڵه.

**پووکـــــه**1 (نا. ل)[پـووک2 + ئه] ١ـ بەری قـامـیش کـه وەک لۆکـه دەچێ. ٢ـ (نز.) فیشەک و گوللەی تەقێندراو.

**پووکـه**2 (وشـد.)[ئەر] دەنگی نـزمی گریان، پۆکه، نووکه. **~ کردن:** گریان به نزمی، نووکه کردن.

**پووکەپووک** (وشد.)[پووکه2 + پووک] دەنگی پەیتـاپەیتـای گـریان به نـزمی، نووکەنووک. **~ کردن:** گریان به نزمی و بەردەوام، نووکەنووک کردن.

**پـوول** (نـا.)[بـڕ: پـووڵ] ١ـ پـووڵ. ٢ـ پووڵەکه. ٣ـ پارچه کاغەزێکی نەخشدار و بایەخـدار، کـه لـه جـیـات پارەی بەڕێ کـردنی نامـه و هێنان و بردنی پۆست له سەر پاکەت دەدرێ، تەمر1. & پۆل **~ پێوەنان:** بڕ: تەمر کردن.

**پوولەک** (نا. ل)[پوول + ئەک] بڕ: پووڵەکە

**پوولەکرێژ** (ئان. ل)[پوولەک + رێژ] بڕ: پووڵەکرێژ. ∷ سوخمەت بۆ دەکەم هەر پوولەکرێژ بێ/ بۆ خۆم بۆی دەبڕم نە کورت نە درێژ بێ (سێسەد هۆنراوە ل ١٢).

**پووڵ** (نا.)[پەهـ: پوول] ١- کوتێک زێڕ یا زێو یا مەعدەنی دیکەیە کە لە لایەن دەوڵەتەکانەوە بە نیشانەی تایبەتی خۆیانەوە بڵاوی دەکەنەوە بۆ کار و باری کڕین و فرۆش، پارە، دراو، پویل، پۆل، زەڕ. ٢- پارەیەکی کۆن کە رمێنی نەماوە و بەرابەر بوە دەگەڵ یەک لە چلی قڕان. ٣- (مجـ.) کەم و بێ نرخ (لە: پووڵ/٢). ∷ بە پارێک نامەوێ دەرمان لە نەشئەی چاوییە عیللەت/ بە پووڵێک ناکڕم عەنبەر لەگەڵ زولفی ئەوە سەودا (نالی ل ٨٧) لە سایەی ماچی لێوی ئەو شکا بازاڕی قەنناد/ بە پووڵێ ناکڕێ کەس ئێستە باری شەهد و هەنگوینت (ئەحمەد موختار ل ٦٧). ٤- سامان. ٥- دەسمز، مەعاش، داهاتی کار. **~و پەین (کا) پێ (لا) وەک یەک بوون:** (کنـ.) چاو لە ماڵی دونیا نەبوون، نرخ بۆ پارە دانەنان. **~ دە پێستە پاڵاغ ئاخنین:** (کنـ.) پارە زۆر هەبوون. **شەپ شەپێن بە ~کردن:** (کنـ.) پووڵ و پارە لا گرینگ نەبوو و دەست بڵاو بوون. || **پووڵی بەستەزمان:** بڕ: پارەی بەستەزمان. **پووڵی پێش:** بڕ: پارەی پێش. **پووڵی چرووک:** (کنـ.) هیچ، بێنرخ، پارەی رەش، پارەی چرووک. ∷ تیشکی دڵی رەش وە روون دەگیرێ/ پووڵێکی چرووک دەکاتە زێڕێ (مەم و زین ل ٢٥٢). **پووڵی رەش:** ١- پووڵی وردە، قەرەپووڵ. ٢- (کنـ.) هیچ، بێ بایخ. & پارەی رەش. ∷ ژاندرمە لە کوردستان بوونە پووڵێکی رەش کەس گوێ نادەنە قسەیان. **پووڵی رەواج:** پووڵ و پارەیەک کە دە نێو خەڵک دا برەوی هەیە و خەرج دەکرێ. // پووڵی نارەواج. **پووڵی زەرد:** پووڵی ساز کراو لە زێڕ. **پووڵی سپی:** پووڵی ساز کراو لە زێو، پارەی سپی. **پووڵی کاغەزی:** دراوێکە لە جیات کانی لە کاغەز ساز کراوە و هەمان کاری پووڵ دەکا. **پووڵی نارەواج:** ١- پووڵ و پارەیەک کە دە نێو خەڵک دا برەوی نیە و ناچێ خەرج ناکرێ. ٢- (کنـ.) شتێک یا کەسێک کە کەس داخوازی نەبێ. **پووڵی نەغد:** پووڵ و پارەیەک کە حازر بە دەستەوە بێ و بە

جنس و مـڵک و مـاڵ نـەدرابێ ، پـووڵی ئیـشک. **پووڵی وردە**: بڕ: پووڵی رەش. **پووڵی ئیـشک (ویشک، وشک)**: پووڵی نەغد. ⁝⁝ پووڵی ئیشکی زۆرە.

**تێبینی**: پووڵ لە Obolos ی یوونـانی کـەوتوە و هـاتۆتە نێـو زمـانی پەهلەویی و کـوردییـەوە و عـەرەبیش کردوویانەتە فلووس.

**پووڵپـەرست** (ئان. فـا)[پـووڵ + پەرست] ١ـ کەسێک کە پارەی زۆر خۆش بوێ، پـارەپەرست. ٢ـ کـەسـێک کـە دڵی نـایە پـووڵ خـەرج بکـا، رژد، لەچەر. & پووڵەکی

**پووڵپەرستیی** (حم.)[پووڵپەرست + ئیی] کـار و ئاکـاری پووڵ پەرست، پارەپەرستیی.

**پووڵدار** (ئان. فـا)[پـووڵ + دار2] کـەسـێک کـە پارەی زۆرە، دەوڵەمـەند، پارەدار.

**پووڵداریی** (حم.)[پـووڵدار + ئـیی] پارە زۆر هـەبوون، دەوڵەمەندیی.

**پووڵـەک** (نـا. ل)[پـووڵ + ئـەک] بڕ: پووڵەکە

**پووڵەکـرێژ** (ئان. ل)[پووڵەک + رێژ] جل و بەرگێک کە بە پووڵەکە رازابێتەوە، پووڵەکەدار، پوولەکرێژ.

**پووڵەکـە** (نا. ل)[پـووڵ + ئەکـە] ١ـ شـتـێکی رەقی وردە ئەندامی زۆربـەی ماسیەکانی داپۆشیوە، پووڵەک، پووڵ. ٢ـ شـتێکی دەسکردە، هـەر وەک پووڵەکـەی ماسی، نێوەڕاستەکەی یا سووچێک کون کراوە و ژنـان بۆ جـوانی لـە جل و بەرگی دەدروون یا بۆ ئۆیە کەلکی لێوەردەگرن. & پـووڵـەک، پـووڵـەک. ٣ـ زێـڕ و زێـو و کـانزای ورد کـە بۆ جـوانی هـەندێک کـەرەسـە کـەلکی لێـوەردەگـرن. ⁝⁝ هەڵمدەکێشاوە ئەوە کێردێکی ئەڵماسی دە بیـست و دوو پووڵەکـە زێڕ (گـەنج ل ٢٩١). ٤ـ پارچە چەرمێکی بچووکی سێ سووچە ئەدرێ لە راست و چەپی کەوش (خاڵ ب ١ ل ٢٢٩).

**پووڵەکـەدار** (ئان. ل)[پووڵەکـە + دار2] جل و دەسمـاڵ یا هـەر شـتێک کە پووڵەکـەی لێنرابێ، پووڵەکـرێژ. ⁝⁝ دەسماڵ پووڵەکەدارن/ شەدە و گێل گێلە لارن (تاریک و روون ل ١٠٩) یاخـوا ئەسـپـەڕەش هـەروا چوارنـاڵ بی/ سـەرزین، نەرمـەزین، پـووڵەکـەدار بی (کانی مرادان ل ٧٢).

**پووڵەکی** (ئان. ل)[پووڵ + ئەکی] ١ـ کەسێک کە پووڵی خۆش دەوێ. ٢ـ کەسێک کە بە پارە هەر کارێک دەکا. ٣ـ کەسێک کە فێرە پووڵ وەرگرتن بوە.

**پوونک** (ئان.)[زا] بڕ: پاک

**پوونگ** (گیا.)[باک] بڕ: پنگ

**پوونە** (گیا.)[باش ـ هەو] بڕ: پنگ

**پووینە** (گیا.)[هەو] بڕ: پنگ

**پهین** (نا.)[باک] بڕ: پین

**پەپاخ** (نا.)[تور: papak] کڵاوێکی گەورەیە کە لە کەوڵی مەر سازی دەکەن و تورکەکان دە سەری دەکەن، پاپاغ، پەپاغ، پاپاخ. ⁂ بانگی دیکەم وەبەر ئیمام حەسەن و حوسەینی غەریب، مەرقەدیان لە مەشهەد و کەربەلایێ؛ ئەجەم و پەپاخ رەشیان دەچنە زیارەتێ. (مان ل ١٢)

**پەپاغ** (نا.) بڕ: پەپاخ

**پەپکە** (نا.) ١ـ بڕ: پاپووکە. ٢ـ کوتە هەویرێکی خڕ بە قەرا مشتی دەست کە بۆ نانێک ئامادە دەکرێ، ئەنگوتک، ئەنگوتک، گونتک، گونک، گوندک. ٣ـ خۆیان، خەرمانی گێرەنەکراو. **~ بەستن:** بڕ: پاپووکە خواردن. **~ خواردن:** بڕ: پاپووکە خواردن. **~ دان:** بڕ: پاپووکە خواردن.

**پەپکەمەلیچکانە** (گیا.)[پەپکە + مەلیچک + ئانە][ئەر] پەنیرۆکە

**پەپۆکـە** (نا. ل)[پەپ + ئۆکە][هس: پەپکە] کولێرەی بچووک کە بۆ منداڵ ساز دەکرێ.

**پەپۆلـە** (نا. ل)[پەپ + ئۆلە][هس: پەپکە] سەرە ئەنگوتکە هەویرێک کە دەمێنێتەوە و دەیکەن بە نیوە نانێک.

**پەپوو** 1 (گیانـ.) ١ـ [ناو: پەپوو، پەپووسلێمانکە، پەپووسلێمانکە، پەپووسلێمانە، پەپووسلێمانی، پەپووسێمانە، پەپوەسلێمانە ـ هەو: پەپووسلێمانە]مەلێکی بۆری بە خاڵی رەش و زەرد و سپییە، لە کوتر چووکترە، کاکۆڵێکی لە پەڕ هەیە و بە خۆش خەبەری دادەنێن. لە چیرۆک دا مەلی پەیکبەری حەزرەتی سولەیمان بوە و ناوەکەی لە دەنگی خۆی کەوتوە، Up-upa epops ناوی لاتینی ئەم گیاندارەیە. ٢ـ کوند، بایەقوش، پەپووکەرە. ٣ـ [باک: پەپووک ـ ناو: پەپوو ـ زا: پەپووگ، پەپووک، پەپوونگ] مەلێکی جوانە، باڵ و کلکی درێژن، پێیەکانی

كورتن و جرِوجانەوەر دەخوا. رەنگی پەڕەكانی بۆرە و بن زگی ئاچغترە. ئەم مەلە هەستی دایكایەتی زۆر كەمە و ناوبانگی هەیە كە هێلكەی خۆی لە هێلانەی مەلی دیكە دادەنێ، Cuculus canorus ناوی لاتینی ئەم مەلەیە، كووكوو، كۆترەپەپوو. ~ **لێخوێندن**: (كنـ.) ١ـ شوێنی چۆل كە ئاوەدانی لێنەبێ. ٢ـ هەر شوێنێكی چۆل كە كەس نەچووبێ یا نەچێ. :: سینەماكە هێند بەتاڵ بوو پەپوو لێی دەخوێند.

**پەپوو**2 (نا.) تەواو، خلاس بە زمانی منداڵان.

**پەپوو سلێمانكە** (گیانـ.)[پەپوو1 + سلێمان + كە] بڕ: پەپوو1/١

**پەپوو سڵێمانكە** (گیانـ.)[پەپوو1 + سلێمان + كە] بڕ: پەپوو1/١

**پەپوو سڵێمانە** (گیانـ.)[پەپوو1 + سڵێمان + ئە] بڕ: پەپوو1/١

**پەپوو سڵێمانی** (گیانـ.)[پەپوو1 + سڵێمان + ئی] بڕ: پەپوو1/١

**پەپوو سێمانە** (گیانـ.)[پەپوو1 + سێمان + ئە] بڕ: پەپوو1/١

**پەپووقژە** (گیانـ.)[پەپوو1 + قژ + ئە] باڵندەیەكە وەك پەپووسڵێمانكە بەڵام ئەم بێ كڵاوە (خاڵ ب ١ ل ٢٣٠).

**پەپووك** (گیانـ.)[باك ـ زا] بڕ: پەپوو1/٣

**پەپووكەرە** (گیانـ.)[پەپوو1 + كەر (كردن) + ئە] بڕ: پەپوو1/٢

**پەپووگ** (گیانـ.)[زا] بڕ: پەپوو1/٣

**پەپوونگ** (گیانـ.)[زا] بڕ: پەپوو1/٣

**پەپوولە** (گیانـ.)[باك: پەپوولە ـ ناو: پەپوولە ـ هەو: پەپوولە] ١ـ حەشەرەیەكە بە باڵی ناسك و رەنگاورەنگ، چووك و گەورەی هەیە و جۆری زۆرە، شیرەی گوڵان دەمژێ. هەروەها جۆرێكی بە شەو دەفڕن و خۆ بە شۆق و رووناكی چرا و شەم دادەدەن، منمنیك، باپەرك، پەری، پەرپەرۆك، پەرپەرك، پەرپەریك، پیرك، پەلپەلك، پلپلۆك، پەروانە. ٢ـ نەخۆشییەكە لە نێو بزن و مەڕ دا (مەردووخ ب ١ ل ٢٦٧). ٣ـ (كنـ.) مرۆڤی پاك و بێ ئازار. ~ **هەڵێنان**: ١ـ جۆرە نەخۆشییەكە لە تینوێتی یا لە گەرمای زۆرەوە دووچاری ئاژەڵ ئەبێ (خاڵ ب ١ ل ٢٣٠). ٢ـ دانەوێڵەیەك كە گەرای جۆرە پەپوولەیەكی وردی تێكەوتبێ. || **پەپوولەی بەهەشتێ**: (كنـ.)

مرۆڤی پاک و بێ ئازار.

**پەپوولەپایزە** (گیا.)[پەپوولە + پایز + ئە] بەری دوایی گیایەکی خۆڕسکە و لە دەشت و نێو شیناوەرد شین دەبێ، گوڵەکەی زەردە و لە داویی هەر ئەو گوڵە وەک تۆپێکی تووکنی لێدێ و پایزان لە گیایەکە ی جیا دەبێتەوە و با دەیبا، باوەلێ، باویلێ، بایلکە، باویلکە، پشیلەپایزە، پشیلۆکە، گەورەگلە، شەلەمینکەرە.

**پەپوەسلێمانە** (گیانـ.) بڕ: پەپوو1/١

**پەپە** (نا.)[هس: پەپۆکە] کولێرە لە زمان منداڵەوە.

**پەت** (نا.)[ناو: پەت، پەتک ـ هەو: پەتە] ١ـ گوریس، شریت، پەتک، خاپ. ٢ـ کوتێک لە ڕێسراوی وەک گوریس. ٣ـ تەنافی دە مل خستنی سێدارە. ٤ـ کوت، لەت. ﷼ لەت و پەت. **~ کـردن:** ١ـ گوریس لە ملی گیاندار کردن بۆ ئەوەی هەڵنەیە. ٢ـ بەستنەوە کەسێک بە شریت و گوریس. **~ لە سەر داماڵین:** ١ـ لێکردنەوەی پەت لە سەر و ملی گیاندار. ٢ـ (کنـ.) لە کۆڵ بوونەوە و بەردانی کەسێک. **لە سەر ~ و سینگی خۆ دانیشتن:** (کنـ.) بە پێی ڕادە و توانایی خۆ کارێک کردن، پێ لە بەڕەی خۆ درێژتر نەکردن.

**پەتا** (نا.)[هس: پەتیارە][باک: پەتا ـ ناو: پەتا، فەتا ـ هەو: پەتا] ١ـ هەڵامەت، پەسیو. ٢ـ ئاهۆ، درم. ٣ـ مەڵهەم و بەهاراتی کوڵاو کە گەرماوگەرم لە سەر شوێنی هەڵمساو و ئازار پێگەیشتووی لەشی دادەنێن بۆ ئارام بوونەوە ئێش و ژان، پەتپەتی.

**پەتپەتی** (نا. ل)[پەت + پەت + ئی][ئەر] بڕ: پەتا/٣. ٢ـ بڕ: پەتپەتێن. **~ پێکردن:** (کنـ.) بڕ: پەتپەتێن پێکردن.

**پەتپەتێن** (نا. ل)[پەت + پەت + ئێن] بڕ: پەتپەتێن پێکردن. **~ پێکردن:** (کنـ.) تەفرە دان و حەواڵە پێکردن، ئەزیەت کردن و هێنان و بردنی کەسێک، پەتپەتی پێکردن.

**پەتاتە** (گیا.) ١ـ گیایەکی دەستچێنە، گەڵاکانی گرنی گرنین، گوڵەکەی سپی یا مۆرە، بەرەکەی بنکە و دەخورێ و بۆ نشاستە و ئەلکۆلیش کەلکی لێوەردەگرن، Solanum tuberosum ناوی لاتینی ئەم گیایەیە. ٢ـ بنی ئەم گیایە، پڕ و پتەوە، توێکڵێکی

ناسکی هەیە، ناوکەکەی بە کوڵاویی، برژاویی و سوورکراوەیی دەخوڕێ و خواردنی بە تەنیای مرۆڤ تێر دەکا. یارەڵماسی، پەرەڵماسی، سێف زەمینی، سێوک. || **پەتاتەی شیرین:** گیایەکی دەستچێنە، گەڵاکانی بە کورک داپۆشراوە و گوڵەکانی مۆر، ئەرخەوانی یا سپین. رەگەزەکەی لە ئامریکای ناوەندییە و بنەکەی هەر وەک پەتاتەی ئاسایی لە خۆراک و سەنعەت دا کەلکی لێوەردەگرن، Ipomaea batatas ناوی لاتینی ئەم گیایەیە. **پەتاتەی هیندیی:** گیایەکە لە تیرەی نێرگزەکان، بنەکەی زۆر ئەستوورە و لە هەندێک وڵات لەبری پەتاتەی ئاسایی دەیخۆن، Dio-scorea batatas ناوی لاتینی ئەم گیایەیە.

**تێبینی:** پەتاتە لە ساڵی ١٥٣٧ ی زایینی لە ئامریکای باشووریی دۆزراوە و ئیسپانیەکان دەگەڵ خۆیان بردیانە ئەورووپا و لەوێوە خۆی و ناوەکەی بە دنیا دا بڵاو بۆوە.

**پەتباز** (ئان. فا)[پەت + باز] کەسێک کە بە سەر گوریسێک دا دەڕوا کە لە شوێنێکی بەرز راکێشراوە و بە دارلەنگەر لەنگەری خۆی لە سەر رادەگرێ، تەنافباز، دارباز.

**پەتبازیی** (حم.)[پەتباز + ئیی] کار و پیشەی پەتباز، تەنافبازیی، داربازیی.

**پەتپساو** (ئان. مف.)[پەت + پساو (پسان)] ١ـ گیاندار و حەیوانێک کە پەتی پساوە و رایکردوە، بەڕەڵڵا. ٢ـ کەسێک کە هەست بە بەرپرسی نەکا، بێ قەید و بەند، بەڕەڵڵا.

**پەتپساویی** (حم.)[پەتپساو + ئیی] کار و کردەوەی پەتپساو، هەست بە بەرپرسایەتی نەکردن، بەڕەڵڵایەتی

**پەترۆ** (نا.)[ناو: پەترۆ، پەترۆکە، پەترۆخە ـ هەو: پەترۆ] ١ـ توێژی ناسکی سەر برین، قرتماغە. ٢ـ گۆشتی تازە کە لە کاتی چاک بوونەوەی برین پەیدا دەبێ، گۆشتەزوون.

**پەترۆخە** (نا.) بڕ: پەترۆ

**پەترۆک** (نا. ل)[هس: پەرتووک] پارچەیەکی بچووک لە نان یا شتی تەنکی دیکە، پەرتووک.

**تێبینی:** لە راوێژی کرمانی دا پۆتوروک بە مانای زۆر کەم و زەڕەیەک هاتوە و لە راوێژیی بیرجەندیی دا پورۆوک بە مانای هەندێک لە شتێک

هاتوە.

**پەترۆکە** (نا.) بڕ: پەترۆ

**پەتک** (نا. ل)[پەت + ک] بڕ: پەت

**پەتڵە** (نا.)[؟][هەو ـ ئەر] ١ـ ساوار. ٢ـ خواردنێک کە لە ساوار سازی دەکەن، پیرخەنی، پیرخەنیلە.

**پەتوو** (نا. ل)[پەت + ئوو][باک: پەتوو، پەتی ـ ناو: پەتوو ـ هەو: پەتوو] پێخەفەکی کارخانەیە وەک لێفە، لە لۆکە یا خوری ساز دەکردرێ، بۆ لە بن خۆ راخستن و لە سەر دانیشتن و بۆ بە خۆ دادان و پێی خەوتن کەلکی لێوەردەگرن، بەتانی، ئەبیاڵ.

**پەتە** (نا. ل)[پەت + ئە] ١ـ کوتە ئاسنێک یا شتێکی دیاریکراوی چووکی دیکە کە لە هەندێک شوێن لە جیات پارە بە کار دەبردرێ. بۆ وێنە قاوەچی هەندێک پەتە دەدا بە دوکانداران و لە جیاتی پارە وەردەگرێ و هەر کات چایان خواردەوە پەتەی بۆ لە کەشەف داوێن. ٢ـ جەواز، بلێت، پسووڵە. ٣ـ [هەو] بڕ: پەت. **~ کەوتنە سەر ئاو:** (کنـ.) دەست روو بوون، ئاشکرا بوونی راز و نهێنی. **~ی کەسێک ختنە سەر ئاو:** (کنـ.) دەستی کەسێک روو کردن، لە قاو دانی رازی کەسێک.

**پەتەڕیی** (ئان.)[بڕ: پەتیارە][ئەر] شێت، گەوج، ئاقڵ سووک.

**پەتی**[1] (ئان.)[ناو: پەتی ـ باش: پەتی ـ هەو: پەتی] ١ـ رووت. ٢ـ پێخواس. ٣ـ رەسەن، خەست، تێکەڵ نەکراو. ꞉꞉ کەلاوەی کردووە ئەستێری خەم بۆ نێو کەلاوەی دڵ/ هەموو شینگا زەلن، خاکی پەتی تێدا پەیا ناکەم (حەقیقی ل ١٨٨). کوردیی پەتی.

**تێبینی:** لە زمانی فارسیش دا پەتی بە مانای: ١ـ رووت ٢ـ بەتاڵ، خاڵی، سادە و ساکار هاتوە.

**پەتی**[2] (نا. ل)[پەت + ئی][باک] بڕ: پەتوو

**پەتیارە** (نا. ئان.)[ئەو: پەئیتیارە ـ پەه: پەتیارەک، پیتیارەک. ناو: پەتیارە، پەتەڕیی] شێتی زنجیری، شێتێک کە دەست دەوەشێنێ و جێی مەترسییە. ꞉꞉ لەبەر دەرگاهی عیشقا یەکسەرە هەرکەس سەری دانا/ ئەگەر پەتیارەیەک بوو، بوو لە سەد عەللامە داناتر (مەحوی ل ١٢٦) دەنگیان دا: چ کارەی؟ چ کەسی؟ شێتی پەتیارەی عەوام/ بێ عاقڵی دێوانەی عاقڵ خام (سەعید و

میرسێوەدین ل ٢٣٤).

**تێبینی:** پەئیتیارە لە دوو بەشی [paiti + āra] پێکهاتوە. پەئیتی بە مانای دژ ـ ە و ئەر ar بە مانای بزووتن و جووڵانەوەیە کە لە کوردیی دا بە شێوەی را، هەڕا و خێرا و غار ماوە. وشەکە بە گشتی یانی دژی کردەوە و جووڵانەوە یا کردەوەی نائاسایی.

**پەتێخ** (گیا.)[عەر: بطیخ][باک] کاڵەک، گندۆرە.

**پەچ** (نا.) بڕ: پەرچ

**پەچڤە** (نا.)[باک] بڕ: پاچڤە

**پەچە** 1 (نا. ل)[پەچ (پێچ) + ئە][باک: پەچە ـ ناو: پەچە ـ هەو: پەچە] پارچەیەکی تەنراوی رەش کە ژن لە کاتی چوونە دەر رووی پێدادەپۆشن، رووبەندی ژنان، پێچە.

**پەچە** 2 (نا.)[؟] جێگا خەواندن و پشوو دانی ئاژەڵ.

**پەچەتە** (نا.)[هس: پەچە1] پارچەیەکی چوارگۆشەی سپی کە لە کاتی نان خواردن بە سەر کۆشی دادەدەن بۆ پیس نەبوونی جلوبەرگ.

**پەح** (ئام.) وشەیەک کە لە کاتی سەرسوڕمان و ناباوەڕیی دەردەبڕدرێ، پەحا، پەححا، پێح، تەح. ∷ پەح لەو درۆ زلە! پەح کە سەیرە!

**پەحا** (ئام.) بڕ: پەح

**پەححا** (ئام.) بڕ: پەح

**پەحن** (ئان.)[باک] بڕ: پان

**پەحنی** (نا.)[باک] بڕ: پاژنە

**پەخ** (ئان.)[؟] حاڵی ئامرازێکی برین کە دەمەکەی پان بووبێتەوە و کەلکی برینی نەمابێ. ~ **بوون:** تەخت بوون و پان بوونەوەی دەمی ئامرازی بڕین. ~ **کردن:** پان کردن و لە کەلک خستنی ئامرازی بڕین.

**پەخش** (نا.) پرژ، بڵاو. ~ **بوون:** بڵاو بوون. ~ **بوونەوە:** بڵاو بوونەوە. ~ **کردن:** بڵاو کردن. ~ **کردنەوە:** بڵاو کردنەوە.

**تێبینی:** پەخش هاوڕیشە و هاومانایە دەگەڵ پرژ و هەردووکیشیان هاوڕیشەن دەگەڵ بەش1

**پەخشان** (نا.)[لە: پەخش] ١ـ پرژ، بڵاو. ٢ـ نووسراوە ئەدەبی کە شێعر نەبێ، نەسر. ~ **بوون:** بڵاو بوون، پەخشین، پرژان. ~ **کردن:** بڵاو کردن،

پەخشاندن، پرژاندن.

**پەخشاندن** (چا. م)[لە: پەخش] بڵاو کردن، پەخش کردن.

**پەخشاو** (نا. مف.)[لە: پەخشین] پرژاو، بڵاوبۆوە، پەرێشان. ⁙ داخۆ ئەمە ئەگریجەیە پەخشاوە بە سەر دا/ یا سونبولە کردوویە سەبا زولفی بە شانە (مەحوی ل ٢٨٠).

**پەخش و پەرێشان** (نا. ل)[پەخش + و + پەرێشان] پرژ و بڵاو، پەرش و بڵاو، پەخش. **~ بوون:** بڵاو بوون، پەخشین، پرژان. ⁙ ئاو لە سەر پەلکی دە سێوەرێ دا دەبۆوە بە پەخش و پەرێشانە (گەنج ل ٨٧). **~ کردن:** بڵاو کردن، پەخشاندن، پرژاندن.

**پەخشە** (گیانـ.)[پەھ: پەخشەک. لۆر: پەشخە (مێش) ـ فار: پشە ـ کرم: پێشێ. باک: پێشوو، پێشی، پێشیک، پێشیلک ـ ناو: پەخشە ـ باش: پەخشە ـ هەو: پەشە] حەشەرەیەکی چووکە، جۆری زۆرە، دوو باڵی هەیە. مێشوولەی ئاسایی درێژ و باریکە، لووتێکی درێژی هەیە بۆ هەڵمژینی خوێن و شوێنی مژینەکەی لە سەر لەشی مرۆڤ خرووی دێنێ، Culex pipieux ناوی لاتینی ئەم جانەوەرەیە، تۆفانە، مخمخک، مخک، مرمرک، مەلەشە، مەرەشە، مەرشە، مێشوولە، مەشوولێ.

**پەخشین** (چا. م)[لە: پەخش] پەخش بوون، بڵاو بوون.

**پەخمە** (ئان.)[فار: پخمە ـ گیل: پەخمە] حاڵی مرۆڤی ساویلکە و نەفام، گێل.

**پەر** (ئان.)[؟] مەڕێکی سپی کە سەر و گەردنی رەش بێ.

**پەراسوو** (ئا.)[هیک: پەرسو ـ ئەو: پێرێسو ـ سان: پارچڤە. باک: پارسوو، پاراسوو، پارەسوو، پەرانسوو، پارسی، پارسیو ـ ناو: پەراسوو، پەراسی ـ هەو: پەراسوو] هەر کام لەو ئێسکە کەوانیانەی کە لە تیغەرەی پشتەوە خوار بوونەوە و سیەکانیان دە نێو خۆ گرتوە. لە لەشی مرۆڤ دا رادەیان دوازدە جووتە، پەرەکە.

**پەراسووبەند** (ئا.)[پەراسوو + بەند] شوێنی سیپەلاک لە سینگ دا، قەفەسە، قەفسینگ، دەفەی سینگ.

**پەراسووە** (نا. ل)[پەراسوو + ئە] ئەو قامیشانەی کە لە زنج دا وەک رایەڵ دایدەمەزرێنن.

**پەراسی** (ئا.)[سۆر] بڕ: پەراسوو

**پەراکەندە** (نا. مفـ.)[پەهـ: پەرگەندەک. پەش: پەراگـەندە ـ فـار: پراکندە. باک: پەراکەندە ـ ناو: پەراکەندە، پەراگەندە ـ هەو: پەڕگـەندە ـ زا: پەرگـەندە] ١ـ بڵاو، پەخش، پەرێشـان ⁚⁚ لە کـۆ ئەسـرین دەبارێنم لەبۆ کـوردی پەراکـەندە/ لە گەرمێن غەرقی ئارەق بووم و چاوم هەر لە سامرەندە (ناڵەی جودایی ل ٢٦). ٢ـ حـەیوانی لە مـێگەل دوور کـەوتوو، ئاوەکی. **~ بوون:** بڵاو بوون، پەخش بوون، پەرێشـان بوون. **~ کـردن:** بڵاو کردن، پەخش و پەرێشان کردن.

**پەراگەندە** (نا. مفعـ.) بڕ: پەراکەندە

**پەرانسوو** (ئا.)[باک] بڕ: پەراسوو

**پەراوێز** (نا.)[پەر + ئاوێز][فـار: فـراویز، پروز. باک: پەراوێز، پەرواز ـ ناو: پـەراوێـز ـ هـەو: پـەراوێـز] ١ـ پارچەیەکی باریک کـە لە دیوی ژوورەوە لە قـەراغی کـەواوی دەدروون. ٢ـ دەوراندەوری کتێب، جل یا هەرشتێکی دیکە. ٣ـ لێکدانەوە، تێـبینی یا شی کردنەوەیەک کەسێک لە دەوری کتێب و نووسـراوەی دیکە. || **پەراوێزی ئاسمان:** ئاسۆ.

**تێبینی:** پەر لە ئەوێستـایی پەئیرە paira یە، بە مـانـای دەوروبەرە و بە گـشـتی یانی دەورووبەر ئاوێزان، لە دەورووبەر هەڵواسراو. هەروەتر پەرڤاز ـ ی زازایی بە مـانـای لاولاوە (قـەراغی دەرگـا) هەر لەم ریشـەیە و مـانایەکی دیکەی بە خۆیەوە گرتوە.

**پەرپەرک** (گیانـ.)[زا] بڕ: پەپووله

**پەرپەرۆک** (گیانـ.)[باک] بڕ: پەپووله

**پەرپەریک** (گیانـ.)[باک] بڕ: پەپووله

**پەرپینە** (گـیـا.)[پەر + پینە] بڕ: پرپرە/ ١

**پەرت** (ئان.)[فار: پەرت ـ پەش: پرەت، پـرت. بـاک: پـەرت ـ نـاو: پـەرت ـ هـەو: پەرت] ١ـ شـوێنی دوورەدەست و لاڕێ. ٢ـ فڕێ، تووڕ. ٣ـ گێژ، تێنەگەیشتوو، لە راسـتی دوور. ٤ـ قـسـەی لێک دوور و بێمـانا. ٥ـ پرژ، پەرش، بڵاو. **~ بوون:** ١ـ دوورەدەسـت بـوون و لاڕێ بـوونـی شوێنێک. ٢ـ تێنەگەیشتن و حاڵی نەبوون لە قسە و مەسەلەیەک. **~ بەستن:** فڕێ دران، داکـەوتن. **~ کـردن:** فـڕێ دان، تووڕ دان، هاویشتن.

**پـەرت وبـڵاو** (ئـان. ل)[پـەرت + و + بـڵاو] بـڕ: پـرژوبـڵاو. **~و بـوون:** بـڕ:

پرژوبڵاو بوون. **~ کردن:** بڕ: پرژوبڵاو کردن.

**پەرت و پەلا** (ئان. ل)[پەرت + و + پەلا] ١- قسەی بێ سەر و بەرە، قسەیەک کە چی بە سەر چییەوە نەبێ. ٢- قسەی بێ سەروبەرەی نەخۆش، وڕێنە.

**پەرتووک** (نا. ل)[پەڕ + تووک1] کەمێک نان، پەنجەیەک نان، پەترۆک. ٢- کتێب، پەڕاو.

**پەرتەوازە** (ئان. ل)[پەرتە + واز + ئە] بڕ: پەڕەوازە. **~ بوون:** بڕ: پەڕەوازە بوون.

**پەرجان** (نا.)[باک] بڕ: پەرژین.

**پەرچ** (نا.)[لۆر: پەرچ - فار: پرچ - بیر: پەرچ. باک: پەرچ - ناو: پەرچ، پەچ - هەو: پەرچ] ١- بزمار و داکوتراوی خوار کراوە لە پشتەوە را. ٢- بزماری تایبەتی کە بۆ لێک بەستنەوەی دوو شت کەلکی لێوەردەگرن. ٣- سەرپەلی هەڵپەرتاوی درەخت. ٤- لەمپەر، کۆسپ. ٥- [باک] هەڵمساو. **~ دانەوە:** ١- خوار کردنەوەی نووکی بزمار و شتی داکوتراو. ٢- وڵامی قسە دانەوە. ٣- پێشبڕکە دانەوە. **~ کردن:** دوو شت بە پەرچ/٢ لێک قایم کردن، پەرچاندن. **~ هاتنە بەر:** تووشی لەمپەر و تەگەرە بوون، کۆسپ هاتنە بەر.

**پەرچاندن** (چا. ل)[لە: پەرچ] لێک قایم کردنی دووشت بە بزمار یا شتی تیژی دیکە و خوار کردنەوەی سەرەکەی لە پشتەوە، پەرچ کردن، پەرچانن.

**پەرچانن** (چا، ل)[ئەر] بڕ: پەرچاندن

**پەرچانەوە** (چا. ل)[لە: پەرچ] داکوتران بزمار و شتی تیژ و خوار بوونەوەی لە بنەوە، پارچانەوە.

**پەرچفین** (چا. ل)[باک] بڕ: پەرچڤین

**پەرچڤین** (چا. ل)[لە: پەرچ][باک: پەرچڤین، پەرچفین] هەڵمسان، ئەستوور بوون، با کردن.

**پەرچقاندن** (چا. م)[لە: پەرچە] لەت و کوت کردن، پارچە پارچە کردن، ورد و خاش کردن.

**پەرچقین** (چا. ل)[لە: پەرچە][باک] لەت و کوت بوون، ورد و خاش بوون، پارچە پارچە بوون.

**پەرچووکە** (نا. ل)[پەرچ + ئووکە] مووی سەر نێوچاوانی ژنان، پەرچەم.

**پەرچە** (نا. ل)[پەر (پار2)+ چە1][باک - زا] بڕ: پارچە

**پەرچەم** (نا.)[تور: برجم] ١ـ موو و کاکۆڵی سەر نێو چاوانی ژنان، پەرچووکە. ** هەزار هێندە پەرێشان و سیاچارە بژیم هێشتا/ لە نێو دڵدا هەمە ئاواتی خاڵ و پەرچەمێکی تر (ناڵەی جودایی ل ٥٢) دڵ ئەگەر مەفتوونی دانەی خاڵەکەی سەر گۆنەتە/ خۆم ئەسیری پەرچەمی داوی بەڵاتم رۆحەکەم (بێخود ل ٥٦). ٢ـ مووی ناوچەوان کە بە قەیچی خشت کرابێ (خاڵ ب ١ ل ٢٣٣). ٣ـ ئاڵا، بەیداغ. ٤ـ میلەی باریک و درێژووکەی نێو گوڵ کە لە هەر گوڵێک دا ئەندازەکەی فەرق دەکا. & پارچەم

**پەرچین** (نا.)[باک ـ هەو ـ زا] بڕ: پەرژین

**پەرخ** (گیانـ.) بڕ: پەڵخ

**پەرداخ**[1] (نا.)[؟] دەفری ئاو و ئاوەکی تێدا خواردنەوە، لیوان، پەرداغ.

**پەرداخ**[2] (نا. چا)[فار: پرداخت] ١ـ لێک و لووس، تیفتیفە، جەلا. ٢ـ (ئان.) رازاوە، جوان. & پەرداخت. ٣ـ (نا.) کوتە کاغەزێکی تایبەتی کە لایەکی گڕنی گڕنیە و ئاسنەواڵە و دار و شتی دیکەی پێ لێک و لووس دەکەن. **~ کردن:** لێک و لووس کردن، پەرداخت کردن.

**پەرداخت** (نا. چا) بڕ: پەرداخ2.
**~ کردن:** بڕ: پەرداخ کردن.

**پەرداغ** (نا.) بڕ: پەرداخ1

**پەردوو** (نا.)[بڕ: پەردە] ١ـ دیووی بووک و زاوا لە یەکەم شەوی پێکەوە خەوتنیان، پەردە/١، پاشپەردە، بووکینان. ٢ـ زەل و قامیشێک کە دوای دارەڕا لە سەری دادەنرێ و گڵەبانی لە سەر دەکرێ، پردوو، سەرمیچ، لیشامە، لیشمە، هەڵاش. ٣ـ وردە چێوێکی تەنک و پان و چووکە کە لە نێوان دارەڕاکانی میچی دەدن و سواغی میچی لە سەر دەکەن. **بای ~ لێدان:** لە پەردوو دا هیچ پێنەکران لە بەر سام رێنیشتن و دڵەکوتە. سەرسام بوونی زاوا لە پەردوو دا کە تەنانەت دڵ تۆقین و پەردووگیر بوون و مەرگیشی بە دواوەیە.

**تێبینی:** پەردوو و پەردە هەر یەک وشەن. دوو پیتی **ە** و **ئو** ئاڵ و گۆڕیان دەگەڵ یەکتر هەیە وەک مردوو و مردە، بردوو و بردە، کوللە، کوللوو.

**پەردووگیر** (ئان. فا)[پەردوو/١ + گیر] سەرسامی زاوا لە پەردوو دا، پەردەگیر. **~ بوون:** مردنی زاوا یا نەخۆش کەوتنی لە شەوی پەردوو دا،

پەردەگیر بوون.

**پەردە** (نا.)[پەھ: پەرتەک. پەش: پەردە - فار: پردە. باک: پەردە - ناو: پەردە - زا: پەردە] ١- دیوی رازاوەی بووک و زاوا لە یەکەمین شەوی پێکەوە بوونیان، پەردوو/١، پاشپەردە. ٢- پارچە و قوماشێک کە لە بەر پەنجەرە یا بەر دەرکە هەڵیداوەسن. ٣- (مج.) نهێنی، شاراوە، نائاشکرا. ٤- بەرگر، بەرهەڵست. ٥- توێ، توێژ. ٦- ریخۆڵە، بەن یا هەر چییەکی لە سەر دەسکی سازی مۆسیقا دەدرێ بۆ دەست لە سەر راگرتن و ناسینەوەی شوێنی نۆتەکە. ٧- بەشێک لە شانۆ و نمایش. ٧- پارچە یا هەر شتێکی دیکە کە لە سینەما و کاری نمایش کەلکی لێوەردەگرن. ~ **دران:** (کن.) ئاشکرا بوونی شتێکی نهێنی. ~ **دراندن:** (کن.) ئاشکرا کردنی راز و نهێنییەک، پەردە لا سەر دان. ~ **لە سەر لادان:** (کن.) ئاشکرا کردنی نهێنی و دەرخستنی راستی مەسەلەیەک. **لە ~ دابوون:** نائاشکرا بوون، روون نەبوونەوە، شاراوە بوون. ‖ **پەردە پەردە:** توێژ توێژ، توێ توێ. **پەردەی بێدەنگی:** بێدەنگی. * **پەردەی بێدەنگی دڕین(دادڕین):** وە دەنگ هاتن و بێدەنگی

شکاندن. **پەردەی چاو:** کۆمەڵێک توێژ کە گۆی چاویان داپۆشیوە. **پەردەی حەیا:** (کن.) حەیا، ئابڕوو، پەردەی شەرم. * **پەردەی حەیا دڕین:** (کن.) بێشەرمی کردن، بێ ئابڕوویی کردن، شەرم نەمان، پەردەی شەرم دڕین. ∷ تووڵە رێواسی سەری هەڵدا دڕی پەردەی حەیا/ ناسک و تورت و سپی وەک قۆڵی یاری نازەنین (هێدی ل ١٧٥). **پەردەی سەبووریی:** تاقەت، سەبووری، سەبر گرتن. * **پەردەی سەبووریی دران:** (کن.) تاقەت و سەبر نەمان، سێبووری تەواو بوون. ∷ پەردەی سەبوورییم دڕیا، ڕۆڵەڕۆ/ ریشەی جەرگەکەم بڕیا، ڕۆڵەڕۆ (مەولەوی ل ١٠٠). **پەردەی سینەما:** پارچەیەکی سپی گەورە کە لە سینەما هەڵیداوەسن و فیلمی لە سەر نیشان دەدەن. **پەردەی شەرم:** (کن.) بڕ: پەردەی حەیا. * **پەردەی شەرم دڕین:** (کن.) بڕ: پەردەی حەیا دڕین. **پەردەی شەرم و حەیا:** (کن.) شەرم، حەیا، ئابڕوو، پەردەی حەیا. * **پەردەی شەرم و حەیا دڕین:** (کن.) شەرم شکان، بێشەرمی کردن، پەردەی حەیا دڕین. ∷ لەبەر ئەوەی بەشەرێکم زەبوونی دڵ، هەڵبەت/ حەقم بوو پەردەیی شەرم و حەیام دڕی،

لام برد (گـۆران ل ٧٣). **پەردەی غـەیب:** دونیـای دیکە کە لە ئێمـە دیار نیـە و لێی ئاگادار نین، عـالەمی غـەیب. ⁂ ئەسـرار پەردەی غـەیب مـەحـرەم پەیک/ سـایەی خودایی، سـلام علیک (مەولەوی ل ٣٥٨). **پەردەی گـوێ:** پەردەیەک کـە لە نێـو گـوێ دایە و دەنگ دەلەرزێنێتەوە، تەپڵی گۆش، تەپڵی گوێ. **پەردەی هەناو:** پەردەیەک کە منداڵ هـەتا ئەودەمـەی کـە دە زگی دایکی دایە تێـیـدا دەژی و دوای زان دەگـەڵی دێتە دەر، منداڵدان.

**پەردەپـڵاو** (نـا. ل)[پـەردە + پـڵاو] ١ـ جۆرێک پڵاوە بە کشـمیش و بادامـەوە کە لە نێو برینجـەکە دا توێ توێ گۆشـتیـان دانابێ. ٢ـ جۆرە پڵاوێکە پڕ لە کشـمیش و بادام و کـفـتـەی ورد لە ناو دەفـرێکی تایبـەتی دا، دائەچێنرێ و پەردەیەکی لە هـەویر بۆ ئەکرێ (خاڵ ب ١ ل ٢٣٣).

**پەردەپۆش** (نـا. فـا)[پەردە + پۆش] کـەسێک کە راز نادرکێنێ، رازدار. **~ بوون:** راز راگـرتن ، سـڕ نەدرکـاندن، رازدار بوون. ⁂ نەبوە، نابینی لە شـەو مـەحـرەمـترێ تا رۆژی حـەشـر/ پەردەپۆشـە، هـەمـدەمـە، هـەمـدەردی عوششاقانە شەو (مەحوی ل ٢٥٨).

**پەردەپۆشـیـی** (حم.)[پەردەپۆش + ئیی] کار و کردەوەی کەسی پەردەپۆش، شاردنەوەی نهێنی، رازداریی.

**پەردەدار** (نـا. فـا)[پەردە + دار] ١ـ کەسێک کە لە دەرباری پادشاکان ئەرکی هەڵکێشـان و داکێشـانی پەرەکـانی بە ئەسـتۆوە بوو. ٢ـ کەسـێک کە ئاگاداری حـەرم و شـوێنـەکـانی پیـرۆزە. ٣ـ دەرکەوان.

**پەردەداریی** (حم.)[پەردەدار + ئیی] کـار و پیشـەی کـەسی پەردەدار. ⁂ چە حـەد بەرشـیـیەن یەند نزاریم/ نـەمـەندەن تـاقـەت رای پـەردەداریم (مـەولـەوی ل ٤٧٨).

**پەردەک** (نا. ل)[پەردە + ک] مـەسـەلە یا قسـەیەک کە ماناکـەی روون و ئاشکرا نەبێ، قسـەی ژێر پەردە کە پێویستی بە لێکدانەوە هـەیە، مەتەڵ، مەتەڵۆکە.

**پەردەگیر** (ئان. فا)[پەردە + گیر] بڕ: پەردووگیـر. **~ بوون:** بڕ: پەردووگیـر بوون. ⁂ یـەک لـە نـەکـاو دێ، دەڵێ عەبدولعەزیز نەتزانی/ مـەلکەوانت مـرد، نێوچیـروانت پەردەگیـر بوو ... (گەنج ل ٢٢٧).

**پەرزم** (نا.)[زا] بڕ: پازوون

**پەرزوم** (نا.)[زا] بڕ: پازوون

**پەرژیان** (چا. ل)[ئەر] پێڕاگەیشتن، پرژانە سەر.

**پەرژین** (نا. ل)[پەھ: پەرچیین. بیر: پەرجین - فار: پرچین - لۆر: پەرچی - گیل: پەرچین. باک: پەرچین، پەرجان، پەرژین - ناو: پەرژین، پەرگین - هەو: پەرچین - زا: پەرچین، پارچین] بەرهەڵستێکە لە درک و داڵ کە بە دەوری باغ و بێستان و شوێنێک دا دەیکێشن هەتا کەسی غەیر و گیاندار نەچنە نێوی.

**تێبینی:** پەرژین و هاوتاکانی لە دوو بەشی [پەر + ژین یا چین] پێکهاتوون. پەر لە ئەوێستایی پەئیرە paira بە مانای دەوروبەرە و چین بە مانای چنین پێکهاتوە و بە گشتی یانی دەورووبەر چنراو.

**پەرس 1** (نا.)[هەو - زا] بڕ: پرس

**پەرس 2** (نا. فا) بڕ: پەرست

**پەرست** (نا. فا)[لە: پەرستن] بە دوای وشە دا دێ و مانای پەرستنی ئەو شتە دەدا، پەرەست، پەرس. ؛؛ جوانپەرست، تاوپەرست، خوداپەرست، بادەپەرست.

**پەرستار** (ئان. فا)[لە: پەرستن][پەھ: پەرەستار] ١- ژنێک کە لە نەخۆشخانە ئیش دەکا و بە نەخۆشان رادەگا. ٢- ئاگاداری بێ ئەنوا و بێ دەستەڵات و نەخۆش. ؛؛ ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرستارم کە پێموایە/ لە سەر کێکی ئەمن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر (ناڵەی جودایی ل ٥١).

**پەرستاریی** (حم.)[پەرستار + ئیی] ١- کار و پیشەی پەرستار. ٢- خزمەت، ئاگاداریی. ~ **کردن:** پێڕاگەیشتن، تیمار کردن، خزمەت کردن بۆ چاک بوونەوەی نەخۆش و کەسی پێویست بە ئاگاداریی. ~ **لێکردن:** خزمەتی کەسێک کردن، ئاگاداریی و پێڕاگەیشتن لە کەسێک.

**پەرستن** (چا. م)[ئێک: پەریشتا - پاز: پەرەستیدەن - پەھ: پەرەستەن، پەریستیتەن. باک: پەرەستن، پەرستن - ناو: پەرستن] ١- عیبادەت کردنی خودا و هێزێکی سەرووتر. ٢- زۆر خۆش ویستن و بڕوا پێ هەبوونی لە رادە بە دەر بە کەس یا شتێک.

**پەرستگا** (نا. ل)[پەرست + گا] شوێنی پیرۆز بۆ پەرستن، شوێنی تاعەت و عیبادەت، مەعبەد، پەرسگە، پەرسگا.

**پەرسگا** (نا. ل)[پەرس + گا] بڕ: پەرستگا

**پەرسگە** (نا. ل)[پەرس + گا][ئەر] بڕ: پەرستگا

**پەرسیار** (ئان. فا)[پەرس + یار] کەسێک کە شتێک یا کەسێک دەپەرستێ.

**پەرسیلکە** (گیان.)[هەو] بڕ: پەڕەسلێرکە.

**پەرش** (نا.) بڕ: پرژ

**پەرش و بڵاو** (ئان. ل)[پەرش + و + بڵاو] بڕ: پرژوبڵاو. **~ بوون:** بڕ: پرژوبڵاو بوون. **~ کردن:** بڕ: پرژوبڵاو کردن.

**پەرڤاز** (نا.)[بڕ: پەراوێز][زا] کوتێک ئاسن کە دەچنە نێو یەکەوە و دەرگا و پەنجەرەی لە سەر دەگەڕێ، لاولاوەی دەرک و پەنجەرە.

**پەرک** (نا.) بڕ: پەرگ

**پەرکولۆڵ** (ئان. ل)[پەر + کولۆڵ] مەرێک کە سەر و گەردنی رەش بێ و سەر لووتی سپی بێ.

**پەرکەم** (نا.)[؟] نەخۆشییەکی عەسەبی و مێشکییە، نەخۆش گەشکەی دەگرێ و بێهۆش دەکەوێ، گەشکە، ئاتی، فێ، خوو، خی.

**پەرگ** (نا.)[؟] هەودای بادراوی دەزوو یا بەن کە کەڵاشی پێدەچنن، پەرک، پەرگە.

**پەرگار** (نا.)[یون: periɣa] ئامرازێکە لە دوو میلە کە سەرێکیان پێکەوە لکاو بەڵام توانای جووڵانەوەیان هەیە، بۆ کێشانەوەی جەغز و بازن کە سەرێکی لە سەر جێی خۆی دەچەقێ و سەرەکەی دیکە نووکی میدادی تێدەنێن و بە دەورێک سووڕاندنی جەغزێک دەکێشرێتەوە، پەڕگار، پەڕگاڵ، جەغزینگ.

**پەرگە**[1] (نا.) بڕ: پەرگ

**پەرگە**[2] (نا.)[؟] گڵ و پەینێک کە بەهاران بە سەر بەفری سەر زەڕعاتی وەردەکەن هەتا زووتر بتوێتەوە، پرگە. **~ هاویشتن:** پەین و خاک بە سەر زەوی داکردن بۆ زووتر توانەوەی.

**پەرگەما** (نا. ل)[پەرگ + ئە + ما؟] ریزە چنراوەی تەختی کەڵاش کە پەرگ لە سەر ئەوەوە دەست پێدەکا، تەختی کەنارەی کەڵاش.

**پەرگەندە** (نا. مف.)[زا] بڕ: پەراکەندە

**پەرگین** (نا.)[سـۆر] بڕ: پەرژین. ﷼ کاکە سەرم چەند دێشێ، دەردێ لە درم بە برینە/ چوومە مارێ لەیلایێ دەرکەیان بە پەرگینە (سێسەد هۆنراوە ل ٨٠).لە کێم دیت و لە کێم دیت/ لە بن پەرگینێ رەزێ (فۆلکلۆر ل ٦٢).

**پەرلمان** (نا.) بڕ: پارلمان

**پەرمێشک** (گیا.)[؟] ١ـ گیایەکی خۆڕسکی گوڵ سپی یا ئەرخەوانییە، بەرەکەی دڕوویەکی خڕی وردی قولاپدارە کە بە سانایی بە جل و لەشی تووکنی گیاندارەوە دەنووسێ، -Tti folium arvens ناوی لاتینی ئەم گیایەیە. ٢ـ بەری ئەم گیایە کە دڕوویەکی تۆپنی وردی قولاپدارە. & نووسەکە، نووسەنەکە، هەرواڵە، پەنەرشکە، پەنیرشک، پەرەنشک، پەرەنێشک، پرمێشک، پەنەرێشکە، پەزشکە، پزیشکە. (عەر: حرشون)

**پەروا** (نا.)[فار: پروا] ترس، هەراس، باک، خۆف. ـــ **نەبوون:** نەترسان، بێباک بوون. ﷼ بڕوانە سووتنم. وەرە بڕوا کە من نەمام/ پەروانەم ئیترم نیە پەروا کە من نەمام (مەحوی ل ٢١٣). ـــ **نەمان:** ترس نەمان، خۆف نەمان، ترس شکان. ﷼ لە رووی تۆ دا نەما پەروای شەهیدانی نەبوو چاوت/ لە رۆژی حەشرێ ناترسێ، عەجەب تورکێکی بێباکە (وەفایی ل ١٢٨).

**پەروار** (ئان.)[پەه: پەرڤار. بیر: پەلڤار ـ فار: پروار ـ لۆر: پەرڤار. باک: پەروار ـ ناو: پەروار][لە: پەروەراندن] ١ـ مەڕ و ماڵاتی دابەستراو بۆ قەڵەو بوون. ٢ـ قەڵەو. ـــ **کردن:** دابەستنەوە، قەڵەو کردن.

**پەرواریی** (ئان. ل)[پەروار + ئی] مەڕ و ماڵاتی دابەستە و قەڵەو.

**پەرواز**[1] (نا.)[باک] بڕ: پەراوێز

**پەرواز**[2] (نا.)[فار: پرواز][کلاسیک] باڵ لێدان و فڕینی مەل لە ئاسمان، فڕین.

**تێبینی:** پەرواز ـ ی فارسی هاوڕیشەیە دەگەڵ پەڕەوازە ـ ی کوردیی هەرچەند ماناکان هەندێک لێک ترازاون. (بڕ: پەڕەوازە)

**پەروانە** (گیانـ.)[بڕ: پەپوولە][پەه: پەرڤانەک] ١ـ پەپوولە. ٢ـ [کلاسیک] جۆرێک پەپوولەی شەوفڕە کە بە دەوری چرا و رووناکی دا دەخولێتەوە و خۆ بە رووناکی دادەدا و دەسووتێ و لە ئەدەبی

کاسیک دا پتر بۆ ئاشقی سووتاوی بە کار دێن. ∷ تا دڵ نەسووتێ دەم بە دەم، فانی نەبێ سەر تا قەدەم/ پەروانە قەت ناگاتە شەم، هذا طریق العاشقین (وەفایی ل ٩٩) من و پەروانە دەمان کردە گرەو/ کێ لە سووتان بە گڕە، من یا ئەو (بۆ کوردستان ل ١١٢). ٣ـ پەڕەی مەکینە و ماشێن و فڕۆکە. ٤ـ ئیزن، ئیجازەی ڕۆیشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە.

**پەروەراندن** (چا. م)[پەه: پەرڤەرتەن، پەرڤەریتەن] ١ـ پێگەیاندن، ڕەعەمەل هێنان، بەرهەم هێنان. ٢ـ بە خێو کردن، پێگەیاندنی منداڵ. ٣ـ فێر کردن، بار هێنان. & پەروەردە کردن

**پەروەردگار** (ئان. فا)[پەه: پەرڤەرتار][لە: پەروەراندن] ١ـ بەرهەم هێنەر، ڕەعەمەل هێنەر، مامۆستا. ٢ـ پادشا، شا. ٣ـ خودا. ∷ شوکر بۆ پەروەردگاری سوبحانی/ تۆ ئاگات هەیە لە دەردی نیهانی (شێخ فەرخ ل ٦٥). ‖ **پەروەردگاری عالەم (عالەمین):** پێکێنەری دونیا، خودای ئەرز و ئاسمان.

**پەروەردە** (نا. مف.)[لە: پەروەراندن] ١ـ پێگەیو، ڕەعەمەل هاتوو. ∷ بۆ ڕۆژی نیساری قەدەمت ئەشکی وەفایی/ مروارییە پەروەردە لە نێو کانی یەمەن دا (وەفایی ل ١١). ٢ـ بەخێو کراو. ٣ـ بار هاتوو. ~ **بوون**: ١ـ پێگەیشتن، ڕەعەمەل هاتن، هەڵدان، گەورە بوون. ٢ـ بەخێو بوون. ٣ـ فێر بوون، بە بەر گەیشتن، ڕاهاتن، بار هاتن. ~ **کردن:** بڕ: پەروەراندن.

**پەروین** (نا.)[فار: پروین][کلاسیک] بڕ: پێروو

**پەرۆز** (نا. ل)[پە + ڕۆز][زا] بڕ: نیوەڕۆ

**پەرۆژ** (نا. ل)[پە + ڕۆژ][زا] بڕ: نیوەڕۆ

**پەرۆژی** (نا. ل)[پە ڕۆژ + ئی][زا] چێشتی نیوەڕۆ، نەهار، فراوین.

**پەرۆش** (نا.)[بڕ: پەرێشان] دڵ نیگەران، نیگەران، خەم، پەرێشانی و سەختڵەتی دڵ. **بە ~ بوون:** نیگەران بوون، خاترجەم نەبوون لە بابەت کەسێک یا شتێکەوە. ~ **بوون:** نیگەران بوون، خاترجەم نەبوون، پەرێشان بوون. **~ی کەسێک هەبوون:** دڵ نیگەران بوون، پەرێشان بوون لە بابەت کەسێکەوە.

**پەرە**[1] (نا.)[؟] ڕەواج، برەو، پلە،

بەرەو زیادیی. **~ بەستن:** بڕ: پەرە گرتن. **~ پێدان:** لێ زیاد کردن، بەربڵاو کردن و گەورەتر کردنەوەی کار و مەسەلەیەک. **~ سەندن:** بڕ: پەرە گرتن. **~ گرتن:** بەربڵاوتر بوون، وە رەواج و رمێن کەوتن، لێ زیاد بوون، پەرە سەندن، پەرە بەستن.

**پەرە** 2 (نا.)[باک ـ زا] بڕ: پارە

**پەرە** 3 (نا.)[سۆر] بڕ: پەڵە

**پەرەست** (نا. فا)[لە: پەرەستن][باک] بڕ: پەرست

**پەرەستن** (چا. م)[باک] بڕ: پەرستن

**پەرەسێلک** (گیان.)[باک] بڕ: پەڕە سلێرکە.

**پەرەنشک** (گیا.) بڕ: پەرمێشک

**پەرەنگ** 1 (نا.) ١ـ شتی وردە کە گوارە نراوە، لەرزانە. ꞉꞉ لاس دەیکوت: کیژێ بەوجوورە بێ ئیلتیفاتم مەدوێنە/ ... وردە پەرەنگ لە گواران بە جەولانە بێنە (لاس و خەزاڵ ل ١٦٣). ٢ـ هەر شتێکی وردی زێدە کە بە شتێکی هەڵاوەسراوە لکابێ.

**تێبینی:** بە رای من پەرەنگ لە دوو بەشی [پەر + ئەنگ] پێکهاتوە. پەر لە ئەوێستایی پەئیرە paira بە مانای دەوروبەرە و ئەنگ لە ریشەی ڤەئێگ vaeg ـ ی ئەوێستایی بە مانای هەڵاواسین کە لە زمانی ئاڵمانی و سویدیش دا بە شێوەی هێنگ häng هەر بەو مانایە ماوە. بەو پێیە پەرەنگ دەبێتە ئەو شتەی کە لە دەوروبەر و کەنار هەڵواسراوە. (هس: ئاونگ1)

**پەرەنگ** 2 (نا.)[بڕ: پەنگر] سکڵ، پۆلوو، پەنگر

**پەرەنگدار** (ئان. فا)[پەرەنگ1 + دار] هەرچێک کە پەرەنگی هەبێ، بە پەرەنگ. ꞉꞉ گوارەی پەرەنگدار، رەشمەی پەرەنگدار.

**پەرەنگۆڵ** (نا. ل)[پەرەنگ1 + ئۆڵ] پەرەنگی وردەی گوارە، لەرزانە، پەرەنگۆڵە. ꞉꞉ ئەوساڵەکە حەوت ساڵە سێ ماچم دەستقەرزن لە سەر بەژنێ باریک/.../ ئەوە یەکیانت هەڵدەکێشم بۆ بن پەرەنگۆڵی دە گوارێ (گەنج ل ٢٢٣).

**پەرەنگۆڵە** (نا. ل)[پەرەنگۆڵ + ئە] بڕ: پەرەنگۆڵ. ꞉꞉ ئەمن ئەو ساڵەکانە، حەوت دانە ساڵە/ لە دوای قەفی سمێڵی شۆڕەسوارێ عەبداڵم/ هەر بیکەمەوە پەرەنگۆڵەی دە گوارێ (کانی مرادان ل

١٨٧).

**پەرەنێشک** (گیا.) بڕ: پەرمێشک

**پەرەی** (ئاک.)[زا] بڕ: پێرێ

**پەری** (نا.)[ئەو: پەئیـــریکا ـ پەھ: پەرییک، پەرییگ. باک: پەری، پێـــری ـ نـاو: پـەری ـ زا: پەری، پێـــــــری] ١ـ بوونەوەرێکی خـەیاڵیـــە، ژنێکی زۆر جوانی باڵدارە کە توانای فڕینی هەیە و کاری چاکی لێدەوەشێتەوە. // دێو. ∷ دێم و ناترسم لە پـــەرژینی بـــە زی/ هەر پەری سـەرکەوت و دێوەزمـە بەزی (ناڵەی جـــــــودایی ل ٢٤). ٢ـ [باک] پەپوولە. ٣ـ (مجـ.) ژنی جوان و چەلەنگ. ٤ـ ناوە بۆ ئافرەت. ~ **دەست لێدان:** (کنـ.) شـێت بوون، ئەقڵ نەمـان، پەری دەست لێوەشـاندن، پەری دەست لە دڵ دان. ∷ حەقە کە وەکوو وەفایی شێت و شـەیدای سـەحرایی/ مـەلەکان خۆیان نیشان دام، پەریـان دەستیـان لێداوم (وەفـایی ل ٧١). ~ **دەست لە دڵ دان:** (کنـ.) بڕ: پەری دەست لێـــــــدان. ∷ دەیگوت: پاش شـۆڕمـەحـمـوود ئەمن پەریان دەسـتیـان لە دڵم داوە/ چپکەم، چم لێقـەومـاوە، بۆ عـەقڵم پەشـۆکاوە (شـۆڕمـەحـمـوود ل ٨١). ئەتۆ شـێـتی شـەیدای یان پەریان دەسـتیـان لە دڵت داوە (لاس و خـــــەزاڵ ل ١٠٠). ~ **دەست لێوەشاندن:** (کنـ.) بڕ: پەری دەست لێـدان. **زەدەی دەســتی ~ بوون:** شـێت بوون، پـەری دەست لێـدان، پەری دەست لێوەشـاندن. ∷ لۆمـەیی نالیـی دێوانە مـەکـەن ئەی عـوقـەلا/ ئەمـە موددێکە زەدەی لەتمەیی دەسـتی پـەرییـە (نالی ل ٥٨٧). || **پەری ئازادیی:** سەمبوولێک بۆ ئازادی و رزگـاریی. ∷ تا بە دەســـتی پەری ئازادی لـە سـەر گـۆڕی شـەهیـد/ گـوڵە شللێـرە لە گـشت لایەکی نەڕوێن دەگـــریم (تاریک و روون ل ١٦٤). **پەری دەریایی:** گـیـاندارێکی خـەیاڵی نێـو چیـــرۆکـانە، نیـوەی سـەرەوەی لەشی ژنێکی زۆر جـوان و نیـوەی خـوارەوەی وەک ماسی وایە و لە نێو ئاو دا دەژی و جار جارە لە سەر رەوەزە بەردی نێو ئاو دادەنیشێ و گـۆرانی دەڵێ و مـەلوانان هەڵدەخەڵەتێنێ.

**تێبینی:** پەری لە ئەوێستا دا بە هاوتا و هاوکاری دێو و جندۆکە داندراوە و لە بەر دەستی ئەهریمەن دایە هەتا خەڵکی ئیماندار بە جوانیی خۆی هەڵخەڵەتێنێ.

**پەریبڕ** (ئان. فا)[پەری + بڕ (بڕین)] منداڵێکی کوڕ کە لە کاتی زان دا پارچە

گۆشتی زێدەی سەر سیرەتی نەبێ و پێویستی بە خەتەنە کردن نەبێ.

**پەری روخسار** (ئان. ل)[پەری + روخسار] کەسێک کە سیما و روخسارێکی زۆر جوانی هەیە، روخسار و سیمای وەک پەری، پەریروو. ⁖ تۆ دڵت دێوانە کردم، ئێستەکەش/ نانوێنی روو، پەری روخسار هەی (مەحوی ل ٣٢٢).

**پەریروو** (ئان. ل)[پەری + روو] ژنی جوانی وەک پەری، پەری روخسار. ⁖ خەیاڵم وایە خەڵقە من کە تەرکی عەشقی دولبەر کەم/ ئیتر میهری پەریروویان بە یەکجاری لە دڵ دەرکەم (ئەحمەد موختار ل ٨٣).

**پەریوەشان** (گیا.) بڕ: پەڕسیاوەش

**پەریزاد** (نا. ل)[پەری + زاد] ١- ژنی زۆر جوان و شێوە پەری وەک ئەوەی کە لە پەری زا بێ، پەریزادە. ⁖ ئەی پەریزادی مەهابادی ئەتۆ ون بووی لە من/ تۆم هەبێ کوانێ پەریزادە و پەری چینم دەوێ؟(هێمن). ٢- ناوە بۆ مێینە.

**پەریزادە** (نا. ل)[پەری + زادە] بڕ: پەریزاد.

**پەریشاروخ** (گیانـ.)[پەری + شا + روخ] مەلێکی چووکی حەڵاڵ گۆشتە بە رەنگی زەردی زێڕن و سپی بە خەتی قاوەیی. نێرەکەی پتر پشتی رەش و باقی پڕەکانی زەردی لیمۆیی و زێڕینە و مێیەکەی ئەبڵەقی زەرد و رەشە (فرهنگ پرندگان ل ٤٥)، oriolus oriolus caucasicus Sar ناوی لاتینی ئەم مەلەیە، زەردی شامی، هەنجیرەوەرە، هەنجیرەخۆرە، هەنجیرخۆرە.

**پەریشان** (ئان. فا)[باک - زا] بڕ: پەرێشان

**پەریشانیی** (حم.)[پەریشان + ئیی] بڕ: پەرێشانیی

**پەری شێوە** (ئان. ل)[پەری + شێوە] ژن و کچێکی جوان کە لە جوانی دا شێوەی پەری بدا. ⁖ دەڵێ هەرکەس ببینێ یار و ئەغیاری بە ئەتڕافا/ خودا چین ئەم هەموو دێوە لە دەوری ئەم پەری شێوە (مەحوی ل ٢٩٠) وتم فیدایی جەماڵت بم ئەی پەری شێوە/ ئەوا توایەوە هەستیم بە سۆزشی گریەت (گۆران ل ١٩).

**پەرێز** (نا.) زەوییەک کە دەغلەکەی درواوە و تەنیا بەشێکی لاسکیان بە جێ

مــــاوه، جێ دەغــــڵی درواو، پرێزە. ::
مــانگەشــەو خــۆشــە مــانگ لە پــەرێزێ/
دۆســــتی جــوانت بێ پڕ بە ئـامــێــزێ
(فۆلکلۆر)

**تێبینی:** پەرێز لە ریشەی ئەوێستایی پەئیری دەئێزە pairi daeza بە مانای باغ یا بێستان کەوتوە و من پێموایە پەرێز دەبێ پێشتر مانایەکی دیکەی هەبووبێ و ئێمرۆکە ئەم مانایەی لێ بە جێ ماوە. لە زاراوەی باکووریی دا پارێز بە مانای بێستان ئەو مانایەی هێشتا راگرتوە.

**پەرێش** (ئان. فا) بڕ: پەرێشان

**پەرێشان** (ئان. فا)[پەه: پەریش. باک: پەریشان، پەرۆش ـ ناو: پەرێشان، پەرێش، پەرۆش ـ هەو: پەرێشان ـ زا: پەریشان] ١ـ بڵاو، پەخش. ٢ـ بێهۆش، بێحاڵ، گێژ. ٣ـ دڵ بە خەم، نیگەران، پەرێشحاڵ، پەرۆش. **~ بوون:** ١ـ بڵاو بوون، پەخش و لێک بڵاو بوون. ٢ـ گێژ و بێحاڵ بوون. ٣ـ دڵ بە خەم بوون، نیگەران بوون، پەرۆش بوون. :: ئەما ئاغام زۆری پەرتە ئەو خەیاڵە/ فکرت زۆر پەرێشان و گەواڵ گەواڵە (لاس و خەزاڵ ل ٤). **~ کردن:** ١ـ بڵاو کردن، پەخش کردن. ٢ـ گێژ و بێحاڵ کردنی کەسێک. ٣ـ دڵ بە خەم کردن، نیگەران کردنی کەسێک، پەرۆش کردن.

**پەرێشانحاڵ** (ئان. ل)[پەرێشان + حاڵ] حاڵ پەرێشان، شێواو، نیگەران، پەرێشحاڵ، دڵ پەرێشان. **~ بوون:** پەرێشان بوون، نیگەران بوون، شێوان، پەرێشحاڵ بوون.

**پەرێشحاڵیی** (حم.)[پەرێشانحاڵ + ئیی] پەرێشانیی، نیگەرانیی، دڵ بە خەمیی، پەرێشحاڵیی

**پەرێشانیی** (حم.)[پەرێشان + ئیی] ١ـ لێک بڵاویی. ٢ـ گێژیی، شێواویی. ٣ـ نیگەرانیی، پەرێشانحاڵیی، دڵ بە خەمیی. & پەریشانیی

**پەرێشحاڵ** (ئان. ل)[پەرێش + حاڵ] حاڵ پەرێشان، شێواو، نیگەران، پەرێشان. **~ بوون:** بڕ: پەرێشانحاڵ بوون. :: شەوێ خەونی دی؛ دە خەونی دا زۆر پەریشحاڵ و پەرێشان بوو (گەنج ل ٢٨٥).

**پەرێشحاڵیی** (حم.)[پەرێشحاڵ + ئیی] پەرێشانیی، نیگەرانیی، دڵ بە خەمیی.

**پەڕ**[1] (نا.)[هیک: پەرنە ـ ئەو: پەرێنە ـ

پەھ: پـەر، پـەرر، پـەررەک. بـاک: پـەرک، پەڕ، پوورت ـ نـاو: پـەڕ ـ هـەو: پـەڕ ـ زا: پەڕ] ١ـ ئەو تووکـەی کـە لەشـی مـەل و باڵندەی داپۆشیوە و سێ جۆرن: شـاپەڕ کـە لە سـەر کلک و باڵییـەتی، پەڕ کـە لەشی داپۆشیوە، کورک کـە تووکێکی وردە و لـە ژێرەوەی پـەڕەکــانـە. ٢ـ سـەفحەی دەفتەر و کـتێب، وەرەقی کـاغەز. ٣ـ وەرەقی کـایە و قـومـار. ٤ـ (مـجـ.) باڵ. ٥ـ کـوتێک لە گـوڵ، پـەلک، پەڕە. ⁂ پەڕی گـوڵ. || **پەڕی گـوڵ:** ١ـ بەشـێک لە تـەواوەتی گـوڵێک، پـەلک. ٢ـ (مجـ.) کچ و ژنی زۆر جوان و ناسک. & پەڕەی گوڵ

**پەڕ**[2] (ر.) لە ریشـەی پـەڕین دەکەوێ و ئەو مـانـایانـە دەدا. ١ـ ئـاوا، ون. ⁂ تـاوپەڕ، رۆژپـەڕ، زەردەپـەڕ. ٢ـ جـیـا، پەڕیو. ⁂ پووشـپـەڕ. ٣ـ دوور. ٤ـ قـەراغ، کـەنار، دەور. ٥ـ ئـاخر، دوومـاهی. **~ بوون:** دوور کەوتن.

**پەڕ**[3] (ئان.)[هەو] بڕ: پڕ1

**پەڕانپـەڕ** (ئاک. ل)[پەڕ2 + ئان4 + پـەڕ2] دەورانـدەور. **~ گـرتـن:** دەوراندەور گـرتن، دەوری کـەسـێک یا شـتێک گرتن، گەمـارۆ دان. **~ گیران:** دەوراندەور گیران، گەمارۆ دران.

**پـەڕانـدن** (چـا. م)[لـە: پـەڕیـن] ١ـ شکاندن و بڕینی هـەر چێک بە قـەو وەها کـە دەرپەڕێ. ⁂ سـەر پەڕانـدن، دەست پەڕاندن. ٢ـ بـەجێ هێـشتن، تێپـەڕاندن، بواردن. ⁂ خـەتێکی ئەو نـامـەیەت پەڕاند و نەتخـوێندەوە. ٣ـ لە پشت سـەر نان، پەڕینەوە. ⁂ نیـوە شـەو سنوورمـان پەڕاند. ٤ـ هاویشـتنە سـەری نێـریی گیاندار بۆ جووت بوون دەگەڵ مێیەکەی.

**پەڕاندنەوە** (چا. ل)[پەڕاندن + ئەوە] ١ـ کـەسـێک لە ئاو، شـەقـام و لە هـەر پانـاییـەک بردنە لای دیکەی. ٢ـ (مـجـ.) رزگار کردنی کەسێک لە بەڵا، مەترسی و هـەر شتێکی دیکە.

**پەڕانەوە** (چا. ل)[پەڕان + ئەوە] ١ـ تێپەڕاندنی پانایی رێگا، شەقام و رووبار و شـتی لەم بابەتە. ⁂ منداڵەکـان لە شـەقـام پەڕانەوە. ٢ـ (مـجـ.) تێپـەڕین و رەد کـردنی بەڵا و مـەترسی و هـەر شتێکی لەم بابەتە. & پەڕینەوە.

**پـەڕاو** (نـا. ل)[پـەڕ + ئـاو؟] ١ـ بەسـتـەیەک کـاغـەزی تایبـەتی جگەرە پێچانەوە. ٢ـ کتێب، پەرتووک.

**پەڕاو** (نا. مـفـ.)[لە: پەڕین] ١ـ زایە

بوون، تێکچوونی باری ئاسایی. ⁘ ڕەنگ پەڕاو. ٢ـ چوونە هەوای و بوونە هەڵمی ئاوەکی نێو شتێک لە ماوەیەکی درێژ خایەن دا. ٣ـ نەمانی بۆن عەتر یا شتێکی دیکە.

**پەڕبەپەڕ** (نا. ل)[پەڕ2 + بە + پەڕ2] بڕ: پەڕپەڕ

**پەڕبەستە** (ئان. ل)[پەڕ1 + بەستە] مەلێک کە باڵی بەستراوە، باڵ بەستە.

**پەڕبەسەر** (ئان. ل)[پەڕ1/١ + بە + سەر] شاز، ناوبەدەرەوە، ناسراو، بەناوبانگ. ⁘ کوتی ئەتۆ نەچووبووی کابرایەک بێنی بۆ گوڵندام کە دەنێو ئەوانە دا پەڕبەسەر بێ؟ (بارام و گوڵندام ل ٧١). دەبڕۆ خەریک بە لە کار و ئەوە پێک هات کار و بارە/ تێگڕا پیرۆزباییان لێکرد پەڕبەسەر و میر و بەگلەر و ئیختیاردارە (سەعید و میرسێوەدین ل ١١٥).

**پەڕبەڵەکە** (گیانـ.)[پەڕ1 + بەڵەک + ئە] مەلێکی ڕاوکەرە (چەند جۆری هەیە). مارمێلکە، مشک، باڵندەی بچووک و جرۆجانەوەر دەخوا. دندووکی چووک و بەهێزە. قاچی بە قەوەت و چنگی تیژە. لە شوێنی بەرز هەڵدەنیشێ و بەرەو نێچیر لوور دەبێتەوە. تیژفڕە و بە تەنیا دەژی و لە سەر دار هێلانەی دەکا، laniidae ناوی لاتینی ئەم تۆرەمەیە، باڵبەڵەکە، سەقری مێشخۆر، قجی، قجی بەڵەک، قجی چاوڕەش، چۆلەکەگرە.

**پەڕپووت**[1] (ئان. ل)[پەڕ2 + پووت4] شتی کۆن و لەبەر یەک هەڵوەشاوە، پواو، رزیو. **~ بوون:** پوان، رزین.

**پەڕپووت**[2] (گیانـ.)[پەڕ1/١ + پووت] جۆرێک مراوی. ⁘ هاتەوە تەیرەکەی گەرمێنێ، بەو تەیرەم دەڵێن پەڕپووتە/ تیژ باڵی خۆی لێدەداوە نیشت لە مەزراکەی تەمووتە (کانی مرادان ل ٨٩).

**پەڕپەڕ** (نا. ل)[پەڕ2 + پەڕ2] ١ـ دڕاو، لەت و کوت، دڕبەدڕ. ٢ـ لێک هەڵوەشاو، وەریو. **~ بوون:** ١ـ دڕان، لەت و کوت بوون، دڕبەدڕ بوون. ٢ـ هەڵوەرین. **~ کران:** ١ـ دڕان، لەت و کوت کران. ٢ـ هەڵوەران. ⁘ دەبێ چەند بەرد لە هێلانەم گرابێ/ گوڵی سوورم چلۆن پەڕپەڕ کرابێ (تاریک و روون ل ١١٢). **~ کردن:** ١ـ دڕاندن، دڕبەدڕ کردن. ٢ـ هەڵوەراندن، هەڵوەشاندن

**پەڕپەڕۆچکە** (نا. ل)[پەڕ2/٥ +

پەڕ2/٥ + رۆچ + کە] بەرزترین شوێنی ئاسمان، تەشق، تەشک، پەڕپەڕۆچکەی ئاسمان. || **پەڕپەڕۆچکەی ئاسمان:** بڕ: پەڕپەڕۆچکە.

**پەڕسیاوەحش** (گیا.) بڕ: پەڕسیاوەش

**پەڕسیاوەش** (گیا.)[ئەو: پەرێنۆ سیاڤەرشانەهێ. لۆر: پەرێ سیۆڤەش - فار: پرسیاوشان. ناو: پەریوەشان، پەڕسیاوەش، پەڕسیاوەحش، پەلی سیاوشان - هەو: پەلوسیاوەحشی] گیایەکی ساقەت باریک و ناسکە، گەڵای وردە، لە شوێنی شێدار و بە سێبەر دەڕوێ، لە دێم کراوەی ئەم گیا بۆ هەندێک نەخۆشی و ناسازی وەک هەڵامەت و یاو کەلکی لێوەردەگرن. Adiantum capillus Veneris ناوی لاتینی ئەم گیایەیە.

**پەڕش**1 (نا.) بڕ: بڕوێش

**پەڕش**2 (نا.) بڕ: پرژ

**پەڕش وبڵاو** (ئان. ل)[پەڕش2 + و + بڵاو] بڕ: پرژوبڵاو. ~ **بوون:** بڕ: پرژوبڵاو بوون. ~ **کردن:** بڕ: پرژوبڵاو کردن.

**پەڕشت** (نا.) بڕ: بڕوێش

**پەڕشە** (نا.) بڕ: بڕوێش

**پەڕک** (نا. ل)[پەڕ + ک][باک] بڕ: پەڕ1

**پەڕکوور** (گیان.)[پەڕ1 + کوور] جۆرێک هەڵۆیە کە لە هەڵۆکانی دیکە بەهێزتر و تیژتر و بەرزەفڕترە.

٧٥ تا ٨٣ سانیتیمێترە، کلکی پان و چوار سووچە. شاپەڕی پێشەوەی باڵی بڵاو و قیتە. پەڕ و باڵی تەواو بۆری توندە؛ سەر و پاش مل و شاپەڕی وردی باڵی تەڵا رەنگە. بە بارێی لە سەر ئەستوورایی باڵی تووکی سپی دەبینرێ. کلکیشی سپییە و خەتی پانی ئاماڵ رەشی لە سەر کلکی دایە. بە چوونە سەری تەمەن ئەو سپیایە لە کەمی دەدا. بە هۆی گۆڕانی رەنگی پەڕ و باڵی ئەو باڵندەیە بە بارێ لە گەڵ هەڵۆکانی تر بە چەتوونی لێک جوێ دەکرێتەوە. لە کوێستانی کەم گیا و ئیشک و رووتەن، رەوەزی قەراغ بەحران و دەشتان دەژی. لە سەر لێواری هەڵدێران و جارجاریش سەر داران هێلانەی دەکا. (فەرهەنگی باڵندە ل ١٧٨). Aquila chrysaetos ناوی لاتینی ئەم مەلەیە، پەلکوور. (فەر: Aigle royal)

**پەڕگار** (نا.) بڕ: پەرگار

**پەڕگاڵ** (نا.) بڕ: پەرگار

**پەڕگـــەندە** (نا. مـــف.)[هـەو] بڕ: پەراکەندە. ፡፡ قەیس ئاسا نە خێڵ شای شـــەم مـــەندە من/ وێڵ و دەربەدەر فـام پەڕگەندە من (وەلی دێوانە ل ٧١)

**پەڕوبـاڵ** (نا. ل)[پـەڕ1 + و + باڵ1] بڕ: پەڕوپۆ. ፡፡ دڵەی بـێ هۆش و گـۆشم مـوددەتێکە هـەر دەناڵێنێ/ خودا روحمێ بکەی بـەو مـورغی حـەپسی بێ پـەڕوباڵم (وەفایی ل ٦١).

**پەڕوپـۆ** (نا. ل)[پـەڕ1 + و + پۆ] ١- باڵ و پەڕ. ٢- (مـــجـ.) هـێـــز و گـــوڕ، توانـایی. & پـەڕ و بـاڵ، پەل و پۆ. **~ لێنان:** لێ زیاد کـــردن و گـــەورەتر کـردنەوەی قـســـە و رووداو و شـتـی لەم بابـەتـە، پـەڕوبـاڵ لێـنـان. ፡፡ خـــــۆی داستانێکی کورت بوو، من پەڕوپۆم لێنا و کـردمـــە رۆمـانێک. **~ هەڵوەرین:** ١- هـەڵـوەریـنـی تـووک و پـەڕ. ٢- (کنـــ.) بێدەستـەڵات بوون، گوڕ و تین نەمان. ፡፡ بە سـۆز و داخـەوە دەیگوت فـەقـیـرم/ پەڕوپۆم هەڵوەری، بێوادە پیرم (تاریک و روون ل ١١٢). **لە ~ کـــــەوتن:** لە دەســـتـــەڵات کـــەوتن، نـابووت بـوون، تێداچوون.

**پەڕۆ** (نا.)[لور: پەرو. ناو: پەڕۆ ـ هـەو: پەڕۆ] ١- پارچە و قوماشی کۆن، چات. ٢- پارچەی کەم نرخ و بێکەلک. **~ لە کـەسـێک دادڕین:** (کنـ.) فـێـر بوون و رەچاو کردنی کردەوە و ئاکاری کەسێک وەک سـەرمـەشق، بزگـوڕ لە کـەسـێک دادڕین. ፡፡ ئەی ئەو کەسە کە مەستی غـورووری بە هـاتی کـار/ بـەو دەســتی زۆرە بدرە پـەڕۆیـەک لـە کـــاری چار (مەحوی ل ١٢١). || **پەڕۆی شین:** (کنـ.) نەنگ، سـەرشـۆڕیی، بێ ئابڕوویی. ፡፡ بەڵام بۆ من دەبێـتـەوە پەڕۆیەکی شین هەتا دونیا خرا دەبێ/ دەڵێن خەزاڵ هەر ئەو نەجیمە نەبوو شوانێکیان لە سەر دەکوشتییە (لاس و خەزاڵ سروە ٨٨ ل ١٤). بێهوودە بوو گفت و پەندی تاژدین/ نەیتوانی لە میر وەکا پەڕۆی شین (مەم و زین ل ٢٩٢).

**تێبینی:** پەڕۆ هەمان وشەی پارە ـ یە کە هەندێک شێوەی گۆڕاوە.

**پەڕۆ و پاڵ** (نا. ل)[پەڕۆ + و + پاڵ] کـــۆگـــایەک پارچە و پەڕۆی بێنرخ و بێکەلک.

**پەڕە** (نا. ل)[پـەڕ + ئە][پەه: پەررەک]

١ـ چەن تەختەیەک وەک کەوچک کە لە تۆپی ئاش دەبەسترێ، هەتا ئاو بە تەوژمی خۆی بیانسووڕێنی و تۆپەکە وەگەڕ بخا. ٢ـ هەر شتێکی زێدەی دەوری چەرخ و تۆپ لە ئامراز و مەکینەی دیکە دا. ٣ـ داوێن، کەنار. ‡‡ پەڕەی بیاوان. ٤ـ کوتێک لە گوڵ، پەلک، پەڕ. ٥ـ شی کردنەوە و لێک جوێ کردنەوەی هوڕەی لۆکە و خوری بە کەوان، کاری هەللاج. ٦ـ [زا] لا، لایەن، تەرەف. **بە ~ کردن:** لێک هەڵوەشاندنەوەی لۆکە و خوری بە کەوان || **پەڕەی گوڵ:** بڕ: پەڕی گوڵ.

**پەڕەچیغ** (نا. ل)[پەڕ + ئە + چیغ] [سۆر] بڕ: بادەوە1

**پەڕەسللێرکە** (گیان.) بڕ: پەڕەسلێرکە

**پەڕەسللێرە** (گیان.) بڕ: پەڕەسلێرکە

**پەڕەسلێرکە** (گیان.)[پەهـ: پەرەستووک. باک: پەرەسێلک، پەرەسێلکە، پیلستەنگ، پلیسرک ـ ناو: پەڕەسلێرە، پەڕەسللێرە، پەڕەسلێرکە، پەڕەسێلکە، پلیسرگ، پەڕەسلێنکە ـ باش: پلیسرک ـ هەو: پەرسیلکە، پلیسیری] مەلێکە لە زۆربەی وڵاتان هەیە، کلکی درێژ و دوو هاچەیە، دندووکی هەندێک پان و سێ سوویە، تیژ باڵە و لە هەوا لە کاتی فڕین مێشوولە و جڕ و جانەوەری وردی دیکە دەخوا، هێلانەی لە نێو ئاوایی و لە کەلێن دیوار و گوێسوانان دەکا و گەرمێن و کوێستانێ دەکا. Hirundo ناوی لاتینی ئەم باڵندەیە، قەرنەقووچک، دووڤ مەقەسک، حاجحاجک، حەجحەجک، حەجحەجۆک، حەجیرەشک. || **پەڕەسلێرکەی خیزەڵان:** ١٢ سانتیمێترە. پشتی قاوەیی کاڵە. بەرزگی سپییە و خەتی قاوەیی بە سینگی دا کشاوە. مێش و مەگەز و دانەوێڵەی سەر ئاو دەخوا. لە شوێنی ئاوەڵا، لە کەناری چۆم و ئاوگران بە گەل دەژین. لە کونی کەنداڵی رووبار و رەوەزان هێلانەی ساز دەکا (فەرهەنگی باڵندە ل ١٩)، -Ripar ia riparia ناوی لاتینی ئەم مەلەیە، چاقژەنگ، کووشک.

**پەڕەسلێرە** (گیان.) بڕ: پەڕەسلێرکە

**پەڕەسلێنکە** (گیان.) بڕ: پەڕەسلێرکە

**پەڕەسێلکە** (گیان.) بڕ: پەڕەسلێرکە

**پەڕەک** (ئان. ل)[پەڕ (پەڕین) + ئەک] پیاوێک کە زۆر دەپەڕێتە سەر مێینە، گانکەری چاک.

**پەڕەکە** (ئا.)[پەڕە + کە][ئەر] ١ـ بڕ: پەراسوو. ٢ـ پەڕە، دەندە.

**پەڕەوازە** (ئان. ل)[پەڕە + واز + ئە] ١ـ حاڵی مەلێک کە تازە باڵی گرتبێ و لە دایک و باوکی جوێ بووبێتەوە. ٢ـ (مجـ.) منداڵی مرۆڤ کە پێگەیشتبێ و توانای بەڕێوە بردنی خۆی هەبێ. & پەرتەوازە. ~ **بوون:** ١ـ جووجکەکەی مەلێک کە تازە باڵی گرتبێ و لە دایک و بابی جوێ بووبێتەوە. ٢ـ (مجـ.) منداڵێک کە توانایی بەڕیوەبردنی خۆی هەیە و لە ماڵ جوێ بۆتەوە. & پەرتەوازە بوون. ⁙ منداڵەکانم هەموو پێگەیشتوون و هەریەک بۆ شوێنێک پەڕەوازە بوون و ڕۆیشتوون.

**تێبینی:** پەڕە لە ئەوێستایی پەئیرە pairi بە مانای دەوروبەر و واز لە ڤەز vaz بە مانای هەڵفڕین کەوتوە و بە گشتی یانی بۆ دەوروبەر فڕین.

**پەڕین** (چا. ل)[ئەو: پەر ـ پەه: پەرییتەن، پەررییتەن. باک: ؟ ـ ناو: پەڕین ـ هەو: پڕای] ١ـ ئاوا بوونی مانگ و هەتاو. ٢ـ بزرکان و تێکچوونی ڕەنگی روو، پارچە یا هەر ڕەنگێکی دیکە. ٣ـ بازدان. ٤ـ سوار بوونی نێر بۆ سەر مێ لە گیانداران دا. ٥ـ پرتە و تەکانی پێڵووی چاو. ٦ـ شکان و لێبوونەوەی کوتێک لە شتێک بە توندی. ⁙ نووکی میدادەکەم پەڕی. ٧ـ جیا بوونەوەی گوڵی گەنم و جۆ لە کاتی درێنە ئەگەر زۆر گەیشتبێ و ویشک بووبێ. ٨ـ بوونە هەڵمی ئاوەکی لە ماوەیەکی درێژ خایەن دا. ⁙ ئالکۆڵی ناو شووشەکە پەڕیوە و چی تێدا نەماوە. ٩ـ نەمانی بۆنی شتێک. ١٠ـ تێکچوونی باری ئاسایی، دوور کەوتنەوە لە باری ئاسایی. ⁙ خەوەکەم پەڕی. ڕەنگی پەڕیوە، هۆشم دەپەڕێ.

**پەڕینەوە** (چا. ل)[پەڕین + ئەوە] بڕ: پەڕانەوە

**پەڕیوە** (ئان. مف.)[لە: پەڕین] تاراو و دوورکەوتوو لە شوێنی ژیان. ~ **بوون:** تاران و دوور کەوتنەوە لە شوێنی هەمیشەیی و گیرسانەوە لە شوێنێکی دیکە، ئاوارە بوون، هەڵوەدا بوون. ~ **کردن:** دوور خستنە و ئاوارە کردنی کەس و کەسانێک لە شوێنی ژیانی خۆیان.

**پەز**$^{1}$ (گیانـ.)[هیک: پەسەڤ ـ ئێب: پەسو ـ ئەو: پەسو، پەسەڤ ـ پەه:

پەسێ. باک: پەز، پێز ـ ناو: پەز ـ باش: پەز، پەس ـ هەو: پەسی، پەسە، پەس ـ زا: پەس] گیاندارێکە لە کۆنەوە کەوی کراوە، گیاخۆرە، لەشی بە خوری داپۆشراوە، لە جیات کلک دووگی هەیە. مرۆڤ بە ران رایدەگرێ و لە شیر، خوری و گۆشتەکەی کەلک وەردەگرێ. مەڕ، مێ، مەی.

**پەز**[2] (ر.)[فار: پز لە چاوگی پۆختەن (پختن)] بە ناوەوە دەلکێ و مانای سازکەر و پێژەر دەدا، پێژ. ∷ ئاشپەز، چاپەز.

**پەزاو** (نا. ل)[پەز (پەس3) + ئاو] ئاو دانی سەوزایی و شەتڵ بۆ جاری دووهەم.

**پەزشکە** (گیا.)[ئەر] بڕ: پەرمێشک

**پەزکووڤی** (گیانـ.)[پەز1 + کووڤ + ئی][باک] بڕ: پەزەکێوی.

**پەزمژۆک** (گیانـ.)[پەز1 + مژ + ئۆک][باک] بڕ: بزنمژ

**پەزمەندە** (ئان. مفـ.)[پەز(پەس3) + مەندە (فار: ماندە = ماوە)] بڕ: پەسمەندە

**پەزەکێفی** (گیانـ.)[پەز1 + ئە + کێف + ئی][ئەر] بڕ: پەزەکێویی.

**پەزەکێویی** (گیانـ.)[پەز1 + ئە + کێو + ئیی] جۆری کێویی و دەستەمۆ نەکراوی مەڕ، مەڕەکێویی، مەڕەسوور، پەزەکێفی، پەزکووڤی، پەس کۆفی، مەیە هەردیە.

**پەزەوان** (نا. ل، ئان. ل)[پەز1 + ئە + وان] ئاگاداری پەز و مێگەل، شوان.

**پەزەوانیی** (حم.)[پەزەوان + ئیی] ئاکار و پیشەی پەزەوان، شوانیی.

**پەزەوەنگ** (ئان.)[باک] بڕ: پێزەوەنگ

**پەزیرایی** (حم.)[پەزیر + ئایی] خزمەت و پێڕاگەیشتنی میوان. ~ **کردن:** خزمەتی میوان کردن و پێڕاگەیشتن. ∷ مەلانەبی یەگجار زۆری پەزیرایی و بە خێرهاتن کرد (لاس و خەزاڵ ل ٢٣).

**پەزێر** (نا. مفـ.) پەسەند، بە دڵ، مەقبوول. ~ **بوون:** بە دڵ بوون، پەسەند کردن. ∷ چومکە ئەلحەقی بۆ من پەزێرە/ مێردی حیسابی، گەلێک جوانمێرە (سەعید و میرسێوەدین ل ٦٠).

**تێبینی:** پەزێر لە چاوگی پەهلەویی

پەتگریفتەن یا پەتییرەفتەن بە مانای قەبووڵ کردن و وەرگرتن کەوتوە و لە فارسی دا پذیرفتن هەر بەو مانایەیە و لە کوردیی دا چاوگەکەی نەماوە. هەروەتر وشەی پیر بە مانای پێشواز لەم چاوگەیە (بڕ: پیر2)

**پەژارە** (نا.)[پەهـ: پەژم. لوڕ: پژارە. ناو: پەژارە] ١- غەم، خەفەت، کوڵی دڵ. ٢- نیگەرانیی. ٣- فکر و خەیاڵ.

**پەژارەدار** (ئان. فا)[پەژارە + دار2] ١- خەمبار، خەفەتبار، دڵ بە خەم. ٢- بەفکر و خەیاڵ. ٣- نیگەران.

**پەژراندن** (چا. م)[پەهـ: پەتییرەفتەن] [باک] قەبووڵ کردن

**پەژم** (نا.)[هەو] بڕ: پەشم

**پەژمـوردە** (نا.)[فـار: پژمـردە] [کلاسیک] سیس، ژاکاو. ∷ کە سینەی ڕێشمی بەو تێغی نازە ئەنجن ئەنجن کرد/ وتی پەژموردەیە ئەم لالەزارە، ئاوی تێدەگرم (مەحوی ل ٢١٩).

**پەژیوان** (ئان.) بڕ: پەشیمان

**پەژیوانیی** (حم.)[پەژیوان + ئیی] بڕ: پەشیمانیی

**پەژێو** (ئان.)[ئەر] بڕ: پەشێو

**پەس**1 (گیانـ.)[بڕ: پەز]١- [هەو] مەڕ، پەز. ٢- [زا] ڕان، مێگەل.

**پەس**2 (ئان.) بڕ: پەست1

**پەس**3 (ئاک.)[ئەو: پەسچە - هەخ: پەسا - پەهـ: پەس. ناو: پەس - باش: پەس] پاش، دوا. ∷ لاس لە پەسی چادرەوە زۆر چاکی چاو بە کچان کەوت، ئاوپڕژێنی دڵی کرا (لاس و خەزاڵ ل ٧٩). ~ **دان:** دوا دان، وەدواوە دان. ~ **کەفتن:** دوا کەوتن، وە دوا کەوتن لە یاری و قومار.

**پەسا** (نا.)[؟][ئەر] ئەندازەیەک قوڕ بۆ ڕۆژە سواغێک، پاخوا، پێخوێ. ~ **کردن:** خووساندن و ئامادە کردنی قوڕ و گڵ بۆ سواغ.

**پەساپۆرت** (نا.) بڕ: پاسپۆرت

**پەساپەسا** (ئاک. ل)[پەسا + پەسا] بڕ: پەیتاپەیتا

**پەساخوڕ** (نا. ل)[پەس3 + ئاخوڕ] [ئەر] بڕ: پاشاخوڕ

**پەسار** (نا. ل)[پەس3 + ئار4] ١- لای سێبەری شاخ و کێو، نزار، نسار. ٢- حەشارگە و شوێنی خۆ شاردنەوەی ڕاوچی. ٣- شوێن و پەنایەک کە با و

باران نەیگرێتەوە.

**پەســاو** (نا. ل)[پەس3 + ئاو1][ئەر] بڕ: پاشاراو

**پەسپەسکەرە** (گیانـ.)[پەس + پەس + کەر + ئە] بڕ: پەسپەسەکۆڵە/٢.

**پەسپەسەکۆڵە** (گیانـ.)[پەس + پەس + ئە + کــۆڵ + ئە][ئەر] ١ـ جـــۆرێک جاڵجاڵۆکەی نێو ماڵان. ٢ـ جانەوەرێکە لە رەگـەزی جـاڵجـاڵۆکـە، لەشی بە قـەرا جاڵجاڵۆکەیە بەڵام پێیەکانی چووکترن. ژاری نیـــە و بێ ئازارە و گـــیـــانداری چووکــەی وەک مــێش دەخــوا، Hyp-tiotes paradoxus ناوی لاتینی ئەم جـانەوەرەیە، مێـشـەگرە، مـێشـەگیـرە، بژبژە، پەسـپـەسکەرە، پەسـپـەسـەکـەرە، پیس پیسۆک. ٣ـ جانەوەرێکە لە رەگەزی جـاڵجـاڵۆکـە بەڵام گـەورەتر، کـوڵکن و زەردە، بە هێز و بە تـاقـەتە و توند دەڕوا، جـــڕ و جـــانـەوەری چووک ڕاو دەکـــا و مــــرۆڤــــیش دەگـــەزێ. Aranea ta-rentula ناوی لاتینی ئەم جـانەوەرەیە، هەڵەپەزە، هـۆڵەپـەزە، بژبـژە، کـــەرەجنـە. (عەر: خدرنق).

**تێبینی:** پەس لەم وشەیە دا و پیس لە پیس پیسۆک دا و پەز لـە هەڵەپەزە دا لە پەزدو pazdu ـ ی ئەوێستـایی بە مانای ئەسـپێی گەنم و پەزدوو ـ ی پەهلەوییی بە مانای ریخ گلێنە کەوتوون.

**پەسپەسەکەرە** (گیانـ.)[پەس + پەس + ئە + کەر + ئە] بڕ: پەسپەسەکۆڵە/٢

**پەست**[1] (ئان.)[پەه: پەست] ١ـ نەوی، نزم. ٢ـ مـــرۆڤی رەزیل و چـەپەڵ، هـیـچ و پووچ. ٣ـ [باک] کــز، کـــەم. ٤ـ وەڕەز، جــاڕز. & پەس2. **~ بوون:** ١ـ رەزیل بوون، هیچ و پووچ بوون. ٢ـ وەڕەز بوون، جاڕز بوون.. **~کردن:** جـاڕز کـردن، وەڕەز کردن، زوێر کردن.

**پەست**[2] (ر.) رەگی چاوگی پەسـتـان و پەستاوتن.

**پەسـتـاپەسـتـا** (ئاک. ل)[پەســتـا + پەستا] بڕ: پەیتاپەیتا

**پەســـتـــان** (چا. م)[بـڕ: پەســتـــاوتن] داگرتن، بە هێز ئاخنین، پەستن.

**پەستاندن** (چا. م) بڕ: پەستاوتن

**پەستاندنەوە** (چا. م) بڕ: پەستاوتن

**پەستانەوە** (چا. م) بڕ: پەستاوتن

**پەسـتـاوتن** (چا. م)[پەه: پەزدییـتـەن (لێــدان)] ١ـ داگــرتن و کــوتانـەوەی بە قەوی شـتێک کە فەزایەکی زۆری گرتبێ.

٢ـ بە زەخت و زۆریی کەس یا کەسانێک دە جێگەیەکی تەنگ کردن یا ئاخنین. ∷ دە ژوورێکی تەنگیان پەستاوتم و دەرکەیان لێداخستم! & پەستاندن، پەستانەوە، پەستاندنەوە، پەستنەوە.

**پەستراو** (نا. مف.)[لە: پەستاوتن] شتی داگرتراو و ئاخنراو.

**پەستریێرار** (نا. ل، ئاک. ل)[پەستر + پێرێ] بڕ: بەسرپێرار

**پەستریێرێ** (نا. ل، ئاک. ل)[پەستر + پێرێ] بڕ: بەسرپێرێ

**پەستن** (چا. م) بڕ: پەستان

**پەستنەوە** (چا. م) بڕ: پەستاوتن

**پەستوو** 1 (نا. ل)[پەست1 + ئوو] دیوی چووکە بە سەر وەتاغی گەورەوە کە کەل و پەلی زێدەی بەردەستانی لێدادەنێن، خەڵوەتی، پشتماڵ.

**پەستوو** 2 (نا.) کوویەی چووکی کاشی، کوویەڵە.

**تێبینی:** هاوریشە و هاومانای ئەم وشەیە لە فەرهەنگەکانی فارسی دا بە شێوەی [پشتوو (پەشتوو)، بستوو (بەستوو)] هاتوە.

**پەستە** (نا. ل)[پەست (پێست) + ئە] بڕ: پەستەک

**پەستەک** (نا. ل)[پەست (پێست) + ئەک] جلێکی پیاوانەیە، لە لباد ساز دەکرێ، قۆڵی نیە و لە سەر کەوا دەبەری دەکەن کە دوو جۆری هەیە. جۆری سادە و جۆرێکی کلکدار کە لە سەر شانەکەی دوو کلکی زێدە بۆ جوانی لێدەنێن، پەستە، چۆغک.

**پەستیی** (حم.)[پەست1 + ئیی] ١ـ نزمیی، نەویایەتیی. ٢ـ رەزیلیی، هیچ و پووچیی. ٣ـ وەڕەزیی، جاڕزیی.

**پەستێن** (ر.)[لە: پەستاوتن] ١ـ ریشەی پەستاوتن. ٢ـ بە ناوەوە دەلکێ و ناوی فاعیلی ساز دەکا. ∷ بەفرپەستێن، پەنیرپەستێن.

**پەسرپێرار** (نا. ل، ئاک. ل)[پەسر + پێرار] بڕ: بەسرپێرار

**پەسرپێرەکە** (نا. ل، ئاک. ل)[پەسر + پێرەکە][باش] بڕ: بەسرپێرێ

**پەسرپێرێ** (نا. ل، ئاک. ل)[پەسر + پێرێ] بڕ: بەسرپێرێ

**پەس کۆفی** (گیان.)[پەس1 + کۆف + ئی][زا] بڕ: پەزەکێوی.

**پەسلان** (نا. ل)[پەس3 + لان] رۆژی

قیامەت، ڕۆژی کۆتایی دونیا.

**پەسمەندە** (ئان. مف.)[پەس3 + مەندە (فار: ماندە = ماوە)] ١- پاشماوە، بەرماو. ٢- پاشکەوت بۆ دوارۆژ. & پەزمەندە

**پەسمەنە** (ئان. مف.)[پەس3 + مەنە (فار: ماندە = ماوە)][ئەر] بڕ: پاشماوە.

**پەسن** (نا.)[پەھ: پەسەند] ١- تاریف. ٢- (ئان.) لەبەر دڵان، بەر دڵ، پەسند. ~ **دان:** بڕ: پەسن کردن. ~ **کردن:** تاریف کردن، پەسن دان، پێهەڵکوتن.

**تێبینی:** پەسن و پەسند لە چاوگەی پەسەندییتەن ـ ی پەهلەویی بە مانای پەسند کردن و قەبووڵ کردن و لە چاوگەی سەدی sad ئەوێستایی بە مانای دانیشتن کەوتوە.

**پەسند** (ئان.)[بڕ: پەسن] قەبووڵ، هەڵبژاردەی لە سەر دڵان، پەسەند، پەسەن. ~ **بوون:** لە سەر دڵان بوون، لە بەر دڵان بوون، قەبووڵ بوون. ~ **کردن:** بە دڵ بوون و هەڵبژاردنی شتێک یا کەسێک.

**پەسندەر** (ئان. فا)[لە: پەسن دان] کەسێک کە تاریف و پەسنی کەسێک دەکا، تاریفکەر.

**پەسە** (گیانـ.)[هەو] بڕ: پەز

**پەسەرپێرارەکە** (نا. ل، ئاک. ل)[پەسەر + پێرارەکە][ئەر] بڕ: بەسرپێرار

**پەسەرپێرەکە** (نا. ل، ئاک. ل)[پەسەر + پێرەکە][ئەر] بڕ: بەسرپێرێ

**پەسەک** (نا. ل)[پەس (پێست) + ئەک][ئەر] بڕ: پەستەک

**پەسەن** (ئان.)[ئەر] بڕ: پەسند

**پەسەند** (ئان.) بڕ: پەسند

**پەسی** (گیانـ.)[هەو] بڕ: پەز

**پەسیرە** (گیا.)[پە (بەر) + سیرە] بڕ: بەرسیلە

**پەسیڤ** (نا.)[باک] بڕ: پەسیو2

**پەسیلە** (گیا.)[پە (بەر) + سیلە] بڕ: بەرسیلە

**پەسینگ** (نا.)[زا] بڕ: پشیلە

**پەسیو**[1] (نا.)[هس: پەس3] شوێنی نادیار، سووچ، قوژبن، کەلێن، پەسێو.

**پەسیو**[2] (نا.)[؟][سۆر] هەلامەت، پەسیڤ.

**پەسێو** (نا.) بڕ: پەسیو1

**پەشت** (نا.)[هەو] بڕ: پشت1

**پەشتان** (نا.)[؟] ١ـ دەستەمەلان، هاوئامێز، ئاولانە، ئاملانە، پشتان. ⁘ ئەی تۆ کام نەدیت جە عەرووس نۆ/ تا عەرووس خاک پەشتان بی وە تۆ (مەولەوی ل ٩٧). ٢ـ ئالوودە، تێکەڵاو، خەڵتان. ⁘ ئەگەر سیوای تۆ کەسم هام فەرد بۆ/ سەرتاپام پەشتان ئالوودەی دەرد بۆ (وەلی دێوانە ل ٦٤). **~ بوون:** دەستەمەلان بوون، دە باوش یەک دا بوون، پشتان بوون. ⁘ خوا کەی بێت کە من پەشتانی باڵا و قامەتی تۆ بم/ چ وەختێ پڕ بە چنگ بگرم دوو لیمۆی نەورەسی کاڵت (ئەحمەد موختار ل ٦٥).

**پەشتەمال** (نا. ل)[پەشت + ئە + مال] [باک] پشتەماڵ/٢.

**پەشتەماڵ** (نا. ل)[پەشت + ئە + ماڵ] فۆتەی حەمام، پشتەماڵ/٢.

**پەشتی** (نا.)[هەو ـ زا] بڕ: پشت1

**پەشک** (نا. ل)[پش (بەش) + ک] [باک] ١ـ بەش و بەختێک کە بە کوتە کاغەز یا شتێکی دیکە لەم جۆرە دیاری دەکرێ، پشک. ٢ـ بەش، کوت، پار. ٣ـ دڵۆپ، تنۆک. ٤ـ پریشک.

**پەشلاندن** (چا. ل)[لە: پەشلین] رووخاندن، خراپ کردن.

**پەشلین** (چا. ل)[؟][باک] رووخان، خراپ بوون.

**پەشم** (نا.)[ئەو: پەشنە ـ پەه: پەشم. باک: پەشم ـ ناو: پەشم ـ هەو: پەژم ـ زا: پەشم، پەشمی] ١ـ خوری و مووی سەر لەشی بزن و مەڕ. ٢ـ هەر پارچە و قوماشێک کە لە موو و خوری بێ. ٣ـ (مجـ.) ردێن، ریش. ٤ـ (کنـ.) هیچ و پووچ، بێنرخ. ⁘ سەودازەدەکەی زولفت، ئەزهاری لە کن پەشمە/ دوور لەو گوڵە بێ خارە، گوڵزاری لە کن پەشمە (نالی ل ٤٧٤). ٥ـ (کنـ.) تووکە بەر، بەرگەدە. || **پەشمی شووشە:** ریشاڵی شووشە کە بۆ نێواخنی پێخەف و داپۆشینی لوولە و کاروباری دیکە کەلکی لێوەردەگرن. (ئین: glass wool). **پەشمی گون:** ١ـ تووکی گەڵ و بەرگەدە. ٢ـ (کنـ.) هیچ، زۆر بێنرخ. ⁘ قسەی منت بە پەشمی گونیشت نیە!

**پەشمەک** (نا. ل)[پەشم + ئەک] ١ـ شیرنییەک کە لە شەکر و رۆن دروست دەکرێ. تاڵ تاڵی درێژە و وەک لۆکە دەچێ. ٢ـ شۆربای پەنیر، پەنیراو.

**پەشمی** (نا.)[زا] بڕ: پەشم

**پەشـمین** (ئان. ل)[پەشم + ئین] بڕ: پەشمینە.

**پەشـمـینە** (ئان. ل)[پەشم + ئینە] [باک: پەشمین ـ ناو: پەشمین، پەشمینە ـ زا: پەشـمـێن، پەشـمـێنە] پارچە و قوماش یا هەر شتێک کە لە پەشم ساز کرابێ. :: لەچکەی پەشمینە، پشتێندی پەشمینە.

**پەشمێن** (ئان. ل)[پەشم + ئێن][زا] بڕ: پەشمینە.

**پەشمێنە** (ئان. ل)[پەشم + ئێنە][زا] بڕ: پەشمینە.

**پەشـۆکـان** (چا. ل)[ناو: پەشـۆکـان، پەشۆکیان ـ هەو: پەشۆکیای] شێوان و ئاڵۆز بوونی بیـر و مـێـشک، سـەر لێشێوان.

**پەشۆکاندن** (چا. م)[پەشۆکان + دن] ئاڵۆز کردن و تێک دانی بیر و مێشکی کەسێک، شێواندن.

**پەشـۆکـاو** (ئان. فا)[لە: پەشـۆکـان] ئاڵۆز، شێواو، سەر لێشێواو

**پەشۆکاویی** (حم.)[پەشۆکاو + ئیی] سەرلێشێواویی، ئاڵۆزیی، شێواویی.

**پەشۆکیان** (چا. ل) بڕ: پەشۆکان

**پەشە** (گیانـ.)[هەو] بڕ: پەخشە

**پەشـەبەن** (نا. ل)[پەشـە + بەن][ئەر] بڕ: پەشەبەند

**پەشـــەبەند** (نا. ل)[پەشـە + بەند] پارچەیەکی تۆڕی ناسکە کـە هاوینان لە سـەر نوێن و بانی هەڵدەبەستن هەتا مـێشـووڵە نەتوانێ ڕێی تێکەوێ و پێوەبدا، پەشـەبەن، کـەتان و کـەوان، کوللە، کولی، تەپۆ.

**پەشـیـمـان** (ئان.)[پەهـ: پەشێمان، پەسێمان، پێشامان. تات: پەشـمون ـ فـار: پشـیمـان ـ پەش: پشێمان. باک: پۆشـمان، پۆشـیمـان ـ ناو: پەشـیمـان، پەژیوان ـ هەو: پەشیمان ـ زا: پۆشمان] حاڵی کـەسێک کە لە کار و کردەوەیەک کـە کـردوویەتی پاشگەز دەبێـتـەوە و نایەوێ ئیـتـر بیکا، پاشـگەز، پاشەگەز. ~ **بوونەوە:** پاشگەز بوونەوە لە کـار و کـردەوەیەک. ~ **کـردنەوە:** پاشگەز کـردنی کـەسێک لە کـار یا کردەوەیەک.

**پەشیمانیی** (حم.)[پەشیمان + ئیی] ئاکامی پەشـیمـان بوونەوە، پەژیوانیی. ~ **بە دواوە (لە دوو) بوون:** کـار و کردەوەیەک کە ئاکامی پەشیمان بوونەوە

بێ. ∷ بۆ هەر کارێکی واباشتر پیاو پرس بە گەورەتر بکا، کاری خۆکردە پەشیمانیی بە دواوەیە. ~ **چێژتن:** پەشیمان بوونەوە لە ئەنجامی کارێک، تووشی پەشیمانیی بوون. ~ **هێنان:** تووشی پەشیمانی بوون، پەشیمان بوونەوە. ∷ یەخە دادڕین، پەشیمانیی دێنێ (پەند ل ٥٠٣).

**پەشێو** (ئان.)[لە: شێوان][ناو: پەشێو، پەژێو ـ هەو: پەشێو] ١ـ کەسێک کە بیر و هۆشی تێکەڵ بوە، بیرئاڵۆز، پەرێشان. شێواو. ٢ـ پرچ و زولفی لێک بڵاو، پەرێشان. ∷ مەکەن لۆمەی پەشێویی دڵ کە ئەمشەو/ پەشێواوە لەبەر پەرچەم **پەشێوان** (نالی ل ٣٢٢) نارێژی چاو، سوور ناکەی لێو/ شانە ناکەی بسکی پەشێو (تاریک و روون ل ١٤٣). ٣ـ ناوە بۆ نێرینە. ~ **بوون:** شێوان، تێکچوون. ~ **کردن:** شێواندن، تێکدانی حاڵ و حاڵەتی کەسێک.

**پەشێوان** (چا. ل)[لە: پەشێو] شێوان، تێکچوون، بیر بڵاو بوون، ئاڵۆز بوون.

**پەشێواو** (نا. مف.)[لە: پەشێوان] شێواو، ئاڵۆز، پەشێو.

**پەشێویی** (حم.)[پەشێو + ئیی] ١ـ شێواویی، ئاڵۆزیی. ٢ـ شێواویی وڵات، ئاژاوە.

**پەعن** (ئان.)[باک] بڕ: پان

**پەقاندن** (چا. م)[باک] بڕ: تەقاندن

**پەقرەج** (نا.)[تور: bakraç] بڕ: سەتڵ

**پەقک** (نا. ل)[پەق (تەق) + ک][باک] بڕ: پۆرگ

**پەقین** (چا. ل)[باک] بڕ: تەقین

**پەک**[1] (نا.)[؟] ١ـ هێز، تاقەت، توان. ٢ـ کەلک. ٣ـ نیاز، پێویستیی. ~ **پێ نەکەوتن:** بێنیاز بوون، موحتاج نەبوون بە شتێک یا بە کەسێک. ~ **خستن:** ١ـ لە کەلک خستن، لە کار خستن. ٢ـ مەحتەل کردن، چاوەڕوان ڕاگرتن. ~ **کەفتن:** بڕ: پەک کەوتن. ~ **کەوتن:** ١ـ بێ هێز و بێ تاقەت بوون. ∷ بە پیریی پیاو پەکی دەکەوێ. ٢ـ بێ کەلک بوون، لە کەلک کەوتن. ∷ ئەم رادیۆیە تازە پەکی کەوتوە و دەبێ فڕێی بدرێ. ٣ـ نیاز پێهەبوون، پێویست بوون. ∷ لەو شارەی بۆ دوو تمەن پەکت بکەوێ کەس ناداتێ. & پەک کەفتن.

**پەک**[2] (ئام.) وشەی دەربڕین لە کاتی سەرسوڕمان، تەک، پەکوو. ‌‌:: پەک لەو قسەیە!

**پەککوو** (ئام.) داگرتنێکی پتری وشەی پەکوو ـ یە. (بڕ: پەکوو.)

**پەککەوتوو** (ئان. مف.)[لە: پەک کەوتن] ١ـ پیر و کەلەلا، داماو، لە کار کەوتوو. ٢ـ بێ کەلک، لە کەلک کەوتوو. & پەککەوتە.

**پەککەوتە** (ئان. مف.)[لە: پەک کەوتن] بڕ: پەککەوتوو. :: گەر دەناڵێنم ئەمن، پەک کەوتە نیم/ تێدەکۆشم بۆ وەسڵ تاکوو دەژیم (ناڵەی جودایی ل ٢٢).

**پەکوو** (ئام.) ١ـ وشەی دەربڕینی خەم و خەفەت، تەقوو، مخابن، حەیف :: پەکوو لەو کوڕە جوانە چ زوو جوانەمەرگ بوو. ٢ـ وشەی دەربڕینی سەرسوڕمان و زۆر پێ سەیر بوونی شتێک یا مەسەلەیەک. :: پەکوو لەو درۆ زلەی. & پەککوو، تەککوو

**پەکەر** (ئان.)[لۆر: پەکەر. فار: پکر. ناو: پەکەر ـ هەو: پەکەر] بێواز، بێدەماغ، بێتاقەت، جاڕز، وەڕەز. ~ **بوون:** بێواز بوون، لە سەر حاڵ و حەوسەلە نەبوون. ~ **کردن:** کەسێک بێواز و بێحاڵ کردن.

**پەگر** (نا.)[؟][ئەر] ریخ و پیسایی ئاژەڵ لە تەویلە دا کە لە سەر یەک کۆ بۆتەوە و بڕیویانە و وەک سووتەمەنی کەلکی لێوەردەگرن، کەمرە، گەمرە.

**پەل**[1] (نا.) ١ـ دەستە، تاقم. ٢ـ لقی دار. :: وەک سیامەندی لە چۆل و بەندەنێ/ جەرگی لەت کردم پەلی دارە بەنێ (ناڵەی جودایی ل ٢١). ٣ـ کوتێکی چووکە لە گیا و گوڵ کە لێدەکەنەوە و بۆ ریشە داکوتان و زیاد کردن. :: پەلێک شەمدانیم لە ماڵە دایکم هێناوە. ٤ـ کوت، لەت، پل. :: پەلێک نان. ٥ـ گەڵا. ٦ـ دەست. :: دەست و پەل. ٧ـ باڵ. :: پەلەوەر. ~ **بزاوتن:** دەست بزاوتن، دەست کردنەوە، جووڵە کردن. ~ **داکوتان:** خۆ گرتن و ریشە داکوتانی گیا. ~ **کوتان:** ١ـ دەست کوتان و دەست لە وڵات دان لە تاریکی دا کاتێک کە چاو نابینی، دەست گێڕانی کوێر. ٢ـ (کن.) حەول دان و تێکۆشان لە کاتی ناچاری و تەنگانە بۆ دەست بە شوێنێک یا شتێک راگەیشتن. ~ **گرتن:** ١ـ دەست گرتن. ٢ـ (کن.) یارمەتی دان، یاردیدە دان. || **پەل پەل:** لەت لەت، کوت

کــوت. * **پەل پەل کـــردن:** لەت و کــوت کردن، لەت و پەت کردن.

**تێبینی:** پەل دەگەڵ پەڕ1 هاوڕیشەیە و ئاڵوگۆڕیی بە سەر پیتەکانی « ل » و «ڕ» دا هاتوە کە وێنەی کە کوردیی دا یەکجار زۆرە.

**پەل**[2] (ئان.)[؟] حاڵی هەر شتێک کە لە چاو هاوچەشنی خۆی قووڵایی نەبێ، تەخت و ســـــاف. ⁖ دەوری پەل. **~ بوون:** تەخت و ساف بوون، قووڵ نەبوون. **~ کـــردن:** ســـوان و لەبەین بردنی قولایی شتێک. ⁖ جگەکەم پەل کردوە.

**پەل**[3] (نا.)[؟] دەگەڵ وشەی کەل دێ و مانای کەرەسە و ئەسباب دەدا. ⁖ کەل و پەل

**پەل**[4] (نا.)[؟] قـــووڵایی نێـــوان دوو شاخ، دۆڵ، دەرە.

**پەلاپیتکە** (نا. ل)[پەل + ئا + پیت + کە] بڕ: پەلەپیتکە

**پەلاخ**[1] (گـیـانـ.)[پە (پار1) + ولاخ] [باک] بڕ: پالاغ

**پەلاخ**[2] (گیا.)[باک] بڕ: پەلاش

**پەلار** (نا.) بڕ: پللار

**پەلامـــار** (نا.)[؟] شـــالاو، هێـــرش، هەڵمەت، پەلەمار، پالامار. **~ بردن:** هێرش بردن، خۆ پێدادان، پەلامار دان. **~ دان:** بڕ: پەلامار بردن

**پەلاماردەر** (ئان. فا)[لە: پەلامار دان] کەسێک کە شالاو دەباتە سەر کەس یا کەسانێک بۆ مەبەستی شەڕ و کوشتن.

**پەل بەســتــە** (ئان. مـفـ.)[پەل1/٣ + بەســـتـــە] ١ـ دەست بەســـتـــراو، دەست بەستە. ٢ـ گرفتار، ئەسیر.

**پەلپ** (نا.)[باک] بڕ: پەڵپ

**پەلپەلک** (گیانـ.)[زا] بڕ: پەپوولە

**پەلپینە** (گیا.)[باک] بڕ: پرپرە/ ١

**پەلک**[1] (نا. ل)[پەل1 + ک] ١ـ پرچی هۆنراوە، کـــەزی، پەلکە. ٢ـ کـــوتێکی چووک. ⁖ پەلکە نانێکم دە مـــاڵ دا نەمـــاوە. ٣ـ گـــەڵا، پەل، پەلکە. ٤ـ پەڕی گوڵ، پەلکە. || **پەلکی گوڵ:** پەڕی گوڵ.

**پەلک**[2] (ئا.) بڕ: پێـــڵـــوو. || **پەلکی چاو:** بڕ: پێڵوو. ⁖ چەند خۆشە لە کاتی گیانەلاوم/ پەنجەی مەمی لێک نێ پەلکی چاوم (مەم و زین ل ٣٢٧).

**پەلک**[3] (گیا.)[باک] بڕ: پەڵک

**پەلکوور** (گیانـ.) بڕ: پەڕکوور

**پەلکە** (نا. ل)[پەلک1 + ئە] ١ـ گەڵا، پەل، پەلک. ٢ـ پەڕی گوڵ، پەلک. ⁘ پێموایە نێوەڕاست مانگی هاوینێیە و گەلاوێژ کەوتووە/ هەڵاڵ و بەیبوون و گیاخاو پەلکەیان وەراندووە (لاس و خەزاڵ ل ١٣٨). ٣ـ پرچی هۆنراوە، کەزی، پەلک. ⁘ دڵم قەبووڵ ناکا دابنیشم بە هەناسەساردیی و بە ناپیاوییە/ ئەگەر سەرزەنیشتم بکا پیرێژنێکی پەلکەسپییە (لاس و خەزاڵ ل ١٦٩).

**پەلکەڕەنگینە** (نا. ل)[پەلک1 + ئە + ڕەنگین + ئە] بڕ: پەلکەزێڕینە.

**پەلکەزێڕینە** (نا. ل)[پەلک1 + ئە + زێڕین + ئە] کەوانێکی ڕەنگاوڕەنگە کە دوای بارینی باران و وەدەر کەوتنی هەتاو لە ئاسۆ پەیدا دەبێ، پەلکەڕەنگینە، کۆڵکەزێڕینە، کەسک و سۆر، ئەستوونە زێڕینە.

**پەللار** (نا.) بڕ: پللار

**پەل و پۆ** (نا. ل)[پەل1/٧ + و + پۆ] بڕ: پەڕ و پۆ. ⁘ مەلی سەر بنچک، پەل و پۆ ڕەنگین خۆ من هەڵۆ نیم/ لێم مەفڕن جووت جووت، مەترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم (گۆران ل ١٦٩).

**پەلوول** (نا.)[هس: پەڵوو][باک] بڕ: پاڵوودە

**پەلە** (ئاک.) لەز، تاڵووکە، هەشتاو، **~ کردن:** وە درەنگی کەوتن و هەڵسووڕانی توند بۆ گەیشتن و پێڕاگەیشتن، تاڵووکە کردن. **~ هەبوون:** بە توندیی هەڵسووڕان بۆ پێڕاگەیشتن بە کار و ئیشێک، بەپەلە بوون. **وە ~ خستن:** هاندانی کەسێک بۆ هەڵسووڕان و جووڵانەوە بە توندی بۆ پێڕاگەیشتن بە کار و بارێک. **وە ~ کەوتن:** وە درەنگی کەوتن و هەڵسووڕان بە توندی.

**تێبینی:** پەلە لە چاوگی پەڕین کەوتوە بە لەبەر چاو گرتنی ئاڵوگۆڕیی دوو پیتی « ل » و « ڕ » دەگەڵ یەکتر.

**پەلەپچڕ** (ئاک. ل)[پەل + ئە + پچڕ (پچڕین)] پەل کوتان بۆ ڕزگاریی و خۆ دەرباز کردن، پەلەقاژە، پەلەپچڕکێ، پەلەپچڕێ، پەلەپچوڕکێ، پەلەپڕووزکێ، پەلەپڕووزە، پەلەپڕووزێ، پەلەپڕووسکە، پەلەپڕووسکێ.

**پەلەپچڕکێ** (ئاک. ل)[پەل + ئە + پچڕ (پچڕین) + ک + ئێ] بڕ: پەلەپچڕ

**پەلەپچوڕکێ** (ئاک. ل)[پەل + ئە +

پچوڕ (پچڕین) + ک + ئێ] بڕ: پەلەپچڕ

**پەلەپچــوڕکێ** (ئاک. ل)[پەل + ئە + پچڕ (پچڕین) + ک + ئێ] بڕ: پەلەپچڕ

**پەلەپرووزکێ** (ئاک. ل)[پەل + ئە + پــرووز (پــرووزان) + ک + ئــێ] بــڕ: پەلەپچڕ

**پـەلـەپـرووزە** (ئـاک. ل)[پـەل + ئـە + پرووز (پرووزان) + ئە] بڕ: پەلەپچڕ

**پـەلـەپـرووزێ** (ئـاک. ل)[پـەل + ئـە + پرووز (پرووزان) + ئێ] بڕ: پەلەپچڕ

**پەلەپرووسکە** (ئاک. ل)[پەل + ئە + پرووس (پرووز) + ک + ئە] بڕ: پەلەپچڕ

**پەلەپرووسکێ** (ئاک. ل)[پەل + ئە + پرووس (پرووز) + ک + ئێ] بڕ: پەلەپچڕ

**پەلەپووش** (نا. ل)[پەل + ئە + پووش] ١ـ پووشێکی سووک و چووک کە با سانا دەیبا، چڵی پووش. ٢ـ (کنـ.) سووک، بێ وەزن.

**پـەلـەپـەل** (ئـاک. ل)[پـەلـە + پـەل] پەلەیەکی زۆر و پتـر لە رادەی ئاسـایی. **~ کـــردن:** زۆرتر پـەلە کـــردن. ::: پەلەپەلێ مەکە هەر ئێستـا دەڕۆین. **وە ~ خستن:** پەیتـاپەیتا راگەیاندن بە کـەسـێک کـە درەنگە و دەبێ پەلەی بکا.

::: بۆ وە پـەلەپـەلم دەخــەی هێــشــتــا ســاعــەتێکی مــاوە قــەتار بڕوا. **وە ~ کـەوتن:** لێ درەنگ بوون و پەلەیەکی پتـر کردن.

**پەلەپیتک** (نا. ل)[پەل + ئە + پیت + ک] بڕ: پتە

**پەلەپیتکە** (نا. ل)[پەل + ئە + پیت + کە] ١ـ ئامرازێکی چووکە لە چەکی وەک تفەنگ و دەمانچە کە بە داگرتنی گوللە دەتەقێ، پڵـتـۆک، پیلکە. ٢ـ بڕ: پتـە & پەلاپیـتکە. **~ ترازاندن:** تەقـە کـردن، تەقـاندنی گـوللە بە پەلەپیـتکە لێـدان. **~ لێــتــرازاندن:** تەقــە لێکردن. ::: ســێــرەت دەگــرت لە کــەڵی گــچکە/ پـەلەپیـــتکەت لێــــدەترازاند، دەتدا لە کەلەکەی (گەنج ل ٣١٦).

**پەلەزێ** (گیا.)[باک] بڕ: گەزیزە

**پەلەزێسک** (گیا.)[باک] بڕ: گەزیزە

**پەلەسیسە** (نا. ل)[پەل + ئە + سیس + ئە] جۆرە نـەخـۆشـیـیـەکە ئەدا لە مـێو هێندێ پەلی سـیس ئەکا (خـاڵ ب ١ ل ٢٤٣).

**پەلەفــرتکێ** (ئان. ل)[پەل1 + ئە + فرت + ک + ئێ] بڕ: پەلەقاژە

**پەلەفرتە** (ئان. ل)[پەل1 + ئە + فرت + ئە] بڕ: پەلەقاژە

**پەلەفرتێ** (ئان. ل)[پەل1 + ئە + فرت + ئێ] بڕ: پەلەقاژە

**پەلەقاژە** (ئان. ل)[پەل1/٦ + ئە + قاژە؟] ١ـ حالّی دەست و پەل و پێ راوەشاندنی کەس یا گیانلەبەری گیراو بۆ رزگار بوون. ٢ـ حالّی پێکوتانی گیاندار لە کاتی سەر برین دا. ٣ـ (کنـ.) هەولّ و کۆشش بۆ رزگاریی. & پەلەفرتکێ، پەلەفرتە، پەلەفرتێ، پەلەقاژێ. **~ کردن:** ١ـ دەست و پێ راوەشاندن لە کاتی دەردەست بوون و گیران بۆ رزگار بوون. ٢ـ (کنـ.) حەول دان بۆ رزگاری. **وە ~ کەوتن:** ١ـ دەست و پێ کوتان لە کاتی گیران دا. ٢ـ دەست و پێ کوتان لە کاتی سەر برین دا. ٣ـ (کنـ.) وە هەولّ کەوتن.

**پەلەقاژێ** (ئان. ل)[پەل1 + ئە + قاژ + ئێ] بڕ: پەلەقاژە

**پەلەکوتێ** (ئان. ل)[پەل1/٦ + ئە + کوت + ئێ] ١ـ حالّەتی دەست کوتان لە تاریکی دا ٢ـ (کنـ.) حەول، کۆشش.

**پەلەمار** (نا.)[باک] بڕ: پەلامار

**پەلەوەر** (نا. ل)[پەل1/٧ + ئە + وەر] [پەھ: پەرڤەر] ئەو گیاندارانەی کە دەفڕن، مەل، باڵدار، باڵندە

**پەلەوێسک** (گیا.)[باک] بڕ: گەزیزە

**پەلوسیاوەحشی** (گیا.)[پەل + و + سیاوەحش] بڕ: پەڕسیاوەش

**پەلی سیاوشان** (گیا.)[پەل + ئی + سیاوش + ئان] بڕ: پەڕسیاوەش

**پەلاس** (نا.)[؟][ناو: پەلاس ـ هەو: پەلاس] ١ـ جۆرێک بەڕەی کەم بایەخ و خراپ. ꞉꞉ فەرشی پەلاسە، دۆشەکی خاکە، سەرینی بەرد/ بێ تووک و رووت و قووت و فەقیر و قەلەندەرە (نالی ل ٤٢٠). ٢ـ پارچەی رەشماڵ، کوێن. ٣ـ جلی زبر و زووری کەم بایەخ کە دەرۆیش و پیاوی هەژار دەبەری دەکەن. ꞉꞉ خوێشان پەرێشان پەلاس نە گەردەن/ تو خوا بازەشان چون تۆشا مەردەن (مەولەوی ل ٣٥٦) ئەمجارە پەلاسی شەرم و دین پارە دەکەم/ ئەم دەردی هەژارییەم بە مەی چارە دەکەم (خەیام ل ٢٢). ٤ـ (مجـ.) بێنرخ، بێبایەخ. **بە ~ بوون:** (کنـ.) بێنرخ بوون، بێبایەخ بوون، بوون بە هیچ.

**پەلاش** (نا.)[باک: پەلاخ ـ ناو: پەلاش ـ زا: پالاخ] پووش و پەلاش، ویشکەگیا،

پووش.

**پەڵپ** (نا.)[لۆر: پەلم، پەلپ. باک: پەلپ - ناو: پەڵپ - هەو: پەڵپێ] ١- بیانوو، پاپە. ٢- گڕوو، گڕنە. **~ پێگرتن:** ١- بیانوو پێگرتن، بیانوو لێدیتنەوە. ٢- گڕوو پێگرتن. & پەڵپ لێگرتن **~ گرتن:** ١- بیانوو گرتن. ٢- گڕوو گرتن. **~ لێبەستن:** بیانوو پێگرتن، پەڵپ پێگرتن. ⁂ پەڵپی لێبەستووم هەتا ئەو کێوەی بۆ نەگوێزمەوە مێردم پێناکا (بۆ کوردستان ل ١٥). **~ لێگرتن:** بڕ: پەڵپ پێگرتن. ⁂ فەرخ پەڵپی لێگرت، کوتی دەبێ بە بازاڕیم دا بەری (شێخ فەرخ ل ٢٧).

**پەڵپین** (گیا.) بڕ: پرپرە/١

**پەڵپینە** (گیا.) بڕ: پرپرە/١

**پەڵپێ** (نا.)[هەو] بڕ: پەڵپ

**پەڵتەک** (نا.) بڕ: پاڵتەک

**پەڵخ** (گیانـ.)[هس: فەرخ] ١- بێچووی بەراز، بزەڵە، کوودەڵە، بازەڵە. ٢- بێچووی گامێش، پەڵخەگامێش، پالاغ. & پەرخ.

**پەڵخورد** (نا. ل)[پەڵ + خورد1] ١- دانەوێڵەی نیوە هاڕاو. ٢- خەرمانێکە لە ژێر گێرە دا قرچەشکێن کرابێ (کشت و کاڵ ب ١ ل ٧١). ٣- لەوەڕی ناو ورگی حەیوان کە هێشتا هەزم نەبوە، پەڵخوڕ. (هەنبانەبۆرینە ب ١ ل ١٢٣). **~ بوون:** ١- نیوە هاڕانی دانەوێڵە. ٢- نیوە ورد بوونی گژ و گیا. **~ کردن:** ١- نیوە هاڕینی دانەوێڵە. ٢- نیوە ورد کردنی گژ و گیا.

**پەڵخوڕ** (نا. ل)[پەڵ + خوڕ (خورد1)] بڕ: پەڵخورد/٣.

**پەڵخەگامێش** (گیانـ.)[پەڵخ + ئە + گامێش] ١- بێچووی گامێش، پالاغ. ٢- (کنـ.) مرۆڤی تەوەزەلی زلی نەوسن، تەنبەڵ.

**پەڵخی** (گیانـ.)[پەڵخ + ئی] جۆرێک کۆتر بەلام گەورەتر کە لە مێشە و لێرەواران دا دەژی.

٤٠ سانتیمێترە، گەردنی شەڕابییە. هەر لاملەی خاڵێکی سپی لێیە؛ دەورەیان کەسک و ئەرغەوانییە. کاتی فڕین خەتی سپی باڵی وەدیار دەکەوێ. بە باری نیشانەکانی سەر گەردنی نییە. ئەو باڵندانە بە پۆل دەگەڕێن. لە هەموو شوێنێ تەنانەت لە شارەکانیش دا دەبینرێ. لە سەر دار، پەرژین تەنانەت

هێلانەی بەتاڵی باڵندەکانی تر هێلانەی چێ دەکا (فەرهەنگی باڵندە ل ١٢٨)، Columba palumbus ناوی لاتینی ئەم مەلەیە، کۆترەپەڵخی، کۆترەگایە، کۆترەگاییلکە، کۆترەگایانە، گاکۆتر.

**پەڵک** (گیا.)[باک: پەلک - ناو: پەڵک] دارێکی خۆڕسکە لە تیرەی بی و لە بنەماڵەی سپیدار، گەڵای پانە و هەندێک جار لە دەم شەقامان دەینێژن. Pop-ulus euphr arica ناوی لاتینی ئەم دارەیە. (فار: ترنگوت)

**پەڵۆخ** (ئان.) بڕ: پۆخڵ

**پەڵۆژی** (گیا.)[هەو] بڕ: پەڵۆشە

**پەڵۆش** (گیا.) بڕ: پەڵۆشە

**پەڵۆشە** (گیا.)[نا: پەڵۆش، پەڵۆشە - هەو: پەڵۆژی] ١- بنکە گیایەکی ئەستوور و درێژە و قـژقـژاوییـە، دەرئەهێنرێ و ئەکرێ بە چاوگی ئاگر (خاڵ ب ١ ل ٢٤٢). ٢- گوێنی، گەوەن. ٣- بنەتاڵوو (هەنبانەبۆرینە ب ١ ل ١٢٣). & پەڵۆش.

**پەڵوو** (نا.) ١- [لۆر: پلیله. ناو: پەڵوو، پەڵووڵە] ئارد و ئاوی تێکەڵاو کە دەیدەن بە جووجکە، پەڵووڵە. ٢- چێشتێکە لە ئاو و ئارد کە دەیکوڵێنن و ڕۆنی لێدەدەن. ٣- (مجـ.) چێشت یا خواردەمەنییەکی ناخۆش. ٤- پەڵووڵەیەکی بێ چەورییە ئەکرێ بۆ کار و بەرخ (خاڵ ب ١ ل ٢٤٢).

**پەڵووک** (گیا.) بڕ: ئاڵەکۆک

**پەڵووڵە** (نا. ل)[پەڵوو + ڵە] ١- خواردنێکە لە ئارد و ڕوون. ئاردی گەنم لە ڕۆن دا سوور دەکەنەوە هەتا ڕەنگی قاوەیی دەبێ، لە دوایی شەکراو یا دۆشاوی تێکەڵاو دەکەن و لێکی دەدەن، ئەم خواردنە زۆرتر بۆ ژنی زەیستان ساز دەکرێ هەتا ئاهێکی بێتەوە بەر و برینەکانی وێک بێتەوە، ئارد و ڕۆن، ئارخاڤک، میوانی. ٢- بڕ: پەڵوو/١

**پەڵە** (نا.)[هس: پەڕە][ناو: پەڵە، پەرە - هەو: پەڵە] ١- شوێنی چووکی پیس کراوی سەر جل و بەرگ، لەکە، پل، پنی. ٢- خاڵی پان و چووکی سەر لەش و پێستی مرۆڤ یا گیاندار، پنۆ، پنۆک، پڵ.٣- پارچە زەوییەک. ٤- پارچە دەغڵێکی داچێندراو. ٥- بارانێکی پڕ ئاوی نێوەڕاستی پایز کە دەغڵ و دان و گیای پێ سەوز دەبێ، بارانی پەڵە. **~ دان:** ئەو ئەندازە بارینەی کە زەوی بخووسێنێ و بە ئاسانی جووتی تێدا بکرێ و گاسن لە بەر ویشکی کرەی لێ

نەیە، بارینی بە ئەندازەی پێــویســتی جووتێر. || **پەڵەی بچووک:** یەکەم جارە لە باینی باران دا. **پەڵەی گــەورە:** بارانی دووهەم جارە پاش بارانی پەڵە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٧١).

**پەڵەپەڵە** (ئان. ل)[پەڵە + پەڵە] حاڵی پێست یا هەر شتێکی پەڵەی زۆر لە سەر بێ، خاڵ خاڵ، پنۆک پنۆک.

**پەمبو** (گیا.)[باک] بڕ: پەمۆ

**پەمبۆ** (گیا.) بڕ: پەمۆ

**پەمبوو** (گیا.)[باک] بڕ: پەمۆ

**پەمبە** (گیا.) بڕ: پەمۆ

**پەمبەیی** (ئان. ل)[پەمبە + ئی] بڕ: پەمەیی

**پەمگ** (گیا.) بڕ: پەمۆ

**پەموانە** (گیا.)[پەمو (پەمۆ) + ئانە (دانە)] بڕ: پەمۆدانە. ؛؛ مزگێنی هێلکە پەموانەیە (پەند ل ٤٢٢).

**پەمۆ** (گیا.)[پەه: پەمبەک. باک: پەمبو، پەمبوو، پەمبۆ، پەنبو ـ ناو: پەمە، پەمۆ، پەمبۆ، پەموو، پەمبە، پەمگ ـ هەو: پەمە ـ زا: پەمە] بەری گیایەکی ساقەت ئەستوور و کورتە، لقەکانی ناسک و گەڵا پانە، گوڵی سپی و سوور دەدا کە لە دوایی دەبنە قۆزاخە. سەرەتای پاییز قۆزاخەکان دەم دەکەنەوە و لۆکەی لێ دێنە دەر. لاکۆکەر یا لۆکەچن لۆکەکان بە دەست لێدەکەنەوە یا ئەوەکە بە مەکینەی تایبەتی هەڵیدەگرنەوە و بۆ پارچە ساز کردن و دە دۆشەگ ئاخنین و گەلێک کاری دیکە کەلکی لێوەردەگرن. Gos-sypium ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، لۆکە.

**پەمۆدانە** (گیا.)[پەمۆ + دانە] تۆمی پەمۆ، دەنکی لۆکە، پەموانە، پەموودانە، پەمەتۆمە. ؛؛ ئەسپەندەر دانە دانە/ چاوی بەد و بێگانە/ هەڵتۆقێ وەک پەمۆدانە (دەستە بوخچە ل ٢٥).

**پەموو** (گیا.) بڕ: پەمۆ

**پەموودانە** (گیا.)[پەموو + دانە] بڕ: پەمۆدانە.

**پەمە** (گیا.) بڕ: پەمۆ

**پەمەتۆمە** (گیا.)[پەمە + تۆم + ئە] [هەو] بڕ: پەمۆدانە

**پەمەیی** (ئان. ل)[پەمە + ئی] ١ـ رەنگی سووری کاڵ، رەنگی ئاڵی روون، رەنگی روخسار، ٢ـ هەرچی کە لە لۆکە ساز کرابی. & پەمبەیی.

**پەن** (نا.) بڕ: پەند

**پەنا** (نا.)[پەه: پەناه. ناو: پەنا، پەناه، پەنها ـ هەو: پەنا] ١ـ پشتیوان، پشتگر، ئامان. :: پشت و پەنام هەر تۆی! ٢ـ سووچ، قوژبن. ٣ـ لا، تەنیشت، کن. :: وەرە پەنای من دانیشە. ٤ـ (ئان.) ئاگادار. :: پەنامان هەر خودایە. ~ **بردنە بەر:** چوونە ژێر پەنای کەسێک یا شوێنێک، پەنا گرتن. :: واباشە پەنا بەرینە بەر مەیخانە/ حەفتا و دوو میللەت بەمەچی شەڕیانە (خەییام ل ٧٧). ~ **بۆ ... بردن:** لە ترس و مەترسی بۆ لای کەسێک چوون بۆ وەخۆ گرتن و پشت گرتن. :: خۆ لەو دونیایە کەسم نیە مەگەر پەنا بۆ خودا بەرم. خراپم لیمقەوماوبوو ناچار پەنام بۆ مامەکانم برد هەتا یارمەتیم بدەن. ~ **دان:** وەخۆ گرتنی کەسی راکردوو لە مەترسی و پشت گرتنی. ~ **گرتن:** ١ـ لە پشت کەسێک یا سووچێک خۆ حەشار دان. :: لە مەکری ئەم عەجووزە و سیحری دێوی نەفس ئەمن مەحوی/ پەنا دەگرم بە زاتی ئەقدەسی بێچوونی نادیوە (مەحوی ل ٢٩٠). ٢ـ خشت بوونی مانگ و هەڵاتنی بە جۆرێک کە بکەوێتە دوای ئاوا بوونی رۆژ (خاڵ ب ١ ل ٢٤٤). ~ **هێنان:** هاتن بۆ پەنا دان، روو دە کەسی پەنادەر کردن. **خۆدانە ~ کەسێک:** پەنا بردنە بەر کەسێک بۆ پشت گرتن، پەنا بۆ کەسێک بردن. || **پەنای بێدەنگ:** یارییەکە کۆمەڵێک بە گردیی دائەنیشن، وەستاکەیان لە یەکێکیان ئەدا ئەویش لەوەی تەنیشتی خۆی ئەدا هەر بەوجۆرە تا ئەگاتەوە لای وەستاکە (خاڵ ب ١ ل ٢٤٤) گەمەیەکە، قڕوقپ، فەنای بێدەنگ (هەنبانەبۆرینە ب ١ ل ١٢٤).

**پەنابات** (نا.) بڕ: پەناباد

**پەناباد** (نا.) دراوێکی زەرد بوو کە هەتا سەردەمی پەهلەوی لە ئێران برەوی هەبوو و نیوەی قرانێک بوو، دە شایی، پەنابات، پەنات، پەناد.

**تێبینی:** پەناد دراوێکی زێو بوو کە لە سەردەمی قاجارەکان لێدراوە و گۆیا لە پەناه ئاباد لێدراوە و ئەم ناوەی بە سەر دا براوە.

**پەنابەر** (نا. فا)[پەنا + بەر] ١ـ کەسی هەڵاتوو لە مەترسی کە پەنای بردۆتە بەر کەسی پەنادەر. ٢ـ راکردوو لە وڵات کە پەنای بردۆتە وڵاتێکی دیکە.

**پەنابەریی** (حم.)[پەنابەر + ئیی]

حاڵەت و چلۆنایەتی پەنابەر.

**پەناپەسیو** (نا. ل)[پەنا + پەسیو] شوێن و قوژبنێک کە لەبەر چاو نەبێ، شوێنی نادیار، پەنا و پەسیو.

**پەنات** (نا.) بڕ: پەناباد

**پەناد** (نا.) بڕ: پەناباد

**پەنادار** (ئان. فا)[پەنا + دار2] ١- کەسێک کە پەنا دەداتە کەسی دیکە، پەنادەر. ∷ لایەک دەربەدەرم من لە کەس و کار/ پەنام بۆ هێنای ببە پەنادار (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٠). ٢- (مجـ.) خودا

**پەنادەر** (ئان. فا)[پەنا + دەر (دان)] کەسێک کە پەنا دەداتە پەنابەر، پەنادار.

**پەناگا** (نا. ل)[پەنا + گا3] شوێنێک کە لە کاتی مەترسی پەنای بۆ دەبن، شوێنی پەنا گرتن، داڵدە

**پەنام** (ئان.) داپۆشراو، نهێنی، نەدیار، پەنهان.

**تێبینی:** لە ئەوێستا دا پەئیتی دانە بە مانای جلی ژێر زرێ هاتوە جگە لەوە هەم لە ئەوێستا و هەم لە پەهلەویی دا پەدام، پەندام، پەنوم بە مانای دەمامک و دەم بەندێک هاتوە کە ئاتروان لە کاتی خوێندنەوەی دوعا لە بەر ئاگر دەمی پێ دەبەست هەتا هەناسەی وە ئاگر نەکەوێ. دوو وشەی پەنام و دەمامک لە کوردیی دا لەم سەردەمەوە ماون و ئاشکراشە کە لە بەر گۆڕینی دین ئەم وشانەش مانایان هەندێک گۆڕدراون هەر چەند ناوەرۆکیان هێشتۆتەوە. هەروەتر لە راوێزیی بیرجەندیی دا پێینۆم بە مانای شاراوە و پەنهان هاتوە.

**پەنامان** (نا. ل)[پەنام + ئان] هەرشت و هەرچێکی نادیار و غەیبی، نادیاران.

**پەنامگا** (نا. ل)[پەنام + گا] جێگەی خۆ شاردنەوە، حەشارگا.

**پەنامەکی** (ئاک. ل)[پەنام + ئەکی] ١- بە نهێنی و شاراوەیی. ٢- بە سرنج و مەترسییەوە. (احتیاط) ∷ بە پەنامەکی ماشێنی لێخورە.

**پەنا و پەسیو** (نا. ل)[پەنا + و + پەسیو] قوژبن و شوێنی نادیار، پەناپەسیو، کەلێن و کولێن.

**پەناه** (نا.) بڕ: پەنا

**پەنبو** (گیا.)[باک] بڕ: پەمۆ

**پەنج** [1] (ژ.) ١- بڕ: پێنج. ٢- (ئا.)[باک

ـ زا] بڕ: پەنجە. || **پەنجەی تار:** ناوی پێنج رۆژی ئاخری ساڵ، پێنجەی تار، پێنج رۆژەی تار. [پێشتر هەر مانگ سی رۆژ بوە و ساڵ دەبوو بە ٣٦٠ رۆژ. لە بەر دروست هاتنەوەی ساڵ پێنج رۆژیان پێوە دەنا کە ناوی پێنج رۆژەی تار یا پەنجەی تار بوە.] ∷ وەی من دیارەن پەنجەی تارمەن/ سەروەخت هامن نەووەهارمەن (مەولەوی ل ٤٧٦).

**پەنج**2 (نا.) بڕ: پنج/٤

**پەنجا** (ژ.)[ئەو: پەنچاسەتە ـ پەه: پەنجاه. باک: پێنجی، پێنجە ـ ناو: پەنجا ـ هەو: پەنجا ـ زا: پانجاس] پێنج جار دە، ژمارەی ٥٠.

**پەنجاهووم** (ژ.)[پەنجا + هووم] بڕ: پەنجاهەمین

**پەنجاهوومین** (ژ.)[پەنجاهووم + ئین] بڕ: پەنجاهەمین

**پەنجاهەم** (ژ.)[پەنجا + هەم] بڕ: پەنجاهەمین

**پەنجاهەمین** (ژ.)[پەنجاهەم + ئین] ئەوەی کە ریز و پلەی پەنجا دا بێ، پەنجاهەم، پەنجاهووم، پەنجاهوومین، پەنجایەم، پەنجایەمین. ∷ پەنجاهەمین ماڵ، پەنجاهەمین کەس.

**پەنجایەم** (ژ.)[پەنجا + یەم] بڕ: پەنجاهەمین

**پەنجایەمین** (ژ.)[پەنجایەم + ئین] بڕ: پەنجاهەمین

**پەنجایی** (نا. ل)[پەنجا + ئی] پارەی پەنجا فلسی عێراق، مەنگەڵە.

**پەنجرا** (نا.)[زا] بڕ: پەنجەرە

**پەنجۆڵە** (نا. ل)[پەنجە + ئۆڵە] چووک کراوی پەنجەیە، پەنجەی چووک. ∷ ئەو کەسەی پەنجۆڵە بکوشێ جاروبار/ ئەو کەسەی دەستی بگاتە گەردنی یار (ناڵەی جودایی ل ١٤)

**پەنجووم** (ژ.)[پەنج + ئووم] بڕ: پەنجەم

**پەنجوومی** (ژ.)[پەنجووم + ئی] بڕ: پەنجەم

**پەنجوومین** (ژ.)[پەنجووم + ئین] بڕ: پەنجەم

**پەنجە** (نا. ل)[پەنج + ئە][پەه: پەنجەگ، پەنجەک، پەنچەک. باک: پەنج، پەنجە ـ ناو: پەنجە ـ هەو: پەنجە ـ زا: پەنج، پەنجە] ١ـ بەشی ژوورەوەی دەست لەو جێیەوە کە قامکەکانی لێ جیا دەبێتەوە. ٢ـ قامک، ئەنگوست. ٣ـ

بەشی ژوورەوەی پێ لەو جێیەوە کە قامکەکانی لێ جیا دەبێتەوە. :: بە سەر پەنجانێوە دەکرد جووتێک کەوشی دە نوقرەبەند/ .../ ئەوە بە سەری پەنجانی لە بەردی دە مەڕمەڕی دەدانە (گەنج ل ٩١). ٤ـ چنگی گیاندار. ٥ـ کوتێک بە قەرای پەنجەی دەست. :: پەنجەیەکم نان بۆ لێکەوە. ٦ـ نووکی کەوش ئەو شوێنەی کە پەنجەی پێ دەگرێتەوە. :: کەوشەکەم تەنگە پەنجەم دەکوشێ! ٧ـ شوێنی قامک لە دەستەوانە دا. ٨ـ ئەندازەیەک بە قەرا پەنجە بۆ پێوان. :: داوێنی کراسەکەت پەنجەیەک کورت کەوە! ٩ـ بەشی سەرەوەی ساز و ئامێری مۆسیقای وەک تار کە دەست دەکەوێتە سەری. ١٠ـ هەر جار ساز لێدان بە دەست. :: پەنجەیەکی تار لێدا! **~ خستنە سەر:** دەست نیشان کردن، دیاری کردنی مەبەست و مەسەلەیەک، قامک لە سەر دانان. :: پەنجەی خستە سەر دانەدانەی هەڵەکانم و وریای کردمەوە! **~ لە ~ی یەک دان:** دەست لێدانەوە دەگەڵ یەکتر، دەست دە نێو دەست نان. :: دەگەڵ ئەحمەدخان پەنجەیان لە پەنجەی یەکتری دا، لاس بەخێرهاتنی شەهلیاری کرد (لاس و خەزاڵ ل ٣٠). **~ی خۆ کرۆشتن:** (کنـ.) زۆر رق هەڵستان و هیچ پێنەکران. **~ی خۆ گەستن:** (کنـ.) پەشیمان بوونەوە لە ئەنجام دانی کارێک. **لەسەر ~ رۆیشتن:** شێوەیەک رۆیشتن کە تەنیا پەنجەکانی پێ لە سەر زەوی داندرێ. **لەسەر ~ و نینۆکی خۆ بوون:** (کنـ.) لە سەر پێی خۆ وەستان. || **پەنجەی پێ:** قامکەکانی پێ. **پەنجەی خانم:** (گیا.) گیایەکە وەک چرپی کە بە دار و دیواری دەوروبەریەوە هەڵدەڕووسکێ، چەند جۆری هەیە کە هەموویان گوڵەکانیان خۆشبۆن، پتر گوڵەکانی سپی یا زەردن، لە بەهار دا گوڵ دەکەن. بە هەر شێوەیەک کە باغەوان بیەوێ شکڵ دەگرن و بە قەڵەمە و توێ و خەواندن زیاد دەکرێ، Li-nocera ناوی لاتینی ئەم گیایەیە. (عەر: زهرالعسل ـ فار: پیچ امین الدوله). **پەنجەی رۆژ:** (کنـ.) ١ـ تیشکی هەتاو، گزینگ. ٢ـ روو، روخسار. :: کە دەستی برد و هێنا بە دولبەری بە تادا/.../ عەیان بوو پەنجەی رۆژ بە خەتتی ئیستیوا دا (وەفایی ل ١٩٣). **پەنجەی قەزا:** بڕ: پەنجەی قەزا و قەدەر. **پەنجەی قەزا و قەدەر:** (کنـ.) دەستی

ئەجەل، پەنجەی قەزا، ئەجەل. ⁂ یان وە دەستی خۆم دەخەم فەتح و نوسرەت و تەڕەقییە/ یان موقەدەری هەق دەستی ئیلاهیم دێتە سەرێ، پەنجەی قەزا و قەدەر عیلاجی نیە (لاس و خەزاڵ ل ١٦٩). **پەنجەی مریەم:** (گیا.) گیایەکی گوڵ جوانە، گوڵەکانی بە رەنگی ئەرخەوانی، سووری تۆخ و سپین کە سەریان بەرەو زەوی لار دەکەنەوە. لە ریشەی ئەم گیایە دا مادەیەک بە ناوی سیکلامین هەیە کە بۆ رەوانی زگ کەلکی لێوەردەگرن. Cyclamen europaeum ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، چنگی مریەم. (عەر: بخورالاکراد ـ فار: بخور مریم). **پەنجەی نەرم:** دەست و پەنجەیەکی لێهاتوو و چوست لە کاری هونەریی دا.

**پەنجەباز** (ئان. فا)[پەنجە + باز4] شەڕانی، شەڕخواز، چنگباز.

**پەنجەبازیی** (حم.)[پەنجەباز + ئیی] زۆرەبانی، چنگبازیی.

**پەنجەبۆکس** (نا. ل)[پەنجە + بۆکس] چەکێکی ساردە، لە کانزا ساز دەکرێ، چوار کونی هەیە کە دە قامکەکانی دەستی دەکەن و دەست دەقووچێنن و دەیکەنە مست، سەرەکانی هەندێک دەرپەڕیوە و لەشی مرۆڤ بریندار دەکا.

**پەنجەتووتە** (ئا.)[پەنجە + تووتە] چووکترین ئەنگووستی دەست، قامکە چکۆڵە، تووتە.

**پەنجەر** (نا.) بڕ: پەنجەرە

**پەنجەرا** (نا.)[زا] بڕ: پەنجەرە

**پەنجەرە** (نا.)[باک: پەنجەرە ـ ناو: پەنجەرە، پەنجەر ـ هەو: پەنجەرە ـ زا: پەنجرا، پەنجەرا، پەنزەرە] ١ـ چوارچێوەیەکی ساز کراو لە تەختە، ئاسن یا ئالۆمینیۆمە، نێوەکەی بەتاڵە و شووشەی تێدەگرترێ و بۆ رووناک بوونی ژوور یا هاتنی هەوا لە دیوار دەگرترێ، شباک، بەرکاز، دوودەری، ئاقشقە. ٢ـ چەن کونێکە ئەکرێتە تۆپی ئاشەوە بۆ ئەمەی کە زبانەی (پەررە)ی پیابکرێ (خاڵ ب ١ ل ٢٤٤). ‖ **پەنجەرەی سێ دەری:** جۆرە پەنجەرەیەک کە سێ لا یا سێ دەری هەبێ. ⁂ بەرەو قوبلە شوعرەی منیان بکێشایە/ پەنجەرەی سێ دەریان لە پێشی من لێبدایە (لاس و خوزاڵ ل ٦٦).

**پەنجەم** (ژ.)[پەنج + ئەم][پەه: پەنچۆم، پەنجۆم] ئەوەی کە لە ریزی

پەنج دایە، پێنجەم، پێنجووم، پەنجووم، پەنجوومی، پێنجوومی، پێنجەمین، پەنجەمین، پەنجوومین، پێنجوومین.

**پەنجەمی** (ژ.)[پەنجەم + ی] بڕ: پەنجەم

**پەنجەمین** (ژ.)[پەنجەم + ین] بڕ: پەنجەم

**پەنجەوانە** (نا. ل)[پەنجە + وان+ ئە] بڕ: ئەنگوستیلە

**پەنچەر** (نا.)[ئین: puncture] ١- کونی تیوبی ترۆمبێل و چەرخ و شتی لەم بابەتە. ٢- (کن.) بێواز، بێحاڵ، بێتاقەت. **~ بوون:** ١- کون بوون و بەتاڵ بوونی هەوای نێو تیوب. ٢- (کن.) بێواز بوون، بێتاقەت بوون. **~ کردن:** ١- کون کردنی تیوبی ترۆمبێل و چەرخ و کەرەسەی لەم بابەتە و بەتاڵ بوونی هەوای دەروونیان. ٢- (کن.) بێتاقەت کردن، بێواز کردن.

**پەنچەرچی** (نا. ل)[پەنچەر + چی] ١- کەسێک کە پەنچەریی تیوب و چەرخ چاک دەکا. ٢- دوکان و شوێنی چاک کردنەوەی پەنچەریی.

**پەنچەریی** (حم.)[پەنچەر + ئیی] چلۆنایەتی و وەزعی تیوب و چەرخ کە پەنچەر بوە. ∷ دەبێ لە پێشدا پەنچەریی ماشێنەکە چاکەم و دوایە وەڕێ کەوین! **~ گرتن:** چاک کردنەوەی پەنچەریی.

**پەند** (نا.)[ئەو: پەنتی ـ هەخ: پەتهی ـ پەھ: پەند. باک: پەند ـ ناو: پەن، پەند، پەنگ] ١- ئامۆژگاریی، نەسیحەت، ڕێی ڕاست. ٢- (مجـ.) تەمێ. ٣- (مجـ.) سووکایەتی، ئەتک، بێ ئابڕوویەتی، گۆڵمەز. **بە ~ بوون:** تووشی بەڵا و سووکایەتییەک هاتن و بوونە پەند بۆ خەڵک. **~ بە سەر هاتن:** تووشی سووکایەتی و ناخۆشیی بوون، گۆڵمەز بە سەر هاتن. **~ بە سەر هێنان:** ١- ڕابواردن بە کەسێک وەها کە خەڵک باسی بکاتەوە. ٢- ئەتک پێکردن، پەند دان، پەند پێکردن، بێ ئابڕوو کردن، گۆڵمەز بە سەر هێنان. **~ پێدان:** ١- تەمێ کردن، بەڵا هێنانە سەر کەسێک. ٢- گاڵتە پێکردن، گەمە بە کەسێک کردن. **~ پێکردن:** پەند بە سەر هێنان، ئەتک پێکردن، سووکایەتی پێکردن. ∷ ئەتۆ هەموو ڕۆژێ سواعبەتم پێدەکەی، پێم دەکەیەوە پەنێ (لاس و خەزاڵ ل ٩٠) سمێڵ وەنەوشەی، بەژن کەللەقەند/ گەر منت نەویست بۆ پێت

کردم پەند (کانی مرادان ل ٥١). **~ دان:** ١ـ رێی راست بە کەسێک نیشان دان بە قسە، نەسیحەت کردن. ٢ـ تەمێ کردن. ٣ـ بڕ: پەند بە سەر هێنان. **~ لە گوێ گرتن:** ئامۆژگاری و نەسیحەتی کەسێک رەچاو گرتن و بە قسە کردن. ‖ **پەندی پێشینیان:** کۆمەڵە قسە و پەندێک کە پشتاوپشت و زاربەزار لە کۆنەوە گەیشتۆتە بەرەی نوێ. **پەندی رۆژگار:** سووکایەتییەک کە خەڵک باسی بکاتەوە، پەندی عالەم. * **بوونە پەندی رۆژگار:** ئەتک و سووکایەتییەک کە هەموو کەس ئاماژەی پێبکا و بیزانێ، بێ ئابڕوو بوون لە لای خەڵک، بوونە پەندی عالەم. * **کردنە پەندی رۆژگار:** بەڵا بە سەر کەسێک هێنان و سووک کردنی ئەو کەسە وەها کە هەموو کەس بیبیسێتەوە، کردنە پەندی عالەم. ∷ گوتی: دەنگی لەشکر دەن بۆ سەر ئایشێ خان، سەری بتاشن و بیکەنە پەندی رۆژگار (سەعید و میرسێوەدین ـ سروە ٧٥ ل ٣١). **پەندی سیا:** بەڵای گەورە و گران. * **بە پەندی سیا هەڵێنان:** تووشی بەڵای گەورە و گران بوون. ∷ جارێکی دیکە ئەو کوڕەی لەبەر دەرگاکەمان ببینم بە پەندی سیای هەڵدێنم. **پەندی عالەم:** سووکایەتی گشتی و جێ باسی خەڵک، پەندی رۆژگار. * **بوونە پەندی عالەم:** ئەتک و سووکایەتییەک کە هەموو کەس ئاماژەی پێبکا و بیزانێ، بێ ئابڕوو بوون لە لای خەڵک. ∷ لە سەر تۆ بوومە پەندی عالەمێ، وتم و وتی: مەحوی/ بەسی بێ موشریکی، بەس، یا لە دنیا یا لە من لادە (مەحوی ل ٢٦٩) * **کردنە پەندی عالەم:** ئابڕوو بردن و ئەتک بە کەسێک کردن وەها کە هەموو کەس باسی بکا.

**تێبینی:** پەند لە بنەڕەت دا بە مانای رێگایە.

**پەندگۆ** (ئان. فا)[پەند + گۆ] کەسێک کە ئامۆژگاری دەدا. ∷ وایان دی ئەوانی پەندگۆ بوون/ بێهوودەیە لەم هەژارە کۆ بوون (مەم و زین ل ٢٩٥).

**پەنزەرە** (نا.)[زا] بڕ: پەنجەرە

**پەنگ** 1 (نا.)[باک: پەنگ ـ ناو: پەنگ، پۆنگ] گیر، وەستاو بۆ ئاو و ئاوەکی. **~ خواردنەوە:** بەرگیران و کۆ بوونەوەی ئاو لە شوێنێک، پۆنگ خواردنەوە.

**پەنگ** 2 (نا.)[؟][باک] کەڵاف، ماشەر

**پەنگ** 3 (نا.) بڕ: پەند

**پەنگاڤ** (نا. ل)[پەنگ1 + ئاڤ][باک]
بڕ: پەنگاو

**پەنگاو** (نا. ل)[پەنگ1 + ئاو] ١ـ ئاوی لە شوێنێک ویستاو، پەنگاڤ، پۆنگاو. ٢ـ شوێنی مەندی چۆم، مەنداو. // تەنکاو. ~ **خواردنەوە:** وێستان و کۆ بوونەوەی ئاو لە شوێنێک، پەنگ خواردنەوە.

**پەنگر** (نا.)[باک: پەنگر، پنگل ـ ناو: پەنگر، پنگر، پەنگل، پەرەنگ] پۆلووی رەژی و ئاگر، پشکۆ، سکڵ.

**پەنگرکێش** (نا. ل)[پەنگر + کێش]
پۆلووگر، مقاش، ماشە، پەنگل کێش

**پەنگل** (نا.) بڕ: پەنگر

**پەنگل کێش** (نا. ل)[پەنگل + کێش]
بڕ: پەنگرکێش

**پەنمان** (چا. ل) بڕ: پەنەمان

**پەنماو** (نا. مف.)[لە: پەنمان] بڕ: پەنەماو

**پەنمین** (چا. ل) بڕ: پەنەمان

**پەنمیو** (نا. مف.)[لە: پەنمین] بڕ: پەنەماو

**پەنها** (نا.) بڕ: پەنا. ፡፡ شاری داوودییێ بەشی خۆمت دەدەمێ و گەردنت دەکەم ئازایە/ رۆڵە، حەزێ دەکەی جا رۆنیشە، بۆ من ببە بە پەنهایە (مان ل ١٤٢).

**پەنهان** (ئان، ئاک.)[پەهـ: پە ـ نیهان. باک: پەنهان ـ ناو: پەنهان ـ هەو: پەنهان] ١ـ شاراوە، نیان، پێوار. ٢ـ ون، بزر. ፡፡ پەنهانەن سیمای سیمین وارەکەت/ شێوەی کۆتەڵەن یادەگارەکەت (مەولەوی ل ٨٠). ~ **بوون:** ١ـ ون بوون، لەبەر چاو نەمان، ئاوا بوون. ٢ـ شارانەوە، شاردنەوە. ፡፡ ئەو وەختی کە خوداوەندی میری مەزن، سەحرای مەحشەرە و دەگرێ گۆشەی دیوانە/ هەرکەس بە خێر و شەڕی خۆی نامەی دەدرێتێ و کاری وی دەبێتەوە پەنهانە (لاس و خەزاڵ ل ٢٤) زولفت ئەفشان کرد و پەنهان بووی و دونیات کردە تەم/ خۆت وەدەرنا عالەمت سووتاند و ئاورت کردەوە (وەفایی ل ١٥٦). ~ **کردن:** شاردنەوە، نیان کردن. ፡፡ ئەمن جووتێک شەمامە و شەمامە رەنگینم لە بن کراسی مەحمەڵ دارایی دانا/ قسمەتی کەس نیە بۆ تۆم راگرتووە بە ئامانەتی و کردوومە بە پەنهانە (لاس و خەزاڵ ل ٦٨). **خۆ ~ کردن:** خۆ شاردنەوە. ፡፡

ئێرانی ئەگەر لێیان قەوما، بۆ گەرمێنێ دێن، بۆ فەقیری و بۆ هەژاری و خۆیان دەکەنەوە پەنهانە (سەعید و میرسێوەدین ل ١٠٨).

**پەنهانیی** (ئاک. ل)[پەنهان + ئیی] بە نهێنی، بە دزیی، شاراوەیی.

**پەنە** (پێشـ.)[هەو] بڕ: پێ3. ⁘ پەنەسپەردەی (پێسپاردن)، پەنەکریای (پێکران) پەنەخوای (پێکەنین).

**پەنەرشکە** (گیا.) بڕ: پەرمێشک

**پەنەرێشکە** (گیا.) بڕ: پەرمێشک

**پەنەمان** (چا. ل)[ناو: پەنمان، پەنمین، پەنەمین، پەنەمان، پەنەمیان] ١ـ با کردن و هەڵمسانی شوێنێکی لەش بە نەخۆشی یا کەوتن و ئازار پێگەیشتن و هەر هۆیەکی دیکە. ٢ـ ئەستوور بوون و هەڵمسانی شوێن و جێگایەک. & هەڵمسان، هەلاّمسان، ئاوسان، ئاوسیان.

**پەنەماو** (نا. مف.)[لە: پەنەمان] ئەو شوێنەی لەش کە ئەستوور بوە، هەڵمساو، ئاماسیاگ، پەنەمیگ، پەنەمیو، پەنمیو، پەنماو.

**پەنەمیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: پەنەمان

**پەنەمیگ** (نا. مف.)[لە: پەنەمین] [ئەر] بڕ: پەنەماو

**پەنەمین** (چا. ل) بڕ: پەنەمان

**پەنەمیو** (نا. مف.)[لە: پەنەمین] بڕ: پەنەماو

**پەنیر** (نا.)[پەه: پەنییر. پەش: پەنیر ـ فار: پنیر ـ سەنگسەریی: پەندیر ـ گیل: پەنیر. باک: پەنیر، پەنێر ـ ناو: پەنیر، پەنێر ـ زا: پەنیر، پێندر] پێخۆرێک کە لە شیری مانگا یا مەڕ ساز دەکردرێ. شیر کەمێک گەرم دەکەنەوە و لە دوایی هەوێنی لێدەدەن و دوای چەند سەعاتان دەمەیێ کە پێی دەڵێن دەڵەمە، مادەی مەیو لە توورەکەیەک دەکەن هەتا ئاوەکەی بچۆڕێتەوە و رەق بێ یا ئەوەکە دەستبەجێ دەڵەمە بە دەست رێک دەکوشن و دەیکەنە سەلک سەلک. ~ **ئاخنینەوە:** ورد کردنی پەنیری سەلک و لە پێستە و کووپە کردن و داگرتنی. ‖ **پەنیری پێستەی:** پەنیری سەلکی کوتراو یا رەندە کراو کە لە پێستە دا دەیاخننەوە. **پەنیری سەلک:** دەڵەمەی سەلک سەلک کراو. **پەنیری کووپەی:** پەنیری سەلکی کوتراو یا رەندە کراو کە لە کووپە دا دەیاخننەوە. **پەنیری مەیرە:**

پەنیــرێکی وردکــراو و ئاخنراو کــە لە پەنیـری دیکە هەندێک چەورترە، پەنیـری مەیلە. **پەنیری مەیلە:** بڕ: پەنیری مەیرە.

**پەنیراو** (نا. ل)[پەنیر + ئاو] شۆرباى پەنیـر کـە لە پیـواز و ئاو و پەنیـر سـاز دەکردرێ، پەشمەک، پیرەزاڵ.

**پەنیرشک** (گیا.) بڕ: پەرمێشک

**پەنیـرفرۆش** (نا. ل)[پەنیـر + فرۆش] کەسێک کە لە دوکان دا پەنیر دەفرۆشێ.

**پەنیـرفرۆشـیی** (حم.)[پەنیرفـرۆش + ئیی] ١ـ کـار و پیشـەى پەنیـرفرۆش. ٢ـ (نا. ل) دوکان و جێ کاری پەنیرفرۆش.

**پەنیرۆک** (گیا.)[پەنیر + ئۆک][باک] بڕ: پەنیرۆکە/١ و ٢

**پەنیـرۆکـە** (گـیا.)[پەنـیر + ئۆکـە] ١ـ شـیرەى مـەییـو و توند بووى دەغڵ و دانە و نیــشــانەى نـزیک بوون لـە گـەیشــتن، پەنیـرۆک، پەنیـرە. ٢ـ [پەش: پەنیـرەک، پەندیرەک ـ فـار: پنیرک. باک: پەنیرۆک ـ ناو: پەنیرۆکە، پەنیرە، پەنێرە] گیایەکی خۆڕسکە، گەڵاکانی پان و گڕنی گرنییە، گــوڵێکی ســوور یـا مــۆری هــەیە و نیــو مــیــتــرێک هــەڵدەدا، جــۆرێکی دیکە زۆر هـەڵنادا و گـوڵێکی سـپی دەکـا کـە لە دوایی دەبێـە بەرێکی چووک و خڕی شین و دەخـورێ، Mauve ناوی عـیلمـی ئەم گـیــایەیە، نانی حــاجی لەگلەگی، نـانی لەگلەگی، نـانە حــاجـیلە، نان چووچک، تووزک، تۆڵکە، پەپکە مــــەلیــــچکانە. **~کردن:** مـەیینی شیلەى دەغڵ و دان، پەنیرە کردن.

**پەنیــرە** (گــیـا.)[پـەنیــر + ئە] بڕ: پەنیـــرۆکـــە/١ و ٢. **~ کـــردن:** بڕ: پەنیرۆکە کردن.

**پەنێر** (نا.)[باک ـ ئەر] بڕ: پەنیر

**پەنێرە** (گـیا.)[پەنێر + ئە][ئەر] بڕ: پەنیرۆکە/٢

**پەهلەوان** (ئان.)[باک] بڕ: پاڵەوان

**پەهن** (ئان.)[باک] بڕ: پان

**پەهنی** (نا.)[باک] بڕ: پاژنە

**پەهیز** (نا.)[باک] بڕ: پایز

**پەهین** (نا.)[باک] لەقە، شەپ. بڕ: پین

**پەی**[1] (نا.)[نـاو: پەی، پێ ـ هەو: پەی ـ زا: ئاپەی] ١ـ شــوێن، دوا، دوو. ٢ـ لە دواى، پاش. ٣ـ لـەبەر، بـۆ خــاترى. **~ پێبــردن:** مــەســەلەیەک بۆ دەرکــەوتن، زانین. **~ کــردن:** ١ـ شــوێن کــەوتن، وەدوا کـــەوتن. ٢ـ لەت کـــردن، بڕین، پەڕاندنی پێ مرۆڤ یا حـەیوان بە تیغ و

شەمشیر. :: دڵ پەی دەکا نیگاهی سەهمی موژەی سیاهی/ رەمزی هەموو بەڵایە، غەمزەی هەموو موسیبە (نالی ل ٣٩٧). ~ **هەڵگرتن:** شوێنی دز و راکردوو هەڵگرتن، شوێن هەڵگرتن.

**پەی**[2] (نا.)[لە: پێ1] ١ـ بنەڕەت، پایە. ٢ـ رادەی قوولایی چەم و رووبار. ~ **دان:** چۆم و رووبارێک کە مرۆڤ بێ ئەوەی نوقم بێ بتوانێ بە پێیان لێی بپەڕێتەوە. :: ئەو چۆمە قووڵە پێموانەبێ پەی بدا.

**پەی**[3] (نا.)[پەهـ: پەی] ١ـ (ئا.) رەگی سەخت و رەق لە لەشی مرۆڤ و گیاندار دا کە جووڵانەوە و بزووتنی ئەندامەکان بەڕێوە دەبا. ٢ـ رەگ، ریشە. :: دەری بێن بە زۆری نوێڵی شادی/ درەختی غەم لە بنچینە و رەگ و پەی (بێخود ل ١٢٧).

**پەیا**[1] (ئان.) بڕ: پەیدا

**پەیا**[2] (ئان.)[باک ـ زا] بڕ: پیادە

**پەیا**[3] (نا.)[باک] بڕ: پیاو

**پەیاپەی** (ئاک. ل)[پەی1 + ئا + پەی1] بە دوای یەک دا، لە پشت سەری یەک، دەمادەم، پەیتاپەیتا، پەیدەرپەی، پەی پەی. :: ئەتۆ ئەی رووحەکەم ساقی، ئەتۆ ئەی عومرەکەم موتریب/ پەیاپەی لێدە چەنگ و نەی، دەمادەم بێنە پەیمانە (وەفایی ل ١٤١). دەروون جە دووریی مەگڕیا بە تاو/ جە چەم مەتکیا پەیاپەی هووناو (بێسارانی ل ٢١).

**پەیاغ** (نا.)[هس: تەیاخ] دارێکی رەخت و هەندێک درێژە کە بۆ دەسکی پاچ و پێمەڕە و شەڕ و کاروباری دیکە کەلکی لێوەردەگرن.

**پەیاک** (نا.)[بڕ: پیادە][باک] پیادەی شەترەنج.

**پەیام** (نا.)[ئەو: پەئیتیگامە ـ پاز: پێغام ـ پەهـ: پێتام، پەیتام. باک: پەیام ـ ناو: پەیام، پەیغام، پەیخام ـ هەو: پەیغام] قسە یا نووسراوەیەک کە بۆ کەسێک دەنێردرێ و هەواڵێکی تێدایە، هەواڵ، خەبەر. ~ **بردن:** بردنی هەواڵ بە نووسراوە یا قسە بۆ کەسێک. ~ **دان:** هەواڵ دان، خەبەر بە کەسێک راگەیاندن. ~ **گەیشتن:** هاتن و گەیشتنی پەیامی پەیامنێر، پەیام هاتن. ~ **ناردن:** ناردنی هەواڵ و خەبەر بۆ کەسێک. ~ **هاتن:** گەیشتنی پەیامی پەیامنێر، پەیام گەیشتن. ~

**هێنان:** هاوردنی پەیامی پەیامنێر بۆ کەسێکی دیکە.

**پەیامبەر** (ئان. فا)[پەیام + بەر7] بڕ: پێغەمبەر

**پەیامنێر** (ئان. فا)[لە: پەیام ناردن] کەسێک کە لە لایەن ئاژانس و هەواڵدەریەکانەوە ئەرکی کۆ کردنەوەی هەواڵی پێدراوە، هەواڵنێر، هەواڵدەر.

**پەیامنێریی** (حم.)[پەیامنێر + ئی] کار و پیشەی کەسی پەیامنێر.

**پەیام هێنەر** (ئان. فا)[لە: پەیام هێنان] کەسێک کە ئەرکی گەیاندنی هەواڵی پێ دراوە و پەیام دەگەیەنێتە خاوەن پەیام.

**پەی پەی** (ئاک. ل)[پەی1+ پەی1] بڕ: پەیاپەی. ؛؛ پرشنگێ نوورش پەی پەی مەشانا/ من دەرسات نە رووش لافتام وانا (بێسارانی ل ٢٨).

**پەیت** (ئان.)[هس: پەیک] توند و تۆڵ، چوست. ؛؛ پەیکی دیدەم پەیت و چوستە و دەرفەتێکیش نایەنێ/ چەندی بێ هەست و بە پەردە و نەرم و ناپەیدا دەچێ (هێدی ل ٤٠٧). **~ بوون:** چوست و چالاک بوون، گورج و گۆڵ بوون. **لە چاو شەلان ~ بوون:** (کنـ.) هەڵسەنگاندن و بەراورد کردنی زیرەکی و لێهاتوویی خۆ دەگەڵ لە خۆ خراپتر. وێنەی خراپ و نزم دۆزینەوە بۆ سەلماندنی لێهاتوویی خۆ.

**پەیتاپەیتا** (ئاک. ل)[پەیتا + پەیتا] کار و کردەوەیەک بێ پسانەوە، پەستاپەستا، پەساپەسا، هەیتاهەیتا. ؛؛ پەیتا پەیتا قسان دەکا. دەمێکە پەیتاپەیتا سەفەر دەکەم.

**پەیتووکە** (گیان.)[پەیت + ئووکە] [هس: بەیتک]١- باڵندەیەکی وریای چوست و چالاکە (خاڵ ب ١ ل ٢٤٦) چۆلەکە بەرگاییلکە ، کلک هەڵسەنگێنە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٧٢) جۆرێ چۆلەکەی بچووکی تیژباڵ (هەنبانەبۆرینە ب ١ ل ١٢٦). ٢- (کنـ.) کەسی زۆر بزۆز و نائارام.

**پەیجۆ** (ئان. فا)[پەی + جۆ (فار: جو لە: جستن)] ١- شوێن پێ هەڵگر، شوێنگیر. ٢- کەسێک کە لە شتێک بگەڕێ و شوێن شتێک یا مەسەلەیەک بکەوێ، تۆژێنەر. & پەیجۆر، پەیدۆز. **~ی کەسێک یا شتێک بوون:** بە شوێن کەسێک یا شتێکەوە بوون، لە کەسێک یا شتێک گەڕان، پەیجۆری

کەسێک یا شتێک بوون.

**پەیجۆر** (ئان. فا)[پەی + جۆر] بڕ: پەیجۆ. ~ **ی کەسێک یا شتێک بوون:** بڕ: پەیجۆی کەسێک یا شتێک بوون. ∷ نازانم چ بوو ئیدی خۆی تێنەگەیاندم، هیچ پەیجۆری من نەبوو ئاخر ماوم یا مردووم.

**پەیجۆریی** (حم.)[پەیجۆر + ئیی] ١- کاری پەیجۆ، شوێنگێڕیی. ٢- تۆژینەوە، لێکۆڵینەوە & پەیجۆیی، پەیدۆزیی. ~ **کردن:** ١- شوێن پێی کەسێک گرتن. ٢- گەڕان، لێگەڕان، لێکۆڵینەوە. & پەیجۆیی کردن، پەیدۆزیی کردن.

**پەیجۆیی** (حم.)[پەیجۆ + ئیی] بڕ: پەیجۆریی ~ **کردن:** بڕ: پەیجۆریی کردن.

**پەیجە** (نا. ل)[پەی (پێ) + جە] بڕ: پەیژە

**پەیخام** (نا.) بڕ: پەیام

**پەیخامبەر** (ئان. فا)[پەیخام + بەر7] بڕ: پێغەمبەر

**پەیخەمبەر** (ئان. فا)[پەیخەم (پەیخام) + بەر7] بڕ: پێغەمبەر

**پەیدا** (ئان.)[ئێب: پەتیاکە - پەه: پەتیاک، پەئیتاک. پەش: پەیدا - فار: پیدا - لۆر: پییا. ناو: پەیدا، پەیا - باش: پەیدا - هەو: پەیدا - زا: پەیدا، پێدا] دیار، ئاشکرا، خویا. ~ **بوون:** وەدیار کەوتن، ئاشکرا بوون، دەرکەوتن. ∷ دەدرەوشێ لە نێو زولفی رەشت ئارەقی گەردن/ خۆ هەر شەوە پەیدا بوو ستارەی سەحەریی تۆ (وەفایی ل ١١١). ~ **بوونەوە:** دیسان وە دیار کەوتنەوە، دیسان هاتنەوە. ~ **کردن:** دیتنەوە، وەگیر خستن.

**پەیدۆز** (ئان. فا)[پەی + دۆز] بڕ: پەیجۆ

**پەیدۆزیی** (حم.)[پەیدۆز + ئیی] بڕ: پەیجۆیی. ~ **کردن:** بڕ: پەیجۆریی کردن.

**پەیدەرپەی** (ئاک. ل)[پەی1+ دەر + پەی1] بڕ: پەیاپەی. ∷ دڵ لە سەر خۆ چوونی پەدەرپەی دەلیلی یارە هات/ عەقڵ و هۆش ئەی دڵ بکە حازر، لە پێشە کارە هات (مەحوی ل ٥٦).

**پەیڕەو** (نا. ل، ئان. فا)[پەی1 + ڕەو] ١- دواکەوتنی کەسێک، درێژەپێدەری رێگا و بۆچوونی کەسێک، لاگر، مرید. ٢- بەرنامە، دەستووری کار. ~ **بوون:**

ڕەچاوکەری ڕێگا و بیری کەسێک بوون.

**پـەیرەویـی** (حـم.)[پـەیـرەو + ئـیـی] ڕەچاوکەری بیر و ڕێگای کەسێک. **~ کـردن:** ڕەچاو کـردن و لەبەر چاو گـرتنی بیر و بۆچوونی کەسێک.

**پەیژە** (نا. ل)[پەی (پێ) + ژە] جۆرێک پلیکانە کە لە دار و چێو ساز دەکردرێ بۆ چوونە سەربان و بەرزایی دیکە، پێژە، پەینجە، پەیجە، نەردیوان، نێردیوان.

**پەیژەک** (نـا. ل)[پـەیژە + ک] پـەیژەی چووک، نەردیوانی چووک

**پەیغام** (نا.) بڕ: پەیام

**پەیغامبەر** (ئان. فا)[پەیغام + بەر7] بڕ: پێغەمبەر

**پەیغەمبەر** (ئان. فا)[پەیغەم (پەیغام) + بەر7] بڕ: پێغەمبەر

**پەیغەمەر** (ئان. فـا)[پەیغـەم (پەیغام) + ئەر (بەر7)] بڕ: پێغەمبەر

**پەیڤ** (نا.)[باک] قـسـە، وتـە، کـەلام، شەرت، پەیمان.

**تێـبـینی:** پەیڤ دەگـەڵ پەیمان یەک ریشـە و سـەرچاوەیان هـەیە و ئاڵوگـۆڕیی دوو پیــتی " ڤ " و " م " یان بـە ســەر داهـاتوە کــە لە زاراوەی باکــووریی دا وێنەی زۆرە (جـەمـاعـەت ـ جـڤـات. چەم ـ چاڤ)

**پەیڤین 1** (چا. م)[لـە: پـەیـڤ][باک] قسە کردن، ئاخاوتن

**پەیڤین 2** (چا. م)[باک] بڕ: پێوان

**پەیک** (نا.)[ئەو: پەدیکە] کەسێک کە ئەرکی هـەواڵ بردنـی پێ دەسـپـێـردرێ، نامـەبـەر، پەیامـبـەر، قـاسـد. ** قـوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خـۆش مـروور/ ئەی پـەیکی شـارەزا بە هـەمـوو شـاری شارەزوور (نالی ١٧٤) بکیـانە پەیکێ وە پاڕانـەوە/ پـەی کـێ؟ پـەی مــــەجنوون بیارانەوە (مەولەوی ل ٨٤).

**پەیکار** (نا.)[ئەو: پەئیـتیکارە ـ پەه: پەتکار] شـــەڕ، جـــەنگ. ** من دەردم پەیکار ناز دڵگیـرەن/ دەوای زامـانم زامداریی تیرەن (مەولەوی ل ٧٧).

**پەیکان** (نا.)[پەه: پەئیکان] ١ـ کوتە ئاسنێکی تیژی لێک و لووس کراو کە لە سـەری تیـر و نـەیزە و ڕمـبی دەدەن. ٢ـ (کنـ.) مژۆڵی یار و گراوی.

**تێـبـینی:** پەیکان لە ڕەگی پێکان بە مانای لێدانی نیشانە کەوتوە.

**پەیکوڵ** (گیا.) بڕ: پێکوڵ

**پەیکەر** (نا.) ١ـ بڕ: پەیکەرە. ∷ هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر؟ تەیکەری هەوراز و لێژ (نالی ل ٢٢٤). ٢ـ لەش، قالب، بەدەن.

**پەیکەرە** (نا.)[هەخ: پەتیکەرە ـ پەه: پەهیکار] مرۆیەکی دەسکرد و ساز کراو لە بەرد، گیچ و کەرەسەی دیکە، کۆتەڵ، مجەسەمە، پەیکەر.

**پەیکەرەتاش** (ئان. فا)[پەیکەرە + تاش] کەسێک کە پەیکەرە لە بەرد یا شتی دیکە دەتاشێ.

**پەیکەرەتاشیی** (حم.)[پەیکەرەتاش + ئیی] کار و پیشەی کەسی پەیکەرەتاش

**پەیکەرەساز** (ئان. فا)[پەیکەرە + ساز] کەسێک کە لە بەرد یا کەرەسەی دیکە پەیکەرەی ساز دەکا، مجەسەمەساز.

**پەیکەرەسازیی** (حم.)[پەیکەرەساز + ئیی] کار و هونەری کەسی پیکەرەساز، هونەری پیکەرە ساز کردن، مجەسەمەسازیی.

**پەیمان** (نا.)[پەه: پەتمان. باک: پەیمان ـ ناو: پەیمان ـ هەو: پەیمان] بەڵێنی، مەرج، شەرت. ~ **بەستن:** مەرج و بەڵێنی دووکەس و بەرێوە بردنی، قەول و قەرار پێکەوە دانان. پەیمان دانان. ~ **دانان:** بڕ: پەیمان بەستن. ~ **شکاندن:** لە ژێر پێ نانی پەیمان و بەڵێنی. ~ **نوێ کردنەوە:** سەرلەنوێ راگەیاندن و دەربڕین بۆ درێژە دان بە پەیمان و بەڵێنێک کە پێشتر بەستراوە. || **پەیمانی ئاشتی:** بەڵێننامەیەک کە دوو یا چەند دەوڵەتی لایەنی شەڕ پێکی دێن و هەل و مەرجی ئاشتی تێدا دەگونجێن.

**پەیمانشکێن** (ئان. فا)[لە: پەیمان شکاندن] کەسێک کە پەیمان و قەولی دراو لە ژێر پێ دەنێ، کەسێک کە پەیمانەکەی بەرێوە نابا.

**پەیمانشکێنیی** (حم.)[پەیمانشکێن + ئیی] کاری کەسی پەیمانشکێن. ∷ لە ناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن/ لە کوێ فێر بووی گوڵم پەیمانشکێنی (تاریک و روون ل ١٢٩).

**پەیمانکار** (ئان. ل)[پەیمان + کار] کەسێک کە ئەنجام دانی کارێک لە بەرابەر پارەیەکی دیاریکراو جێبەجێ دەکا، قۆنتراچی.

**پەیماننامە** (نا. ل)[پەیمان + نامە] نووسراوەیەک کە بەڵێن و پەیمان و

شـــەرتی بەیەوەچوونی تێـدا نووســـراوە، بەڵێننامە.

**پەیانە** (نا. ل)[پـەیمـان + ئـە] ١ـ بڕ: پێـوانە. ٢ـ جـام و پیـاڵەی مـەی تێـدا خـــواردنەوە. ⁘ هـەتا نەبیـــە خــاکی مـەیخــانە/ مــەڵێ سـاقی بێنە پەیمانە (وەفایی ل ١٧٣).

**پەیاوتش** (چا. م)[زا] بڕ: پێوان

**پەین** (نا.)[فــار: پهن ـ گــیل: پەئین، پەهــین. باک: پــەیـن ـ نــاو: پەیـن ـ هـەو: پەین] ١ـ گـووی مـاڵاتی وەک گا و مـانگا کـــە بۆ کـــوود و ســـووتان کـــەلکی لێـــوەردەگــرن. ٢ـ (مــجـ.) تامی شــتی ناخـۆش، خـواردنی ناخـۆش. ⁘ ئەوە چ بوو دەرخواردت دام هەر دەڵێی پەینە!

**پەینجە** (نا. ل)[پەی (پێ) + ن + جە] بڕ: پەیژە

**پەینچی** (ئان. فا)[پەین/١ + چی] بڕ: توونچی

**پەیوەست** (نـا. مــفـ.)[ئەو: پەئیــتی بەند] ١ـ پێوەلکاو، پێوە بەستراو. ⁘ لە قـوببـەی سینە سووتاوم دڵـم بەو نارە پڕ نارە/ برۆی **پەیوەستە** خستوومی منی وا خـەسـتـە پەیوەسـتـە (وەفـایی ل ١١٦). ٢ـ (ئاک. ئان.) هـەمـیـشـە، دایم، بێـوچان، پەیوەســتـە. ⁘ پەیوەست مـەکـێـشـاش هەناسانێ سـەرد/ هـەر سـەنگ و ئاهەن، پەیش مـەبی وە گـەرد (بێسـارانی ل ١٧).

**~ بوون:** پێـوەلکان، پێـوەبەسـتـران.

**~ کردن:** پێوە لکاندن، پێوە بەستن.

**پەیوەستە** (نا. مفعـ.)[بڕ: پەیوەست] ١ـ پێوەلکاو، پێوە بەستراو. ٢ـ هەمیشە، دایم. ⁘ وەفـایی دوور لـە تۆ پەیوەســتــە حـاڵی شـینە، گـریانە/ لەبەر چاوت بە ســەد جێ وەک نیـشـانەی دڵ بریندارم (وەفایی ل ٥٩)

**پەیوەند** (نـا.)[پـەه: پەتڤـــــەند] ١ـ پێوەند. ٢ـ کاری پێوەلکانی پەلی گـیا و درەخــتــێک لـە درەخــتــێکی دیکە بـۆ ئیــســلاح کـردنی رەگــەز و بـەر هێنانی باشــتــر، مــوتربـە، تووز. ٣ـ کـاری لێک بەســـتنەوە و پێـــوە لکانی دوو ئەندام.

**~ کردن:** پێوەلکاندنی گیا و ئەندام لە یەکتر، موتربە کردن، تووز کردن

**پەیوەندیی** (حم.)[پەیوەند + ئیی] بڕ: پێوەندیی

**پەیە** (ئان)[زا] بڕ: پیادە

**پی**[1] (نا.) بڕ: پیو.

**پی**[2] (نا.)[زا] بڕ: پێرد

**پی** 3 (ئا.)[باک] بڕ: پووک1

**پی** 4 (ئا.)[باک] بڕ: پیل1

**پیا** 1 (پێشـ.) ١ـ بڕ: پێدا1. ٢ـ بڕ: تێ1

**پیا** 2 (نا.)[هەو] بڕ: پیاو

**پیابردن** (چا. م)[پیا1 + بردن] شتێک دە نێو شتێک نان، تێنان

**پیاتسان** (چا. ل)[پیا1 + تسان] بڕ: پێدافسین

**پیاتسین** (چا. ل)[پیا1 + تسین] بڕ: پێدافسین

**پیاچزان** (چا. ل)[پیا1 + چزان] چزانی شوێنێک لە لەش و ئەندام بە شتێکی داغ، چزان.

**پیاچزاندن** (چا. م)[پیا1 + چزاندن] چزاندن، داغ کردن.

**پیاچوون** (چا. م)[پیا1 + چوون] چوونی شتێک بۆ نێو شتێکی دیکە، چوونە ناو، تێچوون.

**پیاچوونەوە** (چا. ل)[پیا1 + چوونەوە] بڕ: پێداچوونەوە

**پیاچەقاندن** (چا. م)[پیا1 + چەقاندن] تێچەقاندنی شتێک لە شتێکی دیکە، تێهەڵچەقاندن.

**پیاچەقین** (چا. ل)[پیا1 + چەقین] چەقین، تێهەڵچەقین.

**پیادان** (چا. م)[پیا1 + دان] بڕ: پێدادان

**پیادە** (نا.، ئان.)[هەخ: پەداتەکە ـ پەهـ: پییاتەک. فار: پیادە ـ بیر: پێیادە. باک: پەیا ـ ناو: پیادە، پیاوە، پیاو ـ هەو: پیادە ـ زا: پەیا، پەیە، پیادە] ١ـ کەسێک کە بە پێی خۆی ڕێگا دەبڕێ. // سوار. ٢ـ (نا.) ناوی شازدە مۆرەی شەترەنج، سەرباز، پەیاک. ٣ـ (نز.) تاقمێک لە لەشکر و قوشەن کە ئەسپیان پێ نیە و بە پێیان دەڕۆن و شەڕ دەکەن. ٤ـ (کنـ.) تێنەگەیشتوو، نەفام، گەوج. **~ بوون:** ١ـ هاتنە خوار لە بارەبەر یا مەکینەی سوار بوون، دابەزین، پیاوە بوون. ٢ـ (کنـ.) تێنەگەیشتن، نەفام بوون. **~ چوون:** بە پێیان ڕۆیشتن و ڕێگا برین. **~ کردن:** دابەزاندن، هێنانە خوار.

**پیادەڕۆ** (نا. ل)[پیادە + ڕۆ4] ڕێگایەک لە دوو لای شەقام کە بۆ پیادە و خەڵک تەرخان کراوە و ماشێن و مەکینەی دیکە حەقی پێدا چوونیان نیە.

**پیــادەیی** (حم.)[پیــادە + ئیی] بە پێیان، سوار نەبوون. // سواریی. ⁙ نە بە پیادەیی دەیگەمێ نە بە سواریی.

**پیارزگ** (نا.)[ئەر] بڕ: پرێسکە

**پیــاز** (گـیـا.)[پەھ: پیـیـاز، پەداچ، پەدیاچ. لۆر: پییـاز ـ فـار: پیـاز ـ بیـر: پێیاز. باک: پیڤـاز ـ ناو: پیاز، پیـواز ـ هەو: پیـاز ـ زا: پیـاز، پیـانز، پیـۆنز، پیـووز] ١ـ گـیـایەکـە باریک و شـینە، نووکی تیـژ ونێـو بۆشـە، گـوڵی سـپی و چەترییــە، بـە رووتی دەگــەڵ ســەوزی دەیخـۆن، Allium cepa ناوی عـیلمی ئەم گیایەیە. ٢ـ بنکی ئەو گیایە کە دەگا (سەلکە پیواز)، هەڵیدەقەنن و توێکڵێکی قـاوەیی و مـەیلەوە سووری هـەیە، جۆری توێکڵ سـپـیـشی هـەیە، نێـوەکـەی توێ توێیـە، بە رووتی دەگەڵ چێشت دەیخـۆن و لە ناو چێشـتـیش دەکرێ و سـووریش دەکرێتەوە، هـەندێک جاریش لە نێو پۆلوو ئـاور دا دەپیـــشـــێـنن. ٣ـ بـنکی ئـەو گیایانەی کە وەک پیواز دەچن. ~ **پاک کـردن:** (کنـ.) بـە درۆ گریان، فـرمـێـسک هەڵوەراندنی بە قــەســتی، پیــواز پاک کردن. || **پیـازی موو:** ریشـە و بنی تووک و موو کە گرمۆلەیەکی سپی چووکە.

**پیـــازاو** (نا. ل)[پیــاز/٢ + ئاو1] چێشـتێکی هـەژارانەیە وەک شـۆرابا کـە بـە ئاوی رووتیی یـا ئاوی گۆشت و پیـواز و رۆن سـاز دەکـردرێ، تێـیـدەکـوشن و دەیخۆن، ئەشکەنە، کاروانـاشـی.

**پیـــازداغ** (نا. ل)[پیـــاز/٢ + داغ] پیـوازی ورد کراو و سـوور کراوە کـە بە ســـەر ئاشـی دادەکـــەن یا بـۆ هـەندێک چێشـتی دیکە سـازی دەکـەن، پیـوازداغ، رۆن و پیواز.

**پیـــازۆک** (گـیـا.)[پیـاز + ئۆک] بڕ: پیازەخووگانە

**پیـازۆکـە** (گـیا.)[پیـاز + ئۆکـە] بڕ: پیازەخووگانە

**پیازەخووگانە** (گیا.)[پیاز/٣ + ئە + خـووگ + ئانە2] گـیـایەکی خـۆڕسکی ســاقــەت ناسکی گــەڵا پانـە، بنکێکی گـەورەی وەک پیـواز هـەیە، گـوڵی سـپی دەکـا. لە گـەڵا و بنکەکـەی بـۆ دەرمـان کـەلک وەردەگـرن و گـۆیا بـەراز حـەزی لێـدەکـا. Urginea maritima ناوی لاتینی ئەم گـیـایەیە، پیـوازە خـووگـانە، پیازە مشکانە، پیوازە کێوییلە، پیازۆکە، پیازۆک، هاز. (عەر: بصل الخنزیر ـ فار: پیاز عنصل)

**پیازەمارانە** (گیا.)[پیاز/٣ + ئە + مار1 + ئانە2] گیایەکە لە تیرەی سۆسنەکان، بنەکەی سەلکێکی گەورە و ئەستوورە، گوڵەکانی هێشووی چووک و سپی ئاماڵ شین. لە پیازەکەی بۆ دەرمان کەلک وەردەگرن، Scilla maritima ناوی لاتینی ئەم گیایەیە. (عەر: بصل الحیه ـ فار: اشقیل)

**پیازەمشکانە** (گیا.)[پیاز/٣ + ئە + مشک1 + ئانە2] بڕ: پیازەخووگانە

**پیازی** (ئان. ل)[پیاز/٢ + ئی] ڕەنگی قاوەیی وەک توێکڵی پیاز.

**پیاساوین** (چا. ل)[پیا1 + ساوین] ١ـ تێهەڵسوون. ٢ـ سوونەوەی شتێک بە شتێکی دیکە، ڕێخستن. & پیاسوون

**پیاسوون** (چا. ل)[پیا1 + سوون] بڕ: پیاساوین

**پیاسە** (نا.)[تور: piyasa لە ئیتا: piasa] گەشت، سەیران بە پێیان. ~ **کردن:** گەڕان، خولانەوە بە پێیان، قەدەم لێدان.

**پیاکردن** (چا. م)[پیا1 + کردن] ١ـ تێنان. ٢ـ بڕ: پێداکردن

**پیاگ** (نا.)[باش ـ ئەر] بڕ: پیاو

**پیاگەتی** (حم.)[پیاگ + ئەتی] بڕ: پیاوەتی

**پیاگەیشتن** (چا. ل)[پیا1 + گەیشتن] فریا کەوتن، پێڕاگەیشتن.

**پیاڵە** (نا.)[پەهـ: پەیگال لە یون: pi-ale] ١ـ جامی شەراب و مەی تێدا خواردنەوە، پیاڵەی شەڕاب، پیاڵەی مەی. ٢ـ ئەندازەیەک بۆ خواردنەوەی مەی و بادە. :: بە دوو پیاڵە مەست دەبێ. ٣ـ قاپی چووک، دەفری قووڵی چووک بۆ ماست و مرەبا و شتی کەم تێکردن. ٤ـ دەفرێکی چووکی پەل یا قووڵە کە ئیستکان و فینجانی لە سەر دەنێن، ناڵبەکی، ژێرپیاڵە. ٥ـ دەفری چا و قاوە تێدا خواردنەوە، فینجان، پیان. ٦ـ (ئا.) ئەو قوڵکەی چاوی تێدا جێگرە، چاوخانە، پیاڵەی دیدە، پیاڵەی چاو. ~ **لە ~ دان:** بە سەلامەتی خواردنەوە و پیاڵە لە پیاڵە دان لە کاتی مەی خواردنەوە. :: لەودەمەی دا پیاڵە دەدرێن لە پیاڵە/ لەودەمەی دا لێوتان بە بادە ئاڵە .. (تاریک و روون ل ٢٠٦). ~ **لێدان:** (مـجـ.) مەی خواردنەوە. :: دوو پیاڵەی لێداوە و سەرخۆش بوە. || **پیاڵەی چاو:** بڕ: پیاڵە/٦. **پیاڵەی دیدە:** بڕ: پیاڵە/٦. ::

پیاڵەی دیدە لەبرێزە دڵا تۆش/ بجۆشە سازی ناڵەی هەم ببێ کۆک (مەحوی ل ١٩٠). **پیاڵەی شەراب:** ئەو پیاڵەیەی کە مەی و شەرابی تێدا دەخۆنەوە، پیاڵەی مەی، جامی مەی. **پیاڵەی مەی:** بڕ: پیاڵەی شەراب. :: لە شێخ و واعیز و سۆفی لەمەولا من کەنار ئەگرم/ پیاڵەی مەی بە یادی دیدەیی مەستی نیگار ئەگرم (ئەحمەد موختار ل ٨١).

**پیاڵەفرۆش** (ئان. فا)[پیاڵە/٢ + فرۆش] کەسێک کە لە مەیخانە مەی و بادە بە پیاڵە و پەیک دەفرۆشێ و مشتری هەر لەوێ دەیخواتەوە.

**پیاڵەفرۆشیی** (حم.)[پیاڵەفرۆش + ئیی] ١ـ کار و پیشەی پیاڵەفرۆش، ئارەقفرۆشیی. ٢ـ (نا. ل) دوکان و شوێنی کاری پیاڵەفرۆش.

**پیاڵەگێڕ** (ئان. فا)[پیاڵە/٢ + گێڕ (گێڕان)] کەسێک کە پیاڵە و جامی مەی دەگێڕێ و دەیدا بە مەیخۆرەکان، ساقی، بادەگێڕ. :: ئەی پیاڵەگێڕی مەجلیسی تۆ تووسی نەوزەری/ کەیخوسرەوی زەمانی و جەمشیدی کیشوەری (بێخود ل ١٥٣).

**پیاڵەگێڕیی** (حم.)[پیاڵەگێڕ + ئیی] کار و پیشەی پیاڵەگێڕ، بادەگێڕیی، مەیگێڕیی.

**پیان** (نا.)[باک] دەفری ئاو و چا تێدا خواردنەوە، جام، پیاڵە.

**پیانز** (نا.)[زا] بڕ: پیاز

**پیانۆ** (مۆس.)[ئیتا: piano] ئامێرێکی گەورەی مۆسیقایە، ریزێک دوگمەی هەیە و هەر کام بە سیمێکەوە پەیوەندیان هەیە، بە داگرتنی دوگمەکان سیمەکان وە دەنگ دێن و چونکە هاوکات دەکرێ چەند دوگمە داگرن لە ئۆرکێستر دا گرینگایەتی تایبەتی خۆی هەیە. پیانۆ لە ساڵی ١٧٠٩ی زایینی بە دەست کابرایەکی خەڵکی ئیتالیا ساز کراوە.

**پیانۆژەن** (ئان. فا)[پیانۆ + ژەن] کەسێک کە پیانۆ لێدەدا، پیانیست.

**پیانۆژەنیی** (حم.)[پیانۆژەن + ئیی] کاری پیانۆژەن

**پیانۆساز** (ئان. فا)[پیانۆ + ساز] ١ـ کەسێک کە پیانۆ ساز دەکا. ٢ـ کەسێک کە پیانۆ چاک دەکاتەوە.

**پیانۆسازیی** (حم.)[پیانۆساز + ئیی] ١ـ کاری پیانۆساز. ٢ـ (نا. ل) شوێنی پیانۆ ساز کردن یا چاک کردنەوە.

**پیانیست** (نا.)[فەر: pianiste] بڕ: پیانۆژەن

**پیاو** 1 (نا.)[لۆڕ: پیا. باک: پەیا ـ ناو: پیاو، پیاگ ـ باش: پیاگ ـ هەو: پیا] ١ـ نێرینەی مرۆڤ کە تەمەنی لاوەتی تێپەڕاندبێ. ٢ـ مرۆڤ، ئینسان. ∷ پیاو نابێ گوێ بداتە قسەی هەرکەس. پیاو دەبێ هەستان و رۆنیشتن بزانێ. ٣ـ مێرد، شوو. ∷ پوور مەنیج پیاوەکەی چۆتە سەفەر. ٤ـ رند، جوامێر، مەرد.∷ وەک پیاوان بە درۆ مەکە! ٥ـ کەسێکی نێرینە کە لە ژێر دەستی دەستەلاتدارێک دابێ، نۆکەر، کاردار. ٦ـ ئەهل، لاگر، هۆگر.∷ پیاوی راو، پیاوی شەڕێ، پیاوی ژن هێنان نیم. ٧ـ چەکداری سادە. **بوونە ~:** گەیشتن بە تەمەنی پیاوەتی کە پتر بوو هاندانی منداڵ بە کاری دەبەن.∷ کوڕەکەمان ماشەڵڵا بۆتە پیاو ئیدی میز بە خۆی داناکا. **بوونە ~ی کەسێک:** بوون بە خزمەتکار و ژێردەستی کەسێک. **بە ~ دانان:** کەسێک بە جوامێر و مەرد حیساب کردن، بە پیاو زانین. ∷ بە پیاوت دادەنێم بۆیە داوای قەرزت لێدەکەم. **بە ~ زانین:** بڕ: بە پیاو دانان. **~ بوون:** ١ـ مەرد و رند بوون، جوامێر بوو. ٢ـ ئینسان بوون، ئینسانیەت هەبوون. ∷ پیاو نی دەنا تەماحت لە ماڵی سەغیر نەدەکرد. ٣ـ ئەهل بوون، ویستن. ∷ ئەو منداڵانەم هیچیان پیاوی کار کردن نەبوون بۆیە وەبەر خوێندنم نان. **~ لە سەرگرتن:** دەرکەوتن و ئاشکرا بوونی پێوەندی نهێنی ژنێک دەگەڵ پیاوێکی بێگانە، دیتن یا گرتنی پیاوێکی نامەحرەم دەباڵ ژن یا کچێک دا. **~ کوشتن:** قەتڵ کردن، جەنایەت کردن. ∷ لە سەر هیچ پیاو دەکووژێ. **~ ویستن:** توانایی لە رادەبەدەر بۆ ئەنجام دانی کارێک. ∷ پیاوم دەوێ ئەورۆکە بتوانێ دە منداڵان بەڕێوە بەرێ! **کردنە ~:** پێگەیاندنی کەسێک لە باری ماددیی و کەسایەتی، یارمەتی دان بە کەسێک کە وەک مرۆڤ بژی. ∷ ئەو کاک کەریمەی کە ئێستا دەیبینی نانی نەبوو بیخوا ئەمن هێنامە لای خۆم و کردمە پیاو. **کردنە ~ی خۆ:** کەسێک کردنە نۆکەر و ژێردەست و بەکرێگیراوی خۆ. **کەس پێ ~ نەبوون:** (کنـ.) کەس بە گرینگ و مرۆڤ دانەنان، بە سووک سەیری خەڵک کردن، کەس بە پیاو دانەنان. **کەس بە ~ دانەنان:** (کنـ.) بڕ: کەس پێ پیاو نەبوون. **مووی ~ان لێنەهاتن:**

(کنـ.) جوامـێـر نەبوون، پیاو نـەبوون، پیـاوەتی نـەبوون. ⁂ هەمـــوو قـســـە و بەڵێنەکـانت درۆیە، تۆ نە پیـاوی و نە مـووی پیاوانت لێـهاتوە. مـووی پیـاوانم لێنەهاتبێ ئەگەر تۆڵەت لێنەکەمەوە! ‖ **پیـاوی پیـاو:** زۆر پیـاو، زۆر مـەرد و جوامێر. ⁂ ئەلحەق پیـاوێکی بە وەجی، شکاندنی پیاوی پیاو هیچی تێدا بەسـتە نیـە (لاس و خـەزاڵ ل ٣١). **پیـاوی خـودا (خـوا):** ١ـ ئەو کـەسـانـەی کـە کـاری ئـاییـنـی بـەڕێـوە دەبـەن. ٢ـ کـــــەسـی دوورەپەرێز و پیـرۆز کە چاوی لە مـاڵی دونیـا نیــە، ئازاری بۆ کـەس نیــە و خـەریکی ژیان و نوێژ و تاعەتی خۆیەتی، مرۆڤی بێ ئازار و راست و پاک. **پیـاوی حکوومـەتێ (دەوڵەتێ):** کـەسـێک کـە پێـوەندی بە دەوڵەت و حکوومـەتەوە بێ و بۆ وان کـار بکا، پیـاوی دەوڵەتێ. **پیـاوی درۆ:** درۆزن، ئـەهـلــی درۆ. ⁂ مـنـیـش دەڵێم... هیـچـیــان پیـاوی درۆیە نین (چـەپکێ گـوڵ ل ٥٦). **پیــاوی دەرک و دیوانان:** کـەسێک کە هاتوچۆ و پێوەندی دەگـەڵ دەسـتـەڵاتداران و حکوومـەت و ئیـدارەکانی دەوڵەتی هەبێ. **پیـاوی نێـو پیـاوان:** لە پیـاوەتـی دا سـەرتر و پیـاوتر بوون، پیـاوتر لە پیـاوان، جـوامـێـرتر و مەردتر لە پیاوەکانی دی.

**پیـاو**[2] (نا.، ئان.) بڕ: پیـادە. **~ بوون:** پیادە بوون، دابەزین. ⁂ مەنگوڕی دە مێوەجاغێ/ پیاو بوون لە سابڵاغێ/ تەدارەک بۆ مەراغێ (مان ل ٢٨٤).

**پیــاوانە** (ئان. ل)[پیــاو + ئانە] ١ـ کەرەسە و شوێن و هەرچێکی کە تایبەتی بە پیاو بێ. ⁂ کەوشی پیاونە، کراسی پیـاوانە، حەمـامی پیـاوانە. ٢ـ (ئاک. ل) ئاکار و کرداری وەک پیـاو، جوامێرانە، رندانە. ⁂ پیاوانە لە بەرابەری راوەسـتا و حەقەکەی خۆی لێوەرگرت.

**پیاوچاک** (ئان. ل)[پیاو1/٢+ چاک] مـرۆڤی راست و پاک و دروست، مـرۆی ئیماندار، پیاوخاس. // پیاو خراپ

**پیـاوخـاس** (ئان. ل)[پیاو1 + خـاس] بڕ: پیاوچاک

**پیــاوخــراپ** (ئان. ل)[پیـاو1/٢ + خراپ] مرۆڤی ناپاک و ناراست، پیاوی بێ ئیمان، پیاو خراو. // پیاو چاک. **بە ~ دەرچوون:** بڕ: پیـاوخـراپ بوون. **~ بوون:** کـارێکی باش لـە حـــەقی کەسێک دا کردن بەڵام بە پێچەوانە بە خراپ و ناڕاست دەرچوون، بە پیاوخراپ دەرچوون. **~ کردن:** بە خـراپ چاکەی

کەسێک وڵام دانەوە و باس کردن. **خۆ ~ کردن:** بەدناو کردنی خۆ لەبەر ئەنجام دانی کار و مەسەلەیەک بۆ کەسێک.

**پیاوخراپیی** (حم.)[پیاوخراپ + ئیی] کردەوە و ئیشی پیاوخراپ.

**پیاوخراو** (ئان. ل)[پیاو1 + خراو] [ئەر] بڕ: پیاوخراپ

**پیاوخۆر** (نا. فا)[پیاو1/٢ + خۆر] ١ـ کەسێک یا دڕندەیەک کە گۆشتی مرۆ بخوا. ٢ـ (کنـ.) کەسی بە سام کە خەڵک لێی بترسن.

**پیاوفرۆش** (نا. فا)[پیاو1/٢ + فرۆش] کەسێک کە مرۆڤ یا دۆستی خۆی بە پارە بفرۆشی و راپۆرتی لێ بدا، شۆفار، جاش.

**پیاوفرۆشیی** (حم.)[پیاوفرۆش + ئیی] کار و ئیشی کەسی پیاوفرۆش، شۆفاریی، جاشێتی.

**پیاوکوژ** (نا. فا)[لە: پیاو کوشتن] کەسێک کە مرۆڤ دەکووژێ، قاتڵ، ئینسانکوژ، جەنایەتکار.

**پیاوکوژیی** (حم.)[پیاوکوژ + ئیی] کار و پیشەی کەسی پیاوکوژ، پیاو کوشتن، ئینسانکوژیی، قاتڵ بوون.

**پیاوماقووڵ** (ئان. ل)[پیاو1 + ماقووڵ] پیاوێک کە قسە و ئاکاری ئاقڵانە و رێز و حورمەتی لە لای خەڵک هەیە، پیاوی تێگەیشتووی بەرێز.

**پیاوە** (ئان.) بڕ: پیادە. ~ **بوون:** بڕ: پیادە بوون. ∷ کاکە مەم دەڵێ: جووتیار ئەمە لە کوێ ببین پیاوە؟ (مان ل ٥٠). میوانی وەکوو تۆ لە دەرکی کەس نەبوە پیاوە (لاس و خەزاڵ ل ٢٣).

**پیاوەتی** (حم.)[پیاو + ئەتی] ١ـ ئەو کارەی کە لە پیاو دەوەشێتەوە، جوامێریی. ∷ ئەوە پیاوەتی نیە تۆ دەگەڵ ئێمە دەیکەی. ٢ـ غیرەت، ئازایەتی. ٣ـ توانایی جنسی پیاو. & پیاگەتی. ~ **بە ناوی (لە سەر ناوی) حەمام کردن:** (کنـ.) پیاوەتی بە ماڵی خۆ نەکردن و شتی خەڵک یا شتی خۆڕایی بەخشین، ماڵی خۆ نەبەخشین. ~ **پێکران:** توانای پیاوەتی و جوامێریی هەبوون. ∷ کابرای دەستبەتاڵ کوا پیاوەتی پێدەکرێ! ~ **دە (لە) گەڵ کەسێک کردن:** چاکە کردن دە گەڵ کەسێک کردن، پیاوانە دەگەڵ کەسێک جووڵانەوە. ~ **کردن:** کاری پیاوانە

کردن، جوامێریی و مەردایەتی کردن. :: پیاوەتی بکە و ئەو کتێبەم پێ بفرۆشە! **~ لێوەشانەوە:** کاری پیاوانە کردن، جوامێریی و مەردایەتیی کردن. :: پیاوەتی لە ناپیاو ناوەشێتەوە. **لە ~ بە دوور بوون:** کار و ئەمرێک کە ئەنجام دانی جوامێرانە و شیاوی مرۆڤ نیە. :: دەستی لێقەماو نەگرتن لە پیاوەتی بە دوورە. **لە ~ خستن:** ١ـ دەستەڵات و جوامێری لە پیاوێک وەرگرتن. ٢ـ توانایی جنسی بە پیاوێکەوە نەهێشتن. **لە ~ خۆ کارێک کردن (ئەنجام دان):** کار و ئەمرێک بەڕێوە بردن لەبەر جوامێریی و دڵاوایی کە پێویست بە ئەنجام دانی لە بەر هەر هۆیەک نەبێ. :: لە پیاوەتی خۆتە ئەو بارەت بۆ هەڵگرت من بام بۆم هەڵنەدەگرت. **لە ~ کەوتن:** ١ـ توانایی و دەستەڵاتی پیاوەتی کردن و جوامێری نەمان. ٢ـ توانایی جنسی نەمان، گان پێنەکران.

**پیاوەکە** (شرِ.)[پیاو + ئەکە] وشەی بانگ کردنی مێرد و شوو لە لایەن ژنەکەیەوە. // ئافرەت، ژنەکێ. :: پیاوەکە لە بیرت نەچێ سبەی ئارد بنێریەوە!

**پیاوێژگە** (شرِ.)[پیاو + ئیژگە] ١ـ وشەی بانگ کردنی خۆشەویستانەی مێرد لە لایەن خێزانەوە. ٢ـ پیاوی چکۆڵانە.

**پیاهاتن** (چا. ل)[پیا1 + هاتن] برِ: پێداهاتن

**پیاهاتنەوە** (چا. ل)[پیا1 + هاتنەوە] برِ: پێداچوونەوە

**پیاهەڵپەساردن** (چا. ل)[پیا1 + هەڵپەساردن] برِ: پێهەڵپەساردن

**پیاهەڵچوون** (چا. ل)[پیا1 + هەڵچوون] برِ: پێهەڵچوون

**پیاهەڵگەڕان** (چا. ل)[پیا1 + هەڵگەڕان] برِ: پێهەڵگەڕان

**پیاهەڵمیزان** (چا. ل)[پیا1 + هەڵمیزان] برِ: پێهەڵمیزتن

**پیاهەڵمیزتن** (چا. ل)[پیا1 + هەڵمیزتن] برِ: پێهەڵمیزتن

**پیاهەڵمیزین** (چا. ل)[پیا1 + هەڵمیزتن] برِ: پێهەڵمیزتن

**پیاهەڵواسین** (چا. ل)[پیا1 + هەڵواسین] برِ: پێهەڵواسین

**پیبک** (نا.)[باک] برِ: بیبیلە

**پیپ**[1] (نا.)[فەر: pipe] ئامرازێکی

تەماکوو کێشانە، وەک سەبیلە دەچێ بەڵام دەسکی زۆر کورتترە، تووتنی دە نێو سەرەکەی دەکەن و دایدەگیرسێنن.

**پیپ**[2] (نا.)[ئین: ؟] دەفرێکی خڕی چێویی گەورە، بۆشکەی چێویی.

**پیپک** (ئا.)[باک] بڕ: بیبیلە

**پیپنۆک** (گیا.)[باک] بڕ: خاشخاشک

**پیت**[1] (نا.)[ئەو: پیتو ـ پەه: پیت. ناو: پیت، فیت] بەرەکەت، بەروبوو، قازانج، داهات. **بە ~ بوون:** بە بەرەکەت بوون، خێر و قازانج هەبوون. **~ دانەوە:** قازانج هەبوون و خێر دانەوە.

**تێبینی:** پیت لە بنەڕەت دا بە مانای خۆراک و خۆریشت بوە و هەردووک وشەی ئەوێستایی و پەهلەویی بەم مانایەن. هەروەها لە رووسی دا پیت بە مانای خواردنەوە و لە سویدی دا fet (فێت) بە مانای چەوریی هاتوە.

**پیت**[2] (نا.)[؟] هەر کام لە تاکەکانی ئەلفوبێ کە وشە لەوان پێکهاتوە، تیپ.

**پیت**[3] (ئا.)[؟] قامکی چووکەی دەست، پەنجەتووتە، تووتە

**پیت**[4] (نا.)[؟] تەنەکەی نەفت و ڕۆن و شتی لەم بابەتە، چەلەنگ.

**پیتاڤ** (نا. ل)[پی (پێ1) + تاڤ2] [باک] بڕ: پێڵاو

**پیتاک** (نا.)[هس: پیت1] ١ـ باج و خەراجی دەوڵەت و دەستەڵاتدار. ⁂ ئەوساڵ حەوت ساڵە یاغییە/ خەرج و پیتاک بۆ من نییە (مان ل ٢٢٥). ٢ـ یارمەتی ماڵیی خەڵک، دەستەوایی، باربوو، باروبوو. ٣ـ [ئەر] کەرەسەی نێو ماڵ.

**پیتچن** (نا. ل ـ ئان. ل)[پیت2 + چن (چنین)] کرێکارێک کە لە چاپخانە ئیش دەکا و کاری ریز کردن و چنینی پیتەکانی کتێب یا رۆژنامەی بە دەستەوەیە.

**پیتزا** (نا.)[ئیتا: pizza] خواردنێکی فەرەنگییە و بە پێی ئەو شتانەی کە بە سەری دادەکەن جۆری زۆرە.

ئەنگوتکی هەویر پان دەکەنەوە و ئاوی خەستی تەماتە، قیمە، کارگ و شتی لەم بابەتەی لە سەر دادەنێن، پەنیری رەندەکراوی تایبەتی پێدادەکەن و لە فێڕی دەنێن هەتا دەگا.

**پیتە** (نا.)[هس: پیک] پووش و کای هەرزن و چەڵتووک، بەڵم.

**پیتەبڕە** (گیانـ.)[پیتە + بڕ (بڕین) + ئە] کرمێکە کە لە دەغڵ دەدا و لاسکی شینی دەغەڵ دەخوا و ویشکی دەکا، پیکەبڕە.

**پیچ** (ئان.)[بر: بیژ] ١- [باک] بیژوو، بیژی، حەرامزادە. ٢- [ئەر] ناڕاست، زۆڵ

**پیچک** (گیا.)[؟] گیایەکی یەک لقی سێ کووزی یەک ریشەیە ئەکرێ بە کەلانە (خاڵ ب ١ ل ٢٦٤). گیایەکی کوێستانییە وەکوو پیاز ئەکرێت بە کەلانە زۆر خۆشە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٧٤).

**پیدارِوو** (نا. ل)[پی1 + دارِوو] تێکەڵاوێک لە پیو و قسڵ و لۆکە و سپێنەی هێلکە، کە بۆ گرتنی درز و قەڵش و پینەی گونجی شکاوی ئاو کەلکی لێوەردەگرن، پیودارِوو، پنچ، پنچ، پەنج.

**تێبینی:** لە هەنبانەبۆرینە دا ئەم وشەیە بە هەڵە پێدارِو نووسراوە (هەنبانە بۆرینە ب ١ ل ١٣٠).

**پیر**[1] (ئان.، نا.)[ئەو: پەرۆ - پەه: پیر. باک: پیر - ناو: پیر - هەو: پیر - زا: پیر] ١- ژن یا پیاوێک کە تەمەنی زۆر چۆتە سەر، تەمەنی دوای گەڕاوەیی، بەساڵاچوو. ٢- گیانداری بە تەمەن. ٣- دار و درەختی بە تەمەن. ፨ داری پیرەدار بە دار نابێ/ یاری دوورەشار بە یار نابێ (پەند). ٤- گژ و گیای ناشلک و چیڕ. ٥- بێگیانی کۆنینە و تەمەندار. ፨ پیرەکوێستان، پیرەشەماڵ، پیرەپاییز. ٦- شێخ و پیاوچاک. ٧- مەرقەدی پیاوچاکان. ٨- مامۆستا، ڕێپێشاندەر، سەرۆک، ڕێبەر. ፨ دەروێشیەکەمان کیسەیەکی بێ بن بوو/ مەیگێڕی جوان ڕێبەر و پیری من بوو (خەیام ل ٣٤). **~ بوون:** ١- چوونە سەری تەمەن و گەیشتنە سەردەمی پیریی. ٢- گیاندارێک کە تەمەنی چووبێتە سەر. ٣- گژ و گیاییەک کە لە شلک و ناسک نەمابێ.. ፨ ئێستا ئیدی پنگ پیر بوون و بۆ خواردن نابن. ٤- تەمەندار بوون، کۆنینە بوونی هەر شتێک. **~ کردن:** (کنـ.) کەسێک لە بەر خەم و خەفەت و نارەحەتی زووتر لە کاتی خۆی گەیاندنە تەمەنی پیریی. ፨ من پیر نیم خەم و خەفەت پیریان کردم. ‖ **بە پیر:** (سوێند) سوێند خواردن بە پیر و پیاوچاکان. ፨ بە پیر بە پێغەمبەر ئەو کارە کاری من نیە و بوختانم پێدەکەن! **پیری ناخرشەڕ:**

کەسێک کە کۆتایی ژیانی بە خێر و خۆشی تەواو نابێ و لە پیریی دا ئەرکەکانی دینی بە جێ ناهێنێ و دەست دەکا بە خراپە. :: ئەو قورمساغە دەڵێن پیری موغانە، پێی بڵێن/ پیری ئاخرشەڕ دەری مەیخانە تاکەی دادەخەی (مەحوی ل ٣٥٨). **پیری تەریقەت:** مورشد، شێخ. :: بە پێچی خواروخێچ ئیما دەکا پیری تەریقەت: بێ/ حەقیقەت پیرە زاهید پیرە، گومکردوو تەریق ئەمما (مەحوی ل ٣١). **پیری خانەقا:** شێخ، شێخی خانەقا. **پیری خەرابات:** ١ـ پیرێک کە لە مەیخانە مەی دەفرۆشێ. ٢ـ (سۆف) پیر و ڕێبەرێک کە مورید بۆ تەرکی داب و نەریت هان دەدا و بەرەو هەژاریی و سۆفیگەریی هانیان دەدا. :: من ڕەند و قەلەندەرسیفەت و مەست و خەرابم/ تۆ پیری خەراباتی ئەگەر مەزهەبی وات بێ (وەفایی ل ١٧٧). **پیری دڵ:** سەرۆک و ڕێپێشاندەری هەست، دڵ. :: بنووسە، پیری دڵم ئەمری کرد، ئیتاعەم کرد/ لە ئیبتداوە کە بەیتێ موناسبی دیوان (مەحوی ل ٣٤٨) چییە پیری دڵ ئیمشەو وەک عەرەقخۆر/ لە کونجی تەکیە بۆ مەیخانە ئەگری (بێخود ل ١٠٩). **پیری فەرتووت:** زۆر پیر. **پیری سەدساڵە:** کەسێک کە زۆر پیر بێ، پیری فەرتووت، پیری هەزارساڵە. **پیری عەقڵ:** ١ـ ئەقڵ، ئەقڵی گشتی. ٢ـ پیاوی زانا و فرەزان. :: کە ساڵی ڕیحلەتی ئەم مورشیدەم پرسی لە پیری عەقڵ/ بە حەرفی جەوهەری ئەم ئایەتەی کردم ئیشارانی (بێخود ل ١٠٧). **پیری کەنعان:** (کنـ.)١ـ حەزرەتی یاقووب، پیری کەنعانی. ٢ـ کەسی گەلێک چاوەڕوانی دیتنی خۆشەویستێکی دوورکەوتوو. :: دەمێ بوو چاوەڕێی مژدەی قودوومی ئێوە بوو بێخود/ خودا کردی نەسیمی پیرەهەن بۆ پیری کەنعان هات (بێخود ل ١٥). **پیری کەنعانی:** بڕ: پیری کەنعان. :: لە سیڕڕی نووری چاوانی عەجەب بێ نوور و حیکمەت بوو/ بڵێ بۆچ پیری کەنعانی دەگریا، نووری عەیناکەم (وەفایی ل ٧٨). **پیری کەنفتار:** پیری فێڵەزان و دڕ و هار، پیری ئیفتار. :: ڕاوستاوەتەوە پیرێکی کەنفتارە/ ئەوە پیر هەرای لێدەکردەوە هەی عەرەب و عەرەبەسوارە (سەعید و میرسێوەدین ـ سروە ٧٣ ل ٢٠). **پیری موغان:** ١ـ سەرۆک و گەورەی دینی زەردەشتی. ٢ـ پێشەوا و ڕاهبی دەیر. ٣ـ پیر و ردێن سپی

مەیخانە، مەیفرۆش. ⁝⁝ قەسەمی گوێمی بە چاوی بەچە دا پیری موغان/ کە لەمەولا نەبیێ وەعز و قسەی مەولانا (مەحوی ل ٣٤) زەدەی رووتم، بە چاوی تۆ شیفام بێ لێوەکەت نابێ/ بە حەققی ئابرووی پیری موغان ساقی مەیی نابێ (وەفایی ل ١٧٢). **پیری مەیخانە:** ١ـ پیری مەیفرۆش. ٢ـ پیری تەریقەت، شێخ. & پیری مەیکەدە ⁝⁝ بە بۆنەی پیری مەیخانە منیش پیر بووم و لێکەوتم/ کەچی هەر جوانەمەرگیم پێدەمێنێ وەک دڵی لاوم (ئاوات ل ٨٩) ئەلا ئەی ساقیی مەستان بە حەققی پیری مەیخانە/ بە گەردش بێنە جامیمەی بە یادی چاوی جانانە (وەفایی ل ١٤١). **پیری مەیکەدە:** بڕ: پیری مەیخانە. ⁝⁝ سۆفی گۆشەی خانەقا بووم، ئێستە پیری مەیکەدەم/ زاهیدی خەڵوەنشین بووم، ئێستە مەست و مەیزەدەم (ناڵەی جودایی ل ٣٧). **پیری هەزارساڵە:** زۆر پیر، پیری فەرتووت، پیری سەدساڵە. ⁝⁝ چاوڕەشێکم دی لەو ماڵە/ دەکووژێ پیری هەزارساڵە (کانی مرادان ل ١٥٥). **پیری ئیفتار:** بڕ: پیری کەنفتار. ⁝⁝ ئەی پیری ئیفتار، ئەتۆ چ عەکسێکت پێشانی ئەو پادشایەی ئێمە دا کە وا دڵی مەحزوون بوو (سەعید و میرسێوەدین ـ سروە ٧٣ ل ٢٠)

**پیر**[2] (نا.)[پەھ: پەتییرەک] پێشواز، پێرگێن، بۆلا. ئەم وشە بە تەنیا دەکار ناکرێ و دەگەڵ ئەم چاوگانە دێ. **بە ~ەوە چوون:** ١ـ بۆ لای کەسێک چوون بۆ بە خێر هاتن کردن، پێشوازیی کردن، بەرەو پیر چوون، بە پیرەوە رۆیین، بە پیرەوە رۆیشتن، بەرەو پیر رۆیشتن، بەرەو پیر رۆیین. ⁝⁝ بە پیر ئەو ماهەوە چووم و بە سەر چووم/ پەری بوو، ئەو نەبوو، شەو بوو، بە سەر چووم (مەحوی ل ٢٢٤). ٢ـ پێشوازیی کردن لە هەر کار و مەسەلەیەک. ⁝⁝ خەڵکێکی زۆر بە پیر پێشانگای نەقاشی لاوەکانی شارەوە چوون. **بە ~ەوە رۆیشتن:** بڕ: بە پیرەوە چوون. **بە ~ەوە رۆیین:** بڕ: بە پیرەوە چوون. ⁝⁝ بە پیری مەرگەوە فەرسەخ بە فەرسەخ رۆیون مەردان/ ئەوی باکی لە مردن بێ دیارە بڵح و نامەردە (مەحوی ل ٢٧٠). **بە ~ەوە هاتن:** پێشوازیی لێکرانی کەسێک لە لایەن کەسانێکی دیکەوە، بەرەو پیر هاتن. **بەرەو ~ چوون:** بڕ: بە پیرەوە چوون. **بەرەو ~ رۆیشتن:** بڕ: بە پیرەوە چوون. **بەرەو ~ رۆیین:** بڕ: بە پیرەوە چوون. **بەرەو ~**

**فڕین:** بە هەڵەدا و بە راکردن بەرەو پیری کەسێک چوون لە خۆشیان و لە خۆشەویستییان. ⁙ هەر لە دوورەوە کە چاوی بە براکەی کەوت لە خۆشیان بەرەو پیری فڕی و خۆی پێدادا. **بەرەو ~ هاتن:** بڕ: بە پیرەوە هاتن.

**تێبینی:** پیر لە patīrak پەتییرەک ـ ی پەهلەویی هەر بە هەمان مانا کەوتوە. پەتییرەک لە چاوگی پەتییرەفتەن pat-īraftan بە مانای بەرەوپیر رۆیشتن و قەبووڵ کردن و وەرگرتن کەوتوە.

**پیرار** (ئاک.)[زا] بڕ: پێرار

**پیـران** (ئان.)[؟] بێ دەنگ، تاساو. **~ بردنەوە:** ١ـ دەنگ دەر نەهاتنی منداڵ دوای گریانی زۆر، دە تاسەوە چوون. ٢ـ دڵ بوورانەوە، لە هۆش چوون. **~ کردن:** دە تاسەوە چوون، دەنگ دەر نەهاتن، پیران بردنەوە

**پیـرانە** (نا. ل)[پیر1 + ئانە2] ١ـ تەمەنی پیریی، پیریی. ٢ـ (ئاک. ل) چەشن و شێوەی پیر. ٣ـ (ئان. ل) هەرچی کە تایبەتی پیران بێ.

**پیرایشـۆکە** (گیانـ.)[پیر1 + ئایشێ (ناوی ژن) + ئۆک + ئە] گیاندارێکی چووکی بۆرە، پێی وردە و سەر زاری دوو چنگاڵی هەیە، لە بن خاکی نەرم، لە سەر رێی جر و جانەوەریی ورد، لانەیەکی وەک راحەتی ساز دەکا و خۆی لە بنەوە دەشارێتەوە. کاتێک مێروو یا گیانداری دیکەی تێکەوێ هاتنە دەری زەحمەتە و ئەویش گورج خۆی پێدادەدا و دەیباتە بن خاک و دەیخوا، پوورایشۆکە، داپیرۆکە، پیرێژنۆکە، پیرۆشک، داپیرۆشک.

**پیـرباب** (نا. ل)[پیر1 + باب1][زا] بڕ: باپیر

**پیرباڤ** (نا. ل)[پیر1 + باڤ][زا] بڕ: باپیر

**پیـرپنتک** (ئان. ل)[پیر1 + پنت (پەند) + ک] منداڵێک کە کردار و شێوەی قسە کردنی وەک گەورە بچێ، پیرپەنک، پیرەباب.

**پیرپەرۆ** (ئان. ل)[پیر1 + پەڕۆ] چاک و گۆڕی بێ کەلک کە هیچ نیازێک پێک نەهێنێ.

**پیـرپەنک** (ئان. ل)[پیر1 + پەن (پەند) + ک] بڕ: پیرپنتک

**پیـرچەمـەک** (گیانـ.)[پیر1 + چەم (چەرم) + ئەک][باک] بڕ: چەکچەکی

**پیرخەنی** (نا. ل)[پیر1 + خەنی] بڕ: پیرخەنیلە

**پیرخەنیلە** (نا. ل)[پیر1 + خەنی + ئیلە] چێشتێکی شلە کە لە ساوار سازی دەکەن، پەتلە، پیرخەنی، سندک.

**پیرسۆز** (نا. ل)[پی1 + ر + سۆز] بڕ: پیسۆز

**پیرک**1 (نا. ل)[پیر1 + ک] ١- (گیان.)[باک: پیرک - زا: پیرکە] بڕ: جاڵجاڵۆکە. ٢- [زا] باپیر، بابەگەورە. ٣- [باک] دایەگەورە، داپیر، نەنک. ٤- [باک] ژنێک کە یاریدەی دایک دەدا بۆ زان، مامان.

**پیرک**2 (گیان.)[باک] بڕ: پەپوولە

**پیرک**3 (گیا.)[بڕ: پرگ][باک] برش، کەڕوو.

**پیرک**4 (نا.)[؟][باک] شە، شانەی جۆلایی.

**پیرکوونی** (ئان. ل)[پیر1 + کوونی] پیاوی پیری جلف و هەرزەکار.

**پیرکە** (نا. ل)[پیرک1 + ئە][زا] ١- (گیان.) بڕ: جاڵجاڵۆکە. ٢- تەونۆکەی جاڵجاڵۆکە. ٣- ژنی پیر، پیرێژن.

**پیرکەچەل** (نا. ل)[پیر1 + کەچەل][زا] قەرەقەرێن، خۆشارۆکە.

**پیر و پاتاڵ** (نا. ل)[پیر1 + و + پاتاڵ] ١- زۆر پیر، پیر. ٢- پیری خەرفاو و کەللە ویشک.

**پیرۆپند** (گیان.)[باک][پیر1 + ئۆپند؟] بڕ: جاڵجاڵۆکە

**پیرۆت** (نا.)[؟][باک] کەسێک کە گۆزە و شتی گڵین ساز دەکا و دەیفرۆشێ، گۆزەکەر، گۆزەفرۆش.

**پیرۆز** (ئان.)[ئەو: پەئیتی رەئۆچەه - پاز: پێرۆژ - پەه: پێرۆچ، پێرۆژ. باک: پیرۆز، پێرووز - ناو: پیرۆز - هەو: پیرۆز] ١- مبارەک ٢- موقەدەس. ٣- سەرکەوتوو. ~ **بوون:** ١- مبارەک بوون. ٢- موقەدەس بوون.

**پیرۆزانە** (نا. ل)[پیرۆز + ئانە] دیارییەک کە بۆ پیرۆزبایی لە کردەوە و سەرکەوتن و مەبەستێک دەدرێ بە کەسێک.

**پیرۆزبایی** (نا. چا)[پیرۆز + با + ئی] مبارەکیی. ~ **لێکردن:** دەربڕینی شادی و خۆشی و مبارەک بوون لێکردن بە بۆنەی سەرکەوتن، جەژن و شتێکی لەم بابەتە.

**پیرۆزە** (نا. ل)[پیرۆز + ئە][پەھ: پیرۆزەک، پیرۆچەک. باک: پیرۆزە ـ ناو: پیرۆزە] ١ـ بەردێکی بە بایخی ڕەنگ ئاسمانیە کە لە کانی دەردەهێندرێ و پتر بۆ نەقیمەی ئەنگوستیلە کەلکی لێوەردەگرن. ٢ـ (گیانـ.) مەلێکی راوکەرەی زلە، پەڕەکانی پشتی بۆری مەیلەو سپین و پەڕەکانی سەر سینگی زەردی خەنەیین. هەندێک لە پەڕەکانی سەر سەری درێژترن و لە ژێر دندووکیشی پەڕی درێژی هەیە کە نموودێکی تایبەتی دەداتێ. خواردنی هوما تەنیا ئێسکە و ئێسکی گیانداران هەڵدەگرێ و لە بەرزاییەوە دەیخاتە سەر ڕەوەزەبەردان و دەیانشکێنێ و نێوەکەیان دەخوا، هەڵۆی ئێسک خۆر، پێشەخۆرە، هوما، داڵەسوورە، سوورەداڵ، سوورەواڵە. ٣ـ مەلێکی ئەفسانەیی پیرۆزە کە سێبەری بکەوێتە سەر هەر کەس بەختەوەر دەبێ، هوما. || **پیرۆزەی رەگدار:** جۆرێک پیرۆزەی بایخدار کە ساف نیە و ڕەگی تێدایە.

**پیرۆزەیی** (ئان. ل)[پیرۆزە/١ + ئیی] جۆرێک ڕەنگی شین و ئاسمانیی، لە ڕەنگی پیرۆزە

**پیرۆزیی** (حم.)[پیرۆز + ئی] مبارەکی

**پیرۆشک** (گیانـ.)[پیر1 + ئۆشک] بڕ: پیرایشۆکە

**پیرۆک** (نا. ل)[پیر1 + ئۆک] ١ـ چرچ و لۆچی دەست و پێست بە ئاو، پیرەڵۆک. ٢ـ (گیانـ.)[باک] بڕ: جاڵجاڵۆکە

**پیرهەڤۆک** (نا. ل)[پیر1 + هەڤۆک؟][باک] ١ـ گیانلەبەرێکی خەیاڵی کە منداڵانی پێدەترسێنن، دێوەزمە. ٢ـ (گیانـ.) جاڵجاڵۆکە

**پیرە** (ئان. ل)[پیر1 + ئە][زا] ١ـ پیرێژن. ٢ـ (گیانـ.) جاڵجاڵۆکە. ٣ـ تەونۆکەی جاڵجاڵۆکە. ٣ـ وەک ئامرازی بانگ کردن و وریا کردنەوە و یان وتەیەکی دۆستانە و هەندێک مەبەستی دیکە بە کار دێ. ∷ پیرە دا وەرە ئێرە! پیرە نەکەی ئەم کارە بکەی!

**پیرەباب** (ئان. ل)[پیر1 + ئە + باب1] ١ـ منداڵی قسەزل و ئاکار گەورە، پیرپنتک. ٢ـ کەیخودا و زانای کۆمەڵ، دەمڕاست.

**پیرەپیا** (ئان. ل)[پیر1 + ئە + پیا] [هەو] بڕ: پیرەپیاو

**پیرەپیاو** (ئان. ل)[پیر1 + ئە + پیاو] پیاوی پیر و بە ساڵاچوو، پیرەمێرد،

پیرەپیا.

**پیرەزا** (ئان. مـف.)[پیر1 + ئە + زا] ١ـ منداڵێک کـە لە دایک یان بابێکی پیر بوویـێ. ٢ـ منداڵێک کـە لە کـاتی بـوونی شـوباری پیران بدا، منداڵی سـەرسـپی و پێست چرووک و ناحەز.

**پیــرەزاڵ** (نا. ل)[پیــر1 + ئە + زاڵ] شۆربای پەنیر، پەنیراو.

**پیرەژن** (ئان. ل)[پیر1 + ئە + ژن] بڕ: پیرێژن

**پیـــرەژەنی** (ئـان. ل)[پیــــر1 + ئە + ژەنی][هەو] بڕ: پیرێژن

**پیــرەســەگ** (ئان. ل)[پیــر1 + ئە + ســەگ] ١ـ ســەگی پیر. ٢ـ (کنـ.) پیری خراپ و ناخۆشەویست.

**پیرەک** (نا. ل)[پیر + ئەک][باک] ژن، خێزان، ئافرەت.

**پیرەکەر** (ئان. ل)[پیر1 + ئە + کەر] ١ـ کەری پیر. ٢ـ (کنـ.) پیری خـەرفاو و نەزان.

**پیــرەگــورگ** (ئان. ل)[پیــر1 + ئە + گورگ] ١ـ گـورگی پیر. ٢ـ (کنـ.) پیـاوی بە ئەزمـوون و تێگەیشـتـوو و زیرەک. ٣ـ (کنـ.) پیرەمێردی زیرەک و بەفڕ و فێڵ و فێڵەزان.

**پیرەڵۆک** (ئان. ل)[پیر1 + ئە + ڵۆک] ١ـ چرچ و لۆچـی دەست لـە بـەر کــــار کـردنی زۆر بـە ئـاوی سـارد و گـەرم. ٢ـ داری پیـری گـەندەڵ و رزیو. **~ بوون:** ١ـ چرچ بـوونی دەست بـە ئـاوی ســارد و گـەرم وەها کـە دەست شـێـوەی دەسـتی پیران دەدا. ٢ـ رزانی دار و دەرخت.

**پیرەمێر** (ئان. ل)[پیر1 + ئە + مێر] بڕ: پیرەمێرد

**پیــرەمــێــرد** (ئان. ل)[پیــر1 + ئە + مێرد] پیاوی پیر، پیرەپیاو، پیرەمێر.

**پیــریی** (حم.)[پیــر1 + ئیی] ئـاکـامی تەمــەنی زۆر، پیــر بوون، ئیـخـتـیــاریی، پیرێتی. ⁂ پیریی و هەزار عەیب.

**پیــرێتی** (حم.)[پیــر1 + ئێـتـی] بڕ: پیری

**پیــرێژن** (ئان. ل)[پیـر1 + ئێ + ژن] ژنی بە تـەمـەن و بە سـاڵا چوو، پیـرەژن، پیــرەژەنی، پیــرە. **~ لە کــیــری کـەر ترساندن:** (کنـ.) ترسـاندنێکی بێـخـود و بێکەڵکی کــەســێک، مــــراوی لە ئـاو ترسـاندن. || **پیــرێژنی دۆ لێـڕژاو:** (کنـ.) کەسی زۆر بە پرتە و بۆڵە. ⁂ پیرێژنێکی نۆ جار سی سـاڵ زاوی دۆ لێڕژاو با هـەر

قــســه پکا و بوەڕێ (لاس و خــەزاڵ ل ١٦٢). ئەرێ ئەوە ئەو بۆڵەبۆڵەت لە چیە دەڵێی پیـرێژنی دۆ لێـڕژاوی! **پیـرێژنی فەرهادکوژ:** (کنـ.) پیرێژنی بە فرِ و فێڵ، پیرێژنی بە دهۆ.

**پیرێژنۆکە** (گیانـ.)[پیـرێژن + ئۆکە] بڕ: پیرایشۆکە

**پیـڕاندن** (چا. م)[لە: پیـڕە] ١ـ پرمـە کــردنی ئەسپ، دەنگ لە لووت هێنانە دەری یەکسم، پرماندن، پیڕانن. ٢ـ دەنگ لە لووت دەرهێنانی حەیوانی گەورە

**پیڕانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: پیڕاندن

**پیـــڕک** (نا.)[؟] شـــتـــێکە وەک ســەکــۆیەکی باریک لە ســەرووی ژوور دروســتی دەکــەن، ژێرەکــەی بۆش و خانخانە بۆ شت تێنان و لە سەرەکەشی کەلوپەل و شمەکی دادەنێن، ئەستێڕک، شوقەڵلەت.

**پیڕە** (وشد.) ١ـ دەنگی لووتی یەکسم پرمە. ٢ـ دەنگی لوتی نێرییە کێویی و حەیوانی گەورەی دیکە.

**پیـڕەپیـڕ** (وشـد.)[پیـڕە + پیـڕ] ١ـ پرمـەی پەیتـاپەیتـا، پرمـەپرم. ٢ـ دەنگی پەیتاپەیتای لووتی حەیوانی گەورە.

**پیزاڵ** (گیا.)[فار: پیزر (پیزۆر). ناو: پیـزاڵ، پیزڵ] جۆرێک جەگەنە کە دە نێو ئاو دا دەڕوێ بۆ باوەشـێن و حـەسـیـر و دە نێو پالآن نان کەلکی لێوەردەگرن. زوو میسرییەکان لەم جەگەنە کاغەزیان ساز دەکرد، پاپیرۆس.

**پیزاگ** (گیانـ.)[؟] جۆرێک زەرگەتەی باریکی کێـویی، vespa germanica ناوی لاتینی ئەم گیاندارەیە، پیزانگ.

**پیزانگ** (گیانـ.) بڕ: پیزاگ

**پیـزپیـزەک** (گـیـانـ.)[پـیـز؟ + پیـز؟ + ئەک][باک] بڕ: بەرگاییلکە

**پیزڵ** (گیا.) بڕ: پیزاڵ

**پیـزۆکـە** (نا. ل)[پـیـز (پـز) + ئۆکـە] زیپکەی بچووک سەر پێستی لەش.

**پیزە** (ئا.)[بڕ: پز] ١ـ بێچووی گیاندار لە نێـو زگ دا، ئاولەمـە، پز. ٢ـ [زا] زگ، گەدە

**پیــزەدان** (ئا.)[پیــزە/١ + دان] بڕ: پزدان/١

**پیـزیی** (ئا.)[پیـز (پز) + ئیی] کـونی کونگ، پزووی کونگ، پزی.

**پیس** (ئان.)[ئەو: پەئیـــســـە ـ پەه: پێـســەک. تات: پیس. باک: پیس ـ ناو:

پیس ـ هەو: پیس ـ زا: پیس] ١ـ حـاڵی هەر شـتـێک و شـوێنێکی ناخـاوێن، چەپەڵ. ٢ـ مـرۆڤی چڵکن. ٣ـ گـول. ٤ـ مـرۆی بێنامـووس و رژد، پیـسکە. ٥ـ هێلکەی نێو بۆگەن و خراپ. ٦ـ وشەیەکە لە کـایەی قـەرەقـەرێن دا دەکـوترێ بە مانای خیچاو. [کاتێک کە ئەو کەسەی وە دوایان دەکـەوێ و دەستـیـان لێدەدا دەڵێ: پیس]. ٧ـ (کنـ.) توند، تیژ. ⁘ زۆر پـیـس لـێـی تـووڕە بـوو. ~ **بـوون:** ١ـ شوێنێک یا شتێک کە ناخاوێن بێ. ٢ـ چڵکن بوون. ٣ـ گول بـوون، تووشی گولی بوون. ٤ـ خـــراپ بـوونی هێلکە. ٥ـ بێنامـووس بوون. ٦ـ خـیـچـان لە قەرەقەرێن دا. ~ **پێوە بوون:** (کنـ.) لە هیر کەوتن، خراپ تووشی مەسەلەیەک بوون، خراپ پێوە بوون. ~ **کردن:** ١ـ شپرزە کردن و چەپەڵ کردن. ٢ـ پەڵە خستنە سەر جلی کەسێک، چەپەڵ کردن. ٣ـ خیچاندن لە قەرەقەرێن دا. ٤ـ خراپ بوون و هەڵنەهێنانی هێلکە.

**پیـسـایی** (نا. ل)[پیس + ئایی] ١ـ گوو. ٢ـ زبڵ و زاڵ و شتی پیس.

**پیس پیسۆک** (گیانـ.)[پیس (پەس) + پیس (پەس) + ئۆک] بڕ: پەسپەسەکۆڵە

**پیسکە** (ئان. ل)[پیس + کە] مرۆڤی چەپەڵ، کەسی ئاکارپیس، چرووک، رژد، رەزیل، پیـسـەک. ⁘ لەوێش پیـسکە و درۆزن کـــــاری باش بـوو/ لـەوێـش مـــەردایەتی و پاکی لە پاش بوو (ناڵەی جودایی ل ٦٦).

**پیـسکەیی** (حم.)[پیـسکە + ئیی] چرووکیی، رژدیی، رەزیلیی.

**پیـسـۆ** (نا. ل)[پی1 + سـۆ][باک] بۆسۆ

**پیـسـۆز** (نا. ل)[پی1 + سـۆز][بیـر: پێسووز ـ فار: پیەسوز ـ لۆر: پیسوز ـ کرم: پیسور. ناو: پیسۆز، پیرسۆز] چرایەک بوو کە زوو بۆ رووناکی کەلکیان لێـوەردەگـرت. (پیـسـۆز بریتی بوو لە دەفرێکی چووکەی مسی یا گڵێنە، رۆن کەرچەک یا رۆن پیویان تێدەکرد، پلیتەی لۆکە یا شتێکی دیکەیان تێهەڵدەکێشا و هەڵیـان دەکـرد). **وەک ~ هەر شـۆق بۆ خـۆ هەبوون:** (کنـ.) هەر خـۆ لەبەر چاو گرتن و قازانج و فایدە بۆ کەس نەبوون.

**پیـسـەک** (ئان. ل)[پیس + ئەک] ١ـ چڵکن، چەپەڵ، پیس. ⁘ لەگـەڵیـانە کەڵێکی پیسەکی بچکۆڵانە/ نەقورچی دەداوە لە بەردی، هەڵیدەکەندەوە رەگ و

ریشـــەی دە دارانـە (گــەنج ل ٣٣٢). ٢ـ گـول، پیس و گـول. ٣ـ پیـسکە، چرووک، رژد، رەزیڵ.

**پیسیی** (حم.)[پیس + ئیی] ١ـ خاوێن نـەبـوون، پـیـس بـوون، چـەپـەڵـیـی. // خــاوێنیی، پاکــیی ٢ـ (نا.) نەخــۆشی گولیی.

**پیش** (نا.)[؟] ١ـ هـەڵمــژینی هـەوا بۆ نێو سییەکان و راگرتن و نەدانەوە دەری. ٢ـ رک و تووڕەیی لە نێــو خــۆ دا. **~ بردنەوە بەر خـۆ:** (کنـ.) تووڕە بوون و رق هـەسـتان بەڵام دەنگ نەکردن و بەری خـۆ گــــرتن، پیش خــــواردنەوە، پیش کــردن. **~ خــواردنەوە:** ١ـ راگــرتنی پشوو لە سییەکان دا و نە دانە دەری. ٢ـ (کنـ.) تووڕە بوون و رق هـەسـتـان بەڵام دەنگ نـەکـردن و بـەری خـۆ گـرتن، پیش بردنەوە بەر خـۆ. ∷ خـەریک بووم بە گژ ئەو پیـاوە دڵڕەشــە دا بێم، بەڵام پیـشم خواردەوە، خۆم راگرت (تاریک و روون ل ٣٥). **~ کردن:** پیش خـواردنەوە، پیش بردنە بەر خۆ.

**پیشان** (چا. ل)[ئێک: پەک ـ ئەو: پەک. پەه: پەچییتەن. ناو: پیشان، پیشیان] [بڕ: پێـژتن] ١ـ پێگەیشـتنی خـۆراک و خواردەمەنی وەک کوولەکە و چەوەندەر و ... دە نێو ژیلەمۆ و خۆڵەمێش و بە دوور لە گڕی ئاگر. ٢ـ کـوڵاندن و پێگەیاندنی خـواردەمـەنی بە ئاوێکی کـەم و بە تینی هـەڵم. ٣ـ (مــجـ.) زۆر گــەرمــا بـوون، هەست بە گەرمای زۆر کردن.

**پیــشـــاندن** (چا. ل)[لە: پیــشــان] پێگەیاندنی خـۆراک و خـواردەمـەنی بە دوور لە گــڕی ئاگــر. ٢ـ (مــجـ.) پێک هێنان و ساز کردنی گەرمایەکی زۆر. ∷ ئەو سۆبەیەت بۆ وا تین داوە هەمـوومانت پیشاند. & پیشانن

**پیشانن** (چا. ل)[ئەر] بڕ: پیشاندن

**پیــشـاو** (نا. مفـ.)[لە: پیشـان] هەر شـتێک کە بە تینی ناڕاسـتەوخۆی ئاگر پێگەیشـتـبێ، پیشیاگ. ∷ بێی پیشـاو، چەوەندەری پیشاو.

**پیـشک** (نا.)[ناو: پیـشک، پیشکان، پیشەقان، پێشەقان] ئامرازێکی چووکە وەک بێڵ بـەڵام زۆر چووکــتــر، کــوتـە ئاسنێکی دەم باریکە، دەسکی لە دار و پەیاغ بۆ دەکەن و بۆ بژار و گیـا و گـوڵ هـەڵقـەندن کـەلکی لێوەردەگرن، گیاکەن، بێڵەکان، بژارچن.

**تێـبینی:** پیـشک و هاوناوەکـانی لە

رەگی چاوگی پشکنین کەوتوون.

**پیشکان** (نا.) بڕ: پیشک

**پیشۆ** (نا. ل)[پیش (پووش) + ئۆ] [باک] بڕ: پووشوو

**پیشۆک** (گیا.)[پیش + ئۆک][لۆر: پیشوک. باک: پیڤۆک، پیڤۆنگ ـ ناو: پیشۆک، پیفۆک، کیفۆک] گیایەکی خۆڕسکی بەهارییە، گەڵاکانی باریک و ناسکن و چووکن، لە زەوی بەرز نابێتەوە، بنکێکی سپی چووکی هەیە کە بە توێکڵی تایبەتی وەک پرزە داپۆشراوە، لە کوردستان بە پیشک هەڵیدەقەنن و لە ئاو یا لە شیر دا دەیکوڵێنن و دەیخۆن و تامی پەتاتە دەدا. (عەر: حلیلان]

**پیشە** (نا.)[ئەو: پیشترە ـ پەه: پێشەک. باک: پیشە ـ ناو: پیشە، پێشە] کار، ئیش، سەنعەت. ٢ـ ئاکار، عادەت. ∷ پیشەی ئارەق خواردنەوەیە. ~ **فێر بوون:** کار و سەنعەتێک فێر بوون. **کردنە ~ی خۆ:** کار و کردەوەیەک کردن بە عادەت. ∷ بەرەڵڵایەتی کردۆتە پیشەی خۆی.

**پیشەساز** (ئان. فا)[پیشە + ساز] کەسێک کە خەریکی سەنعەتێکە، سەنعەتکار.

**پیشەسازیی** (حم.)[پیشەساز + ئیی] کار و پیشەی پیشەساز.

**پیشەقان** (نا.) بڕ: پیشک

**پیشیاگ** (نا. مف.)[لە: پیشان][ئەر] بڕ: پیشاو

**پیشیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: پیشان

**پیفک** (نا.) بڕ: پیفوو

**پیفۆک** (گیا.)[ئەر] بڕ: پیشۆک

**پیفوو** (نا.)[لۆر: پیفە ـ فار: پیفە. ناو: پیفوو، پیفی، پیفک، پیوە] شتێکی نەرم و وشک و پفڵەیە کە لە داربەڕوو یا دارگوێز یان کارگ دەستیان دەخست و زوو بۆ ساز کردنی ئاگر بە بەرد و ئەستی کەلکیان لێوەردەگرت، پووشی، پووشوو، قاو.

**پیفی** (نا.) بڕ: پیفوو

**پیڤ** (نا.)[باک] بڕ: پیو

**پیڤاز** (گیا.)[باک] بڕ: پیاز

**پیڤۆنگ** (گیا.)[باک] بڕ: پیشۆک

**پیڤۆک** (گیا.)[باک] بڕ: پیشۆک

**پیڤین** (چا. م)[باک] بڕ: پێوان

**پیق** (نا.) بڕ: پیک1

**پیک**[1] (نا.) ١ـ (مۆس.) دوو قامیشی چووکن کە لە قامیشێک بە ناوی قەڕغوو دەیبڕن و بۆ سەری توورەلە کەلکی لێوەردەگرن و بە فوو تێکردنی دەنگی لێوە دێ، پیق، بیک، فیقەنە. ٢ـ لاسکی گەنم و جۆ و ئەو گیایانەی کە لاسک دارن.

**تێبینی:** پیک، بیک یا پیق شێوەیەکی دیکە لە بیق، بۆق یا بووق ـ ە کە لە عەرەبییەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردیی و عەرەبیش لە زمانی لاتینیان وەرگرتوە (بڕ: بۆق7).

**پیک**[2] (نا.)[فەر: pîc] یەکێک لە چوار نەقشی پەڕی قومار کە دڵێکی رەشە. (خشت، دڵ، گشنیز، پیک).

**پیک**[3] (نا.)[پەه: پەتەک. فار: پۆک، پۆتک. ئاڵ: picke (قولینگ) ـ ئین: pick(قولینگ). باک: پیک ـ ناو: پیک ـ هەو: پیک] ١ـ کوتکی قورس و گەورەی ئاسن. ⁂ هێنای ئاسنی خەدێوی قەڵشتەوە، ... هەتا تواندییەوە و مەحکەم و قاییمی کرد بە پیکان (لاس و خەزاڵ ل ١٣٢) گرتم نە گەردەن بێباک و شادان/ بەڵای پیک سەخت کوورەی ئوستادان (مەولەوی ل ٢٥٧). ٢ـ [باک] پاچوولکەی دەم تیژی دەست کەنکەنەچی، پاچەکۆڵە.

**پیک نیک** (نا.)[ئین: picnic] چوونە سەیرانی چەند کەسی و چێشت و خواردن دەگەڵ خۆ بردن.

**پیکە** (گیا.)[پیک1 + ئە] قامیشێکی باریکی پتەوە چیغی لێ دروست ئەکرێ (خاڵ ب ١ ل ٢٦٧). تەرکە، نەیچە، نەیچەڵە

**پیکەبڕە** (گیان.)[پیک1 + ئە + بڕ (بڕین) + ئە] بڕ: پیتەبڕە

**پیل**[1] (ئا.)[باک: پیل، پی، پۆل ـ ناو: پیل ـ هەو: پێڵ ـ زا: پۆل] ١ـ شان و سەرقۆڵ، شان و پیل، قۆڵ. ٢ـ (ئاک.) لا. ⁂ لە کێها پیلی هەڵکەوتوە.

**تێبینی:** پیل لە پێرێسو ـ ی ئەوێستایی بە مانای پەراسوو و پاڵ و تەنیشت و پەهلووک ـ ی پەهلەویی کەوتوە. هەروەتر لە زمانی رووسی دا پلێچۆ plecho بە مانای شان و پیل هاتوە.

**پیل**[2] (گیان.)[پەه: پییل] بڕ: فیل.

**پیل**[3] (ئان.)[بڕ: پیر1][تات: پیلە. زا: پیل، پیلە، پیڵ] گەورە، مەزن.

**پیل**[4] (ئا.)[باک] بڕ: سپڵ

**پیل**[5] (نا.)[فەر: pile] جۆرێک باترییە بۆ ساز کردنی گەڕیانی بەرق، باتری ویشک.

**پیلاڤ** (نا.)[باک] بڕ: پلاو

**پیلان** (نا.)[فەر: plan] بەرنامە و نەخشەیەک بە دژی کەسێک بۆ لە سەر ڕێ لابردنی. **~ کێشان:** نەخشە کێشان و بەرنامە داڕشتن بە دژی کەسێک. **~ گێڕان:** بەڕێوە بردنی پیلان و نەخشەی داڕێژراو.

**پیلانگێڕ** (ئان. فا)[پیلان + گێڕ][لە: پیلان گێڕان] کەسێک نەخشە و پیلانی خراپ بۆ خەڵک ساز دەکا، ئاژاوەگێڕ.

**پیلانگێڕی** (حم.)[پیلانگێڕ + ئیی] کار و کردەوەی کەسی پیلانگێڕ.

**پیلاو** (نا.)[زا] بڕ: پلاو

**پیلستەنگ** (گیان.)[باک] بڕ: پەڕەسلێرکە

**پیلک**[1] (نا.)[هس: پلک][باک] خوشکی دایک، پوور، خالتی.

**پیلک**[2] (ئا.)[پیل1 + ک] پەنجە، قامک

**پیلکە** (نا. ل)[پیلک2 + ئە] ١ـ بڕ: پتە. ٢ـ بڕ: پەلەپیتکە

**پیلە**[1] (نا.)[؟] تەشقەڵە، گڕنە. ⁂ مەمکەنە پێخوست لە پیلەی نارەوا دا چونکە من/ ئارەزووی ژینێکی سادە و هێمن و بێوەی دەکەم (هێدی ل ٣٦٧). **~ پێگرتن:** تەشقەڵە پێکردن، گڕنە بە کەسێک گرتن و لە کۆڵ نەبوونەوە. **~ کردن:** تەشقەڵە کردن، گڕنە گرتن.

**پیلە**[2] (ئان.)[زا] بڕ: پیل3

**پیلە**[3] (نا.)[پەه: پیلەک. ناو: پیلە، پێڵە] کیسەیەکی چووک کە هەندێک حەشەڕە بە تایبەت کرمی ئەوریشم بە دەوری خۆیان دا دەیتەنن و سەردەمی شێوەگۆڕکەی خۆیانی تێدا تێپەڕ دەکەن و لە دوایی کونی دەکەن و وەک حەشەڕەیەک لێی دەردەکەون، قوزاخە.

**پیلەتەن** (ئان. ل)[پیل2 + ئە + تەن] کەسێک کە کەڵەگەت و زل و زەلام بێ، بەژن و باڵای وەک فیل، فیلەتەن.

**پیلەوار** (نا. ل)[پیل1 + وار (بار)] ١ـ دارێکی گەورە کە لە سەر شان دایدەنێن و لە دارستانەوە دەیهێننەوە، لەت و کوتی دەکەن بۆ سووتاندن، باسکەملە ٢ـ برە داری سووتاندنی ئەستوور و گەورە. & پێڵەوار

**پیلّ** (ئان.)[زا] بڕ: پیل3

**پین** (نا.)[باک: پین، پێن، پەهین، پێهن، پهین] پێلاقە، لەقە، شەپ.

**پینج** (ئان.)[بڕ: بیژ][باک ـ زا] بیژوو، بیژی، حەرامزادە.

**پینگۆک** (گیان.)[؟][باک] بڕ: ئاخرکە

**پینگ پۆنگ** (نا.)[ئین: ping pong] جۆرێک یاریی دوو کەسی و هەندێک جار چوار کەسییە کە بریتی لە جووتێک میزی هاوتایە کە نێوەڕاستەکەی تۆڕێکی باریکی پێوەیە، تۆپێکی چووکی ڕەقە کە بە ڕاکت لێیدەدرێ و هەرکەس کە بگاتە بیست و یەک براوەی ئەم کایە دەبێ.

**پینە** (نا.)[پەش: پینە ـ فار: پینە ـ کرم: پینە ـ گیل: پینیک. باک: پینە، پنی ـ ناو: پینە ـ هەو: پینە ـ زا: پینە] ١ـ کوتە پارچە یا چەرم لە سەر شوێنی دڕاوی جل یا کەوش، پاتە، پسپان، تیمانج. ٢ـ توێژێکی ڕەقی پێست کە لە بەر کاری زۆر لە بەری دەست پەیدا دەبێ. ٣ـ بەشێک لە دیواری ساز کراوە. **بۆ ~ کردن:** (کنـ.) داپۆشینی عەیب و هەڵەی کەسێک وەها کە دەنگ نەداتەوە، بۆ داپۆشین، پینە کردن. **~ کردن:** ١ـ دڕوون و لێدانی پینە لە سەر جل و کەوشی دڕاو، پینە لێدان. ٢ـ (کنـ.) داپۆشینی عەیب و هەڵە. **~ لێدان:** بڕ: پینە کردن.

**پینەچی** (ئان. ل)[پینە + چی] کەسێک کە کەوش و پێڵاوی دڕاو و خراپ چاک دەکاتەوە، پنیکەر.

**پینەدروو** (ئان. فا)[پینە + دروو] کەسێک کە پینە لە سەر شوێنی دڕاوی جل دەدروێ.

**پینەچێتی** (حم.)[پینەچی + ئێتی] کار و پیشەی پینەچی.

**پینەوپەڕۆ** (نا. ل)[پینە + و + پەڕۆ] ١ـ پینە. ٢ـ جل و پارچەی کۆن و بێکەلک. **~ کردن:** پینە لە جل دان، پینە کردن

**پیو** (نا.)[هیک: پیڤەس ـ ئەو: پییڤەه ـ هەخ: پیشو ـ پەه: پیه، پیه، پییم، پیهڤ. لۆر: پی ـ فار: پیه ـ کرم: پی ـ بیر: پێ ـ گیل: پی. باک: پیڤ ـ ناو: پی، پیو] ١ـ چەوریی لەشی حەیوان، بەز. ٢ـ ڕۆنێک کە لە قاڵ کردنی دووگ دەگیرێ.

**پیواز** (گیا.) بڕ: پیاز. **~ پاک کردن:** (کنـ.) بڕ: پیاز پاک کردن

**پیوازەخووگانە** (گیا.)[پیواز + ئە + خووگ + ئانە2] بڕ: پیازەخووگانە

**پیوازەکێوییلە** (گیا.)[پیواز + ئە + کێویی + لە] بڕ: پیازەخووگانە

**پیودارڕوو** (نا. ل)[پیو + دارڕوو] بڕ: پیدارڕوو

**پیوە** (نا.) بڕ: پیفوو

**پیۆنز** (گیا.)[زا] بڕ: پیاز

**پیوونز** (گیا.)[زا] بڕ: پیاز

**پێ** 1 (ئا.)[هیک: پادە - ئێک: پاد - ئەو: پاذە - هەخ: پاد - پەهـ: پاد، پای. تات: پا - فار: پا، پای - پەش: پای - لۆر: پا - گیل: پا، پێ. باک: پاق، پێق، پێ - ناو: پا، پێ - هەو: پا - زا: پا] ١- بەشێک لە ئەندام کە قورسایی لەشی لە سەرە و پێی دەڕوا، بەشی ژێرەوەی ران لە گوێزینگەوە هەتا پەنجەکانی پێ. ٢- بن و ژێری هەر شتێک. ⁘ پێدەشت. ٣- بەرانبەر، هاوشان و یەک بوون. ٤- وەئەستۆ گرتن، لە سەر، لەمل. ⁘ جێبەجێ کردنی ئەو کارە لە پێی تۆ. پارەکەی لە پێی من حیساب بکە! ٥- ئەندازەیەک کە بەرابەرە دەگەڵ هەنگاوێک. ٦- دارێکە سەرێکی لە ژێرەوە ئەبەسترێ بە خوانکەی ئاشەوە و سەرەکەی تری بە دەرەوە ئەبێ، بەرداشی پێ بەرز و نزم ئەکرێتەوە (خاڵ ب ١ ل ٢٤٨). **~ برانەوە( لە شوێنێک):** بڕانەوەی هاتوچۆ، واز هێنان لە ئامشۆ، پێ لێبڕین. // پێ کرانەوە. ⁘ شوکور تازە پێی لەو ماڵە بڕاوەتەوە ئیدی چاومان پێی ناکەوێتەوە! **~ بڕینەوە( لە شوێنێک):** بەری هاتوچۆی کەسێک گرتن بۆ ماڵ و شوێنی دیکە. ⁘ کابرایەکی دەست پیس بوو هەر لەبەر ئەوە پێم لەم ماڵە بڕیوە! **~ بە پۆلوان سووتان:** (کنـ.) ترسان و تەمێ بوون، چاوترسێن بوون. **~ بە ~ هاتنەوە:** بەرابەر هاتنەوە، وەک یەک بوون و بە قەرا یەک بوون. **~(لاق) بە قەد بەڕەی خۆ ڕاکێشان:** (کنـ.) لە قەدەر و ئەندازەی توانایی و دەستەڵاتی (چینایەتی، مادی، مەعنەوی) خۆ جووڵانەوە، سنوور تێنەپەڕاندن. **~(لاق) بە عەرزییەوە وشک (رەق) بوون:** (کنـ.) واق وڕمان، زۆر پێ سەیر بوون و باوەڕ نەکردن، شاخ دەرێنان. :: لەپڕ شتێکی وامان گوێ لێبوو کە وەختابوو پێمان بە عەرزەوە وشک بێ (تاریک و روون ل ٢٦). **~ پێوەنان:** ١- بە پرتاو راکردن، توند هەڵاتن. ٢- بە قەو پێ لە سەر گازی

مــاشــێن دانان بۆ توند ڕۆیشتن. ~ **تێنان:** ١ـ چوونە نێو قۆناغێکی دیکەی تەمەن. :: سێ ساڵی تەواو کردوە و پێی دە چوار ساڵی ناوە. ٢ـ پێ دە شوێن و جێگەیەک نان. :: حەقت نیە پێ دە ژووری بنێی. ~ **تێنانەوە:** هاتوچۆ کردنەوە و سەردانی شوێنێک. :: هەتا ماوم تازە پێ دە ماڵە نانیمەوە. ~ **چەقاندن:** ١ـ ڕاوەستان و سوور بوون لە سەر ویست و داخواز، پێ داگرتن. ٢ـ لە سەر جێ وەستان و مان گرتن لە ڕۆیشتن. ~ **داگرتن:** پێ چەقاندن، سوور بوون لە سەر ویست و داوا، پێ لێداگرتن. ~ **دەبەند چوون:** بەند بوونی پێ و توانای ڕۆیشتن لێبڕان لە ترسان یا حەپەسان یا لەبەر هەر شتێکی دیکەی لەم بابەتەوە. :: ئەگەر چاوم پێکەوت، لە سوێیانی شێت بووم، نە توانیم بێمەوە، نە توانیم بچمە سەراوێ، پێم دە بەند چوو، هەتتا سەحاتێکی. (مان ل ١٩٥).

~ **دە دەرک نان:** (کنـ.) ١ـ زۆر بۆ هێنان، زەخت لێکردن، قوون دە دەرک نان. :: بۆ قەرزەکەی پێی دە دەرکم ناوە و لە کۆڵم نابێتەوە. ٢ـ ڕووی تێکردنی بەدبەختی. :: لە لایەک ئارامی دڵم بە عومری تۆ لەبەر چاوم هەڵگیراوە/ لە لایەک دوژمنایەتی حەوت هەزار سوار پێی دە دەرکم ناوە (سەعید و میرسێوەدین ل ٨٦). & کونگ دە دەرک نان. ~ **دە ماڵە کەسێک نەنان:** هاتووچۆی کەسێک نەکردن، نەچوونە ماڵە کەسێک. :: لە سەر ئەو بوختانەی کە پێتکردم تازە هەتا من مابم ئیدی پێ دە ماڵتان نانێم. ~ **ڕە زگ خستن:** ١ـ زگی کەسێک پێشێل کردن. ٢ـ (کنـ.) پێشێل کردن و نابوود کردنی کەسێک. ~ **کرانەوە (بۆ شوێنێک):** دەست پێکردنی هاتوچۆ. // پێ بڕانەوە. :: تازە پێم بەو ماڵەی کراوەتەوە و لەوە بەدوا زوو زوو سەردەدەم!. ~ **گرتن:** وەڕێ کەوتنی منداڵی مرۆڤ یا ساوای گیاندار، فێرە ڕۆیشتن بوون، پێ هەڵگرتن. ~ **گیران:** ١ـ کۆ بوونەوە و گیرانی ماسوولکەی پێ لە کاتی مەلە کردن دا. ٢ـ گیرانی ماسوولکەکانی پێ لە کاتی ڕۆیشتن و ماندوو بوونی پێیەکان. ~ **لە دوو نەهاتن:** توانایی ڕێ برین و ڕۆیشتن نەمان لەبەر ترس، بێهێزیی و شتی لەم بابەتە. :: هێند لە دووی کوردایەتی چووم، هێز و تینم لێبڕا/ پێم لە دوو نایە بڵێم هەنگاوی دی داوێمەوە (هێدی ل ٣٦٥). ~ **لە کلک**

**نان:** (کنـ.) بە قسە و کردەوە و کارێک بوونە هۆی هارووژاندن و تووڕە کردنی کەسێک. **~ لێ لە کەوشان کردن:** (کنـ.) بە بڕشت و سوور لە سەر ئەنجام دانی کار و مەسەلەیەک کە دەبێ هەر بکردرێ. ∷ دایکم ئەو ساڵی پێی لێ لە کەوشان کردم و گوتی: ئیلا بیلا، پێتخۆش بێ و پێت ناخۆش بێ ژنت بۆ دێنم (تاریک و روون ل ٢٥). **~ لە نان نان:** (کنـ.) کوفر کردن، ناشکوری کردن. **~ لێبڕین:** بڕانەوەی هامشۆ، پێ بڕانەوە لە شوێنێک. **~ لێداگرتن:** ١ـ بڕ: پێ داگرتن. ٢ـ دانواندنی پێی ئاش بۆ ئەوەی کە ورد بێهاڕێ. **~ لێڕاکێشان:** ١ـ پێ درێژ کردن بۆ حەسانەوە. ٢ـ (کنـ.) حەسانەوە و پاڵ دانەوە بە ئەرخەیانی و بێخەمی. ∷ میراتێکی باشی پێبڕاوە، پێی لێڕاکێشاوە و بە کەیفی دڵی خۆی دەیخوا. **~ لێنان:** ١ـ پێشێل کردن، پێ رێخشاندن. ٢ـ دان پێدا هێنان، راستی دەربڕین، سەلماندن. **~ هەڵگرتن:** ١ـ بڕ: پێ گرتن. ٢ـ خێرا رۆیشتن، پێ هەڵێنان. **~ هەڵێنان:** هەنگاو هەڵێنان، خێرا کردن، توند رۆیشتن. **~ یەک لە سەر لێوی قەبر بوون:** (کنـ.) پیر بوون و لە مەرگ نزیک بوون. ∷ حاجی پێیەکی لە سەر لێوی قەبرێیە و هێشتاش هەر خەریکی ماڵ پێکەوە نانە. **دە ~ کردن:** پۆشینی گۆرەوی، دەرپێ، دوولینگە و کەوش و شتی لەم بابەتە. **لە ~ کەوتن:** ١ـ تاقەت و توانایی لێبڕان. ٢ـ دەست هەڵگرتن لە هەوڵ و تێکۆشان و تەسلیم بوون. **لە سەر ~ی خۆ راوەستان:** سەربەخۆ بوون، پشت بۆ خۆ بەستن، خۆ بەرێوە بردن، لە سەر پێی خۆ وەستان. **لە سەر ~ی خۆ وەستان:** بڕ: لە سەر پێی خۆ راوەستان.

**پێ**² (نا.) ناوی سێهەم پیتی ئەلفوبێی کوردیی (پ).

**پێ**³ (پێشـ.)[باک: پێ ـ ناو: پێ ـ هەو: پەنە ـ زا: پا] پێشگری کردارە کە ئەو مانایانە دەدا. ١ـ (حرف اضافە) مانای بە (من، تۆ، ئەو، ...) دەدا وەختایەک کە ناوی فاعل نایە. ∷ پێ نیشان دان (بە ئەو نیشان دان)، پێی دادام (بە منی دادا). ٢ـ کات و خایاندنی زەمان دەگەیەنێ. ∷ پێچوون. ٣ـ جەبر و زۆریی دەگەیەنێ. ∷ پێداکەندن، پێهەڵوەشاندنەوە، پێکردن. ٤ـ مانای کردار دەگۆڕێ و کردارێکی

دیکە ساز دەکا. :: پێهەڵچوون (هەڵچوون)، پێبوون (بوون)، پێکردن (کردن). ٥- بە پێشگری دیکەی کردارەوە دەلکی و پێشگری لێکدراو ساز دەکا. :: پێدا، پێرا، پیا. ٦- بە رەگی کردارەوە دەلکێ و ناوێکی نوێ ساز دەکا. :: پێخەف، پێخۆر، پێناس

**پێ**[4] (نا.)[هس: پێوان] پێوانە، پێودان، حیساب. :: بەو پێیە دوو ساڵی دیکەش دەبێ بخوێنم.

**پێباز** (نا. ل)[پێ1 + باز2] چەند بەردی ریز کراو لە تەنکاوی چۆم و جۆگە دا بۆ باز دان و پەڕینەوە، پردەباز، بەردەباز، بەردەواز، پێواز.

**پێبازە** (گیا.)[پێ1 + باز1 + ئە] گیایەکی بەهارییە گەڵای وەکوو پێ باز چنگدارە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٧٣). گیایەکە گەڵای وەک پێی باز وایە (خاڵ ب ١ ل ٢٥٢).

**پێبران** (چا. م)[پێ3 + بران] بەش پێگەیشتن، بەرکەوتن، پێ برین، بە نەسیب بوون. :: بەشە ماڵێکی باشم پێبڕاو. کاڵەم درا و چم پێ نەبڕا.

**پێبڕین** (چا. م)[پێ3 + بڕین] ١- بەش بەرکەوتن، بە نەسیب بوون، پێبڕان. ٢- بڕین بە ئامرازی بڕینەوە.

**پێ بژاردن** (چا. م)[پێ3 + بژاردن] حیساب کردن و پێ قەرەبوو کردنەوەی زەرەر و زیان لە کەسێک.

**پێ بژیو** (نا. ل)[پێ3 + بژیو] ئەو شتەی کە بۆ گوزەرانی ژیان پێویستە، بژیو، بژیوە مایەی ژیان.

**پێبوون** (چا. م)[پێ3 + بوون] ١- دەگەڵ خۆ بردن، هاوڕێی خۆ بوون. :: کتێبەکانم پێیە، پارەم پێ نیە. ٢- بە رۆژوو بوون، رۆژوو گرتن. ٣- هەڵبوون، ئاگر یا چرا ئایسان.

**پێبەپێ** (ئاک. ل)[پێ1 + بە + پێ1] هاوڕێ دەگەڵ کەسێک یا شتێک، هەنگاو بە هەنگاو. :: کوڕە چووکەکەم پێبەپێی من ڕێگای دەبڕی. پێبەپێی تابووت هەتا قەبرستان چوو.

**پێبەتاڵ** (ئان. ل)[پێ1 + بە تاڵ] پێڵاو کەوشی گەورە و فرەوان.

**پێبەخشین** (چا. م)[پێ3 + برین] ١- لە کەسێک خۆش بوون لەبەر خاتری کەسێکی دیکە. :: ئەوجار لێی خۆش بە و بەمەی ببەخشە. ٢- بەخشین و پێشکەش کردنی شتێک بە کەسێک. :: فەقیرێکی دیت کراسی دەبەر دا نەبوو،

کراسەکەی خۆی پێبەخشی. ٣- لێخۆش بوونی قەرز. ⁂ ئەوەی لە سەرت ماوە هەمووت پێدەبەخشم.

**پێبەدارە** (نا.)[پێ1 + بە + دار + ئە] ئێسقانێکە بە دەم ران و قۆڵی گیاندارەوە سەرەکەی وەکوو چاکڵ وایە (خاڵ ب ١ ل ٢٥٢)، پێدارە.

**پێبەستە** (نا. مف.)[پێ1+ بەستە] بڕ: پابەستە. ~ **بوون:** بڕ: پابەستە بوون

**پێبەستیی** (حم.)[پێبەست + ئیی] ١- پابەند بوون، پابەستە بوون. ٢- هۆگر بوون، گیرۆدە بوون. ⁂ قسەی ئەو کیژۆ مەرزینگان یەگجار خەمناکی و پێبەستی هاویشتوومە دڵییە/ ... جوابی بدەوە بزانە مەنزووری چییە (لاس و خەزاڵ ل ١٣٥).

**پێبەقنگە** (گیان.)[پێ1 + بە + قنگ + ئە] بڕ: پێبەقوونە

**پێبەقوونە** (گیان.)[پێ1 + بە + قوون + ئە] جۆرێک مراوی چووکە. ئەم مراوییە زۆر ژیرە و کاتێک کە هەست دەکا راوی دەکەن گورج دەچێتە بن ئاوەوە (فرهنگ پرندگان ل ٥١)... دنووک و ملی قوڵەیە، کلکی نییە. هاوینان رەنگی قاوەییە و زستانان کاڵترە. لاجانگی مەیلەو قاوەییە، ئەستوورایی دندووکی سەوزی مەیلەوزەردە، زۆرەتر خۆ لەبەر چاوان نەدیو دەکا. هەڵنافڕێ، ئەگەر هەڵیشبفڕێ بەرزەفڕ نییە و نەوی و خێرا بە سەر ئاو دا باڵێک دەفڕێ. لە گۆل و زەل و شەتی پڕ گیاوگۆڵ دەژی ... بە پێچەوانەی باڵندەکانی تر لاقیان زۆر بۆ لای پاشەوەیان چوە و هەر بۆیەش ئەم ناوەیان بە سەر دا بڕاوە (فەرهەنگی باڵندە ل ٢٠) Podiceps ruficollis ناوی لاتینی ئەم باڵندەیە، پێبەقنگە. ‖ **پێبەقوونەی سەربەکڵاوە:** لە تۆرەمەی خۆی دا لە هەموان گەورەترە. کڵاوەی سەری قاوەیی مەیلەوڕەشە، بەڵام زستانان دیاری ناکا. (فەرهەنگی باڵندە ل ٢٠). Podiceps cristatus ناوی لاتینی ئەم مەلەیە. **پێبەقوونەی شاخدار:** لە سەر بڕۆی تووکی مەیلەوزەرد رواوە؛ لە دوورەوە وەک شاخ دەچێ. تووکی بەر زگی لە هی پشتی کاڵترە و لە کاتی فڕین دا سەرباڵی سپی دیاری دەکا. سەر و ملی وەک مار رادەگرێ ... لە گۆل و شەتاوی شیرن دا دەژی (فەرهەنگی باڵندە ل ٢١).Podiceps auritus ناوی لاتینی ئەم باڵندەیە. **پێبەقوونەی گەردن ڕەش:** بە ملی ڕەش و نێوچاوانی

پانیەوە لە هاوڕەگەزی خۆی جویّ دەکرێتەوە... هێندێک تووکی مەیلەوزەرد لە نێوچاوانی راوە و لە دوورەوە وەک پۆپە دەچێ. سەری دەنووکی کەمێک قیتە. ملی راست رادەگرێ (فەرهەنگی باڵندە ل ٢١). Podiceps nigricollis ناوی لاتینی ئەم باڵندەیە.
**پێبەقوونەی گەردن سوور:** سەری گەورەیە ... ملی قاوەیی توندە و دوو تیسکی چووکی لێڕواوە. دندووکی زەردی روونە و سەری دەنووکی رەشە. پشتی قاوەیی مەیلەوبۆرە. بەر زگی سپی ئاوریشمییە (فەرهەنگی باڵندە ل ٢١). Podiceps grisegena ناوی لاتینی ئەم باڵندەیە.

**پێبەند** (نا. ل)[پیّ1+ بەند] بڕ: پابەند. **~ بوون:** بڕ: پابەند بوون. :: عیشقت ئەسیری کردووم پێبەندی داوی تۆ بووم/ ڕۆیی بێ ماڵاوایی، لە دونیا رەنجەڕۆ بووم (لاله بە دەستان ل ١٩٧). **~ کردن:** بڕ: پابەند کردن.

**پێبەندیی** (حم.)[پێبەند + ئیی] بڕ: پابەندیی. :: دەیگوت: خەزاڵ قەرەزولفی تۆ ئەمنی کردبوو پابەندییە/ ئێرەکانە بۆ من وەتەن نییە، غەریبییە (لاس و خەزاڵ ل ١٧٧).

**پێپلکە** (نا. ل)[پیّ1 + پل (پلە) + کە] بڕ: پلە. **~ دان:** لاق وە بەر لاقی کەسێک دان بۆ خستنی، پێپیلکە دان.

**پێپلیکان** (نا. ل)[پیّ1 + پلیکان] نەردیوان، نێردیوان، پەیژە پێپەلووک، قاڵدرمە.

**پێپڕژە** (ئان. ل)[پیّ1 + پڕژ (پڕژان) + ئە] لاق لە خۆڵ وەردانی مریشک بۆ دۆزینەوەی دان، چینە.

**پێپشیلە** (ئان. ل)[پیّ1 + پشیلە] گیایەکی خۆڕسکە، بە دار و دیوار و گیای دەوروبەری هەڵدەچێ و تێاندەهاڵێ، گوڵەکانی زەردی ئامڵ شینە، بەرێکی چووکی بە قەرا نۆک هەیە کە بە گەیشتوویی رەنگی رەشە. لەم گیایە بۆ دەرمان کەلک وەردەگرن، Hedera helix ناوی لاتینی ئەم گیایەیە. (فار: عشقە ـ عەر: رجل الهر ـ ئین: cat´s foot)

**پێپەتی** (ئان. ل)[پیّ1 + پەتی1] ١ـ بێ پێڵاو، پاپەتی، پێخواس. ٢ـ (مج.) هەژار و نەدار. & پاپەتی.

**پێپەلنگ** (نا. ل)[پیّ1 + پەل (پلە) + نگ][باک] نەردیوان، پێپەلووک، پەیژە.

**پێپەلووک** (نا. ل)[پیّ1 + پەل (پلە) +

ئووک][باک] نەردیوان، نێردیوان، پەیژە.

**پێپیلکە** (نا. ل)[پێ1 + پیل (پلە) + کە] بڕ: پلە. **~ دان:** بڕ: پێپلکە دان.

**پێت** (نا.)[؟][باک] گڕ، بڵێسە

**پێتاتە** (نا. ل)[پێ1 + تاتە (تەختە)] بەشێکە لە دەزگای جۆلایی کە تەختەیەکە لە ژێر پێی جۆلا دایە و لە کاتی جۆلایی دا پێی لە سەر دادەگرێ و گورد دێتە خوار، پێتەتە، پاتەتە، پاگیرە، پائەوشار. [هەر گوردەی دۆخینێکی پێوە شۆڕ بۆتەوە کە دەکەوێتە بەر پێی جۆلا. جۆلا بە نۆرە و لە سەر نەزمێکی ڕێک هەر جارەی پێ بە یەکیان دا دەدات و بەم کارە گوردەکان بڵیند و نەوێ دەکا تاکوو مەکووک بە نێوان تانەکان دا ڕەت بکا و پۆیەکە جێگیر بکات. واهەی کە جۆلا لەبەر پێی جۆی قولکەیەک دروست دەکا و سەری پێتاتە دەچێتەوە ئەوێ. ئەو قولکەیە پێچاڵ ـ ی ناوە. هەروەها جۆلا زۆر زوو پێ بە پێتاتەکان دا دەدا و لە ژێرەوە وەک شەڕەشەپ بکا وایە. ئەم لاق تێوەژاندنە لە زاراوەی جۆلایی دا شەپیتکەی ناوە (گۆڤاری هاوار ژمارەی هەشت ل ٢٩).

**پێتاڤ** (نا. ل)[پێ1 + تاڤ2][باک] پێتاو، پێڵاو.

**پێتاگ** (نا.)[؟][باک] ١ـ ئەنبار. ٢ـ شەڵخە، پلوورە.

**پێتاو** (نا. ل)[پێ1 + تاو3] ١ـ پارچە تەنراوێک کە دە پێی دەهاڵێنن و کاڵەی لە سەر دە پێ دەکرێ، پیتاڤ، پێتاڤ، پاتاوە، پێتاوە. ٢ـ کەوش، قۆندەرە، سۆل، پێڵاو. **~ی غەریبی ( لە لای کەسێک یا لە شوێنێک) کردنەوە:** یەکەم شوێن یا ماڵێک لە غەریبایەتی دا کە لێی سەقامگیر دەبن، سەرەتای ناسیاوی لە غەریبایەتی دا، پێڵاوی غەریبی کردنەوە. ∷ میوانی ئەو پیرێژنە بوو کە هەوەڵ جار لە موسڵێ کاڵە و پێتاوی غەریبی لە ماڵە وان کردەوە (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٤٢).

**پێتاوە** (نا. ل)[پێ1 + تاو3 + ئە] بڕ: پێتاو

**پێتەتە** (نا. ل)[پێ1 + تەتە (تەختە)] بڕ: پێتاتە

**پێتەخت** (نا. ل)[پێ1 + تەخت] بڕ: پاتەخت

**پێتەک** (نا. ل)[؟] کەل و پەل و کەرەسەی نێوماڵ و ژیان کە دەگەڵ بووک دەنێردرێتە ماڵە زاوا، گیاز.

**پێچ** (نا.)[لە: پێچاندن] ١- [مۆک] مێزەری پیاوان کە لە پارچە و قوماشی تەنک سازی دەکەن، ریشووی لێدەنێن و لە سەری دەبەستن. ٢- سەرپۆشی ژنان. ٣- ئامرازی لێک توند کردنی دو پارچە شت لە یەک. (برغوو وەک بزمار درێژە بەڵام لوس نیە و پێچی لە سەرە و بادەدرێ) بورغوو، جەڕ، برغوو، بورغی، ڤیدە. ٤- لە رەگی پێچان دەکەوێ و بە ناوەوە دەلکێ و مانایەکی تازە ساز دەکا. ٥- شوێنی خوار و کل. :: پێچی کۆلان، پێچی جادە. ٦- بادراو، سووڕاو، لوول. ٧- خولانەوەی با بە دەوری خۆی دا. ٨- خولانەوەی بای نێو زگ. **~ پیاهاتن:** بڕ: پێڵ پێدا هاتن. **~ پێدان:** بادان، باو پێدان. **~ پێدا هاتن:** خولانەوەی بای نێو زگ، ژانە زگ دەست پێدان، پێچ پیاهاتن. **~ خواردن:** ١- لوول بوون. ٢- بادران. ٣- لێهاڵان. **~ خواردنەوە:** ١- گەڕانەوە، پێچ دانەوە. ٢- لادان لە سەر رێ و چوونە لایەکی دی، پێچ کردنەوە. **~ دان:** ١- پێچانەوە. ٢- لوول دان. ٣- بادان. ٤- لە دەوری خۆ خولانەوە. **~ دانەوە:** گەڕانەوە، بادانەوە. :: ئای خۆزگە ببایە جێگە بۆ سانەوەیەک/ لەم رێگەیە دوورە سووڕ و پێچ دانەوەیەک (هەژار - خەیام). **~ شل بوونەوە:** (کنـ.) زۆر قسە کردن، چەنەوەڕی کردن، چەنە شل بوونەوە. **~ کردنەوە:** لادان لە رێ و بەرەوە چەپ یا راست خۆ خوار کردنەوە، پێچ خواردنەوە. **~ لێدان:** (کنـ.) فریو دان، کڵاو لە سەرنان.

**پێچاڵ** (نا. ل)[پێ1 + چاڵ] چاڵی بەر پێی جۆلا و ئاسنگەر، پاچاڵ.

**پێچان** (چا. م) پێچ پێدان، بادان.

**پێچاندن** (چا. م)[پەهـ: پێچییتەن. باک: پێچاندن - ناو: پێچاندن] پێچ پێدان، بادان، سووڕاندن.

**پێچانەوە** (چا. م)[لە: پێچان] ١- خڕ کردنەوە و کۆ کردنەوەی بوخچە و سفرە و بەستەی کراوەی دیکە. ٢- دەردەست کردنی کەسێک و دەگەڵ خۆ بردن. :: نیوە شەوێ سەرباز هاتن و عەوڵڵایان پێچاوە و بردیان. ٣- هەڵگرتنی شتێک بە کۆمەڵ بێ ئەوەی بە تەواوی ببەسترێتەوە، تێکەوە پێچان. :: دز هات و ماڵەکەمانی پێچاوە و بردی. ٤- لوول دانی شتێک. :: سیگار پێچانەوە. ٥- (مجـ.) شاردنەوەی قسە و باسێک لە کەسێک. :: تکایە هەموو باس و

مەسـەلەکەم بۆ بگێڕەوە و هیچ قسـەیەکم لێ مەپێچەوە!

**پێـچـاوپێچ** (ئان. ل)[پێچ + ئاو2 + پێچ] ١ـ حاڵی ڕێگا و شوێنێک کە پێچ و خـەمی زۆر بێ. ٢ـ حـاڵی مـەسـەلە و شـتێکی سـەخت و گـران. & پێچ پێچ، پێـچـەڵپـێچ، پێـچـەڵپـاچ، پێچ و فلـووچ، پێچەڵپووچ.

**پێـچـبـادەر** (نا. ل)[پێچ/٣ + بادەر (بادان)] ئامـرازێکی سـاکار کـە شکڵ و شـێـوەی لە پێـوەندی دەگـەڵ جـۆری پێچ تۆفـیـر دەکـا و بۆ تـوند کـردن و شل کـردنەوەی پێچ کـەلکی لێـوەردەرگـرن، جەڕبادەر.

**پێچ پێچ** (ئان. ل)[پێچ + پێچ] بڕ: پێچاوپێچ

**پێچ پێـچـووکـە** (گـیـانـ.)[پێچ/٦ + پێچ/٦ + ئووکـە] ١ـ گـیـاندارێکی لەش نەرم و لیـچـقـە، لە سـەر زگ دەخـزێ و قاپیلکەیەکی سەدەفی پێچ پێچی لە سەر پشـتـە، هێلکەی شـەیـتـانۆکـە، هێلکە شـەیـتـانۆک، شـەیـتـانۆکـە. ٢ـ (ئان. ل) شتێکی کە پێچی زۆر هەبێ.

**پێـچـرا** (نا. ل)[پێ1 + چرا] ئامـرازێکی سـاز کـراوە لە دار یا هەر شـتـێکی دیکە بۆ لە سـەر دانانـی چرا، پاچرا.

**پێچران** (چا. ل) پێچ پێدران، بادران.

**پێچرانەوە** (چا. ل)[لە: پێچران] خڕ و کۆ بوونەوەی بەستەی کراوە و سفرە.

**پێچراو** (نا. مف.)[لە: پێچـران] پێچ دراو، بادراو، خڕکراو.

**پێچراوە** (نا. فـا)[لە: پێـچـران] خـڕ کـــراوە، هـەڵگـرتـراو، لـوول دراو، پێچ پێدراو.

**پێچک** (نا. ل)[پێ1 + چک] ١ـ پایەی کورسی و سـەندەڵی، پێچکە. ٢ـ چەرخی داشـقـە و عـارەبـە و شـتـی لەم بابـەتە، پێچکە. ٣ـ پاچەی ئاژەڵ، پێچکە، قاچک.

**پێـــچـکـە** 1 (نا. ل)[پێ1 + چکە (چکۆڵـە)] ١ـ ئـامـــرازی لـە ســــەر راوەسـتـانی میز و سـەندەڵی کە وەک پێ وایە، پایە، پێـــچک. ٢ـ ئـامـــرازی پـێ ڕۆیشـتـی داشـقـە، عـارەبە، کـالیـسکە و شـتی دیکەی لـەم جـۆرە، چەرخ، پێـچک. ٣ـ بـەشی خـوارەوەی بـەلەک و پـۆز کـە دەکەوێتە پشت گوێزینگی پێ، پاشپانی. ٤ـ پاچەی ئاژەڵ، پێچک، قاچک.

**پێـچکە** 2 (نا. ل)[پێچ + کـە] منداڵی

ســاوا و چکۆڵە، پێــچــەک. بەم مــانایە هـەمـیشـە دەگەڵ وشـەی سـەر دێ. ‌‌‌‌‌‌‌‌‌‌:: دوو منداڵی سەر و پێچکەی هەیە.

**پێچن** (گیا.)[پێچ + ن] گـیایەکە کە سی هـەتا هـەشـتا سانت بەرز دەبێتـەوە، گـەڵاکـانی شین و ئـەسـتـوور و ئاودار و سێ سـێ پێکەوەن، گـوڵەکـانی زەردە و بەرەکەی کەلوویە کە دەنکەکانی قاوەیین. بۆنی ئەم گیایە زۆر ناخۆشە و گەڵاکانی تـاڵن و بۆ هـەنـدێک دەرمـــان کـــەلکی لێــوەردەگــرن، Ruta graveolens و Ruta fetide ناوی لاتینی ئەم گیایەن. (عەر: سذاب، خفت ـ فار: سداب)

**پێچ و پلــــووچ** (ئان. ل)[پێچ + و + پلووچ] شوێن یا شتێکی نارێک و پڕ لە پێچ و پەنا، پێچ و فلۆوچ

**پێچ و پەنا** (ئان. ل)[پێچ + و + پەنا] ١ـ شـــوێنی نارێک و پێچ و پلــووچ. ٢ـ شتی شاراوە و شاردراوە، گرێ و گۆڵ، راز، نهـێنی. **بە ~ بوون:** (کنـ.) راست نەبوون، شاردنەوەی مەسەلەکانی خۆ لە خـەڵک و نـاسـیـاو. **بە ~ قسە کردن:** (کنـ.) راست و رەوان قسـە نەکـردن، بە کــینایە و ئـامــاژە مــەبەســتی خــۆ دەربڕین. **~ هەبوون:** (کنـ.) راگـرتنی نهــێنی و راست نـەبوون، شـــاردنـەوەی مەسەلە و مەبەست لە دەوروبەری خۆ.

**پێچ و فـلــووچ** (ئان. ل)[پێچ + و + فلـــووچ] شـوێنی نارێک و پڕ لە پێچ و پەنا، پێچ و فلۆوچ.

**پێـچۆلەکـە** (گـیـا.)[پێ1 + چۆلەکـە] گـیـایەکی بەهارییە، گەڵای وەکوو گەڵای کـەرەوەزە، گـوڵێکی زەردی ورد ئەگـرێ (کشت و کاڵ ب ١ ل ٧٤). گیایەکە گوڵی ورد و سـپی هـەیە، دەیدروونەوە و مـاڵات دەیخوا. (عەر: رجل العصفر)

**پێچۆک** (نا. ل)[پێ3 + چۆ (چوون) + ک] ئامـێـرێکی چووکی چێـوییـە، سێ چەرخی پێوەیە و منداڵی سـاوا دەسـتی پێــوە دەگـرن هـەتا فـێـرە رۆیشـتن بێ، ئیـمـرۆکە جۆری کارخـانەیی باوە کە لە کـانزا سـازی دەکـەن و منداڵی تێـدەنێن، رەورەوە.

**پێــچـوون** (چا. م)[پێ3 + چوون] ١ـ مـاوە و خـایاندنی سـەفـەر یا رۆیشتن. :: زوو ورەوە زۆرت پێ نەچێ. بە پێیان دوو رۆژمـان پێ چوو هـەتا گـەیشـتـینە سـەر سنوور. ٢ـ بە سـواری شـتـێک رۆیشتن. :: مـاشـێـنەکـەم بەرە و پێی بچۆ مـاڵە پوورت.

**پێـچـه** (نا. ل)[پێچ + ئه] رووبەندی رەشی ژنانە، پەچە.

**پێــچــەک** (نا. ل)[پێچ + ئەک] ١ـ دارێکی دووفلیـقانەی درێژ کە نێچیری پێ لە کۆن دەردەکێشن. ٢ـ گلۆڵە بەن و ئاوریشم. ٣ـ [باک] بڕ: لاولاو. ٤ـ [زا] منداڵی ساوا، پێچکە. ٥ـ [زا] مەلۆتکە، قـۆنداغــە. **لە ~ دان:** لێــبــادانی پێچەک/١ی لە نێچیری وەک کەروێشک و رێوی لە کون دا بۆ دەرکێشانیان.

**پێچەڵپاچ** (ئان. ل)[پێچ + ئەڵ + پاچ (پێچ)] زۆر پێــچــدار و دژوار، نارێک و پێچاوپێچ، پێچەڵپێچ، پێچەڵپووچ.

**پێـچـەڵپـووچ** (ئان. ل)[پێچ + ئەڵ + پووچ] بڕ: پێچەڵپاچ

**پێـچـەڵپـێچ** (ئان. ل)[پێچ + ئەڵ + پێچ] بڕ: پێچەڵپاچ

**پێــچــەن** (نا. ل)[پێچ + ئەن] ١ـ دارۆچکەیەکــە کــە پەت و گــوریسـی پێ بادەدەن. ٢ـ پێچانەوەی دەوار بە بەش بۆ بـارکـــردنی (خـــاڵ ب ١ ل ٢٥٤). ٣ـ دارێکی درێژە و ئەسـتـوور بە قـەد کلکە بێـلێ، پەتی ئەخـرێتە ناوەڕاسـتی... ئەو دارە لە پشت قاپییەوە با ئەدرێ تا توند ئەبێ. ئەدرێتــە پشت قــاپی بۆ ئەوەی قاپییەکە نەکرێتەوە، چۆڵەپێچەن (کشت و کاڵ ب ١ ل ٧٤).

**پێچەوانە** (ئاک. ل)[پێچ + ئە + وانە] ١ـ کـاری بە عکس و دژی باری راسـتی خۆی، چەپەوانە. ٢ـ دژ، نەیار. ∷ حەمەد هەمـیشـە کابرایەکی پێچـەوانە بوە. ٣ـ جل و بەرگی بەراوەژوو. ٤ـ کــــەوشی لنگاولنگ.

**پێح** (ئام.) بڕ: پەح

**پێـخـاس** (ئان. ل)[پێ1 + خـاس3] [باک] بڕ: پێخواس

**پێـخـاوس** (ئان. ل)[پێ1 + خـاوس] بڕ: پێخواس

**پێـخـڕە** (نا. ل)[پێ1 + خـڕ+ ئە] نەخـۆشی هەڵمسـان و ئەسـتـوور بوونی لاق و پێیەکان وەها کە شێوەی پێی فیل دەدا، پامـاسێ، پامـاسە، پاگرە. (عـەر: داء الفیل. فـار: پاغـر، پاغرە. ئین: el-ephantiasis).

**پێـخـواس** (ئان. ل)[پێ1 + خـواس] [باک: پێخواس، پێخاس ـ ناو: پێخواس، پێخاوس] ١ـ مرۆی بێ پێڵاو، کەسێک کە لە کـاتی رۆیشـتن دا کــەوشی دە پێ دانەبێ، پاپەتی، پێــپــەتی. ٢ـ وڵاغ و بارەبەرێک کە ناڵەکانی کەوتبێ و بێ ناڵ

بێ. ⁝⁝ جـا خـۆ ولاغ ئەمن ناباتەوە بۆ جێگای خۆم بەبێ ناڵی و بە پێخواسییە (لاس و خەزاڵ ل ١٣٢).

**پێـخـوس** (ئان. مـفـ.)[پێ1 + خوس] بڕ: پێخوست

**پێخوست** (ئان. مف.)[پێ1 + خوست (خـسـتـران)] هەرچێک کـە لە ژێر پێ شـێلدرابێ، ژێر پێ کـەوتوو، پێـشـێل، پێـخـوس، پامـاڵ. ~ **کردن:** ١- پێ لە سـەر نان و لە ژێر پێ پان کـردنەوە. ٢- (کنـ.) رەچاو نـەکردنی پەیمان و بـەڵێنی. & پاماڵ کردن، پێشێل کردن.

**پێخولە** (ئان. ل)[پێ1 + خول + ئە] منداڵی ساوا کـە تازە پێی هەڵگرتبێ و باش بڕوا، پێڕۆکە، پێرەوکە. ~ **بوون:** پێ هەڵگرتنی منداڵ، پێڕۆکە بوون.

**پێـخـوێ** (نا. ل)[پێ1 + خـوێ] ١- کڵۆشی بە پێ گێرەکراو. ٢- ئەندازەیەک قوڕ بۆ رۆژە سـواغێک. & پـاخـوا. ~ **کردن:** ١- گێرە کردنی کلۆش بە پێ. ٢- (کنـ.) پارە بە کـەسـێک خـەرج کـردن، کەسێک تووشی خەرج کردن. ⁝⁝ لەو بێ پووڵییە دا هەزار تمەنیان پێخوێ کردم.

**پێـــخـــۆر** (نا. ل)[پێ3 + خـــۆر (خواردن)] ١- هەر خواردنێک کە بە نان دەیخـۆن بە تایبـەت خـواردنی سـووکی وەک پەنیر، کەرە. ⁝⁝ نان و پێخۆری خۆم پێـیـە، منەتی کـەس ناکـێـشـم. ٢- بە ئەندازە، کـەم کـەم. ~ **پێکردن:** بە ئەندازە خـواردن، بە قـەرا پێـویـست خـواردن، دەست پێوە گـرتن. ⁝⁝ ئەو دوو کیلۆ گۆشـتـە پێـخـۆری پێبکەن هەتا مـانگێکی دیکە چاوتان بە گـۆشـتـی ناکەوێتەوە.

**پێـخـۆش** (ئان. ل)[پێ3 + خۆش] ١- دەگـەڵ ناو دێ و مـانای پێـخـۆش بوون دەدا. ⁝⁝ نان پێخۆش، گەڕان پێخۆش، دڵ پێخۆش. ٢- (کنـ.) ژن یا کیژێک کە گانی پێخۆشە، گان پێخۆش. ~ **بوون:** ١- شـاد بوون، خـۆشـحـاڵ بوون بـە کـەسـێک یا شـتێک و مـەسـەلەیەک. ٢- کەیف پێ هاتن بە چێژ (خواردن، دیتن، بیـسـتن یا بابەتێکی دیکەی چێـژ وەرگرتن.) ⁝⁝ کفتەم زۆر پێخۆشە. شەڕم پێـخـۆش نیـە. ~ **بوون و پێ ناخـۆش بوون:** (کنـ.) جـەبر و ئەنجـام دان یا سـەرگـرتنی کـارێک بـە هەر جـۆرێک. ⁝⁝ پێتخـۆش بێ یا پێتناخـۆش بێ ژنت بۆ دێنین. ئەو سەفەرەمان هەر دەبێ دەگەڵ بکەی جا چ پێتخۆش بێ و چ پێتناخۆش بێ. ~ **کردن:** خۆشحاڵ کردن، شاد

کردن. ៖ دوژمن بە خۆت خۆش مەکە!

**پێخۆشحاڵ** (ئان. ل)[پێ3 + خۆشحاڵ] حاڵی کەسێک کە بە مەسەلەیەک خۆشحاڵە. **~ بوون:** دڵشاد و شاد بوون بە بیستنی رووداوێکی خۆش یا دیتنی کەسێک. ៖ زۆر پێخۆشحاڵم کە بوویە جیرانم.

**پێخەسوو** (نا. ل)[پێ + خەسوو] ئافرەتێک کە بە پارە کار دەکا، هەمیشە دەگەڵ بووکە و کاروباری بووک هەڵدەسوورێنێ و دەگەڵ بووک دەچێتە ماڵی زاوا، بەربووک، پاخەسوو، پاوەوی، پاوەوە، پاوەیوە.

**پێخەف** (نا. ل)[ پێ3 + خەف (خەفتن)] ١ـ نوێن و بانی خەو. ٢ـ لێفە یا پەتوو کە بە خۆ دادەدرێ.

**پێخەنین** (چا. ل)[پێ3 + خەنین] بڕ: پێکەنین.

**پێدا**[1] (پێشـ. ل) پێشگرێکی لێکدراوە لە " بە ... دا " کەوتوە هەر بەم مانایە، پیا. ៖ پێدا چوون، پێدا بردن. پێدا کەوتن.

**پێدا**[2] (نا.)[زا] بڕ: پەیدا

**پێدا بردن** (چا. م)[پێدا1 + بردن] کەسێک دەگەڵ خۆ بە شوێنێک دا بردن.

**پێداچوون** (چا. ل)[پێدا1 + چوون] بە شوێنێک دا رابوردن.

**پێداچوونەوە** (چا. ل)[پێدا1 + چوونەوە] ١ـ سەر لە نوێ بە نووسراوە یا حیساب دا چوونەوە بۆ دڵنیا بوون لە دروستی و راستی. ٢ـ بەراورد کردن و هەڵسەنگاندنی وەرگێڕاوێک دەگەڵ زمانی ئەسڵی. ٣ـ گەڕانەوەی بە شوێنێک یا رێگایەک بۆ دیتنەوەی شتی ونبوو یا بۆ مەبەست دیکە. ٤ـ بە مەکینەی دروون بە سەر درووماندا هاتنەوە بۆ قایمتر بوون. & پێدا هاتنەوە، پیاهاتنەوە، پیاچوونەوە.

**پێدادان** (چا. م)[پێ3 + دادان] ١ـ سەرپۆش یا لێفە بە سەر دا کێشان. ٢ـ داپۆشینی سەری هەر شتێک. ٣ـ هێرش بردنە سەر دوژمن. ٤ـ بە کۆمەڵ چوونە شوێنێک بۆ میوانی بێ ئەوەی بانگێشتن کرابن. ٥ـ بەرد یا هەر شتێکی دیکە بە کەسێک یا بە شوێنێک دادان. ៖ بەردێکی پێدادا و سەری شکاند. ٦ـ چارشێو، لەچکە و هەر شتێکی دیکە بە سەر خۆ دادان. ៖ چارشێوەکەت پێدادە با بڕۆین. & پیادان

**پێــــداره** (ئا.)[پێ1 + دار + ئە] ئێـــســـــقـــانێکە بـە دەم قـــۆڵ و رانـی گـیـاندارەوە وەکـوو چاکـڵـە (چەڵەمـە)یە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٧٤).

**پێــدارشــانەوە** (چا. م)[پێــدا1 + رشانەوە] رشانەوە بە سەر کەسێک دا.

**پێدافسین** (چا. ل)[پێدا1 + فسین] پەڕینی کەڵەباب بۆ سەر مامر بۆ جووت بوون و فس خـواردنی مریشک لە بەری، پیاتسان، پیاتسین.

**پێداکردن** (چا. م)[پێدا1 + کردن] ١ـ هەڵاوەسین. ⁝⁝ جلەکـانی پێـدا کـرد و هاتەوە. (بە تەنافەوە). ٢ـ هەر شتێکی ورد بە کـەسێک یا شـتێک داکـردن، پێوەرکردن. ٣ـ هەڵقورتاندن، خواردنەوە بە یەک پشوو. ٤ـ ئاو یا ئاوەکی بە سەر کەسێک یا شتێک داکردن، بە سەر دا کردن. & پیا کردن

**پێداکەوتن** (چا. ل)[پێدا1 + کەوتن] بە سـەر کـەسێک دا چوون، لە نەکـاو تووش هاتن و غافڵ کردنی کەسێک. ٢ـ بە بێ ویست و لە نەکاو تووشی شوێنێک هاتن. ٣ـ شـتێک لە بەرزیەوە بە سـەر لەش و گیان داکەوتن ٣ـ دەوڵەمەند بوون لە پڕ، بە سـەر مـاڵ و پارەیەکی زۆر داکەوتن.

**پێــداکــێــشــان** (چا. م)[پێ3 + داکێشان] ١ـ داکەندنی بە زۆری پاتۆڵ یا شاڵواری کەسێک بۆ تەجاوز پێکردن. ٢ـ بە سەر دادانی پەتوو یا هەر شتێکی دیکە بە سـەر کـەسێک یا شـتێک دا، پێدادان. ٣ـ بە دار یا ئامـرازێکی دیکەی لێدان توند لە کـەسێک راکـێشـان، لێ راکێشان.

**پێداگۆژی** (نا.)[فەر: pedagogie] زانستی بارهێنان و پێگەیاندنی منداڵ.

**پێداڵ** (نا.)[فەر: pedale] ئامێرێکە لە مـاشـێن یا دووچەرخـە دا کـە پێی لە سـەر دادەگـرن یا دادەنێن. || **پێــداڵی دووچەرخـە:** ئامـرازێکە وەک رکـێف لە دووچەرخە دا کە پێی لە سەر دادەنێن و بە پێ لێـدان و سـووڕانی دووچـەرخـە وەڕێ دەکەوێ. **پێداڵی گاز:** ئامێرێکە لە ماشێن دا کە لە ژێر پێی شوفیرە و بە پێ داگرتن یا هەڵگرتن توندیی ماشێنی پێ زیاد و کەم دەکردرێ.

**پێدان** (چا. م)[پێ3 + دان] ١ـ دان بە کـەسێک. ⁝⁝ دوو تمەنم پێـدا و رۆیشت. چایەکم پێبدە! ٢ـ مەبەستێک بە کەسێک راگـەیاندن. ⁝⁝ خـەبەر پێـدان، جـوێن

پێدان.

**پێـــداویست** (نا. ل)[پێـدا + ویست] بڕ: پێویست

**تێبینی:** هەر ئەوجۆرەی پێویست لە چاوگی پێ ویستن کەوتوە، پێداویستیش دەبێ لە چاوگی پێـداویستن کـەوتبێ کەچی وەها چاوگێکمان لە کوردیی دا نیە.

**پێداویستیی** (حم.)[پێـداویست + ئیی] بڕ: پێویستی

**پێداهاتن** (چا. ل)[پێـدا + هاتن] ١- بە شوێنێک دا رۆیشتن و تێپەڕین. ⁙ کاروان بێرە دا هات و تێپەڕی. کۆڵانەکانی ئەم شارە ناناسم قەت پێیاندا نەهاتووم. ٢- جوولانەوە و بزووتنێک لە سەرە بۆ خوار یا بە سەرتاپا دا. ⁙ مچورکێکم پێداهات. ژان و برکێکم بە کەلەکەی داهات. دوژمن پێداهاتە خوار و چی نەهێشت. & پیاهاتن

**پێداهاتنەوە** (چا. ل)[پێدا + هاتنەوە] بڕ: پێدا چوونەوە.

**پێدزکێ** (ئاک. ل)[پێ1 + دز + کێ] بڕ: پێدزە

**پێدزە** (ئاک. ل)[پێ1 + دز + ئە] خۆ دوور کردنەوە بە دزی و نەهێنی، هەنگاو شل کردنەوە لە کۆمەڵ و کەسانێک بۆ خۆ دزینەوە، پێدزەکێ، پێدزیلکە، پێدزکێ، پاچرکێ.

**پێدزەکێ** (ئاک. ل)[پێ1 + دز + ئەکێ] بڕ: پێدزە

**پێدزیلکە** (ئاک. ل)[پێ1 + دز + ئیلکە] بڕ: پێدزە ⁙ کەڵەباب لە ترسان هەر پێدزیلکەی بوو ... (مان ل ٦)

**پێدەشت** (نا. ل)[پێ1 + دەشت] ئەو شوێنەی کە دەشت و کێو دەگەنە یەک، دەشتایی بناری چیا، پادەشت، پاچەکوو.

**پێر**[1] (ئاک.) بڕ: پێرێ

**پێر**[2] (نا.)[زا] بڕ: پێرد

**پێرار** (ئاک. ل)[پێر1 + ئار][تات: پیرارە - فار: پیرار - بیر: پێرار - گیل: پیلار. باک: پێرار - ناو: پێرار - زا: پیرار، پێرار] ساڵی بەر لە پار، دوو ساڵ بەر لە ئێمساڵ، پێرارەکە، پێرارەکانێ.

**تێبینی:** ئار لە یار yār - ی ئەوێستایی و هەخامەنشی بە مانای ساڵ کەوتوە کە هاوتا و هاوڕیشەیە

دەگەڵ year ـ ی ئینگلیسی و نۆر år ـ ی سوییدیی و هەندێک لە زمانەکانی دیکەی ئەورووپایی هەر بەو مانایە.

**پێرارەکانێ** (ئاک. ل)[پێرار + ئەک + ئانێ] بڕ: پێرار

**پێرارەکە** (ئاک. ل)[پێرار + ئەکە] بڕ: پێرار

**پێرد** (نا.)[هیک: پیتەر ـ ئەو: پیتەر ـ هەخ: پیتەر. زا: پی، پێر، پێرد] باوک، باب.

**تێبینی:** ئەم وشە بە تەنیا لە نێو زاراوەکانی دیکە دا نەماوە و تەنیا زازاکان ئەم وشەیان پاراستوە، کەچی لە هەندێک وشەی تێکەڵاوی زاراوەکانی کوردیی دا ئەم وشە هێشتا ماوە. ::: باوەپیارە، باپیر

**پێرست** (نا.)[فار: فهرست ـ پەش: فیهریست. باک: پێرست ـ ناو: پێرست] ریزی یەک لە دوای یەکی ناو یا مەبەستی کتێبێک یا نووسراوەیەک کە لە پێش یا لە دوایی کتێب ریز دەکرێ و نیشان دەدا کە ناوەرۆکی کتێبەکە لە چی پێکهاتوە.

**پێرگین** (نا.)[بڕ: پیر2][باک] پیر، پێشواز

**پێروو** (نا.)[سوغ: پەرووی ـ پەهـ: پەرڤیچ. پەش: پێرۆنە ـ بەل: پەنوەر ـ فار: پەروین. باک: پێروو ـ ناو: پێروو، پێرۆ] کۆمەڵە ئەستێرەیەکن، کە وەک هێشوو لە یەک کۆ بوونە و تەنیا شەشیان بە چاو دەبیندرێ، ئەستێرەی کۆ. (عەر: ثریا)

**پێرووز** (ئان.)[باک] بڕ: پیرۆز

**پێرەشەو** (ئاک. ل)[پێرە (پێرێ) + شەو] بڕ: پێرێشەو

**پێرەکە** (ئاک.) بڕ: پێرێ

**پێری** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: پەری

**پێرێ** (ئاک.)[هیک: پەرە ـ ئەو: پەرۆ، پەریی ـ هەخ: پەرەنە ـ پەهـ: پەرێر. تات: پەریرە ـ فار: پریر ـ بەل: پەرێری. باک: پێر ـ ناو: پێر، پێرێ ـ زا: پەرەی] دوو رۆژ بەر لە ئیمرۆ، رۆژێک بەر لە دوێنێ، پێرێکە، پێرێکانێ، پێرەکە.

**تێبینی:** وشەی پێرێ لە دوو بەشی [پێر + ئەیەر] پێکهاتوە. پێر لە ئەوێستایی پەئۆئورڤا paourva و هەخامەنشی پەرئوڤە paruva بە مانای پێش، بەر. هەروەها ئەیەر لە ئەوێستایی ئەیەر ayar بە مانی رۆژ کەوتوە و لە کوردیی ئیمرۆ دا ئەم وشەیە

نەمـاوە و تەنیـا سـواوەکەی بـە شێـوەی (ئێ) خۆ دەنوێنێ.

**پێرێشەو** (ئاک. ل)[پێرێ + شەو] دوو شەو لەمەوبەر، شەوێک بەر لە دوێشەو، پێرەشەو.

**پێــــرا** (پێـــشگ. ل)[پێ3 + را] پێشگرێکی لێکدراوە.

**پێرابواردن** (چا. م)[پێ3 + رابواردن] رابواردن و گاڵتە کردن بە کەسێک، فشە بە کەسێک کردن.

**پێــڕاســپــاردن** (چا. م)[پێ3 + راسپاردن] ١ـ بە ئەمانەت سپاردنی ماڵ یا کەس و شتێک بە کەسێکی جێی بڕوا. ٢ـ گەیاندنی قسە و هەواڵی کەسێک بە کەسێکی دیکە.

**پێــڕاگــەیاندن** (چا. م)[پێ3 + راگەیاندن] گەیاندنی هەواڵ و خەبەر و مەسەلەیەک بە کەسێک. ⁘ دەزانم سبەی داوەتەی برایمە پێیانڕاگەیاندووم.

**پێڕاگەیشتن** (چا. ل)[پێڕا + گەیشتن] ١ـ کات و ماوە هەبوون بۆ ئەنجام دانی کارێک. ⁘ ئیمڕۆ پێڕاناگەم تەواوی کتێبەکە بخوێنمەوە. ٢ـ ئاگا لێبوون و چاوەدێری کردن. ⁘ ئەو ژنەی من هەر بە منداڵەکانی راناگا.

**پێڕۆ**[1] (نا.) بڕ: پێروو

**پێڕۆ**[2] (نا. ل)[پێ1 + رۆ4] کوللەیەک کە هێشتا باڵی دەرنەهاتوە، پێکوڕە.

**پێڕۆکە** (ئان. مف.)[پێ1 + رۆ4 + کە] منداڵێک کە بە تەواوی پێی هەڵگرتوە و باش دەڕوا، پێـــڕەوکـــە، پێـــڕەوک، پێخولە. ~ **بوون:** پێ هەڵگرتن، وەڕێ کەوتنی ساوا.

**پێڕەوک** (ئان. مف.)[پێ1 + رەو + ک] بڕ: پێڕۆکە

**پێـڕەوکـە** (ئان. مـف.)[پێ1 + رەو + کە] بڕ: پێڕۆکە

**پێــز**[1] (نا.)[؟] ١ـ کێش، کەش. ٢ـ توانا، تاقەت. ٣ـ نێوەرۆک، ماک. **بە ~ بوون:** ١ـ کێش هەبوون، بە تاقەت بوون. ⁘ ئەو هەویرە زۆر بە پێزە چاک کێش دێنێ. ٢ـ پڕ نێـــوەرۆک بوون، پوخت بوونی وتە و نووســـراوە. ~ **مـــان:** توانایی هەبوون، هێز و تاقەت هەبوون.

**پێز**[2] (نا.)[باک] بڕ: پەز

**پێزان** (ئان. فا)[لە: پێزانین] کەسێک کە چاکەی دە چاو دابێ، کەسێک کە سپڵە نەبێ، ئەمەگدار، بە ئەمەگ.

**پێـــزانین** (چا. ل)[پێ3 + زانین] ١ـ

جێگا و شوێنی شتێک زانین، شارەزا بوون بە ڕێگا یا شوێنی جێگایەک. ٢ـ ئەمەگ دە چاو دابوون، چاکە دە چاو دابوون، سپڵە نەبوون.

**پێزەوەنگ** (ئان.)[باک: پێزەوەنگ، پەزەوەنگ ـ زا: پێزەوەنگ] گەواد، قورمساغ.

**پێژ** (ر.)[لە: پێژتن] ١ـ ڕەگی چاوگی پێژتن. ٢ـ بە ناوەوە دەلکێ و ناوی فاعلی ساز دەکا، پەز2. ⁂ ئازپێژ، خشت پێژ، نانپێژ.

**پێژان** (چا. م) بڕ: پێژتن

**پێژتن** (چا. م)[ئێک: پەک ـ ئەو: پەک. پەه: پەچییتەن. ڕوس: pech. فار: پختن ـ تات: بێپێتەن ـ بیر: پۆختەن ـ گیل: پوتەن، پەتەن، پەختەن. باک: پاتن، پژاندن ـ ناو: پێژتن، پێژان] ١ـ ساز کردنی چێشت لە سەر ئاگر. ٢ـ ساز کردن و برژاندنی نان لە تەندوور دا. ٣ـ پێگەیاندن و سوور کردنەوەی خشت لە کوورە دا.

**پێژە** (نا. ل)[پێ1 + ژە] بڕ: پەیژە

**پێس** (نا.) بڕ: پێست

**پێست** (نا.)[ئەو: پەستە ـ پەه: پۆست، پووست. لۆر: پوس ـ گیل: پوش ـ فار: پوست ـ پەش: پۆست ـ بیر: پوس. باک: پۆست ـ ناو: پێست، پێس، پۆست، پۆس ـ هەو: پۆس، پۆست ـ زا: پۆستە] ١ـ توێژی ناسکی سەر گۆشت و ماسوولکەی لەش کە کاری هەست کردن بە سەرما و گەرما و ئێشە. ٢ـ توێکڵ. ٣ـ کەوڵ. ٤ـ چەرم. **~ کردن:** ١ـ توێکڵ کردن ٢ـ کەوڵ کردن. **~ هەڵکەندن (هەڵقەندن):** ١ـ کەوڵ کردن، لێکردنەوەی پێستی لەش. ٢ـ هەڕەشە لە منداڵ یا کەسی دیکە بۆ تێهەڵدانێکی قورس. **~ی بێعاریی بە ڕووی خۆ دا کێشان:** (کنـ.) بێشەرمی کردن، بێعاری کردن. **~ی کەسێک لە دەباغی نەهاتن:** (کنـ.) هیوای خێر لە کەسێک نەبوون، خێر پێنەگەیشتن لە کەسێک، بێکەلک و فایدە بوونی کەسێک. **لە ~چوونە دەرەوە:** بڕ: لە پێست دەرچوون. **لە ~ دەرچوون:** تووڕە بوون و هیچ پێنەکران، زگ دان، لە پێست چوونە دەرەوە. ⁂ لە داخ ئەو کورە بێ گوێیەم وەختە لە پێست دەرچم. || **پێستی سەر:** (ئا.) ئەو بەشە پێستەی کە بە سەر کاسەی سەر دا کشاوە، پێستە سەر. ***پێستی سەری کەسێک بە لەعنەت کردن:** (تووک) بە

لەعنەت کردنێکی هەندێک سووک لە کاتی جنێو دان و تووک لێکردنی کەسێک. ⁂ دەک پێستی سەرت بە لەعنەت بێ رۆڵە ئەوە تۆ بۆ هێندە بەدفەڕی! & پێستەسەری کەسێک بە لەعنەت کردن. ***پێستی سەری کەسێک هەڵکەندن (هەڵقەندن):** ١ـ لێکردنەوەی پێستە سەری کەسێک هەتا بە ئێش و ئازارەوە بمرێ. ٢ـ (هەرەشە) بۆ هەرەشە کردنی لێدان و تێهەڵدانێکی قورس لە کەسێک دەردەبڕدرێ. & پێستەسەری کەسێک هەڵکەندن (هەڵقەندن) ***کا دە پێستی سەری کەسێک ئاخنین:** ١ـ لێکردنەوەی پێستە سەری کەسێک و کا تێ ئاخنین بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک لە سەربزێوی و راپەڕین و ... ٢ـ (هەرەشە) هەرەشەی تەمێ کردن و سزا دانێکی قورس. & کا دە پێستەسەری کەسێک ئاخنین.

**پێستە** (نا. ل)[پێست + ئە] کەوڵی لێکراوەی حەیوان. ~ **خۆش کردن:** خۆش کردنی کەوڵ، لە دەباغ دان.

**پێستەسەر** (ئا.)[پێست + ئە + سەر] بەشێ پێست کە کاسەی سەری داپۆشیوە، پێستی سەر. ***پێستەسەری کەسێک بە لەعنەت کردن:** (تووک) بڕ: پێستی سەری کەسێک بە لەعنەت کردن ***پێستەسەری کەسێک هەڵکەندن (هەڵقەندن):** بڕ: پێستی سەری کەسێک هەڵکەندن. ***کا دە پێستە سەری کەسێک ئاخنین:** بڕ: کا دە پێستی سەری کەسێک ئاخنین.

**پێسیر** (نا.)[؟][باک] یەخە، بەرۆک.

**پێش** (ئاک.)[ئەو: پەئیتیش ـ هەخ: پەتیش ـ پەه: پێش] ١ـ ئاوەڵکاری زەمانە هاومانا دەگەڵ بەر٣/3. ٢ـ ئاوەڵکاری جێگایە هاو مانا دەگەڵ بەر 3/٤. ٣ـ بڕ: بەر 3/٥. ٤ـ (نا.) هەر کام لە چوار ددانی پێشەوەی مرۆڤ کە لە مرۆڤ دا بە گشتی لە هەشت ددان پێکهاتوون. **بردنە ~:** ١ـ بۆ پێش بردنی کەسێک یا شتێک. ٢ـ سەرکەوتن، پێشکەوتن لە ئەنجام دانی کار و مەسەلەیەک. ~ **پێگرتن:** سەر رێگای کەسێک گرتن بە نیازی شەڕ، پێش لێگرتن. ٢ـ بەری رۆیشتنی ئاو یا گیانلەبەرێکی دیکە گرتن بۆ نەرۆیشتن. ~ **خستن:** بڕ: وەپێش خستن. ~ **دەرک پێگرتن:** بەر دەرکی کەسێک گرتن بە نیازی شەڕ ~ **کەوتن:** ١ـ تەرەقی و پێشکەوت لە کار دا. ٢ـ چوونە پێش نۆرەی کەسێکی

دیکە. ٣ـ لە پێشەوەی خەڵک ڕۆیشتن. ٤ـ سەرۆکایەتی و پێشەنگی کارێک وە ئەستۆ گرتن و خەڵک هان دان بۆ ئەم مەبەستە، هان دان و دنە دان. & وەپێش کەوتن. **~ گرتن:** ١ـ بەری پەرەسەندنی ڕووداوێک گرتن. ٢ـ بەری کەسێک گرتن، پێش پێگرتن. ٣ـ بەری شتێک گرتن. ∷ پێش ئاوەکەی بگرە با نەڕوا. **~ گیران:** بەر گیران لە لایەن کەسێکەوە یا شتێکەوە بۆ هەر مەبەستێک، پێش گیرسان. **~ گیرسان:** بڕ: پێش گیران. **چوونە ~ :** ١ـ بۆ لای پێشەوە چوون. ٢ـ جێبەجێ بوون و پێش کەوتنی کار و مەسەلەیەک. **خستنە ~ :** وەپێش خستن، پێش خستن، وە پێش دان. **کێشانە ~:** لە بەر دەم دانان. ∷ قابڵەمە یاپراغەکەی کێشا پێش من و خۆی و پێکەوە تەقەمان لێهێنا. **لە ~بوون:** ١ـ شتێک یا کەسێک لە بەرەوە بوون. ٢ـ پێشتر بوون لە کایە و یاری و کێبەرکێ دا. ∷ دوو هیچ ئێمە لە پێشین. **لە ~ دانان:** ١ـ شتێک لە بەر کەسێک نان. ∷ دەفتەرەکەی لە پێش مامۆستا دانا. ٢ـ پێشنیار پێکردن. ∷ دوو ڕێگام لە پێش دانا هەر کامەیانم بە قسە بکا ئەوە سەردەکەوێ دەنا هیچ. & لە پێش نیان. **لە ~ نیان:** بڕ: لە پێش دانان. **هێنانە ~:** ١ـ کەسێک یا شتێک بە تەواوی لە خۆ نزیک کردنەوە، کێشانە پێش. ∷ قاپە میوەکەی هێنایە پێش و هەمووی خوارد! ٢ـ هێنانە گۆڕی باس و مەسەلەیەک. ∷ باسێکی وای هێناوەتە پێش کە ناچارم قسەی لە سەر بکەم. **وە ~ خستن:** ١ـ بەرەو پێش بردنی کارێک. ٢ـ کەسێک وە پێش خۆ دان. & پێش خستن، خستنە پێش، وەپێش دان. **وە ~ دان:** بڕ: وەپێش خستن. **وە ~ کەوتن:** بڕ: پێش کەوتن.

**پێشات** (ئان. مف.، نا. ل)[پێش + هات] بڕ: پێشهات. ∷ ئەمن باوەڕیم هەیە هیچ پێشاتێک بەبێ قەڵەمی هەق، دەستی ئیلاهی نایە و ڕانابری (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٣٢).

**پێشاپێش** (ئاک. ل)[پێش + ئا + پێش] بڕ: پێشاوپێش

**پێشان** (ئاک. ل)[پێش + ئان] لە پێش دا، پێشەکی، سەرەتا. ∷ پێشان بە هومێد و شاد و خۆشین/ پاشان لە دەسی زوخاو دەنۆشین (مەم و زین ل ٣٢٣).

**پێشاو** (نا. ل)[پێش + ئاو1] ١ـ

شـــوێنی دەست بـە ئـاو گــــەیاندن، ئاودەســتـخـانە، ئـاوخـانـە، ئەدەبخـانە، ئاودەست. ٢ـ میز، گمێز.

**پێشاوبڕکە** (نا. ل)[پێش + ئاو + بڕ + کـە] بڕ: پێـشـبـڕکـە. ~ **دان:** بڕ: پێشبڕکە دان.

**پێشاوپێش** (ئاک. ل)[پێش + ئاو + پێش] ١ـ لای پێشەوە، بەرانبەر. ⁝⁝ ئەمن زەینی خـۆم دەداوە ئەو مـاڵ و مـەڕەکـەی کاکـە سـەیدەوانـی/ هـەڵیدەدا لە تیلەگی دە کوێسـتانـێ، بەرانبـەر و پێشـاوپێش بە گـــۆمـــە دەڵاوێ (گـــەنج ل ٢٤١). ٢ـ پێشەکی، بەر لە هـەر شتێک، لە پێش دا. & پێشاپێش

**پێشاهەنگ** (نا. ل)[پێش + ئاهەنگ] بڕ: پێـشـەنگ. ⁝⁝ وزان نە گـەردەن بەرز پێشاهـەنگ/ بشۆ بدۆ دەنگ فـرسـەنگ وە فرسەنگ (مەولەوی ل ٥٠٢).

**پێشبار** (نا. ل)[پێش + بار1] کەل و پەل و کـەرەسـەی پێـویـستی هـەوارچـیان کە زووتر بەڕێی دەکەنە هـەوار هـەتا بەر لە گەیشتنی وان دایمەزرێنن.

**پێشبڕکە** (نا. ل)[پێش + بڕ + کە] ڕێگای کورتتر بۆ پێشـەوە، پێشاوبڕکە. ~ **دان:** بـە لاڕێ دا ڕۆیشـتن و وەپێش کەسی دیکە کەوتنەوە.

**پێشبەست** (نا. ل)[پێش + بەست] بەرهەڵستی بەر ئاو، ئاوبەند، بەربەست.

**پێشبەن** (نا. ل)[پێش + بەن] بڕ: پێشبەند

**پێشبەند** (نا. ل)[پێش + بەند] ١ـ هـەر پارچەیەک کـە لە کـاتی کـار کـردن یـا نـان دان بـە مـنـداڵ بـەر و ســــــینـگی پـێ دادەپـۆشـن هـەتـا جل پـیـس نـەبـێ. ٢ـ زنجیر یا گوریسێک کە دەستی چواروێی پێ دەبەستنەوە. // پاشبەند، پێوەند. & پێشبەن

**پێشبین** (ئان. فـا)[پێش + بین2] کەسێک کە توانای دیتنی ڕووداوەکانی داهاتووی هەیە.

**پێشبینیی** (حم.)[پێشبین + ئیی] لێکدانەوە و دیـاری کـردنـی ئەنجام و ڕوو دان و هاتنە دی ڕووداوەکانی داهاتوو. (پێشبینیی دەتوانێ هەم پشتیوانەیەکی زانسـتـیی هەبێ و هەم هەر وا ئـاسـایی بێ. ماموەستایەک بە تێگەیشتنی وەزعی دەرسی شاگردێک دەتوانێ پێشبینی بکا کـە دەردەچـێ یان نـا، یان دوکـتــورێک هەست دەکا نەخۆش چاک دەبێتەوە یان نـا، کەچی پێشبینیی ئاسایی زۆرتر لە

باری ئەزموونەوەیە و دەتوانێ راست دەر نەچێ وەک ئەوساڵ باران زۆر دەبێ یان کەم، فلانی شوو دەکا یا نا، ئاکامی پەیوەندییەک بە کوێ دەگا، ...) **~ کردن:** ١- زانین و دیتنی هەواڵ و رووداوەکانی داهاتوو. ٢- دوارۆژ لەبەر چاو گرتن، ئاکامی کار و مەسەلەیەک لەبەر چاو گرتن. || **پێشبینیی بارودۆخی هەوا:** لێکدانەوەی چلۆنایەتی هەوا لە ماوەی رۆژ یا رۆژگەلی رابوردوو کە یانەی هەواناسی لەرادیۆ و تەلەویزیۆن و شوێنی دیکە بڵاوی دەکاتەوە.

**پێشپەردە** (نا. ل)[پێش + پەردە] بەشێکی کەم لە فیلمی سینەما، تەلەویزیۆن یان شانۆ کە بۆ رێکلام نیشان دەدرێ.

**پێشت** (نا.)[زا] بڕ: پشت1

**پێشتەماڵ** (نا. ل)[پێشت + ئە + ماڵ][باک] پشتەماڵ/٢.

**پێشتەماڵە** (نا. ل)[پێشت + ئە + ماڵ + ئە][زا] پشتەماڵ/٢.

**پێش جڵەو** (ئان. ل)[پێش + جڵەو] کەسێک کە جڵەو و هەوساری ئەسپ و ماین دەکێشێ، جڵەودار، جڵەوکێش.

**پێشخان** (نا. ل)[پێش + خان] بڕ:

**پێشخانە** (نا. ل)[پێش + خانە] ژووری بەر لە دیوی دانیشتن، ژووری کەوش داکەندن، پێشخان.

**پێشخزمەت** (ئان. ل)[پێش + خزمەت] کەسێک کە لە ماڵ یا یانەیەک خزمەتی کارمەند و یانەکە دەکا، خزمەتکار.

**پێشخزمەتیی** (حم.)[پێشخزمەت + ئیی] کار و پیشەی پێشخزمەت، خزمەتکاریی.

**پێشخوان** (نا. ل)[پێش + خوان] مێز و تەبەقی چووکی بەر دەستفرۆش کە وردەواڵەکانی لە سەر دادەنێ. ٢- بڕ: پنە

**پێشخۆریی** (نا. ل)[پێش + خۆر + ئیی][پەه: پەتیشخڤار] دەفرێکی لە دەوری هەندێک قووڵترە و بەر لە خواردنی چێشتی ئەسڵی، ئاش و سووپ یا شتی دیکەی تێدا دەخۆن. ٢- دەورییەکی چووک کە میوەی تێدا دەخۆن، پێشدەستیی.

**پێشدەستیی** (نا. ل)[پێش + دەست + ئی] ١- بڕ: پێشخۆریی. ٢- (حم.) زووتر چوونە پێش. **~ کردن:** وە پێش دەستی کەسێک کەوتن بۆ کارێک، وە

پێش کەوتن، دەست ڕەپێش خستن. ⁖ عەلی پێشدەستیی کرد و کارەکەی بۆ خۆی هەڵگرت.

**پێشڕۆ** (ئان. فا)[پێش + ڕۆ (ڕۆیشتن)] بڕ: پێشڕەو

**پێشڕەو** (ئان. فا)[پێش + ڕەو (ڕۆیشتن)] ١ـ ئەوەی کە لە پێشەوەی هەموان دەڕوا. ٢ـ پێشەوا، سەرۆک، سالار. ٣ـ پێشەنگی لەشکر و کاروان، سەرقەتار. ٤ـ پێشەنگی گەلە و ران، سەرگەلە، سەرجەلە، ڕەمکێش. ٥ـ پێشەنگی مەل و باڵندە، سەرقافڵە. ⁖ پێشڕەوی ئەوان داعبایانە چییە؟/ کۆترەگاگمێکی باڵ بە شۆڕاب وردە وردە لە پێشیان دەڕوا دەکاتەوە چینە (گەنج ل ٨٢). & پێشڕۆ.

**پێشفرۆش** (نا. چا)[پێش + فرۆش] کاری فرۆشرانی بەر و بەرهەم و حاسلات بەر لە گەیشتن. ~ **کردن:** فرۆشتنەوەی هەموو بەر و بووی زراعەت و بەرهەمی کار بەر لە گەیشتن یا تەواو بوونی کارەکە. ⁖ سێوەکانی ئەوساڵم هەر لە بەهارەوە پێشفرۆش کردوە.

**پێشفرۆشیی** (حم.)[پێشفرۆش + ئیی] کاری پێشفرۆش.

**پێشقەرەوڵ** (نا. ل)[پێش + قەرەوڵ] تاقمێک چەکدار کە لە پێشەوەی سپا دەڕۆن.

**پێشکار** (نا. ل)[پەه: پێشکار] ١ـ کاربەدەستی خان و ئاغا. ٢ـ نۆکەر. ٣ـ کڵفەت، قەرەواش. ⁖ هەرچیکی ژنە، پێشکاریان شەیتانە/ ئێستا چۆڕێکم ئاو ناداتێ ... (مان ل ٦٤)

**پێشکرێ** (نا. ل)[پێش + کرێ] پارە یا بەعییەک کە کاتی بەکرێ گرتنی ماڵ یا شتی دیکە دەدرێ بە خاوەن ماڵ هەتا لە دوایی تەواوی پارەکەی داتێ.

**پێشکڕ** (نا. چا)[پێش + کڕ (کڕین)] کڕینی بەروبوو و حاسڵ بەر لە پێگەیشتنی.

**پێشکۆ** (نا. ل)[پێش + کۆ1] ١ـ گۆپکەیەکە لە لای پێشەوەی زین کە لە کاتی سوار بوون دەستی پێوە دەگرن یا ئەوە کە دەستەجڵەوی پێدادەکەن، قەرپووز، قەلپووز، قەرپووس. ٢ـ هەرچی کە سوار لە پێشەوەی خۆی دابنێ.// پاشکۆ. & بەرکۆ.

**پێشکەش** (نا. چا)[پێش + کەش (کێشان)] ١ـ دیاری، خەڵات، پێشکێش. ٢ـ بێبایخ، ناقابیل، خۆڕایی. ~ **بوون:**

ناقابیل بوون. ﷼ ئەو کراسە هەر دەبەر تۆ دا جوانە، پێشکەشت بێ هەڵیگرە. ~ **کردن:** ١ـ دانی خەڵات یا دیاری بە کەسێک. ٢ـ بەخشین بە دڵەوە.

**پێشکەوت** (نا. چا)[لە: پێش کەوتن] ١ـ چوونە پێش و پێش کەوتن لە باری کاروبار ومەسەلەیەکەوە. ﷼ خەریکی کار و کاسبیم بەڵام پێشکەوتێکی زۆرم نەکردوە. ٢ـ چوونە پێش و پێش کەوتن لە باری زانستییەوە.

**پێشکەوتوو** (ئان. مف.)[لە: پێش کەوتن] ١ـ کەسێک کە لە باری بیر و زەین و ئاگادارییەوە لە چاو خەڵکی ئاسایی لە پێشترە. ٢ـ وڵات و کۆمەڵگایەک کە لە باری زانستەوە لە وڵات و کۆمەڵگاکانی دیکە لە پێشترە. // دواکەوتوو.

**پێشکێش** (نا. چا)[پێش + کێش] بڕ: پێشکەش

**پێشگر** (نا. ل)[پێش + گر (گرتن)] ١ـ بەرهەڵست و لەمپەر لە بەر شتێک، پەرگر، پێشگیر. ٢ـ ئامرازێکی ڕێزمانە کە بە تەنیا مانایەکی وەهای نیە و لە پێشەوەی وشە یان چاوگ دێ و ئاڵوگۆڕێک لە ماناکەی دا پێکدێنێ. // پاشگر.

**پێشگریی** (حم.)[پێشگر + ئیی] بەرگریی، پێشگیریی. ~ **کردن:** بەر گرتن لە کەسێک یا مەسەلە و ڕووداوێک، بەرگریی کردن، پێشگیریی کردن.

**پێشگۆ** (ئان. فا)[پێش + گۆ] کەسێک کە ڕووداوەکانی داهاتوو پێش بینی دەکا و بەر لە ڕوودان دەیڵێ.

**پێشگۆیی** (حم.)[پێشگۆ + ئیی] کار و پێش بینی پێشگۆ. ~ **کردن:** پێش بینی کردن و کوتنی ڕووداو بەر لە ڕوو دانی.

**پێشگیر** (نا. ل)[پێش + گیر (گرتن)] بڕ: پێشگر/١

**پێشگیریی** (حم.)[پێشگیر + ئیی] بڕ: پێشگریی. ~ **کردن:** بڕ: پێشگریی کردن. ﷼ ئەگەر خەزاڵ کۆمەک نەکا و لەو لەشکرە نەکەن پێشگیرییە/ وەبزانێ لە ماڵە بابی دادەنیشێ بە سەری بەتاڵ و بە ملی بە کوێن و بە خەمناکییە (لاس و خەزاڵ ل ١٤٦).

**پێشماڵ** (نا. ل)[پێش + ماڵ][باک] پشتەماڵ/٢.

**پێشمامان** (نا. ل)[پێش + مامان]

ژنی بەردەست و یاریدەدەری مامان لە کاتی زان دا.

**پێشمەرگە** (نا. ل)[پێش + مەرگ + ئە] چەکداری هێزەکانی رزگاریخواز، پارتیزان. **~ بوون:** چەکدار بوون، پێشمەرگایەتی کردن.

**تێبینی:** ئەم وشە لە سەردەمی کۆماری مەهاباد لە جیات سەرباز هەڵبژاردرا و برەوی سەندوە.

**پێشمەرگایەتی** (حم.)[پێشمەرگە + ئایەتی] کار و ئەرکی پێشمەرگە، پێشمەرگە بوون. **~ کردن:** چەکدار بوون، پێشمەرگە بوون لە هێزەکانی چەکداریی دا.

**پێشنوێژ** (نا. ل، ئان. ل)[پێش + نوێژ] مەلا یا کەسێکی دیکە کە لە کاتی نوێژی جەماعەت لە پێشەوەی نوێژکەران رادەوەستێ و نوێژ بەڕێوە دەبا، بەرنوێژ، وەرنما، ئیمامی جەماعەت. ٢- (ئاک.) کاتی بەر لە نوێژی نیوەڕۆ، بەر لە نیوەڕۆ. // پاشنوێژ. ‍:: پێشنوێژێ دێم سەرێکتان دەدەم. ٣- (ئاک.) کاتی بەر لە نوێژەکانی دیکە. ‍:: پێشنوێژی شێوان وەرە

**پێشنوێژیی** (حم.)[پێشنوێژ + ئیی] کار و رێبەرایەتی کەسی پێشنوێژ.

**پێشنووس** (نا. ل، ئان. مفعـ.)[پێش + نووس] نووسراوەی سەرەتایی بەر لە پاکنووس. پێشنووس کردن: نووسینی نووسراوە و نامە و شتی لەم بابەتە هەتا هەڵەکانی دەرکەوێ و لە دوایی پاکنووس بکردرێ.

**پێشنیار** (ئان. مفـ.، نا. ل)[پێش + نی (نیان) + ئار4] ١- بیر و تەگبیری چاکە و خراپەی کارێک بەر لە ئەنجام دانی. ٢- بانگەواز بۆ ئەنجام دانی کار و مەسەلەیەک. & پێشنیاز. **~ پێکردن:** ١- راگەیاندن و را دەربڕینی چاکە و خراپەی مەسەلەیەک بە کەسێک. ٢- پێناساندنی کەسێک بۆ کار یا خوازبێنی. ‍:: پێشنیاری کچێکیان پێکردووم کە بیهێنم گۆیا زۆر کچی چاکە. **~ دان:** ١- پێشکەش کردنی را و تەگبیری مەسەلەیەک بە کەس یا شوێنێک، پێشنیار کردن. ٢- باس کردن و هێنانە گۆڕی مەسەلەیەک بۆ لێکدانەوە و شی کردنەوە. **~ کردن:** ١- باسی کردنی مەسەلەیەک بۆ لێکدانەوەی چاکە و خراپەی بەر لە ئەنجام دانی. ٢- پێشنیار دان.

**پێشنیاز** (نا. ل)[پێش + نیاز] بڕ: پێشنیار

**پێشواز** (نا. ل)[پێش + واز][فار: پیشواز ـ لۆر: پیشڤاز ـ کرم: پیشڤاز. باک: پێشواز ـ ناو: پێشواز ـ هەو: پێشواز] پیر، پێرگین، بەرەوپیر. **~ لێکردن:** بڕ: پێشوازیی لێکردن. ∷ بەشی زۆری خەڵکی مەهاباد روویان لە گوندەکەی ئێمە کرد. بابم پێشوازێکی باشی لێکردن (تاریک و روون ل ١٩).

**تێبینی:** واز لە ریشەی ڤەز vaz ی ئەوێستایی کەوتوە (بڕ: باز 2 و 3).

**پێشوازیی** (حم.)[پێشواز + ئیی] ١ـ بەرەوپیر چوون. ٢ـ قەبووڵ کردن. **بە گەرمی ~ لێکردن:** بە گەرموگوڕیی قەبووڵ کردن و پێشوازیی لێکردن. ∷ مەلانەبی بە پیریەوە چوو، کوتی: ئەوە خەزاڵم پێشکێش کردی، دوژمنی قەویت بۆ نەوی کردم. بە گەرمی پێشوازییان لێکرد (لاس و خەزاڵ ل ٦٠). **~ لێکردن:** ١ـ بەرەوپیر چوون و بەخێر هێنانی کەس یا کەسانێک کردن، پێشواز لێکردن. ٢ـ قەبووڵ کردن، وە خۆ گرتن و پەسند کردن. ∷ چەندکەسی کورد و ئەرمەنی تێکۆشان لکی ئەو حیزبە لە موکریان دابمەزرێنن بەڵام خەڵک پێشوازیی لێنەکردن (تاریک و روون ل ٢٠).

**پێشۆر** (نا. ل)[پێ + شۆر] ١ـ لێواری سەر حەوز کە پێی لە سەر دادەنێن و دەیشۆن. ٢ـ (نا. چا.) شۆردنی پێ. **~ کردن:** شوشتن و تەڕ کردنی پێی کەسێک کە تاو و نۆبەتی هەیە بۆ دابەزینی پلەی گەرمای لەش.

**پێشوو**[1] (نا. ل)[پێش + ئوو] ١ـ دوو دەستەکانی ئەو گیاندارانەی لە سەر دەست و پێیان دەڕۆن، پێشی. // پاشوو، پێشی. ٢ـ (ئان.) زەمانی بەر لە ئێستا، زوو، قەدیم، پێشین.

**پێشوو**[2] (گیانـ.) بڕ: پەخشە

**پێشوولە** (گیانـ.)[پێشوو2 + لە] ١ـ جانەوەرێکی چووکە، جۆری زۆرە، دوو باڵی هەیە. مێشوولەی ئاسایی درێژ و باریکە، لووتێکی درێژی هەیە بۆ هەڵمژتن و شوێنی مژینەکەی لە سەر لەشی مرۆڤ خرووی دێنێ، تۆفانە، مخک، مخمخک، مرمرک، پێشی، پێشیک، پێشیلک، پێشوو، مەلەشە، مەرەشە، مەرشە، مێشوولە. ٢ـ [باک] جۆرێک مێشوولەی وردە، رەنگی وەک

خۆڵە، پیس پێوە دەدا و شوێن و جێگای پێوەدانی زۆر دەخورێ، Phlebotomus ناوی لاتینی ئەم گیاندارەیە، ئاخیرک، ئاخویرک، ئاخورک، ئاخرکە، پینگۆک.

**پێشوو نەوی** (ئان. ل)[پێشوو1 + نەوی] ئەو گیاندارانەی کە دەستیان لە پێیان چووکترە وەک کەروێشک و مشک و کانگۆرۆ، پێشی نەوی :: کەروێشکی پێشوو نەوی.

**پێشهات** (ئان. مف.، نا. ل)[لە: پێش هاتن] رووداو یا مەسەلەیەک کە بە سەر کەسێک دادێ، مەسەلەیەک کە دێتە پێش، رووداو، کارەسات، پێشات.

**پێشە**[1] (نا.)[؟][هەو ـ ئەر] ١ـ بەشی رەقی نێو لەشی گیاندار کە ماسوولکە و گۆشت لە سەری خۆی راگرتوە، ئێسک، ئێسک، هێسک، ئێسقان. ٢ـ ناوک و دەنکی رەقی هەندێک میوە و بەر.

**پێشە**[2] (نا.) بڕ: پیشە

**پێشەخۆرە** (گیان.)[پێشە + خۆر + ئە][ئەر] بڕ: پیرۆزە

**پێشەسەر** (نا. ل)[پێش + ئە + سەر] ١ـ پێشەوەی سەر، شوێنی سەرەوەی نێوچاوان. ٢ـ خشڵێکی زێڕی ژنانە، کە لە سەری دەدەن، پووشین.

**پێشەقان** (نا.) بڕ: پیشک

**پێشەکی** (نا. ل)[پێش + ئەکی] ١ـ پارەیەک کە کڕیار بۆ بەرێوە بردنی سەودا و مەعامڵەکەی بەر لەوەرگرتنی کاڵاکە دەیدا بە فرۆشیار. ٢ـ پارەیەک کە بەر لە کار دەدرێ بە کرێکار. ٣ـ سەرەتای کتێب و نووسراوە. ٤ـ (ئاک. ل) لە پێشدا، بەر لە هەرشتێک، سەرەتا. :: پێشەکی سڵاوی خۆمتان پێشکێش دەکەم. **~ دان:** دانی پارە بە فرۆشیار بەر لە تەواو بوونی سەودا. **~ لێستاندن (لێسەندن):** پارەی پێش لە کەسێک وەرگرتن کە زۆر مەیلی بۆ دانی پێشەکی نەبێ، پێشەکی لێوەرگرتن. **~ لێوەرگرتن:** بڕ: پێشەکی لێستاندن. **~ وەرگرتن:** پارە وەرگرتن لە کڕیار بەر لە تەواو بوونی سەودا.

**پیشەڵ** (نا. ل)[پێش + ئەڵ] لای پێشەوەی لەش. // پاشەڵ.

**پێشەنگ** (نا. ل)[پێش + هەنگ] ئەوەی کە لە پێشەوەی سوار یا کاروان دەڕوا. ٢ـ سەرگەلەی مێگەل. ٣ـ کەس یا گیاندارێک کە لە پێشەوەی هەموان بێ یا پێشەوایەتی بە دەستەوە بێ. :: لەم کاتە دا ... دەبوو خەزاڵ دەگەڵ بێریان

بێ، بێری خەزاڵەشۆڕی مەلا نەبییان پێشەنگ بوو. (لاس و خەزاڵ ل ١٧). & پێشاهەنگ.

**پێشەوا** (ئان. ل، نا. ل)[پێش + ئە + وا1][پەھ: پێشۆپای] کەسێک کە لە پێشەوەی هەموو کەسە و کۆمەڵێک بەڕێوە دەبا و خەڵک پەیڕەوی لێدەکەن، ڕێبەر.

**تێبینی:** مانای وشەکە بە گشتی یانی کەسێک کە پێی لە پێشەوەیە. وا یا وێ بە مانای پێ لە هەندێک وشەی دیکەش دا بەدی دەکردرێ وەک چواروا، چواروێ، گۆروا، گۆرەوی.

**پێشەوایی** (حم.)[پێشەوا + یی] کاری پێشەوا، ڕێبەریی، سەرۆکایەتی. ~ **کردن:** وە ئەستۆ گرتنی پێشەوایی و سەرۆکایەتی، ڕێبەرایەتی کردن.

**پێشەوە** (ئاک. ل)[پێش + ئەوە] فەزا و مەکانی ڕووبەڕوو، لای پێش، بەرەوە.

**پێشی1** (نا. ل)[پێش + ئی] بڕ: پێشوو1

**پێشی2** (گیانـ..)[باک] بڕ: پەخشە

**پێشی نەوی** (ئان. ل)[پێشی1 + نەوی] بڕ: پێشوو نەوی. ⁘ کلک و یاڵ بە ژەنگارە، پاشی بڵندە، پیشی نەوییە/ پەسندە بۆ ڕکێفی هەموو پادشایەک دەبێ، خاڵ خاڵە، گوڵ گوڵییە (سەعید و میرسێوەدین ل ١٩٨)

**پێشیک** (گیانـ.)[پێشی + ک][باک] بڕ: پەخشە

**پێشیلک** (گیانـ.)[پێشی + لک][باک] بڕ: پەخشە

**پێشین** (ئان. ل)[پێش + ئین] ١ـ بەر لە ئێستا، زوو، پێشوو. ٢ـ (نا. ل) کەسی کۆن و بەر لە ئێستا ژیاو.

**پێشینان** (نا. ل)[پێشین + ئان] بڕ: پێشینیان

**پێشینە** (نا. ل)[پێش + ئینە] ١ـ لەمێژینە، کۆن، قەدیمی. ٢ـ کردەوە و چلۆنایەتی کار و دەرس و ژیان کە هەرکەس لە رابوردووی خۆی دا ئەنجامی داوە. ⁘ پێشینەی سیاسی.

**پێشینیان** (نا. ل)[پێشین + یان] ئەو کەسانەی کە بەر لە ئێمە ژیاون، رابوردوان، پێشینان، بەرینان. // پاشینیان.

**پێشێل** (ئان. مفـ.)[پێ1 + شێل (شێلان)] ١ـ وە بن پێ دراو، پێخوست،

پامالّ، پاشێل، پاکوت. ٢ـ فەوتاو. **~ کردن:** ١ـ وەبن پێ دان، پان کردنەوە بە پێ. ٢ـ فەوتاندن. ٣ـ لەبەر چاو نەگرتنی پەیمان و بەڵێن. & پامالّ کردن، پێخوست کردن.

**پێشێلکراو** (نا. مف.)[لە: پێشێل کردن] ١ـ وە بن پێ دراو، پێ رێخراو، پامالّکراو. ٢ـ فەوتاو. ⁘ مافی پێشێلکراوی خۆمان هەر دەستێنین.

**پێغەمبەر** (نا. ل)[پێغەم (پەیام) + بەر7] ١ـ مرۆڤێک کە لە لای خوداوە بۆ رێبەرایەتی مرۆڤ هەڵبژاردراوە و قسەکانی خودا بە خەڵک دەگەیەنێ. ٢ـ پێغەمبەری ئیسلام، حەزرەتی مەحەممەد. ٣ـ کەسێک کە پەیام و قسەی پەیامنێر دەگەیەنێتە کەسێکی دیکە، پەیک، قاسد. ٤ـ (مجـ.) مرۆڤی پاک. & پەیامبەر، پەیغامبەر، پێغەمەر، پێغەممەر، پەیخامبەر، پەیخەمبەر، پەیغەمبەر، پەیغەمەر. **وە بەر ئالآی ~ کەوتن:** (دوعا) وە بەر رەحمەتی خودا کەوتن لە قیامەت دا، دەگەڵ تاقم و دەستەی پێغەمبەر چوونە بەهەشت. ‖ **بە پێغەمبەر:** (سوێند) سوێند خواردن بە پێغەمبەر. ⁘ بە پێغەمبەر من ئەو کارەم نەکردوە! **بە شاڵی پێغەمبەر:** (سوێند) سوێند خواردن و شاڵی پێغەمبەر کە پێیان پیرۆزە. **پێغەمبەری ئاخر زەمان(ێ):** حەزرەتی مەحەممەد. **پێغەمبەری عەرەبی:** حەزرەتی مەحەممەد. **پێغەمبەری ئیسلام:** حەزرەتی مەحەممەد.

**پێغەمبەرایەتی** (حم.)[پێغەمبەر + ئایەتی] کارێک کە پێغەمبەر دەیکا، ئەرک و کاری گەیاندنی قسەی خودا بە خەڵک لە لایەن پێغەمبەرەوە. **داوای ~ کردن:** ئیدعای پێغەمبەرایەتی کردن، خۆ بە پێغەمبەر ناساندن.

**پێغەمبەرزادە** (نا. ل، ئان. ل) [پێغەمبەر + زادە] منداڵی پێغەمبەر.

**پێغەممەر** (نا. ل)[پێغەم (پەیام) + مەر (بەر7)] بڕ: پێغەمبەر

**پێغەمەر** (نا. ل)[پێغەم (پەیام) + ئەر (بەر7)] بڕ: پێغەمبەر

**پێقژک** (گیا.)[پێ + قژک][باک] بڕ: پێمریشکە

**پێقەلە** (گیا.)[پێ + قەل + ئە] گیایەکەی خۆڕسکە، هەتا ٣٠ سانت بەرز دەبێتەوە، گەڵاکانی درێژ و گڕنی گڕنیە، دەخورێ و پتر بۆ ئاش و دۆکڵیو کەلکی لێوەردەگرن و بۆ دەرمانیش دەبێ. Plantago coronopus ناوی

عیلمی ئەم گیایەیە، قازیاخە. (عەر: رجل الغراب)

**پێک** $^{1}$ (پێشـ. ل) ١ـ پێشگری کارە کە لە مانا و شکڵی (بە یەک) کەوتوە. ፨ پێک گەیشتن، پێک دادان، ... ٢ـ (حرف اضافە) بە یەک. ፨ پێک شاد بوونەوە.

**پێـک** $^{2}$ (نـا.)[؟] ئـەندازەیـەک لـە خواردنەوەی مەشرووب، پەیک.

**پێکان** (چا. م) ١ـ لە نیشانە دانی تیر و گوللە و شتی هاویشتراو، ئەنگاوتن، لێدان. ٢ـ (مجـ.) لە مانا و مەبەست گەیشتن، بۆ دەرکەوتنی ناوەرۆک و کاکڵ. ٣ـ (مجـ.) دە داوی ئەوین کەوتن، گیرۆدە بوون.

**تێبینی:** لە زمانی سویدی دا peka بە مانای بە قامک دەست نیشان کردنی کەسێک یا نیشان دانی شتێک بە قامک هاتوە.

**پێکانین** (چا. م)[پێک1 + ئانین] ١ـ بڕ: پێکهێنان. ٢ـ پێکهێنانەوە، ئاشت کردنەوە.

**پێکبڕان** (چا. ل)[پێک1 + بڕان] ١ـ بە یەک گەیشتنی دوو دڵدار، پێک گەیشتن. ٢ـ بڕدران بە قەرا وێنە و ئەندازەیەک.

**پێکبڕین** (چا. ل)[پێک1 + بڕین] ١ـ گەیشتنە یەکی دوو دڵدار. ٢ـ وێنە و مۆدێل دانان لە سەر پارچە یا شتی دیکە بۆ بڕینەوە لە رووی ئەو و یەک ئەندازە بوون.

**پێکدادان** (چا. م)[پێک1 + دا + دان] ١ـ توند لێک دانی دەرکە و پەنجەرە و هەر شتێکی لەم شێوەیە. ٢ـ لێک راکێشان دوو یا چەند کەس لە یەکتر.

**پێکران** $^{1}$ (چا. ل)[پێ + کران] ١ـ توانا و بڕستی کارێک هەبوون، لە توانا دا بوون بۆ کردنی کارێک. ፨ هەر ئەوەندەم پێکرا کە ناوت بنووسم لەوە زیدترم پێنەدەکرا. ٢ـ بە زۆر کارێک پێ ئەنجام دران. ٣ـ ئەتک پێکران، سووکایەتی بە سەر هێنان. ٤ـ هەڵبوونی چرا و ئاگر.

**پێکران** $^{2}$ (چا. ل)[لە: پێکان] وێکەوتنی گوللە و تیر و شتی لەم بابەتە، ئەنگێوران، ئەنگوان.

**پێکراو** $^{1}$ (نا. مفـ.)[لە: پێکران1] ١ـ کەسێک کە ئەتکی پێکرابێ، سووکایەتی پێکراو. ٢ـ ژنی سووک و جڵف.

**پێکراو** $^{2}$ (نا. مفـ.)[لە: پێکران2] گوللە و تیر وێکەوتوو، ئەنگێوراو.

**پێکردن** (چا. م)[پێ3 + کــردن] ١ـ ئەنجام دانی بە زۆری کارێک بە کەسێک. ٢ـ هەڵکردنی چرا و ئاگر و... ٣ـ فـریو دان و سووک کردنی کەسێک بە تایبەت لە باری جنسیەوە، لە خشتە بردنە دەر.

**پێکرا** (ئام.)[پێک1/١ + را] تێکڕا، تێکڕا، بەیەکــەوە. :: ڕۆیشـتن خـۆشــە لەگــەر نازداران/ پێکڕا دانیشـین لە بن هەناران (سێسەد هۆنراوە ل ١٢).

**پێکزانین** (چا. م)[پێک1 + زانین] ناسینەوە و یەکتر دیتنەوەی دوو کەسی ناسـیاو دوای مـاوەیەکی زۆر، یەکتـر ناســینەوە، یەکتر دیتنەوە، پێکگەیشتنەوە.

**پێکگرتن** (چا. ل)[پێک1 + گرتن] بە یەک گرتنی دوو یا چەند شت بۆ دەرکەوتنی درێژایی و ئەندازە. :: ئەو گوریسانە پێک بگرە بزانە کامەیانە درێژترە.

**پێکگەیشتن** (چا. ل)[پێک1 + گەیشتن] ١ـ بە یەک گەیشتنی دوو دڵدار، پێک بران. ٢ـ گەیشتنە یەک لە ڕێگا و ڕێباز یا شوێنێک.

**پێکگەیشتنەوە** (چا. ل)[پێک1 + گەیشتنەوە] بڕ: پێکزانین

**پێکگەیین** (چا. ل)[پێک1 + گەیین] بڕ: پێک گەیشتن

**پێکوتن** (چا. م)[پێ3 + کوتن] قسە و مەسەلە و مەبەستێک بە کەسێک ڕاگەیاندن، پێوتن، پێگوتن.

**پێکوڕە** (گیانـ.)[پێ1 + کوڕ؟ + ە] کوللەی ساوا کە هێشتا باڵی لێنەڕواوە، پاکوڕە، پێڕۆ.

**پێکوڵ** (گیا.)[پێ1 + کوڵ] ١ـ گیایەکی خۆڕسکە کە بە سەر زەوی دا خۆی بڵاو دەکاتەوە و بەرەکەی دڕکێکی سێ سووچە Ttibulus terrestris ناوی لاتینی ئەم گیایەیە. ٢ـ بەری ئەم گیایە کە دڕکێکی سێ سووچی چووکی تیژە زۆر سانا دە پێ ڕادەچێ. & پەیکوڵ

**پێکۆ** (نا. چا)[پێ1 + کۆ2] دروێنەی گیا بەبێ دەسکە سواڵە گرتن و هەر بە دروون و کۆ کردنەوە.

**پێکۆترە** (گیا.)[پێ1 + کۆتر + ە] گیایەکی خۆڕسکە، ریشەکەی سووری ئامـاڵ مۆرە. لە ریشەکەی ماددەیەکی سوور دەست دەخەن کە بۆ دەرمان و ماتیک و عەتر کەلکی لێوەردەگرن، An-chusa tinctoria و Alkana tinctoria ناوەکانی لاتینی ئەم گیایەن،

کاهووکەرانە. (عەر: رجل الحمامە، خس الحمار ـ فار: شنجار، هوەچوبە)

**پێکۆڵ** (نا. چا)[پێ1 + کۆڵ2] کاری پێشوو و سم لە زەوی کوتانی گیاندار، سمکۆڵ. **~ کردن:** پێ لە زەوی کوتان، کۆڵینی خاکی بەر پێ لە کاتی شەڕ و تووڕەیی گیاندار، سمکۆڵ کردن. ⁘ ئەوە کەڵێکی رەشی خڕەیان تێدایە/ پێکۆڵێ دەکا لە هەلاڵێ، لە سومبولێ، لە بەیبوونێ (گەنج ل ٣١٦).

**پێکهاتن** (چا. ل)[پێک1 + هاتن] ١ـ رێک کەوتنی دوو یا چەند کەس لە سەر مەسەلە و بابەتێک. ٢ـ رێک کەوتن لە سەودا و مەعاملە دا. ٣ـ جێبەجێ بوون.

**پێکهاتنەوە** (چا. ل)[پێک1 + هاتنەوە] ١ـ ئاشت بوونەوە. ٢ـ رێک کەوتنەوە.

**پێکهانین** (چا. م)[پێک1 + هانین] بڕ: پێکهێنان

**پێکهەڵپڕژان** (چا. ل)[پێک1 + هەڵپڕژان] ١ـ شەڕی پەلەوەر و باڵندە دەگەڵ یەک. ٢ـ شەڕی مرۆڤ بە چنگان و خۆ پێکدادان.

**پێکهەڵرووسکان** (چا. ل)[پێک1 + هەڵرووسکان] بە گژ یەک دا چوون و بە شەڕ هاتن، وێک هەڵرووسکان.

**پێکهێنان** (چا. م)[پێک1 + هێنان] ١ـ ساز کردن، ئامادە کردن. ٢ـ خوڵقاندن، ئافراندن. ٣ـ جێبەجێ کردن، رێک خستنی مەسەلە و کار یا سەودایەک. ⁘ باران دەبارێ عەرزی دەرشێنێ/ رەحمەت لەو کەسەی دوو دڵان پێکدێنێ (کانی مرادان ل ٦٨). & پێکهانین، پێکانین.

**پێکهێنانەوە** (چا. م)[پێک1 + هێنانەوە] ١ـ ئاشت کردنەوە. ٢ـ رێک خستنەوە. ٣ـ جێبەجێ کردنەوە. ⁘ نارەحەت مەبە بەشکەم خودا کاروبارەکەت پێک بێنێتەوە.

**پێکهێنەر** (ئان. فا)[لە: پێکهێنان] ١ـ خوڵقێنەر، ئافرێنەر. ٢ـ کەسێک کە کارێک، سەودایەک یا دوو کەسان رێک دەخا، دەلاڵ، رێکخەر.

**پێکەروێشکە** (گیا.)[پێ1 + کەروێشک + ە] جۆرێک سێوەڕەیە کە گەلاکانی ورد و چووکە و لە مووچە و مەزرا و دەم جۆگە دەڕوێ، Trifolium arvense ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، سێوەڕەی دەشتی. (عەر: رجل الارنب)

**پێکەفتن** (چا. م)[پێ3 + کەفتن][ئەر]

بڕ: پێکەوتن

**پێکەنین** (چا. ل)[پێ3 + کەنین][ئێک: خەند ـ پەه: خەندەن، خەندییتەن. تات: بێخەندەستەن ـ فار: خندیدن ـ پەش: خەندل ـ لۆر: خەننێسێ. باک: کەنین ـ ناو: پێکەنین، پێخەنین، کەنین ـ هەو: خوای، پەنەخوای] ١ـ کرانەوەی لێوەکان و هاتنە دەری دەنگێک لە گەروو لە خۆشیان یا لە بەر بیستنی گاڵتە، دەربڕینی شادی و خۆشی بە قاقا و کەنین. // گریان. ٢ـ (نا. چا) حاڵەتێک لە مرۆڤ دا کە لەبەر خۆشیی و شادیی پێکدێ و دەم و لێو دەکرێنەوە و دەنگێکی تایبەتی لە گەروو دا پەیدا دەبێ، خەنە. **وه ~ خستن:** بە قسەی خۆش و ئەدا و ئەتوار و شتی لەم بابەتە کەسێک هێنانە سەر پێکەنین. **وه ~ کەوتن:** پێکەنین بە قسە و کرداری کەسێک. || **پێکەنینی تاڵ:** پێکەنینێک لەبەر روداو یا حاڵەتێکی ناخۆش.

**پێکەوتن** (چا. م)[پێ3 + کەوتن] ١ـ هەر خواردن و خۆراکێک کە مرۆڤ پێوەی نارەحەت نەبێ و بۆ لەشی باش بێ. ⁘ پەنیرم پێناکەوێ هەر دەیخۆم لیری دەردەکەم. ٢ـ هەر شتێکی دیکەی جگە لە خواردەمەنی کە مرۆڤ پێی جوان و بە دەماغ بێ. ⁘ ئەو کچە مێردی پێکەوتوە جا چاو چەند جوان بوە. & پێکەفتن.

**پێکەوە** (پێشگ.) بە یەکەوە، دەگەڵ یەک، هاوڕێی یەک. ⁘ با پێکەوە بچینە بازاڕێ. پێکەوە بوون، پێکەوە نوستن.

**پێکەوەنان** (چا. م)[پێکەوە + نان] ١ـ بەستنی کتێب و دەفتەر و هەر شتێکی لەم شێوەیە. ٢ـ ساز کردن، دروست کردن، پێکهێنان. ٣ـ خڕ کردنەوە، کۆ کردنەوە، وە سەر یەک نان. ⁘ نەخۆشەکانی پێش ئێمە وردەوردە کتێبخانەیەکیان پێکەوەنابوو (چێشتی مجێور ل ١٥٦) ماڵ و سامانێکی زۆری بە ماوەیەکی کەم پێکەوەنابوو. ٤ـ قووچاندن. ٥ـ تفەنگ یا تیر بۆ لای یەکتر هاویشتن. ٦ـ بە یەکترەوە نووساندن.

**پێکوتن** (چا. م)[پێ3 + گوتن] بڕ: پێکوتن.

**پێگە** (نا. ل)[پێ + گە] شوێنی ژیانی کۆمەڵێکی کەم لە چەکدار کە ناوچەیەک دەپارێزن یا ئاگاداری لێدەکەن.

**پێگەیاندن** (چا. م)[پێ3 + گەیاندن]

١ـ گەیاندنی شتێکی ناردراوە بۆ کەسی راسپاردە. ∷ نامەکەت پێگەیاند؟ ٢ـ گەیشتنی پێداویستی. ∷ ئاویان پێ نەگەیشتبا لە تینوان دەمردن. ٣ـ بە بەرگەیاندن، گەیاندنە بەر. ∷ سێ ساڵی کێشا هەتا ئەو باغەم پێگەیاند. ٤ـ بەخێو کردن، گەورە کردن. ∷ هەتا ئەو مندالانم پێگەیاند خۆم پیر بووم.

**پێگەیشتن** (چا. ل)[پێ3 + گەیشتن] ١ـ گەیشتنە دەستی شتی ناردراوە. ∷ نامەکەم پێگەیشت. ٢ـ گەیشتنە بەری حاسڵ. ∷ باغەکەم پێگەیشتوە. ٣ـ گەورە بوونی منداڵ و توانای بەڕێوە بردنی خۆ. ٤ـ تووش بوون و گەیشتنە ئاستی کەسێک. ∷ هەر لە رێگا پێیگەیشتم و شەڕەکەم دەگەڵ دامەزراندن. ٥ـ پەی پێبردن، زانین. ∷ ئەوەندەی کە من سەبارەت بە ژیان خوێندوومەتەوە پێیگەیشتووم کە ژیان زۆر خۆشە ئەگەر لێتگەڕێن! ٦ـ باڵغ بوون. & پێگەیین.

**پێگەیشتوو** (ئان. مف.)[لە: پێگەیشتن] ١ـ حاڵی بەر و میوەیەک و هەر شتێک کە گەیشتبێتە بەرهەم و ئامادە بوون. ٢ـ مرۆڤی کامڵ، کەسێک کە گەیشتبێتە بەرهەم و کەماڵ. ٣ـ سەرکەوتوو و بە ئامانج گەیشتوو لە کاروبار و مەسەلەیەک دا. & پێگەییو، پێگەییگ

**پێگەییگ** (ئان. مف.)[لە: پێگەیین] [ئەر] بڕ: پێگەیشتوو

**پێگەیین** (چا. ل)[پێ + گەیین] بڕ: پێگەیشتن

**پێگەییو** (ئان. مف.)[لە: پێگەیین] بڕ: پێگەیشتوو

**پێل** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: شەپۆل

**پێلاف** (نا. ل)[پێ1 + لاف (ئالاو)] [باک] بڕ: پێڵاو

**پێلاقە** (نا. ل)[پێ1 + لاق + ئە] زەربەی بەری پێ، لە کەسێک یا شتێک، پێلەقە، پالەقە، پێن. ~ **پێدادان:** بەری پێ لە کەسێک یا شتێک راکێشان، پێلاقە لێدان، پێلاقە هاویشتن. ~ **لێدادان:** بڕ: پێلاقە پێدادان. ~ **هاویشتن:** بڕ: پێلاقە پێدادان.

**پێلنگ** (نا.)[باک] بڕ: پلیکان

**پێلەک** (نا.)[؟][زا] توور، توورەکە.

**پێلوو** (ئا.)[باک] بڕ: پێڵوو

**پێلووک** (نا.)[باک] بڕ: پلیکان

**پێلەقــە** (نا. ل)[پێ1 + لەقــە] بڕ: پێلاقە

**پێلەکان** (نا.)[باک] بڕ: پلیکان

**پێڵ 1** (نا.)[ئەر] بڕ: پرد

**پێڵ 2** (نا.)[هەو] بڕ: پیل1

**پێـلا** (نا. ل)[پێ1 + لاو (ئالاو)][ئەر] بڕ: پێلاو

**پێــــلاو** (نا. ل)[پێ1 + لاو (ئالاو)] [لۆر: پەهلا. باک: پێــلاف ـ ناو: پێــلاو، پێڵا، پالا] ١ـ شتێکی چەرم یا پلاستیکی دەستساز یا کارخانە کە دە پێی دەکەن، کەوش، قۆندەرە، پیتاف، پێتاف، سۆل. ٢ـ (کنـ.) مرۆڤی هیچ و بێنرخ، سـووک، چرووک. **~ لە شــوێنێک کــردنەوە:** (کنـ.) دامــەزران و سـەقامگیـر بوون لە شـــوێنێک. **~ ی غــــەریبی بردنە شوێنێک:** شوێنێک کە لە غەریبایەتی دا رووی تێـدەکـرێ. ⁂ ئەو دەیگوت: رۆڵە چوونکی پێلاوی غەریبیت هێناوەتەوە ئەو شـارە/ ئەوە چوونکی پێلاوی غـەریبیت هێنـاوەتە مـاڵەکـەی من/ ئەوە سـبـەینێ چایخـانـەیەکت بۆ دەگـرم بە ئـیـجـارە (سـەعید و میـرسـێوەدین ـ سروە ٧٢ ل ٤٢). **~ ی غـەریبی لە ( لای کەسێک یا لە شوێنێک) کردنەوە:** یەکەم شوێن یا مــاڵێک لە غــەریبــایـەتی دا کــە لێی سـەقامگیر دەبن، سـەرەتای ناسیـاوی لە غەریبایەتی دا، پێتاوی غەریبی کردنەوە. ⁂ چومکە پێـلاوی غــەریبـیم لە کن تۆ کردەوە، لە کن تۆ بوومـەوە بە میوان و بە پەنهانە (سـەعید و میرسـێوەدین ل ٩٩). **~ ی کەسێک لە سەر چاو (یا لە سەر سـەر) دانان:** (کنـ.) زۆر رێز گــرتن لە کـەسـێک لە کـاتی بە خـێـر هێنان یان مـالاوایی. ⁂ دەیگوت خـەجێ خـۆ من بە زۆریم نەهێـناوی، پێـلاوت لە سـەر چاوم، بگەڕێوە دواوە (گەنج ل ٣٣٣).

**پێڵوو 1** (ئا.)[لۆر: پیلە ـ فار: پێلک ـ دەر: پـیلـک. باک: پـەلـک، پێـلـوو ـ نـاو: پێڵوو، پێڵە پەلک] پێستی دەوراندەوری چاو کـــە چاو دادەپۆشـن و مـــژۆڵ لە لێوارەکانی رواوە، پەلکی چاو. || **پێڵووی سـەر(ێ):** پێـسـتی سـەرەوەی چاو کـە دەجووڵێتەوە. **پێڵووی خوار(ێ):** پێستی خوارەوەی چاو کە جووڵەی نیە.

**پێڵوو 2** (گیـا.) درەختێکی دڕکاویی چرە گوڵەکانی سپی چووکی هێشووین. بەرەکەی وەک ترێ وایە و رەنگ زەردە کە دەخــــورێ و بۆ دەرمـــــانیش کـــەلکی لێوەردەگرن. لە لک و ریشەی ئەم دارە بۆ سیواک کەلکیان وەردەگرت و ئێستاکەش

وەک سوننەت و دیاریی باوی ماوە، Salvadora persica ناوی لاتینی ئەم دارەیە، مسواک، درەختی سیواک، دارسیواک، چێوسیواک (عەر: اراک، شجرەالسواک).

**تێبینی:** ئەم وشەیە تەنیا فەرهەنگی مەردووخ نووسیویەتی. هاوریشەکەی لە فەرهەنگەکانی فارسی دا بە پیلو (پیلوو) نووسراوە.

**پێڵە** 1 (نا.) بڕ: پێڵوو

**پێڵە** 2 (نا.) بڕ: پیلە3

**پێڵە** 3 (گیانـ..)[؟] رەشەوڵاخێکە کە شاخی بۆ لای چەنەی هاتبێتەوە (خاڵ ب ١ ل ٢٥٩).

**پێڵەوار** (نا. ل)[پێڵ (پیل) + وار] بڕ: پیلەوار

**پێمریشک** (گیا.)[پێ + مریشک] [باک] بڕ: پێمریشکە

**پێمریشکە** (گیا.)[پێ + مریشک + ئە] گیایەکی بەهاریی لقلقە لە چنگی مریشک ئەچێ (خاڵ ب ١ ل ٢٦٠) گیایەکی بەهارییە گەڵای وەکوو پێی مریشک پەڕەدارە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٧٦)، چنگەمریشکە، پێمریشک، پێقژک. Cynodon dactylon ناوی لاتینی ئەم گیایەیە. (عەر: رجل الدجاج)

**پێموورە** (نا. ل)[پێ1 + موورە (مووروو1)] بڕ: پاموورە

**پێمەرد** (نا. ل)[پێ1 + مەرد] ١ـ نیوبژیکەر، یاریدەدەر. ٢ـ خزمەتکار. ٣ـ فریشتەی گیان کێشانی مرۆڤ، گیانکێش، عیزرائیل، پێمەردی میران. & پێمێرد. || **پێمەردی خودا (خولا):** فریشتەی گیان کێشان، پێمەردی مەردان، عیزرائیل. **پێمەردی میران:** فریشتەی گیان کێشان، عیزرایل. ⁘ مەگەر بە دیتنی مەرزینگان ئەو خەم و پەژارەیە لە من ببێ بڵاوە / دەناوە بزانن پێمەردی میرانم لە سەرە، گیانی شۆڕمەحموودیان کێشاوە (شۆڕمەحموود ل ٧١). ماچێکم لە کۆڵمێکە ناسک دەرێ با پێمەردی میران نەڵێن: لاس زەخیرەی قیامەتی پێ نییە (لاس و خەزاڵ ل ١٧٦).

**پێمەرە** (نا. ل)[بڕ: بێڵ][پێ1 + مەڕ2 + ئە] ئامرازی هەڵکەندنی زەوی و راگوێزتن و هەڵگرتنی کۆما شتی دیکە، کە بریتیە لە دەسکێکی درێژی چێوی و ئاسنێکی پان و ساز کراو کە هەندێک

جار بۆ هەڵکەندن کوتە دارێکی بە ناوی ئەسپەرە تێدەخەن، پامەڕە.

**تێبینی:** پێمەڕە هەروەکی نووسراوە لە [پێ + مەڕ] پێکهاتوە و خودی مەڕ بە مانای بێڵ ـ ە (بڕ: بێڵ). پێمەڕە چوونکە ئەسپەرەی پێوەیە و بە پێ دادەگرتێ ئەو ناوەی لێنراوە.

**پێمەلە** (نا. ل)[پێ1 + مەلە] جۆرێک مەلە کە بە وەستان لە قووڵایی دا و جووڵاندنەوە پێ ئەنجام دەدرێ بۆ قووم نەبوون، پامەلە، مەلەپێیە، مەلەپایە. ⁙ بنوارە وشکە سۆفی و رەقسی بە هەلهەلە/ دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتۆتە پێمەلە (نالی ل ٤٦٦).

**پێمێرد** (نا. ل)[پێ1 + مێرد] بڕ: پێمەرد. || **پێمەردی خودا (خولا):** فریشتەی گیان کێشان، پێمەردی مەردان، عیزرائیل. ⁙ جا ئەودەمی شوکرانەبژێرم، ئەگەر پێمێردی خولام بێنە سەرێ بۆ گیان کێشانێ. (مان ل ٧٥). ئەوە ئەستێرێک هەڵدێ قەت ئاوا نابێ/ پێمێردی دە خودای سواران قەت پیادە نابێ (کانی مرادان ل ١٩٤).

**پێن** (نا.)[باک] لەقە، شەپ، پێلاقە. بڕ: پین

**پێنازان** (چا. م)[پێ3 + نازان] بڕ: پێنازین

**پێنازین** (چا. م)[پێ3 + نازین] شانازی پێوە کردن، بە زۆر دانانی کەسێک، پێنازان، پێوەنازین. ⁙ چونکە باوکی ئاغایە زۆری پێدەنازێ.

**پێناس** (نا. ل)[پێ3 + ناس] بەڵگە و کاغەزێکی نووسراو، کە ناو، ساڵی لە دایک بوون و ئاگاداری لە مەڕ کەسێکی تێدا نووسراوە و لە لایەن دەوڵەت یا یانەیەکەوە مۆر کراوە، ناسنامە، پێناسە.

**پێناساندن** (چا. م)[پێ3 + ناساندن] دوو کەسی نەناسیاو دەگەڵ یەک ئاشنا کردن.

**پێناسە** (نا. ل)[پێناس + ئە] بڕ: پێناس

**پێناو** (نا. چا)[پێ1 + ناو (نیان)] ١ـ خاتر، هۆ. ⁙ لە پێناو تۆ دا من دەگەڵ ئەم پیاوە دوژمنایەتی دەکەم. ٢ـ رێگا، رێباز. ⁙ جەماوەرەکە هەموو سوێندیان خوارد کە لە پێناوی ئایینی خۆیان دا، لە پێناوی نیشتمانی باب و باپیرانیان دا سەری خۆیان دابنێن (دمدم ل ٢٧٢). ٣ـ کەسێک کە دە نێوانی دوو دڵدار دا هات

و چۆ دەکا و قسەکانیان بۆ یەک دەبا. ؛؛ مانگەشەو خۆشە دەیدا لە ئاویَ/ دوو دڵی خۆشەویست پێناویان ناویَ (فۆلکلۆر ل ١٦٢). **دە(لە) ~ نان:** بەخت کردنی گیان یا ماڵ یا شتێکی گرانبایی لە ڕێگای کەسێک دا. ؛؛ دەڵێ: « برام چوو، ئەو کۆرپەی ماوە/ دەیبەم بەخێوی دەکەم، هەموو ماڵی خۆمی دەنێم دە پێناوە (مان ل ١٤١). سەر و گیانم دە پێناو تۆ دەنێم.

**پێناودار** (ئان. فا)[پێناو + دار2] ئاز و بەزە، مشکڵۆزمە، ئۆباڵ لە ئەستۆ. **~ بوون:** مشکڵۆزمە بوون، ئۆباڵ لە ئەستۆ بوون. ؛؛ دەیکوت ئەو کەسانە پێناودارمان بن ئەگەر گوێیان لە دەنگمانە/ ئەگەر بە جووت نەماننێژن لە سەر ئەو چاردە ڕێیانە (گەنج ل ٣٤٢).

**پێنج** (ژ.)[هیک: پەنچە ـ ئێب: پەنچە ـ ئەو: پەنچە ـ سوغ: پەنچ ـ پەه: پەنچ، پەنج. بەل: پەنچ ـ فار: پنج. باک: پێنج ـ ناو: پێنج، پەنج ـ هەو: پەنج ـ زا: پۆنژ، پۆنج، پانج، پانژ، پانز، پاژ] ژمارەی نێوان چوار و شەش، ژمارەی ٥. || **پێنج ڕۆژەی تار:** بڕ: پەنجەی تار. **پێنجەی تار:** بڕ: پەنجەی تار

**پێنجبەردە** (نا. ل)[پێنج + بەرد + ئە] کایە و یاریی کێژۆڵان کە بە پێنج بەرد دەکرێ، بازەڵێن، پێنج بەرک، پێنجۆک.

**پێنج بەرک** (نا. ل)[پێنج + بەر4 + ک][باک] بڕ: پێنج بەردە.

**پێنجتیر** (نا. ل)[پێنج + تیر] تفەنگ و دەمانچەیەک کە پێنج گوللە بخوا.

**پێنج خشتەکی** (نا. ل)[پێنج + خشت + ئەک + ئی] شێعرێک کە هەر بەندێکی لە پێنج میسرەع پێکهاتبێ. (عەر: مخمس)

**پێنجدەریی** (نا. ل)[پێنج + دەر + ئی] ژوور یا تەلارێکی گەورە کە پێنج پەنجەرەی لە ریزێکەوە تێدابێ.

**پێنج ڕۆژەی تار** (نا. ل)[پێنج + ڕۆژ + ئەی + تار] بڕ: پەنجەی تار

**پێنجشەم** (نا. ل)[پێنج + شەم] بڕ: پێنجشەمبە

**پێنجشەمبە** (نا. ل)[پێنج + شەمبە] ڕۆژی شەشەمی حەوتە، ڕۆژی بەر لە هەینی، پێنجشەم، پێنجشەم، پێنجشەممۆ، پێنجشەممە، پێنجشەمۆ، پێنجشەمە.

**پێنجشەممۆ** (نا. ل)[پێنج + شەممۆ]

بڕ: پێنجشەمبە

**پێنجشەممە** (نا. ل)[پێنج + شەممە] بڕ: پێنجشەمبە

**پێنجشەمۆ** (نا. ل)[پێنج + شەمۆ] بڕ: پێنجشەمبە

**پێنجشەمە** (نا. ل)[پێنج + شەمە] بڕ: پێنجشەمبە

**پێنجگا** (مۆس.)[پێنج + گا] جۆرە مەقام و ئاوازێکی کوردیی و ئێرانی.

**پێنجگۆشە** (نا. ل)[پێنج + گۆشە] هەر شکڵێکی هەندەسی کە پێنج سووچ و گۆشەی هەبێ.

**پێنج وەختە** (نا. ل)[پێنج + وەخت + ئە] هەموو ئەو کاتانەی لە ماوەی شەو و ڕۆژێک دا نوێژی تێدا دەکردرێ. بە پێی بیر و باوەڕی سونیەکان ڕۆژێ پێویستە پێنج کات نوێژ بکردرێ. ::: پێنج وەختە لە بەر خـــودا بۆت دەپاڕێمـــەوە لەو نەخۆشییە ڕزگاریت بێ.

**پێنجۆک** (نا. ل)[پێنج + ئۆک][باک] پێنج بەردە، بازەڵێن.

**پێنجـــووم** (ژ.)[پێنج + ئووم] بڕ: پەنجەم

**پێنجوومی** (ژ.)[پێنجووم + ئی] بڕ: پەنجەم

**پێنجوومین** (ژ.)[پێنجووم + ئین] بڕ: پەنجەم

**پێنجە** (ژ.)[باک] بڕ: پەنجا

**پێنجەم** (ژ.) بڕ: پەنجەم

**پێنجەمی** (ژ.)[پێنجەم + ئی] بڕ: پەنجەم

**پێنجەمین** (ژ.)[پێنجەم + ئین] بڕ: پەنجەم

**پێنجی** (ژ.)[باک] بڕ: پەنجا

**پێندر** (نا.)[زا] بڕ: پەنیر

**پێنواندن** (چا. م)[پێ3 + نواندن] نیشان دان، پێ نیشان دان.

**پێنووس** (نا. ل)[پێ3 + نووس] ئامرازی نووسین، قەڵەم.

**پێنەزان** (ئان. فا)[لە: پێ نەزانین] کەسێک کە چاکە و ئەمەگی دە چاو دا نەبێ، سپڵە. ~ **بوون:** نرخ و ڕێز دانەنان بۆ چاکە، چاکە و ئەمەگ دە چاو دانەبوون، سپڵە بوون.

**پێنەزانین** (چا. ل)[پێ3 + نە + زانین] ڕێز و نرخ دانەنان بۆ چاکە و کردەوەی جوامێرانەی کەسێک، سپڵە بوون.

**پێنەزانیی** (حم.)[پێنەزان + ئیی] سپڵە و پێنەزان بوون، سپڵەیی.

**پێو** (ر.)[لە: پێوان] ١ـ رەگی چاوگی پێوان. ٢ـ دوای ناو دێ و مانای پێوەر دەدا. ∷ گەنم پێو، زەوی پێو

**پێوابوون** (چا. م)[پێ3 + وابوون] گومان کردن، بە خەیاڵ داهاتن، ئیمکان هەبوون. ∷ تۆ پێتوایە ئەوساڵ زستانێکی سەختمان دەبێ بەڵام من پێموانیە.

**پێوار** (نا.)[؟] نادیار، شاراوە، غەیب، پەنهان. ∷ داد جە هەوای شووم بەد ستارەی من/ هەر نەو گوڵاڵەی من نە پێوارەن (مەولەوی ل ٦٩). وا رەوی مژ لەبەر ئەو پێوارە/ گەش و روون بوونەوە بەو دیدارە (بۆ کوردستان ل ١١١).

**پێواز** (نا. ل)[پێ1 + واز (باز2)] بڕ: پێباز

**پێوان** (چا. م)[ئێک: پەتیما ـ ئەو: پەئیتیما ـ پەه: پەتموتەن. باک: پیڤین، پەیڤین ـ ناو: پێوان ـ زا: پەیماوتش] ١ـ ئەندازە گرتنی درێژایی (بە بست، بە گەز یا شتی دیکەی لەم بابەتە). ٢ـ بەراورد کردنی رادە بە پێوانە و دەفر. ٣ـ بڕینی رێگا. ∷ هەر دەپێوم کێو و شاخ و چۆڵ و دەشت/ دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت (ناڵەی جودایی ل ٢٣).

**پێوانە** (نا. ل)[پێوان + ئە] ١ـ دەفرێک بە ئەندازەیەکی تایبەتی و دیاریکراو کە هەندێک شتی ئاوەکی یا وردی پێ ئەندازە دەگرن، پەیمانە. ٢ـ (مجـ.) مەحەک، معیاری قسە و کارێک، پێودان. **~ کردن:** دەغڵ و دان بە پێوانە و ئەژمار هەڵسەنگاندن.

**پێوتن** (چا. م)[پێ3 + وتن] بڕ: پێکوتن.

**پێور** (نا.)[هس: پێروو] ١ـ کۆمەڵە ئەستێرەیەکی یەکجار زۆر شەوانە بە ئاسمانەوە وەک پەڵە هەورێکی سپی و رووناک دیاری دەکا، تەم (عەر: السدیم ـ فار: ستارگان سحابی]

**پێورچە** (گیا.)[پێ1 + ورچ + ئە] گیایەکی کوێستانییە گەڵای وەک کاهوو وایە وڵاخ ئەیخوا (خاڵ ب ١ ل ٢٦٢). (عەر: رجل الدب ـ ئین: Bear´s paw)

**پێورە** (گیا.)[؟] ئاخر بەری وێنجە کە تەواو بەرز نابێتەوە و کورتەباڵایە، پێورەوێنجە.

**پێورەوێنجە** (گیا.)[پێورە + وێنجە]

بڕ: پێوره

**پێوشوێن** (نا. ل)[پێ + و + شوێن] پەی، سوراغ، شوێن. **~ گرتن:** وه شوێن کەسێک کەوتن، وه دوو کەوتن، سوراغ گرتن. **~ هەڵگرتن:** وه شوێن و سوراغی کەسێک کەوتن کە خۆی له ئارا دانیه (وەک راکردن، ون بوون) بەڵام شوێن و ئاسەواری بەجێ ماوه. ⁂ شوێن پێی دز هەڵگرتن.

**پێوقەدەم** (نا. ل)[پێ1 + و + قەدەم] قەدەم و هەنگاوێک کە بەخت و خۆشی یا بەدبەختی و ناخۆشی پێوه بێ. ‖ **پێوقەدەمی باش:** بڕ: پێوقەدەمی پیرۆز. **پێوقەدەمی پیرۆز:** بڕ: پێوقەدەمی پیرۆز. **پێوقەدەمی پیس:** بڕ: پێوقەدەم پیس. **پێوقەدەمی خێر:** بڕ: پێوقەدەمی پیرۆز. **پێوقەدەمی رەش:** بڕ: پێوقەدەم پیس.

**پێوقەدەم باش** (ئان. ل)[پێوقەدەم + باش] بڕ: پێ و قەدەم پیرۆز

**پێوقەدەم پیرۆز** (ئان. ل)[پێو قەدەم + پیرۆز] کەسێک کە بچێته هەر شوێنێک خۆشی و بەختەوەریی دەگەڵ خۆی دەبا. خۆش قەدەم، قەدەم خێر، پێوقەدەم باش. پێوقەدەمی خێر. // پێوقەدەم پیس

**پێوقەدەم پیس** (ئان. ل)[پێوقەدەم + پیس] کەسێک کە بچێته هەر شوێنێک بەڵا و بەدبەختی دەگەڵ خۆی دەبا، بەد قەدەم، پێوقەدەم رەش، پێوقەدەمی پیس، پێوقەدەمی رەش. // پێوقەدەم پیرۆز.

**پێوقەدەم رەش** (ئان. ل)[پێوقەدەم + رەش] بڕ: پێوقەدەم پیس

**پێوه** (پێشـ.)[پێ + وه] پێشگری لێکدراوی کرداره بە مانای بە ... وه. **~ بەند بوون:** وەستان، پێوه گیر بوون، پێوه راوەستان. ⁂ گەلێک زەریف و هێدی و ئەهوەنده/ بەدەن دارمێخەک، گوڵ پێوەبەنده (بارام و گوڵندام ل ٥٥). **~ خەریک بوون:** مەشغووڵ بوون بە کار و مەسەلەیەکەوه. ⁂ دەمێکه بە کتێبێکەوه خەریکم و هێشتا بۆم تەواو نەبوه. **~ دیار بوون:** دەرکەوتن و ئاشکرا بوونی چلۆنایەتی و حاڵەتێک له رواڵەت دا. ⁂ ماندوویەتی پێوه دیاره. ئەرێ رەنگی حەمامم پێوه دیاره؟ **~ گیر بوون:** پێوه بەند بوون، گیر بوون شتێک بە شتێکی دیکەوه.

**پێوەبوون** (چا. ل)[پێوه + بوون] ١ـ تووش بوون، بە کارێکەوه گرفتار بوون. ٢ـ له داو کەوتن، ئەسیر بوون. ⁂ تەپکەم داناوه، دوو چۆلەکەی پێوه بوو. ٣ـ

خاوەن بوون، هەبوون. ⁘ ئەو دارە چ بەری پێوە نیە. ٤ـ خەریک بوون، لە فکر دابوون، بە تەما بوون، ویستن. ⁘: لە مێژە پێوەم سەرێکتان بدەم بەڵام باوەڕ بکەن وەختم نەبوە.

**پێوەچوون** (چا. ل)[پێوە + چوون] ١ـ فەوتان و لە بەین چوون بە هۆی کەسێک یا شتێکەوە، پێوە رۆیشتن. ⁘ گیشەی کاک رەحمان ئاوری گرتبوو کەچی ماڵی منیشی پێوەچوو. ٢ـ چوونە ماڵە کەسێک و دیاری بۆ بردن کە تازە ماڵی دانێ، یا ژنی هێنابێ...

**پێوەدان** (چا. م)[پێوە + دان] ١ـ گەزتنی گیانلەبەری ژارداری وەک مار و دووپشک و زەرگەتە یا مێشوولە و گیانداری دیکە. ⁘ پێوەدان لە وزەوز خۆشترە. ٢ـ چزاندن، تەمبیە کردن و سزا دانێکی توند. ٣ـ هەڵقورینجاندن، نقورچ لێگرتن. ٤ـ داخستنی دەرگا و پەنجەرە. ٥ـ شتێک بە شوێنێکەوە نان، پێوە لکاندن. ⁘ نانەکەی پێوە دە! ئەوساڵ قورم پێوە داوە.

**پێوەربوون** (چا. ل)[پێ3 + وەر + بوون] ١ـ کۆ بوونەوەی بەربڵاوی گیانلەبەر و مرۆڤ لە شوێنێک یا لە شتێک. ⁘ کوللە بە مەزراوە وەر بوون و چیان نەهێشت. ٢ـ لێک بڵاو بوون و لێک پرژانی شتی وردە.

**پێوەرکردن** (چا. م)[پێ + وەر + کردن] پرژاندن و بڵاو کردنی شتی ورد، پێدا کردن. ⁘ گەنمەکەم پێوەر کردوە. خوێی پێوەر کە.

**پێوەرۆیشتن** (چا. ل)[پێوە + رۆیشتن] ١ـ بڕ: پێوە چوون/١. ٢ـ پتر هەڵوەشان و دڕانی شتی درواو و چنراو لەبەر هەڵوەشانەوە و دڕانی شوێنێک. ⁘ دایە ئەو سەردەستەم ئەگەر بۆ نەدروویەوە پێوەی دەڕوا و کەلکی نامێنێ!

**پێوەکردن** (چا. م)[پێوە + کردن] ١ـ تووشی کێشە و گرفتاری کردن. ٢ـ ئەسیر کردن، بە زیندان دان. ٣ـ دەزوو و بەن و هەر هەودایەک لە نێو شتێکی دیکە نان. ⁘ دەزووم پێوە کرد، مووررووی پێوەکە! ٤ـ لە شیش دان ⁘ ئەو پلە گۆشتانە دەگەڵ دوو باینجانان پێوە کە!

**پێوەگرتن** (چا. م)[پێوە + گرتن] لە بەرابەر راگرتن، بەر گرتن. ⁘ پەردەی پێوە گرە

**پێوەلکان** (چا. ل)[پێوە + لکان] بڕ:

**پێـــــوەن** (نا. ل)[پێ1 + وەن] بڕ: پێوەند/١

**پێوەنازین** (چا. ل)[پێوە + نازین] بڕ: پێنازین

**پێــوەنان** (چا. م)[پێـوە + نان] ١ـ لێ زیاد کــــردن، درێژتر کـــــردنەوە. ⁂ قـسـەیەکی چووک ببـیـسێ دوو هێندەی پێـــوە دەنێ و دەرخـــواردمـــان دەدا. ٢ـ هـەڵکردن و پێکردنی ســـۆبە، کـــووره، سـەمـاوەر و ... ٣ـ لێ جـووت کـردن. ٤ـ تەقە لێکردن، تیر بە کەسێکەوە نان. ٥ـ لە شـتـێک قـایم کـردن. ⁂ دەسـتـی بە دیوارەوە نابوو و راوەستابوو.

**پێــوەند** (نا. ل)[پێ1 + وەند (بەند)] ١ـ زنجـیـر و بەندێکی درێژ کـە پێـیـەکی وڵاغی بـەرزەی پێ دەبـەســـــتنەوە هـەتا بلـەوەڕێ و دوور نەکـەوێتـەوە، پێـوەن، کۆستەک، پاشبەند. ٢ـ نزیکایەتی و پێوە لکانی دوو یا چەند کەس دەگەڵ یەکتر. ٣ـ هۆ و نزیکـایەتی کـار، مـەســەلە بە کەسێک یا بە کارێکی دیکەوە. ٤ـ تەمای پێکەوە ژیان، زەماوەند.

**پێــوەندیی** (حم.)[پێـوەند + ئیی] ١ـ نزیکایـەتی و پێـوە لکانی دوو یا چەند کـەس دەگـەڵ یەکـتـر. ٢ـ بەین، نێـوان. **~ بە یەکەوە گرتن:** دوو یا چەند کەس کـە هـەواڵی یـەکـتـر دەپرسن و بـەینیـان دەگــەڵ یەکــتــر هـەیە. **~ بە یەکــەوە هەبوون:** بەین و نێـوان دەگـەڵ یـەکـتـر هـەبوون، لە پێـوەندیی دەگــەڵ یەکــتــر دابوون. ⁂ من و کـەریم چ پێوەندییمـان بە یەکـــەوە نیــــە. **~ پچـــڕان:** ١ـ هـەڵبـــڕانی نێـــوان و پێـــوەندیی. ٢ـ هەڵبڕانی خـەتی تەلەفۆن لە کـاتی قسـە کــردنی دوو یا چەند لایەن. **~ پێــوە گرتن:** دەگەڵ کـەسـێک قـسـە کـردن و ئاگـادار کردنـی لە حاڵ و مـەسـەلەیەک. **~ هـەبـوون:** ١ـ بـەیـن هــەبــوون. ٢ـ ئیمکانی تەماس و پەیوەندیی هەبوون. **لە ~ پێـوەندیی دەگـەڵ یەکـتـر دابوون:** دەگـەڵ یەک نێـوان هـەبوون و لە حـاڵ و کاری یەکتر پرسین و ئاگادار بوون.

**پێوەنووسان** (چا. ل)[پێوە + نووسان] ١ـ لکان بە هۆی مـــادەی چەســـــپی. پێــــوەلکان. ٢ـ توند پێـــــوەلکان یا پێوەلکاندنی شتێک بە شتێکی دیکەوە، بە خـۆوە گـرتن. ⁂ وەک قـڕنوو پێـوەم نووسـابوو. ٣ـ تووشی نەخـۆشی و ئاهۆ بوون. ⁂ نەخـۆشـیـیـەکی پیـسم پێـوە نووساوە.

**پێوەهاتن** (چا. م)[پێوە + هاتن] ١- شانس و بەخت لە کار و کردەوەیەک دا هەبوون. ∷ سمێڵ تاشینم پێوە نایە، هەرکات دەیتاشم بەڵایەکم بەسەر دێ. ٢- بۆ سەر دان و باروبوو کردنی تازەماڵ هاتن. ∷ سبەی لە ماڵم قەرارە ماڵە مامم پێمانەوە بێن.

**پێویس** (نا. ل)[پێ3 + ویس] بڕ: پێویست

**پێویست** (نا. ل)[پێ3 + ویست] ١- لازم، واجب. ٢- نیاز، ویست. & پێویس، پێداویست. **~ بوون:** واجب بوون، لازم بوون. **~ کردن:** واجب بوون، پێویستی پێ هەبوون. ∷ کارەکان جێبەجێ بوون ئیدی پێویست ناکا تۆ بێی.

**پێویستن** (چا. م)[پێ3 + ویستن] ١- خایاندن، کێشان، پێچوون. ∷ زۆری پێدەوێ هەتا ئەو مندالانە گەورە دەبن. ٢- لازم بوون، پێویست بوون. ∷ دەلیلی چاک و پاکی پێدەوێ وەسڵی روخ و زولفی/ خودا شادی بە شانەی دا، سەفای جەننەت بە ئاوێنە (وەفایی ل ١٤٦).

**پێویستیی** (حم.)[پێویست + ئیی] نیاز، ئیحتیاج، پێداویستیی. **~ پێ هەبوون:** نیاز بە شتێک یا کەسێک هەبوون. ∷ پێویستییم بە دووسەد تمەن هەبوو کەس نەبوو بمداتێ.

**پێوێران** (چا. ل)[پێ3 + وێران] ١- دەرەقەت هاتن، توانایی هەبوون. ٢- دەرەقەتی کەسێک یا تاقمێک هاتن لە شەڕ دا. ٣- توانایی بەرابەریی کردن دەگەڵ کەسێک لە کێبەرکێ یا قسەزانی و ... دا.

**پێهن** (نا.)[باک] بڕ: پین

**پێهەلاکوتن** (چا. م)[پێ3 + هەڵ + ئا3 + کوتن] بڕ: پێهەڵکوتن

**پێهەلاواسین** (چا. م)[پێ3 + هەڵاواسین] بڕ: پێهەڵواسین

**پێهەڵپڕژان** (چا. ل)[پێ + هەڵپڕژان] ١- پرشکی ئاو و قوڕاوی قوڵکە و چاڵان بە سەر جل و بەرگی، پێ هەڵپڕژان. ∷ ماشێن وا بە توندی هات هەموو ئەو بەفر و قوڕاوەی پێ هەڵپڕژاندین. ٢- خۆ پێدادانی پەلەوەر و گیانداری چووک. ∷ کەڵەبابەکە هەر چاوی پێمکەوت پێمهەڵپڕژا.

**پێهەڵپژان** (چا. ل)[پێ3 + هەڵپژان] بڕ: پێ هەڵپڕژان

**پێهەڵپەسارتن** (چا. م)[پێ3 + هەڵ + پەسارتن (سپاردن)] بڕ: پێ هەڵپەساردن

**پێهەڵپەساردن** (چا. م)[پێ3 + هەڵ + پەساردن (سپاردن)] ئامراز و شتی درێژی وەک پەیژە و چەڵەگە و ... بە درێژایی بە دیوار یا بە شوێنێکەوە نان بۆ ڕاگرتنیان، پێهەڵپەسارتن، پیاهەڵپەساردن. ∷ وەرە یاریدەم بدە ئەو ئاڵوودارانە بە دیوارەوە هەڵپەسێرین.

**پێهەڵچوون** (چا. ل)[پێ3 + هەڵچوون] جۆرێک وە سەر کەوتنە کە پتر بۆ چوونە سەر دار یا بەرزاییەکی لەم چەشنە کە دار یا دارتێل لە باوەش دەکردرێ و بە پێ لە شوێنێکی چەقاندن خۆ هەڵدەکشێننە سەر، پیاهەڵچوون.

**پێهەڵڕووسکان** (چا. ل)[پێ3 + هەڵڕووسکان] چوونە سەر دیوار و بەرزاییەکی لەم چەشنە بە پەنجە و پێ لە دیوار گیر کردن.

**پێهەڵکاڵان** (چا. ل)[پێ + هەڵکاڵین] ئێرەیی بە کەسێک بردن، بە حەسوودیی قسە کردن، پێهەڵکاڵین.

**پێهەڵکاڵین** (چا. ل)[پێ + هەڵکاڵین] بڕ: پێهەڵکاڵان.

**پێهەڵکوتن** (چا. م)[پێ3 + هەڵ + کوتن] تەعریف کردن و بە باشی باس کردنی کار و کردەوەیەک، دیمەنێک یا قەد و باڵای کەسێک، پێهەڵاکوتن. ∷ لە زەماوەند شایەر بە هەرکەس هەڵبڵێ شاباشی لێوەردەگرێ.

**پێهەڵگرتن** (چا. م)[پێ3 + هەڵگرتن] شتێک بە زۆری بە کەسێک هەڵگرتن.

**پێهەڵگەڕان** (چا. ل)[پێ3 + هەڵگەڕان] ١ـ وە سەر کەوتن لە خوارەوە بەرەو سەر، چوونە سەر لە کێو و بەرزایی. ٢ـ جڕ و جانەوەر کەوتنە لەش. ∷ ئەسپێم پێهەڵگەڕاوە. لەو مێرووڵانە نزیک مەبەوە پێتهەڵدەگەڕێن. & پیاهەڵگەڕان.

**پێهەڵمیزتن** (چا. ل)[پێ3 + هەڵ + میزتن] بە پێوە میز بە سەر تاپێی کەسێک داکردن، لە سەرڕا میز بە شتێک داکردن، پێهەڵمیزین، پیاهەڵمیزتن، پیاهەڵمیزان، پیاهەڵمیزین.

**پێهەڵمیزین** (چا. ل)[پێ3 + هەڵ + میزین] بڕ: پێهەڵمیزتن

**پێهەڵواسین** (چا. م)[پێ3 +

هەڵواسین] هەڵواسینی شتێک بە شتێکی بەرز دا، پێهەڵاواسین، پیاهەڵواسین.

**پێین** (ئاک. ل)[پێ1 + ئین] خوار، لای خوارەوە، لای خوارەوەی پێ. ⁙ فەقییانم بۆ بێننە پێینێ، مەلایانم بێننە سەرینێ/ بە دەنگی خۆش لە بۆ منی ماڵوێران بخوێنن یاسینێ (گەنج ل ٢٢٢) پێلاقێکم دادەوە بە سەرینێ/ ئەویدیکەم دادە بە پێینێ/ بلێ ئامۆزا سیامەند گۆڕغەریبەکەی من ئەوەتانێ (گەنج ل ٣١٤).

# ت

**ت ـ** چوارەمین پیتی ئەلفوبێی کوردیی کە لە وشە دا بە چوار جۆر خۆ دەنوێنێ ( تـ ، ـتـ ، ـت، ت)(تاڵ، ئەستێرە، بست، پەت). ناوی ئەم پیتە " تێ " یە.

پیتی تێ ئاڵوگۆڕیی دەگەڵ ئەم پیتانە هەیە. دەگـەڵ د: تایەن، دایەن ـ بژاردن، بژارتن. دەگـــەڵ س: تێـــر، ســـێـــر ـ بەترپێــرێ، بەســرپێــرێ. هەروەها لە گـەلێک وشــە دا دەســوێ بێ ئەوە کــە مانای وشەکە تێک بدا یا بیگۆڕێ: دیتن، دین ـ دەست، دەس ـ بیست، بیس.

**ـ ت** (جنا.) ١ـ جێناوی پێکەوە لکاوی دووهـەم کــەسی تاک (ئیــزافی)، تۆ. ؛؛ دەســـتت، چاوت، پوورت. ٢ـ جـــێناوی پێکەوە لکاوی دووهـەم کــــەسی تاک (مفعوولی). ؛؛ پێمدایت، لێمدایت.

**تا**[1] (نا.)[ئەو: تەفنو، تەفنەه ـ پەه: تاپ، تەپ. لۆر: تۆو ـ فــار: تب ـ گــیل: تۆو. باک: تا، تان ـ ناو: تا، تێ ـ باش: تەو ـ هەو: تا ـ زا: تا] نەخۆشییەکە کە بە زۆر بوونی تین و گــەرمــای لەش خـۆ نیشان دەدا، گەرمای لەش ٣٧ دەرەجەیە و کــاتێک کــە لەو رادەیە چوو ســەرتر

نەخۆش تای گرتوە، یاو، نۆبەتێ. ~ **لێهاتن:** تووشی تا و نۆبەتی بوون، تاو لێهاتن.

**تا**[2] (نا.)[پەھ: تاک. ناو: تا ـ زا: تا] ١ـ لایەکی بار ٢ـ لایەکی تەرازوو، لینگە تەرازوو، تای تەرازوو. ٣ـ تەلیس و فەردەیەک بار. ⁙ تایەکم گەنم کڕی. ٤ـ (ئان.) هاوتا، وێنە. ٥ـ (ئان.) تەنیا. ⁙ بە تای کراسەوە هاتبوو دەر. ~ **نەبوون:** هاوتا نەبوون، بێوێنە بوون. ⁙ ئامۆزایەکم هەیە لە جوانیی دا تای نیە. لە پیاوەتی دا تات نەبوە و نیە. ~ **نەکردن:** بەرابەریی کردن، بێهاوتا بوون. ⁙ لە دۆستایەتی و ئازایەتی دا کەس تای ناکا. || **تای تەرازوو:** لایەکی تەرازوو، لینگەی تەرازوو. * **خستنە تای تەرازوو:** هەڵسەنگاندن، بەراورد کردن، نرخاندنی مەسەلە و کار و قسەیەک.

**تێبینی:** تا سواوی وشەی تاک یا تاقە کە هەندێک مانای دیکەی بە خۆوە گرتوە.

**تا**[3] (ئام.)[پەھ: تاک. باک: تا، هەتا ـ ناو: تا، هەتا، تاکوو، تاوەکوونێ، تاوەکوو، تاوەکی، هەتاکوو، هەتاکوونێ، هەتاکینێ، هەتانێ، هەتاوەکوو، هەتاوەکوونێ، هەتاوەکی، هەتاوەکینێ ـ هەو: تا] ئامرازی پەیوەندیی دانە و بەو مانایانە دێ: ١ـ هەتا، هەتاکوو، هەتا ئەوەکە. ⁙ شایی پێخۆشترە تا شین. دە کەس باشترە یارمەتیم بدەن تا کەسێک. ٢ـ بۆ ماوەی. ⁙ دوای سەرەخۆشی تا دوو رۆژان هەر سەرم دێشا. ٣ـ تەقریبەن، نزیکەی، کەمتر نا. ⁙ ئەگەر پارەت پێویستە تا هەزار تمەنێکت دەتوانم دەستت بگرم. ٤ـ ئەوەندی کە، هەرچەند کە، هەتا ئەو جێگەیەی. ⁙ ئەوە نان لێرە قەڵاپاچن کراوە تا پێتدەکرێ باوەشی پێداگرە و بیبە. تا دەتوانی بیخوە. ٥ـ هەر. ⁙ تا چاوم لێ غافڵ کرد دەرپەڕی. ٦ـ پێوەندیی هەیە بەوە کە، بە پێی ئەوە کە، هەتاکوو. ⁙ تا خودا چی بوێ و چ بخوازێ. تا چۆن بێتە پێش. تا چ بقەومێ. ٧ـ بەر لەوە کە، لە ئێستاوە هەتاوەکوو وەختایەکی. ⁙ تا چێشتەکە ساز دەبێ با دەستێک تەختەی بکەین! تا باوکم نەهاتۆتەوە وا باشترە تۆ بڕۆی. ٨ـ لەو ماوەیەی دا کە. ⁙ تا دوکتور گەیشتە سەری عەمری خودای کرد. تا چێشت دەگاتێ من لە برسان دەمرم. ٩ـ بۆ دەربڕینی کردەوەیەکی هاوتا و هاووێنە. ⁙ وات

نەکردبا تا منیش وام نەکردبا. پارەکەم بدەیە تا شتەکەت بدەمێ. ١٠- بۆ دەربڕینی تووک و نفرین و خنێو. ⁞⁞ تا چاوت کوێر بێ! تا ئەستۆت شکێ! ١١- نەهایەت و ئاکامی زەمان یا شوێنێک دەگەیەنێ. ⁞⁞ تا شەوێ، تا سبەی، تا سەر، تا شار دوو سەعات ڕێیە.

**تا**[4] (نا.)[بڕ: تار] تاڵی تووک و موو، تار.

**تاب** (نا.)[بڕ: تاو2] ١- تاقەت، توان. ٢- سەبر، سێبووریی. **~ هێنان:** تاقەت هێنان، بەرگە گرتن.

**تابار** (نا. ل)[تا2 + بار1] لایەکی بار، تا، جەم.

**تابان** (ئان. فا)[فار: تابان][کلاسیک] درەوشاوە، ڕووناک، گەش. ⁞⁞ ماهی تابان، خورشیدی تابان، ڕویی تابان.

**تابلۆ** (نا.)[فەر: tableau] ١- پەردەیەک کە نەقاشی لە سەر کراوە، تابلۆی نەقاشی. ٢- تەختەیەکی چوار گۆشی هەندێک گەورە کە لە یانە و شوێنی دیکە هەڵیداوەسن و ئاگادارییی یا کوتە کاغەزی دیکەی لێدەدەن. ٣- چوار گۆشەیەکە لە هەر کەرەسەیەک کە لە سەر دەرکی دوکان یا شوێنی دیکە دەدرێ و ناوی ئەم جێگایانەی لێ دەنووسێ. ٤- تەختەیەکی رەش کە لە فێرگەگان بە گێچ دەرسی لە سەر دەنووسرێ. ٥- (مجـ.) بیچم و قیافەی سەیر و سەمەرە. ٦- داڕشتنی بیر و خەیاڵی بە نووسین یا شێوەیەکی دیکەی هونەریی. ⁞⁞ ئەم ڕۆمانە تابلۆیەکی زۆر بە سام و رەشە لە ژیانی هیتلێر.

**تابلۆساز** (ئان. فا)[تابلۆ + ساز] کەسێک کە تابلۆ ساز دەکا.

**تابلۆسازیی** (حم.)[تابلۆساز + ئیی] کار و پیشەی تابلۆساز.

**تابوو** (نا.)[فەر: tabou لە: زمانی پۆلینێزیی: tapu یا tabu = پیرۆز و قەدەغە] کۆمەڵە یاسا و بیر و باوەڕ و داب و نەریتێک لە کۆمەڵگا دا کە پیرۆز کراون و شکاندن و دەست تێوەردانیان قەدەغە کراوە (وەک زەماوەندی دایک و کوڕ یا خوشک و برا)

**تێبینی:** پۆلینێزیی کۆمەڵە دورگەیەن لە ڕۆژهەڵاتی ئوسترالیا کە بە پێی ئایین و بڕوای ئەم خەڵکە کەسێک یا شتێک (گیاندار یا بێگیان) پیرۆز (تابوو) دەکرێ و نزیک بوونەوە و دەست لێدان لەم شتە قەدەغەیە.

**تابووت** (نا.)[عـــــەر: تـابوت] ١ـ سندووقێکی چێوییە کە مردووی تێدەنێن و دەینێـژن. ٢ـ داری مـەیت راگـوێزتن، دارەمەیت، دارەتەرم، دارتەرم، دووداره.

**تێبینی:** لە کوردەواریی دا مردووی بە تابووتەوە دە قـەبر نانێن و دارەمـەیت و تابووت هەر یەک مانایان هەیە و بۆ یەک مەبەستە. هەروەها تابووتی عەرەبی لە تبه (تێبە) ـ ی عیبریی کەوتوە بە مانای سندووقی چێویی.

**تابوور** (نا.)[تور: tabur] پۆل، دەستە، دەستەیەکی هەزار کەسی لەشکر، تابوون. ∷ مەمدە بەر تابووری مۆژگانت هەتاکوو غەمزە بێ/ ها بە جارێک بمکوژە، یەخسیری تورکانم مەکە (وەفایی ل ١٣٠). فاتیحە تەسخیری شاری دڵ بە تابووری ئەلەم/ مودەتێکی زۆرە پاتەختە لەبۆ خاقانی غەم (نالی ل ٣٠٨). بابێ بابم شێخ مەحموود بە خۆی دێ لە بازێڕی/ لۆی دێ نۆ تابوور عەسکەر تفەنگ لە ماهوزێڕی (سێسەد هۆنراوە ل ٤١).

**تابوون** (نا.)[ئەر] بڕ: تابوور

**تابیعە** (نا.)[عەر: تابعة] ١ـ خزمەتکار، فەرمانبەر، نۆکەر و قەرەواش. ∷ ئێستا نۆکەر و تابیعەی من هەموو تازیەدارن، دەڵێن: قەر کوڕی فەرەجوللاخانی نەماوە (مان ل ٢٦٣). ٢ـ جندۆکەیەک کە ئاشقی پیاو دەبێ و هەمیشە دەگەڵیەتی.

**تاپڕ** (نا. ل)[فار: تە پر ( بن پڕ)] جۆرێک تفەنگی راوە کە لە بنەوە ڕا فیشەکی پڕ کراوەی تێدەنێن (بە پێچەوانەی تفەنگی کۆن کە لە سەرەوە را بارووتیان تێدەکرد) و لە کاتی تەقینەوە کۆمەڵێک ساچمە دەپرژێنێ و لە وانەیە چەند نێچیر یەکڕا وە بەر بێن.

**تاپک** (نا.)[باک] بڕ: تەپکە

**تاپۆ**[1] (نا.)[؟] بیچم و قەلافەتێک لە دوورەوە کە روون نیە کێیە یا چیە، تارمایی.

**تاپۆ**[2] (نا.)[تور: tapu] قەباڵەی مڵک و زەوی. ~ **کردن:** سەبت کردنی زەوی و مڵک

**تاپەڵە** (نا. ل)[تا1 + پەڵە] نەخۆشییەکی ئاهۆدارە، پتر بە هۆی ئەسپێوە مرۆڤ تووشی دەبێ، نیشانەکانی سەرئێشە، پشت ئێشە، تا و یاوی زۆر و وڕێنەیە. نەخۆش دوای چەند رۆژان پەڵەی لە سەر لەش پەیدا

دەبێ (هـۆی نـاو نـان) و ئـەگـــــەر زوو چارەسـەری نەخـۆشـیـیـەکـەی نەکـردرێ مـەترسـی زۆرە، گرانـەتـا، گرانـەتێ. (فـەر: typhus).

**تات**[1] (نـا.)[بـڕ: تـەخت] ١ـ بـەردێـکی تـەخت و پان و لـووسـه، لـه دەم حـەوزی مـزگـەوت یا کـانی دادەندرێ بۆ نـوێژ لـه سـەر کـردن یـا مـردوو لـه سـەر شـوتن، تاتـەبەرد. ٢ـ [باک] کـێـوی یەکـپـارچه بەرد، زەردوماهـ.

**تێبینی:** وشـەی تات هـەمـان وشـەی تـەخت ـ ە کـه هـەندێک مـانـای لەقـاوە و مـانـای تایبـەتی تـەختـەبەردی بەخـۆوە گرتوە.

**تات**[2] (ئـان.)[؟] حـالّی ژنێک کـه ئێـسکێکی بچـووک دە نێـو شـەرمی دا بەری مندالّدانی گـرتبێ. [گـۆیا پـیـاو ناتوانێ بـه سـانایی دەگەڵ ئەو جۆرە ژانە نزیکی بکا و دەبێ بـه جـــەڕاحی ئـەم ئێسکە لابەن.]

**تات**[3] (نـا.)[باک] بڕ: تۆتە

**تاتا** (نا. ل)[تا4 + تا4] تالّەکـانی مـووی سـەر و زولف. :: تاتایی سـەری تووڕەیی پڕ پێچشی بـا دا/ هـەر تایەکی بارێکی گوڵ و نافـه بـه بـا دا (نالی ل ٣) رووی لـه تـاتا زولـفی دەرخـست، هـاتـه سـەر رووی مـەرحـەمـەت/ نـەوبەهار بوو، شـەو بەهـار بوو، وا کـه دایسـان چراغ (وەفایی ل ٤٤).

**تاتوورە** (گــیـا.)[لات: datúra] گیایەکی خۆڕسکی ژارداری یەکساڵەیە. هـەتـا گـەز و نیـوێک بەرز دەبێـتـەوە، بۆنێکی توند و ناخۆشی هـەیە، ریشەکەی ئەسـتوور و گەڵاکـانـی پان و نووک تیژە، گـوڵـەکـەی شـەیپـووری و سـپی یا ئەرخـەوانییـە، بەرەکەی دڕکـاوی و وەک گوێز وایە و بە چوار بەش دابەش کراوە، دەنکەکـانی ورد و رەشن، مـادەیەکی بە ناوی daturine هـەیە کـه مـوخـەدرێکی یەکـجـار بە هێـزە Datura stramonium ناوی لاتینی ئـەم گـیـایەیە، تاتوولە (عەر: جوزالماثل ـ ئین: devil's apple).

**تاتوولە** (گیا.) بڕ: تاتوورە.

**تاتووڵە** (ئان.)[؟][ئەر] کـەسێک کـه زار و دەمی خوار بووبێ.

**تاتک** (نـا.)[بـڕ: تاتـه][باش] بـرای باوک، مام.

**تاتـه** (نـا.)[ســـان: تاتـه، تەتـه ـ پۆلۆنیـایی: تاته. ناو: تاته، تاتی ـ باش:

تاتگ، تاته (مـام) ـ هەو: تاته] ١ـ [هەو] بـاب، بـاوک. ٢ـ [ئەر] شـــــووی تـایەن، مـێردی دایەن، تـاتی. ٣ـ [ئەر] نۆکـەری پیر، غولامی پیر. ٤ـ (باش) برای باوک، مام.

**تاتەبەرد** (نا. ل)[تات1 + ئه + بەرد] بڕ: تات1

**تـاتـەزا** (نـا. ل)[تـاتـه/٤ + زا][بـاش] منداڵەکانی مام، ئامۆزا.

**تاتەشوار** (نا. ل)[تات1 + ئه + شوار (شـــــۆردن)] بەردێکی پان و درێژ و یا تەختەیەک کە لە دەم حەوزی مزگەوت یا لە گۆڕخانە دایدەنێن و مردووی لە سەر دەشۆن، تـاتەشۆر، تەتەشـۆر، تەختـەشۆ. ⁂ کاکەمەمیان بردە سەر تاتەشوارێ و شۆراوە/ هەڵیانگرت بۆ گۆڕخانان لەوێ تەسلیم بە خاکێ کراوە (مان ل ٧٧).

**تاتەشۆر** (نا. ل)[تات1 + ئه + شۆر] بڕ: تاتەشوار

**تاتی**[1] (نـا.)[بڕ: تـاتە][ئـەر] شـــووی تایەن، تاتە.

**تاتی**[2] (نـا.)[؟][ئـەر] ســـەر و ژێری پیتی نووسراوەی زمانگەلی وەک عەرەبی و فارسی.

**تاتی**[3] (نا.)[زا] بڕ: تۆتە

**تاتی**[4] (نا.)[؟] ١ـ لبادی راخستن. ٢ـ [باک] لبـاد. ٣ـ کـوتێکی درێژ و بـاریکی چەرم.

**تاج** (نا.)[پەهـ: تاگ، تـاج. باک: تـاج ـ نـاو: تاج، تـانج ـ هـەو: تاج ـ زا: تـاج] ١ـ کـــڵاوێکی رازاوە بە گــــەهـەر و بـەردی بایخـدار کـە شـا دە سـەری دەکـەن. ٢ـ جۆرێک تاجی چووکی بە بایخ کە شاژن لە سـەری دەنێ. ٣ـ تاجـێکی وەک تاجی شـاژن بـەڵام بێ بایخ و هـەرزان کـــە بۆ جـــوانی لە ســـــەر بـووکی دادەنێن. ٤ـ کڵاوی قووچ و درێژ. || **تاجی دەروێشیی:** جۆرە کڵاوێکی درێژیی دەروێشانە کە لە لیـبـاد یا کـورک سـازی دەکـەن، تانجی دەروێشیی. **تاجی سەر:** ١ـ تاج، تانج. ٢ـ (مجـ.) کەسی زۆر خۆشەویست کە کەس گـەورە و پایەبەرز دەکـا. **تاجی عـەرەب:** (کنـ.) پێغـەمـبـەری ئیـسـلام، حـەزرەتی مەحەممەد. ⁂ گوتی تاجی عەرەب و ئالی عـەبا فـەرمـوویان/ عـەیبـە تەنپـەروەری و نەرمی و نازک بەدەنی (نالی ل ٦٧١).

**تاج خرووس** (گیا.)[فار: تاج خروس] ١ـ گـیـایەکـە یەکـسـاڵە، گـوڵەکـانی پتـر سوور و هـەندێک جار شینە و هـەندێکیان

له پۆپەی کەڵەباب دەچن، Amaranthus ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، گوڵەقەیفە، پۆپە کەڵەشێرە، پۆپنە کەڵەشێرە، (عەر: عرف الدیک). ٢ـ جۆرە ترێیەکی سووری دەنک خوار و خێچ کە لە پۆپەی کەڵەشێر دەچێ.

**تاجدار** (ئان. فا)[تاج/١ + دار2] ١ـ خاوەن تاج، شا، پادشا. ⁂ هەموو خوێنی شەهان و تاجدارانە لە بن خاکا/ کەوا هەوری بەهاریی سەرزەمینی پێدەکا گوڵ گوڵ (مەحوی ل ٢٠٥). ٢ـ ئاگاداری تاج.

**تاجداریی** (حم.)[تاجدار + ئیی] پاشایەتی، سەڵتەنەت.

**تاجر** (نا.)[عەر: تاجر] بازرگان، سەوداگەر.

**تاجی** (گیانـ.) بڕ: تاژی

**تاجیەوان** (نا. ل، ئان. ل)[تاجی + ئە + وان] بڕ: تاژیەوان

**تاجیلۆکە** (گیانـ.)[تاجی + لۆکە] بڕ: تاژیلۆکە.

**تاجیلە** (گیانـ.)[تاجی + لە] چووک کراوی تاجی، تاژی چووک، تاجی ژیکەڵە. ⁂ ئەمن تێم بەردەدا جووتە تاجیلەی شڵە شینکی چوارپێ خەنە (گەنج ل ١٥٣).

**تاخ** (نا.)[؟][باک: تاخ، تاخە] گەڕەک

**تاخمە** (نا.)[سۆر] بڕ: تاقم/١

**تاخورک** (نا. ل)[تا2 + خور + ک] [باک] عەرابەیەکی بێ چەرخ کە بە سەر بەفر دا دەیکێشن، تاخۆک.

**تاخۆک** (نا.)[باک] بڕ: تاخورک

**تاخە** (نا.)[هس: تاقم] ١ـ باقە، بەستە گیای بەستراوە. ٢ـ باقە و بەستەی تووتن ٣ـ دەستە، تاقم. ٤ـ [باک] گەڕەک، تاخ.

**تادار[1]** (ئان. فا)[تا1 + دار2] کەسێک کە نۆبەتێ و یاوی هەیە، تێدار. ⁂ ئارەقم کرد و نەجاتی هەر نەدام دەردی گوناح/ لەرز و تاداری خەجاڵەت خۆم و روو زەردی گوناح (بێخود ل ٢٢).

**تادار[2]** (نا. ل)[تا1 + دار1][باک] دارێکی بەرزە کە رەگەزەکەی لە ئوسترالیایەوەیە، هەتا ١٤٥ میتر بەرز دەبێتەوە و ئەستوورایی قەفەکەی دەگاتە ٢٥ میتر، دارێکی هەمیشە شینە، گەڵاکانی درێژ و نووکتیژ هەروەک گەڵای بی ـ یە، مادەیەکی بە ناوی ئۆکالیپتول

هەیە کە بۆ گەلێک نەخۆشی کەڵکی لێوەردەگرن، Eucalyptus glanca ناوی لاتینی ئەم دارەیە (فار: اکالیپتوس ـ فەر: Gommier).

**تار**[1] (ئان.)[هیک: تەمیسرە ـ ئەو: تەثرە ـ پەه: تار. لۆر: تار ـ فار: تار. باک: تار، تاری ـ ناو: تار، تاری ـ هەو: تار ـ زا: تاری] بڕ: تاریک

**تار**[2] (نا.)[هیک: تەنترە ـ ئەو: تەثرە] ١ـ تاڵ، تاڵی موو. ∷ نە باخچەی تار مووی تار دا/ سپی شکۆفەی پیریم دیار دا(مەولەوی) ٢ـ راهێڵی تەون، تان. ٣ـ هەودای درێژی باریک. ٤ـ (مۆس.) ئامێرێکی مۆسیقایە. پتر لە دارەتوو سازی دەکەن، دەسکی درێژە، کاسەیەکی تایبەتی نێو بۆشی هەیە کە سیم بە سەری دا تێدەپەڕێ هەتا دەگاتە دەسکەکەی و لەوێ دەبەسترێتەوە، لە سەر کوشی دادەنێن و بە مزراب لێدەدرێ. ٥ـ (مۆس.) ژێی ئامێری مۆسیقا.

**تار**[3] (ئان.)[سۆر] بڕ: تاڵ

**تار**[4] (نا.)[زا] بڕ: تەڕە

**تار**[5] (نا.)[لە: تاران] تەرە، تاراو، پرژ، بڵاو. **~ بوون:** تەرە بوون، تاران، ڕەوین. **~ کردن:** تەرە کردن، تاراندن، ڕەواندن.

**تارا** (نا. ل)[تار2 + ئا] رووپۆشی بووک کە پێشتر لە زەڕی و پارچەی سووری رایەڵ رایەڵ ساز دەکرا و ئیمرۆکە زۆرتر پارچەی تۆڕ بەکار دێنن. **~ لە سەر لادان:** لا بردنی تارای سەر بووک بۆ دیتنی رووخساری.

**تاراج** (نا.)[؟] بردن یا برانی بە زۆریی ماڵ و سامان و دەوڵەتی کەسێک یا شوێنێک بە تێکڕایی، تالان، بڕۆ. **بە ~ بردن:** تالان کردن، تاراج کردن، بە تالان بردن. **بە ~ چوون:** تووشی تالان هاتن و دزران و برانی هەموو ماڵ و حاڵ، بە تالان رۆیین، بە تاراج رۆیین. **بە ~ دان:** نابوود کردن، فەوتاندن، بە تالان دان. ∷ بە شۆخی دین و دڵمی دا بە تاراج، ئێستە وەک سۆفی/ بە سەبحەی ئەشکەوە هاتۆتە سەر تەرکی نەزەر چاوم (مەحوی ل ٢٢٤). **بە ~ رۆیین:** بە تالان چوون. ∷ بە نالەی بولبول و قومری وەفایی بۆیە هەر دەگریم/ گوڵێکی سەرو بالام بوو، بە تاراجی خەزان رۆیی (وەفایی ل ٢٠٧). **~ کران:** رووت کران و بە تالان بردنی ماڵ و سامان. **~ کردن:** بە

تالان بردن، تەخت و تاراج کردن، بە تاراج بردن. :: سوڵتان بە شاعەبباسی تێگەیاندییە/ ئەگەر دەڵێ تاراجی بکەم بە یەکجارێکییە (مان ل ٢٧٤).

**تاران** (چا. ل)[بڕ: تاراندن] دوور کەوتنەوە و ڕۆیشتن بێ گەڕانەوە لە ترسان یا لەبەر هۆی دیکە، تەرە بوون.

**تاراندن** (چا. م)[ فار: تاراندن ـ کرم: تارۆندن. ناو: تاراندن، تارانن] دوور کردنەوە و ڕەواندن، تەرە کردن.

**تارانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: تاراندن.

**تارانی** (نا. ل)[تاران (پێتەختی ئێران) + ئی] دووقڕانی زێوی (سەردەمی ؟) ئێران، جووتە.

**تاراو** (نا. مف.)[لە: تاران] تەرە، ڕەویو لە ترسان.

**تاراوگە** (نا. ل)[تاراو + گە1] شوێنێک کە کەسی تاراو خۆی لێدەگرێتەوە و لەوێ دەگیرسێتەوە، غەریبایەتی.

**تارتالە** (نا.)[؟][باک] بڕ: تاڵان

**تارخوون** (گیا.)[باک] بڕ: تەڵخوون

**تارژەن** (ئان. فا)[تار2/٤ + ژەن] کەسێک کە شارەزایی لە سەر لێدانی تار هەیە، کەسێک کە تار دەژەنێ.

**تارژەنیی** (حم.)[تارژەن + ئیی] کار و پیشەی کەسی تارژەن.

**تارگۆن** (گیا.)[باک] جۆرێک گەنمی خۆڕسک و کێویی (ئیزۆلی ل ٤٠٨) (هس: تاریگان)

**تارم** (نا.)[عەر: طارم لە یون: tar-onana] ١ـ کەپر، هەیوان، بەربێلایی. ٢ـ داربەستی مێو و ئەو گیایانەی کە ناتوانن خۆ ڕاگرن. ٣ـ چادر و دیوەخانی چادر. ٤ـ تاق، گومبەز. ٥ـ مەحەجەرەی چێو یا ئاسنی دەوروبەری باغ، ماڵ، هەیوان یا شوێنێک، تارمی. ٦ـ دەستە، جەڵەب. & تارمە. ٧ـ خەرمانی گێرەکراو و ئامادەی شەن کردن.

**تارمایی** (نا. ل)[تار1 + م + ئایی] بیچم و قەلافەتێک لە دوورەوە کە روخساری روون نیە و دیار نیە کە کێیە و چیە، ڕەشایی، تاپۆ.

**تارمە** (نا.) بڕ: تارم (١ هەتا ٦). :: لە تارمەی روو بە مەغریب خۆی نیشان دا ئەو کلاولارە/ وتم یاران کە حەشرە ڕۆژ لە مەغریب وا عەیانی کرد (ئەحمەد موختار ل ٧١).

**تارمی** (نا. ل)[تارم + ئی]

مەحەجەرە، تارم/٥.

**تارودمــبــەک** (نا. ل)[تار2/٤ + و + دمبەک] ١ـ تار دەگەڵ دمبەک ٢ـ (مجـ.) تەواوی ئەو ئامێرە مۆسیقایانەی کە بۆ خۆشی و شـادی لێدەدرێن. ∷ لێیدە لە تـارودمـــبـــەک پەروانە دێ بۆ شـــایی (گۆرانی)

**تارومــار** (نا. ل)[تار5 + و + مــار] [فــار: تارومــار. باک: تارومـــار ـ نـاو: تـارومـــار] تێکشکاو و لێک بڵاو، پرژ و بـڵاو و لێـک تـاراو. ~ **بوون:** تـاران و لێک بڵاو بوونی کـۆمـەڵێک. ~ **کران:** تارومـار بوون و لێک پرژان. ~ **کردن:** تـاراندن و لـێک پـرژ و بـڵاو کـــــــردن کۆمەڵێک.

**تێبینی:** مـار لەم وشـەیە دا مـانایەکی تایبــەتی نیــە و بۆ هـاوتایی دەگـــەڵ تار هـاتوە.

**تارەت** (نـا. چـا)[عـــەر: طـهـــارت] شـوشــتنەوەی قـوون بە ئـاو دوای ریان. ~ **هەڵگرتن:** خـۆ شـوشـتنەوە دوای ریان.

**تاری** (ئان.)[بڕ: تـاریک] ١ـ شـوێنێک کـە شـۆقی تێـدا نەبێ، تاریک. ∷ دونیـا دەبوو شـــەوی تاری/ خـــوێن لە ســـامی سـۆران باری (مـــان ل ٢٩٦). ٢ـ رەنگی رەش، سیا. ∷ هاتە ئاسمانێ هەورێکی رەشی تـاری/ کل و تۆتیـــای لێـــدەباری (مان ل ٢٤١). ٣ـ رەنگی تاڵخ.

**تاریتی** (حم.)[تـاری + ئیــتـی][باک] تاریکیی، تاریکایی.

**تاریف** (نا. چا)[عـــەر: تعـــریف] ١ـ پەسن، باسی چاکە. ٢ـ باس، قسە. ~ **ی خــۆ کــردن:** بە خـــۆ هەڵکوتن، باسی چاکەی خۆ کردن. ∷ تاریفی خـۆ کردن، پەمۆ جوونە (پەند). ~ **کردن:** بە چاکە باس کـردن، پێـهـەڵکوتن. ٢ـ گێـڕانەوەی قسە و باس.

**تاریخ** (نا.)[عەر: تاریخ] ١ـ مێژوو. ٢ـ رێکەوت

**تاریخیی** (ئان. ل)[تاریخ + ئیی] بڕ: مێژوویی

**تاریک** (ئان.)[هیک: تەمیسرە ـ ئەو: تەثرە ـ پەه: تار، تـارییک. فـار: تـاریک ـ تـات: تاریکە، تاریچـــە ـ پەش: تاریک، تیـارە. باک: تار، تاری ـ نـاو: تار، تاری، تاریک ـ هەو: تـار، تاریک ـ زا: تاری] ١ـ شــوێنێک کــە شــۆق و رووناکـــایی تێـــدا نەبێ. // رووناک. ٢ـ شـــــوێنێک کـــە رووناکـــایی کـــەم بێ. ٣ـ رەنگی تـاڵخ. ٤ـ

ڕەش، سیا. **بەرچاو ~ بوون:** (کنـ.) زۆر تووڕە بوون و ڕق هەستان و گرینگایەتی بە هیچ نەدان، هیچ نەدیتن لەبەر تووڕەیی. **~ بوون:** ١ـ ڕەش هەڵگەڕانی دونیا دوای تاو پەڕان. ٢ـ ڕووناکی بڕان، شۆق نەمان. **~ کردن:** ١ـ پەیدا بوونی تاریکی دوای تاو پەڕان. ٢ـ کووژاندنەوەی شۆق یا کەم کردنەوەی شۆق بۆ تاریک بوون. **~ مانەوە:** لە تاریکیی دابوون، نائاشکرا بوون، ڕوون نەبوون. ﷼ ئەوەی هێشتا تاریک ماوەتەوە... ژیان و سەرگورشتەی ئەم شاعیرە مەزنەیە (چەپکێ گوڵ ل ٤٦). **دونیای ڕوون لێ ~ بوون:** (کنـ.) بێمەیل بوون بە ژیان و ژین لەبەر ڕووداو و کارەساتێکی ناخۆش و دڵتەزێن. ﷼ دەڵێ: براڵە بۆچ وا درەنگ هاتییە چزیرێ وێرانێ/ دونیای ڕوونم لێ تاریک بوو، لە سوێی تو لێمبڕا ڕێی گوزورانێ (مان ل ٥٤).

**تاریکان** (ئاک. ل)[تاریک + ئان] ئێوارەیەکی زۆر درەنگ، سەرەتای شەو. ﷼ تا تاریکان پەیدا دەبێ/ چۆڵ و چۆڵتر دەبێ جادە (ناڵەی جودایی ل ٢٩)

**تاریکایی** (حم.)[تاریک + ئایی] ١ـ (ئاک.) ئێوارەیەکی زۆر درەنگ، تاریکان. ٢ـ ڕەشایی، تاریکیی. ٣ـ بێخەبەریی، نەزانیی. & تاریکیی. **~ خستن:** ١ـ بەری شۆق و نوور گرتن، تاریکایی کردن. ٢ـ نائاشکرابوون و ڕوون نەبوونی مەسەلە و مەبەستێک. **~ داهاتن:** پەیدا بوونی تاریکیی دوای تاو پەڕان، تاریک کردن. **~ کردن:** بڕ: تاریکایی خستن. **لە ~ دابوون:** (کنـ.) لە بێخەبەریی دابوون، نەزانین، هیچ ئاگاداری مەسەلەیەک نەبوون.

**تاریکخانە** (نا. ل)[تاریک + خانە] ١ـ دیووی تاریک. ٢ـ ژوورێکی تایبەتی تاریکە کە وێنەگر عەکس و وێنەی تێدا ڕوون دەکاتەوە و دەیشواتەوە.

**تاریکستان** (نا. ل)[تاریک + ستان] ١ـ شوێنی تاریک. ﷼ لە سەری شاخان ناڵەناڵە، تاریکستانە/ تیری لاس ئاوازی دێ دەڵێی ناڵەی هەورانە (لاس و خەزاڵ ل ١٥٤). ٢ـ شوێنێک لە باکووری گۆی زەویی کە گۆیا هەمیشە شەوە و گەوهەری لێکەوتوە و ئاوی حەیاتیش لەو ناوچەیە هەڵکەوتوە. ﷼ یایەزین دەڵێ: میرمەم، کۆشکی من بڵیندە سەر لە حەو تەبەقەی ئاسمانێ/ وەستای بۆ هاتووە لە هیندێ، مەیماری لە بوخارایێ، گێچی بۆ هاتوە لە تاریکستانێ (مان ل ٣٢).

**تاریک و تنۆک** (ئان. ل)[تاریک + و + تنۆک] تاریکی زۆر خەست و توند، تاریک و تنووک، تاریک و نووتەک، تاریک و توناک.

**تاریک و تنووک** (ئان. ل)[تاریک + و + تنووک] بڕ: تاریک و تنۆک

**تاریک و توناک** (ئان. ل)[تاریک + و + تنۆک][سۆر] بڕ: تاریک و تنووک

**تاریک و روون** (ئاک. ل)[تاریک + و + روون] بەرەبەیان کە هێشتا وڵات بە تەواوی رووناک نەبوە، بوولێڵی بەیانی، تاریک و روونە، تاریک و روونی، تاریک و لێڵ. || **تاریک و روونی بەیانی:** بڕ: تاریک و روون. ∷ تاریک و روونی بەیانی وەدەرکەوتین. ***تاریک و روونی بەیانی لێک بوونەوە:** جیا بوونەوەی تاریکی و رووناکی لە بەرەبەیان دا، بەرەو رووناکی چوون و لە تاریکی کەم بوونەوە. ∷ ئەوە خانزادەخانی حەریری بۆ خۆی دێتە سەر رێگایە، ئەو وەختی ئەگەر تاریک و روونی بەیانی لێک دەبێتەوە (لاس و خەزاڵ ل ١٣٤).

**تاریک و روونە** (ئاک. ل)[تاریک + و + روون + ئە] بڕ: تاریک و روون

**تاریک و روونی** (ئاک. ل)[تاریک + و + روون + ئی] بڕ: تاریک و روون

**تاریک و لێڵ** (ئاک. ل)[تاریک + و + لێڵ] بڕ: تاریک و روون

**تاریک و نووتەک** (ئان. ل)[تاریک + و + نووتەک] بڕ: تاریک و تنۆک

**تاریکەسەلات** (ئان. ل)[تاریک + ئە + سەلات؟] ١ـ تاریکی خەست، زۆر تاریک. ٢ـ شوێنی و جێگای بێ شۆق و رووناکی. ∷ لەو ژوورە تاریکەسەلاتەی بۆ دانیشتوون.

**تاریکەشەو** (ئان . ل)[تاریک + ئە + شەو] شەوێک کە مانگ بە دەرەوە نەبێ، شەوەزەنگ. // مانگەشەو.

**تاریکیی** (حم.)[تاریک + ئیی] بڕ: تاریکایی

**تاریگان** (گیا.)[باک] بڕ: چەودەر (هس: تارگۆن)

**تاڕ** (نا.)[زا] بڕ: تەڕە

**تازووکە** (ئاک. ل)[تاز (تازە) + ئووکە] تازە، ئێستا، نووکە، بەم زوانە. ∷ ئەمن دەمگۆ بلەورە تازووکە داڕژایە/ لەبەر چەکی بە قیمەت هێ برام سەرم سوڕمایە (سێسەد هۆنراوە ل ٩٦).

**تازە** (ئان.)[پەه: تازەک. لۆر: تازە ـ

فار: تازه ـ پەش: تازە. باک: تازە، تەزە ـ ناو: تازە ـ هەو: تازە ـ زا: تەزە] ١ـ نوێ، نەو. // کۆنە. ٢ـ شین، شەق بۆ بەر و میوە و گیا. // ویشک، سیس. ٣ـ (ئاک.) ئێستا، نووکە. ؛؛ دوو سەعاتە دانیشتووم تازە لێم دەپرسی چۆنی. ٤ـ ئیدی، ئیتر، تازەکانێ. ؛؛ تازە ئەو ماڵە بۆ من نابێتەوە ماڵ. ڕۆیشت و تازە نایەتەوە. ٥ـ بەم زوانە، تازووکە. ؛؛ تازە دوکانم داناوە. هێندە لەمێژ نیە تازە ژنم هێناوە. ٦ـ سەرەڕای ئەوانە، لەوە تێپەڕێ. ؛؛ ماڵم بۆ دانا، ژنم بۆ هێنا، تازە دەڵێ مەگەر چت بۆ کردووم. دوای ئەو هەموو پیاوەتییە تازە قەرزداریشم دەکا. ٧ـ دەگەڵ ژمار و بژار دێ و مانای درەنگ و زۆر نەبوون دەدا. ؛؛ تازە سەعات دەی شەوە! پەلەی چتە تازە دوو ڕۆژ تێپەڕیوە! **~ بوون:** ١ـ کۆن نەبوون، نوێ بوون. ٢ـ تازە پەیدا بوون، تازە لە دایک بوون. **~ بوونەوە:** ١ـ شتی کۆن کە لە سەرڕاوە ساز بووبێتەوە، نوێ بوونەوە. ٢ـ بووژانەوە، ژیانەوە. **~ داهاتن:** شتێک کە تازە پەیدا بووبێ یا بووبێتە باو. **~ کردنەوە:** ١ـ دەست پێدا هێنان و ساز کردنەوەی شتێک کە هەندێک کۆن بووبێ، نوێ کردنەوە. ٢ـ دووپات کردنەوە هەندێک کردار کە زەمانێکی بە سەر دا تێپەڕیبێ. ؛؛ دیدار تازە کردنەوە، پەیمان تازە کردنەوە. **~ لە دایک بوونەوە:** (کنـ.) بووژانەوە، سەر لە نوێ ژیانەوە، چارەسەر بوونی گیر و گرفتێک و هیوادار بوون بە ژیان.

**تازەباو** (نا. ل)[تازە + باو2] هەرچێک تازە داهاتبێ و برەوی سەندبێ، شتی باوی ڕۆژ، تازەداهاتوو.

**تازەبرین** (نا. ل)[تازە + برین] ١ـ برینێک کە تازە و لەش کەوتبێ و هێشتا خۆش نە بووبێتەوە. ٢ـ (کنـ.) کۆستی نوێ. & تازەزام، گەرمەبرین.

**تازەبووک** (ئان. ل)[تازە + بووک] کچێکی تازە شووی کردبێ، نەوبووک، نۆبووک. // تازەزاوا.

**تازە بە تازە** (ئاک. ل)[تازە + بە + تازە] شتێک کە تازە بێتەوە و کۆن نەبێ، هەمیشە تازە، نوێ. ؛؛ نان تازە بە تازە خۆشە.

**تازەبەر** (ئان. ل)[تازە + بەر1/1] بەر و میوەی تازە، نۆبەرە.

**تازەبەهار** (ئان. ل)[تازە + بەهار] بەهاری تازەداهاتوو، سەرەتای بەهار،

نەوبەهار، بەهاری نوێ.

**تازەپیاکەوتوو** (ئان. مف.)[تازە + پیاکەوتوو (پیاکەوتن)] بڕ: تازەپێداکەوتوو.

**تازەپێداکەوتوو** (ئان. مف.)[تازە + پێداکەوتوو (پێداکەوتن)] کەسێک کە تازە پووڵدار و ماڵدار بووبێ، تازە پیاکەوتوو، تازە کیسە.

**تازەجەوان** (ئان. ل)[تازە + جەوان] مێرمنداڵ، لاوی تازەپێگەیشتوو، تازەلاو.

**تازەداهاتوو** (ئان. مف.)[تازە + داهاتوو (داهاتن)] بڕ: تازەباو

**تازەدەم** (ئان. ل)[تازە + دەم2] چا یا شتێکی دیکە کە تازە دێم کرابێ، تازەدێم.

**تازەدێم** (ئان. ل)[تازە + دێم] بڕ: تازەدەم

**تازەزام** (نا. ل)[تازە + زام][هەو] بڕ: تازەبرین

**تازەزاو** (ئان. مف.)[تازە + زاو] ژن یا گیاندارێک کە تازە زابێ.

**تازەزاوا** (ئان. ل)[تازە + زاوا] پیاوێکی تازە ژنی هێنابێ و زۆر لە زەماوەندی تێنەپەڕیبێ. // تازەبووک، نەوبووک.

**تازەساز** (ئان. مف.)[تازە + ساز] ماڵ، خانوو یا بینایەکی تازە ساز کرابێ.

**تازەساو** (ئان. مف.)[تازە + ساو (ساوین)] ئامرازێکی بڕین کە تازە تیژ کرابێتەوە، تازەسوو. ⁂ تازە ئەبرۆت وەسمە کێشاوە بە ناز/ دڵ لەتی شمشێری تازەساوم ئەز (نالی ل ٢٢٣) بەو شیری برۆ کە تازەساون/ بەند بەندی دڵ و جگەر پساون (مەم و زین ل ٢٦٩).

**تازەسوو** (ئان. مف.)[تازە + سوو (ساوین)] بڕ: تازەساو. ⁂ دڵم یەکە و غەمم دوو/ لەت لەت لە جەرگم هەڵبوو/ بوومە کێردی تازەسوو/ یەکسەر هەرام لێ بڵێند بوو (کانی مرادان ل ٩٦).

**تازەکار** (ئان. ل)[تازە + کار] کەسێک کە تازە دەستی بە کار کردبێ و هێشتا چاک لە کاران رانەهاتبێ، کەم ئەزموون لە کار. // کۆنەکار.

**تازەکانێ** (ئاک. ل)[تازە + کانێ] ١- ئێستا، نووکە. ٢- ئیدی، ئیتر. ⁂ هەتا قیامەتێ تازەکانێ ئەوانە سەرهەڵدانەوەیان بۆ نییە (لاس و خەزاڵ

ل ١٥٨). ٣ـ بەم زوانە، تازووکە.

**تازەکیسە** (ئان. ل)[تازە + کیسە] بڕ: تازەپێداکەوتوو

**تازەلان** (نا. ل)[تازە + لان] بڕ: گەرمەلان

**تازەلاو** (ئان. ل)[تازە + لاو] کوری تازە پێگەیشتوو، مێرمنداڵ، تازەجەوان، نەوجەوان، نۆجوان.

**تازەماڵ** (ئان. ل)[تازە + ماڵ] ١ـ کەسێک کە تازە ماڵ و ژیانی سەربەخۆی پێکەوە نابێ. ٢ـ کەسێک کە ماڵی تازە هاتبێتە گەڕەکێک یا ئاواییەک. & نۆماڵ.

**تازەنەفەس** (ئان. ل)[تازە + نەفەس] کەسێک کە تازە دەستی بە کار کردبێ و هێشتا ماندوو نەبووبێ. ؛؛ ئێمە ماندوو بووین، دەستەیەکی تازەنەفەس بنێرە درێژە بە کار بدەن!

**تازەیی** (حم.)[تازە + ئی] تازە بوون، نوێ. // کۆنی

**تازی**[1] (ئان.)[؟][باک ـ زا] بێ جل، رووت.

**تازی**[2] (گیانـ.)[زا] بڕ: تاژی

**تازیە** (نا.)[عەر: تعزیة] ١ـ شین. ٢ـ پرسە، سەرەخۆشی، تازیمانە، ئازیەت. **~ دانان:** سەرەخۆشی دانان. **~ راگرتن:** تازیەدار بوون و تازیە گێڕان. **~ گرتن:** تازیە گێڕان و سەرەخۆشی دانان. **~ گێڕان:** شین کردن. **~ هەڵگیران:** تەواو بوونی تازیە، سەرەخۆشی نەمان.

**تازیەدار** (ئان. فا)[تازیە + دار] ١ـ کەسی خاوەن سەرەخۆشی. ٢ـ شینگێڕ. **~بوون:** شینگێڕان، تازیە مردوو راگرتن.

**تازیەگا** (نا. ل)[تازیە + گا] شوێنی شین گێڕان، شینگا.

**تاژی** (گیانـ.)[پەه: تازیک. بیر: تازیک ـ فار: تازی ـ پەش: تازی. باک: تاژی، تەحژی ـ ناو: تاجی، تانجی، تاژی ـ زا: تاژی، تازی، تانزی] جۆرێک سەگە، لەشی باریک و لاقی درێژن، پێستی تەنک و ئاماڵ رووتە، تیژ هەڵدێ و بۆ راو رایدەگرن. (بە نێرەکەی دەڵێن گۆڵ و بە مێیەکەی دەڵێن دێڵ. دەترەکێ. سێ تا یازدە تووتکی دەبێ کە کەمێک ژیوەڵە بوون پێی دەڵێن گوجووک. دوای ساڵێک پێی دەڵێن شەک و ساڵی دوایی دەبێتە خەرت)

**تاژیلۆکە** (گیانـ.)[تاژی + لۆکە] جانەوەرێکی ڕەنگ سەوزی درێژووکەیە، لە کوللە دەچێ، سەری زلە، لاقی درێژ و جووتێک باڵی لە سەر پشتە، لە نێو شیناوەرد دەژی و بۆ زەراعەت باشە و جانەوەری زیاندار دەکووژێ. لە کوردەوارییی دا ئەم جانەوەرە ناکووژن و پێیان وایە بالۆکەی دەست و پەل دەخوا و هەر بۆیە لە سەر بالۆکەی دادەنێن. Mantis religiosa ناوی لاتینی ئەم جانەوەرەیە، تاجیلۆکە، شێرەکوللە، ئەسپی ئەحمەد ڕاوکەرە، هەسپێ خودێ، بالبالۆک، تاژی ئەحمەد ڕاوکەرە، تانجی پێغەمبەر، تانجی پێغەمبەرانە، وشترخوا، بالووک، ئەسپی پێغەمبەر، کوللەحاجی.

**تاژی ئەحمەد ڕاوکەرە** (گیانـ.)[تاژی + ئەحمەد + ڕاوکەر + ئە] بڕ: تاژیلۆکە

**تاژیەوان** (نا. ل، ئان. ل)[تاژی + ئە + وان] کەسێک کە ئاگادارییی و چاوەدێریی تاژی بە دەستەوەیە، تاجیەوان، تانجیەوان.

**تاس**[1] (نا.)[پەه: تاس. باک: تاس ـ ناو: تاس ـ زا: تاسە، تۆسە] ١ـ قاپی قووڵی ساز کراو لە مس، بادی، سەکرە، زەرک. ٢ـ زێڕ و زەمبەری دەوری کڵاو. ٣ـ مۆرەیەکی چووکی موکەعەبییە کە لە یەک هەتا شەشی لە سەر نەخش کراوە و بۆ کایە و قومار کەلکی لێوەردەگرن، زار. **~ گرتن:** بە تەڕدەستیی تاس و زار وەها هەڵاویشتن کە خاڵەکانی دڵخواز بێن.

**تێبینی:** تاس شێوەیەکی دیکە لە وشەی تەشت ـ ە بە لە بەر چاو گرتنی ئاڵوگۆڕیی دوو پیتی س و ش دەگەڵ یەکتر. (بڕ: تەشت)

**تاس**[2] (ئان.)[؟] ١ـ کەسێک کە تووکی سەری وەریوە، بێ موو. ٢ـ شوێنێک کە تووک و مووی پێوە نەبێ. **~ بوون:** تووکی سەر وەرین. **~ کردن:** تووکی سەر بە گوێزان تاشین وەها کە وەک تاس دیاری بکا. :: ئەوە سەرت بۆ وا تاس کردوە.

**تاس**[3] (نا.)[لە: تاسان] ١ـ گێژ و وڕ، کاس. ٢ـ خەفە، پیران. ٣ـ نەخۆشییەکە کە لە گەروو دا پەیدا دەبێ، دووشاخە. **~ بردنەوە:** ١ـ پشوو بڕان، دە تاسەوە چوون، تاسان، پیران کردن. ٢ـ واق وڕ مان لە بیستن و دیتنی شتێکی سەیر، سەر سوڕ مان، حەیران بوون، تاس بە

سـەرا هـاتن. **~ بە سـەرا هاتن:** بڕ: تاس بردنەوە. **~ کـردن:** دەتاســەوە چـوون، خـنـکـان. **دە ~ەوە چـوون:** پشـووبڕان و دەنگ دەرنەهاتنی منداڵ یا کـەســێک لە کـاتی گـریان دا، تـاس بردنەوە، پیران کردن.

**تاسان** (چا. ل)[هس: تـەواسـان. لۆر: تاسـەنە (خـەفـە کردن)] ١ـ خـەفـە بوون، دەتاسەوە چوون، تاسیان. ٢ـ گێژ بوون. ٣ـ خەفە بوون و خنکان بە دووشاخە.

**تاسـاندن** (چا. م)[لە: تاســان] ١ـ خنکاندن، خـەفـە کـردن، تاسـانن. ٢ـ گێژ و کاس کردن.

**تاسانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: تاساندن

**تاساو** (نا. مف.)[لە: تاسان] ١ـ گێژ و وێژ، وڕ. ٢ـ کەسێک کە دەتاسـەوە چوە، خەفەبوو. ؛؛ مەگەر مەیخانەیە دنیا کەوا کاسی لەبەر کەئسی/ بە نەغمەی عوودی سـووتاوی، بە نـەشـئـەی تـاسی تـاسـاوی (نالی ل ٦٨٢).

**تاسک** (نا. ل)[تاس1/١ + ک][باک] بڕ: تاسوولکە

**تاسکڵاو** (نا. ل)[تاس1/٢ + کـڵاو] ١ـ جـــۆرێک کـــڵاوی ژنانە، لە پارچـەی ڕەنگی دەیدروون، ڕەقـە و دەورەکـەی بە خـــشـڵ و پـووڵەکـــە دەرازێننـەوە. ٢ـ کـڵاوێکی ئاسنین کە شـەڕکەر لە شـەڕ دا دە سـەری دەکەن، قەتلاو، کڵاوخـوود. ؛؛ مـــەیدان نـە دیدەی ســـوپایی تـارەن/ شۆڵەی تاسکڵاو تۆ نە پێوارەن (مەولەوی ل ٣٧١).

**تاسکە** (نا. ل)[تاس1/١ + کـە][زا] بڕ: تاسوولکە

**تـاسـکـەبـاب** (نـا. ل)[تـاس1/١ + کەباب] چێشـتێکە لـە گۆشت، سـێوک، باینجـانی ســوور و ڕەش و پیــواز کــە تەبەق تەبەق لە سـەریەکی دەچنن، خوێ و ئاڵەتی لێدەدەن و دەیکوڵێنن، تاسکەواو، تاسکەبابیی.

**تاسکەبابیی** (نـا. ل)[تاسکەباب + ئیی] بڕ: تاسکەباب.

**تاسکەتاسک** (ئاک. ل)[؟][تاسکە + ئاسک] ١ـ ڕەوتی ئاسک مـــامـــز. ٢ـ (مجـ.) ڕۆیشتنی بەناز و غەمزەی، لەنجە و لاری ژن.

**تاسکەچەڵە** (گـیـانـ.)[تاس2/١ + کەچەڵ + ئە] بڕ: سیسارک

**تـاسـکـەواو** (نـا. ل)[تـاس1/١ + کەواو][ئەر] بڕ: تاسکەباب

**تاس و لووس** (ئان. ل)[تاس2/٢ + و + لووس] کچ یا کوڕێک کە مووی زیادەی بە روخسارەوە نەبێ، زەریف و بێ موو. ⁝⁝ ئەو کەسەی راموسێ کوڵمەی تاس و لووس/ ئەو کەسەی تێی هەڵنەدابێ چارەنووس (ناڵەی جودایی ل ١٤). **~ بوون:** جوان و زەریف بوون. **~ کردن:** بە کەسێک راگەیشتن و جوان کردن. **خۆ ~ کردن:** خۆ جوان کردن، تراش کردن و بە خۆ راگەیشتن.

**تاسوولکە** (نا. ل)[تاس1/١ + ئوولکە] قاپی چووکی مسی، پیاڵەی مسین، تاسیلە، تاسکە، تاسک.

**تاسە**[1] (نا.)[ناو: تاسە ـ هەو: تاسە] ١ـ مەیل و ئارەزوی زۆر، کەڵکەڵە. ٢ـ ئیشتیا، تامەزرۆیی **~ کردن:** ١ـ مەیل و ئارەزوی زۆر بۆ دیتنی کەسێک. ⁝⁝ دەمێکە تاسەی دایکم دەکەم. ٢ـ ئیشتیای زۆر بۆ خواردنی شتێک. ⁝⁝ تاسەی سەروپێم کردوە.

**تێبینی:** تاس، تاسە، تاسا لە فەرهەنگەکانی فارسی دا بە مانای مەیل و ئیشتیای خواردن بە تایبەتی مەگیرانی ژنان هاتوە.

**تاسە**[2] (نا.)[زا] بڕ: تاس1

**تاسەبار** (ئان. فا)[تاسە1 + بار1/٩] کەسێک کە تاسە و ئارەزووی زۆرە، تاسەدار، تاسەمەند، ئارەزوومەند. **~ بوون:** بە ئاواتەوە بوون بۆ پێگەیشتن، تاسەدار بوون.

**تاسەباریی** (حم.)[تاسەبار + ئیی] حاڵەت و چلۆنایەتی تاسەبار، تاسەدار و ئارەزوومەند بوون، تاسەداریی، تاسەمەندیی، ئارەزوومەندیی.

**تاسەدار** (ئان. فا)[تاسە1 + دار2] بڕ: تاسەبار

**تاسەداریی** (حم.)[تاسەدار + ئیی] بڕ: تاسەباریی

**تاسەمەند** (ئان. فا)[تاسە1 + مەند] بڕ: تاسەبار

**تاسەمەندیی** (حم.)[تاسەمەند + ئیی] بڕ: تاسەباریی

**تاسیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: تاسان

**تاسیلە** (نا. ل)[تاس1/١ + ئیلە] بڕ: تاسوولکە

**تاسیی** (حم.)[تاس2 + ئیی] حاڵەت و چلۆنایەتی سەری بێ موو، تاس بوون. ⁝⁝ هەندێک مووی لە لا سەریەوە هێنابوو پێش سەری هەتا تاسییەکەی داپۆشێ.

**تــاش** (ر.)[لــه: تــاشــین] ١ـ رهگــی چاوگی تاشین. ٢ـ مانای تاشەر دەدا. ፨ ســــــەرتـاش، بـەردتـاش، دارتـاش. ٣ـ (نـا.)[هەو ـ ئەر] رەوەز، گـــاشـــەبەرد، تـاشـــەبەرد. ፨ تـای بەرەزای شــەنگ عـەنبـەربۆی شـەوڕەنگ/ پەخش بـی نه رووی تـاش ئەلحــەد ســـەرای ســـەنگ (مەولەوی ل ٣٨٤).

**تاشتی** (نا.)[بڕ: چێشت][زا] چێشتی نیوەڕۆ، نەهار.

**تاشتێ** (نا.)[بڕ: چێشت][باک] نان و چای بەیانی، بەرچایی.

**تاشــراو** (نا. مــفـ.)[لە: تاشـین] هەر شتێکی کە تاشرابێ، تراشراو.

**تاشـــەبەرد** (نا. ل)[تاش/٢ + ئە + بەرد/١] بـەردی یەکـپــارچەی گــەورە، رەوەز.

**تاشەر** (نا. فا.)[لە تاشـین] کەسێک کە شتێک دەتاشێ.

**تاشین** (چا. م)[هیک: تاشتی، تەکش ـ ئێک: تەخش ـ ئەو: تاش، تەش ـ سـوغ: تەش ـ پەه: تاشـتـەن، تەشـیـتـەن، تاشــیـتــەن. فـار: تـراشــیــدن ـ لۆڕ: تێـراشـتێ. ـ پەش: تەراشـێـدل ـ تات: بێـتـاشـەسـتـەن ـ گیل: تاشـتـەن. باک: تاشـین ـ نـاو: تاشین، تراشـین، تەراشـین ـ هەو: تاشـای ـ زا: تـاشـتش] ١ـ لێدان و بڕینـەوەی تووکی ســەر و بەر. ٢ـ دادانی کــەرەســــەی چێــوی و دار. ٣ـ کـرانـدنی شـــتی زێدە. ٤ـ لێک و لووس کـــردنی تەخـتــە و چێـو. ٥ـ لێک و لووس کـردنی بەرد و مــجــەســـەمــە. ٦ـ [ئەر] دروێنە کردن، دروونەوە.

**تاعل** (ئان.)[زا] بڕ: تاڵ

**تاعــــوون** (نـا.)[عـــەر: طاعـــون] نەخـۆشیەکی پڕ مەترسی و ئاهۆدارە کە لە ســاڵی ١٨٩٤ ی زایینی مـیکرۆبەکـەی دۆزراوە. ئەو نەخـۆشیـە لە کۆنەوە هەبوە و گــەلێک جـار بە مـیلیـۆن مـرۆڤ بۆتە قـوربانی. نیـشـانەکـانی سـەرەئێـشــە، چەقـوچۆ، ورێنە، نۆبـەتی، هەڵـمـسـانی جەرگ، سپڵ و گورچیلەکان، پەیدا بوونی کوانـی گەورە لە بن هەنگڵ یا نێـوگەڵ و ئەســتـۆیە کــە دوای حــەوتـەیەک کـێم و چڵکی لێ وە دیار دەکەوێ. مشکەکانیش ئەم نـەخـۆشــیــە دەگـرن و بـە هۆی کـێچ دەگاتە ئینسان. ئیمرۆکە چاوقوڵکە جێی مــەترسی نیــە و بـە واکـــسێن بـەری دەگرترێ، چاوەقووڵە، چاوقوڵکە.

**تاعەت** (نا.)[عەر: طاعة] عیبادەت.

~ **کردن:** عیبادەت کردن، پەرستن.

**تاعەتخانە** (نا. ل)[تاعەت + خانە] شوێنی تاعەت کردن، پەرستگا.

**تاغووت** (نا.)[عەر: طاغوت] ١ـ بوت، سەنەم. ٢ـ جادووگەر، سیحرباز.

**تاغی** (نا. فا)[عەر: طاغی] ١ـ نافەرمان، سەرکەش، یاغی. ٢ـ زۆرکار، زاڵم.

**تاف** (نا.)[بڕ: تاو4] ١ـ هەڕەت، جەنگە. ⁘ لە تافی لاوەتی دا. ٢ـ (ئاک.) [باک ـ ئەر] گورج، دەستبەجێ، تاو، هەشتاو. ⁘ تە خەبەر شاند، ئەز تاف دەست رە هاتم. ٣ـ ئاوێکی زۆر و بە خۆڕ، خوڕێناو. ٤ـ تافگە، ئاوهەڵدێر.

**تافاو** (نا. ل)[تاف/٣ + ئاو1/١] ئاوی بەهێز و خوڕێن، لافاو.

**تافتە** (نا. مف.)[فار: تافتە (تافتن = بادان)] ١ـ تەنراو. ⁘ دەسرۆکەی دەستت تافتەی پیوازی/ قاوە دە دێی دا تۆ ژن بخوازی (کانی مرادان ل ٧٦). قازان بە قازان قورینگان فڕینە/ تافتە و زەرد و سوور لە ملت ئارینە (سێسەد هۆنراوە ل ٣١). ٢ـ تەنراوێکی ئاوریشمی. ⁘ بە سەری دادا تافتەیەکی تار/ بریسکەی دەدا وەک هەوری بەهار (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٩).

**تافگە** (نا. ل)[تاف/٤ + گە1] بڕ: تاڤگە

**تافە** (وشد.)[ئەر] ١ـ دەنگی با، وژە. ٢ـ دەنگی تەوژمی ئاو، خوڕە، هاژە.

**تافەتاف** (نا. ل)[تافە + تاف] هاژەهاژی ئاوی خوڕێن، خوڕەخوڕ. ⁘ خۆزگەی خەمم بە قەڵبەزەی سەرچاوەکەی زەڵم/ چاو وشکی کرد و ئەو وەکوو خۆی تافەتافیە (گۆران ل ٦٤).

**تاڤ**[1] (نا.)[بڕ: تاو1][باک] شۆق و تیشکی هەتاو یا مانگ. ⁘ تاڤا هیڤێ، تاڤا رۆژێ.

**تاڤ**[2] (نا.)[باک] بڕ: تاو3

**تاڤگە** (نا. ل)[تاڤ + گە1] شوێنێک کە ئاو لە بەرزاییەوە بە تاو دەڕژێتە خوارەوە، تافگە، ئاوهەڵدێر

**تاڤی** (نا. ل)[تاڤ1 + ئی][باک] باران و هەتاو پێکەوە، بارانی گورگەزێ، داوەتی ڕێوییان.

**تاق**[1] (ئان.)[بڕ: تاک] ١ـ تاک، تەنیا. ٢ـ بێهاوتا، تەک، تاقانە. ٣ـ ژمارەیەک کە نیوەکەی تەواو نەبێ. // جووت. ٤ـ

کەس. ٥ـ (نا.) بەشێک لە بیست و چوار بەشی ئاو. هەمــوو ئاوێک بە بیـــست و چوار بەش ئەژمێـررێ هـەمـوو بەشـێکی ناو ئەبرێ بە (تاق)ێک: لە بیست و چوار تاقــەی ئەم کــارێزە هەشت تاقم هەیە (خاڵ ب ١ ل ٢٧٢). ٦ـ نیوەی رۆژێک. ¤ لێرەوە تا چەمچەماڵ رۆژ و تاقێکە. ٧ـ [باک] بزن و حــەیوانی گــوێ ســپی یا پنۆک پنۆک. ‖ **تاق تاق**: بڕ: تاک تاک. **تاقی تەنیا:** بەتەنێ، تەنیا، تاق و تەنیا

**تاق**² (نا.)[پەه: تاک. باک: تاک، تاق ـ ناو: تاق] ١ـ میچێک بە شکڵی کەوان، کە لە سەر دەرگا، لە سەر ژوور یا لە بن پرد و جێگەی دیکە ساز کرابێ. ٢ـ بڕ: تاقە ٣ـ بڕ: گومبەز. ٤ـ (مجـ.) حاڵەتی کـەوانیی برۆ و شـتی دیکە. ٥ـ کـەوڵی مــەڕ و بزن. ٦ـ جـۆرێک پۆشـاک و جل، جـوببـە، تـەیلەسـان. ¤ لاچوو بە جـارێ پەردە لە رووی جـەننەتی ئیـرەم/ رازاوە تاقی ئەتڵەس و کیمخوا و حەریر و واڵ (حــەقـیـقی ل ٥١). ‖ **تاقی ئاســمــان**: پـەرپـەرۆچکـەی ئـاســمـــان، تەشـــقی ئاسمان، تەشک. **تاقی برۆ**: کەوانی برۆ. ¤ لەبەر تاقی برۆت بمرم چ نابێ/ کـە من شا بم لە بن باڵی هوما دا (وەفایی ل ٤).

**تێبینی:** عــەرەب ئەم وشـــەیەی خواستۆتەوە و کردوویەتی طاق.

**تاقــانە** (ئان. ل)[تاق1 + ئان + ئە] بڕ: تاکانە

**تاقـتاق** (گیانـ.)[تاق1 + تاق1] بڕ: تاقتاقکەرە

**تاقتاقکەرە** (گیانـ.)[تاق1 + تاق1 + کەر3 + ئە] باڵندەیەکە لە رەگەزی کوند، خـۆ لـە دار هـەڵداوەسـێ و دەقـێـژێنـێ و دەنگێکی وەک تـووک یـا تاق دەردێنـێ و خــەڵک لای وایـە مــەبـەســتی لە تـاقــانە بوونی خـــودایە، Otus scops ناوی لاتینی ئەم مەلەیە، تاکتاککەرە، تاقتاق، یاهـەق، هەقـــهـــەقکەرە، هـووهـووکـــەرە، حەقحەقۆک، تووتەک، تووتاک، تۆتاک.

١٩ سانتیمێترە. قاوەیی ئاماڵ بۆرە، پـەروباڵی رێ رێیـــە. لـە ســـەری دا دوو شـــاخی تووک بە ئاســـتـــەم ســـەریان هـەڵداوە. شـەوانە مـێش و مـەگـەز راو دەکـا. لە دارسـتـانی نیـزیک دەوروبەری ئاواییـیان، باغ و باغچان، کۆنەخانوو و هێـلانەی کـۆنی باڵندان هێـلانەی سـاز دەکا (فەرهەنگی باڵندە ل ١٢٣).

**تاقـچـە** (نا. ل)[تاق2 + چە] تاقـە، تاقەی بچووک.

**تاقم** (نا.)[تور: takım] ١ـ دەستـە، گـرۆ، جەمـاعەت، تاخـمـە. ٢ـ دەسـتێک چینی. ٣ـ جـووتێک ددانی دەسکردە بۆ مرۆی بێ ددان کە ددانساز سازی دەکا، لە سـەر پـووکی دادەنێن و کـاری ددانی پێ دەکەن، ددانی عەمەلی.

**تاقمانلەجووت** (نا. ل)[تاق1 + مان + لە + جووت] بڕ: تاقمانەجووت

**تاقمانەجفت** (نا. ل)[تاق1 + مان + ئە + جفت][ئەر] بڕ: تاقمانەجووت

**تاقمانەجووت** (نا. ل)[تاق1 + مان + ئە + جـووت] یاریەکی دوو کـەسـیـیـە، لایەک هەندێک خێـز یا شتی وردی دیکە لە مـسـتی دەنێ و بە ویدیکەی نیشـان دەدا و دەڵێ تـاق یا جـووت. ئەو کـەسـە یەکێکیان هەڵدەدا و ئەگەر قسەکەی وە راست گەڕێ ئەوە بروویەتیەوە. ئەم یاریە بۆ سـەرەتای یاری دیکەش کـەلکی لێوەردەگرترێ بۆ ئەوەی کە نۆرەی کایە دیاری بکرێ. تـاقـمـان لە جـووت، تاقمانەجفت، تاکمانلەجووت، گێجبازیی.

**تاق و تەنیـا** (ئان. ل)[تاق1 + و + تەنیـا] بێ کـەس و کـار، تەنیـا، تاک و تەنیا، تاقی تەنیا.

**تـاق و لـۆق** (ئـان. ل)[تـاق1 + و + لۆق] ١ـ چەند شت یا چەند کـەسی دوور و تـەنیـا لـە کـۆمـەڵ و پۆل دا. ٢ـ بە دەگمەن، بە هەڵکەوت. & تاق تاق، تاق و لۆقـە، تـاک و تووک، تـاک و تەرا، تـاک و لۆک، تاکە و لۆکە.

**تاق و لۆقـە** (ئان. ل)[تاق1 + و + لۆق + ئە] بڕ: تاق و لۆق

**تاقە** (نا. ل)[تاق2 + ئە] ١ـ شوێنێکی هـەندێک قـووڵ لە دیوار دا بۆ شت لە سـەر دانـان، تاق. ٢ـ تۆپێک پارچە. ٣ـ جـۆرێک پارچەی بە نرخ لـە ئاوریشم. ⁂ چەندم پێخۆش بوو نە کەوای مەخمەر و تاقـە و قـوتنی و خـەزەلم لە بەر دابا... (تاریک و روون ل ٥).

**تاقـەت** (نا.)[عـەر: طاقة] ١ـ هێـز، توانا، توانست. ٢ـ سەبر و حەوسەلە. ٣ـ ئۆقرە. ٤ـ بەرگە. **~ بوون:** جێبەجێ بوون، دامـەزران. **~ بە سـەر چوون:** بێتـاقـەت بوون، تاقـەت نەمـان، تاقـەت چوون. **~ پێـشکان:** دەرۆست هـاتن، قـەوە پێـشکان. ⁂ ئەو بەردە بە مـن هەڵناگیرێ، تاقـەتم پێیناشکێ! **~ تەواو بوون:** ١ـ توانایی نەمـان. ٢ـ وەڕەز بوون، بێتـاقـەت بوون. **~ چوون:** وەڕەز بوون، بێ حەوسەلە بوون. **~ کردن:** ١ـ

شاردنەوە. :: پووڵەکانم لە شوێنێکی چاک تاقەت کردوە. ٢ـ دامەزراندن، جێبەجێ کردن بە ڕێکوپێکیی. :: هەتا من دێمەوە میوانەکان تاقەت کە! **~ مان:** توانایی هەبوون، حەوسەلەی ئەنجام دانی کارێک هەبوون، تاقەت هەبوون. :: تاقەتی کار کردنی نەماوە بەڵام تاقەتی خواردنی هەر ماوە. **~ گرتن:** ١ـ ئارام گرتن، ئۆقرە گرتن. ٢ـ بەرگە گرتن، دەوام هێنان. :: تاقەتی مستێک ناگری. **~ لێبڕین:** بێتاقەت کردن، توانایی ئەنجام دان یا درێژەی کارێک دە کەسێک دا نەهێشتنەوە، لە تاقەت خستن. **~ هەبوون:** ١ـ بەهێز بوون، توانایی هەبوون. ٢ـ تاقەت و توانای ئەنجام دانی کارێک هەبوون، وەڕەز و بێ تاقەت نەبوون. **~ هێنان:** بەرگە گرتن، دەوام هێنان، تاقەت گرتن، خۆ ڕاگرتن لە بەر مەسەلە و کارێک. **~ی خۆ نەبوون:** زۆر بێتاقەت بوون، زۆر وەڕەز بوون. **~ی هیچکەس نەبوون:** توانایی دیتن و گوێ ڕاگرتن لە کەس نەبوون، زۆر بێزار بوون. **دە (لە) ~ی کەسێک دا هەبوون:** توانایی ئەنجامی کارێک هەبوون، قەوە پێشکان، دەرۆست هاتن. :: کڕینی ئەو ماڵە دە تاقەتی من دا نیە! ئەوەی تۆ کردت دە تاقەتی هەموو کەس دانیە! **لە ~ خستن:** تاقەت لێبڕین، بێتاقەت کردن.

**تاقەڕووح** (نا. ل)[تاق + ئە + ڕووح] تەنیا، تەنیاباڵ، بەتەنێ، یەک تەنە. :: بابت تاقەڕووحێکە و دەبێ زگی هەشتان تێر بکا.

**تاقی** (نا.)[عەر: تحقیق] سەنگ، ئازمایش، بەراورد. **بە ~ کردنەوە:** بڕ: تاقی کردنەوە. **~ کردنەوە:** ئازمایش کردن و سەنگاندنی شتێک یا کەسێک بۆ دەر کەوتنی چاک و خراپ، بە تاقی کردنەوە.

**تاک** [1] (ئان.)[پەه: تاک، تەک. باک: تەک ـ ناو: تاک، تەک، تەق، تاق ـ هەو: تاک، تاق ـ زا: تەک] ١ـ تەنیا، بەتەنێ. ٢ـ بێ هاوتا، تەک، تاقانە. ٣ـ ژمارەیەک کە نیوەکەی تەواو نەبێ. // جووت. ٤ـ کەس. **~ بوونەوە:** ١ـ جوێ بوونەوە و تاک کەوتنی گیاندارێک لە کۆمەڵەکەی. ٢ـ تاک کەوتن، تەنیا مانەوە. **~ کەوتن:** تەنیا بوون، جوێ بوونەوە لە کۆمەڵ. ‖ **تاک تاک:** ١ـ یەک یەک. ٢ـ کەم، هەندێک، تاق و لۆق. :: تاک تاک خەڵک بە دەرەوەیە. & تاق تاق

**تاک**[2] (نا.)[باک] بڕ: تاق2

**تاکانه** (ئان. ل)[تاک1 + ئان1 + ئه]
١ـ تەنیا منداڵی بنەماڵەیەک. ٢ـ تەنیا کوڕی بنەماڵەیەک. :: تاکانە یا شێتە یا دێوانە (پەند). ٣ـ بێهاوتا، تاک، تەک. & تاقانە، تەکانە. ~ **بوون:** ١ـ تاکە منداڵی ماڵ بوون. ٢ـ بێهاوتا بوون، بێوێنە بوون.

**تاکتاککەرە** (گیانـ.)[تاک1 + تاک1 + کەر3 + ئە] بڕ: تاقتاقکەرە

**تاکتیک** (نا.)[یون:taktika] ١ـ بەڕێوە برن و وە کار خستنی هێزەکانی جۆربەجۆر لە شەڕ دا. ٢ـ فەن، زانست و شێوەی جوڵانەوە.

**تاکسی** (نا.)[فەر: taxi] ماشێنی تایبەت بۆ راگوێزتنەوەی مسافیر لە نێو شار دا بە پووڵ.

**تاکسی میتر**(نا. ل)[فەر:taximetre] دەزگایەکی چووک کە لە نێو تاکسی دادەندرێ هەتا مەودای ئاژوانی دیار کەوێ و مسافیر بە پێ ئەم مەودایە کرێکەی بداتێ.

**تاکمانلەجووت** (نا. ل)[تاک + مان + لە + جووت] بڕ: تاقمانەجووت

**تاک و تووک** (ئان. ل)[تاک1 + و + تووک5] بڕ: تاق و لۆق

**تاک و تەرا** (ئان. ل)[تاک1 + و + تەرا] بڕ: تاق و لۆق

**تاک و تەنیا** (ئان. ل)[تاک1 + و + تەنیا] بڕ: تاق و تەنیا

**تاک و لۆک** (ئان. ل)[تاک1 + و + لۆک] بڕ: تاق و لۆق

**تاکوو** (ئام.) بڕ: تا3

**تاکە** (ئان. ل)[تاک1 + ئە] ١ـ تاکانە، تاقانە. ٢ـ یەک کەس. ٣ـ تاقڕانی زێوی ئێران (هس: تارانی)

**تاکەوتاک** (ئان. ل)[تاک1 + ئەو + تاک] جووتە کەوشێک کە لینگەکانی بە هەڵە دەپێ کرابێ یا داندرابێ، لینگاولینگ.

**تاکە و لۆکە** (ئان. ل)[تاک1 + ئە + و + لۆک + ئە] بڕ: تاق و لۆق

**تال** (ئان.)[باک ـ زا] بڕ: تاڵ1

**تالار** (نا.)[گیل: تەلار ـ پەش: تالار ـ فار: تالار. باک: تەلار ـ ناو: تالار، تاللار، تەلار] ١ـ دیوی گەورە و بەربلاو. ٢ـ شوێنی گەورە بۆ بەڕێوە بردنی شانۆ و نمایش. ٣ـ شوێنی گەورە، ساڵۆن. ٤ـ

دیوی گەورەی لە نهۆمی سەرەوە، شانشین، باڵەخانە. ∷ میر دەچۆ سەر کۆشک و تالاران، تەمەشای قووچی قەزەنی کرد (مان ل ١٢٧).

**تالحە** (نا.) بڕ: تالع

**تالدە** (نا.)[باک] بڕ: دالدە

**تالع** (نا.)[عەر: طالع] ١ـ شانس، بەخت. ٢ـ چارەنووس. ٣ـ پێشگۆیی چارەنووسی خەڵک، فاڵ. & تاڵە، تالحە. **~ گرتنەوە:** شانس و بەخت بە تاقی کردنەوە بە فاڵ، فاڵ گرتنەوە. **~ نووسران:** ئەو ڕووداوانەی کە بۆ مرۆڤ دیاری کراوە، چارەنووس نووسران.

**تاللار** (نا.) بڕ: تالار

**تالک** (گیا.)[تال + ک][باک] بڕ: تاڵوو

**تالووکە** (نا.)[عەر: تهلکة][باک] خەتەر، مەترسی.

**تالە** (ئان.)[زا] بڕ: تاڵ1

**تالی** (گیا.)[تال + ئی][باک] بڕ: تاڵوو

**تالیب** (نا. فا)[عەر: طالب] داواکەر، خوازیار. ∷ گەر تالیبی ماچێکی ئەتۆ لەو دەمە قەندەی/ بەو زولفە دەبێ هەروەکوو من خۆت لە ڕەسەن دەی (وەفایی ل ١٩٨). **~ بوون:** خوازیار بوون، داواکار بوون.

**تالیژاری** (نا. ل)[تال + ئی + ژار + ئی][باک] بڕ: تاڵشاریی

**تالیشک** (گیا.)[تال + ئیشک][باک] ١ـ بڕ: تاڵیشکە. ٢ـ بڕ: تاڵە/١

**تاڵ**[1] (ئان.)[هیک: تەکرە ـ پار: تخل ـ پەه: تەخل، تەهل. پەش: تریخ ـ فار: تلخ ـ تات: تەل ـ گیل: تەل. باک: تال، تەحل، تەعل ـ ناو: تاڵ، تار ـ هەو: تاڵ ـ زا: تاعل، تال، تالە، تۆل، تەلە] ١ـ تامی لە زاران ناخۆش. // شیرین. ٢ـ هەر شتێکی ناخۆش. ∷ ڕووداوی تاڵ، قسەتاڵ، ڕۆژی تاڵ. ٣ـ ناشیرین، ناحەز. ∷ خوێنتاڵ، گۆشت تاڵ. ٤ـ ڕۆژێکی سارد و ناخۆش و ڕەهێڵە کە نەکرێ جووتی تێدا بکەن یا ئاژەڵی بلەوەڕێنن، تووش. **~ بوون:** ١ـ گۆڕانی تامی شتێک و بەرەو تامی تاڵ چوون. ٢ـ تامی تاڵ هەبوون. ٣ـ (کنـ.) ڕەزاگران بوون، خوێنتاڵ بوون.

**تاڵ**[2] (نا.)[هیک: تەنترە ـ ئەو: تەثرە. لۆر: تال. ناو: تاڵ، تار] ١ـ هەودا، داو، تار. ٢ـ دەنکێک موو. ∷ مامم تەمەنی زۆرە بەڵام سەری یەک تاڵی سپی تێدا

نیە. & تەڵ.

**تاڵ**[3] (ئان.)[بڕ: تار1] ١- ڕەنگی ڕەش مەیلەو زەرد یا زەردی مەیلەو ڕەش. ٢- [ئەر] ڕەش، تار. :: تاڵ داگەڕیان.

**تاڵ**[4] (نا.)[عەر: طحال] بڕ: سپڵ

**تاڵ**[5] (نا.)[؟] جەوت و مازوو و تۆکڵەهەنار کە مەشکە و هەمبانە و چەرمی پێخۆش دەکەن، هەڵاڵ. ~ **دان:** خۆش کردنی چەرم بە تاڵ و هەڵاڵ.

**تاڵان** (نا.)[مەغ: تالان] ١- بردن یا برانی بە زۆریی ماڵ و سامان و دەوڵەتی کەسێک یا شوێنێک بە تێگڕایی، چەپاو، تاڵان و بڕۆ، تاراج، تاڵوو، تارتالە، نژدە. ٢- دۆڕانی تەواوی پووڵ و پارە و ماڵ. **بە ~ بردن:** تاڵان کردن و بردنی ماڵ و دەوڵەتی کەسێک یا شوێنێک، تاڵان کردن، چەپاو کردن. **بە ~ چوون:** تووشی تاڵان هاتن و دزران و برانی هەموو ماڵ و حاڵ، بە تاڵان ڕۆیین، بە تاراج ڕۆیین. **بە ~ دان:** نابوود کردن، فەوتاندن، بە تاراج دان. **بە ~ ڕۆیین:** بڕ: بە تاڵان چوون. :: ماڵمان تاڵان کرا، مەڕ و ماڵمان هەمووی بە تاڵان ڕۆیی/ ئێمە دەبێ دانیشین بە هەناسەساردی و بەبێ نانی و بەبێ دۆیی (لاس و خەزاڵ ل ٥٣). ~ **بوون:** دۆڕانی هەموو پووڵ و پارە لە قومار دا، سوخت بوون. ~ **بردن:** تاڵان کردن، بە تاڵان بردن. :: ئاخر چ بکەم لەوەی دا سەرزەنشتی من دەکەن، دەڵێن تاڵانیان برد و لاس پێی نە گەڕاوە (لاس و خەزاڵ ل ١٦٣). ~ **ستاندن:** بە تاڵان بردن، تاڵان کردن، تاڵان بردن، تاڵان ئەستاندن. ~ **کران:** ڕووت کران و بە تاڵان بردنی ماڵ و سامان. ~ **کردن:** ١- بڕ: بە تاڵان بردن. ٢- بردنەوەی هەموو پووڵ و پارەی کەسێک لە قومار دا، سوخت کردن. ~ **ئەستاندن:** بڕ: تاڵان ستاندن.

**تاڵانبەر** (ئان. فا)[لە: تاڵان بردن] کەسێک کە ماڵی خەڵک بە تاڵان دەبا، تاڵانکەر. :: کوڕ تاڵانگێڕەوەیە و کچ تاڵانبەر (پەند ل ٣٣١).

**تاڵانستێن** (ئان. فا)[لە: تاڵان ستاندن] کەسێک کە ماڵی خەڵک بە تاڵان دەبا، تاڵانکەر، تاڵان ئەستێن.

**تاڵانکراو** (ئان. مف.)[لە: تاڵان کران] کەسێک کە ماڵ و سامانی بە تاڵان بردراوە. :: تاڵانکراو بە ماڵ ئەبێ،

سکەڕۆ بە ماڵ نابێ (پەند ل ١٥٠).

**تاڵانکەر** (ئان. فا)[لە: تاڵان کردن] ١ـ کەسێک کە ماڵی خەڵک بە تاڵان دەبا، تاڵانبەر. ٢ـ دز، ڕێگر.

**تاڵانکەریی** (حم.)[تاڵانکەر + ئیی] کار و پیشەی تاڵانکەر، دزیی، ڕێگریی.

**تاڵانگێڕەوە** (ئان. فا)[تاڵان + گێڕەوە] کەسێک کە بەری تاڵان دەگرێ و ناهێڵێ ماڵی بە تاڵان بەرن. ∷ کوڕ تاڵانگێڕەوەیە و کچ تاڵانبەر (پەند ل ٣٣١).

**تاڵان و بڕۆ** (نا. ل)[تاڵان + و + بڕۆ] ١ـ بڕ: تاڵان. ٢ـ شێواویی و کەس بە کەس نەبوون، تێکەولێکە.

**تاڵانە** (نا. ل)[تاڵان + ئە][ئەر] بڕ: تەڵان

**تاڵان ئەستێن** (ئان. فا)[لە: تاڵان ئەستاندن] بڕ: تاڵانستێن. ∷ ئەحمەدخانی سوورچی و زووراری تاڵانی برد و تاڵان ئەستێنە/ ئەی بۆ دەڵێن لاس پیاوێکی ڕەشیدە، بازە، شەهێنە (لاس و خەزاڵ ل ١٦٢).

**تاڵانیی** (نا. ل)[تاڵان + ئیی] ماڵ و شتێک کە بە تاڵان بردراوە.

**تاڵاو** (نا. ل)[تاڵ1 + ئاو1] ١ـ ئاوی تاڵ و ناخۆش. ٢ـ ئاوی سەفرا، زەرداو. ∷ ئەمیستەش گەرچی عەیش و عوشرەتت هەر تاڵ و تاڵاوە/ بە مەرگی تۆ لە پاشانیش دەخۆی تاڵاوی تاڵاوی (نالی ل ٦٨٢). ٣ـ شوێنێک کە ئاوی ڕووبار و جۆبار و بارانی تێدا کۆ ببێتەوە و مەنداو بێ، زۆنگ. ٤ـ (مجـ.) دەرد و خەمی زۆر.

**تاڵاویی** (نا. ل)[تاڵاو + ئیی] ١ـ ئاوی ناخۆش و تاڵ، تاڵاو. ٢ـ تاڵاویی ژیان، دەرد و خەم.

**تاڵایی** (حم.)[تاڵ1 + ئایی/١] ١ـ تامی تاڵ، تاڵ بوون. ٢ـ ناخۆشیی. ٣ـ ڕەزاگرانیی، ناحەزیی. & تاڵیی

**تاڵخ** (نا.)[؟] سنووری نێوان دوو دێ یا دوو زەوی، مەرز، حدوود، کەوشەن، توخووب، تووخب، تخووب. ~ **دانان:** سنوور کێشان، دیاری کردنی مەرز و حدوود، تخووب دانان.

**تاڵشاریی** (نا. ل)[تاڵ1 + شار (ژار) + ئیی] جیوەیەکی ڕەنگ قاوەیی تۆخە کە لە گیایەکی بە ناوی [لات: Aloe vera، عەر: صبر] دەگرترێ، تامی زۆر تاڵە و بە سانایی لە نێو ئاوی داغ دا دەتوێتەوە

و بۆ دەرمـــان کـــەلکی لێـــوەردەگـــرن، تاڵیشاریی، تالیژاری.

**تاڵشک** (گـیـا.)[تاڵ1 + شک] بڕ: تاڵیشکە

**تاڵک** (گیا.)[تاڵ1 + ک] ١ـ بڕ: تاڵکە ٢ـ بڕ: تاڵوو. ٣ـ جۆرێک هەرمێ.

**تاڵکە** (گـیـا.)[تاڵ1 + کـە] جـۆرێک گـرکـەیە کـە بە نەگـەیوی تاڵە، تـاڵک، تەحلک.

**تاڵگ** (گـیـا.)[تاڵ1 + گ][ئەر] بڕ: تاڵیشکە

**تاڵگە** (گـیـا.)[تاڵگ + ئە][ئەر] بڕ: تاڵیشکە

**تاڵ و ســـوێریی** (نا. ل)[تال + و + سوێریی] دەرد و ناڕەحەتیی، مـەینەت و نـاخـــۆشـــیـی، تـاڵیی و ســـوێریی. ؛؛ کـــراســـێکە بە بەژنی من بڕاوە تاڵ و سوێریی ژین/ کە هەر ئەسرینە دەیڕێژم، کە هەر زووخـاوە دەیچێژم (حـەقـیـقی ل ١٧٩). **~ چێـژتن:** (کنـ.) مـەینەت و نـاخـــۆشـــیـی دیتن لە ژیان دا، تـاڵیی و سوێریی چێژتن.

**تاڵوو**[1] (گیا.)[تاڵ1 + ئوو] گیایەکی تاڵە مـاڵات نایخـۆن، هـەتا گـەزێک بەرز دەبێـتـەوە، گەڵاکـانی پان و ناسکن و لە دوایی جـــــوێ دەبـنـەوە و بـا بـۆ هــەر لایەکـــیـــان دەبا، لە ریشـــەکـــەی بۆ ســووتـەمـەنی کـەلک وەردەگـرن کـە پێی دەڵێـن کـــــۆڵوو، Centaurea cen-taurium ناوی لاتینی ئەم گـیـایەیە، تاڵک، تالی، تالک (عەر، فار: قنطوریون، قـنـطـریـون ـ ئـین: centaurea). **لـە خـــشـــــەی ~ ڕەوینەوە:** (کنـ.) زۆر ترسەنۆک بوون

**تاڵوو**[2] (نا.) بڕ: تاڵان

**تاڵووکـــە** (ئاک.) پەلە، لەز. **بە ~ بـوون:** بـە پـەلـە بـوون، پـەلـە هـەبـوون، تاڵووکـە هـەبوون. **~ کـردن:** پەلەپەل کـردن، پەلە کـردن. ؛؛ تاڵووکـەی مـەکـە هەر ئێـسـتـا خـۆم سـاز دەکـەم! **~ هەبوون:** بە پەلە بوون، بە تاڵووکە بوون.

**تێـبـینی:** لە زمـانی سـانسکریت دا تـەرو taru هـەر بـەو مــــانـایـە هـاتوە. هـەروەها لـە فــەرهـەنگەکــانی زاراوەی باکووری دا تالووکە بە مانای خـەتەر و مـــەترسی لە tehlike ـ ی تورکی کـــە خـۆی لە تهلکة ـ ی عــەرەبی کــەوتوە، هـاتوە.

**تاڵە**[1] (گیا.)[تاڵ1 + ئە] ١ـ گیایەکی

خۆڕسکە لە دەستەی سێوەڕە، گەڵاکانی پەنجەیی و گوڵەکانی شین و سپی و مۆر و زەردن، بەرەکەی دەنکێکی تاڵە دە نێو کەلوو دا کە خۆش دەکرێ و دەخورێ، Lupinus albus ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، هەرزەڵە، تالیشک. (عەر: ترمس ـ فەر: lupine). ٢ـ دەنکێکی چووکی خڕی رەشە کە لە نێو گەنم و نیسک و دانەوێڵەی دیکە دا پەیدا دەبێ و تامی تاڵە، تاڵەکە، مرۆر. (فار: سیهک). ٣ـ (ئان.) مەڕی لەش سپی دەم و چاو بۆر. ٤ـ (ئان.) گوێدرێژ و ئێستری دێزە.

**تاڵە**[2] (نا.)[باش ـ هەو] بڕ: تالع

**تاڵەکە** (گیا.)[تاڵ1 + ئەکە][ئەر] بڕ: تاڵە/٢

**تاڵیش** (گیا.)[تاڵ1 + یش] بڕ: تاڵیشکە

**تاڵیشاریی** (نا. ل)[تاڵ1 + ئی + شار (ژار) + ئیی] بڕ: تاڵشاریی.

**تاڵیشک** (گیا.)[تاڵ1 + ئیشک] بڕ: تاڵیشکە

**تاڵیشکە** (گیا.)[تاڵ1 + ئیشک + ئە] گیایەکی خۆڕسکە کە هەتا گەزێک بەرز دەبێتەوە،، ساقەتی زوور و گەڵاکانی ناسک و تووکن (کە لە کاتی لێکردنەوەی شیرەیەکی سپی لێدێتە دەر)، تامی تاڵە و کەو زۆری پێخۆشە، تاڵیشک، تاڵشک، تاڵیش، تاڵگ، تاڵگە، تالیشک، گیاکەو، تەحلی.

**تاڵیی** (حم.)[تاڵ1 + ئیی] ١ـ تامی تاڵ، تاڵ بوون. ٢ـ ناخۆشیی. ⁂ وەرە با هەڵمژم ئەو لێوە شیرینە بە کەیفی خۆم/ لە پاش ئەو تاڵییە با من دەمێک شەکرم لە دەم دابێ (تاریک و روون ل ٢١٨). ٣ـ رەزاگرانیی، ناحەزیی. & تاڵایی. **بە ~ باس کردن:** بە خراپ و ناحەز باسی کەسێک کردن، باسی رەزاگرانی و خوێنتاڵی کەسێک کردن. ⁂ کەسێکی تۆ ناخۆشت ویست و بە تاڵییت باس کرد، ئەویش ناخۆشی دەوێ و دەبێتە قەستەسەری (سەعید و میرسێوەدین ل ١١٧).

**تاڵیی و سوێریی** (نا. ل)[تالیی + و + سوێریی] بڕ: تاڵ و سوێریی. **~ چێژتن:** (کن.) بڕ: تاڵ و سوێریی چێژتن.

**تام** (نا.)[عەر: طعم] ١ـ هەستی تاڵیی، سوێریی، شیرینیی و ترشیی کە لە خواردن و خواردنەوە دەکرێ، چێژ، چێژە. ٢ـ چەوریی و رۆنی نێو چێشت. ٣ـ لەززەت، خۆشیی، چێژ. ⁂ تامی ئەو

دیدارەم لە بیـــــــر ناچێ. ٤ـ [باک] رووکێشی سەر کانزا بە تایبەت زێڕ و زێو. **~ تێکردن:** چەوریی و ڕۆن و ئاڵەت دە چێشت کردن، تامدار کردنی چێشت. **~ چێژتن:** بە تاقی کردنەوەی تامی خواردەمەنی، تام کردن، چێژتن. **~ دان:** ١ـ تام هەبوون، چێژ هەبوون. ٢ـ رووکێشی زێڕ یا زێو لە کانزای دیکە دان. **~ شتێک یا خواردنێک دە بن ددان دابوون:**(کنـ.) بیرەوەری حاڵەتێک یا خواردنێک لە بیر نەکردن. ⁙ تامی ئەو کفتەی دایکتم هەر لە بن ددان دایە. تام و چێژی ئەو سەفەری پێکەوە کردمان هەر لە بن ددانم دایە و قــەتم لە بیـــر ناچێ. **~ کردن:** بڕ: تام چێژتن. **~ نەبوون:** ١ـ بێتام بوون، چێژ نەبوون. ٢ـ خۆش نەبوون، بێ لەززەت بوون. ⁙ بێ تۆ هیچ کۆڕ و مەجلسێک تامی نیە. ‖ **تامی تامی:** چاوبز* **تامی تامی دان:** چاوبز دان. **تامی زار:** (کنـ.) نیەت، بۆچوون، ویست. * **تامی زاری کەسێک چێژتن (زانین، کردن):** (کنـ.) پەی بردن بە نیەت و ویستی کەسێک سەبارەت بە مەسەلەیەک بە قسە کردن و دواندن. ⁙ دەستبەجێ مەنێرە سەری لە پێشدا تامی زاری دایک و بابی بزانە لە دوایی تێگرا دەچینە خوازبێنی.

**تامـــازرۆ** (ئان. ل)[تام + ئا + زرۆ] [ئەر] بڕ: تامەزرۆ

**تامـان** (نا.)[هس: تان1] ١ـ دەرک و دیوارۆچکە یا بەرهەڵستی لە شـوولّ تەنراو، تەیمان، تان، تانە، چەپەر. ٢ـ پەرژین. ٣ـ [باک] پەیوەندی دار و درەخت، متوربە، لوول.

**تاماندن** (چا. م)[لە: تامان/٣][باک] متوربە کردنی درەخت، پەیوەند کردن.

**تامـدار** (ئان. فـا)[تام/٣ + دار2] خواردنێک کە تامی خۆش بێ، خۆش چێژ، بەتام.

**تامـــزیڤ** (ئان. ل)[تام/٤ + زیڤ] [باک] رووکێشی زێو، ئاوەزێو.

**تامـزێڕ** (ئان. ل)[تام/٤ + زێڕ][باک] رووکێشی زێڕ، زێڕکفت، ئاوەزێڕ.

**تامــســار** (ئان. ل)[تام/١ + سار] [باک] مەیخۆش، تفت.

**تام و بۆ** (نا. ل)[تام + و + بۆ] بۆن و بەرامەی چێشت.

**تام و خــوێ** (نا. ل)[تام/٢ + و + خـوێ] ١ـ رادەی ڕۆن و خـوێی نێـو

چێشت، چێژی چێشت. ☸ چێشتێکی بە تام و خوێیە. ٢ـ (مجـ.) تام، چێژ. ~ **کردن:** چێژتنی چێشت بۆ دەرکەوتنی ئەندازەی رۆن و خوێ و بەهارات، چێژتن، تام کردن.

**تامووسک**¹ (نا. ل)[تا (تار2) + موو + س + ک] مووی درێژی کلکی یەکسم کە بۆ داو و تەپکە کەلکی لێوەردەگرن، دامووس، دامووسک، دامووسکە.

**تامووسک**² (نا. ل)[تا1 + مووس (میز) + ک][باک] بڕ: تێمیسک

**تامیسک** (نا. ل)[تا1 + میس (میز) + ک] بڕ: تێمیسک

**تامیسکە** (نا. ل)[تا1 + میس (میز) + کە][باک] بڕ: تێمیسک

**تامێزک** (نا. ل)[تا1 + مێز (میز) + ک] بڕ: تێمیسک

**تامێسک** (نا. ل)[تا1 + مێس (میز) + ک] بڕ: تێمیسک

**تامەزرۆ** (ئان. ل)[تام + ئە + زرۆ (ئارەزوو؟)][لۆر: تەمارزو ـ ناو: تامەزرۆ، تامازرۆ][هس: تامسار] کەسێک کە مەیل و تاسەیەکی زۆری هەیە. ~ **بوون:** مەیل و تاسەیەکی زۆر هەبوون. ☸ زۆر تامەزرۆی شۆرباوکفتەم. تامەزرۆی دەرس خوێندنم. ~ **کردن:** مەیل و تاسەیەکی زۆر دە کەسێک دا پێک هێنان. ☸ هێندەی باسی سەفەرەکانی خۆی بۆ کردووم منیشی تامەزرۆ کردوە.

**تامەزرۆیی** (حم.)[تامەزرۆ + ئیی] حاڵەتی کەسی تامەزرۆ، مەیل و تاسە. ~ **شکان:** پێگەیشتن بە مەیل و ئارەزوو و تامەزرۆ نەمان. ☸ هێندەم خوارد و خواردەوە هەتا تامەزرۆییم شکا.

**تان**¹ (نا.)[ناو: تان ـ هەو: تان] ١ـ تاڵی هەر تەنراوەیەک لە سەرەوە بۆ خوار کە پۆی تێهەڵدەکێشن، رایەڵ، تانتە. // پۆ.. ٢ـ [باک] دیوار یا پەرژینی ساز کراو لە شووڵ و قامیش، چیت، تامان. **بە ~ا چوون:** بژاردن و دەست نیشان کردنی چاکە یا خراپەی کەسێک بە دوور و درێژیی، بە تانا هاتن، بە تانوپۆ دا هاتن، بە تانوپۆ دا هاتن. ~ **دەرکەوتن:** ١ـ شڕ بوون و کۆن بوونی تەنراوە. ٢ـ (کنـ.) عەیب و عار دەرکەوتن و ئاشکرا بوون.

**تێبینی:** تان لە چاوگی تەوێستایی تەن tan و تەنین ـ ی کوردیی کەوتوە.

**تان**2 (نا.)[باک] بڕ: تا1

**ـ تان**3 (ئام.) جێناوی دووهەم کەسی کۆ. ⁂ ماڵتان، کتێبەکەتان.

**تانار** (نا.)[؟][باک] بەخـــیـــە و درووماننێکی تایبەتی کە بنی کتێب لێک دەبەســـتـــێـــتـــە و لە دوایی بەرگی تێدەگرترێ، شیرازە، شیرازی.

**تانتە** (نا.)[هەو] بڕ: تان1. ⁂ دیسان دەس چەرخ هەم ها نە کـــار دا/ تای تـانتـــەی دووریش وســـتـــەن وە دار دا (مەولەوی ل ٢٥٣).

**تـــانج** (نـــا.) بـــڕ: تـــاج. || **تـــانجـــی دەروێشیی:** بڕ: تاجی دەروێشیی.

**تانج زێڕین** (گیانـ.)[تانج + زێڕین] ٩ سانتیمێترە... سەری زەردە و دوو هێڵی رەشـی پێـــداهاتـووە. کـــاکـــۆڵی نێـــرە نارنجـیـیـە و هـی مێـیـە زەردی کـاڵە. بە باڕی کاکۆڵی نییە. ئەو باڵندەیە پشتی ســەوزی زەیتــوونیــیـە و بەرزگی زەردی ئامـاڵ سپی. تەنیشـتی شین دەچن؛ باڵی دوو خـەتی سـپی و خـەتێکی پانی رەشی پێــداکـــشــــاوە. لە لێـــڕەواران دەژی. زســـتـــانـان لە ســـەر پەرژین و پنچکان دەبینرێ. هێلانەی بە چڵووکی دارانەوە هەڵداوەسێ (فـــەرهەنگی بـاڵنـدە ل ٣٤) Rrgulus regulus نـاوی لاتـینـی ئـەم باڵندەیە.

**تانجــۆکــە** (نا. ل)[تانج + ئۆکـە] ١ـ تانجی چووک. ٢ـ لیزگە مــووڕووی سـەر نێــوچاوان. ٣ـ مــووی نێــوچاوانی کــچی بچکۆڵە کـە دەیهـۆننەوە و بە ســەریەوە دەبەستنەوە هەتا نەچێتە نەکەوێتە سەر چاوی.

**تانجی** (گیانـ.) بڕ: تاژی

**تانجی پێغـەمەر** (گـیانـ.)[تانجی + پێغەمەر] بڕ: تاژیلۆکە

**تانجی پێغەمەرانە** (گیانـ.)[تانجی + پێغەمەر + ئانە] بڕ: تاژیلۆکە

**تانجیــەوان** (نا. ل، ئان. ل)[تانجی + ئە + وان] بڕ: تاژیەوان

**تانزی** (گیانـ.)[زا] بڕ: تاژی

**تانک** (نز.)[ئین: tank] مەکینەیەکی قـورس و گـەورەی زرێپـۆشی شــەرە کـە تۆپ و رەشـــاشی لە ســـەر دامـــەزراوە، چەرخـی تایبــەتـی هەیە و لە ســەر زەوی ناڕێکیش جوان دەڕوا. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٦ی زایینی، سەردەمی شەڕی یەکــەمی جــەهانی وەکـاریان خـــست، دەبابە.

**تانکێـــــر** (نا.)[ئین: tanker] ١ـ ماشێنی گەورەی نەفتکێشی کە دەفرێکی گەورەی لە سەر پشتە و نەفت و گازۆڵ و شتی دیکەی لەم بابەتی پێوە رادەگوێزن. ٢ـ دەفرێکی گەورە کە لە ماڵ یا شوێنی دیکە ئاو یا نەفتی تێدا پاشەکەوت دەکەن، ئەنباراو.

**تانگۆ** (نا.)[ئیس: tango] جۆرێک سەمای دوو کەسییە کە سەرچاوەکەی لە مکزیکەوەیە و دوایی لە دونیا بوو بە باو و مووزیکی تایبەتی خۆی هەیە.

**تانوپۆ** (نا. ل)[تان1 + و + پۆ] ١ـ تاڵەکانی تەنراو بە گشتی، رایەڵ و پۆ. ٢ـ (مجـ.) بنەچەکە، رەگەز. :: دەزانم کێی تانوپۆت باش دەناسم. **بە ~ دا چوون:** بە دوور و درێژیی چاکە یا خراپەی کەسێک باس کردن و بژاردن، بە تانوپۆ دا هاتن، بە تانا چوون. **بە ~ دا هاتن:** بڕ: بە تانوپۆ دا چوون. **لە ~ کەوتن:** لە کەلک کەوتن، ئیدی بە کار نەهاتن، زۆر پیر بوون. || **تانوپۆ ئاوریشم:** (کنـ.) کەسێک کە لە لایەن دایک و باوکییەوە رەگەزی رەسەن بێ.

**تانووت** (نا.)[عەر: طعنة] ١ـ سەرکۆنە، لۆمە، توانج، تانە. ٢ـ غەیرەت، ئازایەتی. :: کەس ئەو تانووت و غیرەت و ئازایەتییەی نەبووە/ کەس چاوی بە گوڵی چل پلەی حومامێ نەکەوتووە (لاس و خەزاڵ ل ٨٧). **~ لە خۆ دان:** ١ـ خۆ لۆمە کردن، عەیب لە خۆ گرتن. ٢ـ غیرەت وەبەر خۆ نان. :: هەموو لە خۆیان دا تانووت و هونەرییە/ خۆیان غەرق کرد لە ئەسپاب و هاچە و چەکییە (لاس و خەزاڵ ل ٥٤) دەستی منت دامێن بێ لە خۆت بدە تانووت و حونەرێ/ بە وەعدەی پازدە شەو لە مزگەوتێ وەرە دەرێ (شێخ فەرخ ل ٦٣). **~ لێدان:** سەرکۆنە کردن، عەیب لێگرتن.

**تانە**[1] (نا.)[عەر: طعنة] ١ـ عەیب، لۆمە، تەشەر، تانووت. ٢ـ[باک] برین، زام. **~ تێگرتن:** تەشەر لێدان، تانە لێدان. **~ لێدان:** لۆمە کردن، عەیب گرتن.

**تانە**[2] (نا.)[بڕ: دانە1] ١ـ [باک] دانە، دەنک، قل. ٢ـ [ئەر] پەڵە، خاڵ. ٣ـ پەڵەیەکی سپییە ئەکەوێتە سەر بیبیلەی چاو، تاریکی دەکا، (خاڵ ب ١ ل ٢٧٦). :: زمان بۆ پەسنی ئەو لێوئاڵە لاڵە/ گلێنەم تانەداری دانە خاڵە (خەیام ل ٩٥) تاریکی، تەمی دەشتی دڵ و تانەیی

سەر چاو/ شاباڵی پەخش کردبوو تاکوو ئەبەدییەت (گۆران ل ١٧١). ٤ـ نیشانەی پێگەیشتنی میوە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٧٨). ~ **تێکەوتن:** سەرەتای پێگەیشتنی بەر و میوە. ∷ بێستانەکەم تانەی تێکەوتوە.

**تانە**[3] (نا. ل)[تان1 + ئە] دیواری لە شووڵ تەنراو، تامان، تان، تەیمان.

**تانین** (نا.)[فەر: tanin] ماددەیەکی پێکهاتوو لە ئۆکسیژێن، کەربۆن و ئیدرۆژێنە کە لە گیا و داری شین دا زۆرە بە تایبەت لە بەڕوو دا و بۆ چەرمسازیی کەڵکی لێوەردەگرن، جەوت.

**تاو**[1] (نا.)[پەه: ئافتاپ. لار: تاڤ ـ بەل: تاپ ـ پەش: تاو (گەرما). باک: تاڤ، تەڤ ـ ناو: تاو] ١ـ هەتاو، خۆرەتاو، خۆر، وەر. ٢ـ شۆق و تیشکی خۆر. ٣ـ بە ناوەوە دەلکێ و مانای تواوە دەدا. ∷ بەزەتاو، قیرەتاو. ٤ـ یاو، تا، تێ. ٥ـ تین، جۆش، توندیی و تیژیی گەرما. ~ **پەڕان:** بڕ: تاو پەڕین. ~ **پەڕین:** ئاوا بوونی تاو لە ئاسۆ، تاو پەڕان. ~ **تێکردن:** شوێنێک کە تاو دەیگرێتەوە و شۆقی لێدەدا. ~ **دان:** ١ـ تین دان، زیاد کردنی گەرمای ئاگر. ٢ـ (مجـ.) هان دانی کەسێک بۆ ئەنجام دانی کارێک. ~ **سەندن:** تیژ بوونی ئاگر، گەرم بوونی زۆر. ~ **لێهاتن:** تووشی یاو و نۆبەتی بوون، تا لێهاتن. ~ **هەڵاتن:** هاتنە دەری خۆر لە بەیانیان دا، تاو ئەنگووتن، رۆژ هەلاتن. ~ **ئەنگووتن:** بڕ: تاو هەڵاتن. || **تاوی سەرمابردوو:** (کنـ.) خۆرەتاوی زستان کە تینی کەمە.

**تێبینی:** چاوگی تەپ tap لە ئەوێستا دا بە مانای گەرم بوون هاتوە و کۆمەڵێک وشەی کوردیی کە گەرما و تین دەگەیەنن وەک (تەو، تێ، تاوە، ...)لەم چاوگە کەوتوونەتەوە. (بڕ: تا1)

**تاو**[2] (نا.) توانایی، تاقەت، هێز، تاب. ∷ دڵ تینوە، سووتاوە، بەبێ تاقەت و تاوە/ رێگەم بە سەراوە کە دەچم رێم بەسراوە (نالی ل ٥٣٢).

**تێبینی:** تاو لە چاوگی تاوین کەوتوە.

**تاو**[3] (نا.)[باک: تاڤ ـ ناو: تاو] ١ـ پێچ، با. ٢ـ ئالاو، بادراو. ∷ پاتاوە، پێتاو.٣ـ تاڵ، هەودا. ~ **دان:** ١ـ بادان، پێچ پێدان. ٢ـ سووڕاندن، هەڵسووڕاندن

**تێبینی:** تاو بەم مانایە چاوگەکەی

نەمـــاوە، لە زمـــانی فـــارسی دا تـاب لە چاوگی تابیـــدن (تابیـــدەن) بـە مـــانای پێچانەوە و بادان هەرماوە.

**تاو**[4] (نا.)[پەه: ئۆشـتـاپ. باک: تاو ـ ناو: تـاو، تاف، هەشـتـاو ـ هـەو: تاو] ١ـ غـار دانی تـوند، هەشـتـاو، تاف. ٢ـ پەلە، لـەز. ٣ـ وشـــــار، زەخت. ٤ـ هـێـــــرش، هـەڵمـــەت.٥ـ داخ و خـەفـەتی دەروون. ؛؛ کوڕەکـەم نەخـۆشـە و شـەوانـە لە تاوانی خـەوم لێناکـەوێ. ٦ـ ترس، باک، خـۆف. ٧ـ مـــەیل، ســـوێ، ئـارەزوو. ٩ـ تونـدیی، تـەوژم. **~ بـۆ هـێـنـان:** ١ـ زەخـت بـۆ هێنان، دە فـشـــار نان. ٢ـ تەنگان. **~ دان:** ١ـ لێـخـورین بە تونـدیی. ؛؛ ئەسپ تـــاو دان. ٢ـ زەخـــت بـــۆ هـــێـنـــان. ؛؛ زگـــــچـــــوون وەهـا تـاوی دام ئـەگـــــەر نەگـەیشـتـبـامـە ئاودەسـتـێک لە خـۆ دەڕیام. **~ گـــرتن:** بە توندی وەکـــار کەوتن.

**تـاو**[5] (ئـاک.)[بـاک: تـاو ـ نـاو: تـاو] کاتێکی کەم، دەم، سات، ئـان، لەحزە. ؛؛ مامم هاتە لام تاوێک دانیشت و ڕۆیشت. || **تاوتاو:** ســات ســات، دەم دەم. **تاو نا تاوێک:** دوو کـاتی کـەم بە مـەودایەک دە نێـوانیـان دا، دەم نـا دەمـێک. ؛؛ تاو نا تـاوێک چـاوێکی لێـــدەکـــردم و ســـەری دادەخستەوە.

**تـاو**[6] (نـا.)[نـاو: تـاو ـ هـەو: تـاوە] ڕەهێـڵـــەی باران، تـاوەباران، ڕێژنە. || **تاوی باران:** ڕەهێـڵـەی باران. ؛؛ دەزانـێ تاوی بـارانە شـــەرابی پێکەنینی گـوڵ/ دەمێک نابێ لە سەر خـەندێکی سەدجارم نـەگـــرییێـنێ (وەفـــایی ل ٢٠٤) خـــەجێ دەگـریا وەکـوو تاوی دە بارانە (گـەنج ل ٣١٢).

**تاوان**[1] (نا.)[پەه: تاڤان. گیل: تاڤان. باک: تاوان ـ ناو: تاوان ـ هەو: تاوان] ١ـ ســـووچ، گـــوناه، خـــەتا. ٢ـ ســـزا، جـەریمە. **~ بژاردن:** سـزای تاوان دان، جـــەریمـە بژاردن، تـاوان دان. **~ دان:** سزای تاوان دان، جەریمە بژاردن. **~ دانـە پـاڵ:** بـڕ: تـاوان وەپـاڵ دان. **~ دانەوە:** ســزا دانەوە. **~کـردن:** گـوناه کـردن، خـەتا کـردن. **~ لە سـەر شـان هەبوون:** تاوانبـــار بـوون بە مـــەســـــەلە و کـــارێک، هـەڵگری تاوانـێک بـوون. ؛؛ نە پیـاوم کوشـتـوە و نە هیچ تاوانێکم هەیە لە سەر شانی (سـەعید و میرسێوەدین ل ٢١٥). **~ وەپاڵ دان:** ســـووچ و تـاوان خـسـتنە ئـەسـتۆی کـەسێک و تاوانبـار کـــردن، تاوان دانـە پاڵ. ؛؛ کـــۆمـــەڵێک تاوانیـــان وەپاڵ من دابـوو کـــە هـیـــچی

راست نەبوو. **دەست لە هیچ ~ یک نەگێڕانەوە:** (کنـ.) هەمە چەشنە تاوان و کارێکی چەوت کردن تەنانەت جەنایەت بۆ سەرکەوتن و بە مەبەست گەیشتن. ❊ کۆنەپەرستی لە هەموو شوێنێکی جیهان دا بۆ پاراستنی دەستەڵاتی خۆی دەست لە هیچ تاوانێک ناگێڕێتەوە (تاریک و روون ل ٣٧).

**تاوان$^{2}$** (چا. ل) بڕ: توانەوە

**تاوانبار** (ئان. فا)[تاوان1 + بار1/٩] کەسێک کە سووچ و گوناه و خەتایەکی کردوە، خەتاکار، تاوانکار، تاواندار. **~ بوون:** خەتاکار بوون، گوناهکار بوون. **~ کردن:** خەتاکار کردنی کەسێک.

**تاوانباریی** (حم.)[تاوانبار + ئیی] کار و کردەوەی تاوانبار، تاوان کردن، تاوانکاریی، تاوانداریی.

**تاواندار** (ئان. فا)[تاوان1 + دار] بڕ: تاوانبار

**تاوانداریی** (حم.)[تاواندار + ئیی] بڕ: تاوانباریی.

**تاواندنەوە** (چا. م) بڕ: تواندنەوە

**تاواندەر** (ئان. فا)[تاوان1 + دەر (دان)] کەسێک کە سزای تاوانەکەی دەدا، کەسێک کە جەریمەی دەدا.

**تاوانکار** (ئان. فا)[تاوان1 + کار] بڕ: تاوانبار

**تاوانکاریی** (حم.)[تاوانکار + ئیی] بڕ: تاوانباریی

**تاوانگاز** (ئان. ل)[تاو1/١ + ئان + گاز] بڕ: تاوەسووت

**تاوانەوە** (چا. ل) بڕ: توانەوە

**تاوبردوو** (ئان. ل)[تاو1/١ + بردوو] بڕ: تاوەسووت

**تاوبردە** (ئان. ل)[تاو1/١ + بردە] بڕ: تاوەسووت

**تاوپەرست** (ئان. فا)[تاو1/١ + پەرست] کەسێک کە هەتاو دەپەرستێ.

**تاوپەرستیی** (حم.)[تاوپەرست + ئیی] دین و ئایینی تاوپەرست، هەتاو پەرستن.

**تاوپەڕ** (نا. ل)[تاو1/١ + پەڕ (پەڕین)] ١- (ئاک.) کاتی تاوپەڕین ئەودەم کە زەردە دەکەوێ، تاوپەڕان. ٢- تاوی پشت کێوان کە تەنیا رەنگی بە ئاسمانەوە یا بە ئاسۆوە دیارە، زەردەپەڕ، زەردە.

**تاوپەڕان** (ئاک. ل)[تاو1/١ + پەڕ + ئان] بڕ: تاوپەڕ/١

**تاوتوو** (نا. چا)[تا2 + و + توو3] ١ـ کاری سەنگ و سووک کردنی دوو دەفر و لینگەبار کە شتێکیان تێدابێ بۆ هاوسەنگ کردن. ٢ـ کاری هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بیر و مەسەلەیەک. **~ کردن:** ١ـ سەنگ و سووک کردنی دوو دەفر کە شتێکیان تێدابێ بۆ هاوسەنگ بوون و بە قەد یەک لێهاتن. ٢ـ بیر و مەسەلەیەک سەنگ و سووک کردن، لێدوان و باس کردنی بیر و مەسەلەیەک.

**تاوتێ** (نا. ل)[تا1 + و + تێ2] لەرز و تای نۆبەتی و یاو، چەقوچۆ.

**تاوس** (گیان.)[عەر: طاوس لە: هیندیی] ١ـ مەلێکی باڵ و پەڕ جوان و رەنگاورەنگە (سپی و شینیشی هەیە) رەگەزەکەی هی هیندوستان و مالێزییە، دەنگی تیژ و ناخۆشە، نێرەکەی کلکێکی درێژی هەیە کە وەک چەتر هەڵیدەدا، بۆ جوانییەکەی رادەگیرێ، گۆشتی دەخورێ بەڵام خۆش نیە، سی ساڵ دەژی و لە سێ ساڵەی پێدەگا Pavo ناوی لاتینی ئەم مەلەیە. ٢ـ (نا.) ئامێرێکی ژێداری مۆسیقایی هێندووستان. ٣ـ (مج.) رەوتی جوانی ئافرەت.

**تاوسان** (نا. ل)[تاو1 + سان][پەه: تاپەستان. لۆر: تۆوسۆ ـ فار: تابستان ـ گیل: تابەسۆن، تاڤەسۆن ـ پەش: تابیستان. ناو: تاوسان][ئەر] دووهەم وەرزی ساڵ (پووشپەڕ، گەلاوێژ، خەرمانان)، وەرزی هەتاو و گەرما، هاڤین، ئامنان، هامن، هاوین.

**تاوسە** (گیان.)[تاوس + ئە] ٤٧ سانتیمێترە. شینی مەیلەوبنەوشە. دندووکی درێژە. چاو، نێوچاوان و لاقی سوورە. زەنگە درێژە. بە بارپی بۆری مەیلەوشینە. ئەو باڵندەیە بە قامیشان هەڵدەچێ. لە کاتی فڕین قاچی شۆڕ دەکاتەوە. لە قامیشەلانی قەراغ شام دەژی و هەر لەوێ هێلانەی دەکا (فەرهەنگی باڵندە ل ١٤٨)، Por-phyrio porphyrio ناوی لاتینی ئەم مەلەیە.

**تاوک** (گیا.) بڕ: تاوکە

**تاوکە** (گیا.)[؟] دارێکی سەختی خۆڕسکە، بەرێکی چووکی بە قەرا نووک دەدا کە دەخورێ، تاوک، تایلە.

**تاوگر** (نا. فا، نا. ل)[تاو1/١ + گر] ماڵ یا شوێنێک کە هەمیشە هەتاو

لێیدا.

**تاولەمــە** (نا.)[؟] دەفــرێکی چووکی کـون کـونە کـە لـە سـیم سـازی دەکـەن، رەژی تێدەکەن و ئاگری دەدەن. لە دوایی دەسـکێکـی درێـژ کـــــــە هــەیـەتـی هەڵیدەسوورێنن هەتا رەژی بگەشێتەوە و بۆ ســەری قـەننـە کـەلکی لێـوەردەگـرن، ئاگــرگــەشکەرە، ئاگــرگــەشکەرەوە، ئاوربووژە.

**تاوڵ** (نا.)[؟] چادر، رەشـمــاڵ. **~ هەڵدان:** دامـەزراندن و قـایم کـردنی تاوڵ و رەشماڵ.

**تــاوڵــە**[1] (نــا.)[تــور: tavla لــە: ئیتالیایی] تەختەنەرد، تەختە.

**تاوڵە**[2] (گیا.)[؟][ئەر] بڕ: گژنیژ. ‖ **تاوڵە کێفیلە:** بڕ: گژنیژی کێویی.

**تــاوویــان** (ئــان. ل)[تــاو1/١ + و + بان5] حــاڵی هـەوای ســاو و رووناک و خۆش کە هەتاو بە ئاسمانەوەیە.

**تاووتین** (ئان. ل)[تاو1/٥ + و + تین] ١ـ توند و تیژیی ئاگر، تین، تاو. ٢ـ هێز، توانایی، گوڕ و تین.

**تاووســـــاو** (ئان. ل)[تاو1/١ + و + ساو] هەوای ساو و بێ هەور.

**تاوهەڵات** (ئاک. ل)[تاو1/١ + هـەڵات (هـەڵاتن)] بەرەبـەیان کـــاتـی هـەڵاتن و ئـەنـگـووتـنـی هــەتـاو، تـاوئـەنـگـووت، خۆرهەڵات. ⁙ کوتی دەنا سبحـەینێ بۆ تاوهەڵاتێ قـەرارمـان بێ، بێیـەوە (مـان ل ١١٤). شـەولەوەڕیان باویشـتـایەتە بناری کـوێسـتـان... تـاوهـەڵاتیـان بهـێنـایەتەوە سەر کانی (لاس و خەزاڵ ل ١١٩).

**تــاوە**[1] (نــا. ل)[تــاو1 + ئــە][پــەه: تـاپەک، تـاوەک. فـــار: تـابـە ـ لۆر: تـۆوە ـ گیل: تۆوە ـ بیر: تاوە ـ تات: تۆوە ـ گیل: تاڤێە. باک: تەوە، تاوە ـ ناو: تاوە ـ هەو: تاوە] دەفـرێکی کـانزای پەلی دەسکدارە کە بـۆ سـوور کـردنەوەی خـۆراک کـەلکی لێوەردەگرن.

**تاوە**[2] (نا.)[هەو] بڕ: تاو6

**تاوەباران** (نا. ل)[تاو6 + ئە + باران] بارانی کەم دەوام، ڕێژنە، تاو.

**تاوەسۆ** (ئان. ل)[تاو1/١ + ئە + سۆ (سووتان)] بڕ: تاوەسووت

**تاوەسـووت** (ئان. ل)[تاو1/١ + ئە + سووت] ١ـ قاڵ و رەش بوونەوەی پێسـتی لەش لـە بـەر هـەتاو، تـاوبـردوو، تـاوبـردە، تاوانگاز، تاوەگاز، تاوەسۆ، تاوەسووتوو، خـۆرەنگاز. ٢ـ مـیوە یـا گـیـایـەک کـە زۆر

لەبەر هەتاو مابێتەوە و سووتابێ.

**تاوەسووتوو** (ئان. ل)[تاو1/١ + ئە + سووتوو] بڕ: تاوەسووت

**تاوەکی** (ئام.) بڕ: تا3

**تاوەکوو** (ئام.) بڕ: تا3

**تاوەکوونێ** (ئام.) بڕ: تا3

**تاوەگـــاز** (ئان. ل)[تاو1/١ + ئە + گاز] بڕ: تاوەسووت

**تـاو ئـەنـگـووت** (نا. ل)[تـاو1/١ + ئەنگووت] ١ـ (ئاک.) کـاتـی هاتنە دەری خۆر لە بەیانیان دا، تاوهەڵات. ٢ـ ڕەنگ و شۆقی خۆر بەر لە هاتنە دەر.

**تاویار** (نا. ل)[تاو (تاوە) + یار][ئەر] بڕ: تاوێر2

**تاویان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: توانەوە

**تاویانەوە** (چا. ل)[ئەر] بڕ: توانەوە

**تاویلکە** (نا. ل)[تاوە + ئیلکە] تاوەی بچووک.

**تاوین** (چا. ل) بڕ: توانەوە

**تاوینەوە** (چا. ل)[تاوین + ئەوە] بڕ: تواندنەوە

**تاوێر**[1] (نا.)[؟] ١ـ تاشـــەبـەردی زۆر گـەورە، بەردی زل. ٢ـ بـەردی زل کـە لە کێو یا لە بەرزاییەوە خللۆر دەکرێتەوە، هەتار، لاتار، جاڵە، جارە.

**تاوێر**[2] (نا. ل)[تـاو (تاوە) + ئێـر] ١ـ ئەندازەیەک بە قـەرا تاوەیەک گەنم، قاوە یـا دەنکـی دیـکە کـــــە بـۆ بـردێ. ٢ـ ئەندازەیەک لە قـاورمـە بە قـەرا تاوەیەک کـە سـوور بکرێتـەوە. ٣ـ ئەندازەیەک لە کەشک بە قەرا سوێنەیەک کە بیسوون. & تاویار

**تـاوێـن** (ر.)[لـە: تـاویـن] ١ـ ڕەگـی چـاوگـی تـاویـن. ٢ـ بـە نـاوەوە دەلـکـێ و مـانای تاوێنەر دەدا. :: جـەرگ تـاوێن، گیان تاوێن.

**تایبەت** (ئان.)[؟] ١ـ حـاڵی شـتـێک، کەسێک یا مەسەلەیەک کە لە چاو شتێک کـەسێک یا مـەسـەلەیەکی دیکە شـازتر بێ، خاس. ٢ـ تەرخان. ~ **دان:** شتێک جـیـا کـردنـەوە و دانان بـۆ کـار و مەسەلەیەکی هەڵبژاردە، تەرخان کردن. :: ئەو ژوورەم تایبەت داوە بە مـیـوانان. ئەو دەورییـەم تایبـەت داوە بە تۆ کـەسـی دیکە هەقی نیە تێیدا بخوا.

**تایبەتمەند** (ئان. فا)[تایبـەت + مـەند] تایبەرت دراو، بژاردە.

**تایبەتمەندیی** (حم.)[تایبەت + مەند + ئیی] هەر چێک کە بۆ شتێکی تایبەت تەرخان کرابێ، خوو و رەوشتی تایبەت.

**تایبـــەتیی** (حم.)[تایبـــەت + ئیی] بژاردە، مەخسووس. ~ **بوون:** مەسەلە یا کارێک کە ئاسایی نەبێ و چلۆنایەتی و بارودۆخی خۆی هەبێ.

**تایچــە** (نا. ل)[تا2 + ی + چە] بڕ: تاینچە

**تایر** (نا.)[ئین: tyre] بڕ: تەگەر

**تایفە** (نا.)[عەر: طائفة] ١ـ کۆمەڵێک لە بەرەیەک، تیـــرە. ٢ـ کـــۆمـــەڵ و دەســتـــەیەکی هـاوتا و هـاورەگـەرز. ∷ تایفەی دزان. تایفەی حیز و خراپ.

**تایفـەدار** (ئان. فـا)[تایفـە + دار2] خاوەن تایفە.

**تایفی** (گیـا.)[تایف (عـەر: طائف) + ئی] جـۆرێک ترێی بۆڵ درێژی سپی. ∷ دانیشتییە چەند سپییە/ دەرێی ترێی تایفـیـیـە/ مـاچی نەکـەی کـەیفی نیـە (سێسەد هۆنراوە ل ٤٢).

**تێبینی:** تایف شارێکە لە عەرەبستان کە ترێ و مێوژەکەی بە ناوبانگە.

**تاینچە** (نا. ل)[تا2 + ین + چە][تات: تایچـە (جـەواڵ). ناو: تایچـە، تاینچـە ـ هەو: تاینچە] ١ـ رەشکەی کاکێشان کە لایەکی بارە، تـایچــە. ٢ـ لینگە جــەواڵ، تایەکی بچووک.

**تایلە** (گیا.) بڕ: تاوکە

**تایە** [1] (نا. ل)[تا2 + یە] ١ـ گــــزرە گیـای لە سەر یەک کەڵەکەکراو بۆ تفاقی زسـتـانانەی ئاژەڵ. ٢ـ مـەڵۆی لە سـەر یەک کۆکراوە، گیشـەی گەنم و جۆ.. **لە ~ دان:** دروونی گیا و گیشە لـێ ساز کردن.

**تایە** [2] (نا.)[ئین: tyre] بڕ: تەگەر

**تایەن** (نا.)[پەهـ: دایەک. کـرم: تـایە ـ لۆر: تـایە ـ تـات: تایە ـ فـار: دایە. باک: دایـین ـ ناو: دایەن، دایان، تـایەن] ژنێک کە منداڵی ژنێکی دیکە بە خێـو دەکا یا شیری دەداتێ.

**تبل** (نا.)[باک] بڕ: تلی

**تپل** (نا.)[باک] بڕ: تلی

**تخـووب** (نا.)[عـەر: تـخـوم لە سـور: تخـوم] پارچە زەوییـەک وەک رێچکە لە نێوان دوو زەوی دا، سنووری نێوان دوو دێ یا دوو زەوی، مــــەرز، حــــدوود، کەوشـەن، توخووب، تـووخب، تاڵخ. ~

**دانان:** سنوور کێشـان، دیاری کـردنی مەرز و حدوود.

**تخوون** (نا.)[؟] نزیکیی، توخن. **~ بوون:** نزیکایەتی کردن، تخوون کەوتن، خۆ تێگەیاندن، توخن بوون. ؛؛ شـەرت بێ ئەمن ئەو عـافرەتە بخـوازم هەتا بە دەسـتی خـۆی دۆخـینم نەکاتەوە، ئەمن تخوونی نەبم (لاس و خەزاڵ ل ٩). **~ کـەوتن:** نزیک بوونەوە، خـۆ تێگەیاندن، خـۆ لێـدان، توخن کـەوتن. ؛؛ شـێخ فـەرخـیـان لە تەویلەی فـرێ دا بەرپێی ولاغان ... هیچ تخوونی نەکەوتن بۆوەی پێی لێبنێن (شێخ فەرخ ل ٢٦).

**تر** (ئام.)[هـیک: تـەرە ـ ئـەو: تـەرە ـ هەخ: تەرە ـ پەه: تەر] ١ـ [باک: تر ـ ناو: تر ـ هـەو: تـەر] ئـامـــرازی ئـاوەڵنـاوی تەفزیلی (سفەتی تەفزیلی). ؛؛ چاکتر، دوورتر، خۆشـتـر، چێتـر. ٢ـ [ناو: تر ـ هـەو: تـەر] دی، دیکە. ؛؛ ڕۆژێکی تـر، ماڵێکی تر.

**ترازان** (چا. ل)[ناو: ترازان، ترازیان ـ هەو: ترازیای] ١ـ جـووڵانەوە و لـە باری ئاسـایی چوونە دەری شـتێک. ٢ـ لێک جیا بوونەوە، دوور کەوتنەوە، کلا بوون. ٣ـ کـــرانەوە، ئاواڵـە بـوون. ؛؛ ترازا دوگمەکەی سینەی بە یاری زولفی هات غـەمـزە/ بەیان بەربوو لە لای چین، بە خەبەر بن تیرەبارانە (وەفـایی ل ١٤٢). ٤ـ پسـان، پچڕان. ؛؛ ڕەگی بەدەنم پاکی لەبەریەک ترازا (لاس و خەزاڵ ل ٤٥).

**ترازانـدن** (چـا. م)[لـە: تـرازان] ١ـ جـووڵاندنەوە و بزاواندنی شـتێک و لە حـاڵی ئاسـایی دەرهێنان. ٢ـ لێک جـیـا کـــردنەوە، لێک دوور کـــردنەوە. ٣ـ کردنەوە، ئاواڵە کردن. ؛؛ ئەوە ترازاندم دەرکی چەکـخـانە (لاس و خــەزاڵ ل ١٤٩). ٤ـ بڕین، پســاندن. ؛؛ کــەس ناتوانێ بترازێنێ قسەی تۆ (سەعید و میرسێوەدین ل ١٥١).

**ترازوو** (نا.) بڕ: تەرازوو

**ترازووباز** (ئان. فا)[ترازوو + باز] بڕ: تەرازووباز.

**ترازووبازیی** (حم.)[ترازووباز + ئیی] بڕ: تەرازووبازیی.

**ترازیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: ترازان

**تراژێدی** (نا.)[یـون: tragodia] ١ـ نمایش یا فـیلمـێکی غـەمـێنەر ٢ـ ڕووداوێکی ڕاسـتی و غـەمـێنەری ژیانی مرۆڤ.

**تــراش** (نــا.)[لــه: تــراشــین] بــڕ: تراش. **~ کردن:** بڕ: تەراش کردن.

**تراشه** (نا. ل)[تراش + ئه] بڕ: تەلاش

**تراشین** (چا. م) بڕ: تاشین

**ترافانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: رفاندن

**ترافـــیک** (نا.)[ئین: traffic] ١ـ هاتوچۆی ماشێن و مەکینه له سەر ڕێگاکان. ٢ـ شلووق بوون و جوولەی کەمی ماشێن و مەکینەی هاتوچۆ.

**تراکتۆر** (نا.)[لات: tractor] جۆرێک ماشێنی به هێز و گەورەیه که بۆ جووت و گێره و بار کێشان و راگوێزتن کەلکی لێوەردەگرن.

**ترامــــــوا** (نا.)[ئین: tramway] جۆرێک قەتاری نێو شاره که له سەر رەیل دەڕوا و به هێزی بەرق کار داکا و بۆ راگوێزتنی خەڵک له شوێنێکەوه بۆ شوێنی دیکه کەلکی لێوەردەگرن.

**ترانـزیـت** (نا.)[لات: transitus] ١ـ چوونی کاڵا و شمەک له وڵاتێکەوه بۆ وڵاتی دیکه بێ دانی حەقی گومرگ و ماڵیات. ٢ـ تێپەڕین له وڵاتێک بێ مانەوه لەم وڵاته.

**ترانزیستۆر** (نا.)[ئین: transistor] ئامێرێکی ئەلکتریکییه و چونکه چووک و قایمه له زۆربەی کەرەسەکانی پەیوەندی دا کەلکی لێوەردەگرن.

**تراو** (نا. ل)[تر (تەڕ؟) + ئاو] ئاوەکی زۆر شل، هەرچێکی که بەشی زۆرتری ئاوەکی بێ، ترنگ.

**تراوکـــه** (نا. ل)[؟] تاریکایی چاو. **~ کــردن:** تاریک بوونی چاو، کەم بوونی سۆما و بینایی. ⁘ ئەمن شەو و رۆژ بۆ وی سووتاوم/ تراوکه دەکا، نابینێ چاوم (سەعید و میرسێوەدین ل ٤٩)

**تراویلکه** (نا. ل)[تراو + ئیلکه] شوێنێک له شۆرەکات، بیابان و جادەی ئیسفاڵت که له بەر شۆقی هەتاو له دوورەوه وا دیاری دەدا که ئاوه. (تیشکی که لەم شوێنه دەدا، دەگەڕێتەوه و چاو به هەڵه به ئاوی دەبینێ.)

**ترب** (گیا.) بڕ: توور2

**ترپ** (گیا.) بڕ: توور2

**ترپۆکه** (گیا.)[ترپ + ئۆکه] گیایەکه بۆ دەقی کووتاڵ به کار دێت (هەنبانه ب ١ ل ١٤٦)، گیایەکی خۆڕسکه، گوڵی زەرد و وردی هەیه، له نێو گەنم دا دەڕوێ و زۆریش بەرز دەبێتەوه.

لاسکەکەی وەک ڕێواس دەخورێ.

**ترپە** (وشد.) ١ـ دەنگی کەوتنە خواری شتی گەورە بەڵام نەرم. ٢ـ دەنگی نەرمی پێ. ٣ـ دەنگی نەرمی لێدانی دڵ. & ترفە

**ترپەترپ** (وشد.)[ترپە + ترپ] دەنگی پەیتا پەیتای ترپە.

**ترت** (ئا.)[؟][ئەر] قامک، ئەنگوست.

**ترخێنە** (نا. ل)[تر (تەڕ؟) + خێن (خوون = گەنم؟)][ناو: ترخێنە ـ باش: تەرخێنە ـ زا: تەرنە] ١ـ گەڵا و سەلکی شێلم ورد دەکەن و دەگەڵ برۆێشی گەنم لێکیدەدەن و دە دەفرێکی دەکەن و ئاوی تێدەکەن و بۆ ماوەی حەوتوویەک دیدەپۆشن. لە دوایی سەلک سەلک لەبەر هەتاو هەڵیدەخەن هەتا ویشک بێ و هەڵیدەگرن بۆ زستان بۆ چێشت. ٢ـ چێشتێکی کوردەوارییە. ( ترخێنە بە تەڕیی (تەڕەساز) و بە ویشکیش نیسک و نۆک و مێوژ و گوێز و چەوەندەر و گۆشتی قاورمە و خوێ و ڕۆنی تێدەکەن و خواردنێکی شل و مزە بۆ ڕۆژانی ساردی زستانیی.)

**تێبینی:** ئەم وشەیە بە شێوەی ترخینە (تەرخینە) و ترخوانە (تەرخانە) لە فارسی دا هاتوە هەروەها تەرەخاناس لە زمانی یونانیش دا هەر بەم چێشتە دەکوترێ و تورکەکانیش tarhana ی پێدەڵێن.

**ترس**[1] (نا.)[ئەو: ترەس، تێرێس ـ هەخ: تەرس ـ پەه: تیرس، تەرس. پەش: تەرس ـ فار: ترس. باک: ترس ـ ناو: ترس ـ هەو: ترس، تەرس ـ زا: تەرس] ١ـ خۆف، باک، سام. ٢ـ (نا. فا) لە وشەی لێکدراو دا بە مانای ترساو دێ. :: لە خواترس. ~ **داگرتن:** ترس ڕێنیشتن، ترس لێ پەیدا بوون، ترسان. ~ **دە دڵ دا نەبوون:** نەترسان، لە هیچ کەس و شتێک نەترسان، بێباک بوون. ~ **دەر کردن:** چارەسەر کردنی ترسی ترساو بە تایبەت منداڵی ترساو بۆ ترس شکانی. ~ **ڕێ نیشتن:** خۆف کردن، ترسان لە کەسێک یا لە شتێک، ترس لێ پەیدا بوون، ترس لێنیشتن. ~ **شکان:** نەمانی ترس لە شتێک یا کەسێک کە پێشتر ترسی پێکدێنا، سام شکان. ~ **لە چاو دا کوشتن:** (کنـ.) نەترس بوون، بەدڵ بوون. :: چەرمەسەری و کارەساتی ژیان ترسیان دە چاوم دا کوشتوە. ~ **لە چاو دا مردن:** نەترسان، چاونەترس بوون. :: کەریم زۆر پیاوێکی ئازایە لە هیچ ناترسێ، ترس لە چاوی دا

مردوه. ~ **لە کەس نەبوون:** نەترسان، لە کەس نەترسان، بێباک بوون. ~ **لێ پەیدا بوون:** ترس ڕێ نیشتن، ترسان، خۆف کردن. ~ **لێشکان:** نەمانی ترس و ئاسایی بوونی ئەو شتە یا کەسە لە لای کەسێک کە پێشتر لێی دەترسا. ~ **لێنیشتن:** بڕ: ترس ڕێ نیشتن. ~ **نانە بەر:** کەسێک لە شتێک یا مەسەلەیەک ترساندن. ⁘ نابێ لە خۆڕا ترس بنێیە بەر منداڵ. ~ **هەبوون:** ١ـ ترسان. ٢ـ نیگەران بوون. ⁘ ترست نەبێ لە کڕینی ئەم دوکانە زەرەر ناکەی! **لە ~ان تڕ وە تڕ ڕانەگەیشتن:** (کنـ.) زۆر زۆر ترسان، لە ترسان لە خۆ ریان. **لە ~ان گۆشتی لەش بوونە ئاو:** (کنـ.) زۆر ترسان، ترسی زۆر ڕێنیشتن. **لە ~ان گوو (میز) بە خۆ داکردن:** (کنـ.) زۆر ترسان، لە ترسان لە خۆ ریان. **لە ~ان لە خۆ ریان:** (کنـ.) زۆر ترسان، لە ترسان گوو بە خۆ داکردن.

**ترس**[2] (ئان.)[زا] بڕ: ترش

**ترس**[3] (نا.)[زا] قەڵغان. سپەر

**ترسان** (چا. ل)[ئێک: ترس ـ ئەو: تەرێس ـ هەخ: ترسە ـ پەه: تەرسییتەن. تات: بێتەرسەستەن ـ فار: ترسیدن ـ گیل: تەرسێن. باک: ترسیان، ترسین ـ ناو: ترسان، ترسیان ، ترسین ـ هەو: تەرسای ـ زا: تەرسایش] ١ـ خۆف هەبوون، ترس هەبوون، نەوێران. ٢ـ نیگەران بوون. ⁘ دەترسێم ئەوساڵ لە ئیمتەحانەکانم دەرنەچم.

**ترساندن** (چا. م)[لە: ترسان][پەه: تەرسێنیتەن] کەسێک تووشی ترس کردن، ترسانن.

**ترسانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: ترساندن

**ترساو** (نا. فا)[لە: ترسان] کەسێک کە لە کەسێک یا شتێک ترسی ڕێ نیشتوە.

**ترسناک** (ئان. ل)[ترس + ناک][پەه: تەرسناک] بڕ: ترسێنەر

**ترسنۆک** (ئان. ل)[ترس + نۆک] بڕ: ترسەنۆک

**ترس و لەرز** (نا. ل)[ترس + و + لەرز] ئەنجام دانی کار و کردەوەیەک بە نهێنی و ترسان لە ئاکامەکەی.

**ترسۆک** (ئان. ل)[ترس + ئۆک][باک] بڕ: ترسەنۆک

**ترسۆنەک** (ئان. ل)[ترس + ئۆنەک] بڕ: ترسەنۆک

**ترسهێنەر** (نا. فا)[ترس + هێنەر] بڕ: ترسێنەر

**ترسەترس** (نا. ل)[ترس + ئە + ترس] ئەنجام دانی کار و کردەوەیەک بە پارێز و پەنامەکی. ⁂ ئەو هەموو دڵەکوتە و ترسەترسەی ناوێ لێی بچۆ پێشە و قسەی دڵتی پێبڵێ!

**ترسەنۆک** (ئان. ل)[ترس + ئەنۆک] [باک: ترسۆنەک، ترسۆک ـ ناو: ترسەنۆک، ترسنۆک، ترسۆنەک ـ زا: تەرسۆک، تەرسۆنەک] کەسێک کە لە زۆر شتی ئاسایی ترسی هەبێ، خوێڕیی، نەوێر، تەرسەزاڵ، قزە.

**ترسیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: ترسان

**ترسین** (چا. ل) بڕ: ترسان

**ترسێن** (ر.) لە رەگی ترسان دەکەوێ بە ناوەوە دەلکێ و مانای لێ ترساو دەدا. ⁂ چاوترسێن.

**ترسێنەر** (نا. فا)[ترس + هێنەر] شتێک یا کەسێک کە ترس پێکدێنێ و جێگەی مەترسییە، ترسهێنەر، ترسناک.

**ترش** (ئان.)[پەهـ: تروش. تات: تۆرش ـ فار: ترش ـ بیر: تۆرۆش ـ پەش: توورش. باک: ترش ـ ناو: ترش، تورش ـ هەو: تش، ترش ـ زا: ترش، ترس] ١ـ یەکێک لە تامەکان کە دم پێی کۆ دەبێتەوە، تامی سماق و سرکە. ٢ـ (نا.) سماقی هاڕاو، ترشەسماق. ٣ـ (نا.) خۆرشت. ٤ـ (مجـ.) رووگرژ، مۆن. ~ **بوون:** ١ـ تامی ترش بە خۆوە گرتنی شتێک. ٢ـ (مجـ.) رووگرژ بوون. ~ **کردن:** گۆڕینی حاڵەتی خواردەمەنی بە ترش لێدانی، ترشاندن. ٢ـ (مجـ.) رووگرژ کردن، نێوچاوان تاڵ کردن.

**ترشان** (چا. ل)[لە: ترش] ١ـ ترش بوون و گۆڕانی حاڵەتی شتی ماوە. ٢ـ ئەزیەت بوونی گەدە و مێعدە لە بەر زۆرخواردن و ترش بوون و کزانەوەی گەدە. ٣ـ (کنـ.) مانەوەی کچ و تێپەڕینی تەمەن و مێرد نەکردنی. ٤ـ (مجـ.) مانەوەی زۆر لە شوێنێک. ⁂ پیاو وەدەرنەکەوێ لە ماڵ دا دەترشێ. & تورشیان

**ترشاندن** (چا. م)[لە: ترشان] گۆڕینی حاڵەتی هەندێک خواردەمەنی. ٢ـ راگرتنی کچ لە ماڵ دا و بە مێرد نەدانی. ٣ـ ترش کردن. & ترشانن، تورشاندن، تورشانن

**ترشانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: ترشاندن

**ترشاو** (ئان. فا)[له: ترشان] ١ـ شتی ماوەی ترش هەڵگەڕاو. ٢ـ کچی قەیرەی مێرد نەکردوو.

**ترشته** (نا.)[ئەر] بڕ: تەشوێ

**ترشقه** (نا.) بڕ: تریشقه

**ترشک** (نا. ل)[ترش + ک][باک] ١ـ (گیا.) بڕ: ترشۆکه. ٢ـ بڕ: ترشی

**ترشکه** (گیا.)[ترش + که] بڕ: ترشۆکه

**ترشکی** (گیا.)[ترش + ک + ی][هەو] بڕ: ترشۆکه

**ترش و تاڵ** (ئان. ل)[ترش + و + تاڵ] ١ـ میوه و خۆراکێک که تامی خۆش بە زار خۆش نەبێ، تێکەڵاویی ترشیی و تاڵیی. ٢ـ (کنـ.) مڕۆڤی رووگرژ و مۆن. **~ بوون:** ١ـ خۆش نەبوونی چێژی خواردنێک. ٢ـ (کنـ.) رووگرژ و مۆن بوون.

**ترش و تەڵاش** (نا. ل)[ترش + و + تەڵاش] چێشتێکه که له چەوەندەر و سماق سازی دەکەن.

**ترش و خوێ** (نا. ل)[ترش + و + خوێ] خوێ و سماق که بۆ ترش کردنی هەندێک گۆشت وەک گۆشتی ماسی به کاری دێنن. **~ کردن:** خوێ و سماق له گۆشت دان بۆ ترش بوونی.

**ترش و شیرن** (ئان. ل)[ترش + و + شیرن] میوه و خۆراکێک که تامی ترش و شیرین بێ، ترش و شیرین، مێخۆش.

**ترش و شیرین** (ئان. ل)[ترش + و + شیرین] ١ـ بڕ: ترش و شیرن. ٢ـ جۆره شەربەتێک که له دۆشاو و ترشی سماق سازی دەکەن.

**ترشۆ** (نا. ل)[ترش + ئۆ][زا] بڕ: ترشی

**ترشۆک** (گیا.)[ترش + ئۆک][باک ـ زا] بڕ: ترشۆکه

**ترشۆکه** (گیا.)[ترش + ئۆک + ئه][باک: ترشک، ترشۆک ـ ناو: ترشکه، ترشەکه، ترشۆکه ـ هەو: ترشکی ـ زا: ترشۆک] گیایەکی خۆڕسکه، هەتا میترێک بەرز دەبێتەوه، گەڵای پانه، تامی ترشه و ده دۆکڵیوی دەکەن. Rumeux acetosa ناوی لاتینی ئەم گیایەیه.

**ترشەسماق** (نا. ل)[ترش + ئه + سماق] سماقی هاڕاو، ترش.

**ترشەکه** (گیا.)[ترش + ئەک + ئه] بڕ: ترشۆکه

**ترشـــەڵۆک** (ئان. ل)[ترش + ئە + لۆک] حاڵی چێشت و خۆراک و شـتێک کـــە تـرشـــاو و خـــراپ بـووبێ، ترشـەڵووک. **~ بوون:** تێکچـوونی چێژ و رواڵەتی خـۆراک و شـتێک، ترشـان و خراپ بوون.

**ترشـــەڵووک** (ئان. ل)[ترش + ئە + ڵووک] بڕ: ترشەڵۆک

**تـرشـی** (نـا. ل)[تـرش + ئـی][بـاک: ترشک، ترشی ـ ناو: ترشی، ترشـیـات، تورشـیـات ـ هەو: ترشی ـ زا: ترشـۆ] سـەوزی و گیـزەر و هـارویێ و موسـڵی و بیـزا و شـتی دیکەی لەم بابەتە کـە دە سرکە دەکردرێ و زستـانان بە چێشت دەیخۆن.

**ترشـیـات** (نا. ل)[ترشی + ئات] بڕ: ترشی

**ترشـــیی** (حم.)[ترش + ئیی] تامی ترش، ترش بوون.

**ترفاڵ** (نا. ل)[بڕ: تڵفار][ئەر] بڕ: تڵتە

**ترفە** (وشد.) بڕ: ترپە

**ترقـە** (گـیـا.)[؟] جـۆرێک هـەڵووژە و قەرەڵووی درێژووکە.

**ترکـانی** (نا. ل)[ترکـان + ئی] جـۆرە سـەمـایەکـە لەگـەڵ جـووڵاندنی ئەندامـا (خاڵ ب ١ ل ٢٨٢).

**ترمس** (گیا.)[عەر: ترمس] گیایەکە لە دەسـتەی سـێوەرە، گـەڵاکانی پەنجـەیین و گـوڵەکـانی هێـشـوویی قـیتن و لـە گـوڵی باقلە دەچن کە رەنگیان سپی، مۆر، شی و هەندێک جـار زەردن. ئـەم گـیـایـە بۆ گـــزرە دادەچێـنـدرێ و بـەرەکـــەشـی دەخـــورێ، Lupinus albus نـاوی لاتینی ئەم گیایەیە، باقلەی میسریی.

**ترنج** (نا.) ١ـ (گـیـا.) بـڕ: تورنج/١ و ٢. ٢ـ (نا.) بڕ: تـورنج/٣. ٢ـ (گـیـا.) بڕ: ترنجۆک

**ترنجـان** (چا. ل)[ناو: ترنجـان ـ هەو: ترنجنـای] گـیـر بوون و حـاسـیـە بوونی کـەس یا شـتێک لە شـوێنێکی تەنگەبەر وەها کە بە زەحمـەت دەربێ، ترینجـان. ( بڕ: تێترنجان)

**تێـبـینی:** ترنج (تۆرۆنج، تـەرەنج) لە چاوگی ترنجـیـدن لە فـەرهـەنگـەکـانی زمـانی فـارسی دا بە مـاناگەلی: ١ـ چین، چرووک. ٢ـ تێکبـەزیو، تێک گـوشـراو هاتوە، هەروەتر لە فەرهـەنگی کرمانی دا تێـرۆنجـو بە مـانـای قـورنج هـەر لەم ریشـەیە.

**ترنجـــاندن** (چا. م)[لە: ترنجـــان] ترینجاندن. (بڕ: تێترنجاندن)

**ترنجۆک** (گیا.)[ترنج + ئۆک] گیایەکە گـــەڵا تووکن، گـــەڵای وەکـــوو گـــەڵای گـوڵەباغـە، بۆنی وەکـوو بۆنی نارنجـە، ئەکرێت بە شـۆربا، بۆ نەخۆشی پێـست زۆر سـوود بەخشە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٨٠). گـیـایەکی خـۆڕسکە لە ڕەگـەزی نەعنا، لقـەکـانی شـۆڕن و گـەڵاکـانی هێـلکەیی و تووکن، گوڵەکانی سپی یا بەنەوش و شـین، بۆنی خـۆشـە و لە پزشکی دا سـوودی لێـوەردەگـرن و کوردەواری لە پەنیری دەکەن و دەیخۆن، ناوی Dracocephalum royleani لاتینی ئەم گیایەیە، باڵنگ/٢، باڵنگوو، بادرەنـگ، ترنج/٣، باروونە. (عـــەر: ترنجان ـ فار: ترنگان).

**ترنجـەبین** (نا. ل)[عـەر: ترنجـبین لە فـــار: ترانگبین (تر= تەڕ + انگبین= هەنگوین)] دەرمانێکە شیرین لە شیلەی وشترخۆرکە سازی دەکەن و بۆ ڕەوانی و کۆخە کەلکی لێوەردەگرن، ترنجەمین.

**ترنجەمین** (نا. ل) بڕ: ترنجەبین

**ترنگ**[1] (نا.)[؟] چێشت و خواردن و ماسـتاو و شتی دیکە کە زۆر شل بێ و ئاو و ئاوەکی زیاترلە ڕادە بێ، تراو.

**ترنگ**[2] (نا.)[ئەر] بڕ: ترنگە/٢

**ترنگە** (وشـد.) ١ـ دەنگی ژێی کـەوان یا سـازی بەم. ٢ـ [ئەر] پتـە، پڵـتـۆک، ترنگ **~ هاتن:** بەرز بوونەوەی دەنگ لە لەرینەوەی ژێ.

**ترنگەترنگ** (وشـد.)[ترنگە + ترنگ] دەنگی پەیتاپەیتای ترنگە.

**ترومـــپـــا** (نا.)[فـــەر: trompe] ئامـرازێکە بۆ هـەلکێشانی ئاو لە چاڵاو کە بیتـییە لە لوولەیەکی درێژ کە لە ئاو دایـە و سـەرەکـەی لە سـەر چاڵاوە، دەسکێکی هەیە کـە بە لێدانی ئاو دێتـە دەر.

**ترۆپـک** (نـا.)[؟] ١ـ دونـد و پـۆپـەی کێو. ٢ـ ئاخر شوێنی بەرزایی

**ترۆزی** (نا.) بڕ: ترێزوو

**ترۆمبۆن** (مۆس.)[ئیتا: trombone] ئامـرازێکی مـۆسـیـقـایە، شکڵی وەک ترۆمپـتە بەڵام گەورەترە، بە فـوو دەنگی لێـدەردێ و پتـر لـە جـاز دا کـەلکی لێوەردەگرن.

**ترۆمپێت** (مۆس.)[فەر: trompette] سـازێکە وەک شـەیپـوور بەڵام سێ

دووگمەی لە سەرە کە بە داگرتنی ئەوان و فوو تێکردنی دەنگی لێ دەردێ کە لە جاز و مۆسیقای مەیدانیی دا کەلکی لێوەردەگرن.

**ترۆمتە** (گیانـ.) بڕ: تۆرمتە

**تروزی** (گیا.)[باک] بڕ: ترێزوو

**ترووسکان** (چا. ل)[لە: ترووسکە/١] ترووسکانەوە، بریقانەوە، درەوشانەوە.

**ترووسکاندن** (چا. م )[لە: ترووسکە/٣] چاو لێک دان، ترووکاندن، ترووسکانن.

**ترووسکانن** (چا. م )[ئەر] بڕ: ترووسکاندن

**ترووسکانەوە** (چا. ل)[لە: ترووسکە] درەوشانەوە، بریقانەوە، ترووسکە دان، بریقە دان، بریسکانەوە، ترووسکیانەوە.

**ترووسکایی** (حم.)[ترووسکە + ئایی] شۆق، رووناکی. **~ مان:** شوق هەبوون، هەروا ترووسکانەوە. **~ هەبوون:** بە شۆق بوون، ترووسکانەوە.

**ترووسکە** (نا.)[؟] ١ـ بریقە، تریسکە، بریسکە. ٢ـ شۆقی دووری ئاگر و چرا، ترووکە. ٣ـ ترووکانی چاو. ٤ـ شۆق، نوور. ٥ـ ناوە بۆ مێینە. **~ دان:** ترووسکانەوە، بریقانەوە. **~ دانەوە:** ترووسکانەوە، بریسکانەوە، بریسکە دانەوە. **~ هاتن:** ترووسکانەوە.

**ترووسکیانەوە** (چا. ل)[ئەر] بڕ: ترووسکانەوە

**ترووکان** (چا. ل)[لە: ترووکە] ١ـ لێکدانی پێڵووی چاو. ٢ـ شکانی تۆو بە ددان، قرتان.

**تێبینی:** ترووکان و ترووکاندن دەگەڵ وشەی ترەکان و ترەکاندن یەکن و ترەک یا ترووک وشە دەنگن و ئەو چاوگانەش لە وشە دەنگ کەوتوون.

**ترووکاندن** (چا. م)[لە: ترووکە] ١ـ چاو لێک دان، ترووسکاندن. ٢ـ شکاندنی تۆو بە ددان، قرتاندن، تووکانن. ٣ـ شکاندنی هێلکە لە لایەن جووجکەوە لە کاتی هاتنە دەر لە هێلکە. ٤ـ شکاندن و دندووک لێدانی هێلکە لە لایەن مریشکەوە. ٥ـ تەقاندنی چەک بۆ تاقی کردنەوە بەبێ فیشەک و گوللە.

**ترووکە** (نا. ل)[ترووک + ئە][باک: ترووکە ـ ناو: ترووکە ـ هەو: ترووکە] ١ـ ماوەیەکی زۆر کەم، چاو وێک نانێک، ئانێک. ٢ـ شۆقی کز و دووری رووناکی لامپ و چرا، ترووسکە. ٣ـ لێکدانی چاو،

تroووسکە.

**ترەقاندن** (چا. م) بڕ: تەقاندن

**ترەک** (نا.)[تات: تەراچ، تێراک ـ فار: ترک ـ کرم: تێرەک ـ لۆڕ: تێرەک. باک: تەرک ـ ناو: ترەک ـ زا: تەرک] درز، چڕژ، قەڵش. **~ تێکەوتن:** قەڵشین، درز تێکەوتن. **~ هەڵگرتن:** قەڵشین، درز تێکەوتن، ترەک تێکەوتن.

**تێبینی:** ترەک وشە دەنگە و ناوەکەی لە دەنگەکەی کەوتوە.

**ترەکان** (چا. ل)[لە: ترەک] ١ـ ترەک هەڵگرتن، قەڵشین، ترەکین. ٢ـ تۆقین، ترەکین. ٣ـ زانی ئەو گیاندارە گۆندارانەی کە پتر لە بێچوویەکیان دەبێ، ترەکین.

**ترەکاندن** (چا. م)[لە: ترەکان] ١ـ قەڵەشاندن. ٢ـ تۆقاندن.

**ترەکیان** (چا. ل)[لە: ترەک] بڕ: ترەکین

**ترەکین** (چا. ل)[لە: ترەک] ١ـ ترەک هەڵگرتن، قەڵشین. ٢ـ بڕ: تۆقین. ٣ـ زانی ئەو گیاندارە گواندارانەی کە بە زگێک چەند بێچوویان دەبێ (وەک سەگ، چەقەڵ، بەراز) & ترەکان. ٤ـ [ئەر] گۆ دەر کردنی درەخت. & ترەکیان

**ترەوکە** (گیا.)[ترەو + کە] گیایەکی بەهارییە، رەگەکێکی هەندێک ئەستووری هەیە، گەڵاکەی دەخورێ و تامێکی هەندێک تیژی هەیە، گوڵەکەی زەردە و بەرێکی قاوەیی هەیە کە بۆ بەهارات کەلکی لێوەردەگرن، Sinaps ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، خەردەل، خەرتەلە.

**ترەوژە** (گیانـ.)[؟] بڕ: کورکورە

**ترەوی** (گیا.)[هەو] بڕ: توور2

**تری** (گیا.)[باک] بڕ: ترێ

**ترياق** (نا.) بڕ: ترياک/٢. ፡፡ ترياقی نامەکەت کە گەیی بێخودی سەلیم/ باکی لە ماری غەم نییە گەرچی کوشندەیە (بێخود ل ١٠٠).

**تریاک** (نا.)[یون: theriaka] ١ـ شیرەیەکە کە لە قۆزەی خاشخاشکی دەگرن، رەنگی سپیە کە لە دوایی دەبێتە قاوەیی، تامی تاڵە و بۆنێکی تایبەتی هەیە، لە کۆنەوە بۆ دەرمان کەلکی لێوەرگرتراوە و دەشکێشرێ و مرۆڤ پێی نەشە دەبێ، تلیاک. ٢ـ دەرمان و دژی سەم و ژار، پازاڕ، ترياق. ፡፡ دڵم شێواوی چاو و زولفتە بەو زارە چارەی کە/ کە ئەو بیمارە مارانگەستەیە

دەرمانی تریاکە (وەفایی ل ١٢٨).

**تریاکخۆر** (ئان. فا)[تریاک/١ + خۆر2/٢] بڕ: تریاکی

**تریاک کێش** (ئان. فا)[تریاک/١ + کێش] کەسێک کە تریاک دەکێشێ، تریاکی.

**تریاک کێشیی** (حم.)[تریاک کێش + ئیی] کاری کەسی تریاکی

**تریاکیی** (ئان. ل ـ نا. ل)[تریاک/١ + ئیی] کەسێک کە بۆ نەشئە بوون تریاک دەخوا یا دەیکێشێ، کەسێک کە ئالوودەی تریاکە.

**تریان** (نا.)[ناو: تریان، تلیان، تلیانە، تریانە] سەوەتەیەکی دەسچنە لە شووڵ، شکڵی قووچە کە لە بنەوە بۆ سەرێ کەم کەمە زارکی گەورەتر دەبێ و میوەی چنراوی تێدەکەن، بەرچن، بەرچینە، بەرچنە، قووڵینە.

**تێبینی:** هاوڕیشە و هاومانای ئەم وشەیە لە فەرهەنگەکانی فارسی دا بە شێوەی [ترنیان، تربیان، ترینان، تریان] نووسراون.

**تریانە** (نا.) بڕ: تریان

**تریبۆن** (نا.)[؟] شوێنی قسە کردنی کەسێک بۆ بەشداران لە کۆمەڵەیەک دا.

**تریت** (نا.) بڕ: تڵێت

**تریسکە** (نا.) درەوشانەوە و بریقەی ئەو شتانەی کە دەدرەوشێنەوە، ترووسکە، بریسکە، بریقە.

**تریسکەتریسک** (نا. ل)[تریسکە + تریسک] درەوشانەوە و ترووسکەی پەیتاپەیتا.

**تریشتە** (نا.)[هەو] بڕ: تەشوێ

**تریشقە** (نا.)[؟] بەرق و برووسکی هەور، تریشکە، هەورەتریشقە، چەخماغە، ترشقە.

**تریشقەماسی** (نا. ل)[تریشقە + ماسی] جۆرێک ماسی پان لە ڕەگەزی سفرەماسی کە درێژایی دەگاتە گەزێک و لەشی تریشقە و بەرقی لێدەبێتەوە کە هەتا نزیک ٣٠ ڤۆلت دەگا، torpedo marmorata ناوی لاتینی ئەم گیانلەبەرەیە.

**تریشکە** (نا.) بڕ: تریشقە

**تریشین** (نا.)[فەر: trichine] کرمێکی دەزوولەیی باریک و درێژی مەیلەوسپییە، کە لە ڕیخۆڵە و ماسوولکەی خووک و بەراز دایە و ئەگەر

مرۆڤ گۆشتی باش نەکولاو یا نەبرژاوی بەراز بخوا تووشی نەخۆشی تریشینۆز دێ.

**تریشینۆز** (نا.)[فەر: trichinose] نەخۆشیەکە کە بە هۆی کرمی تریشین لە مرۆڤ دا پەیدا دەبێ و چونکە ئەم کرمە لە نێو ماسوولکە و گەیەکان دا دەژی گە و بەندی لەش دێشێ و ئازاری زۆرە.

**تریفە**[1] (نا.)[؟] ١ـ تیشک و شۆقی مانگ، مانگەشەو. ٢ـ ناوە بۆ مێینە.

**تریفە**[2] (نا.)[؟] ١ـ جۆرە نەخۆشییێکە تووشی ئاژاڵ ئەبێ بە هۆی تینوێتی یا گەرمای زۆرەوە ریخۆڵەکانی رەش دائەگرسێت « سیی » ئەنووسێت بە پەراسوویدا (کشت و کاڵ ب ١ ل ٨١). نەخۆشییەکی ئاژاڵە سییەکەی ئەنووسێ بە لای ورگییەوە (خاڵ ب ١ ل ٢٨٤). جۆرە دەردێکە لە تیینوێتییەوە تووشی ئاژاڵ و ولاخ ئەبێ، ریخۆڵەی رەش ئەکا (خاڵ ب ١ ل ٢٨٤). ~ **تێکەوتن:** ١ـ تووشی نەخۆشی تریفە بوون. ٢ـ (کنـ.) زۆر تینوو بوون.

**تریقە** (وشد.)[ناو: تریکە، تریقە ـ هەو: تریکە، پریکە] دەنگی پێکەنین، تریکە. || **تریقەی پێکەنین:** دەنگی پێکەنین، تریقە. * **لە تریقەی پێکەنین دان:** پێکەنین بە دەنگی بەرز.

**تریق و هۆڕ** (وشد.)[تریق + و + هۆڕ] حیلکە حیلکە و پێکەنینی زۆر.

**تریقەتریق** (وشد.)[تریقە + تریق] دەنگی پێکەنین و تریقەی زۆر.

**تریکاندن** (چا. م)[لە: تریکە] چریکاندن، قیژاندن، زیقاندن.

**تریکە** (وشد.) ١ـ چریکە، قیژە، زیقە. ٢ـ دەنگی پێکەنین، تریقەی پێکەنین، تریقە.

**ترین** (پاشگـ.)[ناو: ترین] پاشگری ئاوەڵناوی بەرزە (سفەتی عالی)، هەرە. :: خۆشترین، جوانترین، بەرزترین.

**ترینجان** (چا. ل) بڕ: ترنجان

**ترینجاندن** (چا. م)[لە: ترینجان] بڕ: ترنجاندن

**تریيە** (گیا.)[زا] بڕ: ترێ

**ترێ** (گیا.)[باک: تری ـ ناو: ترێ ـ زا: تریيە] بەری دارەمێوە، میوەیەکی هێشوویيە، بە نەگەیشتوویی تامی ترشە و پێی دەڵێن قۆرە یا بەرسیلە کە گەیشت شیرین دەبێ. لە ترێ شەراب و سرکە ساز دەکرێ. ترێ رەنگ و جۆری زۆرە

وەک (ئاویلکە، بزمارە، بۆڵمازوو، پایزە، تایفی، توڵخی، تەبەرزە، تەورێزیی، جغجغە، حوسێنی، خەلیلی، دەستەچن، رازقی، رەشمیری، ریش بابای سپی، ریش بابای سوور، زەردکە، زەلکە، ساحێبی، سپیلکە، سووراو، سوورشامی، سەعدانی، شاهانی، شەقشەقە، شیرازی، شیرەسووڵتانی، فەرخی، قزڵ، قەرەشیرە، کاژاو، کشمیشی سپی، کشمیشی سوور، کلکەڕێوی (بزمارە)، گۆڵمازوو، گەرمکە، گەزەنگی، گەندمە، لەعلی بێ دان، مالیکی، مام برایمە، مایەمێو، نینۆکی بووک، هەلاقی، ئەسکەری، ...). & هەنگوور، ئەنگوور.

**تێبینی:** ترێ trä لە زمانی سویدی دا بە مانای دار و چێو و tree لە زمانی ئینگلیسی دا بە مانای دار و درەخت و هەروەتر تەرو taru لە سانسکریت دا بە مانای درەخت هاتوە و دوور نیە کە هەر یەک وشە بووبێن.

**ترێزوو** (گیا.)[باک: ترۆزی، تروزی - ناو: ترێزوو، ترۆزی، تەرۆزی] بەری گیایەکی بڕکەییە، وەک هارۆ و خەیارە بەڵام درێژتر و رەقترە و هێڵی لە سەرە، نێوەکەی هەندێک بۆشە، رەنگی کەسکە، هەروا دەخورێ و لە ترشیاتیش دەکرێ، Cucumis flexuosus ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، چەمیلە، خیارچەمەرە، چەمەرەخیار، خەیارچەمبەر، شارۆخ، شاراخ، کووتە.

**ترێشتە** (نا.) بڕ: تەشوێ

**ترێ مارانە** (گیا.)[ترێ + مار1 + ئانە2] گیایەکی خۆڕسکە لە تیرەی کوولەکەکان کە بە دار و گیای پەنایەوە هەڵدەچێ، ریشەیەکەی سەلکێکی ئەستوور و گەورەیە، گەڵاکانی پەنجەیی و گوڵەکانی زەردی ئامال کەسکن، بەرەکەی خڕە کە بە گەیشتوویی رەنگی سوور دەبێ. تەنیا ریشەی ئەم گیایە بە کەلک دێ کە بۆ دەرمان کەلکی لێوەردەگرن، Bryonia alba ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، مێوەمارانە، مێوەرەشە، مێوەکێوییلە، هەزارپەل، هەزارئەنگوست. (فار: فاشرا، هزارگوشان - عەر: عنب الحیە، فاشرشین)

**ترِ** (وشد.) ١- [باک: ترِ - ناو: ترِ - هەو: ترِ - زا: ترِ] بایەکی دەنگدارە کە لە پاشەوە دێتە دەر. ٢- دەنگێک کە بە لاسایی لە ترِ بە زار دەری دێنن، جرت.

٣ـ قسەی بێتام و قۆڕ. ٤ـ (مجـ.) هیچ، خۆڕایی، بێنرخ. ⁙ پێت وایە پیاو بە تڕ پێدەگا. **بە ~ بەند بوون:** (کنـ.) ١ـ زۆر سست بوون، بە ئاهێک بەند بوون. ٢ـ زۆر لە بیانوو بوون. **~ بەردان:** بەرەڵڵا کردنی بای زگ بە پاشەوە دا بە دەنگەوە، تڕ کەندن، تڕین. **~ بە قونەوە بەند نەبوون:** (کنـ.) سەرسام بوون و ترسان. **~ کەندن:** بڕ: تڕ بەردان. **~ لێدان:** ١ـ تڕ بەردان، تڕ کەندن. ٢ـ (کنـ.) خۆ هەڵکێشان، تڕوتۆپ لێدان. **~ی خۆ و گێزەر لێک نەکردنەوە:** (کنـ.) تێنەگەیشتن، بێ ئاقڵ بوون، نەفامین. **~ی کەسێک بە [نۆ] بیور نەشکان:** (کنـ.) لەخۆ رازی و خۆ پێ زۆر بوونی کەسێک. ⁙ کەریم هێندە خۆی پێ زۆرە تڕی بە نۆ بیوران ناشکێ! **~ێک نەهێنان:** بێنرخ بوون، هیچ بایەخێک نەبوون. ⁙ ئەو کەوشە تڕێکی ناهێنێ کەچی وا گرانیشی دەفرۆشن. ئەو کارەت تڕێکی ناهێنێ. **دەگەڵ ~ی بزن بە شەڕ هاتن:** (کنـ.) کەسێک کە زوو هەڵچێ و دەگەڵ هەموو کەس شەڕ دەست پێبکا، مرۆڤی تووڕە و تۆسن و قەڵس، دەگەڵ تڕی خۆ بە شەڕ هاتن. **دەگەڵ ~ی خۆ بە شەڕ هاتن:** (کنـ.) مرۆڤی تووڕە و تۆسن و قەڵس. **لەبەر ~ی کەسێک هەڵپەڕین:** (کنـ.) بە کەیف و ویستی کەسێک جووڵانەوە، لە ژێر دەستەڵات و ویستی کەسێکی دیکە دابوون. **وەک ~ی سەی ساز بوون:** (کنـ.) بە کەیف بوون، ئامادە و ساز بوون. || **تڕی ئاخر:** دوایین پشوو، دوایین دەم. * **تڕی ئاخری بەردان:** فەوتان، تێداچوون، مردن، نابووت بوون. **تڕی بن گۆم:** (کنـ.) بێ سەر و شوێن، فیڕۆ. * **وەک تڕی بن گۆم چوون (ڕۆیین):** بێ سەر و شوێن چوون، لە دەست چوون، فەوتان و بە فیڕۆ چوون.

**تڕال** (ئان.)[باک ـ زا] بڕ: تەڕاڵ

**تڕاڵ** (ئان.) بڕ: تەڕاڵ

**تڕاندن** (چا. م)[تڕ + ئاندن] ١ـ بە هەر هۆیەک کەسێک وە تڕەتڕ خستن. ٢ـ (کنـ.) شەکەت کردن. ٣ـ (کنـ.) بەزاندنی زۆر توندی کەسێک.

**تڕتڕە** (نا. ل)[تڕ + تڕ + ئە] ١ـ (گیا.) گیایەکی ئەنگەلە، گەڵای نیە و هەودایەکی رەنگ زەردە، لە سەوزی و سێوەڕە و گیای دیکە دەهاڵێ و لە خۆراکی ئەو کەلک وەردەگەێ هەتا رەنگی زەرد دەکا و لە کەلکی دەخا.

Cuscuta ناوی لاتینی ئەم گیایەیە. ٢ـ (گیانـ.) کرمێکی ڕەنگ سەوزە ئافەتی وێنجە و حاسڵاتە.

**تێبینی:** ناوی ئەم گیایە لە وشەی تڕ کەوتوە چونکە بە تەواوی گیای دیکە لە کەلک دەخا و دەیفەوتێنێ و بە قسەیەک دەیتڕێنێ.

**تڕتەپان** (ئان. ل)[تڕ + تەپان][ئەر] مرۆڤی تەنبەڵ و تەوەزەل، تراڵ.

**تڕحێو** (ئام.) قسە و وتەیەک بۆ گاڵتەجاڕ بە کەسێک کە کارێکی نابەجێ و قۆڕ، تڕهێو.

**تڕە** (وشد.) دەنگی ماتۆڕی مەکینە، تڕە

**تڕەتڕ** (وشد.)[تڕە + تڕ] ١ـ تڕی پەیتاپەیتا و لە سەر یەک. ٢ـ تڕەی یەک لە سە یەک. ٣ـ (کنـ.) قسەی زێدە و قۆڕ. & ترەتڕ. ~ **کردن:** ١ـ ساز کردن و ساز دانی دەنگی ترە. ٢ـ (کنـ.) قسەی قۆڕ کردن. :: تۆ دانیشە و هێندە ترەترێ مەکە! **وە ~ خستن:** ١ـ تراندن. ٢ـ (کنـ.) گیر کردنی خراپی کەسێک بە مەسەلە و کارێکەوە. **وە ~ کەوتن:** توشی زگچوون و تڕ کەندن بوون. ٢ـ (کنـ.) خراپ گیر کردن لە کار و مەسەلەیەک.

**تڕزل** (ئان. ل)[تڕ + زل]١ـ کەسێک کە دەنگی تڕەکەی زل بێ ٢ـ (کنـ.) کەسی خۆ پێ زۆر و بەدەعیە، بە فیز و هەوا. ~ **بوون:** بەدەعێ بوون، خۆ پێ زۆر بوون. || **ترزلی باوان دەروێش:** (کنـ.) کەسێکی بە دەعێ و بە فیز کە لە بنەماڵەیەکی هەژار و نەدار بێ.

**ترکەن** (ئان. فا)[تڕ + کەن] ١ـ کەسێک کە تڕ کەندنی لا ئاساییە و لە لای خەڵک تڕ بەردەدا، ترەک. ٢ـ (کنـ.) کەسی بێنرخ و سووکەڵە و بێ نموود. & ترن.

**ترن** (ئان. ل)[تڕ + ن] بڕ: ترکەن

**ترنووسقاو** (نا. ل)[ترنووسق؟ + ئاو] توێژێکی چەورایییەکی کەم بە سەر گۆشتاوی کوڵاوەوە، زەرنووقایی، زرنووچقاو، زەرنووق، زەرنووقاو.

**ترنیسق** (گیانـ.)[؟] بڕ: کۆترەباریکە

**تروتۆپ** (نا. ل)[تڕ + و + تۆپ] ١ـ فیز و ئیفادە، پۆز. ٢ـ قسەی زەلام و بێ کاکڵ. & تروزڕ. ~ **لە سەر لێدان:** ١ـ پۆز لە سەر کەسێک لێدان. ٢ـ قسەی زەلام کردن. ~ **لێدان:** قسەی زل و زەلام کردن، پۆز لێدان. ~ **هەبوون:**

(کنـ.) خـۆ هەڵکێـشـان و چ دە باران دا نەبوون، ترِوتۆپ لێدان.

**تـــرِوزرِ** (نـا. ل)[تـرِ + و + زرِ] بـرِ: ترِوتۆپ

**ترِۆ** (ئان.)[برِ: توورِە][باک: ترِۆ ـ ناو: ترِۆ ـ زا: ترِۆ] ١ـ توورِە، قەڵس. ⁘ ئەگەر دەگەیەوە بە هەڵۆیە/ ئەو زۆر داعبایەکی توند و ترِۆیە (شـێخ فـەرخ ل ٥٠). ٢ـ سـووک، بەدناو، ناچیـزە، بێ ئابرِوو، ریسـوا. ⁘ ئەگـەر دەرِۆی، لە رێیت دەگـاتیـە هـەڵۆیە/ پیـاوێکی ناچیـزەیە ترِۆیە (مـان ل ١٨٦). ~ **بوون:** ١ـ توورِە بوون، قـەڵس بوون. ٢ـ بێ ئابرِوو بوون، ریسـوا بوون. ⁘ دنیـا تیـاترِۆیە، مـەوەسـتە تیا، برِۆ/ کێ مایەوە تیـا کە نەبووبێ تیا، ترِۆ (مەحوی ل ٢٥٣). ~ **کـردن:** ١ـ توورِە کـردن. ٢ـ بێ ئابرِوو کـردن، بەدناو کـردن، سـووک کـردن. ٣ـ دەر کـردن بە توورِەیی و جنێـو پێـدان، وەدەرنان بە سووکایەتی. ⁘ ژنێ مێردە کـرد ترِۆ/ عـالەم هـەڵسێ نایکا پـەرِۆ (پەند ل ٢٦٦).

**ترِۆیی** (حم.)[ترِۆ + ئیی] ١ـ توورِەیی، قەڵسیی. ٢ـ بەدناویی، ریسوایی.

**ترِهێو** (ئام.) برِ: ترِحێو

**ترِە** (وشد.) برِ: ترِرِە

**ترِەترِ** (وشد.)[ترِە + ترِ] برِ: ترِرِەترِ

**ترِەمـــاش** (نـا. ل)[ترِ (تـەرِ) + ئـە + ماش] برِ: تەرِەماش

**ترِەک** (ئان. ل)[ترِ + ئـەک][باک] ترِن، ترِکەن.

**ترِەکەڵەک** (نا. ل)[ترِ + ئە + کەڵەک] کـارێک کە بنج و بناوانـی نەبێ و بە فـێڵ و کـەڵەک و درۆ و شـتـی لەم بـابـەتـە چووبێـتـە پێش. ⁘ بە هـەزار ترِەکەڵەک و بیـانـوو توانیم خـۆم لـە دەست قـەرزداران نەجـات بدەم. کـار بە ترِەکـەڵەکـان سـەر ناگرترێ.

**ترِیزە** (ئا.)[ئەر] کـونـگ، قـوون. (هـس: تەرِیزە)

**ترِین** (چا. ل)[لە: ترِ] برِ: ترِ بەردان

**تژە** (ئان.) برِ: تژی

**تژی** (ئـان.)[بـاک: تـژی، تـەژی، تـژە] پرِ، لێورِێژ.

**تێبـینی:** تەچی tači لە ئەوێسـتـا دا ئاوەڵناوە لـە چاوگی تەک tak بە مـانای رژان هـاتوە و من پێـــمـــوایـە تـەژی و هـاوتاکانی هـەر لەم ریشـەیە کەوتوون.

**تس** (وشـــد.)[باك: تس، فس ـ ناو: تس، فس ـ هەو: تس] ١ـ گـــازێکی بێدەنگە کە لە پاشەوەی لەش دێتە دەر. ٢ـ دەنگی ســـووکی با دانە دەر لە هەر شـتـێکی دیکە. **~ بەردان:** بەڕەڵڵا کـردنی تس، تس کـەندن، تسین، تس دان. **~ دان:** بڕ: تـس بەردان. **~ کەندن:** بڕ: تس بەردان.

**تێبینی:** تس یا فس وشـە دەنگن و ناویان لە دەنگیان کەوتوە.

**تسقل** (گیا.)[؟] یەکێک لە بەرەکانی دارمازوو، قسقل، قسکل، تسقل، تسکل، گزگل

**تسقڵەگورگانە** (گیا.)[تسقڵ + ئە + گورگ + ئانە] گـیایەکـە وەک قـارچک ناوەکـەی بە تەڕیی وەک سـیـرێژ و بە وشکی وەک خـەنە وایە (خـاڵ ب ١ ل ٢٨٤). (بڕ: تسەگورگە)

**تسکل** (گیا.) بڕ: تسقل

**تسکەن** (ئان. فا)[لە: تس کەندن] ١ـ کەسـێک کە بە ئاشکرا تس بەردەدا. ٢ـ (کنـ.) مـرۆڤی بێکار و بێنرخ. & تسن، فسکەن، فسۆک.

**تسن** (ئان. ل)[تس + ن] بڕ: تسکەن

**تسوێ** (گیا.) بڕ: تێسوێ

**تسەگورگە** (گیا.)[تس + ئە + گورگ + ئە] جـۆرە گـارگـێکی ژەهراویی، فسەگورگە، کارگەفسە، تسقڵەگورگانە.

**تسی** (ئان.)[؟][باک] نانی ویشکی بێ پێخۆر

**تسین** (چا. ل)[لە: تس] بڕ: تس بەردان

**تسێ تسێ** (گیانـ.)[فەر: Tsé-Tsé] جانەوەرێکی ئافریقـاییە شێوەی مێش دەدا، پێوەدانی نەخۆشی خەو دێنێ.

**تش** (ئان.)[هەو] بڕ: ترش

**تشت** (نا.)[باک] بڕ: شت

**تشتخۆر** (ئان. فـا)[تشت (بڕ: چێشت) + خۆر2] لەوەڕاندنی ئاژەڵ بۆ مـاوەی دوو سێ سـەعـات سـەر لە بەیانیان.

**تشتیر** (گیانـ.) بڕ: تویشتیر

**تشرین** (نا.)[عەر: تشرین لە: ؟] ناوی دوو مـانگ لە مـانگەکـانی رۆمی کـە دەکەونە نێوان ئەیلوول و کانوونی یەکەم، چری. || **تشرینی یەکەم:** مـانگی دەهوم کـە سی و یەک رۆژە و بەرابەرە دەگـەڵ مـانگی دەهومی زایینی ئۆکتـۆبر، چریا

پێشن. **تشــرینی دووهەم:** مــانگی یازدەهوم کـە بەرابەرە دەگـەڵ نوامـبـر، چریا پاشن.

**تف** (نا.)[هیک: شتییف ـ پەهـ: توف، تات: تێف ـ فار: تف ـ پەش: تووف ـ لۆر: تۆفکە ـ بیر: تۆف. باک: تف، توو، توف، تووڤ ـ ناو: تف ـ هەو: تف ـ زا: تو، توو، توف] ١ـ ئاوی زار، خوزیی. ٢ـ ئاوی زار کە فڕێ دریتـە دەرێ. ٣ـ وشەی بێزاریی، لـەعـنـەت. ⁘ تف لـەو ژیـانـە! تـف لـەو چارەنووسـە! **~ بە تاریکیـیـەوە نان:** (کنـ.) لە گۆترە قسـە کـردن، تفـەنگ بە تاریکیـیـەوە نـان. **~ پێـدادان:** تف هاویشتن بەرەو کەسێک یا شتێک. **~ دان و قـوون دان:** (کنـ.) ئەنجـام دانـی کـارێک و خـێـر لێنەدیتن لە هەمـوو بارێکەوە، زەرەر کـردنی دوولایەنە. **~ دە نێـوچاوان کـوتان:** تف لێکردن بۆ بێـزاریی. ⁘ دایکەکـەی تفـێکی دە نێـوچاوانی کـوتا، کـوتی: بۆ ئابڕووم دەبەی؟ دیتم دەســـتت دە ملی دابوو (بارام و گوڵندام ل ٥٣). **~ رۆ کـردن:** تف فـڕێ دانـە سـەر زەوی. **~ کـردن:** تف فـڕێ دانە دەر. **~ کـردنەوە:** فـڕێ دانی شـتێکی کـە لـە زار دایە، تفـانەوە، تفـینەوە. **~ دە زار دا ئیـشک بوون:** ویشـک بـوونی نێـــو زار لـە بـەر هـەر هۆیـەکی وەکـوو حـەپەسـان، ترسـان، سـەرسـوڕمـان و شـتی لەم بابەتە. **~ لێکردن:** تف بە کەسێک یا شتێک دادان بۆ بێـزاریی و بە لەعنەت کـردن. **~ هاویشتن:** تف پێـــدادان، تف فـــڕێ دان. **~ هەڵاویشتن:** تف بۆ ســەرەوە هاویشتن، تف هەڵدان. ⁘ هێندە ساردە تف هـەڵاوێی دەیبـەسـتێ. **~ هەڵدان:** بڕ: تـف هـەڵاویـشـتن. **وە بـەر ~ دان:** تفی زۆر بـە کـسێک دا کـردن، تفبـاران کردن. || **تفی سەربەرەوژوو:** (کنـ.) لایەنی خـراپـی کـەسی نزیک کـە نەکـرێ باسی بکەی و زەرەرەکەی وەخۆشت بکەوێتەوە. * **تفی ســـەربەرەوژوو وە رووی خـــۆ کەوتنەوە:** (کنـ) خراپە و زەرەری کەسی نزیک بۆ خۆ گەڕانەوە.

**تفاق** (نا.)[؟] ١ـ ئازوخەی نێو ماڵ بۆ زستان وەک شتی ویشک کراوە و گوێز و مێوژ و کەشک و ... ٢ـ کا و گیای ماڵات بۆ زستـان. ٣ـ [ئەر] بەهارات و دانەوێڵە و سەوزی ویشک بۆ چێشت ساز کردن.

**تفاڵ** (نا.)[عـەر: اطفـال کـۆی طفل] منداڵ، زارۆک، تفڵ.

**تفـــانەوە** (چا. م)[لە: تف] بڕ: تف

کردنەوە

**تفایە** (نا. ل)[تف + ئایە][زا] بڕ: تفک

**تفباران** (نا. ل)[تف + باران] تفی زۆر بە سەر کەسێک دا. **~ کردن:** تفی زۆر بە کەسێک دا کردن، وە بەر تف دانی کەسێک.

**تفت** (ئان.)[باک: تفت ـ ناو: تفت] تامێکە کە چێژێکی رەوانی دە زار دا نیە و دەم کۆ دەکاتەوە وەک تامی بێ یان میوەی کاڵ کە هێشتا بە تەواوی نەگەیوەن، چێژی نیوەتاڵ و ترش.

**تفتک** (نا.)[باک] بڕ: تەفتیک

**تفتیی** (حم.)[تفت + ئیی] گیرایی تامی تفت، تفت بوون.

**تفک**[1] (نا. ل)[تف + ک] قامیش یا دارێکی نێو بۆش کە زیپکە بەردی بە هێزی فوو و دەم پێداوێن و گیانداری چووکەی وەک چۆلەکەی پێ راو دەکەن، پفک.

**تفک**[2] (نا. ل)[تف + ک][باک: تفک ـ زا: تفایە] کوانوو، ئاورگ، ئاگردان، وجاغ.

**تێبینی:** تف لەم وشەیە دا دەگەڕێتەوە سەر تەپ tap ی ئەوێستایی و تەفتەن taftan ـ ی پەهلەویی بە مانای گەرم کردنەوە. تفک بە گشتی یانی ئامێری گەرم کردن. هەروەها تەپەک tapak لە زمانی ئەرمەنی دا هەر بەو مانایە هاتوە.

**تفلیک** (نا. ل)[تف + لیک][ئەر] ئاوی زار، تف.

**تفڵ** (نا.)[عەر: طفل] منداڵ، زارۆک.

**تفنک** (ئا.) کونی کەپۆ و لووت.

**تێبینی:** تفنک دەگەڵ دفن لە زاراوەی باکووریی دا بە مانای کەپۆ یەک ریشەیان هەیە.

**تفنگ** (نا.)[زا] بڕ: تفەنگ

**تفە** (نا. ل)[تف + ئە] کەپلەمە، مشتە، دەسپەڕ.

**تفەتف** (نا. ل)[تف + ئە + تف] تفی پەیتا پەیتا. **~ کردن:** پەیتاپەیتا تف کردن بۆ هەر مەبەستێک.

**تفەدڕەی** (گیا.)[تفە + دڕەی][هەو] بڕ: تووڕدک

**تفەنگ** (نا.)[تور: tüfek][باک: تڤنگ ـ ناو: تفەنگ ـ هەو: تفەنگ ـ زا: تفنگ، تفەنگ] چەکێکی لوولە درێژی شەڕ و راوە، قۆنداغی چێوی هەیە، بە شانیەوە دەنێن و تەقەی پێدەکەن، تفەنگ

جــۆری زۆره و لـه ســـەدەی شـــازدەی زایینی له ئاڵمان ساز کراوه و پێشتر له جیـات فیـشـەک له بەر نان، سـەریان پڕ دەکــردەوە. **~ به تاریکیـــەوه نان:** (کنـ.) کـــارێک له گــۆتره کــردن بەبێ لـەبـەرچاو گـــــرتـنـی ئاکـــــام و سەرکەوتنەکەی.

**تێبینی:** هەندێک زمانەوان به شکەوه ریشـــەی تفـــەنگ دەبەنەوه ســـەر تف + ئەنگ پاشگری ئامێـر ساز. (بڕ: برهان ب ١ ل ٥٠٢) هەروەها هس: تفک1

**تفەنگاوێژ** (ئان. فا)[تفەنگ + ئاوێژ] ١ـ کەسـێک که تفـەنگ داوێ. ٢ـ (نا. ل) مەودایەک که فیشەکی تفەنگ دەیبڕێ.

**تفـەنگچی** (ئان. ل، نا. ل)[تفـەنگ + چی] کـەسـێک کـه خـاوەن تفـەنگه و به تفەنگ شەڕ دەکا، چەکدار.

**تفەنگساز** (ئان. فا)[تفەنگ + ساز] کەسێک که تفەنگ ساز دەکا.

**تفـەنگسـازی** (حم)[تفـەنگسـاز + ئیی] ١ـ کاری تفەنگ ساز کردن. ٢ـ (نا. ل) شوێنی تفەنگ ساز کردن.

**تفی** (نا.)[هەو] بڕ: توو1

**تفـــینەوه** (چا. ل)[له: تف] بڕ: تف کردنەوه

**تقاڵ** (نا. ل)[باک] بڕ: توێکڵ

**تڤر** (گیا.)[باک] بڕ: توور2

**تڤنگ** (نا.)[باک] بڕ: تفەنگ

**تقیرک** (گیانـ.)[باک] بڕ: کۆترەباریکه

**تک** (نـا.)[لـه: تکان][نـاو: تک، تکه، تککه] ١ـ دڵۆپ. ٢ـ دەنگی کەوتنه خواری دڵۆپ. || **تـک تـک:** ١ـ دڵـۆپ دڵـۆپ. ::: فــرمــێـسک تک تک له چاوانی دەهـاته خــوارێ. ٢ـ دەنگی پـەیتــاپەیتــای تکه و دڵۆپ.

**تکا** (نا.)[باک: تکا ـ ناو: تکا ـ هەو: تکا] ١ـ ویست، داو، رجـا. ٢ـ دوعـا. ٣ـ لاڵه، پاڕانەوه بۆ شـتێک. **~ کردن:** ١ـ داوا کردن. ٢ـ دوعا کردن. ٣ـ پاڕانەوه، روو نـان. ٤ـ له وڵامـی پێـــهـــەڵکوتن و ســـپـــاس و شـــتـی لەم بابەته بـه کـــار دەبردرێ. ::: ـ دەســـتـت خـــۆش بـێ زۆر چێـشـتێکی بەتام بوو! ـ تکایه، شـایەنی نیـه! **~ لێکردن:** ١ـ داوا لێکردن. ::: تکات لێدەکـەم دەست له شــەڕ و نێـوان ناخۆشی هەڵگره! ٢ـ لەبەر پاڕانەوه، روو لێنان. & تکا لێهەبوون. **~ لێهـەبوون:** بڕ: تکا لێکردن. || **تکای بێـجێ:** داوای ناماقووڵ، ویستی نارەوا. ***تکای بێجێ**

**کردن:** داوای ویستێکی ناماقووڵ کردن، داوای جێبەجێ کردنی کارێک نەلواو کـــردن. * **تکای بێـــجێ هەبوون:** داواکارییەکی بێجێ هەبوون، ویستێکی ناماقووڵ هەبوون.

**تکاکـار** (ئان. فـا)[لە: تکا کـردن] ١ـ کـەسێک کـە بۆ نیـازێک دەپاڕێتـەوە. ٢ـ نێـوبژیکەر. ٣ـ داواکـار، ویسـتـیـار. & تکاکـەر. **بۆ بوونە ~ :** ١ـ بۆ کـەسـێک پاڕانـەوە و تکا کـردن. ٢ـ بۆ کـەسـێک بوونـە نێـوبژیکەر، نێـوبژیی کـەسـێک کـردن. **کـەسێک کـردنە ~ :** کـەسێک کـردنـە نێـوبژیکەر بۆ تکا و پاڕانەوە. ∷ کـوتم ئەگـەر کـارەکـە گـەند بوو دایکم دەکەمە تکاکار (تاریک و روون ل ١٥).

**تکاکەر** (ئان. فا)[لە: تکا کردن] بڕ: تکاکار

**تـکـان** (چـا. ل) رژان بـە دڵـۆپ لـە سـەرەوە بۆ خـوار. ∷ حـەیا دڵۆپێکە، تکا تکا (پەند) لیک لە دەم و لیـچی پەیتـا پەیتا دەتکێ.

**تێبینی:** تەکە لە ئەوێستا دا و تەچەک لـە پەهـلـەویی دا لـە چـاوگی تـەک ـ ی ئەوێستـایی تەچییتـەن ـ ی پەهلەویی بە مانای رژان و و رەوان بوون کەوتوە

**تکاندن** (چا. م)[لە: تکان] دڵۆپ دڵۆپ شـتـێکی ئاوەکی دە شـوێنێک کـردن، تـێکردن بـە دڵـۆپ. ∷ چـاوی دێشـێ و دەرمانییان تکاندە چاویەوە.

**تکانەوە** (چا. ل)[لە: تکان] داکەوتنی و چۆڕانەوەی دڵۆپی ئاو و ئاوەکی.

**تکاو** (نـا. مـــفـ.)[لـە: تکان] دڵۆپی رژاو. ∷ دڵۆپە تکاوەکـانی گـەز گـۆ دەکەنەوە و گەزۆی لێ ساز دەکەن.

**تککە** [1] (نا.) بڕ: تک

**تـککـە** [2] (نـا.)[بـڕ: تیکـە] ١ـ پـلـێک گـۆشت، لەتێک گـۆشـت. ٢ـ کـەبابی پلەگۆشت، تیکە، قۆژباشی.

**تکە** (نـا. ل)[تک + ـە] ١ـ دڵۆپ. ٢ـ دەنگی داکـەوتن و کەوتنە خـواری دڵۆپ، چکە. ٣ـ جـمـوجـووڵ. **~ کردن:** دڵۆپە کــردن، پرژان یا پرژاندنی دڵۆپی ئاو. **لە ~ کـەوتن:** لە جـمـوجـۆڵ کـەوتن، ئارام گرتن. || **تکەی فـرمـێسک:** دڵۆپی فـرمـێسک. ∷ دڵۆپەی شـەونمی پەلکی گـوڵ و بۆنی شنەی شـەوبۆ/ هـەناسـەی سـاردی فـەرهـادە و تکەی فـرمـێسکی شیرینە (حەقیقی ل ٥٦).

**تکە تک** (نا. ل)[تکە + تک] دڵۆپی پەیتا پـەیتـا. **~ کردن:** پرژاندنی پەیتا

پەیتای دڵۆپی ئاو.

**تگر** (نا.)[ئەر] بڕ: تەرزە

**تگل** (گیانـ.)[پەھ: تەکەل][ئەر] مەڕی نێر، بەران.

**تگە** (گیانـ.) بڕ: تەگە. ~ **گرتن:** بڕ: تەگە گرتن.

**تل**[1] (نا.)[ناو: تل ـ هەو: تل] ١ـ پاڵ لە سەر لێژایی. ٢ـ تللۆر، تلۆر، خلۆر. ~ **بوونەوە:** کەوتن و سووڕانی لە لێژیەوە بەرەو خوار، خلۆر بوونەوە. ~ **خواردن:** تل بوونەوە و خۆ خلۆر کردنی مرۆڤ یا گیاندار لە لێژایی. ~ **پێدان:** پاڵ پێوەنان بە کەسێک یا شتێک لە سەر لێژایی، خلۆر کردنەوە، جاڵە کردنەوە، تل کردنەوە، تل دان. ~ **دان:** پاڵ پێوەنان و خلۆر کردنەوەی کەسێک یا شتێک لە سەر لێژایی. ~ **کردن:** پاڵ پێوەنان و بزواندن کەسێک یا شتێک لە سەر لێژایی. ~ **کردنەوە:** جاڵە کردنەوە، خلۆر کردنەوە.

**تل**[2] (ئا.)[باک] بڕ: تلی

**تلان** (چا. ل)[لە: تل1] سووڕان و تل خواردن لە سەر لا، گلان.

**تلاندەوە** (چا. م)[لە: تلان] بزواندن و تل پێدان لە سەر لا.

**تلانەوە** (چا. ل)[لە: تلان] گەوزین و بزووتن لە سەر لا تەنیشت، گلان.

**تلاوتل** (ئاک. ل)[تل1 + ئاو2 + تل1] گەوزین و تلۆر بە لا تەنیشت دا.

**تلقە** (نا.)[باک] بڕ: تەقڵە

**تلک** (نا.)[باک] بڕ: تلیسک

**تللۆر** (نا.) بڕ: تلۆر

**تل و خوێ** (ئان. ل)[تل + و + خوێ] حاڵی هەر شتێک کە پتر لە رادەی ئاسایی خوێی هەبێ، زۆر سوێر، پڕخوێ.

**تلۆر** (نا.)[لە: تل1] ١ـ چلۆنایەتی داکەوتن و سووڕانەوەی شتێک لە لێژاییەوە بەرەو خوار، خلۆر، گلۆر، تللۆر، تلێر، تل، جاڵە. ٢ـ درێژ راکشاو لە سەر تەنیشت یا لە سەر زگ. ~ **بوونەوە:** ١ـ راکشان لە سەر تەنیشت یا لە سەر زگ.. ٢ـ داکەوتنی شتێک لە لێژاییەوە. ~ **کردنەوە:** جاڵە کردنەوە، تل پێدان، خلۆر کردنەوە.

**تلۆق** (نا.) بڕ: بلۆق

**تلهی** (ئا.)[باک] بڕ: تلی

**تلی** (ئا.)[باک: تل، تلهی، تلی، تبل، تپل، تلیک] قامک، ئەنگوست.

**تلیاک** (نا.) بڕ: تریاک

**تلیان** (نا.) بڕ: تریان

**تلیانە** (نا.) بڕ: تریان

**تلیس** (ئان.)[؟] تەڕ، خـــووســـاو، تڵیس.

**تلیسان** (چا. ل)[لە: تلیس] تەڕ بوون، خووسان، تڵیسیان.

**تلیساندن** (چا. م)[لە: تلیسان] ١ـ تەڕ کردن، خووساندن. ٢ـ خراپ کردن و زایە کردنی شتێک بە زۆر تەڕ کردن. & تڵیسانن

**تلیساندنەوە** (چا. م)[لە: تلیسان] ١ـ تەڕ کردنەوە، خووساندنەوە. ٢ـ خراپ کردن و زایە کردنی شتێک بە تەڕ کردنی زۆر.

**تلیسانەوە** (چا. م)[لە: تلیسان] ١ـ تەڕ بوونەوە، خووسانەوە. ٢ـ خراپ بوون و فەوتانی شتێک بە تەڕ بوونی زۆر.

**تلیساو** (نا. مف)[لە: تلیسان] ١ـ تەڕ بوو، خـــووســـاو. ٢ـ فـــەوتاو و زایە بە تەڕایی زۆر.

**تلیسک** (نا.)[پەش: تەلیسەک ـ فار: تلسک ـ گونابادیی: تەلەسە. باک: تلک ـ ناو: تلیسک، تەلسک، تەلسک، تڵماسک] هێشــوویەکی چووک لە هێشــوو ترێ، زەنگەتە، خشلک، چقالک.

**تلیک** (ئا.)[باک] بڕ: تلی

**تـلیـلـی** (نـا. ل)[؟] دەنـگ و هـەرای شادمـانی خەڵک بە زار و زمـان و گەروو، تلیلیلی هەلهەلە. **~ کردن:** شـادمـانی کردن بە دەنگ لە زار و زمان دەرهێنان.

**تلیلیلی** (نا. ل) بڕ: تلیلی

**تلیە** (نا.)[خوشناو] بڕ: بۆڵ

**تلێر** (نا.) بڕ: تلۆر

**تلێن** (ر.)[لە: تلاندن] ریشەی چاوگی تلاندن، خلێن، گلێن.

**تڵ** (نا.)[؟][ئەر] کـولانەوە و کـزەی برین، چڵ، زڵ، کزە.

**تڵـەتڵ** (نا. ل)[تڵـە + تـڵ] کـزانەوە و کولانەوەی پەیتاپەیتا، چڵەچڵ، زڵەزڵ.

**تڵپ** (وشد.) دەنگی تڵپە.

**تڵپە 1** (وشد.)[لۆر: تلپ ـ بیر: تۆلۆپ ـ کـرم: تێلۆپ، تێلێپ. ناو: تڵپ] دەنگی داکەوتنی شـتی زل و نەرم بە سـەر زەوی

دا.

**تلّپە**2 (نا.) بڕ: تلّتە

**تلّتە** (نا.)[کرم: تۆلف ـ فار: تفالە ـ بیر: تلف. ناو: تلّتە، تلّپە، تلّف، تلّفە، تلّفار، ترفاڵ ـ هەو: تلّف، تلّفە] پاشماوەی میوە، گیا و گەڵا و شتی لەم بابەتە کە ئاوەکەی گیرابێ.

**تلّخ** (ئان.)[بڕ: تاڵ1] ڕەنگی ڕەشی ئاماڵ زەرد، تاڵ، تەڵخ.

**تلّف** (نا.) بڕ: تلّتە

**تلّفار** (نا. ل)[تلّف + ئار4] بڕ: تلّتە

**تلّفە** (نا.) بڕ: تلّتە

**تلّق** (وشد.) دەنگی تلّقە، شلّق.

**تلّقە** (وشد.) دەنگی ئاوەکی دە نێو دەفر دا، شلّقە.

**تلّقەتلّق** (وشد.)[تلّقە + تلّق] تلّقەی پەیتاپەیتا، شلّقەشلّق.

**تلّماسک** (نا.) بڕ: تلیسک

**تلّۆخ** (نا.)[؟][ئەر] ١ـ قەرتاڵەی چەرم کە بۆ ڕاگوێزتنی سەهۆڵ و بەفر کەلکی لێوەردەگرن. ٢ـ (مجـ.) ژنی بێشەرم و بێحەیا.

**تلّیت** (نا.)[لۆر: تلیت ـ فار: ترید ـ کرم: تریت. ناو: تریت، تلّیت] ١ـ ورکەنانی تێکوشراو لە شۆربا، دۆ و شتی لەم بابەتە. ٢ـ (ئان.) نەمەیو و شل و لێک بڵاو. **~ کردن:** تێکوشین.

**تلّیس** (ئان.)[ئەر] بڕ: تلیس

**تلّیسانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: تلیساندن

**تلّیسانەوە** (چا. م)[ئەر] بڕ: تلیسانەوە.

**تلّیسیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: تلیسان

**تلّیش** (نا.)[بڕ: تەڵاش] ١ـ تەڵاش، تەراش. ٢ـ درز، قەڵشت، تەڕاش. ٣ـ دادڕاو، دڕ. **~ بردن:** قەڵشین، درز تێکەوتن.

**تلّیشان** (چا. ل)[لە: تلّیش] ١ـ دڕان، دادڕان. ٢ـ درز بردن، قەڵش تێکەوتن. & تلّیشیان

**تلّیشاندن** (چا. م)[لە: تلّیشان] ١ـ دڕاندن، دادڕاندن. ٢ـ قەڵشاندن، درز تێخستن. & تلّیشانن.

**تلّیشانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: تلّیشاندن

**تلّیشەبەرد** (نا. ل)[تلّیش + ئە + بەرد] کوتێکی پەڕاو و لێبۆوە لە بەرد.

**تلّیشیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: تلّیشان

**تمتمه** (نا.) بڕ: تەمتەمە

**تمەز** (شڕ.) بڕ: تۆمەز. ⁂ تمەز خەڵقی دێ لە سەر فرمانن/ خەریکی کێشە و شەن و خەرمانن (گۆران ل ١٤٢).

**تمەن** (نا.)[مەغ: توومان (دە هەزار)] پارەی ئێران کە بەرابەرە دەگەڵ دە ریاڵ یا قران.

**تن** (ئام.) یەکێک لە نیشانەکانی چاوگ لە زمانی کوردیی دا. ⁂ کوشتن، بەستن، دیتن.

**تناز** (نا.)[عەر: طناز][باک] حەنەک، فشە، گاڵتە، تیز.

**تنۆک** (نا.)[پەهـ: تەنوک. باک: تنۆکە ـ ناو: تنۆک] بەشێکی چووک لە ئاو و ئاوەکی، دڵۆپ.

**تنۆکە**[1] (نا.)[لات: tunica] جۆرێک دەرپێی کورت کە ناگاتە سەر ئەژنۆ و لە ژێر شاڵوار یا پاتۆڵ دەبەری دەکەن.

**تنۆکە**[2] (نا.)[باک] بڕ: تنۆک

**تنووک** (نا.) دەگەڵ وشەی تاریک دێ و مانای زۆر تاریک و تاریکی خەست دەدا. ⁂ تاریک و تنووک.

**تنێ** (ئان.)[زا] بڕ: تەنیا

**تهن** (نا.)[باک] بڕ: تین1

**تهن** (ئان.)[باک] بڕ: تینوو

**تو**[1] (جنا.)[باک ـ زا] بڕ: تۆ1

**تو**[2] (نا.)[زا] بڕ: تف

**تو**[3] (ئام.)[باک ـ زا] هیچ، ئەسڵەن، تەو. ⁂ تو جار (هیچ جار)، تو کەس (هیچ کەس)

**تواشا** (نا. چا)[ئەر] بڕ: تەماشا

**تواشاخانە** (نا. ل)[تواشا + خانە][ئەر] بڕ: تەماشاخانە

**توالێت** (نا.)[فەر: toilette] ١ـ ئارایش و رازاندنەوەی سەر و روو. ٢ـ ئاودەست، ئاودەستخانە، مستەراح.

**توان** (نا.)[پەهـ: تووان][لە: توانین] هێز و تاقەت، توانست، وزە. // ناتوان. ⁂ بێ هێز و توان و دەستەوئەژنۆ/ هەر مەم مەمی بوو بە داد و رۆڕۆ (مەم و زین ل ٣٢٦).

**توانا** (ئان. فا.)[لە: توانین] ١ـ بەهێز، بەتاقەت، بە وزە. ٢ـ لێهاتوو، کارزان. **~ بوون:** ١ـ بە تاقەت بوون، بەهێز بوون. ٢ـ لێزانین، کارزان و لێهاتوو بوون. **~ کردن:** بەهێز کردن، بەتاقەت کردن. **لە ~ دا هەبوون:** لوانی

ئیمکانات، قەوە بە مەسەلەیەکی ماددی یا مەعنەوی شکان و توانایی یارمەتی دان هەبوون، توانایی هەبوون. ❊ لە توانام دا نیە هەر ئێستاکە ماڵێکی گەورە بکڕم.

**توانایی** (حم.)[توانا + ئیی] ١- هێز و تاقەت. ٢- ئیمکانات، لوان. **~ پێدان:** هێز و تاقەت و ورە دان بە کەسێک. **~ هەبوون:** ١- هێز و تاقەت هەبوون. ٢- هەبوونی ئیمکانات. **لە ~ دا هەبوون:** لوان، بۆ مومکین بوون، پێکران.

**توانج** (نا.)[؟] سەرکۆنە، تانە، تیر و تانە. **~ تێگرتن:** بڕ: توانج لێدان. **~ لێدان:** سەرکۆنە کردن، تانە لێدان، توانج تێگرتن.

**تواندنەوە** (چا. م)[بڕ: توانەوە][ناو: تاواندنەوە، تواندنەوە] ١- کردن بە ئاوی بەفر و سەهۆڵ و شتی لەم بابەتە. ٢- شل و ڕەوان کردنی شتی سەخت بە گەرما. ❊ ئاسن تواندنەوە. ٣- شتی ڕەق دە نێو ئاوەکی دا حەل کردن. ❊ خوێی دە نێو ئاو کە و بیتوێنەوە دەبێتە خوێواوک! ٤- (مجـ.) مەحو کردنی کەمایەتییەک دە نێو زۆربەیەک دا، قەوتانی بەرەبەرە. ❊ سیاسەتی دەوڵەتە زۆردارەکان تواندنەوەی نەتەوە چووکەکانە.

**توانست** (نا.) بڕ: توان

**توانەوە** (چا. ل)[ئێک: تا، تاڤا ـ ئەو: تەپ ـ پەه: تاپیتەن. ناو: توانەوە، تاوانەوە، تاویانەوە، تاویان، تاوین] ١- بوون بە ئاوی سەهۆڵ، بەفر و ئاوەکی بەستراو. ٢- خاو بوونەوەی شتی بەستراو. ٣- تێکەڵاو بوونی شتی ڕەق دە نێو ئاوەکی دا. ❊ شەکر دە نێو ئاوی گەرم دا زووتر دەتوێتەوە هەتا دە ئاوی سارد دا. ٤- فەوتان، مەحو بوون بە تەواوی. ❊ زوو دە ماڵێکی تورک لە شار دا هەبوون کە ئێستا دە نێو کوردان دا تواونەوە. ٥- بوون بە ئاوەکی شتی ڕەق لە بەر تینی گەرما. ❊ قورقوشمی تواوەیان دە گەروو کرد و کوشتیان. ٦- (کنـ.) زۆر شەرمەزار بوون، خەجاڵەتی کێشان.

**تێبینی:** وشەی توانەوە لە [توان + ئەوە] پێکهاتوە کە چاوگی توان بە تەنیا نەماوە و بەڵام بە شێوەی تاویان و تاوین ماوە.

هەروەها چاوگی تینا tina لە زمانی سویدیی دا بە مانای تواندنەوەی سەهۆڵ

و thaw له ئینگلیسی دا و تایات tay-at له زمانی رووسی دا به مانای توانەوە هاتوون کە هەر لەم ریشەیەن.

**توانین** (چا. م)[هیک: تو ـ ئەو: تەف ـ پەه: تووانێنییتەن. فار: توانستن ـ گیل: توونەسەن، تانەستەن. باک: توانین ـ ناو: توانین] لە دەست هاتنی ئەنجام دانی کارێک، لە وزە دا هەبوون، توانایی هەبوون، کارین.

**توت** (ئان.)[بڕ: تورگ][زا] مندالٚ، ساوا.

**توتک** (گیان.)[بڕ: تورگ] بێچووی سەگ، توتکەسەگ، توڵە، تووتک.

**توتکەسەگ** (گیان.)[توتک + ئە + سەک] ١ـ بێچووی سەگ، توڵە. ٢ـ (جنێو) جنێوێکە بۆ کەسی چووکتر و زۆرتر هەڕەشەی تێدایە. ∷ هەستە وەدەرکەوە هەتیوە توتکەسەگە. توتکەسەگی حەرامزادە بڕۆ لەبەر چاوم ون بە. ٣ـ (سوکایەتی) مندالٚ، عەولاد، توڵە. ∷ ژنەتیوە وەرە ئەو توتکەسەگانت لەبەر چاوم لابە!

**توج** (ئان.)[زا] بڕ: تیژ

**توجاڕ** (نا.)[عەر: تجار کۆی تاجر] بازرگان، سەوداگەر، تاجر.

**توجاڕپاشی** (نا. ل)[توجاڕ + باش2 + ئی] سەرۆک و گەورەی کاروان و قەتار، بازرگانباشی، سەربازرگان. ∷ ئەمن هاتووم ئەو ڕێگایە گیراوە، ئەگە ڕێگا پکەمەوە بۆ کاروان و قەتار و توجاڕپاشییە (لاس و خەزالٚ ل ١١٧).

**توحفە** (نا.)[عەر: تحفة] ١ـ دیاریی، پێشکێشی. ٢ـ شتی گرانبایی و بە نرخ. ٣ـ تازە، نوێ. ٤ـ دەست نەکەوتوو، نادر، عەنتیکە. ٥ـ (تەوس) کەسی هیچەکە و خوێنتالٚ. ∷ ئەو توحفەیە چیە دەگەڵی دەگەڕێی؟ ٦ـ (تەوس) شتی بێنرخ. ∷ ئەو ماشێنە توحفەیە چیە کڕیوتە چی دیکەت دەست نەکەوت؟

**توحفەفرۆش** (نا. فا)[توحفە + فرۆش] کەسێک کە شتی گرانبایی و عەنتیکە دەفرۆشێ. ∷ عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفەفرۆشم/ زۆرم وت و کەس تێینەگەیی، ئێستە خەمۆشم (نالی ل ٢٨٠).

**توخس** (ئان.)[فار: تخس (تۆخس)، تغس (تۆغس). ناو: توخس] ١ـ بەدفەڕ، شەیتان، بێعار (پتر بۆ مندالٚ و لاو). ٢ـ حەیوان و گیانداری تۆڕ و چەمووش. ٣ـ [ئەر] زایە، فەوتاو. **~ بوون:** ١ـ

بەدفەڕ بوون، بێعار بوون. ٢ـ تۆڕ بوون، چەمووش بوون. **~ کردن:** زایە کردن، فەوتاندن، لە ناو بردن.

**توخم** (نا.) بڕ: تۆم. || **ترخمی حەرام:** مندالّی بیژوو، حەرامزادە. **ترخمی حەلاّل:** مندالّی حەلاّلزادە. **ترخمی سەگ:** لە رەگەزی سەگ، بێچووی سەگ. ٢ـ (جنێو) وەک جنێو بە کار دێ بە مانای ناجسن، رەگەز چەپەڵ. & توخمەسەگ. **ترخمی نابیسمیللا:** مندالّێک کە لە کاتی گووران بیسمیللای لە سەر نەکوتراوە و کەسێکی بەدزات و ناجسنە، عەولادی نابیسمیللا.

**توخمەسەگ** (ئان. ل)[توخم + ئە + سەگ](جنێو) رەگەز خراپ، بەدزات، رەگەز چەپەڵ.

**توخن** (نا.) بڕ: تخوون. **~ بوون:** بڕ: تخوون بوون. **~ کەوتن:** بڕ: تخوون کەوتن.

**توخووب** (نا.)[باک] بڕ: تخووب

**تور** (نا.)[بڕ: تورگ][زا] لقی ناسک و تازەی دار، شووڵ، توول.

**توربەت** (نا.)[عەر: تربة] ١ـ خاک، خۆڵ. ٢ـ قەبر، گۆڕ، مەزار. ⁂ بلا مەعلووم ببێ کوژراوی کێم یاران وەسیەت بێ/ چراغی توربەتم هەر دەستەگوڵ بێ پاش وەفاتی من (وەفایی ل ٩١).

**تورێن** (نا. ل)[توور1 + بێن1] ١ـ کیسەیەک کە جووتێر تۆوی تێدەکا، لە لاتەنیشتی دەکا و تۆوی لێدەردێنێ و دەیپرژێنێ. ٢ـ بڕ: توور1

**تورت** (ئان.)[بیر: تۆرت ـ فار: ترد. باک: تورت ـ ناو: تورت] ١ـ حالّی هەر شتێکی ناسک و تەنک کە زوو بشکێ. ٢ـ تەڕ و تازە، شلک و ناسک.

**توررەهات** (نا.)[عەر: ترهات (کۆی ترهە)] پڕوپووچ، قسەی قۆڕ و بێ مانا، تورەهات.

**تورش** (ئان.)[ئەر] بڕ: ترش

**تورشاندن** (چا. م)[ئەر] بڕ: ترشاندن

**تورشانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: ترشاندن

**تورشیات** (نا. ل)[تورش + ئات][ئەر] بڕ: ترشیات

**تورشیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: ترشان

**تورگ** (گیانـ.)[ئەو: تەئورونە (بێچوو) ـ پەه: توورەک، تۆرەک. بەل: تۆلەگ ـ کرم: تورە. باک: تۆرک، تۆری، تۆریک، توورگ ـ ناو: تورگ] گیاندارێکی

گوانداره، کێویی و گۆشتخۆر و درِه، ملۆزمی مەل و مریشکە، کەوڵەکەی نرخی زۆر نیە و وەک ئاستەرِ کەلکی لێوەردەگرن. Canis aureus ناوی لاتینی ئەم گیاندارەیە، چەقال، چەقەڵ. ∷ تورگ تورگی شەمزینی/ قوونەبانان دەدرِینی/ گا و گۆلان دەفرِینی (فۆلکلۆر ل ١٢٣).

**تێبینی:** تەرئونە taruna لە هیندی کۆن دا بە مانای تولە و تەئورونە -tau runa لە ئەوێستا دا بە مانای لاو و جەوان بۆ مرۆڤ و گیاندار هاتوە و تولە، توتک، توول و توولە و هەندێک وشەی دیکەش هەر لەم ریشەیەن.

**تورمە** (نا.)[فار: تیرمە، تێرمە ـ کرم: تەرمە. باک: تورمە ـ ناو: تورمە] جۆرێک پارچە و شاڵی بە بایەخ و نەرمە کە لە کورک و کووروو سازی دەکەن. ∷ تورمە هەرچەند کۆنیش بێ، ناکرێ بە پێتاو (پەند ل ١٥٦).

**تورمەپۆش** (ئان. فا.)[تورمە + پۆش1] کەسێک کە تورمەی دەبەر دایە. ∷ هەشتا نۆکەری خەنجەریان دەسک پازارە ئەوبەر ئەوبەر راوەستاوە / هەمووی تورمەپۆشە، کەوڵی قاقومی غەزی بە سەر شانی داداوە (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٣٧)

**تورمیز** (نا.)[روس: tormoz] ئامرازێک لە ماشین و ماتۆر و دووچرخە و مەکینەی دیکەی هاتوچۆ کە بە داگرتنی، مەکینەکە دەوەستێ. **~ برِین:** ١ـ لە کار کەوتنی تورمیز و نەوەستانی ماشێن و مەکینە. ٢ـ (کنـ.) کەسێک کە نەتوانێ بەری قسەی بگرێ و پەیتاپەیتا قسە بکا. **~ گرتن:** ١ـ راگرتنی مەکینە بە داگرتنی تورمیز، تورمیز لێدان. ٢ـ (کنـ.) زۆر توند نەرِۆیشتن لە رەفتار و کردار دا. ∷ تورمیزێکی بگرە هێندە گورەگورِ و هات و هەرای ساز مەکە. ٣ـ (کنـ.) وەستان و نۆرە دان لە قسە دا. ∷ کاکە تورمیزێکی بگرە نۆرە قسە ئێمەش بدە!. & تورمیز لێدان. **~ لە زمان دان:** (کنـ.) زمان راگرتن، قسە برِینەوە، ئیدی قسە نەکردن. **~ لێدان:** بر: تورمیز گرتن.

**تورمیز دەستی** (نا. ل)[تورمیز + دەست + ئی] ئامرازێکە لە ماشێن دا کە جگە لە تورمیزی پێ، داندراوە و بریتییە لە میلەیەکی درێژ کە دەکێشرێ و بەری وە رێ کەوتنی ماشێن لە کاتی وەستان و شوێنی لێژ دەگرێ. **~کێشان:**

هێنانە سەری تورمێزدەستی دوای ڕاگرتنی ماشێن.

**تورنج** (گیا.)[؟] ١ـ درەختێکە وەک دارلیمۆ بەڵام گەڵاکانی گەورەترە، بەرەکەی لە جسنی نارنجە، دریشت و قورس و توێکڵ ئەستوورە، بۆنی خۆشە و ڕەنگی زەردە و مرەبای لێ ساز دەکەن، Citrus medica cedrata ناوی عیلمی ئەم دارەیە، تورنج، ترنج، کەبات، باڵنگ. (عەر: ترنج ـ فار: ترنج).٢ـ بەری ئەم دارە. ٣ـ نەقشێکی فەرش و کەنارە و کاشی کە چوارگۆشەیەکی خوار و پێچدار و پتر لە نێوەڕاست دایدەنێن، ترنج.

**توڕڕە** (نا.)[عەر: طرة] ١ـ بسک و مووی ڕازاوە و هۆنراوی سەر نێوچاوان. ⁝ توخودا دەمەکەت دەرخە لە نێو توڕڕە بزانم/ تامی چیە شەو حوققەیی شیر و شەکەری تۆ (وەفایی ل ١١٢). ٢ـ زوڵف و بسکی لوول. ⁝ بە حەققی تاری کاکۆڵی سەراپا لوولی ئەو شۆخە/ ئەگەرچی پەشمە، ئەمما دڵ لە توڕڕەی زوڵفی سەودایە (نالی ل ٥٧٠). ٣ـ شێوە خەتێکی نووسین یا ئیمزا کە کەوانی و تێکهاڵاو بێ، توغرا. ٤ـ مۆر و ئیمزای شا و سوڵتان. ⁝ شایستەیی شان لایقی مل توڕڕەی تۆیە/ نەک توڕڕەیی شاهەنشەهی و تەوقی وەزارەت (نالی ل ١٤٥) داغی سینە و پێچ و تابی دوودی ئاهم خۆ هەیە/ مۆر و توڕڕەی ئیمپەراتۆر و قەڕاڵم بۆ چیە (مەحوی ل ٢٩٣). ٥ـ میچێک کە لە بەر دەرگا و دەروازە سازی دەکەن هەتا باران نەیگرێتەوە، پاسار. ~ **شکاندن:** لێکدان و شکاندنەوەی زوڵف و ڕێکوپێک کردنی. ⁝ وەک توڕڕەیی تۆ ساغ و شکستەم/ وەک نەرگسی نادیدەی تۆ خۆش و نەخۆشم (نالی ل ٢٨١).

**توڕڕەنووس** (ئان. فا)[توڕڕە/٣ + نووس] کەسێک کە شارەزای شێوە نووسینی توڕڕەیە. ⁝ بۆ مەشقی عیشقی زوڵفی نیگار و نیگارشی/ نالی لە خامە دا بووەتە شاهی توڕڕەنووس (نالی ل ٢٤٠).

**تورەهات** (نا.) بڕ: توررەهات.

**توژ** (ئان.)[زا] بڕ: تیژ

**توسک** (گیان.)[زا] بڕ: گیسک

**توشتیر** (گیان.)[باک] بڕ: چوشتیر

**توشک** (گیان.)[زا] بڕ: گیسک

**توغـــرا** (نا.)[عەر: طغـرا لە تر:

طورغای] ١ـ شێوە خەتێکی نووسین کە کەوانی و تێک هاڵاو بێ، تورڕە. ٢ـ مۆرێک کە بە خەتێکی کەوانی لە سەری دەنووسرا و حوکمی ئیمزای پادشا و سوڵتانی هەبوو و لە سەرەوەی تۆمار و فەرمانەکان دەدرا. ∷ برۆت باڵی هوما سایەی سەری سوڵتانی حوسنت بوو/ خەتت هات و وتی من ناسیخی توغرایی خونکارم (نالی ل ٢٧٤). ٣ـ فەرمان، ئەمر. ٤ـ زولف، پرچی لوول. ∷ قەسەم بە توغرای زوڵف چین چینت/ بەو خوردە خاڵان سیای موشکینت (وەلی دێوانە ل ٢٨) وەش وەش تای توغرای وێت بنمانە پێش/ با هەر ناسۆر بۆ، زوو نەبۆ سارێش (مەولەوی ل ٥٤).

**توغیان** (نا. چا)[عەر: طغیان] سەرکێشیی، نافەرمانیی. **~ کردن:** ١ـ سەرکێشیی کردن، نافەرمانیی کردن. ٢ـ هەستانی ئاوی رووبار و دەریا. ∷ وەرنە دەجلەی غەم توغیان کەردە بێ/ تا ئیسە چەندجار بەغداش بەردەبێ (مەولەوی ل ١٥٦).

**توف** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: تف

**تولح** (نا.)[عەر: طلوع] ئەنگووتنی هەتاو، خۆرهەلات. || **تولحی بەیانی:** بەیانی زوو، سەرەتای رۆژ. ∷ تولحی بەیانی هەستاین و وەدەرکەوتین.

**تولاندنەوە** (چا. م)[لە: تولانەوە] هەلابەهەلا کردنی ماکەی نێو چێشت لەبەر زۆر کولاندن.

**تولانەوە** (چا. ل)[هس: توانەوە] ١ـ هەلابەهەلا بوونی و لەبەر یەک چوونی خۆراک لەبەر کولانی لە رادە بەدەر. ٢ـ (مجـ.) زۆر زانین و تێکەلاو بوون لە مەسەلەیەک، توانەوە. & تولینەوە.

**توڵخ** (ئان.)[بڕ: تاڵ] ١ـ رەنگی رەشی ئاماڵ بۆر. ٢ـ رەنگی رەشی ئاماڵ زەرد.

**توڵخی** (نا. ل)[توڵخ + ئی] جۆرێک ترێی دەنک گەورە.

**توڵە** (نا.)[بڕ: تورگ][ئەو: تەئورونە (بێچوو). فار: توله ـ لۆر: تیله] ١ـ توتکە سەگ، بێچووی سەگ. ٢ـ سەگی چکۆڵەی راو. ٣ـ منداڵ، عەولاد (بۆ سووکایەتی و جنێو). **وەک ~ بە کونی خۆ وەڕین:** (کنـ.) سپڵەیی کردن، بێ ئەمەگی کردن.

**توڵەک** (نا.) بڕ: توولەک

**تومان** (نا.) بڕ: دوومان

**تون** (ئان.)[ئەر ـ زا] بڕ: توند

**تونج** (نا.)[؟] ئالیاژێکی ساز کراوە لە هەندێک کانی وەک: مس، قەلایی و فافۆن، کە هەندێک دەفری نێو ماڵیی لێ ساز دەکردرێ وەک ئاونگ، کەشەف، سەماوەر و...، زەرد، زەردە، برنجە، پرینگۆک، برۆنز، برنج2.

**توند** (ئان.)[ئەو: تڤەنت ـ پەه: توند. لۆر: تۆن ـ فار: تند ـ تات: تۆند. باک: توند ـ ناو: توند، تون، تونگ ـ هەو: تن ـ زا: تون] ١ـ حاڵی شتی ئاوەکی کە مەییبێ. // شل ٢ـ سەخت، قایم، مەحکەم. ⁂ توند لێی دە! ٣ـ تامی تیژ. ٤ـ (ئاک.) زوو، خێرا. ⁂ توند برۆ! ٥ـ پڕڕەنگ، تۆخ. ٦ـ تووڕە، قەڵس. ٧ـ حاڵی تووتنی گەرووگر. // نەرم. ٨ـ گشت. ٩ـ تورت، شەق. ⁂ مەمکی خڕ و توند. ~ **بوون:** ١ـ مەیین، بەستنی ئاوەکی. ٢ـ قایم بون، مەحکەم بوون. ٣ـ تیژ بوون. ٤ـ قەڵس بوون، تووڕە بوون. ~ **بوونەوە:** ١ـ خەست بوونەوەی شتی شل و ئاوەکی. ٢ـ قایم و مەحکەم بوونەوەی شتی سست و شل بۆوە. ~ **کردن:** ١ـ قایم کردن. ٢ـ گشت کردنی هەوا و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ. ~ **کردنەوە:** ١ـ قایم کردنەوە، مەحکەم کردنەوە.

**توند و تۆڵ** (ئان. ل)[توند + و + تۆڵ] کەسی کارامە و لێهاتوو کە کار بە توندیی دەکا، بە دەستوبرد، گورج و گۆڵ. ~ **بوون:** گورج و گۆڵ بوون، بە دەستوبرد بوون.

**توند و تۆڵیی** (حم.)[توند و تۆڵ + ئیی] بە دەست و برد بوون، توند و تۆڵ بوون، کارامەیی و لێهاتوویی لە کار دا.

**توند و تیژ** (ئان. ل)[توند + و + تیژ] ١ـ تووڕە و قەڵس. ٢ـ کەسێک کە کار و مەسەلە بە سانا ناگرێ، بە زیپک و زاکوون. ~ **بوون:** ١ـ تووڕە و قەڵس بوون. ٢ـ بە زیپک و زاکوون بوون.

**توند و تیژیی** (حم.)[توند و تیژ + ئیی] ١ـ قەڵس و تووڕە بوون. ٢ـ بە زیپک و زاکوون بوون.

**توندە** (نا. ل)[توند + ئە] ١ـ چێشت و خواردنێک کە شل نەبێ. // شلە. ٢ـ چێشتی قوبووڵی و پڵاو.

**توندیی** (حم.)[توند + ئیی] ١ـ توند بوون، سەخت بوون. ٢ـ توند و تیژیی، تووڕەیی.

**تونگ**1 (نا.) بڕ: تونگە

**تونگ**2 (ئان.) بڕ: توند

**تونگە** 1 (نا.)[لۆر: تۆنگ ـ تات: تۆنگە ـ فار: تنگ ـ بیر: تۆنگ ـ پەش: توونگ ـ گیل: تونگی. ناو: تونگ، تونگە] دەفری گڵێنە یا شووشەیی مل باریک بۆ ئاوەکی وەک ئاو و شەراب تێکردن.

**تونگە** 2 (نا.)[باک: تونگە ـ ناو: تونگە] کلۆڵە و کەلافی بەن یا دەزوو.

**تونێل** (نا.)[ئین: tunnel] رێ و رەهەندەیەک کە بە بن کێو دا لێدەدرێ بۆ هاتوچۆی ماشێن و قەتارو مەبەستی دیکە، چەپکەن.

**توەخۆرە** (گیانـ.)[تو (توو1) + ئە + خۆر + ئە] بڕ: تووخۆرە

**توەر** (نا.)[هەو] بڕ: تەور

**توەرداس** (نا. ل)[توەر + داس][هەو] بڕ: تەورداس

**توەرزین** (نا. ل)[توەر + زین][هەو ـ زا] بڕ: تەورزین

**توەرگە** (نا.)[زا] بڕ: تەرزە

**توی** (نا.)[زا] بڕ: توو1

**تویە** (نا.)[زا] بڕ: توو1

**توێ** (نا.)[پەه: تۆب، تۆپ، تۆک، تۆف. تات: تو ـ لۆر: تووژ. باک: تۆ، تووک ـ ناو: تۆ، توێ، تۆخ، توێخ، توێک، توێژ، توێژاڵ، تۆژاڵ، تۆژ، تووژ، تووژاڵ، تووژک هەو: تووە، تۆ] ١ـ توێژی ناسکی سەر ماست و شیر، سەرتوێ. ٢ـ پارچەیەکی ناسک لە هەرچی. ٣ـ چین، توێژ، لا. :: دووتوێ، هەزارتوێ. ~ **کردن:** پارچە پارچە کردنی ناسکی گۆشت بۆ برژاندن.

**توێتکە** (نا.) بڕ: تۆتکە.

**توێ توێ** 1 (نا. ل)[توێ + توێ] ١ـ پارچەپارچەی ناسکی پێست و توێکڵ، تۆتۆ. ٢ـ چین چین، توێ لە سەر توێ.

**توێ توێ** 2 (وشـد.) وشەیەکە مانگادۆش لە کاتی دۆشینی بە مانگای دەڵێ هەتا راوستێ.

**توێخ** (نا.) بڕ: توێ

**توێخڵ** (نا. ل)[توێخ + ڵ] بڕ: توێکڵ

**توێژ** (نا.)[بڕ: توێ] ١ـ بەشێکی کەم لە کۆمەڵ. ٢ـ پارچەیەکی تەنک و ناسک لە هەر شتێک، توێ/٢ .

**توێژاڵ** (نا. ل)[توێژ + ئاڵ4] بڕ: توێ

**توێژینەوە** (چا. م)[لە: توێژ] تەحقیق کردن و لێکۆڵینەوە لە مەسەلە و مەبەستێک بۆ زانیاریی پتر و ئاگادار

بوون.

**توێژینەر** (نا. مــفـ.)[لە: توێژینەوە] کەسێک کە کاری لێکۆڵینە و تەحقیق و زانیاریی دەست خستنە لە مەسەلە و مەبەستێک.

**توێسوو** (گیا.) بڕ: تێسوێ

**توێسی** (گیا.) بڕ: تێسوێ

**توێشتیر** (گیانـ.)[باک: تشتیر، توشتیر ـ ناو: چوشتیر، چوێشتیر، توێشتیر، تشتیر، کوێشتیر، چوشتر، چتوور، چتیر] بزنەمێ یا بزنەنێری دوو ساڵە.

**توێشوو** (نا.) بڕ: تێشوو. ~ **کردن:** بڕ: تێشوو کردن.

**توێشووبەرە** (نا. ل)[توێشوو + بەر7 + ئە] بڕ: تێشوودان

**توێشوودان** (نا. ل)[توێشوو + دان4] بڕ: تێشووبەرە.

**توێشە** (نا.) بڕ: تێشوو. ~ **کردن:** بڕ: تێشوو کردن

**توێشەبەرە** (نا. ل)[توێشە + بەر7 + ئە] بڕ: تێشوودان

**توێشەدان** (نا. ل)[توێشە + دان4] بڕ: تێشووبەرە.

**توێک** (نا.) بڕ: توێ

**توێکڵ** (نا. ل)[توێک + ڵ][لۆر: توک. باک: تۆقل، تیقل، تووقل، تووکل، تقال ـ ناو: تۆک، توێکڵ، توێخڵ، توێلک، تێکوڵ، تۆکڵ ـ هەو: تۆک، تۆکڵ] ١ـ دەرەوەییترین بەشی دار و درەخت. ٢ـ دەرەوەییترین بەشی میوە و بەر. ٣ـ بەشی دەرەوەیی هێلکە. & پۆست. ~ **شکاندن:** هاتنە دەری جووجکە لە هێلکە. ~ **لێکردنەوە:** جوێ کردنەوە و پاک کردنی توێکڵی میوە و هێلکە و شتی دیکەی لەم بابەتە.

**توێکمە** (ئان.)[؟] ١ـ گیاندار یا مرۆڤی خڕیلە و تێکسڕماو. :: دەهاتنە خوارێ حەوت کەڵی دە کێویی/.../ تێیدابوو کەڵێکی خڕە توێکمەی لەوی دە بچکۆلانە ٩گەنج ل ٣٤٠). ٢ـ شتی پتەوی نێوپڕی قایم. & تۆکمە

**توێلک** (نا. ل)[موک] بڕ: توێکڵ

**توێڵ** (ئا.) بڕ: تەوێڵ

**توێڵاش** (نا.) بڕ: تەڵاش

**توێڵبەن** (نا. ل)[توێڵ + بەن][ئەر] دەسرۆکە و پارچەیەک کە لە نێوچاوانی

**تۆ**[1] (جنا.)[هیک: تڤـەم، تەڤـە ـ ئەو: توو، تـووم، تڤـام، تەڤـە ـ هـەخ: توڤـەم ـ پەھ: تۆ. تات: تـە ـ فـار: تو ـ بیـر: تۆ. باک: تـە، تو ـ ناو: تۆ، تـوو، ئەتوو، ئـەتۆ ـ هەو: تۆ ـ زا: تو، تۆ، توو، تـوه] جـێناوی نەلکاوی دووهـەم کەسی تاک.

**تۆ**[2] (نا.) بڕ: تۆم

**تۆ**[3] (نا.) بڕ: تۆێ

**تۆبە** (نا. چا)[عەر: توبە] ١ـ پەشیمان بوونـەوە لە گـوناە و ئەنجـام نـەدانەوەی. ٢ـ (مـجـ.) پەشـیـمـان. **~ دادان:** کەسێک هـان دان بۆ تۆبە کردن و دەست لە کاری نالەبار هەڵگرتن. **~ شکاندن:** لە ژێر پێ نانی تـۆبە و دەست بـە گـوناە کردنەوە. ∷ مـاچ کردن خـۆشـە نۆبە بە نۆبە/ حـەفت جـار سـۆفی بم دەشکێنم تۆبە (فـۆلکلۆر ل ١٦٢). **~ کـردن:** ١ـ دەست هـەڵگرتن لە کاری گوناە و ئەنجام نەدانەوەی. ٢ـ پـەشـیـمـان بوون. ∷ تازە ئـیـدی من لـە هـەرچی کـاسـبی و دوکانداریـیـە تۆبەم کردوە! **~ کردن لە سەر دەستی کەسێک:** قەول و بەڵێنی دان بە کـەسێک بۆ ئـەنجام نەدانەوەی کـار و کردەوەیەکی خـراپ. ∷ لە سـەر دەسـتی تۆ تۆبـەی دەکەم تازە بـە دوای قـومـار دا نەچمـەوە. ‖ **تۆبەی ڕاست:** تۆبەیـەک کـە دیسـان تـۆبە نەکـرێتـەوە، تـۆبەیـەک بۆ هـەمیـشـە، تۆبەی نەسـووح. **تۆبەی گـورگ(ی):** (کنـ.) تۆبەی بـە قـەسـتی و بە درۆ، تۆبـەیەک کـە سـەر نەگـرترێ. ∷ تۆبەی گورگی مـەرگە. **تۆبەی نەسـووح:** تۆبەیەک بۆ هـەمـیـشـە بێ پاشگەز بـوونەوە و تۆبە شکاندن، تۆبـەی ڕاست. (گـۆیا: نەسـووح پیـاوێک بوە کە ڕوخسـاری ژنانەی هـەبوە و سـی سـاڵ دەلاک بوە لە حـەمـامی ژنان. ڕۆژێک کچی شـا لە حـەمام مرواریـیـەکی لێ ون دەبێ و خـەریکی پشـکنین و گەڕانـی لەشی کارکـەران و دەستوپێـوەند دەبن. نەسـووح دەست دەکـا بـە پاڕانەوە لە خـودا کە ئەگـەر ئـەمجارە ئەم بەڵایەی لـە کـۆڵ بێـتـەوە تـازە ڕوو لـەو کـارە ناکـاتەوە و تـۆبەی دەکـا. لە دوایـین سـاتـەکـان دا کـە نۆرەی پشـکنینی نەسـووح دەبێ مـرواری دەبیـننەوە و نەسـووح ڕزگـاری دێ و ئـیـدی ڕوو لەم کارە ناکاتەوە.)

**تۆبەدار** (ئان. فـا)[تـۆبە + دار2] بڕ: تۆبەکار

**تۆبەداریی** (حم.)[تۆبەدار + ئیی] بڕ: تۆبەکاریی

**تۆبەکار** (ئان. فا)[تۆبە + کار] کەسێک کە پەشیمانە و دەستی لە گوناھ ھەڵگرتوە و تۆبەی کردوە، تۆبەدار. **~ بوون:** دەست لە گوناھ ھەڵگرتن و تۆبە کردن.

**تۆبەکاریی** (حم.)[تۆبەکار + ئیی] ئاکامی دەست لە گوناھ ھەڵگرتن و تۆبە کردن، تۆبەداریی.

**تۆبەشکێن** (ئان. فا)[تۆبە + شکێن] کەسی تۆبەکار کە بەڵێنی تۆبە دەشکێنێ و گوناھ دەکاتەوە.

**تۆبەشکێنیی** (حم.)[تۆبەشکێن + ئیی] کاری تۆبەشکێن، ئاکامی تۆبە شکاندن.

**تۆپ** (نا.)[تور: top] ١ـ (نز.) چەکێکی گەورەی شەڕە کە گولەی گەورە دەخوا، دادەبەسترێ و لە سەر ماشێن و تانکیش دایدەنێن و شوێنی دووری پێ دەکوتن. ٢ـ کەرەسەیەکی یاری و کایە کردنە کە بۆ ھەر یارییەک تۆپی تایبەتی ھەیە (تۆپی والیبالّ، تۆپی پینگ پۆنگ، ...) ٣ـ بەستەیەک پارچە کە لە کارخانە رادەکەی دیاری دەکرێ و مۆری لە سەر دەدرێ. ٤ـ ئامرازێکی چێوی خڕی گەورەیە وەک چەرخ، نێوەکەی پەڕەی لێدراوە، لە سەر جۆگەی ساز کراو بۆ ئاش دایدەمەزرێنن و بە سووڕانی ئاش دەگەڕێ، تەمبوورە، تەموو. ٥ـ چەرخی عارەبە. ٦ـ ھەر شتێکی خڕی ساز کراوە بە دەست، تۆپەڵ، تۆپەڵە. ⁂ تۆپەبەفر، تۆپەقوڕ. ٧ـ (مج.) تڕ. ٨ـ (کن.) ئەندامی خڕ و پڕ و رەق. ٩ـ دارێکی درێژ کە سەرەکەی پەڕۆی لێبەستراوە و بۆ خاوێن کردنەوەی لوولە و گونجی و تۆپکەشی کەلکی لێوەردەگرن، تۆپی گونج. ١٠ـ کۆمەڵ، جمھوور، تێگراییی، گشت. **وەبەر ~ دان:** شوێنێک تۆپ باران کردن. **~ ئاگر دان:** تەقاندنی تۆپ، ھاویشتنی تۆپ. ‖ **تۆپی ئاش:** بڕ: تەمبوورە. **تۆپی بەربانگ:** تۆپێک کە لە کاتی بەربانگ لە رەمەزان دا دەیانتەقاند ھەتا خەڵک لە رۆژوو شکاندن ئاگادار بکەنەوە. **تۆپی پارشێو:** تۆپێک کە بۆ ھەستاندن و ئاگادار کردنەوەی خەڵک لە مانگی رەمەزان دا دەتەقێندرا ھەتا خەڵک ھەستن و پارشێو بکەن. **تۆپی تەیارەشکێن:** جۆرێک تۆپ کە بە فرۆکەیەوە دەنێن. **تۆپی جەنجەڕ:** دوو داری پتەوی لێک و لووس کراو کە ھەرکام بە قەرا کاریتەیەک ئەستوورن و درێژاییان گەزێک یان ھەندێک پتر دەبێ

و لە پەڕە یا باڵتـــەکـــانی لە ســـەر دادەکوتن. ئەم تۆپانە یەک لە پاش و یەک لە پێشـــەوەی جـەنجـەڕ دایدەمـەزرێنن.

**تۆپی گونج:** بڕ: تۆپ/٩

**تۆپاز** (نا.)[فـەر: topaze] جـۆرێک بەردی بەنرخ، زەبەرجـــەدی هینـدیی، یاقووتی زەرد.

**تێبینی:** تۆپاز ناوی دوڕگـەیەکـە لە دەریای سوور نزیک ئیتیۆپی.

**تۆپاڵ** (نا.) بڕە و وردەی مس و ئاسن کە لەبەر کوتان دەپەڕن و دەکەون. ⁂ بە غـەمـزەی نازەوە ئەو سـەروی نازە کـەی چوە گوڵشـەن/ کە نێرگس وا بوە چاوی سـپی، ســەروی بوە تۆپاڵ (مـەحـوی ل ٢٠٣).

**تێبینی:** لە فەرهەنگی موعین دا توپال (تووپال) هەر بەو مـــانایە هاتوە و بە وشـــەیەکی فـــارسی داناوە و عـــەرەبی کراوەکەی بە توبال داناوە.

**تـۆپـان** (نـا. ل)[تـۆپ/٢ + ئـان][ئـەر] بڕ: تۆپین

**تۆپاندن** (چا. م)[؟][باک: تۆپاندن ـ ناو: تۆپاندن، تۆپانن] سـەقـەت کـردن و مـراندنی ئـەو گـیـاندارانەی گـۆشـتـیـان ناخورێ. ٢ـ (کنـ.) کوشـتنی دوژمن. ٣ـ (کنـ.) لێدان و خـسـتنی کـەسـێک. ٤ـ (کنـ.) خـەواندن، نواندن. ⁂ دا ئافـرەت هەسـتـە ئەو منداڵانە بتـۆپێنە شـەو درەنگە!

**تۆپانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: تۆپاندن

**تۆپانێ** (نا. ل)[تۆپ/٢ + ئانێ] بڕ: تۆپێن

**تۆپبـــاران** (نـا. ل)[تۆپ/١ + باران] هاتنە خواری بە تێکرایی گولەی تۆپ بۆ سـەر شـوێنێک. **~ کردن:** وەبەر تۆپ دانی زۆری شوێنێک بە تۆپی شەڕ.

**تۆپاوێژ** (ئان. فـا)[تۆپ/١ + هاوێژ (هـاویشـتن)] کـــەســـێک کـــە ئەرکی هـاویشـــتنی تۆپی لە ســـەرە، تۆپچی، تۆپهاوێژ.

**تۆپباران** (نا. ل)[تۆپ/١ + باران/٢] تۆپی زۆر بۆ ســەر ناوچە یا شــوێنێک. **~ کردن:** وەبەر تۆپ دان، تۆپی زۆر لە شوێنێک دان.

**تۆپتـــــاو** (نـا. ل)[تۆپ/٢ + تاو4] جۆرێک داری گۆیین کە سەرەکەی وەک کـەوچک وایە، گـۆی لە سـەر دادەنێن و هەڵیدەدەن.

**تۆپ تۆپێن** (نا. ل)[تۆپ/٢ + تۆپ/٢

+ ئێن] بڕ: تۆپێن

**تـۆپـچـی** (ئـان. ل)[تـۆپ/١ + چـی] کـەسێک کـە ئەرکی هاویشتنی تۆپی لە سەرە، تۆپهاوێژ.

**تۆپخـانە** (نا. ل)[تۆپ/١ + خـانە] ١ـ شـوێنـی راگـەتنی تۆپی شـەڕ. ٢ـ (نز.) بەشێک لە قۆشـەن کە لە سەر تۆپ کار دەکەن.

**تۆپز** (نا.)[تور: topuz] ١ـ گـۆپاڵ و کوتەکی بزمارڕێژ کراو، گورز. ٢ـ (مجـ.) زۆر، جـەبر. **بە ~ بردن:** بە زۆر بردن. ؛؛ پێمخۆش نەبوو بچمە مەدرەسە بابم بە تۆپز بردمی.

**تۆپسـاز** (ئان. فـا)[تۆپ/١ + سـاز] کـەسێک کە تۆپی شـەڕ دروست دەکا، وەستای تۆپ ساز کردن. ؛؛ بە فەرمانی خـانۆ بانگی تۆپسـازیان کـرد، ناوی خاچۆ بوو، ... (دمدم ل ٢٢٩).

**تۆپسازیی** (حم.)[تۆپساز + ئیی] کار و پیشەی کەسی تۆپساز.

**تۆپکەشـیی** (حم.)[تۆپ + کـەش (کـێشـان) + ئیی] کـاری کـردنەوەی گـیرایی و خـاوێن کـردنەوەی گـونجی و لوولە بە تۆپ/٩. **~ کردن:** کردنەوەی گـیـرایی و خـاوێن کـردنەوەی لوولە و گونجی.

**تۆپ و تەشـەر** (نا. ل)[تۆپ + و + تەشـەر] تیر و تانە، توانج، تەشـەر. **~ لێدان:** تەشـەر لێدان، تیـر و تانە لە کـەسـێک دان. **وەبەر ~ دان:** تیـر و تانەی زۆر لە کەسێک دان، هێرش بردنە سەر کەسێک بە تەشەر و توانج.

**تۆپۆق** (نا.)[فـار: تپق] هەڵەی زمـان، هەڵەنگووتنی زمـان. **~ لێدان:** هەڵە زمان یا بە خراپ دەربڕینی وشە لە کاتی خوێندنەوە نووسراوەیەک یا قسە کردن لە رادیۆ، تەلەویزیۆن و شـوێنی لەم بابەتە.

**تۆپهـاوێژ** (ئان. فـا)[تۆپ + هاوێژ (هاویشتن)] بڕ: تۆپاوێژ

**تۆپەڵ** (نا. ل)[تۆپ/٦ + ئەڵ] ١ـ هەر شتێکی کە بکرێ بە دەست خڕ کرابێ وەک بەفـر و قـوڕ و گـێچ، تۆپ. ؛؛ تۆپەڵەبەفر، تۆپەڵەقوڕ. ٢ـ گردەکۆ، کۆ، خڕ. & تۆپەڵە. **~ کردن:** ١ـ خڕ کردن وەک تۆپ. ٢ـ بە سـەر یەک دا کـۆ کردنەوە.

**تۆپەڵە** (نا. ل)[تۆپ/٦ + ئـەڵە] بڕ: تۆپەڵ.

**تۆپەڵەشەڕێ** (نا. ل)[تۆپەڵە + شەڕ +

ئێ] یاری و گەمە بە تۆپە بەفر، شەڕەبەفر.

**تۆپەوانە** (نا. ل)[تۆپ + ئە + وانە] پارچە و پەڕۆی زاراخنی کووپە و گۆزە و شتی لەم بابەتە.

**تۆپیگ** (نا. مف.)[لە: تۆپین][ئەر] بڕ: تۆپیو

**تۆپین** (چا. ل)[لۆر: توپێسێ. باک: تۆپین ـ ناو: تۆپین، تۆپان ـ هەو: تۆپای] ١ـ مردنی ئەو گیاندارانەی گۆشتیان ناخورێ، تۆپان. ٢ـ (کنـ.) نوستن، خەوتن. ⁂ کچێ ئەوە بۆ ناتۆپی شەو درەنگە. ٣ـ (مـجـ.) مردنی کەسی ناخۆشەویست.

**تێبینی:** تۆپین بۆ مردنی ئەو گیاندارانە بەکار دێ کە گۆشتیان ناخورێ وەک سەگ، کەر، ئەسپ، پشیلە بەڵام ئەو گیاندارانەی کە گوشتیان دەخورێ وەک مریشک، مەڕ، مانگا و ... مندار یا مردار دەبنەوە و مرۆڤ دەمرێ.

**تۆپیو** (نا. مف.)[لە: تۆپین] گیانداری مردوو، مردار، تۆپیگ.

**تۆپێن** (نا. ل)[تۆپ + ئێن] ١ـ کایە کردن بە تۆپی یاری. ٢ـ بڕ: فوتباڵ. & تۆپانێ، تۆپ تۆپێن.

**تۆتاک** (گیانـ.)[تۆت (دەنگی ئەم باڵندەیە) + ئاک][باک] بڕ: تاقتاقکەرە.

**تۆتۆ** (نا. ل)[تۆ3 + تۆ3] بڕ: تویێ تویێ. ⁂ چنگ پێکۆ نە جەرگ نەغمەی سازەکەت/ بەرارۆ تۆتۆ میقراز گازەکەت (مەولەوی ل ٤)

**تۆتکە** (نا.)[هس: تۆتە] ئۆقرە، ئارام، سرەوت، تویێتکە. **~ خواردن:** دانیشتن و ئۆقرە گرتن، ئارام گرتن، داسەکنین، تۆتکە گرتن، تویێتکە خواردن، تویێتکە گرتن. **~ گرتن:** بڕ: تۆتکە خواردن. **کونگ ~ نەخواردن:** ئارام نەگرتن، نائارام دانیشتن، بزووتن و نەسەکنین.

**تۆتە** (نا.)[باک: تات ـ ناو: تۆتە ـ زا: تاتی] ئەنجامی دانیشتن بۆ منداڵی چووکە یا لە زمانی منداڵەوە. **~ کردن:** دانیشتن.

**تۆتیا** (نا.) بڕ: تووتیا1

**تۆچان** (نا. ل)[تۆ2 + چان (چاندن)] بەروانکە یا پارچەیەکی ئاسایی دیکە کە جووتێر تۆی تێدەکا و بە زەوی دا دەیپرژێنێ.

**تۆخ**[1] (نا.) بڕ: تویێ

**تۆخ**[2] (ئان.)[؟] ڕەنگی توند و تاریک.

:: ســـووری تۆخ. ٢ـ پڕڕەنگ. :: چای تۆخ.

**تۆخم** (نا.)[باک] بڕ: تۆم

**تۆخماخ** (نا.) بڕ: تۆخماغ

**تۆخماغ** (نا.)[تور: توقمق tokmak] کـوتکی چێـویی، تۆخمـاخ. **~ کردن:** ســەرکــوت کــردن، فــەوتاندن. :: وەک دەچێ بۆ بێچووی شێر، مار و هەژدیها/ گە شێر بزانێ تۆخماغی دەکا (سەعید و میرسێوەدین ل ٦١).

**تۆخوم** (نا.)[باک] بڕ: تۆم

**تۆر**[1] (نا.) بڕ: تۆرە

**تۆر**[2] (نا.)[هەو ـ زا] بڕ: تەور

**تۆر**[3] (نا.)[لە: تۆران] دڵێـشـاو، زێر، زوێر. :: ئاشــتـیی تۆ، تۆری من، بۆ بێ ســەباتیی هەردوو یەک/ گەیوەتە حەددی یەقین. ئەم دوو یەقــینەن هەردوو شـــەک (مـەحوی ل ١٩). **~ کردن:** تۆران، زیز بوون.

**تۆراخ** (نا.) بڕ: تۆراغ

**تۆراخدان** (نا. ل)[تۆراخ + دان4] بڕ: تۆراغدان

**تۆراخە** (نا.)[هەو] بڕ: تۆراغ

**تۆراغ** (نا.)[ئەو: توورەی ـ باک: تۆراق ـ ناو: تـۆراخ، تۆراغ ـ هەو: تۆراخــە ـ زا: تۆراق، تووراق] مـــاسـت یا دۆ کـــە دە توورەکـەی دەکـەن و ئاوەکـەی دەگـرن و هەندێک جـار کـەمـێکی گـیـای ویشک تێدەکەن و دەیخۆن.

**تێـبـینی:** توورەی لە ئەوێسـتـا دا بە مـانای جۆرە پەنیرێک هاتوە و لە زمـانی رووسی دا وشــەی tvorog شـیــرێژە، هەروەها دوراغ لە زمـانی فـارسی دا هەر بە مـــانایەیە و تۆراق لە زاراوەکـــانی باکووریی و زازایی دا بە مانای لۆرکە.

**تۆراغـدان** (نا. ل)[تۆراغ + دان4] ١ـ دەفــرێکی گــڵــێنەی وەک تەشت یا خـیگەیەک کـە تۆراغی تێـدا رادەگـرن، تۆراخدان. ٢ـ (کنـ.) مرۆڤی زگ زل

**تـۆراق** (نـا.)[بـڕ: تـۆراغ][بـاک ـ زا] لۆرک

**تۆران** (چا. ل)[بڕ: توورە][ناو: تۆران، تـۆرین ـ هـەو: تـۆریای] دڵگیـــر بوون لـە کـەسێک و خـۆ تێنـەگەیاندن و نەدواندن، زیز بوون، زوێر بوون.

**تـۆرانـدن** (چـا. م)[لـە: تـۆران] دڵ ئێـشـاندنی کـەسـێک و زیز بـوونی، زوێر بوون.

**تۆراو** (نا. مف.)[لە: تۆران] کەسی دڵ ئێشاو، زوێر، زیز.

**تۆربە** (نا.)[باک - زا] بڕ: توور1

**تۆرتان** (نا.)[؟][باک] بڕ: مقەست

**تۆرزین** (نا. ل)[تۆر + زین][زا] بڕ: تەورزین

**تۆرزێن** (نا. ل)[تۆر + زێن][زا] بڕ: تەورزین

**تۆرژلە** (نا.)[زا] بڕ: تەرزە

**تۆرژەن** (نا. ل)[تۆر + ژەن (زین)][زا] بڕ: تەورزین

**تۆرسەلە** (نا.)[زا] بڕ: تەرزە

**تۆرڤک** (نا.)[زا] بڕ: توور1

**تۆرک** (گیان.)[باک] بڕ: تورگ

**تۆرگە** (نا.)[زا] بڕ: تەرزە

**تۆرمتە** (گیان.)[مەغ: تۆرمتای] مەلێکی چووکی راوکەری چاورەشە، بە قەرا و هەروەک بایەقۆش بەلام بلندتر و سەری هەندێک چووکترە. ئەم مەلە گۆشتخۆر و تیژپەڕە و لە باشوو تیژتر و گورجترە. رەنگی پەڕەکانی زەردی تۆخی مەیلەو شینە و پەلەی رەش و زەردی لە سەرە. پێیەکانی زەرد و دندووکی رەشی ئاچغ و لە سەر زگی پەڵەی سپی مەیلەو زەردی هەیە و رانەکانی خەنەیین. بالای نزیک سی سانت دەبێ، لە شەهێن چووکتر بەلام درێژترە. نێرەکەی لە مێیەکە سەری زلترە و بۆ راو مێیەکەی دەستەمۆترە و لە بەرزایی کێوەکان دە نێو رەوەزەکان و لە لێڕەواریش هێلانەی چێ دەکا راوی مەلی چووک وەک کۆتر و کەو و هەوێردەی پێدەکەن (فرهنگ پرندگان ل ٥٣). Falco Subbuteo ناوی لاتینی ئەم مەلەیە، تۆرنتە، ترۆمتە. || **تۆرمتەی سەر سوور:** سەر و پاشملی سووره. پەڕ و باڵی رێ رێیە و خەتی پانی رەشی لە کۆتایی کلکی دا هەیە. پشتی بۆرە و لە سەر شان و باڵی خەتی قاوەیی هەیە. شاپەڕی باڵی قاوەیی مەیلەورەشە. بەر زگی سپییە و بە پانایی دا رێ رێی وردی رەشی تێدایە. باڵندان راو دەکا. لە شوێنی ئاوەلا، دەشتی بەرین، شوێنی تەنکە دار دەژی. لە سەر دار هێلانەی دەکا. جارجار کۆنە هێلانەی قەلەڕەشان ئاوەدان دەکاتەوە (فەرهەنگی باڵندە ل ١٧٣). Falco chicqueru ناوی لاتینی ئەم باڵندەیە. **تۆرمتەی لاق سوور:** ٣٠ سانتیمێترە. باڵی ئەوەندە درێژە دەگاتە سەر کلکی.

دەوری چاو و نەرمەی دندووک و قاچی سووری نارنجین. نێرە لە مێیە زۆرترن. بۆری ئاماڵ رەشن و ژێر کلکیان شێ رەنگە. مێیە سەری خورمایی رەنگە و بەر زگی خۆڵینەیە و خەتی لاجانگی قوڵە و ئامال رەشە. پشت و کلکی خەتی بۆریان بە پانایی دا کشاوە. لە ئاسمان لەنگەر دەگرێ و لەو کاتە دا خۆی خوار رادەگرێ. تاوپەڕی ئێواران مێش و مەگەزان راو دەکا. گیانلەبەری وەک کوللە و مشکیش لە سەر عەرز دەگرێ. لە دەشتی خاوەن پنچک و داری کورت، لێواری لێرەواران و دەورووبەری زەوییان دەژی (فەرهەنگی باڵندە ل ١٧٤). Fal-co vespertinus ناوی لاتینی ئەم باڵندەیە.

**تۆرن** (ئان.)[سان: تورە][بڕ: توورە] [زا] دلێر، قارەمان، بەهێز، قەوی.

**تۆرنتە** (گیانـ.) بڕ: تۆرمتە

**تۆرە** (نا.)[؟][ناو: تۆر، تۆرە، تۆرەمە] رەچەڵەک، بنەچەکە، بەرە، نەسل. ∷ باوکم ... لە تۆرەی مەلا جامی چۆڕی بوو کە سێسەد ساڵ لەوەی پێش هاتۆتە سابلاخ (تاریک و روون ل ٣).

**تۆرەکە** (نا.)[هەو] بڕ: توور1

**تۆرەمە** (نا.) بڕ: تۆرە

**تۆری** (گیانـ)[باک] بڕ: تورگ

**تۆریای** (چا. ل)[هەو] بڕ: تۆران

**تۆریک** (گیانـ.)[باک] بڕ: تۆرک

**تۆرین** (چا. ل) بڕ: تۆران

**تۆرینۆک** (ئان. ل)[تۆر3 + ئینۆک] کەسێک کە زوو بتۆرێ و دڵی بێشێ.

**تۆڕ**[1] (نا.)[پەش: تۆر ـ فار: توور. باک: تۆڕ ـ ناو: تۆڕ ـ هەو: تۆڕ ـ زا: تۆڕ] ١ـ پارچە و قوماشی کون کون. ٢ـ ئامرازێکی دەست چنە، بۆ راو کەلکی لێوەردەگرن کە لەم پەیوەندییە دا کونەکانی ورد یا درشتە، پتر بۆ راوی ماسی و باڵندە کەلکی لێوەردەگرن و چەند جۆری هەیە. ٣ـ بڕ: چراتۆڕ. ٤ـ کوتە قوماشێکی سپی کون کونی تایبەتیە کە لە چراتۆڕ دا کەلکی لێوەردەگرن و ناسووتێ. ٥ـ تەونۆکەی جاڵجاڵۆکە. ٦ـ (مجـ.) پێوەندیی گشتی پێک بەستراوی کۆمەڵ و دەستەیەک بە یەکەوە.

**تۆڕ**[2] (ئان.)[بڕ: توورە][لۆر: تور ـ ناو: تۆڕ] ١ـ ئەسپ و ماینێک کە هێشتا بە تەواوی دەستەمۆ نەبووبێ و بە هەموو

کەس سواریی نەدا. ٢ـ کیژێک کە بە سانایی خۆ وەدەست نادا و لە پیاو بسڵەمێتەوە. ٣ـ سەرشێت.

**تۆڕک** (گیا.)[باک] بڕ: تۆڵکە

**تۆڕەوان** (نا. ل ـ ئان. ل) [تۆڕ1/٢ + ئە + وان] ١ـ کەسێکی ماسیگر کە لە چۆم یا دەریا بە تۆڕ ماسی ڕاو بکا. :: تۆڕەوانێک لە سەر بەحرێ بوو، ئەحمەد چوو کنە وی بە نۆکەری. (مان ل ١٠). ٢ـ کەسێک کە بە تۆڕ باڵندان ڕاو بکا. :: دوو قورینگی گەردن بە خار ... دانیشتن لە تەنکاوان/ تۆڕەوانەک پەیدا بوو ئەوانی گرت بە داوان (سێسەد هۆنراوە ل ١١٢)

**تۆز** (نا.)[تور: toz] ١ـ خاک و خۆڵی وردی بڵاو لە هەوا و دەوروبەر، گەرد، تەپ و تۆز، تۆز و خۆڵ. ٢ـ وردەی شتی دیکە کە شێوەی تۆز/١ بدا. :: تۆزی ئارد. ٣ـ دەرمان و کەرەسەی جوانی ژنان و شتی دیکەی زۆر ورد، پوودر. ٤ـ کەم، زۆر کەم، نەختێک، تۆزاڵ. :: تۆزێکم چا بدەیە با دێمی کەم! ٥ـ (ئاک.) ماوەیەکی کەم، زەمانێکی کورت. :: تۆزێک لە سەرم ڕاوەستە ئەوە دێم! **~ تەکاندن:** ١ـ خاوێن کردنەوە و پاک کردنەوەی خۆ، کەسێک یا شتێک لە تۆز. ٢ـ (کنـ.) بە قەستی لە کەسێک دان، تێهەڵدانی قەستی. **~ شکاندن:** (کنـ.) زۆر کارامە و لێزان بوون لە کار و مەسەلەیەک وەها کە کەس نەگاتەوە سەری. :: لە پیاوەتی دا کەس تۆزی ناشکێنێ. **~ کردن:** ١ـ خاک و خۆڵ و تۆز وە هەوا خستن. ٢ـ (کنـ.) ئاژاوە نانەوە. **~ لە شتێک هەستاندن:** (کنـ.) زور توند لە شتێک دان. :: مستێکی لە پشتی دا تۆزی لێهەڵستاند. **~ لێهەڵنەستان:** (کنـ.) زۆر ڕژد و چرووک و لەچەر بوون، هیچ لێهەڵنەوەران. **~ وە حەوا خستن:** هەوا پیس کردن بە ماڵین و گەسک لێدانی و شتی لەم بابەتە، تەپ و تۆز وە حەوا خستن، تۆزوخۆڵ وە حەوا خستن. ‖ **تۆزی بانان:** (کنـ.) فەوتاو، نابووت. :: تا یەک دەکرێ بە خانی خانان/ زۆرکەس دەبێ ببنە تۆزی بانان (مەم و زین ل ٢٩٢). یا دەبمە خانی خانان/ یا دەبمە تۆزی بانان (پەند). **تۆزی بەر پێ:** (کنـ.) چووک و هیچ لە ئاست کەسێکی خۆشەویست، تۆزی داوێن، خاکی بەر پێ. **تۆزی داوێن:** (کنـ.) بڕ: تۆزی بەر پێ. :: کە بێخود تۆزی داوێنی ئەوان

بێ/ ئەشێ یارەب لە تەقسیری ببووری (بێخود ل ١١٦).

**تۆزاش** (نا. ل)[تۆز + ئاش1] تۆزی سپی ئاردی گەنم و دانەوێڵەی هاڕاوی ئاش کە لە سەر و لەشی ئاشەوان و خەڵکی دیکە دەنیشێ، پشتاش.

**تۆزاڵ** (نا. ل)[تۆز + ئاڵ4] زۆر زۆر کەم، تۆز، تۆزێک، تۆزقاڵ، تۆزکاڵ، تۆزوولکە، تۆزڵانە، تۆزڵقان، تۆسکاڵ، تۆسقاڵ.

**تێبینی:** وشەکانی تۆزقاڵ، تۆزکاڵ، تۆزڵانە، تۆزڵقان و ... گشتیان لە تۆزاڵ پەیدا بوون و بەرەبەرە ئەم حاڵەتانەیان بە سەر دا هاتوە.

**تۆزاویی**(ئان. مف.)[تۆز + ئاویی2] حاڵی کەسێک یا شتێک کە تۆزی لە سەر نیشتبێ، تۆز لێنیشتوو.

**تۆزتەکێن** (نا. ل)[تۆز + تەکێن (تەکاندن)] کوتە پارچەیەک کە لە چێوێکی دەبەستن و لە شت و شمەکی سەر رفە و تاقە و شوێنی دیکەی رادەکێشن هەتا تۆزەکەی لێ جیا بکەنەوە.

**تۆزقاڵ** (نا. ل)[تۆز + قاڵ (ئاڵ)] بڕ: تۆزاڵ

**تۆزکاڵ** (نا. ل)[تۆز + کاڵ (ئاڵ)] بڕ: تۆزاڵ

**تۆزڵانە** (نا. ل)[تۆز + ڵان (ئاڵ) + ئە] بڕ: تۆزاڵ

**تۆزڵقان** (نا. ل)[تۆز + ڵقان (ئاڵ)] بڕ: تۆزاڵ

**تۆز و خۆڵ** (نا. ل)[تۆز + و + خۆڵ] وردەی خاک و خۆڵ لە هەوا دا، تۆز، تەپ و تۆز.

**تۆزوولکە** (نا. ل)[تۆز + ئوولکە] بڕ: تۆزاڵ

**تۆژ**1 (نا.) بڕ: توێ

**تۆژ**2 (ئان.)[زا] بڕ: تیژ

**تۆژاڵ** (نا. ل)[تۆژ1 + ئاڵ4] بڕ: توێ

**تۆس** (نا.)[بڕ: تەز][هەو] تەز، سڕ.

**تۆسای** (چا. ل)[هەو] بڕ: تەزین

**تۆسقاڵ** (نا. ل)[تۆس(تۆز) + قاڵ (ئاڵ)] بڕ: تۆزاڵ

**تۆسکاڵ** (نا. ل)[تۆس(تۆز) + کاڵ (ئاڵ)] بڕ: تۆزاڵ

**تۆسلە** (نا.)[زا] بڕ: تەرزە

**تۆسنای** (چا. م)[هەو] بڕ: تەزاندن

**تۆسە** (نا.)[زا] بڕ: تاس1

**تۆسی**[1] (گیا.)[ئەر ـ هەو] بڕ: تێسوێ

**تۆسی**[2] (نا.)[هەو] بڕ: تەزوو

**تۆشە** (نا.) بڕ: تێشوو. **~ کردن:** بڕ: تێشوو کردن.

**تۆشەبەرە** (نا. ل)[تۆشە + بەر7 + ئە] بڕ: تێشوودان

**تۆشەدان** (نا. ل)[تۆشە + دان4] بڕ: تێشوودان

**تۆف** (نا.)[بڕ: تاف] ١ـ هەڕەت، جەنگە، تاف. ٢ـ بەفر و با پێکەوە، کڕێوە، بادەوە.

**تۆفان** (نا.)[عەر: طوفان لە یون: ty-phon] ١ـ شێوانی هەوا و بای توند کە وێرانیی پێکبێنێ. ٢ـ فەرتەنە و شێوانی دەریا. || **تۆفانی نووح:** بارانێکی زۆر کە خودا لە سەردەمی نووح دا باراندی و بوو بە هۆی چوونە ژێر ئاوی ویشکایی و تەنیا نووح و هاودەمەکانی رزگاریان هات.

**تۆفانە** (گیان.)[تۆفان + ئە][ئەر] بڕ: مێشوولە

**تۆفە** (نا.)[؟] دیوارێک کە بە قوڕ بێ خشت و بەرد ساز کرابێ، چینەی دیوار لە قوڕ، موور.

**تۆفیر** (نا.)[عەر: توفیر] تەفاوەت، فەرق، جیاوازیی، تەوفیر. **~ کردن:** تەفاوەت کردن، فەرق کردن. **~ هەبوون:** فەرق هەبوون، جیاوازیی هەبوون.

**تۆفیق** (نا. چا)[عەر: توفیق] کارسازیی و جێبەجێ کردنی کاروبار لە لایەن خوداوە بە پێی داوای بەندە، یارمەتی دانی بەخت. **~ دان:** سەرکەوتوو کردن، کار چوونە پێش لە لایەن خوداوە. ∷ هەرکەس راستگۆ بێ، خوداوەندی میری مەزن لە دونیایە دا تۆفیقی دەدا.

**تۆڤ** (نا.)[باک] بڕ: تۆم

**تۆڤل** (نا. ل)[باک] بڕ: توێکڵ

**تۆق**[1] (نا.)[عەر: طوق] ١ـ ملوانکەی زێڕی ژنان. ٢ـ هەر شتێک کە وەک ئاڵقە لە مل دابێ. ٣ـ خەتێکی وەک ئاڵقە لە ملی گیاندار دا. || **تۆقی سەر:** تەپڵە سەر. **تۆقی لەعنەت:** ١ـ لەعنەتی هەمیشەیی. ٢ـ (کن.) ژن و هاوسەر ـ کە هەتا سەر دەگەڵت بژی و بەتایبەت هی خراپ ، خێزان. ∷ بەڵام هێمن نیگەران بوو... نەیدەزانی تۆقی لەعنەتی بۆ دێن

یا فریشتەی رەحمەت (تاریک و روون ل ٢٥). ئەو تۆقی لەعنەتە باوکم بۆی دیتمەوە. *** تۆقی لەعنەت لە مل دابوون:** بە لەعنەت بوونی هەمیشەیی. ⁂ بە لەعنەت بێ وەک ئەزازیل، تۆقی لەعنەتی بێ لە ملانە/ جا هیچ فەرقی نیە، ئەویش هەر شوبرە و هەر شەیتانە. (؟) *** تۆقی لەعنەت دە ملی کەسێک کردن:** کەسێک بۆ هەمیشە بە لەعنەت کردن.

**تۆق** 2 (وشد.) دەنگی تەقەمەنی، تەقە، تەق. **~ کردن:** ماندوو بوونی منداڵ لە گریانی زۆر و بێدەنگ بوونی.

**تۆقــــان** (چا. ل)[لە: تۆق2] ١ـ بڕ: تەقین. ٢ـ ترسانی زۆر

**تۆقــاندن** (چا. م)[لە: تۆقان] ١ـ بڕ: تەقاندن. ٢ـ ترساندنی زۆر.

**تۆق تۆقــە** (نا. ل)[تۆق2 + تۆق2 + ئە] تەقەمەنیەکی منداڵانە کە لە رۆژی قوڵەچوارشەمە یا لە کاتی دیکە دەیتەقێننەوە.

**تۆق تۆقیلە** (گیا.)[تۆق2 + تۆق2 + ئیلە] گیایەکە بەرەکەی ناو بەتاڵە، بە دەست دەیگوشن تەقەی دێ (هەنبانە ب ١ ل ١٥٥).

**تۆقـین** (چا. ل)[لە: تۆق2] ١ـ بڕ: تەقین. ٢ـ ترسانی زۆر. ⁂ کە چاوم بە سیمای کرێتی کەوت تۆقیم و وەختابوو شێت بم.

**تۆقێنەر** (نا. فا)[تۆق + هێنەر] شتێک یا کەسێک کە ترسێکی زۆر پێک دێنێ و جێگای مەترسییە، بەسام، ترسناک.

**تۆک** (نا.)[ئەر ـ هەو] بڕ: توێکڵ

**تۆکڵ** (نا. ل)[تۆک + ڵ] بڕ: توێکڵ

**تۆکمە** (ئان.) بڕ: توێکمە

**تۆڵ** 1 (ئان.)[زا] بڕ: تاڵ

**تۆڵ** 2 (ئان.)[باک] بڕ: تۆڵە

**تۆلا** (نا.)[باک] بڕ: تۆلاّ

**تۆڵک** (گیا.)[باک] بڕ: تۆڵکە

**تۆڵا** (نا.)[؟][باک: تۆلا ـ ناو: تۆڵا، تۆڵە] ئەندازەیەکی داگیراوی پەنیر و بە تایبەت گەزۆ دە توورەکە و مەشکاڵە دا.

**تۆڵاش** (نا.) بڕ: تەڵاش

**تۆڵاشە** (نا. ل)[تۆڵاش + ئە][ئەر] بڕ: تەڵاش

**تۆڵاگەزۆ** (نا. ل)[تۆڵا + گەزۆ] گەزۆی داگیراو، تۆڵەگەزۆ. ⁂ ئەم سەربهوردی ئەڤینە کە زۆر خۆشتر و شیرینتر لە تۆڵاگەزۆ و هەنگوینە ... (مەم و زین ل

سێ).

**تۆڵکە** (گیا.)[لۆر: توله ـ فار: تووله. باک: تۆلک ـ ناو: تۆڵکە، تۆڵەکـە، تۆڵە، تۆڕک] ١ـ گیایەکی خۆڕسکە، گەڵاکانی پان و گرنی گرنییە، گوڵێکی سوور یا مۆری هەیە و نیو میترێک هەڵدەدا، جۆرێکی دیکە زۆر هەڵنادا و گوڵێکی سپی دەکا کە لە دوایی دەبێتە بەرێکی چووک و خڕی شین و دەخورێ، Mauve ناوی عیلمی ئەم گیایەیە، نانی حاجی لەگ لەگی، نانی لەگ لەگی، نانە حاجیلە، نان چووچک، پەپکە مەلیچکانە، پەنیرە، پەنیرۆکە، تووزک. ٢ـ (مجـ.) شتی زۆر و بێنرخ، زۆر هەرزان. ⁘ ئەورۆ شووتی لە بازاڕ وەک تۆڵکەیە.

**تۆڵە** 1 (نا.)[؟][باک: تۆل ـ ناو: تۆڵە ـ هەو: تۆڵە] ١ـ ئەنجامی قەرەبووی کردەوە و کارێک کە هەستێکی بریندار و قینی پێک هێناوە لە پێکهێنەری ئەم کارە، حەیف. ٢ـ قەرەبوو و وڵامی چاکەی کەسێک. ٣ـ وڵامی هەر کردەوەیەک. ~ **بۆکردنەوە:** قەرەبووی چاکە و پیاوەتی کەسێک کردنەوە. ⁘ ئەو پیاوەتییەتم لە بیر ناچێ نەمرم تۆڵەت بۆ دەکەمەوە. ~ **خۆکردنەوە:** ١ـ تۆڵە ئەستاندنەوە لە کەسێک. ٢ـ وڵامی کردەوەیەک دانەوە. ~ **ستاندنەوە:** تۆڵە کردنەوە، وڵامی تۆڵە دانەوە، تۆڵە ئەستاندنەوە. ~ **کردنەوە:** قەرەبووی کردەوەیەکی ناڕێک و ناڕەوا لە کەسێک کردنەوە. ~ **لێستاندنەوە:** تۆڵە کردنەوە لە کەسێک، تۆڵەی خۆ کردنەوە. ~ **لێکردنەوە:** ١ـ تۆڵە کردنەوە خراپە لە کەسێک. ٢ـ وڵامی کردەوەیەک دانەوە. ⁘ لە ماڵە مە زۆرخۆریی دەکەی، منیش دێمە ماڵتان تۆڵەت لێدەکەمەوە! ~ **ئەستاندنەوە:** بڕ: تۆڵە ستاندنەوە. ‖ **تۆڵە بە تۆڵە:** شێوە رستەیەکە لە ئەنجامی تۆڵە و وڵام دانەوەی دەکوترێ، وەک یەک بوون لە تۆڵە دا. ⁘ سەرت شکاندم و منیش سەرم شکاندیەوە، تۆڵە بە تۆڵە. خوشکی منی هێنا و منیش خوشکت دێنمەوە، تۆڵە بە تۆڵە.

**تۆڵە** 2 (نا.) بڕ: تۆڵا

**تۆڵە** 3 (گیا.) بڕ: تۆڵکە

**تۆڵەستێن** (ئان. فا.)[لە: تۆڵە ستاندنەوە] کەسێک کە بوغز و قینی تۆڵەی دە دەروون دایە و لە بیری ناچێتەوە و بە تەمای تۆڵە ستاندنەوەیە.

**تۆڵەکە** (گیا.) بڕ: تۆڵکە

**تۆڵەزرە** (گـیـا.)[تۆڵە3 + زرِ + ئە] گـیـایەکی خـۆرِسکە، هـەتا نیـو گـەز هـەڵدەدا، گـەڵای پانـە، گـوڵی چووک و سـپیـە و بەرێکی سـووری ورد و چووکی هێـشـوویی وەک تەمـاتەی زۆر ورد دەدا. Solanum miniatum ناوی لاتینـی ئەم گـیـایـەیە، کـاڵەکـەمـارانـە، رەزەڵە، رێزەڵە.

**تۆڵەگەزۆ** (نا. ل)[تۆڵە2 + گەزۆ] برِ: تۆڵاگـەزۆ. ⁙ سـاز بە رەگـەڵم کـەوە هـەڵتدەگرم و دەرِۆم/ سینگت تۆڵەگەزۆیە شـەویَ لایەکی دەخـۆم (کـانی مـرادان ل ١١٣).

**تۆم** (نا.)[هـیک: تۆکـمـەن ـ ئـەو: تۆم، تەئۆخـمـەن ـ هـەخ: تەئومـا ـ پاز: توخم ـ پـەه: تۆم، تۆهـم، توخم. باک: تۆخـــوم، تۆڤ، تۆخم، تـوخـم ـ نـاو: تۆ، تۆو، تـوو، تۆم، تـوخـم ـ هـەو: تـۆم، تۆمــە] ١ـ دەنـکی گیا کە گیایەکی دیکەی لێدەرِوێتەوە. ٢ـ دەنکی دانەوێڵـە و دەغڵ بۆ داچاندنەوە. ٣ـ دەنکی گوڵەبەرِۆژە، شـووتی، کوولەکە و ... کـە بۆی دەدەن و دەیتـرووکـێنن. ٤ـ ئاوی نێـرینە، تۆمـاو. ٥ـ تۆی مێـینە. ٦ـ رەگەز، رەچەڵەک.

**تۆماتێز** (گیا.) برِ: تەماتە

**تۆمار** (نا.)[عەر: طومار] ١ـ یادداشت و نووسـینی نێـو دەفتـەر. ٢ـ کاغـەزی و نامـەی نووسـراو و لـوول دراو کە لە کۆن دا باو بـوو و پتـر شـایان بۆ یەکـتـریان دەنارد یا ئەمری شـا بـۆ خـەڵکی لە سـەر دەنـووســـرا. ٣ـ نامـــەی نـووســـراوی کۆمەڵێک کە هەموو بنیان ئیمزا کردبێ و بۆ شـوێنێک یا کەسێکی لێپرسـراوییان ناردبێ. ٥ـ زەبتی دەنگ لە سـەر شریت. **~ کـردن:** ١ـ زەبت کـردن، تـەسـجـیل کردن. ٢ـ یادداشت کردن لە نێو دەفتـەر دا. || **تۆماری ژین:** مـاوەی ژین، دەفتـەری ژین. * **تۆمـاری ژین پێـچـرانەوە:** (کنـ.) مــردن، دەفـتــەری ژین بەســتــران. ⁙ تۆمــاری ژینی کـورتی پێـچـراوە/ ئەو تەنیـارِۆژە خـۆشـەی بۆ مـاوە (تاریک و روون ل ٢٠٣).

**تۆمارگە** (نا. ل)[تۆمار + گە] شوێن و دوکانی زەبت و تۆمار کردنی شریت.

**تۆمـــاو** (نا. ل)[تۆم/٤ + ئاو1/٩] ئاوی پشت، تۆوی پیاو، شاوەت.

**تۆمە** (نا.)[هەو] برِ: تۆم

**تۆمەز** (شـرِ.)[لە: تۆ مـەزانە] شـێـوە رسـتـــەیەکـــە کـــە دوای دەرکـــەوتنی مـەسـەلەیەک کـە پێـشـتـر هۆیـەکـەی

نەدەزانرا دەردەبڕدرێ، تۆ مەڵێ، تەمز. :: چوومەوە ماڵ دیتم کەس لە ماڵ نیە تۆمەز زەماوەندی ئامۆزام بوو و من لە یادم کردبوو.

**تۆن**1 (نا.)[ئین: ton] سەنگێکی کێشان کە بەرابەرە دەگەڵ هەزار کیلۆگرەم.

**تۆن**2 (نا.)[فەر: ton] ١ـ رادەی نزمیی و بەرزیی دەنگ دە مرۆڤ دا، تۆنی دەنگ. ٢ـ دەنگێک کە حاڵەت و چۆنیەتی هەستێکی تایبەت بەیان دەکا. :: دەنگت تۆنێکی غەمگینی تێدایە! ‖ **تۆنی دەنگ:** نزمیی و بەرزیی دەنگ، تۆن.

**تۆن**3 (گیان.)[یون: ton] جۆرە ماسییەکی دەریایی گەورەیە کە بۆ کونسێرو کەلکی لێوەردەگرن.

**تۆو** (نا.) بڕ: تۆم. **~ تکان:** (کن.) لە پیاوەتی کەوتن، نەمانی ئاوی پشت، تۆو رژان. **~ رژان:** (کن.) بڕ: تۆو تکان. **وەک ~ی هەرزن بڵاو کردن:** (کن.) پەخش و پەرێشان کردن، لێک بڵاو کردن، پەرش و بڵاو کردن، وەک تۆوی هەرزن لێکردن. :: خۆیان ساز بکەن بۆ هاوکاری من/ دوژمن بڵاو کەین وەک تۆوی هەرزن (هێدی ل ٣٠٣).
**وەک ~ی هەرزن لێکردن:** (کن.) بڕ: وەک تۆوی هەرزن بڵاو کردن. :: بە دوو تەقە دوژمنیان وەک تۆی هەرزن لێکردن.

**تۆوتکاو** (ئان. مف.)[لە: تۆو تکان] کەسێک کە شاوەت و ئاوی پشتی نەمابێ، لە پیاوەتی کەوتوو، تۆوڕژاو.

**تۆوڕژاو** (ئان. مف.)[لە: تۆو رژان] بڕ: تۆوتکاو.

**توو**1 (گیا.)[پەه: تووت. لۆر: تی ـ فار: توت ـ گیل: تووت. باک: توو ـ ناو: توو ـ باش: تووت ـ هەو: تفی ـ زا: توو، توی، تویە، توویە] ١ـ دارێکی بەرز و بە لک و پۆیە، گەڵاکانی پان و لێوار گڕنی و زوورە و خۆراکی کرمی ئاوریشمە، گوڵەکانی هێشوویەکی چووکە کە دوایە دەبێتە بەرەکەی، Morus alba ناوی لاتینی ئەم دارەیە، دارەتوو. ٢ـ بەری ئەم دارە کە دوو جۆری سوو و سپی هەیە. ‖ **تووی رەش:** بڕ: شاتوو. **تووی سپی:** بەری داری توویە، رەنگی سپییە، ئاودار و شیرینە، سەرەتای هاوین پێ دەگا، لەکوردستان و بە تایبەت لە هەورامان ویشک دەکرێ و وەک بەرهەمی ئەو ناوچەیە دەفرۆشرێ. **تووی سوور:** بەری

دارەتوویەکە، رەنگی سووری ئاماڵ رەشە، ئاودار و شیرینە، رەنگ دەداتەوە و ماوەیەک رەنگەکەی لە سەر دەست دەمێنێتەوە، بۆ خۆی دەخورێ و ئاوەکەی دەخۆنەوە. دارەکەی دەتوانێ هەتا دە میتر بەرز بێتەوە و گەڵاکانی گڕنی گڕنی و زوورن Morus nigra ناوی لاتینی ئەم دارەیە. **تووی فەرەنگی:** بڕ: تووی عەرزی. **تووی عەرزی:** میوەیەکە وەک توو بەڵام هەندێک گەورەتر، رەنگی سوورە و شکڵی قووچە، تامی شیرینی مەیلەوە ترشە، ویتامین و کانی زۆرە، هەروا دەخورێ و مرباشی لێ ساز دەکەن. گیایەکەی پنچکە و هەتا چەند ساڵان بەر دەدا، Fragaria ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، تووی فەرەنگی.

**توو**[2] (جنا.) بڕ: تۆ

**توو**[3] (نا.) بڕ: تۆم

**توو**[4] (نا.)[باک ـ زا] بڕ: تف

**تووبا** (نا.)[عەر: طوبی لە سور: تووبا (خێر، شادیی)] ١ـ بەهەشت، جەننەت. ٢ـ درەختێکە لە بەهەشت کە گۆیا لقێکی دەکەوێتە سەر هەر ماڵێک لە بەهەشت و میوەی جۆراوجۆر و خۆشبۆی هەیە. (عەر: شجرة الطوبی)

**تووت**[1] (گیا.)[باش] بڕ: توو1

**تووت**[2] (ئان.)[بڕ: تورگ][زا] منداڵ، ساوا.

**تووتاک** (گیانـ.)[تووت (دەنگی ئەم باڵندەیە) + ئاک] بڕ: تاقتاقکەرە.

**تووترواسک** (گیانـ.)[باک: تووترواسک، تیترواسک ـ ناو: تووترواسک، تیترواسک] باڵندەیەکەی لەش چووک و دندووک چووکە و سەری قەوییە. باڵەکانی نووک تیژن. تەختی پەڕەکانی لەشی بۆرە و لە ژێر گەردن و لاجانگ هەندێک شوێنی باڵی پەڵەی رەشی تێدایە و لە هەندێک شوێنی دیکەی لەشی رەنگی سوور و زەرد و خەنەیی دەبیندرێ، گۆشتی دەخورێ و لە دەورووبەری ئاو دەژی، charadrius ناوی لاتینی ئەم باڵندەیە، راوڕاوییلکە، رەوڕەوە، تیتلەبیجاغ، تیتلەپیچاخ.

**تووتڕک** (گیا.)[توو + دڕک] بڕ: توودڕک

**تووتک**[1] (گیانـ.) بڕ: توتک

**تووتک**[2] (نا.)[هس: تووتەک][باک] دەنگ و هەوایەک کە بە دەم و لێو دەریدێنن، فیتوو.

**تووتم** (گیا.) بڕ: تەتەری

**تووتن** (نا.)[تور: tütün] ١ـ گیایەکی گەڵا پان و گەورەیە، گوڵەکانی سوور یا کەسکە، ساقەتی هەتا گەزێک هەڵدەستێ، گەڵاکانی ویشک دەکردرێ و بۆ کێشان کەلکی لێ وەدەگرن، Nic-otiana tobacum ناوی لاتینی ئەم گیایە. ٢ـ ویشک کراو و ورد کراوی گەڵای ئەم گیایە.

**تووتنانە** (نا. ل)[تووتن + ئانە2/٤] بەشێک لە تووتن کە خاوەن مڵک یا ئاغا لە تووتنەوانی دەستێنێ.

**تووتنەوان** (ئان. ل، نا. ل)[تووتن + ئە + وان] کەسێک کە تووتن دادەچێنێ.

**تووتنەوانیی** (حم.)[تووتنەوان + ئیی] کار و پیشەی تووتنەوان.

**تووتووم** (گیا.) بڕ: تەتەری

**تووتە**[1] (نا.)[؟] ١ـ (ئا.) چووکترین قامکی دەست، پەنجەتووتە، پیت. ٢ـ گۆشتی زێدەی سەر پێڵووی چاو. ٣ـ خاڵ و نیشانی سەر لەش.

**تووتە**[2] (گیانـ.)[بڕ: تورگ][هەو] بڕ: سەگ

**تووتەک**[1] (مۆس.)[توو (دوو) + ت + ئەک] بڕ: تووزەلە

**تووتەک**[2] (گیانـ.)[تووت (دەنگی ئەم باڵندەیە) + ئەک] بڕ: تاقتاقکەرە.

**تووتی** (گیانـ.)[پەش: تۆتی ـ فار: تووتی. باک: تووتی ـ ناو: تووتی ـ هەو: تووتی] ١ـ مەلێکە بە قەرا کۆتر، پەڕەکانی کەسک و سوور و زەردن، دندووکی خوار و سەری زلە، لە ناوچەکانی ئیستوایی دەژی و دەتوانێ هەندێک وشە دووپات کاتەوە، Psil-latus ناوی لاتینی ئەم مەلەیە. ٢ـ (کنـ.) کەسێک کە قسە بەبێ تێگەیشتن لە مانا دووپات دەکاتەوە. ٣ـ [کلاسیک] شاعیر یا دڵدارێک کە قسەی خۆش و ئاشقانە دەکا. || ***تووتیی کەلام:*** شاعیر و دڵداری قسەخۆش. ∷ پێکەنینت جەزبی کردم بۆ سەر و زولفی سیا/ تووتیی شیرین کەلام پابەندی داوی شەککەرم (وەفایی ل ٦٠).

**تووتیا**[1] (نا.)[عەر: توتیا لە ئال: tuthia] ١ـ دەرمانێکە کە لە ئۆکسیدی رووی (فافۆن) دەگرترێ و بۆ چاو ئێشە و شوشتنەوەی چاو کەلکی لێوەردەگرن. ٢ـ (مجـ.) هاڕاوی زۆر ورد. ∷ فیراقت فەرقم وە تووتیا کەرد/ جیاییت ئازام جە

هەم جیا کەرد (مەولەوی ل ١٠٨). & تۆتیا. **بوونە ~:** (کنـ.) زۆر ورد بوون. ؛؛ ئاردەکە وا هاڕاوە بۆتە تووتیا. **کردنە ~:** (کنـ.) زۆر ورد کردن. ؛؛ ئازای بەدەنت لە هەم جودا کەم/ سەرتاپای تەنت بە تۆتیا کەم (بارام و گوڵندام ل ١٠٣).

**تووتیا** [2] (گیانـ.)[عەر: توتیاء] گیاندارێکی دەریاییە شێوەی ژووشک دەدا و لەشی خڕە و بە تیغ داپۆشراوە، بە بەرد و گیای بن ئاوەوە دەنووسێ و گیاخۆرە، ژووشکی دەریایی.

**تووخب** (نا.)[سۆر] بڕ: تخووب

**تووخورە** (گیانـ.)[توو1 + خور + ئە] [باک] بڕ: تووخۆرە

**تووخۆرە** (گیانـ.)[توو1 + خۆر + ئە] مەلێکە لە ڕەگەزی سێرووە و بە قەرا سێروو، باڵ و مل و کلکی ڕەشە و پڕی شوێنەکانی دیکەی قاوەیی تۆخی تێکەڵ بە بۆرە، بن سینگی سووری ئاچغە و کورتە کاکۆڵێکی هەیە، لە کوردستان زۆرە و لە سەر دارەتوو دەنیشن و توو و گیانداری چووکی دیکە و بە تایبەت کوللە دەخۆن [لەو ساڵانەی کە کوللە زۆرن کەسێک کە دێخوونی بە حەرام نەکردبێتەوە و ئارەقی نەخواردبێتەوە لە کانیاوێک تایبەت کە خەزایی لێ زۆرە ئاو دێنێ و خەڵک لە سەر ئەم بڕوایەن کە خەزایی بە شوێن ئەم ئاوە دا دێ و کوللەی بنەبڕ دەکا (بڕ: ئاوی عەینەمەل)] Sturnus roseus ناوی لاتینی ئەم مەلەیە، کوللەخۆرە، ئاگرمەلووچ، ئاگرمەلیچ، ئایلەمەن، عەینەمەل، ئێرەمەل، تومخۆرە، تووخورە، ڕەشیلەسۆر، ساربەڵەک، سێرووبەڵەکە، سێرووخەزاڵە، خەزایی.

**توودڕک** (گیا.)[توو1 + دڕک] ١- پنچکێکی خۆڕسکە، لە جێی شێدار دەڕوێ، ساقەت و لقەکانی دڕوو و دڕکی پێوەیە، بەرەکەی دانارداناری پێوە لکاوە، لە توو چووکترە، بە کاڵی شینە لە دوایی سوور و ڕەش دەبێ، تامی شیرینی مەیلەو ترشە، هەروا دەخورێ و مرەباشی لێ ساز دەکەن. Rubus caesius ناوی لاتینی ئەم پنچکەیە. ٢- بەری ئەم پنچکە. & تووترک، دوودڕک، تووڕک، دڕی، تفەدڕەی.

**توور** [1] (نا.)[لۆر: تورە - تات: تورە - ماز: تورە - فار: تووبرە - گیل: تووربە. باک: توور، توورک، تۆربە - ناو: توور، توورەکە، توربێن - هەر: تۆرەکە - زا:

تۆربە، تووربە، تۆرڤک] ١ـ کیسەیەک کە کەرەسە یا تێشووی تێبنێن و بۆ سەفەر یا شوێنی دیکە دەگەڵ خۆیان ببەن. ٢ـ کیسەی ئالیک و جۆی ئەسپ و ولاغ کە دە ملی دەکەن. ٣ـ بڕ: توربێن.

**توور**[2] (گیا.)[ تەب: تەرەب ـ گیل: تورب، تورف، تەرف ـ فار: تۆرب ـ کرم: تۆرپ ـ تات: تۆرپە ـ لۆر: ترپ. باک: تڤر، تەڤرک، ترپ ـ ناو: توور، ترب، ترپ ـ هەو: ترەوی] گیایەکی دەسچێنی یەکساڵەیە، گەڵای گەورەیە، گوڵەکەی سپی یا بەنەوشە، بنکێکی گەورەی خڕ یا درێژ دەکا، سپی یا رەشە، تامی توند و دەگەڵ چێشت بە رووتی دەخورێ، Raphanus ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، توور‌ی سپی. ‖ **توور‌ی رەش:** جۆرێک توورە کە تۆکڵەکەی رەشە و دەرمانێکی باشە بۆ بەردی گورچیلە و ئەعساب، Raphhanus niger ناوی لاتینی ئەم توورەیە. **توور‌ی سپی:** بڕ: توور2. **توور‌ی سوور:** جۆرێک توورە، بەڵام بنکی زۆر چووکترە و رەنگی سوورە و بەشێکە لە سەوزی خواردن و گەڵاکەشی دەخورێ، Raphanus sativus ناوی عیلمی ئەم گیایە.

**توور**[3] (نا.)[فەر: tur] گەڕان و گەشت لە وڵاتی دیکە و هەندەران دەگەڵ تاقمێکی دیکە کە شەریکە یا کەسێک پێکی هێنابێ.

**توو‌راق** (نا.)[زا] بڕ: تۆراغ

**توو‌ربە** (نا.)[زا] بڕ: توور1

**توو‌ربین** (نا.)[فەر: turbine لە لات: turbo] جۆرێک مەکینەی پەڕەدار وەک تۆپی ئاشی ئاوێ کە بە هێزی ئاو یا هەڵم دەگەڕێ و بۆ وەڕێ خستنی دەزگای پێک هێنەری بەرق کەلکی لێوەردەگرن.

**توو‌رزی** (نا. ل)[توور (تەور) + زی (زین)][زا] بڕ: تەورزین

**توو‌رسەلە** (نا.)[زا] بڕ: تەرزە

**توو‌رک** (نا. ل)[توور1 + ک][باک] توورەکەی چووک

**توو‌رگ** (گیان.)[باک] بڕ: تورگ

**توو‌رەکانە** (نا. ل)[توورەکە + ئانە2/٤] باجێک کە گزیر لە سەر خەرمان لە جووتیاری دەستێنێ.

**توو‌رەکە** (نا. ل)[توور1 + ئەکە]١ـ کیسەیەک کە کەرەسە یا تێشووی تێبنێن و بۆ سەفەر یا شوێنی دیکە دەگەڵ خۆیان ببەن. ٢ـ کیسەی ئالیک و

جۆی ئەسپ و ولاغ کە دە ملیان دەکەن. ٣ـ کیسەیەک کە جووتێر تۆوی تێدەکا، لە لاتەنیشتی دەکا و تۆوی لێدەردێنێ و دەیپرژێنێ، توربێن. **خاک بە ~ کێشانن:** (کنـ.) وێران کردن و تالان کردن. || **توورەکەی سواڵ:** توورەکەیەک کە سواڵکەر بە خۆیەوە هەڵداوەسێ و هەرچی کە سواڵی دەکا تێیداوێ.

**توورەکەرێژ** (نا. ل)[توورەکە + رێژ] تەپۆڵکەیەکی دەسکرد کە بە بێگاری یا بە زۆر خەڵک بە توورەکە خۆڵی بۆ هێنابێ.

**تووریست** (نا.)[فەر: turiste] کەسێک کە بۆ گەڕان دەچێتە وڵاتی دیکە، گەڕیدە.

**تووڕ** (نا.)[؟] فڕێ. **~ دان:** ١ـ فڕێ دان. ٢ـ هاویشتن. & تووڕ هەڵدان. **~ هەڵدان:** بڕ: تووڕ دان.

**تووڕاندن** (چا. م)[لە: تووڕە2] بڕ: تێتووڕاندن. ៖ نە بلوێرژەن دەتووڕێنی لە بلوێر/ نە شۆڕەژن ورینگەی دێ لەبەر بێر (تاریک و روون ل ٢١١).

**تووڕک** (گیا.)[توو + ڕک (دڕک)] [ئەر] بڕ: توودڕک

**تووڕە**[1] (ئان.) رق هەستاو، قەڵس، تڕۆ. **~ بوون:** رق هەستان و قەڵس بوون. **~ کردن:** قەڵس کردن.

**تێبینی:** تووڕە لە وشەی توورە tūra کە ناوی هۆزێکە (ئیمڕۆکە توران ـ ی پێدەڵێن) و لە تووئیریە tūirya یانی توورانیی کەوتوە. توورانییەکان هۆزێکی کۆچەری ئێرانیی بوون و هەمیشە دە نێو ئەوان و هۆزەکانی دیکە دا کێشە بوە و هەر لەبەر ئەوەش ناوی ئەم هۆزە مانای مەنفی بە خۆوە گرتوە و لە هەندێک وشەی دیکەش دا وەک تۆڕ و تۆران دا خۆ نیشان دەدا. بە گشتی توور بە دلێر و بەهێز و قارەمان مانا دەکەنەوە و لەبەر دوژمنایەتی مانای مەنفی بەخۆوە گرتوە، لە زمانی سانسکریت دا تورە tura بە مانای هێز و پتەوی هاتوە و لە زاراوەی زازایی دا تۆرن بە مانای بەهێز و دلێر ئەم مانایەی هێشتا پاراستوە.

هەروەتر لە زمانی تاتی دا تور tur بە مانای شێت و لە زمانەکانی ئەورووپاییش دا [ئاڵ: Tor، روس: dûr-noy ـ بولغاریی: dûr] دا بە مانای پیاوی شێت و دین و گەوج هاتوون.

**تووڕە**[2] (وشـد.) دەنگی شمشاڵ و

بلوێر. ∷ جــۆبار دەبزوێ، خــوڕەی ئاوهەڵدێر/ لە شاخان تووڕەی شمشاڵ و بلوێر (لالە بە دەستان ل ٢٠٤).

**تـووڕەیـی** (حـم.)[تـووڕە1 + ئـیـی] ئاکامی تووڕە بوون، رق، رک، قەڵسیی.

**تووز**[1] (ئان.)[؟] ١ـ بیـچم، قـەڵافـەت، تەور و تووز. ٢ـ خدە، ئاکار، رەوشت. ∷ دەیگوت: حـەوت رۆژان لە مـوسـڵێ بوو، وەڵڵاهی زۆر پیـاوێکی مـەرد و رەشیـد و تووزپیـاوە (سـەعـیـد و میـرسـێـوەدین ل ٢٤٠).

**تووز**[2] (ئان.)[زا] بڕ: تیژ

**تووز**[3] (نـا.)[؟] ١ـ لکـی تـازەی دار و گـیـا، چووزە. ٢ـ کـاری پێـوەلکانی پەلی درەخــتــێک لە درەخــتــێکی دیکە بـۆ ئیـســلاح کـردنی رەگـەز و بـەر هێـنـانی باشـتـر، پەیوەند، مـوتربە. & چووز. ~ **کردن:** پێوەلکانی لکی دار لە درەختێکی دیکە، مــوتربە کــردن، چووز کــردن، پەیوەند کردن.

**تووز**[4] (گیا.)[؟] درەختێکی گەورەیە، گــەڵاکــانـی درێژ و نـوک تیــژ و گــڕنی گڕنییە، توێکڵی ساقـەتی رەنگ زێوینە و مـاددەیەکی بە ناوی بێـتولین هـەیە کە بۆ داو و دەرمــان کــەلکی لێــوەردەگــرن، هەروەتر بە قــەڵەشــینی توێکڵــەکــەی شیـرەیەکی شیـرینی لێدەتکێ کە جۆرێک خـواردنەوەی ئەلکۆلی لێ سـاز دەکـەن، Betula alba نـاوی لاتـیـنــی ئــەم درەختەیە (فار: توس، غان ـ عەر: شجرة البتولا)

**تـووزانــن** (چـا. م)[ئـەر] تـەزانـدن، کزاندنەوە، چووزاندنەوە.

**تووزک** (گیـا.)[تووز2 + ک][باک] ١ـ بڕ: تەڕەتیزە. ٢ـ بڕ: تۆڵکە

**تووزەلە** (مۆس)[توو (دوو1) + زەل/1 + ئە] ئامرازێکی مۆسیقای کوردییە کە لە جـووتێک ئێسکی باڵی داڵ و هـەندێک مـەلی دیکە سـازی دەکـەن، سـەرەکـەی پیکی وێدەخـەن و فـووی تێدەکەن، دوزل، تووتەک، جووزەلە، دووزەلە.

**تـووزیــان** (چـا. ل)[ئـەر] تـەزیـن، کزانەوە، چووزانەوە.

**تووژ**[1] (نا.)[ئەر] بڕ: توێ

**تووژ**[2] (ئان.)[باک] بڕ: تیژ

**تووژاڵ** (نا. ل)[تووژ1 + ئاڵ4][ئەر] بڕ: توێ

**تووژک** (نا. ل)[تووژ1 + ک][ئەر] بڕ: توێ

**تووش** 1 (ئان.)[؟][باک: تووش ـ ناو: تووش] ١ـ هەوای سارد و ناخۆش. ٢ـ دژوار، سەخت، پڕ مەترسی. ٣ـ چواروێی بەدفەڕ و لەقەهاوێژ و گازگر. ٤ـ مرۆڤی بەدفەڕ و بێ ئاکار.

**تووش** 2 (نا.)[ناو: تووش، تووشیار، دوچار] ١ـ گرفتار، دوچار. ٢ـ ئالوودە، فێر. ٣ـ ڕووبەڕوو، بەرەوڕوو. & دوچار، تووشیار. **~ بوون:** ١ـ تووش هاتن، ڕووبەڕوو بوون دەگەڵ کەسێک. ꞉꞉ هەروا کە دەڕۆیشتم تووشی مامم بووم. ٢ـ گرفتار بوون، پێوە بوون. ꞉꞉ تووشی کارێکی ناخۆش بووم. & تووشیار بوون، دوچار بوون. **~ کردن:** ١ـ پێوە کردن، گرفتار کردن، دوچار کردن. ٢ـ بەرەوڕوو کردن، ڕووبەڕوو کردن. ꞉꞉ تووشت بە تووشی ئەو کابرایە کردم. **~ هاتن:** بڕ: تووش بوون.

**تووشقە** (نا.)[؟][هەو] بڕ: تەقەفیرە

**تووشە** (نا.)[هەو] بڕ: تێشوو

**تووشیار** (نا. ل)[تووش + ی + ئار4][ئەر] بڕ: تووش2

**تووڤ** (نا.)[باک] بڕ: تف

**تووڤل** (نا. ل)[باک] بڕ: توێکڵ

**تووک** 1 (نا.)[تور: tüy] ١ـ پەڕی سەر لەشی مەل و باڵندە. ٢ـ مووی لەشی مرۆڤ و گیاندار. || **تووکی بەر:** بەر، بەرگەدە، تووکەبەر. **تووکی سەر:** مووی سەری مرۆڤ، تووکە سەر.

**تووک** 2 (نا.) دوعا و نزای خراپ. **~ کردن:** دوعای خراپ کردن. **~ لێکردن:** دوعا و نزای خراپ لە کەسێک کردن.

**تێبینی:** تووک لە ریشەی یاتو ـ ی ئەوێستایی و یاتووک ـ ی پەهلەویی و جادوو ـ ی کوردیی کەوتوە. ماناکەشی دیارە جادوو لە کەسێک کردن بوە و لە دوایی بۆتە حاڵەتی دوعا کردن. (بڕ: جادوو)

**تووک** 3 (نا.)[باک] بڕ: توێ

**تووک** 4 (گیان.)[؟] مەلێکی چووکە، دوازدەونیو سانت دەبێ. سەر پشتی قاوەیی و خەتی سپی زەردی تێدایە. دندووکی درێژ و قایمە، لە لێڕەوار و دارستان دەژی و بە دار و درەخت هەڵدەچێ، certhia familiaris ناوی لاتینی ئەم مەلەیە، دارەوان.

**تووک** 5 (نا.) تاک، تەنیا، کەم. ـ دەگەڵ وشەی تاک دێ و سەربەخۆ نیە.

∷ تاک و تووک، تەک و تووک.

**تووکانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: تڕووکاندن

**تووکــاویی** (ئان. مــف.)[تووک1 + ئاویی2] حــاڵی هەرشــتــێکی تووکی پێوەنووسابێ.

**تووکل** (نا. ل)[باک] بڕ: توێکڵ

**تووکن** (ئان. ل)[تووک1 + ن] حــاڵی مــرۆڤ و گــیــاندارێک کــە مــووی زۆر لە لەش روابێ، تووکنە، پڕمــوو. **~ بوون:** پڕموو بوون، موو زۆر هەبوون.

**تووکنه** (ئان. ل)[تووکن + ئە] ١- بڕ: تووکن. ٢- بێچوو مــەلێک کــە تازە پەڕی دەرکــردبێ، زەڕنــەقــووتە. **~ بوون:** ١- تووکن بوون. ٢- تووک و پەڕ دەر کــردنی بێــچــوو مــەل، گــەیشــتــنە تەمــەنی زەڕنەقووتەیی.

**تووکه** (نا. ل)[تووک1 + ئە] پرووشە، بەفری کــەم و ورد. **~ کردن:** بارینی پرووشــە، پرووشــە کــردن. || **تووکــەی سمێڵ:** دڵخۆشیی و کەیفخۆشیی وەها کە سمێڵەکان جووڵەیەکی کەمیان بێ، بسکەی سمێڵ ***تووکەی سمێڵ هاتن:** دڵخۆش بوون و کــەیف ساز بوون لە بەر هەر هۆیەک، بسکەی سمێڵ هاتن.

**تووکــــەبەر** (نا. ل)[تووک1 + ئە + بەر5] تووکی بەر، بەرگەدە، بەر.

**تووکەتووک** (نا. ل)[تووکە + تووک] وردورد هــاتــنە خــــواری بەفــــر لە ئــاســــمــــانــەوە، پرووشــــــە، پــرووکــەپرووک. **~ کــردن:** بارینی پرووشــــە، داکــــردنی پرووشــــە، پرووکەپرووک کردن.

**تووکــەســەر** (نا. ل)[تووک1 + ئە + ســەر] مــووی ســەری مــرۆڤ. **~ با بردن:** (کنـ.) تێداچوون و فەوتانی مادی و مەعنەوی بە تەواوی.

**توول**[1] (نا.)[بڕ: تورگ] ١- (گیا.) لقی ناسک و باریکی دار و گیا، شووڵ، تووڵ، تووله. ∷ توول بە تەڕیی نەچەمــێتــەوە، ناچەمــێتــەوە (پەند) ٢- (ئان.) باریک و درێژ. ٣- (ئان.) باریک و شلک.

**توول**[2] (نا. چا)[عــــەر: طول] ١- درێژایی. ٢- ماوە، مەودا.

**تــوولــک** (ئــان.)[بــاک][بــڕ: تــورگ] شووش، باریک.

**تووله** (نا.)[بڕ: تورگ] ١- بێــچــووی مــار. ∷ توولەمــار، توولەی رەشــمــار. ٢- بێــچــووی ســەگ، توتک، توڵە. ٣- جــۆرە ســەگێکی چووکی راو، تووڵە، قەندی. ٤-

لکی ناسکی دار، توول.

**توولەڕێ** (نا. ل)[توول1 + ئە + ڕێ] ڕێگای باریک و درێژی چۆلایی، ڕێچکە.

**توولەڕێواس** (گیا.)[توول1 + ئە + ڕێواس] ڕێواس شلک و ناسک کە تازە سەری دەرهێنابێ. :: توولە ڕێواسی سەری هەڵدا دڕی پەردەی حەیا/ ناسک و تورت و سپی وەک قۆڵی یاری نازەنین (هێدی ل ١٧٥).

**توولەزەر** (گیا.)[توول1 + ئە + زەر] [باک] بڕ: توولەزەڕە

**توولەزەڕە** (گیا.)[توول1 + ئە + زەڕ + ئە] ١ـ گیایەکی خۆڕسکی دوو یا سێ ساڵەیە، بە کورک داپۆشراوە و نیو هەتا گەز و نیوێک هەڵدەدا، گوڵەکانی هێشوویی سپی و سوور و ئەرخەوانیی و پەڵەی قاوەیی لە سەرە، بەرەکەی گرمۆڵەیە و دەنکی چووکی وردی زۆری تێدایە. لە گەلاکەی بۆ دەرمان کەلک وەردەگرن، Digitalts purpurea ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، مریسۆک، مژمژۆک (عەر: زهرة الکشتبان ـ فار: انگشتانە ـ ئین: Digitalis). ٢ـ گیایەکی خۆڕسکە، گەز هەتا گەز و نیوێک هەڵدەدا، ریشەکەی ئەستوور و گۆشتنە و وەک ریشەی گیائادەمە دەچێ، گوڵەکانی قاوەیی ئاماڵ مۆرن، بەرەکەی گەورەیە و بە قەرا گێلاسێک دەبێ کە رەنگی سوور یا رەش هەڵدەگەڕێ، لە گەڵا و بەر و ریشەکەی بۆ دەرمان کەلکی لێوەردەگرن، Atro-pa belladona ناوی لاتینی ئەم گیایەیە، توولەزەر. (عەر: ست الحسن ـ فار: مهرگیاه). ٣ـ بڕ: تۆڵەزڕە

**توولەک** (نا.)[لۆڕ: تیلەک. فار: توولەک ـ پەش: توولەک. ناو: توولەک، توڵەک] ١ـ سەردەمی جووت بوون و هەڵوەرینی پەڕ و پۆی باڵندە. ٢ـ وەرینی مووی لەش. ٣ـ (مجـ.) مەیل و هەوەسی زۆر. ٤ـ (مجـ.) لاو و گەنجێک کە هێشتا تووکی نەهاتوە. ~ **بوون:** ١ـ پەڕ و پۆ هەڵوەرینی باڵندە لە سەردەمی جووت بوون دا. ٢ـ موو هەڵوەرین. ٣ـ مەیل و هەوەسی زۆر بۆ جووت بوون دەگەڵ ژن. (هس: تیلاک)

**توولەمار** (گیان.)[توولە + مار] ١ـ بێچووەمار. ٢ـ ماری باریک و درێژ.

**توولەنەمام** (نا. ل)[توول1 + ئە + نەمام] ١ـ ریشەداری باریک و شلک و ناسک. ٢ـ (مجـ.) کچی شووش و

باریک، بەژن و باڵا شووش.

**تووڵ** (گـیـا.)[بڕ: توول1] ١ـ لکی ناسکی درەخت و گیا. ٢ـ نەمام.

**تووڵکێش** (نا. فا)[تووڵ + کێش] کاری راکێشانی تووڵی مێو بۆ زیاد کردن و ریشەی نوێ داکوتان. ~ **کردن**: راکێشانی تووڵی مێو بە سەر زەوی دا. (تووڵی مێو خاکی بە سەر دادەکەن هەتا ریشەی دابکوتێ. لە دوایی بەینەکەی دەبڕن و دەبێتە مێوێکی سەربەخۆ.)

**تووڵە** (گیانـ.)[بڕ: تورک] جۆرێک سەگی چووکی راو، تووڵە، قەندیی.

**تووڵینە** (نا. ل)[تووڵ + ئینە] قەرتاڵەیەکی زۆر چووک کە لە تووڵ و شووڵی ناسک سازی دەکەن.

**توومان**[1] (نا.) بڕ: دوومان

**تومان**[2] (نا.)[گیل: تومبان ـ فار: تنبان. باک: تومان ـ زا: تمان، تومان] دەرپێ

**تومان**[3] (نا.)[مەغ: تومان (دە هەزار)]١ـ (ژ.) دەهەزار. ٢ـ پارەی ئێران کە بەرابەرە دەگەڵ دە ریاڵ یا قڕان، تمەن.

**توون** (نا.)[پەهـ: توون. فار: تون ـ لۆڕ: تین ـ کرم: تون. ناو: توون ـ هەو: توون] ١ـ ژێرزەمین و شوێنێک لە حەمام کە کوورەکەی لێهەڵکەتبوو بۆ گەرم کردنی ئاوی حەمام و گەرماو، توونخانە، دۆزەخە. ٢ـ (کنـ.) جەهەننەم.

**توونا** (نا.)[؟] فەوتاو، نەماو

**تووناوتوون** (نا. ل)[توون + ئاو2 + توون] ١ـ بە یەکجاریی فەوتاو، نابوود، توونای توون. ٢ـ بڕ: توون بە توون. ~ **بوون**: فەوتان، تووناوتوون چوون، توون بە توون بوون. ~ **چوون**: توونا بوون، تەفرووتوونا بوون. ~ **کردن**: نابوود کردن، فەوتاندن بە یەکجاریی.

**توونای توون** (نا. ل)[توون + ئای + توون][هەو] بڕ: تووناوتوون

**توون بە توون** (نا. ل)[توون + بە + توون] ١ـ فەوتاو، نابوود، تووناوتوون. ٢ـ جنێوێکە بۆ مردوو یا کەسێکی ناخۆشەویست، مردوویەک کە بچێتە جەهەننەم. :: ئەو توون بە توونە دەیەویست کڵاوم دە سەر نێ. ~ **بوون**: تووناتوون بوون، چوونە جەهەننەم. :: شوکر تون بە توون بوو و لە دەستی خڵاسیمان هات.

**توونچی** (ئان. فا)[توون + چی] کەسێک کە لە توونخانە ئەرکی خۆش کردنی ئاگر و گەرم داهێنانی ئاوی گەرماوی بە ئەستۆوەیە، پەینچی.

**توونخانە** (نا. ل)[توون + خانە] ئەو شوێنەی حەمام کە ئاگری لێدەکەنەوە و ئاوی پێ گەرم دادێنن، دۆزەخ، توون.

**توونی** (ئان.) بڕ: تینوو

**توویە** (نا.)[زا] بڕ: توو1

**تە** (جنا.)[باک] بڕ: تۆ

**تەب** (نا.)[فار: تب][کلاسیک] بڕ: تا1

**تەبا** (ئان.)[؟] دوو یا چەند کەس کە پەیوەندییان دەگەڵ یەک خۆشە، نێوانخۆش. ~ **بوون:** نێوان خۆش بوون و پێکەوە سازانی دوو یا چەند کەس دەگەڵ یەکتر.

**تەبابەت** (نا. چا)[عەر: طبابة] کار و پیشەی تەبیب، پزشکی.

**تەباخ** (نا.)[سور: تباخ] بڕ: ئاب2

**تەباخچە** (نا. ل)[تەباخ (تەبەق1) + چە][باک] کەشەفی چووکە، قاوەسینی.

**تەبارە** (نا.)[؟] ١- تەلان، زەوییەکە لە شاخ و کەژ دا بە وێنەی پلەکانە خان خان دروست کرابێ، بۆ ئەوەی زەوییەکە راست بکرێتەوە تا بۆ ناشتنی درەخت و کشتوکاڵ بە کار بێ و لێژی نەمێنێ (کشت و کاڵ ب ١ ل ٨٦) قطاع الحصاد (القاموس ل ٥٧٣). ٢- گیشە، گەلاوێژ، گەنم و جۆی دوراوە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٨٦). ٣- دەغڵی گەیشتووی نەدوراو (هەنبانە ب ١ ل ١٥٧). ٤- هەرزاڵ، پێرک (هەنبانە ب ١ ل ١٥٧). ٥- کەڵەکێک یا نیشانەیە کە لە ناوەندی دوو شوێنا بکرێ بۆ جیا کرنەوەیان لە یەکتریی (خاڵ ب ١ ل ٣٠٠).

**تێبینی:** من خۆم ئەو وشەیەم نە بیستوە و نە لە شوێنێک تووشی بووم ئەوەی کە نووسراوە لەو فەرهەنگانەی کە لە بەردەستم بوون دەرمکێشاون و نووسیومنەتەوە.

**تەبارەکەڵڵا** (شر.)[عەر: تبارک الله] ١- پاک و بێگەردە خودا! ٢- لە کاتی سەرسوڕمان و ئەقڵ پێ نەشکان دا دەدەبڕدرێ. ⁝⁝ تەبارەکەڵڵا جەی شۆڵەی شەمە/ جەی بەدر مونیر چەرخ چوارەمە (وەلی دێوانە ل ٣٣).

**تەباشر** (نا.)[زا] بڕ: تەباشیر

**تەباشـیر** (نا.)[لۆر: تـەواشـیـر ـ فـار: تباشیر ـ پەش: تەباشیر. باک: تەبەشیر، تەباشـیـر ـ ناو: تەباشیر، تەواشیـر ـ زا: تەباشر] ١ـ مادەیەکی سپی کە لە نێوی حـــەیزەران دەیانگرت و بـۆ دەرمـــان کەلکیان لێوەردەگرت. ٢ـ گێچێک کە لە فێرگەکان و شـوێنی دیکە بۆ نووسین لە سـەر تەختـە کەلکی لێوەردەگرن، گێچی نووسین.

**تەباق** (نا.)[باک] بڕ: تەبەق2

**تەبانە** (نا.)[؟][باک] بڕ: باگردان

**تەبا و رەبا** (نا. ل)[تـەبا + و + رەبا] نێـوانخـۆش، بێ کـێـشـە و هەرا. **~ بوون:** نێـوانخـۆش بوون، جـووت بوون و بێ کـێـشـە و هەرا پێکەوە ژیان و کـار کـردن. ⁂ ئەو مـاڵەی دراوسـێـمـان بنـەمـاڵـەیەکی زۆر تـەبا و رەبان، کـەس شـەڕ و کێشەی پێوە نەدیون.

**تەبایی** (حم.)[تەبا + ئیی] ئاشـتـیی، نێوانخۆشیی.

**تەبخاڵ** (نا. ل)[فـار: تبخـال (تەب + خاڵ)][کلاسیک] تامیسک، تێمیسک. ⁂ دڵە، تەبخاڵەت وە لێو مەوینوون/ حاڵاتت یەکجار پەشـێو مـەوینوون (مـەولەوی ل ٢٢٨).

**تەبع** (نا.)[عـــەر: طـبـع] ١ـ زات، تـەبیـــعـــەتی دەروون. ٢ـ تەبیـــعـــەت، سـروشت. ٣ـ مەزاج. ٤ـ مـەیل، ئیشتیا، ئـارەزوو، تـەبـیــــات. ٥ـ تـوانـایـی و ئیستعدادی شێعر و شاعیریی، تەبعی شێعر. ⁂ ئیستیتاعە و قووەتی تەبعم بە کوردیی و فارسی/ عارەبی، ئیزهاری چالاکی و چەسپانی دەکا (نالی ل ١٠٤). **~ بوون:** تێکچـوونی باری دەروونی مـــرۆڤ لە بەر خـــواردنی چەور و چەوریی. **~ تێکچـوون:** تێکچـوونی مەزاج. **~ نەبردن:** ئیشتیا لێنەبوون، مـەیل نەبردن، تـەبیـات نـەبردن. ‖ **تەبعی شێعر:** ئیستعدادی شێعر و شاعیریی.

**تەبق** (نا.)[زا] بڕ: تەبەق2

**تەبلیغ** (نا. چا)[عـــەر: تبلیـغ] راگـەیاندە، بڵاوکـراوە، پەیام، هـەواڵ یا مـەسـەلەیەک بە خـەڵک بۆ پەیدا کـردنی لایەن و لایەنگر، پرۆپاگەندە. **~ کردن:** جـاڕ دانی مەسـەلە و بیـر و باوەڕێک دە نێو خەڵک دا بۆ پەیدا کردنی پشتیوان و لایەنگر.

**تەبلیـغـات** (نا.)[کـۆی: تـەبلیغ] راگـەیاندە و پرۆپاگـەندە بۆ لایەنگری لە کەس و مـەسـەلەیەک. ⁂ رۆژنامەکانیش

تەبلیغاتیان بۆ ئاڵمان دەکرد و بە بەژن و باڵای پەهلەویان هەڵدەکوت (تاریک و روون ل ١٤).

**تەبوور** (نا.)[؟][باک] ئامرازێکە لە دار یا چێو کە سێ یا چوار چنگی هەیە و خۆیانی پێ بە با دەکەن یا باقەی گیای پێهەڵدەگرن، کادرِ، مەلێڤ، مەلهێب، مەلهەب، کارێچ، شەن، شەنە.

**تەبوولە** (نا.)[عەر: تبولة] سالاد و مەزە و خواردنێکی سووکە کە لێکدراوێکە لە: وردە ساوار و پیواز و جەعفەریی و تەماتە. ئاوی لیمۆ و رۆن زەیتوون و هەندێک بەهارات و خوێ.

**تەبەتە** (نا.) بڕ: تەبەنە

**تەبەر** (ئاک.)[بڕ: دەر2][زا] دەر، دەرەوە، دەرێ، تەڤەر.

**تەبەرزە** (نا.)[پەهـ: تەپەرزەت] ١- نەبات، تەوەرزە، بلووری قەند. ٢- بلووری خوێ، تەوەرزە. ٢- جۆرێک ترێی دەنک تورت. ٣- جۆرێک خورما.

**تەبەسسوم** (نا.)[عەر: تبسم] [کلاسیک] بزە، زەردەخەنە. ؛؛ تا خەندەیی گوڵ کاشفی ئەسراری نیهانە/ زارت لە تەبەسسوم نەکەوێ قەت لە زەمانە (وەفایی ل ١٤٠).

**تەبەشیر** (نا.)[باک] بڕ: تەباشیر

**تەبەق**[1] (نا.)[بڕ: تەبەک] ١- مەجۆعمە، لەنگەریی. ٢- [باک] دەوریی.

**تەبەق**[2] (نا.)[عەر: طبقة] ١- تەبەقە. ٢- [پەش: تەبەق، تەبەک (نەخۆشیی). باک: تەباق، تەوەگ، تەبەک - ناو: تەبەق، تەبەقە، تەوەق، تەوەقە، تەبەک - زا: تەبەق، تەبق] نەخۆشییەکە وەکوو شەلکە ئەدات لە رەشە ئوڵاغ، ژێر سمی بریندار ئەکات ناتوانی بجووڵێت، (کشت و کاڵ ب ١ ل ٨٦). (عەر: تعفن الظلف)

**تەبەق تەبەق** (نا. ل)[تەبەق2/١ + تەبەق2/١] کۆگای لە سەر یەک، چین چین.

**تەبەقە** (نا.)[عەر: طبقة] ١- نهۆم، قات لە خانووبەرە دا. ٢- کۆمەڵی جیاجیای خەڵک لە باری سامان و کار و شتی لەم بابەتە، چین. ٣- توێژ و چینی زەوی. ٤- نەخۆشی شەلیی رەشەوڵاغ، تەبەق.

**تەبەقەترانە** (نا. ل)[تەبەق1 + ترِ + ئانە] جەریمەیەک کە لە کەسی ترکەنی دەستێنن، تەشبی، تەشبی ترانە، تەشپی ترانە. (پێشتر ئەگەر کەسێک منداڵەکەی لە کۆرِ و مەجلسێک ترِیبا خەڵک بۆ

گاڵتە و جەفەنگ باوکی منداڵەیان جریمە دەکرد و دەبا تەبەقێک چای بۆ هەموویان هێنابا و پێکەوە خواردبایانەوە). ~ **لێ (هە) ستاندن:** جەریمەی تر وەرگرتن.

**تەبەک**[1] (نا.)[پەه: تەپەنگۆک (دەفر، سندوق). باک: تەبەق، تەیفک ـ ناو: تەبەق، تەبەک، تەوەق] ١ـ مەجۆعەمەی دارین بۆ دانەوێڵە هەڵتەکاندن، لەنگەری، یاڵتەبەق. ٢ـ مەجۆعمە، کەشەفی گەورە. ٣ـ تەشتی دارین بۆ نان تێنان، ناندێنی دارین، تەسە. ∷ تەبەکی پڕ هێمنایەتی ماڵییە (امثال و حکم ل ٩٩).

**تەبەک**[2] (نا.) بڕ: تەبەق2

**تەبەنە** (نا.)[؟][ناو: تەبەنە، تەبەتە] دەرزی دروومانی دریشت بۆ لێفە دروون و کلاش چنین و ئیشی دیکە.

**تەبیات** (نا.)[عەر: طبیعت] ١ـ بڕ: تەبیعەت. ٢ـ مەیلی خواردن، تەبع. ~ **نەبردن:** بڕ: تەبع نەبردن.

**تەبیب** (نا.)[عەر: طبیب] کەسێک کە چارەزی نەخۆشی دەکا، دوکتوور، پزیشک.

**تەبیعەت** (نا.)[عەر: طبیعت] ١ـ خوو و خدەی کەسێک، ئەخلاق. ٢ـ بڕ: سروشت. & تەبیات

**تەبیعەت سارد** (ئان. ل)[تەبیعەت/١ + سارد] پیاوێکی مەیلی جنسی دەگەڵ ژن کەمە و پتر لە پشتەوە را گان دەکا، بەچەباز، نێرباز.

**تەبیعی** (ئان. ل)[عەر: طبیعی] ١ـ هەر شت و کار و کردەوەیەک کە لە بەر چاو سەیر نەبێ، ئاسایی، سروشتی. ٢ـ هەرچێک پەیوەندی بە سروشت و تەبیعەتەوە هەبێ.

**تەپ**[1] (نا.)[باک: تەپ ـ ناو: تەپ] ١ـ گۆگای چووکی لە سەر یەک. ٢ـ تۆپەڵەیەک گووی زۆری لە سەر یەک کراو، تەپک. ∷ تەپێک گوو. ٣ـ تۆز و خۆڵی زۆر، تەپ و تۆز. ٤ـ مژ، تەپ و مژ، تەم و مژ. ٥ـ گرد، تەپۆڵکە، تەپک. ٦ـ پێخوێ، پاخوا. ٧ـ تەپاڵە. ~ **دان:** ١ـ لە سەر یەک کۆ کردنەوە. ٢ـ پەلامار دان، تەپ دانە سەر. ~ **دانە سەر:** ١ـ شاڵاو بردن، هەڵمەت بردنە سەر شتێک و داگیر کردن. ٢ـ [ئەر] گەیشتنەوە سەر. ~ **دانە سەر یەک:** لێک کۆ بوونەوە، کۆ بوونەوەی بە تێگڕایی.

**تەپ**[2] (ئان.)[؟] تەوەزەل، لەشگران، تەنبەڵ و کەم جووڵە لە کار و ڕۆیشتن دا. ~ **بوون:** بێحەوسەلە و تەوەزەل

بوون، تاقەتی کار و جووڵە نەبوون.

**تەپ**3 (ئان.)[؟][باک] فیڵ، کەڵەک، گزیی.

**تەپ**4 (نا.)[؟][باک] فێ، نەخۆشیی فێداریی.

**تەپ**5 (وشد.) دەنگی تەپە

**تەپاڵدان** (نا. ل)[تەپاڵە + دان] شوێن و عەنباری تەپاڵە لێدانان.

**تەپاڵە** (نا. ل)[تەپ1 + ئاڵ + ئە][فار: تاپال، تپالە ـ کرم: تەپپالە ـ لۆر: تپالا ـ بیر: تەپپال. ناو: تەپاڵە ـ هەو: تەپاڵە] ریخ و شیاکەی وشکەوە بوو کە بۆ ئاوردوو و سووتاندن کەلکی لێوەردەگرن، تەپ، تەپکە، کەشکوور.

**تەپاڵەپێژ** (نا. فا)[تەپاڵە + پێژ] کەسێک کە بە ریخ و شیاکە تەپاڵەی ساز دەکا.

**تەپان** (نا. ل)[تەپ1 + ئان] ١ـ گرێژنەی دەرگا، ژێردەرانە. ٢ـ چەپەری پشتیوانەی دەرگا. ٣ـ دارێکی ئەستوور کە مووروسەنگی ئاشی تێدەبڕن، خوانکەی ئاش. ٤ـ [باک] کوتک

**تەپانە** (نا. ل)[تەپان + ئە] شریتی گرێدراو بە جەمسەری رایەڵەکان (لە کاروباری جۆڵایی دا) لە سەری هاتوچۆ دەکا. شیکڵ و شێوەی تەپانە گرینگ نیە بەو مەرجەی کە بسووڕێ (گۆڤاری هاوار ژمارەی هەشت ل ٣١).

**تەپاندن** (چا. م)[لە: تەپ1 ][فار: تپاندن ـ گیل: فەتەمانێن ـ ناو: تەپاندن، تەپانن] ١ـ تێنان بە قەو، بە زۆر لێبردن، تێتەپاندن. ٢ـ شێلان و کوتانی شتی بۆش بۆ قایم بوون و پتەو بوونی.

**تەپانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: تەپاندن

**تەپپە** (وشد.) بڕ: تەپە2

**تەپخ** (نا.)[؟] رووخاو، وێران، تەخت. **~ بوون:** وێران بوون، تەخت بوون. **~ کردن:** وێران کردن، تەخت و مەکان کردن.

**تەپسی** (نا.) بڕ: تەشپی

**تەپشوو** (نا.) بڕ: تەشوێ

**تەپک** (نا. ل)[تەپ1 + ک][پەش: تپە ـ فار: تپە ـ بیر: تەپپە ـ لۆر: تەپە. باک: تەپ ـ ناو: تەپ، تەپک، تەپە ـ هەو: تەپە ـ زا: تەپە] ١ـ بەرزایی لە چیا چووکتر، تەپۆڵکە، تەپۆکە، تەپۆڵە، گرد. ٢ـ کۆگایەک گڵ. ٣ـ سلەگووی لە سەر یەک. ‡ تەپکێک گوو. ٤ـ [باک] بڕ: تەپکە

**تەپکە** (نا. ل)[تەپک + ئە] ١- [باک: تەپک، تاپک ـ ناو: تەپکە] داو و تەڵەیەکە کـە داوەکـانی لـە مـووی کلکی ئەسپ و بارگین ساز دەکەن و لە سـەر تەختەیەکی قـایم دەکـەن، دانی لـە سـەر ڕۆ دەکـەن و مـەل و باڵندەی پێدەگرن، پاداو، خـەپک، دافک. ٢- قــــوڵکەیەک کـــــە بۆ ڕاوی کـــــەروێشک ســــازی دەکـــــەن، تـەڵەی کـــەروێشک. ٣- چاڵێکی بچـــووک کـــە ڕاوچی تـەلەبـەردێکی ئەخـاتـە سـەر، بە ئاســــــتـــــەم چیلکەیەک ئەداتە بەر تەلەبەردەکە. تۆزێک گەنم ئەکەنە چاڵەکە. ســـوێسکە ئەچنە ناوی بۆ خـــواردنی دانـەکــە، خـــۆی ئەدات لە چیلکەکـــە ئەترازێ. تەلەبەردەکــە ســەر چاڵەکــە دائەپۆشێ. ڕاوچی کە هات بە هێواشی لـە نـاو چـاڵە دا دەری دێنێ بـە زندوویی (کشت و کاڵ ب ١ ل ٨٧). ٤- شیاکەی بڕاو بۆ سووتاندن، کەمرە. ٥- تەپاڵە

**تەپل** (نا.)[؟] شـوێنی سـەر پەنجە و ئەنگوست ـ کـە وەک ئیـمزا و پێناسـەی کەسیش کەلکی لێوەردەگرن ـ.

**تـەپـلـۆس** (ئـان. ل)[تـەپ2 + لـۆس] تەپ، لەشگران، تەمبەڵ، تەوەزەل.

**تەپلە** (نا.)[عـەر: طبلە] ١- کـڵاوێکی ڕەقی ساز کراو لە لباد و خورییە کە لە هەورامان و لە نێو لوڕ و هەندێک شوێنی دیکە دە ســەری دەنێن، لاتیــە، لاتێ. ؛؛ دەستەی خزمەتکار، فیشەکدان لە مل/ بە چەفـتــە و مــشکی ســەر و تەپلە زل (گــۆران ل ١٣٠). تەپلەیەکی لبــادی لە ســـەر بوو، گــۆچانێکی شـینەبەڕوو بە دەستەوە. (بەیتی لاس و خەزاڵ ـ سروە ژ ٨٨). ٢- [ئەر] جـۆرێک کـڵاوی ژنان، تاسکڵاو، تەپە، تەپەکڵاو.

**تەپلەقوو** (گیا.) بڕ: تەپڵەقوو

**تەپڵ** (نا.)[عــەر: طبل] ١- (مــۆس) ئامێرێکی مۆسیقایە، لە دەفرێکی نێو بۆش، کە لایەکی پێستێکی خۆشکراوی ناسکی لێــــدەدەن و بە دەست یا دار تەپەی لێدێ. لە کوردەوارییی دا پتـر بۆ داوەت دەگـــەڵ تووزەلە و نـای کــــەلکی لێـوەردەگـرن. ٢- بەشـێک لە کـەللە کـە دەکەوێتە نێوان پێشەسـەر و پاشەسـەر، تەپڵـەســەر. ~ **خـســتنە ژێر عـەباوە:** (کنـ.) هـەوڵ دان بۆ داپۆشـێنی عـەیب و ئـابــڕوو چـوون بــە پــلــە و پــایــە و دەســــتــەڵات. ~ **کــوتان:** بڕ: تەپڵ لێـدان. ~ **لێـدان:** دەنگ دەهـێنان بە پێی هەوای مـۆســیــقــا لە تـەپڵ، تـەپڵ کـوتان. || **تەپڵی باز:** ١- تەپڵـێک کـە لە

راو دا دەیکوتن هەتا مەل و باڵندە پێی هەڵفڕن و لە دوایی بازی تێبەردەن. ٢ـ تەپڵێکی چووک کە لە پێشکۆی زینی دەبەستن لە کاتی وە ڕێ کەوتنی لەشکر و قۆشەن لێدەدرێ. ***تەپڵی باز لێدان:** کوتانی تەپڵ بۆ وە ڕێ کەوتنی سپا. ⁂ سوڵتان دەکاتن نازێ/ بدەن لە تەپڵی بازێ/ هات و گەیبە سیوازێ (مان ل ٢٢) بۆ نەمانی مەزالیم، سوارانی جەنگی/ تەپڵی بازیان لێدا بە شۆخ و شەنگی (بێخود ل ١٣٧). **تەپڵی بێعاریی:** بێشەرمیی و بێحەیایی ئاشکرا. *** لە تەپڵی بێعاریی کوتان (دان):** بێشەرمی کردن بە ئاشکرایی، هیچ شتێک پێ گرینگ نەبوون. **تەپڵی دڕاو:** (کنـ.) کەسی بێڕێز، بێنرخ. **تەپڵی زڕاو:** (کنـ.) کەسێک کە نەنگ و خراپەکەی ئاشکرا بووبێ و بڵاو بووبێتەوە، ئابڕوو براو. **تەپڵی سەر:** بڕ: تەپڵەسەر. **تەپڵی شادمانیی:** تەپڵی سەرکەوتن لە شەڕ دا، تەپڵی شادیی، تەپڵی شایە. ***تەپڵی شادمانیی لێدان:** بەرز کردنەوەی دەنگی تەپڵ لە شەڕ دا بە بۆنەی سەرکەوتن، تەپڵی شایە لێدان. ⁂ بە قۆچ عوسمانی گوت: قوربان ئەمن دەرەقەتیان نایەم، تەپڵی شادمانی لەم لا لێدەدرێ و تەپڵی شادمانی لەو لا لێدەدرێ، بەڕاستی ئەمن هەڵدێم (بەیتی سەعید و میرسێوەدین. سروە ژ ٧٥ ل٣٣). **تەپڵی شادیی:** بڕ: تەپڵی شادمانی. ⁂ خاکەلێوە بێ بە تەپڵی شادی/ بەرێکی خەندان لوتفێکی زیادی (هێدی ل ٣٠٢). **تەپڵی شایە (شایی):** بڕ: تەپڵی شادمانی. ***تەپڵی شایە لێدان:** بڕ: تەپڵی شادمانی لێدان. ⁂ لێدەن لە تەپڵی شایە/ شوکر وەبەر خولایە/ مەکوژن سەید و مەلایە/ قورعانیان دە سینگی دایە (مان ل ٢٨٥). **تەپڵی گوڵێ:** (کنـ.) زۆر شیک و رازاوە. ***خۆ لە تەپڵی گوڵێ دان:** (کنـ.) زۆر جوان خۆ رازاندنەوە، جلی جوان دەبەر کردن و خۆ شیک کردن. **تەپڵی گوێ:** بڕ: پەردەی گوێ. **تەپڵی گۆش:** بڕ: پەردەی گوێ. **تەپڵی نابوودی:** تێداچوون لە باری مادی و ئابوورییەوە، تەپڵی نەمان. ***تەپڵی نابوودی لێدان:** راگەیاندنی تێداچوون لە باری مادی و ئابووریەوە، تەپڵی نەمان لێدان. **تەپڵی نەمان:** ١ـ مەرگ، مردن. ٢ـ بڕ: تەپڵی نابوودی. ***تەپڵی نەمان لێدان:** ١ـ مردن، فەوتان. ⁂ سۆزی کە مەرگ تەپڵی نەمانی لێدا/ ئەمن و تۆ دەگەڵ بابەدەمی

هاوســەفــەرین (خــەیام ل ٢٦). ٢ـ بڕ: تەپڵی نابوودی لێـدان. **تەپڵی ئەمــان:** تەسلیم، ئەمـان. ***تەپڵی ئەمان لێدان:** تـەسلیم بوون و ئـەمــــان خــــواستن، راگـەیاندنی تەسلیم و ئەمـان. ∷ لە بەر تۆ چارەنووسی شـووم و بەدفـەڕ/ ئەوەی قـەت لێـینەدەم تـەپڵی ئەمـانە (تاریک و روون ل ١٥٦) دوژمــــن لـــە ژێـــر ئـــەو پەنجـانەی مـە دا/ ناچارە تەپڵی ئەمـان لێدەدا (هێدی ل ٣٠٣).

**تەپڵـــچی** (ئان. ل)[تـەپڵ + چی] بڕ: تەپڵژەن

**تەپڵـــژەن** (ئان. فـــا)[تەپڵ + ژەن] کەسێک کە تەپڵ لێدەدا، تەپڵچی.

**تەپڵــۆک** (نا. ل)[تەپ1 + ڵۆک] بڕ: تـەپڵـــەک/١. ∷ لـەوێ هـەڵیـــاندەداوە خـــێـــوەتێکی قـــەراغ بافـتـــە/ دەورە بە زنجـیـر، سـەر تەپڵـۆکی دە بیـچکۆڵانە (گەنج ٣٠٧).

**تـەپڵــــــــە** (نا. ل)[تـەپ1 + ڵە] ١ـ دەفرێکی قـووڵ و گـەورەیە وەکـوو تەشت کە لە شـیاکە سـازی دەکەن بۆ شـیاکە چنینەوە، کەلارە. ٢ـ تەختـەدارێکی خڕ کە دەدرێتە بەر کۆڵەکە یا ئەستووندەگ و تیـرەگ، تەپڵـەک، تەپڵۆک. ∷ خـۆزگـەم بەوێ رۆژێ کا ئەگە هەڵدەدا خێوەتێکی تەپڵە بە زێڕ (گەنج ٣٢٢).

**تەپڵـەسەر** (نا. ل)[تەپڵ + ئە + سەر] بەشـێک لە کـەللە کـە دەکـەوێتـە نێـوان پێـشـەسـەر و پاشـەسـەر، تەوقـەسـەر، تەوقی سەر، تەپڵ/٢.

**تەپڵەقوو** (گیا.)[؟] ١ـ دارێکی کێویی یە لە بـەلاڵووک ئـەچێ (خـــاڵ ب ١ ل ٣٠٢)، تەپلەقوو. ٢ـ چێـوێکی سـەخت و سوور کە تیرۆکی لێ ساز دەکەن. (عەر: طبرخون)

**تەپڵـەک** (نا. ل)[تەپڵـە + ک] ١ـ دەپ و تەختـەیەکی خڕی نێو کون کە دەدرێتە ســەر کـۆڵەکـە یا و تیـرەگ و چادر و خێوەتی بە سـەر دا دەکێشن، کۆماجە، تەپەکـڵاو، تەپڵـە، تەپڵـۆک. ∷ ئامـۆزا خۆزگەم بەوێ رۆژێ کا/ ئەگەر هەڵتدەدا خێوەتێکی تـەپڵەک بە زێڕ (گەنج ٣١٦). ٢ـ پارچەیـەکی خـڕ لە نێـوەڕاسـتی ئارەخـچن دا، تـەپەکـڵاو. ٣ـ مـیـزێکی بچووک کە لە پێش میوانی سەر کورسی دادەنێن بۆ چایی و ژێرسیـغار لە سـەر دانـان. ٤ـ دەفـــری ســـووتو تێکردن و جگەرە تێدا کووژاندنەوە، ژێرجگەرە، ژێر سیـغار، ژێرسـووتوو. ٥ـ بانی گڵـەبان

نەکراو.

**تەپڵــەگــوێنی** (نا. ل)[تەپڵ + ئە + گوێنی] ١- (گیا.) جۆرێک گوێنییـە کە بەرز نابێتـەوە و بە زەوییـەوە دەنووسێ. ٢- (کنـ.) تووکە سەری فڕی ورد.

**تەپ و تۆز** (نا. ل)[تەپ1 + و + تۆز] تۆز و خۆڵی زۆر، تۆز و خۆڵ. **~ کردن:** ١- هەستـاندنی تۆزی زۆر بە کەسک یا هەر شتێکی دیکە. ٢- (کنـ.) گڕ و گیف و هات و هەرا کـــردن و خـــۆ نواندنی کەسێک لە کاتی دمەقاڵەی دوو کەسی دیکـە دا. ⁂ ئـەتۆ هـێنـدە تـەپ و تـۆزێ مـەکـە! & تەپ و تۆز وە حـەوا خـستن. **~ وە حـــەوا خـــستن:** بڕ: تـەپ و تۆز کردن.

**تەپ و توومــان** (نا. ل)[تەپ1 + و + توومان] بڕ: تەپ و مژ

**تەپ و دووکـەڵ** (نا. ل)[تەپ1 + و + دووکـــەڵ] دووکـــەڵی زۆر و خـــەست، چڕەدووکەڵ، تەپەدووکەڵ.

**تەپ و دوومــان** (نا. ل)[تەپ1 + و + دوومان] بڕ: تەپ و مژ

**تەپ و مـژ** (نا. ل)[تەپ1 + و + مـژ] مژی خەست و داوەستاو، تەم و مژ، تەپ و دوومان، تەپ و تووومان.

**تـەپ و نم** (نـا. ل)[تـەپ1 + و + نم] خونـاوەکە بارانێک کـە مژی دەگـەڵ بێ. ⁂ بگرمـــێنـێ، تـەپ و نم دابکـا، بیکاتـە شـەست، هـەرگـیـز/ نەوەسـتێ قـوڵپی گــریانی، نـەوەســتێ هـەورەکـــەی پایز (گۆران ل ١٦٦).

**تـەپ و هـوور** (نـا. ل)[تـەپ5 + و + هوور] تەپەتەپی زۆر و گران.

**تەپۆ** (نا)[؟] ١- (گـیـانـ.) جـۆرێک مـێـشـوولەیە، لە مـێـشـوولەی ئاسـایی هەندێک گەورەترە، درێشـووکەی درێژە و زۆر خراپ پێوە دەدا و خورووی پترە. ٢- [باک] بڕ: پەشەبەند

**تەپۆکــە** (نا. ل)[تـەپ + ئۆکـە] بڕ: تەپۆڵکە

**تەپۆلـک** (نـا. ل)[تـەپ + ئـۆلک] بڕ: تەپۆڵکە

**تەپۆلکە** (نـا. ل)[تـەپۆلک + ئە] بڕ: تەپۆڵکە

**تەپۆڵکە** (نا. ل)[تەپ1 + ئۆڵک + ئە] تـەپکی چووک، گـــردوولکە، تـەپۆکــــە، تەپۆلکە، تەپۆڵە، تەپۆلک.

**تـەپۆڵـە** (نـا. ل)[تـەپـۆلـک + ئە] بـڕ: تەپۆڵکە

**تەپە**[1] (نا. ل)[تەپ1 + ە] ١ـ بڕ: تەپک. ٢ـ دارێکی گردی لووسە بە بنمیچەوە رایەڵی تەونی ئەخرێتە سەر (خاڵ ب ١ ل ٣٠٣).

**تەپە**[2] (وشد.)[باک: تەپ ـ ناو: تەپە، تەپپە ـ هەو: تەپە ـ زا: تەپ] ١ـ دەنگی کەوتنی شتی قورسی نەرم. ٢ـ دەنگی پێ، ترپە. ٣ـ دەنگی دەفە. ٤ـ دەنگی وێکەوتنی باڵی مەل لە عەرز و زەوی.

**تەپە**[3] (نا.)[ئەر] بڕ: تەپلە

**تەپەترە** (نا. ل)[تەپ2 + ە + تر + ە] منداڵێک کە تازە پێی هەڵگرتوە و زوو زوو دەکەوێ.

**تەپەتەپ** (وشد.)[تەپە2 + تەپ] ١ـ دەنگی تەپەی یەک لە سەر یەک، تەپەی پەیتاپەیتا. ٢ـ دەنگی پێ لە هەڵاتن و توند رۆیشتن دا.

**تەپەدۆر** (نا.)[؟] جۆرێک چێوی تایبەتی و سووکە بە ئەندازەی سەرە شووشە دەری دێنن بۆ قایم کردن و بەستنی زارکی بوتریی، چێوپەمە.

**تەپەدووکەڵ** (نا. ل)[تەپ1 + ە + دووکەڵ] چڕەدووکەڵ، تەپ و دووکەڵ.

**تەپەکڵاو** (نا. ل)[تەپە1 + کڵاو] ١ـ جۆرێک کڵاوی ژنانە، تاسکڵاو، تەپە. ٢ـ پارچەیەکی خڕی نێوەڕاستی کڵاو، تەپڵەک. ٣ـ دەپ و داری سەر کۆڵەکە و ئەستووندەک، تەپڵەک، تەپڵە.

**تەپەڵۆک** (نا. ل)[تەپەڵە (تەپاڵە) + ۆک] تەپاڵەی پان کراوە بۆ سووتان و ئاوردوو، تەپاڵەی پێژراو.

**تەپیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: تەپین

**تەپین** (چا. ل)[لە: تەپ1][ناو: تەپین، تەپیان ـ هەو: تەپای] ١ـ بە سەر یەک دا رووخان. ٢ـ قووپان. ٣ـ رزان و نەرم بوونی کاڵەک و شووتی. ٤ـ (مجـ.) تێکچوونی لەش و بەدەنی مرۆڤ لە بەر زۆر پیر بوون.

**تەپیو** (ئان.)[لە: تەپین] ١ـ رووخاو، رماو. ٢ـ قووپاو. ٣ـ کاڵەک و شووتی رزیو. ٤ـ پیری تێکشکاو.

**تەت** (نا.)[باک ـ زا] دەست لە زمان منداڵەوە، چەچە.

**تەتڵەمیران** (گیانـ.)[تەت (تەتە2) + ڵە + میر + ئان] کرمێکی رەشکاری کوڵکنی بەهارییە، دوو ریز قاچی هەیە، بە کۆمەڵ لە بنە گیا جموجووڵیانە (کشت و کاڵ ب ١ ل ٨٨)، کرمێکی بازەڵەی بەهارییە، دوو ریز قاچی هەیە

(خاڵ ب ١ ل ٣٠٣)، تەتەڵەمیران. (ئین: caterpillar)

**تەتن** (نا.)[؟] خـۆڵی تێکەڵ بە ئاو، قوڕ، هەڕگ.

**تەتە** 1 (نا.)[بڕ: تەختە] ١ـ تەختە. ٢ـ ماڵە و تەختەیەکی چووک و ناسک کە گۆزە و دیزەی پێک لووس دەکەن.

**تەتە** 2 (نا.) بووکـۆڵەی ساز کراو لە هەویر و قوڕ و گڵ بۆ خافڵاندنی منداڵ.

**تێبینی:** هاوڕیشە و هاومانای ئەم وشە لە فەرهەنگەکانی فارسی دا بە شێوەی تەتی (تتی) هاتوە.

**تەتە** 3 (نا.)[؟][ئەر] خوشکی باوک یا دایک، پوور، میمک.

**تەتە** 4 (نا.) شـتی جوان و ژیکەڵە لە زمان منداڵەوە.

**تەتەر** (نا.)[مـەغ: تەتەر] ١ـ هۆزێکی مەغوولەکان، تاتار. ٢ـ پیاوێکی پیادەی گـورج و گـۆڵ کـە بە جلی تایبـەتی لە پێشەوەی پادشا و ئەمیران دەڕۆیشت یا نامـەی بۆ شـوێنێک دەبرد، شـاتر. ٣ـ کەسێک کە نامە دێنێ و دەبا، نامەبەر، پەیک، چەپەر، چاپار.

**تەتەرپێچ** (نا.)[تەتەر + پێچ] بڕ: تەتەرپێچ کردن. **~ کردن:** ١ـ بەستنی لاقی مەڕ و ماڵات. ٢ـ پێچانی دەستی شکاوە بە قامیش و موشەما (کشت و کاڵ ب ١ ل ٨٨).

**تەتەری** (گیا.) بڕ: سماق

**تێبینی:** هاوڕیشە و هاومانای (تەتەری، تووتم، تووتووم) لە فەرهەنگەکانی فارسی دا بە شێوەی تتری (تەتەری، تۆتری)، تتم (تۆتۆم، تۆتم) هاتوون.

**تەتەشۆر** (نا. ل)[تەتە1 + شۆر (شۆردن)][ئەر] بڕ: تاتەشوار

**تەتەڵە** 1 (نا. ل)[تەتە1 + ڵە] پارچە تەختەیەکی چووک کە منداڵانی مەکتەب هەیانبوو و سەرمەشقیان بۆ لە سەر دەنووسی.

**تەتەڵە** 2 (ئا.)[؟] ١ـ سمت، کلۆک. ٢ـ [ئەر] کوڵم، گۆنا.

**تەتەڵە** 3 (نا. ل)[؟] ١ـ کاری هەڵتەکانی دانەوێڵە و تووتن بە لەنگەریی و سینی. ٢ـ تێکەڵ بوونی زمان. **~ کردن:** ١ـ هەڵتەکاندنی دەغڵ و تووتن بە لەنگەریی بۆ جیا کردنەوەی چەت و بەرد و شتی زیادە. ٢ـ تێهەڵنگوتنی زمان لە قسە کردن دا، زمان تێکەڵ بوون. ٣ـ

نیشانە و ئامانج نەپێکان، بە هەڵە چوون لە ئەنگاوتن دا.

**تەتەڵەمیران** (گیانـ.)[تەتە2 + ڵە + میر + ئان] بڕ: تەتڵەمیران

**تەجرەبە** (نا. چا)[عەر: تجربة] ئاکامی تاقی کردنەوە، ئەزموون. **~ دەست کەوتن:** تاقی کردنەوە و بە ئاکامی کار و مەسەلەیەک گەیشتن، ئەزموون دەست کەوتن. **~ کردن:** تاقی کردنەوە کار و مەسەلەیەک و زانیاریی پەیدا کردن. **~ وە سەر یەک نان:** ئەزموون و تاقی کردنەوەی زۆر هەبوون، ئەزموون وە سەر یەک نان.

**تەجە** (گیانـ.) بڕ: تەگە

**تەجەنەڕ** (گیانـ.)[تەجە + نەڕ] بڕ: تەگە

**تەچە** (گیانـ.) بڕ: تەگە

**تەح** (ئام.) ئامرازی سەرسوڕمان، تەحا، تەححا، تیاح، حەح، تەک، تەکوو، دەک، تەو. :: تەح لەو درۆیانە! تەح کە جوانە!

**تەحا** (ئام.) بڕ: تەح

**تەحتیل** (نا.)[عەر: تعطیل] ڕۆژی وچان (لە کار و دەرس و ...)، بەتاڵیی. **~ بوون:** بەتاڵ بوونی ڕۆژی کار و دەرس. **~ کردن:** دەست کێشان و بەتاڵ کردنی کار و دەرس و شتی لەم بابەتە.

**تەححا** (ئام.) بڕ: تەح

**تەحژی** (گیانـ.)[باک] بڕ: تاژی

**تەحقیق** (نا. چا)[عەر: تحقیق] کاری لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەسەلە و مەبەستێک. **~ کردن:** لێکۆڵینەوە لە مەسەلەیەک، توێژینەوە.

**تەحل** (ئان.)[باک] بڕ: تاڵ

**تەحلک** (گیا.)[تەحل + ک][باک] بڕ: تاڵکە

**تەحلی** (گیا.)[تەحل + ئی][باک] بڕ: تاڵیشکە

**تەحویل** (نا. چا)[عەر: تحویل] ١ـ لا بوونی ئامانەتی و سپاردە. ٢ـ تەسلیم. **~ دان:** ١ـ شتێک یا کەسێک بە شوێنێک یا کەسێک سپاردن، دانە دەست، دان. :: منداڵەکەم تەحویلی فێرگە دا. پووڵەکانتان تەحویلی من بدەن. بارەکانیان تەحویلی ئەنبار دا.٢ـ دانە دەست دوژمن، تەسلیم کردن. ٣ـ (تەوس) بەیان کردن، نیشان دان،

دەربڕین. ؛؛ کۆلێکی درۆ و قسەی قۆڕ تەحویل داین. سەرێکی بۆ لەقاندم و بزەیەکی تاڵی تەحویل دام. **~ دانەوە:** دانەوە دەست خاوەنی شتێکی ئامانەتی، سپاردە، کرێ و ...، تەسلیم کردنەوە. ؛؛ ژوورێکی کرێم هەبوو تەحویلم داوە و گەڕامەوە ماڵە خۆمان. **~ وەرگرتن:** ١ـ وەرگرتنی سپاردە و ئامانەت. ؛؛ نامەکەتم لە پۆست تەحویل وەرگرت. ٢ـ قەبووڵ کردن، ڕێز لێگرتن، وە خۆ گرتن. ؛؛ لێی وە ژوور کەوتین و بە حورمەتەوە تەحویلی وەرگرتین. **~ وەرگرتنەوە:** وەرگرتنەوە سپاردە و ئەمانەت. ؛؛ بارەکانمان تەحویل وەرگرتەوە. پووڵەکانم لە بانک تەحویل وەرگرتەوە. **لە ~ی کەسێک دابوون:** ئامانەت و سپاردە و شتێک لا بوون. ؛؛ ئەو دوکانە بۆ ماوەی دوو ساڵان لە تەحویلی من دایە.

**تەحویلدار** (ئان. فا)[تەحویل + دار] کەسێک کە نەغدینە و ماڵی پێدەسپێرن و لە دوایی لێیوەردەگرنەوە یا بۆ کەسێکی دیکەی حەواڵە دەکەن.

**تەحویلداریی** (حم.)[تەحویلدار + ئیی] کار و پیشەی تەحویلدار.

**تەخ** (وشد.) دەنگی گەڕاندنەوەی گاجووت لە سەر خەت.

**تەخار** (نا.) بڕ: تەغار

**تەخاراو** (نا. ل)[تەخار + ئاو] بڕ: تەغاراو

**تەخت** (نا.)[پەه: تەخت. ناو: تەخت ـ هەو: تەخت ـ زا: تەخت] ١ـ گۆڕایی پان و بێ کون و کاژێر لە سەر زەوی. ٢ـ پانایی و نێوەڕاستی پشت و سینگ. ؛؛ تەختی پشت، تەختی سینگ ٣ـ ڕێکوپێکیی کار و مەسەلەیەک. ؛؛ هیچ نارەحەت مەبە هەموو کارەکانم بۆ تەخت کردووی. ٤ـ (ئان.) ڕێکوپێک، راست، بێ خوار و خێچیی. ٥ـ ڕێک، رەبەق، تەواو. ؛؛ دوو ساڵی تەختە خەریکی قورەکارییم و هێشتا تەواو نەبوە. ٦ـ سەرایی، سەتح، روو. ٧ـ کەرەسەیەک بە شێوەی جواروجۆر کە بۆ لە سەر خەوتن لە ژووری خەوی دادەنێن، تەختی خەو. ٨ـ ئەو کورسیەی کە پادشا لە سەری دادەنیشێ. ٩ـ تابووت، دارەمەیت. ؛؛ وەسیەت بێ کە مردم تەخت و تابووتم لە عەرعەر کەن/ هەتا عالەم بزانێ من شەهیدی قامەتی یارم (وەفایی ل ٥٩). ١٠ـ دڵنیا، ئەرخەیان. **~ بوون:** ١ـ

ڕێکوپێک بوونی زەوی. ٢ـ ڕێکوپێک و ڕاست بوون. ٣ـ (کنـ.) وێران بوون. ~ **پاڵ دانەوە:** بە دڵنیایی دانیشتن، دڵنیا بوون لە بەڕێوەچوونی کار و مەسەلەیەک، ئەرخەیان بوون، تەخت دانیشتن. ~ **دانیشتن:** پاڵ دانەوە بە ئەرخەیانیی، بە دڵنیایی دانیشتن، تەخت پاڵ دانەوە. ~ **کردن:** ١ـ نەهێشتنی کەند و لەندی زەوی و ڕێک کردنی. ٢ـ ڕێکوپێک کردن. ٣ـ (کنـ.) وێران کردن. ~ **لێی کەوتن:** ١ـ درێژ بوون و خەوتن بێ هیچ ئاگاداریی و هەست و خوستێک. ٢ـ نەخۆش بوون و لە جێ دا کەوتن بە کوتوپڕیی. ~ **لێی نوستن (خەوتن):** خەوتن بە ئەرخەیانیی و دڵنیایی، خەوتن بێ هیچ هەست و خوستێک، تەخت لێی کەوتن. ~ **وەرگەڕان:** (کنـ.) لە دەستەڵات کەوتن، تێکڕووخان و بێدەستەڵات بوون. **چوونە سەر ~:** بە پادشایەتی گەیشتن، بوونە پادشا. ‖ **تەختی ئابنووس:** تەخت و کورسی پادشایەتی کە لە داری ئابنووس ساز کرابێ. ⁂ بونیانی کیبر و سەرکەشییە تاقی کیسرەویی/ دانانی زوڵم و ڕووڕەشییە ئەختی ئابنووس (نالی ل ٢٣٨). **تەختی پشت:** نێوەڕاستی پشت. ⁂ تەختی پشتی لە عەرزی دا. لە سەر تەختی پشتێ درێژ ببوو. **تەختی خەو:** کەرەسەیەک کە بۆ لە سەر خەوتن کەلکی لێوەردەگرن، تەخت. **تەختی ڕەوان:** جۆرێک کەژاوەیە کە گەورەپیاو و دەوڵەمەند تێیدا دادەنیشن و غوڵام و نۆکەر (دوو یا چوار کەس) بە دەست هەڵیدەگرن، تەختەڕەوان. **تەختی سینگ:** نێوەڕاستی سینگ. ⁂ منداڵەکەی بە تەختی سینگیەوە نا. **تەختی گەردوون:** ئاسمان، فەلەک. **تەختی نێوچاوان:** تەختایی نێوچاوان، نێوچاوان. **تەختی ئەرز (عەرز):** زەوی، سەر زەوی. ⁂ شووشەکەی بە تەختی ئەرزی دادا و شکاندی.

**تەختا** (نا. ل)[تەخت + ئا][زا] بڕ: تەختە

**تەختان** (نا. ل)[تەخت + ئان1] زەوی و شوێنی تەخت، گۆڕایی.

**تەختانی** (نا. ل)[تەخت/٤ + ئانی1/٢] زەوی و شوێنی تەخت و یەکدەست، جێگای تەخت، تەختایی.

**تەختایی** (نا. ل)[تەخت/٤ + ئایی] زەوی و شوێنی تەخت، تەختانی.

**تەخترمە** (نا.)[باک] هەندێک دەغڵ کە

لەبەر پێویستی ماڵ بەر لە دروێنە دەیدروون و سووری دەکەن، تەخدەمە، تەختەمە، بەرکوت.

**تێبینی:** هاوڕیشەی ئەم وشەیە لە زمانی فارسی دا تخرمە (تێخێرمێ) ـ یە بە مانای نەبرژاوە و فەتیر.

**تەخت و بەخت** (نا. ل)[تەخت + و + بەخت] دەستەڵات. **~ وەرگەڕان:** (کنـ.) لە دەستەڵات کەوتن، تووشی کزیی و بێدەستەڵاتیی بوون. **~ وەرگەڕاندن:** (کنـ.) لە دەستەڵات خستن، کز و بێدەستەڵات کردن، تەخت و مەکان تێکدان.

**تەخت و تاراج** (نا. ل)[تەخت + و + تاراج] تالآن، تاراج. **~ کردن:** بە تالان بردن، بە تاراج بردن، تاڵان کردن. ∷ دەڵێ: سبحەینێ جواب دە گەرمێنێ بگەڕێ، لە ئەستەمبووڵێ ببێ بڵاوە/ سوڵتان پێ بزانێ، پاکانمان دەخنکێنێ، تەخت و تاراجمان دەکا تەواوە (مان ل ١٣٨).

**تەخت و مەکان** (نا. ل)[تەخت + و + مەکان] ١ـ دەستەڵات، حکوومەت، تەخت و بەخت. ∷ هیچکەس نازانێ پایەزین چەند جوانە/ بۆم بە جێ هێشتووە تەخت و مەکانە (مان ل ٦٤). ٢ـ (کنـ.) بە تەواوەتی وێران، خاپوور. **~ بوون:** وێران بوون بە تێکڕایی، خاپوور بوون، تێکڕووخان. **~ تێکچوون:** لە دەستەڵات کەوتن، تەخت و بەخت وەرگەڕان، تووشی کزیی بوون. **~ تێکدان:** لە دەستەڵات خستن، بێدەستەڵات کردن، تووشی کزیی کردن. ∷ خولا لێت هەڵناگرێ لە پیاوی نەجیم تێک بدەی تەخت و مەکانە (مان ل ١٠٣). **~ کردن:** وێران کردن، تێکدان، تێکڕووخاندن، تێک و پێک دان.

**تەختە** (نا. ل)[تەخت + ئە][باک: تەختە ـ ناو: تەختە ـ هەو: تەختە ـ زا: تەختا] ١ـ ساقەتی دار کە لە درێژی را برابێ، چ چووک بێ چ گەورە، تەختەدار. ٢ـ بڕ: تەختە دامە. ٣ـ بڕ: تەختە نەرد. ٤ـ هەر شتێکی تەخت و یەکدەست. ∷ تەختەبەرد، تەختەسەهۆڵ. ٥ـ تابلۆیەکی رەش کە لە فێرگەکان بە گێچ دەرسی لە سەر دەنووسن، تابلۆ، تەختەسیا. ٦ـ یەکە و بژارێک بۆ فەرش و پەتوو و هەندێک تەنراو. ∷ دوو تەختە فەرشی باشم کڕی. ٧ـ بەستراو، داخراو (دوکان و بازاڕ و شوێنی کار). **پێ ~ کردن:** پێداخستن، بەستران بە زۆر. ∷

دوکانەکەیان پێ تەختە کردم. **~ بوون:** داخـــران، بەســـــتـــران. **~ کــردن:** ١ـ داخــستن، بەستن، تـەحـتـیل کـردن. ⁂ تەواوی شـار دوکانەکـەیان تەختـە کـرد و چوونە تەمەشـا. چەکدارەکان بە زۆر کار و کاسبی و دوکانی خەڵکیان تەختە کرد. ٢ـ خـەریکی تەخـتـەنەرد بـوون، تەخـتـە لێـــدان. **~یەک کـــەم بوون:** (کنـ.) نـاتەواو بـوونی ئـەقڵ، ئاقڵ پارەســـەنگ ویستن. ⁂ هـەر لە ســـەروســەکوتیـیـەوە دیار بـوو کـە تـەخـتـەیەکی کـەمـە. **~ لێدان:** (کنـ.) تەختە نەرد کردن، خەریکی تەختە بوون. ⁂ دەستێک تەختە لێدەین؟ **دەستی کەس (کەسانێک) لە ~ بەستن:** (کنـ.) لـە ســـەرووتر و یـەکـــەم بوون لـە هـەمـووکـەس لە هـەمـوو بابەتێک چ باش و چ خراپ، دەستی هـەمووکـەس لە پشتەوە را بـەسـتن. ⁂ لـە دەرس خـــــوێـندن و زیرەکی دا دەسـتی مـن و تۆی لە تەخـتـە بەسـتوە. لـە ناپیاوەتی و نامـرۆڤایەتی دا دەسـتی هـەمـوانی لە تـەخـتـە بەسـتـوە. **لە ~ دان:** (کنـ.) بە قـــامـک تەقـــە لە ئامێرێکی چێویی و تەختـەیی هێنان بۆ دوور بوون لە بەڵا و چاوی پیس. ⁂ کوتم « مـــاشـــەڵڵا زۆر چاک مـــاوی تووکـێـکی سپیت تێنەکەوتوە! » کوتی « لە تەختـەی دە! »

**تەختەباز** (ئان. ل)[تەختە/٣ + باز4] کـەسـێک کـە تەخـتـەنەرد باش دەکـا، نەرراد.

**تەخـتـەبەرد** (نا. ل)[تەخـتـە + بەرد] پارچە بەردێکی یەکدەست و رێکوپێک و گەورە.

**تەخـــتــەبەن** (نا. ل)[تـەخـتـــە/١ + بەن1/٣][ئەر] بڕ: تەختەبەند

**تەخـتــەبەند** (نا. ل)[تـەخـتــە/١ + بـەند/١٣] ١ـ جـــۆرێک تـەخـت کـــە لـە ســووچی حـەوش و باغ یا ژوور و بان بە تەختـە هەڵیدەبەستن، بۆ دانیشتن و لە سـەر خـەوتن، کـەت. ⁂ سـەر بەردەبازی رێتە، تەن تەختەبەندی جێتە/ دڵ مەیلی خاکی پێتە، رۆح مـاڵی خۆتە، بیبە (نالی ل ٣٩٥). ٢ـ هـەرچی کـــە بە تـەخـتـــە و شـریت یا بەند لێک بەسـترابێتـەوە. ٣ـ بەستنی دەستی شکاو بە تەختە و پارچە هـەتا جووڵەی پێ نەدەن و خـۆ بگرێتـەوە. ٤ـ بەســتنەوەی کـەسـێک دە نێـوان دوو تەختـە دا هـەتا نەجووڵێتـەوە و لە دوایی بە مـــشــار دوو شــەقـیـــان دەکـرد. ٥ـ پێشگری چێویی بەر هەیوان، محەجەرە.

**تەختەبیت** (گیانـ.)[تەختە/١ + بیت]

[باک] بڕ: تەختەپووت

**تەختەبیتی** (گیانـ.)[تەختە/١ + بیت + ئی] بڕ: تەختەپووت

**تەختەپۆش** (ئان. فا)[تەخت + ئە + پۆش] ١ـ سەرپۆشی ئاوڕۆ، گۆڕیچە یا شوێنێک بە تەڵەبەرد. ٢ـ [ئەر] تەختە و پەردووی میچ. **~ کردن:** ١ـ داپۆشینی سەری ئاوڕۆ یا شوێنێک بە بەردی تەخت و پان. ٢ـ پەردوو و تەختە لە کاریتەی میچ دان.

**تەختەپووت** (گیانـ.)[تەختە/١ + پووت] حەشەرەیەکی چووکی بێ باڵە لە کێچ گەورەترە، رەنگی سووری ئاماڵ قاوەییە، رۆژانە دە نێو درزی کەرەسەی چێوی یان دۆشەگ و لێفە دا خۆی دەشارێتەوە و شەوانە وە دەر دەکەوێ و بە مرۆڤ یا گیاندارەوە دەدا و خوێنی دەمژێ، شوێنی پێوەدانەکەی هەڵدەمسێ و سوور هەڵدەگەڕێ و خوروویەکی زۆری هەیە و هەندێک جار نەخۆشیش رادەگوێزێ، Cimex lectularius ناوی لاتینی ئەم حەشەرەیە، تەختەبیتی، تەختەبیت. (فار: ساس)

**تێبینی:** پووت یا بیت لە زاراوەی ناوەندیی دا هەمان **بەی** زاراوەی باکووریی و **بەیە** ـ ی زاراوەی زازاییە بە مانای مۆرکە (بڕ: بەی2)

**تەختەتاش** (ئان. فا)[تەختە + تاش] کەسێک کە لە تەختە و چێو کەرەسەی ساز دەکا، نەجاڕ، دارتاش. ؛؛ خوا نەجاڕ نیە و تەختەتاشە/ قەحپە و گەواد بۆ یەک باشە (پەند ل ١٩٢).

**تەختەدار** (نا. ل)[تەختە/١ + دار1] بڕ: تەختە/١

**تەختەدامە** (نا. ل)[تەختە + دامە] یاریەکی دوو کەسی گەورەساڵانە، بریتیە لە تەختەیەکی پان کە بە ٦٤ خانووی چووک دابەش کراوە، هەر لایەی بە ١٦ دامە یا هەر شتێکی دیکە کایەی دەکا، دامەکان لە بەرابەر یەک دادەنێن وەها لە خانوویەک خوارتر دامەکان بە دوو ریز دادەکەن، هەر لایەی حول دەدا کە داشی پتر لە یەکتر بخۆن و ئاغای لە یەکتر بکەن، کەسێک کە زووتر داشەکان بخوا بردوویەتیەوە، تەختە، دامە.

**تەختەرەوان** (نا. ل)[تەخت + ئە + رەوان] کەژاوەیەک کە دەستەڵاتداران و دەوڵەمەندان تێدادادەنیشن و غوڵامەکان هەڵیدەگرن و دەیبەن، تەختی رەوان.

**تەختەزەنگ** (نا. ل)[تەخت + ئە +

زەنگ] کوتە ئاسنێکی پان و ئەستوور کە لە فـێـرگـە و کـارگـە و شـوێنی دیکە هەڵیداوسن و بە ئامرازێکی وەک چەکوچ لێی دەدەن بۆ راگەیاندنی زەمان یا کاتی پشوو دان، گەڕناڵ.

**تەختـەسر** (نا. ل)[تەختـە/ە + سڕ] هـەوری، پارچـە یا هـەر شـــتـێک کــە ئەختەسیای پێ پاک بکەنەوە.

**تەخـتـەسـەهۆڵ** (نا. ل)[تەخـتـە + سەهۆڵ] سەهۆڵێکی یەکدەست و گەورەوە و ئەستـوور کە بەسـتبێی و بە سـانایی نەشکێ.

**تەختـەسیـا** (نا. ل)[تەختـە + سـیـا] تابلۆیەکی رەشی چێویی کە لە فێرگەکان بـە گــێچ لـە ســـەر دەنووسن، تابلـــۆ، تەختە/ە.

**تەخـتـەشـۆ** (نا. ل)[تەخـتـە + شـۆ (شۆردن)][باک] بڕ: تاتەشوار

**تەخـتـەقـاپوو** (نا. ل)[تەخـتـە + تر: قـاپوو] نیـشـتـەجێ بوونی عـەشـیـرەت و رەوەندییەکان لە گوند یا لە شار، ئاوایی نشین، تەختەقاپی.

**تەخـتـەقـاپی** (نا. ل)[تەخـتـە + تر: قاپی] بڕ: تەختەقاپوو

**تەختەکاوس** (گیانـ.)[تەختە + کاوس (ناو)][باک] گیاندارێکە وەک مێروو کە بە کۆمـەڵ دە نێو دار و تەختـە و چێوی نێـو مـاڵ دا دەژین و نێوەکـەی دەخۆن و دەبنـە هـۆی زەرەر و زیـان و رمـــــان و رووخـــانی مـــیـــچی مـــاڵ، مـــۆریـانەی چێوخۆر.

**تەختەمە** (نا.)[باک] بڕ: تەخترمە

**تەخـتـەنەرد** (نا. ل)[تەخـتـە + نەرد] یاریـەکی دوو کـــەسی گـــەورە ســـاڵانە، بریتیـە لە تەخـتـەیەک و ٣٠ مـۆرە و دوو زار یا تاس. هـەر لایـەی ١٥ مۆرە (سـپی یا رەش) بە شـێـوەی تایبـەتی دادەکا و تاس هـەڵداوێن و هـەر لایەی حـەول دەدا کە زووتر مـۆرەکانی بگەیەنێتە لای خۆی و هـەر کـەس زووتر هەمـــووی خـــوارد بردوویەتیەوە، تەختە، نەرد.

**تەخدەمە** (نا.)[باک] بڕ: تەخترمە

**تەخسـیـر** (نا.)[عـەر: تقـصـیـر] ١ـ تـاوان، گـــوناه. ٢ـ خـــەتا، هـەڵە. ٣ـ سستیی، کۆتایی. **~ کردن:** ١ـ کۆتایی کـردن، سـسـتـی کـردن لە ئەنجـام دانی کارێک. ٢ـ خـەتا کردن، سـەهوو کردن. ٣ـ تاوان کردن، گوناه کردن.

**تەخسیرکار** (ئان. ل)[تەخسیر + کار]

١ـ خەتاكار. ٢ـ تاوانكار، تاوانبار.

**تەخش** (نا.)[؟] چێـــوێكی باریک و درێژ كە سەرەكەی تیژە و بۆ راو و شەڕ كەلكیان لێوەردەگرت، تیر/١.

**تەخشان پەخشان** (نا. ل)[تەخشان + پەخشان] پرژ و بڵاو (بۆ ماڵ و سامان). **~ كـردن:** پرژ و بـڵاو كـردنی مـاڵ و سـامـان. ⁂ ئەو هەمـوو پـارە و مـاڵەی بە ماوەیەكی كەم تەخشان پەخشان كرد.

**تەخشك** (نا. ل)[تەخ (تاقـە) + شک (چک)][باک] تاقەی چووک، رفە.

**تەخـمین** (نا. چا)[عـەر: تخـمین] ١ـ ئەندازە بە حەدس و گومـان. ٢ـ بەراورد. **~ لێدان:** ئەندازە كوتن بە حـەدس و گومان.

**تەدارەک** (نا. چا)[عـەر: تدارک] سـاز كــردن و پێک هـێنان. ٢ـ پێک هێنانی خۆشی و شادی. **~ بۆ گرتن:** ١ـ ساز كردنی شـایی و خۆشی. ٢ـ سـاز كردنی كــــەرەســـــە و ئـەســــبـــــاب بۆ كـــار و مـەسـەلەیەک. **~ گـرتن:** خـۆ ئـامـادە كردن بۆ خۆشی و مەسەلەی لەم بابەتە، ساز كردنی شادیی و خـۆشی. ٢ـ ئامادە كردنی كـەرەسـە و ئەسـپـابی مـەسـەلە و كـارێک. **خـۆ لە ~ دان:** خـۆ جـوان و ئامادە كردن بۆ مەبەستێكی خۆش.

**تەر** (پاشگـ.)[هـەو] بڕ: تر/١ و ٢. ⁂ جـارێوتەر (جـارێكی دی). سـەخـتـتـەر (سەختتر)

**تەرات** (نا.)[؟] غار، تاو، چوارناڵ.

**تـەراتـێـن** (نـا. ل)[تـەرات + ئـێـن] هـاتووچۆی گیاندار بۆ پاش و بۆ پێش بە هات و هـەراوە. **~ كــــردن:** هـاتووچـۆ كردنی گیاندار بە نائارامییەوە.

**تەراخـۆم** (نا.)[فـــەر: trachome] نەخـۆشـــیـــیـەكـە كـە تووشی چاو دێ و دەبێتە هۆی پەیدا بوونی زیپكە و كێم لە سـەر پێڵـووی سـەرەوە و ئەسـتـوورتری دەكا و ئەگـەر چارە نەكرێ مـرۆڤ كوێر دەكـا، تەراخۆمـە، تەراخـۆمـا، چاوێشـە، وەردێنە.

**تەراخۆما** (نا.) بڕ: تەراخۆم

**تەراخۆمە** (نا.) بڕ: تەراخۆم

**تەراز** (نا.)[لۆر: تـەراز ـ فـــار: تراز ـ ناو: تەراز] ١ـ ئامرازێكی بەننایییە كە بۆ رێكی و راستی دیوار كەلكی لێوەردەگرن و چەند جـۆری هـەیە، تەرازووی بـەننایی، ترازوو. ٢ـ بـەرابەر، هـاوشـــان. ٣ـ رێک، راست، مـیـــزان. **~ بوون:** ١ـ بەرابەر

بوون، هـاوشـــان بوون. ٢ـ ڕێک و ڕاست بوون. **~ کــــردن:** ١ـ دیاری کـــردنی بـەرزی و نزمـی جـــێگایـەک. ٢ـ بـەرابـەر کردن. ٣ـ مـیزان کردن، ڕاست کردن. ‖ **تەرازی ئاویی:** لوولەیەکی کانزایە کە دوو ســـەرەکـــەی لە شـــووشـــەیە و لە نێـــو شووشـەکان ئاوەکییەکی ڕەنگینی تێدایە و پتـــر لە جـــادەســـازی دا کـــەلکی لێوەردەگرن. **تەرازی هەوایی:** لوولەیەکی شووشـەیی سـەربەستراوە کە ئاوەکییەکی ڕەنگینی تێـدایە و لە کـاری بەننـایی دا کەلکی لێوەردەگرن.

**تەرازنامـــە** (نـا. ل)[تەراز + نـامـــە] پێـرستێک کە یانەکـان لە ئاخری سـاڵ دەینووسن و ڕادەی دارایی و قەرزی تێدا دەنووسن.

**تەرازوو** (نـا.)[پەه: تـەرازووک. پەش: تـەرازوو ـ فـــار: تەرازوو ـ لۆر: ترازی ـ تـات: تـەرازوو، تـەرازێن. بـاک: تـەرازوو، تەرازی ـ نـاو: تەرازوو، تـەرازی، ترازوو ـ هـەو: تەرازوو ـ زا: تـەرازوو] ١ـ ئامـرازی کێشـان کە چەند جۆری هـەیە و باوترینی دوو قاپە دەگەڵ دوو شەهێن کە لە لایەک شـمـەک دادەندرێ و لە لای دیکە بەرد یا کیلۆ. ئیمڕۆکـە جۆری کامپیـۆتێریی و ئـەلکتـــریکی پـەیدا بوە و جـــێی بە جـۆرەکـانی دیکە لەق کــردوە. ٢ـ ناوی یەکێک لە بورجەکانە، حەوتەمین بورج کە بەرابەرە دەگـەڵ مـانگی ڕەزبەر و چونکە شـەو و ڕۆژ لەم بورجـە دا بەرابـەرن بۆیە ئـەو نـاوەی لێنـراوە، بـورجـی تـەرازوو. ٣ـ سـووڕەتێـکی فەلەکییە لە لای بـاکوور. ؛؛ ئەو خـاڵە چ شـیـرینە لە نێـو حـۆقـقـەی زولفت/ نـەمـدیوە سـوهـەیلی یەمـەنی بێتـە تـەرازوو (وەفـــایی ل ١٠٩) پیـــاوانە بـە نەزەر تەماشا کە مابەینی ئەو دوو چاو و برۆیە/ هـێندێک دەڵێن ئـەســـتـــێـــرەی سـوهـەیلە، هێندێک دەڵێن خـێر تەرازووە و کـــۆیە (لاس و خـــوزاڵ ل ١٠٣). ٤ـ تەرازی بەننـایی. ٥ـ بەرابەر، هـاوسـەنگ. ٦ـ ڕێک، تەراز، تەخت، مـیزان. **دە ~ نان:** ١ـ کـێشـان، وەزن کـردن. ٢ـ (کنـ.) هـەڵســـەنگاندن و بەراورد کـــردنی دوو کـەس دەگەڵ یـەکتر. ؛؛ ڕەببی خـولاگیرم بـن ... ئەمنوو دەگـــەڵ کـــەچەڵێکی دە تـەرازووی نـاوە (مــــــان ل ١٦٤). ‖ **تــەرازووی بـەنـــنـــایـــی:** بـڕ: تــەراز/١. **تەرازووی زێڕینگەریی (زێڕنگەریی):** بڕ: تەرازوو مسقاڵ.

**تەرازووبـاز** (ئان. فـــا)[تەرازوو + باز4] کەسێک کە لە کێشانی شمەک بە تەرازوو فـێڵ لـە خـەڵک دەکـا و کـەمی

دەکێشێ، کەم فرۆش، ترازووباز. // تەرازوومەند.

**تەرازووبازیی** (حم.)[تەرازوو باز + ئیی] کار و کردەوەی کەسی تەرازووباز، کەمفرۆشیی، ترازووبازیی.

**تەرازوودار** (ئان. فا)[تەرازوو + دار2] کەسێک کە لە دوکان یا شوێنی دیکە جنسی مشتەری دەکێشێ و تەحویلیان دەدا.

**تەرازووداریی** (حم.)[تەرازوودار + ئیی] کار و پیشەی کەسی تەرازوودار.

**تەرازوو مسقاڵ** (نا. ل)[تەرازوو + مسقاڵ] تەرازوویەکی چووکە بۆ کێشانی شتی چووک و سووک (وەک زێڕ و زێو و دەرمان و ...)، تەرازووی زێڕینگەریی.

**تەرازوومەند** (ئان. فا)[تەرازوو + مەند] کەسێک کە تەرازووکەی راستە و لە کێشان دا فێڵ لە خەڵک ناکا. // تەرازووباز.

**تەرازوومەندیی** (حم.)[تەرازوومەند + ئیی] راست و ئەمین بوون لە کێشان دا، کار و ئاکاری کەسی تەرازوومەند.

**تەرازی** (نا.)[سۆر ـ باک] بڕ: تەرازوو

**تەراش** (نا.)[لە: تەراشین] ١ـ بڕ: تەلاش. ٢ـ ئاکامی تەراشین، تراش. **~ کردن:** تاشینی مووی روخسار، ردێن تاشین، تراش کردن. ‡ دوو رۆژە تەراشم نەکردوە.

**تەراشە** (نا. ل)[تەراش + ئە] بڕ: تەلاش

**تەراشین** (چا. م) بڕ: تاشین

**تەراویح** (نا.)[عەر: تراویح] نوێژێکی تایبەتیە، بیست و سێ رەکعەتە کە شەوانی رەمەزان دەخوێندرێ و لە نێوانی هەر دوو رەکعەتی دا دوعایەکی تایبەتی دەخوێندرێ.

**تەربی** (گیا.)[؟] دارێکی کوێستانی هەمیشە سەوزە، بەرێکی خڕی سوور ئەگرێ وەک بەلاڵووک، بۆ رەوانی ئەخورێ (خاڵ ب ١ ل ٣٠٦) تێرویی، تەرو، تەروو، تەرەون، تەرەوەن.

**تەرت**[1] (نا.)[؟] ١ـ لێک بلاو، پرژ، ئاوارە، تونا. ٢ـ فەوتاو، لە بەین چوو.

**تەرت**[2] (نا.)[؟] دارستانی خۆڕسک، مێشە، بێشە.

**تەرت و توونا** (نا. ل)[تەرت1 + و + توونا] ١ـ پرژ و بلاو، پەرێشان، توونا. ٢ـ فەوتاو، بنەبڕ. & تەفروتوونا. **~**

**بوون:** ١ـ لێک بڵاو بوون، پەرژ و بڵاو بوون. ٢ـ فەوتان، بنەبڕ بوون. ~ **کردن:** لێک بڵاو کردن، پەرژ و بڵاو کردن. ٢ـ بنەبڕ کردن، فەوتاندن.

**تەرتیب** (چا. م)[عەر: ترتیب] ١ـ نەزم، ڕێکوپێکیی. ٢ـ جێبەجێ، جۆر. ٣ـ بە ریز لە پشت سەری یەک. ٤ـ شێوە و چەشنێکی تایبەتی. ~ **دان:** ١ـ نەزم دان، ڕێکوپێک کردن. ٢ـ جێبەجێ کردن، جۆر کردن. ٣ـ هەر چێک بە ریز لە پشت سەری یەک ڕەدیف کردن. ٤ـ پێک هێنان، ساز دان. ٥ـ (کنـ.) کەسێک سزا دان و تەنبێ کردن (کوشتن یا لێدان). ٦ـ (کنـ.) کاری جنسی دەگەڵ کەسێک کردن، گایین. ~ **کردن:** ١ـ ڕێکوپێک کردن. ٢ـ بە تەرتیب و ڕەدیف چنین.

**تەرتیل** (چا. م)[عەر: ترتیل] خوێندنەوەی قورئان و دوعا بە دەنگی نەرم و خۆش.

**تەرجمان** (ئان.)[پەهـ: تەرگەمان، تەرگومان. عەر: ترجمان] کەسێک کە زمانێک بە قسە یا بە نووسراوە وەردەگێڕێتەوە سەر زمانێکی دیکە، دیلمانج، وەرگێڕ. ⁂ تۆ کە چاوت پێمبڵێ دەرسی زوبانی ئەجنەبی/ وەک موفەتتیش بەگ ئیتر من تەرجومانم بۆ چییە (بێخود ل ١٠١). ~ **کردن:** وەرگێڕانی زمانێک بۆ سەر زمانێکی دیکە.

**تێبینی:** ئەم وشەیە هەروەکی نووسراوە هەم لە عەرەبی دا هەیە و هەم لە پەهلەویی دا. هەندێک لە فەرهەنگەکانی کوردیی و فارسی ریشەی ئەم وشەیان بردۆتەوە سەر تەڕزمان. مەردووخ لە ئاست تەرجمان نووسیویەتی: تەڕزمان، تەڕزوان، زوانزان، زوانوێژ و ... (بڕ: مردوخ ب ١ ل ٣٩٣). لە فەرهەنگی پەشتوو ـ رووسی دا تەرجمان بە وشەیەکی عەرەبی داندراوە (ل ٢٢٥) ژابا ـ ش ئاماژەی بە هەبوونی ئەم وشەیە لە عەرەبی و تورکی و فارسی دا کردوە (ل ٩٧).

**تەرجومە** (نا.) [عەر: ترجمة] کاری وەرگێڕ و دیلمانج، تەرجەمە. ~ **بوون:** نووسراوە یا قسەیەک کە لە زمانێکی دیکەوە وەرگێڕدرابێتەوە سەر زمانێکی دیکە. ~ **کردن:** وەرگێڕان، تەرجمان کردن.

**تەرجەمە** (نا.) بڕ: تەرجومە

**تەرح** (نا.)[عەر: طرح] ١ـ بیچم،

شـــێـــوە، تـەرح و دیدار. ⁘ هـەرچـی مـەحبووبان دەکـەن خـۆشـە، بەڵام داخـی رەقیب/ دەمکوژێ، تـەرحی مرێ هـەروەک کـەری بێگارییـە (نالی ل ٥٨٥). ٢ـ وەک، وەکوو، چەشن، وێنە. ⁘ سینگی سپی بە تەرحی بەردی مـەڕمـەڕێ/ ئەگـەر کافر بدبینێ بۆت لە دین وەردەگـەڕێ (شـێخ فـەرخ ل ٢٧). ٣ـ شـێـوەیەکی نەقـاشی و کـێـشـانەوە، نەقش. ٤ـ پلان، نـەقـشـە. **~ داڕشتن:** پلان دانان، نـەقــشــــە و بـەرنـامــــە داڕشـتن بۆ مـــەســـــەلە و کارێک. **~ کردن:** مـەسـەلەیـەک هێنانە گـۆڕ و بـاس کـردن بۆ لێـدوان، مـەترەح کردن.

**تـەرح و دیـدار** (نـا. ل)[تـەرح + و + دیدار] شکڵ و شەمایەل، بیچم، شێوە.

**تەرخ** (نا.) بڕ: تەرک

**تەرخـــان** (نا.)[مـــەغ: ترخـــان] ١ـ نازناوێک کـە ســـەردەمی پاشـــایانی مـــەغـــوول دەدرا بە هـەنـدێک کـەس و ئەم کەسە باجی نەدەدا و هـەر کات ویستبای دەیتوانی بچێتە لای شا. ٢ـ ئازاد لە باج و بەهـرەی ئاغـا. ٣ـ ئازاد، رزگـار. **~ بوون:** ئازاد بوون. **~ کــران:** ١ـ ئازاد کران، بێ قـەید و بەند کران. ٢ـ تـایبـەت دران. **~ کــردن:** ١ـ ئـازاد کــردن. ⁘ دوگـــمـــەی ســـینگ و بـەرۆکـــێت لەبۆ دەترازێنم/ تـەرخـانت دەکـەم لە شـەو رامـووسـانێ (کـانـی مـرادان ل ١٨٩). ٢ـ تایبـەتی دان، هەڵبـژاردن. ⁘ ئەو پارچە زەوییەم بۆ بێستان تەرخان کردوە.

**تەرخوون** (گیا.) بڕ: تەڵخوون

**تەرخێنە** (نا.)[باش] بڕ: ترخێنە.

**تەرز[1]** (گـیـا.)[؟] سـەرلقی مـێـو و کـــاڵەک و شـــووتی و ترۆزی و خــەیار (کشت و کاڵ ب ١ ل ٨٩).

**تەرز[2]** (نا.)[عـەر: طرز] ١ـ شـێـوە، چەشن، بیچم. ٢ـ شێواز، رێگا، قاعیدە.

**تەرزە** (نـا.)[پـەه: تـەگـــــەرگ. تات: تیـەرسـە ـ مـاز: تێـریگ. باک: تەیرۆک، تیری، تەرگ، تـەیرک، تەزرە ـ ناو: تەرزە، تـەوەرگ، تـەزرە، تگر ـ هـەو: تـەوەرگی ـ زا: تۆرگە، توەرگە، تۆرسەلە، تـوورسـەلە، تۆسلە، تۆرژلە، تـەیرکە] بارشتێکە وەک بـەفـــر بـەڵام رەق و پتـــەو کـــە زیان دەگـەیەنێـتە بەر و حـاسـڵات، خلۆریگ، گللێرە.

**تەرزەشکێن** (ئان. ل)[تەرزە + شکێن (شکاندن)] بڕ: تەرزەکوت.

**تەرزەکوت** (ئان. ل)[تەرزە + کوت] حاڵی دار و دەرخت یا زەراعەتێک کە تەرزەی لێدابێ و بەر و گوڵی هەڵوەراندبێ یا لاسکی شکاندبێ، تەرزەشکێن. **~ داگرتن:** ١- دابارینی تەرزە بە توندی. ٢- (کنـ.) پەند و ئامۆژگاری دادانی کەسێک بە توندی و پەیتاپەیتا.

**تەرزەلووکە** (نا. ل)[تەرزە + لووکە] جۆرێک تەرزەی ورد.

**تەرس**[1] (نا.)[؟] گوو و پیسایی ئەسپ و ماین و ئێستر. **~ و گوو تێکەڵ کردن:** (کنـ.) زۆر ترسان.

**تەرس**[2] (نا.)[هەو - زا] بڕ: ترس

**تەرسا** (نا. ئان)[پەه: تەرساک] ١- فەلە، مەسیحی. ٢- (مجـ.) کچی و یارێک کە مرۆڤ لە دین وەرگێڕێ.

**تێبینی:** خودی وشەکە لە ترس کەوتوە و بە مانای لە خوداترسە.

**تەرسۆک** (ئان. ل)[تەرس2 + ئۆک] [زا] بڕ: ترسەنۆک

**تەرسۆنەک** (ئان. ل)[تەرس2 + ئۆنەک][زا] بڕ: ترسەنۆک

**تەرسەزاڵ** (ئان. ل)[تەرس2 + ئە + زاڵ][هەو] بڕ: ترسەنۆک

**تەرسەقول** (نا. ل)[تەرس1 + ئە + قول] پیسایی کەر و گوێدرێژ، قەرسەقول.

**تەرک**[1] (نا.)[تور: terki] بەشی دواوەی زین، پشت سەری سوار، تەرکی، پاشتەرک، پاشکۆ. **~ کەوتن:** ١- لە جێ چوونی کلێنچکە. ٢- لە جێ چوونی جومگەی پەلی ماڵاتی بەرزە.

**تەرک**[2] (نا.)[عەر: ترک] واز لە عادەت، تەرخ. **~ دان:** بڕ: تەرک کردن. **~ کردن:** ١- واز لێهێنان، وەلانانی عادەت، تەرک دان. ٢- جێ هێشتن، بە جێ هێشتن و دوور کەوتنەوە. **~ی (شوێنێک) کردن:** واز لێهێنان لە چوونەوە و سەردانی شوێنێک. ‌:: تەرکی ماڵ کردن، تەرکی مەدرەسە کردن. **~ی (شتێک) کردن:** واز هێنان لە عادەت و خوو. ‌:: تەرکی ئارەق کردن، تەرکی سیگار کردن.

**تەرک**[3] (نا.)[باک - زا] بڕ: ترەک

**تەرک**[4] (نا.)[پەه: تەرگ] ١- کلاوێکی ئاسن کە لە شەڕ دا دە سەری دەکەن هەتا بەری شیر و تیر بگرێ و شەڕکەر چی لێنەیە، خوود، کڵاوخوود. ٢- هەرکام

له بەشـەکانی جۆرە کڵاوێکی دەروێشـانە کە تانجی دەروێشی پێدەڵێن و نیشانەی تـەرکی کـــردەوەیـەکی خــراپ و ڕەچاو کردنی کردەوەیەکی چاکە. ٣ـ کەرەسـەی شەڕ، چەک. ٤ـ [ئەر] خشڵ، تیتە.

**تەرکـــبـــەن** (نا. ل)[تەرک1 + بەن1] [ئەر] بڕ: تەرکبەند

**تەرکبـەند** (نا. ل)[تەرک1 + بەند/٦] دوو ڕێســراوی باریک لە پشت زین کــە خـــورج و هـەگـــبـــەی پـێ لە پاشکۆ دەبەسـتنەوە، بەن تەڕگ، بەن سـامۆرتە، بەن سامۆتە.

**تەرکـە** (گـیـا.)[؟] ١ـ قـامـیـشـێکی باریکی پتـەوە کــە چیــغی لـێ دروست دەکـەن. پیکە، نەیجـە، نەیجـەڵە. ٢ـ لقی ناسـک کـە لە دار دەیبــڕن، شـووڵ. [زا] دەغڵ

**تەرکـەدنیـا** (ئان. ل)[تەرک2 + ئە + دنیا] کەسێک کە وازی لە هەموو خۆشی و نێعمـەتی ئەم دنیایە هێناوە و خـەریکی تاعەت و خوداپەرستنە، دوورەپەرێز.

**تەرکـەش** (نا. ل)[تەر (تیـر) + کـەش (کێشان)] کیسە یا هەگبەیەک کە تیریان تێـدەنا و لە لاتـەنیـشـتـیـان دەبەست، تیـرکـێش، تیـردان، کـێش. ٪ مـەتاڵ و کەمەند لەگەڵ تەرکەشی/ پاکی قایم کرد لە پشـتی ڕەخشی/ بارام دەچـتـە ڕاو بۆ چیـا ڕەشـی (بارام و گـوڵندام ل ٣٠) لە جەرگم طرفة العینێ هەزار نەشتەر چوو نەمزانی/ نە تیر و تەرکەشی توورکە، نە ئەو چاوانە هەڵدێنێ (وەفـایی ل ٢٠٤). ‖ **ئاخـــرین (دوایین) تیــری تەرکــەش:** ١ـ دوایـین تیــر. ٢ـ (کنـ.) دوایـین هیـــوا و ئومـید بۆ چارەی کـار و مـەسـەلەیەک. ٪ ڕەزم ئـارا ئەفـــســـەری بـە هێـــز و بە دەستەڵاتی ئەرتەشـی ئێران وەک ئاخرین تیری تەرکەشی کۆنەپەرستی هاتە سـەر کار (تاریک و ڕوون ل ٣٧).

**تەرکـەنوێژ** (ئان. ل)[تەرک2 + ئە + نوێژ] کەسێک کە نوێژی وەلاناوە و ئیدی نوێژ ناکا.

**تەرکـەوڵات** (ئان. ل)[تەرک2 + ئە + وڵات][موک] کەسێک کە لە زێد و شوێنی ژیانی خۆی ئاوارە بووبێ.

**تەرکـەوەتەن** (ئان. ل)[تەرک2 + ئە + وەتەن] کەسێک کە بـە ناچار لە وەتەن و نیـشـتـمـانی خـۆی دوور کـەوتۆتەوە، تەرکەوڵات.

**تەرکی** (نا.)[تور: teki] بڕ: تەرک1

**تەرکـیب** (نا. چا)[عـەر: ترکـیب] ١ـ

تێکەڵاویی، ئاوێتە بوون. ٢ـ ساز بوون، پێکهاتن. ٣ـ (نا.) بەژن و باڵا، ئەندام، بەدەن. ؛؛ لەو ڕۆژەوە ئەگەر رووحی لاس و لاسەشۆڕی باڵەکان خولْقاوە/ خودا ئەو تەرکیب و رووح و بەدەنەی بە من داوە (لاس و خەزاڵ ل ٧١).

**تەرگ** (نا.)[باک] بڕ: تەرزە.

**تەرلان** (گیانـ.) بڕ: تەڕلان

**تەرم**[1] (نا.)١ـ [لۆر: تەرم (دارەمەیت). باک: تەرم ـ ناو: تەرم ـ زا: تەرم] لەشی مردووی مرۆڤ، مەیت، جەنازە. ٢ـ [باک] مۆتە، کابووس. ٣ـ سوورەتێکی فەلەکییە شێوەی ورچ دەدا، کە لە راستی دا لە سی و پێنج ئەستێرە پێکهاتوە بەڵام تەنیا حەوت ئەستێرەی بە گەشی دەبیندرێن کە چوار دانەیان لە لەشی ورچەکە دان و سێ دانەیان دە کلکی دا، حەوبرا، حەوبرالە، حەفتەوانان، هەفت برا، حەوتەوانە، چارەگا. (عەر: دب اکبر). || **تەرمی ئادەم:** حەوتەوانەی بچووک (دب اصغر)

**تەرم**[2] (گیا.)[؟][باک] مێو، دارەمێو.

**تەرماڵ** (نا.)[؟][باک] ١ـ (ئا.) کەفەڵ و سمتی حەیوان. ٢ـ هەوراز.

**تەرن** (ئان.)[بڕ: تەڕ][زا] تەڕ، تازە، تەمەن، لاو.

**تەرنە** (نا.)[زا] بڕ: ترخێنە

**تەرو** (گیا.) بڕ: تەربی

**تەرواڵ** (نا.)[؟] کەپرێکی نزمی بچووک لە نێو ماڵ دا بۆ شت لە سەر هەڵچنین، تەرواڵە، هەرزاڵ، هەرزاڵە.

**تەرواڵە** (نا.) بڕ: تەرواڵ

**تەروەندە** (ئان. ل)[فار: تروندە] ١ـ میوە و بەری نۆبەر، نۆبەرە. ٢ـ شتی نایاب، کەم وێنە.

**تەرۆزی** (نا.) بڕ: ترێزوو

**تەروو** (گیا.) بڕ: تەربی

**تەرە** (نا.)[لە: تاران] ١ـ ئاوارە، هەڵوەدا، لانەواز، دەربەدەر. ٢ـ تاراو و دوورکەوتوو لە ماڵ و حاڵ. ؛؛ ئەی مەلی خۆشخوێنی ئاوارە و تەرە و بێ ئاشیان/ موژدە بێ زوو دێیەوە ناو میللەتی رزگاری کورد (تاریک و روون ل ١٢٦). ~ **بوون:** ١ـ ئاوارە بوون، هەڵوەدا بوون. ٢ـ تاران. ~ **کردن:** ١ـ ئاوارە کردن، دەربەدەر کردن. ٢ـ تاراندن.

**تەرەب** (نا. چا)[عەر: طرب] شادیی، خۆشیی، شادمانیی.

**تەرەس** (ئان.)[باک: تەرەس ـ ناو: تەرەس ـ هەو: تەرەس] ١ـ قورمساغ، گەواد، بێنامووس. ٢ـ پیاویی خوێڕیی، ترۆ..

**تەرەقی** (نا. چا)[عەر: ترقی] پلە و پایەی بەرەو ژوور، پێشکەوت. ~ **پێدان:** پلە و پایە بردنە سەر. ∷ کار جێگەی خۆی هەیە... هێندێک کەس تەرەقی پێدەدەم، هێندێک کەس جەرگی لە زگی دا دەردێنم (لاس و خەزاڵ ل ١٢٧). ~ **کردن:** بەرەو پێش چوون، پێشکەوت کردن.

**تەرەون** (گیا.) بڕ: تەربی

**تەرەوەن** (گیا.) بڕ: تەربی

**تەریب** (نا.)[عەر: تضریب] تەقەڵی دریشتی قیچەلفاچ و زەربدەر. ∷ شاگردانی بۆ دێنم لەوێ قۆچە مووسڵێ/ ئەوە دەگەڵ هەموو تەقەڵ و تەریبێکی، ئازیزەکەم خۆش خۆش پێیهەڵبلێ (گەنج ل ١٠٨). ~ **دان:** تەقەڵی دریشت لێدان لەو جلانەی کە بە دەست دەیدروون بۆ قایمتر بوون.

**تەریدە** (ئان.)[عەر: طریدة] ١ـ دەرکراو. ٢ـ جەردە، چەتە، ڕێگر. ∷ فرسەت زانا بێ تەریدەی قاتڵ/ یەکسەر بەردەبێ کالای گیان و دڵ (مەولەوی ل ١٥٢). ٣ـ (نا.) قەتار، کاروانی وشتر. ∷ ئەی زولفی ڕەشت قافڵە کاروانی تەریدان/ بنوارە سەفی عاشقی غەمدیدە لە چی دان (وەفایی ل ٢٩).

**تەریدەباشی** (نا. ل)[تەریدە + باشی] سەرۆک و سەردەستەی تەریدە و ڕێگران. ∷ تەیمووری سەر تەریدەباشی بوو، ڕێگر بوو، ڕێگای دەگرت (لاس و خەزاڵ ل ١١).

**تەریق**[1] (نا.)[؟] شەرمەزار، خەجاڵەت. ~ **بوونەوە:** شەرمەزار بوون، خەجاڵەت بوونەوە، بە خۆ دا شکانەوە. ~ **کردنەوە:** شەرمەزار کردن، خەجاڵەت کردنەوە.

**تەریق**[2] (نا.)[عەر: طریق] ١ـ ڕێگا، ڕێ. ٢ـ شێوە، نەرێت. ٣ـ تەریقەت، مەزهەب.

**تەریقە** (نا.)[عەر: طریقە] ١ـ ڕێبازی مەزهەب، تەریق، تەریقەت. ٢ـ شێوە، جۆر، تەریق.

**تەریقەت** (نا.)[عەر: طریقة] ١ـ ڕێبازی مەزهەب، تەریق. ٢ـ ڕێگا، ڕێ.

**تەریقیی** (حم.)[تەریق1 + ئیی] تەریق بوونەوە، شەرمەزاریی.

**تەریک** (نا. فا)[عەر: تریک] ١ـ دوور. ٢ـ دوورەپەرێز، تەنیا، جیا. **~ بوون:** ١ـ دوور بوون. ؛؛ تا زوڵمەتی وجوودە، تەریکی لە نووری عیشق/ سێبەر نەما، هەتاوە. کە مەحوی نەما، خودا (مەحوی ل ٥). ٢ـ دوورەپەرێز بوون.

**تەریکیی** (حم.)[تەریک + ئیی] ١ـ دووریی. ٢ـ دوورەپەرێزیی.

**تەڕ** (ئان.)[هیک: تەرونە ـ ئەو: تەئورونە ـ پەه: تەر، تەڕ. باک: تەر ـ ناو: تەڕ ـ هەو: تەڕ ـ زا: تەرن] ١ـ حاڵی هەر شتێکی ئاو و نم و شێی دە نێو خۆی دا هەبێ. // ویشک. ٢ـ لاو، جەوان، جوان. ؛؛ دڵتەڕ، تەڕپۆش، تەڕپیر.٣ـ ناسک، شلک، فەریک. ؛؛ لە سەر سنگی ئەو کیژەی خڕ کردوە جووتێک لیمۆی تەڕە/ گە بێتوو بزانن میر و بەگلەران لە سەر ئەو لیمۆیەی شەڕە (مێر و وەفا ل٦٧). تەڕەپیواز، تەڕەماش. ٤ـ تازە، نوێ، تەڕ و تازە. ٥ـ (کنـ.) چاک، باش. ؛؛ تەڕت بەردام، تەڕت ئەو کارە جێبەجێ کرد. (ئەو کنایەیە بەو مانایە بۆ تەوس و لاتاو بە کاری دێنن). زللەیەکی تەڕم لێدا. **~ بوون:** ١ـ ئاو وێکەوتن، ئاو پێدا رژان. ٢ـ (کنـ.) پەند وەرگرتن لە هەڵە و کار ومەسەلەیەک، تەمێ بوون. ؛؛ هێندە بێ چاوڕوویە هەزار پەندیشی بە سەر بێ بە هیچ تەڕ نابێ.٣ـ دڵتەڕ بوون، لاوانە جووڵانەوە. ؛؛ ئەمن میرسێوەدین بەگم .../ مەجلیسی من تەڕە، هەمیشە رەخس کێشان و ساز و دەیارە لێدانە (سەعید و میرسێوەدین ل ١١٤). **~ بوونەوە:** ١ـ حەیوان و ئاژەڵ کە لە کا خواردن و گیای ویشک خواردن رزگاری دێ و گیای تازە دەخوا. ٢ـ کەسێک کە بە پیری شوو دەکا یا ژن دەخوازێ. **~ کردن:** ئاو یا ئاوەکی بە کەسێک یا شتێک دا کردن یا پێداکران. ؛؛ باران تەڕی کردم تۆ ئیدی تەڕم مەکە! **~ کردنەوە:** لەوەڕاندنی ئاژەڵ و ماڵات لە سەرەبەهار بە گیای تازە و تەواو بوونی لە گیای وشک خواردن. **خۆ ~ کردن:** ١ـ تەڕ کردنی جل یا لەش بە ئاو. ٢ـ (کنـ.) میز بە خۆ داکردن بە تایبەت بۆ منداڵ یا پیر و ناتوان. || **تەڕتەڕ:** زۆر تەڕ.

**تێبینی:** tauruna تەئورونە ـ ی ئەوێستایی و taruna تەرونە ـ ی هیندیی کۆن و تەرن ـ ی زازایی بە مانای دووهەم یانی لاو هاتوون و لە هەندێک وشەی کوردییش دا ئەم مانایەی هێشتا راگرتوە.

**تەڕاد** (ئا.)[لۆر: تەڕاف (بەرگــەدە). باك: تەڕاد ـ ناو: تەڕاد، تەڕاف] پێــست و گــۆشــتی تەنکی ســەر کــەلـەکـە و بن پەراسووکان.

**تەڕازن** (نا. ل)[تەڕ + ئا + زن (زان)] بڕ: تەڕەزن

**تــەڕاش** (نــا. ل)[لــە: تــەراشــین] ١ـ پارچەیەکی ناسک لە دار و چێــو کــە لە کاتی ڕەندە کردنی لێیدەبێتەوە، تەلاش، تەراش، تلّیش. ٢ـ درز، قەڵش. ؛؛ ئەگەر هەوا گــەرمــە، ســەردە/ جــێگەم تەڕاش و بن بەردە (بۆ کوردستان ل ٢٠٦).

**تەڕاف** (ئا.) ١ـ بڕ: تەڕاد. ٢ـ [ئـەر] کەفەڵ.

**تەڕاڵ** (ئان.)[باك: تەڕال، تڕال ـ ناو: تەڕاڵ، تڕاڵ ـ زا: تڕال] تەنبەڵ، تەوەزەل، تــەپ، ســـســت. **~ بوون:** تــەمـــبـــەڵ بوون. **~ کردن:** تەمبەڵ کردن، تەوەزەل کردن.

**تــەڕایـی** (نــا. ل)[تــەڕ + ئــایــی] ١ـ شوێنەوار و نیشانەی ئاو و شتی ئاوەکی لە شــوێنێک، نم، شێ. ٢ـ شــوێنی تەڕ، تــەڕیــی. **~ دان:** پــەیدا بــوونی نمــی و تەڕایی لە ســەر دیوار و شــوێنێک. **~ لێــبــڕان:** پێــوەنــەمــانــی نم و تەڕایی بە شـــتـــێکەوە، زۆر ویشک بوون. **~ لێبڕین:** پێوە نەهێشتنی نم و تەڕایی بە شــتــێکەوە، زۆر ویشک کــردن. ؛؛ لەو عاشقانە هەرکەس گوڵی خەزاڵ بە بۆن کــردن هەڵمــیــسێ و تــەڕایی لێــبــبــڕێ، خەزاڵ بۆ ئەو دەبێ (بەیتی لاس و خەزاڵ ـ سروە ژ ٨٨).

**تــەڕپــۆش** (ئــان. ل)[تــەڕ + پــۆش] کەسێک کە جلی جوان و ڕازاوە و شیک دەبەر دەکــا، کــەســێک کــە وەک لاو جل دەبەر دەکا.

**تەڕپیــر** (ئان. ل)[تەڕ + پیــر] پیــری دڵتەڕ و دڵزیندوو، پیرێک مەیل و هەوای لاوانەی هەبێ.

**تەڕدەست** (ئان. ل)[تەڕ + دەست] ١ـ کارامە، لێهاتوو، لێوەشاوە. ٢ـ زیرەک، چوست. ٣ـ کــەســێک کــە کــاری ســەیر و سەمەرە دەکا، چاوبەست، شۆعبەدەباز. ٤ـ زوو، گورج، دەستبەجێ. ؛؛ من ئەوە دەچمــە ســەفــەری بێناری، ئیــشــەڵڵا تــەڕدەست و زوو دەگــەڕێمـــەوە دواوە/ چاری من مەرزینگانە، لێی دەبینم کام و کاوە (شۆڕمەحموود ل ٦٧). **~ بوون:** ١ـ کارامە و لێوەشاوە بوون لە ئەنجام دان و بەڕێوە بردنی کارێک. ٢ـ زیرەک و

چوست بوون. ٣ـ چاوبەست بوون، شۆعبەدەباز بوون.

**تەڕدەستیی** (حم.)[تەڕدەست + ئیی] ١ـ لێهاتوویی، لێوەشاوەیی. ٢ـ چالاکیی، زیرەکیی، گورج و گۆڵیی. ٣ـ کاری تەڕدەست و شۆعبەدەباز، چاوبەستن. ~ **کردن:** ئەنجام دانی کار و سەیر و سەمەرە کە کەسی ئاسایی پێی نەکرێ.

**تەڕدەم** (ئان. ل)[تەڕ + دەم] بڕ: تەڕزمان. ~ **بوون:** بڕ: تەڕزمان بوون.

**تەڕدەماغ** (ئان. ل)[تەڕ + دەماغ] بە کەیف، کەیفساز، دڵخۆش و شاد. ~ **بوون:** کەیفساز بوون، بە کەیف بوون.

**تەڕدەماغیی** (حم.)[تەڕدەماغ + ئیی] کەیفساز بوون، شاد و دڵخۆش بوون، کەیفسازیی.

**تەڕدەمیی** (حم.)[تەڕدەم + ئی] بڕ: تەڕزمانیی.

**تەڕزمان** (ئان. ل)[تەڕ + زمان] کەسی قسەزان و دەم و راوێژ خۆش، زمانتەڕ، تەڕدەم، رەوانبێژ، تەڕزوان. ~ **بوون:** دەو و راوێژ خۆش بوون، قسەزان بوون، زمانتەڕ بوون، تەڕزوان بوون، تەڕدەم بوون.

**تەڕزمانیی** (حم.)[تەڕزمان + ئیی] تەڕزمان بوون، زمانتەڕ بوون، تەڕدەمی، رەوانبێژی، تەڕزوانی.

**تەڕزوان** (ئان. ل)[تەڕ + زوان][ئەر] بڕ: تەڕزمان. ~ **بوون:** بڕ: تەڕزمان بوون.

**تەڕزوانیی** (حم.)[تەڕزوان + ئیی] [ئەر] بڕ: تەڕزمانی.

**تەڕک** (نا. ل)[تەڕ + ک] ١ـ داردەستی ئەستوور، گۆپاڵ. ٢ـ دار و ئێزنگی ئەستوور و تەڕ. ٣ـ (کن.) کیر، سیرەتی پیاو.

**تەڕلان** (گیانـ.)[؟] ١ـ مەلێکی راوکەرە لە رەگەزی باز و لە جنسی چاو زەرد، چنگی بە هێزە و دندووکی خوارە. جۆری زەرد و رەش و سپی هەیە. (فرهنگ پرندگان ل ٥٣)، Accipiter gentilis ناوی لاتینی ئەم باڵندەیە، تەللان، تەرلان. ∴ ئەگەر بەرامبەری یەکتری پخوێنن باز و تەڕلانە/ پکەونە شەڕ و جەنگ و لێکدانە/ وێران دەبێ ئەو دەور و مەکانە (لاس و خەزاڵ ل ٣٦). ٢ـ (مجـ.) شۆخ و شەنگ. ‖ **تەڕلانی رەش:** جۆرێک تەڕلان کە زۆر بە هێزە. **تەڕلانی زەرد:** جۆرێک تەڕلان کە کەم تاقەتە و بۆ

راوی باڵندەی گەورە نابێ. **تەڕلانی سپی:** جۆرێک تەڕلان کە ڕەنگی سپییە و زۆر بە هێز نیە و بۆ ڕاوی مەلی گەورە دەست نادا.

**تەڕلە** (گیا.)[؟] گیایەکی بەهارییە لە ناو دار دەوەن دا ئەڕوێ وە بە سەوزی ئەخورێ (خاڵ ب ١ ل ٣٠٧)

**تەڕن** (نا.)[؟] ١ـ زیان، زەرەر، خەسارەت. ٢ـ فیڕۆ، خەسار. ⁘ بە تەڕن ماڵەکەم لەکیس چوو. **بە ~ بردن:** بە فیڕۆ بردن. **بە ~ چوون:** بە فیڕۆ چوون **بە ~ دان:** بە فیڕۆ دان **~ پێدان:** زیان پێگەیاندن و زەرەر لە کەسێک دان بەبێ ئەوەی کە پێبزانێ، تەڕن پێکردن. **~ پێکردن:** زەرەر لە کەسێک دان، تەڕن پێدان.

**تەڕنەبابیلە** (گیان.)[عەر: طیر ابابیل] بڕ: پاڵەوانە

**تەڕنەئەبابیلە** (گیان.)[عەر: طیر ابابیل] بڕ: پاڵەوانە

**تەڕوبڕ** (ئان. ل)[تەڕ + و + بڕ] ١ـ حاڵی زەوی، جل یا شتێک کە زۆر تەڕ بێ. ٢ـ خواردنێک کە ویشک نەبێ و چەوریی و ئاوی هەبێ.

**تەڕ و تازە** (ئان. ل)[تەڕ + و + تازە] ١ـ گژ و گیا و گوڵی شەق و تورت و تازە. ٢ـ (مجـ.) پێستی شەق و جوان و جەوان. ⁘ روخساری جوان و تەڕ و تازە بوو.

**تەڕ و تلیس** (نا. ل)[تەڕ + و + تلیس (تلیسان)] زۆر تەڕ، تەڕ و خووساو. **~ بوون:** بە تەواوەتی خووسان، زۆر تەڕ بوون. ⁘ هێندەی باران بە سەر داباریبوو، تەڕ و تلیس ببوو.

**تەڕوتووش** (ئان. ل)[تەڕ + و + تووش١/1] هەوای بارانی و هەور و نم. **~ بوون:** بارانی و نمدار بوونی هەوا.

**تەڕوتووشیی** (حم.)[تەڕوتووش + ئیی] چلۆنایەتی هەوای بارانی بە تایبەت لە بەهار دا، سەردەمی باران و قوڕ و چڵپاوی زۆر.

**تەڕ و ویشک** (نا. ل)[تەڕ + و + ویشک](کنـ.)١ـ خزمەت، ئاگاداریی لە منداڵ و نەخۆش. ٢ـ تێکڕایی چاک و خراپ یان گوناهکار و بێگوناه. **~ پێکەوە (دەگەڵ یەک) سووتان:** (کنـ.) تێداچوون و فەوتانی چاکە و خراپ یا تاوانکار و بێتاوان پێکەوە. **~کردنەوە:** (کنـ.) ئاگاداریی و پێڕاگەیشتن بەمنداڵ

و نەخـــۆش یا کـــەســـێکی کـــە توانـایی پێڕاگەیشتن بە خۆی نیە.

**تەڕە** (نا.)[پەه: تەرەک. ناو: تەڕە ـ زا: تـار، تاڕ] ١ـ مـــیـــوە و بەر و ســـەوزیـی بێستان. ٢ـ بڕ: کەوەر. ٣ـ بڕ: تەڕەزن.

**تەڕەبار** (نا. ل)[تـەڕە + بار] هـەمـــوو میوە و بەر و سەوزی بێستان.

**تـــەڕەبـــەهـــار** (ئـــان. ل)[تـەڕ + ئـە + بەهار] بەهاری تەڕ و پڕ باران.

**تەڕەبیـــرۆ** (نا. ل)[تـەڕ + ئە + بیـرۆ] جۆری تەڕی بیرۆ. // ویشکەبیرۆ. (بڕ: بیرۆ)

**تەڕەپیاز** (گیا.)[تەڕ + ئە + پیاز] بڕ: تەڕەپیواز

**تەڕەپیــواز** (گیا.)[تەڕ + ئە + پیـواز] گـیـــای ناسکی پیــواز کــە بەشــێکە لە ســـەوزیـی خـــواردن و بنکێکی چووکی هەیە، تەڕەپیاز.

**تەڕەتوو** (گیا.)[تەڕ + ئە + توو] تووی تەڕ و تازە.

**تەڕەتوورە** (گیا.)[تەڕە + تووڕ؟ + ئە] بڕ: تەڕەتیزە

**تەڕەتیزە** (گیا.)[تەڕە + تیز (تیژ) + ئە][پەش: تەرەتێزەک ـ فار: تەرەتیزەک ـ کـــرم: تەرتیـــزەک. باک: تووزک ـ ناو: تەڕەتیـــزە، تەڕەتوورە] گـــیـــایەکی یەک ســـاڵەی دەســـچـێنە، زۆر بەرز نابێـتـەوە، گـەڵای شکڵی بەیزی هـەیە، تامی تیـژە و دەگـەڵ ســـەوزی دیکە دەخـوریّ، ئاسن و فــۆســـفـــۆر و یۆدی هـەیە، Lepidium sativum ناوی لاتینی ئەم گـیـــایەیە. (عەر: حب الرشاد)

**تەڕەزا** (ئان. ل)[تەڕ + ئە + زا(زان)] حەیوانی تازەزاو، تەڕەزەن، تەڕەژەن.

**تـــەڕەزن** (نـــا. ل)[تـــەڕە + زن (زان)] مـــێـــرگ و زەوییـــەک کـــە ســـەرەبەهار دەژێتـــــــەوە و ئاوی هـەیە، تـەڕە، زنـە، تەڕازن.

**تـــەڕەزەن** (ئـــان. ل)[تـەڕ + ئـە + زەن (زان)] بڕ: تەڕەزا

**تـــەڕەژەن** (ئـــان. ل)[تـەڕ + ئـە + ژەن (زان)][ئەر] بڕ: تەڕەزا

**تەڕەســـاز** (نا. ل)[تەڕ + ئە + ســـاز] ورد کـــراوی شـــێلم و بڕوێش کـــە بـۆ ترخـێنەی ئامـادە دەکـەن بـەر لەوەی کـە ویشکی بکەن (بڕ: ترخێنە)

**تەڕەساڵ** (ئان. ل)[تەڕ + ئە + ســاڵ] ساڵی تەڕ و تووش و پڕ باران.

**تەڕەف** (نا.)[عـــــەر: طرف] ١ـ لا، سووچ، دەورووبەر. ٢ـ لایەن، لا، جەهەت. ٣ـ غەنیم، حەریف. ٤ـ کەسی بەرامبەر لە قـســە و وتووێژ و شـتـی لەم بابـەتە. ⁘ وڵامی تەڕەفەکەی نەداوە و پشتی تێکرد. **~ بوون:** ١ـ بـە شــــــەڕ هـاتـن و بەربەرەکانی دەگەڵ غـەنیم و حـەریف. ٢ـ رووبەڕوو بـوون، تووش بـوون. **~ بوون دەگـــەڵ کـــەســـێک:** دوژمـن بـوون، دوژمنایەتی کردن، دەگەڵ بە شـەڕ هـاتن. ⁘ نازانم چـم کـردوە هـەمـوو دەگــەڵ من تەڕەفن. **~ ی کـەســێک گــرتن:** لایەنگریی لە کەسێک کردن، لای کەسێک گرتن.

**تەڕەفــدار** (ئـان. فــا)[تـەڕەف/٢ + دار2] لاگر، لایەنگر، هەوادار.

**تەڕەفداریی** (حم.)[تەڕەفـدار + ئیی] لایەنگریی، لاگریی.

**تەڕەفـرۆش** (نا. فـا)[تـەڕە + فـرۆش] کـەسـێک کـە سـەوزی و بەری بێـسـتـان دەفرۆشێ، سەوزییفرۆش.

**تەڕەفـرۆشــیی** (حم.)[تەڕەفـرۆش + ئیی] ١ـ کـار و پیشـەی تـەڕەفـرۆش. ٢ـ (نا. ل) دوکـــان و شـــوێنی ســـەوزیی فرۆشتن.

**تەڕەکاریی** (حم.)[تەڕە + کار (کاڵ2) + ئیی] ١ـ داچاندنی ســـەوزی و بـەری بێستان. ٢ـ (نا. ل) کاری داچاندنی بەر و میوەی بێستان و سەوزیی.

**تەڕەکاڵ** (نا. ل)[تەڕ + ئە + کاڵ2] ١ـ کێڵان و شێوە کردنی زەوی بە تەڕیی. ٢ـ کشتوکاڵی بەراو، گەنمی بەراو.

**تەڕەمــــاست** (نا. ل)[تـەڕ + ئـە + مـاست] ١ـ مـاسـتـێکە کـە دوای هـەوێن کردن و مەیین، پیوی بە سەر دادەکەن و لە شــوێنێکی ســاردی وەک ئەشکەوت دایدەنێن و بۆ زســتـــان دەیخــۆن، ئەو ماسـتـە مـاوەیەکی زۆر خـۆی رادەگرێ و ناترشێ و تـامــیـشـی زۆر خــۆشــە. ٢ـ برێتییە لە کەرە یا سەرتوێژی ماست و شیر کە لە پایز دا چین چین دائەنرێت لە پێستە یا لە دیزە دا بۆ ئەوەی لە زستان دا بخورێت (کشت و کاڵ ب ١ ل ٩٠).

**تەڕەمـاش** (نا. ل)[تەڕ + ئـە + مـاش] ١ـ ماشی تەڕ و تازە کە هێشتا لە کەلوو دایە و ویشک نەبوە،، مـاشی فـەریک ٢ـ (کنـ.) شتی بێ نرخ و هیچ. & ترەماش.

**تەڕ یا ئیــشک** (نا. ل)[تەڕ + یا + ئیشک] ١ـ کایە و قـومـارێکی دووکەسی منداڵانە کــە لایەکی بـەردێکی پان تـەڕ

دەکەن و لایەکەی دیکە بە ئیشکی دەمێنێتەوە. یەک لەوان بەردەکە هەڵداوە و دەڵێ تەڕ یا ئیشک و لایەکەی دیکە دەبێ یەکێک لەوانە بڵێ. کاتێک بەردەکە کەوت براوە ئەو کەسەیە کە راستی کوتبێ و پارە یا شتێکی دیکە کە قوماریان لە سەر کردبێ دەدۆڕێ. ئەم کایە و قومارە زۆرتر بە پارە دەکردرێ پێی دەڵێن شێر یا خەت و لە کاتی نەبوونی پارە بە بەرد دەیکەن. ٢ـ لە کاتی یاری دوو کەس یا دوو دەستە بۆ ئەوەی کە کام لا لە پێش دا دەست پێ بکا تەڕ یا ئیشکی دەکەن. & تەڕیائیشکە.

**تەڕ یا ئیشکە** (نا. ل)[تەڕ + یا + ئیشک + ئە] بڕ: تەڕیا ئیشک

**تەڕیزە** (ئا.)[هس: تریزە] ١ـ بۆشایی کەلەکە، خاڵیگە. ٢ـ کەفەڵ، تەراف.

**تەڕیی** (حم.)[تەڕ + ئیی] ١ـ تەڕ بوون. ٢ـ (نا.) شوێنی تەڕ و ئاودار، نم و تەڕایی. ٣ـ تازەیی، ناسکیی، شلکیی، جوانیی. **لە ~ خواردن و لە ویشکی نوستن:** (کنـ.) هەست بە بەرپرسایەتی نەکردن، گوێ نەبزووتن بە کاروبار و هیچ نەکردن.

**تەز** (نا.)[لە: تەزین][باک: تەڤز ـ ناو: تەز ـ هەو: تۆس] ١ـ سڕ. ٢ـ تەزوو، موچڕک. ٣ـ سارد، فێنک.

**تەزان** (چا. ل) بڕ: تەزین

**تەزاندن** (چا. م)[لە: تەزین][باک: تەڤزاندن ـ ناو: تەزاندن، تەزانن ـ هەو: تۆسنای] ١ـ سڕ کردن، بێ هەست کردن. ٢ـ لێدانی توند وەها کە شوێنی لێدان سوور هەڵگەڕێ و بتەزێ. ٣ـ (کنـ.) تەمێ کردن. ٤ـ سڕ کردن بە سەرما و ساردی. ∷ ئەو ئاوە هێندە سارد بوو کەللەی تەزاندم.

**تەزانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: تەزاندن

**تەزبی** (نا.) بڕ: تەسبێح

**تەزبێح** (نا.) بڕ: تەسبێح

**تەزتەزۆک** (گیانـ.)[باک] بڕ: هەلەکە

**تەزروو** (گیانـ.) بڕ: تەزەرو

**تەزرە** (نا.) بڕ: تەرزە

**تەزکەرە** (نا.)[عەر: تذکرة] ١ـ بەڵگە و پێناسی هاتووچۆ لە وڵاتێک بۆ وڵاتانی دیکە، پاساپۆرت، پەساپۆرت، پاسپۆرت، پاس. ٢ـ شەرحی حاڵ، کتێب یا گردەکۆیەک سەبارەت بە ژیانی نووسەران و شاعیران و ناوداران. &

تەسکەرە. ~ **خـــوێندنەوە:** بن و بنەچەکەی کەسێک لێکدانەوە.

**تەزوو** (نا. ل)[تەز + ئوو] ١ـ مچوڕک، تۆسی. ٢ـ کزەی سەرما. ~ **پیاهاتن:** بڕ: تەزوو پێداهاتن. ~ **پێداهاتن:** مچوڕک پێدا هاتن، راست بوونەوەی تووکی لەش، تەزوو پیاهاتن.

**تەزە** (ئان.)[باک ـ زا] بڕ: تازە

**تەزەرو** (گیان.)[پەه: تیتەر ـ سان: تیتتیری] باڵندەیەکە بە قەرا مریشک، نێرەکەی هەر شێوەی کەڵەباب دەدا بەڵام لە جیات پۆپەی گۆشتن کاکۆڵی هەیە و کلکی درێژترە. مێیەکەی رەنگ و جوانی نێرەکەی نیە و رەنگی تڵخترە، خۆراکیان دان و بەر و حەشەرەیە، سەرەتای بەهار جووت دەبن. مێیەکە هێلانەی لە سەر زەوی دەکا و دە هێلکەی دەنێتەوە و ٢٤ رۆژ لە سەری دەخەوێ. گۆشتیان خۆش و بەتامە و هەر لەبەر ئەوە راو دەکرێ بەڵام ئێستاکە ژمارەیان زۆر زۆر کەم بۆتەوە و بەرەو فەوتانن، Phasianus ناوی لاتینی ئەم ماڵەیە، تەزروو، کەڵەبابی کێویی (نێر)، مریشکی کێویی (مێ)، چوڕ، چوڕپۆڕ، چۆڕ، قرقاوڵ. :: بوڵبوڵ گوڵشەن بێنام و نەنگی/ تەزەرو سەر سەر و باغچەی بێڕەنگی (مەولەوی ل ٧٣). سیمین بەدەن و سەرو قەد و لەنجە تەزەرون/ کافر نیگەهـ و رەشک لە بوتخانەیی چین (نالی ل ٣٣٨).

**تەزین** (چا. ل)[باک: تەڤزین ـ ناو: تەزین، تەزان ـ هەو: تۆسای] ١ـ سڕ بوون و بێ هەست بوونی دەست و پێ یا شوێنێکی لەش لە بەر چاک خوێن پێ نەگەیشتن. ٢ـ سڕ بوون لە بەر سەرما. ٣ـ گێژ و کاس بوون لە بەر رووداوێک.

**تەزیگ** (نا. مف.)[ئەر] بڕ: تەزیو

**تەزیو** (نا. مف.)[لە: تەزین] ١ـ ئەندامێک یا شوێنێکی لەش کە لە بەر خوێن پێ نەگەیشتن سڕ بووبێ. ٢ـ سڕ بوو لە بەر سەرما. ٣ـ گێژ و کاس لە بەر رووداوێک. ٤ـ تەمێ کراو. & تەزیگ

**تەزێن** (ر.)[لە: تەزاندن] ١ـ ریشەی چاوگی تەزاندن. ٢ـ بە ناوەوە دەلکێ و ناوی فاعیل ساز دەکا و مانای تەزێنەر دەدا. :: کەللەتەزێن، دڵتەزێن، گورچووتەزێن.

**تەژبی** (نا. چا.)[عەر: تشبیە] وێچوون، هاوێنە، وەک، تەژبیات. ~ **کردن:** وێچواندن، شتێک بە شتێک وێچواندن.

**تەژبیات** (نا.)[عەر: تشبیهات] کۆی تەژبی کە لە کوردیی دا هەروەک تاک کەلکی لێوەردەگرن. ⁝ تەژبیات بە تۆ نەبێ کابرایەکی زۆر نەفام بوو.

**تەژدید** (نا. چا)[عەر: تجدید] ئاکامی کەوتن و دەرنەچوون لە دەرس و دەورێک کە لە ئیمتەحانی دوایی ساڵ. **~بوون:** کەوتن و دەرنەچوون لە دەرس یا دەرسگەلێک لە ئیمتەحانی دوایی ساڵ، نومرەی کەمتر لە رادەی دیاری کراو هێنانەوە ⁝ لە ریازی و شیمی تەژدید بووم.

**تەژدیدیی** (نا. ل)[تەژدید + ئیی] ئەو دەرسانەی کە خوێندکار و شاگرد لێی دەکەون و پێویستە سەرلەنوێ ئیمتەحانی لە سەر بدەنەوە. **~ هەبوون:** تەژدیدیی هێنانەوە، تەژدید بوون. **~ هێنانەوە:** تەژدید بوون و دەرنەچوون. ⁝ سێ تەژدیدیم هێناوەتەوە

**تەژنە** (ئان.)[هەو] بڕ: تینوو

**تەژە** 1 (گیانـ.) بڕ: تەگە.

**تەژە** 2 (نا.)[؟] ١ـ داری رایەڵی سەر دیوار، کاریتە، باڵار، حەماڵ. ٢ـ (ئان.) مرۆڤی کەڵەگەت و درێژ و نالەبار، حۆڵ.

**تەژی** (ئان.)[باک] بڕ: تژی

**تەس** 1 (وشـد.) دەنگ دانی ئاژەڵ بۆ ئەوەی کە پاشەوپاش بگەڕێتەوە.

**تەس** 2 (نا.) بڕ: تەسە

**تەسادوف** (نا. چا)[عەر: تصادف] ١ـ پێشهات. ٢ـ هەڵکەوت. ٣ـ وێکەوتن. **~ کردن:** ١ـ وێکەوتنی دوو ماشێن یا کەرەسەی دیکەی لەم بابەتە. ٢ـ وەبەر کەوتن، تووشی تەسادوف بوون.

**تەسبێح** (نا.)[عەر: تسبیح] ١ـ جۆرێک لیزگە موورووی دەستی پیاوانە کە بۆ خۆ خافڵاندن دەیگێڕن و لە سەر نوێژیش ژن و پیاو بۆ ناوی خودا هێنان و بژاردن کەلکی لێوەردەگرن و پتر سەد و یەک دەنکە، تەزبێح، تەزبی. ٢ـ (نا. چا) زیکری خودا، یادی خودا. **~ گێڕان:** دەنک دەنک هاویشتنی تەسبێح بۆ خۆ خافڵاندن و بژاردنی ناو خودا و شتی لەم بابەتە. **~ هەڵخڵاندن:** تەسبێح هەڵسووڕاندن و هەڵاویشتن بێ هیچ مەبەستێک. ‖ **تەسبێحی شامەقسوودیی:** جۆرێک تەسبێح کە لە بەردێکی تایبەتی سازی دەکەن و رەنگێکی زەردی ئاماڵ سەوزی هەیە. **تەسبێحی قەزوان:** تەسبێحێک کە لە

دەنکی قەزوان ساز کردبێ.

**تەسبێحات** (نا.)[عەر: تسبیحات کۆی: تەسبیح] سبحان الله کردن و ناوی خودا بردن. **~ کردن:** ناوی خودا بردن و سوبحان الله کوتن.

**تەسخیر** (نا. چا)[عەر: تسخیر] رام، دەستەمۆ. ⁂ بە ئەفسوون و دوعا تەسخیری ئەو شۆخە چ ئیمکانە/ خەیاڵی خاوە عەنقا ناکەوێتە داوی ئەفسانە (مەحوی ل ٢٧٧). ٢ـ داگیر. **~ کوون:** ١ـ رام کردن، دەستەمۆ کردن. ٢ـ داگیر کردن، وە چنگ خستن، دەست بە سەر داگرتن.

**تەسدیق** (نا.)[عەر: تصدیق] ١ـ ئیزنی لێخورینی ماشێن و مەکینەی لێخورین. ٢ـ گەواهی تەواو کردنی پۆلی سەرەتایی یا ساڵی شەشەم لە کۆن دا (کوردستانی ئێران).

**تەسک** (ئان.)[باک: تەسک ـ ناو: تەسک] ١ـ چلۆنایەتی هەر شتێک کە بەرفرەوان نەبێ و پانایی کەم بێ، کەمبەر. ٢ـ تەنگ.

**تەسک و ترووسک** (ئان. ل)[تەسک + و + ترووسک] زۆر تەسک.

**تەسکەرە** (نا.)[عەر: تذکرة] بڕ: تەزکەرە

**تەسکین** (نا. چا)[عەر: تسکین] ئارام بوون، سووکنایی. **~ هاتن:** سوکنایی هاتن، ئارام بوونەوە. **~ بە هیچ نەهاتن:** سوکنایی بە هیچ شتێک و کەسێک نەهاتن، زۆر نائارام بوون. ⁂ لەباتی خوێنی خۆم وەک زولفی، تەسکینم بە هیچ نایە/ مەگەر دەستی شکستەی خۆم لە گەردنی زەردی وەربێنم (وەفایی ل ٦٧).

**تەسلیم** (نا. چا)[عەر: تسلیم] ١ـ مل دان بە حوکمی کەسێک، قەبووڵ کردن. ٢ـ خۆ بە دەستەوە دان. ٣ـ تەحویل. **~ بوون:** ١ـ مل دان بە حوکمی کەسێک، لە ئاکام قەبووڵ کردن. ٢ـ خۆ بە دەستەوە دان بە دوژمن. ٣ـ خۆ لە ئیختیار کەسێک نان. **~ بە خاک کردن:** دە قەبر نان، تەحویلی خاک دان، ناشتن. **~ کوون:** ١ـ شتێک دانە دەست کەسێک، تەحویل دان. ⁂ نامە و ئامانەتەکەی باوکی تەسلیمی مامی کرد و گەڕاوە. ٢ـ دانە دەست دوژمن، کەسێک تەحویلی دوژمن دان. **~ کردنەوە:** تەحویل دانەوە، دانەوە دەست.

**تەسویر** (نا. چا)[عەر: تصویر] ١ـ

وێنە و نەقشی کێشراوە. ٢ـ وێنە، عەکس، رەسم. ⁘ لە دڵما نەقشی ناوی تۆ لە دیدەم بەژن و باڵاکەت/ کە دیم ئەم رەسم و تەسویرە چ ئیحتیاجم بە بینینە (ئەحمەد موختار ل ٧٠).

**تەسوو** (نا.)[عەر: طسوج لە پەه: تەسۆم، تەسوم] ١ـ چارەگ، بەشێک لە چوار بەش، چوار یەک. ٢ـ یەکەیەکی کێشانە بەرابەر دەگەڵ چارەگە دانگێک.

**تەسە** (نا.)[بڕ: تاس، تەشت] ١ـ تەبەکی نان، تەبەق، نانێن. ⁘ تەسەی پڕ ئاشتیی ماڵە (پەند ل ١٥٩). ٢ـ [هەو] تەشتی هەویر شێلان، دۆڵە. & تەس

**تەسەل** (ئان.)[؟] تێر، تێر.نان. ~ **بوون:** تێر بوون. ~ **کوون:** تێر کردن.

**تەشاوی** (نا. ل)[تەشە؟ + ئاوی؟] [ئەر] کونی دیوار و بان بۆ رووناکی و دەرچوونی دووکەڵ، کولانە، کوناوەجە، تەشە.

**تەشبی** (نا.)[ئەر] ١ـ بڕ: تەشپی ٢ـ بڕ: تەبەقەتڕانە

**تەشبی تڕانە** (نا. ل)[تەشبی (تەشپی) + تڕ + ئانە][ئەر] بڕ: تەبەقەتڕانە

**تەشپی** (نا.)[هس: تەشت] ١ـ دەوری پەلی چێویی. ٢ـ تەبەکی چێویی یا کانزا.& تەشبی، تەپسی.

**تەشپی تڕانە** (نا. ل)[تەشپی + تڕ + ئانە] بڕ: تەبەقەتڕانە

**تەشپی تڕێن** (ئان. ل)[تەشپی + تڕێن (تڕاندن)][کنـ.] کەسێک کە زۆر دەخوا، زۆرخۆر

**تەشپیلۆکە** (نا. ل)[تەشپی + لۆکە] تەشپی بچووک، تەشپیلە.

**تەشپیلە** (نا. ل)[تەشپی + لە] تەشپی بچووک، تەشپیلۆکە.

**تەشت** (نا.)[ئەو: تەشتە ـ پەه: تەشت، تیشت. باک: تەشت ـ ناو: تەشت ـ هەو: تەشت، تەشتە ـ زا: تەشت] دەفرێکی گەورە و خڕ و هەندێک قووڵی تەنەکە یا پلاستیکی کە پتر بۆ شت تێدا شووشتن کەلکی لێوەردەگرن.

**تەشتۆلکە** (نا. ل)[تەشت + ئۆلکە] تەشتی چکۆڵە، تەشتەلۆکە، تەشتوولکە.

**تەشتوولکە** (نا. ل)[تەشت + ئوولکە] تەشتی چکۆڵە، تەشتەلۆکە.

**تەشتارە** (نا.)[بڕ: چێشت][زا] نیوەڕۆ

**تەشتە** (نا.)[هەو] بڕ: تەشت

**تەشتـەلۆكـە** (نا. ل)[تەشت + ئە + لۆکە] تەشتی چکۆڵە، تەشتوولکە.

**تەشتی** (نا.)[بڕ: چێشت][زا] چێشتی نیوەڕۆ، نەهار.

**تەشخەڵە** (نا.) بڕ: تەشقەڵە

**تەشریف** (نا. چا)[عەر: تشریف] ١ـ ڕێز و شەرەف دانان، گەورەیی کردن. ٢ـ وشەی ڕێز بۆ هەرکەسێکی ڕێزدار و مەزن و دەستەڵاتدار. :: ئاغا تەشریفیان لە خەو هەستا. شێخ تەشریفی هەڵستا، ڕۆیشتەوە بۆ ماڵ. ~ **بردن:** ڕۆیشتنی کەسێکی گەورە و بەڕێز. ~ **هێنان:** هاتنی کەسێکی مەزن و بەڕێز.

**تەشق**[1] (نا.)[بڕ: تەشک] پەرپەرۆچکە، تەشک. || **تەشقی ئاسمان:** بڕ: تەشکی ئاسمان.

**تەشق**[2] (نا.)[؟][ناو: تەشک، تەشق، تەوشق، تەوشک] تەوژم و هێزی سەرما، توندوتیژیی هەوا. ~ **شکان:** دابەزینی پلەی سەرما و بەرەو گەرمی چوون. ~ **ی ئەرز (عەرز) و ئاسمان شکان:** دابەزینی تەوژمی سەرمای زستان دوای چلەکان و بەرە بەرە گەرمتر بوون.

**تەشقەڵە** (نا.)[؟] شڵتاغ، دەببە، گێچەڵ، گەڕ و فێڵ، قەرقەشە. ~ **پێکردن:** شڵتاغ بە کەسێک فرۆشتن، هات و هەرا ساز کردنی بە درۆ، گێچەڵ ساز کردن بۆ کەسێک. ~**ساز کردن:** گێچەڵ ساز کردن، هات و هەرا پێک هێنان. ~ **کردن:** گەڕ و فێڵ دەرهێنان، شڵتاغ کردن.

**تەشقەڵەباز** (ئان. فا)[تەشقەڵە + باز4] کەسێک کە دەببە دەردێنێ و هات و هەرا ساز دەکا، گێچەڵ فرۆش، شڵتاغباز. ~**بوون:** شڵتاغباز بوون.

**تەشقەڵەبازیی** (حم.)[تەشقڵەباز + ئیی] کاری تەشقەڵەباز، شڵتاغبازیی، تەشقەڵەباز بوون.

**تەشک**[1] (نا.)[پەه: تەشکەنەک، تەشکووک] ١ـ داوێن، بەر داوێن. ٢ـ [باک] لاق، لەتەر. ٣ـ [ئەر] ریخت، قەڵافەت، قەوارە. :: بەدتەشک. ٤ـ پەرپەرۆچکە، تەشق، تاق || **تەشکی ئاسمان:** بنەبانی ئاسمان، پەرپەرۆچکەی ئاسمان، تەشقی ئاسمان، تاقی ئاسمان. :: ئەوجار هەستەوە برۆ بەرەو ژوور/ مەوێستە هەتا تەشکی ئاسمان (تاریک و روون ل ١١٨).

**تەشک**[2] (نا.) بڕ: تەشق2

**تەشک و داوێن** (نا. ل)[تەشک + و + داوێن] داوێن، سەر و خواری داوێن. ⁖ ئاو چۆڕچۆڕ لە تەشک و داوێنیان دەتکێ (هاوارەبەرە ل ٥٩).

**تەشکبەرە** (نا. ل)[تەشک + ئە + بەرە] بەرەی درێژووکە.

**تەشکیلات** (نا.)[عەر: تشکیلات] یانە و سازمانی دامەزێنراو بۆ بەڕێوە بردنی ئەرک و کارێک کە کۆمەڵێکی بۆ تەرخان کراوە.

**تەشنە** (ئان.) ١ـ [هەو] بڕ: تینوو. ٢ـ [فار: تشنە][کلاسیک] تینوو، توونی. ⁖ خاڵی سەر چاهی زەنەخدانت چ شیرینە دەڵێی/ هیندوێکی تەشنەیی جۆیایی ئابی زەمزەمە (وەفایی ل ١٣٧).

**تەشوو** (نا.) بڕ: تەشوێ

**تەشوێ** (نا.)[هیک: تەکش ـ ئەو: تەشە ـ هەخ: تەشنە ـ پەه: تیشەک، تێش. روس: teslo. باک: تەڤشۆ، تەڤشوو، تەڤشۆ ـ ناو: تەشوو، تەشوێ، تەپشوو، تەمشوو، تەمشوێ، تەوشوو، تەوشوێ، ترشتە، ترێشتە ـ هەو: تریشتە] ئامرازێکە وەکوو چەکووچ بەڵام دمی پان و تیژە و نەجار بۆ دارتاشین کەلکی لێوەردەگرن.

**تێبینی:** تەشوێ و هاوڕیشەکانی لە ڕەگی چاوگی تاشین کەوتوون.

**تەشە**[1] (نا.)[؟][ئەر] کوناوەجە، کولانە، تەشاوی.

**تەشە**[2] (نا.)[؟][باک] بیچم، شکڵ، شوبار، تەرح و دیدار.

**تەشەر** (نا.)[لوڕ: تەشەر. فار: تەشەر ـ بیر: تەشەر. ناو: تەشەر ـ هەو: تەشەرە] قسەی بە توێکڵ، تەوس، تانە، توانج. **~ لێدان:** قسەیەکی بە توێکل بە کەسێک کوتن بۆ وە بیر هێنانەوەی کار و کردەوەیەکی نابەجێ، تانە لێدان، تەشەر هاویشتن. **~ هاویشتن:** بڕ: تەشەر لێدان.

**تەشەرە** (نا.)[هەو] بڕ: تەشەر

**تەشەککور** (نا. چا.)[عەر: تشکر] سپاس، مەمنوون. **~ کردن:** سپاس کردن، مەمنوون بوون. **~ لێکردن:** سپاس لێکردن، لێ مەمنوون بوون.

**تەشەن** (ئان.) بڕ: تەشەنا. **~ کردن:** بڕ: تەشەنا کردن. ⁖ دڵی من کون کونی ئەو نەشتەرەیە/ تەشەنی کردوە جەرگم دێشێ (حەقیقی ل ١٨٠). **~ هێنانەوە:** سەر هەڵدانەوەی برین، تەشەنا بوونەوە.

:: قسە ناخۆشە وەکوو جێگای دەمی مار پاشی حەو ساڵان لە پیاوی دێنێتەوە تەشەنێ (لاس و خەزاڵ ل ٩٠) جێ دەمی مار پاش حەوت ساڵان تەشەنی هێناوە (مێر و وەفا ل ٧١). **لە ~ دابوون:** برین و ناسۆرێک کە چاک نەبووبێتە و تەشەنا بێنێتەوە. :: من بەبێ تۆ کە دەپرسی چۆنم/ لە تەشەن دایە برینی کۆنم (بۆ کوردستان ل ١١٨).

**تەشەندار** (ئان. فا)[تەشەن + دار2] حاڵی برینی کەسێک کە تەشەنا بکا. :: ئەوە تیرێکی لە گرێی پشتی من داوە/ .../ دەنا ئەو تیرە تەشەندارە، جەرگم پڕ دەکا لە خوێن و زووخاوە (شۆڕمەحموود ل ٦٧)

**تەشەنا** (ئان.)[باک: تەشەنە ـ ناو: تەشەنا، تەشەنە، تەشەن ـ هەو: تەشەنە] کێم و زووخاوی کۆنەبرین و ناسۆر و کوان. **~ بوونەوە:** ١ـ سەرهەڵدانەوەی برین و ناسۆر دوای چاک بوونەوە. :: تەشەنا بۆتەوە ناسۆری دەروونم دیسان/ زامی کۆنە و بە مەی کۆنی دەبێ مەڵهەم کەم (هێمن ؟) ٢ـ پەرە گرتن و زیاد بوون و سەرهەڵدانەوەی کوان و زیپکە. & تەشەنە بوونەوە، تەشەن هێنانەوە. **~ کردن:** ١ـ سەرهەڵدانەوەی برین و ناسۆر. ٢ـ سەرهەڵدانەوەی کوان و زیپکە. & تەشەنە کردن.

**تەشەنە** (ئان.) بڕ: تەشەنا. **~ بوونەوە:** بڕ: تەشەنا بوونەوە. **~ کردن:** بڕ: تەشەنا کردن.

**تەشی** (نا.)[باک: تەشی ـ ناو: تەشی] ئامرازێکی ساکاری بەن و ریس ساز کردنە لە خوری و شتی لەم بابەتە کە لە چێو ساز دەکردرێ. تەشی سەرێکی خڕ و کلکێکی باریکی هەیە کە کلکەکەی بە رانەوە دەنێن و بای دەدەن و بەمجۆرە هەوداکانی خوری دەڕێسرێن، لەتەرە. **~ ڕێستن (رستن):** رستنی خوری بە تەشی بۆ ساز کردنی ڕێس. **~ لە بەر کەسێک ڕێستن (رستن):** (کن.) خۆ نواندن و ماستاو کردن لە ئاست کەسێک، کلکەسووتە کردن، مەرایی کردن. :: راستە ئەویش وەک هەموو دەستوپێوەندی شایان ریاییباز و درۆزن بوە و زۆری تەشی لەبەر شاعەبباسی رستوە و بە بەژن و باڵای ئەو شا بەدفەڕ و خوێنڕێژەی هەڵگوتوە... (دمدم ل ٧).

**تێبینی:** تەشی لە چاوگی ئەوێستایی

تەش و تاشینی کوردیی کەوتوە.

**تەشیرێس** (ئان. فا)[تەشی + رێس لە: تەشی رێستن] ١ـ ژنێک کە تەشی دەڕێسێ. ٢ـ (کنـ.) ریاکار، زمانلووس، ماستاوکەر.

**تەشیرێسک** (گیانـ.)[تەشیرێس + ک][باک] بڕ: هەلەکە

**تەشیرێسیی** (حم.)[تەشیرێس + ئیی] ١ـ کاری تەشی رێستن. ٢ـ (کنـ.) ریایی، زمانلووسیی.

**تەشیلۆک** (گیانـ.)[باک] بڕ: هەلەکە

**تەشیلە** (نا. ل)[تەشی + لە] ١ـ غەرغەرە یا خولخولەیەکی دارینە کە ماشەری لە سەر هەڵدەکەن و دەیکەنە گڵۆڵە. ٢ـ لۆکە یا خوری رێسراو کە لە دووخ داماڵرابێ.

**تەشیهەڵکەر** (نا. ل)[تەشی + هەڵکەر (هەڵکردن)] ئامێرێکە کە لە دار یا شتی دیکە سازی دەکەن و ریسی لە سەر هەڵدەکەن.

**تەعاروف** (نا. چا)[عەر: تعارف] ١ـ ناسیاوی، ناساندن. ٢ـ قسە و کرداری رێزدارانە. ٣ـ بەش دان و دانە دەست و پێشکەش بە رێزەوە. ٣ـ دەربڕینی ناچارانە لە بەر رێز و داب و نەریت. **پێ ~ کردن:** درێژ کردن و دانە دەستی شتێک بە کەسێک بە رێز و حورمەتەوە. **~ کردن:** ١ـ بە راست نەبوون و جیددی نەبوونی بابەت و مەسەلەیەک کە لەبەر رێز دەردەبردرێ. ፡፡ ئەوەی کە دەڵێی وەرن و میوانم بن، تەعاروف دەکەی دەزانم ئیمکاناتت نیە!. تەعاروف ناکەم بە راستیمە. ٢ـ پێشکەش کردن، دانە دەست بە رێزەوە، پێ تەعاروف کردن. ፡፡ سیگارێکی تەعاروف کرد. ٣ـ ناساندن، پێناساندن، یەکتر ناسین. **لە ~ دەرچوون:** تەعاروف نەکردن، شەرم نەکردن و راستیی دەربڕین، تەعاروف وەلانان. ፡፡ لە تەعاروف دەرچێ دەتوانی خەرجی ئەم میوانییە بدەی یا من یارمەتیت بدەم.

**تەعاروفات** (نا.)[عەر: تعارفات کۆی: تعارف] کۆمەڵە کردار و قسەیەک کە زۆر جیددی نەبن و لەبەر رێز و داب و نەریت دەربڕدرێن. ፡፡ ئەو تەعاروفاتە وەلا بنێ خۆ من بێگانە نیم.

**تەعاروفیی** (ئان. ل)[تەعاروف + ئیی] حاڵی کەسێک کە لە پێوەندی دا زۆر پابەندی تەعاروف کردنە. **~ بوون:** پابەندی تەعاروف بوون. ፡፡ من

پیاوێکی تەعاروفی نیم ئەوەی دەیڵێم و دەمەوێ قسەی دڵمە.

**تەعام** (نا.)[عەر: طعام] چێشت، خۆراک، خواردەمەنی. **~ کردن:** ١- خواردن. ٢- چێژتن، تام کردن.

**تەعریف** (نا. چا) بڕ: تاریف

**تەعزیم** (نا. چا)[عەر: تعظیم] ١- بە گەورە دانان، گەورە گرتن. ٢- کڕنۆش. **~ کردن:** ١- بە گەورە دانان، ڕێزی گەورەیی گرتن. ٢- داهاتنەوە، کڕنۆش بردن بۆ گەورەپیاوان.

**تەعل** (ئان.)[باک] بڕ: تاڵ

**تەعلیم** (نا. چا)[عەر: تعلیم] پەروەردە، بار، تەربیەت. **~ دان:** فێر کردن و ڕاهێنان، بار هێنان، تەربیەت کردن، عاملاندن.

**تەعنە** (نا.)[عەر: طعنة] بڕ: تانە1

**تەعویز** (نا.)[عەر: تعویذ] دوعای نووسراوە و پێچراوە کە دە ملی دەکەن یا لە باسکی دەبەستن، نوشتە، نیشتوو.

**تەعویزبەند** (نا. ل)[تەعویز + بەند/٦] بەنی بەستنی نوشتە. ※ تەعویزبەند ریشەی دڵەی سەد پارەم/ بەرگش پەڕەی جەرگ وە دەرد ئاوارەم (مەولەوی ل ٢٣٢).

**تەعەددا** (نا. چا)[عەر: تعدی] دەستدرێژیی، زوڵم و ناهەقیی. **~ لێکردن:** زوڵم لێکردن، دەستدرێژیی لە کەسێک کردن.

**تەعەسسوب** (نا. چا)[عەر: تعصب] ١- لاینگریی و بڕوای توند و تیژی بەبێ لێکدانەوە سەبارەت بە باوەڕ و مەسەلەیەک. ٢- توند و تیژیی، سەختگیریی.

**تەغار** (نا.)[تور: طغار] یەکەیەکی کێشان یا پێوانی دەغڵ و دانە کە لە هەر ناوچەی ئەندازە و رادەکەی فەرقی هەیە (بە پێی یاسای غازان خانی مەغوول بەرابەری دە کیلۆ) لە موکریان بەرابەرە دەگەڵ چوار پووت یا چوار تەنەکە کە دەبێتە ٦٤ کیلۆ، و لە کوردستانی عێراق ٦٤ تەنەکەیە، تەخار.

**تێبینی:** فەرهەنگی خاڵ و فەرهەنگی کشت و کاڵ ئەم رادەیەیان بە سی ربە نووسیوە. کتێبی فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری بە چل ربەی نووسیوە، فەرهەنگی مەردووخ بە سی مەن - ی داناوە، لە فەرهەنگی وەهبی دا ئەم رادەیە بە دوو تۆن (٢٠٠٠ کیلۆ)

نووسراوه.

**تەغـــاراو** (نا. ل)[تـەغـار + ئاو1] ١ـ دەفرێکی گڵێنەی زلی سەر ئاوەڵە بۆ ئاو تێکردن. ٢ـ دەفـرێکە کـە پینەچی ئاوی تێدەکەن و چەرمی تێدا دەخووسێنن. & تەخاراو.

**تەغـەلوب** (نا. چا)[عـەر: تقلب] ١ـ ناڕاستیی، دەغـەڵیی. ٢ـ نووسـراوەیەک کە خوێندکار لە کاتی ئیمتەحان بە دزی سـەیری دەکـا و لە رووی دەنووسێتەوە. ٣ـ هەر چەشنە کەلک وەرگرتنێکی ناڕەوا و ئیـزن پێنەدراو لـە تاقی کـردنەوە و مـەسـەلەی دیکە دا. **~ کـردن:** ١ـ لە رووی کـەسـێکی دیکە نووسـینەوە یان کـەلک وەرگـرتن لە نووسـراوەی دیکە لە کـاتی ئیمتـەحـان دا. ٢ـ لە رووی کـاری کـەسـێکی دیکە کـاری خـۆ نـواندن و نیـشـان دان، ناڕاسـتی لە نیـشـاندنی کاری خۆ.

**تەغـەلوبیی** (حم.)[تەغـەلوب + ئیی] جنس و کـەرەسـەیەک کـە ئەسڵ نەبێ، قەڵب.

**تەف** (نا.)[؟] لە سـەر باری لووس چەقینی جگ، شەگگە.

**تەفـاوەت** (نا. چا)[عـەر: تفـاوت] ١ـ فـەرق، جـیـاوازیی. ٢ـ لێک جـیـا و لێک دوور، جـیـاواز. **~ کـردن:** فـەرق کـردن. **~ هەبوون:** فـەرق هەبوون، جیاواز بوون.

**تەفت** (نا.)[؟][ئـەر] سـەوەتەیەکی چێویی کە میوەی تێدەکەن.

**تەفتیش** (نا. چا)[عەر: تفتیش] کاری پشکنین و گەڕان. **~ کردن:** گەڕان، بە وردی پشکنین.

**تەفـتـیـک** (نا.)[تور: tiftik][باک] مووی نەرمی بزنە مەرەز، تفتک.

**تەفـر و توونا** (نا. ل)[تـەفـر؟ + و + توونا] ١ـ نـابوود، فـەوتاو، فـەنا. ٢ـ لێک بـڵاو، دەربـەدەر و ئـاوارە. & تـەرت و توونا. **~ بوون:** ١ـ فـەوتان، نابوود بوون. ٢ـ دەربەدەر و ئاوارە بـوون، لێک بڵاو بوون. **~ کردن:** ١ـ نابوود کـردن، فەوتاندن. ٢ـ دەربەدەر و ئاوارە کردن.

**تەفرە** (نا.)[عـەر: تفـرة] ١ـ فـریو. ٢ـ حەواڵە بە گەواڵە. **~ پێخواردن:** فریو خواردن، هەڵخەڵەتان، تەفرە خواردن. ∷ گەر لە دنیا چاکەیێ سادر بوو تەفرەی پێ نەخۆی/ رووسپی هەر رووڕەشە گەر بێ سـەد ئازایی بکا (مـەحـوی ل ١٧). **~ خـواردن:** فـریـو خـواردن،

هەڵخـەڵەتان. ~ **دان:** ١ـ فـریو دان، هـەڵخـەڵەتاندن. ٢ـ هێنان و بردنی کەسێک و حەواڵە بە گەواڵە کردن بۆ ئەنجام نەدانی کارێک، بێنە و بەرە پێکردن بە کەسێک. ~ **ڕۆیشتن:** لە ژێر باری پرسیار و ئەرکێک خۆ دەرباز کردن، لە بن دەرچوون و وڵام نەدانەوەی سەرڕاست.

**تەفسیر** (نا.)[عەر: تفسیر] ١ـ بەیان، شی. ٢ـ لێکدانەوە و شی کردنەوەی قورئان. ~ **کردن:** شی کردنەوە، لێکدانەوە.

**تەفشۆ** (نا.)[باک] بڕ: تەشوێ

**تەفشو** (نا.)[باک] بڕ: تەشوێ

**تەڤ** (ئاک.)[؟][باک] ١ـ گشت، هەموو، تەواوەتی. ٢ـ دەگەڵ، لەگەڵ، تێکڕا.

**تەڤتی** (نا.)[؟][باک: تەڤتی، دەڤتی] بڕ: نشاستە

**تەڤر** (نا.)[باک] بڕ: تەور

**تەڤرداس** (نا. ل)[تەڤر + داس][باک] بڕ: تەورداس

**تەڤرزین** (نا. ل)[تەڤر + زین][باک] بڕ: تەورزین

**تەڤرک** (گیا.)[تەڤر (تڤر) + ک][باک] بڕ: توور2

**تەڤز** (نا.)[باک] بڕ: تەز

**تەڤزاندن** (چا. م)[باک] بڕ: تەزاندن

**تەڤزین** (چا. ل)[باک] بڕ: تەزین

**تەڤشۆ** (نا.)[باک] بڕ: تەشوێ

**تەڤن** (نا.)[باک] بڕ: تەون

**تەڤەر** (ئاک.)[زا] بڕ: تەبەر

**تەڤنک** (نا. ل)[تەڤن + ک][باک] بڕ: تەونۆکە

**تەق**[1] (وشد.) دەنگی تەقە. ~ **کردن:** دیق کردن، تەقین، شەق بردن لە داخان.

**تەق**[2] (ئان.) بڕ: تاک.

**تەقا** (ئام.) وتەیەکە بۆ دەربڕینی شک و دوودڵیی و ترس لە مەسەلە و مەبەستێک، بەڵکە، بەشکەم، ئەوەهات، تەقوو. :: ئەو هەموو پارەی بۆ لە سەر ئەم دوکانە دانێم تەقا سەری نەگرت.

**تەقاعود** (نا. چا)[عەر: تقاعد] ١ـ کەسێک کە لە پیریی، نەخۆشیی یا هەر هۆی دیکە لە کار کردن ئازاد دەکرێ و پارەیەکی دیاریکراوی بۆ دەبڕنەوە،

تەقاوییت، بازنیشەستە. ~ **بوون:** لە کار ئازاد بوون و پارەی تەقاعود وەرگرتن، بازنیشەستە بوون.

**تەقاندن** (چا. م)[باک: پەقاندن، تەقاندن ـ ناو: تەقاندن، تۆقاندن، ترەقاندن ـ هەو: تەقنای] ١ـ تۆقاندنی تەقەمەنی. ٢ـ گوللە هاویشتن بە چەک.

**تەقاندنەوە** (چا. م)[تەقاندن + ئەوە] ١ـ تەقاندنی بۆمب و چەکەمەنی. ٢ـ لە کەو و بێژینگ دانی دەغڵ و دانەوێڵە بۆ جیا کردنەوەی بەرد و شتی زێدە. ٣ـ گەڕان و پشکنینی زۆر. ⁂ دونیام تەقاندەوە بەڵام ئەوەی دەمەویست نەمدیتەوە.

**تەقاوی** (نا. چا)[عەر: تقاوی] دەست گرتن و پارە دان بە کرێکار و کارەکەر بەر لە حەقدەست ومووچە وەرگرتن، دەسوام.

**تەقاوییت** (نا. چا)[عەر: تقاعد] بڕ: تەقاعود

**تەقتەقە بەرد** (نا. ل)[تەق + تەقە + بەرد] کۆمەڵە بەردێکی لێک و لووسی کێو کە بە سانایی لێک جیا دەبنەوە و دەوەرن.

**تەقتەقیلە** (نا. ل)[تەق + تەق + ئیلە] کەوشی چێو یا پلاستیک کە تەنیا سەر پەنجەکان دەگرێ و لە کاتی ڕۆیشتن تەقەی دێ، سەرپایی.

**تەقتیر** (نا. چا)[عەر: تقطیر] بڕ: تەقتیر کردن. ~ **کردن:** جوێ کردنەوەی مادەیەکی شیاوی جیا بوونەوە لە مادەیەکی دیکە بە شێوەی کوڵاندن و تین دان وەک جوێ کردنەوەی ئاوەکییە لە ئاو بۆ خەستتر کردن.

**تەقدیر** (نا.)[عەر: تقدیر] قەدەری خودا، بەش، چارەنووس. || **تەقدیری خودا(ی):** قەدەر و چارەنووسێک کە خودا دیاری کردوە. ⁂ نەمزانی تەقدیری خودای تەگبیری عەبدی بەتاڵ دەکات (گەنج ل ٢٦٣).

**تەقرە** (وشد.)[سۆر] بڕ: تەقڵە

**تەقسیر** (نا.)[عەر: تقصیر] ١ـ خەتا، هەڵە. ٢ـ تاوان، سووچ ٣ـ کۆتایی، درێغ، سستی. ~ **کردن:** ١ـ خەتا کردن، هەڵە کردن. ٢ـ تاوان کردن. ٣ـ کۆتایی کردن، سستی کردن. ⁂ با ڕەفیقانم بکەن شینم کە وەقتی زارییە/ قەت مەکەن تەقسیر لە گریان، شیوەنم یەکجارییە (نالی ل ٥٨٣). ~ **هەبوون:** ١ـ خەتا هەبوون. ٢ـ تاوانکار بوون.

**تەققە** (وشد.) بڕ: تەقە

**تەقلا** (نا.)[زا] بڕ: تەقڵە

**تەقلە 1** (نا.) بڕ: تەقیلە

**تەقلە 2** (نا.)[؟] بەری هەنجیر کە بە کاڵی هەڵدەوەرێ، باقۆ2.

**تەقلە 3** (نا.)[باک] بڕ: تەقڵە

**تەقڵـە** (نا.)[باک: تەقلە، تلقە ـ ناو: تەقڵە، تەقرە ـ هەو: تەقڵە ـ زا: تەقلا] ١ـ سەرمەقولات، دەکبوز، دەقەلووز، باڵانس. ٢ـ خۆ هەڵسووڕانەوەی کۆتر و باڵندەی دیکە لە ئاسمان دا. ⁚⁚ قاسپەی کەو لە کێو، تەقڵەی باز لە دەشت/ تا کوردستان بێ لە کوێیە بەهەشت (بۆ کوردستان ل ٣٤). ٣ـ هەڵبەز هەڵبەزی بەردی پان لە سەر ئاو. ٤ـ هەڵبەز هەڵبەزی هەلووک و شتی لەم بابەتە لە سەر زەوی. ٥ـ دارێکی سووک کە سوارکار لە جلیتێن دا بە سواری دیکەی دادەدا، دارتەقڵە، دارجلیت، جلیت، جریت. ٦ـ هەلینگ، غار، تەقڵەکوت. ~ **لێدان:** ١ـ سەرمەقولات لێدان، باڵانس لێدان. ٢ـ پشت و روو بوونەوەی باڵندە لە ئاسمان. ٣ـ هەڵبەزینەوە.

**تەقڵەباز** (ئان. فا)[تەقڵە + باز4] ١ـ کەسێک کە باش سەمەقولاتی لێبدا. ٢ـ کۆتر یا باڵندەیەک کە لە ئاسمان تەقڵەی لێدەدا.

**تەقڵەکوت** (ئان. فا)[تەقڵە + باز4] بە پڕتاو و هەڵبەز هەڵبەز رێ برین، هەڵەدا. ⁚⁚ بە تەقڵەکوت خۆی گەیاندە من هەتا مزگێنیم لێوەرگرێ!

**تەقنای** (چا. م)[هەو] بڕ: تەقاندن

**تەقویم** (نا.)[عەر: تقویم] دەفتەرێک کە حسێبی ساڵ و مانگ و رۆژ و حەوتەکانی تێدایە، رۆژئەژمێر، رۆژژمێر.

**تەقوپۆق** (وشد.)[تەق1 + و + پۆق] [ئەر] بڕ: تەقوتۆق

**تەقوتوق** (وشد.)[تەق1 + و + توق] [زا] بڕ: تەقوتۆق

**تەقوتۆق** (وشد.)[تەق1 + و + تۆق2] [باک: تەقوتەق ـ ناو: تەقوتۆق، تەقوپۆق ـ زا: تەقوتوق] ١ـ دەنگی زۆر و بەربڵاوی تەقەتەق و تەقەمەنی. ٢ـ دەنگی وێک کەوتنی کۆمەڵە کەرەسەیەک کە تەقەیان دێ.

**تەقوتەق** (وشد.)[تەق1 + و + تەق1] [باک] بڕ: تەقوتۆق

**تەقوڕەق** (ئان. ل)[تەق1 + و + رەق] شوێن و جێگەیەکی رەق، رەقوتەق. ~

**بوون:** نەرم و خۆش نەبوون، رەقوتەق بوون، رەق بوون.

**تەقودەو** (نا. ل)[تەق + و + دەو][ئەر] بڕ: تەقوڕەو

**تەقوڕەو** (نا. ل)[تەق + و + رەو] رەوین و راکردنی بە کۆمەڵ لە ترسان، تەقودەو، تەکودەو

**تێبینی:** تەق لە (تەقوڕەو و تەقودەو) دا و هەروەها تەک لە (تەکودەو) دا دەچنەوە سەر [ئەو: تەکە ـ پەه: تەگ] بە مانای رەو و را لە ریشەی ئەوێستایی تەک و تەچ بە مانای راکردن و رەوین و هەڵاتن.

**تەقولەق** (ئان. ل)[تەق + و + لەق] ١ـ حاڵی شتێک لە سەر جێی خۆی قایم نەبێ و لەرزۆک و لەق بێ. ٢ـ (مجـ.) شوێن و جێگەیەک کە هاتوچۆی تەواوی لەسەر نەبێ، نیوە تەحتیل. ~ **بوون:** ١ـ سست و لەرزۆک بوون، نیوەقایم بوون. ٢ـ لە سەر نەزمی پێشوو نەبوون، نیوەتەحتیل بوون. ⁘ نازانم چ خەبەر بوو ئەمڕۆ مەدرەسە تەقولەق بوو بەشێکی زۆر نەهاتبوونەوە.

**تەقوهۆڕ** (وشد.)[تەق + و + هۆڕ] دەنگی بەرز و زۆری تەقەتەق.

**تەقوو** (ئام.) ١ـ بڕ: تەقا. ٢ـ پەکوو، حەیف، مخابن.

**تەقە** (وشد.)[لۆر: تەقە ـ بیر: تەق ـ فار: تق. باک: تەق ـ ناو: تەق، تەقە، تەققە ـ هەو: تەق، تەقە ـ زا: تەق] ١ـ دەنگی چەک و تەقەمەنی. ⁘ تەقەی تفەنگ، تەقەی تۆقتۆقە. ٢ـ دەنگ وێک کەوتنی شتی رەق و سەخت. ⁘ تەقەی ددان، تەقەی قاپ و کەوچک. ٣ـ دەنگی کوتانی دەرگا. ٤ـ دەنگی دەهۆڵ. ⁘ کچی کابرای جیرانی خواست. بە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنای گوێستێوە (گەنج ل ٢٧٢). ٥ـ شەڕە تفەنگ. ٦ـ (مجـ.) هەواڵ، خەبەر، دەنگۆ. ٧ـ (مجـ.) تەواو، خڵاس. ~ **بوون:** شەڕ بوون بە چەک. ~ **تێکەوتن:** ١ـ راکردن و رەوینەوەی بە کۆمەڵی حەیوان لە ترسان. ٢ـ (کنـ.) نەمان و بڕانی شیر لە گوانی حەیوان. ⁘ مانگاکەمان تەقەی تێکەوتوە و چی دیکە شیر نادا. ~ **داکەوتن:** (کنـ.) خەبەر و دەنگۆ بڵاو بوونەوە ~ **کردن:** ١ـ گولە هاویشتن. ٢ـ تەقەتەق کردن. ~ **لە بن هێنان:** (کنـ.) بڕ: تەقە لێهێنان. ~ **لە دەرگا هێنان:** لە دەرکە دان، دەرگا کوتان. ~ **لێبڕین:** (کنـ.) تەواو کردن و خڵاس کردنی شتێک، تەقە

لێهێنان. **~ لێکردن:** گولله بە کەسێکەوە نان. **~ لێهێنان:** (کنـ.) ١ـ تەواو کردن و خلاس کردنی خواردن و شتی لەم بابەتەی نێو دەفر. :: هەتا تەقەی لە قابلەمە نەهێنا لە سەری هەڵنەستا! ٢ـ تەواو کردن و بە ئاکام گەیاندنی کارێک. & تەقە لە بن هێنان. **~ وەستان:** وەستانی شەڕ. **~ وەستاندن:** وەستاندنی شەڕ. **~ ی سەر هاتن:** (کنـ.) تێنەگەیشتن، حاڵی نەبوون. :: من هەر چەند باسی فیزیکت بۆ بکەم تۆ تەقەی سەرت دێ.

**تەقەتەق** (وشد.)[تەقە + تەق][باک: تەق تەق ـ ناو: تەقەتەق] تەقەی زۆر، تەقەی یەک لە سەر یەک. **~ کردن:** زۆر تەقە کردن، تەقە لە شت هێنان.

**تەقەفیرە** (نا. ل)[تەقە + فیر (فیڕاندن) + ئە][ئەر ـ هەو] زگ چوونی زۆر توندی مرۆڤ، بەلەفیرە، بەلەفیرێ، تووشقە.

**تەقەلا** (نا. چا) بڕ: تەقەللا

**تەقەللا** (نا. چا)[عەر: تقلی] هەوڵ، حەول، خەبات، سەعی، تەقەلا. **~ دان:** هەوڵ دان، ماندوو بوون بە کارێکەوە. **~ کردن:** هەوڵ دان، تێکۆشین، سەعی کردن.

**تەقەڵ** (نا. ل)[تەق + ئەڵ] هەرکام لە مەودا و شوێنی دروومان کە دەرزی بە جارێک چوونە ژوور و هاتنە دەر پێکیدێنێ، تەقەڵە. **~ بەربوون:** لێک کرانەوە و هەڵوەشانەوەی تەقەڵەکانی دروومان، تەقەڵ هەڵپچڕان، تەقەڵ هەڵوەشانەوە. **~ تێهەڵدان:** بڕ: تەقەڵ لێدان. **~ لە سەر یەک نەبوون:** (کنـ.) هۆش و بیر لە سەر خۆ نەبوون، هاوسەنگی نەبوون لە باری ڕەوانی و مێشکەوە، خەرفان، تەقەڵ لە سەرەخۆ نەبوون. **~ لە سەرەخۆ نەبوون:** (کنـ.) بڕ: تەقەڵ لە سەر یەک نەبوون. **~ لێدان:** درووونی پارچە و قوماش بە تەقەڵ، تەقەڵ تێهەڵدان. **~ هەڵپچڕان:** لێک بوونەوە و پسانی تەقەڵ. **~ هەڵوەشاندنەوە:** دەرهێنانی تەقەڵەکانی پارچە و قوماشی دوراو. **~ هەڵوەشانەوە:** لێک کرانەوەی تەقەڵەکانی دروومان، تەقەڵ هەڵپچڕان، تەقەڵ بەربوون.

**تەقەڵ هەڵپچڕاو** (ئان. فا)[لە: تەقەڵ هەڵپچڕان](کنـ.) کەسێک باری ڕەوانی و مێشکی هاوسەنگی نەبێ.

**تەقەڵە** (نا. ل)[تەق + ئەڵە][هەو] بڕ: تەقەڵ

**تەقەمەنی** (نا. ل)[تەقە + مەنی] کۆمەڵە کەرەسەیەک کە بۆ چەک و تەقاندنەوە کەلکی لێوەردەگرن وەک فیشەک و بارووت و ...

**تەقیلە** (نا.)[عەر: طاقیة] کڵاوێکی چووکی کون کونە لە بەن و دەزوو دەیچنن و تەپڵی سەر دادەپۆشێ، ئارەقچن، تەقلە1.

**تەقین** (چا. ل)[باک: پەقین، تەقین - ناو: تەقین، تۆقین - هەو: تەقای] ١- دەنگی تەقە لە چەکەمەنی هەستان، تەقینەوە. ※ مینەکە تەقی. ٢- ترەکینی شتی هەڵمساوی وەک پزدان. ٣- هەڵمسان لە بەر زۆر خواردن. ٤- لێک بڵاو بوون و شکانی شتی رەقی وەک بەرد و هێلکە و شەوشە دە نێو ئاگر دا. ٥- قەڵشین و درز بردنی دەفری شووشەییو چینی لەبەر سەرما و گەرما. ٦- دەنگی ترازانی جومگە. ٧- بووژانەوەی کوێرەکانی و ئاو لێدەرکەوتنیان لە بەهار دا. ٨- شەق بردن لە داخان، تەق کردن، دیق کردن.

**تەقینەوە** (چا. ل)[تەقین + ئەوە] ١- تەقینی بۆمب و چەکەمەنی دیکە. ٢- (مجـ.) دەنگ دانەوە و بڵاو بوونەوەی دەسبەجێی هەواڵ و خەبەر بە هەموو لایەک دا.

**تەقیە** (نا. چا)[عەر: تقیة] ١- خۆ پارێزیی، پارێزگاریی. ٢- خۆپارێزیی لە بیر و رای خۆ دەربڕین لە مەترسی دا، درۆی بە ناچار. **~ کردن:** ١- خۆ پاراستن، خۆ دوور خستنەوە. ※ من راوی مامزان ناکەم تەقیەی دەکەم (سێسەد هۆنراوە ل ١٢٦). ٢- خۆ پاراستن لە راست کوتن لە کاتی مەترسی گیانیی دا.

**تەک**1 (ئان.)[بڕ: تاک1] ١- تەنیا، بەتەنێ، تەک و تەنیا. ٢- بێ هاوتا، تاک، تاقانە. **~ بوون:** ١- بێهاوتا بوون، بێوێنە بوون، هاوتا نەبوون. ٢- تەنیا بوون، بەتەنێ بوون. **~ کەوتن:** بە تەنیا مانەوە، لە کۆمەڵ و کەس دوور کەوتنەوە.

**تەک**2 (ئام.)[گیل: تەک (تەنیشت، کەلەکە) ناو: تەک - زا: تەک] دەگەڵ، لە گەڵ، لە تەک. ※ تەک تۆمە!

**تەک**3 (نا.)[لۆر: تەک. ناو: تەک، تەیکە، تەیجە - هەو: تەیجە][ئەر]

جۆرێک سەوەتەی دەسچنە کە لە شووڵی ناسک دەیچن، پەلە و بە قەرا مەجۆعەمەیەک گەورەیە کە بۆ پالاوتنی برنجی پلاو، شت لە سەر وشک کردن و کاروباری دیکە کەلکی لێوەردەگرن، سەلە، نانەشان.

**تەک**4 (نا.)[بڕ: تەکە] پاڵ، تەکان، فشار. ~ **پێوە دان:** پاڵ پێوەنان. ~ **دان:** ١ـ پاڵ دان بە یەکەوە. ٢ـ پاڵ پێوەنان. ⁙ تەک دا تاریکی ئەو لای تەریکی/ ئاڵەم چەنی نوور کەرد هام شەریکی (مەولەوی ل ٢٤٥). ٣ـ لا چوون و ڕێ کردنەوە. ~ **دانە دواوە:** بەرەو پاش کشانەوە. ~ **دانە لاوە:** بەرەو لایەک کشانەوە.

**تەکان** (نا.)[لە: تەکاندن][پەش: تەکان ـ فار: تکان ـ تات: تەکون، تەچون ـ لۆر: تەکۆ. ناو: تەکان ـ هەو: تەکانە، تەکانی] ١ـ جووڵە. ٢ـ پاڵ، بۆق. ٣ـ تەوژم. ~ **پێدان:** جووڵە پێدان، تەکان دان، جووڵاندنەوە. ~ **تێکەوتن:** جووڵە تێکەوتن، وە جووڵە کەوتن. ⁙ دوای سەعاتێک ڕاوەستان ئەو سەفە تەکانێکی چووکی تێکەوت. ~ **خواردن:** جووڵە کردن لە سەر جێی خۆ، جووڵە تێکەوتن، وە جووڵە کەوتن. ⁙ مندال دە نێو زگی دایک دا جاروبار تەکان دەخوا. ~ **دان:** ١ـ جووڵاندنەوە. ٢ـ پاڵ پێوەنان. ٣ـ ڕاتڵەکاندن، ڕاوەشاندن. ⁙ شانی گرت و بە توورەیی تەکانی دا. ~ **دانە خۆ:** وە هەوڵ کەوتن بۆ بەڕێوە بردن و ئەنجام دانی کارێک. ⁙ ڕۆڵە چەندە دەست لە سەر دەست دادەنێی، هەستە تەکانێک بدە خۆت و کارێک بدۆزەوە. ~ **نەخواردن:** نەجووڵانەوە، هیچ نەکردن، هەروا مانەوە. ⁙ دوو مانگ لە ماڵ دانیشتم و تەکانم نەخوارد.

**تەکاندن** (چا. م)[فار: تکاندن ـ لۆر: تەکەنێ ـ بیر: تەکۆندەن ـ گیل: فەتەکانێن. باک: تەکاندن ـ ناو: تەکاندن، تەکانن ـ هەو: تەکنای] ١ـ ڕاوەشاندن و ڕاتڵەکاندنی ڕایەخ و جل و شتی لەم بابەتە بۆ جیا کردنەوە تۆز و خۆڵ. ٢ـ بە دەست و پتە لێکردنەوەی پەڵە و شتی وردە لە لەش و جل. ⁙ سەرت هێندێکی ئارد پێوەیە بتەکێنە با لێبێتەوە ٣ـ تەکان دان و ڕاوەشاندنی دار و درەخت بۆ هەڵوەراندنی بەر و میوە.

**تەکانن** (چا. م)[ئەر] بڕ: تەکاندن

**تەکانە**1 (ئان. ل)[تەک1 + ئان1 + ئە] [باک] بڕ: تاکانە

**تەکانە**[2] (نا.)[هەو] بڕ: تەکان

**تەکانی** (نا.)[هەو] بڕ: تەکان

**تەکپەڕان** (ئان. ل)[تەک1 + پەڕان] ژنێک کە جاروبار لێرو لەوێ (نەک بە هەموو کەس) بدا.

**تەکخاڵ** (نا. ل)[تەک1 + خاڵ2] پەڕی قومار و یاریی کە یەک خاڵی لە سەر بێ، تەکە.

**تەککوو** (ئام.) بڕ: پەککوو

**تەککە** (نا. ل)[تەک1 + ک + ئە] بڕ: تەکە2. **لە شا ~ هێنان:** (کن.) بڕ: لە شای تەکە هێنان.

**تەکلیف** (نا.)[عەر: تکلیف] ١ـ ئەمر و واجبێک کە دەبێ ئەنجام بدرێ. ٢ـ مەشق و دەرسێک کە دەدرێ بە خوێندکار هەتا لە ماڵ یا لە دەرەوەی فێرگە ئەنجامی بدا. ٣ـ ئەمر و مەسەلەگەلێک کە خودا لە سەر بەندەی فەرز کردوە. ٤ـ چلۆنایەتی وەزع و حاڵی کەسێک لە داهاتوو دا. ٥ـ مەسەلە و کارێک کە دەبێ لە سەری تەما بگرترێ و روون بکرێتەوە. **~ روون کردنەوە:** تەما گرتن لە سەر کار و مەسەلەیەک و داهتوو و چارەنووسی دیاریی کردن. ⁂ ئەو ماڵەی دەفرۆشین یا نا، تەکلیفم روون کەوە بزانم چ بکەم. **~ لە سەر دانان:** ئەمر و کارێک بە کەسێک سپاردن بۆ ئەنجام دانی. ٢ـ مەشق و دەرس دان بە خوێندکار بۆ ئەنجام دان و کار لە سەر کردنی. **~ هەبوون:** مەشق و دەرس هەبوون بۆ کار لە سەر کردن و ئەنجام دانی. ⁂ ئەمڕۆ تەکلیفم زۆرە ناتوانم دەر کەوم. **~ ی (کەسێک یا مەسەلەیەک) دیاری کردن :** دیاریی کردنی وەزع و حاڵی داهاتووی کەسێک. ⁂ تکایە تەکلیفی ئەو کچەمان روون کەوە دەتەوێ یان نا؟ تەکلیفی ئەو میراتە بە من روون ناکرێتەوە! & تەکلیف روون کردنەوە. **لە سەر ~ کردن:** واجب کردنی کارێک بۆ ئەنجام دانی.

**تەکمە** (نا.)[هس: تەکیمە] لبادە و جلێکی بالاپۆشی قۆڵداری رازاوەیە لە سەر جلەکانی دیکە وەک کەوا دەبەر دەکرێ کە هەتا سەر ئەژنۆ دەگا.

**تەکنۆلۆژی** (نا.)[فەر: technologie] زانستی تەکنیک و فەن و چلۆنایەتی کار پێکردن و ئیستفادە لێکردنیان.

**تەکنیک** (نا.)[فەر: technique] ١ـ توانایی و لێوەشاوەیی، فووت و فەن. ٢ـ فەن و شێوە کاری هونەرمەند. ٣ـ فەن و

کار پێکردن بە کەرەسەی فەننی.

**تەک و تووک** (ئان. ل)[تەک1 + و + تووک5] هەندێکی کەم لێر و لەوێ، چەند کەسێک. ؛؛ تەک و تووک مندالّ هاتبوونەوە مەدرەسە. تەک و تووک لەبەرم هەستان. ٢ـ (ئاک. ل) چەند دانەیەک، هەندێک. ؛؛ چەند دارێک تەک و تووک، لێر و لەوێ رسکابوون. & تاق و لۆق، تاک و تووک، تاک و تەرا

**تەک و تەنیا** (ئان. ل)[تەک1 + و + تەنیا] تاک و تەنیا، بەتەنێ، تەنیا. ؛؛ تەک و تەنیا بە ئارامی دەچم بۆ گردەکەی بەر دێ (تاریک و روون ل ١١٦).

**تەکودەو** (نا. ل)[تەک + و + دەو] بڕ: تەقوڕەو

**تەکووز** (نا.)[؟][باک] کامل، تەواو و بێ کەمایەسی.

**تەکە**[1] (گیانـ.) بڕ: تەگە. **~ گرتن:** بڕ: تەگە گرتن.

**تەکە**[2] (نا. ل)[تەک1 + ئە] ناوی چوار پەڕی یاریی و قومار کە یەک خاڵی دڵ، گشنیز، خشت یا خاچ بێ، تەکخاڵ، تەککە. **لە شا ~ هێنان:** (کنـ.) زۆر سەرکەوتوو و بە بەخت و شانس. ؛؛ کەریم نەتەنیا ژنێکی خانەوادەی وەگیر کەوتوە ماڵ و سامانێکی زۆریشی پێبڕاوە لە شای تەکەی هێناوە.

**تەکە**[3] (نا.)[ئەو: تەکە ـ پەه: تەک] ١ـ پاڵ و زەخت بۆ جێ کردنەوە. ٢ـ جووڵە، لەز، تەکان و لەرەی شتی هەڵواسراو. **~ دان:** هەڵکشان و پاڵ دانی چەن کەسێک بۆ جێ کردنەوەی کەسێکی دیکە، تەکە کردن. **~ کردن:** ١ـ بڕ: تەکە دان. ٢ـ جووڵانەوە و لەرانەوەی شتی هەڵواسراو. **~ هاتن:** جووڵانەوە، لەرانەوە.

**تێبینی:** تەکە لە ئەوێستا دا بە مانای را، توند و تیژ لە ریشەی تەک بە مانای راکردن کەوتوە. هەروەتر هەڵتەک ـ یش لە کوردیی دا هەر لەم ریشەیە.

**تەکەتەک** (نا. ل)[تەکە3 + تەک] جووڵە و لەرەی پەیتا پەیتا.

**تەکەڵتوو** (نا.)[؟] چەند قەد لباد کە لە ژێر قەڵتاغی زین دادەدنرێ، نەرمەزین، ئارەقگیر. **~ نەحەسانەوە:** (کنـ.) هەمیشە دەرگیر بوون و بە حەسانەوە نەگەیشتن، نەحەسانەوە.

**تێبینی:** لە فەرهەنگەکانی فارسی دا

تەکەلتوو (تكلتو) هەر بەو مانایە هاتوە.

**تەکەمە** (نا.) بڕ: تەکیمە

**تەکیمە** (نا.)[؟] رایەخێکی چووکی یەک کەسییە لە لباد، تەکینمە، تەکەنمە.

**تەکینمە** (نا.) بڕ: تەکیمە

**تەکیە** 1 (نا.)[عەر: تکیة] شوێنێک کە دەروێش بۆ بەڕیوە بردنی ئاهەنگی خۆیان لێی کۆ دەبنەوە، خانەقا.

**تەکیە** 2 (نا.)[؟] سەکۆیەکی باریک بۆ لە سەر دانیشتن، خواجانە.

**تەکێن** (ر.)[لە: تەکاندن] بە ناوەوە دەلکێ و ناوی فاعلی ساز دەکا. ፨ تۆزتەکێن.

**تەگبیر** (نا. چا)[عەر: تدبیر] ١ـ ئاکام و چارەی کار، رێی چارە. ٢ـ مشوور. **~ بۆ کردن:** رێی چارە و عیلاجی مەسەلەیەک بۆ کەسێک دیتنەوە. ፨ قەرزێکی زۆرم لە سەرە ئەگەر تەگبیرێکم بۆ نەکەن سەر و ماڵم تێدا دەچێ! **~ بەتاڵ بوون:** بێ ئاکام بوونی مشوور و چارە. **~ بەتاڵ کردن:** بێ ئاکام کردنی تەکبیر و چارە. ፨ نەمزانی تەقدیری خودای تەگبیری عەبدی بەتاڵ دەکات (گەنج ل ٢٦٣). **~ کردن:** ١ـ بیر کردنەوە و ئاکامی کارێک لەبەر چاو گرتن، رێی چارە و عیلاج دیتنەوە. ٢ـ مشوور کردن، را خواستن. **~ گەیشتن:** رێی چارەیەکی باشتر هەبوون. ፨ ئەری ئەو قسەم تەگبیری دەگاتێ؟ **~ ویستن:** پێویست بە تەگبیر هەبوون، رێی چارە دوزینەوە.

**تەگبیرکەر** (ئان. فا)[لە: تەگبیر کردن] کەسێک کە بۆ چارەی کارێک بیر دەکاتەوە، کەسێک کە بۆ عیلاجی کار و مەسەلەیەک مشووری لێدەخوازن. ፨ ژنێک بوو لە قەدیمەوە هەم تایەن، هەم سەرسپی، هەم تەگبیرکەری خەزاڵ بوو. (لاس و خەزاڵ ل ٦٠).

**تەگە** (گیانـ.)[پەهـ: تەکەل. پەش: تکە ـ فار: تکە ـ بیر: تەککە. باک: تەکە، تەگە ـ ناو: تەکە، تەگە، تگە، تەژە، تەچە، تەجە] بزنی نێر کە پێشەنگی رانە، نێری/١، سابرێن، ساورێن، تەجەنەڕ. **~ گرتن:** جووت بوونی بزن و تەگە، تگە گرتن، تەکە گرتن.

**تەگەر** (نا.)[ئین: tyre] ١ـ چەرخی خڕی دەوری مەکینە و ماشین کە بۆ لێخورین کەلکی لێوەردەگرن. ٢ـ لاستیکی دەوری چەرخ، تایر، تایە.

**تەگەرە** (نا.)[؟][ناو: تەوەرە، تەگەرە، تەمەرە] ١ـ گیر، چەت، کۆسپ، لەمپەر، بەرهەڵستی چوونە پێشی کار و مەسەلەیەک، تەوەرە، تەمەرە. ٢ـ [ئەر] میلە و دارێکی کە دەخرێتە نێو کونی سەر بەرداشی خوارەوە، کەوەرە، تەوەرە. ~ **تێخستن:** گیروگرفت ساز کردن و چەت تێخستن بۆ برێوە نەچوونی کار و مەسەلەیەک، تەگەرە لێدان. ~ **تێکەوتن:** تێکچوونی کار و مەسەلەیەک لە بەر گیروگرفت و چەت تێکەوتن. ~ **لێدان:** بڕ: تەگەرە تێخستن.

**تەل**[1] (نا.)[تور: tel][بڕ: تێل] ١ـ سیم، تێل. ٢ـ ژێی ئامێری مۆسیقا. :: تەلی کەمان، تەلی عوود.

**تەل**[2] (نا.) کورتکراوەی تەلەگراف.

**تەل**[3] (نا.)[باک] بڕ: تەڵە

**تەلا** (نا.)[عەر: طلا] زێڕ، تەڵا. ‖ **تەلای دەستەوشار:** ١ـ زێڕێک بوە (دووسەد مسقاڵ) لە خەزێنەی خوسرەو پەرویز پادشای ساسانی دا کە گۆیا وەک مێو نەرم بوە. ٢ـ (مجـ.) شتی زۆر بەنرخ و بێهاوتا. :: خانی ئەو تەلای دەستەوشار و ئەو گەنجە بەنرخ و بێ ئەژمارەی لە دەریای بیری هەراو و بەرینی خۆی کۆ کردۆتەوە (مەم و زین ل ٢٢٥). باڵات ببینم چون داری هەنار/ گەنجی باداوەر، تەلای دەستەوشار/ با بحەسێتەوە فەقیر و هەژار (بارام و گوڵندام ل ٦٩).

**تەلار** (نا.) بڕ: تالار

**تەلاش** (نا.)[باک] بڕ: تەڵاش

**تەلاشە** (نا.)[زا] بڕ: تەڵاش

**تەلان** (نا.)[هس: تەڵان] ١ـ کێو، بەندەن، بەرزایی. ٢ـ بڕ: تەڵان

**تەلایە** (نا.)[عەر: طلایع](نز.) کۆمەڵێک سەرباز یا سوار لە پێشەوەی لەشکر کە بۆ چلۆنایەتی و هەڵسەنگاندنی هێزی دوژمن دەنێردرێن، پێشەنگ.

**تەلایەچی** (ئان. ل)[تەلایە + چی] ١ـ سەرۆکی تەلایە. ٢ـ ئەو کەسانەی کە لە تەلایە دان. :: تەلایەچی جاڕیان کێشا: ئەی کۆمەگی گەورە، ئەی موسڵمانان (بارام و گوڵندام ل ١٠٦). & تەلایەدار

**تەلایەدار** (ئان. فا)[تەلایە + دار2] بڕ: تەلایەچی

**تەلبەند** (نا. ل)[تەل1/١ + بەند] شوێنێک کە پەرژینی بە تەلی دڕکاویی

لێدرابێ.

**تەلچی** (ئان. ل)[تەل2 + چی] بڕ: تەلەگرافچی

**تەلخانە** (نا. ل)[تەل2 + خانە] بڕ: تەلەگرافخانە

**تەلسز** (نا. ل)[تەل1/١ + سز][تور: telsiz] بڕ: بێسیم.

**تەلسک** (نا.) بڕ: تلیسک

**تەلعەت** (نا.)[طلعت] ١- روو، روخسار، نێوچاوان. ⁝⁝ لە خەوفی تەلعەتی، ڕۆژ هەروەکوو شێت/ بە رووزەردیی هەڵات و کەوتە کێوان (نالی ل ٣٢١). ٢- دەرکەوتن، هەڵاتن، ئەنگووتن. ٣- هەڵاتن و دەرکەوتنی ئەستێرە و خۆر. ⁝⁝ تا فەلەک دەورەی نەدا، سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو/ کەوکەبەی میهری موبارەک تەلعەتی پەیدا نەبوو (نالی ل ٣٧٠).

**تەللان** (گیان.) بڕ: تەڕلان

**تەلمسک** (نا.) بڕ: تلیسک

**تەلو** (گیا.)[زا] دڕک، دڕوو، تەڵووک، تەلی. (بڕ: تەڵووک)

**تەلهە** (نا.)[باک] بڕ: تەڵە

**تەلە**[1] (ئان.)[زا] بڕ: تاڵ

**تەلە**[2] (نا.)[باک] بڕ: تەڵە

**تەلەبەرد** (نا. ل)[تەل + ئە + بەرد] پارچە بەردێکی پان و تەخت.

**تەلەپاتی** (نا.)[فەر: telepathie] پەیوەندی فکری دوو کەس لە ڕێی دوورەوە دەگەڵ یەکتر.

**تەلەسکۆپ** (نا.)[فەر: telescope] دووربینێکی گەورە کە فەلەک و ئەستێرەکانی ئاسمانی پێ سەیر دەکەن.

**تەلەسم** (نا.) بڕ: تەلیسم.

**تەلەسمبەند** (نا. ل)[تەلەسم + بەند] بڕ: تەلیسمبەند. ⁝⁝ تەلەسمبەندێکیان دەدایە، نە دیویەتی سکە و نە چۆتە کارخانە/ ئەوە ئاساری قەدیمە، نێوی مەرجانە (سەعید و میرسێوەدین ل ١٧٨).

**تەلەف** (نا. چا)[عەر: تلف] ١- زایە، فیڕۆ، خەسار. ٢- فەوتاو، نابوود. ~ **بوون:** ١- خەسار بوون، زایە بوون. ٢- فەوتان، تێداچوون، نابوود بوون. ~ **کردن:** ١- خەسار کردن، زایە کردن. ٢- فەوتاندن، نابوود کردن.

**تەلەفۆن** (نا.)[فەر: telephone]

دەزگایەک کە پێوەندی وتوێژی نیوان دوو یا چەند کەسی لێک دوور پێک دەهێنێ و ئیمرۆکە جۆری زۆرە(سالّی ١٨٧٦ی زایینی گراهام بێل ـ ی ئامریکایی ئیختراعی کرد). **~ کردن:** بە تەلەفۆن پەیوەندیی دەگەڵ کەس یا کەسانێک گرتن، زەنگ لێدان. **~ لە سەر بەستن (داخستن):** هەڵگرتنی گووشی تەلەفۆن، وڵام نەدانەوە و دانانە یان لە نیوەی قسە کردن دا دانانەوەی تەلەفۆن لە بەر ناڕەزایەتی و تووڕەیی.

**تەلەفۆنچی** (ئان. ل)[تەلەفۆن + چی] کەسێک کە بە کاروباری تەلەفۆن رادەگا.

**تەلەفۆنخانە** (نا. ل)[تەلەفۆن + خانە] ١ـ یانە و شوێنێک کە خەتی تەلەفۆن دەفرۆشێ و بە کاروباری تەلەفۆن رادەگا. ٢ـ شوێن و ژوورێک کە چەند خەتی تەلەفۆنی هەبێ و خەڵک لەوێوە پێوەندی بە شوێنی دیکەوە دەگرن.

**تەلەفۆنی** (ئان. ل)[تەلەفۆن + ئی] ١ـ هەرچی کە پێوەندی بە تەلەفۆنەوە هەبێ. :: پەیامی تەلەفۆنی. ٢ـ (ئاک. ل) بە هۆی تەلەفۆنەوە. :: تەلەفۆنی کوتی کە سبەی دێم.

**تەلەگراف** (نا.)[فەر: telegraphe] دەزگایەک کە هەواڵ و نووسراوەی لە دوورە بۆ شوێنێکی دیکە بەرێ دەکەن (لە سالّی ١٨٣٥ ـ زایینی مۆرس ئیختراعی کرد)، تەل.

**تەلەگرفچی** (ئان. ل)[تەلەگراف + چی] کەسێک کە لە تەلەگرامخانە ئیش دەکا و پەیوەندیی تەلەگراف پێکدێنێ، تەلچی.

**تەلەگرافخانە** (نا. ل)[تەلەگراف + خانە] یانە و شوێنێک کە لەوێوە تەلەگراف لێدەدرێ، تەلخانە.

**تەلەگرام** (نا.)[فەر: telegramme] نووسراوەیەک کە بە تەلەگراف ناردرابێ، برووسکە.

**تەلەویزیۆن** (نا.)[فەر: television] دەزگایەکە کە بیچم و دەنگ و رەنگ لە شوێنێکی دوورەوە بە هۆی شەپۆلی ئەلەکتریکی نیشان دەدا. || **تەلەویزیۆنی رەش و سپی:** تەلەویزیۆنێک کە وێنە و نەمایشەکانی رەش و سپی نیشان بدا، تەلەویزیۆنەکانی سەرەتایی کە رەنگی نەبوون. **تەلەویزیۆنی رنگی:** تەلەویزیۆنەکانی ئێستایی کە هەموو رەنگەکان نیشان دەدەن.

**تەلی** (گیا.)[زا] بڕ: تەلو

**تەلیس** (نا.)[گیل: تیلیس. باک: تەلیس ـ ناو: تەلیس] ١ـ جەواڵێکی تەنک کە لە گووش دەیچنن و بۆ تێکردنی دەغڵ و دانەوێڵە و باری دیکە کەلکی لێوەردەگرن، گونیە، گونی، گوونی، گوێنی2. ٢ـ (مجـ.) پارچە، قوماش یا جلی خراپ.

**تەلیسم** (نا.)[عەر: طلسم لە یون: telesma] ١ـ شوێنی جادوو لێکراو. ٢ـ دوعا و نوشتەی جادووگەری. ٣ـ نووسراوەی جادوویی سەر زێڕ و زێو کە ژن دە ئەستۆی دەکەن، تەلیسمبەند. ⁘ لە سنگت داوە تەلەسم و گەوهەر/ بێ دەستەڵاتم بەندەی خۆڵ بە سەر (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٦). ٤ـ شکڵ و شێوەی سەیر کە لە سەر خەزێنە و شتی شاردراوە دەیکێشنەوە، تەلیسمات. ⁘ گەنجینە تەلیسمی هەیە بەو چاوە لە سەر هیچ/ وەجهی چیە ئاشوفتەیە زولفی لە کەمەر دا (وەفایی ل ٨). & تەلەسم. **~ بوون:** جادوو بوون، تووشی تەلیسم هاتن. **~ شکان:** نەمانی حوکمی تەلیسم و کەوتنەوە سەر باری ئاسایی شوێنێک یا کەسێک کە تەلیسم کرابێ. **~ شکاندن:** جادوو و تەلیسمی کەسێک یا شوێنێک لە بەین بردن و هێنانەوە سەر باری ئاسایی. **~ کردن:** ١ـ جادوو کردنی شوێنێک وەها کە هەر کەس لێی نزیک بێتەوە تەلیسم تووشی بێ. ٢ـ جادوو کردنی کەسێک.

**تەلیسمات** (نا.)[عەر: طلسمات (کۆی طلسم)] ١ـ شکڵ و بیچمی سەیری سەر خەزێنە، تەلیسم. ⁘ کەوتوومە شکەنجی سەری زولفت بە تەمای رووت / یاریم کە نەکەی چووم بە تەلیسماتی خەزێنە (وەفایی ل ١٤٦).

**تەلیسمبەند** (نا. ل)[تەلیسم + بەند] خشڵی ملی ژنان کە نووسراوەی جادوویی لە سەر بێ، تەلەسمبەند.

**تەلیشەک** (نا. ل)[تەلیش + ئەک] [باک] بڕ: تەلاش

**تەلیە** (نا.) بڕ: تەڵە

**تەڵ** (نا.)[بڕ: تاڵ2] ١ـ هەودا، داو، تار. ٢ـ دەنکێک موو، تاڵ. ٣ـ چڵ. ⁘ گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە/ کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە (گۆران ل ٤٥).

**تەلا** (نا.)[ئەر] بڕ: تەلا

**تەلاکفت** (ئان. مف.)[زێڕ + کفت]

[ئەر] بڕ: زێڕکفت

**تەڵاش** (نا.)[فار: تراشە ـ گیل: تەلاشە. باک: تەلاش، تەلیشەک ـ ناو: تەڵاش، تۆڵاش، تۆڵاشە، توێڵاش، تڵیش، تەراش، تەراشە ـ زا: تەلاشە] پارچەیەکی ناسک لە چێو کە لە کاتی رەندە کردن لێی دەبێتەوە.

**تەڵاق** (نا. چا)[عەر: طلاق] جیایی ژن و مێرد لە یەکتر. **بە ~ دان دان:** ژنێک تووشی تەڵاق دان کردن. ⁙ خەسووم هەتا بە تەڵاق دانی نەدام دەستی لێهەڵنەگرتم. کچەتیوە وەڵڵا بە تەڵاق دانت دەدەم! **~ خواردن:** بە زمان هێنانی سێ تەڵاق لە لایەن پیاوەوە.(تەڵاق خواردن هەم دەتوانێ بە شێوەیەکی جیددی بێ (تووڕەیی، شەڕ، نامووسیی یا مەسەلەی دیکە) و پیاو ئیدی نەیەوێ دەگەڵ ژنەکەی بژی یان بە شێوەیەکی سەرزارەکی و تەعارەف کە مەبەست لە ناچار کردنی تەرەفەکەی بێ.) ⁙ تازە تەڵاقم خواردوە ئەم ژنە پێ دەم ماڵە نانێتەوە. تەڵاقم خواردوە هەر دەبێ میوانم بی. **~ دان:** ١ـ دوایی هێنان بە ژن و مێردایەتی و جووێ بوونەوەی پیاو لە ژن. ٢ـ (مج.) وەلانان و تەرک کردنی کارێک و مەسەلە و خوویەک کە پێشتر پێوەی خەریک بوون. ⁙ دەڵێی کتێب و کتێب خوێندنەوەت تەڵاق داوە. سیگار و مەشرووبم بۆ هەمیشە تەڵاق داون. **~ ستاندن:** بڕ: تەڵاق وەرگرتن. **~ سەندن:** بڕ: تەڵاق وەرگرتن. **~ کەوتن:** خورادنی سێ تەڵاق و ناچار بە تەڵاق دان بوون. **~ لێستاندن:** بڕ: تەڵاق لێوەرگرتن. **~ لێوەرگرتن:** داوای تەڵاق کردن و جیا بوونەوەی ژن لە پیاو، تەڵاق لێستاندن. **~ وەرگرتن:** جیا بوونەوەی ژن لە مێرد، تەڵاق سەندن، تەڵاق ستاندن، تەڵاق ئەستاندن. **~ هاتنەوە:** دروست کردنی و راست کردنەوەی سوێندی سێ تەڵاقە و جووێ نەبوونەوە. **~ هێنانەوە:** راست کردنەوەی سوێندی تەڵاق بە دەست مەلا و لێک جوێ نەبوونەوە. **~ ئەستاندن:** بڕ: تەڵاق وەرگرتن. **سێ بە سێ ~ دان:** سێ جار تەڵاق دان و جیا بوونەوەیەک کە گەڕانەوە و پەشیمان بوونەوەی بۆ نیە و پیاو دەبێ حەتمەن ژن تەڵاق بدا.(بە پێی شەرع پیاو دەتوانێ هەتا سێ جار ژن تەڵاق بدا و بیهێنێتەوە و کاتێک لەبەر تووڕەیی یا حاڵەتێکی دیکە پیاو رابگەیەنێ کە هەرسێک تەڵاقی بکەوێ

ناچارە ژن تەڵاق بدا و لە وەها حاڵەتێک دا ژنەکەی تەڵاق دەدا و لە کەسێک کە بە پارە مارەی دەکا کە پێی دەڵێن جاش و ئەم کەسە بۆ ماوەیەکی دیارییکراو دەبێتە ژنی و لە دوایی تەڵاقی دەدا و مەلا تەڵاقی دێنێتەوە.)

**هەرسێک ~کەوتن:** سوێند خواردن بۆ جیا بوونەوەی یەکجاری لە ژن لەبەر تووڕەیی یان لە حاڵەتێکی سەرزارەکی و تەعاروف و شەرت کردن. (بڕ: تەڵاق خواردن). ⁂ هەرسێک تەڵاقم کەوێ تازە سیگار ناکێشمەوە. هەرسێک تەڵاقم کەوێ ئەو پارەیەم دەبێ لێوەرگری. هەرسێک تەڵاقم کەوێ ئەو پیاوە رەگێکی پیاوەتیی تێدانیە.

**تەڵاق دراو** (نا. مف.)[لە: تەڵاق دران] ژنێک کە مێردەکەی لێی جوێ بۆتەوە و تەڵاقی داوە.

**تەڵاقنامە** (نا. ل)[تەڵاق + نامە] بەڵگەیەک کە تەڵاقی ژنی تێدا نووسرابێ.

**تەڵاق و تەڵاقکاریی** (نا. ل)[تەڵاق + و + تەڵاقکاریی] کێشە و نێواننا خۆشیی ژن و مێرد کە بگاتە تەڵاق و جیایی. ⁂ مانگێک لەوە پێش کارمان گەیشتە تەڵاق و تەڵاقکاریی و ئێستا ئیدی جوێ بوینەوە!

**تەڵان** (نا.)[؟] ١ـ زەوییەکە لە شاخ و کەژ دا بە وێنەی پلەکانە خان خان دروست کرابێ، بۆ ئەوەی زەوییەکە راست بکرێتەوە تا بۆ ناشتنی درەخت و کشتوکاڵ بە کار بێ و لێژی نەمێنێ (کشت و کاڵ ب ١ ل ٨٦)، تەبارە، تالانە. ٢ـ پلە لە شاخ و کێو و هەرد (خاڵ ب ١ ل ٣٠٧)، تەلان. ٣ـ کۆڵانی درێژی نێوان دوو ریزە دار، کووچەباغ. ⁂ تەڵانی ناو باخی پڕ فەرشی گیای سەوز/ لێڵاوی باراناو کردوویە بە حەوز (گۆران ل ١٧٨). || **تەڵان تەڵان:** شوێنی پلەپلە لە قەدی شاخ و کێو دا.

**تەڵانترە** (گیا.)[تەلان + تر + ئە] گیایەکی بەهاریی قەف قەفە بە شوێنی سەختەوە سەوز ئەبێ (کشت و کاڵ ب ١ ل ٩٢). [لە هەنبانە بۆرینە دا بە شێوەی تەڵانتەرە هاتوە. (هەنبانە ب ١ ل ١٦٧).]

**تەڵانتەرە** (نا. ل)[تەڵان + تەڕە] بڕ: تەڵانترە

**تەڵخ** (ئان.)[بڕ: تاڵ1] ١ـ رەنگی رەشی ئاماڵ زەرد، تاڵ، تڵخ. ٢ـ رووگرژ،

نێــوچاوانتــاڵ. ٣ـ ژیان و گــوزەرانــی ناخۆش.

**تەڵخــوون** (گـیـا.)[پەش: تـەرخـان، تەرخوون ـ فار: تەلخوون ـ کرم: تەلخون ـ لۆر: تـەرخــــۆ. باک: تارخــــوون ـ ناو: تەڵخوون، تەرخوون] گیایەکی دەسچێنە، هـەتا میـترێک بـەرز دەبێـتەوە، گەڵاکانی درێژ و چـووکن، تـامـی توندە، بۆنـی زۆر خـۆشـە، گـوڵەکـانی هـێشـووی و زەرد و چووکن و بەشـێکە لە سـەوزی خـواردن، Artetmis dracunculus نـاوی لاتـیـنـی ئەم گیایەیە.

**تـەڵخ ئـەحــــــواڵ** (ئان. ل)[تەڵخ + ئەحواڵ] نارەحەت، حاڵ ناخۆش.

**تەڵخ ئەحواڵیی** (حم.)[تەڵخ ئەحواڵ + ئیی] حـاڵ ناخۆشـیی، نارەحـەتی. ⁂ جا بۆ ئێمە بە نارەحەتی و تەڵخ ئەحواڵی بژین؟ (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٥١).

**تەڵزم** (نا.) بڕ: تەڵەزم

**تەڵقین** (نا. چا)[عەر: تلقین] ١ـ بیر و رایەک دە مێشکی کەسێک نان. ٢ـ یاسا و بنـەڕەتی مـەزهـەب بە مـردوو لە کـاتی ناشـتنی دا. **پێ ~ بوون:** مـەسـەلە یا بیـروڕایەک پێگەیشـتن، هەست پێکردن. **پێ ~ کردن:** مـەسەلە یا بیروڕایەک دە مێشکی کەسێک نان. **~ دادان:** یاسا و بنـەڕەتی ئیـسـلام بە مـردوو کـوتن لە کـاتی ناشتن دا. ⁂ مـەلا لە سـەرقـەبران تەڵقینی مردوو دادەدا.

**تەڵمــــــیت** (نا.)[لۆر: تەلمیت. ناو: تەڵمیت ـ هەو: تەڵمیت][هس: تەمبەڵیت] ١ـ بارگـە و بنەی هەوار، تـەمـبـەڵیت. ٢ـ ئەســـپــیــێک کــە بۆ شین و شــیــوەن دەیرازێننەوە. ⁂ تەڵمـیت سـیـاپۆش بێ تۆ، رۆڵەڕۆ/ خـاتوونان بێـهـۆش بێ تۆ، رۆڵەڕۆ (مــەولەوی ل ١٠١). ٣ـ ئەســپـی زین کــراو و رازاوە بۆ گـــەورەپیـــاو و ئاغـاژن. ٤ـ جلکێکی وەک لێـفـە کـە بە سەر شان و ملی ئەسپی دادەدەن.

**تەڵمـیـتـبـار** (نا. ل)[تەڵمـیت + بار] شـێـوە کـەژاوەیەک کـە لە چیغ لە سـەر پشـتی وڵاغ سـازی دەکەن و جـێوبانی لە سـەر رادەخـەن و ژن و منداڵ لە سـەری دادەنیــشـن. ⁂ ئامـــاوە دامـــان کـــۆچ تەڵمیت بار/ هەرچەند نیگام کەرد نەدیم کـــۆچ یار (وەلی دێوانە ل ٨٥) زیلـەی تەڵمـیتـبـار کۆچ نەوهاڵان/ تەئسـیرەش نییەن ئیمسـاڵ چون ساڵان (مەولەوی ل ٢٧٤).

**تەڵووک** (گیا.) ١ـ دڕک، دڕوو، تەلی،

تەلوو. ٢ـ دڕکەزی، زی.

**تێبینی:** تەڵووک و تەلی و تەلوو دەگەڵ وشەی دڕک و دڕوو یەکن و ئاڵوگۆڕیی بە سەر پیتەکانی (**د ـ ت**) و (**ر ـ ل**) دا هاتوون و لە چاوگی دڕین و ڕەگی دڕ کەوتوون.

**تەڵە** (نا.)[پەه: تەلەک. لۆر: تەلە ـ فار: تلە ـ پەش: تەلەکە ـ تات: تەلە. باک: تەل، تەلە، تەلهە ـ ناو: تەڵە، تەلیە ـ هەو: تەڵە] ١ـ ئامرازێکە جۆری زۆرە بۆ لە داو خستنی گیاندار و پەلەوەر، تەبکە، داو. ٢ـ حۆققە و فڕ و فێڵێک بۆ پێوە کردنی مرۆڤ. **~ بە قوون (کونگ) تەقاندن:** (کنـ.) زۆر زیرەک و فێڵەزان بوون. **~ تەقاندن:** لە تەڵە دەرباز بوون و پێوە نەبوون. **~ دانان:** داو نانەوە بۆ گرتنی گیاندار و پەلەوەر. **~ لێدانانەوە:** داو نانەوە بۆ گرتنی گیاندار، تەڵە نانەوە. **~ نانەوە:** ١ـ داو نانەوە، تەڵە دانان. ٢ـ فڕ و فێڵ کردن بۆ فریو دانی خەڵک. **دە ~ خستن:** ١ـ گیاندار و پەلەوەرێک بە تەڵە گرتن. ٢ـ کەسێک فریو دان. **دە ~ کەوتن:** ١ـ دە داو کەوتنی گیاندار. ٢ـ هەڵفریوان و پێوە بوونی کەسێک. **وە سەر ~ پەڕاندن:** ١ـ دە داو خستنی گیاندار و پەلەوەر. ٢ـ (کنـ.) کەسێک هەڵفریواندن. **وە سەر ~ پەڕین:** ١ـ کەوتنە داوی گیاندار. ٢ـ (کنـ.) کەوتنە داو و فڕ و فێڵی کەسێک.

**تەڵەب** (نا.)[عەر: طلب] ١ـ ویست، داوا. ٢ـ تکا، رجا، تەمەننا. ٣ـ سواڵ. :: هەر ڕۆژە مردنێکە بژیێ بە ڕۆحی وا/ دەستی کەوێ بە گرتنەوەی دەستی بۆ تەڵەب (مەحوی ل ٤٨). ٤ـ (ئان.) مەیلی نێر کردنی مێ (بڕ: بە تەڵەب). **~ کردن:** ١ـ داوا کردن، ویستن. :: سوڵتان دەکا تەڵەبێ/ لە قۆشەن دەبدەبێ/ هات و گەییە حەڵەبێ (مان ل ٢٢). ٢ـ تکا کردن، پاڕانەوە. ٣ـ سواڵ کردن. **لە خودا ~ کردن:** لەبەر خودا پاڕانەوە و داوا کردنی ویست و مەسەلەیەک. :: لە خودا دەکەم تەڵەبێ هەرگیز نەبی بە چاوە (کانی مرادان ل ١٥٣).

**تەڵەبکار** (ئان. فا)[تەڵەب + کار] داواکار، خوازیار، داواکەر

**تەڵەبە** (نا.)[عەر: طلبة] ١ـ خوێندکاری زانستگا. ٢ـ خوێندکاری کۆن کە دەرسی دینی و ئایینی دەخوێند.

**تەڵەتەقێن** (ئان. فا)[لە: تەڵە تەقاندن] (کنـ.) کەسێک کە بە داو و

تەڵەوە نەبێ. مرۆڤی زۆر فێڵەزان.

**تەڵەڕێوی** (نا. ل)[تەڵە + ڕێوی] ١ـ جۆرێک تەڵەیەکی ئاسن کە ڕاوچی بۆ دە داو خستنی ڕێوی و گورگ و گیانداری گەورە دایدەنێنەوە. ٢ـ جۆرە یارییەکە بە دووکەس ئەکرێ، یەکیکیان ئەبێ بە تەڵە و هەردوو دەست و قاچی ئەبەستن، ئەویتریان ئەبێ بە ڕێوی قاچێکی ئەکەن بە ناوەندی هەر دوو دەستی تەڵەکە و قاچەکەی تری ئەکەن بە ناوەندی هەر دوو قاچیا و سەری ئەکەن بە ژێر سکیا و پاڵێک ئەنێن بە تەڵەکەوە. (خاڵ ب ١ ل ٣١٨)، تەڵە و ڕێوی.

**تەڵەزم** (نا.)[؟] کوتێکی تەنکی پەڕاو لە دار و بەرد، تەڵزم.

**تەڵەکە** (نا.)[لوڕ: تەلکە ـ فار: تلکە (تەلەکە) ـ کرم: تێلێکە. ناو: تەڵەکە] ١ـ فێڵ، فڕوفێڵ، گزیی. ٢ـ شڵتاغ، تەشقڵە.

**تێبینی:** مانای هاوڕیشەکانی ئەم وشەیە لە زمان و زاراوەکانی ئێرانی دا: پووڵ و ماڵێک کە بە فریو و گزیی لە خەڵکی وەردەگرن، هاتوە.

**تەڵەکەباز** (ئان. فا)[تەڵەکە + باز] هۆققەباز، فێڵەزان، گزیکار.

**تەڵەکەبازیی** (حم.)[تەڵەکەباز + ئیی] هۆققەبازیی، گزیکاریی.

**تەڵەمشک** (نا. ل)[تەڵە + مشک] جۆرێک تەڵەی چووک کە لە دوکان و ماڵان دایدەنێنەوە بۆ دە داو خستنی مشک.

**تەڵە و ڕێوی** (نا. ل)[تەڵە + و + ڕێوی] بڕ: تەڵەڕێوی/٢

**تەم** (نا.)[هیک: تەمەس ـ ئەو: تێمەه ـ پەه: تەم، تۆم، تەمیک. باک: تەم ـ ناو: تەم ـ هەو: تەم] ١ـ تەپ، مژ، دوومان. ٢ـ تار، هەوای لێڵ. ٣ـ تاریکی بەر چاو، تەمی چاو. ٤ـ مژ، قومی جگەرە. ٥ـ (مجـ.) خەفەت، خەم و کەسەر. ٦ـ [ئەر] تۆز، غوبار، تەپ و تۆز. ٧ـ [باک] کۆمەڵە ئەستێرەیەکی زۆر کە شەوانە وەک هەورێکی سپی و رووناک دیاری دەکا، پێور. **~ ڕەوین:** نەمان و بڵاو بوونەوەی تەپ و مژ. **~ لە دڵ نیشتن:** (کنـ.) خەفەتبار بوون، دڵ تاریک بوون. **~ هاتنە سەر چاو:** ١ـ بەر چاو تاریک بوون، باش نەدیتن. ‹‹ جا ڕۆستەم ئەو وەختی تەمی دەهاتن بە سەر هەرتک چاوە/ دەیگوت: کەسێکم لە پێش بڕوا، نووری چاو و هێزی ئەژنۆم نەماوە (لاس و خەزاڵ ل ٥٥). ٢ـ چاو

نەدیتن و لە خـەتەر نەترسـان و ئاکـام نەدیتن لەبەر تووڕەیی یەکـجـار زۆر. :: ئـیـتـر تەم هـاتە سـەر چاوان/ دەنگ نەکـردن ببـوە تـاوان/ لە سـەر نـامـووس خوێن هـاتـە کوڵ/ دەمی کێرد گەیشتـە سەر دڵ (بۆ کوردستان ل ١٦٠). || **تەمی چاو:** نەخۆشـیـیەکی چاو کـە چاو جـوان نابینی (ئین: ؟)

**تەمـا** (نا.)[عـەر: طمع] ١ـ ویست، خـواست. ٢ـ هیـوا، هومـێد. ٣ـ ویستی تەواو و لێبڕاو. & تەوا. **بە ~ بوون:** ١ـ ویستن، پێوە بـوون، تەمـا هـەبوون. :: بە تەمـا بـووم هـەر ئێـسـتـا بێم بۆ مـاڵتـان کـەچی خـۆت هـاتـی. ٢ـ چاوەڕوان بوون، داخواز بوون، تەما پێبوون. :: لە مێژە بە تەمای ئەو کـچـەم بیـهـێنم. **~ بە کـەسـێک هەبوون:** بە تـەمـای کـەسـێک بوون، داواکـاری کـەسـێک بوون. :: لە دۆستی خۆم زیاتر من تەمام بە کەسی دیکە نیە! **~ پێبوون:** چاوەڕوان بوون، بە تـەمـای کـەسـێک بوون. :: پیـاوی خراپت ببنەوە بە قـوربانی زنجیرەی دە کەزێیە/ مـەترسە تا رۆژی قیامـەت تەمام پێـتـە (مـێر و وەفـا ل ٧٢). **~ گرتن:** روون بوونەوە لە سـەر مـەبەستێک و رای تەواو دەربڕین. :: تەمـا بگرە دێی یا نا؟ **~ هەبوون:** بە تەمـا بـوون، ویسـتن. :: کـاکـم تەمـایەتی هەمـوو ئیـخـتـیـارێکم لە دەست دەربێنێ!

**تەماتە** (گیا.)[ئین: tomato] بەری گیـایەکی دەسچێنی یەکسـاڵەیە، رەنگی سـوورە و ئاودارە، شـکڵی پـتـر خـڕە و هەرمێیشی هەیە، توێکڵی ناسکە و تومی وردی لە نێو دایە، تـامی مزرە، بە رووتی دەخـورێ، رووبی لێـدەگـرترێ، ویشک دەکـردرێ و دەچێـشـتـی دەکـەن، بە برژاویش دەگەڵ کەباب دەیخۆن. بە کاڵی و بە سـووری لە ترشـیـات دەکـردرێ، Solanum lycopersicum نـاوی لاتینی ئەم گیـایەیە، تەمـاتـە، تۆمـاتێـز، باینجـانی سوور، باجان سۆر، شـامک، بامـجـان فـەرەنگی، بایجـانی سـوور، باینجان/٢.

**تەمـاح** (نا.)[عـەر: طمع] ١ـ چـاونـەزێـریـی ٢ـ داوای نـاڕەوا. ٣ـ هیوادار، چاوڕوان. **بە ~ بوون:** تەماح کـردن، هانا دران بۆ تەمـاحی پتـر. :: حـاجی سـەرەڕای ئەو هـەمـوو مـاڵ و سـامـانە هەر بە تـەمـاحی مـاڵی زیاترە. **~ بران:** تەواو بوونی تەمـاح، تەمـاح لە دڵ دەرکـردن. **~ تێکردن:** هیوادار بوون بۆ وەدەست هێنانی شتێک

یا کەسێک. :: لەمێژە ئامۆژنم تەماحی دەو کچەی جیرانمان کردوە بۆم بخوازێ. تەماحم دە کراسێک کردوە هەر پارەم چەنگ کەوێ دەیکڕم. ~ **دە گولیش (گولانیش) کردن:** (کنـ.) زۆر بە تەماح بوون. ~ **ڕێنیشتن:** مەیلی تەماح کردن، تەماح هەڵگرتن. ~ **کردن:** ئەنجام دانی تەماح بەهیوای سەرکەوتن. ~ **گرتن:** مەیلی تەماح کردن هەبوون، فریوی تەماح خواردن، تەماح ڕێنیشتن. :: بۆ ماڵی دونیایە تەماح نەتگرێ ڕۆڵە، تەماح باش نیە! ~ **هەڵگرتن:** مەیلی تەماح کردن. **وە ~ خستن:** کەسێک تووشی تەماح کردن. **وە ~ کەوتن:** تووشی تەماح بوون، داواکاری تەماح کردن بوون.

**تەماحکار** (ئان. فا)[تەماح + کار] کەسێک کە چاوی پڕ نەبێ و هەر بیەوێ تەماح بکا، بەتەماح.

**تەماحکاریی** (حم.)[تەماحکار + ئیی] کار و کردەوەی کەسی تەماحکار.

**تەمادار** (ئان. فا)[تەما + دار2] کەسێک کە بە هیوا و تەمای شتێکە، هیوادار، بەتەما، تەماکار.

**تەماداریی** (حم.)[تەمادار + ئیی] بە تەما بوون، تەماکاریی.

**تەمار** (ئا.)[باک] بڕ: دەمار

**تەمارتن** (چا. م)[باک] بڕ: تەمراندن

**تەماشا** (نا. چا)[عەر: تماشی] چاو لێکردن، سەیر، تواشا، تەواشا، تەمەشا. **بۆ ~ بوون:** شیاوی تەماشا بوون، سەیر بوون، ئاسایی نەبوون، تەماشایی. :: قیافەیەکەی هێند سەیرە بۆ تەماشا دەبێ. ~ **کردن:** ١ـ ڕوانین، چاو لە شتێک کردن، سەیر کردن. ٢ـ چاو پێداخشاندن. :: تەماشایەکی دەرسەکانت بکە ڕۆڵە سبەی ئیمتەحانت هەیە؟

**تەماشاچی** (نا. ل، ئان. ل)[تەماشا + چی] کەسێک کە چاو لە نمایش یا شتێکی شایانی چاو لێکردن دەکا، تەماشاکەر، سەیرکەر.

**تەماشاخانە** (نا. ل)[تەماشا + خانە] بینا و شوێنێک کە دەورگێڕ و هونەرپیشە شانۆی لێدەگێڕن، تیاتر، شانۆ، تواشاخانە.

**تەماشاکەر** (نا. ل، ئان. ل)[تەماشا + کەر] بڕ: تەماشاچی

**تەماشایی** (حم.)[تەماشا + یی]

شیاوی تەماشا، سەیر بوون، بۆ تەماشا بوون.

**تەماکار** (ئان. فا)[تەما + کار] بڕ: تەمادار

**تەماکاریی** (حم.)[تەماکار + ئیی] بڕ: تەمادارییی.

**تەماکۆ** (گیا.)[زمانی سوورپێستەکان: tubaco] ١ـ گیایەکەی یەکساڵەیە لە رەگەزی توتن، هەتا دوو گەز بەرز دەبێتەوە و بە کورک داپۆشراوە، بۆنی ناخۆشە و تایبەتی ناوچەی سوورپێستەکانی ئامریکایە، گەڵاکانی ویشک دەکرێ بە چەشنی جۆراوجۆر دەیپێچنەوە و دەیکێشن. ٢ـ جۆرێک توتن کە دە سەرەقەننەی دەکەن و دەیکێشن.

**تەماڵ** (نا.)[؟] ١ـ کەروێشکی نێو لان، کەروێشکی مەڵاسی نێو لان، دیاردە. ٢ـ (مجـ.) کەسێک کە لە ماڵ یا لە شوێنێک خۆی مەڵاس داوە. **~ دیتنەوە:** دۆزینەوەی کەروێشک لە لان دا. **~ هەستاندن:** دەرپەڕاندنی کەروێشک لە لان و تاژی تێبەردان یا تەقە لێکردن.

**تەماڵانە** (نا. ل)[تەماڵ + ئانە] خەڵاتێک کە دەدرێ بە نۆکەر و رەعیەت بۆ دیتنەوەی تەماڵ.

**تەمام** (ئان.) بڕ: تەواو

**تەماویی** (ئان. ل)[تەم/١ + ئاویی2] ١ـ تێکەڵ بە تەم، بە تەم و مژ. ٢ـ سەر بە تەم، سەر بە مژ. ٣ـ حاڵی مەسەلە و کارێک کە ئاشکرا نەبێ و نهێنی و شاراوەیی تێدابێ.

**تەمبور** (نا.)[زا] بڕ: تەمبوور

**تەمبورە** (نا.)[زا] بڕ: تەمبوور

**تەمبۆری** (نا. ل)[تەمبۆر + ئی][باک] بڕ: تەمبووری.

**تەمبوو** (نا.) بڕ: تەمبوورە

**تەمبوور** (نا.)[پەهـ: تەنبوور، تەمبوور. باک: تەمبوور، تەنبوور ـ ناو: تەمبوور، تەموورە، تەنبوور، تەنبوورە ـ زا: تەمبور، تەمبورە] ئامێرێکی مۆسیقایە، دەسکێکی درێژی هەیە، کاسەکەی چووکە و چوار سیمی لە سەرە و بە دەست لێدەدرێ.

**تەمبوورژەن** (ئان. فا)[تەمبوور + ژەن] کەسێک کە تەمبوور لێدەدا، تەمبوورڤان.

**تەمبوورڤان** (ئان. فا)[تەمبوور + ڤان][باک] بڕ: تەمبوورژەن

**تەمــبــوورە** (نا. ل)[تەمــبــوور + ئە] تۆپێکی خــڕی دارە کــە هەڵـیـدەکـۆڵن و پەڕەکـــانی ئاشـی لە دەورە دەدەن، تـۆپی ئاشـی ئاویی، تەموو، تەمبوو، تەمبوورەی ئاش. || **تەمبوورەی ئاش:** بڕ: تەمبوورە

**تەمــبــووری** (نا. ل)[تەمــبــوور + ئی][باک] کــاکــۆڵی پـیــاوانە، تــەمــبــەری، تەمبۆری.

**تەمبەری** (نا. ل)[تەمبەر + ئی][باک] بڕ: تەمبووری.

**تەمــبــەڵ** (ئان.)[فـار: تەمـبـول ـ گـیل: تنبل ـ بیـر: تەمــبــەل ـ لۆر: تەمــەل. ناو: تەمــبــەڵ، تەنبەڵ، تــەمــەڵ ـ هەو: تەمــەڵ، تەمبــەڵ ـ زا: تەمــبــەل] ١ـ کـەسێک کـە کـاری پێ خـۆش نیــە، تەوەزەل، تەمــەڵ، تـەنبـــەڵ، تـەڕاڵ. ٢ـ کـــەســـێک کـــە ئەندامـــەکـــانی لەشی وەکـــار ناخـــا، لەشـقـورس. ٣ـ کـەسێک کە مێشکی بۆ بیر کردنەوە وەکار ناخا. ٤ـ کەسێک کە دەرسـەکـانی باش ناخـوێنێ. **~ بوون:** ١ـ کار پێ خۆش نەبوون، سست بوون لە کـــــار دا. ٢ـ کـــــارا نەبوون لە دەرس خـوێندن دا، زیرەک نەبوون. **~ کردن:** کەسێک سست کردن لە کار دا و فێرە تەمـبــەڵی کـردن. || **تەمــبــەڵی بەغــدایە:** (کنـ.) کـەسـی زۆر تەمـبـەڵ. ‌:: تەمـبـەڵی بەغـدایە، ڕازی بوو بـە کـایە، کـاشـیــان نەدەدایە (امثال و حکم ل ١٠١).

**تەمبەڵ خان** (نا. ل)[تەمبەڵ + خان2] نازناوێک کـە بە کـەسـی تەمبـەڵی دەڵێن. :: هەستە تەمبەڵ خان کارەکانت بکە!

**تەمبەڵخانە** (نا. ل)[تەمبەڵ + خانە] ١ـ شـــوێن یا مـــاڵێک کـــە فـــەقـــیـــر و کـارنەکـەری تێـدا بە خـێـو دەکـەن. ٢ـ مـاڵێک کە خـاوەنەکەی یا دانیـشـتـوانی تەمـبـەڵ بن و کارەکانی نێو مـاڵ ئەنجام نەدەن. & تەمەڵخانە، تەنبەڵخانە.

**تەمــبــەڵە** 1 (گـیـانـ.)[تەمـبــەڵ + ئە] کرمێکی سپی و قەڵەوە، لە ژێر خاک دا دەژی و جووڵەی زۆر کـەمـە و هـەر لە بەر ئەوە ئەو ناوەی لێنراوە. لە کوردەواری بۆ ڕاوی مـــاسـی کـــەلکی لێـــوەردەگـــرن و دەیکەنە خۆراک و چێشکەی سەر قولاپ و قاشە زۆر باشی دەخوا.

**تەمــبــەڵە** 2 (نا.)[باک: تەمــەل ـ ناو: تەمـەڵە، تەمـبــەڵە، تـەنبـەڵە ـ زا: تەمــەل] پایە و بناغەی خانوو، بەشی ژێر خـاکی ماڵ و خانووبەرە.

**تەمــبــەڵیت** (نا.)[فـار: تنبلیت. باک: تەمـەلیت ـ ناو: تەمبـەڵیت، تەمـەڵیت] ١ـ

باری چووک کە لە سەر باری دادەنێن، سەربار. ٢ـ بارگە و بنەی هەوار، تەڵمیت. ‡ بەکری شێخان لە شەرمی قەری گەڕاوە/ هەتتاوەکی لە نێو خێڵی حەمەدی باشاغان تەمبەڵیتی خۆی بە ئەرزێ داداوە (مان ل ٢٦٩)

**تێبینی:** هاوڕیشەی ئەم وشەیە لە فارسی دا تنبلیت (تەنبەلیت)ە هەر بەو مانایە.

**تەمبەڵیی** (حم.)[تەمبەڵ + ئیی] کرداری تەمبەڵ، لەشگرانیی، تەوەزەلیی، تەمەڵیی. **~ لە خۆ بار کردن:** تەمبەڵ بوون، چوونە ژێر باری تەمبەڵیی. ‡ ڕۆڵە هەستە هێندە تەمبەڵیی لە خۆت بارمەکە و برۆ کارێک بدۆزەوە بۆ خۆت. **~ کردن:** کار ئەنجام نەدان، تەوەزەلی کردن.

**تەمبێ** (نا. چا) بڕ: تەنبێ

**تەمبێیانە** (نا. ل)[تەمبێ + ئانە2] بڕ: تەنبێیانە

**تەمتومان** (نا. ل)[تەم + تومان] مژی خەست و بەربلاو، تەپ و مژ.

**تەمتەراق** (نا.)[عەر: طمطراق] ١ـ نمایشی شکۆ و جەلال، خۆ نواندن. ٢ـ دەبدەبە، شکۆ.

**تەمتەم** (نا. ل)[تەم؟ + تەم؟] زەوی سەختی بەردەڵان کە بە کاری کشتوکاڵی نایە، تەمتەمان، ڕەقەن.

**تەمتەمان** (نا. ل)[تەمتەم + ئان] بڕ: تەمتەم

**تەمتەمە** (نا. ل)[تەم؟ + تەم؟ + ئە] بزمارێکی سەر خڕی نووک تیژە لە بنی مەزرەقی دەکوتن بۆ باشتر خولانەوەی، تمتمە.

**تەمر**[1] (نا.)[فەر: timbre] کوتە کاغەزێکی نەخشدار و بایەخدارە کە پۆست مافی چاپ کردنەکەی بە دەستەوەیە و لە جیات پارەی بەڕێ کردنی نامە و هێنان و بردنی پۆستی لە سەر پاکەت دەدرێ، پوول. **~ کردن:** ١ـ تەمر بە پاکەتەوە نان. ٢ـ (کنـ.) کەسێک لە سەر خۆ کردنەوە و بە شوێن کارێکی بێسوودەوە ناردن، دەست بە سەر کردن. & پوول پێوەنان.

**تەمر**[2] (نا.)[عەر: تمر] خورما. ‖ **تەمری هیندیی:** ١ـ دارێکی بە لک و پۆی گەورەی ناوچە گەرمەکانە لە دەستە ئەرخەوان کە هەتا ٢٥ گەز بەرز دەبێتەوە، گوڵەکانی زەرد و سپی، بەرێکی قاوەیی مەیلەوڕەشی هەیە لە بەر

و گوڵ و توێکڵـەکـەی بۆ دەرمـان کـەلک وەردەگـرن و چێـوەکـەشـی بە نرخـە، Tamarindus indica نـاوی لاتینـی ئەم دارەیە. ٢ـ بەری ئـەم دارە کـە تـامی ترشـە و دەخـورێ. & خـەوجـە، خـورمـای هیندیی

**تەمـراندن** (چا. م)[هـس: دامـراندن] [باک] ١ـ دامـــراندن، دامـــرکـــاندن، کـــووژاندنـەوەی ئاگــر. ٢ـ لە بن خـــاک شـاردنەوە، وە بن گڵ دان و داپۆشـاندن. & تەمارتن.

**تەمرین** (نا. چا)[عەر: تمرین] کاری خـۆ راهێنان و دووپات کـردنەوە بـۆ فێـر بوون و خوو پێگرتن، مەشق. **~ کردن:** دووپاتە کردنەوەی کار و مـەسـەلەیەک بۆ راهـاتن و فێر بـوون، مەشق کردن. ⁘ بۆ خەت خۆش بوون دەبێ تەمرین بکەین.

**تەمـــســـیـل** (نا.)[عــەر: تمثـیل] ١ـ نمایش، یاریی چیرۆک و بەسـەرهـاتێک. ٢ـ چیـــرۆک یا حـــەدیســـێک بۆ وێنە هێنانەوە و باس کـردن. ٣ـ شـوبـهـاندن، وێچـواندن. ⁘ هـەمـیـشـە لالەزارە دەوری قــەبرســتــانی عــوشــشــاقت/ ئەکــەن تەمـسـیلی لێـوی لەعل و کـوڵمـی ئاڵ و رەنگینت (ئەحمەد موختار ل ٦٧).

**تەمشوێ** (نا.) بڕ: تەشوێ

**تەمشوو** (نا.) بڕ: تەشوێ

**تەم ومـژ** (نا. ل)[تەم + و + مـژ] مـژ، مژی خەست، تەپ و مژ، تەمتومان.

**تەمورە** (نا.) بڕ: تەمبوور

**تەمـــۆخ** (نا.)[؟][باک: تەمـــۆخ ـ ناو: تەمۆخ] بەردێکە سیلیسی کە لە نیشتن و پێکەوە نووسـانـی خـیـز و رەڵم و سـیلیس پێک دێ و بەردێکی سەختە، پختۆک.

**تەمۆژ** (گیانـ.)[؟][باک] حەشـەڕەیەکە زۆرتر لە سـەر درەخت دەژی و لە شـیرەی درەخت دەخـــوا، چەندین جـۆر و رەنگی هـەیە بەڵام بە گشـتی سـەریان گـەورەیە و چوار باڵی تەنک و روونیـان هـەیە. نێرەی ئەم حەشـەڕەیە بە ئەندامی ژێر زگ و ڕێ خشـاندنی پێیـەکـانی دەنگێکی تایبـەتی دەردێنێ بـۆ بانگ کـردنی مێ، Cicada ناوی لاتینی ئەم جـانەوەرەیە، گـۆسـان. (فار: زنجره. عەر: زیز)

**تەموو** (نا.) بڕ: تەمبوورە

**تەمووز** (نا.)[عەر: تموز (لە: بابیلی)] ١ـ یەکـــەم مــــانگی هـاوین و دەهـەمـین مـانگی رۆمی. (ئین: july) ٢ـ گـەرمـای بە تینی هـاوین.

**تێبینی:** تەمووز لە زمانی بابیلی دا خودای بەهار بوە و مێردی نەنا Nanâ خوداژنی زاوزێ.

**تەمەرە** (نا. ل)[ئەر] بڕ: تەگەرە

**تەمەشا** (نا. چا) بڕ: تەماشا

**تەمەع** (نا.)[عەر: طمع][کلاسیک] بڕ: تەماح

**تەمەل** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: تەمبەڵە2

**تەمەلیت** (نا.)[باک] بڕ: تەمبەڵیت

**تەمەڵ** (ئان.) بڕ: تەمبەڵ

**تەمەڵخانە** (نا. ل)[تەمەڵ + خانە] بڕ: تەمبەڵخانە

**تەمەڵە** (نا.) بڕ: تەمبەڵە2

**تەمەڵیت** (نا.) بڕ: تەمبەڵیت

**تەمەڵیی** (حم.)[تەمەڵ + ئیی] بڕ: تەمبەڵیی

**تەمەن** (نا.)[؟] مەودایەک لە ژین، ئەندازەی ژیان، عومر. **~ی درێژ بۆ کەسێک بە جێ هێشتن:** (کن.) مردن، عومری درێژ بۆ کەسێک بە جێ هێشتن.

**تەمەننا** (نا.)[عەر: تمنی] ١ـ داوا، تەڵەب، تکا. ٢ـ ئاوات، ئارەزوو، خۆزگە. ⁂ سەری هەر مووی بەدەنم تەرزە تەمەننایێکە/ گەردشی تووکی سەرم دووکەڵی سەودایێکە (نالی ل ٤٦١). **بە ~ بوون:** داواکار بوون، ئاواتەخواز بوون، بە ئاواتەوە بوون. **~ کردن:** ١ـ داوا کردن، تەڵەب کردن، تکا کردن، پاڕانەوە. ٢ـ ئارەزوو کردن. **~ لێکردن:** لە بەر پاڕانەوە، تکا لە کەسێک کردن.

**تەمی** (گیانـ.)[؟][باک] بڕ: گەنە

**تەمیز** (ئان.)[عەر: تمییز] ١ـ پاک، خاوێن، تەمیس. ٢ـ (نا. چا) کاری هەڵسەنگاندن وهەڵبژاردن و جیا کردنەوەی شاز و چاک لە ناشاز و خراپ، تەشخیس.

**تەمیس** (ئان.) بڕ: تەمیز

**تەمێ** (نا. چا) بڕ: تەنبێ

**تەمێیانە** (نا. ل)[تەمێ + ئانە2] بڕ: تەنبێیانە

**تەن** [1] (نا.)[هیک: تەنوو ـ ئەو: تەنوو ـ پەه: تەن. باک: تەن ـ ناو: تەن ـ باش: تەن ـ هەو: تەن] ١ـ ئەندام، بەدەن، لەش. ⁂ تا نەکوژرێم و تەنم نەبەنەوە بۆ گۆڕ و گۆڕخانە/ هیچکەس نابێ سواری بۆری ببێ و پێیببڕێ مەنزڵ و مەکانە (سەعید و میرسێوەدین ل ٢١٤). ٢ـ کەس،

نەفەر، تەنە. ¤ یەک تەن، شەڕی تەن بە تەن.

**تەن**2 (ر.) رەگی تەنین کە لە هەندێک وشەی لێکدراو دا دێ. ¤ جۆڵاتەنە

**تەنا** (ئان.)[باک ـ زا] بڕ: تەنیا

**تەناب** (نا.)[عەر: طناب][کلاسیک] بڕ: تەناف. ¤ مەڵێ ڕێگا کەشندە یا کوشندە ئەژدەرە یاخۆ/ کەمەندە یا تەنابی خێوەتی گەردوونی گەردانە (نالی ل ٤٩١).

**تەناف** (نا.)[عەر: طناب] ١ـ چەند لووی بەنی لێک بادراوی درێژ، گوریس، شریت، پەت. ٢ـ کەمەند. ¤ ئەو کابرایە شێرە و بە تەنافی هیچکەس ناگیرێ و نەگیراوە (لاس و خەزاڵ ل ٦٣). **لە ~ دان:** لە دار دان، ئێعدام کردن بە تەناف. ¤ مەمدە بەر حەلقەیی ئەو زولفە لە سەر ماچی دەمت/ لە تەنافم مەدە مەمکووژە لە سەر هیچ و نەبوو (وەفایی ل ١٠٧). ‖ **تەنافی شەیتان:** هەودایەکی ناسکی تەونۆکەی جاڵجاڵۆکە کە لە هەوا دایە، خەیاتەی جن.

**تەنافباز** (ئان. فا)[تەناف + باز] بڕ: پەتباز

**تەنافبازی** (حم.)[تەنافباز + ئیی] بڕ: پەتبازیی

**تەناف تەنافێن** (نا. ل)[تەناف + تەناف + ئێن] ١ـ کایە یا وەرزش کردن بە تەناف. ٢ـ یاریەکی منداڵان بە تایبەت کچانەیە بە تەناف.

دوو کەس هەر کام لایەکی تەناف هەڵدەسووڕێن و یەکێک لە نێوەراست خۆ هەڵداوێ و تەنافەکە بە بنی دا تێدەپەڕێ و هەتا تەنافەکەی وێ نەکەوێ ناخیچێ.

**تەنانە** (ئام.) بڕ: تەنانەت

**تەنانەت** (ئام.)[؟] ١ـ تایبەت و زەق کردنەوە بۆ کەس و کارێک، حەتتا. ¤ تەنانەت ئەگەر تۆش داوا بکەی، نایبوورم. ڕۆیشت و تەنانەت چایەکیشی دەگەڵ نەخواردمەوە.

**تەنبوو** (گیانـ.)[؟][باک] بڕ: گەنە.

**تەنبوور** (نا.) بڕ: تەمبوور

**تەنبوورە** (نا.) بڕ: تەمبوور. ¤ سووتاوە دەروونم وەرن ئەی موتریب و ساقی/ تۆ لێدە لە تەنبوورە، ئەتۆ پڕ کە ئەیاغان (وەفایی ل ٨٧).

**تەنبەتەن** (نا. ل)[تەن1 + بە/ە + تەن1] کەسێک لە بەرابەر کەسێکی دیکە

دا بۆ شەڕ و بەربەرەکانی. ⁂ پاڵەوانێک بوو تەنبەتەن کەس پێینەدەوێرا.

**تەنبەڵ** (ئان.) بڕ: تەمبەڵ

**تەنبەڵخانە** (نا. ل)[تەنبەڵ + خانە] بڕ: تەمبەڵخانە

**تەنبەڵە** (نا.) بڕ: تەمبەڵە2

**تەنبێ** (نا. چا)[عەر: تنبیە] ١ـ دەرس و پەند لە ئاکامی کارێک. ٢ـ سزای سووچ و هەڵە. & تەمبێ، تەمێ. ~ **بوون:** ١ـ دەرس و پەند وەرگرتن لە ئاکامی کار و مەسەلەیەک و ئەنجام نەدانەوەی، تەنبێ خواردن. ٢ـ سزا دران. ~ **خواردن:** بڕ: تەنبێ بوون. ~ **کردن:** ١ـ دەرس پێدان بە کەسێک بۆ ئەنجام نەدانەوەی کارێک، ئەدەب کردن. ٢ـ سزا دانی سووچ و هەڵە بە لێدان. **کەسێک بۆ کەسێک** ~ **کردن:** کەسێک ئەدەب کردن و تەنبێ کردن بۆ کەسێکی دیکە. ⁂ ئەو کوڕەم وا بۆ تەنبێ کردی ئیدی مەحاڵە ئەوکارە بکاتەوە. بۆ بابیم تەنبێ کرد.

**تەنبێیانە** (نا. ل)[تەنبێ + ئانە2] ١ـ پارە یا ماڵێک کە بۆ قەرەبوو کردنەوەی کارێکی ناڕەوا لە کەسێک دەستێندرێ، جەریمە. ٢ـ کار و کردەوەیەک لەبری سزا بە کەسێک دەسپێردرێ. ⁂ ڕۆژی لە دایک بوونمت لە بیر کرد، تەنبێیانە دەبێ بمبەیە سەفەرێکی خۆش! & تەمبێیانە، تەمێیانە.

**تەنپەروەر** (ئان. فا)[تەن1 + پەروەر] کەسێک کە هەر خەریکی پێڕاگەیشتن بە لەش و حەسانەوە و ڕابواردن بێ، کەسێک کە لەشی زەحمەت نادا و مەیلی کار کردنی نیە. ~ **بوون:** خۆ خۆش ویستن و بە خۆ ڕاگەیشتن لە باری خواردن و ڕابواردن و حەسانەوە، تەنبەڵ بوون بۆ کار و زەحمەت دانی لەش. ~ **کردن:** ڕاهێنان و بارهێنان منداڵ یا کەسێک بە تەنپەروەریی.

**تەنپەروەریی** (حم.)[تەنپەروەر + ئیی] کار و کردەوەی کەسی تەنپەروەر، تەنپەروەر بوون.

**تەنتوور** (نا.)[فەر: teinture] ئاوەکییەکی ئەلکۆلی کە لە هەندێک گیا و گیاندار سازی دەکەن. || **تەنتووری یۆد:** (فەر: teinture d iode) ئاوەکییەکی تێکەڵاو لە ئەلکۆل و یۆد کە بۆ خاوێن کردنەوە و چاک بوونەوەی برین کەلکی لێوەردەگرن، دەرمانی سوور.

**تەنتەنانی** (نا.)[؟] جۆرێک هەڵوای

زۆر خۆش. :: هەڵوای تەنتەنانی هەتا نەیخۆی نایزانی (مەتەڵ)

**تەنتەنە** (نا.)[عەر: طنطنة] ١ـ دەنگ و هەوای مۆسیقا. ٢ـ شکۆ، فەڕ، سەنسەنە.

**تەنخوا** (نا. ل)[تەن1 + خوا4] ١ـ سەرمایە، دەسمایە، سامان و پارەی نەغد. ٢ـ ماڵ و کوتاڵی بازرگانیی. ٣ـ لەبری، لە جیاتی. :: شێعر وێم تەنخوای سەمتوور سازێ/ لێدەر، سا نەی چی هەر تارێش گازێ (مەولەوی ل ٣).

**تەندروست** (ئان. ل)[تەن1 + دروست][پەھ: تەندروست] ساغ، سلامەت، لەشساغ. **~بوون:** لەشساغ بوون، سلامەت بوون.

**تەندروستیی** (حم.)[تەندروست + ئیی] ساغیی و سلامەتیی، لەشساغیی.

**تەندورە** (نا.)[زا] بڕ: تەندوور

**تەندوور** (نا.)[ئەو: تەنورە ـ پەھ: تەنوور. لۆر: تەنیر ـ فار: تنور ـ تات: تەنە ـ گیل: تەنوور، تەندوور. باک: تەندوور، تەنوور ـ ناو: تەنوور، تەندوور ـ هەو: تەنوورە ـ زا: تەندورە] قوڵکەی ساز کراو لە گڵی سوور لە ماڵ یا نانەواخانە بۆ نان تێدا کردن **بە ~وە دان:** پێوەدانی نان بە تەندوورەوە. **~ داخستن:** ١ـ ئاگر لە تەندوور دا کردنەوە و ئامادە کردنی بۆ نان کردن. ٢ـ (کنـ.) باسی خراپە و زەمی کەسێک کردن بە تێگڕایی. **وردە دە ~ کردن:** (کنـ.) زۆر بە پەلە نان و چێشت خواردن.

**تێبینی:** زمانەوانان ریشەی وشەی تەندوور و تەنوور نە بە وشەیەکی هیندو ئەورووپایی و نە بە وشەیەکی سامی دادەنێن و لە سەر ئەم بڕوایەن ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە سەر خەڵکێک کە بەر لە سامییەکان و ئارییکان لەم وڵاتە نیشتەجێ بوون و ئەم وشەیان لەوان وەرگرتوە. (بڕ: برهان ل ٥٢٤).

**تەندووراو** (نا. ل)[تەندوور + ئاو1/١] بەشێک لە ئاوی چۆم و رووباری مەند و قووڵ کە بە دەوری خۆی دا خولان دەدا و ئەگەر بە هێز بێ مرۆڤ دەباتە بن ئاوەوە، گێج، گێجاو، گێژاو.

**تەندوورە** (نا. ل)[تەندوور + ئە] ١ـ قوڵکە و حەوزێک کە ئاو لەوێوە دەڕژێتە سەر پەڕەی ئاش. ٢ـ خول و پێچی ئاوی رووبار و تەندووراو، تەنوورە. ٣ـ بڕ: تەندوورەزەنە. ٤ـ گێژەڵووکە. & تەنوورە

**تەندوورەزەنە** (ئان. ل)[تەندوورە +

زەن (ژەندن) + ئە] پێچ و خول بە تایبەت بـۆ دێـو، تـەنـدووره، تـەنـووره. ∷ دێـوی رەش بە تەندوورەزەنە چوە ئاسمان.

**تەنراو** (نا. مـــفـ.)[لە: تەنین] جل و پارچەیەک کە تەنرابێ، بافتە.

**تەنز** (نا.)[عەر: طنز] جۆرە چیرۆک و داسـتـانێکی کـورتـە کـە بە شـێـوەیەکی پێکەنینی باسی مەسەلەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکا.

**تەنزنووس** (ئان. فــا)[تەنز + نووس] نووســـەری تـەنز، کـــەســـێک کـــە تەنز دەنووسێ.

**تەنزنووســـیی** (حم.)[تەنزنووس + ئیی] کـار و پیـشـــەی تـەنزنووس، تـەنز نووسین.

**تەنزیل** (نا.)[فــار: تنزیب (تەنزیب)] پارچەیەکی سپی و تـەنک کە بۆ لەچکە و برین بـەسـتن و بابەتی دیکە کــــەڵکی لێوەردەگرن.

**تێبینی:** تەنزیب راستـەوخۆ لە زمانی فارسییەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردییەوە و خـــودی وشـــەکـــەش لە [تەن + زیب] پێکهاتوە. تەن بە مـانای لەشـە و زیب ـ یش لە چاوگی زیبیدن کەوتوە بە مانای رازاوە، زیوەر کــە بە گـشـتـی دەبێـتـە رازاوەی لەش، زیوەی تەن. ئەم وشـەیە لە فـارسـی دا ئـیـمـڕۆکـە زۆرتر بە تـەنزیف دەردەبڕدرێ.

**تەنشت** (ئاک. ل)[تەن1 + شت][باک: تەنشت، ـ ناو: تەنیشت، تەنشت] ١ـ کن، لا، جەم، پاڵ، پەنا، نزیک. ٢ـ لا، سـووچ، تەڕەف. ∷ لە کام تەنشت هەڵکەوتوە؟ ٣ـ (نا.) کەلەکە، قەبرغە، خاڵیگە. & تەنگال

**تەنشتـاوتەنشت** (ئاک. ل)[تەنشت + ئاو2 + تـەنشت] شـــێـــوە جـــووڵە و رۆیشـتنێکە بە لای شـان و لایەکی لەش بۆ تێـــــوەچوون و تێـــــپــــەڕین & تەنیشتاوتەنیشت

**تەنـک** (ئان.)[هیک: تەنوکـــە ـ پەه: تـەنووک، تـونـوک. بـەل: تەنـەک ـ پـەش: تەنکەی ـ فار: تۆنۆک ـ بیر: تەنێک ـ لۆر: تۆنک. روس: tonki. باک: تەنک ـ ناو: تەنک ـ زا: تەنک] ١ـ حـاڵی هەر شـتێکی پانی ناسـک. // ئەسـتوور. ٢ـ شـوێنێک لە چەم و رووبار کـە قـووڵ نەبێ و بوار بدا، تەنکاو. // قـووڵ. ٣ـ حـاڵی دەغڵ و مــوو و هـەر شـتـێکی رواو کـە پڕ نـەبێ، شـــاش. **~ بوون:** ١ـ تەسک و ناسک بوونی هـەر شـتێک. ٢ـ پڕ و چڕ نەبوونی هـەر شتێکی رواو و داچاندراو.ە∷ سەرم

تەنک بوە. ~ **کردن:** ١ـ پان و ناسک کردنەوەی شتێک ٢ـ هەڵکێشان و تەنک کردنەوەی چاندراوی پڕ، تەنکە کردن.

**تەنکاو** (نا. ل)[تەنک + ئاو] ئاوی چەم و رووبار کە قووڵ نەبێ.

**تەنکوتیواڵ** (ئان. ل)[تەنک + و + تیواڵ] حاڵی هەر شتێکی زۆر تەنک بێ، لە رادەبەدەر تەنک. :: ئەم قوماشە تەنکوتیواڵە سەرما ناگێرێتەوە، یەکی هەندێک ئەستوورترمان بدەیە!

**تەنکە** (نا. ل)[تەنک + ئە] تەنک، تەسک. ~ **کردن:** هەڵکێشان و تەنک کردنەوەی چاندراوی پڕ. || **تەنکەی گیرفان:** بەر و نێوی گیرفان. ***خستنە تەنکەی گیرفان:** دە گیرفان نان، دە باغەڵ نان، دە تەنکەی گیرفان نان. ***دە (لە) تەنکەی گیرفان نان:** دە باغەڵ نان، خستنە تەنکەی گیرفان. :: هەر دەمەنادەمێک بەیاننامەکەم دەردێنا و دەمخوێندەوە و سەرلەنوێ لە تەنکەی گیرفانم دەناوە (تاریک و روون ل ١٨).

**تەنکەبوار** (نا. ل)[تەنک + ئە + بوار] شوێنێکی تەنک لە چەم و رووبارێکی کە زۆر قووڵ نەبێ و بە سانایی پێیدا دەپەڕنەوە، بواری تەنک.

**تەنگ** (ئان.)[پەه: تەنگ. فار: تەنگ ـ بیر: تەنگ ـ پەش: تەنگ، تەنگە. باک: تەنگ، تنگ ـ ناو: تەنگ ـ هەو: تەنگ ـ زا: تەنگ] ١ـ حاڵی شوێن یا جێگە یا کونێک کە پانایی کەم بێ. // فرەوان، گوشاد. ٢ـ حاڵی جل و بەرگ و پۆشاک کە ئەندازەی لەش نەبن و لەش بکوشن. ٣ـ زۆر، زەخت. ٤ـ (نا.) تەنگەی ولاّغ. **بە ~ی کەسێکەوە بوون:** یارمەتی دان و هەوڵی زۆر دان بۆ کەسێک. ~ **بوون:** ١ـ گوشاد نەبوونی جێ و شوێن. ٢ـ پۆشاکی چووکتر لە ئەندازەی لەش بوون. :: کەوشەکانم تەنگە پێم دەگرێ. ~ **بوونەوە:** لە دەست دانی حاڵەتی فرەوانیی. ~ **پێهەڵچنران:** زۆر بۆ هاتن، وە تەنگ هاتن. ~ **پێهەڵچنین:** زۆر بۆ هێنان، دەرەتان لێبڕین، تەنگ هەڵچنین، وە تەنگ هێنان. ~ **دان:** بڕ: تەنگە دان. ~ **کردنەوە:** کەم کردنەوەی فرەوانیی. ~ **هەڵچنین:** بڕ: تەنگ پێهەڵچنین. **وە ~ هاتن:** جاڕز بوون لە زەخت و زۆر، وەڕەز بوون. **وە ~ هێنان:** بڕ: تەنگ پێ هەڵچنین.

**تەنگال** (ئاک. ل)[باک] بڕ: تەنشت

**تەنگان** (چا. ل)[لە: تەنگ] ١ـ تووشی سەختی و سەخڵەتی هاتن، زۆر بۆ

هاتن. ٢ـ زۆر بۆ هاتنی زگ و پێویستی بە ئاودەست هەبوون.

**تەنگانە** (نا. ل)[تەنگ + ئانە] کاتی سەختی و لێقەومان، تەنگژە. :: تەنگانە بەریان کورتە (پەند). **کەوتنە ~وە:** تووشی لێقەومان و سەختیی هاتن. **لە ~ دەرهێنان:** لە تەنگانە و تەنگژە رزگار کردن. **لە ~ رزگار بوون:** تەواو بوونی تەنگانە و سەختی. **لە ~ رزگار کردن:** لە لێقەومان و تەنگژە خەلاس کردنی کەسێک.

**تەنگاو** (ئاک. ل)[لە: تەنگان] ١ـ لە تەنگانە دا، زۆر بۆ هاتوو. ٢ـ (ئان. ل) کەسێک کە کاری ئاوێی هەیە و دەبێ دەستبەجێ بچێتە ئاودەست. & تەنگەتاو. **~ بوون:** ١ـ لە سەختی و سەخڵەتی دا بوون. :: بە مەرەکەوە هێندە هەراسان و سەخڵەت بوون، هێندە تەنگاو بوون، کوتیان با ئەستی بدەینێ (شێخ فەرخ ل ٦٠). ٢ـ پێویست بە ئاودەست هەبوون، تەنگان، تەنگەتاو بوون.

**تەنگدەس** (ئان. ل)[تەنگ + دەس] بڕ: تەنگدەست

**تەنگدەست** (ئان. ل)[تەنگ + دەست] دەستکورت، هەژار، دەست تەنگ، تەنگدەس.

**تەنگدەستیی** (حم.)[تەنگدەست + ئیی] دەسکورتیی، دەستەنگیی، نەداری، تەنگدەسیی.

**تەنگدەسیی** (حم.)[تەنگدەس + ئیی] بڕ: تەنگدەستیی.

**تەنگز** (گیا.)[؟] درەختێکی بالا بچووکی دڕکاوییە، بەرێکی هەیە وەک چواڵە بەلام ئەم تاڵە بە خۆشکراوی ئەخورێ (خاڵ ب ١ ل ٣٢١)، Amygdalus ناوی لاتینی ئەم دارەیە، چاڵووک.

**تەنگژە** (نا. ل)[تەنگ + ژە] ١ـ دۆڵی تەنگ و هەڵدێر. ٢ـ تەنگانە.

**تەنگ و چەڵەمە** (نا. ل)[تەنگ + و + چەڵەمە] تەنگانە، تەنگژە، دژواریی و ناخۆشیی.

**تەنگە** (نا. ل)[تەنگ + ئە] ١ـ دەوری کەمەر و گەد و گیپاڵ. ٢ـ [لۆر: تەنگ ـ فار: تەنگ ـ باک: تەنگە ـ ناو: تەنگ، تەنگە] قایشێکی پانە کە بە بن زگی ولاغ دا دێ و زین و کورتانی پێ قایم دەکەن، تەنگ. ٢ـ بەشێک لە دەریا کە لە نێوان دوو ویشکایی هەڵکەوتوە و دوو دەریا

پێک دەلکێنێ. ~ **دان:** بەستنی تەنگەی ولاغ، تەنگە کێشان، تەنگ دان. ~ **شەتاندن:** بەستن و کێشانی تەنگە. :: زینی لە سەر نێ تەنگەی بشەتێنێ/ تۆزەک وا دیارە لە بنی رەشکێنێ (سێسەد هۆنراوە ل ٣٠). ~ **کێشان:** توند کردنی تەنگەی ولاغ، تەنگە شەتاندن. ~ **گرتن:** ١ـ بریندار بوون و ئەزیەت بوونی ولاغ بە تەنگە. ٢ـ (کنـ.) بریندار بوون و دڵگیر بوون لە قسە و کردەوەی کەسێک.

**تەنگەبەر** (ئان. ل)[تەنگ + ئە + بەر] ١ـ حاڵی هەر شوێنێکی بەرینایی کەم بێ. :: کۆڵانی تەنگەبەر. ٢ـ هەرچی کە سنوور و مەرزی بۆ دیاری کرابێ، دەوروبەر گیراو، بەر بەستراو. (عەر: محدود). :: بیری تەنگەبەر، ژیانی تەنگەبەر. ~ **بوون:** مەودای پەرە سەندن و ئازادیی نەبوون، حەد بۆ دیاری کران، بەر پێ گیران. ~ **کردن:** مەودای پەرە سەندن و ئازادیی پێنەدان، بەر پێ گرتن، سنوور بۆ دیاری کردن.

**تەنگەبەریی** (حم.)[تەنگەبەر + ئیی] تەنگەبەر بوون، بەربەستراویی، ئازاد نەبوون.

**تەنگەتاو** (ئاک. ل)[تەنگ + ئە + تاو4] بڕ: تەنگاو. ~ **بوون:** ١ـ زۆر بۆ هاتن. ٢ـ تەنگاو بوون، تەنگان. ~ **کردن:** زۆر و زەخت بۆ کەسێک هێنان.

**تەنگەستوور** (ئان. ل)[تەنگە/١ + ئەستوور] کەسێک کە دەوری کەمەری زل و ئەستوور بێ، مرۆڤی زگ زل.

**تەنگەنەفەس** (نا. ل)[تەنگ + ئە + نەفەس] ١ـ کەسێک کە تووشی نەخۆشی تەنگەنەفەسیی بوە، هەناسەسوار، بەرهەنگدار. ٢ـ (کنـ.) بێسەبر و کەم تاقەت. ~**بوون:** ١ـ هەناسەسوار بوون. ٢ـ کەم تاقەت و بێسەبر بوون.

**تەنگەنەفەسیی** (نا. ل)[تەنگەنەفەس + ئیی] نەخۆشییەکە کە پتر تووشی مرۆڤی پیر دەبێ و نیشانەکەی تەنگەنەفەس بوونی پەیتاپەیتایە، هەناسەسوارییی، بەرهەنگ. (ئین: asthma)

**تەنگە هەڵکێش** (نا. ل)[تەنگە + هەڵکێش (هەڵکێشان)] قایشێکی باریکە بە زینەوە تەنگەی پێ قایم ئەکرێ بۆ ئەوەی زینەکە نەکەوێ (کشت و کاڵ ب ١ ل ٩٣).

**تەنگیی** (حم.)[تەنگ + ئیی] ١ـ تەنگ

بوون. // گــوشـــادیی، فــرەوانیی. ٢ـ تەنگانە، تەنگژە.

**تەنناز** (ئان.)[عــەر: طناز] ١ـ شـۆخ، بەناز. ٢ـ کـەسـێک کـە کـەشم و نـەشم دەکا.

**تەننـازیی** (حـم.)[تـەنناز + ئـیی] چلۆنایەتی و حاڵەتی کـەسی تەنناز. ∷ گـوڵەندامێ، دڵارامێ، سـەمـەنبـەر، دیدە شـەهلایێ/ بە دوو زولفان رەسـەنبازیی، بە دوو ئـەگـریجـە تەننازیی (وەفـایی ل ١٤٦).

**تەنوین** (نا.)[عەر: تنوین] دوو سەر یا دوو ژێر یا دوو بۆرە لە وشەکانی عەرەبی دا کە بە ئاخری وشەوە دەلکێ و تایبەتی زمانی عەرەبییە.

**تەنوور** (نا.) بڕ: تەندوور

**تەنوورشـێـوێن** (نا. ل)[تەنوور + شـێـوێن (شـێـواندن)] دارێکی درێژی هـەندێک ئەستوورە کە بنی تەندووری پێ تێک وەردەدەن هـەتا ئاگرەکە خۆشتر بێ، کۆڵەوەژ.

**تەنوورە** 1 (نا. ل)[تەنوور + ئە] ١ـ بڕ: تەندوورە. ٢ـ (نا.)[هەو] بڕ: تەندوور

**تەنوورە** 2 (نا.)[عـەر: تنورة لە سـور: تنورە] ١ـ داوێنی کـــراسی ژنان. ٢ـ جلێکی ژنانە، لە کـەمـەر بۆ خـواریان دادەپۆشـێنێ، داوێنەکەی ئاوەڵایە و نێو دەلینگ ناگــرێ و هـەتا نزیک ئـەژنۆ و خوارتر دەبێ، دامەن.

**تەنها** (ئان.) بڕ: تەنیا

**تەنهـایی** (حم.)[تەنهــا + یی] بڕ: تەنیایی

**تەنە** (نا. ل)[تەن + ئە] ١ـ کەس، تەن. ∷ یەک تەنە. ٢ـ لایەکی لەشی سـەرەوەی بەدەن. ~ **لێـدان:** خـۆ لێـدان لە کەسێک، لایەکی لەش لە کەسێک کوتان.

**تەنەکــە** (نا.)[تور: teneke] ١ـ وەرەقـەیەکی ئاسن کـە بە قـەڵایی داپۆشـرابێ هەتا ژەنگ هەڵنەهێنێ. ٢ـ دەفرێکی مـوکـەعـەبی مـوسـتـەتیلە کـە تەنەکەسـاز یا کارخانە لە تەنەکەی/١ سازی دەکا بۆ نەفت و رۆن و کەل و پەلی دیکە تێکردن کـە بیست لیـتـر دەبێ. ٣ـ پێـوانەیەکـەی شازدە کـیلۆییـە کـە لە تەنەکـەی سـەرەوە کـەلک وەردەگـرن. & حــەڵەبی. ~ **دە کلک خسـتن:** (کنـ.) ئابڕوو و حـەیای کـەسـێک بردن، بێ ئابڕوو کـردن. ~ **دە گـەروو گـیـران:** (کنـ.) هەست بە گەرمای خواردنەوەی

داغ نەکـردن. ⁘ ئەو چا داغـەت چ زوو خـوردەوە دەڵێی تەنەکـەت دە گـەرووی گیراوە. ‖ **تەنەکەی خۆڵ (زبڵ):** تەنکە یا دەفرێکی دیکە کە بۆ زبڵ و زاڵ کـەلکی لێوەردەگرن، سەتڵی زبڵ.

**تەنەکـەچی** (ئان. ل)[تەنەکـە + چی] بڕ: تەنەکەساز

**تەنەکەساز** (ئان. فا)[تەنەکە + ساز] کەسێک کە لە تەنـەکە دەفر و کەل و پەلی لەم بـابەتە ســاز دەکــا و دەیفــرۆشـێ، تەنەکەچی.

**تەنەکـەسـازی** (حم.)[تەنکەساز + ئیی] ١ـ کـار و پیـشـەی تـەنەکەسـاز. ٢ـ (نا. ل) دوکان و جێ ئیشی تەنەکەساز.

**تەنی** 1 (نا.)[باک] مـادەیەکی رەش و نەرم کـە لە دووکـەڵ و شتی نـەوتی پەیدا دەبێ، قـــورم، دوورنج، دۆرنج، دووژنگ، دویە.

**تێـبـینی:** تەنی بە مـانـای قـورم و دووژەنگ لە چاوگی تەنین کەوتوە.

**تەنی** 2 (ئان.)[زا] بڕ: تەنیا

**تەنیا** (ئان.)[لۆر: تەنیا ـ تات: تەنیا ـ فـار: تنهـا. باک: تـەنێ، تەنا ـ نـا: تەنێ، تەنیـا، تەنهـا ـ هـەو: تەنیـا، تـەنهـا ـ زا: تەنا، تەنی، تەنیا، تنێ] ١ـ کـەسێک کە هـاودەم و دۆسـتی نەبێ. ٢ـ (ئاک.) تاک، تاکـانە. ٣ـ فـەقـەت، بەس، هـەر، تەنیـا و تەنیـا. ⁘ تەنیــا من و تۆ مـــاوین نان بخۆین. & تەنێ، تەنها، بـەتەنێ، بە تاقی تەنێ. ~ **بوون:** ١ـ بێ هاودەم و دۆست بوون. ٢ـ کـــەس لە دوروبـەر نەبـوون. ⁘ کـەس لە مـاڵ نـەبوو، تەنیا بـووم و بیـرم دەکردەوە.

**تەنیــاباڵ** (ئان. ل)[تەنیــا + باڵ] کەسێک کـە هیچ یاریدەدەر و هـاوکارێکی نەبێ، یـەکتـەنە. ~ **بوون:** یەکتـەنە و تـەنیـــا بوون لـە بـەڕێوە بردنی کـــار و مەسەلەیەک.

**تەنیا و تەنیا** (ئاک. ل)[تەنیا + و + تەنیـا] فـەقـەت، بـەس، هـەر. ⁘ داهـاتی کــۆمـــەڵە تـەنیـــا و تـەنیـــا مـــانگانـەی ئەندامـەکان و فرۆشی چاپەمـەنیـەکان و داهـاتی تیـئـاتر و نومـایشـەکـانی بوو (تاریک و روون ل ٢١).

**تەنیایی** (حم.)[تەنیا + ئیی] ١ـ تەنیا بوون، بەتەنێ بوون، بێ هاودەم و بێکەس بوون. ٢ـ خەڵوە. & تەنهایی

**تەنیشت** (ئاک. ل)[تەن1 + یشت] بڕ: تەنشت

**تەنیشتاوتەنیشت** (ئاک. ل)[تەنیشت + ئاو2 + تەنیشت] بڕ: تەنشتاوتەنشت

**تەنین** (چا. م)[هـیک: تەن ـ ئـەو: تەن ـ پەھ: تـەنیـیـتـەن. فـار: تنیـدن ـ پەش: تـەنێــدل ـ لۆر: تەنـێ ـ گـیل: تێن. ناو: تەنین ـ هەو: تەنیـەی] ١ـ چنینی رایەخ و تەون بـە دەزگـا، تـەون کـردن. ٢ـ سـاز کردنی تەونـۆکە لە لایەن جالْجـالْۆکەوە. ٣ـ دەورە گرتن، گەمارۆ دان. ‡‡ خەیابان و شەقام و رێگەیان گرت/ هـەمـوو جێیان تەنـی، گـشت جـێگەیان گـرت (نالّەی جودایی ل ٧٠).

**تەنینەوە** (چا. م)[تەنین + ئەوە] ١ـ لە سـەرڕا تـەنـین. ٢ـ پەرە گــرتن، بـلاو بوونەوە، هـەمـوو جێ داگرتن. ‡‡ دەنگ و باسـی شـەڕ هـەمـوو شـار و دێهـاتی تەنیوەتەوە.

**تەنێ** (ئان.) بڕ: تەنیا

**تەو** [1] (ئان.)[؟] مـەرێکە دەم و چاو و لەشـی بۆرەڵووک بێ (خـاڵ ب ١ ل ٣٢٣) بە جۆرە مـەرێک ئەڵێن بن گوێچکەکانی قاوەیی بێ (کشت و کاڵ ب ١ ل ٩٣)

**تەو** [2] (وشـد.) دەنگی بانگ کـردنی مێگەل بۆ ئاوخواردنەوە.

**تەو** [3] (نا.)[باش] بڕ: تا1

**تەو** [4] (ئام.)[باک] بڕ: تەح

**تەو** [5] (ئام.)[باک] بڕ: تو3

**تەوا** (نا.)[ئەر] بڕ: تەما

**تەوادار** (ئان. فـا)[تەوا + دار2][ئەر] بڕ: تەمادار

**تەوار** [1] (نا.)[باک: تەوار ـ ناو: تەوار ـ هەو: تەوار] مـێینەی باز، بازی مێ. // جورە.

**تەوار** [2] (ئـان.)[؟] رەگــەز، رەچەڵەک، رەسـەن.

**تەواســان** (چا. ل)[هـس: تاســان] ١ـ گـێـژ بوون، تاسـان. ٢ـ نـاهومـێـد بوون، دڵسارد بوونەوە، تەواسیان.

**تەواسیان** (چا. ل)[ئەر] بڕ: تەواسان

**تەواشا** (نا. چا) بڕ: تەماشا

**تەواشیر** (نا.)[ئەر] بڕ: تەباشیر

**تەواف** (نا.)[عـەر: طواف] ١ـ خـول، گەڕان، دەور. ٢ـ بەشێک لە رێ و شوێنی حـەج کـە بە دەوری مـاڵی خـودا دا دەگـەڕێن. **~ کــردن:** ١ـ بە دەوری شـتێک دا گـەڕان. ٢ـ بە دەوری کـابە دا گەڕان.

**تەواو** (ئان.)[عەر: تمام] ١ـ بێ عەیب،

ڕێکوپێک. ∷ قسەیەکی زۆر تەواو و ڕێکوپێکی کرد. ٢ـ پڕ، دروست. ∷ مانگی ئەمشەو تەواوە. ٣ـ خلاس، نەماو. ٤ـ کۆتایی، دوایی. ٥ـ پێگەیشتوو، ساز. ٦ـ گشت، هەموو. ∷ تەواوی لەشم دێشێ! تەواوی عالەم دەزانێ. ٧ـ (ئاک) بە گشتی، تێکڕا. ٨ـ (نا.) ئاکام، ئەنجام. & تەمام. ~ **بوون:** ١ـ بەجێ گەیشتن، کۆتایی پێهاتن. ٢ـ خلاس بوون ∷ تەواوی پوڵەکانم تەواو بوون. ٣ـ مردن و گیان دان. ٤ـ ئاو هاتنەوە، ڕەحەت بوون. ٥ـ بڕانەوەی مەسەلەیەک و بە ئاکام گەیشتن. ~ **کردن:** ١ـ بە جێ گەیاندن، کۆتایی پێهێنان. ∷ کارەکانم تەواو کرد. ٢ـ خلاس کردن، نەهێشتن ∷ دەرسەکانم هەموو تەواو کرد. ٣ـ مردن و گیان دان. ٤ـ بڕینەوەی مەسەلەیەک و بە ئاکام گەیاندن.

**تەواوکەر** (ئان. فا)[لە: تەواو کردن] ١ـ کۆتایی پێهێنەری کار و مەسەلەیەک. ٢ـ کەسێک یا شتێک کە تەواوی و گشت بوون پێک بێنێ، کامل کەر. (عەر: مکمل) ∷ پیاو بێ ژن تەواو نیە، ژن تەواوکەری پیاوە.

**تەواوەتی** (ئاک. ل)[تەواو + ئەتی] گشت، هەموو، تەواو. ∷ تەواوەتی کارەکانم بەتەنێ تەواو کرد.

**تەواوی** (ئان. ل)[تەواو + ئی] تەواو، گشت کەس، هەموو. ∷ تەواوی خەڵکی شار چوو بوونە تەمەشای پاڵەوانبازیی. ٢ـ (ئاک. ل) تەواوەتی، گشت.

**تەوخ** (نا.)[؟] هۆڵ و ژێرخانێک لە کوێستان کە بە زستان ئاژەڵی تێدەکەن، کوول، زاخە.

**تەور**1 (نا.)[پەھ: تەبرەک ـ تەب: تور. ماز: تۆر ـ گیل: تەئۆر ـ فار: تبر ـ پەش: تەبەر ـ لۆر: تەوەر ـ بەل: تەپەر، تەڤەر ـ تات: تۆوەر ـ ئەرم: تەپەر ـ ڕوس: topor. باک: تەڤر ـ ناو: تەور، تەوەر ـ هەو: تۆر، توەر ـ زا: تۆر] ئامرازی دار بڕین کە پێکهاتوە لە سەرێکی ئاسن یا پۆڵای تیژ و دەسکێکی چێوی کە بە نێوی دا هاتوە، بڤر، بیور، باڵتە.

**تەور**2 (نا.)[عەر: طور] شێوە، تەرز، جۆر، چەشن.

**تەورداس** (نا. ل)[تەور1 + داس] [باک: تەڤرداس ـ ناو: تەوەرداس، تەورداس ـ هەو: توەرداس] جۆرێک تەوری شێوە داس کە بۆ کاری چووکە وەک لک بڕین کەلکی لێوەردەگرن.

**تەورزین** (نا. ل)[تەور1 + زین][لۆر:

تـەوەرزین ـ فـــار: تبـــرزین ـ پەش: تەبەرزین. باک: تـەڤرزین ـ ناو: تەورزین، تـەوەرزیـن ـ تـۆرزیـن، تۆرزێـن، تـۆرژەن ـ هـەو: تـوەرزین ـ زا: تـوورزی، تـوەرزین] چەشنێک تـەوری بچووک کە شـەڕکـەران لـە شـــەڕ دا پێی بـە شـــەڕ دەهـاتن و دەروێشەکانیش بە دەستیانەوە دەگرت.

**تێبینی:** زین لەم وشەیە دا لە زەئێنە ـ ی zaena ئەوێستـایی و زێن ـ ی zen پەهلەویی بە مـــانای چەک و ئـامــرازی شــەڕ کــەوتوە و بە گـشـتی یانی تەوری شەڕ.

**تەور و تـووز** (ئـان. ل)[تـەور2 + و + تووز1] بیچم و قەڵافەت، شێوە و شوبار. ⁂ تـەور و تووزی ئـەو کـــــابرایە وەک پاڵەوانان دەچێ.

**تەورێزیی** (ئان. ل)[تەورێز (شـارێکە لە ئێـران) + ئیی] ١ـ خـەڵکی تەورێز. ٢ـ جۆرێک ترێ. ٣ـ سەنگێکە بریتییە لە دوو حوقـە و چواریەکی حوقـەی ئەسـتـەمـوڵ (دوو کیلۆ و ٥٣٢ گرام) (کشت و کاڵ ب ١ ل ٩٣).

**تەوز** (نا.)[باک] بڕ: تەوزە

**تەوزە** (نا.)[؟] گاڵتـە، فـشـە، حـەنەک، تەوز. **~ پێکردن:** گاڵتە پێکردن، فشـە پێکردن.

**تەوزیم** (نا.)[؟] ئـەرکی ســـەر شـــان، پێوستی واجب، وەزیفە.

**تەوژم** (نا.)[؟] فـشـار، نهـێم، هێـزی تێگڕایی لە جــووڵە و ڕژان دا. ⁂ ئاوی حـەمـــام تەوژمی کـەمـــە. لەبەر تـەوژمی خـەڵک پۆلیس پاشـەکشـەی کـرد. **~ هێنان:** فشـار هێنـان، زۆر هێنان، هورژم هێنان. ⁂ خــەڵک تەوژمـــیـــان هـێنا و دوکانیان بە دوکانداران داخست.

**تەوس** (نـا.)[؟] قـســـــەی بە تـوێکڵ، تەشــەر، پلار، تەوس و پـلار، تیـز، تانە. **بە ~ەوە قسـە کردن (دواندن):** تیـز و تانە لـە کـەسـێـک دان، تەوس پێـدادان بە کـەسـێک. **~ پێدادان:** قسـەیـەکی بە توێکڵ بە کەسێک کوتن، تانە لێدان، تیز تێگرتن، تـەوس تێگرتن. **~ تێگرتن:** تەوس پێدادان، تانە لێدان.

**تەوسکە** (گـــیـــا.)[هس: باتسکە] هەنجیرەکێویلکە

**تـەوس و پـلار** (نـا. ل)[تـەوس + و + پلار] تـەوسی پەیتـا پەیتـا و زۆر، تیـز و تـانە، تـەو و پـلار. **~ تێگرتن:** تەوس لێـــــدان، وە بـەر تـەوس و پـلار دان. **وە بەر ~ دان:** تیـز و تانە تێگرتنی زۆر لە

کەسێک.

**تەوس و پللار** (نا. ل)[تەوس + و + پللار] بڕ: تەوس و پلار.

**تەوشق** (نا.) بڕ: تەشق2

**تەوشک** (نا.) بڕ: تەشق2

**تەوشێ** (نا.) بڕ: تەشوێ

**تەوشو** (نا.) بڕ: تەشوێ

**تەوفیر** (نا.)[عەر: توفیر] بڕ: تۆفیر

**تەوق** (نا.)[عەر: طوق] ١ـ زیوەرێک کە دە ملی دەکەن، تۆق. ٢ـ گەمارە، دەورە، ئابلۆقە. ٣ـ ئاڵقەی کانزای دەوری مل. ٤ـ خەتێک وەک ئاڵقە لە دەوری ملی مەل و بە تایبەت کۆتر. **خستنە ~:** گەمارۆ دان، دەورە گرتن، ئابلۆقە دان. ∷ دزیان خستە تەوق و گرتیان. ‖ **تەوقی سەر:** بڕ: تەپڵەسەر.

**تەوقە** (نا.)[عەر: طوقە] ١ـ ئامرازێکی چووکە بە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆر کە ژنان لە پرچیان دەدەن هەتا پەرێشان نەبێ. ٢ـ کاری دەست لە دەست یەک نانی دووکەس، یاڵڵا. **~ کردن:** دەست لە دەستی یەک نانی دووکەس بۆ سەلام و هەر مەبەستێکی دیکە، یاڵڵا لێدانەوە.

**تەوقەسەر** (نا. ل)[تەوق + ئە + سەر] بڕ: تەپڵەسەر

**تەون** (نا.) ١ـ [باک: تەڤن ـ ناو: تەون ـ هەو: تەون] رایەخی تەنراو لە خوری و موو. ٢ـ تۆڕی تەنراوی جاڵجاڵۆکە، تەونۆکە. **~ کردن:** تەنینی رایەخ، تەون هەڵبەستن. **~ هەڵبەستن:** ١ـ تەنینی فەڕش و رایەخ، تەون کردن. ٢ـ (کنـ.) کەسێک کە تەمەنێکی لێ تێپەڕیوە و هێشتا هەر خەریکی بەرنامە دارشتن و ماڵ پەیدا کردنە.

**تێبینی:** تەون لە چاوگی ئەوێستایی تەن tan و تەنین ـ ی کوردیی کەوتوە.

**تەونکەر** (ئان. ل)[تەون + کەر] کەسێک کە فەرش و بەڕە و رایەخ ساز دەکا، تەونگەر.

**تەونکەریی** (حم.)[تەونکەر + ئیی] کار و پیشەی کەسی تەونگەر.

**تەونگەر** (ئان. ل)[تەون + گەر] بڕ: تەونکەر.

**تەونگەریی** (حم.)[تەونگەر + ئیی] بڕ: تەونکەریی

**تەون و بەست** (نا. ل)[ تەون + و + بەست] قەرار و سازانی دوو یا چەند

کـەس دەگـەڵ یـەکـتـر بۆ ئـەنجـام دانی کـارێکی نـاڕەوا، بەند و بـەست، کـەین و بەین. ~ **کردن:** پێکەوە سازان بە دژی کەس و کەسانێک، بەند و بەست کردن.

**تەونۆکە** (نا. ل)[تەون + ئۆکـە] تۆڕی تەنراوی جاڵجاڵۆکە، تەڤنک، تەون.

**تەوە** (نا.)[باک] بڕ: تاوە1

**تەوەر** (نا.) بڕ: تەور

**تەوەرداس** (نا. ل)[تـەوەر + داس] بڕ: تەورداس

**تەوەرزە** (نا.)[پەهـ: تەپەرزەت][ئەر] ١ـ نەبات، بلووری قـەند. ٢ـ بلووری خـۆی & تەبەرزە

**تەوەرزین** (نـا. ل)[تـەوەر + زین] بڕ: تەورزین

**تەوەرگ** (نا.)[جاف] بڕ: تەرزە

**تەوەرگی** (نا.)[هەو] بڕ: تەرزە

**تەوەرە** (نا. ل)[تەوەر + ئە] ١ـ میلە و دارێکی کـە دەخـرێتـە نێـو کـونـی سـەر بەرداشی خـوارەوە، تەگەرە، کـەوەرە. ٢ـ هـەر میلە یا خـەتیک کە شتێکی دیکە بە دەوری دا بخـولێتـەوە. ٣ـ [ئەر] تەگـەرە، کـــــــۆسپ، چـۆرتم. || **تەوەرەی زەوی:** خـەتێکی خـەیاڵی سـەرێکی لە قـوتبی باکوور و ئەوی دیکە لە قوتبی باشوورە و زەوی بە دەوری ئەم خەتە دا دەخولێتەوە.

**تەوەزەل** (ئان.)[؟] تەنبـەڵ، لـەشگران، تراڵ. :: کابرای هێند تـەوەزەل و تەنبەڵم لە ژیانم دا نەدیوە. ~ **بوون:** تـەنبـــەڵ بوون.

**تەوەق**[1] (نا.) بڕ: تەبەک1

**تەوەق**[2] (نا.) بڕ: تەبەق2

**تەوەقە** (نا.)[ئەر] بڕ: تەبەق2

**تەوەگ** (نا.)[باک] بڕ: تەبەق2

**تەوەن** (نا.)[؟][هەو] بڕ: بەرد

**تەوەنە** (نا.)[؟][ئەر] کۆمەڵە، ئاپوورە، کـۆگـا. ~ **دان:** لێک کـۆ بوونـەوە بە کۆمەڵ، ئاپوورە دان.

**تەویلە** (نـا.)[عـــەر: طویلة] هـۆڵی سـازکراو بۆ داکـردنی چوارویێ ، گـەوڕ، ستـەول، تـەوێڵـە. **دە(لە) ~ دا گـەورە بوون:** (کنـ.) بێ ئەدەب بوون، بێتـەربیـەت بوون، داب و نەرێتی کۆمەڵ تێنەگەیشتن. :: نە سـلاوێک نە عـەلـەیکێک، سـەری دادەخـــا و دەڕوا دەڵێی دە تـەویلـە دا گەورە بوە.

**تەویر** (ئا.)[باک] بڕ: تەوێڵ

**تەوێڵ** (ئا.)[باک: تەوێر ـ ناو: تەوێڵ، توێڵ] بەشێک لە روو کە تەختاییەکە لە سەرووی برۆکان، چارە، نێوچاوان، نێوچەوان، ناوچاوان، ناوچەوان، ناوچاو، میاچەمان، ئەنی، هەنی، هەنیە.

**تەوێڵە** (نا.)[ئەر ـ هەو] بڕ: تەویلە

**تەئسیر** (نا. چا.)[عەر: تاثیر] کاریی، کاریگەر، شوێنەوار. ⁂ ناتوانم شەرحی تەئسیری ئەو خەبەرە لە سەر هەستی خۆم بدەم (تاریک و روون ل ٤٣). ~ **داخستن:** شوێن داخستن، کاریگەر بوون، کار لێکردن.

**تەی** (نا. چا)[عەر: طی] مەودای رێ برین. ~ **بوون:** رابوردن، تێپەڕین. ⁂ ئەتۆش ئەی تارزەن سا دەی سروودێکی بە نەغمەی نەی/ بلا تەی بێ غەم و نۆبەی سرووری جامی مینا بێ (وەفایی ل ١٧٢). ~ **کردن:** ١ـ تێپەڕاندن، تێپەڕ کردن. ٢ـ رێ برین، پێوان. ⁂ دووردەستە نایگەمی چبکەم فریشتەی ئاشتی/ چەندی من لەو رێگە دا هەوراز و لێژی تەی دەکەم (هێدی ل ٣٦٧).

**تەیاخ** (نا.)[ئەر] بڕ: تێلا (هس: پەیاغ)

**تەیار** (ئان.) ئامادە، ساز. ~ **بوون:** ئامادە بوون، ساز بوون. ~ **کردن:** ئامادە کردن، ساز کردن.

**تێبینی:** موعین سەبارەت بە ریشەی ئەم وشەیە دەنووسێ کە تەیار لە طیار ـ ی عەرەبی کەوتوە و زاراوەی بازەوان و راوچییانە و کاتێک باز دە نێچیر بەردەدەن و ئامادەیە پێی دەڵێن تەیار و لە دوایی ئەو وشەیە بە مانای هەر شتێکی ئامادە کەوتۆتە سەر زاران (بڕ: موعین ب ٢ ل ٢٢٤٣). (هس: تەیارە/٢)

**تەیارۆک** (گیانـ.)[تەیارە + ئۆک] [باک] بڕ: پشکەبەقوونە

**تەیارۆکە** (نا. ل)[تەیارە + ئۆکە] ١ـ تەیارە، فڕۆکە. ٢ـ (گیانـ.)[سۆر] بڕ: پشکەبەقوونە

**تەیارە** (نا.)[عەر: طیارة] ١ـ مەکینەیەکی دەسکردە کە بە ئاسمان دا دەفڕێ و بۆ راگوێزتنی بار و مسافر و کاروباری نیزامی کەلکی لێوەردەگرن، فڕۆکە، تەیارۆکە، بالافر. ٢ـ دوو داری درێژ کە دارێکی چووکی لە سەر دەدەن و لە زەوی دەچەقێن هەتا مەلی وەک کۆتر و باز لە سەری بنیشێن، لیس، وەتراخ.

**تەیان** (نا.) بڕ: تیان

**تەیجە** (نا. ل)[بڕ: تەک3][تەیچ + ئە]

[هەو ـ ئەر] بڕ: تەیکە.

**تەیر** (نا.)[عەر: طیر] ١ـ مەل، باڵندە. ٢ـ (گیانـ.) تەیرەن ئەبابیل، پاڵەوانە.

**تەیرک** (نا. ل)[تەیر (تیر) + ک][باک] بڕ: تەرزە.

**تەیرکە** (نا. ل)[تەیر (تیر) + کە][زا] بڕ: تەرزە.

**تەیر و توور** (نا. ل)[تەیر(طیر) + و + توور (طیور)] ١ـ مەل و باڵندە بە گشتی و تێکڕایی. ٢ـ (کنـ.) تێکڕایی و حەشامەتی خەڵک. ﷼ وەک تەیر و توور خەڵک پێوەربوون و چیان نەهێشت.

**تەیرۆک**[1] (نا. ل)[تەیر + ئۆک] ١ـ مەلی چووک، باڵندەی چووک. ﷼ لە تەیران وەز تەیرۆکم/ لە باغان گوڵی کۆکم/ وەز عاشقی ناو عەیشۆکم (فۆلکلۆر ل ٥٢). ٢ـ [باک] بادەوە، کۆلارە، پەڕەچیغ.

**تەیرۆک**[2] (نا. ل)[تەیر (تیر) + ئۆک] [باک] بڕ: تەرزە.

**تەیرەن ئەبابیلە** (گیانـ.)[عەر: طیر ابابیل] بڕ: پاڵەوانە

**تەیش** (ئان.)[زا] بڕ: تینوو

**تەیشان** (ئان.)[زا] بڕ: تینوو

**تەیفک** (نا.)[بڕ: تەبەق][باک] دەوریی چێشت تێدا خواردن.

**تەیکە** (نا. ل)[بڕ: تەک3][تەیک + ئە] سەلەی ساز کراو لە شووڵ، تەک، تەیجە.

**تەیلەسان** (نا.)[عەر: طیلسان] جلێکی فش و گەورە کە بە شانی دادەدەن، جۆرێک فۆتە کە عەرەب و قازی و مەسیحی بە شانی دادەدەن. ﷼ چیایە شێخ و کەوای سەوزە، مێزەری بەفرە/ سیواکی چووزەرە ڕێواسە، تەیلەسانی گەڵا (حاجی قادر ل ٣٣).

**تەیان** (نا.) بڕ: تامان

**تەیەمموم** (نا. چا)[عەر: تیمم] دەسنوێژ بە خاک لە کاتی نەخۆشی یا دەست نەکەوتنی ئاو. **~ کردن:** دەسنوێژ هەڵگرتن بە خاک، دەست و ڕوو لە خاک هەڵسوون لەبری دەسنوێژ لە شوێنی بێ ئاو یا لە کاتی نەخۆشی دا.

**تی**[1](ئان.)[باک] بڕ: تینوو

**تی**[2] (نا.)[؟][باک] بڕ: هێوەر

**تیا** (پێشـ.) بڕ: تێدا

**تیابردن** (چا. م)[تیا + بردن] فەوتاندن، لە نێو بردن.

**تیــابوون** (چا. ل)[تیـا + بـوون] بڕ: تێدا بوون

**تیـــاتر** (نا.)[فـــەر: théatre] ١ـ شـــوێنێک کــە نەمـــایشی لێـــدەدەن، تەماشاخانە. ٢ـ یەکێک لە هونەرەکان کە بریتـیـیـە لە نمایش دان و هێنانە سـەر شـانۆی بەسـەرهـات و چیـرۆکـێک. & تیاترۆ

**تیـاترۆ** (نا.) ١ـ بڕ: تیـاتر/١ و ٢. ⁝⁝ دنیا تیـاترۆیە، مـەوەسـتە تیـا، بڕۆ/ کێ مایەوە تیا کە نەبووبێ تیا، ترۆ (مەحوی ل ٢٥٣). ٢ـ ژنێکی نیوەڕووت کە دە نێو پیاوان دا سەما دەکا و گۆرانی دەڵێ.

**تیـاترۆخـانە** (نا. ل)[تیـاترۆ/٢ + خـانە] شـوێنێک کـە ئـافرەتی نیـوەڕووت سەمای لێدەکا.

**تیـاچوون** (چا. ل)[تیـا + چوون] بڕ: تێداچون

**تیاح** (ئام.) بڕ: تەح

**تیـارامـان** (چا. ل)[تیـا + رامـان] سەرسوڕمان و حەیران مانەوە لە ئەنجام دانی کارێک، تێرامان، رامان.

**تیامان** (چا. ل)[تیا + مان] تێرامان، گیـر کـردن لە رەهـا کـردنی مـەسـەلە و کارێک، تێمانەوە.

**تیـان** (نا.)[تـەبەری: تێـهـەن (تاوە) ـ گیل: تیـان ـ لۆڕ: تیۆ. ناو: تیـان، تیانە، تەیان ـ باش: تیـــان ـ هـەو: تیـــانـە] مەنجەڵی گەورەی مس کە لە بن خەزنەی حـەمـام دایدەمـەزرێنن و ئاگـری لـە بن دەکەنەوە هەتا ئاو گـەرم بکا، مـەنجـەڵی حەمام.

**تیـانچکە** (نا. ل)[تیـان + چکە] بڕ: تیانچە

**تیانچە** (نا. ل)[تیان + چە] مەنجـەڵ، مەنجەڵی بچووک، تیانچکە.

**تیانە** (نا.) بڕ: تیان

**تیپ**[1] (نا.)[پەش: تیپ ـ فـار: تیپ. باک: تـیـپ ـ نـاو: تـیـپ ـ هـەو: تـیـپ] ١ـ کۆمەڵ، دەستە. ⁝⁝ تێپێک سوار بێرە دا تێپەڕین! ٢ـ (نز.) بەشێک لە لەشکر. ٣ـ پیت، حـەرف. || **تیپ تیپ:** دەسـتـە دەستە.

**تیپ**[2] (نا.)[فەر: type] ١ـ هاووێنە، نموونە، هاوجنس. ٢ـ شـێـوەی رواڵەت، فـــۆرم، شکڵ. **~ بوون:** هـاوجنس و هـاووێنـە بوون. ⁝⁝ دە نێـــو ئـاوالان دا کەریم تیپی ئێمە نیە. **~ لێدان:** خۆ جـوان کـردن، جلی شـیک دە بەر کـردن،

خۆ رازاندنەوە.

**تیت**[1] (نا.)[؟][هەو] بڕ: کەزی

**تیت**[2] (نا.)[؟][باک] چەلەنگ، جوان

**تیـــتـــاڵ** (نا.) ١ـ فـــریو، دەهۆ. ∷ فیردەوسی ئەڵێ هەزار و یەک ساڵ/ ئەو شـــایە ژیا بە زوڵم و تیـتـــاڵ (هێـدی ل ٢٨٦). ٢ـ بوخـتـــان. ٣ـ مـــەکـر، ئاین و ئۆین. ٤ـ [ئەر] تیز، گاڵتە، شۆخی.

**تێبینی:** ئەم وشەیە لە فەرهەنگەکانی فـارسی دا بە شـێوەی تیتـال بە مـانای فریو، مەکر، ماستاوکەریی و کلکەسووتە هـاتوە. هەروەتر لە فــەرهـەنگی لۆریی دا تیتالی بە مانای شۆخی و گاڵتە هاتوە.

**تیتاڵباز** (ئان. فا)[تیتاڵ + باز4] ١ـ گـاڵتـەچی، جـەفـەنگبـاز. ٢ـ فـێـڵـەزان، مەکرباز.

**تیــتـــاڵیی** (حم.)[تیــتـــاڵ + ئیی] جەفەنگ لێدان، جەفەنگبازیی.

**تیـــتـــان** (نا.)[فـــەر: Titane] کـانزایـەکی زێویین کـە وەک پۆڵا قـایمە بەڵام ســووکـتـرە و لـە ١٨٠٠ دەرەجـە دا دەتوێتەوە، تیتانیوم.

**تیتانیوم** (نا.)[فەر: Titanium] بڕ: تیتان

**تیترواسک** (گیانـ.) بڕ: تووترواسک

**تیــتک**[1] (نا. ل)[تیت (هـس: تاتە) + ک] خوشکی باوک، پوور.

**تیتک**[2] (نا. ل)[تیت1 + ک] هەندێک مـووی سـەی ئافـرەت کـە بە لاجـانگی دا شۆڕ دەبێتەوە، ئەگریجە.

**تیــــتک**[3] (نا. ل)[؟][زا] شــــوێنی هەرەبەرز و سەر، دووند، پۆپە، لووتکە.

**تیـــــتکزا** (نا. ل)[تیــــتک1 + زا] منداڵەکانی خوشکی باوک، پوورزا.

**تیتلەبیجاغ** (گیانـ.) بڕ: تووترواسک

**تیتلەپیجاخ** (گیانـ.) بڕ: تووترواسک

**تیـتـۆڵ** (نا. ل)[تیت + ئۆڵ] کوتێکی دادڕاو لە پارچە. ~ **لێبران:** (کنـ.) زۆر شڕ و کۆن بوون. ∷ ئەو پاتۆڵەت تیتۆڵی لێبرا هەتا کەنگێ دەبەری دەکەی. ~ **لە کـەسـێـک دادڕین:** (کنـ.) فـێـر بوون، وەک کـەسـێک بوونی بـە باری چاکـە و سـەرکـەوتن دا، بزگـوڕ لە کـەسـێک دادڕین. ∷ تیـتـۆڵێک لەو برایەت دادڕە بزانـە چەندە کـوڕێکی لـە سـەرەخـۆ و بـێـــــــدەنـگـە و تـۆش هـەر هـەرا و شەڕتە. ~ **لێدادڕین:** دادڕینی کوتێک پارچە. || **تیتۆڵ تیتۆڵ:** لەت لەت، دڕبەدڕ

بۆ پارچە. * **تیتۆڵ تیتۆڵ بوون:** دڕبەدڕ بوون، شڕ بوونی پارچە.

**تیتە** (نا. ل)[تیت2 + ئە][باک: تیتە - ناو: تیتـە] ١- [ئەر] خشڵ. ٢- [باک] رازاوە، جوانکراوە بە زێڕ و زەمبەر.

**تیتی**[1] (وشـد.) ١- وشـەی بانگ کـردنی بزن. ٢- دەنگی بانگ کـردنی مـریشک. ٣- (نا.) کـولێـرەیەک کـە بە شکڵی باڵندە بۆ منداڵانی ساز دەکەن.

**تیتی**[2] (گیانـ.)[باک] بڕ: دارکونکەرە

**تیج** (نا.)[زا] بڕ: تیشک

**تیخ** (نا.) بڕ: تیغ

**تیـخـەڵە** (نا. ل)[تیخ + ئەڵە] بڕ: تیغەڵە

**تیر** (نا.)[ئەو: تیغری، تیغرە - هەخ: تیگرا - پەه: تیگر، تییر. باک: تیر - ناو: تیـر - هەو: تیـر - زا: تیـرە، تیـری] ١- چێـوێکی راست و باریک و درێژە، سـەرەکـەی تیـژ کراوە یا شـتێکی تیـژی لێدراوە، بە کەوان دەهاویشترێ، بۆ راو یا شەڕ کەلکیان لێوەردەگرت، تەخش. ٢- گـوللەی تفـەنگ، فـیـشـەک. ٣- دارێکی باریک و درێژ و لێک و لووس کـراو، بۆ پان کـردنەوەی ئەنگوتک، تیـرۆک. ٤- (ئـان) تیـژ، توند، زۆر بە پەلە. ⁂ وەک تیـر بێـرە دا تێپـەڕی. **بە ~یک دوو نیـشان پێکان (شکاندن، لێدان):** (کنـ.) بە جـارێک دوو ئامـانج و مـەبەست جێبـەجێ کـردن. **~ ئاویتن:** بڕ: تیـر ئاویشتن. **~ ئاویشتن:** تیـر دەر کردن بە کـەوان یا تفەنگ، تیـر هاویشتن، تیـر ئاویتن. **~ پێوەنان:** گولە یا تیر بەرەو ئامـان دەر کردن. **~ تێنەچوون:** (کنـ.) زۆر پڕ و چڕ بوون، مـوو نەبواردن. ⁂ مـێشـەیەکی هێند چڕە تیـری تێناچێ. **~ لە تیردان دا نەمـان:** (کنـ.) هێـز و گوڕ و تینی پێشوو نەمان، پەک کەوتن لە ئەنجـام دانی کـارێک کـە پێـشـتـر بە سانایی ئەنجامی دەدا. **~ لە دڵ دان:** (کنـ.) ئەویندار کـردن، گیـرۆدە کردن، ئاشق کـردن. ⁂ فـەقێ چاوی بە کـچی پادشا کەوت. کچەکە تیرێکی وای لە دڵی دا ئەوی هۆش مـەعنا بێ فـەقێ نەیما (شێخ فەرخ ل ٥٤). **~ و شیـر لێک (لە یەک) سـوون:** (کنـ.) دوژمـنایەتی یەکـتـر کـردن. **~ هاویشتن:** بڕ: تیـر ئاویشـتن. **~ هاویشتن و کـەمـان شـاردنەوە:** (کنـ.) قسـەیەک پەڕاندن و بێدەنگ بوون، لاتاو بە کەسێک دادان، لە بنەوە دوژمنایەتی کـردن. **~ وە دڵ**

**کەوتن:** (کنـ.) ئەویندار بوون، گیـرۆدە بوون، ئاشق بوون. || **تیری ئاه:** (کنـ.) ئاه و نـزوولـە، تـووک، نـزا. ꞉꞉ دڵـدۆزە تیری ئاهی فەقیرانی رووت و قووت/ بۆ کوشتنە هەمیشە کە ئامادە شیری رووت (مـەحـوی ل ٨٢). **تیـری بەڵا:** بەڵای لە نەکـاو، بەدبەخـتـیی. ꞉꞉ هەمـوو تیـری بەڵای ئەو رۆژگارە/ دەکا بۆ سینگی پڕ زامم کـەمـانە (تاریک و روون ل ١٥٥). **تیـری چڵکن:** تیـری ژاردار، تیـرێک کـە سـەرەکـەیان ژار تێـهـەڵسـووبێ. ꞉꞉ ... خـودا مـوقـەددەری لە سـەر چییـە/ بۆ برینی تیـری چڵکن نەیکرا عـیـلاج پەزێرییە (لاس و خـەزاڵ ل ١٧٦). **تیری خەدەنگ:** تیـرێک کـە لە داری خـەدەنگ ساز کرابێ. **تیری سەر بە پەیکان:** تێرێک کە سەرەکەی پـەیکان یا ئاسنێێکی تیژی پێوە بێ. ꞉꞉ هەشتـاکـەس بە تیری سـەر بە پـەیکان لـە لەشکری ئەحـمـەدخـانی سـورچی و زوراری کوژرا (لاس و خـەزاڵ ل ١٥٨). **تیری غەیبی:** بڕ: تیری نەبەدی. ꞉꞉ رەبی بە دوور بێ لـە دەرد و لە بـەڵایە، لە تیـری غـەیبـیـیـە/ رەبی لەو سـەفـەرە بێـتـەوە بە سـاغـی و سـڵامـەتـیـیـە (شـۆڕمەحمـوود ل ٧٧). دەیگوت جا رۆڵە لە کنە منە خەبەری بە ئەسەحییە/ ئەمن دەرمـان دەکـەم جـێگای تیری غـەیبـیـیـە (مێر و وەفا ل ٩٠). **تیری قودرەتێ:** بەڵا، بەڵای لابەلا، غـەزەبی خـودا، تیری قـەهر. **تیری قەزا (قەاز و قەدەر):** قـەزا و قـەدر و بەڵا، تـیـری ئەجـەل. ꞉꞉ مـەڵێن کـەڵکی نەبوو، رۆیی جـەهەننەم/ سـەرم قـەڵغـانە بۆ تیـری قـەزاتـان (نالی ل ٣١٨). **تیـری قەهر:** بڕ: تیری قودرەتێ. ꞉꞉ دەک فەلەک دەسـتـت شکێ، بەر تیـری قـەهری حـەق کەوی/ هەروەکوو شووشەی منت وا دایە بەر بەردی گـونـاح (بێخـود ل ٢٢). **تیری کوێری:** ١ـ تیری بێ ئامـانج و نیشانە. ٢ـ (مجـ.) کار و ئیشێکی لە سەر شـانس و بەخت ئەنجام دان. ꞉꞉ تیری کوێرییە یا دەیگرێ یا نـایگرێ. & پلـلاری کـوێری. **تیـری موژگان:** [کلاسیک](کنـ.) مژۆڵ و برژانگی یار و گـراوی. ꞉꞉ غـەریبی تۆم، نەخۆشی تۆ بە گۆشـەی چاوی بیمـارت/ ئەسـیـری تۆم، شـەهیـدی تۆ بە نـووکی تیری مـوژگانت (وەفـایی ل ٢٧) سـەراپا هـەروەکـوو حـەڵقـەی زرێ پـەروێزەیی خوێنم/ بە یەک یەک تیری موژگانی زرێ دۆزت برینـدارم ( نالی ل ٢٧٥). **تیـری نەبەدی:** (کنـ.) بەڵای لە نـەکـاو، تووک و نفـرین، تیـری غـەیبی، تیـری نەدیدە. ꞉꞉ رەبی بە دوور بی لـە دەرد و بـەڵایـە و لـە

تیری نەبەدییە (شۆڕ مەحموود ل ٥٩). تیری نەبەدیان لە جەرگم داوە/ دایمە دەروونم خوێن و زووخاوە (بارام و گوڵندام ل ٤١). **تیری نەدیدە:** بڕ: تیری نەبەدی. ⁂ با لە دڵی خانزادەخانی حەریری نەبێتەوە بە تیری نەدیدە و مارانگازییە (لاس و خەزاڵ ل ١٧٤). **تیری ئەجەل:** تیری غەیبی، تیری مەرگ. ⁂ عەمربەرێک دەڵێ: کیژێ دڵت گەرد نەگرێ، تیری ئەجەل کەس بۆ عەمرت ناوێ (لاس و خەزاڵ ل ٥٢). **تیرێک و دوو نیشان:** (کنـ.) دوو مەبەست و ئامانجی بە یەک جار پێکراو.

**تیراژ** (نا.)[فـەر: tirage] رادە و ئەندازەی چاپەمەنی (کتێب، گۆڤار، رۆژنامە، ...) لە جار و نۆرەیەک دا.

**تیراهەن** (نا. ل)[تیر + ئاهەن][فار: تیرآهن] پارچە ئاسنێکی درێژی گەورە و ئەستوور و قایم کە لە بری کاریتە یا کۆڵەکە لەخانووبەرە ساز کردن دا کەلکی لێوەردەگرن.

**تیراوێ** (نا. ل)[؟] ١ـ نەخۆشییەک کە لە مرۆڤ دا بە برینێکی ئەستەم خۆ دەردەخا و هۆیەکەی باسیلێکە کە کە مرۆڤ ئەم نەخۆشیە لە مەڕ دەگرێتەوە، برینا رەش. ٢ـ برینێک کە چاک نەبێتەوە و تەشەنا بکا، ناسۆر.

**تێبینی:** لە هەندێک لە فەرهەنگەکانی کوردیی دا تیراوێ بە قانقاریا داندراوە.

**تیراوێدار** (ئان. فا)[تیراوێ + دار2] کەسێک کە تووشی تیراوێ بووبێ. ⁂ پیر محمد چاکێکە لە گوندی بوغدەداغی لە موکریان؛ نەخۆشی تیراوێدار دەچنە سەری. مریشک سەر ئەبڕن و خوێنەکەی دەگەڵ گڵی ئەو چاکە لێکدەدەن و دەیکەنە شەڵتەی برینان (بۆ کوردستان ل ١٤٢).

**تیراوێژ** (ئان. فا)[تیر/١ + ئاوێژ] ١ـ کەسێک کە تیر داوێژێ. ٢ـ (نا. ل) مەودایەک کە تیر توانای بڕینی هەیە. ⁂ تیراوێژێک لێرەوە دوورە.

**تیرباران** (نا. ل)[تیر/١و٢ + باران/٢] بڕ: تیرەباران

**تیردان** (نا. ل)[تیر/١ + دان4] هەگبەی تیر، کیسەی تیر تێنان، تەرکەش، تیرکێش. **تیر لە ~ دا نەمان:** (کنـ.) هێز و گوڕ و تینی پێشوو نەمان، پەک کەوتن لە ئەنجام دانی کارێک کە پێشتر بە سانایی ئەنجامی دەدا.

**تیرز** (نا. ل)[تیر + ز (رۆز)][زا] بڕ: تیرۆژ

**تیرژ** (نا. ل)[تیر + ژ (رۆژ)][زا] بڕ: تیرۆژ

**تیرک** (نا. ل)[تیر + ک][ئەر] کۆڵەکە و دیرەکێک کە بۆ بەرگری لە رووخانی دیـواری شـکـسـت وەبـەری دەدەن، پشتیوانە، شەمعەک.

**تیرکێش** (نا. ل)[تیر/١ + کێش] بڕ: تەرکەش

**تیرمار** (گیانـ.)[تیر + مار][باک ـ زا] بڕ: تیرەمار

**تیرنج** (نا.)[فار: تیریز، تێریز، تێریچ ـ بیر: تیرێز. ناو: تیرنج، تیریژ، تیرێژ، تیرۆژوو، تیرێژوو ـ هەو: تیرنج] ١ـ چین و پەڕاوێزی جل و بەرگ و کەوا. ٢ـ سێ سـووچی بن هەنگڵ و داوێنی کەوا و چۆغە و پەستەک و کراس، گرۆڵ، گرۆڵە.

**تێبینی:** خاڵ لە مانای ئەم وشەیە دا (تیرۆژوو) نووسیویەتی: پارچەیەکە لە کراس، سەرێکی پان و سەرێکی باریکە لە کاتی لەبەر کردنا ئەکەوێتە لای قەبرغە (بڕ: خاڵ ب ١ ل ٣٣٦).

**تیـر وکـەوان** (نا. ل)[تیر/١ + کەوان/١] چەکێکی سارد پێکهاتوو لەم دوو ئامرازە (بڕ: تیر. بڕ: کەوان) کە پێشتر بۆ راو و شەڕ کەلکیان لێوەردەگرت.

**تیروێ** (گیا.)[؟] تەربی؟ یا تێروو؟

**تیرۆژ** (نا. ل)[تیر + رۆژ] تیشکی خۆر، گزینگ، تیرێژ، تیرز، تیرژ.

**تیرۆژوو** (نا.) بڕ: تیرنج

**تیـرۆک** (نا. ل)[تیر/٣ + ئۆک] دارێکی باریک و درێژ و لێک و لووسە کە بۆ پان کـردنەوەی ئەنگوتک کەلکی لێوەردەگرن، تیر، تیرەنان، تیرۆکە.

**تیرۆکە** (نا. ل)[تیر/٣ + ئۆکە][هەو] بڕ: تیرۆک

**تیروو** (گیا.)[؟] جۆرە دارێکی دێمییە وەک تەروو، بە شاخەوە ئەڕوێ و هەرگیز زۆر زل نابێ (خاڵ ب ١ ل ٣٣٦)

**تیرە** (نا. ل)[تیر + ئە] ١ـ کۆمەڵێک خەڵکی یەک هۆز کە بچنەوە سەر عێڵێک. ٢ـ بەشێک لە تایفە. ٣ـ کۆمەڵێک خەڵکی یەک رەگەز. ٤ـ کۆمەڵێک گیاوگۆڵ یا گیاندار کە بچنەوە سەر رەگەزێک. ⁂ هەرچی کە دیار و نادیارە/ بۆ تیرەیی ئادەمی لە کارە (مەم و زین ل

٢٣٩). ٥ـ نیشانەیەکی چووک لە نووسین دا کە خەتێکی چووکی باریکە (ـ). ٦ـ سیرمە چەرمی باریک بۆ بن کەلاش. ٧ـ (نا.)[زا] بڕ: تیر

**تیرەباران** (نا. ل)[تیر/١و٢ + ئە + باران/٢] ١ـ دارژانی گولە و تیری زۆر لە هەموو لایەکەوە بەرەو کەسێکەوە. ٢ـ ئێعدام بە گولە. & تیرباران. **~ بوون:** ١ـ وەبەر تیر و گوللەی زۆر کەوتن. ٢ـ ئێعدام بوون بە گوللە و تیر. **~ کردن:** ١ـ کەسێک وەبەر تیری زۆر دان. ٢ـ ئێعدام کردن بە گوللە و تیر.

**تیرەشان** (نا. ل)[تیر + ئە + شان] ١ـ بڕ: تیرەگەشان. ٢ـ شانەهەنگوینی لە سەر لا هەڵبەستراو و درێژاودرێژ. // گردەشان

**تیرەغە** (ئا.)[تیرەغ (تیرەگ) + ئە] مۆرەکانی پشت، بڕبڕە، تیغەرەی پشت، مۆغەرە. || **تیرەغەی پشت:** مۆرەی پشت، مۆغەرە، تیغەرە.

**تیرەگ** (نا.)[ئەو: تەئێرە ـ پەهـ: تیرەک ـ ناو: تیرەگ، تیرەگە، تیلەگ، تیلەک، تیلە] درێژایی لە بەرزایی دا، درێژایی کێو، تیرەگی کوێستان. || **تیرەگی کوێستان (ێ):** درێژایی بەرزایی کوێستان و کێو، تیرەگ.

**تیرەگە** (نا.) بڕ: تیرەگ

**تیرەگەشان** (نا. ل)[تیرەگ + ئە + شان] ملەی کێو و بەرزایی، لاباسکی کێو، تیرەشان، تیغەشان.

**تیرەمار** (گیانـ.)[تیر + ئە + مار] جۆرە مارێکی زەردی باریکی چوست و چالاکە بە قەد تیرۆکێ ئەبێ. مل باریک، سەر بادامی، چاوکەژاڵ و جوان (کشت و کاڵ ب ١ ل ٩٦). Zamenis gam-onensis ناوی لاتینی ئەم گیاندارەیە، تیرمار.

**تیرەنداز** (ئان. فا)[فار: تیرانداز] کەسێک کە تیر داوی، تیژاوێژ.

**تیرەندازیی** (حم.)[تیرەنداز + ئیی] کاری تیر هاویشتن

**تیرەنان** (نا. ل)[تیر/٣ + ئە + نان] ١ـ بڕ: تیرۆک. ٢ـ نانی تیریی، لەواش، تیریی.

**تیری**[1] (نا.)[باک] بڕ: تەرزە

**تیری**[2] (نا.)[زا] بڕ: تیر

**تیریژ** (نا.) بڕ: تیرنج

**تیریی** (نا. ل)[تیر/٣ + ئیی] نانی

تەنک، نانی تیریی، لەواش.

**تیرێژ**1 (نا. ل)[تیر + رێژ (رۆژ)][باک - زا] تیشکی خۆر، گزینگ، تیرۆژ.

**تیرێژ**2 (نا.) بڕ: تیرنج

**تیرێژوو** (نا.) بڕ: تیرنج

**تیـز** (نا.)[لۆر: تیـز. باک: تیـز ـ ناو: تیـز] فـشـە، گەمـە، گاڵتـە، گـەپ، تناز. ~ **پێکردن:** فـشـە پێکردن، گاڵتـە بە کەسێک کردن، تیز پێوە کردن. ~ **پێوە کردن:** تیز پێکردن، فشە پێکردن.

**تیزانگ** (ئا.)[؟][ئەر] کیسـەیەکە لە نێو لەش دا کـە میز لە گورچیلەوە وردە وردە دەرژێتە نێوی و تێیدا کۆ دەبێتەوە، مـسـولْدان، مـیـزلْدان، مـسـولْدانە، موسلْدان، گمێزدان، میزدانک، تیزانگی.

**تیزانگی** (ئا.)[هەو] بڕ: تیزانگ

**تیزماڵک** (نا. ل)[تیز + ماڵ + ک] ١ـ تویژە بەفرێکی کەم کە زەوی بە تەواوەتی دانەپۆشی. ⁘ سەرەتای پاییز تیزماڵەکە بەفرێک باری و ئیدی نەباریەوە. ٢ـ کوتە پارچەیەکی دادڕاوی درێژ و بارێک. ٣ـ کوتێکی تەسک و باریک لە هەر شتێک. & تیلمە، تیلماسک، تیسماڵک.

**تیزی** (نا.)[زا] بڕ: تیشک

**تیـژ** (ئان.)[هیک: تێج ـ ئەو: تەئێژە ـ پاز: تێژ ـ پەهـ: تێج، تێژ، تێز. تات: تیج ـ فار: تیـز ـ پەش: تێز ـ بیر: تێز ـ گیل: تیج. باک: تووژ، تیـژ ـ ناو: تیـژ، تێژ ـ هەو: تێژ ـ زا: تێژ، توژ، تۆژ، توج، تێج، تووز] ١ـ تامی توندی وەک بیبـار، تون، توند. ٢ـ (ئاک.) توند، گورج، خێرا. // سەبر. ⁘ تیژ بە لام دا تێپەڕی. ٣ـ لای ساو لێدراوی تیغ. // کول. ٤ـ بە بڕشت، کاریی. ⁘ زمان تیژ، چاو تیژ. ٥ـ زیرەک، وریا، تیژبین. ٦ـ پێداگر، سوور، شێلگیر. ~ **بوون:** ١ـ ئامرازی بڕین کە ساو لێدرابێ و باش ببڕێ، کول نەبوون. ٢ـ زیرەک بوون، وریا بوون. ٣ـ سوور بوون لە سەر ئەنجام دانی کارێک، پێداگر بوون. ~ **تێپەڕین:** زۆر خێرا و توند ڕۆیشتن و تێپەڕ بوون. ~ **کردن:** ١ـ بڕشت دان بە ئامرازی بڕین. ٢ـ خۆش کردنی ئاگر. ٣ـ (کنـ.) هان دان و دنە دانی کەسێک بۆ ئەنجام دانی کارێک. ~ **کردنەوە:** ئامرازی بڕین کە کول بووبێ و پێویستی بە ساو لێدان هەبێ. **ددان لێ ~ کردن:** (کنـ.) تەماح تێکردن.

**تیـژاو** (نا. ل)[تیژ/١ + ئاو1] ١ـ ئاوەکییەک کە دوای کوڵاندنی دۆ بۆ ساز

کردنی کەشک و شیرێژ دەمێنێتەوە. ٢ـ ئاوکییەک کە تێکەڵاوێکە لە ئاو و خۆڵەمێش و سابوون و کالا و کەرەسەی پێدەشۆن. ٣ـ ئاوی قلیە کە سابوونی پێ ساز دەکەن. ٤ـ ئاوکییەکی بێڕەنگ و بۆن تیژە کە زۆربەی کانزاکان دە خۆی دا دەتوێنێتەوە. (ئەسید ئەزۆتیک، ئەسید نیتریک). ∷ تیژاوی سریشکم وەکوو ئیکسیری سوهەیلە/ روخسارەیی زەردم وەکوو ئەوراقی خەزانە (نالی ل ٤٧٩). & تێزاب، تێزاو. || **تیژاوی سولتانی:** ئاوێتەیەک لە تیژاو و ئەسید کلۆریک کە هەموو کانزایەک و تەنانەت زێریش دە خۆی دا دەتوێنێتەوە.

**تیژایی** (حم.)[تیژ + ئایی] چلۆنایەتی تیژ بوون، تیژیی.

**تیژباڵ** (ئان. ل)[تیژ/٢ + باڵ1/١] مەل و باڵندەیەک کە توند دەفڕێ. ∷ کوڕە ئەورۆ سەفەرت زۆر گرانە، مەچۆوە شەڕێ/ ڕەببی رووحم وەکوو تەیری تیژباڵ دایمە لە سەرت بگەڕێ (لاس و خەزاڵ ل ١٦٣).

**تیژبین** (ئان. فا)[تیژ/٥ + بین2] کەسێک کە بە وردیی و بە سرنجەوە بڕوانێ و نهێنی و رازی کردەوە و کارێکی بۆ دەرکەوێ.

**تیژبینیی** (حم.)[تیژبین + ئیی] تیژبین بوون و سەرنج دان لە کار و مەسەلەیەک.

**تیژڕەو** (ئان. فا)[تیژ/٢ + ڕەو] ئەسپ و ئاسک و ئەو گیاندارانەی کە توند و خێرا رادەکەن، خۆشڕەو.

**تیژک** (نا.) بڕ: تیشک

**تیژگ** (نا.) بڕ: تیشک

**تیژە** (نا.)[زا] بڕ: تیشک

**تیژەپەڕ** (نا. ل)[تیژ + ئە + پەڕ] شاپەڕ، شاباڵ. ∷ ئەبرۆت کەمەندی لە من کێشاوە وەکوو تیژەپەڕی ڕەشەداڵی (لاس و خەزاڵ ل ١٢٢).

**تیژیی** (حم.)[تیژ + ئیی] ١ـ چلۆنایەتی تامی تیژ و توند. ٢ـ بە بڕشت بوونی ئامرازی بڕین. // کولیی. ٣ـ ڕەفتار و کرداری توند، توندیی، توند و تیژیی.

**تیسک** (نا.)[لۆڕ: تیسک. ناو: تیسک] ١ـ مووی درێژی لەشی گیاندار. ∷ شێرێکی زەلامی ڕەش بوو، تیسکی بستێک درێژ بوو (لاس و خەزاڵ ل ١٣). ٢ـ [ئەر] بەشێکی چووک لە هێشوو

ترێ، زەنگەتە.

**تیسکن** (ئان. ل)[تیسک + ن2] حاڵی گیاندارێک کە مووی درێژی زۆر بێ، گیانداری تووکن.

**تیسماڵک** (نا. ل)[تیس + ماڵ + ک] بڕ: تیزماڵک

**تیسوێ** (گیا.) بڕ: تێسوێ

**تیش** (نا.)[هس: تیژ][باک] تیشەشاخ

**تیشک** (نا.)[پەه: تێغ، تێخ. فار: تیغ. ناو: تیشک، تیژگ، تیژک ـ هەو: تیشک ـ زا: تیج، تیژە، تیزی] ١ـ شۆق و رووناکی هەتاو، تیرێژ، تیرۆژ. ٢ـ بریقە و تروسکەی شتێک کە شۆقی هەبێ. ~ **دانەوە:** ١ـ درەوشانەوە و شۆق دانەوەی هەتاو. ٢ـ درەوشانەوە. ~ **خستنە سەر ...:** (کنـ.) مەسەلە یا قسەیەک بە وردیی روون کردنەوە و لە سەر دوان، رۆشنایی خستنە سەر مەسەلەیەک.

**تیشە** (نا. ل)[تیش + ئە] ساقەت و لاسکی تازە شین بووی گیا. ≈ رەپستە کۆڵەپنج بوون، نەوەندە تیشەیان چەند پەلکە بوو (چەپکێ گوڵ ل ٦٥).

**تیشەبەرد** (نا. ل)[تیش + ئە + بەرد] رەوەز و بەردی زل و بەرز و ئەستەم بە چیاوە، تیش، تیشەشاخ.

**تیشەشاخ** (نا. ل)[تیش + ئە + شاخ] بڕ: تیشەبەرد.

**تیشەڵان** (نا. ل)[تیش + ئە + ڵان] شوێنی بەرەڵانی سەخت و ئەستەم.

**تیغ** (نا.)[ئەو: تەئێغە ـ پەه: تێغ. فار: تیغ ـ تات: تیغ. ناو: تیغ، تێغ، تیخ، تێخ ـ هەو: تێخ] ١ـ شەمشیر. ≈ تیغی چاک دە کالانی دا راناوەستێ (امثال و حکم ل ١٠٥). ٢ـ هەر چەشنە ئامرازێکی برین. ٣ـ ئامرازێکی تیژ و چووک کە مووی سەر و ردێنی پێ دەتاشن. ٤ـ گوێزان. ٥ـ لای تیژایی ئامرازی برینی وەک کێرد و خەنجەر و شەمشیر، تیغەڵە، تیخەڵە.

**تیغە** (نا. ل)[تیغ + ئە][فار: تیغە ـ کرم: تیغە. ناو: تیغە، تێغە] دیوارێکی تەنک کە لە دیوێک یا ژوورێک بۆ جیا کردنەوە لە یەک هەڵیدەچنن.

**تیغەرە** (ئا.)[تیغە + رە] ئێسکی پشت، تیرەغە، بڕبڕە. || **تێغەرەی پشت:** بڕبڕە، تیغەرە، تیرەغە.

**تێبینی:** من پێموایە تیغەرە لە ئەسڵ

دا تیرەغە (تیرەگە) بوە و پیتەکانی شێواوە.

**تیغەشان** (نا. ل)[تیغ + ئە + شان] ١ـ بڕ: تیرەگەشان. ٢ـ تیغەی دیوار

**تیغەڵە** (نا. ل)[تیغ + ئەڵە] لای تیژی ئامرازی بڕین، دەمی کێرد و خەنجەر و شەمشیر، تیغ، تیخەڵە.

**تیف تیفە** (نا. ل)[تیف + تیف + ئە] ١ـ لووس. ٢ـ مشتومال. ٣ـ جوان، رازاوە. & تیوتیوە **~ دان:** ١ـ لووس کردن و تاشین وەها کە بریقەی بێ. ٢ـ مشتومال دان و ژەنگ و چڵک لێکردنەوە، تیوتیوە دان. **خۆ لە ~ دان:** خۆ رازاندنەوە و خۆ جوان کردن.

**تیڤڵ** (نا. ل)[باک] بڕ: توێکڵ

**تیک** (نا.)[؟] تەقەڵ، باقیە. :: کڵاوی هەمزە پاڵەوان/ نە تیکی هەیە نە دوورمان « جام » (فۆلکلۆر ل ١٤).

**تیکان** (نا.)[ئازەریی: تیکان][موک] ١ـ دڕوو، دڕک. ٢ـ گیایەکی دڕە کە بۆ ماڵینی دەوری خەرمان و هەندێکجار بۆ رنەک و قەشەو کەلکی لێوەردەگرن.

**تێبینی:** وای بۆ دەچم کە تیکان لە وشەی تیغ کەوتبێ.

**تیکلە** (نا.)[؟][ئەر] ١ـ دەفرێکی چووکە بۆ کۆمەڵێک کاری چووکە دەست دەدا وەک چێشت تێدا ساز کردن و ماست تێدا مەیاندن و ....، دیزە، تیلکە. ٢ـ جەڕەی ئاو.& تیکلێ

**تیکلێ** (نا.)[هەو] بڕ: تیکلە

**تیکمە** (ئان.)[ئەر][هس: توێکمە] پڕ

**تیکە** (نا.) ١ـ [هەو ـ ئەر] بڕ: پاروو. ٢ـ [باک] کەبابی پلەگۆشت، تککە، قۆزباشی. ٣ـ لەت، کوت، پارە. ٤ـ بەش، پار. **~ گرتن:** پاروو ساز کردن، پاروو گرتن.

**تێبینی:** ئەم وشەیە لە زمانەکانی ئێرانیی دا بە مانای لەت، کوت و هەروەها پاروو هاتوە. [فار: تکە ـ گیل: تیکە ـ لۆڕ: تیکە]

**تیکە تیکە** (ئان. ل)[تیکە + تیکە] لەت و کوت، لەت لەت. **~ بوون:** لەت و کوت بوون. **~ کردن:** لەت و کوت کردن.

**تیل[1]** (نا.) ١ـ هەڵمات، مەڕمەڕ. ٢ـ هاویشتنی هەڵمات بە پەنجە. **~ کردن:** هاویشتنی هەڵمات.

**تێبینی:** تیل دەگەڵ وشەی تیر

هەریەکە و ئاڵوگۆڕ بە سەر دوو پیتی ل و ر دا هاتوە و مانایەکی دیکەی بە خۆوە گرتوە. هەروەتر لە زمانی فارسیش دا تیلە یا تیرە بە مانای هەڵمات و مەڕمەڕە.

**تیل** 2 (ئان.)[هس: خێل] کەسێک کە چاوەکانی چەپە، چاوخێل.

**تیلاک** 1 (نا.) بڕ: تیرەگ. ⁙ ئەگەر شۆقی خۆی دەدا لە ئاروونی لە بێروونی لە کلاوفەرەنگیان/ لێم دەنگێوی تیلاکی دە کوێستانێ (گەنج ل ٨٥).

**تیلاک** 2 (ئان.) کەسێک کە تووکی پێش سەری وەریبێ. (هس: تووڵەک)

**تیلاگ** (نا.)[؟] لاسەر. **بە ~ی سەرەوە نان:** جەمەدانی، کڵاو یا هەر شتێکی دیکە هێنانە سەر لایەکی سەر. ⁙ جەمەدانی بە تیلاگی سەریەوە نابوو و لە سەر کوێسوانە راوەستابوو.

**تیلاوتیل** (ئاک. ل)[تیل2 + ئاو2 + تیل2] خوارەوخوار، چەپاوچەپ، لە سەر لا.

**تیلایی** (نا. ل)[تیل2 + ئایی] گۆشەی چاو، تیلە. || **تیلایی چاو:** تیلەی چاو. ***بە تیلایی چاو روانین:** بە گۆشەی چاو سەیر کردن و روانین.

**تیلکە** (نا.) بڕ: تیکلە

**تیلماسک** (نا. ل)[؟] بڕ: تیزماڵک

**تیلمە** (نا. ل)[؟] بڕ: تیزماڵک

**تیلە** 1 (نا.) بڕ: تیرەگ. ⁙ ئەمن دەچوومە تیلەی دە کوێستانێ/ دەستم دەبرد لەبۆ پنجی سوێسنێ (گەنج ل ١٢٥).

**تیلە** 2 (نا. ل)[تیل2 + ئە] گۆشەی چاو. || **تیلەی چاو:** تیلایی چاو، گۆشەی چاو.

**تیلە** 3 (نا.)[بڕ: تۆرک] ١- بێچووی مار، تووڵە. ٢- توڵە، بێچووی سەگ.

**تیلەک** (نا.) بڕ: تیرەگ. ⁙ هەروەکی کەوی کەوباڕی لە تیلەکی کوێستانێ/ بەسۆز و بەجووت دەناڵی (گەنج ل ١٢٢).

**تیلەگ** (نا.) بڕ: تیرەگ. ⁙ هەچ کەسانێکی نازدارێ من ناس ناکا، قورینگی دە گەرمێنی بوو/ لە هەوەڵی دە بەهارێ دەهاتە تیلەگی دە کوێستانێ (گەنج ل ١٥٥).

**تیلەمار** 1 (گیانـ.)[تیلە3 + مار1] بێچووی مار، تووڵەمار.

**تیلەمار** 2 (گیانـ.)[تیل1 (تیر) + ئە + مار1] ماری باریک و درێژ.

**تیلیسان** (نا.)[عەر: طیلسان] کوتە مقەوا یا لاستیکی بڕاو بە شکڵی لەتکە مانگ کە دوو لای کون دەکەن و بە کێش یا بەنێک لە پشت سەریان دەیبەستن و جووتێر و دروێنەوان یا ئەو کەسەی لە لادێ لە بەر تاو کار دەکا دەیهێنێتە نێو چاوانی هەتا ئارەقە نەڕژێتە نێو چاوی و هەتاو لە چاوی نەدا، تێلیسان، بەرچاوە، ئافتاوگەردان.

**تیلێن** (نا. ل)[تیل1 + ئێن] یاریی بە مەرمەڕ، مێشێن، هەڵماتێن.

**تیماج** (نا.)[ئەر] بڕ: تیمانج

**تیمار** (نا.)[پەه: تییمار. باک: تیمار - ناو: تیمار] ١- چارەی نەخۆش و بریندار. ٢- خزمەتی و پێڕاگەیشتنی یەکسم. **~ کردن:** ١- خزمەت کردن و پێڕاگەیشتن بە نەخۆش و بریندار. ٢- رنەک و قاشاوی یەکسم. ٣- دەرمان کردنی برین. ⁘ هەسپان زین و لغاو کەن، تاژییان بەردەنە کاران/ برینانم تیمار کەن بە دەستی کۆنەیاران (فۆلکلۆر ل ١٣٢).

**تیمارخانە** (نا. ل)[تیمار + خانە] شوێنی چاوەدێریی و پێڕاگەیشتن بە شێت و نەخۆشی رەوانی، شێتخانە.

**تیمارکەر** (ئان. فا)[تیمار + کەر1] ١- کەسێک کە خزمەتی نەخۆش دەکا. ٢- کەسێک کە خزمەتی یەکسم دەکا و پێیڕادەگا. ٣- کەسێک کە برین دەرمان دەکا و دەیپێچێتەوە، برینپێچ.

**تیمانج** (نا.)[فار: تیماج - گیل: تیماج. باک: تیمانج - ناو: تیماج، تیمانج] ١- چەرمی بزن و مەڕ و ماڵات کە خۆش کرابێ و دەباغی و رەنگ کرابێ. ٢- کوت و بڕشتێک لە چەرم. ٣- [باک] پینە

**تیمچە** (نا. ل)[تیم (کاروانسەرا) + چە][فار: تیمچە] بازاڕۆکەیەک پێکهاتوو لە چەند دوکان و حوجرە بۆ بازرگانی و کڕین و فرۆش.

**تیمساح** (گیان.)[عەر: تمساح] گیاندارێکی زلە کە دە ئاو دا دەژی و درێژایی هەتا شەش میتر دەگا. پێستی ئەستوور و دەست و قاچی کورتە و زارێکی زل و ددانی بە قەوەتی هەیە، نەهەنگ، کرۆکۆدیل.

**تیمسار** (نز.)[فار: تیمسار] دەرەجەیەکی باڵایە لە ئەرتەش دا (کوردستانی ئێران)، دەرەجەی دوای سەرتیپ.

**تیمسال** (نا.)[عەر: تمثال] ١ـ وێنە و ڕەسمی نەقشکراوی کەسێک لە سەر تابلۆ و کاغەز. ٢ـ وێنە و ڕەسمی پیرۆز و ئایینی لە سەر کاغەز یا چێو. ∷ تیمساڵی مەسیح.

**تین**[1] (ئان.)[باک: تین، تهن، تێهن ـ ناو: تین ـ هەو: تین] ١ـ هێزی گەرما. ٢ـ هێز، تاقەت، بڕشت، هێز و تین. ~ **دان:** ١ـ خۆش کردن و زیاد کردنی گەرمای ئاگر. ٢ـ (کنـ.) هان دان و هارووژاندنی کەسێک یا کۆمەڵێک بۆ ئەنجام دانی کارێک بە باری مەنفی دا.

**تین**[2] (ئان.)[باک] بڕ: تینوو

**تینتینۆکە** (نا.)[تین + تین + ۆکە] سەرەتای گەروو لە ژوورەوە، ئەوک، قورگ.

**تینگ** (ئان.)[ئەر] بڕ: تینوو

**تینواتی** (حم.)[تینوو + ئاتی] بڕ: تینوایەتی.

**تینوایەتی** (حم.)[تینوو + ئایەتی] پێویست بە ئاو خواردنەوە هەبوون، توونیەتی، تینویەتی، تینواتی، تینوەتی، تینوێتی. ~ **پێ شکان:** ئاوەکییەک کە ببێتە هۆی تینوایەتی نەمان. ∷ تەنیا بە ئاو تێنوایەتیم دەشکێ! ئەوەندە دۆیە کوا تینوایەتیم پێی دەشکێ. ~ **شکان:** تێراو بوون و پێویستی پتر بە ئاوەکی خواردنەوە نەبوون. ∷ هەتا پێنج چای لە سەر یەک نەخۆمەوە تینوایەتیم ناشکێ. ~ **شکاندن:** ئاوەکی یا هەر چی کە ببێتە هۆی تێراو بوون. ∷ ئاو تینوایەتیم دەشکێنێ بەڵام دۆ نا.

**تینوەتی** (حم.)[تینوو + ئەتی] بڕ: تینوایەتی

**تینویەتی** (حم.)[تینوو + یەتی] بڕ: تینوایەتی

**تینوێتی** (حم.)[تینوو + ئێتی] بڕ: تینوایەتی

**تینوو** (ئان.)[هیک: ترشنا ـ ئەو: تەرشنە ـ سان: ترشنە ـ پەه: تیشنەک، تیشن. بیر: تۆشنە ـ فار: تشنە ـ لۆر: تێشنە ـ باک: تی، تیهن، تین، تهن ـ ناو: تینوو، توونی، تینگ ـ هەو: تەشنە، تەژنە ـ زا: تەیش، تەیشان، تێشان] ١ـ مرۆڤ، گیاندار و گیا کە پێویستیان بە ئاو هەبێ. ٢ـ (مجـ.) ویستی زۆر بۆ شتێک. ∷ تینووی زانست، تینووی فێر بوون. ~ **بوون:** ١ـ مەیلی ئاوەکی خواردنەوە کردن. ٢ـ تامەزرۆیی و داخوازێکی زۆر بۆ شتێک هەبوون. ~ **ڕاگرتن:** ئاو و

ئاوەکی نەدان بە گیاندار و ئەوانەی پێویستیان بە خواردنەوە هەیە.

**تێبینی:** لە زاراوەی ناوەندی دا تینوو (توونی، تینگ) لە دوو بەشی تین + ئوو (ئی، گ) پێکهاتوە و ئوو و ئی و گ پاشگرن.

هەروەها ئەم وشەیە لە هەندێک زمانی ئەوروپاییش دا هاوڕیشەی هەیە [سوید: törstig، ئاڵ: durstig، ئین: thirsty]

**تینەت** (نا.)[عەر: طينة] ١- زات، سروشتی دەروون. ‡ ئەمن لەو شارە کوژراوی خەدەنگی نازەنینێکم/ فەڕەنگی تینەتە، کافر دڵە، زاهیر موسڵمانە (وەفایی ل ١٤٣). ٢- خوو، عادەت.

**تیوب** (نا.)[؟] لاستێکی نێو تەگەر و چەرخی ترۆمبێل و دووچەرخە و کەرەسەی لەم بابەتە کە بای تێدەکرێ.

**تیوتیوە** (نا. ل)[تیو + تیو + ئە] بڕ: تیف تیفە. ~ **دان:** بڕ: تیف تیفە دان.

**تیهن** (ئان.)[باک] بڕ: تینوو

**تیهوو** (گیان.)[بڕ: تێهوو] بڕ: سوێسکە

**تێ**[1] (پێشـ.)[باک: تێ - ناو: تێ - زا: تێ] ١- پێشگرێکی کارە کە مانای بەرەو نێو و ژوور چوون دەدا بە کردار، ئەنە. // لێ. ‡ تێنان، تێکردن، تێبڕین، تێخستن. ٢- مانای زۆر و زەخت بە کار و کردەوەیەک دەدا. ‡ تێتەپاندن، تێخزاندن، تێهەڵپێچان، تێتووڕاندن. ٣- دەکەوێتە بەر پێشگری دیکە و پێشگرێکی تێکەڵاو ساز دەکا. ‡ تێهەڵ، تێوەر

**تێ**[2] (نا.) بڕ: تا1

**تێ**[3] (نا.) ناوی چوارەم پیتی کوردیی

**تێ ئاخنین** (چا. م)[تێ1 + ئاخنین] ١- بە زۆر شتێک دە نێو دەفرێکی پڕ نان. ٢- بە زۆر خۆ خزاندنە نێو شوێنێکی پڕ، تێپەستاوتن. ‡ سینەما هێند پڕ بوو کەسی دیکەیا نەدەهێشت بە زۆر خۆم تێ ئاخنی. ٣- خواردن بە گووپی پڕ و تێر و تەسەلی. ‡ دایکم چێشتێکی خۆشی ساز کردبوو، چاکمان تێ ئاخنی.

**تێ ئاڵان** (چا. ل)[تێ1 + ئاڵان] بڕ: تێهاڵان.

**تێ ئاڵاندن** (چا. م)[تێ1 + ئاڵاندن] بڕ: تێهاڵاندن

**تێ ئاڵقان** (چا. ل)[تێ1 + ئاڵقان] گیر کردنی شتێک دە نێو شتێکی دیکەوە، پێوە گیر کردن.

**تێبردن** (چا. م)[تێ + بردن] تێنان، دە نێو نان.

**تێبڕین** (چا. م)[تێ1 + بڕین] شتێک بە زۆر دە کون یا شوێنێک نان، تێنان. ⁖ دارێکی تێبڕی.

**تێبەربوون** (چا. م)[تێ1 + بەربوون] ١- شالاو بردنی تێگرایی و دەورە دان بۆ خواردن یا ئەنجامی کارێک. ٢- ئاگر گرتن. ٣- پەلاماری سەگ و درندە بۆ گرتن. ٤- شالاوی بێچوو بۆ شیر مژین.

**تێبەردان** (چا. م)[تێ1 + بەردان] ١- هاندان و دنە دانی سەگ بۆ گرتنی کەسێک. ٢- بەردانی سەگ و تاجی راو بۆ گرتنی نێچیر. ٣- گراندنی ئاگر، سووتاندن. ٤- بەرەڵلا کردنی زا بۆ ماک، بەردانی کار و بەرخ و گوێلک و ... بۆ شیر خواردن و مژینی گوانی دایکیان. ٥- بەردانی بە تێگرایی و پەڕاندنی گیانداری نێر بۆ سەر مێ.

**تێبین** (ئان. فا)[تێ1 + بین2] کەسێک کە ئاکامی کار و مەسەلەیەک بە وردی لەبەر چاو دەرگرێ. **~ بوون:** ورد بوون لە ئاکامی کار و مەسەلەیەک، دووربین بوون. ⁖ باشە چاوم تێبینە دەیرێژێتە داوێنم دەنا/ گەنجی فرمێسکم هەموو تێدادەچوو لێرولەوێ (هێدی ل ٣٢٥).

**تێبینی** (حم.)[تێبین + ئی] روانگە و بۆ چوون لە سەر مەسەلەیەک. **~ هەبوون:** را و بۆچوون سەبارەت بە مەسەلەیەک هەبوون.

**تێپەڕ** (نا. چا)[لە: تێپەڕین] ١- گوزەر. ٢- رەد. ٣- دوایی، کۆتایی. **~ بوون:** ١- گوزەران. ٢- رۆیشتن. ٣- تەواو بوون، کۆتایی پێهاتن، تێپەڕین. ⁖ سەردەمی شەڕ تێپەڕ بوو! **~ کردن:** ١- تێپەڕاندن، گوزەراندن. ٢- تەواو کردن، دوایی پێهێنان.

**تێپەڕاندن** (چا. م)[تێ1 + پەڕاندن] ١- گوزەراندن، تێپەڕ کردن. ٢- رەد کردن، بردن. ٣- بە جێ هێشتن. ⁖ ئەوە چیە نووسیوتەوە نیوەت تێپەڕاندوە.٤- دوایی پێهێنان، تەواو کردن. ⁖ دوو ساڵ زیندانمان بە سەختی تێپەڕاند.

**تێپەڕین** (چا. ل)[تێ1 + پەڕین] ١- رۆیشتن، رابواردن. ٢- گوزەرانی کات و زەمان. ٣- دوایی پێهاتن، تەواو بوون

**تێپەستان** (چا. م)[تێ1 + پەستان] بە زۆر جێ کردنەوەی شتێک دە نێو شتێکی پڕ و ئاخنراو. ٢ـ بە زۆر جێ کردنەوەی کەسێک دە نێو حەشامەتێکی زۆر. & تێپەستاوتن.

**تێپەستاوتن** (چا. م)[تێ1 + پەستاوتن] بڕ: تێپەستان

**تێپێچان** (چا. م)[تێ1 + پێچان] ١ـ تێوەپێچان، لێهاڵان. ٢ـ تێهەڵپێچان

**تێپێچاندن** (چا. ل)[تێ1 + پێچاندن] لێهاڵاندن، تێوەپێچان.

**تێترنجان** (چا. ل)[تێ1 + ترنجان] گیر کردن و حاسیە بوونی کەس یا شتێک لە شوێنێکی تەنگەبەر وەها کە بە زەحمەت دەربێ، تێترینجان.

**تێترنجاندن** (چا. م)[تێ1 + ترنجاندن] تێپەستاوتن و تێ ئاخنینی کەس یا شتێک بە زەختەوە دە شوێنێکی تەنگەبەر، تێترینجاندن.

**تێترینجان** (چا. ل)[تێ1 + ترینجان] بڕ: تێترنجان

**تێترینجاندن** (چا. م)[تێ1 + ترینجاندن] بڕ: تێترنجاندن

**تێترین** (چا. ل)[تێ1 + ترین] ١ـ ترین بە سەر کەسێک دا. ⁙ دە زارت ترم! تێتترم چ پیاوێکی! (جنێو) ٢ـ (مجـ.) وەلانانی شتێک یا تەنانەت کەسێک کە بەلاوە گرینگ نەبێ، بایخ بۆ دانەنان بۆ شتێک یا کەسێک. ⁙ تۆ پێت وایە ماشێنێکی چاکت کڕیوە، تێیترم جا ئەوە چیە.

**تێتکان** (چا. ل)[تێ1 + تکان] ڕژان و تێکران بە تنۆک و دڵۆپ.

**تێتکاندن** (چا. م)[تێ1 + تکاندن] بە تنۆک ئاوەکی تکاندنە نێو شتێک، تێکردن بە دڵۆپ دڵۆپ.

**تێتلێسک** (گیا.)[؟] گیایەکی ئاوییە، هەمیشە سەوزە، گەڵای وەک کەوەر وایە، ئەدرێ بە ئاژەڵ (خاڵ ب ١ ل ٣٢٧) تێتیلێسک.

**تێتووڕاندن** (چا. م)[تێ1 + تووڕاندن] بە قەو فوو لە شەیپوور و شمشاڵ و ئامیری مووسیقای دیکە لەم بابەتە کردن، تێخوڕین.

**تێتەپاندن** (چا. م)[تێ1 + تەپاندن] تێنان بە قەو، بە زۆر کەسێک یا شتێک دە پاڵ کەسێک یا شوێنێک دا جێ کردنەوە، بە زۆر لێبردن.

**تێتەقاندن** (چا. م)[تێ1 + تەقاندن]

راکردن، هەڵاتن، تێقووڵاندن.

**تێتیلێسک** (گیا.) بڕ: تێتلێسک

**تێج** (ئان.)[زا] بڕ: تیژ

**تێچاندن** (چا. م)[تێ1 + چاندن] ١- شتی وردە، ئارام ئارام پژاندن و کەم کەمە تێکردن. ⁂ بۆ ساز کردنی ئاردەوا دەبێ ئاردەکەی تێچێنی. بۆ ئەوەی کە ئاگرەکە دانەمرکێ ئەو پووش و پەڵاشەی تێچێنە! ٢- پیلان گێڕان و خراپ کردنی کەسێک بە قسە و درۆ هەڵبەستن. & تێچەندن

**تێچریکاندن** (چا. ل)[تێ1 + چریکاندن] دەنگ هەڵبڕینی بە قەو و ناسکی گۆرانیبێژ، گۆرانی کوتن بە دەنگی بەرز و ناسک.

**تێچڕان** (چا. ل)[تێ1 + چڕژان] بڕ: تێچڕژان

**تێچڕاندن** (چا. ل)[تێ1 + چڕژاندن] بڕ: تێچڕژاندن.

**تێچڕژان** (چا. ل)[تێ1 + چڕژان] کۆمەڵ و حەشامەتێکی زۆری گیاندار دەباڵ یەک دا، تێچڕان.

**تێچڕژاندن** (چا. ل)[تێ1 + چڕژاندن] کۆمەڵ و حەشامەتێکی زۆری گیاندار دەباڵ یەک کردن و خزاندن وەها کە جموجۆڵیان بە سەر یەکتر دابێ، تێچڕاندن.

**تێچوون** (چا. ل)[تێ1 + چوون] ١- خەرج هەڵگرتن، پارە بردن. ⁂ ماڵەکەم دوو میلیۆنی تێچوە!

**تێچەقان** (چا. ل)[تێ1 + چەقان] چوونە نێوی شتێکی تیژ، چەقانی شتێکی تیژ، تێچەقین. ⁂ دروویەکم تێچەقی. دەرزیلەکم دە پێ چەقیوە.

**تێچەقاندن** (چا. ل)[تێ1 + چەقاندن] تێڕاکردنی شتێکی تیژ بە درێژایی دا. ⁂ دارێکی تێچەقاند.

**تێچەقین** (چا. ل)[تێ1 + چەقین] بڕ: تێچەقان.

**تێچەندن** (چا. م)[تێ1 + چەندن] بڕ: تێچاندن

**تێچێن** (ئان. فا)[لە: تێچاندن] کەسێک کە درۆ و قسەی خراپ بۆ خەڵک هەڵدەبەستێ هەتا تووشی کێشە و گرفتی بکا.

**تێخ** (نا.) بڕ: تیغ

**تێخزان** (چا. ل)[تێ1 + خزان] ١- چوونە نێو جێ و بان و درێژ بوون. ٢- بە

زۆر جێی خۆ کردنەوە لە شوێنێک. ٣ـ ڕەخنە کردن و چوونە ناو کۆمەڵێک بۆ شۆفاریی و سیخوڕیی. & تێخزین

**تێخزاندن** (چا. ل)[لە: تێخزان] ١ـ کەسێک دە پاڵ کەسێک خزاندن. ٢ـ کەسێک بە زۆر و بە قەو دە شوێنێک کوتان. ٣ـ تێنان بە قەو، تێتەپاندن.

**تێخزین** (چا. ل)[تێ1 + خزین] بڕ: تێخزان

**تێخستن** (چا. م)[تێ1 + خستن] ١ـ شتێک دە نێو دەفرێکی قووڵ هاویشتن، تێهاویشتن. ٢ـ شتێک دە نێو کون یان بۆشاییەک نان، تێنان. ٣ـ دەنگ بە کەسی کاندید و هەڵبژاردە دان، دەنگ دان. ⁂ سبەی هەڵبژاردنە تۆ بۆ کێی تێدەخەی. ٤ـ پێوە نانی ئەو ئامرازانەی کە بە دار یا ڕەژی کار دەکەن وەک سەماوەر و سۆبە، تێهاویشتن، هەڵکردن، پێکردن. ⁂ دا ڕۆڵە ئەو سەماوەرەی تێخە با چایەکی بخۆینەوە. ٥ـ گان بۆ مەبەستی سووکایەتی یا جنێو، تێنان.

**تێخوڕین** (چا. م)[تێ1 + خوڕین] ١ـ بە تووڕەی و بە زەبر دەگەڵ کەسێک قسە کردن، گوڕاندن بە سەر کەسێک دا، بە قەو دواندن، داخوڕین. ٢ـ دەنگ دانی حەیوان و گیاندار بە تووڕەیی بۆ توندتر ڕۆیشتن. ٣ـ تێتووڕاندن. ⁂ هۆ شوانی بەختیار تێخوڕە درەنگە/ بێ شمشاڵ لە دەشتیش وەکوو ماڵ دڵ تەنگە (گۆران ل ٥٢).

**تێخونجان** (چا. ل)[تێ1 + خونجان] لەبار بوون و گونجانی شتێک لە شوێنێک دا، گونجان، تێگونجان.

**تێدا** (پێشـ.)[تێ1 + دا2] پێشگری کارە بە مانای دە نێو دا، تیا.

**تێدابوون** (چا. ل)[تێدا + بوون] ١ـ دە نێو دا هەبوون، هەبوون، تیابوون. ⁂ گیرفانت چی تێدایە! پارەیەکی زۆرم دە بانک دایە. ٢ـ بەشدار بوون لە کار و مەسەلەیەک دا. ⁂ هەر بەرنامەیەکتان بۆ ئەمڕۆ هەبێ، منیش تێدام.

**تێداچوون** (چا. ل)[تێدا + چوون] فەوتان، نەمان، لە بەین چوون، تیاچوون.

**تێدار** (ئان. فا)[تێ2 + دار2] کەسێک کە نۆبەتێ و یاوی هەیە، تادار. ⁂ بۆ تێدار چاکە سایەی داری بی/ ئەمما ئەویندار سایەی یاری بی (حەقیقی ل ٦٠).

**تێدان** (چا. م)[تێ1 + دان3] ١ـ پەیدا بوون و سەر هەڵدانی گیانداری ورد دە

نێو شتتێک دا. ⁝⁝ کرم تێدان، ئەسپێ تێدان. ٢ـ لێنان و لێ زیاد کردنی پارچە لە سەر جل و پارچەی دیکە، دە سەر کردنەوە، تێدانەوە. ⁝⁝ لێفەکەم کورتە بستکی تێدە. ٣ـ تێهەڵسوون. ⁝⁝ کرێم تێدان، گێچ تێدان.

**تێدانەوە** (چا. م)[تێ1 + دانەوە] ١ـ دە سەر کردنەوە، لێنانی پارچە، تێدان. ٢ـ دەست پێکردنەوەی عادەت و شتێک کە تەرک کرابێ. ⁝⁝ سیگارم وەلانابوو بەڵام دیسان تێمداوە.

**تێداهێشتنەوە** (چا. م)[تیدا + هێشتنەوە] ١ـ هەندێک شت لە بن یا لە نێوی شتێک دا راگرتن و دەست لێنەدان. ٢ـ (مجـ.) مایە دانان.

**تێر** (ئان.)[پەهـ: سێر. باک: تێر ـ ناو: تێر ـ هەو: سێر] ١ـ کەسێک کە گەدەی لە خوردن پڕە و مەیلی خواردنی نەماوە، تەسەل. // برسی. ٢ـ پڕ. ٣ـ بێزار، وەڕەز. ٤ـ پڕ بەدڵ، بە کەیفی خۆ. ⁝⁝ دانیشە تێر چاوی لێکە. ٥ـ هەر رەنگێکی تۆخ (جگە لە سپی). ٦ـ دەوڵەمەند، تەسەل. ⁝⁝ سووری تێر، شینی تێر. **پێ ~ بوون:** خۆراک و خواردنێک کە گیاندار یا مرۆڤ تێر بکا. ⁝⁝ گۆشت مرۆڤ پێ تێر دەبێ بەڵام ئاش مرۆڤ پێی تێر نابێ. **~ بوون:** ١ـ پڕ بوونی گەدە و دەست لە خواردن هەڵگرتن، تێر خواردن. ٢ـ لێ تێر بوون، بێمەیل بوون، بێزار بوون. **~ خواردن:** ١ـ تێر بوون لە خواردەمەنی. ٢ـ (کنـ.) ئاکام و ئەنجامی کارێک کە بە دڵ نەبێ. ⁝⁝ ئەگەر ببیە دوکتور تێر دەخوین (تەوس). **~ خەوتن:** بە رادە و ئەندازە نوستن، تێر نوستن. منداڵ ئەگەر تێر بخەوێ تێرەخەو دەبێ. **~ کردن:** نان دان بە کەسێک یا گیاندارێک هەتا ئەو رادەیەی مەیلی خواردنی نەمێنێ. **~ نوستن:** بڕ: تێر خەوتن. **لێ (لە شتێک یا کەسێک) ~ بوون:** لەبەر چاو کەوتن، کەس یا شتێک کە ئیدی مەیل رانەکێشێ. ⁝⁝ سیگار لێی تێر بووم. لە گەڕان و خولانەوە تێر بووم. ‖ **تێرتێر:** ١ـ زۆر تێر، مڕ. ⁝⁝ تێرتێرم دۆڵمە خوارد. ٢ـ پڕ بە دڵ، بە کەیفی خۆ. ⁝⁝ تێرتێرمان باسی کۆن کرد، تێرتێر پێکەنین و تێرتێر گریاین.

**تێراو** (ئان. ل)[تێر + ئاو] حاڵی شیناوەرد و دەغڵ و دانێک کە باش ئاو درابێ. ٢ـ کەسێک کە هەتا رادەی تێنوایەتی شکان ئاو بخواتەوە. ~

**بوون:** ١ـ دەغڵ و شیناوەردێک کە بە رادەی پێویست ئاو داربێن. ٢ـ ئاو خواردنەوە هەتا رادەی تینوایەتی شکان، پێوسیتی بە ئاوی زێدە نەبوون. ~ **کردن:** ئاو دان بە رادەی پێویست.

**تێراویی** (حم.)[تێراو + ئیی] تێراو بوون، پێویستی بە ئاوی زێدە نەبوون.

**تێرخوێ** (ئان. ل)[تێر + خوێ] حاڵی چێشتێکی بە ئەندازە خوێی هەبێ و پێوێستی بە خوێ پێداکردن نەبێ.

**تێرنەخۆرە** (ئان. فا)[تێر + نە + خۆر + ئە] حاڵی کەسێک کە هەرچەندی بخوا دیسان هەر تێر نەبێ.

**تێر و پڕ** (ئان. ل)[تێر + و + پڕ] ١ـ پتر لە رادە تێر، مڕ. ٢ـ یەکجار زۆر، پڕ بە دڵ. ⁘ تێر و پڕم ماچ کرد و تێر و پڕم دە باوەش گرت. ٣ـ دەوڵەمەند، سامان‌دار. ~ **بوون:** ١ـ پتر لە رادە تێر بوون. ٢ـ دەوڵەمەند بوون و پتر لە رادەی پێویست هەبوون. ~ **خواردن:** زۆر تێر خواردن. ~ **کردن:** مڕ کردن، زۆر تێر کردنی کەسێک.

**تێر و پڕیی** (حم.)[تێر و پڕ + ئیی] تێروپڕ بوون.

**تێر و تەسەل** (ئان. ل)[تێر + و + تەسەل] ١ـ بە قەرا پێویست تێر. ⁘ تێر و تەسەل قسە کردن. ٢ـ کەسێک کە ئاتاج و موحتاج نەبێ و لە قەدەر پێویست هەشیبێ، پۆشتە، بە ئیروو. ~ **بوون:** ١ـ بە قەرا پێویست تێر بوون. ٢ـ دەوڵەمەند بوون و کۆک و پۆشتە بوون.

**تێر و تەسەلیی** (حم.)[تێر و تەسەل + ئیی] تێر و تەسەل بوون.

**تێروێ** (گیا.) بڕ: تەربی

**تێرۆر** (نا.)[لات: terror (ترس، خۆف)] کاری کوشتنی نەیار. ~ **کردن:** کوشتن و فەوتاندنی دژ و نەیار لەپڕ و ناغافڵ.

**تێرۆریست** (نا.)[فەر: terroriste] کەسێک کە کاری کوشتنی نەیار و دژە، پیاوکوژ.

**تێرۆریزم** (نا.)[فەر: terrorisme] بیر و بڕوایەک کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی لە تێرۆر کەلک وەربگرێ.

**تێروو**[1] (گیا.)[هس: تیروو] دارێکە بەرێکی وەک تووڵە زەڕە ئەگرێ، گەڵای وەک چواڵەتاڵە وایە (خاڵ ب ١ ل ٣٢٩) vitex agnus castus, chaste tree (تۆفیق وەهبی ل ١٤٧).

**تێروو** 2 (گیانـ.)[؟] گیانداری دڕندەی وەک گورگ، ورچ، شێر و بەبر.

**تێرەخۆرە** (ئان. فا)[تێر + ئە + خۆر + ئە] رادە و ئەندازەیەک لە چێشت کە مرۆڤ بە تەواوی تێر بکا.

**تێریەتی** (حم.)[تێر + یەتی] بڕ: تێریی

**تێریی** (حم.)[تێر + ئیی] ١ـ تێر بوون، تێرێتی، تێریەتی. ٢ـ تێر و تەسەلیی، تێروپڕیی.

**تێرێتی** (حم.)[تێر + ئێتی] بڕ: تێریی

**تێڕ** (نا.)[باک: تێڕ ـ ناو: تێڕ، تێڕک] ١ـ خورجی گەورەی دووتایی کە بە سەر پشتی بارەبەری دادەدەن بۆ بار تێنان، تێڕک. ٢ـ ئەندازەیەک کە تێر دەیبا. ٣ـ (مجـ.) زۆر و فرە بۆ هەندێک شت. ⁂ تێڕێک نان دەخوا و تێڕێک دەڕی.

**تێڕا** (پێشگـ.) پێشگری تێکەڵاوی کارە کە لە تێ + ڕا پێکهاتوە.

**تێڕاچوون** (چا. ل)[تێڕا + چوون] شتێکی تیژ و باریک چوونە نێو لەش یا شتێکی دیکەوە. ⁂ درووم دە دەست ڕاچوو.

**تێڕاخوڕین** (چا. م)[تێڕا + خوڕین] ١ـ بە سەر کەسێک دا گوڕاندن، بە گژ کەسێک دا چوون. ٢ـ هان دان و دنە دانی کەسێک بۆ ئەنجام دانی کارێک.

**تێڕادان** (چا. م)[تێڕا + دان] ئاو تێوەردان لە دەفر بۆ خاوێن کردنەوە.

**تێڕادیتن** (چا. م)[تێڕا + دیتن] دڵنیا بوون و متمانە پێکردن بە کەسێک بۆ ئەنجام دانی کارێک. ⁂ تێتڕا دەبینم بۆیە داوی قەرزت لێدەکەم.

**تێڕاکردن** (چا. م)[تێڕا + کردن] شتێک بە درێژایی تێنان و بردنە نێو شتێکی دیکەوە، تێڕۆ کردن. ⁂ دەستی تێڕا کرد و دوو بێچوو چۆلەکەی لە کون دەرکێشا.

**تێڕامان** (چا. م)[تێ1 + رامان] سەرسوڕمان و حەیران مانەوە لە ئەنجام دانی کارێک، تیاڕامان، ڕامان.

**تێڕتێڕە** (گیانـ.)[؟] بڕ: بزنمژ

**تێڕتێڕەملە** (گیانـ.)[تێڕتێڕە + مل + ئە][هەو] بڕ: بزنمژ

**تێڕژان** (چا. ل)[تێ1 + رژان] هوروژم و لێشاوی حەشیمەت بە تێگڕایی و زۆر.

**تێڕژاندن** (چا. م)[تێ1 + رژاندن] تێکردن و پڕ کردنی شوێن و جێگەیەک

له حهشیمهت به تێگرایی و زۆریی. ⁘ خهڵکێکی زۆریان تێڕژاندبوو نێو سالۆن.

**تێڕک** (نا. ل)[تێڕ + ک] بڕ: تێڕ

**تێڕکه** (نا. ل)[تێڕک + ئه] تێڕی گهوره، خورجی گهوره.

**تێڕوانین** (چا. م)[تێ1 + روانین] سهیر کردن و تهماشا کردن به وردیی و به سرنجهوه، تێنواڕین.

**تێڕۆ کردن** (چا. م)[تێ1 + ڕۆ + کردن] شتێک به درێژاییهوه ده نێو شوێنێک نان. ⁘ دهستی ده کووپهکهی ڕۆکرد. دارت تێڕۆ دهکهن.

**تێڕیان** (چا. ل)[تێ + ریان] ١ـ گوو ده نێو شتێک کردن. ⁘ ده دمی بابت ریم (جنێو). ٢ـ (کنـ.) شتێک خراپ کردن و له کهلک خستن. ⁘ هێندت دهست لهو رادیۆیه وهردا ههتا به تهواوهتی تێیڕیای! ٣ـ (کنـ.) کارێک خراپ کردن و به ئاکام نهگهیشتن. ٤ـ (کنـ.) پێ گرینگ نهبوونی شتێک یا کهسێک و به سووک دانانی.

**تێز**[1] (نا.)[بڕ: تێزه] ١ـ کونێکه لای پێی هێندێ تفهنگ و دهمانچهوه باڕووتی ئهخرێته سهر و ئاگری پێوه ئهنرێ (خاڵ ب ١ ل ٣٢٩). ٢ـ [باک] باڕووت

**تێز**[2] (نا.)[فهر: these] ١ـ باس و مهسهلهیهک که کهسێک بۆ روون کردنهوه و شی کردنی ههوڵ بدا. ٢ـ لێکۆڵینهوه و بابهتێک که خوێندکاری زانکۆ دوای تهواو کردنی دهرسهکانی کاری له سهر دهکا و دوکتوراکهی پێوهردهگرێ.

**تێز**[3] (ئاک.)[تور: tez له فار: تیز] پهله، لهز، خێرا، زوو.

**تێزاب** (نا. ل)[فار: تیزاب] بڕ: تیژاو

**تێزاو** (نا. ل)[تێز (فار: تیز) + ئاو1] بڕ: تیزاب و تیژاو

**تێزان** (چا. ل)[تێ + زان] پهیدا بوون، سهر ههڵدان. ⁘ چاوم فرمێسکی تێزا. ئهو لێوه ... بۆ ئێستا زهردهخهنهی تێنازێ (گۆران ل ٩٤).

**تێزتیزه** (ئاک. ل)[تیز3+ تێز3+ ئه] پهلهپهل. **~ دان:** هان دان بۆ پهله کردن، پهلهپهل لێکردن، وهپهله خستن. ⁘ ده لێمگهڕێ بهس تێزتێزهم بده! **~ لێکردن:** پهله لێکردن، وهپهله خستن، تێزتێزه دان.

**تێزکه** (نا. ل)[تێز1 + که] بڕ: تێزه. **ده ~ نان:** (کنـ.) فریو دان، کڵاو له سهر نان، ههڵخراندن. ⁘ وای ده تێزکه نام بۆ خۆم پێمنهزانی. **وهک ~ی**

**تفەنگ:** (کنـ.) توند، تیژ، بە هەشتاو. ؛؛ وەک تێزکەی تفەنگێ بێرە دا تێپەڕی.

**تێزە** (نا. ل)[تێز1 + ئە][باک: تێزکە، تێزەک ـ ناو: تێز، تێزە، تێزکە، تێسکە، تێسکۆڵ] پڵێتەی سەر چەکەمەنی کۆنی وەک تفەنگ و دەمانچەی ڕەشۆکی و تۆپ و دینامیت. ؛؛ چەتارم لێدەچەقاند، تێزەم داوێشتە سەرێ/ دەستم لە شینکەی دەبزافت بزرم کرد لە دووکەرێ (سێسەد هۆنراوە ل ٢١).

**تێزەک** (نا. ل)[تێز1 + ئەک][باک] بڕ: تێزە

**تێژ** (ئان.)[ئەر ـ هەو ـ زا] بڕ: تیژ

**تێساوین** (چا. ل)[تێ1 + ساوین] بڕ: تێهەڵسوون

**تێسرەواندن** (چا. ل)[تێ1 + سرەواندن] تێکوتان و لێبادانی کتوپڕ و ناخافڵ لە کەسێکی پەنا دەست.

**تێسکۆڵ** (نا. ل)[تێسکە + ئۆڵ] بڕ: تێزە. ؛؛ مەسڵەتێم بۆ پکەن بە زەبری دە پووڵێ/ بە حوکمی دە لیرێ، بە تیسکۆڵێ دە تفەنگێ (گەنج ل ١٥٨).

**تێسکە** (نا. ل)[تێس (تێز1) + کە][ئەر] بڕ: تێزە

**تێسمڕیاگ** (ئان. فا)[لە: تێکسمڕان][ئەر] بڕ: تێکسڕماو

**تێسمڕیان** (چا. ل)[تێک + سمڕان][ئەر] بڕ: تێکسڕمان

**تێسوێ** (گیا.)[باک: تێسوو ـ ناو: تێسوێ، تیسوێ، تۆسی، تسوێ، تۆێسی، تۆێسوو، تێسوو ـ هەو: تۆسی] ١ـ گیایەکی خۆڕسکی دڕکنە. لاقەدەکەی بریندار دەکەن هەتا جەوی دەربدا کە بۆ مەرەکەب کەڵکی لێوەردەگرن و بنەکەشی کەف دەکا. (عەر: عکوب). ٢ـ (کنـ.) کەسی زۆر کز و ڕەقەڵە

**تێسوو** (گیا.) بڕ: تێسوێ

**تێسوون** (چا. م)[تێ1 + سوون] بڕ: تێهەڵسوون

**تێشان** (ئان.)[زا] بڕ: تینوو

**تێشت** (نا.)[بڕ: چێشت] ١ـ چێشت. ٢ـ [باک] نان و چای بەیانی، چاشت، بەرچایی.

**تێشکان** (چا. ل)[تێ + شکان] ١ـ بەزین لە شەڕ و جەنگ دا. ٢ـ بەزین لە سەودا و کایە و کێبەرکێ دا. ٣ـ ڕووخان، وێران بوون. & تێکشکان.

**تێشکاندن** (چا. م)[تێک + شکاندن]

١ـ بەزاندنی دوژمن، سەرکەوتن لە شەڕ دا. ٢ـ بەزاندنی غەنیم لە یاری و کایە دا. ٣ـ رووخاندن، وێران کردن. & تێک شکاندن.

**تێشکاو** (ئان. فا)[لە: تێشکان] ١ـ بەزیو لە شەڕ دا. ٢ـ بەزیو لە کێبەرکێ و یاریی و سەودا دا. ٢ـ رووخاو، وێران، نوغرۆ. & تێکشکاو

**تێشوو** (نا.)[پەھ: تووشەک. لۆر: تووشە ـ فار: توشە. ناو: تێشوو، توێشوو، توێشە، تۆشە ـ ھەو: تۆشە، تووشە] ١ـ ھەندێک خواردەمەنی کە لە سەفەر دا دەگەڵ خۆ دەیبەن. ٢ـ پاشەکەوتی خواردەمەنی لە ماڵ، ئازووقە. **~ کردن:** ساز کردن و ئامادە کردنی تێشوو بۆ سەفەر، توێشوو کردن، توێشە کردن، تۆشە کردن. ‖ **تێشووی قیامەت:** (کن.) کردەوە و کرداری چاک و بە کەلک بۆ دونیای دیکە.

**تێشووبەرە** (نا. ل)[تێشوو + بەر7 + ئە] ١ـ بڕ: تێشوودان. ٢ـ کەسێک کە نان و خۆراک بۆ جوتیاران دەبا.

**تێشوودان** (نا. ل)[تێشوو + دان4] توربێن و کیسەیەک کە تێشووی تێدەنێن، نانەبەرە، تێشووبەرە، تۆشەدان، تۆشەبەرە، تۆشەبەرە، توێشەبەرە، توێشەدان، توشووبەرە، توێشوودان.

**تێغ** (نا.) بڕ: تیغ

**تێغە** (نا. ل)[تێغ + ئە][ئەر] ١ـ دیوارێکی تەنک بۆ جیا کردنەوە ژوور، تیغە. ٢ـ دەمی تیژی ئامرازی بڕین. ٣ـ لێوار و قەراغ.

**تێفکرین** (چا. ل)[تێ + فکرین (لە: فکر)] فکر لێکردنەوە و ورد بوونەوە لە کەسێک، شتێک یا مەسەلەیەک، سەرنج دان و بیر کردنەوە.

**تێقمان** (چا. م)[تێ + قمان][موک] بڕ: تێقوومان

**تێقماندن** (چا. م)[تێ + قماندن][موک] بڕ: تێقووماندن

**تێقمین** (چا. ل)[تێ + قمین][موک] بڕ: تێقوومان

**تێقلّپاندن** (چا. م)[تێ + قلّپاندن] قلّپ کردنەوەی تێگڕایی ئاوەکییەک دە نێو دەفر، تێقولّپاندن.

**تێقولّپاندن** (چا. م)[تێ + قولّپاندن] بڕ: تێقلّپاندن

**تێـقــووپان** (چا. ل)[تێ + قــووپان] قــووپانی شــتـێکی رەق خــۆبەخــۆ یا بە دەست کـــەســـێکی نادیار، قـــووپان، تێـقـووپین. ⁂ ئەو چەلەنگە تێـقـووپاوە ئیدی بە کەلک نایە!

**تێقووپاندن** (چا. م)[تێ + قووپاندن] قووپاندنی شتێک، تێقپاندن. ⁂ کێ ئەو کارتۆنەی تێقووپاندوە.

**تێـقـووپاو** (ئان. فا)[لە: تێـقـووپان] حاڵی شتێکی رەق کە قووپابێتەوە..

**تێقووپین** (چا. ل)[تێ + قووپین] بڕ: تێقووپان

**تێـقـوولان** (چا. ل)[تێ + قـوولاندن] هەڵاتنی بە پەلە و توند و لەپڕ.

**تێقوولاندن** (چا. م)[تێ + قوولاندن] راکردنی بە پرتاو، هەڵاتنی زۆر بە پەلە و توند. ⁂ لە ترسی لێـــدانی بابی وای تێقوولاند دەتکوت جندۆکەی دیوە.

**تێـقـوومـان** (چا. م)[تێ + قـوومـان] قووم بوون، نوقم بوون لە ئاو دا. تێقمین، تێقوومین، تێقمان.

**تێقووماندن** (چا. م)[تێ + قووماندن] قووم کردن، نوقم کردن، تێقماندن.

**تێـقـوومین** (چا. ل)[تێ + قـمـان] بڕ: تێقوومان

**تێک** (پێـشگـ.) پێـشگری تێکەڵاوی کارە کـە لە [تێ1 + یەک] پێکهاتوە، دە یەک، دەباڵ یەک.

**تێک ئاڵقان** (چا. ل)[تێک + ئالقان] لێک گیـر بوونی دوو شت دەگەڵ یەکـتـر، تێکگیران، تێکترنجان.

**تێکبـردن** (چا. ل)[تێک + بردن] دوو یا چەند شت دە نێو یەک نان.

**تێکبەربوون** (چا. ل)[تێک + بەربوون] ١ـ دوو یا چەند کـەس دەگـەڵ یـەکـتـر بەشـــەڕ هاتن. ٢ـ دوو یا چەند گـیـاندار دەگـەڵ یەکـتـر بەشـەڕ هاتن. ٣ـ تێکەڵ بوونی نێر و مێ بۆ جووت بوون.

**تێکبـەردان** (چا. م)[تێک + بەردان] ١ـ دوو کەس یا چەند کەس دەگەڵ یەکتر بە شـەڕ دان. ٢ـ دوو یا چەند گـیـاندار دەگەڵ یەک بە شـەڕ دان. ٣ـ دوو یا چەند گیانداری نێر و مێ دەباڵ یەکتر کردن بۆ جووت بوون و پەڕینە سەر یەک.

**تێکبـــەزن** (چا. ل)[تێک + بەزین] چوون نێــو یەکی دوو شت، دە پاڵ یەک راچوون، تێکپەڕین.

**تێکپەڕاندن** (چا. م)[تێک + پەڕاندن]

ده پاڵ یەکتر نانی دوو یا چەند شت، تێکبردن و تێکخستنەوە.

**تێکپەڕین** (چا. ل)[تێک + پەڕین] چوونە نێو یەکی دوو شت.

**تێکترنجان** (چا. ل)[تێک + ترنجان] گیر کردن و چوونە نێو یەکی دوو شت، تێک ئاڵقان.

**تێکترنجاندن** (چا. م)[تێک + ترنجاندن] لێک گیر کردن و ترنجاندنی دوو یا چەند شت لە یەکتر.

**تێکچڕژان** (چا. ل)[تێک + چڕژان] تێکەڵ بوون بە چڕ و پڕیی، لێکدران، دە باڵ یەک دابوون بە چڕیی. :: سەری هەلآلە و بەیبوون و گوڵەجووت تێکهالآوە و تێکچڕژاوە (لاس و خەزاڵ ل ١١٥).

**تێکچڕژاندن** (چا. ل)[تێک + چڕژندن] تێکەڵ کردن و لێکدان بە پڕ و چڕیی، دەباڵ یەک نان.

**تێکچوون** (چا. ل)[تێک + چوون] ١ـ مێشک تێکچوون، شێت بوون. :: حەمە وەک جاران نەماوە بە تەواوی تێکچوە. ٢ـ لە دڵ گران هاتن و نارەحەت بوون. :: بە قسەیەکی چووک تێکدەچێ و نێوچاوانی تێکدەنێ. ٣ـ شێوان، خراپ بوون، لە سەر باری پێشوو نەمان. :: ماڵ و حاڵەکەم تێکچوە. دۆستایەتییەکەمان لە سەر هیچ تێکچوو. ٤ـ گۆڕان بەرەو خراپی. :: هەوا تێکچوون، مێشک تێکچوون، حاڵ تێکچوون.

**تێکخستنەوە** (چا. م)[تێک + خستنەوە] ١ـ دە سەر یەک کردنەوەی پارچە. ٢ـ لێک بەستنی دوو سەری ڕێسراو و شریت. & تێککردنەوە.

**تێکدان** (چا. م)[تێک + دان] ١ـ خراپ کردن، وێران کردن، رووخاندن. ٢ـ شێواندن، پەرێشان کردن.

**تێکردن** (چا. ل)[تێ1 + کردن] ١ـ دە نێو کردن، رژاندنە نێو شتێک. :: ئاو تێکردنە نێو قابڵەمە. تۆو دە گیرفان کردن. ٢ـ دەسپەڕ لێدان، کەپلەمە کێشان. ٣ـ کێشان. :: قەننەیەکی تێکرد. ئەمن جگەرەی خۆم تێکردوە. ٤ـ تێکبەردانی کار و بەرخ لە دایکیان بۆ مژینی.

**تێکڕا** (ئاک.)[؟] پێکەوە، هەموو، تێگڕا، وێگڕا، پێکڕا. :: منداڵەکان تێکڕا پیرۆزبایی ساڵی تازەیان لە باوکیان کرد و تێکڕا یەکتریان ماچ کرد.

**تێکڕابوون** (چا. ل)[تێک + رابوون] لە نەکاو رابوون و هەستان لە خەو، راست بوونەوە لە خەو.

**تێکڕایی** (ئاک. ل)[تێکڕا + ئیی] بە تێکڕا، بە گشتی، سەرپاک، تەواوەتی، تێگڕایی. ⁙ تێکڕایی قسەکانی، قسەیەکی راستی تێدانەبوو.

**تێکڕژان** (چا. ل)[تێک + رژان] تێکبەزین، تێکەڵ یەک بوون. ⁙ دەڵێی نەفخی سوور لێدراوە/ زولف وەها تێکڕژاوە (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٧٣).

**تێکڕمان** (چا. ل)[تێک + رمان] رمان بە تێگڕایی، تێکڕووخان، تێکقرمان.

**تێکڕماندن** (چا. م)[تێک + رماندن] رووخاندن بە تێگڕایی، خراپ کردن، تێکڕووخاندن.

**تێکڕووخان** (چا. ل)[تێک + رووخان] رمان و خراپ بوونی خانووبەرە یا شوێنێک بە تێگڕایی، تێکقرمان، تێکڕمان.

**تێکڕووخاندن** (چا. م)[تێک + رووخاندن] رووخاندن، وێران کردن، تێکڕماندن. ⁙ پێلاقەیەکی بە کەڵەکە بەردەکە دادا و تێکیڕووخاند.

**تێکسڕمان** (چا. ل)[تێک + سڕمان] زل و کەتە و پڕ گۆشت بوون، ئەستوور و پتەو بوون. & تێکسمڕان، تێسمڕیان.

**تێکسڕماو** (ئان. فا)[لە: تێکسڕمان] حاڵی مرۆڤ یا گیاندارێکی پڕگۆشتی ئەستوور و پتەو، توێکمە. & تێکسمڕاو، تێسمڕیاگ.

**تێکسمڕان** (چا. ل)[تێک + سمڕان] بڕ: تێکسڕمان

**تێکسمڕاو** (ئان. فا)[لە: تێکسمڕان] بڕ: تێکسڕماو

**تێکشکان** (چا. م)[تێک + شکان] ١ـ لەت و پەت بوون، ورد و خاش بوون. ٢ـ شکان، تێشکان، بەزین، شکست خواردن بە تەواویی. ٣ـ تێکچوونی لەش و باری لەشساغی لەبەر خەم و خەفەت و باری مادیی و شتی لەم بابەتە.

**تێکشکاندن** (چا. م)[تێک + شکاندن] ١ـ لەت و پەت کردن، ورد و خاش کردن. ٢ـ شکست دانی دوژمن بە تەواویی، تێشکاندن. ٣ـ فەوتاندن، نابوود کردن، کوشتن. ⁙ کوتی دەچم با شێری رەش تێکم بشکێنێ (لاس و خەزاڵ ل ١٤). ٤ـ تێکدانی لەشساغی کەسێک، بەر لە وادە پیر کردن و لە

کەلک خستنی کەسێک.

**تێکشکاو** (ئان. فا)[لە: تێکشکان] ١ـ حاڵی دەفر و هەر شتێکی لەت و پەت. ٢ـ بەزیو، تێشکاو. ٣ـ حاڵی مرۆڤێک کە لەشساغی تێکچووبێ.

**تێکقرمان** (چا. ل)[تێک + قرمان] بڕ: تێکڕووخان

**تێککردنەوە** (چا. م)[تێک + کردنەوە] وەسڵ کردن و پێکەوە لکانی دوو هەودا و ریس و شتی لەم بابەتە، تێکخستنەوە.

**تێکل** (نا.)[باک ـ زا] بڕ: تێکەڵ

**تێکوپێک** (نا. ل)[تێک + و + پێک] وێران، خراپ، نوغرۆ. **~ دان:** خراپ کردن، وێران کردن. ** ماڵەکەی تێکوپێک دا و سەرلەنوێ سازی کردەوە.

**تێکوتان** (چا. م)[تێ1 + کوتان] ١ـ لێدانی مست، نەقورچ و کاری لەم بابەتە لە کەسێک یا شتێک. ٢ـ تێنان و تێکردن بە زۆریی.

**تێکوشین** (چا. م)[تێ1 + کوشین] ١ـ نان دە شۆربا دا ورد کردن و نەرم کردن. ٢ـ (نا.) پێخۆرێکە لە دۆ یا ماستاو و سەوزی و هارۆ و سێو و کشمیش کە وێکڕا دەباڵ یەکی دەکەن و دەیخۆن. ** تێکوشین بە هەویای جیرانی ویشکە (پەند) & تێگوشین، تێوشین، تێوڵین.

**تێکوڵ** (نا. ل) بڕ: توێکڵ

**تێکوەردان** (چا. م)[تێک + وەردان] تێکەڵ کردن، لێکدان.

**تێکۆشان** (چا. ل)[تێ1 + کۆشان] بڕ: تێکۆشین.

**تێکۆشین** (چا. ل)[پەه: توخشییتەن] [تێ1 + کۆشین] حەول دان بۆ پێگەیاندنی مەبەست و کار و مەسەلەیەک، خەبات کردن، تێکۆشان.

**تێکهالان** (چا. ل)[تێک + هالان] ١ـ چوونە نێوی یەکی دوو یا چەند شتی درێژ. ** کەمێک دێتن شووبای زریان/ دەسرە و دەسماڵیان تێکهالان (سەعید و میرسێوەدین ل ٢٧٢). ٢ـ یەکتر دە باوەش گرتن، ئامێز بە یەکتر داگرتن، لە یەک هالان، لێکهالان.

**تێکهەڵچوون** (چا. ل)[تێک + هەڵ + چوون] پێک هەڵپڕژان و شەڕ کردن دەگەڵ یەکتر.

**تێکهەڵدان** (چا. م)[تێک + هەڵ +

دان] ١ـ شەڕ دەگەڵ یەک کردن و لە یەکتر دان بە شەپ و شەق. ٢ـ شەڕی گیاندار دەگەڵ یەکتر بە شاخ.

**تێکهەڵشێلان** (چا. م)[تێک + هەڵ + شێلان] تێکەڵ کردن و شێلانی دوو شت بە یەکەوە.

**تێکەل** (نا.)[باک] بڕ: تێکەڵ

**تێکەڵ** (نا.)[باک: تێکەل، تێکل ـ ناو: تێکەڵ ـ هەو: تێکەڵ ـ زا: تێکل] ئاوێتە، لێکدراو، قاتی، تەڤ ل هەڤ. ~ **بوون:** ١ـ ئاوێتە بوونی شتێک دە نێو شتێکی دیکە دا. ٢ـ لێکدران شتەکان دە نێو یەک دا. ٣ـ تێکهاڵان، جووت بوونی نێر و مێ دەگەڵ یەکتر. ~ **دان:** ١ـ لێکدانی ئاوەکی بۆ توانەوەی شتێک. :: چایەکەت تێکەڵ دە با شەکرەکە بتوێتەوە. ٢ـ لێکدانی چێشتی ئاوەکی بۆ هەڵنەگەڕان و هەڵنەچوون. :: شیر تێکەڵ دان، دۆکلیو تێکەڵ دان. ~ **کردن:** ١ـ لێکدان و دەباڵ یەک کردنی دوو یا چەند شت دەگەڵ یەک. ٢ـ سەر لێشێوان و دروست بیر نەکردنەوە، خەرفان، مێشک تێکەڵ کردن.

**تێکەڵاو** (ئان. ل)[تێکەڵ + ئاو] حاڵی هەر شتێکی تێکەڵ و ئاوێتە. ~ **بوون:** ١ـ ئاوێتە بوون. ٢ـ گەرم بوونی بەین و دۆستایەتی و ئاموشۆی چڕ و پڕ. ~ **کردن:** تێکەڵ کردن.

**تێکەڵاویی** (حم.)[تێکەڵاو + ئیی] ١ـ پێوەندیی نزیک و هاموشۆ دەگەڵ کەس و کۆمەڵێک. ٢ـ ئۆگریی، ئالوودەیی. & تێکەڵیی

**تێکەڵ پێکەڵ** (ئان. ل)[تێکەڵ + پێکەڵ] زۆر شێواو و بێ سەر و بەرە، نائاشکرا، ناڕێکوپێک، تێکەڵ و پێکەڵ. :: قسەی تێکەڵ پێکەڵ. چێشتی تێکەڵ پێکەڵ. ~ **بوون:** شێوان و بێ سەر و بەرە بوون، ناڕێکوپێک بوون. ~ **کردن:** زۆر تێکەڵ کردن، شێواندن، تێکدان.

**تێکەڵ و پێکەڵ** (ئان. ل)[تێکەڵ + و + پێکەڵ] بڕ: تێکەڵ پێکەڵ

**تێکەڵیی** (حم.)[تێکەڵ + ئیی] بڕ: تێکەڵاویی

**تێکەوتن** (چا. ل)[تێ1 + کەوتن] ١ـ دە نێو قوڵکە یا شوێنێک کەوتن. ٢ـ تێکەڵ بە کار و مەسەلەیەک بوون بە بێ ویست. ٣ـ سەرنەکەوتن لە سەرەتای هەندێک کایە و یاری دوو کەسە یا دوو دەستە دابە تەڕناویشکە یا تاقمانە جووت.

**تێکە و لێکە** (نا. ل)[تێکە + و + لێکە] تێکەڵ و پێکەڵ، بێ ســەرەوبەرە، بشـێـویی. **~ بوون:** کـەس بە کـەس نەبوون، بێ سەر و بەرە بوون.

**تێگرتن** (چا. م)[تێ1 + گــرتن] ١ـ تیر، بەرد یا هەر شتێک بەرەو کـەسێک یا نیــشــانە هـاویشـتن. ؛؛ لە پاداشی قسـەی سـەردا، هەمـە ئاهـ و هەناسـەی گەرم/ کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ، من بەرقی تێدەگـرم (مـەحـوی ل ٢١٩). ٢ـ قـەرار دانی شتێک دە نێو شتێکی دیکە دا. ؛؛ دەرک و پەنجـەرە دە مـاڵ گـرتن. وێنە دە تابلـــۆ گـــرتن. ٣ـ داپۆشـین و گـرتنی دەوروبـەری شـتێک. ؛؛ بەرگ دە کـتـێب گـرتن. دەسـتی شکاو دە گـێچ گرتن.

**تێگرا** (ئاک.) بڕ: تێکرا.

**تێگڕایی** (ئاک. ل)[تێگڕا + ئیی] بڕ: تێکڕایی

**تێگرماندن** (چا. م)[تێ1 + گرماندن] لە کـەسـێک تووڕە بوون و تێـخـوڕین، بە سەر کەسێک دا گرماندن.

**تێگوشین** (چا. م)[تێ1 + گــوشـین] بڕ: تێکوشین

**تێگونجان** (چا. ل)[تێ1 + گونجان] لوان، گونجان، تێخونجان.

**تێگهاشتن** (چا. ل)[تێ1 + گهاشـتن] [باک] بڕ: تێگەیشتن

**تێگهاندن** (چا. م)[تێ1 + گهـاندن] [باک] بڕ: تێگەیاندن

**تێگهیشتن** (چا. ل)[تێ1 + گهیشـتن] [باک] بڕ: تێگەیشتن

**تێگهین** (چا. ل)[تێ1 + گـهین][باک] بڕ: تێگەیشتن

**تێگەیاندن** (چا. م)[تێ1 + گەیاندن] [باک: تێگهـــاندن ـ ناو: تێگەیاندن]١ـ حـاڵی کـردنی کـەسـێک لە مـەسـەلە و مەبەسـتێک. ؛؛ مامـۆسـتاکەم ئـەمڕۆ زۆر جـوان دەرسـەکـەی تێگەیاندم. ٢ـ حـاڵی کـردنی کـەسێک لە ئیـشارە و شـتێکی شـاراوەی نێـوان ئـەو کــەســانە. ؛؛ لە میوانی خێزانم سـەرێکی لێهـەتەکاندم و تێیگەیاندم کە وەختـی ڕۆیشـتنەوەیە. ٣ـ حاڵی کردن لە مـەسەلەیەک نەزاندراو. ؛؛ هەراهـەرای خێزانم جیرانەکانی تێگەیاند کە شەڕ و کێشەیەکی قورس دە نێوانی ئێمە دا هەیە.

**تێگەیشتن** (چا. ل)[تێ1 + گەیشـتن] [باک: تێگهاشـتن، تێگهیشـتن، تێگهین ـ ناو: تێگەیشتن، تێگەیین] ١ـ حـاڵی بوون

لە مـەبەست و مـەسـەلەیەک، فـامین. ⁂ تێگەیشتن لە پلاو خـواردنێ خـۆشـتـرە! (پەند) ٢ـ پەی پێبردن، زانین.

**تێگەیشـتـوو** (نا. فا)[لە: تێگەیشتن] ١ـ مـــروٚڤـی زانـا و زیرەک و ئـاقڵ. ٣ـ ئاگادار لە مەسـەلەکانی رۆژ و ژیان و … & تێگەییو

**تێگەیشـتوویی** (حم.)[تێگەیشـتـوو + یی] ئاکامی تێگەیشتن، حاڵی بوون.

**تێگەیین** (چا. ل)[تێ1 + گـەیـین] بڕ: تێگەیشتن

**تێگەییـو** (نا. فـا)[لـە: تێگەیـین] بڕ: تێگەیشتوو

**تێگیـران** (چا. ل)[تێ1 + گیـران] ١ـ گیر کردن دە نێو شوێن و جێگەیەک دا. ٢ـ مـەسـەلەیەک بـۆ حـەل نەکـران، وڵام دەست نەکەوتن.

**تێگیـراویی** (نا. ل)[لە: تێگیـران] مـەسـەلە و کـارێکی سـەخت و چەتوون، چەت، گرفت، گیر و گرفت.

**تێل** (نا.)[تور: tel] ١ـ سـیـمـی کانزایی کە بۆ بەستنی بار و کاروباری دیکە کـەلکی لێـوەردەگـرن، تـەل. ٢ـ زیوەرێکی ژنانەیە لە زێر یا زێو یا شـتـی دیکە کە لە شەدەی دەدەن. ٣ـ ئامرازێکی کەوانییـە کـە کچ و ژن لە پرچیـان دەدەن هـەتا پەرێشان نەبێ.

**تێل بە سـەر** (ئان. ل)[تێل + بـە + سـەر] ١ـ ژن یا کچێک کە تێل/٢ ـ ی لە سـەر دابێ. ٢ـ (مـجـ.) جـوان، چـەلەنگ. ⁂ گـە رازی نەبێ کـیـژی تێل بە سـەر/ جـوابم چاک نەدا و بم دەربەدەر (سـەعید و میرسێوەدین ل ٥٠).

**تێلەکە** (نا.)[؟] باری سووک و قەبارە گەورەی سـەر پشت، کۆڵەپشت، کۆڵبەند، تێلەگە.

**تێلەگـە** (نا.) بڕ: تێلـەکـە. ⁂ هەروا دەڕوا ڕێ و ڕێیـــە/ تێلەگـــەی ســـۆر لە پشتێیە/ ئەمە چارین چاومان لێیە/ خوا دەزانی یاری کێیە (فۆلکلۆر ل ٤٢).

**تێلیسان** (نا.) بڕ: تیلیسان

**تێلاّ** (نا.)[لۆڕ: تێلا. ناو: تێلاّ ـ هەو: تێلاّ] دارێکی درێژی ئـەسـتـوورە، نزیک مـیـتـر و نیـوێک دەبێ کـە، سـەرێکی دادەتاشن و بـۆ قـــایم کـــردنی چیـغ و کـاروبـاری دیکە کـەلکی لێـوەردەگـرن، تەیاخ. **تێلاتڕێن کردن:** تێهەڵدانی زۆر بە تێلاّ و داردەست.

**تێـمـــان** (چا. ل)[تێ1 + مــان] بڕ:

**تێمانەوە** (چا. ل)[تێ1 + مانەوە] تێدا مانەوە، گیر کردن لە مەسەلەیەک یا شتێک دا، دامان، تێمان.

**تێماو** (ئان. مف)[لە: تێمان] کەسێک کە لە حەلی مەسەلەیەک دا گیری کردوە، داماو.

**تێمرووکان** (چا. ل)[تێ1 + مرووکان] بڕ: تێورووکان

**تێمیزک** (نا. ل)[تێ2 + میز + ک] بڕ: تێمیسک

**تێمیسک** (نا. ل)[تێ2 + میس (میز) + ک][باک: تامیسک، تامیسکە، تامێسک، تامووسک ـ ناو: تێمیسک، تێمیزک، تامیسک، تامێسک، تامێزک] جۆرێک بلۆقە کە لە بەر تینی نۆبەتێ و یاو لە دەرووبەری لێو سەر هەڵدەدا، لە کوردەواری دا بەیانی زوو تێمیسک بە شتێکی ئاسنی ساردەوە دەنێن و بەم جۆرە چارە دەکەن، هەڵتۆقین، هەڵپرمیان.

**تێنان** (چا. م)[تێ1 + نان2] تێخستن، خستنە نێو، دە نێو نان، بردنە ژوور. ⁘ دەستم دە گیرفانم نابوو! قامکی دە زاری نا.

**تێنوارین** (چا. م)[تێ1 + نوارین] بڕ: تێڕوانین

**تێنەوین** (چا. م)[تێ1 + نەوین] داهاتنەوە و قەوەت دان بۆ هەڵگرتنی شتێکی قورس یا هەڵکەندن.

**تێنووسان** (چا. م)[تێ1 + نووسان] بە قەو شتێکی قایم و چەقیو گرتن و راکێشان. ⁘ عاشقان تێیدەنووسان، ئەبەدا رمبیان بۆ وەدەرنەدەکەوت (بارام و گوڵندام ل ١٠٧).

**تێورووکان** (چا. ل)[تێ1 + ورووکان] بە کۆمەڵ رژانە سەر شتێک و لە دەوری کۆ بوونەوە، تێمرووکان.

**تێوشین** (چا. م)[تێ1 + وشین] بڕ: تێکوشین

**تێوڵین** (چا. م)[تێ1 + وڵین] بڕ: تێکوشین

**تێوە** (پێشگ.)[تێ1 + وە] پێشگرێکی لێکدراوە مانای دە نێو و دەروون دەدا بە چاوگ و کردار.

**تێوەپێچان** (چا. م)[تێوە + پێچان] پێچانەوەی شتێک، لێهاڵان.

**تێوەچوون** (چا. ل)[تێوە + چوون] ١- جێ بوونەوە و ئەندازە بوون لە چوونە

ژوور دا. ؛؛ دەستم دەو کونەوە ناچێ، دەستەوانەکە ئەندازەیە دەستم تێوەی دەچێ. ٢ـ تێکەوتن و نوقم بوون لە شتی شلەی وەک قوڕ و زەلکاو.

**تێوەدان** (چا. ل)[تێوە + دان] تێدان

**تێوەردان** (چا. م)[تێ1 + وەردان] ١ـ تێکەڵ دان، لێک دان و شێواندنی ئاوەکی. ٢ـ خول دانی ئاو یا ئاوەکی بۆ خاوێن کردنەوە. ؛؛ ئاوێک دە زارت وەردە و وەرە بخەوە!

**تێوەژاندن** (چا. م)[تێ1 + وەژاندن] بە نەقیزە یا شتێکی تیژ لە شتێک یا کەسێک یا حەیوانێک کوتان، تێوەژەندن.

**تێوەژەندن** (چا. م)[تێ1 + وەژەندن] بڕ: تێوەژاندن

**تێوەشاندن** (چا. م)[تێ1 + وەشاندن] راوەشاندنی جل و بەرگ لە نێو تەندوور و سەر ئاگر بۆ کوشتنی مۆریانە و کێچ و ئەسپێ.

**تێوەگلان** (چا. م)[تێوە + گلان] تووشی کار و مەسەلەیەک بوون بە بێ ویست و حەز، تووش بوون، دوچار بوون بە کارێکەوە. :: حەوسەلەی دوکانداریییم نیە هەروا تێوەگلام.

**تێوەگلاندن** (چا. م)[تێوە + گلاندن] کەسێک تووشی کارێک کردن کە مەیلی لێنەبێ.

**تێهاڵان** (چا. ل)[تێ1 + هاڵان] ١ـ کۆ بوونەوەی کۆمەڵێک لە دەوروبەری شتێک یا کەسێک، تێورووکان. ؛؛ منداڵەورکە هەر شتێک ببین تێیدەهاڵێن و ئەزیەتی دەکەن. ٢ـ ئاڵان و لێهاڵانی شتێکی درێژ لە دەوری شتێکی دیکەوە، لێهاڵان. & تێ ئاڵان

**تێهاڵاندن** (چا. ل)[تێ1 + هاڵاندن] شتێکی درێژ لە دەوری شتێکی دیکە پێچانەوە، لێهاڵاندن. & تێ ئاڵاندن

**تێهاویشتن** (چا. م)[تێ1 + هاویشتن] ١ـ کەسێک یا شتێک لە ئاو یا قوڵکە و نێو شتێک هاویشتن، تێخستن. ٢ـ هەڵکردنی سۆبە و سەماوەری رەژی، تێخستن.

**تێهن** (نا.)[باک] بڕ: تین1

**تێهوو** (گیانـ.)[پەه: تیهووک. لۆر: تی ـ فار: تیهو. هەو: تێهوو، تیهوو] بڕ: سوێسکە

**تێهەڵاتن** (چا. ل)[تێ1 + هەڵاتن] چونە نێو ئاو و خۆ تەڕ کردن.

**تێهەڵبوون** (چا. ل)[تێ1 + هەڵبوون] هەڵگەڕان، بەرەو بەرزایی ڕۆیشتن.

**تێهەڵپێچان** (چا. م)[تێ1 + هەڵپێچان] بەربینگی کەسێک گرتن و لە کۆڵ نەبوونەوەی، تێپێچان.

**تێهەڵچوونەوە** (چا. ل)[تێ1 + هەڵچوونەوە] بە سەر گرتنەوەوە، سەر لە نوێ کردنەوە. ⁂ بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە/ لەو دنیاش بۆ کورد تێهەڵدەچمەوە (بۆ کوردستان ل ١٨).

**تێهەڵچەقان** (چا. م)[تێ1 + هەڵچەقان] بڕ: تێهەڵچەقین.

**تێهەڵچەقین** (چا. م)[تێ1 + هەڵچەقین] گیر کردن و چوونە ناوی شتێکی نووک تیژ دە شوێنێکی لەش یا شتێکی دیکەوە، تێهەڵچەقان.

**تێهەڵدان** (چا. م)[تێ1 + هەڵدان] ١ـ لێدان بە شەق لە شتێک یا کەسێک. ٢ـ دەفر پڕ کردن لە ئاوی زۆری وەک حەوز و کانی.

**تێهەڵساوین** (چا. م)[تێ1 + هەڵساوین] بڕ: تێهەڵسوون

**تێهەڵسوون** (چا. م)[تێ1 + هەڵسوون] پێدا مالینی ڕۆن و دەرمان و سواغ و شتی لەم بابەتە لە ماکەیەکی دیکە، تێهەڵساوین، تێساوین، تێسوون.

**تێهەڵکردن** (چا. م)[تێ1 + هەڵکردن] ١ـ دەنگ بەرز کردنەوە، گۆرانی کوتن. ٢ـ بەرد و تیر و هەڵمات وشتی لەم بابەتە هاویشتن بۆ پێکان. ⁂ بەردێکی تێهەڵکردمێ بەلام نەیگرت.

**تێهەڵکێشان** (چا. م)[تێ1 + هەڵکێشان] ١ـ هەودا و داو بە نێو شوێنی دڕاو یا دیاری کراو دا بردن. ⁂ دۆخینی لە پاتۆڵەکەت هەڵکێشە! ٢ـ شتێک دە نێو ئاوەکی نان و دەرهێنانەوە. ⁂ کراسەکەت دە ئاوی هەڵکێشە و بە تەنافی دادە!

**تێهەڵەنگوتن** (چا. ل)[تێ1 + هەڵەنگوتن] ١ـ لاق وەبەر بەرهەڵستێک هاتن و سەرەنگەری دان، ساتمە بردن. ٢ـ وەیەک کەوتن. ٣ـ تووشی کەسێک بوون بە هەڵکەوت.

**تێهەڵێنانەوە** (چا. م)[تێ1 + هەڵێنانەوە] قەرەبوو کردنەوەی زەرەر و زیانی وێکەوتوو. ⁂ لە کار و کاسبی ئەگەر زەرەریشم کردبا بابم بۆی تێهەڵدەهێنامەوە و دەستی دەگرتم.